سرشناسه : موسی پور، سیروان، ۱۳۶۰
عنوان و نام پدیدآور: کوردەکانی دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان : ئاوەردانەوەیەک لە ژیان و گوزرانی کوردەکانی ئیران(کوردەکانی دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان)، کورد لە کومارەکانی.../ نووسین و ئامادە کردنی سیروان مووساپوور.
مشخصات نشر : سنندج: مادیار، ۱۳۹۸
مشخصات ظاهری : ۷۵۲ ص.؛ ۱٤/۵×۲۱/۵ سم.
شابک : ٤-۰۸-٦۵۲۵-٦۲۲-۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی.
موضوع : کردان – تاریخ
موضوع : Kurds – History
موضوع : کردان – وضع اجتماعی
موضوع: Kurds – Social conditions
موضوع : کردان – زندگی فرهنگی
موضوع: Kurds – Intellectual life
رده بندی کنگره : ۴ک/ ۵۹ DS
رده بندی دیویی : ۹۵٦/۰۴۹۱۵۹۷
شماره کتابشناسی ملی : ۴۷۴۳۵٦۴

کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

سیروان مووسا پوور

کتێب :کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

نووسەر :سیروان مووساپوور

نۆرەی چاپ :یەکەم ۱۳۹۹ - ۲۰۲۰

ناونیشان:سنە، چوارڕیانی شوهەدا، پاساژ عزەتی، وەشانخانەی مادیار؛ ۸۷۳۳۱۲٤٤٤۵ (۰۰۹۸)

ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە

شابەک :٤-۰۸-٦۵۲۵-٦۲۲-۹۷۸

پێڕست

پێشەکی ۷

● **بەشی یەکەم: چەند زانیارییەک لەسەر کوردستان**

باسی یەکەم: چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی کوردستان..... ۱۶

باسی دووەم: چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر کوردستان ۳٤

یەکەم: (کوردستانی تورکیا)..... ۳٦

دووەم: (کوردستانی ئێران)..... ٤۰

سێیەم: (کوردستانی ئێراق)..... ٤٦

چوارەم: (کوردستانی سووریا) ۵۲

● **بەشی دووەم: کوردەکانی دەرەوەی کوردستان**

- **باسی یەکەم: کوردەکانی ئێران (کوردەکانی دەرەوەی ناوچەی کوردنشینەکان)**..... ٦٤

یەکەم: کوردەکانی خوراسان..... ٦۵

دووەم: کوردەکانی قەزوین..... ۱٤۲

سێیەم: کوردەکانی قوم..... ۱٦۰

چوارەم: کوردەکانی فارس..... ۲۰۲

پێنجەم: کوردەکانی باکووری ئێران (مازەندەران، گولستان و ...)..... ۲۳۹

شەشەم: کورد لە چەند ناوچەیەکی دیکەی ئێران ۲۷۷

- **باسی دووەم: کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و کوردستانی پشت قەفقاسیا**..... ۲۸۸

هەوالنامەی کتێب

دەروازەیەکی مێژوویی..... ۲۹۲
بەندی یەکەم: ڕەوشی کورد لە ئیمپراتۆریی ڕووسیادا..... ۲۹۸
بەندی دووەم: ڕەوشی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا..... ۳۰٤
بەندی سێیەم: کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و کوردستانی پشت قەفقاسدا..... ۳۲۰
یەکەم: کوردەکانی ئازەربایجان..... ۳۲۱
دووەم: کوردەکانی ئەرمەنستان..... ۳۳۵
سێیەم: کوردەکانی گورجستان (جۆرجیا)..... ۳۵٤
چوارەم: کوردەکانی تورکمانستان..... ۳٦۸
پێنجەم: کوردەکانی قرغیزستان..... ٤۰۱
شەشەم: کوردەکانی کازاخستان..... ٤۱۱
حەوتەم: کورد لە ڕووسیا و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی پێشوو..... ٤۲۰
بەندی چوارەم: چەند بابەتێکی پێوەندیدار..... ٤۲٤
یەکەم: کوردستانی سوور..... ٤۲٤
دووەم: ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا..... ٤۳۳
سێیەم: زیان و بەسەرهاتی چەند زانا و ڕووناکبیرێکی کوردی سۆڤیەتی پێشوو..... ٤٤٥
- باسی سێیەم: کوردەکانی ئوردن..... ۵۱۷
- باسی چوارەم: کوردەکانی پاکستان..... ۵۸۷
- باسی پێنجەم: کوردەکانی ئیسرائیل..... ٦۱۱
- باسی شەشەم: کوردەکانی لوبنان..... ٦٦۵

● بەشی سێیەم: ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە
یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە..... ۷۳٦
دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە..... ۷٤۲
سەرچاوەکان..... ۷٤۵

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی

کوردستان، وڵاتی کوردان. هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەی لەباری سرووشتییەوە نیشتمانێکی یەکپارچەیە و بەشی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد پێك هاتووە، بەڵام لە دوو قۆناغی گرنگی مێژوویيدا لەژێر کارتێکەریی فاکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەسەر چەند وڵاتدا، دابەش کراوە و هەر بەشەی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە. لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا و، لە ئاکامی شەڕ و دەستێوەردانی دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و پاش شەڕی چاڵدێران دوو بەش کرا و لەژێر ناوی کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران هەر بەشەی وەبەر یەکێك لەم دوو ئیمپراتۆرییە کەوت و، دوای چوارسەد ساڵ بۆ جارێکی دیکە و دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای لە پەلوپۆکەوتووی عوسمانی بەسەر چەند وڵاتی تازەدامەزراودا دابەش کران و بەم پێیە ئەو بەشەی کوردستانیش بەسەر سێ وڵاتی تازە دامەزراوی تورکیا و سووریا و ئێراقدا دابەش کرایەوە. بەم جۆرە لە چەند قۆناغی مێژوویيدا کوردستان کرایە چەند پارچە و هەر بەشەی خرایە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە.

بەڵام ئاخۆ کورد تەنیا لەو چوار بەشەدا هەیە؟ بە کورتی وەڵامەکە «نەخێر»ە و هەموومان ئەوە دەزانین!! بەڵام زۆربەی کاتەکان چ لە زمان خەڵکی سەرشەقام و چ لە ڕاگەیەنەکان و تەنانەت لە زمانی سیاسییەکانیشمانەوە گوێبیستی دەستەواژەی «کوردانی چوار پارچەی کوردستان» دەبین. تەنانەت لە کاتی سەردان و چاوپێکەوتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ خەڵک، بە تایبەت لە کاتی بۆنە و ڕێوڕەسمە ئایینی و نەتەوەییەکاندا منداڵەکانیشمان فێری ئەوە بوون کە پیرۆزبایی لە کوردانی ناوچەی کوردنشینەکان بکەن یان پەیام و پێشنیارەکانیان ئاراستەی کوردانی ئەم چوار بەشە بکەن. وەک ئەوەی کورد تەنیا لەم چوار پارچەیەدا هەبێ و لە هیچ شوێنێکی تر نەبێ. لەحاڵێکدا ئەگەر تەنیا کوردەکانی خوراسان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لەبەرچاو بگرین، بەقەدرا کوردی بەشێك لە چواربەشەکەی کوردستان (واتە کوردستانی سووریا) دەبن و ئاگامان لەوە نییە کە پیرەپیاوێکی کورد لە وڵاتێکی ئاسیای ناوەڕاست، لە کازاخستان و قرقیزستان، بە ئاواتی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی دایك فرمێسك لە چاوانی دەبارن یان کیژە کوردێکی ئۆردنی لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان لەدایك نەبووە و لەوانەیە هەر چاویشی پێی نەکەوتبێ، بەڵام بە خۆشەویستەکانی کورد خۆشحاڵ و بۆ نەهامەتییەکانی نیگەران دەبێ.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، کوردستان بەسەر چوار وڵات (زۆر سەرچاوەش دەڵێن پێنج وڵات)دا دابەش کراوە و وەك «خاك» هەر بەشەی چۆتە ژێر دەستی دەوڵەتێکەوە بەڵام وەك «خەڵك و نەتەوە» تەنیا لەنێو ئەم چەند بەشەدا ناژی و کوردەکان لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا ژیان بەسەردەبەن، جا ئەمە چ بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستن و دوورخستنەوەی وڵاتان بووبێ و چ بەهۆی کۆچکردنی خودی کوردەکانەوە بووبێ (بە هۆکاری سیاسی، ئابووری و...) یان هەر هۆکارێکی دیکە.

کوردەکان لە کوێن؟ کوردەکان لەنێو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانن. بەشێکیان لەو ناوچانە نیشتەجێن کە لەژێر ناوی «کوردستان»دا زۆرجار گوێبیستی دەبین و بەشێکیشیان ئەو کوردانەن کە لە دەرەوەی ناوچەکە کە دەژین و لەژێر ناوی «کوردەکانی دەرەوەی کوردستان» گەرەکمانە لەم بەرهەمەدا ئاوڕ لە ژیان و بەسەرهاتیان بدەینەوە.

لەم پەرتووکەدا ئاوڕ لە ژیان و گوزەرانی ژمارەیەکی زۆر لە هاونەتەوەییەکانمان لە شوێن و ناوچەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەدرێتەوە و لە میانەیدا سەردەم و هۆکاری کۆچکردن و ڕاگواستنیان و، ڕەوشی ژیانی ئێستایان و بە دەیان بابەتی پێوەندیداری دیکە بڵاو دەکرێتەوە.

سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەش دەتوانم بڵێم دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت نووسین و ئامادەکردنییەوە بوون:

یەکەم: هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، زۆربەی کاتەکان چ لە زمان خەڵکی سەرشەقام و چ لە ڕاگەیەنەکان و تەنانەت چ لە زمانی سیاسییەکانیشمانەوە گوێبیستی دەستەواژەی «کوردانی چوار پارچەی کوردستان» دەبین.

دووەم: ئەگەرچی لە ماوەی سااڵنی ڕابردوودا، ژمارەیەک وتار و نامیلکە و کتێب بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر کوردی شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا نووسراون، بەاڵم نووسراوەکان یان زۆر کورتن یان تەنیا تایبەت بە کوردی شوێنێك یان ناوچەیەکن.

بۆیە بە پێویستم زانی بە کەڵك وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك، وەك هەنگاوێکی سەرەتایی لانیکەم لە ئێستادا باسی ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی چەند ناوچە و وڵاتێك لە دووتوێی کتێبێکدا بکەم بۆ ئەوەی خوێنەران بتوانن چەند زانیارییەکی سەرەتاییان لەسەر ئەو کوردانە هەبێ.

ئامانج لە ئامادەکردنی وەها کتێبێکیش لەالیەك خستنەڕووی ڕەوشی ژیان

و گوزەرانی بەشێك لە هاونەتەوەییەکانمان لە دەرەوەی ناوچەکە و باسکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو کوردانەیە لە شوێنەکانی نیشتایان، بۆ ئەوەی نەوەکانی نیستا و داهاتوو زانیاریان لەسەر ئەو بەشە لە هاونەتەوەییەکانمان هەبێ و، لەلایەکی دیکە ئاگادار بوون لەوەی کە ئەم هەموو کۆچکردن و ڕاگواستنە لە قۆناغە جۆراوجۆرە میژوویەکاندا تا چەند توانیویەتی کاریگەریی لەسەر دابونەریت و زمان و کولتوور و بەگشتی لەسەر کوردبوونی ئەوان دابنێ. واتە داخوا ئەم جێگۆڕکێیانە تەنیا لە ڕوالّەتدا گۆڕانکاری بەسەر ئەم هاوبەشەوەییانەماندا هێناوە. یان ئەوەکە بە تەواوی لەگەڵ کوردبوونی خۆشیان نامۆ و بێگانە بوون و ئیتر هیچ ئینتیمایەکیان بۆ زێدی باوباپیرانیان نەماوە یان بەپێچەوانەوە تا ئێستاش توانیویانە کوردبوونیان بپارێزن و پێش بە توانەوە و ئاسیمیلەبوونی خۆیان بگرن؟

لە ماوەی نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و ئاستەنگ بوومەوە کە گرنگترینیان بریتی بوون لە:

• ١ـ کەمیی توێژینەوەی پێشوو بە تایبەت بە زمانی کوردی.

• ٢ـ دەست ڕانەگەیشتن بە کۆمەڵگەی پێوەندیدار بە نووسینەکە. دیارە کۆمەڵگەی جێگەی باس هەموو ئەو ناوچانەن کە کوردیان لێ دەژی و لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن. بێگومان بارودۆخی تایبەتی ژیانی ئێمە دەرفەت و توانای ئەوەی پێنەدام سەردانی تەنانەت ژمارەیەکی کەمی ئەو ناوچانەش بکەم.

• ٣ـ بێجگە لەو دوو گرفتەی پێشوو، گرفتێکی سەرەکی نەزانینی زمانە بیانییەکانە. بەداخەوە بەهۆی نەزانینی زمانە بیانییەکان نەمتوانی کەڵك لە هەموو ئەو سەرچاوانە وەرگرم کە بەو زمانانە نووسراون کە ئەمەش هەم گرفتێکی سەرەکی بوو بۆ من و، هەم کەموکوڕییەکیشە بە نووسینەکەوە دیارە کە بێ شك بە

سوودوەرگرتن لە سەرچاوە بیانییەکان، زۆر لەوە دەوڵەمەندتر و بەسوودتر دەبوو.

سەبارەت بە خاڵی دووەم دەبێ ئەوە بڵێم: بێگومان بۆ ئامادەکردنی وەها بەرهەمێك، پێویستە ئامادەکار یان توێژەر سەردانی مەیدانیی هەموو ئەو شوێن و ناوچانە بکات کە کوردیان تێدا دەژی، بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی ژیانی ئێمە، ئەو دەرفەتەی لانیکەم لە ئێستادا بۆ نەڕەخساندووین بەڵام ئەوەی تا رادەیەك توانیویەتی قەرەبووی ئەم کەموکوڕییە بکاتەوە ئەوەیە زۆربەی ئەو بابەتانەی بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە کەڵکیان لێوەرگیراوە، لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراون کە یان خۆیان لە کوردەکانی ئەو شوێنانەن. یان لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردانی ئەو بەشانەن و لە نزیکەوە سەردانیان کردوون. بۆ نموونە:

سەبارەت بە کوردەکانی خوراسان لە ئێران کەڵکم لە سەرچاوەگەلێك وەرگرتووە کە یان لەلایەن نووسەرە کوردەکانی ئەوێ وەك بەڕێزان کەلیموللا تەوەحودی، عەلیرەزا سپاهی لایین، شیرین دەوڵەتپوور (دەرگەز) و ... نووسراون یان هی کەسانێکن کە زانیارییان لەسەر کوردەکانی ئەو ناوچەیە هەبووە.

یان سەبارەت بە کوردەکانی ئۆردن کەڵکم لە کتێب و بەرهەمەکانی بەڕێز محەمەدعەلی سویرکی وەرگرتووە کە خۆی یەکێك لە نووسەرە کوردەکانی ئۆردنە.

سەبارەت بە کوردەکانی لوبنان سەرچاوەی سەرەکیم کتێبەکەی «سەلاح عیسام ئەبووشەقرا» بە ناوی «کورد گەلی مەینەتییەکان» بووە کە خۆی خوێندکارێکی کوردی لوبنان بووە و توێژینەوەکەی (کوردەکان لە لوبنان) نامەیەکی زانکۆییە لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی لوبنان بۆ بەدەستهێنانی ماستەر لە جوگرافیا کە پاش گفتوگۆ لە ١٩٩٧/٧/٢٦ بە پلەی «زۆرباش» وەرگیراوە و ...

ئەم کتێبە پێشەکیەك و سێ بەش لەخۆ دەگرێ:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە لە دوو باسی سەرەکی پێك هاتووە: لە باسی یەکەمدا چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی کوردستان دەخرێنەڕوو و تێیدا زۆر بە کورتی باس لە ناو، هەڵکەوت، ژمارەی دانیشتووان، سنوور و ڕووبەری کوردستان کراوە. لە باسی دووەمیشدا بەجیا چەند زانیارییەکی کورت و سەرەتایی سەبارەت بە کوردەکانی هەرکام لە چوار پارچەکەی کوردستان پێشکەش کراوە. ئامانج لە نووسینی ئەم بەشە ئەوەیە کە خوێنەر پێش ئەوەی بیهەوێ لە شوێنی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی دەرەوەی ناوچەکە کە ئاگادار بێ، چەند زانیارییەکی سەرەتایی سەبارەت بە کوردەکانی ناوچەکە هەبێ بۆ ئەوەی بە بەرچاوڕوونیەکی زیاترەوە بتوانێ ئاگاداری ڕەوشی کوردەکانی دەرەوەی ناوچەکە بێ.

بەشی دووەم: ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ کوردەکانی دەرەوەی ناوچەکە. لە هەشت باس و کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر پێك هاتووە:

لە باسی یەکەمدا ئاوڕ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردەکانی ئێران (کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران) دراوەتەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە تەنیا باسی ژیانی کوردەکانی چەند پارێزگا و شارێکی دەرەوەی ڕۆژهەڵات کراوە ئەگینا کورد لە زۆر ناوچەی دیکەی ئێران هەبوون و هەن کە توانای کۆکردنەوەی زانیاریيم لەسەریان نەبوو.

لە باسی دووەمی بەشی دووەمدا باسی کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و کوردستانی پشت قەفقاز کراوە. لەم باسەدا دوای ئەوەی بە کورتی ئاوڕ لە ڕەوشی کوردەکان لە ئیمپراتۆریی ڕووسیا و دواتر لە یەکێتیی سۆڤیەت دراوەتەوە، باس لە ژیان و گوزەرانی کوردەکان لە هەرکام لە کۆمارەکانی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەکرێ و هەوڵ دراوە چەند

زانیارییەك لەبارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردەکانی نێو ئەو کۆمارانە بخرێتەڕوو. دووبارە دەبێ ئاماژە بە خاڵێك بدەم، ئەویش ئەوەیە کوردەکان لە زۆر ناوچەی تری سۆڤیەتی پێشوودا ژیان بەسەر دەبەن کە زانیاریی لەسەریان زۆر کەمە و جاری وایە تەنیا بە چەند وشەیەك ئاماژەیان پێ کراوە و تەنانەت زۆرجار تەنیا ئاماژە بە ناویان کراوە.

لە باسی سێیەمی بەشی دووەمدا باسی کوردەکانی ئۆردن کراوە و ئاوڕ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان دراوەتەوە. باسی چوارەمی بەشی دووەم تایبەتە بە کوردەکانی پاکستان و لە باسی پێنجەمیشدا باس لە کوردانی ئیسرائیل کراوە و باسی شەشەمی ئەو بەشە بۆ کوردەکانی لوبنان تەرخان کراوە.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە. سەرەتا زۆر بە کورتی باس لە چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لەم توێژینەوەیە دەکرێ و دواتر بەپێویست زانراوە چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی پێوەندیدار بە توێژینەوەکە بخرێنەڕوو.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئەم کتێبە دەبێ بڵێم لەڕاستیدا دوو جۆرن: جۆری یەکەم کتێب و نامیلکەن کە بەشێکیان ئەو بەرهەمانەن بۆ وەرگرتنی زانیاریی گشتی کەڵکیان لێ وەرگیراوە و بەشەکەی تریشیان ئەو کتێب و نامیلکانەن کە یان بە کورتی و زۆرجار پچڕپچڕ باسی کوردی شوێنە جیاجیاکانیان کردووە یان لەلایەن کەسانی ناوخۆ و دەرەوە بە تایبەتیی لەسەر کوردەکانی شوێنێکی دیاریکراو نووسراون بۆ نموونە کوردەکانی ئۆردن لەلایەن بەڕێز محەمەدعەلی سویرکی کە خۆی نووسەرێکی کوردی ئۆردنە و ...

سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم کتێبە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانن کە لەڕاستیدا بەشێکی بەرچاو لە زانیارییەکان لەوان وەرگیراون. ئەوەی گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە زۆربەی ئەو بابەت و وتار و وێنانەی لە ماڵپەڕ و

وارگە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراون، لەڕاستیدا لە چەند کتێب و سەرچاوەیەکی بەنرخ هەڵێنجراون. زۆر وتار خۆیان لاپەڕەیەك یان چەند لاپەڕەیەکن بەڵام نووسەرەکانیان سوودیان لە چەندین کتێب و سەرچاوە وەرگرتووە.

لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێم خزمەتێکی بچووکم بە هاونەتەوەیی و هاونیشتمانییەکانم کردبێ و چاوەڕوانییشم لە کەسانی شارەزاتر و بەتواناتر هەیە خزمەتی گەورەتر پێشکەش بە خەڵك و خاکی خۆیان بکەن و بە هەموان هەوڵ بۆ هێنانەدیی نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدان بدەین. سەرکەوتن بۆ کورد و ئاوەدانی بۆ کوردستان لە چوار پارچەکەو. ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بۆ کوردەکانی دەرەوەی ناوچە کە بە ئاوات دەخوازم.

سیروان موسا‌پوور

هاوینی ٢٧١٤ی کوردی

هەوالنامەی کتێب

بەشی یەکەم ۱
چەند زانیاریەک لەسەر کوردستان

باسی یەکەم: چەند زانیاریەکی گشتی لەبارەی کوردستان
ناوی کوردستان
هەڵکەوتی کوردستان
سنووری کوردستان
ڕووبەری کوردستان
ژمارەی دانیشتوانی کوردستان

باسی دووەم: چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر ناوچەکە
- **یەکەم: کوردستانی تورکیا**

۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیا
۲ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی تورکیا بەپێی سەرچاوەکان
۳ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی تورکیا

- **دووەم: کوردستانی ئێران**

۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
۲ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی ئێران بەپێی سەرچاوەکان
۳ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات

- **سێیەم: کوردستانی ئێراق**

۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێراق
۲ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی ئێراق بەپێی سەرچاوەکان
۳ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی باشوور

- **چوارەم: کوردستانی سووریا**

۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان
۲ـ ژمارەی کوردەکانی ڕۆژئاوا بەپێی سەرچاوەکان
۳ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی سووریا

سەرچاوەکانی ئەم بەشە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

باسی یەکەم:
چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی کوردستان

کاتێک مەبەستمان بێ چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی کوردستان بخەینە بەرچاو، دەبێ تاوڕ لە زۆر بابەتی گرنگ بدەینەوە و زۆر بە وردی باسیان بکەین. بابەتگەلێکی وەک جوگرافیای سروشتی، جوگرافیای دانیشتووان، جوگرافیای ئابووری و لەنێو ئەوانیشدا دەیان بابەتی وەک تۆپۆگرافیای کوردستان، ئاووهەوا، پێکهاتەی دانیشتووان، ڕەوکردن و چڕی دانیشتووان، سامانە ژێرزەوی و سەرزەوییەکانی کوردستان و دەیان بابەتی دیکە جێگەی باسکردن و بایەخ پێدانن و پێویستە زۆر بە وردیش باسیان بکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەک مەبەستمان زیاتر ناساندنی کوردەکانی دەرەوەی ناوچەی کورنشینەکان و لەلایەکی دیکەشەوە باسکردنی هەموو ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدرا هەم پێشتر کاریان لەسەر کراوە و هەمیش ئەگەر لێرەدا دووپات بکرێنەوە، باسەکە زۆر فراوان دەبێ و زۆر لەبەرێک دەکشێتەوە و وەک دەڵێن «هەویرێکە و ئاو زۆر هەڵدەگرێ»، هەر بۆیە بەپێویستم زانی کە لە خستنەڕووی چەند زانیارییەکی گشتیی لەبارەی کوردستانەوە زیاتر جەخت لەسەر ئەو بابەتانە بکەم کە ببنە سنووردێک بۆ لێکجیاکردنەوەی کوردەکانی نێو ناوچە کە لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی

ئەو چوار بەشە، واتە خوێنەر پێش ئەوەی بچێتەسەر باسی کوردەکانی دەرەوەی ناوچە کە، تا ڕادەیەکی کەم بزانێ کە مەبەستمان چییە و دەمانەوێ باسی چی بکەین.

بەڵام سەبارەت بە خستنەڕووی ئەم چەند دێڕە زانیارییەش «ئاشکرایە هەر تۆژەرێك باس لە جوگرافیای کوردستان یان بەشێك لە بەشەکانی بکات، ئەستەمە ڕوویەڕووی مەسەلەی نەبوونی زانیارییەکی ورد و دژبەیەکی سەرچاوە جیاوازەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری کەی و ڕووپێوی خاکەکەی و ژمارەی دانیشتووانەکەی نەبێتەوە. نەمەش زیاتر بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان پارچەپارچەکردنی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتی جیاواز کە بە گشتی نە دان بە بوونی خاکی کوردستاندا دەنێن و نە بە فەرمیی سنووریکیان بۆ دەستنیشان کردوە و نە بڕواشیان پێیەتی، بەڵکو کوردستان بە بەشێك لە خاکی خۆیان و نەتەوەی کوردیش بە بەشێك لە نەتەوەکەی خۆیان دادەنێن و، نە خۆیان و نە ڕێگەشیان داوە بە کەسانی بێلایەن بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە ئیش لە مەسەلەکەدا بکەن. دووەمیان ئەو گۆڕانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هاتووە لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری حکومەتە ناوەندییەکانی دەوروبەری و سیاسەتی فراوانخوازی و فشار خستنە سەر دانیشتوانی کورد و پاڵپێوەنانیان بەرەو چیاکان و قوتدانی ناوچەکانیان. بەجۆرێك زۆر ناوچە کە پێشتر دانیشتوانی کورد بوون، ئێستا تاك و تەرا کوردی تێدا دەبینرێت.[1]

بەهەرحاڵ، بە کەڵك وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك، لە خوارەوە هێندێك زانیاریی گشتی لەمەڕ کوردستان دەخەمە پێش چاوی خوێنەری ئازیز.

ناوی کوردستان

کوردستان واتە ولّاتی کوردان، بە ولّاتێك دەڵێن کە کوردی تێدا دەژی. ئەم ناوە کەی پەیدا بووە و سەرەتا لەلایەن چ کەسێکەوە بەکار هاتووە؟ واتە کێ یەکەم جار ناوی ناوە و چ کەسێکیش یەکەم جار لە نووسراوەکاندا بەکاری هێناوە؟ بۆ ولّامی پرسیاری یەکەم واسیلی نیکیتین لە «کورد و کوردستان»دا دەڵێ:

«ناوی کوردستان، یانی خاکی کوردان. ناوی ولاتێکی سەربەخۆ و خاوەنی سنوورێکی دیاریکراوی سیاسی نیە و نیشتیمانی خەڵکێکە ئەگەر نەشڵێین هەموویان، زۆربەیان خوێن و ڕەگەز و بنەچەکە و ڕەنگیان هەر یەکە. لەگەڵ ئەوەش دەبێ بشزانین کە ئەو ناوە هەتا سەدەی دوازدەی زایینی خەبەری نەبوو، لە زەمانی پادشایەتی «سوڵتان سەنجەر» پادشای گەورەی سلجووقیدا بوو کە ئەم مەڵبەندەی بەوجود هێنا و قەڵای بەهاری کردە ناوەندی وێ کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای هەمەدان.»[٢]

بەڵێ! «میژووناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناوی کوردستان لەباری گەلناسی و جوگرافیاییەوە بۆ جاری یەکەم لە سەردەمی سەلجوقیەکانەوە هاتۆتە ئاراوە. سوڵتان سەنجەر کە ساڵی ١١٥٧ی زایینی مردووە، ناوچەیەکی کوردی بریتی لە هەمەدان، دیناوەر، کرماشان، سنە، ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس، ڕۆژئاوای چۆمی زاپ، ناوچەکانی شارەزوور و سنجار پێکهێنابوو. پێتەختی ئەو ناوچە کوردییە شاری بەهار بوو و لە باکووری هەمەدان هەڵکەوتبوو.»[٣]

سەبارەت بە پرسیاری دووهەمیش کە کێ یەکەم جار لە نووسراوەکاندا بەکاری هێناوە؟ زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە حەمدوڵڵای

مستەوفی (۱۲۸۱ ـ ۱۳٤۹ی.ز) بۆ یەکەم جار ساڵی ۱۳٤٤ لە کتێبی (نزهة القلوب)دا ناوی کوردستانی هێناوە و سنوورەکەشی دیاری کردووە، بەڵام لەڕاستیدا زۆر پێش ناوبراو ناوی کوردستان لە نووسراوەکاندا ئاماژەی پێ کراوە. بۆ نموونە:

«لە سەرچاوە ئەرمەنیەکاندا لە (۱۱۳۸ ـ ۱۱٤٤ی.ز) ناوی هێنراوە، کە ئەوە نزیکی زیاتر لە دووسەد ساڵ پێش مستەوفیە. هەروەها مارکۆپۆلۆ (۱۲۵٤ـ ۱۳۲٤ی.ز) هەر دیسان پێش حەمدوڵای مستەوفی، وەك یەکەم ئەوروپی ئاماژەی پێ کردووە. مارکۆپۆلۆ تەنها ناوی کوردستان دەهێنێت و زانیاری سەبارەت بە وڵاتەکەی نادات. لە شوێنێکدا دەڵێت: پیاوێکی نارد بۆ دیمەشق و ئەوی تریان بۆ کوردستان...»[٤]

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا باس لەوە دەکرێ کە پێش مستەوفی ناوی کوردستان هێنراوە. بۆ نموونە:

«... وشەی کوردستان لە نووسراوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی کۆچی/سێزدەی زایینی، چەندین جار هاتووە و هەندێ لە میژوونووس و گەریدەکان بە دەیان ساڵ پێش (قەزوینی / حمدالله مستوفی) کەوتون لە بەکارهێنان و تۆمارکردنی وشەی کوردستان لە کتێبەکانیان. ئەوەتا گەڕیدەی ئیتالی (مارکۆ پۆلۆ) کە لە (۷۲۳ك/ ۱۳۲۳ز) مردووە کە دەستی کردبوو بە گەشتێك بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات ساڵی ۱۲۱۷ی زایینی، لە گەشتەکەیدا باسی لە وشەی کوردستان کردووە، هەروەها میژوونووسی مەغۆل (ڕەشیدەدین فەزلوڵڵای هەمەدانی) (مردوو لە ۷۱۸ك/ ۱۳۱۸ی.ز) لە کتێبەکەی خۆیدا (تأریخ المغول) زیاتر لە جارێك وشەی کوردستانی بەکارهێناوە. واش دەردەکەوێت کە ئاماژەی میژوونووسان و شارناسان بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات کە وشەی کوردستان، ئەوساکە لەنێو

کوردانـدا هەبـووە و بـەکار هێـناوە. ئەمـەش ناوێکـی نەتەوەییـە، مەبەسـت لێـی وڵاتـی کـوردە...[٥]

هەڵکەوتی کوردستان

کوردسـتان «لـە ئاقـاری پڕحەسـتەمی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا، کـە دەکەوێتـە نێـوان وڵاتانـی تورکیـا و سـوریا و عێـراق و ئێـران و هەرمەنسـتان، هەڵکەوتـووە. پردەبازێکـە سێ قـارەی ئاسـیا، ئوروپـا و ئەفریقـا پێکـەوە وەسـڵ دەکا. ئەمـەش هەڵکەوتێکـی نیسـتراتیژیکی تایبـەت بـە کوردسـتانە، چونکـە هـیچ وڵاتێکـی دیکـە لـەو تایبەتمەندییـەدا بەقـەرا کوردسـتان بەهێـز و پڕنێـوەڕۆك نیـە.

کوردسـتان لـە سـەرێکی دیکەشـەوە، هەڵکەوتێکـی تایبەتـی هەیـە. خاکەکـەی لەنێـوان دەریـای خـەزەر، دەریـای ڕەش و کەنـداوی فـارس تـا لێـواری کەنـداوی ئەسـکەندەروون لـە بەرێـك کشـاوەتەوە. بەمـەش لەنـاو مەوقعییەتێکـی ئیسـتراتیژیکی و ژێئۆپۆلیتیکـی ئـەو مەڵبەنـدەدا جێـی گرتـووە و تـا ڕادەیـەك بۆشـایی سـەیتەرەپەیداکردنی بەسـەر دەریـای ئـازاددا قەرەبـوو کردۆتـەوە.

کوردسـتان هەڵکەوتێکـی شـازی ژێئۆپۆلیتیکیشـی هەیـە: یەکەمیـان، کوردسـتان بـە ڕێـگای ماشـێن و ئاسـندا دوو قـارەی ئاسـیا و ئوروپـا وێـك دەخاتـەوە... دووهەمیـان نەوتـە... سـێهەمیان ئـاوە، لـە ئاسـیای بچـووك و ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هـیچ وڵاتێـك بەقـەرا کوردسـتان خاوەنـی ئـاو نیـە..»[٦]

ئەگـەر «چاوێـك بـە نەخشـەدا بگێڕیـن ئەبینیـن هەمـوو ئـەو ڕێیانـەی لـە ئاسـیای بچـووك تێدەپـەڕن و بـۆ گۆڕینـەوەی شـتومەك لـە ڕۆژئـاواوە دێـن بـۆ ڕۆژهـەڵات، چ ئـەو ڕێیانـەی لـە بانوەکانـی ئەرمەنسـتانەوە بـۆلای ئازەربایجـان و ئەودیـوی قەفقـاز دەچـن و چ ئـەو جادانـەی کـە بەنـاو کێوەکانـی

بەینونەهرێـن (میزوپۆتامـی) و ئێرانـدا دەڕۆن هەموویـان بـە ناوەڕاسـتی کوردسـتاندا تێدەپـەڕن.[۷]

«جێـگای کوردسـتان لەبـاری جوغرافیـەوە گرینگیەکـی تایبەتـی هەیـە لەبـەر ئـەوەی لـە ناوەنـدی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت واتـە شـوێنی لەدایکبوونـی شارسـتانیەت هەڵکەوتـووە. ... شـوێنێك بەبوونـی چیـا و دەشـتی فـرە و پـان و بەریـن، بەفـر و بارانێکـی زۆرەوە، هەڵـی بـۆ کـورد ڕەخسـاندووە کـە یەکـەم جـار سـەرەڕای کشـتوکاڵ، گەلێـك شـار و گوندیشـی دروسـت کـردووە. کوردسـتان لـە ڕوانگـەی جوگرافـی و کولتوورییـەوە لەنێـوان سـێ شارسـتانییەتی مەزنـی وەك میسـۆپۆتامیا، ڕۆژهەڵات (ئاناتۆلـی) و ئیرانـدا هەڵکەوتـووە. ئـەوەش لەبەرچـی، چوونکـە بەشـی ڕۆژئـاوای لـە ئاناتۆلیـا، ڕۆژهەڵاتـی لـە ئێـران و باکووریشـی لـە میسـۆپۆتامیا هەڵکەوتـوون.»[۸]

کوردسـتان لـەڕووی جوگرافیـەوە کەوتۆتـە یەکێـك لـە گرنگتریـن ناوچەکانـی جیهـان، کـە بـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئەویـش بـە دڵـی جیهـان ناسراوە. ئـەم پێگەیـەش لـەڕووی سـامانی سـەرزەوی و ژێرزەوییـەوە گەلێـك دەوڵەمەنـدە. لـەڕووی سـنووره واقیعییەکەیـەوە دەڕوانێتـە سـەر هـەر دوو دەریـای ناوەڕاسـت و کەنـداوی عـەرەب. هـەر لـە ڕووی سنووریشـەوە لـە شـێوەی کەوانەیـەك و لەنێـو دڵـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ئۆقـرەی گرتـووە. ئـەم ڕوویـەرە خاکـەش لـە باشـووردا پانتایـی کەمـە و لـە باکـووردا پانتاییەکـەی زیـاد دەکات، کـە بـە درێژایـی لـە باکـووردەوە بـۆ باشـوور ۱۰۰۰ کیلۆمەتـرە. تێکـڕای پانتایـی باشـووری ۲۰۰ کـم و لـە باکـووردا دەبێتـە ۷۵۰ کـم. بەپێـی بازنەکانـی پانـی و هێڵەکانـی درێژیـش دەکەوێتـە نێـوان هێڵەکانـی درێـژی (۳۶ ـ ۵۰)ی خۆرهـەڵات و بازنەکانـی پانـی (۳۰ ـ ۴۰)ی باکـوور، واتـە دەکەوێتـە بەشـی نیۆگـۆی باکـووری زەوی...[۹]

سنووری کوردستان

دەربارەی سنووری کوردستان هەر یەکێك لە زانایان بەجۆرێك باسی دەکەن و جوگرافیای تایبەتی خۆیان هەیە. هەرچەندە لە سەردەمە مێژووییە جیاجیاکاندا ئەم سنوورانە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکدا کە گرنگترینیان دروست نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و زیاد و کەم کراون. جگە لەمەش شێواندنی سنووری کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و داگیریان کردووە. ئەمەش بە ڕاگواستنی کوردەکان و نیشتەجێکردنی ڕەگەزی خۆیان، زۆر هەوڵیان داوە سنووری کوردستان بچووك بکەنەوە، ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی شۆڤێنی دوور لە بنەمای زانستی لەسەر مێژوو و سنووری کوردستان.(١٠)

هەربۆیە « دیاریکردنی سنووری کوردستان بە دژوارترین و گەورەترین کێشەی سەردەم دادەنرێ. لەبەر ئەوەی بۆچوونی زۆر جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. ئەم بۆچوونانەش تەنیا لەلایەن، لێکۆڵەرەوان و توێژەران و شارەزایان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و دەزگا ڕەسمییەکان و هێزە ڕامیارییەکانەوە نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، لە نێو تاکەکانی خەڵکی کوردستانیش، جیاوازیی و ناکۆکییەکی گەورە هەیە. بێگومان ئەمەش زیاتر بۆ نەبوونی سەربەخۆیی ڕامیاریی و دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردستانی دەگەڕێتەوە. بۆیە سنووری کوردستان، چ لە کۆندا و چ لە مێژووی تازەیدا، چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڕادەیەك کە باسی نێوچەیەکی جوگرافی کوردستان دەکرێ، خەڵکی پێش ئەوەی بۆ مێژووەکەی بگەڕێنەوە بە گومانەوە گوێ لەو باسە دەگرن

یـا بـە زەردەخەنـە و سەرسـوڕماوییەوە لێـی دەڕوانـن.[۱۱]

بەهەرحـاڵ ئێمـە لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە چەنـد سـەرچاوەیەکی بیانـی و ناوخۆیـی تـا ئـەو جێگەیـەی دەکـرێ باسـی سـنووری کوردسـتان بکەیـن، هەرچەنـد جیاوازیشـیان پێکـەوە هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرچاوڕوونییەکـە بـۆ خوێنـەر بـۆ ئـەوەی ڕوونـتر شـوێنی نیشـتەجێبوونی کوردەکانـی دەرەوەی ئـەو سـنوورانەی بـۆ دەرکـەوێ.

ڕۆژهەڵاتناسـی فەرەنسـی «تۆمـا بـوا» دەڵـێ: کوردسـتان ئـەو وڵاتـە بێسـنوورەیە کـە کـوردی تیـا دەژی و بەتەواوەتـی دەکەوێتـە نـاو جەرگـەی ئاسـیای بچووکـەوە، بریتییـە لـە بڕبـڕەی پشـتی ڕۆژهەڵاتـی ئاوەڕاسـتەوە، لەلایەکـەوە بەشـی زۆری ناوچـەی شـاخاوی نێـوان دەریـای ڕەش و بـەری «نێـوان دوو ڕووبـار»، لەلایەکـی دیکەشـەوە «ئەنتـی تـۆرۆس» و بەرزاییەکانـی ئێـران دەگرێتـەوە. ئـەم ناوچەیـە بەخەیـاڵ لـە مانـگ یـان داس دەچێـت، ڕووبەرەکـەی ئەوەنـدەی نزیکـەی فەرەنسـایە و دەچێتـە نـاو بەشـێکی زۆر لـە خاکـی تورکیـا و ئێـران و عێـراق.

گەڕیـدەی تـورک ئەولیـا چەلەبـی سـنووری کوردسـتانی بـەم شـێوەیە بـاس کـردووە: سـنووری کوردسـتان لـە باکـوورەوە لـە ئەرزڕۆمەوە دەسـت پـێ دەکات و لـە بـەسرە کۆتایـی دێـت. وان و هەکاریـی و جزیـرە و ئامێـدی لەنـاو ئـەم سـنوورەدان.

دکتـۆر شـاکر خەسـباك کـە مێژوونووسـێکی عەرەبـە دەڵێـت: ئەگـەر لـووڕەکان کـورد بـن، وەك زۆر لـە بەڵگەنامەکـە مێژوویـی و زمانەوانییـەکان کوردبوونیـان دەردەخـەن، ئـەوا سـنووری کوردسـتان بەدرێژایـی زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس تـا سـەر کەنـداوی فـارس درێـژ دەبێتـەوە، هـەر لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: کوردسـتان سـنووری سروشـتیی هەیـە و دانیشـتوانەکەی ڕەگەزێکـی

تایبەتیان هەیە، هەرچەندە سنووری دەوڵەتیان نییە.[۱۲]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا گوتراوە:«هەرێمی کوردستان سنورێکی جێگیری نییەو لەنێوان ڕێکخراو و گرووپ و تاکەکاندا بە جیاوازییەوە باسی لێوە دەکەن و بە دیدێکی سیاسییانەوە ڕەچاو دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش، کوردستان ناوچەیەکی جیا و دانپێدانراوە و بڕبڕەی پشتی ئەمەش بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسەوە بەستراوەتەوە، کە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە بۆ دەشتەکانی مسۆپۆتامیا و بەرەو باکووریش بۆ ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی نەنادۆلیای نەرمینیا بوون.»[۱۳]

با بزانین نووسەر و مێژوونووسە کوردەکانی خۆمان لەو پێوەندییەدا دەڵێن چی و چ بۆچوونێکیان هەیە:

شەرەفخانی بدلیسی وەك کۆنترین مێژوونووسی کورد لە لاپەڕە (۲۱)ی چاپی سێیەمی شەرەفنامەدا دەڵێ: سنوور و کەوشەنی وڵاتی کوردان ـ کە ناوی کوردستانە ـ لەسەر لێواری دەریای هورمزەوە ـ کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە ـ دەست پێ دەکا و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعەش دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە، دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە. عێراقی عەرەب و مووسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووری ئەو سنوورە.[۱۴]

لە یەکێکی تر لە سەرچاوەکاندا گوتراوە «بە لێکدانەوەی ئەو مەڵبەندانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە و لەباری مێژوویی و هەڵکەوتەوە بە یەك وڵات دەژمێردرێن، دەتوانین سنووری کوردستان بەم جۆرە دیاری بکەین:

لە شیمالی ڕۆژهەڵاتی لوتکەی ئارارات‌ەوە خەتێکی ڕاست دەست

پێدەکا، بەرەو جنووب بۆ بەشی جنوویی زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێرا خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆلای ڕۆژئاوا کە لە مووسڵەوە دەگاتە بەشی تورك نشینی ویلایەتی ئەسکەندەروون و لەو نوختەوە خەتێك بۆلای شیمالی ڕۆژهەڵات ڕادەکشێ تا دەگاتە ئەرزەڕۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزەڕۆمەوە خەتێك بەرەو ڕۆژهەڵات دێ تا دەگاتە لوتکەی ئارارات.»[۱۵]

نووسەر فوئاد حەمە خورشید دەڵێت: کوردستان دەکەوێتە نێوان هێڵی (۲۹ ـ ۵۰) پلە، لە خۆرهەڵاتەوە، سێگۆشەیەکی شاخاوی پێکدێنێ کە سەرەکانی بەندە بە یەکێتی سۆڤیەت لە باکوورەوە، کەنداوی عەرەب لە باشوورەوە و دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاواوە، ڕووبەری کوردستان (۵۰۰ هەزار) کیلۆمەتری دووجایە.[۱۶]

بەڕێز عەبدوڵڵا غەفوور لە لاپەڕە ۱۵ی چاپی چوارەمی «جوگرافیای کوردستان» باس لەوە دەکات کە: «کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە. سنوورەکەی لە باکوورەوە لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرمینیا و تورکیا دایە. لە باشوورەوە ئێران و کەنداوی (فارسی ـ عەرەبی)، لەڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە. لە ڕۆژئاواشەوە عێراق و سووریایە» هەر لەو کتێبە و لە لاپەڕە ۲۵۰ دا دەڵێت: «کوردستان لە باکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ سووریادا هاوسنوورە. بەڵام سنووری لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی دەستنیشان نەکراوە و ئەم چوار دەوڵەتە، نە دان بە بوونی خاکی کوردستاندا دەنێن و نە بڕواش بەو سنوورانە دەکەن، بەڵکوو کوردستان بە بەشێك لە خاك و نەتەوەی کوردیش بە بەشێك لە

نەتەوەکـەی خۆیـان دادەنێـن.[١٧]

هـەروەك رێـزدار عەبدوڵـلا غەفـوور باسـی کـردووە، سـنووری کوردسـتان لەلایـەن چەندیـن نووسـەری دیکـەی وەك مینۆرسـکی، محەمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ، نیکیتیـن، لازاریـف و زۆر کەسـی دیکـەی باسـی کـراوە. بـەڵام لـە کۆتاییـدا بـە هێنانـەوەی بۆچوونـی دوکتـۆر ئـازاد نەقشـبەندی کۆتایـی بـە باسـەکە دێنێـن کـە هـەروەك رێـزدار مەلاعەلـی قەرەداغـی دەڵێـت: لـە ئەنجامـی خسـتنەڕووی بەشـێك لـەو بۆچوونـە جیاوازانـەی دەربـارەی سـنووری جوگرافیـای کوردسـتان دەربـڕاوە، دەتوانیـن بڵێیـن: دکتـۆر نـازاد نەقشـبەندی بـەو پێیـەی کـە پسـپۆڕێکی ئـەم بوارەیـە، بۆچوونەکانـی بنەمـای زانسـتیی هەیـە و زیاتـر گونجـاوە، زانسـتیانەترە کـە بخرێتـە پێـش چـاو و گرنگیـان پێبدرێـت.

دوکتـۆر ئـازاد نەقشـبەندی نووسـیویەتی: کوردسـتان لـە شـێوەی سێگۆشـەیەکی وەسـتاوی ناڕێـك دایـە، کەنـداوی ئەسـکەندەروونە و شـاری لێنینـکان و کەنـداوی فـارس هـەر سـێ سـووچی ئـەم سێگۆشـەیە پێکدەهێنـن. کوردسـتان دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای کێشـوەری ئاسـیاوە لەنێـوان هێڵـی پانـی (٣٠ ـ ٤١) پلـەی باکـوور و هێڵـی درێژیـی (٣٦ ـ ٥١) پلـەی ڕۆژهـەڵات و بەسـەر تورکیـا و عێـراق و ئێـران و سـووریا و ئەرمەنسـتاندا دابـەش کـراوە. ئـەم شـوێن و ناوچانـە دەگرێتـەوە:-

١ـ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

٢ـ هەموو ڕۆژئاوای ئێران، جگە لە خوزستان.

٣ـ باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی عێراق.

٤ـ سووچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای سووریا.

٥ـ ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئاچووریان لە ئەرمەنستان. (١٨)

ڕووبەری کوردستان

بێگومان دیاریکردنی ڕووبەر و پانتایی خاکی کوردستان کارێکی ئێجگار دژوارە. لەبەر ئەوەی تا ئێستاش سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بەشێوەی جیاواز باسی سنوورەکانی کوردستانیان کردووە و دەکەن. سروشتییە ڕووبەر و پانتایی خاکی هەر وڵاتێکیش بەپێی چوارچێوەی سنوورەکانی دیاری دەکرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە «دانەمەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان و دابەشبوونی کوردستان و شێواندن و دەستکاریکردنی سنووری نیشتمانیی پارچەکانی کوردستان، ڕێمان پێنادا بەشێوەیەکی ورد ئەو وڵاتە لە عەرز و گەز بدەین، ناچارین قەناعەت بە حوکمێکی گشتی و پێوانەیەکی نیوەچڵی بێنین. لەڕووی ئەو ئوستان و ویلایەت و پارێزگایانەی هەر لە کۆنەوە بە کوردستان ناسراون و کوردیان تێدا دەژی، سنوور و ڕووبەرەکەی دیاری بکەین و لەمە زیاتر خۆمان لە قەرەی نەدەین. ئەوەش ئەو مەعنایە ناگەیەنێ کە لەناو کوردستاندا نەتەوەی دیکە نییە، لەسەر خاکی خۆیان بژین، یان پێمان وابێ خاکی کوردستان لەو حەددەی زیاتر تێناپەڕێنێت. زۆربەی نووسەران و توێژەرانی ئەم عەسرە، هەوڵیان داوە بەپێی دانیشتووانی کورد لە ناوچە و مەڵبەندەکان سنوور و کەوشەنی کوردستان دیاری بکەن»... بێ کوردستانی سووریە، سەرجەمی پان و بەرینایی کوردستان دەگاتە ٤٠١٣١١ کیلۆمیتری چوارگۆشە. هەر ئەو ڕەقەمە دەری دەخا کە کوردستان بە یەکێك لە وڵاتانی گەورە و پان و بەرینی ئەم جیهانە دەژمێردرێ.[١٩]

بەپێی زانیارییەکانی ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامی، سەرجەمی پانتایی کوردستان ٣٩٢,٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. ئەو پانتاییە بە شێوەی خوارەوە

دابەش دەکرێت: ١٩٠,٠٠٠ ك.م.چ لە تورکیە، ١٢٥,٠٠٠ ك.م.چ لە ئێران، ٦٥,٠٠٠ ك.م.چ لە عێراق و ١٢,٠٠٠ ك.م.چ لە سوریە. دیارە پانتایی کوردستان لەوە زێدەترە. لە ئەنسیکلۆپیدیادا ناوچەکانی ئانتێپ، مەرعەش و سیواس بە خاکی کوردستان ناژمێردرێ و هەرچەند دانیشتووانی کورد لەو شوێنانە لەزۆرایەتیدان.

بە باوەڕی L.Rambout، کوردستان وڵاتێکی گەورە و سەرجەمی پانتاییەکەی ٥٣٠,٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە[٢٠]

لە «قاموس الاعلام» چاپی ئەستەمبوڵ ساڵی (١٨٩٦)ی زایینی کە تەنها سەرچاوەیەکی سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانییە، دەستنیشانی وڵاتی کوردستانی کردووە. درێژی خاکی کوردستان بە ٩٠٠ کیلۆمەتر و پانییەکەی لەنێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەتر دانراوە. ئێستا پێوانەی کوردستان لە وڵاتی تورکیا ١٩٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە، لە ئێران ١٢٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و لە عێراق ٦٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، کە تێکڕا پێوانەکەی دەکاتە نزیکەی ٣٩٢٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە.[٢١]

فوئاد حەمە خورشید لەم بارەوە دەڵێت: کوردستان دەکەوێتە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەهۆی ئەو شوێنە جوگرافیەشییەوە گرنگیەکی ستراتیژی مەزنی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سێگۆشەیەکی شاخاوی پێکدێنێ کە سەرەکانی بەندە بە یەکێتی سۆڤیەت لە باکوورەوە، کەنداوی عەرەب لە باشوورەوە و دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاواوە. ڕووبەری کوردستان (٥٠٠ هەزار) کیلۆمەتری دووجایە و لە ڕووبەری (کوبا، سیلان، سویسرا، بەلجیکا، هۆڵەندە، پورتوگال و سیرالیۆن پێکەوە) گەورەترە...[٢٢]

هەروەها د.کەیوان ئازاد ئەنوەر دەڵێ: ڕووبەری کوردستان نزیکەی ٥٤٦٢٦٤ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. ئەو خاکەشی لەدوای جەنگی جیهانی

یەکەم بەم شێوازە دابەش کرا:

- بەشی باکووری خرایە سەردەوڵەتی تورکیای نوێ، کە ڕووبەرەکەی ۲۱۹٤۹۲ کم۲ و ۳۰٪ی ڕووبەری خاکی تورکیای گرتۆتەوە. لە گرنگترین پارێزگاکانیشی مەڵاتیە، سوعرەت، غازی عەنتاب، ئامەد، ئەرزەڕووم، قارس، ئەرزنجان، وان، بدلیسە.

- بەشی خۆرهەڵاتی خرایە سەر دەوڵەتی ئێران، کە ڕووبەرەکەی ۲۱۵۸۹۲ کم۲ەو ۱۳٪ی کۆی ڕووبەری خاکی ئێرانی گرتۆتەوە. لە گرنگترین پارێزگاکانیشی (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرمانشا، ئیلام)ن.

- بەشی باشووری خرایەسەر دەوڵەتی تازەی ئێراق، کە ڕووبەرەکەی ۸۷۱۱۷ کم۲ەو ۱۷٪ی کۆی ڕووبەری خاکی ئێراقی گرتۆتەوە. گرنگترین پارێزگاکانیشی کەرکوك، هەولێر، سلێمانی و دهۆکن.

- بەشی خۆرئاوای خرایە سەر دەوڵەتی سوریا، کە ڕووبەرەکەی ۱۸۳۰۰ کم۲ و ۱۰٪ی کۆی ڕووبەری خاکی سوریای گرتۆتەوە. لە گرنگترین پارێزگاکانیشی حەلەب و حەسەکەیە.

- بەشی باکووری خۆرهەڵاتیش هەر لە ساڵی ۱۸۲۸ی زایینی دوای شکستی دەوڵەتی قاجاری لە شەڕی گەنجە لە بەرامبەر دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری خرایەسەر ڕووسیا و ڕووبەرەکەی ۵٤٦۳ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.[۲۳]

لە کۆتاییدا ئاماژە بە بۆچوونی دوکتۆر قاسملوو لەو پێوەندییەدا دەکەین. دوکتۆر قاسملوو لە لاپەڕە ۱٤ی «کوردستان و کورد»دا باس لەوە دەکا کە: «پێوانەی کوردستان بە تێکڕایی دەگاتە نیزیکەی ٤۰۹٦۵۰ کیلۆمیتری چوارگۆشە یانی بە تەنیا لە خاکی بریتانیا و هولەند (هۆڵەندا) و بێلژیك(بەلجیکا) و سویس و دانمارك بەرینترە. خاکی کوردستان ۱۹٤٤۰۰

کیلۆمیتری کەوتۆتە بەر تورکیا، ١٢٤٩٥٠ کیلۆمیتری بەر ئێران، ٧٢٠٠٠ کیلۆمیتری بەر عیراق و ١٨٣٠٠ کیلۆمیتری لە سوریایە.» [٢٤]

ژمارەی دانیشتووانی کوردستان

دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان هەروەك دیاریکردنی سنوورەکەی کارێکی دژوارە. ئەمەش لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین:

«دیاریکردنی نفووسی کوردستان کارێکی زێدە دژوارە، چونکە خاوەنی کیانێکی سیاسی نیە، تەنیا رێگای مومکین ئەوەیە پاڵ بەو سەرژمێریانەوە بدەین کە حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بەپێی تەقسیماتی کیشوەریی ولاتەکانیان بەڕێوەیان بردووە. خودی سەرژمێرییەکانیش کەمۆکوڕییەکی زۆریان هەیە، بۆ وێنە سالّی سەرژمێرییەکان لەگەڵ یەك جیاوازییان هەیە، وزەکاریان تێدا بە کەمی وەبەرچاو گیراوە. ئامارگەران بۆ هاسانکردنی کارەکەیان کەمتر خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکان داوە، زۆرجار لەو شوێنانە دەستیان داوەتە گۆتەرەکاری.

ئەوە ڕاستە کوردەکانیش زۆرجار بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی خۆیان لە سەرژمێری بواردووە. لە ناوچە پڕحەستەمەکانیش زۆربەی خەڵك لە ترسی دواڕۆژ و وەدەست هێنانی کار و ڕاگرتنی سەری خۆیان، ناچار بوون حاشا لە میللییەتی خۆیان بکەن و بە تورك و عەرەب و فارس خۆیان لەقەڵەم بدەن.

کۆچی وەرزیی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ دۆزینەوەی کار لە بەشی خشت بڕی و خانوو دروست کردن و ڕێگالێدان و بازرگانی

سەرپێی، لەناو بازارەکانی دەرەوەی کوردستان و پاکتاوکردنی مەڵبەندە ئیستراتیژییەکان لە دانیشتووانی کورد و قەڵاچۆکردن و هەڵقەندنی خەڵک لەسەر ملّك و مالّیان و ڕادانیان بۆ دەرەوە و، نەبوونی ئازادیی سیاسی و سەرکوتی بێرەحمانەی خەڵکی کوردستان و، داسەپاندنی ستەمی نەتەوایەتی و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی و زاڵبوونی حاڵەتی نائاسایی بەسەر وڵاتدا و دەس پێکرانی کۆڕەوە سیاسییەکان و... بوونەتە هۆی نەوە کە ئاماری ڕێك و دروستمان لەسەر دانیشتووانی کوردستان کە بێپسانەوە لە گۆڕاندا بووە، نەیەتە دەست. ئامارە سەرژمێرییەکان گشتیان لە میزانی خۆیان ترازاون و ژمارەی دروستی دانیشتووانی کوردستانمان بۆ دەرناخەن...»[٢٥]

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیەکە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان سێ جۆرە سەرچاوە لەبەردەستدان کە هەرکامێکیان ژمارەیەکی جیاواز لەوانی دیکەمان نیشان دەدەن، ئەو سەرچاوانەش بریتین لە:

یەکەم: سەرچاوە ڕەسمییەکانی هەرکام لەو دەوڵەتانەن کە یان لەجێدا دان بە بوونی نەتەوەی کورد دا نانێن، یان هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان بکرێ ژمارەکەی کەم نیشان بدەن.

... کۆمەڵە سەرچاوەی دووهەم ئەو گۆترەکارییانەیە کە ڕێکخراوە زانستییەکان و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانی وڵاتان کردوویانە... کۆمەڵە سەرچاوەی سێهەم کتێبە کوردییە ڕەسەکانن و پێویستە بڵێین هێندێکیان ژمارەی ئەوتۆیان باس کردووە کە چەشنە زیاد پێوەنانێکی تێدایە. هۆیەکەشی ناڕەزایی نووسەرەکان لە هەڵوێستی کاربەدەستانی تورکیا و ئێرانە. لەگەڵ ئەوەش لە سەرچاوەکانی دیکە ڕاستترن.[٢٦]

بەهەرحاڵ، لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك باس لە نفووس و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەکەین:

لە کتێبی (ئاغا، شێخ و دەوڵەت)دا سەرجەمی دانیشتوانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥دا، بە ١٣,٧ تا ١٤,٢ ملوێن کەس خەمڵێنراوە.[٢٧]

یەکەم سەرژمێریی ڕەسمی، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە کوردستانی تورکیا و عێراق بەرێوە چووە. کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٥٦ و لە سووریا ساڵی ١٩٦٠ سەرژمێرییەکانیان دەستی پێکردووە و دواتریش نێوەنێوە هەر بە چەند ساڵ و دە ساڵ جارێك سەرژمێرییەکانیان درێژە پێداوە.

کوردستان، بە ٢٩/٥ میلیۆن و، چڕیی ٧٣/٥ کەس لە هەر کیلۆمیتری چوارگۆشەدا بە یەکێك لە وڵاتە پڕجەمعیەتەکانی دنیا دەناسرێ. لەناو ١٩٤ وڵاتی دونیادا لە ڕیزی سیهەمین وڵات دایە. یەك جێ بەقەرا نفووسی ٧ وڵاتی وەکو سووریە، لوبنان، ئیسرائیل، ئۆردۆن، ئەماراتی عەرەبی، کووەیت و دوبەی لە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تێدەبێ. کورد لەباری نفووسەوە لە ناوچەکەدا هاوتای نەتەوەکانی تورك و عەرەب و فارسە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە چوارەمین نەتەوەی سەرەکیی دادەنرێ.[٢٨]

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا (١٩٢٥ ـ ٢٠٠٠) نزیکەی ٢٧ میلیۆن کەسی زیاد کردووە. دوو لەسەر سێی ئەم زیادکردنە، لە ئەنجامی زیادکردنێکی سروشتیدا بووە، کە لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٠,٠٢٧ بووە. بەشێکی دیکەشی لە دەرەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردووە. تێکڕای زیادبوونی سەدیی ساڵانە دانیشتوانی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٧٥دا، ٢,٦ بوو. ئەم ژمارەیە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ ـ ١٩٩٥ بۆ ٢,٩ بەرز

بۆتـەوە.[٢٩]

دەتوانـین بڵێـین: «ئەمـڕۆ حەشـیمەتی کـوردەکان زۆرتـر لـە ٣٩ ملیـۆن کەسـە کـە ٢٢ ملیـۆن ـ یـان هێشـتا لەنـاو کوردسـتان دەژیـن و زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەم نیشـتمانە پێـك دێنـن. کەوابـوو کـورد لـەدوای عـەرەب و تـورك سـێیەمین نەتـەوەی پـڕ حەشـیمەتی ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیان. ئێسـتا حەشـیمەتی دوو لـە سـێی ئـەو وڵاتانـەی کـە ئەندامـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـن، لـە حەشـیمەتی کوردسـتان کەمـترە و کوردیـش بـاش ئاگایـان لـەم ڕاسـتییە هەیـە.»[٣٠]

باسی دووەم:
چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر ناوچەکە

کوردستان، نیشتمانی کوردان، هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەیکە لەباری سرووشتییەوە نیشتمانێکی یەکپارچەیە و بەشی زۆری دانیشتووانەکەی لە نەتەوەی کورد پێك هاتووە، بەڵام لە دوو قۆناغی گرنگی میژوویيدا لەژێر کارتێکەریی فاکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەسەر چەند بەشدا، دابەش کراوە و هەر بەشەی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە. لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا و لە ئاکامی شەڕ و دەستێوەردانی دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و پاش شەڕی چاڵدێران دوو بەش کرا و لەژێر ناوی کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران هەر بەشەی وەبەر یەکێك لەم دوو ئیمپراتۆریە کەوت و، دوای چوار سەد ساڵ بۆ جارێکی دیکە و دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای لە پەلوپۆکەوتووی عوسمانی بەسەر چەند وڵاتی تازەدامەزراودا دابەش کران و بەم پێیەش ئەم بەشەی کوردستانیش بەسەر سێ وڵاتی تازە دامەزراوی تورکیا و سووریا و عێراقدا دابەش کرایەوە.

لێرەدا بە پشت بەستن بە هێندێك لە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر و زیاتر باس لەم دابەشبوونەی نیشتمان و وڵاتی کوردان دەکەین:

«دوابەدوای شەڕی چالدێران، کە لە سەدەی ١٦ دا لەنێوان هەر دوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێراندا ڕوویدا، ناوچەکە لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا دابەش کرا.» بۆ جاری دووەم «ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای لە پەلوپۆکەوتووی عوسمانی بەسەر هێزە ئیمپریالیستەکانی ئەوکاتەدا و لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم دابەش کرا.»[٣١]

لە لاپەڕە١٠و ١١ی بەرگی یەکەمی کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان» بەشی یەکەمی سیوەیە باسی کوردستانی دابەشکراو کراوە. «هەرچەندە خاکی کوردستان لەڕووی سروشتییەوە یەکدەستە و یەکپارچەیە، بەڵام لەبەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زایینیدا دوویەش کرا: «کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران»ی لێ کەوتەوە. دوای چوارسەد ساڵ بۆ جارێکی دیکەش، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیستیعماری ئینگلیس و فەرانسە لەباتی تەمبێکردنی تورکەکان، لە ڕێککەوتننامەی سێڤر و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پاشگەز بوونەوە و کەوتنە جەستەی «کوردستانی عوسمانی»، لەت و کوتیان کرد و بەسەر سێ وڵاتی تازە دامەزراوی تورکیا و سووریا و عێراقدا، دایان بەشیەوە. ڕێککەوتننامەی لۆزان (لە ساڵی ١٩٢٣) ئاکامی ڕێکەوتنێك بوو کە دەوڵەتانی ئیستیعمارگەر بۆ ڕەسمییەت پێدانی دابەشکرانی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لەسەری ڕێك کەوتن. لە ئەساسدا مەوافەقەتنامەی لۆزان بۆ کورد و وڵاتانی تازە دامەزراو، دوو مانای لێك جیاوازیان هەبوو: بۆ وڵاتانی تازە دامەزراوی تورکیا و عێراق و سووریە بە تایبەتی، دامەزراندنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ و بە ڕەسمی ناسینی حاکمییەتی سەربەخۆی ئەو سێ دەوڵەتە لەلایەن «جامعە ملل»ەوە بوو. بۆ کوردەکانیش، دابەشکردنێکی ڕەزیلانە و بەزۆر لکاندنی کوردستانی عوسمانی بە سێ وڵاتی تازە دامەزراو بوو.

بەم جۆرە کوردستانی یەکپارچە لە دوو قۆناغی جیاوازدا، بوو بە چوار پارچە. ناوی «کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران، کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا»یان بەسەردا بڕی[۳۲]

◄ یەکەم: کوردستانی سەر بە تورکیا

• ۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیا

کوردستانی تورکیا لە دابەشکاریی نێوخۆیی تورکیادا لە ڕابردوو لە ۱۱ پارێزگا پێک هاتبوو و دواتر بەهۆی دابەشکاریی نوێوە بەسەر ۱۷ پارێزگادا دابەش کرا. سەرەنجام لە سەرەتای دەیەی ۹۰ی زایینی بەهۆی دابەشکاریی نوێوە، بوو بە ۲۱ پارێزگا. واتە باکووری کوردستان ئێستا لە ۲۱ پارێزگا پێک هاتووە کە بریتین لە: دیاربەکر، وان، بینگۆل، ئادیامان، ئەلازیغ، باتمان، تونجەلی، ماردین، هەکاری، ئاگری، سعەرد، مووش، بتلیس، ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، قارس، مەلاتیە، ئورفە، شرناخ، ئیغدیر و ئەردەهان.[۳۳]

یەکێک لە سەرچاوەکان بە شێوەی خوارەوە ئاماژەی بە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کورد داوە: «دۆرتیۆل، قارس، تۆزوولووجە، کاغەزمان، ساری قامیش، خۆڕاسان، پاسینلەر، ئەرزەڕووم، ئاشقەلا، تەرجان، چای یەرلی، ئەرزەنجان، پوولوومووڕ، کەماخ، ڕەفاعیە، عومەروەتلی، زارا، سیواس، یلیج، دیڤرکی، کەمالیە، حەکیمخان، ئارگۆڤان، عارەبگیر، ئاغان، کەبان، دارەندە، ئاغین، چەمشگەزەك، خۆززات، پەرتەك، ئۆڤاچیق، دەرسیم، مازگرت، نازمیە، پالوو، قەرەقۆچان، بێنگۆل، کیغی، گەنج، سولحان، کارلۆڤا، چات، تەکمان، خنس، ڤارتۆ، قەرەیازی، ئەلەشکیرد، تووقاق، خامووڕ، قەرەکۆشە، تاشلی

چای، دیادین، ئیغدیر، ئەرالیك، دۆغۆبایەزید، چالدیران، مورادیە، ئەرجیش، پاتنۆس، مەلازگەرد، بوولانیك، ئادیلجەواز، ئاخلات، بەدلیس، تاتوان، مووش، ساسۆن، قولپ، لیچە، هانی، دیجلە، مەعدەن، مۆتکی، ئەلازیغ، سیڤریچە، باسقیل، جونگووش، چەرمیك، ئەرغانی، مەلاتیە، یەشیل یۆرت، ئەقچەداغ، ئەلبیسان، دۆغان شەهیر، چەلیکخان، کەحاتە، ئادیەمەن، سەمسان، بەسنی، گولّ باشی، عارەبان، یاوزئەلی، پازارچیك، مەرعەش، نیزیپ، ئۆغزەلی، کیلیس، تورك ئۆغلّوو، باخچە، ئیسلاحیە، عوسمانییە، ڕیحانە، ئەسکەندەروون، حالفەتی، بیرەجیك، سوورووچ، نوورفە، دیاربەکر، شرناخ، ماردین، سلوپی، باتمان، گەرجووش، شەمدینلی، چوقورچا و... (۳٤)

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژمارەی پارێزگا و شارەکانی باکووری کوردستان، دەتوانن سەردانی لاپەڕەکانی ٦٢ تا ٧٠ی چاپی چوارەمی کتێبی «جوگرافیای کوردستان» لە نووسینی بەڕێز عەبدوڵلّا غەفوور بکەن.

● ۲ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی تورکیا بەپێی سەرچاوەکان

گەر پشت بە سەرژمێرییەکەی ۱۹۷۰ ببەستین و لە ویلایەت بەرەو خوار بڕوانین و ڕێژەی کورد لە هەر نێوچەیەکدا حسێب بکەین، دەتوانین بێژین ژمارەی کورد لە ساڵی ۱۹۷۰ لە کوردستانی تورکیادا، خۆی لە نێزیکەی ۵،۷ ملوێنێك داوە. گەر مرۆ ڕێژەی زۆربوونی ژمارەی سەرجەم دانیشتووان وەرگرێت، کە ۱۳٪یە، ئەوا لە ساڵی ۱۹۷۵ دەگاتە ٦،۵ ملوێنێك. لێرەدا دەبێت ژمارەی ئەو کوردانەشی بخەینەسەر کە لە نێوچەکانی دیکەی تورکیادا دەژین. ڤانلی (مەبەست بەڕێز دوکتۆر عیسمەت شەریف ڤانلی یە) ژمارەیان لە ۱۹٦۵ دا بە ملوێن و نیوێك دەخەملّێنێت کە بۆ ۱۹۷۵ دەگاتە ۲،۲ ملوێن... پێدەچێت قەبلّاندنی ژمارەی کورد بۆ ساڵی ۱۹۷۵ لە تورکیادا بە ۷،۵ ملوێن، نەك هەر

زێدەڕۆیی نەبێت، بەڵکە کەمیش گوترابێت.[٣٥]

سەرەتای سەرژمێریی گشتی دانیشتووان لە هەرێمی باکووردا، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. لەم هەرێمەدا، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، دوو سەرژمێریی کراوە. یەکەمیان لە ساڵی ١٨٣١ و دووەمیشیان لە ساڵی ١٨٧٦دا بووە، لەدواییشدا درێژە بەو کارە دراوە. یەکەم سەرژمێری گشتیی لە چوارچێوەی کۆماری تورکیای نوێدا، لە ساڵی ١٩٢٧ دا کرا. لە پاشان هەر پێنج ساڵ جارێك ئەك ارە لەلایەن دامودەزگاکانی ئامارییەوە دووبارە کراوەتەوە. ئاکامی سەرژمێرەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، پیشان دەدەن کە زیادبوونی دانیشتووان لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ ـ١٩٨٥دا، ٥ ملیۆن و ٦٣٧ هەزار کەس زیادی کردووە... [٣٦]

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢، نزیکەی ١٥ ملیۆن کەس لە حەشیمەتی ٥٩ ملیۆنی گشتیی تورکیا، کوردن. بە واتایەکی تر کورد ٢٥,٤٣٪ی حەشیمەتی وڵاتی تورکیا پێکدەهێنن. سەرجاوە کوردییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو کوردانەی لە تورکیا دەژین، ١٨ یان ٢٠ ملیۆن کەسە. ڕێژەی گەشەی لەدایکبوون لە ناوچە کوردنشینەکان، دوو قاتی نێوەنجی ڕێژەی گەشەی لەدایکبوونە لە وڵاتی تورکیا بەگشتی...

بەهۆی بارودۆخی شەڕاوی کوردستان و دواکەوتوویی ئابووری ـ کە بەهۆی شەڕ زۆرتر بووە ـ دەبینین کە کوردەکانی تورکیا بە شێوازێکی بەرفراوان بەرەو ڕۆژئاوای وڵات (کە بارودۆخی ئابووری و سیاسی باشترە) کۆچ دەکەن. سەرژمێری خەزەڵوەری ١٩٩٠ پێشان دەدات حەشیمەتی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا کە دەوڵەتی تورکیا ناوی ناوە ئاناتۆلی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، ٩/٧٠٤/٤٨٨ کەسە کە لەسەدا ٥١ی، لە گوندا دەژین. لە هەمان ڕێکەوتدا حەشیمەتی کوردەکانی ئیستانبوڵ ٢/٥ ملیۆن کەس بەراورد کراوە،

کەوابوو ئیستانبوولّ بووە بە گەورەترین شاری کوردنشینی جیهان. لەم چەند ساڵەی دواییدا (بەهۆی کۆچی بەرفراوانی کوردەکان) بەرەو ڕۆژئاوای وڵات (بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە) ئێستا شارە تورکنشینەکان وەك ئیزمیر، ئەدەنە و میرسین بوونەتە کوردنشین.[٣٧]

بەپێی بەراوردی ساڵی ٢٠١٢ی دامەزراوەی تورك ئیستات، حەشیمەتی کوردەکانی تورکیە بە زیاتر لە ٢٢ ملیۆن کەس خەملّێنراوە.[٣٨]

• ٣ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی تورکیا

عەبدوڕەحمان قاسملوو پێوانەی ڕووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە ١٩٤٤٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە دیاری دەکات. واتە «خاکی کوردستان ١٩٤٤٠٠ کیلۆمیتری کەوتۆتە بەر تورکیا.»[٣٩]

بەڕێز کەندالّ لە کتێبی «گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت» لەم پێوەندییەدا گوتوویەتی: «کوردستانی تورکیا لەنێو هەرێمە کوردییەکاندا پان و بەرینترینە و دانیشتووانی پترن. بەندەری ئەسکەندەروونە و شاخەکانی تورس سنووری ڕۆژئاوای پێکدێنن و یەکێتی سۆفیەت «ئەرمینیا» و ئێران سنووری ڕۆژهەلّاتن و زنجیرە شاخەکانی بونتیك سنووری باکوورن و سنووری باشووریش هێلّە سنوورییەکەی نێوان تورکیا و سووریا و عێراقە. بەکۆی ڕووبەری ٢٣٠٠٠٠ کم٢ (دەکاتە ٣٠٪ی کۆی ڕووبەری تورکیا)و هەژدە پارێزگا (ویلایەت) لەڕۆژهەلّات و باشووری ڕۆژهەلّاتی ئەنادۆلّی تورکی لێ پێکهاتووە.»[٤٠]

دیارە لە بەینی ئەم ١٩٠ هەزار و ئەم ٢٣٠ هەزارەدا ژمارەی تر لەلایەن نووسەرانی تر خراونەتەڕوو کە پێویست ناکات لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بکرێ چونکە زۆربەیان هەر لە دەوری ئەم ژمارانە دەسوورێنەوە.

◄ دووەم: کوردستانی سەر بە ئێران

● ۱ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران

دیارە بۆ دیاریکردنی شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران هەروەك زۆر بابەتی دیکە، ڕای جیاواز هەیە و سەرچاوەکان بەشێوەی جۆراوجۆر باسیان لێوەدەکەن. زۆر لە سەرچاوەکان تەنیا ئەو چوار پارێزگایە وەك بەشی کوردستانی ئێران ئەژمار دەکەن کە لە هێندێك لە نەخشەکانی کوردستاندا دیاری کراون. بەڵام لە ژمارەیەکی دیکە لە سەرچاوەکاندا سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان زۆر بەرەو خوارتر بردووە و لوڕستان و بەشێك لە هەمەدان و زۆر ناوچەی خوارتریشیان لەگەڵ حیساب کردووە.

بە سەرنجدان بە مێژووی کۆنی کوردستان بە تایبەت لەم بەشەی خاکی کوردان و هەروەها سیاسەتی بەرتەسك کردنەوەی خاکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی حاکم بەسەر ئەو خاکەدا، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ناوچە کوردستانیی و کوردنشینەکانی ئەم بەشە لە کوردستان زۆر لەوە فراوانتر و بەربڵاوترن کە لە چوارچێوەی چوار پارێزگادا کۆ بکرێنەوە.

لە یەکێك لەو سەرچاوانەدا هاتووە: «ئەو پارچەیەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: ماکۆ، خۆ، سەلماس، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو، پیرانشار، سەردەشت، بانە، سەقز، بۆکان، ساینقەڵا، بیجار، مەریوان، سنە، دیواندەرە، قورِوە، سونقور، کەنگاوەر، پاوە، نەوسوود، کرماشان، سەرپێلی زەهاو، قەسری شیرین، ئیسلام ئاباد (شاە ئاباد)، گیلانی غەرب، ئیلام، هەروەها بەشی زۆر بەختیاری و لوڕستان و کۆهگیلویە و بۆیرئەحمەدی، کە لە نەخشەکانی بڵاوکراوە لەسەر کوردستان نەهاتوونە ئەژمار.»[۴۱]

لە کتێبی «کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە»، کە سەرچاوەکەی

چاپی پێنجەمی «جوگرافیای کوردستان»ی بەڕێز عەبدوڵڵا غەفوورە، شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە شێوەی خوارەوە باسیان کراوە:

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا:

۱ـ ورمێ. ناحیەکانی: سەنتەر (ورمێ)، سۆما و برادۆست (کەنگەچین)، سیلوانە، ئینزل (قوشچی)

۲ـ مهاباد. ناحیەکانی: سەنتەر.

۳ـ بۆکان. ناحیەکانی: سەنتەر.

٤ـ خۆی. ناحیەکانی: سەنتەر، چای پارە (قەرەزیادین).

٤ـ ماکۆ. ناحیەکانی: سەنتەر، سیاچەشمە، پلودەشت (شانابات).

۵ـ میاندواب. ناحیەکانی: سەنتەر.

٦ـ سابین قەڵا. ناحیەکانی: سەنتەر.

۷ـ تەکاب. ناحیەکانی: سەنتەر.

۸ـ سەلماس. ناحیەکانی: سەنتەر.

۹ـ نەغەدە. ناحیەکانی: سەنتەر.

۱۰. شنۆ. ناحیەکانی: سەنتەر.

۱۱. سەردەشت. ناحیەکانی: سەنتەر.

۱۲. پیرانشەهر. ناحیەکانی: سەنتەر.

پارێزگای کرماشان:

۱ـ کرماشان. ناحیەکانی: سەنتەر.

۲ـ سەحنە. ناحیەکانی: سەنتەر.

۳ـ هەرسین. ناحیەکانی: سەنتەر.

٤ـ قەسری شیرین. ناحیەکانی: سەنتەر، سۆمار.

٥ـ پاوە. ناحیەکانی: سەنتەر، نۆدشە، نەوسوو، باینگان.

٦ـ جوانڕۆ: ناحیەکانی: سەنتەر.

٧ـ سەلاسی باباجانی: ناحیەکانی: سەنتەر.

٨ـ ڕوانسەر. ناحیەکانی: سەنتەر، شاهۆ.

٩ـ ئیسلام ئاباد. ناحیەکانی: سەنتەر.

١٠ـ داڵەهۆ. ناحیەکانی: سەنتەر. کەرەند.

١١ـ سونقوڕ. ناحیەکانی: سەنتەر.

١٢ـ کەنگاوەر. ناحیەکانی: سەنتەر.

١٣ـ سەرپۆلی زەهاب. ناحیەکانی: سەنتەر.

١٤. گیلانی غەرب. ناحیەکانی: سەنتەر.

پارێزگای کوردستان:

١ـ سنەر. ناحیەکانی: سەنتەر.

٢ـ دیواندەرە.

٣ـ کامیاران.

٤ـ مەریوان. ناحیەکانی: سەنتەر، خاوومیر ئاباد (خاو)، کەلەتەرزان (تیژتیژ)، سەرشیو.

٥ـ سەروئاباد.

٦ـ سەقز. ناحیەکانی سەنتەر.

٧ـ بانە. ناحیەکانی: سەنتەر، نەنور، ئالوت، نەمەشیر.

٨ـ بیجار: ناحیەکانی: سەنتەر.

٩ـ دێگوڵان.

پارێزگای ئیلام:

۱ـ ئیلام. ناحیەکانی: سەنتەر، چوار.

۲ـ ئەیوان. ناحیەکانی: سەنتەر.

۳ـ دێهلۆران. ناحیەکانی: سەنتەر، موسیان، زەرین ئاباد (میمە).

٤ـ میهران. ناحیەکانی: سەنتەر، سالح ئاباد، ئەرکەوازی (قەلادەرە).

۵ـ بەدرە. ناحیەکانی: سەنتەر (دەرەشەهر)، بەدرە (ئەبهەری بالا).

٦ـ ئابدانان. ناحیەکانی: سەنتەر

۷ـ شیروان و چرداول. ناحیەکانی: سەنتەر (لومار). [٤٢]

بەڵام لە چاپەکانی پێشووتری «جوگرافیای کوردستان (بۆ نموونە چاپی چوارەم) بێجگە لەم چەند پارێزگا و قەزایە باس لە چەند قەزای پارێزگاکانی چەهارموحال و بەختیاری ، لوڕستان، کۆهگیلویە و بوێرئەحمەد و تەنانەت هێندێك شاری پارێزگاکانی خوزستان و فارسیش کراوە و ناویان هاتووە.

بەڕێز مامۆستا کەریم زەند پێی وایە: «دەتوانرێت کوردستانی ئێران لە باکوورەوە بۆ باشوور بەسەر پێنج هەرێمدا دابەش بکرێت کە هەریەکەیان چەند شار و ناوچەی جیاواز دەگرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

۱ـ هەرێمی ورمێ: ورمێ، ماکۆ، خۆی، سلماس، دیلمان، قتوور، سۆما، پۆلدەشت، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ و برادۆست و چەند ناوچەی دی دەگرێتەوە.

۲ـ هەرێمی موکریان: سابڵاغ (مەهابادی ئێستا)، شنۆ، میاندواو، بۆکان، لاجان، نەغەدە، هەوشار، سڵدوس، سەردەشت، تیکانتەپە و هەندێك شوێنی دی دەگرێتەوە.

۳ـ هەرێمی ئەردەڵان: سنە، سەقز، بانە، سەرشیو، تیلەکۆ، خورخورە، حەسەن ئاوا، مەریوان و هەورامانی لهۆن دەگرێتەوە.

٤ـ هەرێمی کرماشان: کرماشان، کنگاوەر، هەرسین، سەحنە، کەرەند، بێلوار، قەسری شیرین، بایروەند، جوانرۆ، ڕەوانسەر، ماهی دەشت، گەیلان، نەفت شاه و کامیاران دەگرێتەوە.

٥ـ ناوچەی لوڕستان و چوارمەحاڵی بەختیاری: سەمەرە، بروجەرد، خوڕەم ئاوا، مەلایەر، نەهاوەند و تویسرکان دەگرێتەوە و بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە تا کۆتایی چیای زاگرۆس و زێدی عەشیرەتەکانی لەك و زەند و لوڕی بچوك. (٤٣)

● ٢ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی ئێران بەپێی سەرچاوەکان

لە سەرژمێرەکانی ١٩٥٦ و ١٩٦٦دا، کورد بە جودا نەژمێردراون، وەلێ وەك موسوڵمانی سوونی، بە ١٠٪ی دانیشتووان دانراون. لەمەوە دیارە کورد بڕێك لە ١٠٪ی دانیشتووان پتر پێك دەهێنێت. لەپاڵ کورددا، تەنها ژمارەیەکی کەم تورکمان و هەندەك کەمە نەتەوەیی گچکەی دیکەی خۆرهەڵاتی ئێران، سوننین. بەڵام ژمارەیەکی فرە لە کوردەکانی ئوستانی کرماشان و خۆراسان شیعەن. قرساندنی ژمارەی کورد بە ٣,٥ ملۆێن لەلایەن ساڵنامەی نیوەڕەسمیی ئێرانەوە لە سەرەتای حەفتاکاندا، یاخود گەر ڕێژەی زێدبوونی دانیشتووان حسێب بکەین، پێدەچێت لایەنی کەم ٣,٥ ملۆێن بۆ ساڵی ١٩٧٥، جێگەی باوەڕ بێت. ڕەنگە ژمارەی ڕاستەقینەیان لەوەش زێتر بێت. (٤٤)

لە «جوگرافیای کوردستان»دا باس لەوە کراوە کە: یەکەم سەرژمێریی گشتیی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، لە ساڵی ١٩٥٦ دا کرا. لەدواییدا هەر دە ساڵ جارێ ئەم کارە ئاماریە دووبارە کراوەتەوە...

ئاکامی سەرژمێرەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، پیشان دەدەن کە زیادبوونی دانیشتووان لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ ـ ١٩٨٥دا، ٥ ملیۆن و ٦٣٧ هەزار کەس زیادی کردووە... (٤٥)

لە سەرچاوەیەکی تردا گوتراوە کە ۸ ملیۆن لە حەشیمەتی ۵۷ ملیۆنی گشتی ئێران، کوردن. واتا کورد لە سەدا ١٤ی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن.[٤٦]

دیارە ئەم ژمارەیە هی ئەو کاتەیە کە حەشیمەتی گشتیی ئێران ۵۷ ملیۆن کەس بووە. ئەگەر هەروەك ئەم سەرچاوەیە ئاماژەی پێکردووە، کورد لە سەدا ١٤ی حەشیمەتی ئێران پێك بێنن، ئەوا رێژەی کورد بەو حیسابەی کە ئێستا حەشیمەتی ئێران زیاتر لە ۷۵ ملیۆن کەسە، دەبێتە زیاتر لە دە ملیۆن کەس.

● ۳ـ رووبەری خاکی کوردستانی رۆژهەڵات

عەبدولڕەحمان قاسملوو پێوانەی رووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە ١٢٤٩٥٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە دیاری دەکات. واتە «خاکی کوردستان ١٢٤٩٥٠ کیلۆمیتری کەوتۆتە بەر ئێران.»[٤٧]

دوکتۆر قاسملوو لە کتێبی «گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت»دا جارێکی دیکە سەبارەت بە رووبەری کوردستانی ئێران وتوویەتی: «رووبەری کوردستانی ئێران خۆ دەدات لە ١٢٥٠٠٠ کم٢. درێژی ئەو هەرێمە بە درێژایی شاخی ئارارات تا باشووری زنجیرە شاخی زاگرۆسە. مەرزەکانی نێوان تورکیا و ئێران، عێراق و ئێران لەلای رۆژئاواوە بوونەتە سنوور لەنێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا و هەروەها کوردستانی عێراق. لە رۆژهەڵاتەوە دەلکێت بە گۆلی (ورمێ)وە. ناوچەیەکی شاخاویە و شارەکانی لە بەرزی (نزیکەی هەزارمەتر)دا جێگیر بوون.»[٤٨]

بەڵام بەرێز «فوئاد حەمە خورشید» رووبەری ئەم بەشەی کوردستانی بە ١٨٩,٣٩٤ کیلۆمەتری چوار گۆشە داناوە.[٤٩] هەروەها «د.کەیوان ئازاد ئەنوەر»یش رووبەری ئەم بەشە لە خاکی کوردستانی بە ٢١٥٨٩٢ کیلۆمەتری چوارگۆشە داناوە کە ١٣٪ی کۆی رووبەری خاکی ئێران دەگرێتەوە.[٥٠]

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ ئاماژە پێبکرێ ئەوەیە هەم بۆ ڕووبەری کوردستانی ئێران و هەم بۆ ڕووبەری بەشەکانی دیکەی کوردستان بەپێی ئەو شار و ناوچانەی دەکەونە نێو سنوورەکانی ئەو بەشەوە، ڕووبەرەکەش گۆڕانی بەسەردا دێ. کەواتە شتێکی سرووشتییە کە ژمارەی جیاواز بۆ ڕووبەرەکەی بوترێ هەروەك چۆن لەسەر مەسەلەی سنووری هەرکام لەو بەشانەش ڕای جیاواز هەیە.

◄ سێیەم:کوردستانی سەر بە ئێراق

● ١ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق بریتییە لەو بەشە کوردستانەی کە دەکەوێتە نێوان سنووری دەوڵەتی عێراقەوە کە دوابەدوای شەڕی جیهانی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ دا بە عێراقەوە لکێنراوە. هەرێمی کوردستان لەڕووی بەرزی و نزمییەوە خاکەکەی لە بەرزاییەکانی حەمرین ٢٠٠ مەتر لە سەرووی دەریاوە دەست پێدەکات تاکوو بەرزاییەکانی چیای حەسارۆست لوتکەی هەڵگورد کە ٣٦٠٠ مەتر لەڕووی دەریاوە لە هەرێمەکانی تر جیا دەکرێتەوە. ئەم هەرێمە کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، کەواتە: لە ناوەڕاستی عێراقەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای واست دەست پێدەکات، بەرەو باکوور تاکوو پردی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ، بە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمرینەوە تا فەتحە دەڕوا و شان بە شانی ڕووباری دیجلە سەر دەکەوێ و لە باکووری شاری مووسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە بە ئاراستەی شارۆچکەی حەزەر پاشان

بەرەو ڕۆژئاوا بە ئاراستەی سنووری عێراق ـ سووریا لە باکووری شاروچکەی بەعاج[۵۱]

لە یەکێك لەو سەرچاوانەدا هاتووە : «ئەو پارچەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: زێبار، ئاکرێ، چۆمان، دیانان، ڕەواندز، زاخۆ، دهۆك، شێخان، ئامێدی، مووسڵ، قەرەقووش، تەلەعفەر، تەلکێف، شەنگار، مەخموور، دوبز، کەرکووك، چەمچەماڵ، حەویجە، هەولێر، شەقڵاوە، قەڵادزێ، ڕانیە، کۆیە، دووکان، سلێمانی، چوارتا، پێنجوێن، دەربەندیخان، تووزخورماتوو کفری کەلار، خانەقین، مەندەلی، بەدرە.[۵۲]

لە لاپەڕە ۲۸٦ ـ ۲۸۸ی چاپی چوارەمی «جوگرافیای کوردستان»دا بەم شێوەیە پارێزگا و قەزاکانی کوردستانی ئێراق ئاماژەیان پێکراوە:

پارێزگای دهۆك:

۱ـ سەنتەر. ناحیەکانی: سەنتەر، سێمێڵ، دۆسکی (مانگیش)، زاویتە.

۲ـ ئامێدی. ناحیەکانی: سەنتەر، سەرسەنگ، نیروەوڕێکان (بیبۆ)، بەرواری باڵا (کانی ماسی).

۳ـ زاخۆ. ناحیەکانی: سەنتەر (شرانش)، کولی (باتوقە)، ڕزگاری (بریام خەلیل)، سلێفانی (عاسی).

پارێزگای سلێمانی:

۱ـ سەنتەر. ناحیەکانی: سەنتەر، تانجەڕۆ (عەربەت)، بازیان (تەینااڵ)، سەرچنار، قەرەداغ.

۲ـ هەڵەبجە. ناحیەکانی: سەنتەر، سیروان (کێڵەسپی)، خورماڵ، بیارە، شارەزوور (سەیدسادق).

۳ـ پێنجوێن. ناحیەکانی: سەنتەر، گەرمك.

٤ـ شارباژێر. ناحیەکانی: سەنتەر (چوارتا)، سیوەیل (باسنێ)، سروچك (بەرزنجە)، ماوەت.

٥ـ پشدەر. ناحیەکانی: سەنتەر (قەڵادزێ)، هێرۆ، ناودەشت (سەنگەسەر).

٦ـ ڕانیە. ناحیەکانی: سەنتەر، ڕانیە، چوارقورنە، بێتواتە، مەرگە (بنگرد).

۷ـ دوکان. ناحیەکانی: سەنتەر، سورداش، چناران (خەلەکان).

۸ـ دەربەندیخان. ناحیەکانی: سەنتەر

۹ـ چەمچەماڵ. ناحیەکانی: سەنتەر، ئەغجەلەر، سەنگاو (گۆك تەپە).

۱۰ـ کەلار. ناحیەکانی: سەنتەر، بێباز (باوەنور)، تیلەکۆ.

پارێزگای هەولێر:

۱ـ هەولێر. ناحیەکانی: سەنتەر، عەینکاوە، قوشتەپە، خەبات (هەنجیرۆك).

۲ـ مەخموور. ناحیەکانی: سەنتەر، گوێڕ، قەراج (باقرتە)، کەندیناوە (دیبەگە).

۳ـ کۆیە. ناحیەکانی: سەنتەر، تەقتەق، شۆڕش (دێگەڵە).

٤ـ ڕواندز. ناحیەکانی: سەنتەر، دیانا، خەلیفان، برادۆست (سیدەکان).

٥ـ زێبار. ناحیەکانی: سەنتەر (مێرگەسۆر)، بارزان، مزوری باڵا (شێروان مازن).

٦ـ شەقڵاوە. ناحیەکانی: سەنتەر، هەریر، سەلاحەدین، خۆشناو (هیران).

۷ـ چۆمان. ناحیەکانی: سەنتەر، باڵەك (گەڵاڵە)، حاجی ئۆمەران.

پارێزگای کەرکووك:

۱ـ سەنتەر. ناحیەکانی: سەنتەر، تازەخورماتوو، داقوق، یایجی، قەرە حەسەن (لەیلان)، شوان (ڕێدار).

۲ـ حەویجە. ناحیەکانی: سەنتەر، عەباسی (جبور)، ڕیاز.

۳ـدوبز. ناحیەکانی: سەنتەر، ئالتور کۆپری.

پارێزگای نەینەوا:

۱ـمووسڵ. ناحیەکانی: سەنتەر، بەعشیقە، زاب (شەك).

۲ـ حەمدانیە. ناحیەکانی: سەنتەر (قەرەقوش)، نەمرود (خزر)، بەرتەللە، کەڵەك (ئاسکی کەڵەك).

۳ـتلکێف. ناحیەکانی: سەنتەر، ئەلقوش، وانە.

٤ـشەنگار. ناحیەکانی: سەنتەر، شیمال (سنونی).

۵ـتەلەعفەر. ناحیەکانی: سەنتەر، زومار، عیازیە (ئاقەگەنی)، ڕەبیعە.

٦ـشێخان. ناحیەکانی: سەنتەر (عەین سفنی)، مریبە، مزوری (ئەتروش).

۷ـعەقرە. ناحیەکانی: سەنتەر، نەهلە (دینارتە)، عەشایەر سەبعە (بەردەڕەش)، سورچی (بجێل)، گروەسێن.

••

۱ـخانەقین. ناحیەکانی: سەنتەر، جەلەولا، سەعدیە، مەیدان، قزڕەتو.

۲ـمەندەلی. ناحیەکانی: سەنتەر، بەلەدروز، قەزانیە.

۳ـکفری. ناحیەکانی: سەنتەر، قەرەتەپە، کۆکس، سەرقەڵا، جەبارە.

••

۱ـمیقدادیە. ناحیەکانی: سەنتەر، مەنسووریە.

••

۱ـ توزخورماتوو. ناحیەکانی: سەنتەر، ئامیرلی، سلێمان بەگ، نەوجوڵ، قادرکەرەم.

••

۱ـبەدرە. ناحیەکانی: سەنتەر، جەسان، زرباتیە.[۵۳]

● **٢ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی ئێراق بەپێی سەرچاوەکان**

یەکەم سەرژمێری لە هەرێمی باشووردا، لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا بوو. لەو کاتەوە تاکوو ئەمڕۆ، شەش جاری دیکە سەرژمێری گشتی کراوە. بڕیاریش دراوە کە هەر دە ساڵ جارێ، دووبارە بکرێتەوە. بڕیارەکەش بەشێوەیەکی گشتیی پەیڕەو کراوە، جگە لە سەرژمێریی گشتیی پێنجەم نەبێ کە دەبوایە ساڵی ١٩٦٧ بە ئەنجام بگەیەنرێت بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ڕامیاریی، سەربازیی بەتایبەتی بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦١ و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، نەتوانراوە بە تەواویی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمەکە دیاری بکرێ، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووان دەستنیشان بکرێ، لەبەر ئەوەی سەرژمێرییەکەیان دوو ساڵ پێش خست واتە ساڵی ١٩٦٥ ئەنجامیان دا.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی باشووری کوردستان لە شەست ساڵی ڕابردوودا (١٩٢٧ ـ ١٩٨٧)، ٣ ملیۆن و ٦١٥ هەزار کەسی زیاد کردووە... [٥٤]

لە سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ و ١٩٣٥ دا، ئەودەمی کە پێدەچێت ژمارەی کورد هێشتا بێ دەستێوەردان ئاشکرا کرابێت، دەگاتە ٢٣٪ی سەرجەمی دانیشتووانی عێراق... ساڵی ١٩٧٥ سەرجەمی ژمارەی دانیشتووانی عێراق خۆی لە ١١ ملوێنێك دەدا. بەوپێیە ژمارەی کورد لایەنی کەم بە ٢ تا ٢,٥ ملوێنێك دەخەمڵێنرێت. [٥٥]

ئەگەرچی سەرژمێرییەکی فەرمی لە ڕادەی حەشیمەتی ئەم بەشە لە کوردستان لەدەستدا نیە، بەڵام دواییەن بەراوردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەشیمەتی ئەم ناوچەیەی بە نزیکەی ٥ ملیۆن و دووسەد هەزار کەس خەمڵاندووە.

● ٣ـ *ڕووبەری خاکی کوردستانی باشوور*

لەسەر ڕووبەری کوردستانی باشوور، زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، لەبەر ئەوەی خاکی کوردستان دابەش کراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا و هەریەکێك لەم دەوڵەتانە ڕێگەیان نەداوە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕووپێو بکرێت، بەڵام زۆربەی جوگرافیزانەکان یەکدەنگن لەسەر ڕووبەری هەرێمی کوردستانی ئێراق کە دەکاتە ٨٧١١٧ کیلۆمەتری چوارگۆشە کە دەکاتە زیاتر لە ١٩,٦٢٪ی سەرجەمی ڕووبەری عێراق کە ٤٤٦٧١٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و هەروەها ١٦٪ی هەموو ڕووبەری کوردستان پێکدێنێت. ڕووبەری هەرێم لە بەشێك لە سەرچاوەکاندا بەم شێوەیە:ـ

ـ شاکر خەسباك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووبەری کوردستانی باشووری کە ئەو بە العراق الشمالی ناوی بردووە بە (٩٢٠٩٩) کم٢.

ـ کەریم زەند، جوگرافیای کوردستان،چاپی دووەم ٢٠٠٥، ڕووبەری هەرێمی کوردستانی بە (٨٧٠٠٠) کم٢ دیاری کردووە.

ـ مینە قادر مینە لە کتێبی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان ڕووبەری (٨٦٠٠٠) کم٢ دیاری کردووە.

ـ عەبدوڵڵا قەرەداغی لە کتێبی ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، ڕووبەری بە (٨٦٠٠٠) کم٢ دیاری کردووە.

ـ دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، وەرگێڕانی عبدالله حسن زاده، ڕووبەری هەرێمی بە (٧٢٠٠٠) کم٢ دیاری کردووە.

ـ د. سلیمان عبدالله لە سەنتەری برایەتی ژمارە ١١٢ی ساڵی ١٩٩٩ ڕووبەری بە ٨٦٠٠٠ کم٢ دیاری کردووە.[٥٦]

◄ چوارەم: کوردستانی سەر بە سووریا

● ١ـ شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی سووریا

سەرچاوەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان لە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لەم بەشە لە کوردستان کردووە. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك باس لەو شار و ناوچانە دەکەین کە کوردەکانی کوردستانی سووریا ی لێ نیشتەجێن:

ئەو پارچەیەی کوردستان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە: بالوونە، قامیشلی، حەساویەفەقانی، حەسەکە، تەلتەمەر.(٥٧)

کورد لە سوریا لە سێ ناوچەی بنچینەیی دەژین، ئەوانەش «کورد داغ» کە شارێکە و دەکەوێتە سەرگردێکی هەڵەتاوی لە باکووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب. «جەزیرە» ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە نێوان هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات و درێژ دەبێتەوە لە دەوروبەری جەرابلووس و «عین العرب» لە بەرامبەری سنووری تورکیا، سێیەمیان دەکەوێتە گەورەترین کۆمەڵگە لە باکووری جەزیرە لەدەوروبەری قامیشلی..

پارێزگای جەزیرە: هەرێمی جەزیرە کە مەڵبەندەکەی حەسەکەیە، ٧٠٠ گوندی کوردی و دەوری پێنج شاری کوردی لێیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ئەمانەن: دێریك، قامیشلی (گەورەترین شاری کوردییە)، ئامووداێ، دەرباسییە، سەرێ کانی.

جەزیرە لە بنچینە و کۆندا هەموو زەوییە درێژ بووەکانی نێوان دیجلە و فوراتی دەگرتەوە، جەزیرە واتەی دورگە دەگەیەنێ، چونکە کەوتۆتە نێوان دیجلە و فوراتەوە، بەڵام ئێستا و لە دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتیدا لە سووریا واتەی پارێزگای حەسەکە دەگەیەنێ و دەگرێتەوە.

حەسەکە: شارێکە دەکەوێتە بەشی خواروی جەزیرە و پایتەختەکەشیەتی ـ مەڵبەندەکەیەتی ـ بەشی زۆر کوردانی ئەم شارە ئێزیدین و لە ناوچەی گۆمی خاتوون دەژین، ئەو ئێزیدییانە لەهەمان ڕەگەزی چیای شەنگارن لە کوردستانی عێراق. ئەم شارە لە شێوەی گوندێکی گەورەیە بەوە کە لەلایەنی چاودێری کردن و پەرەپێدان گرنگیی پێنەدراوە، هەروەکو لەلایەنی پیشەسازی و کارگەسازیدا هەژار و گوێ پێنەدراوە.

قامیشلی: شاری قامیشلی دەکەوێتە دەشتە فراوانەکەی جەزیرە و گەورەترین شاری کوردییە لە جەزیرە. شارەکە مۆرکێکی لادێیی بەسەردا زاڵە، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن لەگەڵ ئەوەش هەندێ هۆزی عەرەبی لە باشووری بیابانی «ناوچەی ڕەد» چوونەتە ناوییەوە، هەروەها هەندێ مەسیحی و جوولەکەشی تێدایە. زۆر شوێنگەی شوێنەوار و کۆنینەی تیا دۆزراوەتەوە.

کوردداغ: دەڤەرێکە لە کوردستانی سووریا لەڕووی نەخشەی دەوڵەتەکەدا دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا لە دوو لاوە، هەروەکوو دەڤەری کۆتاییە لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا بەرامبەر بە دەڤەری ئەسکەندەروونە و عەنتاب لە تورکیا. ناوچەیەکی شاخاوییە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای حەلەب... دانیشتووانی کورداغ دابەش دەبن بەسەر ۳٦۰ گوندی ئاوەدان و هەرێمی شاخاوی ڕۆژئاوای کوردستان پێك دەهێنن لەناو سووریا، ئەم قەزایە زۆر فراوانە و پڕە لە تەپۆلکە و بێشەی چڕ و دالیای مێو و زەیتون و میوەی تر. زۆربەی دانیشتوانەکەی بە ڕەسەن کوردن. بنکەی ئەم قەزایە عەفرینە کە بریتییە لە شارێکی تازە دروستبووی قەشەنگ.

سەرێ کانیێ «رأس العین»: شارێکە دەکەوێتە نزیك سنووری تورکیا لەگەڵ سوریا. لە کوردستانی سووریا ناوچەیەکی دەشتایی و بەپیتە، دریژەی دەشتەکانی شەنگارە لە کوردستانی عێراق و نسێبین و حەڕان لە کوردستانی

تورکیا. ئەم شارە لە سەردەمی میتانیەکان پێی وتراوە «سێ کانی» و لە تەوراتیشدا بە «غوزانا» ناوی هاتووە و عەرەبیش پێیان وتووە «رأس العین».

کۆیانی (عەرەب پینار، عین العرب): ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەب و ڕۆژهەڵاتی ئەو پارچەیە کە ڕووباری فوراتی تێدا دەڕژێتە ناوخاکی سوریا، ناوچەکە بە گشتی کوردییە و ١٢٠ گوندی تێدایە کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا ـ سوریا لە باکوور و سەر بە پارێزگای حەلەبیشە.

دەریاسیە: شار و ناوچەیەکی کوردنشینە، سەر بە پارێزگای حەسەکەیە.[٥٨]

بە سەرنجدان بەم سەرچاوانە و چەند سەرچاوەیەکی تر و هەروەها ئەو نەخشە (خەریتە)یەی کوردستان کە بڵاو بۆتەوە، دەتوانین بڵێین کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە شارەکانی قامیشلی، بەلونە، حەسەکە، حساویەفەقانی، تەلتەمەر، تەلئەبیەز، کوبانی (عەینولعەرەب) و عەفرین و هەروەها گوندەکانی سەر بەم شارانە نیشتەجێن و بێجگە لەوانەش لە هێندێك لە شار و ناوچەکانی ناو سووریا وەك گەڕەکی کوردان (حی الاکراد) لە دیمەشق و «جرە اللجە» لە قەزای ئەسکەندەروونە و زۆر شوێنی دیکەش نیشتەجێن، بۆ نموونە وەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن دوو لە سێی بەشی کوردی پایتەخت لە گەڕەکی کوردان دەژین و بەشی سێیەمیش بە گەڕەکەکانی تری دیمەشق بڵاو بوونەتەوە.

● **٢ـ ژمارەی کوردەکانی کوردستانی سووریا بەپێی سەرچاوەکان**

بێگومان دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی یان هەر بەشە و بەجیا کارێکی زەحمەتە، چونکە تا ئێستاش کورد خاوەنی کیانێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی نیە (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) و هەموو ئەو سەرژمێریانەی کراون، یان حکوومەتەکانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران ئەنجامیان داون یان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە هێندێك جار لەڕێی

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و هەندێك جاریش بەپێی مەزەندە دیاری کراوە. ئەم جۆرە سەرژمێرییانەش بەدەر لە کەموکوڕی نین بەڵام لێرەدا بە کەڵك وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك ژمارەی کوردەکانی کوردستانی سووریا دەخەینە بەرچاو:

کوردی سووریا بەشێکن لە نەتەوەی کورد و ناوچە کوردییەکانی باکووری سوریاش بەشێکی ڕووبەری جیۆگرافی کوردستان پێکدەهێنن. کوردەکانی سوریا هەمان نەریتی کولتووری و ئایینی کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان پەیڕەو دەکەن. هەرچەند ژمارەیان ۲ـ۳ ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێن. بە شێوەیەکی بەرچاو بچووکترین بەشە کوردییەکەی سوریا و بە بەرهەمترین بەشی سووریایە، بەو پێیەی لەڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی و کانزایی و سامانی ئاوەوە زۆر دەوڵەمەندە. لەگەڵ ئەوەی کورد لە سووریا ۱۰٪ی ۱۸ ملیۆن دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت، بەڵام ... [۵۹]

بە گوێرەی سەرژمێرییەك کە ساڵی ۱۹۲۳ ئەنجام دراوە و ئەوکات ئەم بەشەی کوردستان لەژێر ئینتیدابی فەرنسیدا بووە، ژمارەی کوردەکانی بە ۲۰۰ هەزار کەس داناوە. لە ساڵی ۱۹۲۵دا ژمارەی کوردەکانی سوریا بە ۳۰۰ هەزار کەس دانراوە و هەروەها توێژەر د.نالیراڤۆکارۆ لە سەرەتای چلەکاندا ژمارەی کوردی سوریا بە ۲۰۰ـ۲۱۰ هەزار کەس داناوە، بەڵام لە ساڵی ۱۹۶۰ ژمارەی کورد لە ۶۰۰ هەزار و لە ساڵی ۱۹۷۰ بە ۹۰۰ هەزار کەس دانراوە. بەپێی سەرژمێری کۆماری سوریاش لە ساڵی ۱۹۷۶ ئەنجام دراوە ڕێژەی کوردی بە ۸۲۵ هەزار کەس داناوە. لە سەرژمێریی ساڵی ۱۹۸۷ دا ژمارەی کوردی سوریا بە ۱,۲۷۵,۸۲۰ دانراوە کە ڕێژەی ۱۳٪ی سەرجەم دانیشتوانی سوریا پێك دێنێ. هەندێکی تر پێیان وایە ژمارەی کوردەکان یەك ملیۆن کەسە و بەپێی دواین ئاماریش دەربارەی ژمارەی کورد لە سوریادا بە یەك ملیۆن و نیو لەقەڵەم دراوە. [۶۰]

لە سوریا، کوردەکان لە ناوچەکانی جەزیرە و عەینولعەرەب دەژین. حەشیمەتی کەمینەی کورد لەم ناوچانە ـ کە لە تەنیشت کوردستانی تورکیا دایە ـ ١/٥ ملیۆن کەسە. زێدەباری ئەم ناوچانە، هەندێك کۆچبەری کورد لە دیمەشق و حەلەب دەژین.[٦١]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکرێ کە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە سوریا نزیکەی یەك و نیو ملیۆنە و بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکانی تری کوردستان دانیشتوانی کورد لەو وڵاتە سەرجاوەیەکی بەرچاو کەمترە. بە گوێرەی خەملاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جوڵای ٢٠٠٣ دا دانیشتوانی سوریا ١٨,٢ ملیۆن کەس بوون و نۆ لە سەدی هەموو دانیشتووانی سوریا کورد بوون. هەر دوو پوختەی بارودۆخی وڵاتان لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و کتێبی سی ئای ئێی سەبارەت بە ڕاستییەکانی جیهان لەگەڵ ئەو خەملاندنە دەگونجێن...

ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سوریا دەخەملێنێت کە ١,٥ ملیۆن کورد لە سوریا دەژین و ٨,٥ تا ١٠ لە سەدی دانیشتوانی سوریا پێکدەهێنن. کەوابوو وادیارە جێی مەترسی نییە کە بڵێین لە سوریا کوردەکان بە مەزەندە ٨,٥ تا ١٠ لە سەدی هەموو دانیشتوان پێکدەهێنن و نزیکەی ١,٥ تا ٢ ملیۆن کەس دەبن.[٦٤]

بە سەرنجدان بەم سەرچاوانە و زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لەم دواییانەدا لەسەر کوردستان بەگشتی یان لەسەر ئەم بەشە لە خاکی کوردستان بە تایبەتی نووسراون، دەتوانین بڵێین کە ژمارەی دانیشتووانی کورد کە ڕۆژئاوای کوردستان بە نزیکەی ١,٥ تا دوو ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن.

• ٣ـ ڕووبەری خاکی کوردستانی سووریا

ئەوانەی ڕووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستانیان دیاری کردووە، جیاوازیان هەیە و ئەم جیاوازییەش هۆکاری خۆی هەیە کە هەر یەکیان بەجۆرێك باسی

لێوە کردووە. ئەم دانان و خەملاندنانەی لەبەر دەستمانن، دەکەونە نێوان دوو ژمارەی جیا و دوور لەیەک، کە ئەوانیش «۱۵,۰۰۰ کم۲» بچووکەکەیان و «۲۳,۰۰۰کم۲» گەورەکەیانە، هەروەك چەند ژمارەیەکی تریش لەنێو ئەم دوو ژمارەیەدا بەدی دەکرێت.

ئازاد مستەفا و مەکتەبی دیراسات و تۆژینەوەی سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان/ عێراق، ڕووبەری کوردستانی سوریا بە«۱۵,۰۰۰ کم۲» دادەنێن، کەچی سەلاح بەدرەدین ڕووبەری ئەم پارچەیەی خاکی کوردستان بە«۱۶,۰۰۰ کم۲» دادەنێ. کەریم زەند پێوانەی ڕووبەری ئەم بەشەی کوردستانی بە «۱۷,۰۰۰ کم۲» دادەنێ کەچی لە هەمان کات لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا ڕێژەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست پێشان دەدات کە ئەویش «۱۸,۰۰۰ کم۲»یە. عەبدولڕەحمان قاسملو پێوانەی ڕووبەری ئەم بەشەی خاکی کوردستان بە «۱۸,۳۰۰ کم۲» دیاری دەکات. هەروەك بۆچوونێکی تریش هەیە کە زۆر لەم ژمارانەی سەرەوە دوورە و ئەویش هی ملا.ع. کوردی یە کە ڕووبەرەکەی ئەم بەشە بە «۲۳,۰۰۰ کم۲» دەخەملێنێت. بەڵام بەڕای ئێمە «۱۵,۰۰۰ کم۲»یە کە لە ڕاستییەوە نزیکترە، یاخود ئەوەی لە دەوروبەری «۱۸,۰۰۰ کم۲»دایە. بەهۆی ئەوەی ئەوانەی ئەم ژمارەیان خستووەتە بەردەست، کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و نزیك لەم بەشە خاکەوەن کە ئەمەش وادەکات بۆچوونەکانیان نزیك بێ لە ڕاستییەوە، بەڵام ڕاکەی ملا.ع. کوردی لەوانەیە زێدەڕۆییەکی پێوە دیار بێ.[۳۳]

• سەرچاوەکانی بەشی یەکەم:

١. سەردەشتی، د.یاسین، کوردستانی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠١١، ل ٢٧.

٢. نیکیتین، واسیلی، کورد و کوردوستان، وەرگێڕانی: خالیدی حیسامی (هێدی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٩٧. ل١١١.

٣. بورکای، کەمال، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی لە یونانییەوە، عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨.

٤. حەمەڕەش، سۆران، کورد کێیە؟ چاپی یەکەم، لەندەن، ٢٠١٣. ل٣٣٧.

٥. محەمەد، د.نیشتمان بەشیر، کورد و سەلجوقییەکان، وەرگێڕانی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦. ل٣٤.

٦. مەدەنی، حوسێن، کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، چاپی یەکەم، ١٣٧٩ی هەتاوی. بەرگی یەکەم.، ل ٥ ـ ٧.

٧. نیکیتین، واسیلی، س.پ. ل ٤٣.

٨. بورکای، کەمال، س.پ. ل ٤٨.

٩. ئەنوەر، د.کەیوان تازاد، چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی حەوتەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦.

١٠. قەرەداغی، عەبدوڵڵا (مەلاعەلی)، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٧.

١١. غەفوور، عەبدوڵڵا، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٥١.

١٢. قەرەداغی، عەبدوڵڵا (مەلاعەلی)، س.پ. ل ٣٨.

١٣. مۆنتگومری، هێریەت، کوردی سوریا بوونێکی نکوڵی لێکراو، وەرگێڕانی: مینە و

پێشەوا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩، ل١٥.
١٤. بدلیسی، میرشەرەفخان، شەرەفنامە، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١.
١٥. قاسملوو، عبدالرحمن، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦. ل١٣ـ ١٤.
١٦. قەرەداغی، عەبدوڵڵا (مەلاعەلی)، س.پ. ل ٣٩.
١٧. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٥ و ٢٥٠.
١٨. قەرەداغی، س.پ. ل ٤٠.
١٩. مەدەنی، حوسێن، س.پ. ل١٤ـ ١٥.
٢٠. بورکای، کەمال، س.پ. ل ٢٣.
٢١. قەرەداغی، عەبدوڵڵا (مەلاعەلی)، س.پ. ل١٨٧.
٢٢. خورشید، فوئاد حەمە، کورد (کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە)، وەرگێڕانی: سالح سەعید دەلۆیی، چاپی یەکەم، ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١١ ـ ١٢.
٢٣. ئەنوەر، د.کەیوان ئازاد، س.پ. ل ١٦ ـ ١٧.
٢٤. قاسملوو، عبدالرحمن، س.پ. ل ١٤.
٢٥. مەدەنی، حوسێن، س.پ. ل ١٧ ـ ١٨.
٢٦. قاسملوو، عبدالرحمن، س.پ. ل٢٠ ـ ٢٣.
٢٧. برونەسن، مارتین فان، ئاغا، شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کوردۆ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، بەرگی یەکەم، ل ٣٥ ـ ٤٠.
٢٨. مەدەنی، حوسێن، س.پ. ل ١٨ ـ ١٩.
٢٩. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٥١.
٣٠. فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئاڵیسۆن، کولتور و ناسنامەی کورد، وەرگێڕانی

وریا رەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨.

٣١. مۆنتگومری، هێریەت، س.پ. ل١٥.

٣٢. مەدەنی، حوسێن، س.پ. ل ١٠ ـ ١١.

٣٣. ویکیپیدیای فارسی.

٣٤. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٣٢.

٣٥. برونەسن، مارتین فان، س.پ. ل ٣٥.

٣٦. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٥٢.

٣٧. فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئاڵیسۆن، س.پ. ل ١٥ ـ ١٦.

٣٨. ویکیپیدیای فارسی.

٣٩. قاسملوو، عبدالرحمن، س.پ. ل ١٤.

٤٠. کۆمەڵێك نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٠، ل ١١٣.

٤١. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٢٩.

٤٢. ڕەحمانی، وریا، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧٢ ـ ٧٤.

٤٣. زەند، کەریم، کورتە جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١٩ ـ ٢٠.

٤٤. برونەسن، مارتین فان، س.پ. ل ٣٥ ـ ٤٠.

٤٥. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٥٥.

٤٦. فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئاڵیسۆن، س.پ. ل ١٥.

٤٧. قاسملوو، عبدالرحمن، س.پ. ل ١٤.

٤٨. کۆمەڵێک نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٠، ل ١٩٧.

٤٩. خورشید، فوئاد حەمە، س.پ. ل ١١ ـ ١٢.

٥٠. ئەنومر، د.کەیوان ئازاد، س.پ. ل ١٧.

٥١. سالّح، عومەر هەمزە، راگواستن، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢١ ـ ٢٢.

٥٢. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٣١.

٥٣. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ٢٨٦ ـ ٢٨٨.

٥٤. غەفوور، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٥٦.

٥٥. برونەسن، مارتین فان، س.پ. ل ٣٥ ـ ٤٠.

٥٦. سالّح، عومەر هەمزە، س.پ. ل٢٣.

٥٧. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، س.پ. ل ١٣١.

٥٨. سمایل، عوسمان عەبدولڕەحمان، کورد لە سوریا ١٩٢٠ـ١٩٤٦، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٥ ـ ٥٢.

٥٩. مۆنتگومری، هێریەت، س.پ. ل ٢٣.

٦٠. ئەحمەد، بژار عوسمان، بارودۆخی سیاسی کوردستانی سوریا لە ماوەی سالّانی ١٩٢٠ـ١٩٧٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر ٢٠١٢، ل ١١.

٦١. فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئالّیسۆن، س.پ. ل ١٧.

٦٢. یەلّدز، کەریم، کورد لە سوریا گەلێکی لەبیرکراو، وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزادە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٥.

٦٣. سمایل، عوسمان عەبدولڕەحمان، س.پ. ل ٣٨ ـ ٣٩.

بەشی دووەم ۲
کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

١. باسی یەکەم: کوردەکانی ئێران (کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران)

- **یەکەم: کوردەکانی خوراسان**

چەند زانیارییەک لەبارەی خوراسان
سەردەم و هۆکاری کۆچکردن و ڕاگواستنی کوردان بۆ خوراسان
شوێنەکانی نیشتەجێبوون لە خوراسان
ژمارەی کوردەکانی خوراسان
عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان
چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان
زمان، ئایین و داب‌ونەریتی کوردەکانی خوراسان
ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی زەنگەلی (زەنگۆلی)
سەرچاوەکان

- **دووەم: کوردەکانی قەزوین**

چەند زانیارییەک لەبارەی ئەقەزوین مەوە
سەردەم و هۆکاری ڕاگواستنی کورد بۆ قەزوین
شوێنی ژیانی پێشوویان (پێش کۆچ پێکردنیان)
شوێنی ژیانی ئێستایان
هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی قەزوین و دەوروبەری
ئینتمای نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی لای کوردەکانی قەزوین
سەرچاوەکان

سێیەم: کوردەکانی قوم

چەند زانیارییەک لەبارەی پاڕێزگای قوم
عێل و تایفە کوردەکانی قوم و دەوروبەری
سەرچاوەکان

● **چوارەم: کوردەکانی فارس**
چەند زانیارییەك سەبارەت بە پارێزگای فارس
سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ فارس
کوردەکانی فارس لە کۆندا (فەرمانڕەوایی شوانکارە)
کوردەکانی ئەمڕۆی فارس و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی ئێستایان
ڕەوشی کولتووریی و ڕۆشنبیری
سەرچاوەکان

● **پێنجەم: کوردەکانی باکووری ئێران (مازەندەران، گیلان و ...)**
چەند زانیارییەك لەبارەی پارێزگای مازەندەران
سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ مازەندەران
شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە مازەندەران
تایفە کوردەکانی پارێزگای مازەندەران
سەرچاوەکان

● **چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای ئەردەبیل**
سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ ئەردەبیل
شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە ئەردەبیل
سەرچاوەکان

● **شەشەم: کورد لە چەند ناوچەیەکی دیکەی ئێران**
(سیستان و بەلووچستان، خوزستان و ...)
چەند زانیاریی لەبارەی پارێزگای سیستان و بەلووچستان
شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە سیستان و بەلووچستان
تایفە کوردەکانی بەلووچستان
سەرچاوەکان

باسی یەکەم
کوردەکانی ئێران (کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران)

کوردەکان لە سەرانسەری ئێران. لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خوراسان، قەزوین، قوم، مازەندەران، گیلان، فارس، کرمان، هەمەدان، لورستان، بەلوچستان و دەیان شار و ناوچە لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران نیشتەجێن و ژیان بەسەر دەبەن. ئەوەی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دیارە و باسی دەکرێ، کوردەکانی چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە کە لە باسەکانی پێشتردا بە کورتی باسیان کرا. بەڵام ئەو کوردانەی کە لە پارێزگا و شارەکانی دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوا لێرەدا بە کورتی باسی ژیان و بەسەرهاتیان دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەدان بە خاڵێکی گرنگ لێرەدا پێویستە: کورد کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بە دەیان سەدە لەنێو سنووری کانی ئێراندا ژیاوە و تەنانەت زۆرجار لە زۆر شوێنی دەرەوەی سنووری کانی کوردستان دەسەڵاتدارێتیی کردووە یان بە پێچەوانەوە زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ پارێزگاری کردن لە سنووری دوورەکان یان بە قسەی خۆیان بۆ دامرکاندنی شۆڕشی کوردەکان دوور خراونەتەوە، خۆ ناکرێ تەنیا لەم شوێن و ناوچانە هەبن کە ئەمن لێرەدا باسیان دەکەم. هەر بۆیە پێویستە لە داهاتووشدا زیاتر بەدواداچوون بۆ شوێنی ژیان و گوزەرانی کوردانی

دەرەوەی سنووری کوردستانی ئیران بکرێ و لە هەمان کاتدا ئەو کوردانەی کە لەم نووسراوەیەدا کەمیان لەسەر نووسراوە یان زانیاریی هەڵەیان لەسەر بڵاو کراوەتەوە، ئەوا زیاتریان لەسەر بنووسرێ و باشتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. بێگومان ئەو کارەش لەلایەن هەر کەسێکەوە بکرێت، کارێکی پیرۆزە و خزمەتێکە بە کوردەکانی ئەو ناوچانە.

لە خوارەوە بە کورتی و بە کوردی باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئیران دەکەم. نەگەر کوردەکانی شوێنێك زۆریان لەسەر نووسراوە و بەپێچەوانەوە هی شوێنێك لە چەند دێر و لاپەڕەیەکدا باسیان کراوە، ئەوا تەنیا بۆ زۆریی و کەمیی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە و هیچی تر.

یەکەم

◄ کوردەکانی خوڕاسان

- چەند زانیارییەك لەبارەی خوڕاسان
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردن و ڕاگواستنی کوردان بۆ خوڕاسان
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان لە خوڕاسان
- ژمارەی کوردەکانی خوڕاسان
- عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوڕاسان
- چالاکییە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان
- زمان، ئایین و داب‌ونەریتی کوردەکانی خوڕاسان
- ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی زەنگەلی (زەنگۆلی)
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەک لەبارەی خورِاسان

پارێزگای خورِاسان پێشتر یەکێک لە پارێزگاکانی ئێران بوو کە لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤ی زایینی)ییەوە بۆ سێ پارێزگا دابەش کرا، هەربۆیە بەجیا و زۆر بە کورتی باسی هەریەکێکیان دەکەین:

- پارێزگای خورِاسانی شمالی (باکوور) کە ناوەندەکەی شاری بجنوردە.
- پارێزگای خورِاسانی رەزەوی کە ناوەندەکەی شاری مەشهەدە.
- پارێزگای خورِاسانی جنوویی (باشوور) کە ناوەندەکەی شاری بیرجەندە.

خورِاسانی شیمالی (باکووری خورِاسان): پارێزگای خورِاسانی شیمالی بە ناوەندێتیی شاری بجنوورد یەکێک لە پارێزگاکانی وڵاتی ئێرانە. رووبەرەکەی ٢٨٤٣٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە لەم بارەوە پازدەهەمین پارێزگای ئێران و حەشیمەتەکەشی لە ساڵی ١٣٩٠دا ٨٦٧,٧٢٧ کەس بووە.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٣٨٥ی ناوەندی ئاماری ئێران، ڕێژەی خوێندەواری لەم پارێزگایەدا ٧٩,١٣٪، ڕێژەی شارنشینی ٤٨,٣٦٪، ڕێژەی بێکاری ٥,٩٪ و ڕێژەی بەشداریی ئابووری ٤٠,٧٪ بووە.

هەڵکەوتی جوگرافیایی: پارێزگای خورِاسانی باکووری بە ڕووبەری ٢٨٤٣٤ کیلۆمەتری چوارگۆشە لە ٨ شارستان، ١٦ شار و ١٦ بەخش، ٤٠ دەهێستان (میردێ) و ٨٦٢ گوند پێک هاتووە. شارستانەکانی بریتین لە بجنوورد (ناوەندی پارێزگا)، شیروان، ئیسفراین، مانە و سەملقان، ڕاز و جەرگلان، جاجەرم، فاروج و گەرمە. ئەم پارێزگایە لەباری هەڵکەوتی جوگرافی، لە باکووڕەوە لەگەڵ وڵاتی

تورکمانستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووروەوە لەگەڵ پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی، لە باشووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای سمنان و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای گوڵستان هاوسنوورە.

قەوم و زمانەکانی ئەم پارێزگایە: قەومەکانی نیشتەجێی ئەم پارێزگایە بریتین لە فارس، کورد، تورك، تورکەمەن. بە شێوەیەکی گشتی کوردەکان ٣٧٪ی پێکهاتەی حەشیمەتیی ئەم پارێزگایە پێك دێنن. فارسەکان ٢٩٪، تورکەکان ٢٧٪ و تورکەمەنەکان ٥٪ و قەومەکانی وەك عەرەب و بەلووچ و لوریش لەم پارێزگایەدا نیشتەجێن.

قسەکردن لەسەر بارودۆخی سروشتی، پیشەسازی، پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا، ئاوڕدانەوە لە شوێنە کۆنە و مێژووییەکانی ئەم پارێزگایە و دەیان بابەتی تر، پێویستن باسیان بکرێ و لەسەریان بنووسرێ، بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوەی مەبەستەکە شتێکی دیکەیە، تەنیا چەند زانیارییەکی زۆر کەم دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم پارێزگایە دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ویکیپیدیا و چەندین ماڵپەڕی تری پێوەندیدار بە پارێزگای خوراسان و ناوچەکانی بکەن.[1]

خوراسانی ڕەزەوی: پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی بە ناوەندێتیی شاری مەشهەد یەکێك لە پارێزگاکانی ووڵاتی ئێرانە. لەباری هەڵکەوتی جوگرافی، لە باکووروەوە لەگەڵ ووڵاتی تورکمانستان و پارێزگای خوراسانی باکووری، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای سمنان، لەباشوور و باشووری ڕۆژئاواوەوە لەگەڵ خوراسانی باشووری و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ووڵاتی ئەفغانستان هاوسنوورە.

وشەی ڕەزەوی لە ناوی ئەم پارێزگایەدا ناماژە بە مەرقەدی عەلی ئیبنی موسا ڕەزا لە ناوەندی ئەم پارێزگایەیە. ڕووبەری ئەم پارێزگایە ١١٨،٨٥٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە لەم بارەوە پێنجەمین پارێزگای گەورەی ووڵاتە. ئەم پارێزگایە

لە ٢٥ شارستان و ٦٥ بەخش پێك هاتووە و ژمارەی گشتی حەشیمەتی پارێزگا بەپێی ئاماری سەرژمێریی گشتی سالّی ١٣٩٠ی هەتاوی، ٥,٩٩٤,٤٠٢ کەس بووە کە لەم ڕێژەیە ٢,٩٩٩,٥٢٩ کەسیان پیاو و ٢,٩٩٤,٨٧٣ کەسیان ژن بووە.[٢]

خوراسانی باشوور (جنوبی): پارێزگای خوراسانی باشووری یەکێك لە پارێزگاکانی ئێرانە. ئەم پارێزگایە لە ڕۆژهەلّاتی ئێران هەلّکەوتووە و ناوەندەکەی شاری بیرجەندە. ئەم پارێزگایەش دوای دابەشبوونی پارێزگای خوراسان لە سالّی ١٣٨٣ی هەتاوی، بێك هاتووە.

ڕووبەری ئەم پارێزگایە ١٥١,١٩٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە لەم بارەوە سێیەمین پارێزگای ئێرانە. بەپێی شەرژمێریی سالّی ١٣٩٠، حەشیمەتی ئەم پارێزگایە ٧٣٢,١٩٣ کەس بووە و لەم بارەوە بیست و هەشتەمین پارێزگای ولّاتە.

هەلّکەوتی جوگرافی: ئەم پارێزگایە لە باکووڕەوە لەگەلّ خوراسانی ڕەزەوی، لە ڕۆژئاواوە لەگەلّ پارێزگاکانی یەزد، ئیسفەهان و سمنان، لە ڕۆژهەلّاتەوە لەگەلّ ولّاتی ئەفغانستان و لە باشووڕەوە لەگەل پارێزگاکانی سیستان و بەلووچستان و کرمان هاوسنوورە.

پارێزگای خوراسانی باشووری لە ١١ شارستان، ٢٨ شار، ٢٥ بەخش و ٦١ دەهێستان پێك هاتووە.

شارستانەکانی ئەم پارێزگایە بریتین لە: بیرجند، فردوس، تەبەس، قائینات، نهبندان، سربیشە، درمیان، سرایان، بشرویە، زیرکوە، خوسف.[٣]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین دوای چەندین سالّ ژیان و پێکەوەبوون لە باکووری خوراسان سالّی ١٣٨٣ی هەتاوی و لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی محەمەدی خاتەمی ئەم پارێزگایە بۆ سێ بەشی باکووری، ڕەزەوەی و باشووری دابەش کرا کە ئەم دابەشکردانەش بە نۆرەی خۆی بوو بەهۆی دابەشبوونی کوردانی خوراسان. دوای ئەم دابەشکارییە کوردەکانی

خوڕاسان بەسەر دوو پارێزگای: خوڕاسانی باکووری و چەند بەشێك لە خوڕاسانی ڕەزەوی دا دابەش بوون.

● سەردەم و هۆکاری کۆچکردن و ڕاگواستنی کوردان بۆ خوڕاسان

خەڵکی بە ڕەچەڵەك کوردی ناوچەی خوڕاسان بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان لە نەوەکانی ئەو کوردانەن کە لە سەردەمی شا عەبباس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی زەریاچەی ورمێوە بۆ ئەم ناوچانە بە مەبەستی پاراستنی سنووەکانی ئێران ڕاگوێزران و بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە شا عەبباس بۆ لاوازکردنی سەرکێشیی ئاغا و خانە کرمانجەکان و بەکارهێنانیان لە بەرامبەر هێرشە بێئەمانەکانی ئۆزبەکەکان بۆ خوڕاسانی گەورە گواستنیەوە.[٤]

دوکتۆر ئەفراسیاب شکوفتە لە وتوێژێك لەگەڵ ڕادیۆ کوردانە بەم شێوەیە باس لە هۆکاری ڕەوکردن و ڕاگوێزانی کورد بۆ خوڕاسان دەکات: «لە ساڵی ١٥٣٥ شا تەهماسب فەرمانی لەنێوبردنی شار و زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردییەکانی دا هەتا پێش ئەوەی بکەونە دەست عوسمانییەکان، وێران بووبن. لەڕاستیدا یەکەمین جێگۆڕکێی نێوخۆیی کوردەکان لەم کاتەوە دەستی پێکرد و بەداوی ئەمەدا ئەوان بۆ ناوچەی قەوقاز (قەفقاز) واتە ئازەربایجان و قەرەباغ کە ئەوکات بەشێك لە ئێران بوون، ڕاگوێزران. بەڵام جێگۆڕکێی کۆتایی کوردەکان لە قەفقازەوە بۆ خوڕاسان لەسەردەمی شا عەبباسی سەفەوی ئەنجام درا. شا عەبباسی سەفەوی کە ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆری نێوخۆیی (داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ئێران) و دەرەکی (هێرشی ئۆزبەکەکان) ببۆوە، وەك هەر دیکتاتۆرێکی دیکە بە ناچاری بڕیاری دا مەیدانی خەڵکی خۆی بەرتەسك بکاتەوە و لەلایەك ژمارەیەك لە کوردەکانی وەك سپەری بەڵا بۆ باکووری خوراسان ڕاگواست و لەلایەکی دیکەشەوە ئەمیرخانی برادۆست

(خانی لەپ زێڕین، ١٦١٠ی زایینی) دەسەڵاتداری ناوچەی برادۆست (ورمێ، ماکۆ، سڵماس، خۆی) بە ناوەندێتیی قەڵای دمدم (لە ١٥ کیلۆمەتری ورمێ) بە شێوەیەکی ناجوامێرانە لەنێو برد و فەرمانی کوشتاری خەڵکی ناوچەی برادۆست و موکریانی دەرکرد. کەواتە کوردەکانی خوراسان لە سەردەمی زنجیرەی دەسەڵاتدارێتیی سەفەوییەکان بۆ خوراسان ڕاگوێزران.»[٥]

هەروەها بەڕێز عەلیرەزا سپاهی لایین لە کتێبی (تاریخ کرد در جغرافیای خراسان) بە دوور و درێژی باسی ئەم بابەتە و چەندین بابەتی پێوەندیداری دیکەی کردووە و لە بابەتێکدا لەژێر سەردێڕی (دەوڵەتی سەفەوی و بەهێزکردنی سنووورەکانی ئێران، ڕوانینێکی جوغرافیایی بۆ ئامانجێکی مێژوویی) کە لەگەڵ کتێبەکە لەسەر مالپەڕی (http://up.toca.ir/images/bw8j3kgd7lbzt-17m38ud.pdf)یش بڵاو بۆتەوە، بەم شێوەیە باس لە سەردەم و هۆکار و تەنانەت ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی کوردەکان بۆ خوراسان دەکات:

« وەک دەزانین لە سەردەمی سەفەوییەدا سنووورەکانی خوراسان بەردەوام لەژێر هەڕەشە و دەستدرێژیی ئۆزبەکەکاندا بوو و زۆرجار ئەم دەستدرێژیی و هێرشانە هەتا ناوچەکانی ناوەندی ئێرانیش دەچوونە پێش. ئۆزبەکەکان جەماعەتێک لە پاشماوەکانی مەغۆلەکان بوون کە لە دەوروبەری سالی ٩٠٤ی کۆچیی مانگی دەسەڵاتدارێتیی (ماورا النهر)یان لە چنگ نەوەکانی تەیموور دەرهێنابوو و توانیبوویان دەوڵەتێکی تێدا پێک بێنن. ئەوان خۆیان بۆ سەر یەکێک لە کوڕەکانی جوجی (کوڕی چەنگیز) دەگەڕاندەوە.

لە سەردەمی سەفەوییەدا شیەک خان پاشایان بوو و دوژمنایەتیی نێوان شا سمایلی سەفەوی و شیەک خان لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە ئۆزبەکەکان بەردەوام دەستدرێژییان دەکردە سەر خوراسان. شیەک خان دوای داگیرکردنی

خوراسان لە ساڵی ٩١٣ مانگی کۆچی (١٥٠٧ی زایینی) بە نیازی داگیرکردنی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بوو و هێرشی کردە سەر کرمان بەڵام سوپای سەفەوی دوای تێکهەڵچوون و کێشەوبەرەی زۆر سەرکەوت.

هێرشی ئۆزبەکەکان لە سەردەمی شا عەباسیش بەردەوام بوو. ناوبراو کاتێك بە دەسەڵات گەیشت کە دەوڵەتی عوسمانی لەلای ڕۆژئاوا و ئۆزبەکەکان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران و لەنێوخۆی ئێرانیش سەرکردەکانی قزڵباش خەریکی گێرەوکێشە لەسەر دەسەڵات بوون. هەربۆیە شا عەباس بە پێویستی زانی لەگەڵ عوسمانییەکان ناشتی بکا و تەنانەت بەشێك لە ئازەربایجان و ناوچەکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت تەورێزیش لە ئیختیار ئەوان بنێ و خەریکی وەدەرنانی ئۆزبەکەکان و ڕێکخستنەوەی نێوخۆی ئێران بێ. ئۆزبەکەکان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، چەندین جار شاری مەشهەدیان داگیر کردبوو و دەسدرێژییان کردبۆ سەر زۆربەی شارەکانی خوراسان. شا عەباس دوای دڵنیابوون لە بارودۆخی نێوخۆ و لەنێوبردنی سەرکردەکانی قزڵباش تەواوی هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ لای ڕۆژهەڵات تەرخان کرد و لە ماوەی چەندین ساڵدا توانی ئۆزبەکان وەدەرنێ. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە بە پێڕەوی کردن لە پێشینیانی خۆی، بڕیاری ڕاگواستنی گرووپێك لە کوردەکانی بۆ خوراسان دا و لەسەر سنوورەکان جێگیری کردن. بە سەرنجدان بەوەی پێش شا عەباسیش، شا ئیسماعیلی سەفەویش لە هەنگاوێکی هاوشێوەدا گرووپێك لە عێڵە کوردەکانی لە خوراسان بە تایبەت لە دەرگەز نیشتەجێ کردبوو. وا دێتە بەرچاو کە کاری ڕاگواستنی عێل و تایفە کوردەکان بۆ خوراسان ڕەوتێکی بەردەوامی بووە و دوای ئەوەیکە کۆچبەرە کوردەکان گەیشتنە ناوچەکانی قووچان هەتا بجنوورد، بە زاڵبوون بەسەر تایفەی گرانیلی کە پێشتر لەو ناوچانە جێگیر بوون، ئەوانیان پەرش وبڵاو کردن و خۆیان لەو ناوچانە جێگیر و نیشتەجێ بوون.»

ناوبراو لە دریژەی وتارەکەدا و بە ئاماژەدان بە چەند کتێبێکی وەک «عالم ئارای عەباسی»، پێوەندییەکانی سەفەویيە و ئۆزبەکەکان یان مێژووی عێل و عەشیرەتەکانی ئێران، چەند هۆکارێکی وەک هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاگواستنی کوردەکان لە ڕۆژئاوای ئێران بۆ خوراسان خستوونە بەرچاو کە لێرەدا بۆ خۆپاراستن لە درێژبوونەوەی نووسینەکە، خۆمان لە هێنانی هەموو ئەو هۆکارانە دەبوێرین. بەڵام ناوبراو بەرگریی لە سنووورەکان و بەهێزکردنی سنووورەکانی خوراسان بە هۆکاری سەرەکی ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی عێل و تایفە کوردەکان دەزانێ. هەروەها لە درێژەدا باس لە ژمارەی کوردە ڕاگوێزراوەکانیش دەکا و دەڵێ:

«لەبارەی ئەوە کە لە ڕاگواستنی کوردەکان بۆ خوراسان ژمارەی بنەماڵە کۆچ پێکراوەکان چەند بوون، باوترین داتا و ئامار چل (٤٠) هەزار خێزانە. بێجگە لەمەش لە فەرهەنگی (ایران زمین)دا ئامارێك خراوەتەڕوو کە جێگەی لێ وردبوونەوەیە. بەپێی ئەو ئاماره ژمارەی کۆچ پێکراوەکان بریتیيە لە: تایفەکانی زەعفەرانلوو سەد و هەشتا هەزار خێزان، سەعدانلوو یازده لەك (هەر لەکێك سەد هەزار کەس)، تایفەکانی کەیوانلوو چوار لەك و دوانلوو دوو لەك. بە سەرنجدان بەوەکە گێڕانەوە و باسێکی ڕاستەوخۆ لەپێوەندیی لەگەڵ ژمارەی کۆچبەرانی کورد بۆ خوراسان لەبەردەستدا نیە، زۆربەی نووسینەکان بە پێڕەوی لە ئیعتیمادولسەڵتەنە ئاماژەی بە ٤٠ هەزار کەسە کردووە. ئەوەیکە ئاشکرایە ئەوەیە کۆچ پێکرانی ئەم چل هەزار کورده بۆ خوراسان ڕەوت و پرۆسەیەکی بەرەبەرەیی و هەنگاو بە هەنگاو بووە و وا نەبووە کە شا عەباس یان کەسانی هاوشێوەی، بە شێوەیەکی یەکجێ ئەم کارەیان ئەنجام دابێ. بێشك خۆڕاگریی سەرکردە کوردەکان لەم کۆچ پێکرانەدا کاریگەری هەبووە و ڕازی کردنیان بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتادا بۆ سەفەویيە کێشەیەکی سەرەکی بووە....»

ئیوانۆف، زانا و کۆمەڵناسی بەناوبانگی سۆڤیەتی پێشوو لە توێژینەوەیەکی لەژێر ناوی «نەژادناسیی خوراسان» بەم شێوەیە باس لە سەردەم و هۆکاری ڕاگواستنی کورد بۆ خوراسان دەکات: کاتێک کە لە سەردەمی پاشایەتیی زنجیرەی سەفەویدا ئەم فکرە پەیدا بوو لە بەرامبەر هێرش و دەسدرێژییەکانی قەومەکانی ئۆزبەک و تورکەمەن پارێزگاری لە سنووری باکوورییەکانی خوراسان بکرێ، لەبەر ئەوەی پێداویستییە ناوچەیی و خۆجێییەکان بۆ پێشگرتن و بەرگری بە ڕادەی پێویست و لەو ئاستەدا نەبوو، هەربۆیە شای ئێران بریاری دا هەروەک چۆن ڕووسەکان لە بەرامبەر قەومی قەزاقدا کاریان کردبوو، لەنێرانیش بە هەمان شێوە چەند ڕێوشوێنێک بگرێنە بەر، چونکە ڕووسەکان قەومە شەڕکەرەکانیان لە سنووری خۆیاندا جێگیر کردبوو. بەم پێیە لە نیوەی سەدەی شازدەدا چەند عەشیرەتێک لە کوردەکانی کوردستانیان بۆ سنووری باکوور گواستەوە و لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمیش گرووپێکی تری ئەم کوردانەیان کۆچ پێ کردن. هەندێکی دیکەش لەم عەشیرەتانەی وەک عمارلوو لە سەدەی هەژدە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی نادرشادا کۆچیان پێ کرا و گەیشتنە خوراسان.(٦)

لێرەدا بە کورتی ڕاوبۆچوونی چەند زانایەک لەمەڕ هۆکار و سەردەمی کۆچی کوردان بۆ خوراسان دەخەینە بەرچاو:

بەڕێز کەلیمولّلا تەوەحودی، نووسەری ناودار و لە کوردەکانی خوراسان چەندین کتێبی بەنرخی لەسەر کوردەکانی خوراسان و دابونەریتەکانیان نووسیوە کە یەکێک لە بەناوبانگترینی ئەو بەرهەمانە کتێبێکی چەند بەرگی لەژێر ناوی «کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان»ـە کە لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە ناساندنی خەڵک و خاک و دابونەریتەکانی ئەو کوردانە کردووە. ناوبراو لە بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە بەنرخەیدا دەڵێ:

«شا عەبباس کە پاشایەکی وشیار و سیاسەتمەدار بوو بە سەرنجدان بە فەلسەفەی ئیبن عەمید کە گوتبووی: دەبێ کوردەکان بکرێنە سپەری بەڵا، دەستی بە ڕاگواستنی کوردەکان بۆ خوراسان کرد بۆ ئەوەی بە تیرێك دوو ئامانج بپێکێ.... نزیکەی پەنجاهەزار بنەماڵە، کۆچی گەورە و مێژوویی خۆیان لە ئازەربایجانەوە بەرەو خاکی ڕەی دەست پێکرد. ئەم کۆچە کە لە دەوروبەری ساڵی ۱۰۰۵ی کۆچی مانگی بەڕێوەچوو، بوو بە هۆی ئەوەی کوردەکان بۆ ماوەی دوو سال لە دەشتەکانی تاران و خوار (خار) و وەرامین بارگە و بنەیان بخەن و بمێننەوە.»[۷]

جاناتان ڕەندێل لەبابەت کۆچکردنی کوردەکان بۆ خوراسان دەنووسێ:

«شا عەباسی یەکەم خێرایی بەم ڕەوتە (کۆچکردنی کوردەکان) بەخشی. ئەو کوردانەی کە لە زێدی خۆیان هەڵکەنران بۆ ڕۆژهەڵات نێردران، سەرەتا بۆ ئەوبەری سنووری ئازەربایجان، دواتر بۆ خوراسان لە بەرامبەر تورکەمەنەکان کە ئێستاکەش لەوێ ماونەوە ــ واتە هەزار مایل دوور لە زێدی خۆیان ــ بەم شێوەیە سەفەوییە هۆزە سەرکێشە کوردەکانی لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا هەڵکەند و سەیرە ئەوانیان بۆ پارێزگاری لە سنوورە ئاڵۆزەکانی دیکەی وڵات نارد و هۆزە کوردەکانی دیکەشیان بۆ زۆر ناوچەی دوورتر ڕەوانە کرد، بۆ هیندوکەش لە ئەفغانستان و بەلوچستانی ئەمڕۆ.»[۸]

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حوسێن زادە بوانلوو مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا لەبارەی کۆچی کوردەکان بۆ خوراسان نووسیویەتی:

«کۆچی کوردەکان بۆ خوراسان بە گشتی لە سەردەمی حکومەتی پاشایانی سەفەوی و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی ئۆزبەك و مەغۆل و تورکەمەنەکان بۆ سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بەڕێوە چووە. ئەم کۆچکردنە کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی دەیەمی کۆچی

مانگی واتە لە سەردەمی شا ئیسماعیل و شا تەهماسبدا دەست پێکرا و لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە و سەرەتاکانی سەدەی یازدەیەم واتە لەسەردەمی حکوومەتی شا عەباسدا بەوپەڕی خۆی گەیشت، لەو سەردەمەدا بوو کە ئۆزبەکەکان نە تەنیا شاری مەشهەدیان داگیر کردبوو و ڕمبازێنیان لە خوراسانداا دەکرد، بەڵکوو ناوچەکانی شاهرود، دامغان، سمنان، وەرامین، کاشان و نەراکیشیان خستبۆ ژێر پێی خۆیان. کۆچکردن و بەرەنگاریی کوردەکان لەو کاتەدا، بە تایبەت بەربەرەکانێکانی شەڕکەرانی نادری دوو عێلی گەورە و بەناوبانگی زەعفەرانلوو و شادیلوو پێشی بە پێشڕەویی ئۆزبەکەکان گرت و پاش بەربەرەکانی و خۆڕاگریی سەخت و خوێناوی، سەرەنجام ئەوانیان لە ئێران وەدەرنا.»[۹]

تا ئێرە بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك و ئاماژەدان بە ڕاوبۆچوونی چەند زانا و میژوونووسێك بە وردی باسمان لە سەردەم و هۆکارەکانی کۆچی کوردان بۆ خوراسان کرد و وەك دیتمان زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا ژمارەیەك لە کوردەکانیان بۆ خوراسان ڕاگواستووە و بێگومان لە میانەی بۆچوونەکانیان باسیان لە هۆکاری ئەم کۆچ پێکردنە کردووە. بەڵام لەوانەیە زۆر کەسیش پرسیار بکەن،: ئایا کوردەکان پێش ڕاگواستن و کۆچ پێکرانی سەردەمی سەفەوییەش لە خوراساندا ژیاون یان نا؟

هەندێك کەس دەڵێن: بەڵێ. بۆ پشتڕاستکردنەوەی وڵامەکەشیان دەڵێن: « کوردەکان پێش سەردەمی سەفەوییە لە خوراساندا ژیاون. کوردبوونی نەبوومووسلیمی خوراسانی، بیرەوەرییەکانی «دعبل خزاعی» لە کاتی تێپەڕین و گەیشتنی بە مەرو و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کورده عەلەوییەکان، بیرەوەرییەکانی تەیموور لە کتێبی «منم تیمور جهانگشا» کە لە ڕێگەی قوچاندا نووشی گرووپێك دەبێ کە دەڵێن: ئێمە کوردین، هەروەها هاوکات لەگەڵ

سەردەمی تەیموور ، «کلاویخۆ»ش لە سەفەرنامەی خۆیدا ئاماژە بە هەبوونی کوردان لە خوراسان دەکا. هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کوردەکان پێش سەردەمی سەفەویە لە خوراسان هەبوون.

یەکێک لەو کەسانە بەڕێز (عەلیرەزا سپاهی لایین)ـە کە لە کتێبێکدا لەژێر ناوی مێژووی کورد لە جوگرافیای خوراسان (تاریخ کرد در جغرافیای خراسان) باسی ئەم بابەتەی کردووە و هەڵبژاردەیەکیشی لە لاپەڕە ٤٦ـ٤٧ی ژمارە ١٣٨ی گۆڤاری «مەهاباد» داناوە. لێرەدا سەرنجی خوێنەرانی خۆشەویست بۆ بەشێک لەم نووسراوەیە ڕادەکێشین:

«...ئەوەی کەم و زۆر تا ئەمڕۆکە لە گێڕانەوە و ڕاپۆرتە زانستییەکان لەمەڕ مێژووی کۆچی کوردەکان بۆ خوراسان بەدەست هاتووە، بە گشتی ئەمەیە کە کوردانی خوراسان وەک قەومێکی ئێرانی لە چەند قۆناغێکی مێژوویی حکوومەتی سەفەویە بەسەر ئێراندا، لە سنوورەکانی باکووڕی ڕۆژئاواوە بۆ سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کۆچێنراون. گرنگترین هۆکاری ئەم کۆچە مێژووییەش پێویستی زیادکردنی ئیمکانی بەرگریی لە سنوورەکان زانراوە کە لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن قەومەکانی ئۆزبەک و تورکەمەن هێرشیان دەکرایەسەر و حکومەتە ناوەندییەکانی ئێرانیش بە هەر هۆکارێک توانای کۆکردنەوەی هێزیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوان نەبوو. ڕێگەچارەیان لە جێگۆڕکێی بەربڵاوی هەزاران خێزانی کورد (وەک قەومێکی ئازا و جەنگاوەر) بۆ سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بینی. بێجگە لەوەش گوتراوە کە خرپوونەوەی کوردەکان لە تاقە شوێن و جوگرافیایەکدا (چەند بەشێک لە سنوورە هاوبەشەکانی ئێراق و ئێران و تورکیە و سووریە) دەیتوانی بۆ حکومەتە ناوەندییەکانی ئەم چوار وڵاتە مەترسیدار بێ و لەو بارودۆخەدا مەیلی ئەم هێزە بۆ لای هەر وڵاتێک دەیتوانی لە هاوسەنگی دەسەڵاتدا

رۆڵێکی دیاریکەری هەبێ. لە رێکەوتنە نهێنی و ئاشکراکانی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عوسمانی، بابەتی کۆچی زۆرەملێی کوردەکان بۆ هێندێك لە وڵاتەکانی وەك ئازەربایجان، ئەرمەنستان و ... گرنگیی پێدرا و بە هەمان شێوە کە حکومەتی عوسمانی هەزاران بنەماڵەی کوردی بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بۆ ئاسیای ناوەڕاست دوور خستەوە، حکومەتی ناوەندیی ئێرانیش نزیك بە پەنجاهەزار خێزانی کوردی (لە چەند قۆناغدا) بۆ سنوورەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی خوراسان ڕاگواست...»

ناوبراو لە دریژەی وتارەکەدا بۆ سەلماندنی ئەوە کە کوردەکان پێش سەردەمی سەفەوییەش لە خوراسان هەبوون، ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی دەکات:

«... ئیبن خەلەکان لە «وفیات العیان»دا سەرنجی ئێمە بۆلای تایفەگەلێکی زۆر لە کوردانی خوراسان لە سەدەی دووەمی کۆچی ڕادەکێشێ کە بە وتەی ئەو، ئەبوموسلیمی خوراسانی یەکێك لەو کوردانە بووە و لەنێو کوردان ڕاپەڕیوە.

... لە سەفەرنامەی کلاویخۆ (لاپەڕە ۱۸۸) کە باسی سەفەرەکەی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمیر تەیموری گورکانی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی نووسیوە، دەخوێنینەوە: نزیکەی فرسەخێك مابوو بگەینە نیشابوور، ئۆردوگایەکی گەورەمان دی، پێکهاتوو لە نزیکەی چوارسەد خێوەت ... لەم چادرانەدا هۆزێك بە ناوی ئەلواری (کە کوردن) دەژین و هیچ خانوو و سەرپەنایەکیان نیە بێجگە لەم چادرانە و هەرگیزیش لە شار یان ئاوایەك نیشتەجێ نابن، بەڵکوو زستان و هاوین لە هەوای ئازاددا بەسەر دەبەن و خەریکی مەڕ لەوەڕاندنن.

هەروەها لە مێژووی سیستانیش باسی کوردانی ئەو سەردەمە کراوە و

بێجگە لەوەش لە ڕۆمانی مێژوویی خەیاڵیی «منم تەیموور جەهانگوشا» بیستوومانە کاتێک لشکری تەیموور گەیشتنە دەوروبەری خەبووشان (قووچان)، گرووپێکیان بینی کە لەسەر بەرزاییەکان ئاگریان کردبۆوە. سوڵتان چەند کەسێکی ناردن تا بیانهێنن. کاتێک هاتن چەند پیاوێکیان دیتن لەوپەڕی بەهێزی و شایانی شەڕکردن. بەڵام کاتێک لە ناو و نیشانیان پرسین و قسەیان لە پێویستیی پەیوەست بوون بە لشکری تەیموور لەگەڵ کردن، ئەوان دژایەتیان کرد و گوتیان ئێمە ئەم ئازادبی و سەربەرزییە بە هیچ نرخێک لەدەست نادەین نەگەر ناوامان کردبوایە ناچار نەبووین بە ژیان لەسەر بەرزایی چیاکان بەسەر بەرین.

بەپێی وتەی ئیبن خەلەکان کە رەشیدی یاسەمیش باسی کردووە، کوردەکان تەنانەت پێش گەیشتنی ئیسلام یان هاوکات لەگەڵ گەیشتنی ئیسلام بە ئێران لە ناوچەکانی مەرو (خوراسان) نیشتەجێ بوون.»

لە کۆتاییدا ناوبراو پاش هێنانەوەی چەند بەڵگەیەکی تری مێژوویی و ئاماژەکردن بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کوردەکان پێش سەفەوییەکان لە خوراسان نیشتەجێ بوون و دەڵێ:

«...ئەوەی لە کۆیەندی ئەم بەشە لە نووسراو و بەڵگە مێژووییەکانی پێشوو دەتوانرێ بگوترێ ئەوەیە: بە لێبراویی و دڵنیاییەوە لە خوراسان پێش سەردەمی سەفەویی، وەک هێندێک لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، کوردەکان بە شێوەیەکی هەستپێکراو هەبوون، بەڵام وا دێتە بەرچاو ئەم گرووپە لە کوردان نە لەباری ژمارەوە و نە لە ڕوانگەی ئامانجەکانەوە لە خوراسان، بەو ڕادەیە نەبوون کە بکرێ هەبوونیان لەو ناوچانە بە کۆچێکی بەرنامەبۆدارێژراو و بەریلاو لەقەڵەم بدرێ. وادیارە زۆربەی ئەو کوردانەی هەتا سەردەمی سەفەوی کۆچیان بۆ خوراسان کردووە، یان لە پاشماوەکانی مادە کۆچەرەکانی سەرەتاییەکانن کە

گەیشتوونە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، یان ئەو گرووپە شەڕکەر و لەشکر و هۆزە مەڕدارانەن کە لە سەدەکانی دوای ئیسلام بە شێوەی کاتیی گەیشتوونە خوراسان و دواتر هەندێکیان بە هۆکارگەلێك ناچار بوون لەوێ بمێننەوە و درێژە بە ژیان بدەن...»[10]

بەهەرحاڵ، ئەو کوردانە چ لە پێش سەردەمی سەفەویەکاندا لە خوراسان نیشتەجێ بون هەروەك بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن و، چ لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ئەم زنجیرەیەدا بۆ ئەو ناوچەیە ڕاگوێزرابن هەروەك زۆربەی سەرچاوەکان باسی دەکەن، ئەوەی نەمڕۆ دەبینین هەبوونی نزیك بە دوو ملوێن کوردە کە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی خوراساندا درێژە بە ژیان دەدەن و سەرەڕای بوونی هێندێك جیاوازیی، خاوەن شوناس و ناسنامەیەکی هاوشێوەی سەرجەم کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانن. بێگومان لێکۆڵینەوە لە وەها بابەتێکی گرنگ پێویستیی بە دەرفەتی زیاتر و دۆزینەوەی سەرچاوەی زۆرتر و ماندووبوونی فرەتر هەیە کە پێویستە خوێندەوارانی دڵسۆزی کورد هەم لە کوردانی خوراسان و هەم لە کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە بایەخەوە لێی بڕوانن.

• شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان لە خوراسان

ئەم ناوچەیە لە باکووری خوراسان لە ئێران هەڵکەوتووە و دانیشتوانەکەی زیاتر هۆزە کوردەکانن. ئەم هۆزانە نزیکەی ۲۲ هۆز یان تایفەی گرنگی کوردن. ئێستاکە ئەم ناوچەیە بە سەرنجدان بە دابەشکاریی سیاسیی ئێران بەشێك لە پارێزگاکانی خوراسانی باکوور، خوراسانی ڕەزەوی و گوڵستان دێتە ئەژمار. شارەکانی ئیسفراین، بجنوورد، شیروان، قووچان، دەرگەز، چناران، باجگیران، ناشخانە و فاروج خاوەنی زۆرینەی خەڵکی کورد و شارەکانی مەشهەد و

نیشابوور و سەبزەوار خاوەنی کەمینەی کوردن.

زۆربەی گوندەکانی شارستانی شیروان بۆ نموونە بڵغان، گەرماب، سەرچەشمە، حەسار گلیان، مەلاباقر، رەزمقان، ورگ، تنسوان، کەلاتە زمان، سەرداب، سەرائی، کاکلی، پیر شەهید و... کوردنشینن. شێخ ئەمیرانلوو، میلاتلوو، سیرسپرانلوو، ئامانلوو، قالتمانلوو، تەخت، چیرمە، پالکانلوو لە جیریستان، پەهلەوانلوو، بەرەدەر، قرچقە، شەمخاڵ لە باجگیران، توپکانلوو، تیتکانلوو، هەمزەلوو، ریشوانلوو، رووەدکانلوو لەبادام، زیدانلوو و ئاوایی یەدەك (ئیگ) لە قووچان و بجنوورد و دەرگەز. سیوکانلوو لە ئەوغازی نوێ، کەم کیلاتلوو لە باجگیران، شەهرانلوو، دەوڵەت خانی و شیخکانلوو لە ئەوغاز و چناران و قاسملوو لە ئیسفراین، تایفەی گەورەی میلاتلوو لە دەرگەز، تایفەکانی شیخوانلوو، باچلوانلوو، قەراچوورلوو، زیدانلوو، مادانلوو (بادانلوو)، کیکانلوو، پالکانلوو، کیوانلوو، زەنگەنە، تووەرانلوو، دولە شانلوو، ئەرتکانلوو، بریوان لوو، چەگینی، سوفیانلوو، بادلوو، کپکانلوو، گوشانلوو گیلاتلوو[١١]

دوکتۆر ئەفراسیاب شکوفتە لە وتوێژێك لەگەڵ رادیۆ کوردانە بەم شێوەیە باس لە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە خوراسان دەکات: «هەنووکە کوردەکانی ناوچەی خوراسان لە شار و گوندەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران واتە لە ناوچەی مزدوران لە رۆژهەڵاتی شارستانی سەرەخس هەتا مراوەتەپە لە پارێزگای گوڵستان ژیان بەسەر دەبەن. بۆ وێنە ئەو شارانەی کوردەکان تێیاندا نیشتەجێن وەك: قووچان، شیروان، ئیسفراین، رادکان، ئاشخانە، راز، کەلات، سەرەخس، بجنوورد، چناران، فاروج، باجگیران، ناوچەی سەرویلایەتی نیشابوور، ناوچەی مشکانی سەبزەوار، مراوەتەپە (دیارە ئەم ناوچەیە ئێستا کەوتۆتە نێو پارێزگای گوڵستانەوە) و، نزیکەی لەسەدا پازدە (١٥٪)ی حەشیمەتی شاری مەشهەد پێك دێنن.»[١٢]

گرنگترین شارەکانی ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان کە بەسەر پارێزگاکانی

خوراسانی باکووری و خوراسانی رەزەویدا دابەش کراون، بریتین لە: شیروان، بجنورد، قوچان، ئیسفراین، فاروج، مانە و سەملقان، جاجروم، چناران، باجگیران، ئاشخانە، دەرگەز، لائین، کەلات، راز و رادکان. کە نزیك بە تەواوی گوندەکانی سەر بەم شارانەش کوردنشینن.[١٣]

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردانی خوراسان لە ئێستادا لە بابەتی (عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان) یشدا چاوتان بە ناوی گەلێك ناوچە و ناوایی کوردنشینی ناوچەی خوراسان دەکەوێت کە بۆ خۆپاراستن لە دووپاتکردنەوەی بابەتەکان بە پێویست نەزانرا لێرەشدا دابنرێن. هەروەها هەر لەو بابەتەشدا لە زۆر شوێندا باسی کاروباری ئەو عیلاتە و تەنانەت لە هەندێك جێگەدا باسی سەرۆك عێل و کەسایەتیە بەناوبانگەکانیشیان کراوە.

• ژمارەی کوردەکانی خوراسان

لەمەڕ ژمارەی کوردەکانی خوراسان سەرچاوەکان بە شێوەی جۆراوجۆر باسیان کردووە و هەریەکەیان بە چەشنێك ژمارەی کوردەکانی ئەم ناوچەیەی دیاری کردووە. بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نزیکەی یەك ملوێن و نیو هەتا دوو ملوێن کەس لە کوردەکان لەم ناوچەیە ژیان بەسەر دەبەن.

ویکیپیدیای فارسی لە بابەتی کوردەکانی خوراساندا ئاماژە بەوە دەکا کە حەشیمەتیان زیاتر لە ١,٧٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە. پارێزگای خوراسانی باکووری (خراسان شمالی) ٨١١ هەزار کەسی حەشیمەت هەیە کە نزیکەی لەسەدا ٣٧ی ئەم ریژەیە لە کوردەکان پێك هاتووە و کوردەکان گەورەترین گرووپی ئیتنیکی ئەم پارێزگایەن.[١٤]

دوکتۆر ئەفراسیاب شکوفتە لە وتوویژێك لەگەڵ رادیۆ کوردانە بەم شێوەیە باس لە ژمارەی کوردەکان لە خوراسان دەکات: «بە سەرنجدان بەو بابەتانەی بۆ هەموان ئاشکران، هیچکام لە نەتەوە و قەومەکانی نیشتەجێی ئێران بە جیا سەرژمێری نەکراون و ژمارەی حەشیمەتیان بە شێوەیەکی ورد لەبەردەستدا نیە، بەڵام هەندێك لە کارناسانی ئەم بوارە بە شێوەی نافەرمی، حەشیمەتی کوردەکانی خوراسان بە نزیکەی دوو ملیۆن کەس مەزەندە دەکەن.»[١٥]

بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە لە ئێستادا نزیکەی ١/٧ ملیۆن کورد لە خوراسان زیان بەسەر دەبەن کە نزیکەی ٦٠٪ی نەوان لە گوندەکان، ٣٥٪ لە شارەکان و ٥٪ یش بە شێوەی عەشیرەتی کۆچەر، گەرمێن و کوێستان دەکەن.[١٦]

سەبارەت بە حەشیمەت و ئاماری کوردەکان لە خوراسان، هەروەك بەشەکانی دیکەی ئێران بابەتێکە ناتوانرێت بە تەواوی ئاماڕێکی ڕاستی بۆ دەستنیشان بکەین، چونکە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەردەوام پێش لە بڵاوبوونەوەی ئامارەکان لەو هەرێمانە دەگیردرێت و ئەوە وەك مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕەچاو دەکرێت، سەرەڕای ئەمە کاربەدەستانی حکوومەتی هێندێکجار دەبێ ئامارێك لەگۆڕ سیاسەتەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بەپێی هەندێك لەو ئامارانە، کوردەکانی خوراسانی باکوور لە ئێستادا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس دەبن. جگە لەوە نزیکەی ٤٠٠ هەزار کورد لە مەشهەد دەژین.[١٧]

• عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان

عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان زۆرن و لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر باسیان کراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کەڵك وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك وێڕای ئاماژە بە ناوی هەندێك لەم عەشیرەت و تایفە کوردانە، بە کورتیش باسیان بکەین:

ئیوانۆف، زانا و کۆمەڵناسی بەناوبانگی سۆڤیەتی پێشوو لە توێژینەوەیەکی لەژێر ناوی «نەژادناسیی خوراسان» بە شێوەی خوارەوە باس لە ٢١ عەشیرەتی کورد و شوێنی جێگەی ژیانیان دەکات:

١ـ میلانلوو لە قوشخانە، لە ناوچەکانی باکووری ئیسفراین، جوین و ...

٢ـ باجگیرانلوو: عەشیرەتێکی بچووک کە لە نزیک باجگیران نیشتەجێن.

٣ـ ئوقازلوو: لە نزیک ئوقاج (ئوقاز) بە درێژایی سنووری ئێران و ڕووسیا.

٤ـ هولانلوو (هیوە دانلوو): نزیک قوچان و دەرگەز.

٥ـ قاسمانلوو: نزیک نووخ و دیزوان.

٦ـ شادلوو: لە بجنوورد و دەوروبەری و زۆربەیان بە تورکی قسە دەکەن.

٧ـ زەعفەرانلوو: لە شیروان. (مەردوخ لە لاپەڕەی ٩٣ی میژووەکەیدا دەڵێ: زەفرانلی یان زەفرانلوو کە زەعفەرانلووشیان پێ دەڵێن تیرەیەکی هۆزی حەسنانلوون کە شا عەبباس ئەوانی بۆ خوراسان ڕاگواستووە).

٨ـ کورانلوو: لە باکووری قوچان (گوندی کوران نیوەی تورک و نیوەی کوردن).

٩ـ مشکانلوو: نزیک مشکان و لە دەوروبەری قوچان.

١٠ـ بۆرجی: نزیک ڕادکان.

١١ـ کەیوانلوو: لە جوین و لە ناوچەکانی باکووری نیشابوور.

١٢ـ مەردکانلوو (مەرداکانلوو): لە ناوچەکانی باکووری نیشابوور و دەوروبەری قوچان.

لە گشت ئەم عەشیرەتانە لە حاڵەتێکی نێوان گوندنشینی و چادرنشینیدا ژیان بەسەر دەبەن. زۆربەیان یان لە نیوەی زیاتر بە شێوەی چادرنشینی دەژین. بۆ وێنە هاوینان خەرکی وەرزێرین و لە زستانیشدا خەریکی مەڕدارین و بەرەو ناوچە گەرمێنەکان کۆچ دەکەن. لە بنەڕەتدا گۆڕانی ژیان لە چادرنشینیەوە بۆ

گوندنشینی پرۆسەیەکی بەرەبەرەیی و تەدریجییە و لە تەواوی عەشیرەتەکاندا ئەم پرۆسەیە بەڕێوە دەچێ.

ئەم تایفانەی خوارەوەش بە شێوەی چادرنشینی ژیان بەسەر دەبەن:

١٣ـ ریشوانلوو: لە خاکستەر، لایین و نزیك کاخەك (کەلات).

١٤ـ بروانلوو: نزیك کاخەك و لە هاویندا لە کەلات.

١٥ـ هوفشانلوو: لە زستاندا لە دەرگەز و لە هاویندا لە دۆڵە خۆش ناووهەواکانی قوچان.

١٦ـ بدوانلوو: لە زستاندا لە دەرگەز و لە هاویندا لە خڕ و دۆڵە خۆشەکانی قوچان.

١٧ـ جاوکانلوو: لە زستاندا لە چەمخالە و لە هاویندا بەرەو کێودەوڵەت کۆچ دەکەن.

١٨ـ قارەمانلوو: لە ناوچە باکوورییەکانی نیشابوور و دەوروبەری.

١٩ـ ورانلوو: تایفەیەکی بچووکن کە لە دەوروبەری نیشابور دەژین.

٢٠ـ توپکانلوو: لە ناوچەکانی جووین و لە بەشێك لە نیشابور و لە زستاندا بەرەو دەوروبەرەکانی دەشتی تەقی دەچن.

٢١ـ عمارلوو: لە باکووری رۆژئاوای نیشابوور و لە دەوروبەرەکانی گوندی ماروك کە «ماروش»یشی پێدەڵێن، نیشتەجێ دەبن.[١٨]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەی خوارەوە ناوی ژمارەیەك لە عێل و عەشیرەتە کوردەکان هاتووە:

قەراچورلوو/ کیکانلوو/ سیوکانلوو/ بیچرانلوو/ قارەمانلوو/ میلانلوو/ توپکانلوو/ هودانلوو/ بادلانلوو/ زیدانلوو/ سۆفیانلوو/ توروسانلوو/ زەنگەلانلوو/ باچیانلوو/ رودکانلوو/ ڕیشوانلوو/ حەمزکانلوو/ شێخ ئەمیرانلوو/ جەلالی/ سیاەمەنسوور/

جەهان بیگلی / مادانلوو / قەرباشلوو و ... [۱۹]

بەڵام لە بەشی چوارەمی کتێبی (ایل ها و طایفەهای عشایری کرد ایران) لە نووسینی بەڕێز (سید علی میرنیا) بە دوور و درێژی باسی عێل و عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان و شوێنی نیشتەجێبوونیان و هێندێك لە کەسایەتیە ناسراو و بەناوبانگەکانیان و ... کراوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان بە کورتی باس لە ناو و شوێنی نیشتەجێبوون و ... ئەو عێل و عەشیرەتانە دەکەین. پێویست بە ئاماژەکردنە کە هەر لە میانەی باسکردنی ئەم عێلاتەدا باس لە بابەتگەلێکی گرنگی وەك زمان، باری کۆزەران و کاروباریان و زۆر شتی دیکەش دەکرێ هەر بۆیە هەرچەند بابەتەکە کەمێك دوورودرێژە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند بابەتی دیکەشی تێدا باس کراوە و ئاماژە بە زۆر بابەتی گرنگ دراوە، بە پێویست زانرا دابنرێ هەرچەند هەوڵیش دراوە کورت بکرێتەوە. ئێستاش ناو و ناوبانگی ئەو عێلاتە بەپێی ئەو سەرچاوە بەنرخە:

ـــ *عێلی عمارلو لە خوراسان:* هێنری فیلد سەبارەت بە کوردە ئازا و بەتواناکانی عمارلوی ناوچەی ماروسکی نیشابوور باسی ئەوەی کردووە کە عمارلوو لە پێنجسەد بنەماڵە پێك هاتووە کە لە دەشتی (مەروش) لە باکووری رۆژئاوای نیشابوور ژیان بەسەر دەبن. شیعەن و زمانی خۆیان پاراستووە.

تایفە کوردەکانی عمارلوو لە نیشابوور بریتین لە تایفەی بەگی ئارلو، تایفەی ئۆرتکانلوو، تایفەی عزلو، تایفەی پائی و تایفەی حەفتا و دوو میللەت. ئەم تایفانەی لەم گوندانەی شارستانی نیشابووردا نیشتەجێن: زەرەندی، شیدقولی، کەلاتەی مەمەش خان، مەرجان، ماروس، کارچی (قارچی)، کەلاتەی ئیسماعیل، تەنگی خواروو، تەنگی سەروو، کەلاتەی مەلا، بورج، کەلاتەی مەلا جەعفەر عەلی، قەڵای مستەوفی، کەلاتەی شامی، سینە ئەسپ بالا، خون ئاورد.

... بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەی نیشابوور حەفتا گوندی کوردنشین هەیە. ئاژەڵدارانی عمارلوو بۆ کویستانان دەچنە کێوەکانی باکووری قوچان و شیروان و بۆ گەرمێنیش بۆ لای مراوە تەپە دادەگەڕێن.

ـــ *عێلی ئیزانلوو لە شیروان:* ناوی ئەو عێلە لەلایەن میژوونووسان و جوگرافی نووسان بە شێوەی جۆراوجۆری وەك ئوستانلوو، ئوسانلوو و واسانلوو نووسراوە. ئەمڕۆکە بە شێوەی ئیزانلوو باوە. ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکانی ئەم عێلە لە قۆناغەکانی سەرەتایی کۆچی میژوویی کورد بۆ خوراسان لە دەوروبەرەکانی خوار و وەرامیس بەجێمان کە بەپێی مەسعوود کەیهان لە کتێبی (جغرافیای مفصل ایران) دا ژمارەی ئەوانی بە هەزار و دووسەد خێزان داناوە.

بەشێکی گرنگی ئەم عێلە کە گەیشتنە خوراسان، لە ناوچەکانی قوچان و بە تایبەت شیروان لە گوندەکانی باداملوو، قزڵ حەسار، شورك، زۆوێرام، کەلاتە، ئودە وە (عەبدول ئاوا) نیشتەجێ بوون. زمانیان کوردییە و بە تورکی و فارسیش قسە دەکەن و خەریکی کاری وەرزێری و ئاژەڵدارییں.

ـــ *عێلی شێخ ئەمیرانلوو لە شیروان:* هۆی ناولێنانی ئەم عێلە ئەوەیە کە گەورەترین سەرۆك عێلەکانی زەعفەرانلوو وەك شوجاعولدەوڵەکان، دەسەڵاتدارانی قوچان و فەرەجوڵڵاخانی زەغیمی حاکمی شیروان و پەوشەنیەکان خانەکانی ئیسفراییں لەم عێلە هەڵکەوتوون... خەڵکەکەی تری شێخ ئەمیرانلوو لە باکووری شارستانی ئیسفراییں نیشتەجێن و خەریکی وەرزێری و باغدارین. ئەم عێلە ڕۆشنبیری زۆری لێ هەڵکەوتوون بە تایبەتی لە بواری پزیشکیشدا کەسانی بە توانای لێ هەڵکەوتوون کە خزمەت بە خەڵکی خوراسان دەکەن.

ـــ *تایفەی سویدانلوو لە شیروان:* ئەم تایفەیە لە عێلی گەورەی زەعفەرانلوو و لە ئاوایی ڕەزمقانی سەر بە شارستانی شیرواندا نیشتەجێن و خەریکی

ئاژەڵداری و وەرزێرین. زمانیان کوردییە و بە زمانەکانی تورکی و فارسییش قسە دەکەن و پێڕەوی مەزهەبی شیعەی دوازدەئیمامین.

ـــ *عێلی بیچرانلوو لە شیروان:* عێلی بیچرانلوو کە خاوەن کەسانی نازا و نەترسە لە ناوچەی دێهستانی بیچرانلوو لەنێو کوێستانە سنوورییەکان و دۆڵە تەنگ و قوولەکانی زنجیرە کێوی بەناوبانگی (گولیل یان گلۆیل) نیشتەجێن و بە کاری وەرزێری و ئاژەڵداریەوە خەریکن. ژمارەیەکیان لە گوندی (هونامە) و شاری شیروان نیشتەجێن. ناوەندی سەرەکی عێلی بیچرانلوو لە هاوینداً (قەڵا حەسەن) و لە زستاندا گوندی (هونامە)یە. هەتا پێش هاتنی (حەسەنخانی عاشق) لە سوریە و پەیوەستبوونی بە کوردانی بیچرانلوو، سەرۆکایەتیی ئەم عێلە بە خانەکانی (سیفکانلوو) بووە.

ـــ *تایفەی کوردی شاملوو لە شیروان:* بیچرانلووەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە کوردە جەنگاوەرەکانی سووریەن، چونکە لە ناوچەی باکووری سوریەی نێستا بەرەو خوراسان کۆچیان کردووە و بە شامی یان (شاملوو)ش بەناوبانگن. کوردەکانی ئەم عێلە لە بێڕەحمی و دڵڕەقی و خوێنڕشتندا بەناوبانگن و لەسەر زار و زمانانن. لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتدارییەتی محەمەدشای قاجار حەسەن ناوێك لە خەڵکی بیچرانلوو بە هۆی ئەو ئالۆزییانەی لە سوریە هێنابونیە پێش و ناچار بە کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات ببوو، لە ڕێگە لەگەڵ کۆچی کوردان بۆ خوراسان دەکەوێ و بە عێلی خۆی پەیوەست دەبێ. ئەم کەسە کە گوایە پێشتر عشاق (مۆزیك ژەن) بووە و دواتر بە هۆی لێهاتوویی و نازایەتییەوە ڕێبەرایەتیی عێلی بیچرانلوو بەدەستەوە دەگرێ و سەرۆکایەتیی ئەو عێلە لە دەست (سەعادەتقولی خان) یەکەم سەرۆك عێلی (سیفکانلوو) دەردێنێ و سەربەخۆیی بەو عێلە دەبەخشێ. خانەکانی دواتری بیچرانلوو کە لە نەوەکانی ئەم حەسەنخانەن، بریتین لە: مصرخان، کریمخان، فرج الله خان، علیخان.

خەڵکی ئەم عێلە بێجگە لە دێهستان بیچرانلوو لە ئاوایی‌کانی گدوکانلوو، بیوارە (بێبەهرە)، هونامە، کەلاتەی سەروو، دەربەند، قولان، لوجەلی سەر بە شیروان نیشتە جین.

ـــ *عێلی بادلانلوو (بەهادرانلوو) لە قووچان:* ئەم عێلە لە قوچان و لە ئاوایی‌کانی علاقە جنبان، کەلاتە گوڵ نیشتەجێن. سەرکردەکانی ئەم عێلە هەمیشە خاوەن دەسەڵات و دەسترۆیشتوو بوون و خۆیان پێ لە سەرکردەکانی زەعفەرانلوو کەمتر نەبووە. لە سەردەمی نادرشادا حکومەتی ناوچەگەلێکی گرنگی وەك فارس، نیسفەهان لە نەستۆی نەمیرەکانی بادلانلوو بووە و تایفەی شیرزەنلوو لە ئاوایی شیرزەنلوو و تایفەی شارە رەکی لە گوندی شاە رەك و، کەرگرلوو لە مشکانلوو و کورانلوو لە ئاوایی شیرزانلوو لە دەوروبەری قوچان ژیاون.

ـــ *عێلی بالکانلوو لە جیرستان:* ئەم عێلە لە دەوروبەری سنووری ئێران و سۆڤیەت لە ناوچەی جیرستانی قوچان نیشەجێن و خەریکی کاروباری وەرزێری و ئاژەڵداریـن. زمانیان کوردییە و بە تورکی و فارسییش قسە دەکەن. تایفە کوردەکانی دیکەی جیرستان بریتین لە: سەرکانلوو و کالتمانلوو.

ـــ *عێلی پەهلەوانلوو (پاڵەوانلوو) لە باجگیران:* ئەم عێلە لە عێلە بەناوبانگەکانی زەعفەرانلوویە کە تووشی پرش و بڵاویی و لێك هەڵوەشان بووە. ژمارەیەکیان لە بجنوورد و هەندێکیان لە شیروان و ئەوانی دیکەش لە ئاوایی‌کانی دور بادام و بەرەدەر لە نزیك باجگیران نیشتەجێن و خەریکی کاری مەڕداری و وەرزێرییـن و ژمارەیەك لە خوێندەوارانی ئەم عێلە پلەی مامۆستایەتیی زانکۆکانیان بەدەست هێناوە.

ـــ *عێلی تویکانلوو لە قووچان:* لە سەرانسەری ناوچەکانی باکووری خوراسان بە تایبەت قووچان، شیروان، گیسفەراین و باکووری نیشابوور بە کاری

وەرزێری و ئاژەڵداریـیەوە خەریکن. ژمارەیەکیان گەرمێن و کوێستان دەکەن و هاوینان دەچنە ناوچەی ئەخلومەد و کێوی کلیدەری باشووری قووچان و لە زستانیشدا بە تێپەڕین لە دەشتی کەشف ڕوود لە ناوچەی سەرەخسی دەوروبەری مزدوران دەڕێژە بە ژیانی پڕ زەحمەت و چەرمەسەریی خۆیان دەدەن...

ـــ *عێلی تێتکانلوو لە قووچان:* تێتکانلووەکان لە گوندێك هەر بەم ناوە لە بیست و پێنج کیلۆمیتری باکووری ڕۆژئاوای قووچان نیشتەجێن و لە دێرزەمانەوە بە کاری وەرزێریی و باغداریـیەوە خەریکن. باشترین جۆری سریی قووچان بەرهەمی کار و زەحمەتی خاوەن باغەکانی تێتکانلوویە. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسیش دەپەیڤن.

ـــ *عێلی هەمزەکانلوو لە قووچان و بجنوورد:* بەشی زۆری ئەم عێلە لە کوردستانی تورکیە بەجێماوە و ئەوانی تر لە ئاوایی هەمزەکانلووی سەرێ و خوارێ لە باکووری قووچان و ئاواییەك هەر بەم ناوە لە بجنوورد و ژمارەیەکیشیان لە ئاواییەکانی (گوڵمەکان)ی نزیك مەشهەد و دەوروبەری نیشتەجێن. زۆربەیان خەریکی مەڕداری و باغداری و وەرزێرییـن. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە زمانەکانی تورکی و فارسیش قسە دەکەن.

ـــ *عێلی ڕشوانلوو لە قووچان و بجنوورد:* لە دێهستانی قوشخانەی سەر بە قووچان و باکووری ڕۆژهەڵاتی بجنوورد نیشتەجێن. و بەشێکی زۆریان بۆ شیروان کۆچیان کردووە. بەشێکیان لە دێهستانی (مایوان)ی قووچان نیشتەجێن و ژمارەیەك لە ڕۆڵەکانیان بە هۆی زیرەکیان لە خوێندن پلەی ئەندازیارییان وەدەست هێناوە و خەریکی خزمەت کردنن. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە ئاژەڵداریی و وەرزێرییەوە خەریکن.

ـــ *عێلی ڕوودکانلوو لە قوچان:* بەشێك لەم عێلە لە ئاوایەکانی دەوروبەری قووچان نیشتەجێ بوون. بەشەکەی تری خەریکی گەرمێن و کوێستانن و...

ـــ *عێلی زیدانلوو لە قووچان و دەرگەز:* کوردانی زیدانلوو خەڵکێکی ئازا و زەحمەتکێش و خۆڕاگرن و زۆربەیان لە ئاوایەکانی زیدانلوو لە دوازدەکیلۆمەتری باکووری ڕۆژئاوای قووچان و دەروبەری و، لە دەرگەز لە دۆڵی دەرونگەر نیشتەجێن و خەریکی باغداریی و وەرزێریی و مەڕداریین. زمانیان کوردیی کرمانجییە و فارسی و تورکییش دەزانن.

ـــ *عێلی سیفکانلوو لە ئەوغازی قووچان:* عێلی سیفکانلوو و عێلی بیچرانلوو لە کاتی گەشتنیان بە خوراسان و نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی بجنوورد سەر بە عێلی گەورەی کیکانلوو بوون. ناوەندی عێلی سیفکانلوو ئاوایی ئەوغاز سەر بە بەخشی باجگیرانی قووچانە و شوێنی نیشتەجێبوونی عێلەکەش دێهستانی سنووریی ئەوغاز و ئاوایەکانی ئیمامقولی، شرکانلوو، دووریادامی قووچان و هەروەها لە باکووری ڕۆژئاوای شیروان، ئاوایەکانی زەینەڵ بەگ، قزل قان، چاربورج، قەلعە جوقن. تایفەکانی تری ئەوغاز بریتین لە: تایفەکانی روتکانلوو، مشکانلوو، خوراسکانلوو، کافی مشکان و ئەولاشلوو.

ـــ *تایفەی کەم کیلانلوو لە باجگیران:* گەورەترین تایفەی عێلی سیفکانلوو تایفەی (کەم کیلانلوو)یە کە ناوەندی سەرەکییەکەی ئاوایی (چپانلوو)یە. ئەم تایفەیە دامەزرێنەرانی سەرەکیی باجگیرانن و بەشێکیشیان لە ئاوایەکانی قەلعە سەفا، قوش قەلعە و هەروەها قوچان و شیروان و مەشهەد نیشتەجێن.

تایفەکانی دیکەی عێلی سیفکانلوو بریتین لە: بوانلوو، ئولاشلوو، شوکرانلوو، زورتانلوو، کافی مشکان (کالمشکان)، قزل قابلوو، شرکانلوو و سفکانلوو. زمانی سەرەکیی ئەم عێلە و تایفەکانی کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسییش قسە دەکەن و بە کاری وەرزێریی و ئاژەڵداریییەوە خەریکن.

ـــ *عێلی سیل سپرانلوو لە جیرستانی قووچان:* خەڵکی ئەم عێلە کە لە دوو گوند هەر بەم ناوە لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و سۆفیەتی پێشوو لە

دێهستانی جیرستان نیشتەجێن، زۆر ئازا و ڕەشیدن. هۆی ناولێنانی ئەم عێلە هەروەك لە کتێبی (تاریخ عالم ئارای عەباسی)دا باس کراوە: لە یەکێك لە شەڕەکانی شا عەباس لەگەڵ ڕۆمییەکان خەڵکی ئەم عێلە بە تەنیایی داخوازی لەناوبردنی سوپای ڕۆم بوون و بە هێرشی خێرا و گورچکبڕی خۆیان ئاگرێکیان خستە خەرمانی گیانی دوژمن کە ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و بەشێکی زۆریشیان لێ بەدیل گرتن و ئەوانی تریشیان ڕەتاندن. شاعەباس کە لەسەر تەپۆلکەیەك ڕا سەیری مەیدانی شەڕەکەی دەکرد، بە (سیل سپورانلوو) بانگی کردن کە تورکییە. واتە (وەك سێلاو دوژمنیان ڕامالی). سەرکردەکانی بەم عێلە لە سەردەمی سەفەوییە و نادرشا و تەنانەت تا سەردەمی شاڕوخی نابینا، خزمەتی زۆریان پێکردوون و سەردەمانێك حکوومەتی مەشهەدیان بەدەستەوە بووە. زمانیان کوردیی کرمانجییە.

ـ ***عێلی شرانلوو لە دەوڵەتخانەی قووچان:*** ناوەندی ئەم عێلە لە کەلاتەی شا محەمەد لە دێهستانی دەوڵەتخانەی قووچانە. ئەم عێلە ژن و پیاوی زۆر ئازا و بەهێزی لێ هەڵکەوتوون. ئەم عێلە کەلەپوور و کولتووری خۆیان پاراستووە و لە نێوان قووچان و مراوەتەپە خەریکی مەڕدارین. زمانیان کرمانجیی و تورکییە.

ـ ***عێلی شێخکانلوو لە ئەوغاز و چناران:*** عێلی شێخکانلوو یان شێخوانلووی خەلکێکی ئازا و جەنگاوەر و بێباکن. شاهوەردیخانی شیخوانلوو لە دژبەرە سەرسەختەکانی نادرشا، یەکێك لە پیاوە هەڵکەوتوو و بەناوبانگەکانی ئەم عێلەیە. شوکربەگ خانی شیخوانلوو و سلێمان بەگیش لە پیاوە ئازاکانی شێخکانلوو بوون... لە ڕۆژگاری قاجاردا سەرکردە جەنگاوەرەکانی شیخوانلوو لە ناوچەی چناران و ڕادکانی سەر بە مەشهەد ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو. ئەم عێلە کەسانی زۆر بە توانا و ئازای لێ هەڵکەوتوون کە هەندێکیان بریتین لە: قوجەخانی شیخوانلوو، ئیبراهیم خان و ... محەمەدڕەزاخانی کوڕی ئیبراهیم

خان حاکمی عێلەکانی کیوانلوو و کاوانلوو و شیخوانلووی ناوچەی رادکان و چناران لە سەردەمی ناسرەددین شادا بووە.

ئەم عێلە لە ئاوایەکانی سەر بە قوچان و ڕادکان و چناران و لە گوندی شیخوانلوو دەرگەز بلاو بوونەوە و خەریکی ئاژەڵداری و وەرزێرین. ژمارەیەکی زۆریشیان لە شاری مەشهەد نیشتەجێن.

ـــ ***عێلی قاچکانلوو لە قووچان:*** ئەم عێلە لە دەوروبەرەکانی قوچان بە تایبەت لە فەتح ئاباد و لە ئاوایی قاچکانلوو و لە گوندەکانی دێهستانی ناجوانلووی دەرگەز نیشتەجێن. بە مەڕداریی و وەرزێرییەوە خەریکن و گەرمێن و کوێستانیش دەکەن.

ـــ ***عێلی قاسمانلوو لە ئیسفەراین:*** ئەم عێلە یەکێك لە گرنگترین عێلە کوردەکانی زەعفەرانلوویە کە لە داوێنی کێوی (شاه جهان) لە نێوان ئیسفەراین و شیروان لە کەلاتەی (قاسمانلو) نیشتەجێن و خەریکی کاری وەرزێریی و ئاژەڵدارین... بەشێك لەم عێلە لە ئاوایی (دیز ئاباد)ی قووچان نیشتەجێن و بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن...

ـــ ***عێلی قەرامانلوو لە قووچان:*** عێلی قەرامانلوو کە ئەمڕۆکە بە (قارەمانلوو / قەهرەمانلوو) بەناوبانگە، یەکێك لە گرنگترین عێلەکانی کوردی زەعفەرانلوویە. سەرۆك و دەسەڵاتدارانی ئەم عێلە لە سەرەتاکانی پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوییەوە کاروباری گرنگیان بەدەستەوە بووە. بەیرام بەگی قەرامانی یەکێك لە گەورەترین سەرکردەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی دوای وەدەرنانی نۆزبەکەکان لە خوراسان بە فەرمانی شا ئیسماعیل کرا بە حاکمی هیرات. فەرهادخانی قەرامانلوو لە سەردەمی شا عەباسدا کرا بە سوپاسالار و ...

عێلەکانی قارەمانلوو و سیفکانلوو و بادالنلوو لەو عێلە گرنگانەن کە زووتر شارەزای خوێندن و پەروەردەی نوێ بوون و زۆر کەسی بەتوانا و خاوەن

پلەی بەرزی خوێندەواریان لێ هەڵکەوتوون. تایفەی شەرانلوو سەر بەم عێلەن کە لە باکووری قووچان ژیان بەسەر دەبەن. مەڕدارانی قارەمانلوو هاوینان لە کێوی ئارموتلی و لە زستانیشدا لە باکووری مراوە تەپە و دۆڵی قاقلان بارگە و بنەیان دەخەن

ـــ *عێلی کاوانلوو لە چناران و رادکان:* کاوانلوو لە گەورەترین عێلەکانی زەعفەرانلوویە کە لە ناوچەکانی چناران، ڕادکان، بەخشەکانی مەشهەد و هەروەها لە دۆڵی دەروونگەری دەرگەز و کەلات نیشتەجێ بوون و خەریکی کاری ئاژەڵداری و وەرزێریں. بەشێکیان یەکجێنشین و بەشێکیان گەرمێن و کوێستان دەکەن. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسیش قسە دەکەن.

ـــ *عێلی گوران لە قوچان و شیروان:* ئەم عێلە زیاتر لە هەموو عێلەکان کاریگەریی کولتووری تورکی بەسەرەوەیە چونکە هەم لە ناوچەی گوندی (گوران)ی قووچان و هەم لە ناوچەی (فیروزە)ی شیروان دراوسێی هۆزە تورکەکان بوون و هەن. کوردانی فیروزە شانازی بە قارەمانانی وەک سەردار عەوێز و سەردار ئاراز و شێرەژنانێکی وەک توحفەگوڵ دەکات. بۆ سەر پێنج تایفە دابەش دەبن: گوران، بەگان (بەگەکان)، جەلالان (جەلالییەکان)، کوم بەلەکان، قورکان.

ـــ *عێلی کیکانلوو لە قوچان و بجنوورد:* لە گەورەترین عێلەکانی زەعفەرانلوویە کە لە ئێستادا بۆ سێ عێل دابەش دەبن: بیچرانلوو، سیفکانلوو و کیکانلوو. عێلەکانی بیچرانلوو و سیفکانلوو لە ناوچە سنوورییەکانی قووچان و کیکانلوو لە بەخشی مانە سەملقانی بجنوورد نیشتەجێن. بەشێکیشی لە باکووری قووچان لە (ئینچە کیکانلوو) نیشتەجێن و بە کاری ئاژەڵداری و وەرزێری خەریکن.

ـــ *عێلی کەیوانلوو لە ڕادکانی چناران:* خەڵکی ئەم عێلە گەورەیە لە

ناوچەی قووچان، ڕادکان و چناران نیشتەجێن. ئەم عێلە وازیان لە مەڕداری و چادرنشینی هێناوە و بە باغداری و وەرزێرییەوە خەریکن...

ـــ *عێلی میانلوو لە چناران و ڕادکان:* میانلوو لە گەورەترین عێلە کوردەکانی زەعفەرانلوویە... تەواوی کوردانی میانلوو لە ناوچەی چناران و ڕادکان نیشتەجێ بوون و خەریکی وەرزێری و باغدارین. زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسیش قسە دەکەن.

ـــ *عێلی موژدگانلوو لە نیشابوور:* هەروەك عێلی عمارلوو لە ئاوایەکانی دەشتی ماروسکی نیشابوور کە حەفتا و دوو گوندی کوردنشینی لێیە، ژیان بەسەر دەبەن. حەسەنخانی کوردی موژدگانلوو یەکێك لە سەرداڕە ناوداڕەکانی نادرشای ئەفشار سەر بەم عێلە بوو. خەڵکی ئەم عێلە خەڵکێکی زەحمەتکێش و چالاك و بەغیرەتن و خەریکی وەرزێری و ئاژەڵداڕین. زمانیان کوردیی کرمانجیە و بە تورکی و فارسییش دەپەیڤن. تایفە کوردەکانی تری نیشابوور کەیوانلوو، قارەمانلوو، وەرانلوو و توپکانلون کە لە ناوچەکانی باکوور ژیان بەسەر دەبەن.

ـــ *عێلی میلانلوو لە قووچان و ئیسفەرایین:* میلان و زیلان دوو عێلی بەناوبانگی کورد بوون. عێلی میلان یەکێك لە عێلە پڕحەشیمەتەکان بووە کە لە خوڕاسانی باکوور نیشتەجێ بوون بەڵام زانیاریەك لەبارەی عێلی زیلان لەبەردەست نیە. بەڵام کوردەکان دوای جێگیربوون لە ناوچە سنووریەکان، ناوی زیلانیان لەسەر یەکێك لە کێوە بەرز و هەڵەموتەکانی نیوان ئەوغاز و باجگیران دانا. بەشێکی لە خەڵکی سەر بەم عێلە لە دێهستانی سنووریی جیرستان و دوو ئاوایی بەم ناوە نیشتەجێن. زۆربەی ئەم عێلە کە نزیکەی بیست و چوار تیرەن، لە ناوچەی کوێستانییەکانی نێوان شارستانەکانی شیروان و ئیسفەرایین نیشتەجێ بوون و خەریکی ئاژەڵداری و باغداری و وەرزێرییەن. ژمارەیەك لە

تیرەکانی ئەم عێلە، لە ئاوایيەکانی ئیسفەراین و داوێنی کێوی شاە جەهان وەك دەوڵەت ئاباد، قاسم ئاباد، پرتان، عەباس ئاباد، نوشیروان، ئوردغان، بیدواز سەر بە شارستانی ئیسفەراین نیشتەجێن و خەریکی وەرزێریی و ئاژەڵداریین. زمانیان کرمانجی و تورکی و فارسییە و ...

ـــ *عێلی نامانلوو لە جیرستان:* نامانلووەکان خەڵکێکی زۆر ئازا و بەهێز و زەحمەتکێش و جەنگاوەرن کە لە دێهستانی جیرستان لە هێلی سنووریی نێوان ئێران و سۆفیەتی پێشوو نیشتەجێن و خەریکی کاری ئاژەڵداری و وەرزێرین زمانیان کوردیی کرمانجییە و بە تورکی و فارسییش قسە دەکەن.

ـــ *عێلی وەرانلوو لە دوغائی:* وەرانلوو یەکێك لە گەورەترین عێلەکانی زەعفەرانلوویە کە لە ئێستادا (مەبەست کاتی نووسینی کتێبەکەیە) هەزار بنەماڵە دەبێ. زیاتر لە پێنجسەد بنەماڵەی لە دێهستانی دوغائی قووچان لە ئاوایيەکانی شەفیع، ئیبراهیم ئاباد، رەزا ئاباد و ... نیشتەجێن و بە کاری وەرزێری خەریکن و بەشێکیشیان گەرمێن و کوێستان دەکەن و ...

ـــ *عێلی هودانلوو لە دوغائی:* زۆربەی خەڵکی ئەم عێلە دەستیان لە چادرنشینی و ژیانی کۆچەریی هەڵگرتووە و نیشتەجێ بوون و زۆربەیان لە دێهستانی دووغائی جێگیرن. ژمارەیەکیان بۆ شارەکانی قووچان و مەشهەد کۆچیان کردووە. تاقمێکیشیان هاوینان دەچنە کوێستانەکانی نێوان قووچان و نیشابوور و زستانان بۆلای ناوچەکانی سەرەخس دادەگەڕێن. حەبیبوڵڵاخانی ناسر لەشگری قووچانی لەگەورەپیاوانی ئەم عێلە بووە....

ـــ *عێل و عەشیرەتە کوردەکان لە بجنوورد:* عێلە کوردە بەناوبانگەکانی شارستانی بجنوورد بریتین لە:

شادلوو، زەعفەرانلوو، قەراچورلوو، کیکانلوو، گوران، حەمزەکانلوو، دوانلوو، ریشوانلوو، زیدانلوو و تایفەکانی.

ئەم عێلانە لە عێلی گەورەی چەمشگەزەکن کە لە ساڵی ۱۰۱۱ی کۆچی بە فەرمانی شا عەباسی گەورە لە دەشتی وەرامین بۆ ناوچەکانی باکووری خوراسان راگوێزراون. ناوەندیی سەرەکی ئەم عێلانە لە نزیک دەریاچەی ورمێ بووە و عێلی شادلوو لە باشووری قەفقازەوە بۆ ئازەربایجان و لەوێوە بۆ خوار و وەرامین و لەوێشەوە بۆ خوراسان ڕاگوێزراون...

ـــ *تایفە کوردەکانی دەرگەز:* عێل و تایفە کوردەکانی دەرگەز وەک عێلەکانی قووچان و شیروان و بجنوورد و ...لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم لە ساڵی ۹۱۶ی کۆچی ڕاگوێزراون. بەشێکی دیکەی عێلە کوردەکان لە عێلی گەورەی چەمشگەزەک لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی شا عەباسی گەورە لە ساڵی ۱۰۱۱ی کۆچی بۆ ناوچە سنووریەکانی دەرگەز ڕاگوێزراون... و بەرەبەرە هێندێک گوند و ئاواییان بۆ نیشتەجێبوون دروست کردن و هەر گوندێکیان بە ناوی عێلی خۆیان ناو نا وەک شێخوانلوو لە ئاوایی شێخوانلوو، باچوانلوو لە دێهستانی باچوانلوو، قەراچورلوو لە دێهستانی باچوانلوو، زیدانلوو و مادانلوو لە زیندانلوو، کیکانلوو لە دەرونگەر، کەیوانلوو لە زەنگەڵانلوو، پالکانلوو لە دێهستانی باچوانلوو، قەراجورلوو و شادلوو لە میانکێوی چاپشلوو، زەنگەنە لە نۆخندان، توزانلوو لە باچوانلوو و دولەشانلوو لە باچوانلوون ئۆرتکانلوو لە ئۆرتیان، زەعفەرانلوو لە دوتانلوو، بەریوانلوو لە پەساکوە، چەگەنی یان چەگەنەلوو لە نۆخندان، سۆفیانلوو لە دەرونگەر، تورانلوو، خاخیانلوو، خەڵانلوو یان خەلکانلوو، مامیانلوو، شانلوو و...

ـــ *تایفە کوردەکانی کەلات:* تایفەی بەریوانلوو، ئەردەڵان، شادلوو، بورانلوو، گوە شانلوو، ترسانلوو کە هەریەکێکیان لە شوێنێکی سەر بەم ناوچەیە نیشتەجێن. [۲۰]

خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر عێل و عەشیرەتە

کوردەکانی خوراسان لاپەڕەکانی ٤٩ هەتا ١٠١ی کتێبی «ایل ها و طایفەهای عشایری کرد ایران» بخوێننەوە کە بە دوور و درێژی باسی هەموو ئەو عێلاتەی کردووە بە تایبەت عێل و تایفە کوردەکانی دەرگەز کە لێرەدا تەنیا ناماژە بە ناوەکانیان کراوە، لەوێدا بە تێروتەسەلی زۆر بابەتی تری وەك ئاماری چادرنشینەکان و ئاماری ئاژەڵەکانیان و لەوەڕگە و زۆر بابەتی دیکە باسیان کراوە کە لێرەدا ناکرێ ئاوا بە بەربڵاویی باسیان بکرێ.

• **چالاکییە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان**

بۆ ئاگادارببوون لە ڕەوشی سیاسیی و کولتووری کوردەکانی خوراسان لەم بەشەدا بە باشی دەزانین چەند بەشێك لە وتوێژی ڕادیۆ کوردانە لەگەڵ ڕێزدار دوکتۆر ئەفراسیاب شکوفتە دابنێین.

پرسیار: بارودۆخی سیاسی، ئابووریی و کولتووری خەڵکی کوردی کرمانج لە ماوەی ژیانیان لە خوراسان بە چ شێوەیەك بووە؟

وەڵام: کوردەکانی ناوچەی باکووری خوراسانیش وەك قەوم و نەتەوەکانی تری ئێران لەباری سیاسی، ئابووری و کولتووری هەمیشە سەرکوت کراون و ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوامە. بەرپرسەکانی ئاستی سەرەوە دەبێ لە خەڵکی غەیری خەڵکی خۆجێیی بن یان...!!

کوردەکانی خوراسان کە هەمیشە سپەری بەڵا و پاریزەرانی ئێران لەو ناوچەیە بوون، پاداشتیان بێجگە لە هەژاری، چارەڕەشی و سووکایەتیی پێکران شتێکی دیکە نەبووە. دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکان لەم ناوچەیە بە چاوی ناوچەیەکی داگیرکراو سەیری دەکەن و کوردەکانی خوراسانیان لە پشکداربوون لە مافی دەسەڵاتداریێتی بێبەش کردووە. کوردەکانی خوراسان هیچ جۆرە ئیمکاناتی ڕاگەیاندنی دەنگی و وێنەییان بە زمانی

زگماکی نیە. هیچ چەشنە پێداویستییەکی ڕۆژنامەی ناوچەیی و گۆڤار و تەلەویزیۆنیان بە زمانی دایکیی خۆیان نیە. ئەو کوردانە وەك شارۆمەندی پلە چەندەم سەیر دەکرێن و ڕێزی زمانی زگماکییان ناگیردرێ. تەمی هەژاری و خۆ بەکەم زانی و متمانەبەخۆنەبوون بە سەر لاوانی کوردی باکووری خۆراساندا بە تەواوی دەبینرێ.

پرسیار: ئایا دوورکەوتنەوە لە نیشتمانی خۆیان کاریگەریی لەسەر کولتووری هونەری و سیاسیی ئەوان داناوە؟

وەڵام: هەتا ۲۰ـ۱۵ ساڵ لەوە پێش بە نێمەیان دەگووت نێوە کورد نین بەڵکوو ئێوە کرمانجن و کرمانجەکان کورد نین. ئێمە هیچ شارەزاییەکمان لە مێژووی نەتەوایەتیی خۆمان نەبوو. بەڵام دوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و بە هەوڵ و هیممەتی خودی لاوان و خوێندکاران، سەرەنجام تێگەیشتین چ تاوانێکیان دەرحەق بە ئێمە و زمانی زگماکی و کولتووری ڕەسەنی کوردیمان کردووە. ئەم ڕەوتە ئێستاکەش بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچێ. بۆ نموونە بە دایکان و باوکانی ئێمە دەڵێن: «بە فارسی لەگەڵ منداڵەکانتان بدوێن بۆ ئەوەی لە قوتابخانە کێشەیان نەبێ» و ... کەواتە دوورکەوتنەوە لە خوشك و براکانمان لە نیشتمانی خۆمان، کوردستان، بۆ ئێمە کەم تێچوو نەبووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم گیروگرفتانەشدا ئێمە دریژە بە خۆڕاگریمان لەپێناو پاراستنی کولتوور و هونەری ڕەسەنی کوردیی خۆمان دەدەین. داوا لە خوشك و براکانمان لە کوردستان دەکەین ئێمە لەبیر نەکەن و یارمەتیی هاونەتەوەییەکانی خۆیان بدەن.

پرسیار: چ هۆکارێك بوو بە هۆی ئەوەی کەمتر قسە لەسەر کوردی کرمانج بکرێ، ئایا بێجگە لە حکوومەت، ئێمە و کوردەکانی نیشتەجێی کوردستانیش ڕۆڵیان لە باس نەکران و نەخستنەڕووی ماف و داواکانیان و

نەگەیاندنی دەنگیان بە گوێی خەڵکی جیهان و دەوڵەتی ئێران نەبووە؟

وەڵام: دیارە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە ئاسان نیە چونکە خوشك و برا خۆشەویستەکانیشمان لە کوردستان تووشی کێشە و گرفتی زۆرن کە لەم پێناوەدا تێچووی زۆریان داوە و لەم پێوەندییەدا ئێمەی کوردانی خوراسانیش خۆمان بە شەریکی خەم و کێشەکانیان دەزانین. بەڵام دەکرا لانیکەم لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە ئەوان هەیانە، سیلە چاوێکیشیان لە ئێمە با و ئاوڕێکیان لێ دابایەوە. بەو هیوایەی ئیمکاناتی ڕاگەیاندنی کوردەکان لە حالەتی پاوانخوازیی ڕێکخراوەکان بێنەدەر و بگەنە ئاستێکی نەتەوەیی.

داوام لە هاونیشتمانە کوردەکانم ئەوەیە کە کوردبوون، مافە نەتەوەییەکانی کورد و کوردایەتیی خۆیان فیدای ئایدۆلۆژییە ڕەنگاوڕەنگەکان نەکەن. ئەم بابەتە تا ئێستا بێجگە لە بەدبەختی و چارەڕەشی شتێکی دیکەی بۆ نەتەوەی کورد بە دیاری نەهێناوە و ....

پرسیار: چالاکییە هونەری و سیاسییەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان لەگەڵ چ کێشەگەلێك بەرەوڕوویە؟

وەڵام: وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ هەمووان لە ڕۆژ ئاشکراترە. چالاکییە هونەری و سیاسییەکان وەك ناوچەکانی دیکە بە چاوی ڕەشبینی و پیلان بە دژی دەسەڵات سەیر دەکرێن. ئەوانەی دەست بۆ ئەم چەشنە کارانە دەبەن، بە شێوازی جۆراوجۆر تووشی غەزەبی دەسەڵات دەبنەوە. لەگەڵ هەموو ئەم گرفتانەشدا مۆسیقای کوردی بە شێوەی نەریتی هەر هەیە. بەڵام چالاکییە هونەرییەکانی وەك سینەما، شانۆ و هەر چەشنە چالاکییەکی دیکە کە ببێتە هۆی بەرەوسەربردنی کولتوور و زمانی کورد، ئەنجام نادرێن. لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیش بە پاراستنی شوناسی کوردییەوە

کەس ناتوانێ چالاك بێ.

پرسیار: چ کەسانێك زۆرترین کاریگەرییان لە پێوەندیی لەگەڵ پاراستنی کولتووری کوردی لە خوڕاسان هەبووە؟

وەڵام: بە سەرنجدان بەوەی زمانی کوردی وەك زمانی فەرمیی ناوچەیی نەبووە و ئێستاش نیە و لەباری فێرکاریی و نووسین و تەنانەت گفتوگۆش بە تۆندی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێگری لێ دەکرێ، پاراستنی کولتووری کوردی تا ئێستاش قەرزداری دایکان و باوکان و پێش قەرەوڵانی هونەری سوونەتی نەم ناوچەیەیە. بەڵام لەم دەیەی دواییدا تۆزی لاو و بە تایبەت خوێندەوار و خوێندکارەکانی کورد هاتوونەتە مەیدان کە جێگەی خۆشحاڵی و شانازییە.

پرسیار: ژیانی دوور لە نیشتمانی دایکیی چ کاریگەرییەکی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کولتووری کوردایەتیی ئێوەی کرمانج هەبووە؟

وەڵام: دیارە کولتووری ئەو نەتەوە جۆراوجۆرانەی لە ئێران دەژین، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە زوڵم و ناحەقی لێکراوە. بەڵام کوردانی باکووری خوڕاسان لەڕاستیدا بێجگە لە دەردی دووریی لە نیشتمانی خۆیان، زوڵم و ستەمی زۆریان لێ کراوە و لەپاراستنی زمان و کولتووری کوردی کێشە و گرفتی زۆریان هەبووە و تاڵی و ساردیی زۆریشیان چەشتووە.

پرسیار: ئایا بیرەوریەکی تایبەتی یان بابەتێکی تایبەتتان لە ژیان لە خوراسان هەیە و دەتوانی بۆمان باس بکەی؟

وەڵام: ئەمن هاوڕێ و هاوپۆلی زۆرم لە ناوچەکەدا هەن کە هەمیشە جێگەی شانازیی و هاندەری من بوون. ڕیوڕەسمە کوردییەکان و شەوەشێعری کوردی کە لەگەڵ هاوڕێکانم هەمانبوون، یادگاریی هەمیشەیین کە بۆ هەمیشە لەگەڵ منن. بەو هیوایەی بتوانم بگەڕێمە لایان و لە خزمەت

کـوردە بەڕێزەکانـی خوڕاسـان و خەڵکـی گـەورە و بەڕێـزی ئێرانـدا بـم.

ـ ئەگەر بابەتێکی تایبەتتان هەیە بفەرموون؟

وەڵام: زۆر سپاسـتان دەکـەم. ئەرکـی ڕاگەیەنـە گشـتییەکان زۆر گرنگـە. بەڕێوەبەرانـی ئـەم پێشـە و بـە تایبـەت ڕادیـۆ کوردانـە لەڕاسـتیدا دەنگـی خەڵکـی زوڵـم لێکـراو و زەحمەتکێشـن. سـەرکەوتوو بـن. [٢١]

(دوکتـۆر ئەفراسـیاب شـکوفتە سـاڵی ١٩٦٦ی زایینـی لـە کێوەکانـی دەوروبـەری فوچـان و لـە داوێنـی سروشـتدا لـە بەماڵەیەکـی مامناوەنـدی لـە عێلـی کاوانلوویـی لـە کوردەکانـی باکـووری خوڕاسـان لەدایـك بـووە. بڕوانامـەی دیپلۆمـی لـە شـاری شـیروان و دوکتـۆرای لـە زانکـۆی تـاران بەدەسـت هێنـاوە. ماوەیـەك لـە ئێـران کاری کـردووە. سـاڵی ١٩٩٩ ڕێگـەی هەندەرانـی گرتۆتەبـەر و لـە وڵاتـی ئینگلسـتان (بریتانیـا) ـ لەنـدەن ـ نیشـتەجێ بـووە. لەوێـش خوێندنـی لـە زانسـتی تاقیگـەی پزیشـکی (طبـی) دردێـژە پێـداوە. لـە سـەردەمی خوێندکارییـەوە تێکـەڵاوی چالاکیـی کـوردی بـووە و یەکێـك لـە دامەزرێنەرانـی ڕێکخـراوی کرمانجـی خەڵکـی خوڕاسـانە کـە بنکـەی سـەرەکی لـە شـاری لەنـدەی پایتەختـی بریتانیایـە).

خوێنەرانی خۆشەویست دەتوانن بۆ ئاگاداربوون لە هێندێك بابەتی پێوەندیدار بە ڕەوشی سیاسی و کولتووریی کوردەکانی خوڕاسان دیمانەیەکی ماڵپەڕی ڕووداو لەگەڵ ڕێزدار ئەفراسیاب شکوفتە لەژێر سەردێڕی «کوردی خوڕاسان ٤٠٠ ساڵە لە هەناوی فارسەکاندا نەگۆڕاون» لە ماڵپەڕی ڕووداو بخوێننەوە کە زۆر بابەتی بەپێزی لەم پێوەندییەدا لەخۆ گرتووە. ناونیشانی ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی ڕووداو: (rudaw.net/sorani/kurdistan/190920131)

هـەر سـەبارەت بـە ڕەوشـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کوردەکانـی خوڕاسـان

بەڕێز ئاریێز ئەندەریاری، نووسەر و لێکۆڵەر کە خۆشی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی سیاسی و جوغرافی و میژوویيە لەسەر کوردەکانی خوراسان، لەم پێوەندییەدا بەم شێوەیە باسی کردووە:

«نەبوونی یەکڕیزیی سیاسی و ڕێکخستنێکی بەهێز و، نەبوونی پارت و پێکهاتە سیاسیە ڕێکخراوەکان، هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی حەشیمەتی گەورەی کوردەکانی خوراسان، وەك خەڵکێکی بێپەنا و پشتیوان بمێننەوە و نەتوانن خواستە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانیان دەستەبەر بکەن...

کوردەکانی خوراسان وەك کوردەکانی تر، هەر لە سەرەتای کۆچ پێکردنیان بۆ خوراسان، ئەگەرچی کەموکوڕیشی تێدا بووە، ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرانبەر سیستەمی دەسەڵاتداری ناوەندی دەربڕیوە و داکۆکیان لەسەر مافەکانیان کردووە. هەربۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بە سەرهەڵدان و ملمالێیەکانی کوردان لەو هەرێمە بکەین. کوردەکانی خوراسان لە سەدەی ١٩دا لە هەرێمی قوچان لەدژی فەتحەلیشای قاجار دەستیان دایە شۆڕش. دواتر خەدوو سەردار یەکەمین هەنگاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کۆمۆنیستی بۆ سەربەخۆیی کوردەکانی خوراسان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەڵهێناوە. لە ساڵی ١٩٤٨ دا فەرەجوڵڵاخانی بیچرانلوو خانی عەشیرەتی بیچرانلوو، بە ڕاگەیاندنی خودموختاری لە هەرێمی سەرحەدی شیروان، هەوڵی دا بۆ ئەوەی کوردەکانی خوراسان خودموختار بن. بەڵام بەهۆی یارمەتی نەدانی هاوپەیمانانی، لە داگیرکردنی شاری مەشهەد و ناوەندی خوراسان، فەرەجوڵڵاخان پاشەکشێی کرد و دووایی لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتداری ناوەندی، ئەم سەرکردە کورده دەرمان داو کرا و شۆڕشەکەی هەرەسی هێنا.

لە بەردەوامی خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی خوراسان لە ساڵی ١٩٧٩دا، چریکەکانی ڕێکخراوی «ئەسپ تازان» بەسەرۆکایەتی نەسروڵڵا بەهادورانی،

پاسگای ئامانلوویان لە شاری شیروان داگیر کرد بەڵام دیسانەوە مێژوو دووبارە بووەوە و سەرۆکی ئەو جوولانەوەیە دەرماندراو کرا و ژیانی لەدەست دا.

سەرەڕای ئەوەی لە سەدەی ڕابردوودا ژیانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەوتنێکی هەمەلایەنەی بەخۆوە بینیوە بەڵام لەو ماوەیەدا، دەسەڵاتی ناوەندی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی «دەوڵەت ـ نەتەوە» کاریگەرییەکی نەرێنی کردوەتە سەر کوردەکانی خوراسان. هەرچەندە لە ساڵی ۱۹۵۹دا ڕادیۆ کوردی لە مەشهەد دامەزرا، بەڵام دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین بەیاکردنەوەی ڕادیۆیەك بەس نەبوو بۆ ئەوەی خواستە کۆمەڵایەتی کولتووری و سیاسییەکان بەراود بکات، بەڵکوو کردنەوەی ئەو ڕادیۆیە بە جۆرێك بۆ پێشخستنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بوو.

... سەرەڕای هەمووی ئەمانە، کوردەکانی خوراسان دەستبەرداری شوناس، کولتوور و زمانی خۆیان نەبوون، لە دەیەی ۹۰ی زایینی بەملاوە بەهۆی پێشکەوتنەکان لە بواری ڕاگەیاندندا کوردەکانی خوراسان سەرەڕای هەموو قەدەغەکارییەکان و ئاستەنگییەکان دەستیان دایە خەباتێکی بەرفراوانی مەدەنی و لەو چوارچێوەیەدا چەندین ناوەند، ماڵپەر، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و مەدەنی دامەزران کە کاریگەرییەکی فراوانی هەبوو لە بەرانبەر ئەو ڕەوتی پاکتاوکردنیان ...[۲۲]

• زمان، ئایین و داب‌ونەریتی کوردەکانی خوڕاسان

کوردەکانی خوڕاسان بەشێك لە حەشیمەتی کوردی ئێرانن کە لە ناوچەی باکووری خوڕاسانی گەورەدا بڵاو بوونەوە کە ئەم ناوچەیە بە کوردخانە ناسراوە. زمانی خەڵکی ئەم ناوچەیە کوردیی کرمانجییە. ئایینەکەیان ئیسلامە و کوردەکانی خوڕاسان موسوڵمانی شیعە مەزهەبن.

ئەگەرچی لە ڕابردوودا سوونە مەزهەب بوون بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار و بە تایبەت لەژێر فشاری دەوڵەتی سەفەویدا، ڕوویان لە مەزهەبی شیعە کردووە. فەرهەنگی کوردەکانی خوراسان بە جیاوازیگەلێکی کەمەوە هاوشێوەی کولتووری کوردیی خەڵکی کوردستانە.[٢٣]

جلوبەرگی ژنی کرمانج هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەن کە جۆری قوماش، جوانکارییەکان، نێوەکان و شێوازی ڕەنگەکانی لەم تایبەتمەندییانەن. بەرگی ژنانی کرمانجی خوراسانی باکوور لە کەراس و شەڵوار و کۆڵە پان کۆڵوانە پێك هاتووە. کەراس و شەڵوارەکە دوو بەشی سەرەکی ئەم جلوبەرگە پێك دێنن. کەراسەکە پارچەیەکی سادەیە و یەخەی تایبەتی نیە، کۆڵوانە (عەباکەیان) لە قوماشێکی مەخمەر دروست دەکرێ کە لەسەر کەراسەکە دەبەری دەکەن. بۆ ئەمە لە قوماشێکی مەخمەری بە ڕەنگی تۆند و گەرمی وەك سوور و سەوز و بنەوشی کەڵك وەردەگرن. ئەم جلوبەرگە بە دراو دەڕازێنرێتەوە کە لە کاتی ڕێ ڕۆیشتندا دەنگێکی خۆشیان لێوە دێ... ژنی کرمانج بۆ داپۆشینی سەری لە لەچکە و شاڵێکی تایبەت کەڵك وەردەگرێ کە سەر و چاوی دادەپۆشێ.[٢٤]

وەك دەڵێین ئەم شێوازی بەرگ پۆشینە ڕەسەنە، ئەمڕۆکە تەنیا ژنە بەتەمەنەکان زیاتر کەڵکی لێ وەردەگرن یان لە کۆڕ و بۆنەی خۆشیی و ئاهەنگ گێڕاندا ئەم جلوبەرگە دەبەر دەکرێ.

عەلی خوڕاسانی لە وتوێژ لەگەڵ گۆڤاری «ئاواشین» چاپی ئەنستیتۆی کوردیی سوئێد «زەماوەندی نەریتی و مۆسیقای کوردی بە هۆکاری مانەوە و بەردەوامیی کولتووری کوردەکانی باکووری خوڕاسان دەزانێ. بێجگە لە پاراستنی زمان، هەندێك ڕەسەنایەتیی کولتوورییش پارێزراون و ئەم ڕەسەنایەتیی کوردییە کە ڕیشەی لە کۆنیی و هاوبەشیی بیروباوەڕەکاندا هەیە، لە زەماوەند و بوك گواستنەوەدا زیاتر دەردەکەوێ و لێرەدایە کە کوردەکان حەزیان لە زەماوەندە و ڕێزی لێ دەنێن و

زۆجار زەماوەندی کوردی سێ شەو و ڕۆژی خایاندووە کە ئەمڕۆکە بۆ ٢٤ کاتژمێر کەم بۆتەوە. لێرەدا بە کورتی باس لە داب‌ونەریتی کوردەکانی خوڕاسان لە کاتی زەماوەند و شیرینی خواردندا دەکەین:

● ڕێوڕەسمی خوازبێنی و شیرینی خواردن

ژیانی عێلایەتی و عەشیرەتی و سووڕانەوە لە داوێنی سروشت و هاوڕازی کێو و چۆم بوون جێڕێکی تایبەتی بە ژیانی کوردەکانی ئەم مەڵبەندە بە خشپوە و بۆتە هۆی ئەوەی دوو لاوی کورد ئاشقانە یەکتریان خۆش بوێ. پێکهێنانی ژیانی هاوبەش زیاتر لەنێو عەشیرەت و هۆزدا بووە و لاوی کورد بە زمانی بێزمانی لە مووچە و مەزرا، لە پەنا ئاوهەڵدێر و سەرچاوەیەکی زوڵاڵ، لە ڕێگە خوار و خێچەکانی کوێستان، جاری وایە لە کاتی خێڵ بەرەوژووردا یان لە کاتی خێڵ بەرەوژێردا، بە بزەیەك یان پێکەنێنێك و جاری وایە بە ڕوانینێك، گراوییەکەی لە عەشقی خۆی ئاگادار کردووە و لە دڵی شەیدای خۆی تێگەیاندووە، بەڵام حەیا و حورمەتی عێلایەتی لەوە زیاتر ڕێگەیان نەداوە. ئەوکات کە ژیانیشی دەست پێدەکرد، عەشق بە یاری وەك گرێکی بەنرخ لە دڵ و دەروونی خۆیدا ڕلدەگرت. هەر لەبەر ئەم خۆشەویستییەیە کە لەنێو کوردەکانی خوڕاساندا کەمتر چاومان بە گۆرانی، پەند و ... دەکەوێ کە واتای تەڵاق و جیابوونەوە بەدەستەوە بدات.

ئا ـ خوازبێنی

کێژ و کوڕ پێشتر یەکتریان بینیوە، بێ ئەوە هیچ بڵێن ئاشقی یەکتر بوون، ئەوینێکی پاك و بێگەرد لە دڵی هەردووکیاندا گڕی گرتووە. لەوانەیە لێڕوانینێك یان بزەیەك چەشنێك بەڵێ بووبێ. کەوایە لاوەکە بۆخۆی، یان لەڕێگەی هاوڕێ و دۆستان یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی پەیامەکەی گەیاندووە. بنەماڵەش دوای وتووێژ و

ڕاوێژ ژنەکانیان بۆ لای مالّی کێژەکە دەنێرن. ژنەکان لە نزیکانی داواکارەکە بوون، ئەگەر هەڵسوکەوت و جوانیی و چاکیی کچەکەیان پەسند کردبوایە، ئەوا بە هێما و ئاماژە و کینایە داواکارییەکەیان دەردەبڕن.

بنەماڵەی کچەکەش دوای باس و ڕاوێژ، ئەگەر ڕازی بن، مالّی کوڕەکە ئاگادار دەکەنەوە. تا ئێستا ژنەکان ڕۆڵگێڕ بوون. ژنەکان بە ئاسانی دەتوانن لە قسەی منالّەکانیان تێبگەن. ئێستا پیاوەکان وەك بڕیاردەری کۆتایی دێنە مەیدانەوە.

لە خوازبێنی فەرمیدا بنەماڵەی کچەکە ژمە خواردنێك ڕێك دەخەن و هەندێك لە نزیکانی کچەکەش بانگهێشت دەکرێن. باوەگەورە، مام، خاڵ و ... لەپێشەوەن. دوای ئەمە لەلایەن کوڕەکەشەوە کەسوکاری نزیکی بانگ دەکرێن و قسە وباسی نێوان دوو لایەن دەست پێدەکا.

سەرەتا گەورەکان بابەتی خوازبێنی دێننە گۆڕێ و یەکێك لە گەورەکانی لایەنی کچەکەش وڵامی ئەرێنی دەداتەوە و دواتر باس لە وردەکارییەکان دەکرێ. کڕینی جیاز و کەلوپەلی پێویست لەو بابەتانەیە کە قسەی لەسەر دەکرێ. دوای دیاریکردنی مارەیی و ڕێکخستنی جۆری جیاز و و بارگە و بنە، دوو لایەنەکە دەچنە شار و ئەگەر لە گوند یان لەنێو عێلەکە مەلای لێ نەبێ، هەر لە شار مارە دەکرێ.

لەلایەن زاواوەوە بۆ کەسانی نزیکی بووك وەك برا، خاڵ، خوشکەکانی و ... دیارییەك دەکرێدرێ، ئەم دیاریە جووتە کەوشێکە یان لەچکەیەك یان کراسێك و ....

ب ـ شیرینی خواردن

دوای ئەمە دەبێ بواری ڕێوڕەسمی شیرینی خواردنەوە ئامادە بکرێ دەبێ ئەم هەواڵە خۆشە بە گوێی هەمووان بگات. هەرچەند بە قەولی سۆهرابی سێپەهری « خونچەیەك دەپشکوێ خەڵکی دێ ئاگادارن». گەیاندنی هەواڵ بە خەڵکی

ئاواییەکانی تر کە زۆرجار پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە، بە هەواڵنێرێك جێبەجێ دەکرێ. لە گوندیان لەنێو عێلیش لەنێو دەفرێك کە دەتوانرێ سینییەك یان دەفرێکی پڕ لە شیرینی بێ، قوماشێکی سووری بەسەردا دەدرێ.

بە دەنگی دەرگەی هەر ماڵێك ئەندامانی ئەو ماڵە بۆ بەشداریی لە ڕێوڕەسمێ شیرینی خواردن (شەکراو خواردنەوە) بانگهێشت دەکرێن. لەم ڕێوڕەسمەدا زیاتر خێزانی کچەکە خانەخوێی سەرەکین بەڵام کەسوکاریش دەچنە ماڵی زاوا. لەوێش گۆڤەند و دەهۆڵ و زورنا و هەڵپەڕکێ لەگۆڕێیە. دوای ئەوەی میوانانی زەماوەند گەیشتن و هەڵپەڕکێی جوانی کوردان دەستی پێکرد، بنەماڵەی زاوا لەگەڵ خزمەکانیان بەرەو ماڵی بووك وەڕێ دەکەون.

هەڵپەڕکێ لە ڕێگەدا تا گەیشتن بە ماڵی بووك لە پێش خەڵکدا بە گۆرانی گوتنی هونەرمەندان هەروا بەردەوام دەبێ. هونەرمەندانی خۆماڵی، چەپڵەلێدانی بەردەوام، ژنەکان جل‌وبەرگی ڕەسەنی کوردییان لەبەر دەکەن و شکۆ و جوانییەکی تایبەتی بە زەماوەند دەبەخشن. ژنەکان مەجومعە (سینی)یەکی گەورە لەسەر سەر دادەنێن کە کەلله قەند، برینج و ... لەسەر دادەنرێ و بە قوماشێکی سەوز و نارنجی و زەرد دەڕازێنرێتەوە. ژنەکان لە ڕیز و سەفی جوان و ڕێکوپێك دا بەرەو ماڵی بووك وەڕێ دەکەون.

کەسوکاری کچەکەش لەبەر ڕێزی میوانەکانیان بە پێشوازییانەوە دەچن. جاری وایە مەڕێکیشیان لەبەرپێدا دەکەنە قوربانی. ئەوجار هەموویان بەرەو ماڵی بووك وەرێدەکەون. ژنێك مەقەڵییەکی بەدەستەوە گرتووە و ئەسپەندەر دەسووتێنێ، ئەمە جوانییەکی تایبەتی بە ڕێوڕەسمەکە دەبەخشێ. میوانەکان بە پیرۆزبایی گوتن بە دایك و باوکی بووکە کە دەچنە ژووری ماڵی بووك. گۆرانیبێژانش بۆ ڕێزگرتن لە میوانەکانی زاوا بەپیریانەوە دێن و بەرزکردنەوەی دەنگی دەهۆڵ واتە میوانێکی تازە هات و پاداشتێکی لێ وەردەگرن. ئێستا هەموویان لە ماڵی بووك کۆ بوونەوە و بە چایی و

شیرینی پێشوازییان لێ دەکرێ. دوای ئەوە خۆشیی و هەڵپەڕکێ دەست پێدەکات. ژنەکان بە جلوبەرگی ئاڵووالای کوردی جاری وایە لەگەڵ پیاوەکان و جاری واشە بە جودا دەست تێکدەگرن و هەڵدەپەڕن. هەڵپەڕکێیەك کە تەنیا جوولەی دەست و پێیە بەبێ هیچ جۆرە جوولەیەکی ناپەسند و ناجوان.

پ ـ شیربایی (قەڵەند)

قەڵەند یان شیربایی پێشتر باو بوو و ئێستاکە زۆر بە دەگمەن هەیە. هەرچەند کەسانێك بە شتێکی ناجوان و ناپەسندی دەزانن. بەڵام نەم ڕەسمە لە کولتووری ئەواندا پێشینەیەکی هەیە. «کریستین سێن» ئەم ڕەسمەی زۆر بە کۆن زانیوە و دەنووسێ: «(لە سەردەمی ساسانییەکان) لاوێك کە دەیویست هاوسەرگیریی بکا دەبوایە بڕێك پووڵ یان زێو یان شتێکی دیکە پێشکەشی دایك و باوکی بووك بکات.» پووڵێك کە وەك شیربایی وەردەگیرا، بۆ کڕینی جیاز و جلوبەرگی زاوایی خەرج دەکرا.

سەرەنجام لە شەوی شیرینی خواردنەوەدا ڕیش سپی و گەورەپیاوان، ئەو مەجومعەیەی پارچە سوورەکەی بەسەردا دراوە، پارچەکەی لەسەر لادەدرێ و دەسمالّی ئاوریشمییان دەکردەوە و ئەو بڕە پارەیەی وەك شیربایی بە بنەماڵەی کچەکە دراوە، دەیانژمارد و دواتر دەیاندایە باوکی بووك. باوکی بووکیش بڕێکی پێدەدانەوە بۆ ئەوەی چاکەیەکی لەگەڵ زاواکەی کردبێ.

دوکتۆر محەمەدحوسێن پاپلی لەم بارەوە دەنووسێ: «لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی لەنێو کۆچەرانی خوراسانداً ئەو بڕەپارەیەی کە بۆ هاوسەرگیریی کچێك لە کوڕێك وەردەگیرا، ٤٥٠٠٠٠ قران بوو کە بێجگە لەمە، کوڕەکە دبوایە چەند سەر ئاژەڵیشی بە دیاری دابایە و خەرجی و تێچووی زەماوەندیشی لەسەرشان بووایە.»

لە گۆرانییەکانی کوردەکانی خوراسانیش ئاماژە بە بابەتی شیربایی کراوە:

سەری مەیان دەکشینم/ خەوی لە خوە دەگەرینم/ قەلەندێ تە وەهەف گینم.
(واتە ئەوساری وشتران دەکێشم/ خەو لە چاوانم دەزڕێنم/ بۆ ئەوەی
شیربابیە کەت دابین بکەم).

دوای ژماردنی شیربابی، دوو کەس لە گەورەپیاوانی لایەنی بووك و زاوا لە سەرەوەی خەڵك دادەنیشتن و دوای ناردنی سەڵەوات بۆ سەر محەمەد (د.خ) و یارانی، یەکێك لەوان کە بەتەمەنتر و بە ئەزموونتر بوو، دوو کەللە قەندی بەدەستەوە دەگرت و بە شیوەیەك لێکی دەدان کە دوو سەری کەللە قەند دەشکان و لە شوێنێکی گونجاو بەرامبەردا لێك جیا دەبوونەوە.

بە شکاندنی کەللە قەندەکان چەپڵەلێدان و شادیی و هەلهەلە دریژەی دەکێشا. یەکەمین کاری دوای ئەمە لەت لەتکردنی کەللە قەندەکان بوو کە لەتکە گەورەکانیان لەنێو میوانەکان دابەش دەکرد و لەتکە گەورەکەیان بە زاوا دەدا. سەری کەللە قەندەکانیشیان بە بنەماڵەی بووك و زاوا دەدا بۆ ئەوەی وەك یادگاریی هەڵیگرن و شیرینی و تامی ئەو شەوەیان هەمیشە لەیاد بێ.

ت ـ خەنەبەندان

یەکێك لە دیمەنە جوانەکانی شیرینی خواردن خەنەبەندانە. لەو کاتەدا خەنە زیاتر لە ماڵی زاوا ئامادە دەکرێ و لەگەڵ دیاریپەکانی دیکە بۆ ماڵی بووك دەبردرێ. خزم و کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی بووك و زاوا لە دەوریان کۆ دەبنەوە. لە شەوی خەنەبەندان جموجۆڵی زۆر لە ماڵی بووك بەرچاو دەکەوێ. کیژان و ژنانی بەشدار لەم ڕێوڕەسمەدا بە شێوەی بازنەیی لە دەوری یەکتر هەڵدەسووڕێن و بە ئاواز و گۆرانی خۆشییەکی تایبەت بەو شەوە دەبەخشن. لەو شەوەدا خەنەی زۆر ئامادە دەکرێ و بەشێکی لە دەست و پێی بووك دەدەن

و ئەوەی تر لەنێو میواناندا دابەش دەکەن.

سەرەنجام بە ئیزن وەرگرتن لە گەورەکان، کاری خەنەبەندانی دەستی بووك و زاوا دەست پێدەکا. زیاتر دەستەخوشك دەستی بووك و دەستەبرا یان براکە، دەستی زاوا لە خەنە دەدەن. لە هەندێك ناوچەدا دوای دەسپێکردنی خەنەبەندان بووك دەستی ڕاستی خۆی لە حاڵێکدا کە شاڵێکی سووری بەسەر سەری داداوە، لەسەر سەر دادەنێ و ئامادەبووان بە تایبەت ژنانی بنەماڵەی زاوا هەرکامیان دیارییەکی لەدەست دەنێن. بێشتر زیاتر دراوی زێر و زێو بووە.

لە هەندێك ناوچەش بووك دوو دەستی لەسەر سەری دادەنا و دواتر کەمێك خەنە کە پێشتر ئامادەکرابوو، لە ناو لەپی دەستی بووك دادەنرا و ئەرکی دەستەبرای زاوا ئەوە بوو خەنەکە لە دەستی بووك هەڵگرێ و لەجێی ئەوە پارەی لەجێ دابنێ. ئەم کارە سێ جار دووپات دەکرایەوە. ئەگەر براکە پارەی لەناو دەستی بووك دانەنابایە، بووك دەستەکانی تووند پێکەوەدەنا و نەیدەهێشت براکەی زاوا خەنەکە هەڵبگرێ.

ڕێورەسم بە گۆرانی گوتنی ژنان دریژە دەکێشێ و دوای ئەمە بووك و زاوا بە فەرمی مارەکراوی یەکترن.

د ـ قۆناغی دەزگیراندا‌ری

ئێستا بووك و زاوا بێترس لە عێل و خەڵکی ئاوایی قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. دوای ئەمە بنەماڵەی زاوا بنەماڵەی بووك دەعوەت دەکەن. بووك وەك ڕێزدانانێك دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ. چارشێوێك کە زیاتر ڕەنگی سپیە و زاوا بۆی کڕیوە، تا ئەو جێگەیە دایدەکێشێ کە دەموچاوی نەبینرێ. بووك تەنانەت زۆرجار هەتا چەند مانگ قسە لەگەڵ باوك و برا و تەنانەت دایکی زاوا ناکات و زۆر بە کەمی قسە لەگەڵ نزیکانی ئەو دەکات.

لە کۆندا هەرکات بووك، چاوی بە بنەماڵەی زاوا دەکەوت هەوڵی دەدا ڕووبەڕوویان نەبێتەوە و ئەگەر پرسیارێکی لێ کرابایە تێدەکۆشا بە ئیما و ئیشارە وڵام بداتەوە. ئەم نەریتە بە چەشنێك ڕێزدانان لەقەڵەم دەدرا. باشیی کارەکە لەوەدا بوو کە تا ماوەیەك شەڕەقسە، قسەهێنان و بردن و ... بە لانیکەمی خۆی دەگەیشت و بووك هەروا جێگەی ڕێز و حورمەت بوو.

ئەگەر بنەماڵە دەیانەویست کە بووك لەگەڵیان بکەوێتە قسە و باسەوە و ڕووی خۆیان لێ دانەپۆشێ، دەبووایە دایبیەکیان بە بووك دابایە. ئەم نەریتە نەمرۆ لە هەندێك لە گوندەکان باوە و بووك تەنانەت دوای ڕێوڕەسمی زەماوەند و چوون بۆ ماڵی مێرد، قسە لەگەڵ باوکی زاوا ناکات و دەموچاوی خۆی پێنیشان نادات.

•••

● ڕێوڕەسمی زەماوەند و بووك گواستنەوە

بە تێپەڕبوونی قۆناغی دەزگیراندا، هەڵگرتنەوەی بەروبوم، گەڕانەوەی عێل لە گەرمێن و جاری وایە کوێستان، ئەغڵەب باشترین کات بۆ زەماوەندی کوردانە. پێش ئەوەی زەماوەندەکەی بە فەرمی دەست پێبکا، زاوا جیاز و بارگەوبنەی کڕیوە. بنەماڵەی کچەکەش بە دروستکردنی دۆشەك و جاجمە و فەڕش و ... دیاری و جیازیان بۆ کچەکەیان ئامادە کردووە. هەتا بەڕێوەچوونی زەماوەند شتێکی نەوتۆ نەماوە. لە ڕێوڕەسمێکی کورتدا کەسوکاری زاوا کۆ دەبنەوە و دوای خواردنی نانی شەو کارەکان دابەش دەکرێن و گرووپێك لە لاوان سبەی ئەو ڕۆژە بۆ هێنانی دار بۆ زەماوەند دەست بەکار دەبن.

هەر کەسە و هەر تاقمەی کارێك دەکا، خەبەرەکە دەگەیەنن،

کەلوپەلـی چێشـت لێنـان ئامـادە دەکـەن و ... زەماوەنـدە زۆربـەی کاتـەکان شـەو و ڕۆژێـك دەخایەنـێ لـە ئێـوارەوە دەسـت پێـدەکا و تـا ئێـوارەی ڕۆژی دوایـی دریـژە دەکێشـێ و بـەزم و ڕەزم هـەروا دڵـی خەڵـك خـۆش دەکا و غـەم بارگـە و بنـەی تێـك دەنـێ...

ئێستا بەرنامەکانی زەماوەند:

ـ مۆسیقاژەنینی (مۆسیقاژەنەکان) ئاشقەکان

دەنگـی زورنـا و دەهـۆڵ شـنەبایەکی دڵ بزوینـە کـە لـە دەشـتی پـان و بەرینـی دڵـی کوردەکانـدا دەشـنێتەوە. ئـاوازی زورنـا و دەهـۆڵ تێکـەڵاوی تربـە و لێدانـی دڵـەکان دەبـێ. شـادی، پێکەنیـن، خۆشـحاڵی و .. واتـە وادیـارە زەماوەنـدە. بـە بیسـتنی دەنگـی مۆسـیقا ژن و پیـاو، بیـر و لاو کـۆ دەبنـەوە. میوانەکانـی ڕێگـەی دوور و نزیـك دەگەنەجـێ. خانەخوێیـەکان بەپیریانـەوە دەچـن. مۆسـیقاژەنەکانیش بـە دەهـۆڵ و زورنـاوە پێشـوازی لـە میوانـەکان دەکـەن. لـە هەمـوو لایەکـەوە بۆنـی ئەسـپەندەر دێـت. ئێسـتا خەڵـك کـۆ بوونەتـەوە، دەرزی هەڵاوێـی وەزەوی ناکەوێـت. ژنـان بـە جلەبەرکـی ئـاڵ و واڵای کوردییـەوە، هـەر دەڵێـی بەهـار و گەڵاڕێزانـە. پیرپیـاوان خەریکـی خۆبـادان و هەڵپەڕینـن، هەڵپەڕکێیەکـی تایبـەت کـە بەڕاسـتی لێیـان جوانـە و ... دواتـر نـۆرەی نـۆرەی لاوەکانـە، هەڵپەڕینەکـە ئەمجـارە تونـدتـر و خێراتـرە، گـوڕ و تینـی زیاتـری تێـدا بـەدی دەکرێـت. دواتـر هەڵپەڕکێـی ژنـان، هەڵپەڕکێـی ئـەوان بەپێچەوانـەی هـی پیـاوەکان زۆر قورسـە.

جوولـەی هاوئاهەنـگ و ڕێکوپێـك بـە جلوبەرگـی کوردییـەوە، شـکۆ و هەیبەتێکـی جـوان، بـە شـێوەی بازنەیـی، بەڕاسـتی هـەر خۆشـە لێـی بڕوانـی.

جاروباریش ژن و پیاو پێکەو هەڵدەپەڕن. تازەبووکەکان ڕووپۆشێکی سوور بەسەر سەر و ڕوخساریان دادەدەن بۆ ئەوەی لاوە سەڵتەکان بیانناسن، و ئەو سەڵتانەش (لاوە بێژنەکان) لەوانەیە لەو کچانەی کە لچەك و پارچەی سپیان بەسەر داداوە، ئەوینی خۆیان بدۆزنەوە.

ـ ئامادەبوونی زاوا

زاوا میوانی «براکە»یە. دوای خۆجوانکردن جلوبەرگی زاوایەتی دەبەر دەکات. زمارەیەك لە لاوان بەدوای زاوادا دەچن. زاوا و براکە لە یەنا بەکتر لەنێو خۆشحاڵیی لاوەکان لە زەماوەندەکە نزیك دەبنەوە. مۆسقاژەنەکان بەپیر زاواوەوە دەچن. ئەویش دەبێ شاباشیان پێبدا. ئێستا هەموو چاوەڕوانی زاوان. زاوا دەگاتە مەیدانەکە. چاکی و چۆنی لەگەڵ میوانەکان دەکات و ماچیان دەکات. دوای ئەمە یاڵڵا بۆ نێو هەڵپەڕکێ. هاوڕێانی زاوا هەڵپەڕکێ دەست پێدەکەن. لە هەرلاوە شاباشی بۆ دەدەن کە بەڕاستی شەوێکە و لەبیر ناکرێ.

لەم شەوەدا دایك و باوك و خوشك و براکانی زاوا پێکەوە هەڵدەپەڕن و هەرکەسە و بە جۆرێك شاباش دەدات. پیاوان بە جۆرێك و ژنان بە شێوەیەك.

سەرەنجام دوای چەند ڕێوڕەسمی دیکەی وەك تورە و بردنی جلوبەرگەکانی بووك و خەنەبەندان و زۆرانبازی و ... نۆرە دەگاتە بووك هێنان و گەیشتنی بووك بە ماڵی زاوا.

جوانترین بەشی زەماوەند لەوانەیە ئەم بەشە بێ واتە هێنانی بووك لە ماڵی باوکی ڕا بۆ ماڵی زاوا. زیاتر لە دەورووبەری نێوەڕۆ و دوای هەڵپەڕکێ و زۆرانبازی بۆ بووك هێنان دەچن. زاوا لەسەر پشتی ئەسپ لەگەڵ ژمارەیەك لە لاوان دەست بە ڕمبازێن دەکەن. خەڵکیش بەرەو لای ماڵی بووك وەڕێ دەکەون. لەلایەك ڕەخسین و خۆبادانی ژن و پیاوان لەپێش میوانان و لەلایەکیش بەزم و

ڕەزمی گۆرانیبێژ و هونەرمەندان.

بوك ڕازاوەتەوە، جلوبەرگی کوردی لەبەرە و تارایەکی سووری لەسەرە. دەبێ مالّی باوکی جێبێلێ. لە کاتی بردنی بووکدا ڕەسم وایە کە هاوڕێیانی زاوا شتێك لە مالّی بووك هەلّدەگرن کە لەوانەیە لیوان، کەوچك و ... بێ (ئەم نەریتە لەهەندێك ناوچەی ئێران بۆ وێنە لەنێو خەلّکی پارێزگای فارسیشدا باوە). پێش بردنی بووك زۆرجار باوك یان براکە دەسمالّێك کە نان و پەنیری تێنراوە، لە کەمەری بووکی دەبەستن. عەبدوللا مستەوفی پێی وایە: لەبەر ئەوەی بووك تازە گەیشتۆتەجێ و بە کون و کەلەبەرەکانی مالّ نازانێ کەوایە باشترە یەکەم خواردنی زاوای لە مالّی خۆیەوە پێبێ بۆ ئەوەی سپاسێکیش لە زاوا کرابێ.

بێجگە لە لەمە سەبارەت بە فەلسەفەی نان و پەنیر لە کەمەر بەستن دەتوانرێ ئاماژە بە دوو بابەت بکرێ: یەکەم ئەوەکە بنەمالّەی بووك لەبەر هەژار و نەدار کچەکەیان بە مێرد نەداوە و دووەم ئەوەکە دەربڕی ئەم واتایە بێ کە بووك لە مالّی باوکییەوە بە پاروەنانێکی سادە و پەنیرەوە پێی ناوەتە مالّی زاوا و خۆبەزلزانی و زێدەخوازی لە خۆی دوور کاتەوە و ژیان لە خۆی و لە زاوا تاڵ نەکا.

پێش بردنەدەری بووك دەبێ دیارییەك بە خاڵی بدرێ هەتا ئیزنی چوونەدەری پێبدا. ئەوجار بووك سواری ئەسپ دەکەن. لەسەر پشتی ئەسپەکە منالّێکی کوڕ لەپێش بووك سوار دەکەن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن بەم کارە یەکەم منالّی بووك و زاوا کوڕ دەبێ. ئەوجار زاوا بە سواری ئەسپ بە پێشوازی بووکەوە دەچێ.

بە چەپڵەلێدانی خەلّك و دەهۆڵ و زورنای گۆرانیبێژان بەرەو مالّی زاوا وەڕێ دەکەون. ئێستا بووك و زاوا سواری دوو ئەسپن و خەلّك لە دەوریان کۆ بوونەتەوە. زۆرجار پێش گەیشتن بە مالّی زاوا لە شوێنێکی پان و بەرین و دەشتایی زاوا لە ئەسپ دێتەخوار و پاش بەڕێوەبردنی چەند نەریتێکی دیکە وەڕێ دەکەونەوە.

ئێستا بووك گەیشتۆتە حەوشەی ماڵی زاوا. بۆنی ئەسپەندەر، خۆشحاڵیی خەڵك، چەپڵەلێدان و تلی لی، بووك لە ئەسپ دانابەزێ. دەبێ سەرەتا باوکی زاوا دیاریيەکی پێبدا. ئەم دیاریيە لەوانەیە پارچە زەوییەك، باغێك، چەند سەر بزن و مەڕ یان مانگا و ... بێ. لەگەڵ ئەوەی بووك پێی نایە دەرکی حەوشەی ماڵی زاوا، تەشتێکی گەورە بە تۆندی بە عەرز دادەن و دەبێ بووك بەسەریدا تێپەڕ بێ. دوای ئەوەی بووك دەگاتە ژوورێ، دایك و باوکی زاوا بەخێرهاتنی دەکەن و دیاریيەکی گەورەی پێدەبەخشن.

خەڵکیش دوای دابەزینی بووك لە شوێنێك دادەنیشن و پێش خواردنی نانی نیوەڕۆ دیاریيەکانیان (پووڵ، زێڕ و ...) دەدەنە تازە زاوا. ناوی کەسەکان و بڕ و جۆری دیاریيەکە لە لیستێکدا دەنووسرێ. ئەم کارە لاتیکەمی یارمەتییەکە میوانەکان، لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیان بەم دوو لاوەی دەبەخشن.

سەرەتای شەو دوای زەماوەند، بنەماڵەی زاوا بنەماڵەی بووك دەعوەت دەکەن و میوانەکانی هەردوولا کۆ دەبنەوە و کەوگیرەکەیان دەدایە دەستی بووك کە ئەو شەوە بە شەوی «کەوگیر بەدەست» ناسراوە و بووك لە سێبەینەکەیدا تێکەڵاوی ژیانی ئاسایی و کاروباری ماڵ و ماڵداری دەبێ.

بەم شێوەیە کوردەکانی خوراسان ژیان لەلای خۆیان شیرین دەکەن، تاڵییەکان دەکەنە هەنگوین. کوردەکان بە هەڵپەڕکێ و شادومانی، بە داربازی و زۆرانبازی لە زەماوەندا، لە هەمان کاتی خۆشیدا، مەشقی ئازایەتی و کارامەیی دەکەن. سروشت کتێبێکی پڕ لاپەڕەیە کە کوردەکان لەوانەیە زیاتر ئەم کتێبە بناسن و خوویان پێوە گرتووە. ئەم کتێبە فێری کردوون کە تێکەڵاوییان لەگەڵ ڕوناکیی ئەخلاق، سۆز و ژیان زیاتر بێ و کوردەکان بەم شێوەیە ئەزموونی دوێنێ و نەریتە ڕەسەکانیان بپارێزن کە بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێننەوە. هەر

چاوێك كه لێك دەنرێ، دیدەیەكی تر سڵاو لە ژیان دەكات و لێرەدایە كە كوردەكان لە جوغرافیای بێكەسیدا لە زۆربوون دان. دەمێننەوە بۆ ئەوەی عەشق و خۆشەویستی بە غەریبی نەمێنێتەوە.[۲۵]

• كولتووری خواردەمەنی لەنێو كوردەكانی خوراساندا

ئەگەرچی خواردەمەنی بۆ خەڵك، ئامرازێك بۆ زیندووماندوە و درێژەدان بە ژیان بووە، بەڵام چەند نموونەیەك لە شوناس و میژووی نەتەوەیەكی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە و لە پەنا جل‌وبەرگ، خانوو، ئایین، مۆسیقا و زمان لە نیشانە و تایبەتمەندییەكانی شوناسی نەتەوەیەك دێنە ئەژمار. كولتووری خواردەمەنیی هەر نەتەوەیەك لە قووڵایی میژوو و جوگرافیای ئەو نەتەوەیە سەری هەڵداوە كە شێوازی ژیان، جوگرافیا، زمان، قەومییەت، چین، باوەڕ، بۆچوون و ئایدیا ئایینی و مەزهەبییەكانی خەڵكێك بەدوای ڕادەكێشێ. لەڕاستیدا لەنێو خواردەمەنی نەتەوەیەكدا زۆر شت خۆی شاردۆتەوە كە تەنیا بە بابەتی خواردن و لێنان كۆتایی نایەت و بە وتەی پرۆفیسۆر فریبۆرزی هەمزەیی خەڵكناسی كورد، «لەنێو قاپێكدا، میژوویەك خەوتووە.»

•••

كوردەكانی باكووری خوراسان سەرەڕای دووریی چوارسەد ساڵە لە نیشتمانی دایك و هاوڕەگەزەكانی خۆیان، میراتگری یەكێك لە كۆنترین كولتووری خۆراك و خواردەمەنین كە زۆربەیان تەنانەت لە ناوی خواردنەكە، شێوە و فەلسەفەی لێنان و ئامادەكردنی هاوشێوەی كوردستان و ناوچەكانی زاگرۆسە و لەگەڵ هەوراز و نشێوە میژووییەكان، تایبەتمەندییە شوناسی ـ ڕەگەزیی خۆیان پاراستووە. ڕاستە ئەم خەڵكە لە ماوەی چەند سەدە و ژیان كۆچەرایەتی تا ڕادەیەك چوونەتە ژێر كاریگەریی كولتووری كانی دیكە و بگرە و بەردەی كولتوورییان لەگەڵ نەتەوەكانی دراوسێ هەبووە، پابەندی زۆرترین و كۆنترینی ئەو دابونەریتانە بوون كە لە نیشتمانی

باوباپیرانیانەوە لەگەڵ خۆیان بردوویانە...

لە باکووری خوراسان، تا ئێستاکە کەمتر توێژەرێك حەزی لە باسکردنی بابەتی خواردەمەنییەکان کردووە، لەوانەیە لە ڕوانگەی توێژەرانی ئەم مەڵبەندەوە، خواردەمەنی جێگەیەکی کولتووریی تایبەتی نەبووە و بایەخی توێژینەوەی نەوتۆی نیە. دیارە پێویست بە ئاماژەکردنە کە لەم بوارەدا وتارێك لەژێر ناوی «زنجیرەی شیرەمەنییەکان لەلای عەشیرەتە کوردەکانی خوراسان» لە ساڵی ١٣٦٩ لەلایەن ماموستا کەلیمووڵڵا تەوەحودی چاپ کراوە کە دەتوانرێ لە بیاقی کولتوری خواردەمەنیدا پۆلێن بکرێ و لەوانەیە بە هۆی تێپەڕینی کاتێکی زۆرەوە پێویست بێ سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لاوانی کورد لەگەڵ لاینە جۆراوجۆرەکانی کولتووری خۆیان ئاشنا بن.

کوردەکانی باکووری خوراسان بەهۆی شێوازی ژیانی ڕاوەستاو لەسەر ئاژەڵداری و مەڕومااڵت بەخێوکردن و ژیان لە سروشت و ناوچە کوێستانییەکان، خواردن و خواردەمەنییەکانیشیان کاریگەریی ئەم شێوەیە ژیانەیان بەسەرەوەیە. بە شێوەیەك کە خواردنی گۆشت، بەروبومە ئاژەڵییەکان و سەوزییە کێوییەکان هەمیشە لە ژیانی نەواندا پڕڕەنگ بووە. لە خواردەوەدا باس لە ڕەسەنترین و کۆنترین خواردەمەنییەکان لەنێو کوردانی خوراسان دەکرێ کە وا دێتە بەرچاو زۆربەیان خاوەن بەهایەکی ئایینی بووبن:

ـ کوڵێر: لە گرنگترینی ئەو داهێنانانەی کە لە مەیدانی دروستکردنی ناندا ئەنجام دراوە، داهێنان و دروستکردنی تەندوو لە وڵاتی ئێرانی کۆندا بووە. هەنووکەش نان و تەندوور لەنێو زەردەشتییەکانی ئێرانی بایەخی خۆی لەدەست نەداوە. هەروەها تەندوو و وەجاغ لەنێو کوردانی یارسان و عەلەویەکانی تورکیە و کوردانی باکووری خوراسان خاوەن بایەخن ... لەنێو گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیدا نان ڕێز و حورمەتی زۆری هەیە و سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەنووکەش لە هەندێك ناوچەدا

سوێند بە نان دەخۆن و کاتێك لەتە نانێك لەسەر عەرز دەکەوێ هەڵیدەگرنەوە و دوای ماچکردنی، لەسەر شوێنێکی بەرزی دادەنێن تا نەوەکوو وەژێر پێ بکەوێ. دەبێ لە زۆر کۆنەوە نان یەکێك لە بەشە جیانەبۆوەکانی کولتووری خواردەمەنی ئایینیی ئێران بووبێ و بڕینج ناتوانێ وەها پێشینەیەکی کۆنی لەم ئایینەدا هەبێ.

کولۆر ناوی نانێکی خڕی ئەستووری ڕەنگ زەردە کە بە هەویر، ڕۆن و زەردەچێوە دروست دەکرێ و لەسەر سێڵ سوور دەبێتەوە. کولۆر لەنێو کوردەکانی خوراسان نانێکی نەزری و ئایینییە کە زیاتر لە ڕێورەسم و بۆنە ئایینییەکاندا وەك نەزرکردن دروست دەکرێ و لەنێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. (شایانی باشە لە ناوچە کوردنشینەکانی دیکەدا «کولێرە»ی پێدەڵێن).

ـ *فەتیر مەسکە یان فەتیر ڕووڵن:* کوردەکانی خوراسان کولۆر تازە و گەرم لەگەڵ کەرە یان ڕۆنی ئاژەڵ لەنێو دەفرێکی مسی تایبەت بە نێوی «لەنگەری» تێکەڵاو دەکەن و شەکری لەسەر ڕۆدەکەن و لە ڕێورەسمی تایبەتدا دەیخۆن کە «فەتیر مەسکە» یان «فەتیرڕووڵن»ی پێدەڵێن. سەرنجڕاکێشە ئەوەیە ئەم خۆراکە لەنێو زەردەشتییەکانی یەزد، بە «سیروك» بەناوبانگە و وەك کوردەکانی خوراسان لە میوانداریی و ڕێورەسمەکاندا دەیخۆن. دیارە هەم لەنێو زەردەشتییەکانی یەزد و هەم لەنێو کوردانی خوراسان ڕەهەندێکی ئایینی پێدەدەن.

ـ *شیربڕنج:* شیربڕنج یەکێك لە چێشتە سونەتییەکانی باکووری خوراسانە کە لە ڕێورەسمە تایبەتەکان بۆ وێنە لە کۆڕیادێك کە بۆ مردووەکان لە ڕەشەمە و ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵ بەڕێوە دەچێ، دابەش دەکرێ و خەڵك دەیخۆن. ئەم ڕێورەسمە کە بە «ئەلەفە بەنێوبانگە، هەروا لەنێو هەندێك لە کوردەکانی خوراساندا باوە و زیندوویە. دیارە لە عەرەبی یان کوردیدا هەبوونی ئەم نێوە جێگەی گومانە، بەڵام ئەم ئایینە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام واتە سەردەمی میترائیزم و مەزدائیزم دەگەڕێتەوە و چێشت بەخشینەوە بۆ مردوو لە ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵ و پێش دەسپێکی ساڵی نوێ،

هەمیشە نەریتێکی کۆن و لەمێژینەی زاگرۆش نشینەکان بووە. بەپێی ئەم نەریتە هەر بنەماڵەیەك لە ڕۆژەکانی نزیك لە ساڵی نوێ، خەڵکی ئاوایی کە زیاتر ڕیش سپی و گەورەپیاوانی ئاوایین، بانگهێشت دەکرێن و ئەوانیش بۆ مردووەکانی خاوەنی کۆڕەکە، فاتیحە دەخوێنن و لە خوا دەپارێنەوە لە مردووەکانیان خۆش بێ. کۆنترین خوادنێك کە لەم ڕێوڕەسمەدا دەدرێ، «فروو» (فرۆ) بووە کە لە شیری مانگا (چێڵ)، مەڕ یان بزنێك کە تازە زاوە، دروست دەکرێ کە دواتر شیربرنج جێگەی فرۆی گرتۆتەوە و لە ئێستادا شیربرینج جێگەی خۆی بە خواردنە ئەمڕۆییەکانی وەك مریشك، قیمە و ... داوە.

ــ **کەشکە:** کەشکە لە خواردنە کۆن و نەتەوەییەکانی کوردەکانی باکووری خوڕاسانە کە زیاتر لە زستان و لە نزیکەی جەژنی نەورۆز دروست دەکرێ. شێوازی دروشتکردنی بەم شێوەیەیە کە سەرەتا ئاو دەکوڵێنن و لە کاتی کوڵینی ئاو، بە ڕادەی پێویست ئاردی تێدەکەن و لەسەرەخۆ لێکی دەدەن بە شێوەیەك نەبێتە هەویر و باش توند بێ و بکشێ. دوای لێنانی، لە دەفرێکی تایبەت (لەنگەری)ی دەکەن و بە ڕادەی پێویست ڕۆنی ئاژەڵی پێوە زیاد دەکەن و لێکی دەدەن. لە کۆتاییدا شیلەی تری یان دڕووی بەسەردا دەکەن و دەیخۆن. ئەم خواردنە زۆر کۆنە و وا دێتە بەرچاو لەو خواردەمەنییانە بووە کە کوردانی باکووری خوڕاسان لە زێدی باووباپیرانیانەوە لەگەڵ خۆیان بردبێ.

ــ ***یارمە (گرمێ گەنم):*** بۆ دروستکردنی ئەم خواردنە سەرەتا گەنم دەکوتن و وەك ساواری لێ دەکەن. دوای ئەمە دانەوێڵەکان دەکوڵێنن و گەنمە وردکراوەکە یان ساوارەکەی پێوە زیاد دەکەن بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بکوڵێ و خەست بێتەوە. هاوکات بە ڕادەی پێویست خوێشی پێوە زیاد دەکەن. دوای کوڵینی گەنم و خەست بوونەوەی ئاشەکە، پیواز سوور دەکەنەوە و لەگەڵ بەهارات بە ئاشەکەی زیاد دەکەن. بۆ لێنانی ئەم خواردنە لەجێگەی ڕۆنی

ئاسایی، زیاتر کەڵك لە کەرە و ڕۆنی ئاژەڵ وەردەگرن. گرمێ گەنم یان یارمە زیاتر لە ڕۆژە تایبەتەکانی ساڵ بۆ وێنە ڕۆژ عاشووراێ دەنرێ و وادیارە لە خواردنە ئایینییەکانی کوردانی باکووری خوڕاسان بووبێ.

ـــ *دانوو:* دانوو کە لە کوردستان بە دانەکوڵانە بەناوبانگە. لە باکووری خوڕاسان زیاتر لە وەرزی کۆکردنەوەی گەنم و هەروەها لە کاتی هاتنەدەری ددانەکانی منااڵان لێدەنرێ. بەاڵم لە هەندێك لە ناوچەکانی زاگرۆس بۆ وێنە کرماشان بێجگە لەو ڕێوڕەسمانە، ڕەهەندی ئایینیشی بەخۆوە گرتووە. بۆ لێنانی دانوو سەرنا گەنم و دانەوێلە نە ناودا دەحوسێنن بۆ نەوەی نەرم ببەوە. پاشان تێکەاڵویان دەکەن و ئاوی گەرمیان پێوە زیاد دەکەن و لەسەر ئاگرێکی کەنی دادەنێن هەتا دەکوڵێ. جارجاریش دەبێ سەری لێبدەن بۆ ئەوەی ئاوەکەی کەم نەبێتەوە. چونکە زۆر درەنگ دەکوڵێ و ئاوەکەی زوو وشك دەبێتەوە. هەرکات ئاوەکەی لێ کەم بۆوە، دەبێ ئاوی گەرمی پێوە تێبکرێتەوە. دوای کوڵین و خەست بوونەوەی ئاوی دانوو، لە کۆتاییدا پیوازی بۆ سوور دەکەنەوە و لەگەڵ بەهارات و خوێ پێوەی زیاد دەکەن.

ـــ *دەۆکەلی:* دەۆکەلی نەریتیترین خواردن لەنێو کوردەکانی باکووری خوڕاسانە کە دەتوانرێ بگوترێ لەنێو هەموویاندا هاویەشە. ماددە سەرەکییەکانی ئەم چێشتە دۆ و سوسرك (شیرین بەیان)ن کە پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ شێوازی ژیان و گوزەرانی کوردان هەیە. بۆ لێنانی ئەم چێشتە، سەرەتا دۆیەکە ئامادە دەکەن و کەوچکێك شیرین بەیان و کەمێك نەحنایان شویدی پێوە زیاد دەکەن. دواتر پیوازی بۆ سوور دەکەنەوە و دۆیەکەی تێدەکەن و بە ئارامی لێکی دەدەن تا ئاستێك کە دۆیەکە وەکوڵ دێت. دوای ئامادەبوونی، نان وورد دەکەن و پێی دادەکەن و دەیخۆن. کوردانی خوڕاسان لە سەر سفرە و لە کاتی خواردنی ئەم چێشتەدا، ڕۆنی ئاژەڵ یلن کەرەی وەکوڵ هاتووی بەسەردا دەکەن کە لەم حاڵەتەدا «کەلەووش»ی پێدەڵێن.

ـ *شووروا:* شووروا لە خواردنە ئایینییەکانی کوردانی خوڕاسان لەقەڵەم دەدرێ و لە کۆنەوە تا ئێستا لە ڕێوڕەسمە گەورەکانی وەک سەرەخۆشی و زەماوەند لە سەر سفرەکان ئامادەیە. بە شێوەیەک کە ئێستاکەش لەو ڕێوڕەسمانەدا شووروا ڕسەنایەتیی خۆی پاراستووە. شووروا بە گۆشتی وشک و خوێڵێدراو لە گرنگترین خواردنەکانی کوردانی باکووری خوڕاسانە کە زیاتر لە وەرزی زستاندا لێدەنرێ. شێوازی لێنانی، وەک شووروای ئاساییە بەڵام گۆشتەکەی وشک و خوێڵێدراوە. ئەم شیوازی ڕاگرتن و پاراستنی گۆشت لە سەردەمە کۆنەکانەوە و لە کاتی نەبوونی یەخچاڵ (سەلاجە) لەنێو کوردانی باکووری خوڕاسان باو بووە. بەو شێوەیە کە گۆشتەکەیان لەت لەت کردووە و خوێیان لێداوە و بە بەنێکی قایمی وەدەکەن. لە شوێنێکی خاوێن و وشک و فێنک هەڵیداوەسن هەتا گۆشتەکە بە تەواوەتی وشک بێ. دوای وشک بوونی گۆشت، بەنەکە دەکەنەوە و گۆشتەکان لە کیسەیەک دەکەن و هەرکات پێویست بێ بۆ لێنانی شووروا کەڵکی لێ وەردەگرن. لەم شووروایە (ئابگۆشت) لەدا دەبێ خوێی کەم تێبکرێ چونکە تا ڕادەیەک خوێی هەیە.

بێجگە لەو خواردن و چێشتانەی باسیان کرا دەتوانرێ ئاماژە بە قیقانە، کووکی، یەخنی پەلاو، دووقورمە، سەربێ، قاورمە، شکەنە، ئاولوونگ، لەنێو کوردانی باکووری خوڕاسان بکرێت کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکرێت. سەرنجراکێش ئەوەیە زۆربەی ئەو خوارادنانەی ناسێنران و ناویان هاتووە، ئەمڕۆکە لە کوردستان باون و بەناوبانگن و تەنانەت ناوەکانیشیان هاوشێوەن. (ئەم بابەتە لەلایەن شیرین دەوڵەت پوور ـ دەگەز، لەژێر سەردێڕی «فرهنگ خوراك در میان کردهای شمال خراسان» نامادە کراوە کە لە هەردوو ماڵپەڕی:

- (www.meisamroudaki.ir/food-culture-of-the-kurds-in-northern-khorasan)
- (http://darbandijhour.blogfa.com/post/29)

وچەندین وێب سایت و ماڵپەڕی دیکەشدا بڵاو کراوەتەوە.[۲۶]

هەروەك باس کرا زمانی خەڵکی ئەم ناوچەیە کوردیی کرمانجییە بەڵام ئەدەبیاتی زارەکی ئەم خەڵکە بەهۆی نەبوونی ڕێنووسی کرمانجیی خوڕاسان خەریکە تووشی زیانی گەورە دەبێتەوە. لەم بەشەدا سەرنجتان بۆ بابەتێکی گرنگ لەمەڕ خەسارناسیی زمانی زگماکیی لەنێو کوردەکانی باکووری خوڕاسان لەژێر سەردێڕی (مرگ خاموش) لە نووسینی بەڕێز (شیرین دولت پور ـ دەرگەز) ڕادەکێشم کە لە لاپەڕە (٤٨ ـ ٥٠)ی ژمارە ۱۳۸ی گۆڤاری مەهاباد دا بڵاو بۆتەوە و لەلایەن ئامادەکاری ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە و لەبەر گرنگیی بابەتەکە لێرەشدا بڵاوی دەکەینەوە:

• مەرگی بێدەنگ

(خەسارناسیی زمانی زگماکیی لەنێو کوردەکانی باکووری خوڕاسان)

لە زستانی ساڵی ڕابردوو «ماری ئیسمیت جۆنز» دوایین پاشماوەی خۆجێییەکانی «ئەیاك»ی ئالاسکا و تەنیا کەسێك کە توانای قسەکردن بە زمانی ئەم گرووپە لە سورپێستەکانی نیشتەجێی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکای هەبوو، لە تەمەنی ۸۹ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بە مردنی ئەو کەسە، زمانێکی دیکەش لە زمانەکانی سەر ئەم جیهانە کەم بۆوە و لەنێو چوو. خاتوو جۆنز حەوت منداڵی لەپاش بەجێماوە بەڵام توانای پەیڤین و قسەکردن بە زمانی دایکیی خۆیان نییە، چونکە لە ئالاسکا زمانەکەیان قەدەغە کراوە و خەڵکی خۆجێیی ناچار کراون تەنیا بە ئینگلیزی قسە بکەن. لە زۆر ناوچەی جیهان، بێجگە لە سنووردارێتی و بەربەستە دانانی حکوومەتەکان لە پەروەردە و قسەکردن بە زمانی دایکیی، ئەم

زمانانە لە ماڵەکاندا و لەلایەن دایك و باوکانەوە تووشی سڕانەوە و لەنێوچوون دەبن. بە شێوەیەك کە هەر لەم پێوەندییەدا رێکخراوی یۆنیسکۆ رایگەیاندووە کە لە شەش هەزار و حەوت سەد زمانی دنیا زیاتر لە نیوەیان خەریکی لەنێوچوونن و بە شێوەی مامناوندجی لە هەر پازدە رۆژدا، زمانێك لە جیهاندا لەنێو دەچێت. ئەم رێکخراوە پێشبینی ئەوە دەکات کە زیاتر لە چل لە سەدی (٤٠٪) زمانەکانی دنیا چارەنووسێکی هاوشێوەی چارەنووسی زمانی خەڵکە خۆجێییەکەی ئەیاك ئیان دەبێت.

بە هەستکردن بەم نیگەرانییە، رێکخراوە فەرهەنگییەکانی جیهان بە خستنەڕووی کۆنفانسیۆن و راگەیاندراوی جیاواز خوازیاری پشتیوانی و زیندوو راگرتنی زمانی دایکیی نەتەوە و قەومە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهانن. رێکخراوی یۆنیسکۆ وەگ گرینگترین رێکخراوی فەرهەنگیی دنیا بە دیاریکردنی ٢١ی فەوریە وەك رۆژی جیهانیی زمانی دایکیی، رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی لەم بوارەدا گێڕاوە بۆ ئەوەی زمانی دایکیی بۆ هەمیشە لە رۆژگەرێ فەرهەنگیی وڵاتاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و بە ملیۆنان مرۆڤی دورکەوتوو لە زمانی دایکیی خۆیان بتوانن فێری بین.

بە بڕوای کۆمەڵناسان، زمان یەکێك لە نیشانە کولتوورییەکان و بەشێك لە شوناسی قەوم و نەتەوەیەك دێتە ئەژمار. بە واتایەکی دیکە و لە روانگەیەکی فراوانتردا، دەبێ زمان لە گشت توخمە کولتوورییەکانی دیکە بە تەواوەتی بە جیا دابنرێت چونکە لە لایەك ئامرازی دەربڕین، فێربوون و گەشەی کولتوورە و لە لایەکی دیکەش کەژاوەی گواستنەوەی کولتوور لە وەچەیەك بۆ وەچەیەکی دیکەیە. ئەوەیکە کولتوور و کەلەپووری رابردووەکان بە وەچەی نێستا دەبەستێتەوە و جیلی داهاتووش لە بەها و باوەڕەکانی وەچەی ئێستا ئاگادار دەکاتەوە، زمانە. لەم رووەوە مەرگی زمانێك تەنیا لەنێوچوون و نەمانی

ئامرازێکی پێوەندی گرتن نیە بەڵکوو مەرگی کولتوورێك بە هەموو رابردوو و پێشینەکەی و مەرگی نەتەوەیەك بە هەموو شوناسی ئێتنیکی، میژوویی، کولتووری و ئایینییەتی.

بەڵام زمانی دایکیی چیە؟ زمانی دایکی بە زمانێك دەگوترێ کە زمانی ئێتنیکی، رەگەزی و سەرەکی دایکی منالّە و منالّ قسەکردن بەم زمانە لە دایکی فێر دەبێت. زمانی دایکی زمانی یەکەم، خۆمالّی و بنەمایە کە منالّ لە کاتی لەدایکبوونەوە لە دایك و لە بنەمالّەی خۆی فێری دەبێ و دەتوانێ قسەی پێبکات. لە بەرامبەردا، زمانی دووەم زمانێکی جیاوازە کە تاك لەوانەیە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونداییان لە رەوتی راهێناندا فێری ببێ. پرسیار ئەمەیە کە هۆکارەکانی مانەوە یان لەنێوچوونی زمانێك چن؟ بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکان شێوە و شێوازی روانینی تاکەکان بۆ زمانێك پێك دێنن و ئەم روانگە و روانینانە دەتوانن لە هەڵبژاردنی زمان و بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەران و فێرکردنی بە منالّەکان لە چوارچێوەی خێزاندا رۆڵی دیاریکەریان هەبێت. لەنێو زمان و شێوەزارەکاندا جۆرێکیان لە کۆمەڵگەدا شانسی زیاتریان بۆ مانەوە دەبێ کە خاوەن پێگە و ئیعتباری کۆمەڵایەتی و کولتووری بەرزتر بێ. بەهرەمەندبوون لە ئیعتبار و شوێنگەی کۆمەڵایەتیش پێویستیی بە بەهرەمەندبوون لە پشتیوانی و داکۆکیی سیاسی، ئابووری، زانستی، ئەدەبی و کولتووری هەیە. روانینە نەرێنییەکان تەنانەت دەتوانن ببنە لەمپەری پێشوازی کردنی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە بە وێژە و ئەدەبیات و بە تایبەت بە شێعر و ئەمە خۆی دەتوانێ یەکێك لەو هۆکارانە بێ کە خێرایی بە رەوتی لەنێوچوونی زمانەکە بدەن.

لە درێژەی ئەم بابەتەدا، ئامانجی سەرەکی ئەمەیە کە بزانین هۆکارەکانی ڕاکردن لە زمانی دایکیی لەنێو کرمانجەکانی باکووری خوڕاسان چین؟

لەحاڵێکدا کە بەڵگە و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم شێوەزارە لەبەردەم مەترسی دایە و وردەوردە بەرەو فەرامۆشی دەڕوات، دەبێ چ بکرێت؟ لەم دەرفەتەدا مەبەستمانە لە ڕەهەندێکی کۆمەڵناسانەوە تاوتوێی ئەم دیاردەیە بکەین و هۆکارەکانی لە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بەهایی و کولتوورییەوە شی بکەینەوە.

کرمانجەکانی باکووری خوراسان گرووپێك لە کوردەکانن کە دوای کۆچکردن لە کوردستانی تورکیە بۆ ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، لە سەردەمی شائیسماعیلی سەفەویدا، بۆ بەرگریکردن لە سنووری خوراسان و پێشگرتن لە هێرشەکانی تورکەمەن و ئۆزبەکەکان، بۆ هێڵە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کۆچیان پێکرا و نیشتەجێ کران. دواتر جێگرەوەکانی شائیسماعیل، سیاسەتی ڕاگواستنی ئەوانیان بۆ خوراسان دریژە پێدا و ئێلی زیاتریان بۆ ئەو ناوچەیە کۆچ پێکردن. بە شێوەیەك کە لە ئێستادا، حەشیمەتیان زیاتر لە ملیۆنێك کەس مەزەندە دەکرێت. (دیارە ئامارێکی ورد لەم بارەوە لەبەردەستدانیە) کە لە دوو پارێزگای خوراسانی باکوور و ڕەزەوی نیشتەجێن. گرینگترین ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان بریتین لە شارەکانی قوچان، بجنورد، ئیسفراین، شیروان، چناران، دەرگەز، کەلات، ئاشخانە، مانە، سملقان، فاروج، باجگیران و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە شارەکانی وەك مەشهەد، قوچان، گورگان، تاران و کەرەج. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە شێوەزاری کرمانجی کە لقێك لە زمانی کوردییە، قسە دەکەن کە ئەمڕۆکە ئەم شێوەزارە و نەدەبیاتی زارەکییەکەی بە هۆی گرینگی پێنەدان و نەبوونی خەتی نووسین و بەکارنەهێنانی، لەبەردەم خەسار و مەترسییەکی جیددی دایە. بە شێوەیەك کە لە سااڵنی دوایی و بە پەرەسەندنی کۆچکردن و دیاردەی شارنشینی، قسەکردن بەم شێوەزارە وردەوردە لاواز بوە و خەڵك حەز و هۆگرییەکی کەمتر بە بەکارهێنانی

لـه ژیانـی رۆژانـه و هەروەهـا فێرکردن بـه منالّەکانیـان نیشـان دەدەن. له خـوارەوەدا هـەوڵ دەدرێـت بـاس لـه گرینگتریـن هۆکارەکانی ئـەم دیاردەیـه لـەم ناوچەیەدا و لەنێـو کوردانـی باکـووری خـۆراسـان بکرێـت.

١ـ رەوتی خێرای پرۆسەی مۆدێرنیزم و شارنشینی

زمانناسان هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان و لەنێوچوونی زمانێك له فاکتەرگەلێکی وەك کۆچکردن، ئاڵوگۆڕە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و پێیان وایە کاتێك کە کەمینەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکات. بەرەبەرە زمانێك کە خاوەن هێز و بەربڵاویی زیاترە، جێگەی زمانی ئەوان دەگرێتەوە. زۆربەی کاتەکانیش ئەو زمانانە جێگەی زمانی سەرەکیی خەڵکەکە دەگرنەوە کە لە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر بەهرەمەندن. گەشەنەسەندنی ژێربنەماکانی وەرزێری و ئاژەڵداری لە ئێراندا کە دەبێتە هۆکاری دیاردەی نگریسی کۆچکردن لە گوندەکان بۆ شارەکان و ژیانی کۆچەری و ڕاوەستاو لەسەر ئاژەڵداری و وەرزێری بەرەو لەنێوچوون برد، لە هۆکارەکانی لەنێوچوون و لاوازیی شوناس و میراتی کولتووری کوردانی خۆراسان دێتە ئەژمار. پێکهاتی عێلیی و گوندنشینی لەگەڵ نزمیی ئاستی خوێندەواری و شارەزایی و ئاگایی کولتووری و شوناسی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا، بە خێرایی ئەم هۆکارانەی زیاد کرد. هەرچەند ئێل و ژیانی ئێلاتی و گوندنشینی لە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیاندا پایەگای ڕەسەنایەتی، ئایین، کولتوور، زمان و دابونەریتەکانی نەتەوەیەکە و هەر یەك لە ئێمە لە داوێنی ئەو کولتوورەدا بووە کە ئەمڕۆکە ئەم کەلەپووەمان لە باوك و دایکی خۆمان وەرگرتووە و وەك میرات بۆمان بەجێماوە، بەڵام نەبوونی بەرێوەبەرێتی و ڕێنوێنیی دروستی ئەم کۆمەڵگە ناڕاگا و دەست لێنەدراوە لە ناسینی شوناس توانی بە هەمان ڕادە زیانبار بێت و خەساری گەورە بە میراتی کولتووریی کوردانی خۆراسان بگەیەنێت. بە لەنێوچوونی ژیانی عێلاتی و گوندنشینی و کۆچکردن بەرەو شارەکان، ئەم گرووپە

ناشارەزاو نائاگایە لە کۆمەڵگەی نوێی شارنشینیدا کە بەداخەوە هیچ فرەچەشنی و فرەدەنگیەك قبووڵ ناکات و سەرکەوتن تەنیا لە یەکدەستی و یەك شێوەبوونداد دەبینێ، بۆ ڕاکردن لەدەست ڕوانین و هەڵسوکەوتی تێکەڵ بە سووکایەتی کە گاڵتە بە هێما و ڕواڵەت و کولتووری ئێلی و گوندیی دەکات و بە چاوی سووك سەیری دەکات، دەستیان بە دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی نوێی خۆیان کرد. ئەم گرووپە لەجێهەڵکەندراو لێك بڵاوانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆدێرنیزم و شارنشینیدا بووشی سەلیشتواوی و دژوازیگەلێك بوونەوە و لە بۆشایی و نەبوونی ڕاگەیاندن. ئەنجومەن و گرووپە کولتووری ـ مەدەنییەکان و بژاردەکانی وریا و وریاکەرەوە، سەرەنجام قبووڵکران و وەرگرتنی خۆیان لە شوێنی نوێ، بە «گۆڕینی شوناس» و ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان و قبووڵکردنی هاوشێوەیی لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا بینی. یەکێك لە گرینگترین نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە شوناسییە، گۆڕانی زمانە کە بە خێرایی لەنێو ئەم کۆچبەرانەدا بڵاو بۆوە و بە ڕووکردنە زمانی فارسی، زمانی دایکیی وەلا نرا. بەم شێوەیە بوو کە پرۆسەی ڕاکردن لە زمانی دایکیی لە چەند دەیەی ڕابردووەوە لەنێو کوردانی باکووری خوڕاساندا دەستی پێکرد و لە ئێستادا بە قۆناغی جێکەوتەیی و جێگیربوونی خۆی گەیشتووە.

٢ـ بایەخ پێنەدانی خوێنەواران و بژاردەکانی کوردی باکووری خوڕاسان

زمانناسان پێیان وایە کاتێك زمان یان شێوەزارێك بە قۆناغی سڕانەوە و لەناوچوون دەگات کە ئەو منااڵنەی ئەمڕۆکە لەدایك دەبن، ئیتر بەو زمانە یان شێوەزارە نەپەیڤن. هەرچەند لەدایکبووانی ساڵانی پێشوو هەنووکەش دەتوانن بەو زمانە قسە بکەن، بەڵام بە جێگۆڕکێی وەچەکان، ئیتر کەمتر کەسێك دەست دەکەوێ کە بە زمانی ڕەسەنی دایك و باوکی قسە بکات. ئەمڕۆکە کرمانجی باکووری خوڕاسان پێی لەوەها کەشێك ناوە و بەرەبەرە لە ڕەسەنایەتی و لەمێژینەیی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

لەم نێوەدا، یەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکان لە لەنێوچوون یان زیندوویی زمانێك، بەکارهێنانی لە لایەن تاکەکان و کەسایەتییە بەنفووز و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و کولتووریییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. ئەمە بژاردەکان و خوێندەوارانی کۆمەڵگەیەکن کە دەتوانن بەها و ئیعتبار بە زمانێك ببەخشن یان بێبەها و بێئیعتباری بکەن و لە بەرەوی بخەن. لە باکووری خوڕاسان، خوێندەواران و کۆمەڵگەی زانستی و فەرهەنگیی کورد لەو گرووپانە بوون کە تا رادەیەك زمانی دایکیی خۆیان لە بەها و ئیعتبار خستووە. ئەم کۆمەڵگەیە، ژمارەیەك لە نووسەران و چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لەنێو کوردانی خوڕاسان لەخۆ دەگرێت کە ئەمڕۆکە بە شێوەیەك وەك تریبوون و زمانحاڵی ئەم خەڵکەش دێنە ئەژمار. بەڵام دەبێ بگوترێ کە ژینۆسایدی زمانیی لە خوڕاسان تا رادەیەکی زۆر بەدەستی ئەوان دەستی پێکرد. کۆمەڵگەی گوندنشینیی کوردانی خوڕاسان لە چەند دەیەی رابردوودا، بەرەبەرە خوێندەوار و بژاردەگەلێکی دایە دەرەوە کە بە هاوسەرگیری و نیشتەجێبوون لە شاردا وردەوردە لە شوناشی کوردیی خۆیان دوور کەوتنەوە و بە قسەکردن لەگەڵ منالّەکانیان بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکیی خۆیان، بەم بۆچوونە هەڵەیە کە تاکێکی شارنشین تاکێکی فارس زمانە و هەروەها بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان دێهاتی بوونی کەسانی دیکە و شارستانی بوونی خۆیان، بەرەبەرە فەرهەنگی « فارسی بێژی »یان و فارس بوونیان هەڵبژارد و لەگەڵ خۆیان بۆ نێو گوندەکانیشیان برد. هەتا ئەو جێگەیەی کە بۆ خەڵکی ئاساییش فارس بوون بوو بە جۆرێك پلەی کۆمەڵایەتی و هەنووکە ئەم دیاردەیە بچوکترین گوندەکانی ئەم ناوچەیەشی گرتۆتەوە.

ئەم گرووپە بە بیانووگەلی جۆراوجۆر و نالۆژیکی وەك فارسی بوونی زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان و ئەگەری لاوازبوونی منالّان لە فێربوون و پەیوەندیگرتندا، پاساو بۆ رەفتاری هەڵەی خۆیان دێننەوە و ئەم پاساوهێنانەوە نادروست و نالۆژیکیەشیان بۆ نێو خەڵکی ئاسایی گواستۆتەوە هەتا ئەو جێیەی

کە ئەم خەڵکە وردە وردە بوونە شوێنکەوتوویان و وەك ئۆلگوو و نموونەیەکی فەرهەنگی سەرکەوتوو بۆ خۆیان سەیریان دەکەن. بێخەبەر لەوەکە ئەم گرووپە، خۆیان ساڵانێك پێشتر بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و راگەیاندن، لە ئاوایی و ناوچە دوورکەوتووەکانی باکووری خوراسان چوونە نێو سیستەمی پەروەردەی فارسی و توانیان لە زانستگە و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا بگەنە پلە و پایەی بەرزی خوێندن و ئەمڕۆکە نووسەر و ئەدیبگەلێیان لەم کەسانە بە شێوەیەك بەسەر شێعر و وێژەی فارسیدا زاڵ بوون کە لەم مەیدانە گرەوییان لەوانی دیکە بردۆتەوە و کەسانێکی دیار و بەناوبانگیان لێ دەرکەوتوون.

٣ـ فرەیی زمانی و تێکەڵاویی ئێتنیکی لە باکووری خوراسان

باکووری خوراسان لانکەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی قەومەکانی تورك، کورد، تورکمەن و فارسە بێ‌ئەوەی هەڵسوکەوتی مەزنخوازانەی قەومی بێتە ئاراوە کە ئەم فەرهەنگە خۆی دەبێتە هۆی تێکەڵاویی نژادی و زمانی و پێکهێنانی ژن و ژنخوازیی لەنێو ئەم قەومانەدا. کوردەکانیش وەك یەکێك لە قەومەکانی ئەو ناوچەیە، بەدەر لەم دیاردەیە نەبوون. مەبەست لە باسکردنی ئەم خاڵە بەهادان بەم بابەتە نییە بەڵکوو ئاماژە بەم راستییەیە کە بەداخەوە هیچ یەك لەو دایك و باوکانەی سەر بەم قەومانە نەیانتوانیوە وێنا و سیمایەکی دروست لە کولتووری و شوناسی ئێتنیکی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بخەنەڕوو و دایك و باوك بە پاککردنەوەی رووی بابەتەکە، هەردوکیان شوناسی ئێتنیکی و زمانیی خۆیان وەلا ناوە و شوناسێکی دیکەیان لەجێگە داناوە یان لە هەندێك بابەتدا زمانی باوك بە قازانجی زمانی دایك، پەراوێز خراوە و وەلا نراوە.

ئەمڕۆکە ئەم دایك و باوکانە لەو ناوچەیەدا، هاوسەرگیری و تێکەڵاویی قەومی بە هۆکارێك بۆ نەبوونی فێرکردنی زمانی دایکیی بە منداڵەکانیان دەزانن، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ناتوانرێ سەبارەت بەم منداڵە دووڕەگانە نوسخەی شوناسی

بێچرێتەوە یان شوناسێك بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بکرێ و لەسەرتر دابنرێت. هەروەك کە هەر مرۆڤێکی ئاگادار لە مافەکانی مرۆڤ دەزانێ سەپاندنی ئیجباری و بەزۆرملێی زمان یان شوناسێك لە ناوەڕۆکی خۆیدا زەوتکردنی مافە مرۆییەکانی ئەو تاکەیە. ئەمە کە دایك و باوکان لە زمان و کولتووری جیاوازن، ئەمڕۆکە نە تەنیا خاڵێکی لاواز نییە بەڵکوو دەرفەتێکە. دەرفەتێك کە بتوانرێ لە ماڵدا دوو زمان فێری منداڵ بکرێن و بێجگە لە چوونەسەری هۆش، ژمارە و زانیاریی زمانیی ئەو کەسەش دەوڵەمەندتر دەکات کە ئەمڕۆکە لە سەردەمی بێوەندییەکاندا، زانینی زمانە جۆراوجۆرەکان، خۆی یەکێك لە گرینگترین پێوەرەکانی سەرکەوتن و دامەزراندنی پێوەندی و لێك تێگەیشتنە.

٤ ـ نەبوونی ئەلفوبێی نووسراوەیی

جیا لە نووسراوە ئەکادیمییەکانی وەك کتێب یان وتار، جاری وایە نووسینی نامە، پیرۆزبایی، دەعوەتنامە، پەیامێکی بچووك یان قسەیەکی خۆش بە زمانی زگماکیی لەنێو خەڵکدا دەتوانێ ئیعتبار و بایەخێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەو زمانە ببەخشێ و پێشوازیی خەڵك لەو زمانە زیاتر بکات. بەڵام کوردی خوڕاسان هیچ وێنایەکی لە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆی نییە و چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە زمانەکەی بتوانێ شیاوی فێرکردن و خاوەنی پێکهاتەی نووسراوەیی بێ. تەنیا لە چەند ساڵی دواییدا بە پەرەسەندنی پێوەندییەکان و لەژێر کاریگەریی رەوتە کولتوورییەکانی کوردستان، پێکهاتەکانی نوسراوەیی ئارامی و لاتین بە زمانی کوردی، ئەویش تەنیا لە بەینی بەشێکی کەم بۆتە باو و بڵاو بۆتەوە.

لەلایەکی دیکە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی کرمانجی تورکیا بێسەرنجدان بە جیاوازییە زاراوەییەکان و ڕوانینی خۆماڵییانە، لە بابەتە نوێیەکانی دیکەی ئەم ساڵانەی دوایی لەنێو کوردانی باکووری خوڕاسانە کە بە جۆرێك فێربوون، خوێندنەوە

و نووسینی کرمانجیی لەنێو توێژی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەیە دژوار کردووە. زۆر لە نووسەران و چالاکانی فەرهەنگیی کورد لە خوراسان، یەکەمین شێوە بۆ خوێندنەوە و نووسین بە زمانی زگماکییان هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بەم شێوازە دەست پێکردووە و بەم کارە دەیانهەوێ ڕێگای سەد ساڵە بە شەوێك ببڕن، بێخەبەر لەوەکە ئەم کارە پێویستی بە بەستێن خوڵقێنی، ڕاهێنان و گەشەی وشیاری و زانیاریە. ئەوە کە زۆربەی سەرچاوە کرمانجییەکان بە ئەلفوبێی لاتین بووە و کوردەکان دەبێ بۆ کەڵك وەرگرتن لێی شارەزای ئەم ئەلفوبێیە بن و هەروەها بتوانن بەرهەم و نووسراوەکانی خۆیان بخەنە بەردەم کوردەکانی دیکەش، شیاوی سەرنجە بەلام بە ناگادار بوون لەوەکە پێکهاتەی زمانی فێرکاریی فارسی لەسەر بنەمای ئەلفوبێی ئارامییە، ڕێگەی باشتر ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەنێو کوردانی خوراسان، کەڵك وەرگرتن لە ئەلفوبێی ئارامی کوردییە و وادێتە بەرچاو کە ئەم شێوازە بۆ فێربوون سادەتر و بەسوودتر بێ و پێشوازییەکی زیاتریشی لێبکرێت. شایانی ئاماژەپێدانە کە لە چەند ساڵی دواییدا بە هەوڵی دامەزراوەی کرمانج لە قوچان نووسینی کارتی پیرۆزبایی و دەعوەتنامە بە زمانی کوردی و بە ئەلفوبێی ئارامی بڕەوی سەندووە و ئەمڕۆکە لایەن کرمانجەکانەوە پێشوازییەکی زیاتری لێکراوە بە شێوەیەك کە هەر کەسێکی ئاسایی دەتوانێ ڕستەکانی بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، شتێك کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لەوانەیە کەس فکریشی بۆی نەچووبا.

٥ـ لاوازیی ئەدەبیاتی منااڵن و بەرهەمە کولتوورییەکان لە بواری منااڵندا

نەبوونی نووسراو و بەرهەمە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان بە زمانی کوردی وەك کتێب، گۆڤار، فیلمی کارتۆن و (سی دی)یە فێرکارییەکان بۆ منااڵن یەکێك لە بۆشاییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان لەنێو کوردانی خوراسان دایە. چیرۆکەکان، لایی لایی و داستانە شیرین و پڕ لە ئامۆژگارییەکان کە دایکانی کورد لە سەردەمی منااڵندا

بۆ منالّەکانیان دەگێڕایەوە هیچ یەکیان لە باکووری خوڕاسان تۆمار نەکراون و بە نەمانی هەر یەك لەم کەسە گەورانە، ئەو میرات و کەلەپوورە زارەکییەشیان لەگەڵ مردووە و لەنێو چووە. کوردی خوڕاسان لە بواری منالّاندا خاوەنی ئەدەبیاتێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەندە، بەڵام کۆنەکردنەوە و نەگەیاندنیان بە ئێستا لە شکڵی بەرهەمی وێنەداری کولتووری بۆ منالّان بۆتە هۆی ئەوەکە تەواوی تواناییەکانی ئەم زمانە لە بواری ئەدەبیاتی منالّاندا بەبێدەنگی بمێنێتەوە.

ئەمڕۆکە زۆر لە چالاکە فەرهەنگییەکان لەم ناوچەیەدا هەم توانایی ماددی و هەم توانایی نووسەریی و ئەدەبیان هەیە کە سالّانە چەند بەرهەمێك لە جۆرەکانی ئەدەبیاتی منالّان بۆ منالّانی کوردی خوڕاسان بنووسن و بیخەنەڕوو، بەڵام هیچکات بیریان لە پێویستبوونی وەها شتێك نەکردۆتەوە. ئەو پوڵ و سامانەی کە لە جەژن و زەماوەندەکاندا بە زیادەوە خەرج دەکرێ، ئەگەر لە پێناو ئەم جۆرە ئامانجە کولتووریانەدا بەکار بهێنرێت تا رادەیەك دەتوانێ ئەم زمان و کولتوورە لەم قەیرانی فەرامۆشی و لەبیرکراوییە رزگار بکات.

٦ـ لاوازیی راگەیەنەگشتییەکان

رادیۆ و تەلەویزیۆنە ئوستانییەکان وەك راگەیەنێکی گونجاو و خاوەن لایەنگری زۆر، رێگەیەکی باشی بڵاوکردنەوە، پاراستن و گەشەپێدانی شێوەزارە خۆمالّییەکان دێنە ئەژمار و ئامانج لە دامەزراندن و وەکارخستنی کەناڵە ئوستانییەکانیش یارمەتیدانی پاراستنی کولتووری و ئەم شێوەزارە خۆمالّییانە بووە. لە باکووری خوڕاسان بە هۆکارگەلی جوغرافیایی و بڵاوبی کوردەکان لە دوو پارێزگای خوڕاسانی باکوور و ڕەزەوی و کۆنەبوونەوەیان، دەرفەتی دامەزرانی وەها کەناڵێکی بەهێز و شوێندانەر لە خەڵکی کورد ئەستێنراوەتەوە. لە دوو پارێزگای خوڕاسانی باکووری و ڕەزەوی، بەشی خەڵکی کورد لە راگەیەنە لۆکاڵییەکان، تەنیا نیو کاتژمێر بەرنامەی رادیۆیی بە

زمانی زگماکیە کە ئەویش بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی دووپاتکراو و چەند پارچە مۆسیقایەك سەر و بنی وێك دێتەوە و تەواو دەبێت. جاری وایە فیلمە دیکۆمێنتی و بەرنامە تەلەویزیۆنییەکانیش کە لە ناوچە کوردنشینەکان بەرهەم دێن، بە زمانی فارسییە و خەڵك لەوانیشدا بە زمانی زگماکیی خۆیان ناپەیڤن. هەر بۆیە نە تەنیا هیچ کەڵکەڵە و پێویستییەك لە خەریکبوون بە زمانی زگماکیی لە لایەن کاربەدەستان و بەرنامەدانەرانی ئەم ناوچەیە هەست پێناکرێت، بەڵکوو هەوڵ دەدرێت ناوچەکە بە زەوتێکی ئارام ولەسەرخۆ بەرەو یەکدەستی و یەك شێوەیی بچێتە پێش. لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی لەم بارەوە کران، بە سەرنجدان بەوە کە کوردانی خوراسان لە پارێزگایەکدا جێگیر نین و حەشیمەتێکی بەرفراوان و شیاوی گرینگی پێدان لەخۆ دەگرن، پێویستیی بە ڕاگەیاندنێکی ناوچەیەیی سەروو ئوستانی کە بتوانێ پێداویستییە کولتووری ـ کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خەڵکە دابین بکات، بە تۆندی هەست پێدەکرێت.

٧ـ نەبوونی چاپ و بڵاوکراوەی کوردی

زمانناسان رۆڵی شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکان لە پاراستن و بەزیندوویی ڕاگرتنی زمان بە رۆڵێکی دیار و یەکلاکەرەوە دەزانن. دوکتۆر حەقشناس زمانناسی ئێرانی دەڵێ: «ئەمن رازی مەرگی زمانەکانْ لە ڕاوەستان و نەزۆکیی شیعری ئەو زمانەدا دەبینم، هەر زمانێك ئەو کاتە دەمرێ کە دواین شاعیری مردبێ». هەر بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە خۆمالّییەکان جیا لە بەنووسین دەرهێنانی فەرهەنگی گشتی و هێنانەسەرکاغەزی هەستی شاعیرانە، دەتوانێ بە بەها و زیندوویێتی شێوەزار و زمانەکانیش زیاد بکات. بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان چەند ساڵێکە لە باکووری خوراسان بڕەویان سەندووە و شاعیر و ئەدیبگەلێك دەرکەوتوون کە بەم زمانە شێعر دەڵێن و دەنووسن. نموونەی دیار و بەرچاوی ئەم شتە هۆنراوەی جیکسای بە هەولّی مامۆستا حەسەن ڕەوشانە

کە بەڕاستی بایەخی تەواوی پێداوە. هەرچەند لەم نێوەدا بەرهەمی سادە، نازانستی و ناکارناسانەش بەرچاو دەکەون کە جێی خۆیەتی رەخنەیان لێ بگیرێت. نموونەشیان کتێبی کەسێك بە ناوی محەمەد.م کە تێیدا، شێوەزاری کرمانجی بە لقێك لە زمانی فارسی زانیوە و هەتا ئاستی زاراوەیەك دایدەبەزێنێ! کە بەداخەوە ئەم کتێبە بە پێشەکی کەسانێك چاپ کراوە کە خۆیان لە نووسەران و چالاکە فەرهەنگییەکانی ئەم ناوچەیە دێنە ئەژمار. مەبەست لەم جۆرە رەخنانە، بێرێزی بە کەس یان گرووپێکی تایبەت نییە. بەڵکو مەبەست تەنیا بەکارهێنانی وردبینی و دووربینیی زیاتر لە نووسین و لێکۆڵینەوە دایە. زۆر لە شاعیران، نووسەران و چالاکە فەرهەنگییەکانی کوردی باکووری خۆراسان یا هەنووکەش لە نۆستالۆژیای رابردوو و خەونی گەڕانەوە بۆ ژیانی هۆزایەتی و عەشیرەتی و گەڕان لە پاکیی و ڕاستگۆیی ئەو سەردەمدا بەسەر دەبەن و یان نووسراوەکانیان باس لە بابەتگەلی مێژوویی و چەندپاتکراو دەکەن کە هیچ گرێیەك لە کێشە هەنوکەییەکانی ئێمە ناکەنەوە. لەحاڵێکدا کە ژیانی مۆدێرنی ئەمرۆ وەك کۆمەڵگەکانی دیکە، بابەت و کێشەی نوێی خستۆتە بەردەمی ئێمە کە ئەدەبیات و دیسکۆرسی تایبەت بەخۆی دەوێت. گرفتەکانی وەك قەیرانی شوناس، ژینگە، نەخوێندەواری، هەرەشە لە زمانی زگماکی، گیرۆدەیی، لێکهەڵوەشانی بنەماڵە، پیاوسالاری، مافەکانی ژن و ... کە ئەمرۆکە کۆمەڵگەی کوردی خۆراسانیش دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکات، ئەو بابەتانەن کە کەمتر باسیان لێدەکرێت. لە بیاڤی چاپەمەنی کوردیشدا ئەم ناوچەیە زۆر هەژارە و دەتوانرێ بگوترێ کە لە نێستادا هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی تێدا بڵاو نابێتەوە. بڵاوکراوەی وەك کرمانج و (هزار مسجد)یش کە تایبەت بە کوردەکانی باکووری خۆراسان بوو و جاروبار باسی بابەتەکانی ئەو ناوچەیەیان دەکرد، ئیتر بڵاو نابنەوە.

۸ـ لاوازیی ڕێکخراو و ئەنجوومەنە فەرهەنگی ـ مەدەنییەکان

ئەنجوومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە لە دەیەی ڕابردوو لەنێو کوردانی خوراسان شکڵیان گرتووە زیاتر لەژێر کاریگەریی کەشی سیاسی و بزاڤە خوێندکارییەکاندا بووە کە چالاکییەکەیان هێندە ڕێکوپێك، بەردەوام و بەهێز نەبووە و تەنیا سەرکەوتنیان زیندووکردنەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی زەماوەند، دابوڕەسمەکان، مۆسیقا، جل‌وبەرگ و هەڵپەڕکێی کوردی بووە و گرینگییەکی ئەوتۆیان بە زمانی کوردی لەو ناوچەیە نەداوە. لە بواری ئەنجوومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەبێ تەرکیز لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوگەلی خەڵکیی و بەهێز بکرێتەوە کە بتوانێ لە پێناو پاراستن و بردنەسەری لایەنە جیاوازەکانی کولتووری کوردی خوراسان هەنگاو هەڵێنێتەوە. بۆ نموونە پێکهێنانی ئەنجومەنی مۆسیقای کوردی باکووری خوراسان، ئەنجومەنی داکۆکی لە زمانی زگماکی، پاراستنی هەڵپەڕکێ و ڕێوڕەسمە کوردییەکان، پشتیوانی و زیندووڕاگرتنی شوێنەوار و پیشە دەستییە کوردییەکان، ئەنجومەنی تۆژینەوەی کولتووریی گشتی و ... لەو دامەزراوە مەدەنیانەن کە نەبوون و بۆشاییان لە باکووری خوراسان لە تەواوەتی هەست پێدەکرێت. بێجگە لەمەش، زۆر لە کوردانی ئەم ناوچەیە بێجگە لە شارەکانی باکوری خوراسان، ئێستاکە لە شارە گەورەکانی وەك تاران، کەرەج، مەشهەد و گورگان نیشتەجێن و بڵاو بوونەتەوە و ئاگایان لە یەکتر نییە و ناوەندێکی پێوەندیی یان ئەنجومەنێکی فەرهەنگیی بەهێزیان پێك نەهێناوە کە جاروبار لە دەوی یەکتر کۆیان بکاتەوە و بە جۆرێك پێکەوەیان لێك نزیك بکاتەوە و یارمەتی گەشە و بردنەسەری شوناس و یەکگرتوویی کولتووری ئەوان بدات.

هەروەك ئاماژە پێکرا، کۆچکردن دەتوانێ ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی دژەنۆرم و گرفتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا. یەکێك لە ڕێگەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دواهاتە خراپانە، پێکهێنانی دامەزراوە و ئەنجومەنە مەدەنیەکان بۆ گرووپە کولتوورییە کۆچبەرەکان لە کۆمەڵگەدایە. بەم کارە کۆچبەران

لە شوێنی نوێ، بە پاراستنی بەها و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆیان، دەتوانن لە پێناو گەشەپێدانی فەرهەنگی کۆمەڵگەی نوێش هەنگاو هەڵێنەوە. بۆ نموونە کەمایەتیی ئەرمەنی کۆچبەر کە بەشێوەی کەمینەی کۆمەڵایەتی لە هەندێك لە شارەکانی ئێران ژیان بەسەر دەبەن، بێجگە لە پاراستنی شوناسی خۆیان توانیویانە خزمەتی کولتوورییش پێشکش بەم شارانە بکەن. یان گورجییەکانی ئیسفەهان کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پێش بە فەرمانی شا عەببасی یەکەم لە وڵاتی گورجستان بۆ ئێران کۆچیان پێکرا و ئێستە جێگران و ئەمڕۆکە توانیویانە تەنانەت بە تێپەڕینی ساڵانێکی زۆریش، زمانی زگماکیی خۆیان لە هەر چەشنە دەستکارییەك، بپارێزن و میراتی کولتووریی خۆیان گەشە و پەرە پێبدەن. یان دەتوانین وەك نموونە ئاماژە بە کۆمەڵگەی زەردەشتیان لە هیند یان کەمینەی کورد لە قەزاقستان و رووسیا بکەین.

لە پەنا ئەو هۆکارانەی باسیان کرا دەتوانرێ ئاماژە بە دووربوونی جوغرافیایی لە نیشتمانی سەرەکی و نەبوونی کارلێك و بێناگایی لە رەوتە کولتوورییەکانی کوردستان، لاوازیی خوێندەواری لە ناوچە و سیستەمی فێرکاریی یەك زمانە بکرێت کە هەر یەکێکیان بە نۆبەی خۆی لە دیاردەی راکردن لە زمانی زگماکی لەنێو کوردانی باکووری خۆراساندا کاریگەریی خۆیان هەبووە. بۆ هەموومان ئاشکرایە کە گرینگترین فاکتەری شوناسیی هەر نەتەوەیەك، زمانەکەیەتی. لە ماوەی سەعاتێکدا دەکرێ جل‌وبەرگی کوردی لە جەژنەکاندا لەبەر بکرێ و دابنرێ، بەڵام هیچ کات لە سەعاتێکدا ناتوانرێ زمانی کوردی فێر ببی. پۆشینی جل‌وبەرگی کوردی و هەڵپەڕکێی گرووپی لە جەژنەکاندا زۆر دیمەنی جوانن، بەڵام جوانتر و گرینگتر لەوە قسەکردن بە زمانێکە کە ئەگەر نەسڵی ئێمە بڕیاری پاراستنی نەدا، بنچینەی مەسەلەی کوردبوونی ئێمە ڕەش دەبێتەوە و خۆمان لە مەرگی شوناسی خۆماندا زۆرترین دەور و ڕۆڵمان گێڕاوە. ئەویش مەرگێکی لەسەرخۆ و تەواو بێدەنگ.[٣٧]

• ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی زەنگەلی (زەنگۆلی)

جافەر قولی شاعیری ناسراوی کوردی خۆراسان و تورکمانستان ئەوەندەی لای خەڵك بەناوبانگ و خۆشەویستە، ئەوەندە لە ژیان و بەرهەمە شێعرییەکانی نەکۆڵراوەتەوە. ئەو زانیارییەی لە ناوەوەیە لە بابەت ئەم شاعیرەوە بەشێکی لە ئەفسانە دەکا، لەگەڵ ئەوەش دا مێژووی ئەدەبی کوردی ڕەنگین دەکا، چونکە ئەفسانە ئەگەر بێ بنەمای ڕاستیش بێ، هۆش و بیر دەجوڵێنێ و خەیاڵ و چێژ دەبزوێنێ و هەندێ جار بەرەو دۆزینەوەی ڕاستی دەبێتەوە و هەندێ جاریش دەبێتە ڕەمزی سۆفیزم.

بەپێی سەرچاوەکان جافەر قولی کوڕی مەلا ڕەزا قولی گوکانی و لە ئێلی کوردی زەنگەلانلوو بوو، ئێلێك کە ئەمڕۆکە «گوگان» لە ٣٥ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی قووچان شوێنی نیشتەجێبوونیەتی. هەرچەند زۆربەی سەرچاوەکان باسی ساڵی لەدایکبوونیان نەکردووە بەڵام لە کتێبی کوردی تورکمانستاندا هاتووە کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨١٤ لە گوندی شکافکۆی لە بنەماڵەیەکی ڕەنجبەری دێهاتی لەدایك بووە. ئەم گوندە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوایی قوچان.

لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لەدەست داوە و مامی بەخێوی کردووە. دەڵێن بە منالّی لە مەکتەب ڕای کردووە هەربۆیە نەیتوانیوە پلە زانستییەکان ببڕێ. بەڵام وانەی عەشق لە کوێستانەکانی باکووری خوراسان فێر بوو و سەیر ئەوەیە کە بە چوار زمانی کوردی، تورکی، فاسی و عەرەبی شێعری هۆنیوەتەوە. ناوبراو بە (ملك الشعرای) کرمانج ناسراوە، شاعیرێك کە بێجگە لە هونەری شاعیری، دووتاریشی لێداوە و شێعرەکانی بە ئاهەنگی دووتارەوە خوێندۆتەوە.

جافەر قولی (جەعفەر) بە جافەرقولی، جافەر قولی زەنگلی، جافەرقولی بێچارە، جافەر قولی عەندەلیب، جافەر قولی موختار ناسراوە. هەندێ لەم ناوانە خۆی بۆ خۆی دانابوون، لەناو خەڵکی بەم ناوانە ناسراوە.

لە تافی لاویەتیدا توشی حاڵەتی پرتەوی (ئیشراق) بووە و گرفتاری جوانی کچێك بووە، ناوی ملواری بووە. لەم لایەنەوە خۆی دەڵێ: «مەلە نینم، خود بەندەم، وە سی جزمێ قورئانێ». (واتە مەلا نیم، شاعیرم، بە سی جزمی قورئان).

کوردی خۆراسان پێیان خۆشە لە بابەت جافەرقولییەوە بڵێن: ئەگەر مەولانا عەشقی شەمسی تەبریزی بێ، جافەر قولی عەشقی ملواری یە. ئەم شاعیرە بە دڵدار و هونەروەر و جیهانگەرد و موسیقار و دانای دەژمێرن، کە ناوی دەبەن « مەلیکولشوعەرای کرمانج »ی پێدەڵێن.

ئیسماعیل حوسین پوور ماستەری زمان و ئەدەبیاتی فارسی دەڵێ: « جەعفەرقولی زەنگەلی، عارف و شاعیری ناوداری باکووری خوراسان لە سەردەمی ناسرەددین شادا ژیاوە.. بەچوار زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی و کوردی شێعری گوتووە. ناوبراو قورئانی لەبەر بووە و تەفسیریشی کردووە، هەروەها مۆسیقازان، مێژووزان، جوگرافیازان و زانایەکی بەرز بووە کە بە هۆی گەڕانی بە دنیادا تێشووی فکریی زۆری کۆ کردۆتەوە و لە شێعرەکانی دا بە هەرمانی هێشتوویەتیەوە.

حوسێن پوور لە دریژەدا دەڵێ: « جافەرقولی لە دیوانی شێعرەکانیدا پشتی بە ۹۰۰ ئایەت، ٤٥٠ حەدیس و ۱۵۰ پەند بەستووە کە ئەمە خۆی نیشاندەری هزری قوڵی ئەم شاعیرە بووە.»

هەروەك چۆن کاتی لەدایکبوونی بە تەواوەتی ڕوون نیە، مەرگ و گڵکۆکەشی نادیارە بەڵام هەندێك کەس پێیان وایە ئەو چۆتە حەج و ئیتر نەگەڕاوەتەوە. شێعرەکانی بە باشی ژیان و گوزەرانی ناوبراو نیشان دەدەن.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دیوانی شێعرەکانی جافەرقولی بە هەوڵ و هیممەتی تویژەری ماندووبی نەناس و ناسراوی کوردی خوراسان، بەڕێز کەلیموڵڵاتەوە حودی بە ناوی دیوانی جەعفەر قولی زەنگلی کۆ کراوەتەوە و بڵاو بۆتەوە.

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شێعر و بەرهەمەکانی جافەرقولی،

سەیری باسی تایبەت بە کوردەکانی تورکمانستان بکەن، لەوێدا بە تێروتەسەلی باسی کراوە.

چەند نموونەیەك لە شێعرەکانی جافەرقولی

فارسی: آرزو دارم بسی من عابدین را چاکرم بعد زین العابدین باقر بود تاج سرم صاحب تقصیرم و من خاك پای جعفرم

کوردی: وا دنیا سەرایە کە کاروان دەکە گوزار دیداری تە دەخازم مرم ژە ئینتزار
تو دەریا و دەریاچە خەوا نا کە ئاری دل

تورکی: چوخ کیسمە لر، گلر، گیدەر زمانە فلك منی جدا سالدی یرو دیمدن
غریب اولکاسندن اولدی جعفریمند دمبدم عشق أتشندن دین و ایمان یاندرور

عەرەبی: باصلات دائم و هم اکله خبز شعیر / قال رسول القریشی علی شیخ کبیر / اسداللّه قاسم جناع عدن و السعیر [۲۸]

• سەرچاوەکان:

۱. استان_خراسان_شمالی http://fa.wikipedia.org/wiki

۲. استان_خراسان_رضوی http://fa.wikipedia.org/wiki

۳. استان_خراسان_جنوبی http://fa.wikipedia.org/wiki

٤. کردهاي خراسان http://fa.wikipedia.org

5. www.vokradio.com/content/view/1274/69

6. www.kurmanj.blogfa.com/category/65

۷. توحدی، کلیم اللة، حرکت تاریخی کرد به خراسان، جلد اول، چاپ دوم ل۲۸.

۸. رندل، جاناتان، با این رسوایی چه بخشایشی، نشر پانیذ، چ دوم، تهران ۱۳۸۰، ص ۳۱.

9. http://hiva50.blogfa.com/post-22.aspx

۱۰. سپاهی لایین، علیرەزا، گۆڤاری مەهاباد، ساڵی دوازدەیەم، ژمارە ۱۳۸ی ساڵی ۱۳۹۱، مەهاباد ل ٤٦ـ٤۷.

۱۱. سەرچاوەی ژمارە٤.

۱۲. سەرچاوەی ژمارە٥.

۱۳. گۆڤاری هەژێن http://www.govarihejen.blogfa.com/post-26.aspx.

١٤. سەرچاوەی ژمارە٤.

١٥. سەرچاوەی ژمارە٥.

١٦. سەرچاوەی ژمارە١٢.

۱۷. ئەندەریاری، ئاریێز، کوردانی خواڕاسان بەشێکن لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەرگیراو لە: (www.jamalnajari.wordpress.com/2013/12/29)

18. (www.kurmanj.blogfa.com/category/65)

19. (www.khanzadiz.blogfa.com/post-12.aspx)

۲۰. میرنیا، سیدعلی، ایل‌ها و طایفه‌های عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و آموزشی نسل دانش، چاپ اول، تهران ل ۴۹ـ۸۷.

21. www.vokradio.com/content/view/1274/69

۲۲. ئەندەریاری، ئاریز، س.پ.

۲۳. سەرچاوەی ژمارە٤.

۲٤. سەرچاوەی ژمارە٤.

۲۵. حسین پور، اسماعیل و علي عاقلي، عروسي كردهاي مازندران، گۆڤاری مەهاباد، سالّی شەشەم، سالّی ۱۳۸۵ی هەتاوی، ژمارە ٦۵ ،ل ۵۷ـ۵۹ و ژمارە ٦٦ ل ٦۲ـ٦٤.

26. (www.meisamroudaki.ir/food-culture-of-the-kurds-in-northern-khorasan.html) و (http://darbandijhour.blogfa.com/post/29)

۲۷. دولت پور، شیرین، گۆڤاری مەهاباد، سالّی دوازدەیەم، ژمارە ۱۳۸ي سالّی ۱۳۹۱، مەهاباد ل ٤۸ـ ۵۰.

۲۸. کوردی تورکمانستان (میژوو، ئەتنۆگرافیا، ئەدەب)، دانانی: دوکتۆر مارف خەزنەدار، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر ۲۰۰۳، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر و ، http://www.hiva50.blogfa.com/post-50.aspx http://hamshahrionline.ir/details/167626)

دووەم
کوردەکانی قەزوین

- چەند زانیاریيەك لەبارەی پارێزگای قەزوین
- سەردەم و هۆکاری ڕاگواستنی کورد بۆ قەزوین
- شوێنی ژیانی پێشوویان (پێش کۆچ پێکردنیان)
- شوێنی ژیانی ئێستایان
- هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی قەزوین و دەوروبەری
- ئینتمای نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی لای کوردەکانی قەزوین

خەڵکی کوردی دوورخراوە بۆ قەزوین چەندین سەدە بوو لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان نادیار بوون، هەربۆیە فەرامۆش کرابوون و هیچ کەس هەواڵی ژیانیانی نەدەزانی. هەرکات قسە لە کوردە دوورخراوە و ڕاگوێزراوەکان دەکرا، هەموو سەرنجەکان بۆ لای خوڕاسان بوون، بەداخەوە خەڵکی کوردستان یان بە تەواوەتی لە بوونی کوردەکانی قەزوین بێخەبەر بوون یان شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەدەزانین. کوردەکانی باکووری خوڕاسان ئێستا یان بە هۆی ئەو کێبانەی لەبارەیانەوە نووسراوە یان ئەو چالاکییانەی خۆیان ئەنجامیان داون

یان لە رێگەی هێندێك ئامرازی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە کە لەبەردەستیان دابووە، توانیویانە خۆیان بناسێنن، هەربۆیە لە بیر و مێشکی خەڵکدا ماونەتەوە و کەس ناتوانێ لەبیریان بکات، بەڵام کوردەکانی قەزوین بەداخەوە ئەم دەرفەتەیان بۆ نەرەخساوە هەربۆیە تارادەیەك لەبیر کراون. ئێستاکە دوای چەندین سەدە دەیانەوێ بڵێن ئێمەش هەین!!

کوردەکانی قەزوین دوای چەند سەدە هەنووکەش پێوەندیەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەبە. ئێستاش تا ئاستێکی زۆر هاوسەرگیرییەکان لەنێو خزم و کەسوکاری یەکتردا بەڕێوە دەچن و لەنێو خۆی کوردەکاندا ئەنجام دەدرێن. .. بەشێك لە حەشیمەتی کوردەکانی قەزوین و بە تایبەت ناوچەی تارەمی خواروو بۆ کەرەج و تاران کۆچیان کردووە بەڵام ئێستاکەش ئەگەر کەسێکیان لێ بمرێ، زۆربەی کاتەکان هەوڵ دەدەن تەرمەکەی بۆ شوێنی لەدایکبوونی بێننەوە و لە گۆرستانی تایبەتی کوردەکان بە خاکی بسپێرن. واتە لە شێوازگەلی تەواو نەریتی بۆ پاراستنی شوناس و پێوەندییەکانیان کەڵك وەردەگرن و ...[1]

- **چەند زانیارییەك لەبارەی پارێزگای قەزوین**

پارێزگای قەزوین یەکێك لە ۳۱ پارێزگاکانی ئێرانە و لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئەم وڵاتە هەڵکەوتووە. ئەم پارێزگایە بە هەبوونی تەنیا لە سەدا یەك (۱٪) ی ڕووبەری وڵات نزیکەی لەسەدا پێنج لە ئابووری و بەرهەمەکانی ئێراندا ڕۆڵی هەیە.

ناوچەی قەزوین هەتا ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی بەشێك لە پارێزگای زنجان بوو، لەو ساڵەدا لە پارێزگای زنجان جیا بۆوە و خرایە سەر پارێزگای تاران کە لە ڕێکەوتی ۱۳۷۶/۳/۲۰ی هەتاوی لە پارێزگای تاران جیا بۆوە و لەگەڵ تاکستان لە پارێزگای زنجان پارێزگایەکی نوێ بە ناوی پارێزگای «قەزوین» یان پێك

هێنا و ناوەندەکەشی شاری قەزوینە. ڕووبەری ئەم پارێزگایە نزیکەی ۱۵۸۲۰ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و دراوسێی پارێزگاکانی مازەندەران، گیلان، هەمەدان، زنجان، مەرکەزی و ئەلبورزە.

حەشیمەتی پارێزگای قەزوین بە پێی ئاماری ساڵی ۱۳۹۰ی هەتاوی ملیۆنێک و دووسەد و یەک هەزار و پێنجسەد و شەست و پێنج کەس بووە. ئەم پارێزگایە یەکێک لە پارێزگا مێژووییەکانی ئێرانە و شوێنەواری کۆنی زۆری تێدایە بە شێوەیەک کە لە سەدا یازدەی شوێنەوارە مێژووییە تۆمارکراوەکانی وڵات لەم پارێزگایەدان.

پێشینەی ناوی قەزوین: نووسراوە کۆنەکانی یۆنان قەزوین بە ناوی «ڕاژیا» دەناسێنن و دوای ئەوەش لە نووسراوە ئەوروپییەکاندا ئەم شارە بە ناوی شاری کۆنی «ئارساس» یان «ئارساسیا» ناسراوە. ئەشکانیەکان قەزوینیان بە ناوی دامەزرێنەرەکەی «ئۆردبا» ناوزەد دەکرد و ساسانییەکان ناوی ئەو شارەیان نابوو «کەشوین» واتە وڵاتێک کە نابێ لێی غافڵ بی. لە هێندێک دەقدا بە «قەسوین» (یانی شارێک کە خەڵکی خۆڕاگر و قایمی هەیە) ناوی هاتووە. بەهەرحاڵ مێژوونووسان و کەونارانا سانی هاوچەرخ قەزوین بە عەرەبی کراوی وشەی «کاسپین» دەزانن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە قەومی کاسپییەکان کە لە لێوارەکانی دەریای خەزەر دەژیان و بە تێپەڕینی ڕۆژگار کۆچیان کرد و شاری «قەزوین» یان بنیات نا. بەم هۆیەوەیە کە لە دەقە کۆنەکانی عوسمانی و عەرەبیدا ناوی دەریای خەزەر بە «بحر القزوین» هاتووە.

باسکردن لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژووی قەزوین، جوگرافیای سروشتی و هەروەها قسەکردن لەسەر جوگرافیای سیاسیی ئەم پارێزگایە، دابەشبوونی شار و گوندەکانی و حەشیمەتی هەریەکەیان، نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی زانا و ناودارانی، باسکردنی باری ئابووری و پیشەسازیی ئەم پارێزگایە و

دەیان بابەت و باسی دیکەی پێوەندیدار بەم پارێزگایە، لەگەڵ ئەوەی لێرەدا پێویست بە باسکردن و شیکردنەوەیان ناکا، لە هەمان کاتدا کاری کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە هەر یەك لەم بوارانەیە. ئەوەیکە لێرەشدا وەك چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی ئەم پارێزگایە خرایەڕوو، تەنیا بۆ ئەوەیە چونکە باسی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شوێنە دەکرێ، بێشك پێویستە ئەگەر زۆر بە کورتیی و سەرەتاییش بێ، خوێنەری بەڕێز وێنەیەکی شوێنی ژیانی ژمارەیەك لە هاونەتەوەییەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەی بێتە پێش چاو. هەربۆیە لێرەدا بە باسکردنێکی کورتی بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بەم پارێزگایە واتە زمانی قەومەکانی دانیشتووی ئەم پارێزگایە کۆتایی بەم باسە دێنین و چونکە لەنێویاندا ئاماژە بە زمانی کوردیش کراوە کە ئەمە خۆی یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی هەبوونی کورد لەم پارێزگایەیە:

زمانی دانیشتوانی قەزوین: ئەمڕۆکە زۆرینەی خەڵکی پارێزگای قەزوین لە ناوەند و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەم پارێزگایە بە زمانی فارسی قسە دەکەن. بێجگە لە فارسی زمانەکانی دیکەی وەك تورکی ئازەربایجانی، تاتی، مەراغی، کوردی، لوڕی و ڕومانلویی قسەیان پێدەکرێ. بە شێوەیەك کە زمانی تاتی لە تاکستان و چەند بەشێکی ئەلەموت، زمانی مەراغی لە گوندە مەراغی نشینەکان، زمانی کوردی لە تارم، قاقزان، دودانگە، ڕوودباری ئەلەموت، بەشاریات و پشگلدەرە و هەروەها زمانی تورکی لە ڕامەند، زەهرا، خرقان، ئەفشاریە و ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری قەزوین و زمانی ڕومانلوییش لە گوندە قەرەج نشینەکانی قەزوینداباون. لەم نێوەدا بێجگە لە زمانی مەراغی کە لە هەموو گوندە مەراغی نشینەکانی ئەم پارێزگایە بە یەك شێوە قسەی پێدەکرێ، زمانەکانی دیکە بەپێی بارودۆخی هەرێمی و هەروەها لەژێر کاریگەریی زمانە دراوسێکان شێوەزاری جۆراجۆریان هەیە. زاراوەی قەزوینی یەکێك لە زاراوەکانی زمانی فارسییە کە

لەلایەن خەڵکی شاری قەزوین قسەی پێدەکرێ. ئەم زاراوەیە لەو دەگمەن زاراوانەیە کە ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە و هەروەها ئەم زاراوەیە زۆر هاوشێوەی شێوەزارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانە.[۲]

• سەردەم و هۆکاری ڕاگواستنی کورد بۆ قەزوین

سید محمدعلی لە کتێبی «مینودر یا باب الجنە قزوین» لەم بارەوە دەڵێ:

دیار نیە کەی بەم کوردانەیان بۆ ئەم سنوورە ڕاگواستوون. تەنانەت سەرۆک هۆزەکانیشیان نازانن لە چ سەردەمێک و بە چ هۆکارێک و لە چ ڕێکەوتێکدا بۆ ئەم ناوچەیەیان هێناون. هێندێکیان سەردەمی شا عەباسی گەورە و ژمارەیەکیان سەردەمی نادرشای ئەفشار و گرووپێکیشیان سەردەمی چوونی خۆیان بۆ ئەو ناوچەیە بۆ سەردەمی ئاغا محەمەدخانی قاجار دەگەڕێننەوە. وا دیارە پێش سەردەمی قاجارەکان ڕاگوێزرابن کەوا گواستنەوەیان لە بیری کەسدا نەماوە، لە مێژوویەکیشدا ناماژەی پێنەکراوە. لەحاڵێکدا ئەگەر لە سەردەمی ئاغامحەمەدخاندا بۆ ئەم ناوچەیەیان هێنابان، هەم لە بیرەوەری پیاوەکانیاندا دەمایەوە و هەم لە مێژووی قاجارەکاندا باسی دەکرا.[۳]

دوکتۆر وەرجاوەند لە پەرتووکی خۆیدا بە ناوی «خەڵکی قەزوین لە ولاتی خۆیاندا» ئاوا دەڵێ: لەبەرئەوەی لەسەردەمی سەفەویەکاندا کۆچ پێکردنی هۆزان بە شێوەیەکی بەرفراوان هەبوو، ڕەنگە کورد لەو سەردەمەدا بۆ قەزوین کۆچێنرابن. کورد لە سەردەمی شا عەباسدا بۆ جاری یەکەمین بۆ قەزوین کۆچیان پێکراوە لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا ئۆزبەکەکان زۆرجار هێرشیان دەکردە سەر پایتەختی سەفەویان.

کلیم اللە توحدی نووسەری کوردی خوراسانی لەم بارەوە دەڵێ: کوردەکانی قەزوین لە سێ سەردەمدا کۆچیان بۆ هەرێمە کردووە کە یەکەم جار سالّی

۱۵۸۸ی زایینی، لە سەردەمی شاعەبباس بوو کە ئۆزبەکەکان هێرشیان دەکردە سەر تاران، هەندێك لەو کوردانە بۆ وەرامین و هەندێکیان بۆ ئەلبورز و دەماوەند ڕاگوێزران و بەشێکیشیان لە قەزوین نیشتەجێ بوون.(٤)

ئەوەی زۆر باسی دەکرێ ئەوەیە کە «لە کتێبە مێژوویەکاندا زیاتر قسە لە دوو قۆناغ یان سەردەم دەکرێ، قۆناغێك لە سەردەمی شا عەبباسی سەفەوی کە شیمانەی ئەوەش دەکەن یەکەمین گرووپی کورد هەر لەو سەردەمەدا بۆ قەزوین ڕاگوێزرابن و هۆکارەکەشی دروستکردنی قەڵخانێکی بەرگریی لە عێل و عەشیرەتە کوردەکان بوو لە بەرامبەر هێرش و دەسدرێژیی هێزە دەرەکییەکان و بە واتایەکی تر پاراستنی یەکپارچەیی خاك و بەردەوامیی دەسەڵاتداریێتیی شا عەبباسی سەفەوی بوو. لەلایەکی دیکەشەوە کۆچ پێکردنی کوردەکان دەبوو بە هۆی لاوازیی ئەوان لە ناوچە سنوورییەکان کە گوایە دەسەڵات و داخوازییەکانیان نیگەرانیی شا عەبباسی بەدوای خۆیدا هێنابوو. لە کتێبەکاندا باس لە ڕاگواستنی گرووپێکی دیکە لە کوردەکان بۆ قەزوین لە سەردەمی ڕەزاخاندا دەکرێ کە هۆکارەکەشی هەوڵی ڕەزاخان بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندگەرا (متمرکز) یان سیستەمێکی یەکدەست و یەك پێکهاتەیی کە دروست خاڵی بەرامبەری فیدرالیزمە. هێزە کوردەکانی جێگیر لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران بە چەشنێك هەڕەشە بۆ سەر حکومەتی ناوەندگەرای ڕەزاخان لەقەڵەم دەدران. بە لاوازکردنی هێزی کوردەکان لە ناوچە سنوورییەکان، ڕەزاخان هەوڵی دا ئاسایشی ئەو ناوچانە لەڕێگەی هێزەکانی ناوەندەوە دابین بکا.(٥)

وەك دەزانین «لە سەردەمی ڕەزاخاندا کوردی جەلالی هەرێمی ماکۆ لە کۆماری ئارارات‌دا بەشداریان کردبوو. ڕەزاخان دووسەد و پەنجا بنەماڵەی ئەوانی بۆ ئەردەبیل و پاشان بۆ لای قەزوین دوور خستنەوە کە هێندێك لە

سەرچاوەکان دەڵێن ۵۰۰ بنەماڵە بوون و لە ساڵی ۱۹۳۰دا دوای هەڵایسانی کۆماری ئارارات دوور خراونەوە. هێندێك لەو کوردانە لە ڕێگەدا ژیانیان لەدەست دابوو. پرایی هۆزەکانی ئەو سەردەمە هۆزی جەلالی و ژێرهۆزەکانی خەلەکانلوو و جلیکانلوو و وەخکانلوو، شێخکانلوو، ساکان، گولیکانلوو، بروکیملان، قەغکانلوو، حیدرانلوو، قزلباش، خەلەجی، زیلانی بوون.

ڕەزاخان دوای کۆچ پێکردنی ئەو کوردانە هەر پێنج بنەماڵەی کوردی لە گوندێکی فارس و گوندێکی تورکدا نیشتەجێ دەکردن هەتا بەم شێوەیە کوردایەتییان لەبیر بەرێتەوە. دوای بەرخۆدانی دژی دەولەتی لە ساڵی ۱۳۲۰دا گەلێك لەو کوردە جەلالییانە گەڕانەوە کوردستان و هێندێك لەوانیش چوونە قەزوێن. ناوچەیەك لەناو شاری قەزوێندا شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کوردە جەلالییانەیە. هێندێکیشان لە ناوچەی «بۆئین زەهرا»دا ژیان بەسەر دەبەن.(٦)

لە باکووری پارێزگای قەزوین و باشووری پارێزگای گیلان لە ناوچەگەلێکی وەك عمارلو و کلیشم و جیرندە و چەندین ئاوایی دیکە و هەروەها ژمارەیەك لە تایفەکانی ڕەشوەند نزیك بە ۸۰۰ بنەماڵە لە پارێزگای قەزوین و شارستانی ڕوودبار و دەوروبەری چۆمی شاهرود نیشتەجێن کە هەموویان لە ساڵی ۱۰۰۷ی کۆچی هەتاوی لە کاتی کۆچکردنی میژوویی کوردەکان بۆ خوراسان لەلایەن شا عەباسی سەفەوی، لەم ناوچەیە نیشتەجێ کران کە بە گشتی کوردی کرمانجن و لە ئێستادا نزیك بە ۲۰۰۰ خێزان دەبن و بە زمانی کوردی قسە دەکەن. هەروەها نزیکەی ۲۰۰ بنەماڵەی کورد لە سەردەمی ڕەزاشا لە شارستانی ماکۆ بۆ قەزوین ڕاگوێزران کە ئەوانیش کرمانجن.(۷)

• شوێنی ژیانی پێشوویان (پێش کۆچ پێکردنیان)

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوەی کوردەکانی قەزوین سەر بە کام ناوچەکانی کوردستانن دەبێ بڵێین ئەو کوردانەی بۆ قەزوین ڕاگوێزراون، بەپێچەوانەی ئەو کوردانەی کە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کۆچیان پێکراوە، بە هۆزی ئەوەی کە لە هۆز و تایفەی جۆراوجۆر پێك هاتوون و فرەچەشنیی زمانی و ئایینیان لەنێودا هەیە و دوورخستنەوەکەش لە قۆناغگەلی مێژوویی جۆراوجۆردا بەڕێوە چووە، هەر بۆیە بە ئاسانی و لە ڕستەیەکدا ناتوانرێ بڵێی بۆ نموونە کوردەکانی قەزوین لە بنەڕەتدا سەر بە فلان ناوچە لە کرماشان. یان ئیلام یان لوڕستان یان کوردستانن. شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکیی هەر تایفەیەکی کورد لە قەزوین دەبێ بە جیا باسی بکرێ و قسەی لەسەر بکرێ. بۆ نموونە هۆزەکانی *مافی* و *کاکاوەند* کە بە زمانی هەورامی قسە دەکەن، بێشك دەبێ سەر بە ناوچەی هەورامان بن کە لە پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان هەڵکەوتووە. یان هۆزی چگینی لە قەزوین و ناوچەی تارمی خوارووە کە بە زمانی لوڕی دەپەیڤن، شوێنی سەرەکیی ژیانی پێشوویان پارێزگای لوڕستان، شارستانی دووڕە، بەشی وێسیان بێ. هەرچەند بێجگە لە لوڕستان، چگینییەکان لەپارێزگاکانی ئیلام، خوزستان، مەرکەزی، فارس و تەنانەت پارێزگاکانی خوراسان و گیلانیش ژیان بەسەر دەبەن. یان بۆ نموونە هۆزی «*غەیاسوەند*»ی قەزوین کە زۆربەیان بە زمانی لەکی قسە دەکەن، شوێنی ژیانیان لە پێشدا سێ پارێزگای ئیلام، لوڕستان و کرماشان بووە. غەیاسوەندەکان لە پارێزگای ئیلام لە دەڕەشار، دێهلۆران و ئابدانان ژیان دەکەن. لە پارێزگای لوڕستان لە خوڕەم ئاباد، مەلاییر، نەهاوەند و پۆلدوختەر نیشتەجێن. لە بابەت هۆزەکانی دیکەی کوردی قەزوینیش دەبێ بەم شێوەیە باس بکرێ.[۸] لە باسی هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی قەزوینداً بە کورتی ئاماژە بە شوێنی ژیانی پێشووی ژمارەیەك لەو کوردانە کراوە.

- **شوێنی ژیانی ئێستایان**

کوردەکانی قەزوین تەنیا لە یەك ناوچەدا نیشتەجێ نین، بەشێکیان لە ناوچەی تارمی خواروو ژیان بەسەر دەبەن، هێندێکیان لەنێوان قەزوین و ئابییەك و لە دەشتی بۆئین زەهرادا نیشتەجێن و ژمارەیەکیشیان لەناو شاری قەزویندا ژیان دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی «کوردەکان لە قەزوین لە هەرێمی تارەم، قاقزان، دوودانگە، رووبار، ئەلەموت، کوهپایە، بەشاریات، پشت گەدێ، و هەرێمێکیش لەناو شاژاردار بە ناوی نومەریهادا بڵاو کراونەوە. کوردی بەو ناوچەیە بۆ چەند ساڵان دەچوونە کوێستانان، کوێستانەکانیشانیان لە هەرێمی قاقزان، دەوروبەری قەزوین و رەشت و بەرناری ئەلبۆرز و تارەم و دەروبەری چۆمی شاهرود و هەرێمێك بە ناوی عمالودا بوون. زۆرجار هەندێك لە کوردەکان وازیان لە کوێستانەکان دێنا و لە گوندەکان و ناوشاری قەزویندا بە شێوەیەکی یەکجاری نیشتەجێ دەبوون.

لە کتێبی سەرداری قەزویندا هاتووە: ژمارەیەکی بەرچاو لە **چگینیان**، لە قاقزان، ئیقبال و هەروەها لە تارمدا نیشتەجێن و هێندێکیشیان ئاژەڵدارن و لە دەوروبەری چەمی شاهرودێ دەژین.

جەلیلوەند هۆزێکی دیکە گەورەی باژێری قەزوینە، کە لە ژێر هۆزی زەنددا حیساب دەکرێ، ئەو بە کوردی کەلهوڕی قسە دەکەن و لە هەرێمی قاقزان نیشتەجێن. هێندێك لەو گوندانەی کە جەلیلوەندی کەلهوڕ تێیاندا نیشتەجێن بریتین لە: گوندی باشگل، قەرەباز، یەنیجێی ژێری. جەلیلوەند لەنێو شاری قەزویندا زۆرە بەڵام بە گشتی لە گوندەکانی ئاخچەکەند و باشتیپەل و قەرەباغ و یەنیجێی خواروودا ژیان دەکەن.

هۆزی کاکاوەند: ئەم هۆزە لە گوندەکانی هەرێمی قاقزان دەژین و زیاتر بە کاری ئاژەڵداریپەوە خەریکن.

هۆزی چمشگەزك: چوار سەد هەتا پێنجسەد بنەماڵە دەبن کە هێندێك لەوان لە بازاری قەزوین دەژین و ئەو گوردانە پێش کۆچ پێکردن لە ئازەربایجان و قەفقاز بوون و بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن.

هۆزی یەمەنی: ئەو هۆزە لە گوندی ئالن قاقایێ دەژین کە دووسەد ماڵبات دەبن.

هۆزی وەلیاری: لە گوندی کەلج یان تارمێ دا دەژین. کە دووسەد بنەماڵە دەبن.

هۆزی کرمانی: لە گوندی لولجرد یان مالی ئاباد دەژین و نزیکەی ٨٠ بنەماڵە دەبن.

هۆزی رەشوەند: لە دەوروبەری ڕوودباردا نیشتەجێن.[٩]

سید محمدعلی لە کتێبی «مینودر یا باب الجنە قزوین» لەم بارەوە دەڵێ: سەرجەم هۆزە کوردەکان لە ئاوایيەکانی سەر بە تارەم، قاقزان، دودانگە، ڕوودبار، ئەلەموت، کوهپایە، فشاریان، فشگلدەرە نیشتەجێ کراون. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکیش گەرمێن ــ کوێستان دەکەن. زستانان لە تارەم و لێوارەکانی چۆمی شاهرود و خاکی عمارلویە و هاوینانیش بۆ قاقزان و دەروبەری جادەی ڕەشت و و داوێنی ئەلبورز و... دەچن.

گەڕەکی کوردەکان، لە شەقامی نەوابی باشووری شاری قەزوین لە حاشیەی باشووری ڕۆژئاوای شاری قەزوین هەڵکەوتووە و تێیدا نزیکەی ٦٢ بنەماڵە (٤٠٠ تا ٥٠٠ کەس) لە کورد سوننییەکان نیشتەجێن. ئەم کەسانە لە سەردەمی ڕەزاشادا لە ماکۆی ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە کۆچێنراون و بەرەبەرە هاتوونەتە قەزوین و ئەم گەڕەکەیان پێك هێناوە.[١٠]

- **هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی قەزوین و دەوروبەری**

هێندێك لە هۆزەکانی قەزوین و دەروبەری بریتین لە بێهتوویی، باجەلان، پاپلی، چگینی، جەلیلوەند، ڕەشوەند، غەیاسوەند، کاکاوەند، کرمانی، مافی، شکاك و جەلالی. حەشیمەتی هۆزی چگینی و غەیاسوەند لە کوردەکانی دیکە زیاترە.

هۆزی چگینی: لە کتێبی سەرداری قەزویندا هاتووە: ژمارەیەکی بەرچاو لە چگینیان، لە قاقزان، ئیقبال و هەروەها لە تارمدا نیشتەجێن و هێندێکیشیان ئاژەڵدارن و لە دەوروبەری حەمی شاهو دێ دەژین.

مەردوخی کوردستانیش لەسەر چگینیان ناوا دەڵێ: چگینی هۆزێکی کەورەی کوردانن کە جوانمێر و مێرخاسیان لەناودا هەبوون و ئەو هۆزە لە هەرێمی کەرکوك و سلێمانی و تەنانەت بەغدایەشدا ژیان بەسەر دەبن. شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا دەڵێ: چگینی هۆزێکی مەزنە و لەوێ تایفێدا زۆر مرۆڤی عەگید و جسوور هەبوون. سەرۆك هۆزەکانیان زۆرجار دەستیان بۆ سەر هۆزەکانی دیکە درێژ دەکرد و زۆرجار شکایەت لەسەر وان دەچوو بۆ لای شاتەهماسب و شاتەهماسبیش داوای لێدەکردن چیتر ئەو کارە نەکەن بەڵام دووبارە دەیانکردەوە. شاتەهماسب فەرمانی دا دەریان بکەن بەڵام کوردی چگینی دەڵێن لە ئێران ناچنە دەرەوە و لەئاکامدا شاتەهماسب کۆچیان پێدەکا و دەڵێ هەرکەس دژایەتی ئەو کۆچ پێکردنە بکا، ئەمن دەیکوژم. هەربۆیە ٥٠٠ سەرۆك هۆزی چگینی هاوبەندییەك پێك دێنن و لە ڕێگەی خۆراسانەوە دەچنە خوزستانێ. لە ناوداڕەکانی ئەو سەردەمی چگینی دەتوانین ئاماژە بکەین بە ئاغا سوڵتانی چگینی، ئاغا خانی چگینی، حەسەن عەلی چگینی، سەفەر قولی بەگی چگینی، زەکەر چگینی، بوداقخانی چگینی، ئیسماعیل قولیخانی چگینی بکەین. چگینی قەزوینێ چەند لقن کە بە هەموانیان دەڵێن چگینی، بەهادیوەند، بابایی، پیروەند، پیرقولیوەند، تاچناری، خنکالی، درویشوند، کەلوەند، کەوگیر، گودەرزوەند، کەفگیر، موختاروەند، نیزامیوەند و ... چەند لقی دیکەش هەن

کە هەموویان بە چگینی ناسراون. هەندێکیان لە هەرێمی قاقزان و ئیقبال و تارەمدا نیشتەجێ دەبن.

هۆزی غەیاسوەند: محمدعلی گلریز لەبارەی هۆزی غەیاسوەند ئاوا دەنووسێ: لە سەردەمی ئاقامحەمەدخاندا ٤٠٠ خێزانی ئەو هۆزە بە سەرکردایەتی خەلەف لە کرماشان و لۆرستانەوە بۆ قەزوین کۆچیان پێکرا. حەشیمەتی هۆزی غەیاسوەند هەزار هەتا هەزارو پێنسەد خێزان دەبن. لە پیاوە گەورەکانی ئەو هۆزە دەتوانرێ ئاماژە بکرێ بە حاجی سالاری حشمەت، عزەتوڵڵا غەیاسوەند.

هۆزی جەلیلوەند: جەلیلوەند هۆزێکی گەورەی قەزوینە کە وەک هۆزێکی سەر بە زەند لەقەڵەم دەدرێت، ئەو بە کوردی کەلهوڕی قسە دەکەن و لە هەرێمی قاقزان نیشتەجێن. هێندێك لەو گوندانەی کە جەلیلوەندی کەلهوڕ تێیاندا نیشتەجێن بریتین لە: گوندی باشگل، قەرەباز، یەنیجێی خواروو. نزیکەی سێسەد خێزان دەبن. ئێدمۆندی ئینگلیزی لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەنووسێ کە جەلیلوەند هۆزێکی گەورەی کوردانە، هەروەها لە «مجمع التواریخ گلستان»دا هاتووە کە جەلیلوەند لەم تایفە سەرەکییانە پێکهاتووە: ئەحمەدوەند، بێهتوویی وەند، جەلیلیوەند، زوبێروەند، نانکلی وەند، بوجوری وەند، کاکاوەند، قولی عەلی وەند، خاجەوەند، مافی وەند، قۆریە وەند و خەلیلوەند. لە سەردەمی قاجارەکاندا ئەو هۆزە لەژێر فەرمانی قەنبەرعەلی خانی سەعدەلدولە دا بوون. جەلیلوەند لە شەڕی هەراتد بەشداریان کرد و لە سەردەمی مەشروتەدا سەرۆکەکەیان خوسرەوخان بوو. قەنبەرعەلی خانی سەعدەلدولە و خوسرەوخان و هاوژینەکەی بە ناوی خانم تاج الملوك لە مرۆڤە ئازاکانی ئەو هۆزە بوون. ئەو خانمە لە شەراندا بەشداری دەکرد و فیشەکدانی لەخۆ دەبەست و بە هۆی ئەوەشەوە خوسرەوخان ئەوەندەی دیکەش بەناوبانگ ببوو. جەلیلوەند لەنێو شاری قەزویندا زۆرە بەڵام بە گشتی لە گوندەکانی ئاخچەکەند و باشتیپەل و قەرەباغ و یەنیجێی خواروودا ژیان دەکەن.

هۆزی باجەلان: منوچهری ستوودە لە نووسینەکەی خۆیدا بەم شێوەیە باسی وان دەکا: باجەلان یەك لە هۆزە مەزنەکانی کوردن کە لە شاری قەزوین نیشتەجێن و ئەو ئێلە لە دوو گوندی ئیسماعیل ئاباد و نادرئاباد دا نیشتەجێن و نزیکەی ۱۰۰ بنەماڵە دەبن.

هۆزی مافی: ئەم هۆزە لە قەزوێن نیشتەجێن و لەو هەرێمانەدا دەژین: باقرئاباد، حاجی تەپە، حوسێن ئابادی رۆکنا و حوسێن ئابادی مافی. حەشیمەتەکەیان نزیکەی ٦۰۰ خێزان دەبێ. لە پیاوە مەزنەکانی ئەو هۆزە دەکرێ ئاماژە بە حوسێن قولیخانی نزامولسەڵتەنە و محمد حسن خان سعدالملك حیدرقلیخانی برهان الدوله، میرزا مەهدی خانی سەعدولمولوك و میرزا هاشم بکرێ.

هۆزی کاکاوەند: ئەم هۆزە لە گوندەکانی هەرێمی قاقزان دەژین و زیاتر بە کاری ئاژەڵداریيەوە خەریکن. حەشیمەتی ئەو هۆزی ئێستاکە نزیکەی هەزار بنەماڵە دەبێ. سەرۆکی ئەو هۆزە لە سەردەمی مەشرووتەدا مەسیح خانی کاکاوەند بوو. ئەو هۆزە ئەهلی حەق یان یارسانن. لە مەزنەکانی ئەم هۆزە دەکرێ ئاماژە بە مەسیح خان، ئەحمەدخان و هەروەها عەبدولقاسم خانی کاکاوەند بکەین. سەرۆك هۆزەکانی کاکاوەند بە گشتی لەنێو قەزوێندا نیشتەجێ بوون کە ئێستاش لەوێ دەژین.

هۆزی چمشگەزك: چوار سەد هەتا پێنجسەد بنەماڵە دەبن کە هێندێك لەوان لە بازاری قەزوین دەژین و ئەو کوردانە پێش کۆچ پێکردن لە ئازەربایجان و قەفقاز بوون و بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن.

هۆزی رەشوەند: لە دەوروبەری ڕوودباردا نیشتەجێن. محمدعلی گلریز لەسەروان دەنووسێ: هۆزی ڕەشوەند یەکێك لە هۆزە مەزنەکانی کوردانن کە لە قزوین دەژین و بەزاراوەی کرمانجی قسە دەکەن. رەشوەند لە دوو پەیڤی ڕەشمە و بەند پێك دێ کە ڕەشمە لە کرمانجیدا واتە تەناف و پێشتر وەك کەمەر دەیانهاویشتە پشتی خۆ. لە هۆزەکانی دیکە دەتوانین ئاماژە بە هۆزەکانی بێهتوویی، یەمەنی، وەلیاری و کرمانی بکەین.[۱۱]

لە لاپەرە ۲۷ی کتێبی «ایل ها و طایفه‌های عشایری کرد ایران» بەم شێوەیە باس لە هۆز و تایفە کوردەکانی قەزوین کراوە:

«تایفە کوردەکانی قەزوین لەم ناوچانەدان: تارەم، قاقزان، ڕوودبار، ئەلەموت، داوێنی بشکلاڕە. ئەم تایفانە لە سەردەمی سەفەویە و ئەفشارییەکان بۆ ئەم ناوچانە ڕاگوێزراون کە بریتین لە:

باجەلان، پاپلی، چگینی، جەلیلوەند، ڕەشوەند، غەیاسوەند، کاکاوەند، مافی، بێهتویی، کرمانی، بەمەنی، وەلی یاری.

کوردەکانی ئەم ناوچەیە خەریکی کاری ئاژەلداری و وەرزێرین. ئاژەلدارانی ئەم تایفانە لەنێوان ناوچەی قاقزان و دەوروبەرەکانی جادەی قەزوین، ڕەشت و لە داوێنەکانی ئەلبورز و تارمی قەزوین و لێوارەکانی چۆمی شاهرود و خاکی عمارلوودا گەرمێن و کوێستان دەکەن...

تایفەی چگینی: ئەم تایفەیە بریتیە لە تیرەکانی بەهاریوەند، پاپائی، پیرەمەردوەند، کلوەند، گودەرزوەند، موختاروەند، نیزامی وەند، ڕەشوەند، میرخاند، پاچناری، خەرکانی، پیرقولی وەند، گوگیر، مال ئەمیر کە لە ئاوایی‌یەکانی ئیقبالّ، قاقزان و تارمی قەزوینداً نیشتەجێن. حەشیمەتی چگینییەکان نزیکەی نۆسەد بۆ هەزار بنەماڵە دەبێ.

تایفەی جەلیلوەند: ئەم تایفەیە لە دێهستانی قاقزان نیشتەجێن. حەشیمەتیان نزیکەی ۱۵۰ بۆ ۲۰۰ خێزان دەبن. (دیارە مەبەست لەم ژمارانە کاتی نووسینی کتێبەکەیە کە نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەرە. س.م)

تایفەی مافی: ئەم تایفەیە نزیکەی ۲۰۰ بۆ ۲۵۰ بنەماڵەیە و لە ئاوایی‌یەکانی دێهستانی بشاریات، میانکوهی قەزوین (فشگلدەرە) نیشتەجێن. ئەم تایفەیە گەلێك کەسی کارزان و زانای وەك حوسێن قولیخانی نیزامولسەڵتەنە و محەمەد حەسەن خانی سەعدولمولوك لێ هەڵکەوتوون.[۱۳]

• ئینتمای نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی لای کوردەکانی قەزوین

بێگومان لە رۆژگارە جیاجیاکاندا تەواوی هەوڵی دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر ئێراندا ئەوە بووە کە کوردەکانی قەزوین لە ڕەگ و ڕیشە و خاك و خەڵکی خۆیان دابڕن و لەنێو خەڵکی ناوچەکانی دیکەدا بیانتوێننەوە. هەر لە سەردەمی ڕەزاخاندا کاتێك کوردەکانی بۆ ناوچەی قەزوین ڕاگواستن، دوای کۆچ پێکردنیش هەر پێنج بنەماڵەی کوردی لەگوندێکی فارس و گوندێکی تورکدا بیشتەجێ کردن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە کوردایەتییان لەبیر بەرێنەوە. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لەگەڵ ئەوەی کوردەکانی قەزوین ڕۆڵی بەرچاویان لەو شۆڕشەدا هەبوو، بەڵام ...!! لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ تێپەڕینی ڕۆژگار و زۆرداریی دەسەڵاتداران توانیبێتی هەستی کوردایەتی لە دەروونی کوردەکانی ئەو شوێنەدا بە یەکجاری بکوژێنێتەوە، لانیکەم بەشێکی زۆریان ئێستاش دڵیان بۆ نیشتمانی دایك هەر لێدەدا. ئەوەتا خانمە ڕۆژنامەنووسی کوردی قەزوین، سووسەن محەمەدخانی غەیاسوەند بەم شێوەیە لەم بارەوە دێتە ئاخاوتن:

« ئینتیما بۆ نیشتمانی دایك لەنێو کوردەکانی قەزوینداا زۆرە. کوردەکانی قەزوین خۆشحاڵیی خۆیان بە دیتنی کوردێکی خەڵکی کرماشان یان پارێزگای کوردستان هەرگیز ناشارنەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فیلمێك یان ئاهەنگێکی کوردی لە تەلەویزیۆن یان دیتنی وێنەگەلێکی کوردستان بە ئاسانی دەتوانرێ شادیی لە ڕووخساریان بەدی بکەی. سەردانی شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان ئێستاکەش یەکێك لە بەرنامەکانی سەفەرەکانیانە. هەنووکەش ڕێوڕەسمەکانیان بە ئاهەنگ و ئاوازە کوردییەکان و دەنگی گۆرانیبێژە کوردەکان وەجۆش دەخەن. بەڵام لەبەر ئەوەی کوردەکانی قەزوین بە گشتی لە

ناوچەیەکدا نیشتەجێ نین، بەو پێیە خۆشەویستیی و ئینتما بۆ نیشتمان و کولتوور و شوناسی کوردییش لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە. بۆ نموونە کوردەکانی جەلیلوەند لە قەزوین بە هۆی پێکەوەژیانیان لەگەڵ تورکەکان، زمانەکەیان گۆڕاوە و بە تورکی قسە دەکەن. لە بەرامبەردا هێندێك تایفە و هۆزی دیکە هەن کە ئێستاکەش تەنانەت جلوبەرگی ناوچەیی خۆشیان پاراستووە و هەروا کەڵك لەو جلوبەرگە وەردەگرن. بەڵام تایفەی دیکش هەن کە لەوانەیە ئەمڕۆ نەزانن جلوبەرگی خۆیان بە چ شێوازێك و چ جۆرێکە.

کوردەکانی قەزوین هەرچەند مەوداياں لەگەڵ زمان و کولتوورە باوەکانی ئەم شارە زیاتر بووبێ، کەمتریش چوونەتە ژێر کاریگەرییان و هەر بەم پێیەش تا توانیویانە کولتوور و شوناسی خۆیان پاراستووە. بەڵام هەرچەند ڕادەی ئەم پێکەوەژیانە زیاتر بووە، سروشتییە زیاتر چوونە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوور و زمانانە و کەمتریش بایەخیان بە شوناس و کولتووری خۆیان داوە. واتە لە ناوچە جیاوازەکان، ئەم ڕادەی ئینتیمایە جیاوازە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا ئەمڕۆ لە قەزوین هێندێك کوردمان هەن کە بە گۆڕینی ناوبانگی خۆیان دەیانەوێ شوناسی کوردیی خۆیان بشارنەوە. یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان ئاسیمیلاسیۆنی کولتووری و ڕەگەزییە کە کوردەکانی قەزوین هەر لە سەرەتای گەیشتنیان بە ناوچەی قەزوین بە هۆی هۆکارگەلی سیاسییەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونەوە. بە زمانی زگماکی نەیانخوێندووە و فێری نووسین و خوێندنەوە نەبوون...کەوایە بێشك کوردەکان بە شوناسی خۆیان نامۆ دەبن و بەرەبەرە لەبابەت زمانی زگماکیی و کولتووری کوردی تووشی گرفت دەبن. جێکەوتنی ئەم کولتوورە هەڵەیەش کە قسەکردن بە زمانی ناوچەیی جۆرێك ئاست نزمیی و دواکەوتوییە، بۆتە هۆی ئەوەی بە تایبەت لە نێو وەچەی نوێی کوردەکان، زمانی کوردی تەنیا لە نێو چوار دیواری ماڵ یان ئەوپەڕەکەی لە کاتی میواندارییەکی خێزانیدا قسەی پێبکرێ. واتە ئەگەر کوردەکانی قەزوین هەتا ئەمڕۆ

بە هەر چەشنێك زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا کۆمەڵە هۆکارێك دەستیان داوەتە یەك بۆئەوەی هێندێك لە کوردەکانی قەزوین بە دوورکەوتنەوە لە زمان و شوناسی کوردی وەپێش یەکتر بکەونەوە.(١٣)

بێگومان سااڵەها دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمانی دایك، نزیکبوونەوە و تێکەاڵوبی لەگەڵ قەوم و نەتەوەکانی دیکەی قەزوین و لە هەموان گرنگتر زوڵم و ناحەقییەك کە رێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی دەسەاڵتدار بەسەر ئێراندا دەرحەق بەم کوردە دوورخراوانە کردوویانە، هۆکارن بۆ ئەوەی ئەوان لە زۆر لە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کوردستان بێئاگا بن. نەگەرچی لەم سااڵنەی دواییدا بە هۆی هاتوچۆکردنیان بۆ هێندێك لە پارێزگا کوردنشینەکان و لە رێگەی فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکانی وەك فەیسبووك، و تویتێر و ... تا ڕادەیەك شارەزای باس و بابەتەکانی هاونەتەوەکانیان لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران بوون، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی هەموو کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ناوە و دەرەوەی وااڵت، و بە تایبەت چاالکانی مەدەنی نێوخۆیە کە تا ئەو جێگەیەی دەتوانن لە هەموو رێگەیەك بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ کوردەکانی قەزوین و هەموو ئەو شار و هەرێمانەی کوردی دوورخراوە لە نیشتمانیان تێدا دەژین، هەوڵ بدەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەگەرچی سەدان سااڵە ئەم کوردانە تووشی ڕاگواستن و دوورخستنەوە بوون و لە زێد و هاونیشتمانیان دابڕاون، بەاڵم بێشك خەڵکێك کە توانیبێتی لەم ماوە دوور و درێژەدا بەرگەی ئەم هەموو نەهامەتیانە بگرێ، ئەوا سەدان سااڵی تریش هەستی نیشتمانپەروەری و عەشق بە زێدی باب و باپیران لە دەروونیاندا دانامرکێ و نامرێ.

• سەرچاوەکان:

١. شریفی، محمود. نگاهی اجمالی به وجعیت کردهای قزوین در مصاحبه با سوسن محمدخانی غیاثوند، وەرگیراو لە مالپەڕی پژوهەلات تایمز.
٢. ویکیپیدیای فارسی.
٣. س.پ.
٤. کۆچبەرێن کورد، تەلەویزیۆنی تیشک /بەرنامەی «کۆچبەرێن کورد» ٢٠١٣.
٥. شریفی، محمود، س.پ.
٦. سەرچاوەی ژمارە ٤.
٧. www.wikipg.com
٨. شریفی، محمود، س.پ.
٩. سەرچاوەی ژمارە ٤.
١٠. سەرچاوەی ژمارە٢.
١١. سەرچاوەی ژمارە ٤.
١٢. میرنیا، سیدعلی، ایل ها و طایفەهای عشایری کرد ایران، نسل دانش، تهران، ل٢٧)
١٣. شریفی، محمود، س.پ.

سێیەم

کوردەکانی قوم

- چەند زانیارییەك لەبارەی پارێزگای قوم
- عێل و تایفە کوردەکانی قوم و دەوروبەری
- سەرچاوەکان

خوێنەری خۆشەویست، سەبارەت بە کوردەکانی قوم هیچ سەرچاوەیەکی تێروتەسەلتر لە کتێبی (تاریخ سیاسی کرد و کردهای قم) واتە «مێژووی سیاسی کورد و کوردەکانی قوم» لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم بەشە لە هاونەتەوەییەکانمان لەو ناوچەیەی ئێران پێشکەش بکرێ. هەربۆیە بێجگە لەو چەند دێرە زانیارییەی کە لەبارەی پارێزگای قومەوە لە مالپەڕی ویکیپیدیای فارسی وەرگیراون و چەند پەڕاوێزی کۆتایی ئەم بەشە، سەرجەم بابەتەکانی دیکە لەو کتێبە وەرگیراون.

● **چەند زانیارییەك لەبارەی «پارێزگای قوم»**

پارێزگای قوم لە باشووری پارێزگای تاران، باکووری پارێزگای ئیسفەهان،

ڕۆژهەڵاتی پارێزگای مەرکەزی و ڕۆژئاوای پارێزگای سمنان هەڵکەوتووە و ناوەندەکەشی شاری قومە.

بە شێوەیەکی ماموناوەندی پارێزگای قوم ٩٣٠ میتر بەرزتر لە ئاستی دەریایە. نزیکەی چواریەکی ڕووبەری ئەم پارێزگایە ناوچەی کوێستانی و بەرز و ئەوەی دیکەی دەشتە و کەشوهەوایەکی گەرم و وشکی هەیە. ڕووبەرەکەی نزیکەی ١٤٦٣١ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بە پێی دواین دابەشکاریی نێوخۆیی وڵات لە ساڵی ١٣٧٥، ناوەندەکەی شاری قومە و تەنیا شاری سەرەکیشیەتی. لە نێستادا پارێزگای قوم لە٦ شار، پێنج بەخش، دە دیهستان و ٣٦٣ گوند پێک هاتووە. بەخشەکانی بریتین لە: بەخشی مەرکەزی، جەعفەرئاباد، خەلجستان، کەهەك (کوهەك) و سلفچگان. هەروەها شارەکانی بریتین لە: قوم، جەعفەریە (گازرانی پێشوو)، دەستجرد، سەلفچگان، قەنەوات (حاجی ئابادی لەکەکانی پێشوو) و کوهەك.

حەشیمەتی شارستانی قوم لە ساڵی ١٣٨٥ ی هەتاوی (٢٠٠٦ی زایینی)، ٩٥٩،٨٥٢ کەس بووە کە لە سەدا ١٦/٩١ی خەڵکەکەی لە شارەکاندا دەژین. شایانی باسە خەڵکێکی زۆر وەك کۆچبەر ڕوویان لەم پارێزگایە کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون.

بەپێی ڕاپرسیەك کە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لەسەر پێشنیاری شووڕای فەرهەنگی عمومی ئەنجام دراوە، ئەم قەومانە لە قومدا نیشتەجێن: فارس، تورك، کورد، عەرەب، بەلووچ، لور، شومالی (گیلەك، مازنی، تالشی و تورکەمەن).

پێویستە بگوترێ هۆکاری پربایەخ بوونی ئەم شارە بۆ بوونی ئارامگەی حەزرەتی مەعسومە (ع)، زیارەتگەی شیعەکان و هەروەها ناوەندی فێرکردنی زانستە ئایینیەکان (حوزە علمیّە)ی ئەو شارە دەگەڕێتەوە.

• عیل و تایفە کوردەکانی قوم و دەوروبەری

ئەو هۆز و عەشیرەتە ناسراوانەی کە لە قوم نیشتەجێن، بێجگە لە چەند تایفەیەکیان هەموویان ئەو تایفانەن کە لە شیراز و ناوچەکانی دیکەی وەک کرماشان، ئیلام، لورستان و ... بۆ قوم ڕاگوێزراون. ئەم تایفانە خزم و کەسانی نزیکی تایفەی زەند بوون کە دوای لێک هەڵوەشانی زنجیرەی زەندییە بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی قاجار لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ کران.

لە زۆربەی کتێبەکان لە ناساندنی تایفەکانی نیشتەجێی قوم کورتە ئاماژەیەک بە هۆکاری هاتنی ئەوان بۆ ئەم ناوچەیە کراوە بەڵام زۆر بە قوولی باسی وردەکارییەکانیان نەکردووە.

ئەفزەلولمولکی کرمانی لە کتێبی (مێژوو و جوگرافیای قوم)دا لە باسی ناساندنی هۆز و عەشیرەتەکانی قوم کە زیاتر مەبەستی عیل و عەشیرەتەکانی دەوروبەری قوم بووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموویان لەناو کۆمەڵەی ئەو تایفە کوردانە دان کە لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای قوم نیشتەجێن. ناوبراو بێجگە لە ناساندنی ئەم تایفانە وەسفی حاڵ و ڕوحیە و چۆنیەتی ژیانی ئەم تایفانەی کردووە و دەڵێ حەشیمەتیان بیست و پێنج هەزار و حەوتسەد و پەنجا کەسە.

لە دێژەی ئەم بابەتەدا دەڵێ:

... بەڵام عەشیرەتەکانی دارولئیمانی قوم بنەچەکەیان لە وڵاتی فارسە، لە سەردەمی خاقانی شەهید ئاقامحەمەدخانی گەورە ئەوانی ڕاگواستووە و لە قوم نیشتەجێبوون. ئەوانە حەوت تایفەن کە بە بەشێک لە زەند دێنە ئەژمار و هەر دەستەیەک بە ناوێکی جیاواز ناسراوە.

هەریەک لەو تایفانە بوونە خاوەنی مەڕو ماڵات و حوشتر، هەندێکیان لەناو خودی شاردا نیشتەجێ بوون و لە گوندەکانی دەوروبەر کشتوکاڵ و باغی کەمیان

هەیە و خۆیان لە شاردا بە خزمەتکاریی خەریکن و لە دامودەزگای حکومەت دان و زۆربەیان بە تایفەی لەك بەناوبانگن. هەموویان ئازا و بەجەرگ و خاوەن قەدوبالای درێژ و ناوشانی پان و ئەبرۆ و چاوی گەورەن کە بە پێی پێکهاتە و ڕوخسار و بالا و هەیبەت لە زۆربەی لاوەکانی ئێرانی لەبەرچاوترن و بەشێکی دیکە تایفەکان لە قەڵاکانی دەوروبەری شار نیشتەجێن و زۆربەی کاتەکان لە بیابانەکان خێوەت هەڵدەدەن و مەروماڵاتی زۆریان هەیە و ...

ئەوانە ئێستاکەش شێوازی هۆزایەتییان لەدەست نەداوە و هەموویان ئازا و بەجەرگ و سوارکاری باشن و بە هەمان عەبای درێژ و چەکە کۆنەکانیانە و ... وەها زیرەك و ئازان کە هەریەکێکیان دەتوانن خۆی لەنێو پەنجا کەس سوار و غولامی شاری بە ساغی بەدەربەرن و ئەم هونەرە لەم سەردەمانەدا لە پیر و لاوانی ئەوان بینراوە...

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە ناوبراو ناوی ئەم تایفانە دێنێ کە بریتین لە:

تایفەی زەند، تایفەی گائینی، تایفەی سەعدوەند، تایفەی عەبدولمەلەکی، تایفەی کەلهوڕ، تایفەی کورزەبەر، تایفەی لشنی.

بەڵام تیرە و تایفەگەلێکی دیکە لە قوم نیشتەجێن کە لەنێو تایفەی زەند و تایفە ناوبراوەکاندا دەژین و لە «مێژوو و جوگرافیای قوم»دا ناماژەیان پێنەکراوە. تایفە و تیرەگەلی وەك: زینی وەند، ئاروەند، مەنسووروەند، مەرشەوەند... .

لە شوێنی دیکە هەر لەو کتێبە (مێژوو و جوگرافیای قوم) تایفەکانی شاری قومیشی ناو بردووە کە بریتین لە: زەندیە، تایفەی بیگدلی، تایفەی حاجی حوسێنی.

تایفەی زەندیە کە لێرەشدا ناوی هاتووە، خانەکانی عەشیرەتی زەند بوون کە هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە لە شاری قوم نیشتەجێ بوون و ژمارەیەکیشیان پاشگری «خانەشاری»یان هەیە. و بە «زەندی خانەشاری» بەناوبانگن.

لە کتێبی «قوم نامە» لە نووسینی «سەید حوسێن مودەرپیسی تەباتەبایی» ئاماژەی بە ناوی ئەو حەوت تایفە کردووە کە پێشتر باسیان کرا. دیارە لەم کتێبەدا ژمارەی حەشیمەتی هەریەك لەم تایفانەی بە شێوەی جیا هاتووە.

لە کتێبی «عێل و قەرەجەکانی پارێزگای مەرکەزی» لە ناساندنی تایفەکانی دەوروبەری قوم تەواوی تایفەکانی نیشتەجێی ناوچەکەی لە چوارچێوەی عەشیرەتی زەند و زێر کۆمەڵەی ئەم عەشیرەتە هێناوە. لە حاڵێکدا تایفەگەلێکی وەك: عەبدولمەلەکی، گائینی، سەعدوەند، ... هەرکامیان خوێ خاوەن رێکخستنی عیلایەتی و تایفەیەکی سەربەخۆیە. نووسەر لەم کتێبەدا گوتوویەتی لە عەشیرەتی زەند لە سنووری پارێزگای مەرکەزی (دەوروبەری قوم) تەنیا حەوت تیرەی سەربەخۆ ماونەتەوە:

عێل (تایفە)ی زەند لەك ـ تیرەی مەرشەوەند، تیرەی زەکی و سەفی، تیرەی عەبدولمەلەکی، تیرەی ئاروەند، تیرەی ئیمامقولی وەند، تیرەی سەعادەتمەند، تیرەی گایین.

هاتنی تایفە کوردەکانی نیشتەجێی شیراز و ناوچەکانی تری وەك کرماشان و ... بۆ قوم گوایە لە چەند نۆرەدا جێبەجێ بووە. بە شێوەیەك ئەم تایفانە لە مێژوو و رێکەوتی جیاجیا بۆ قوم ڕاگوێزراون. بۆ نموونە رێکەوتی کۆچی تایفەکانی زەند و دەوروبەرەکانیان لەگەڵ مێژووی تایفەکانی دواتری وەك سەعدوەندەکان، گاییەکان، کورزەبەرەکان و شینی(چینی)یەکان چەند ساڵێك جیاوازی هەیە. کتێبی «مالك و زارع» ساڵی هاتنی سەعدوەندەکان و گاییەکان بەم جۆرە باس دەکا:

... ئەو عەشیرەتانەی دیکە کە لە سەردەمی قاجاریەدا کۆچیان کردووە بریتین لە سەعدوەند کە لە سەردەمی محەمەدشا (۱۲۵۰/ ٦٤ ــ ٤٨/١٨٣٤) لە فارسەوە بۆ دەوروبەرەکانی ڕۆژهەڵاتی قوم ڕاگوێزراون.

عەشیرەتەکانی «گایینی»یشیان بۆ باکووری قوم کۆچ پێکردن. ئەوان لە سەرەتادا کاروباری هەڵگرتن و ڕاگواستنی دیوانییان لە ڕێگەی وشتردارییەوە لە نەستۆ بوو و دواتر بە ڕەزامەندیی خۆیان وازیان لەم پیشەیە هێنا و ڕوویان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری نا. لەوەڕەگەکانیان لە دەرێڵایی چۆمی ساوە و نزیکی لەوەڕەگەکانی شاهسەوەنەکان بوون و هەرێوە بەردەوام لە شەڕ و کێشەدا بوون.

لە سەردەمی قاجاریەکاندا عەشیرەتەکانی عەبدولمەلەکیی فارسیش هاتنە قوم و لەوەڕگاکانی باشووری قومیان وەدەست هێنا. زۆربەیان وەشترەوان یان خزمەتکاری حکومەت بوون.

بەپێی گێڕانەوەیەکی دیکە لەم سەردەمەدا حەوت تایفە لە فارسەوە هاتنە قوم. ئەوان لە سەرەتادا مەڕدار نەبوون بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار وشتر و مەڕ و بزن و لەوەڕگەیان لە دەوروبەری قوم بەدەست هێنان....

هەروەها لە سەردەمی قاجاریەدا عەشیرەتەکانی شینی و کەرزە لە کرماشانەوە گەیشتنە قوم ... هەندێکیان بە تایبەت عەشیرەتەکانی هوداوەند خەڵکی خورڕەم ئاباد بوون و کەریم خان ئەوانی بردبوو بۆ فارس و ئاغامحەمەدخان ئەوانی لە فارسەوە بۆ تاران گواستەوە.

زەند (zand)

لە پێوەندیی لەگەڵ ناساندن و باسکردنی زەندەکان لەوانەیە پێویست نەکا تۆێژینەوە لەبابەت ناو و پێشینەیان بکرێ. چونکە ناسراون و پێشینەیەکی درەوشاوەیان لە مێژووی ئێراندا هەیە. زەندەکان عەشیرەتێك بوون کە بە لێزانیی و لێهاتوویی یەکێك لە خەباتکارترین و ئازاترین پیاوەکانی ئەم وڵاتە (کەریم خانی زەند) توانی دادپەروەری بە واتای تەواو لە هەموو ئێران بڵاو بکاتەوە و بۆ ماوەی چەند دەیە دەسەڵاتی هەموو ئێران بەدەستەوە بگرێ.

زەندەکان یەکێك لە تایفە ئازاکانی لەکن کە ڕێڕەوی سەرەکیی ئەوان لە ناوچەکانی ناوەندیی زاگرۆسەوە بووە. گومانی ئەوە دەکرێ کە شوێنی سەرهەڵدانی یەکەمی ئەوان لە ناوچەیەك بە ناوی «چول جایدر» هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی «دەرەشار»(ئیلام) و «پۆلدوختەر» بووە، کە دواتر لە ناوچەکانی «مەلایبر»، «پەری زەنگەنە» و «سیلاخور» نیشتەجێ دەبن. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ مێژووی زەندەکان تاڕادەیەك لە سەردەمی هاتنەسەرکاری «کەریم خان» هەتا لێکهەڵوەشانی ئەم زنجیرەیە و پاشماوەکانی ئەم عەشیرەتە هەتا ئێستاکە باس بکەین.

لە سەرەتادا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە بۆچی لەگەڵ ئەوەکە کەریم خانی لەلای ئەم هەموو خەڵکە جێگەی ڕێز و بایەخ بوو، جێنشینەکانی نەیانتوانی درێژە بە ڕێگەی ئەو بدەن؟

لە وڵامدا دەبێ بگوترێ ئەم بارودۆخە تەنیا بۆ زنجیرەی زەندییە نەبووە، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو زنجیرەکان و دامەزرێنەرانی دەسەڵاتەکان ئەم دۆخەیان بۆ هاتۆتە پێش. ئەوەکە جێگرەوەکانی بە هەویای بەدەسەڵات گەیشتن یان بەشداریکردن لە دەسەڵات تێکهەڵچوون و ناکۆکییان لەنێو دەرباریان و تەنانەت خەڵکیشدا پێك هێنا. هەرگیز نەیانویست و نەیانتوانی وەك کەریم خان بن. مەگەر کەسانێکی کەم کە تووشی چارەنووسێکی وەك چارەنووسی لوتفعەلی خانی زەند بوون، کە بە نیاز بوون ڕێگە و ڕێبازی گەورەپاوانی وەك کەریم خان درێژە پێبدەن. بەڵام ناخۆشیی، تەماع و بەرچاوتەنگیی کەسانی دەوروبەر و دژمنان دەرفەتی جێبەجێ کردنی ئەم ویستەیان پێنەدان.

جێگرەوەکانی کەریمخانی زەندیش تووشی ئەم داخوازییانەی دەوروبەرەکانیان و تەماعی ئەوان لە بەدەسەڵات گەیشتن و وەلانانی یەکتر

بوون کە ئەم تێکهەڵچوونە نێوخۆییانە لەنێو سەرکردەکانی زەند و سەرداڕەکانی دیکەی ئێراندا بوو بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتداریێتیی زەندییە لێك هەڵوەشێ.

بەهەرحاڵ عێلی زەند یەکێك لە عێلەکانی لەکی ناوچەی زاگرۆس (لوڕستان و ئیلام)بوون کە وەك تایفە و عێلەکانی دیکە دەست وپەنجەیان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵات نەرم کرد و لە بگرەوبەردەی پێشەواتوو لەسەردەمی نادرشادا لەم ناڕەحەتییانەدا نەپارێزران.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەویە و سەرەتاکانی ئەفشارییە سەرپەرشتیی ڕێکخستن و دامودەزگاکانی ئەم تایفەیە لە ئەستۆی کەسێك بە ناوی «مەهدی خان» بوو کە بە پیلانی نادرشا بە دەستی یەکێك لە فەرماندەکانی خۆی کوژرا و ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی ئەم تایفەیە بۆ خوڕاسان کۆچ بکەن.

لە کتێبی «مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە سەردەمی زەند»دا بەم شێوەیە باس کراوە: «دوابەدوای پیلانێك لەلایەن فەرماندەیەکی نادر بە ناوی باباخان چاوشلو، مەهدی خان دەسبەسەر دەکرێ و دەکوژرێ و ماڵ و سامانی خۆی و تایفەکەی تاڵان کرا. لەلایەن نادرەوە، بنەماڵەی مەهدی خانی زەند کە بریتی بوو لە محەمەد، شێخە، عەلی وەیس، ئەسکەندەر، نادرخان و کەریم خان، لەگەڵ سەرجەم کەسانی بنەماڵەکەی بۆ خوڕاسان ڕاگوێزران. ناوچەی دەرەگەزی خوڕاسان کە بنەماڵەی زەند تێیدا گیرسانەوە، ناوچەیەکی ئارام نەبوو و ئەوان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەلایەن هۆزە تاڵانچییەکانەوە هێرشیان کرایەسەر.»

تایفەی زەند لەم سەردەمەوە هەتا ئەو کاتەی نادر زیندوو بوو، ناخۆشی و نەهامەتی زۆریان دیت. کەریم خان کە بە کەریم توشمال (کوێخا، گەورە) بەناوبانگ بوو و خۆی یەکێك لە سەرکردە ناوداڕەکانی نادریش بووە لەگەڵ مردنی نادر بە یارمەتیی براکەی (سادق خان) تایفەکەیان لە دەرەگەزی خوڕاسانەوە بۆ

شوێنی سەرەکی و یەکەمی خۆیان واتە مەلایر دەگەڕێننەوە کە لەم سەردەمەوە بوو کەریم خان سەرۆکایەتیی تەواوی تایفەی بە ئەستۆوە گرت...

با بێینە سەر بنەچە و ڕەچەڵەکی ئەم تایفەیە، هەرچەند لە سەرەتادا گوترا پێویستە بە توێژینەوە و لەسەر نووسین ناکات، بەڵام ڕێکخستنی عێلایەتی ئەوان چۆن بووە و چۆن پێك هاتووە و خودی ئەم عێلە سەرەتا لە چەند تایفە و تیرەی تر دروست بووە شیاوی قسە لەسەر کردنە.

لە کتێبی «مێژووی گۆڕانکارییە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە سەردەمەکانی نەفشاریە و زەندیەدا هاتووە کە: «تایفەکانی لوڕستان لەماوی زاراوەوە بۆ دوو گرووپی لەك و لوڕ دابەش دەبن. زمانی لەکی یەکێك لە لقە گەورەکانی زمانی کوردی و زمانی ئێرانی و ڕەسەنە کە قەومێك لە قەومە بە ڕەگەز ئێرانییەکان بە ناوی «لەك» قسەی پێدەکەن. تایفەکانی لەك زیاتر لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای لوڕستان و هەروەها لەنێو هەندێك لە تایفەکانی لوڕستان، ئیلام، کرماشان و چەند بەشێك لە هەمەدان و قەزوین ژیان بەسەر دەبەن. تایفەی زەند بە یەکێك لە تایفە لەك زمانەکان دێتە ئەژمار. ئەوان بە شوانی ژیان بەسەر دەبەن و بە ئەگەری زۆر لە سەردەمی شا عەببای لە داوێنەکانی زاگرۆسەوە بۆ دەوروبەرەکانی پەری و کۆمازان لە نزیك مەلایر کۆچێنرابن. لە کتێبەکانی پێشینیان بە ناوی «کورد» باسیان کراوە و ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە کورد و لوڕ لەگەڵ هەبوونی جیاوازییە زمانی و زاراوەییەکان لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر چاوگەیەك لە ئاریاییە چیانشینەکان ڕۆژئاوای وڵات.» *

هەر ئەم سەرچاوەیە وەك سەرچاوەکانی دیکە، لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنی نێوخۆیی تایفەی زەند دەڵێ:

« لەبارەی دابەشکارییە نێوخۆییەکانی تایفەکە، ئەوان بۆ سێ تیرەی

دیاریکراو دابەش دەکەن کە بریتین لە: زەندی بگلە، زەندی هەزارە و زەندی خەراجی. دوو تیرەی بگلە و هەزارە لە نەژادێك و تیرەی خەراجی لە رەعیەت و ژێردەستە و خەڵکی ئاسایی پێك هاتبوو. کەریم خان کە دامەزرێنەری زنجیرەی زەندییە بوو لە تیرەی بەگلە بوو و سەرۆکایەتیی ب تیرەی هەزارەشی بەدەستەوە بوو کە ئەوکات ئەڵڵامراد قۆیتاس و براکەی خودامراد سەرپەرشتیی ئەو تیرەیان دەکرد و بە شوێنکەوتوویی لەوان تیرەی خەراجییش پێڕەوییان لە خانی زەند دەکرد.»

دوای مەرگی نادر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی گەورەی ئێران بەرەو هەرەسهێنان چوو و هەریەك لە سەرکردەکانی نادر هەوڵیان دا بە شێوەیەك دەسەڵات بەدەستەوە بگرن یان بەسەر ناوچەیەك لە وڵاتی پان و بەرینی ئێراندا زاڵ بن. هەبوونی سیستمی خانخانەکی لە ئێران و دەسەڵاتدارانی دەسترۆیشتوو وەك سەرۆکی ئەم عێلاتە بوونە هۆی ئەوەی تێکهەڵچوونی زۆر تونـد لەنێو ئەم حکومەتە ناوچەییانە بێنە ئاراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گرژیی و ئاڵۆزییانە هەریەك لە سەرکردە و رکابەرەکانی نادر لە گۆشەیەك لە وڵات حکوومەتی سەربەخۆیان پێك هێنابوو، بۆ نموونە خانەدانی خودی ئەفشار لە رۆژهەڵاتی وڵات، قاجارەکان کە سەرۆکەکەیان محەمەد حەسەن خانی قاجار بوو و لە رەقیبە سەرسەختەکانی نادر و دواتریش کەریم خان بوو، لە باکوور و دەوروبەرەکانی دەریای خەزەر، لە رۆژئاوا و باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بارودۆخێکی هاوشێوە زاڵ بوو.

یەکێك لە برازاکانی نادر بە ناوی عەلیقولی خان لە خوراسان بە نێوی عادڵشا بۆ ماوەی ساڵێك وەك پاشای ئێران حکوومەتی کرد و سەرەنجام بە دەستی براکەی ئیبراهیم خان لەسەر کار لابرا و خودی ئیبراهیم خانیش بە دەستی لایەنگران و هێزەکانی شاروخ نەوەی نادرشا کوژرا. شاروخیش بە

نێوی شاهڕوخ شا هەتا هاتنەسەرکاری قاجارەکان لە خوراسان خەریکی دەسەڵاتداریی بوو.

سێ کەس لە سەرکردەکانی ئێران واتە عەلیمەردان خان و ئەبولفەتح خان کە لە سەرکردە بەختیارییەکان بوون لەگەڵ کەریم خانی زەند بە سەرنجدان بەو یەکێتییەی پێکێنان هێنابوو، یەکێك لە شازادەکانی سەفەوی بەنێوی شا ئیسماعیلی سێیەم، کە تەمەنێکی ئەوتۆشی نەبوو، وەك پاشای ئێران ناساند و ئیسفەهانیشیان وەك پایتەخت بۆ دیاری کرد.

لەم کاتەدا کەریم خان بە وریایی و لێزانییەوە توانی وەپێش دوو سەرکردەکەی تر بکەوێتەوە و بەسەر چەند بەشێکی جیاواز لە خاکی وڵات بۆ وێنە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بە تەواوەتی زاڵ بێ.

دوای ئەوەی عەلیمەردان خان، ئەبولفەتح خانی لەنێو برد، کەریمخانیش توانی بە هاوکاریی هێزە لێهاتووەکەی، عەلیمەردان خانی بەختیاری لە کمرە(خومەین) تێك بشکێنێ و گوڵپایەگان داگیر بکات و دوای ئەمە توانی مێهرعەلی خانی حاکمی هەمەدانیش شکست بدات و هەمەدانیش بگرێت. دوای ئەم سەرکەوتنانە کەریم خان بڕیاری دا سەرکردە بەختارییەکان کە لە بەندیخانەی ئەودا گیرابوون، ئازاد بکرێن و بچنە پاڵ سوپاکەی کە ئەم هەنگاوەی کەریم خان دواتر کاریگەرییەکی باشی لەسەر یەکێتیی زەند لەگەڵ تایفە کوردەکانی دیکە دانا و ڕێگەی بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی کەریم خان خۆش کرد. عەلیمەردان خانیش دوای ئەم بەسەرهاتە، بەدەستی یەکێك لە کەسانی دەورووبەری کوژرا.

دوای ئەوە کەریم خان وەك دەسەڵاتدارێکی بەتواناتر و لەسەرتر خۆی دەربخات و لە بەرامبەریشدا هەروەك ئاماژەی پێکرا ڕەقیب و ڕکەبەرەکانیشی وەك محەمەد حەسەن خانی قاجار و ئازادخانی ئەفغان بە تەماعی بەدەسەڵات

گەیشتن، تێکهەڵچوونی زۆر خوێناوی و دوورودرێژیان لەگەڵ کەریم خان وەڕێخست، کە سەرەنجام کەریم خان توانی بەسەریاندا سەرکەوێ و هێمنی و ڕێکوپێکی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە.

.... پێویستە لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەر و شوێندانەری تایفە کوردەکانی گەڵ کەریم خان بکرێ. ئەو تایفانەی کە بەکێتیی عێلایەتیی کوردیان پێك هێنابوو، ئەوپەڕی خزمەتگوزارییان پێشکەش بە زنجیرەی زەندییە و خودی کەریمخان کرد و هەتا کۆتاییش پێی وەفادار مانەوە و لە بەرامبەر دوژمنانیشدا بەوپەڕی گیانبازیی بەرگریان دەکرد. لە بەرامبەردا کەریم خانیش ئەوپەڕی گرنگیی و بایەخی پێدان و ئەوەی لەدەستی هات بۆ خزمەت بەو تایفانە ئەنجامی دا.

... ئەم خزمەتگوزارییەی تایفەکانی ناو ئەم بەکێتییە تەنیا تا کاتێك کەریم خان لەژیاندا بوو، وەك خۆی مایەوە، چونکە دوای مەرگی کەریم خانی زەند (۱۱۹۳کۆچی) و هاتنەکایەوەی ناکۆکیی لەنێو میراتگراتی خانەدانی زەند لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، تووشی چەندەدەستەیی بوون و هەریەکیان لایەنی کەسێکیانی گرت.

کەریم خان توانی بە پشت بەستن بە دەسەڵات و لێزانیی خۆی و یارمەتیی و هاوکاریی تایفە کوردەکان، بەسەر زۆر دوژمنی وەك ئازادخانی ئەفغان، محەمەدحەسەن خانی قاجار، عەلیمەردان خانی بەختیاری، فەتحەلیخانی ئەفشار و... دا زاڵ بێ و شکستیان بدات. چۆنییەتی بەربەرەکانی و شەڕەکانی ناوبراو لەگەڵ ڕکەبەرەکانی و هەروەها بارودۆخی ئێرانی دوای کەریم خان، لە زۆربەی کتێبە مێژوویەکاندا هاتووە و پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات.

چارەنووسی تایفەکانی گەڵ بنەماڵەی زەند دوای مەرگی کەریم خان

دوابەدوای یەکێتیی خانەدانی زەند لەگەڵ کەلهوڕ، زەنگەنە، عەبدولمەلەکی و ... و تایفەکانی تری لەك (وەندەکان) یەکێك لە بەهێزترین ڕێکەوتنە میژوویییەکان بۆ بەدەسەڵات گەیاندنی کەریم خان لە ئێران لەنێو کوردەکانی کەرماشان، لوڕستان، ئیلام (کرمانشاهان، پیشکوە و پشتکوە) بەسترا.

ئەم یەکێتییە کە لەسەر یەکگرتوویی ئەم تایفانە پێك هاتبوو، توانی بە تواناییەکی تەواوە یارمەتیی کەریم خان بکات بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگات و تا کۆتایی بەمەنی ڕەندییە بەهاهی و ناسایشی لە ئێران دابین بکات.

ئەو تایفانەی کە یارمەتیی کەریم خانیان دا بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگا بریتی بوون لە: ئەو تیرە و تایفانەی سەر بە عێلی گەورەی کەلهوڕ، زەنگەنە، عەبدولمەلەکیی باجەلان، خودابەندەلوو، کولیایی، گائینی و.. و تایفەکانی تری (وەندەکان) وەك: نانکەلی وەند، خواجەوەند، ئاروەند، مافی وەند، بێهتویی وەند، قوریەوەند، روتەوەند (ڕوتەوەن)، جەلیلوەند، قولیەوەند، ئەحمەدوەند، کاکاوەند، غەیاسوەند، بوجول وەند، زەبیروەند، سادەوەند (سەعادەتمەند، سەعدوەند)، مەرشەوەند و...

ئەم تایفانە تا کاتێك کەریم خان لەژیاندا مابوو، لەسەر پەیمان و بەڵێنی خۆیان مانەوە و ئەم پەیمان و وەفادارییەشیان تا کۆتایی زنجیرەی زەندییە پاراست. هەر ئەوانیش بوون کە لە کاتی دوورخستنەوە و ڕاگواستنی خانەدانی زەندیش بە تەنیا جێیان نەهێشتن و تەنانەت لەگەڵ ئەوانیش بۆ ناوچە دوورەدەستەکان کۆچیان کرد.

هەروەك باس کرا دوای مەرگی کەریم خان هەریەك لە سەرۆکەکانی خانەدانی زەند و سەردارانی تری ئێران خوازیاری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران بوون کە ئەم هۆکارە بوو بە هۆی ئەوەی دووبەرەکی و ناکۆکیی لەنێوان

بنەماڵەی زەند و سەردار و گەورەپیاوانی تر سەر هەڵبدات.

ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی زەند لەنێو تایفە و تیرەکانی سەر بەو بنەماڵەیەشدا تەشەنەی سەند، بە شێوەیەك کە هەریەك لەم تایفانە لایەنی کەسێکیان دەگرت و گرژیی و تێکهەڵچوونی زۆریان لەنێودا هاتە ئاراوە. بە شێوەیەك کە لە میانەی ناکۆکیی نێوان عەلیمراد خانی زەند و سادق خان کە سادق خان دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، تایفەکانی جەلیلوەند، مافی وەند، نانکەلی وەند، خودابەندەلوو، باجەلان لە عەلیمراد خان کە ماوەیەك دەسەڵاتداریتیی کرماشانی بەدەستەوە بوو، نزیك بوونەوە کە لە ساڵی ۱۱۹۵ی کۆچی تواڵی سادق خان لە دەسەڵات دوور بخاتەوە و شیراز گەمارۆ بدا و بە یارمەتیی ئەو تایفانە بە دەسەڵات گەییشت. ئەم ناکۆکیی و دووبەرەکییانە بوونە هۆی ئەوەی وڵات تووشی پشێوی و ئاڵۆزیی ببێت.

... لەم نێوەدا ئاغا محەمەدخانی قاجار توانی بە فێڵ و کەڵەك ئاگری دووبەرەکی لەنێو سەرکردەکانی زەند خۆشتر بکات و لەم رێگەیەشدا ئیبراهیم خانی کەڵاتەر حاکمی شیرازیش یارمەتیی کرد و زۆر لە سەرۆك عەشیرەتەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا یان ناچاری کردن لەسەر سەرانی عێلی زەند شەڕ بکەن.

بۆ نموونە «... تایفەکانی نانکەلی و مافی لە حاڵێکدا کە لوتفعەلی خانی زەند لە «سمیرم» وەڕێ کەوت، لە شەودا لەلایەن ئەم تایفانە هێرشی کرایە سەر و ناچار کرا بۆ شیراز بگەڕێتەوە... دوای ئەم ڕووداوە لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوە و کاتێ زانیان حاجی ئیبراهیم خانی کەڵاتەر هۆکاری ئەم هاندان و بەگژیەك وەنانەیە، ویستیان بیکوژن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و حاجی ئیبراهیم خانیش لە مەبەستیان ئاگادار بوو کە هەموویانی لێك بڵاو کردن و بۆ ناوچەی بەیزای فارس دووری خستنەوە.»

... بە لێکهەڵوەشانی زنجیرەی پاشایەتیی زەند و مەرگی لوتفعەلیخانی

زەند زۆربەی تایفەکان توانیان بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان بگەڕێنەوە. بەڵام زۆر لە تایفە سەرەکییەکانیش لەسەر بڕیاری خانی قاجار کۆچێنران و بۆ ناوچەگەلێکی وەك تاران، خوراسان، قوم، کرمان، شیراز، ئیسفەهان، ئازەربایجان (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات)، سیستان و بەلوچستان، قەزوین، گیلان، مازەندەران، سنە و ... بڵاوەیان پێکردن.

ژمارەیەك لە تایفەی زەند بە هۆی ڕق و بێزارییەك کە لە قاجاریان هەبوو، لە ناوچەی خانەقین و لەنێوان ڕێگەی کفری و سیروان نیشتەجێ بوون کە ئەمانە لە خزم و نزیکانی کەریم خانی زەند بوون.

دوایین حاکمی زەند لە قوم نەجەف خانی زەند بوو کە لە کاتی هێرشی هێزەکانی ئاغامحەمەدخانی قاجار شکستی خوارد و ئاغا محەمەد خانیش کەلبەعلی خانی خەلجی بۆ حکوومەتی ئەو ویلایەتە دیاری کرد و ئەویش براکەی (حوسێنعەلی خان)ی وەك جێگری خۆی لەوێ دانا و خۆی لە خزمەت خانی قاجاردا مایەوە.

گەورەترین ئامانجی ئاغامحەمەدخانی قاجار ئەوە بوو پێش بە یەکگرتن و شکڵگرتنەوەی دووبارەی ئەوان بگرێ کە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی هەریەك لەم تایفانە بۆ ناوچەیەکی دوور ڕەوانە بکات. ترسی ناوبراو لە ئەگەری هێرشی ئەم تایفانە بوو بە هۆی ئەوەی تایفەگەلێکی زۆر لە ئازەربایجان و تورکمەنەکان بباتە تاران بۆ ئەوەی ناوەندی دەسەڵات بپارێزن.

بەم شێوەیە هێرشە درندانەکانی قاجار بوو بە هۆی ئەوەی نە تەنیا تایفەی زەند، بەڵکوو زۆر تایفەی دیکەش کە لەگەڵیان بوون، هەر کامیان بۆ گۆشەیەك لە وڵات دوور بخرێنەوە و ناکۆکیی و دووبەرەکیی نێوخۆیی و سەرسەختی و دوژمنکاریی ئاغامحەمەدخان بوونە هۆی لێکهەڵوەشان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عێلی زەند لە ئێران. لەڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە

تەماعی سەرۆکەکانی زەند و سەرکردەکانی تری زەندییە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات هۆکاری لەدەستچوونی دەسەڵاتی ئەوان بوو و ئیستر نیشانەیەك لە زەندەکان و میراتگرانیان لە مێژووی سیاسیی وڵات کە بتوانێ کاریگەریی و ڕۆڵێکی دیاری هەبێ نەمایەوە. دواتریش نەیانتوانی بە شێوەیەکی جیددی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا خۆیان دەربخەن.

بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی سیمای دەرەوشاوەی خەڵکی ماندوویی نەناس و تێکۆشەری ئەم نیشتمانە زیندووە بکوژێتەوە. زۆر ڕۆڵەی ئازا و دلێر دواتر لەنێو هەر یەك لەم تایفانە هەڵکەوتن و لە بواره جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی، کولتووریی و ... ڕۆڵی کاریگەر و شوێندانەریان گێڕا....

زەندییە لە قوم

هەروەك باسکرا ڕیاکاریی و تێکهەڵچوون لەنێو خانەدانی زەنددا لە گرنگترین هۆکارەکانی لێکهەڵوەشانی ئەم زنجیرەیە بوو کە بوو بە هۆی ئەوەی میراتگران و دەوروبەرەکانیان هەر کامیان بۆ گۆشەیەك لەم وڵاتە دوور بخرێنەوە و کۆچیان پێبکرێ. لەم پێناوەدا ئاغامحەمەدخانی قاجار بۆ ئەوەی بەسەر میراتگرانی خانەدانی زەنددا زاڵ بێ و لەژێر چاوەدێری دابن، ئەوانی بۆ قوم ڕاگواست، لەبەر ئەوەی قوم لە ناوەندی دەسەڵات (تاران) نزیك بوو، ئەگەر ڕۆژێك بیانەوێ کردەوەیەکی دژە حکومەتی ئەنجام بدەن، ئەوا بتوانێ سەرکوتیان بکات و بیانهێنێتەوە ژێر کۆنترۆل و دەسەڵاتی خۆی.

... دوای مەرگی لوتفەلیخانی زەند، کەسێك کە سەرپەرشتیی میراتگر و کەسوکارەکانی زەندی دەکرد و لەگەڵیشیان چوو بۆ قوم، کەسێك بوو بە ناوی «حەیدەربیك» کە یەکێك لە سەرکردە و سەردارانی عێلی زەند بوو. ناوبراویش بە فەرمانی ئاغامحەمەدخانی قاجار هەر دوو چاوی کوێر کرا. لە گەورەپیاوانی

دیکەی خانەدانی زەند کە لەگەڵیان چوونە قوم، کەسانێکی وەك حەیدەر قولیخان و ئیمام قولیخان بوون.

سەرەتا ئەم تایفە لەگەڵ تایفە و تیرەکانی سەر بە خۆیان لە نزیکییەکانی قەڵای «گبری» واتە قەڵای سەدری (ئەمڕۆ کامکاری پێدەڵێن) جێگیردەکرێن. ئاغامحەمەدخان بۆ کۆنترۆڵ و سەرپەرشتیی کردنیان یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی «سەدرولمەمالیك» لەگەڵ چەندین کەس دەنێرێتە قوم بۆ ئەوەی پارێزگاری پاشماوەکانی بنەماڵەی زەند و دەوروبەرەکانیان بە ئەستۆوە بگرێت.

خانەدانی سەدرولمەمالیك یا کۆتایی سەردەمی قاجارەکان لە ناوچەکەدا مانەوە و کاروبارەکانی ئەم خەڵکەیان لەژێر چاوەدێریدا بوو.

بە هەڵوەشانی حکوومەتی قاجاریيە ئەم خەڵکەش وەك تەواوی خەڵکە کۆچێنراوەکە توانیان خۆیان لەژێر سەیتەرەی قاجارەکانی ڕزگار بکەن و دووبارە ڕێکخستنی عێلایەتیی خۆیان بەدەست بێننەوە. هەرچەند کە نەیانتوانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی وڵاتدا هەبێ، بەڵام لە ناوچەی قومدا گۆڕانکارییەکانی بەرچاوی ئەم خەڵکە بەرچاو دەکەون.

ئەوان توانیان چوارچێوەی سنووری ژیانی خۆیان کە پێشتر بۆیان دیاری کرابوو، پەرە پێبدەن و ناوچەگەلێکی بەربڵاو بێننە ژێر ڕکێفی خۆیان. ژمارەیەکشیان چوونە ناو شار و لە ڕێکخراو و شوێنە ئیداری و پۆستە سەرەکییەکاندا جێی خۆیان کردەوە.

خان و سەرۆك هۆزەکان لە قوم لە منااڵەکانی جەعفەرخانی زەند و سادقخانی زەند بوون کە ئەوانە سەرەتا لە گەڕەکی «گوزەرخان» لە نزیك حەرەمی حەزرەتی مەعسوومە لەنێو شاردا نیشتەجێ بوون، کە دواتر ناوچەی شەریف ئاباد شوێنی نیشتەجێبوونی سەرکردە و گەورەپیاوانی زەند بووە. خەڵکی سەر بەم عێلە هەروەك ڕابردوو ڕێز و بایەخیان بۆ ئەو خانەدانە دانا و لە تەواوی

بوارەکاندا یار و یاوەریان و پشت و پەنایان بوون.

بێجگە لە خان و سەرۆکەکانی زەند، زەندەکانی قوم بۆ دوو دەستە دابەش بوون کە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو حەیدەربیك دوو کوڕی بە ناوەکانی زەکیخان و سەفیخان هەبوون کە ئەمڕۆکە زەندەکان بە دوو لق دەزانن: تایفەی سەفیخان و تایفەی زەکیخان. تایفەکەی دیکە لە منالّەکانی «غولامعەلیخانی زەند» ئێلخانی گەورەی زەندە.

زەندەکان دواتر توانیان گوند و ئاوایی زۆر دروست بکەن کە هەندێکیان بریتین لە: قەلای گبری، بوچاب، چاراوە، کاروان سەراسەنگ، شەریف ئاباد، دیزار، حوسێن ئاباد... گەرمێن و کوێستانیان لە قەڵای گبری هەتا نزیکیەکانی گارزان و شەریف ئاباد و بەخشی جەعفەرئاباده.

ڕێکخستنی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی عێلی زەند لە قوم بەم شێوەیە بوو کە سەرۆکەکانی زەند لەنێو هەر تایفەیەك وەکیلێکیان هەبوو، واتە دوو تایفەی گەورەی زەند لە قوم (تایفەی سەفیخان و تایفەی زەکیخان) هەر یەکێکیان وەکیلێکیان هەبوو و ئەم وەکیلانەش بە سەرنجدان بە ناسیاری و زانیاریەك کە لە کەسانی ناو تیرەکانی سەر بەم تایفانەیان هەبوو، چەند کەسێکیان وەك کوێخا لەنێو تیرە جۆراوجۆرەکاندا هەڵدەبژاردن. بۆ وێنە لە وەکیلەکانی ئەم دوو تایفەیە دەتوانین ئاماژە بە «حاجی ئەسەدوڵلای زەند» وەکیلی تایفەی زەکی و «حاجی ئەمروڵڵا زەند» وەکیلی تایفەی سەفیخان بکەین.

هەروەك باسکرا بە هەڵوەشانەوەی قاجار، زەندەکان لەگەڵ تایفەکانی تری نیشتەجێی قوم سەرلەنوێ ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی پێشووی خۆیان بەدەست هێنایەوە. گەورەپیاوەکانیان وەك یەکەم هەنگاوی سەرەکی، سەرەتا داوایان لە ڕەزاشا کرد سەری کەریم خانی زەند کە لەلایەن ئاغامحەمەخانەوە لەژێر پلیکانەکانی کۆشکی گوڵستان شاردرابۆوە،

بدرێتەوە و لە شیراز، بازاڕی کولاەفەرەنگی و لە تەنیشت تەرمی کەریمخان زێرخاك بکرێ. «ڕەزاشاەش شێوازی قاجاریيەکانی گرتەبەر و پێشی بە هەر چەشنە ڕێکخستنێکی ڕێکوپێکی لەلایەن زەندەکانی قوم گرت و هەرگیز ئیزنی پێکهێنانی حیزب و گرووپی سیاسی پێنەدان.

گەورەپیاوانی زەند لە قوم بریتی بوون لە:

حەیدەربیك، سەفیخان و زەکیخان و کوڕەکانی، غولامعەلیخانی زەند(سەرحێلّی گەورەی زەند)، غولام حوسێنی کوڕی (نەوبش بازناوی ئێلخانی گەورەی زەندی هەبوو، چونکە سەرپەرشتیی تەواوی تایفەکانی سەر بە تایفەی زەندی لە ئەستۆ بوو)، میرزاخانی زەند، ڕەزاخان، میرزا باقرخانی زەندی وەکیلی، میرزا ئەحمەدخانی زەندی وەکیلی، دوکتۆر ئەکبەرخانی زەندی وەکیلی، مامۆستا موحسین خانی وەکیلی (شاعیر و ئەدیب)، دوکتۆر لوتفعەلیخانی زەند و ... زۆربەی سەرکردە و گەورەپیاوانی عێلی زەند لە قوم لە خانەدانی زەندی وەکیلی بوون.

«... خانەدانی زەندی وەکیلی لە بنەماڵە گەورە و بەڕێزەکانی قومن و کەسایەتیی زۆر گەورەیان لێ هەڵکەوتوون.. بەڕێز محەمەد ڕەزا خانی زەندی وەکیلی سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە، ئاغای دوکتۆر ئەکبەری زەندی وەکیلی نەشتەرگەر و سەرۆکی دەرمانگەی نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی پەهلەوی و دوکتۆر جەعفەری زەندی وەکیلی پزیشکی ددان لە کەسە ناسراو و بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە.»

لەنێو زەندەکان گەلێك سیمای دیار و ناسراو لە بواره جۆراوجۆرەکانی سیاسی، سەربازی، زانستی، وەرزشی و ... هەڵکەوتوون کە باسکردنیان زۆری دەوێ. بەڵام دەتوانین لە سیما دیار و بەناوبانگەکانیان ئاماژە بە چەند کەسێك بکەین:

ـ سەرلەشکر عەبدولعەلی زەند

ـ دوکتۆر ئەکبەرخان، زەندی وەکیلی، سەرۆکی نەخۆشخانەی مەدائینی تاران

ـ سەرتیپ عەبدوڵڵا، زەندی وەکیلی، سەرۆکی سازمانی ئەمنیەتی ئیسفەهان.

ـ دوکتۆر حوسێن، زەندی وەکیلی، مامۆستای هەڵکەوتووی زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکا.

ـ دوکتور بەبولفەزل، زەندی وەکیلی. لێکۆڵەرەوەی تایبەت بە کوشتن. قازی و سەرۆك دادگە.

ـ سەرلەشکر ئەسغەرخان، زەندی وەکیلی، فەرماندەی ئیدارەی ئیتلاعاتی (زانیاری) ئیسفەهان.

ـ ئەندازیار ئەحمەد، زەندی وەکیلی، سەرۆکی جهاد و سەرچاوە سروشتییەکانی قوم

ـ خانم دوکتۆر هوما، زەندی وەکیلی، پزیشك.

ـ دوکتۆر ناسر، زەندی وەکیلی، دوکتۆری دەرمانساز.

ـ دوکتۆر بەهمەن، زەند، پزیشك.

ـ برایانی شەهید، پورزەند، لە پاڵەوان و کوشتی گیرە بەناوبانگەکانی ئێران.

ـ دوکتۆر لوتفعەلیخان، زەند، پزیشکی ددان.

ئەمرۆکە لە قوم دوای پێکهاتنەوەی سیستەمی عێلایەتی، گەلێك تیرە لە تایفەی زەند جیا بوونەوە و هەر کامیان لە ناوچە ئاوایی نشینەکان یان لەنێو شاری قوم نیشتەجێن کە هەموویان پێشگری «زەند»یان پێوەیە. بەرچاوترینی ئەم تیرە و خانەدانە گەورانە بریتین لە:

ـ زەندی مەرشەوەند، ئاوایی قەلعە چەم، شاری قوم.

ـ زەندی ئاروەند، گوندی ونارچ.

ـ زەندی مەنسوروەند، شاری قوم.

ـ زەندی حەسەنخانی، ئاوایی مەجیدئاباد، حەسارسورخ، نەیزار.

ـ زەندی عەبدولمەلەکی، شاری قوم.

ـ زەندی زەکی، گەرەکی زەندئاباد، شاە ئیبراهیم، شاری قوم (لە منداڵەکانی زەکیخانی بۆ کەریمخان)

ـ زەندی خانە شەهری، شاری قوم.

ـ زەندی وەکیلی. ئاوایی دیزار. گازرون....

ـ زەندی کەریمخانی، شاری قوم.

ـ زەندی نەژادی، شاری قوم.

ـ زەندییە، شاری قوم.

ئەمڕۆکە زەندەکان زیاتر لە شاری قوم نیشتەجێن و، ئێستاکەش خەڵکی ئەم تیرانە لەو گوندانەی ناویان هات، نیشتەجێن و بە کاری وەرزێری و ئاژەڵداریەوە خەریکن. لە شاری قوم ناوچەی «زەندئاباد» لەو شوێنە بەناوبانگانەیە کە ناوەندی گردبوونەوەی زەندەکانە. تەواوی زەندەکان و خزمەکانیان بە زمانی کوردی و زاراوەکانی «لەکی» و «کەلهوڕی» قسە دەکەن.

تایفەی کەلهوڕ (kalhor)

ئێلی کەلهوڕ یەکێک لە گەورەترین ئێلەکانی ڕۆژئاوای ئێرانە و خۆی لقێک لە گۆرانی گەورە لەقەڵەم دەدرێت. خەڵکی سەر بەم ئێلە لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لوڕستان و شارەکانی خانەقین، مەندەلی، بەغدا و ... نیشتەجێن.

خەڵکی ئەم ئێلە ڕەسەنترین خەڵکی هەرێمی زاگرۆسن کە بەردەوام بە درێژایی مێژوو، پارێزەرانی بە ئەمەگی ئەم نیشتمانە بوون. ئێلی کەلهوڕ ڕۆڵێکی

گرنگیان لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا هەبووە و زۆرجار حەماسە و لەخۆبردوویان نواندووە و خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە ڕابردووی ئەم عێلە دەتوانن سەیری لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان و بە تایبەت مێژووی ئەم عێلە ئازایە بکەن کە بێگومان خۆی چەندین کتێب و وتاری دەوێ.

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا زیاتر جەختی لەسەر بکەینەوە، پێوەندیی بە سەردەمی هاتنەسەرکاری کەریم خانی زەند وەك پاشای ئێران هەیە و ڕۆڵی ئەم عێلە لە یارمەتیدان و هاوکاریی کەریم خانە.

لە سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی کەریم خاندا، حکومەتی ناوچەیی کەلهوڕ لەدەست عەلی خانی کەلهوڕدا بوو. عەلیخان توانایی و دەسەڵاتێکی زۆرتری بە بەراورد لەگەڵ عێلەکانی دیکەی وڵات هەبوو. ئەو یەکێك لە سەرکردە گەورەکانی ڕۆژئاوای وڵات بوو کە جێگەی سەرنجی تایبەتی کەریم خان بوو.

کەریم خان بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لەنێو سەرۆکی عێلەکاندا بونیادی خزمایەتی لەگەڵ دامەزراندن، بە شێوەیەك کە لەگەڵ گەیشتنی کەریم خان لە ساڵی ١١٦٢ی کۆچی عەلیخانی کەلهوڕ لە ناوچەی هارون ئاباد (ئیسلام ئابادی غەربی ئێستا) لەگەڵ کۆیخاکانی کەلهوڕ پێشوازی لێکرد و کەریم خان ماوەی چەند ڕۆژ لە هارون ئاباد مایەوە. لەم ماوەیەدا بوو کە کەریم خان هاوسەرگیری لەگەڵ کچی عەلیخان بە ناوی قەدەم خێر خانم کرد کە دواتر بە «شاپەسەند» ناوبانگی دەرکرد.

لەبەر ئەوەی کەریم خان خۆی کوردی لەك بوو، دەسەڵاتدارانی کوردی ناوچەی کرماشان، ئیلام، لوڕستان و لەکستانی بە گەورەترین پشتیوانانی خۆی دەزانین. هەربۆیە وای بەباش زانی سەرەتا پەیوەندیی برایەتی و سیاسیی عێلایەتی لەگەڵ ئەوان دامەزرێنێ و بە پشتوانیی ئەوان ڕێگە بۆ جێگیرکردنی

ئاسایش لە ئێران و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێ خۆش بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە سەرەتا لە کەلهوڕ کە گەورەترین و گرنگترین عێلی ڕۆژئاوای وڵات بوو، نزیك بۆوە و خەڵکی تایفەی زەنج و تایفەکانی تری سەر بە عێلی خۆی هان دا کە پێوەندیی خزمایەتیی لەگەڵ کەلهوڕ دامەزرێنن...

بەهەرحاڵ ئەم کارە کاریگەریی خۆی هەبوو و پێوەندیی ئەم عێلاتە پتەوتر بوو و پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆیان لە کەریمخان دەربڕی. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی بەستێنی پێکهاتنی یەکێتیی عێلایەتیی کورد (کەلهوڕ، زەند، وەند، زەنگەنە و ..) بڕەخسێ.

عەلیخانی کەلهوڕ بۆ پشتوانیی لە کەریمخان بیست هەزار بنەماڵەی وەك هێز و داکۆکیکاری کەریمخان ڕەوانەی شیراز کرد. کە ئەم بیست هەزار بنەماڵەیە لە تایفە و تیرەکانی کەلهوڕ و سەر بە کەلهوڕ بوون کە بۆ دابینکردنی هێزی دەوڵەتی و پاراستنی پایتەخت لەگەڵ عێل و تایفەکانی دیکە بەرەو شیراز چوبوون.

هەروەك باسکرا ئەمە کەلهوڕەکان بوون کە گەورەترین یارمەتیی و خزمەتیان بۆ گەیشتن بە پاشایەتیی ئێران پێشکەش بە کەریمخانی زەند کرد و تا دوایین ساتەکانیش لەگەڵیان مانەوە و هەرگیز بەجێیان نەهێشتن و سەرەنجام لەگەڵ سەرۆکەکانی عێلی زەند بۆ قوم و ناوچەکانی وەك تاران، ساوە، شیراز، لوڕستان، ئازەربایجان، ئەردەبیل، گیلان، مازەندەران و ... کۆچێنران و لە شوێنی سەرەکیی خۆیان دوور خرانەوە.

بەڵام چۆنییەتیی گەیشتنی ئەم بەشە لە خەڵکی کەلهوڕ بە قوم. کە ئەوانیش هەروەك تایفە و تیرەکانی دیکەی نزیك لە زەند لە شیراز، دوای دەستبەسەرداگرتنی شیراز و کۆتایی هاتنی زنجیرەی زەندییە، خەڵکی تایفەی کەلهوڕیش لەگەڵ خانەدانی زەند و دەوروبەرەکانیان بۆ قوم ڕاگوێزران.

ژمارەیەك لە خەڵکی کەلهوڕ توانیان بۆ ناوچە و زێدی سەرەکیی خۆیان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بگەڕێنەوە.

تایفەی کەلهوڕ لەگەڵ تایفەکانی دیکە واتە تایفەی مافی، خواجەوەند و عەبدولمەلەکی لە یەکەمین تایفەکان بوون کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە زەندەکان لە ساڵی ١٢٠٦ی کۆچی بۆ قوم و ناوچەکانی دیکەی وڵات نێردران.

•••

خەڵکی تایفەی کەلهوڕ هەر لە سەرەتای گەیشتنیان بە قوم لەگەڵ سەرۆکەکانی زەند لە شار نیشتەجێ دەبن و تێکەڵاوی کاری بەڕێوەبەریی و حکوومی دەبن. ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی وەك تایفە کۆچ پێکراوەکانی دیکەی کورد بۆ قوم، زمانی خۆیان لەدەست بدەن بە شێوەیەك نەمرۆکە تەنیا کەلهوڕەکانن کە کەمتر بە زمانی کوردی دەپەیڤن.

لەنێو خەڵکی کەلهوڕ لە قوم زۆر کەسایەتیی گەورەی زانستی و فەرهەنگیی و ... هەڵکەوتوون و ئەمرۆکە زۆر لە سیما ناسراوەکانیان لە زانکۆ بەناوبانگەکانی دەرەوە خاوەن کورسیی مامۆستایەتین و زیاتریش بە «کەلهوڕ» ناسراون.

لەك (سەعدوەند، سەعادەتمەند، سادەوەند) (Lak)

ئەو تایفە لەکانەی کە لە قوم نیشتەجێن، هەر ئەو تایفانەن کە لەگەڵ خانەدانی زەند چوونە شیراز و دوای گیرانەوەی شیراز بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات ڕاگوێزران و بەشێکی زۆریان بۆ ناوچە سەرەکییەکانی خۆیان لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستان گەڕانەوە.

ئەوەکە «لەك»ەکان کێن و لە کوێ نیشتەجێن، دەبێ بگوترێ خودی «لەك» لقێکی گەورە لە کورد بووە کە لەنێوان پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستاندا جێگیر بوون کە «لەکستان»ی پێدەگوترێ و شارەکانی وەك خوڕڕەم

ئاباد، هەرسین، ئەلیگودەرز، پولدوختەر، نورئاباد، سەحنە، کەنگاوەر، مەلایر، سیلاخور، هەلیلان، کوهدەشت، رومشکان، تویسرکان، ئەسەدئاباد، نەهاوەند، زەردەلان و ... لەخۆ دەگرێت.

ئەم خەڵکە شێوەزارێکی تایبەتیان بە ناوی «لەکی» هەیە کە لەباری ریشەییەوە، سەرچاوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ شێوەزارەکانی کەلهوڕی، هەورامی، لوڕی، کرمانجی و .. هەیە.

مێژووی مەردوخ لەبارەی ناساندنی تایفەکانی لەك دەڵێ:

«ئەم تیرەش پینج لقن ـ زنجیرەی دلفان، برهان، دالوەند، روربەیان شیعەن، لە خانەقین، خوڕڕەم ئاباد و ئەلەشتەر و مەحاڵی لوڕستان نیشتەجێن. لە کولیایی و هەمەدان و ئیسفەهان و لەنێو دەوڵەت ئاباد و سوڵتان ئاباد و دەوروبەرەکانی سنەدژ (ئیسفەندئاباد و ...)یش هەن. لە ناوچەی سڵماس (مەحاڵی ئازەربایجان) یش هەن. گوێا لە شیرازەوە گەیشتونەتە ئەوێ.»

هەموو تایفە و تیرەکانی سەر بە لەك، پاشگری «وەن»یان پێوەیە کە لەوانەیە هێندێك تایفە ئەم پاشگرەیان هەبێ بەڵام بە شێوەزاری دیکە قسە بکەن کە هۆکارەکەی کۆچکردنی ئەوان بۆ ناوچەکانی دیکە و کاریگەریی وەرگرتن لە زاراوە و شێوەزارەکانی ئەو ناوچانە بووبێ.

سەبارەت بەو تایفە و تیرانەی کە چوونەتە ناوچەکانی دیکەی وەك ئازەربایجان، پارێزگای گیلان، مازەندەران، خوراسان، تاران، کەرەج، قەزوین و ...، زۆربەیان هەر ئەو تایفانەن کە لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی زەندییەدا بۆ ئەو ناوچانە ڕاگوێزراون.

هۆی ناولێنان:

لەك یەکسانە بە سەد هەزار، کە لە زمانی کوردی و هیندیدا هەنووکەش بەکار دێت و وشەیەکی پەهلەوییە. مێژووی مەردووخ دەڵێ: تیرەیەك لە عەشیرەتی

لـوڕن کـه سـەد هەزار کەسـیان حەشـیمەت هەبـووە و هەر بـەم هۆیـەشـ «لەك»یان پێگوتوون.

مانایەکـی دیکـەی «لـەك» کـه لـه زمانـی کـوردی و زۆربـەی زاراوەکانـی کەلهـوڕی، لەکـی، لـوڕی و ...لێـی هەڵدێنجرێ، ئەوەیە کـه واتای ناوچـه، ناحیه، بـەش و ... بەدەسـتەوە دەدا.

«لەك» بە واتای شتی سەخت، بەرد، وەك بەرد و ... هاتووە.

ئەمڕۆکـه لـه قـوم لەکـەکان بـه نـاوی تایفـەی «سـەعادەتمەند» دەناسـن کـه ناوچـەی بەناوبانگـی نـەوان کـه هەنووکـه ناوەنـدی تایفـەی سـەعادەتمەندەکانه. «حاجـی ئابـادی لەکەکان»ــه.

تایفەی سـەعادەتمەند که پێشـتر ناویان سەعدوەند (سـادەوەند/ سـایەوەن) بووە لـه قـوم ناوەکەیـان بـۆ سـەعادەتمەند گـۆڕاوە. بنەچـەی ئـەم تایفەیـه لـه ناوچـەی «سـایەوەن» لـه نزیك هەرسـینی کرماشـانه که ناوچەیەکـی هەر بەم ناوەیـه و لەگەڵ تایفـەی «ڕوتـەوەن» لەو ناوچەیه نیشـتەجێن و تایفەی سادەوەند (سـایەوەن) لە قوم بەشـێك لـه هەمـان تایفەی نزیك هەرسـینن.

بـەڵام گەورەپیـاوان و بەسـاڵاچووانی ئـەم تایفەیـه (سـەعادەتمەند لـه قـوم) بڕوایـان وایـه کـه ئاخێزگـەی سـەرەکیی ئـەم تایفەیـه ئیـلام بـووە کـه وای بۆدەچن نزیکایەتیـان لەگـەڵ تایفەگەلێکـی وەك ڕیزەوەندەکانـی ئیـلام هەیـه.

حاجـی ئاباد لـه ۱۲ کیلۆمەتـری شـاری قـوم هەڵکەوتـووە. هـەروەك گوتـرا خەڵکـی حاجـی ئاباد سـەر بـه تایفـەی سـەعدوەند (سـەعادەتمەند/ سـادەوەند/ سـایەوەن)ن کـه هـەروەك تایفەکانی تری لـەك (کاکاوەنـد، غەیاسـوەند، هداوەند، خواجەوەنـد، نانەکەلـی وەنـد و ...) کـه لـه ناوچـه جۆراوجۆرەکانـی وڵاتـ بـڵاو بوونەتـەوە و سـەر بـه لەکەکانـن.

ئـەم تایفەیـه وەك هەمـوو ئـەو تایفانـەی بـۆ ئـەم ناوچەیـه و ناوچەکانـی تـری

ولّات کۆچێنراون، ملکەچی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ولّات بوون و بەپێچەوانەی حەزی خۆیان لە تایفە و کەسە نزیکەکانی خۆیان جیا کراونەتەوە و کۆچیان پێکراوە.

هەروەك لە بابەتی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڵاوەپێکردنی عێل و تایفەکانی نیشتەجێی شیراز ترسی دەوڵەت لە خڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئەوان بووە کە کۆبوونەوە و یەکگرتوویی ئەوان بۆتە هۆی نیگەرانیی بۆ دەوڵەتەکانی ئەوکات کە ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی ولّات کۆچیان پێبکەن بۆ ئەوەی پێش بە نەگەری هێرشی ئەوان بۆ سەر حکوومەتی ناوەندی بگرن.

تایفەی سەعدوەند (سەعادەتمەند) لە ئاوایی حاجی ئابادی لەکان و گوندی نواران کە لە قەراخ چۆمی پێشووی قوم کە بە ناوی سەفی ئاباد بووە، نیشتەجێ بوون و خەریکی کاری ئاژەڵداری و وەرزێری بوون.

ژمارەیەك لە گەورەپیاوەکانیان پێیان وایە کە کاتی هاتنیان بۆ قوم بۆ سەردەمی سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە کە بە پشت بەستن بەو بەردە قەبرانەی بەجێماون، ئەم قسەیە دەکەن. بەڵام هاتنی ئەم تایفە و چەند تایفەی تری وەك کورزەبەرە و لەشنی و ... بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان بۆ ساڵی ۱۲۵۰ی کۆچی دەگەڕێتەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە تایفەگەلێکی وەك زەند، کەلهوڕ، مافی و عەبدولمەلەکی زووتر لەوانی دیکە لە شیرازەوە بۆ قوم کۆچێنراون (۱۲۰۶ی کۆچی) دیارە تایفەی مافی نەچوونە قوم.

تایفەی سەعدوەند لەگەڵ گەیشتنیان بە قوم سەرەتا لە قوتابخانەی ڕەزەوییە کە ئێستاکە لە ناوەندی بازاڕی شاری قوم هەڵکەوتووە، نیشتەجێ بوون. بە هۆی نەبوونی جێ و شوێنی پێویست بۆ ژیان، ناچار بوون بۆ ناوچەی حاجی ئابادی ئێستا و دەوروبەری بیانگوێزنەوە. تایفەی هداوەند لەگەڵ ئەم تایفە بوون

و بەرەو ناوچەکانی تری وەك وەرامین و تاران چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون.

تایفەی هداوەند وەك سەعدوەندەکان تەواوی تایبەتمەندییە کولتوورییەکان و زمانی خۆیان پاراستووە و ئەمڕۆکەش پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەم تایفەیە هەیە.

بە گشتی شێوازی کۆچی لەکەکان لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکانی وڵات، بەرەو ناوەند و باکووری و باکووری ڕۆژئاوای وڵات چوون.

تایفەی سەعادەتمەند لە حاجی ئاباد و دەوروبەری زیاتر لە ١٠٠٠ بنەماڵە دەبن. یەکەمین سەرۆکی ئەم تایفەیە «حەیدەر بیك» بووە کە ئەوکاتەی دەگەنە قوم و لە دەوروبەری قوم نیشتەجێ دەبن و خەریکی کاری وەرزێری و مەڕداری و بەخێوکردنی ئەسپ و مانگا دەبن. لەگەڵ زۆربوونی حەشیمەتیان زەوی و زاری زیاتر بە دەستەوە دەگرن کە ئەم زەوی وزارانە لە دەوروبەری چۆمی قوم بوون.

حەیدەربەگ دوو کوڕی بە ناوەکانی مرادخان و مریدخان هەبوون و لە دەرباری قاجاردا جێی خۆی کردەوە و جێگە و پێگەیەکی تایبەتی بەدەست هێنا. بەهۆی لێوەشاوەیی و شارەزاییەك کە لەخۆی نیشان دەدات، نازناوی «خان» ی لەلایەن دەربارەوە پێدەدرێ. ئەم دەسترۆیشتوویی و پێوەندییەی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوەی لەوەڕگەی زیاتر بێنە ژێر دەستی خۆیان کە زۆربەی ئەم لەوەڕگانە وەك خەڵات و بێباج لە ناوچەکانی حەسارسورخ و قەنبەرەك دەدرێ بەوان و ئەم لەوەڕگانە هەنووکەش وەك لەوەڕگە لەقەڵەم دەدرێن.

گەورەپیاوەکانیان دوای مرادخان و مریدخان بریتی بوون لە:

ئاغا زەینەلعابدین بەگ، عیسا بەگ، حەسەن خان، غەزنەفەر خان، عیساخان، غەریب خان، حوسێن خان. لەپێوەندیی لەگەڵ چۆنیەتی گۆڕانکاری و

پێشهاتەکانی پێوەندیدار بە تایفەکانی لەك و بە تایبەت تایفەی سەعدوەند لەبەر ئەوەی نووسراوەیەکی تایبەت لەبەردەستدا نیە، زۆربەی زانیاریەکانی پێوەندیدار بەم تایفەیە بە شێوەی زارەکی و زاربەزار تا ئەمرۆ لەنێو خەڵکدا پارێزراوە.

لەنێو ئەم خەڵکە کەسایەتیی دیار و بەرچاو لەباری زانستی و فەرهەنگیی و ... هەڵکەوتوون کە لە ناودارانی وڵات لەقەڵەم دەدرێن. لە کەسایەتیە فەرهەنگییەکان دەتوانین ئاماژە بە حاجی حوسێن سەعادەتمەند یەکەمین بێژەری رادیۆی ئێران بکەین کە لە موسیقادا شارەزاییەکی نموونەیی هەبوو

لە سیما ناسراوەکانی بواری وەرزش، کە مایەی شانازیی بۆ وەرزشی ئێران بوو، دەتوانرێ ناوی پاڵەوان «حاجی حوسێن کەللەپەز» ببردرێ کە یەکێك لە ناودارترین پاڵەوانانی سەردەمی قاجاریە بووە. ڕووبەڕووبوونەوە و زۆرانبازییەکانی ناوبراو لەگەڵ پاڵەوانەکانی سەردەمی قاجار وەك پاڵەوان ئەکبەری یەزدی و ... ئێستاش لەبیر خەڵك نەچۆتەوە. لە کێبەکانی وەك میژووی وەرزشی کۆنی ئێران لە نووسینی حوسێن پەرتەوبەیزایی، ناوێنەی پاڵەوان نەما نووسراوەی حەسەنی میرەیی، میژووی وەرزشی باستانی و زۆرانبازی پاڵەوانیی ئێران لە نووسینی مێهدی عەبباسی... چۆنیەتی قارەمانیەتییەکانی ناوبراو بە شێوەی تێروتەسەل باس کراوە. حاجی حوسێنی کەللەپەز لە گۆڕستانی خەدیجەخاتوونی نزیك حاجی ئابادی لەکەکان (حاجی أباد لکها) بەخاك سپێردراوە.

لە کێبی میژوو و جوغرافیای قومدا بەم شێوەیە لەبارەی تایفەی سەعدوەند باس کراوە: «یەکێك لەو حەوت تایفەی سەر بە زەند کە لە قوم نیشتەجێن، تایفەی سەعدوەندن کە لە قەراخ کاریزەکانی دەرەوەی شار و قەڵاکانی قوم نیشتەجێن. لەوەڕگەیان لە سنووری ئاوایی سەراجە (نزیك جەعفەرئاباد) و لە حەوت فەرسەخی قومە. زیاتر وشتر و مەڕ بەخێو دەکەن و هەندێکیان

دانیشتووی قەڵای موئمین ئاباد و حاجی ئابادی قومن، ژمارەیەکیشیان لە ڕۆستەم ئاباد و نەوارانن. زۆربەیان خەریکی کاڵەك و گندۆرەکردن و کاروباری ڕەعیەتین و لە زستاناندا مەڕومااڵتیان دەبەنە شەمس ئاباد کە لە دوو فەرسەخی قوم هەڵکەوتووە و ... و زەوییە بوورەکانی ئاوایی قەمرودیش لەوەڕگەی نەوانن».

زینی وەند (زینی وەن) (zeinivand/ zeinivan)

ئاخێزگە و شوێنی سەرەکی ئایفەی «زینی وەند» (زینی وەن) لە پارێزگای ئیلام و شارەکانی دەڕەشار و ئابدانانە. ئەو خەڵکەی نەمڕۆکە لە قومدا بە ناوی تیرەی زینی وەند لەنێو تایفەکانی سەعدوەند (سادەوەند، سەعادەتمەند) بەسەر دەبەن لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕەزاشا کە چەند بنەماڵە بوون، گۆیا بە هۆی ئەو گرژیانەی لە ناوچەکەیان هاتوونەت کایەوە، لە سەرەتای سەردەمی پەهلەوی گەیشتونە قوم، بە شێوەیەك کە دوای مەرگی ڕەزاشا ژمارەیەکیان سەرلەنوێ بۆ ناوچەی سەرەکی خۆیان واتە ئیلام گەڕانەوە.

لە کتێبی «قەومی لور» بەشێك لەم تایفەیە وەك یەکێك لە لقەکانی تایفەی «میر» سەر بە میرناواس کە لە پارێزگای لورستان نیشەجێن، ناوی هاتووە کە ناوچەکانی کوێستان و گەرمەسێریان بریتیە لە کەرگا و تەختی چو. هەروەها ئەم کتێبە شوێنی سەرهەڵدانی تایفەی زینی وەندی لە ئیلام بەم شێوەیە ناو هێناوە: گورزلەنگەر، دەڕەشار، قەلعە گوڵ، کولەجو، ماەپارە.

هۆی ناولێنانی: زینی وەند (زینی وەن) واتە: کەسانی خاوەن چەك، چەکدار.

ئاروان (ئاروەند، ئاروەن) (Arvand/ arvan)

خەڵکێك کە بە ناوی تیرەی ئاروەند لە قومدا ژیان بەسەر دەبەن، بەشێك لە تایفەی گەورەی ئاروەند (راوان)ن کە ناوەندەکەیان پارێزگای لورستانە. تیرەی

ئارەوند لەنێو تایفەکانی سەعدوەند و زەند دا بەسەر دەبەن و لە ئاوایەکانی نارچ، نەیزار و حاجی ئابادی لەکەکان نیشتەجێن.

خەڵکی ئەم تایفەیە لە لوڕستان بە ناوی ئاروان ناسراون و لە شارەکانی خوڕڕەم ئاباد و بروجێرد پێوەندییان لەگەڵ تایفەگەلێکی گەورە و بەناوبانگی وەك دالوەندەکان و بیرانوەندەکان هەیە.

لە کتێبی «عێلات و قەرەجەکانی پارێزگای مەرکەزی» لە بابەت تیرەی ئاروەندەوە هاتووە:

«تیرەی ئاروەند: بەشێك لەم بیرەیە. لە ئاوایەکانی نارج و بەشێکی دیکەیان لە نەیزار و حاجی ئابادی لەکەکان و ژمارەیەکیشیان لە دەوروبەرەکانی شاری قوم نیشتەجێن. لەم نێوەدا، نزیکەی ۱۰۰ بنەماڵە لە گوندی نارچ و نزیکەی ۸۵ بنەماڵە لە ئاوایی نەیزار، پێکهاتەی عەشیرەتیی خۆیان پاراستووە و بە شێوەی نیوەکۆچەر، ۹ مانگ لە ساڵ لە کوێستان دەمێننەوە و هاتووچۆ دەکەن. ڕێرەوی کۆچی ئەم تیرەیە، لەلای سلفچگان بۆلای ئەراك تا دەوروبەرەکانی ساوە، قرنی جوجین، مەلەك ئاباد و یەل ئاباد بووە کە دیارە هەموو ساڵێك بەهۆی کێشە و گرفتی زۆر، شوێنی کوێستانەیان گۆڕانی بەسەردا دێت.»

لەم کتێبەدا ئەم تیرەیە وەك یەکێك لە حەوت تیرەکەی سەر بە عێلی زەند ناوی هاتووە. خەڵکی ئەم تیرەیە کە لە قوم نیشتەجێن، وەك تیرەکانی دیکەی سەر بە زەند، پێشگری «زەند»یان بە شۆرەت و ناوبانگەوەیە و بە «زەندی ئاروەند» ناسراون. لە لوڕستان ئاروەندەکان لە خانەکانی باجولوەندن.

عەبدولمەلەکی (Abdolmaleky)

یەکێك لەو تایفە ناسراوانەی کە بەشێکیان لەگەڵ عێلی زەند چوونە شیراز و لەوێشڕا چوونە قوم، تایفەی عەبدولمەلەکین. ئەم تایفەیە لەو تایفانە بوو کە

لە «یەکێتیی عێلایەتیی کورد» لە بەدەسەڵات گەیاندنی کەریم خاندا بەشدار بوون و تا کۆتایی کاری زەندەکان لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆیان بە وەفاداری مانەوە و لەگەڵ ئەوانیش بۆ ناوچە دوور و نزیکەکان ڕاگوێزران.

بۆ تایفەی عەبدولمەلەکی ئەمڕۆکە ناتوانرێ جێگە و شوێنێکی دیار و سەرەکی دیاری بکرێ، چونکە بەردە گۆڕی وا لە شاری قوروە و ئاوایی «قەڵا» هەن کە پێوەندییان بە گەورەکانی ئەم تایفەوە هەیە و بۆ سەدەی ۱۱ی کۆچی دەگەڕێنەوە. لەحاڵێکدا کە خەڵکی ئەم تایفەیە ئەمڕۆکە لە ناوچەکانی دیکەدا بە پێشینەیەکی هاوشێوە بان کەمتر بەرچاو دەکەون.

تایفەی عەبدولمەلەکی بێجگە لە شاری قوروە لە شارەکانی وەك سەرپولی زەهاو، قەسری شیرین، ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا کە زیاتر سەر بە تایفەکانی جاف و گۆرانن، نیشتەجێن. هەروەها بەشێك لە خەڵکی ئەم تایفەیە لە شارەکانی هەمەدان، بیجار، کەلاردەشت، شارستانی نور (پارێزگای گیلان)، تاران، ... نیشتە جێن.

لە کتێبی «قوم نامە» دا لەمەڕ تایفەی عەبدولمەلەکی هاتووە:

«لە عێلەکانی فارس، لە سەردەمی «خلد أشیان» هاتونە قوم. شارنشینن و زەوی و زاری کشتوکاڵیان نیە. مەرومااڵتیان بەپێی توانایی خۆیان هەیە. زۆربەیان وڵاغدارن و فەڕاشی حکومەتن و لەوەڕگەشیان لە باشووری شاری قومە. دوو تیرەن، عەبدولمەلەکی و زەندی شاری (ئەوانە لە تایفەی زەند جیاوازن).»

بە سەرنجدان بەو چەند ڕستەیەی کتێبەکە دەبێ بڵێین کە کەسانێك لە زەندەکان کە ناوبانگیان بە زەندی شاری دەرچووە، لە تایفەی عەبدولمەلەکیی

نیشتەجێی قوم هاتووە:

«لە سەردەمی قاجارەکاندا عەشیرەتەکانی عەبدولمەلەکیی فارسیش (مەبەست لە فارس، پارێزگای فارسە کە ناوەندەکەی شیرازە. و.) هاتنە قوم و لەوەرگەکانی باشووری قومیان بەدەستەوە گرتن و زۆربەیان یان وشترەوان بوون یان فەراشی حکوومەت....»

لە کتێبی «مێژوو و جوغرافیای قوم» لە نووسینی ئەفزەلولمولکی کرمانی لەبارەی ئەم تایفەیە ئاوا باس کراوە:

«لە دانیشتووانی شاری قومن و حەشیمەتیان لە عیلەکانی دیکە کەمترە و لەگەڵ زەندی شاری کۆ بوونەوە، مەرومالاتیشیان ئەوەندە زۆر نیە. زۆربەیان خەریکی کاری خزمەتکاری و فەراشی و نۆکەرایەتی ئاغا و زاناکانی شارن. لەوەرگەشیان لەلای قیبلە و لە دەشتی ونارجە.»

ئەم تایفەیە یەکێک لە یەکەمین تایفەکان بوو کە لە ساڵی ۱۲۰۶ی کۆچی بە فەرمانی ئاغامحەمەدخانی قاجار لەگەڵ تایفەکانی زەند، مافی، کەلهور لە شیرازەوە بۆ ناوچە جیاوازەکان و یەك لەوان قوم ڕاگوێزران.

ئەمڕۆکە حەشیمەتی تایفەی عەبدولمەلەکی لە قومدا بە بەراورد لەگەڵ تایفە کوردەکانی دیکەی نیشتەجێی قوم، کەمترە کە هۆکارەکەشی کۆچکردنیان بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی وەك تارانە.

تا ئەو جێگەیەی زانیاریی لەبەردەست دایە، خەڵکی ئەم تایفەیە لە قوم وەك شارەکانی دیکە (قوروە، ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا، قەسری شیرین، سەرپولی زەهاب و ...) ناوبانگیان هەر عەبدولمەلەکییە.

تایفەی لەشنی (Lasheny/ lesheny)

ئەم تایفەیە یەکێک لە تایفە گەورە و بەرچاوەکانە کە ناوەندی

سەرەکییان پارێزگای کرماشان و لە تایفەکانی سەر بە عێلی گەورەی کەلهوڕن. ئەم تایفەیە بەپێی پەیمان و نەریتی عێلایەتیی خۆیان لەگەڵ تایفە کوردەکانی دیکە چوونە شیراز، کە دوای لێکهەڵوەشانی زنجیرەی زەندییە و بە هۆی ترسی قاجارەکان لە سەرلەنوێ شکڵگرتنەوەی دەسەڵاتی کوردەکان بۆ ناوچەی جۆراوجۆر ڕاگوێزران.

ژمارەیەك لە خەڵکی ئەم تایفەیە توانیان بۆ ناوچەی سەرەکیی خۆیان لە ناوچەکانی ماهیدەشتی کرماشان بگەڕێنەوە و تاقمێکیشیان بۆ ناوچەگەلێکی وەك دروود، بەرسا، بەلیگودەرز، بروجیرد (وەروگیرد) لەپارێزگای لوڕستان و هەندێکیشیان لەگەڵ عێل و تایفەکانی دیکە و بنەماڵەی زەند بۆ کەلاردەشت و شارە جۆراوجۆرەکانی دیکە ڕاگوێزران.

ئەو بەشە لە لەشنییەکان کە لە پارێزگای لوڕستان بە تایبەت لەشارستانی «دروود»ن بە نازناوی لەشنی بە پاشگر و پێشگری زەند بەناوبانگن. چونکە یەکێك لە کچەکانی کەریمخانی زەند درا بە گەورەی تایفەی لەشنی و بە لەشنیی زەند ناوبانگیان دەرکرد.

لە زۆربەی ئەو کتێبانەی کە لەبارەی عێل و عەشیرەتەکانی قوم نووسراون و ئاماژە بەم تایفەیە و تایفەکانی دیکە کراوە، دەتوانرێ باس لە کتێبی «قوم نامە»یکرێ کە لەیەك جێدا باسی خەڵکی ئەم تایفەیە و تایفەی کۆرزەبۆری کردووە.

بەڵام لە کتێبی «مێژوو و جوگرافیای مەمەسەنی» لە ناساندنی تایفەی لەشنی دا هاتووە:

« لەشنییەکان، تایفەیەکی گەورەبوون کە لە سەردەمی سەفەویە بە دواوە دەسەڵاتێکی زۆریان لەنێو عەشیرەتە قەشقایەکان و گشت عەشیرەتەکانی فارس دا هەبووە. لە شۆڕش و دژایەتیی مەلا موتەلیبی

کەربالّییش بە دژی کەریمخانی زەند لە ۱۱۷۱ی کۆچی ناوی ئەم تایفەمان بەرچاو دەکەوێ و لە گەمارۆدانی شاری شیراز لەلایەن سوپای زەند بە دژی سالح خانی بەیات والیی فارس و لایەنگرانی ئازادخانی ئەفغان، هادی خانی لەشنی بەشێك لە شیرازی لەژێر دەستی سپای زەند نابوو.

ئەم تایفەیە کە بە بەشێك لە عێلاتی قەشقایی دێتە ئەژمار، لە ئێستادا ڕێکخستنێکی سەربەخۆی عێلایەتیان هەر بەم نێوە لەنێو عێلە قەشقاییەکان هەیە و بەشێکیان لە ناوچەی ماهوری میلاتی نیشتەجێن.»

لە جێگەیەکی دیکە و لە کتێبی «قەومی لور. نوێزیەوەیەك لەبارەی پێوەندارێتیی قەومی و ...» یشدا ئاماژە بە بەشێك لە تیرەکانی تایفەی کوردی شولی کراوە کە لە فارسدا دەژین و هەنووکەش بە شێوەی کۆچ نشینی درێژە بە ژیانی نەریتیی خۆیان دەدەن و تێیدا باس لەوە کراوە کە تایفەی کوردی شولی خۆی لە حەوت تیرە پێك هاتووە و شوێنی ژیانی لەشنیەکانی لە فارس بەم شێوەیە دیاری کردووە: لە بەینی ناوچەکانی موبارەك ئاباد، نمودن، خونگەشت، کافتر، چەشمە ڕەعنا، حوسێن ئاباد و کێوی تەنگی حەنا و موبارەکدا گەرمێن و کوێستان دەکەن.

ئەمڕۆکە ناتوانرێ ئاخێزگە و شوێنێکی دیار بۆ تایفەی لەشنی دیاری بکرێ چونکە لەنێو چەند پارێزگایەکی ولّاتدا بلّاو بوونەتەوە کە بەشی زۆریان لە ماهیدەشتی کرماشان ژیان بەسەر دەبن.

تایفەی کۆرزە بۆر (Korzah-bor)

ئەم تایفەیە یەکێکی دیکە لە تایفە کوردەکانی نیشتەجێی قومن کە وێدەچێ لە دەوروبەرەکانی سالّی ۱۲۵۰ی کۆچی گەیشتبنە قوم. ئەم تایفەیە لەگەلّ تایفەی چینی (شینی) لە یەك کاتدا گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیە.

کۆرزە بۆرەکان لەگەڵ تایفە و تیرەکانی دیکەی کورد لەگەل کەریمخانی زەند چوونە شیراز کە دوای لێکهەڵوەشانی دەسەڵاتداریێتیی بنەماڵەی زەندییە لەلایەن قاجارەکانەوە دواتر بۆ قوم کۆچێنران. ئەم تایفەیە لە بنەڕەتدا نیشتەجێی ساڵح ئاوای پارێزگای ئیلام بوون و شوێنی سەرەکییان ناوچەیەك هەر بەم ناوە بووە کە ئەمڕۆکە ئەم ناوە (کۆرزە بۆر / کورزەورە) لە ناوچە و کێوێك نراوە کە لە ناوچەی «کان و گونبەد»ی بەخشی ساڵح ئاوایە. لە نەخشە (خەریتە)ی جوگرافیایی ناوی ئەم ناوچەیە بە فەرهادئاباد نووسراوە.

... لە لاپەڕە ٨٣ی کتێبی «قوم نامە» لە نووسینی سەید حوسێن تەباتەبایی لە ناساندنی ئەم تایفە و تایفەی لەشنی دا هاتووە:

«ئەم دوو تایفەیە لە عێلەکانی کرماشان لە قوم نیشتەجێن. خەڵکێکی ئاسوودە و بە ژمارە کەمن و مەرومااڵت و ئاژەڵێکی ئەوتۆیان نیە. پیشەیان کاروکاسبی و وەرزێرییە. چەند کەسایەتییەکی بەناوبانگیان هەیە و هێندێك وڵاغداری دەکەن و دانیشتووی شارن.»

لە کتێبی مێژوو و جوغرافیای قوم نووسراوی ئەفزەلولموڵکی کرمانی ئەم تایفەیە بە بەشێك لە تایفەکانی سەر بە زەند دانراوە و دەگوترێ:

«لەتایفەکانی دیکەی سەر بە زەند تایفەی کۆرزەبۆر، دانیشتووی شارن. وشتر و مەڕیان نیە، زۆربەیان بە وڵاغداری و وڵاغ فرۆشی ژیانیان دابین دەکەن و هەندێکیان خەریکی کاری ڕەعیەتیین».

کۆرزەبۆرەکان هەروەها لە دەوروبەرەکانی پۆلدوختەر، سیلاخور و لە بروجێردیش هێندێك ئاوایی هەن بە ناوی بەسری (besri)، کارخانەی (سفیدکن)، زۆربەیان کۆرزە بۆرن. هێندێك کەس ئەم تایفەیە بە بەشێك لە عێلی بیرانوەند دەزانن.

ئێستاکە ژمارەیەك لە خەڵکی ئەم تایفەیە بێجگە لە شاری قوم لە ئاواییەکانی

دەوروبەری شاریش ژیان بەسەر دەبەن و بە نازناوی کۆرزەبۆر، ... بەناوبانگن.

مەرشەدوەند (مەرشەوەن) (Mershadvand/ mershavan)

مەرشەوەن (مەرشەوەند، مەرشەدوەند) یەکێک لە تیرەکانی سەر بە عێلی زەند لە قۆمە کە لەگەڵ ئەو تایفە و تیرانەی کە بۆ قوم کۆچێنران، گەیشتنە ئەو ناوچەیە. خەڵکی ئەم تیرەیە ناوبانگی زەند و پاشگری مەرشەوەندیان هەیە کە نیشاندەری جیاوازبوونیانە.

خەڵکی ئەم تیرەیە لە بنەڕەتدا لە تایفەی مەرشەوەن (مەرشەدوەند)ی عێلی «خەزەڵ»ی پارێزگای ئیلام بوون کە ئێستاکە لە ناوچەی چەرداوڵ (شارستانی شیروان و چەرداوڵ) نیشتەجێن، ئەم تیرەیە هەروەک ئەو تایفە و تیرە کوردانەی کە لەگەڵ عێلی زەند چوونە شیراز، بەشێک لەم تایفەیەش لەگەڵ ئەوان چوونە شیراز کە دواتر لە شیرازەوە بۆ قوم ڕاگوێزران. تایفەی مەرشەدوەند لەگەڵ سێ تایفەی گەورەی دیکە لە ناوچەی (شیروان و چەرداوڵ) عێلی خەزەل پێک دێنن.

لە کتێبی عێلات و قەرەجەکانی پارێزگای مەرکەزی سەبارەت بە تیرەی مەرشەوەندی نیشتەجێی قوم هاتووە:

«بەشێک لەم تیرەیە لە ئاوایی قەڵاچەم یان دەوروبەرەکانی حەسارسورخ و نەیزاری حاجی ئابادی لەکەکان و ئیمام زادە عەبدوڵڵا و دەوروبەرەکانی شاری قوم (زەندئاباد) نیشتەجێن و تەنیا نزیکەی ٤٠ بنەماڵە لە ئاوایی قەڵاچەم و نزیکەی ١٥ بنەمالە لە حەسارسورخ هەروا درێژە بە ژیانی نیوەکۆچەی بە هەموو گیروگرفتەکانیەوە دەدەن.

تیرەی مەرشەوەند لە دوو تیرەی ئەکبەریەگی و سەعادەتمەند پێک هاتووە کە یەکەمیان لە ئاوایی (دە نمک)ی ئەراک، نزیک داوەرئاباد و دووەمینیان لە

دەوروبەرەکانی یافت ئاباد بە شێوەیەکی باش ژیان بەسەر دەبەن. ڕێڕەوی کۆچی هاوینەواریان، ڕێگەی سەرەوەی خومەین و سنووری خواروو، نزیك ورچە و بۆ لای درود و هەندێکجار تا دەوروبەرەکانی ساوە و یان ناوچەی بایەرخان، باغ یەك، سلفچگان، سالّ ئاباد، نۆبەران، فرقان، مەقسودئاباد و چوار قەلّایە.

لەو کتێبەدا تایفەی سەعدوەند (سادەوەند، سەعادەتمەند) بە بەشێك لەم تیرەیە دانراوە لەحالّێکدا خودی سەعدوەند تایفەیەکی سەربەخۆیە و شوێنی جێگیربوون و نیشتەجێبوونیشیان بە ڕوونی دیارە. لەوانەیە ژمارەیەك لەم تیرەیە (مەرشەوەند) لەنێو ئەم تایفەیە دەژین کە بەسەرنجدان بەم بابەتە، ئەو کتێبە بەم شێوەیە باسی کردووە.

هەروەك باسکرا تیرەی مەرشەوەند (مەرشەوەن، مەرشەدوەند) لە ئێستاشدا لە شاریقوم (ناوچەی زەندئاباد)، گوندی نەیزار، قەڵعە چەم (قەڵاچەم)، قەلعە نو (قەڵای نوێ) و ... نیشتەجێن.

خەڵکی سەر بەم تیرەیە هەروەك تیرەکانی تری سەر بە زەند و کوردەکانی دیکەی نیشتەجێی قوم بە شێوەزاری لەکی و کەلهوڕی قسە دەکەن.

گائینی (Gaeeni)

ئایفەی گائینی وێڕای تایفەکانی دیکە (عەبدولمەلەکی، کۆرزەبۆر، سەعدوەندەکان و ...) لە سالّی ۱۲۵۰ی کۆچی لە شیرازەوە بۆ قوم کۆچێنران.

ئەم تایفانە کە لەگەڵ تایفە و تیرەکانی دیکە لە کرماشانەوە بۆ شیراز ڕاگوێزران، دوای ئەوەی تایفەکانی زەند و کەلهوڕ و لەکەکان بە فەرمانی ئاغا محەمەدخان لە شیرازەوە بۆ قوم ڕاگوێزران.

ئاخێزگە و شوێنی یەکەمی ئەم تایفەیە، ناوچەی گاکول لە دەوروبەرەکانی

بێستونی کرماشان بووە. خەڵکی ئەم تایفەیە لە شیراز هەروەك تایفە و تیرەکانی تری «لەك» لەگەڵ بنەماڵەی زەند لە کاری جۆراوجۆردا بۆ وێنەی سوپایی، پاراستنی شارەکان و ... خەریکی کار بوون. لەو کارانەی کە پێوەندییان بە دیوانسالاری و ... بووە، دەستێوەردانێکی ئەوتۆیان نەبووە.

خەڵکی ئەم تایفەیە ئەمڕۆ بێجگە لە شاری قوم لە زۆر لە ئاوایی‌کانیدا نیشتەجێن کە ژمارەی ئەم گوندانە زیاتر لە بیست گوندە و هەموویان لە دەروبەری چۆم (چەم)ی ساوەدا هەڵکەوتوون و هەموویان پاشگری «گانینی»یان پێوەیە.

هەندێك لەم گوندانە بریتین لە: حوسێن ئابادی گانینی، شەمس ئابادی گانینی، فەیزئابادی گانینی، موحسین ئابادی گانینی، عەلیابادی گانینی، مس ئابادی گانینی، عەسگەر ئابادی گانینی و... هەتا ئەنجیرئاباد کە سنووری عێلی شاهسەوەنە.

تایفەی گانینی هەروەها چەند تیرەی وەك قەرە چەکمەلی، جی خانی، پیرەجو و ...لەخۆ دەگرێت. خەڵکی ئەم تایفەیە لە ناوچەی قوم وەك خەڵکی دیکە خەریکی کاری جۆراوجۆرن. ئەمڕۆکە گانینییەکان بە دەگمەن خەریکی کاری ئاژەڵداری و مەڕدارین. ئەوان تێکەڵاوی کاروباری خزمەتگوزاری و ئیداری و کاسبکاری و زۆر کاری تری لەم شێوەیەن.

لە کتێبی میژوو و جوغرافیای قوم دا سەبارەت بەم تایفەیە هاتووە:

«لەو تایفانەیە کە لە قوم دا بەشێك لە زەندییە دێتە ئەژمار و پێم وایە هێندێك بە جێگەی گانینی، «قانینی»یان پێدەڵێن. ئەوانەش یەکێك لە تایفە بەناوبانگەکانن و گەورەکانیان لە قوم نیشتەجێن. زستانان لە هەرزاب لە یەك فەرسەخی قوم هەتا پردی دەلاك و چۆمی ساوە و، هاوینانیش بۆ لای شاهسەوەن و سنووری قانجای نزیك نۆبەران و ئاوایی سامان و یاتان دەچن کە ئەم ئاوایە

بەشێك لە ساوەیە و لە هەشت فەرسەخی ساوە هەڵکەوتووە و تایفەی گائینی لەکاتی هاوینەهەواردا دراوسێی عێلی شاهسەوەنن کە لە دەوروبەرەکانی ساوە دەمێننەوە... هێندێك گوند و زەویشیان لە قەراخ چۆمی قەراچای ساوە هەیە. زۆر تووڕەن و لاوی هورنەرمەندیشیان لەنێودا زۆرن. خەڵکی تایفەی گائینی لە قومدا بە شێوەزاری کەلهوڕی قسە دەکەن.

حەسەنخانی (Hasan-khani)

تیرەی حەسەنخانی لە بنەڕەتدا یەکێك لە تیرە جیاوازەکانی تایفەی ناروەند (ئاروان)ـە کە وەك تیرەکانی تری سەر بە عێلی زەند لە قوم لەنێو زەندەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.

خەڵکی ئەم تیرەیە لە ئاواییەکانی مەجیدئاباد، حەسار سورخ، نەی زار و بەشێکیش لە شاری قوم نیشتەجێن. ئەم تیرەیە بە ناوی گەورەی خۆیان واتە «حەسەن خان» ناو نراوە. خەڵکی ئەم تیرەیە بە زەندی حەسەنخانی بەناوبانگن.

کەل کۆ (kal - ko)

ئەم تایفەیە یەکێك لەو تایفانەیە کە لەگەڵ تایفەکانی دیکە بۆ ناوچەکانی قوم، ساوە و دەوروبەری ڕاگوێزراون.

لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ناوی ئەم تایفەیە بە (کەلکۆ، کەلەکۆ، کەل کێو) هاتووە. لە حاڵێکدا ناوی سەرەکیی ئەم تایفەیە «کل کوه» (کەل کۆ ـ کەل کێو)ـە و لە هەمووان دروستترە.

ئەم تایفەیەدا لەڕاستیدا یەکێك لە تایفەکانی نیشتەجێی ئابدانان، زەرین ئاوا و چەند بەشێك لە دێهلوران و موسیان و مێهران لە پارێزگای ئیلامن کە لەم ناوچانە نیشتەجێن.

تایفەی کەلکۆ لە ئیلام لەگەڵ تایفەکانی دیکەی وەك (مەمەسی وەند، کایدخردە، جایروەند) عیلی کوردی نیشتەجێی بەخشی ئابدانان و دێهلورانی پارێزگای ئیلام پێك دێنن. خودی ئەم تایفەیەش لە ناوچەدا تیرەگەلێکی وەك: زەرگوش، ماسپی، ناسرعالی، دەشتی (قەیتولی) و ... لەخۆ دەگرێت.

بە ئەگەری زۆر ژمارەیەك لەم خەڵکانە لەگەڵ تایفە و تیرەکانی دیکەی کورد کە لەگەڵ بنەماڵەی زەند چوونە شیراز و دوای داگیرکرانی شیراز لەلایەن ئاغامحەمەدخانی قاجار و بڵاوەپێکردنی عیل و عەشیرەتە کوردەکانی شیراز بۆ ناوچەکانی ناحیەی مەرکەزیی وەڵات کۆچیرابن. تایفەی کەلکۆ (کەلهکۆ) لە قوم لە ئاوایەکانی مەسیلە و مەنزەریە نیشتەجێن.

کوردە پرژەبڵاوەکانی قوم و دەوروبەری

بێجگە لەو تایفە و تیرانەی کە بە رێکخستنێکی بەهێزتر گەیشتونەتە قوم و تا ئێستاش پێکهاتەی سەرەتایی خۆیان پاراستووە، ژمارەیەکی دیکە لە خەڵك لە تیرە و تایفە جیاوازەکانی دیکە بە شێوەی خێزانی پەرتەبڵاو چوونەتە قوم و ماوەیەکی دوورودرێژە لەوێ نیشتەجێن.

لەو بنەماڵانە کە ژمارەشیان زۆرە، دەتوانرێ ئاماژە بکرێ بە چەند بنەماڵەیەك لە ناوچەکانی باولە، چەوگان و ... لە سەنقوری کولیایی کە نزیکەی ٨٠ بنەماڵە و ژمارەیەکی دیکە لە ناوچە و ئاوایەکانی علی بڵاغ، تینەمۆ، هەزارخانی سەروو و خواروو، گراز پهن، تایفەی خەزەلی و ... کە لە ناوچە جیاوازەکانی شاری قوم و یەك لەوان نیروگا نیشتەجێن.

لەو کوردە کۆچبەرانەی کە لە ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵی ڕابردوودا گەیشتونە قوم، ژمارەیەك لە خەڵکی تایفەی «سیاەسیاە»ی گێلانغەرب و ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوان کە لە سەردەمی پەهلەویدا سەرەتا بۆ ساوە کۆچێنران کە چەندین خێزانیش

لەم تایفەیە چوونە قوم کە لە «نیروگاه» نیشتەجێن و خەریکی کاروباری بازاڕ و ئیدارین و ناوبانگیان بێخەم، تەیموری و ... ناسراون. هەروەها ژمارەیەك لە کوردە کرمانجەکانی تورکیە لەم شارەدا نیشتەجێن.

• سەرچاوەکان:

۱. محمدی، آیت، سیری در تاریخ سیاسی کرد و کردهای قم، چاپ اول، انتشارات پُرسمان، تهران ۱۳۸۲.

۲. ویکی پیدیای فارسی.(fa.wikipedia.org.

چوارەم
کوردەکانی فارس

- چەند زانیارییەك سەبارەت بە پارێزگای فارس
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ فارس
- کوردەکانی فارس لە کۆندا (فەرمانڕەوایی شوانکارە)
- کوردەکانی ئەمڕۆی فارس و شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان
- ڕەوشی کولتووریی و ڕۆشنبیری

● چەند زانیارییەك سەبارەت بە پارێزگای فارس

پارێزگای فارس یەکێك لە پارێزگاکانی ئێرانە کە لە بەشی باشووری ئێران هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە لەگەڵ پارێزگای ئیسفەهان، لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ پارێزگای هۆرمۆزگان، لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای بوشێهر و لە باکووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای کۆهگیلویە و بویەرئەحمەد و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بەهارستانی کرمان و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای یەزد هاوسنوورە.

ئەم پارێزگایە بە ڕووبەری نزیک بە ١٢٢,٦٠٨ کیلۆمیتری چوارگۆشە و حەشیمەتی نزیک بە ٤,٥٢٨,٥١٣ کەس (لە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی) لە ٢٩ شارستان، ٩٤ شار، ٨٣ بەخش و ٢٠٤ دێهستان پێک هاتووە.

ناوەندی پارێزگا، شاری شیرازە کە پڕحەشیمەتترین شاری پارێزگایە و شارەکانی مەرفەدشت، کازرون، جەهرۆم و فەسا لە شارە پڕحەشیمەتەکانی ئەم پارێزگایەن و هێندێک لە شارستانەکانی دیکەی بریتین لە: ئابادە، ئەرسەنجان، ئەقلید، بەفانات، پاسارگاد، جەهرۆم، خورەم بید، خەنج، داراب، سپیدان، سەروستان، فیروزئاباد، مەمەسەنی، نەیریز و

لەم پارێزگایە بێجگە لە زۆرینەی فارسی زمان، قەومگەلی جۆراوجۆری تر ژیان بەسەر دەبەن بۆ وێنە: لوڕەکان، قەشقاییەکان، عەرەب، لەک و ...، کە هەریەکیان بە زمان و شێوەزاری وەک فارسی، لوڕی، لارستانی، قەشقایی، سیوەندی، ئەردەکانی، عەرەبی و کوهمەرەیی قسەدەکەن.

سەرچاوە گرنگەکانی ئابووری ئەم پارێزگایە لەسەر بنەمای وەرزێری و ئاژەڵداریە و شارۆچکەی پیشەسازی، پاڵاوگە، پیشەسازیی پێتڕۆشیمی و ... تێدا دامەزراون. بەهۆی هەبوونی شوێنی گەشتیاریی سروشتی و، بیناگەلی مێژوویی و ئایینی یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی گەشتیاریی ئێرانە.

فارس لە بەردەنووسەکانی سەردەمی هەخامەنشیدا بەشێوەی پارسە و لە نووسراوە یۆنانییەکاندا بە شێوەی پرسیس هاتووە و فارس و فارسی شێوە عەرەبییەکراوەکەی پارس و پارسین. فارس ناوچەیەکی بەربڵاوە کە بەشێک لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی لەخۆ گرتووە و لە نزیکەی یازدە سەدە پێش زایین شوێنی نیشتەجێبوونی یەکێک لە تایفە ئاریاییەکان بەناوی پارس بووە و هەر بەم بۆنەیەوە بە پارس ناوی دەرکردووە.

ناوی کەندەاوی فارس لە ناوی ئەم ناوچەیە وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٣٥٢ی

کۆچی هەتاوی لە دابەشکاریی ولاتدا پێوەندیی پارێزگای فارس لەگەڵ کەنداوی فارس پچڕا و ناوچەکانی لێواری کەنداوی فارس پارێزگای بوشێهریان لێ پێك هات.[1]

● **سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ فارس**

بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، کورد زۆر لەمێژە لە پارێزگای فارس و دەوروبەری نیشتەجێن. هێندێك لە سەرچاوەکان ڕەگ وڕیشەی کورد لەم ناوچانە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن و. هەندێکیان هەبوونی کوردان لەو ناوچانە بۆ سەردەمی کەریم خانی زەند دەگەڕێننەوە. «لەکەیەوە عێل و خێڵاتی کورد گەیشتوونە ئەم هەرێمە فارسە و لەوێوە دەسەڵاتیان پەیدا کردووە و بنەڕەتی فەرمانڕەوایی و سەردارێتیان دامەزراندووە؟ مێژوو هێشتا ئەمەی بۆ ڕوون نەبووەتەوە.. کۆنترین بەڵگە لەبارەی کوردی ولاتی فارسەوە بەدەست ئێمەوە بێ ئەمەیە: لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی (میلادی)دا لە شاری پازارگاد کە ئێستا پێێ دەوترێ ئیستەخری فارس، (ساسان) ناوێ موبەدی پەرستشگای ناهید (واتە: مەلای زەردەشتییەکان) بوو. ژنی ئەم ساسانە پادشای عێلی (بازڕەنگی) کورد ناوی (رام بەهیشت) یا (مینا بەهیشت) بوو. ساسان کوڕێکی لەم نافرەتە بوو ناوی نابوو (پاپەك)، ئەم پاپەکە کە گەورە بوو. سەرۆکیی شاری (خێر)ی پێ سپێردرا کە دەکەوتە کەناری زرێچەی (بەختەگان) و سەرەڕێی (سەروستان) و (نەیریز)ی ئێستەوە. لەم حەلەدا (گوزەهر) یا (گوچەهر)ی بازڕەنگی پادشای (فەسا) بوو. فەسا قەڵایێکی سپیی زۆر سەختی هەبوو کە سپای ئیسلام سێسەد ساڵ پاش ئەو ڕۆژە داگیریان کرد لەبەر سپێتی قەڵاکە ناویان نا (بەیضاء). کابرایێکی (تیری) ناو ئەرگبود (واتە قەڵاوان)ی بوو. پاپەك کوڕی ساسان کوڕێکی بوو ناوی نابوو (ئەردەشێر). هێشتا ئەم کوڕە باڕ نەبووبوو

کـه پاپەکـی باوکی داوای لـه گوزەهر کرد بیکا بـه قەڵاوان و به یارمەتیـدەری تیری. ئەردەشـێر پـاش چەنـد سـاڵی دەسـەڵاتی پەیـدا کـرد و دژی گوزەهـر راپـەڕی، وەڵاتەکـەی لـێ داگیـر کـرد و خـۆی ناونـا پادشـا و تانجـی پادشـایێتی لەسـەرنا. (ئـەردەوان)ی پێنجـەم کـه ئاخریـن شـای تیـرەی ئەشـکانیی وڵاتی چیـا و عێراقی عەجـەم بـوو نامەیەکـی بـەم جۆرە بۆ ئەردەشـێر نووسـی: «کابـرا! تۆ پێت لـه بەڕەی خـۆت پـتر درێـژ کـردووە. بەدەسـتی خـۆت گـۆڕ بـۆ خـەت هەڵێەکەنـی ئـەی کـوردی لەنـاو خێوەتـی کوردانـا پـەروەردە بـوو! کـێ ڕێـی دای تانج لەسـەر بنێی و بکەوبیـە وڵات داگیرکردن؟»

بـەم پێشـەکییەدا بۆمـان دەرئەکـەوێ کـه لـه سـەرەتای زایینـدا عێلاتی کـورد لـه وڵاتـی فـارس زۆربـوون و دەسـەڵاتیان هەبـووە و فەرمانڕەواییـان دامەزرانـدووە، بـەڵام بۆمان ڕوون نیە ئایا هەخامەنشـیەکان ئـەم کوردانەیان بەزۆر لـه وڵاتی مادەوە هێناوەتـه ئـەم هەرێمانـە، یاخـۆ نەهاتـی و قاتوقڕی بۆتەهـۆی ئـەوەی کۆچەرانـی کـورد بگوێزنـەوە ئـەم هەرێمـی فارسـە، یاخـۆ شـەڕ و هـەرای نێوانـی داریووشـی هەخامەنشـی و ئەسـکەندەر بوەتـه هـۆی ئـەوەی کوردانـی هەرێمەکانـی موسـڵ و هەولێـر بگوێزنـەوە بـۆ ئەوەی پاراسـتنی پایتەختەکەیـان بەوان بسـپێرن، یاخۆ ئەم کوردانـه هـەر لەبـەر ئـەوەی هەندێ لـه بنەماڵەکانی پاشـا تیرە (ملوك الـطوائف)ی ئەشـکانیی پەرتـی، خەڵکـی (نەهاوەنـد) بـوو، ڕوویـان کردوەتـه ئـەوێ؟....[۳]

دوکتـۆر جەمشـیدی سـەداقەت کیـش بـاس لـه هەبوونـی کـوردان لـەو ناوچانه دەکا هـەر لـه سـەردەمەکانی بـەر لـه ئیسـلام واتـه لـه سـەردەمی هەخامەنیـەکان تا کۆتایـی سـەردەمی ساسـانییەکان و دواتریـش له سـەردەمەکانی دوای ئیسـلام هەتا ئەمـڕۆ. بـەڵام لـه بەرامبەریشـدا ژمارەیـەك لـه سـەرچاوەکان زیاتـر جەخت لەسـەر هەبوونـی کـوردان لـه سـەردەمی زەندیـە و دوای ئـەو سـەردەمە دەکەنەوە.

واتـه «لەپێوەندیـی لەگـەڵ چۆنییەتـی هەبوونـی کـوردان لـه فـارس و شـیراز

گێرانەوە و باسی جۆراوجۆر هەیە. یەکێک لە تیۆرییەکان کە بە پشت بەستن بە بەڵگە و دوکیۆمێنتی زۆر و ئیستدلالی مێژوویی لەلایەن دوکتۆر جەمشیدی سەداقەت کیش، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی شیراز لە کتێبی «کوردەکانی فارس و کرمان»دا هاتووە ئەوەیە کە هەبوونی کوردان لە فارسدا ڕەگی لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا هەیە و ناوبراو ناوچەکانی فارس و کۆهگیلویە و بویەرئەحمەد و ڕۆژهەڵاتی خوزستان لەبنەڕەتدا بە ناوچەکانی کورد دەزانێ.

بەڵام یەکێکی تر لە گێرانەوەکان کە لەباری مێژویی بەڵگەی هەستپێکراوتری لەپشتە: هەبوونی سەردارانی شەرکەرانی کوردە کە بۆ پشتیوانی لە کەریمخان گەیشتوونە شیراز و لەگەڵ ئەم سەرکردانە تایفەگەلێکی زۆر بۆ نموونە وەند و زەنگەنە بۆ پێکهێنانی ئۆردوویەکی یەکپارچە و وەفادار بە حکومەتی زەند، لەلایەن کەریم خانەوە بۆ ئەم ناوچانە ڕاگوێزراون دوای لەنێوچوونی زەندییە، بە بڕیاری ئاغامحەمەدخانی قاجار بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێنرێنەوە. لەم نێوەدا ژمارەیەک لە عێل و تایفە کوردەکان لەنێو عێلە قەشقاییەکانی فارس دەمێننەوە کە زۆربەی کوردەکانی فارس لە پاشماوەکانی ئەو سەردەمەن.[۳]

بە بڕوای بابامەردووخ کوردستانی، زیاتر لە ۳۰ تایفەی بچووک لە عەشیرەی کورد لە پارێزگای فارس هەن، کە بێشک بەشی زۆری ئەم تایفانە پاشماوەی ئەو عەشیرانەن کە لەگەڵ کەریم خان بۆ ئەم هەرێمە هاتبوون. پاش هەرەسی دەسەڵاتی زەندییە ئەوان بە گرێبەست لەگەڵ عەشیرەی قەشقایی وەک بنەماڵە تێکەڵ دەبن کە بریتین لە: سەقز، زەنگەنە (پێنج تایفەی جودا کە تایفەیەکیان ئەمڕۆ بنەماڵەی کەشکۆڵی گەورەی قەشقاییان پێکدێنن)، کورونی، یوگینی، بوربور و ئوریاد (بنەماڵەکانی تایفەی قەشقایی ئامالا)، لەک و وندا (داروودستەی تایفەی قەشقایی بەرەشووری)، کوردلو (داروودستەی تایفەی قەشقایی قەرەیواهیلو)، کوردشولی.[٤]

بەڵێ!«کەریم خان لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچی مانگی شیراز دەکاتە پایتەختی خۆی و چەند تایفەیەکی کورد لە کوردستان دێنێتە شیراز وەك تایفەی ئەحمەدی وەند و کرونی، کلون عەبدە و خێڵی بایرەوەند...

ئێستا ئەگەر بیرۆکەی کوردبوونی کەریم خان قبوڵ بکەین، بەڕای لیکۆلەری ئەم بەرهەمە (دوکتۆر جەمشید سەداقەت کیش)، پاساوێکی لۆژیکیە کە کەریم خانی زەند بۆ مەبەستی پشتیوانی کردنی بۆ شیراز و دەوروپشتی ئەو کوردانەی هێنابێ. بوونی کوردێکی زۆر و رۆڵیان لە سەردەمی ئەم پاشایە، لە شیراز و فارس و پاشماوەی کوردەکان لە فارسدا ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەمڕۆکە گوندێك بەناوی کرونی لە حەوت کیلۆمەتری باشووری شیراز هەیە هەرچەندە کورد نین بەڵام ناوی تایفەیەکی کورد لەسەر گوندێك لە تەنیشت شیراز هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر ئەم بابەتەیە.[٥]

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ باسی لێ بکرێت ئەمەیە: ئەو کوردانەی لە سەردەمی کەریمخانی زەند گواستراونەتەوە بۆ فارس هێشتاش لە فارسدا دەژین، بەڵام بەبێشك ژمارەیەکی زۆر لە سەردەمی فاجاریيە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی سەرەکی خۆیان.[٦]

• کوردەکانی ئەمڕۆی فارس و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی ئێستایان

کوردەکانی غازیوەند لە فارسدا

ئەمڕۆ زۆرتر لە ٢٠٠ خێزانی کوردی غازیوەند لە خێڵی گۆران لە گەڕەکی تەلخداشی شیراز دەژین. لەسەر ئەم باوەڕەن کە لەگەڵ کەریم خانی زەند هاتوونە شیراز. (ئەمڕۆ تەلخداش لە ناوەندی شارە و لە پەنای دووسایتی موتەهەری و سەتارخانە).

بەداخەوە هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەبارەی ژمارەی خانەوادەکان و لەکوێ هاتوونە و مێژووی تەواوی هاتنەوەیان، نییە. نزیکەی ٤٥ خانەوادە لەوان لە گەرەکی سەرافی لەوبەری دووسایتی موتەهەری نیشتەجێنە.

ئەوان خۆیان بە کوردی قازیوەند (غازیوەند) دەزانن و نزیکەی ١٠٠ خانەوادەیان ئەهلی حەقن. بەڵام ئایین و باوەڕەکانیان تەنها لەگەڵ کوردەکانی ئەهلی حەقی هەمەدان بەیەک دەچن.

بنچینەی خەڵکی غەیری کوردی گەرەکی تەلخداش لە فراشبەند (لە شاری فەیروزئاباد لە پارێزگای فارس)ە کە وەک خۆیان دەڵێن لەدوای کوردەکان هاتوونەتە تەلخداش. ئەمانە بە کوردەکان دەڵێن «لەک» و کوردەکانیش بەپێی باوەڕی عەشایری غەیری فارس، کە بەزمانی فارسی هەر کەسێک جگە لە لە زمانی خۆیان (تورک و عەرەب) بێ، تاجیک دەڵێن، بە هەڵە بە ئەوان دەڵێن تاجیک.

لەنێو کوردەکانی ئەم گەرەکە تا ئەو ڕادەیە کە خەڵک بەبیری ماوە، ئەڵڵاکەسی جۆکار (١٣٥٩ی هەتاوی، کۆچی دوایی کردووە)، دواییین کوێخای ئەم گوندە بووە و لە کوردەکانی تەلخداش بووە. لەقەبی کوردەکانی تەلخداش زۆرتر قوولی پوور، جۆکار، مۆلا، عەزیزی و ڕاستی و شەفیعیە. (٧)

باری دارایی کوردەکانی غازیوەند:

بەگشتی کوردەکانی تەلخداش باری داراییان باشە. زۆربەیان خاوەن لۆرین و هەندێکیان لە مەیدانی سەوزەی شیراز کار دەکەن و لە بارفرۆشەکانن و خانووەکانی کۆڵانی سەرافی باشترە لە خانووەکانی گەرەکی تەلخداش. ئەمانە هیچ کاتێک جلی کوردی بەتەواوی لەبەر

ناکەن بەڵام دەبینین کە هەندێکیان شەڵواری کوردی لەبەر دەکەن. (٨)

ئایین: ئایینی نزیك بە تەواوی کوردەکانی غازیوەند شیعەیە و ئەم بابەتەش هۆکارێك بووە بۆ یەکگرتن و پێکەوەژیان لەگەڵ دەوروپشتیان. ژمارەیەکیشیان پەیڕەوی ئایینی ئەهلی حەقن و جار وایە کە خەڵکی دەوروپشت پێیان ناخۆشە، بەڵام تا ئێستا ئەم بابەتە گرفتی نەخولقاندووە.(٩)

کوردەکانی کرونی فارس

بەمڕو لە پارێزگای فارس، هەندێك کورد دەژین کە بەخۆیان دەڵێن کرونی (koroonی). ئەمانە نزیکەی ٥٤٧ خانەوادەن کە لە چەند گوندێکی فارس نیشتەجێن کە خاوەن ئەم تایبەتمەندییانەن:

١ـ زمانیان کوردییە.

٢ـ لەڕووی ئایینییەوە شیعەی ١٢ ئیمامین.

٣ـ هیچ جۆرە زانیارییەکیان نییە کە کەی و لەکوێ و چۆن هاتوونەتە فارس، هەندێکیان دەڵێن لە سەردەمی کەریم خانی زەند بۆ فارس دوور خراونەتەوە. هەندێکیشیان دەڵێن لە کرماشانەوە هاتوون و هەندێکی تریش دەڵێن لە کوردستانەوە هاتوون و ...

٤ـ هەموویان عەشایر و بەگشتی کۆچەر بوون و لە نزیکەی ساڵی ١٣٤١ (ساڵی چاکسازیی زەوی ـ ار) هێدی هێدی بەشێوەیەکی ئاسایی لە گوندەکان جێگیر بوون. ئێستا تەنها ١٧ خانەوادە خەریکی کۆچ کردنن.

کوێستانیان لە ڕابردوو و ئێستادا گوندی چل چەشمەی کروونی لە ٤٠ کیلۆمیتری ڕۆژئاوای شیرازە لە ناحیەی ئەرژەن لە شاری شیراز، گەرمیانیان لە ناوچەی سەرقەناتی ناوچەی دەشتەك لە ٢٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی باشووری شاری کازروونە.

هەرچەندە رێگایان ١٢٨ کیلۆمیترە، بەڵام هەندێکیان لە گوندی قەوام ئاباد و گوندەکانی تەنیشتی لە ناحیەی بەیزا لە شاری سپیدان جێگیر بوونە، وا مەزەندە دەکرێت کە لە ڕابردوودا، ڕێگایان لە ناوچەی دەشتەکی شاری کازرون تا ناوچەی گوندی قەوام ئابادی واتە ناوچەی بەیزا لە شاری سپیدان بووە و تەنانەت زۆرتر و دوورتریش. ئەویش بەرەو باکوور، بەم حاڵە ڕێگایان نزیکەی ١٣٣ کیلۆمەتر بووە و ئەم مەودایەش دەشێ ڕاست بێ.

٥ـ نەمرۆ بەربڵاویی کوردەکانی کرووننی لە پارێزگای فارسدا لەسەر ڕێگای کۆچیانەوە بووە کە لە گوندەکانی دەشتەکی شاری کازرون (گەرمیان) تا گوندی چل چەشمە (کوێستانە) بەدی دەکرێ.

٦ـ دوو گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو و چل چەشمەی کرووننی، هەر هەموویان کوردن و کەسێکی تر تێکەڵیان نەبووە. بەڵام لە ناوچەکانی تەرەوە، هەر گوندێك پێکهاتووە لە کوردەکان، تورکەکان، قەشقایی و فارسەکان.

٧ـ کوردەکانی گوندی قەوام ئابادی چیچکلو و گوندەکانی باباکوهەك لە کوردەکانی تری کرونی فارس، جودا بوونەتەوە و بەگشتی ئاگایان لە یەکتر نییە و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا نییە، هەرچەندە لەڕووی تایبەتمەندییە ئەخلاقی و نەژاد و هتد بەیەك دەچن، بەڵام زمانیان هەندێك جیاوازە و لەکاتێکدا کە کوردەکانی تری کرونی (جگە لە کوردەکانی قەوام ئابادی چیچکلوو و باباکوهەك) زمانیان یەکە.

گوندی قەوام ئابادی چیچکلو لە ناوچەیەکی زۆر دوورە، بۆیە تایبەتمەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان لەگەڵ کوردەکانی کرونی فارس جیاوازە.

٨ـ بەربڵاویی و دابەش بوونیان لەڕووی جوگرافیاییەوە لە گوندەکانی

فـارس بـەم شـێوەیەیە:

ناوی گوند و ناوچە	خانەواشە
١ـ ٨ـ گوندی چل چەشمەی کرونی لە شاری شیراز	٢٣٠
٢ـ ٨ـ گوندی خەیرئابادی کرونی لە شاری کازرون	٤٣
٣ـ ٨ـ گوندی بەهرام ئاباد لە شاری کازرون	٥٠
٤ـ ٨ـ گوندی وەفادارئاباد لە شاری کازرون	٣١
٥ـ ٨ـ گوندی شێخی لە شاری کازرون	٢٧
٦ـ ٨ـ ناوچەی سەرقەنات لە دەشتەك لە شاری کازرون	١٧
٧ـ ٨ـ شاری کازرون	١١
٨ـ ٨ـ گوندی قەوام ئاباد لە شاری سپیدان	١٤٠
٩ـ ٨ـ گوندی باباکوهەك لە شاری سپیدان	٢٥
١٠-٨- کۆ	٥٧٤

٩ـ لەنێوانیان هیـچ کەسـێك واتـای وشـەی «کرونـی» نازانـێ. تەنیـا کەسـێك لـەوان، باسـی واتایەکـی دەکـرد کـە لـە کتێبێکـدا نـووسراوە کـە ئـەم وشـەیە لـە نەسـڵدا وشـەی «کُرهانـی» بـووە لەکاتێکـدا ئـەم بۆچوونـە، زۆرتـر لـە بـواری زمانناسـی و فۆلکلـۆرەوە بنەمـای زانسـتیی نیـە...

١٠ـ کوردەکانـی گونـدی قـەوام ئابـادی چیچکلـو خۆیـان بـە لـەك دادەنێـن و لـەم بارەیـەش هیـچ جـۆرە بەرهەمێکـی نـووسراو کـە باسـی لەکەکانـی فـارس بـکات، نیـە.

١١ـ لەنێـوان لەقەبـی کوردەکانـی کرونـی گونـدی باباکوهـەك «گـوران نوبنیـاد» هەیـە کـە خۆیـان لـە هـۆزی گـوان دەزانـن. لەنێـوان لەقەبەکانـی گونـدی بەهـرام ئابادیـش، لەقەبەکانـی زەنـدی هەیـە کـە ڕەنگـە لەژێـر کاریگەریـی هـۆزی زەنـد بووبـێ یـان بـەزۆری کۆچدانـی هەندێـك لـە هـۆزی

زەند بۆ نێوانیان (کە لەم حاڵەتەدا بابەتی زمانی دێتە ئاراوە) و لە ئەنجامدا ڕەنگە تایفەیەك لە کوردەکان بەناوی زەند بووبێ.

١٢ـ بەپێی ژمارەیەکی زۆر لە کێلی گۆڕستانی قەوام ئابادی چیچکلو لە سەدەی سێزدەی ه.ق ژمارەی کوردەکانی زەنگەنە لەو ناوچەیە زۆر بووە...[١٠]

•••

کوردەکانی کرونی شاری شیراز

کوردەکانی کرونی گوندی چل چەشمەی کرونی

بەڕێز دوکتۆر جەمشید سەداقەت کێش لە لاپەڕە ١٧٧ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

لە ڕۆژی پێنجشەممەی ١٠ی گەلاڕێزانی ١٣٨٠ (هەتاوی) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کوردەکان، چوومە گوندی چل چەشمە (چهل چشمه) کە لە ٤٠ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شیراز هەڵکەوتووە و لە بەشی ئەرژەنی شاری شیرازە. لەگەڵ حەوت کەس لەوان وتوویژم کرد.

(ڕێگای گوندی چهل چشمه لە دوای گوندی خان زەنیان لە ٤٠ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شیرازە لە جادەی شیراز کازرون، جادەی لاوەکی گوندی چل چەشمەی کرونی لەلای ڕاستەوە جیا دەبێتەوە و لەدوای نزیکەی دوو کیلۆمەتر دەگاتە ئەم گوندە جوانە.)

کوردەکانی کرونی چل چەشمە دەڵێن هەتا نزیکەی ٥ ساڵ لەمەوبەر کوێستان و گەرمیانیان دەکرد و عەشایر بوون. گەرمیانیان لە ناوچەی سەرقەناتی دەشتەك (لە دەوروبەر و بەشی ناوەندیی شاری کازرون) و

کوێستانیان هەر ئەم ناوچەی گوندی چل چەشمە بووە کە بە شێوەیەکی ئاسایی نیشەجێ بوون. ئەمانە خۆیان لە تایفەی کرونی دەزانن و یەکێک لەوان وتی کە لە تەمەنی حەوت ساڵاندا لە باپیری گوێی لێ بووە کە لە خێڵی گۆرانن. بەڵام هەر هەموویان لەسەر ئەم باوەڕەن کە لە سەردەمی کەریم خانی زەند بۆ ئەم ناوچەیە کۆچ دراون.

ئێستا بەپێی وتەکانیان نزیکەی ٢٣٠ خانەوادەی کوردی کرونی لە چەل چەشمەدا دەژین و زۆربەیان لەقەبیان کازمی، حەسەنی، کرونی، ڕەیحانی و ڕۆحانیە.

کاری زۆربەی ئەو خەڵکە جوتیاری و ئاژەڵداریە و باری ئابووری و داراییان باشە، لەسەر مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامین.

زمانی کوردەکانی کرونی کوردییە و گەلێک میواندار و بەحورمەتن.[١١]

کوردەکانی کرونی شاری کازرون

لە هێندێک لە گوندەکانی شاری کازرون کوردەکانی کرونی نیشتەجێن کە لە خوارەوە ناماژەیان پێدەکەین:

کوردەکانی کرونی گوندی خەیرئابادی کرونی

لە ١٣ کیلۆمەتری باکووری شاری کازرون و لەسەر ڕێگای قیرەتاوی کازرون ـ پیشابوور ـ شیراز لە ٥١:٣٥ درێژی جوگرافیایی و لە ٢٩:٤٠ی پانی جوگرافیایی هەڵکەوتووە. لە ڕابردوودا ئەم گوندە بە خەیرئاباد ناسرابوو و لە بەرهەمە نووسراوەکان خەیرئابادی کرونی هاتووە و ئەمڕۆ هەندێ: تنها کرونیی پێدەڵێن. ئەم گوندە ئێستا بەشێکە لە گوندی شاپوور لە ناحیەی ناوەندیی شاری کازرون و بەپێی وتەی ئەو کەسەی لێدوانی لەگەڵ

کـراوە، نزیکـەی ۳۰۰ خێزانـی تێـدا دەژیـن کـە لـەم ڕیژەیـە نزیکـەی ۳۰ خێزانـی کـوردی کرونیـیـە. خانـووی ئەمانـە لـە باکـووری مزگـەوت و لـە باکـووری گوندەکەیـە. لەقەبـی زۆربـەی کرونیەکانـی ئـەم گونـدە بریتییـە لـە: کازمـی، هیمەتـی، مهرابـی نـەژاد، غەیـوری، بـاسری و عەباسـی. نزیکـەی ۱۳ خێـزان لـە کوردەکانـی کرونـی لـەم گونـدە بەهـۆی زەواج لەگـەڵ خەڵکـی ناوچەکانـی تـرەوە یـان بەهـۆی دۆزینـەوەی کار بـۆ شـاری شـیراز، شـاری کازرون، کەمـارج (لـە شـاری کازرون)، ئەحمەدئابـاد (لـە شـاری کازرون) و کوهمـەرەی سـەنقان و ... کۆچیـان کـردووە.

کرونیەکانـی ئـەم گونـدە خەریکـی کشـتوکاڵن و بـاری ئابـووری و داراییـان گونجـاوە بـەڵام زۆرباش نییـە.

دوایـن کۆێخـای کرونیەکانـی گونـدی خەیرئابـادی کرونـی ئەلیاسـی هیمەتـی نـژاد بـووە کـە لـە سـاڵی ۱۳۵٤ی هەتـاوی، کۆچـی دوایـی کـردووە.

بـە لێکۆڵینـەوە و بەراوردکـردن و پرسـیارکردن دەرکەوتـوە کـە زمـان و زاری کـوردی تـەواوی کوردەکانـی کرونـی شـاری کازرون وەك زمـان و زاری کوردیـی کوردەکانـی گونـدی چـل چەشـمەی کرونییـە... [۱۲]

کوردەکانی کرونی گوندی بەهرام ئاباد

بەهـرام ئابـاد لـە دوو کیلۆمەتـری باکـووری گونـدی خەیرئابـادی کرونـی لـە ۱۵ کیلۆمەتـری باکـووری کازرون هەڵکەوتـووە. نـاوی تـری ئـەم گونـدە، زەریـن ئابـاد و زەریـن ئابـادی کرونییـە.

بەپێـی قسـەی خەڵکـی ئـەوێ، ڕێـژەی دانیشـتووانی ئـەم گونـدە ۱۲۰ خێزانـە کـە نزیکـەی ۵۰ خێزانیـان کـوردن و لـە تایفـەی کرونینـە و بەگشـتی لەگـەڵ کوردەکانـی گونـدی خەیرئابـادی کرونـی خزمایەتیـان هەیـە. زۆربەیـان

جوتیارن و تەنها یەك یا دوو کەسیان خودانی قەلابن. لەقەبی زۆربەیان: زەندی، ئەفرەنگ، فەرهادی، شێخی، پەیزرۆفتە و ئەفزەلییە.

ڕەچەڵەکی کوردەکانی کرونی گوندی بەهرام ئاباد ـ بەپێی قسەی یەکێك لەوانەی لێدوانی لەگەڵ کراوە ـ لە کرماشانە، بەڵام لەبارەی ئەوەی کە ج کاتێك بووە و چەند کەس بوونە زانیارییەك بەدەستەوە نییە، هەرچەندە لەم بابەتەش بەتەواوی دڵنیا نەبوو. هەڵبەت لە ڕابردوودا، کوردەکانی ئەم گوندە. لە هەمان ڕێگای کوێستان و گەرمیانی کوردەکانی کرونی (واتە چل چەشمە بەرەو ناوچەی دەشتەکی کازرون) کۆچیان دەکرد و نزیکەی ساڵی ١٣٤١ (ساڵی چاکسازیی زەوییەکان) بە شێوەیەکی ئاسایی لەم گوندە نیشتەجێ بوونە.[١٣]

کوردەکانی کرونی گوندی وەفادار ئاباد

گوندی وەفادار کە لە ڕابردوودا بە سوڵتان ئاباد ناسراو بوو، لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی، بە ناوی وەفادار ناسراوە، ئەم گوندە لە یەك کیلۆمەتری باکووری گوندی بەهرام ئاباد و ١٦ کیلۆمەتری باکووری شاری کازرون و لە هەمان ڕێگای گوندەکانی تەرە.

لە ١٥٠ خێزانی ئەم گوندە، نزیکەی ٢٠ خێزانی کوردی کرونییە کە نزیکەی ساڵی ١٣٤١ واز لە کۆچکردن (ڕەوەندی) لە ڕێگای چل چەشمە بەرەو ناوچەی دەشتەکی کازرون دێنن و لەم گوندە جێگیر دەبن. ئەمان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ڕابردوویەکی دووردا، بۆ فارس دوور خراونەتەوە بەڵام لە ج کاتێك و لە کوێ، کەس نازانێ.

لەقەبی کوردەکانی ئەم گوندە: کازمی، ئەژدەری، ئەفرەنگە و لەنێوانیان

چوار خێزان لەم ساڵەی دواییدا چوونەتە گوندی ڕەشەن ئاباد و خەیرئاباد[١٤]

کوردەکانی کرونی گوندی شێخی

گوندی شێخی کە ناوەکەی لە ناوی باپیرەگەورەی خاوەنی غەیرە کوردی ئەم گوندە وەرگیراوە، لە یەك کیلۆمیتری باکووری گوندی وەفادارئاباد و لە ١٧ کیلۆمیتری باکووری شاری کازرون هەلکەوتووە.

لەم گوندە کە ٧٠ خێزانن، ئەمرۆ ١٦ خێزانی کوردی کرونی تێدا دەژین کە لەم ساڵانەی دواییدا هەندێکیان بەو نەم ناوچانە کۆچیان کردووە:

شاری بوشێهر : ٥ خێزان

کۆنار تەختە (لە پارێزگای بەشێهر) : ١ خێزان

شاری شیراز : ٢ خێزان

چنار شاهیجان (لە شاری کازرون) : ٢ خێزان

بەیزا (لە شاری سپیدان) : ١ خێزان

کۆی هەموویان: ١١ خێزان

کوردەکانی کرونی سەرقەنات

لە سەرقەناتی ناوچەی دەشتەك لە نزیکەی ٢٠ کیلۆمیتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کازرون ١٧ خێزانی کوردی کرونی لە کوێستانی چل چەشمە لەم مانگە (ئازاری ١٣٨٠) هاتوونە و بەشێوەیەکی کاتی جێگیربوونە، ئەمانە هێشتا بە ڕەوەندی ماون و گەڕمیانی ئەو کورده کرونیانە، هەر ئەم ناوچەی دەشتەکە.

کوردەکانی کرونی شاری کازرون

لە کۆتایی شەقامی بەهەشتی زەهرای شاری کازرون، ١١ خێزان لە هەر دوو لای دووسایتەکە و لە نزیک یەکەوە دەژین کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گوندی چل چەشمەی کرونی هاتونە کازرون و خەریکی جووتیارین و دوو کەسیشیان مامۆستای سەرەتایین و لەقەبیان بەشکار، کازمی، عەباسی زادە، عەلیفەرد و شاوەلەد و لەم دواییانە سێ سەر خێزان بەرەو گوندی قەسری قومشە (لە ڕۆژئاوای شاری شیراز)، شاری کوار و شاری شەهر ڕەزا (لە پارێزگای نیسفەهان) کۆچیان کردووە. لە وتەکانی یەکێک لە دانیشتوانی ئەو گوندە وادەردەکەوێ کە باپیرانیان بە ٥٠ خێزانەوە لە کرماشانەوە بەرەو فارس هاتوون.[١٥]

کوردەکانی کرونی شاری سپیدان

کوردەکانی کرونی گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو

گوندی قوام ئابادی چیچکلوو لە ٥٢:٢٥ درێژی جوگرافیایی و ٢٠:٠٥ پانی جوگرافیایی هەڵکەوتووە و ئێستا بەشێکە لە دێهستانی بانێش لە ناحیەی بەیزا، لە شاری سپیدان سەر بە پارێزگای فارس و لە ساڵی ١٣٦٩، ٦٥ خێزان بوون و ژمارەیان ٣٥٥ کەس بووە.

بەڕێز دوکتۆر جەمشید سەداقەت کیش لە لاپەڕە ٢١٨ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

لە ڕۆژی دووشەممەی ١٤ی گەلاڕێزانی ١٣٨٠ (هەتاوی) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کوردەکانی ئەم گوندە سەردانی ئەم ناوچەیەم کرد. لە لێکۆڵینەوە سەرەتایەکان بۆم دەرکەوت کە تەواوی ئەم ٧٠ سەر خێزانەی ئەم گوندە کوردن و لە نەتەوەکانی تر کەس لەم گوندە ناژیت.

ئەم خەڵکە لەسەر ئەم باوەڕەن کە هەر هەموویان کوردی لەکن و لە تایفەی کرونین و پێیان وایە لە سەردەمی کەریم خانی زەند بۆ فارس دوور خراونەتەوە.

هەڵبەت خۆشیان نازانن لە چ ناوچەیەك بۆ ئەم ناوچەیە دوور خراونەتەوە. ئەوان دەڵێن زمانیان لەگەڵ خەڵکی ئیلام و کرماشان یەکێکە بەڵام زمانیان لەگەڵ خەڵکی مەهاباد و سنە جیاوازە. ئەمەش بابەتێکە دەبێ پسپۆڕانی زمانناسی بڕیاری لەسەر بدەن.

ئەمانە لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شیعەی ١٢ ئیمامین. کاروباری خەڵکی ئەم گوندە جووتیاری و ئاژەڵداریە و زۆرتر خەریکی کەسابەتی یاسایین و باری ئابووریان باشە. لەلایەنی فەرهەنگییەوە خاوەن تایبەتمەندیی کوردەکانن و بابەتێ کە شایانی باسە ئەمەیە لەم کۆمەڵگا بچووکە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییە مەزنە. یەك کەس خووی بە ماددە بێهۆشکەرەکان نەگرتووە و زۆربەیان جگەرەش ناکێشن، کوردەکانی قەوام ئابادی چیچکلوو لەڕووی قەومی و نەتەوەییەوە زۆر پابەندن، چونکە لە تەواوی شاری سپیدان، تەنها ئەم گوندەیە کە تەواوی کوردن و هیچ کەسیان یاخی نەبووە.

گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو هەتا ئێستا کە شۆڕای ئیسلامی هەیە، کۆێخای نەبووە، بەڵام کوردەکانی ئەم ناوچەیە (لەگەڵ گوندی زەکیانی باباکوهەك) کەلانتەری هەبووە و دواییانیان ئیبراهیم خانی گورانی نیك بونیاد بووە کە لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە و لەدوای ئەو ئیتر کوردەکانی ئەم ناوچەیە کەلانتەریان نەبووە.

گرووپێك لە کوردەکانی ئەم ناوچەیە یان بەهۆی زەواج، یان بەهۆی کۆچکردن بە مەبەستی کار بەرەو ناوچەکانی تری فارس کۆچیان کردووە کە دابەش بوون و بەربڵاوی جوگرافیاییان بەم شێوەیەیە:

گوندی تەختەسەنگی (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ٣٠ خێزان

گوندی بانێش (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ٨ خێزان

گوندی حەفت خان (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ١٠ خێزان

گوندی دۆشمەن زیاری (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ١ خێزان
گوندی دەرەسفید (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ٢ خێزان
گوندی بهمەئی (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ١ خێزان
گوندی پۆشتی باغ (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ٢ خێزان
گوندی شا قوتبەددین (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ١ خێزان
گوندی کوشکی محەمەدئاباد (لە ناحیەی بەیزا، شاری سپیدان) ١ خێزان
گوندی بارزئاباد (لە ناحیەی ناوەندی، شاری مەرقەشت) ٥ خێزان
گوندی جەشنیان (لە ناحیەی ناوەندی، شاری مەرقەشت) ٣ خێزان
گوندی تورك ئاباد (لە ناحیەی زەرقان، شاری شیراز) ٤ خێزان
گوندی کوار (لەپارێزگای فاری) ١ خێزان
کۆی گشتی: ٧٠ خێزان

کەواتە لە ١٤٠ خێزانی گوندی قەوام ئاباد ٧٠ خێزان لە گوندەکە ماون و ٧٠ خێزانیش بەرەو شوێنەکانی سەرەوە کۆچیان کردووە.[١٦]

کوردەکانی گوندی باباکوهەك

گوندی باباکوهەك کە خەڵکەکە پێی دەڵێن گوندی زەکیانی باباکوهەك لە ڕابردوودا بە قەڵای مونەوەری و گوندی کرونی ناسراو بووە و ئەمڕۆ لە ٥٢:٣٠ درێژی جوگرافیایی و ٣٠:٠٥ی پانی جوگرافیایی هەڵکەوتووە و بەشێکە لە دێهستانی بانێش لە ناحیەی بەیزای شاری سپیدان و لە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی ژمارەی ٢٥ خێزان و ١٣٤ کس بووە.

لەم گوندەدا ١١ خێزانی کوردی تێدا دەژین و لەقەبیان گۆرانی نیك بونیاد، کەریمی و نەبەوییە. هەر هەموویان جوتیارن و لەسەر مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامین و تەنانەت یەك کەسیش خووی بە ماددە بێهۆشکەرەکان نەگرتووە.

جگە لە کوردەکانی ئەم گوندە کە خۆیان بە هۆزی گۆران دەزانن، نزیکەی ۵۰ خێزان لە هۆزی فارسی زمانی باسری لەم گوندەدا دەژین. کوردەکانی ئەم گوندە لەگەڵ کوردەکانی گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو خزمایەتیان هەیە و بەداخەوە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی مێژووی هاتنیان بۆئەم گوندە نییە. باسرییەکان نزیکەی ۱۰۰ ساڵە هاتوونەتە ئەم گوندە...[۱۷]

گوندی زەنگەنەی کرونی

بەپێی بۆچوونی خەڵکی گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو و گوندی باباکوهەك، قەڵایەك لە نزیکی هەر دوو گوندەکە بەناوی گوندی زەنگەنەی کرونی یان قەڵای زەنگەنەی کرونی هەبووە کە کورد بوونە. قەڵاتەکە ویران بووە و هیچ کەسێك زانیارییەکی لەبارەی خەڵکی ئەم گوندە نییە. لە گۆڕستانی گوندی قەوام ئابادی چیچکلوو، چەند کێلی کوردەکانی زەنگەنەی کرونی هەیە کە کۆنترینیان هی ساڵی ۱۲٤۲ی کۆچی مانگییە.[۱۸]

• کوردەکانی تری فارس

کوردەکان لە شیراز

جگە لە کوردەکانی غازیوەند و کرونی فارس، لەم پارێزگایە گرووپگەلێکی تریش هەن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:

۱ـ پاشماوەی کوردەکانی زەندییە کە بریتین لەم خێزانانە: بۆستانی زەند، زەند، زەندی، نیازمەند، کرونی و کرانی، هەر هەموویان لە شیرازدا دەژین.

۲ـ گرووپی کوردەکانی زەنگەنە بە لەقەبی زەنگەنە کە لە شارەکانی شیراز، بوشێهر و ناوچەکانی تری پارێزگای بوشێهردا دەژین.

•••

کۆڵانی لەکەکان لە شیراز

لە ناوچەی دەرەشێخی شەقامی لوتفعەلیخان لە شاری شیراز کۆڵانێك هەیە کە بە ناوی کۆڵانی «لەکەکان» بەناوبانگە. دوکتۆر جەمشید سەداقەت کیش لە میانی سەردانێکی مەیدانی بۆی دەرکەوتووە کە ئێستا چەندین جۆر خەڵك لە ناوچەکانی ئەستەهبان، شەهری کورد، کوشکەك (ناوچەیەك لە شاری شیراز) و دوو سەر خێزانی کورد لە هەمان تایفە و گرووپی کوردەکانی غازیوەندی تەلخداش لەم کۆڵانەدا دەژین.

نزیکەی ٦ ساڵ لەمەوبەر زۆرینەی خەڵکی ئەم کۆڵانە لە کوردەکانی غازیوەند بوونە و زۆربەشیان پەیڕەوی ئایینی ئەهلی حەق بوون.

کەواتە ناوی ئەم کۆڵانە دەشێ لە سەردەمی پاش کەریم خانی زەند واتە بە هاتنی کوردەکان کە بە زۆری بەدەستی ئەم پاشایە کۆچ دراون، بووبێ.

ئەمڕۆ لە شاری شیراز خانەوادەگەلێك هەن کە لەقەبیان (لەك، لەکی باڵا، لەکی پایین)ە کە ڕەنگە هەر هەموویان لە پاشماوەی کوردەکانی سەردەمی زەندی بن.[١٩]

بۆچوونی نوێ

لەنێوان هۆزە جیاجیاکانی نیشتەجێی فارس و لەنێوان عەشایر، هەندێکیان کە ناویان کوردییە یان خۆیان دەڵێن کە کوردن.

بەڕێز دوکتۆر سەداقەت کیش دەڵێ: «لە دریژەی لێکۆڵینەوەکانم لەسەر کوردەکانی پارس، وام بۆ دەرکەوتووە کە دەشێ بنچینەیان و خوێنیان کورد بێ چ فارس زمان بن یان چ تورك زمان. هەروەها بە بۆچوونی من دوو تایفەی چهارراهی و لەشنی بنچینەیان کوردە و لە پاشماوەی کوردەکانی سەردەمی زەندییەن.»

گرووپی فارس زمانەکان:

ـ لەکەکانی مەمەسەنی

لە تایفەی جاویدی خێڵی مەمەسەنی لە فارسدا تیرەیەك بە ناوی لەك هەیە، تیرەی لەك (بە ٤٠ خێزان و ٢٠٧ خێزان)، لەکی باباخان (١٠ خێزان و ٦٩ کەس)، لەکی زەندی (٣٣ خێزان و ١٦٥ کەس) و لەکی نیازی (١٥ خێزان و ٩٢ کەس).

ئەمانە بە فارسی و بە شێوەزاری لوڕی مەمەسەنی قسە دەکەن، لە بنچینەی ئەم تیرەیە زانیاریەکمان نییە تەنها ئەوە نەبێ کە دیارە تیرەی لەکی زەندی لە سەردەمی کەریم خانی زەند بەرەو فارس هاتوون.

ـ تیرەی دۆز کوردی

لە تایفەی ڕۆستەم لە هۆزی مەمەسەنی، تیرەی دۆز کوردی (بە دوو خێزان و ١٧ کەس) دەژین. زمانیان فارسی بە زاری لوڕی مەمەسەنیە.

ـ هۆزی کوردشولی

هۆزی کوردشولی یەکێکە لە پێنج هۆزی سەربەخۆی سەردەمی قاجار، ئەمڕۆ بە ٦٦٩ خێزان و ٢٤٧٨٧ کەس لە فارس ژیان بەسەر دەبەن. کوردشولەکان دەڵێن لە پاشماوەی کوردەکانی ڕەمومی کوردەکانی پارسن.

ـ تایفەی چهارراهی و لەشنی

تایفەی چهارراهی نزیکەی ٥٠ ساڵە لە گوندی چهارراه کە ئەمڕۆ ناوەندی ناحیەی سەرچەهانە لە شاری بەڤانات و بە ناوی کۆرەبی، بەشێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێن.

تیرەکانی تایفەی چهارراهی بریتین لە: میرزایی، مۆرتەزایی، تەلایی، هاشمی،

حوسێن خان، میرشکاری، محەمەدخان، سالاری و قەلتاشی.

لە کاتی کۆچ کردنیان کوێستانیان ناحیەی سەرچەهان تا گوندی کۆرەیی و، گەرمیانیان ئاپادەی تەشك لە شاری نەیریز هەتا شاری داراب بووە.

تایفەیەکی دیکەش لە هەمان گوند و لە شاری ئاپادەی تەشك و تەنانەت داراب نیشتەجێ بوون بە ناوی لەشنی کە لە ساڵی ١٢٩٧ی هەتاوی ژمارەیان بەپێی ڕاپۆرتی هێنری فیلد ١٥٠٠ خێزان بووە. لە هەمان کاتدا لەشنییەکان بەسەر دوو گرووپ دابەش دەبوون و هەر دوو گرووپ نیشتەجێی گوند بوو. هەندێکیان لە خەفەرك و مەرڤەشت و هەندێکیشیان لە ئاپادەی تەشك دەژیان و هەندێکیان نیشتەجێی باکووری کەناری دەریاچە بوون. ژمارەیان ١٥٠٠ خێزانە و تیرە لاوەکییەکانیان بریتین لە: خەفەرکی پێکهاتوو لە: نەبوسەر، بازوەند، خەلیلوەند، شاوەند، توتکی. ئاپادەی تەشکی پێکهاتوو لە: ئیروەند، عەبدوڵڵاوەند، خەفەروەند، مورادوەند، نەجمەددین وەند، یەزدان وەند، بەهمەن وەند، ئەولادی شێخ عەلی، ئەولادی ئەمیرئاقا، تیرەکانی مولیرەمەك، تولامەکی، کوشکایی، کە دواتر لەگەڵ بەهمەنی وەند یەکیان گرتەوە.

خەڵکی ناوچەکە هەموو جارێ هەردوو ناوەکەیان پێکەوە، واتا چهارراهی و لەشنی یان لەگەڵ یەك بەکار دەهێنا.

کۆنترین سەرچاوە کە باسی چهارراهی دەکات هی ساڵی ١٢٧٠ کۆچی مانگی و کۆنترین بەرهەمیش کە ناوی لەشنی دێنێ هی ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی مانگییە. هێنری فیلد چهارراهییەکان کە لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی بە ١٢٠٠ خێزان مەزەندە دەکات و لە شوێنێکی تر ڕێژەی چهارراهییەکان و لەشنییەکان بە ٦٥٠٠ خێزان مەزەندە دەکات کە لە هاویندا لە چهاررا و لە زستان لە دوورگەکانی دەریای بەختەگان ڕۆژگاریان بەسەر بردووە.

... کەواتە دەشێ تایفەی چهارراهی و لەشنی لە پاشماوەکانی کوردەکانی

سەردەمی زەند بووین کە لەگەڵ کەریم خانی زەند بەرەو فارس هاتوون و نیشتەجێبوون.

● **گرووپی تورك زمانەکان:**

ـ تیرەی لەك

ئەمڕۆ لە تایفەی کەشکولی هۆزی قەشقایی تیرەیەك بە ناوی لەك (بە ٤٨ خێزان و ١٠٠٥ کەس) هەیە. ئەمانەش بە زمانی تورکی قسەدەکەن بەڵام دەرانین کە لەك، تایفەیەکی کوردە. لە مێژوو و شێواری کۆچیان بەرەو فارس و ناوچەکانی تر زانیاریەکمان بەدەستەوە نییە.

ـ تیرەی عەلی کوردی

ئەمڕۆکە، لە تایفەی فارسیمەدان لە هۆزی قەشقایی، تیرەیەك بەناوی عەلی کوردی بە ٤ خێزان و ١٥ کەس هەیە کە ئەمانە بە تورکی قسە دەکەن بەڵام وا دیارە کە خوێنی کورد لە دەمارەکانیان هەبێ.

ـ تیرەی شەبانکارە (شوانکارە)

ئەمڕۆ دوو تیرەی شەبانکارە لە هۆزی قەشقایی، یەکێك لە تایفەی فارسیمەدان و ئەویتر لە تایفەی عەمەلە جاریّ خەریکی کۆچڕەوین. بوونی ئەم دوو تایفەیە پێشاندەری بەزۆر کۆچدانی کوردەکانی شەبانکارە بۆ ناو هۆزی قەشقایە کە لەژێر کاریگەریی زمانی هۆزی قەشقایی (تورکی قەشقایی) بە زمانی تورکی قسە دەکەن.[٢٠]

● **پاشماوەی کوردەکانی کوفەج لە فارس**

پێشەکی

هەندێك لە کوردەکان بەر لە ئیسلام لە پارێزگای کرمان دەژیان بەناوی قوقەس

یان کوفەج. زانیاری بە شێوەی نووسراو لەبارەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی کۆچی مانگی لەدوای ئەمە زانیارییەکمان نییە. لە ساڵی ١٢٩٠ تا ١٢٩٣ کۆچی مانگی، ئەحمەدخانی وەزیری، میژوونووس و جوگرافیناسی کرمانی ڕادەگەیەنێ کە تایفەی میهنی کرمان لە پاشماوەی کوردەکانی کوفەجن و بەڕێز دوکتۆر محەمەد ئیبراهیمی باستانی پاریزی، بۆچوونی وەزیری پەسند دەکات.

ژمارەیەکی زۆر لە میهنییەکان لە قۆناغەکانی پێشوو بەرەو فارس دێن و هەندێکیان لەوێ جێگیر دەبن کە ئەمڕۆ لە سێ تایفە پێکدێن.

لەسەر سووری ڕوژئاوای فارس. لەسەر سووری فارس و پارێزگای یەزد.

سێ تایفی میهنی، توتەکی و قەلتاشی دەژین کە خەڵکی ئەم تایفەیە لەسەرئەم باوەڕەن سێ برا بوون کە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و ئەم سێ تایفەیان پێك هێناوە.

لە وەڵامی ئەوەی کە ئەم سێ برایە لەکوێ هاتوونە، زۆربەیان زانیاریان نەبوو، بەڵام هەندێك لە تایفەی میهنی دەیانگوت لە کرمانەوە هاتوون کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاگادارنەبوونیان لە میهنییەکانی کرمان لەکاتێکدا کە زانیاریی زۆربەیان دووڕە لە ڕاستی و ئەمەش لەبارەی هەرێەك لەم تایفانە بەڕوونی دیارە.

خەڵکی ئەم سێ تایفەیە لەسەر مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامین بەڵام لەنێوانی ئەم سێ تایفەیە، تایفەی میهنی زۆرتر لە دوو تایفەکەی تر لەڕووی مەزهەبیەوە دەمارگیرن. زمانیان فارسییە، بەڵام لەهجەیان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروپشتیان وەك گوندی خانسار و ناحیەی سەرچەهان یەکێکە.

جل لەبەرکردنی پیاوان، قات و جل لەبەرکردنی ژنان، وەك تەواوی ژنانی گوندەکانی فارس، لە داوێنێکی بەرین و کراسێکی درێژ پێکدێت.

خەڵکی ئەم سێ تایفەیە لەڕووی دابونەریت و فەرهەنگەوە وەك خەڵکی خانسار و ناحیەی سەرچەهانن. تایبەتمەندیی نەژادی و ئەخلاقیان وەك

کوردەکانی قوقەس و کوفەجە. بە دەستەواژەیەکی تر سەرکەش و یاخی و شەڕانگێزن. لەنێوان ئەم سێ تایفەیە میهنییەکان هەندێجار لەنێوان خۆشیان بەشەڕ دێن و هەروەك لە باسی کوردەکانی کرمان وتوومانە میهنییەکان پاشماوەی قوقەسەکان و کوفەجەکانن، تۆتەکیەکان لەلایەن نەتەوەییەوە دەمارگیرترن و قەلتاشیەکانیش لە هەموویان زۆرتر یاخیان هەبووە و تەنها لە ساڵی ١٣٠٠ تا ١٣٥٧ە زۆرتر لە ٢٠ یاخیان هەبووە...

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی من (دوکتۆر جەمشید سەداقەت کیش) ئەمەیە کە هەر سێ تایفە لە پاشماوەی قوقەسەکان و کوفەجەکانن و نزیکەی ساڵی ١٠٠٠ی کۆچی مانگی بۆ فارس هاتوون و نازانین لەکوێوە هاتوون. لە گۆڕستانی تۆتەکیەکان و قەلتاشیەکان هیچ کێڵێ نییە کە لێکۆڵینەوەی زۆرتری لەسەر بکرێت. بەڵام شکمان نییە کە یەکەمین جار کە ئەم تایفەیە هاتوونەتە فارس، ژمارەیان زۆربووە چونکە کێڵەکانیان لە ناوچەی جیاجیاکان بڵاوە و دیارە کە ڕەوەند بوون. بەڵام لە کوێستان و گەرمیانیان زانیاریمان نییە چونکە نزیکەی ٦٠ ساڵ یان زۆرترە کە لەم ناوچەیە نیشتەجێن.

لە ساڵی ١٣٦٧ە. بە گۆڕینی گوندی چنارناز (ناوەندی میهنییەکان) و گوندی تۆتەك (ناوەندی تۆتەکیەکان) لە فارس جیابوونەوە و خراونەتە پاڵ شاری خاتەم لە پارێزگای یەزد، بەڵام دەبێ ئاماژە بەم بابەتە بکەین کە پەیوەندی نێوان ئەم سێ تایفەیە پچڕاوە بەڵام لە ڕابردوودا پەیوەندییەك لەنێوان تۆتەکیەکان و چەارراهییەکان کە قەلتاشی بەشێك لەوان بووە، بە تایبەت لە کاتی شەڕ و هێرش هەبووە و لە دژی دوژمنانیان یەکیان گرتووە.

ڕێژەی میهنییەکان ١٨٤ خێزان، تۆتەکیەکان ٣٤٨ خێزان و قەلتاشیەکان ٤٩٣ خێزنە کە کۆی گشتیان ١٠٢٥ خێزانە. لە خوارەوە باسی هەریەك لەم سێ تایفەیە دەکەین:

١ـ تایفەی مێهنی

شوێنی نیشتەجێبوونیان:

لە گوندی چنارناز لە ناوچەی مەرفدەشت لە ناحیەی ناوەندی شاری خاتەم ڕێك ١٥٠ خێزان (٩٠٠ کەس) لە مێهنییەکان دەژین کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ژمارەیان لە ١٧٠ خێزان بۆ ئەم ژمارەیە کەم بۆتەوە و ئەم بیست خێزانە لەم ساڵانەدا بەرەو شیراز و یەزد کۆچیان کردووە.

لە چنارناز جگە لە مێهنییەکان تەنها پێنج خێزانی تر لە هۆزە عەرەبەکانی فارس دەژین.

زۆرترین لەقەبەکان:

لەقەبی تایفەی مێهنی گوندی چنارناز زۆرترینیان: مێهنی، چناری، سولەیمان زادە، زیبەندە، سەحراگەرد، وەحشی، تورابی، روشەن، تالبی، چنارنازی، عەلیزاد، کوهی، دەشتی، شوعلە، گەندۆمکار، زارع و کشاوەرز و...

زێدی مێهنییەکانی گوندی چنارناز:

هەرچەندە مێهنییەکانی چنارناز بەخۆیانیش نازانن لەکوێ و کەی بۆ ئەم گوندە هاتوون و بۆچی هاتوون ـ تەنانەت یەکێکیان دەیگوت نزیکەی ١٥٠ ساڵە هاتوونە ئەم ناوچەیە ـ بەڵام لە گۆڕستانی کۆنی چنارناز نزیکەی ١٠٠ کێڵ هەیە کە زۆربەیان بەناوی سالار و چەند دانەیەك بە ناوی مێهنی و دوو دانە بەناوی سالاری مێهنی و کۆنترینیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی مانگی و نوێترینیان هی ساڵی ١١١٤ی کۆچی مانگی.

هەندێکیان لەسەر ئەم باوەڕەن کە دوو برا بوونە و لە کرمانەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و ئەمانەش پاشماوەی ئەم دوو کەسەن، هەندێکی تریش دەیانگوت

سێ برا بوون و بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون و تایفەی مێهنی، توتەکی و قەلتاشیان پێك هێناوە. ئەم چیرۆکە لەنێوان توتەکی و قەلتاشییەکان بەهێزترە.

کەواتە لە سەرەتادا چەند هەزار خێزانی مێهنی لە کرمانەوە بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون.

مێهنییەکانی نیوەکۆچەر:

مێهنییەکانی گوندی چنارناز لە بەهار و هاویندا تا نزیکەی۱۸ کیلۆمەتری گوندی چنارناز دەرون و خێوەت هەڵدەدەن. مەڕ و ماڵاتیان لە نەوەڕگەکان بەرەڵا دەکەن. کەواتە ئەمانە نیوەکۆچەرەو و نیوەڕەوەند لەقەڵەم دەدرێن.

کوێخای مێهنییەکان:

مێهنییەکان هیچ کاتێك کەلانتەریان نەبووە، بەڵام تا ئەوەی لەبیری خەڵك ماوە بەم شێوەیە: قایم مێهنی، عەباسی تورابی، ئەبوتوراب تورابی، فەرەجوڵڵا تورابی و خەلیلی تورابی (۱۳۰۰ ـ ۱۳۶۹ کۆچی) کوێخا بوون. لەدوای خەلیل تورابی ئیتر هیچ کەسێك کوێخا نەبووە و شورای ئیسلامی ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە.

تایبەتمەندی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی:

مێهنییەکانی گوندی چنارناز سەرکەش و یاخین، خۆیانیش دان بەو سیفەتە دادەنێن و لەسەر ئەم باوەڕەن «ئەگەر کورتانی کەری مێهنییەکان لەبەر دەرگای مااڵێك بکەوێ، سبەی ئەم خانووە ئاگری تێبەردەبێ»، بەم شێوەیە ئەگەر دوژمنایەتی لەگەڵ کەسێك بکەن تا لەناوی نەبەن، ئاسوودە نابن...

دابونەریتی مێهنییەکانی گوندی چنارناز لەبەر ئەوەی تا ساڵی ۱۳۶۷ بەشێك

بوونە لە پارێزگای فارس، هاوشێوەی دابونەریتی خەڵکی سەرچەهانە...

باری دارایی و ئابووری: مێهنییەکان لەلایەن باری ئابوورییەوە مام ماوەندین و بە دەرامەتێکی کەم لە رێگای جووتیاری رۆژگار بەسەر دەبەن.

شێوەزار و زمان: زمانی مێهنییەکانی گوندی چنارناز فارسییە و وشەکانیان وەك وشەگەلی خەڵکی سەرچەهانە.[۲۱]

۲ـ تایفەی توتەکی

بەکێکی تر لە لقە پاشماوەکانی کوردەکانی کرمان. تایفەی توتەکییە کە لە گوندی توتەك لە دێهستانی مەرڤوەست لە ناحیەی مەرڤوەستی شاری خاتەم لە پارێزگای یەزد نیشتەجێن...

تایفەی توتەکی دابەش دەبنە تیرەکانی (کەریم خانی، محەمەدخانی، سەلیمی، مورادخانی، نورمحەمەدی، قەنبەری، دین محەمەدی و ئەولادی محەمەدی خان و لەقەبیان، بەزرنەفشان، تەیموری، نورمحەمەدی، مورادخانی، پورتەیموری، تەیموریان، توتەکی، نەجەفیانی و ئازەرنووش)ە.

هاتن بۆ ناوچەی توتەك:

بەپێی باوەڕی ئەم تایفەیە، سێ برا بوونە و هاتووتەنە ئەم ناوچەیە و تایفەکانی توتەکی، مێهنی و قەلتاشیان پێکێهناوە. دووکەس لەوانەی لێدوانیان لەگەڵ کراوە گوتوویانە کە سێ برا لە بافتی کرمان و شاری کرمان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و یەکێکیان گوتی دەڵێن لە کوردستان بۆ ئەم ناوچەیە دوور خراونەتەوە. هەرچەند بابەتی دوورخرابوونیان لە کوردستان بەدوور دەزانرێ چونکە زمانیان کوردی نیە.

بەربڵاویی توتەکیەکانی ئەمرۆ

بەربڵاویی توتەکیەکان لەم سالانەی دواییدا بەم شێوەیە:

گوندی توتەك: ۱۰۰ خێزان

جەرئاباد (رەحمەت ئاباد لە شاری خاتەم): ۲۰ خێزان

مەرفوەست : ۱۰ خێزان

شاری هەرات: ۲۵ خێزان

مونجی باڵا لە شاری بەڤانات: ۱۵ خێزان

هەرابەرجان لە شاری خاتەم: ۲ خێزان

شاری یەزد: ۸ خێزان

شاری ئەستەهبان (لە پارێزگای فارس): ۳۰ خێزان

تاران: ۵ خێزان

مەشهەد: ۱۲ خێزان

ئەسفەهان: ۱ خێزان

شیراز: ۲۰ خێزان

خورەمی (لە شاری خورەم بید) ۱۰۰ خێزان

کۆی گشتی: ۳٤۸ خێزان

تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقیی توتەکیەکان:

توتەکیەکان بەگشتی نوکتەباز، سەرپێچیکەر و پشتیوانی مافی خۆیانن، لەڕووی نەتەوەییشەوە دەمارگیرن، لە شەڕەکان بەشێوەیەکی سەیر پشتیوانی لە خۆیان دەکەن... توتەکیەکان لە فڕێدانی بەرد دەستێکی باڵایان هەیە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە شەڕەکان، لایەنی بەرامبەر بریندار بێت و ڕا بکات.

باری ئابووری توتەکیەکان: باری ئابووری توتەکیەکان باشە و لە مێهنییەکانی

گوندی چنارناز باشترین. بەگشتی توتەکیەکان جوتیار و ئاژەڵدارن و لە کاتی وشکەسالّی کە لەوەڕگەکان بەرهەمیان نییە، ڕوو لە کار و کاسبیەکی تر دەکەن، لەنێوان ئەو توتەکیانەی کە بۆ شارەکان کۆچیان کردوە، کارمەندیش هەیە.[٢٢]

(خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە توتەکیەکان دەتوانن سەیری لاپەڕەکانی ٢٩٧ تا ٣١٠ی کتێبی «کوردەکانی پارس و کرمان» لە نووسینی دوکتۆر سەداقەت کیش بکەن)

٣ـ تایفەی قەلتاشی

... یەکێك لە تایفەی چهارراهییەکان، تایفەی قەلتاشییە کە بەپێی بەڵگەکان وا دیارە لەگەڵ میهنییەکان و توتەکیەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و جێگیر بوون. هەرچەندە تا سالّی ١٢٦٧ه. ئەم سێ تایفەیە لە ناوچەی فارس بوونە لەدوای گۆڕانکارییە جوگرافییەکان میهنییەکان و توتەکیەکان دەبنە بەشێك لە پارێزگای یەزد و قەلتاشییەکانیش هەر لەسەر پارێزگای فارس دەمێننەوە.

بەڵام لەبارەی ئەوەی کە چۆن قەلتاشییەکان چوونەتە ناو چهارراهییەکان هیچ زانیارییەکمان نییە و هیچ کەسیش لەم بارەیەوە زانیاری نییە.

قەڵتاشییەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە سێ برا بوون و هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و تایفەی میهنی، توتەکی و قەلتاشییان دروست کردووە. ئەمانە هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەبارەی کاتی هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە نییە و بەهۆی بەربڵاویی و فراوانی دابەش بوونیان و گۆڕانی شوێنیان، گۆڕستانێك نییە کە بەڵای کەمەوە مێژینەیان دیاری بکرێت یان ئێستا بەدەست ناکەوێ.

قەلتاشییەکان نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لەنێوان گوندی کۆرەیی ناوەندی ناحیەی سەرچەهان لە شاری بەفانات و ئابادە تەشەك لە شاری نەیریز و تا شاری داراب، کوێستانە و گەرمیانیان کردووە و بەرەبەرە لەم ڕیگایە نیشتەجێ بوون....

بەربڵاویی قەلتاشییەکان

بەربڵاویی قەلتاشییەکان بەم شێوەیەیە:

پارێزگای فارس:

شاری بەڤانات

ناحیەی سەرچەهان

شاری کورەبی: ۳۰ خێزان

گوندی دەشت ڕەئیس: ۱۰ خێزان

گوندی مەحمەدئاباد: ۱۰ خێزان

گوندی توجەردی: ۷ خێزان

گوندی بەند نو: ۱ خێزان

گوندی دێ زیارەت: ٤٠ خێزان

شاری داراب:

شاری داراب: ۵۰ خێزان

گوندی پاسۆخەن یان ڕەشیدئاباد: ۱۵ خێزان

گوندی کورسیا: ۲۰ خێزان

شاری نەیریز:

شاری نەیریز: ۱۵ خێزان

شاری ئابادەی تەشەك: ٤٠ خێزان

شاری تەشت: ۵ خێزان

گوندی چاە سۆرخ: ۵ خێزان

شاری شیراز:

شاری شیراز: ۵ خێزان

شاری نەرسەنجان:

شاری ئەرسەنجان: ۱۰ خێزان

دەوروپشتی ئەرسەنجان: ۳۰ خێزان

شاری مەرفدەشت:

شاری مەرفدەشت: ۷ خێزان

شاری ئەستەهبان:

شاری ئەستەهبان: ۵ خێزان

شاری رونیز: ۵ خێزان

شاری بەفانات:

گوندی ریزەکان: ۵ خێزان

پارێزگای یەزد:

شاری یەزد: ۳۰ خێزان

شاری خاتەم:

شاری هەرات: ۱۰ خێزان

گوندی: توتەك: ۸ خێزان

پارێزگای کرمان:

شاری شەهری بابەك: ۱۵ خێزان

خەبەر: ٤۰ خێزان

شاری جیرۆفت:

شاری جیرۆفت: ٤۰ خێزان

پارێزگای ئەسفەهان:

شاری ئەسفەهان: ۲۰ خێزان

پارێزگای تاران:

تاران: ۵ خێزان

پارێزگای خوراسان:
شاری مەشهەد: ۱۰ خێزان
کۆی گشتی: ٤٩٣ خێزان

لقەکانی تایفەی قەلتاشی:

گرووپێك بەناوی بەیلێ هەیە کە لە قەلتاشییەکانن کە زانیاریمان لەسەر ژمارەیان نییە، تایفەی قەلتاشی تەنها دوو بەیلێ بە ناوەکانی بەیلێ و مورتەزایی و بەیلێ کەریم خانیان بەیر دیب.

زۆرترین نازناو: ئێستا زۆربەی نازناوی قەلتاشییەکان بەم شێوەیەیە: ئیعتیمادی قەلتاشی، قەلتاشی، قەلتاش، میرقولی، سالاری، بەخجەستە، حوسێن زادە، دانشی، کەریمی، چاکری، چاکری زادە، ئەفشار مەنش و سەرچەهانی.

باری دارایی قەلتاشییەکان: باری داراییان باش و لەبارە و زۆربەیان جوتیارن و خاوەن لۆرین.

تایبەتمەندیی ئەخلاقی: لەلایەن تایبەتمەندیی ئەخلاقی نەترس، دلێر، نافەرمان، لایەنگیری مافی خۆیان، دەمارگیری نەتەوەییە کە هەر وەك کوردەکانی قوقەس و کوفەجی کرمانن. (۳۳)

(خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە قەلتاشییەکان دەتوانن سەیری لاپەڕەکانی ۳۱۱ تا ۳۳۷ی کتێبی «کوردەکانی پارس و کرمان» لە نووسینی دوکتۆر سەداقەت کیش بکەن)

• ڕەوشی کولتووریی و ڕۆشنبیری

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لەپێوەندیی لەگەڵ چۆنییەتی هەبوونی کوردان لە فارس و شیراز گێڕانەوە و باسی جۆراوجۆر هەیە. یەکێك لە تیۆرییەکان پێی

وایـە کـە هەبوونـی کـوردان لـە فارسـدا پەگـی لـە مێـژووی ئـەم ناوچەیـەدا. بـەڵام یەکێکـی تـر لـە گێرانـەوەکان کـە لەبـاری مێژویـی بەڵگـەی هەسـتپێکراوتری لەپشـتە: هەبوونـی سـەرداران و شـەڕکەرانی کـوردە کە بۆ پشـتیوانی لـە کەریمخان گەیشـتوونە شـیراز و لەگـەڵ ئـەم سـەرکردانە تایفەگەلێکـی زۆر بـۆ نمونـە وەنـد و زەنگەنـە بـۆ پێکهێنانـی ئۆردوویەکـی یەکپارچـە و وەفـادار بـە حکومەتـی زەنـد لەلایـەن کەریـم خانـەوە بـۆ ئـەم ناوچانـە ڕاگوێـزراون دوای لەنێوچوونـی زەندییە، بـە بڕیـاری ئاغامحەمەدخانـی قاجـار بۆ زێـدی خۆیـان دەگەڕێنرێنەوە. لـەم نێوەدا ژمارەیـەك لـە عێـل و تایفـە کـوردەکان لەنێو عێلـە قەشـقاییەکانی فـارس دەمێننەوە کـە زۆربـەی کوردەکانـی فـارس لـە پاشـماوەکانی ئـەو سـەردەمەن.

زۆربـەی ئـەم کوردانە دوای تێکەڵبـوون لەگەڵ تورکە قەشـقاییەکان چوونە ژێر کاریگەریـی کولتـووری باڵادەسـت و لـە ئێسـتادا بەشـێکیان تەنانـەت خۆشـیان بە کـورد نازانـن (تایفەکانـی کوردشـولی و ...) بـەڵام ژمارەیـەك لـەم تایفانـە کولتوری کـوردی و زمانـی کوردیـی خۆیان لە مـاوەی دووسـەد و ئەوەندە سـاڵەی ڕابردوودا پاراسـتووە و هەنووکـەش بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن کـە گەورەتریـنی ئـەو تایفانـە تایفـەی کرانـی یـان «کرونی»یـە کـە لـە ئاوایـی چـل چەشـمەی کرونـی لە ٤٠ کیلۆمیـتری ڕۆژئـاوای شـیراز و لـە دوو گونـد لـە گونـدەکانـی بەیزا لـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی شـیراز و لـە ئاوایـیەکانـی دەوروبـەری کازرون نیشـتەجێن (نزیکەی دە ئاوایـی بەشـێوەی پرش وبـڵاو).[٢٤]

• سەرچاوەکان:

١. ویکیپیدیای فارسی
٢. ڕۆژبەیانی، مەلاجەمیل، چوار دەوڵەتی کورد (چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو دونبولی، شاهێتی، شوانکارە، مینەتشاهی)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٧٣ .
٣. شیرازی، حسین کرد، کردان شیراز و چگونگی حچور در این دیار..www.kurdshiraz.blogfa.com/١٣٨٤/٠٦ ، ٢٥شهریور ١٣٨٤.
٤. سەید شوکری، سەید سمایل، عەشایری کورد، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٧٩، ساڵی حەوتەم، ١٣٨٦ی هەتاوی، ل ٢٥.
٥. سەداقەت کیش، د.جەمشید، کوردەکانی فارس و کرمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کامەران حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٣.

٦. س.پ.ل۱۳۸
۷. سەداقەت کیش، د.جەمشید، س.پ، ل ۱۵۱ـ۱۵۲
۸. س.پ. ل ١٦٦
۹. س.پ. ل ١٦٩
۱۰. س.پ. ل ۱۷۲ـ۱۷۵
۱۱. س.پ. ل ۱۷۷
۱۲. س.پ. ل ۱۹۸
۱۳. س.پ.ل ۲۰۵ـ۲۰٦
١٤. س.پ. ل۲۰۸
۱۵. س.پ. ل ۲۱۰ـ۲۱٤
١٦. س.پ. ل ۲۱۸
۱۷. س.پ. ل۲۳۷
۱۸. س.پ.ل ٢٤١
۱۹. س.پ. ل ٢٤٤
۲۰. س.پ. ل ۲٤۹ ـ۲۵۳
۲۱. س.پ. ل ۲٦۱ـ۲٦۷
۲۲. س.پ. ل ۲۹۷ـ۲۹۹
۲۳. س.پ. ل ۳۱۱ـ۳۱۹
٢٤. شیرازی، حسین کرد، س.پ.

پێنجەم

◄ کوردەکانی باکووری ئێران (مازەندەران، گوڵستان و ...)

- کوردەکانی پارێزگای مازەندەران
- کوردەکانی پارێزگای گوڵستان
- کوردەکانی پارێزگای گیلان
- کوردەکانی پارێزگای ئەردەبیل

بە چاوخشاندنێك بە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێ کە عێل و تایفە جیاجیاکانی کورد لە ژمارەیەك لە ناوچەکانی باکووری ئێران ژیاون و بەشێکیان تا ئێستاش لەو ناوچانە درێژە بە ژیان دەدەن. لێرەدا بە کورتی باسی ژمارەیەك لەو عێل و تایفە کوردانە دەکەین. ئەو ناوچانەی لێرەدا باسیان دەکرێ کەوتوونەتە نێو پارێزگاکانی مازەندەران، گوڵستان، گیلان و ئەردەبیل.

• کوردەکانی پارێزگای مازەندەران

- چەند زانیارییەک لەسەر پارێزگای مازەندەران
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ مازەندەران
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە مازەندەران
- تایفە کوردەکانی پارێزگای مازەندەران

• چەند زانیارییەک لەسەر پارێزگای مازەندەران

پارێزگای مازەندەران لە باکووری ئێران و لە لێوارەکانی باشووری دەریای مازەندەران هەڵکەوتووە. ئەم پارێزگایە لەگەڵ پارێزگاکانی گوڵستان، سمنان، تاران، ئەلبورز، قەزوین و گیلان هاوسنوورە. ئەم پارێزگایە لەباری گەشتیاری و پاکێشانی گەشتیار پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی ئێران هەیە و سوودێکی زۆر لە دارستان، دەشت، کێو، مێژوو و دەریا وەردەگرێ. مازەندەران بەرزترین (کێوی دەماوەند) و نزمترین (دەریای مازەندەران) شوێنەکانی ئێرانی لەخۆ گرتووە.

ئەم پارێزگایە بە هەڵکەوتنی لە لێوارەکانی باشووریی گەورەترین دەریاچەی جیهان ناسراو بە دەریای مازەندەران (دەریای کاسپین، دەریای خەزەر) و هاوسنووری لەگەڵ چوار وڵاتی لێواری ئەم دەریایە واتە تورکمانستان، کازاخستان، ڕووسیا و کۆماری ئازەربایجان لەلایەک و هەڵکەوتنی لە باکووری

گەورەشارێکی وەك تاران (پایتەختی ئێران) لەلایەکی تـرەوە، لـە هەڵکەوتێکی جوگرافیایی ئیستراتیژیك بەهرەمەندە.

خەڵکەکەی بە زمانی تەبەری (مازەندەرانی) و فارسی قسە دەکەن. حەشیمەتی ئەم پارێزگایە زیاتر لە ۳ ملیۆن کەسە. شارستانی ساری ناوەندی پارێزگا و شارستانی بابۆل پرحەشیمەتترین شاری پارێزگایە. ئەم پارێزگایە ۲۲ شاری هەیە، هێندێك لە گرنگترین شارەکانی بریتین لەشارستانی ئامۆل، بابۆل، بابۆلسەر، بێهشەهر، جوویبار، چالووس، کەلاردەشت، ڕامسەر، ساری، سەوادکوە، تەنکابۆن، فەرەیدوون کەنار، مەبباس ئاباد، قائیم شەهر، مەحمودئاباد، نوور، نەوشەهر و ... [1]

• سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ مازەندەران

کوردەکانی پارێزگای مازەندەران بەپێی بارودۆخێکی سیاسی و ئیستراتیژیکی کە لە کوردستان زاڵ بووە و هەروەها ناسەقامگیریی شوێنی مەبەست، دوابەدوای زنجیرەیەك لە بڕیاردانەکان و پێویستیە سیاسیەکان لە چەند سەدە لەمەبەرەوە بۆ شوێنە جیاجیاکانی ئەو ناوچەیە کۆچێنراون. لە بڕۆسەیەکی مێژووییدا و دوای هەوراز و نشێوی زۆر سەرەنجام توانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ قەومە مازەندەرانیەکان پێکەوە بژین و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی باشیان هەبێ. لەپێوەندیی لەگەڵ مێژووی وردی کۆچکردنی کوردەکان ئەوەی بەپێی بەڵگە مێژوویەکان دروستتر دێتە بەرچاو، ئەوەیە کە شەپۆلی کۆچکردنە زۆرەملێیەکانی کورد بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەردەمی شاسمایلی سەفەویەوە دەستی پێکردووە و لە سەردەمی پاشاکانی دیکەی وەك شاعەببباس و تەنانەت دوای نەمانی دەوڵەتی سەفەوییش لەلایەن نادرشای ئەفشار و کەریم خانی زەند دریژەی هەبووە. [2]

• شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە مازەندەران

کوردەکان دوای گەیشتنیان بە مازەندەران بەپێی بارودۆخی جوگرافیایی و سیاسی لە قۆناغە جیاوازە میژوویییەکاندا، لەم شار و ناوچانەی خوارەوە بڵاو بوونەتەوە:

۱. کورد لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران
۲. کورد لە ناوچەکانی باکووری شارستانەکانی جوویبار و ساری
۳. کوردەکانی شارستانی بێهشەهر

۱ـ کورد لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران

کوردەکانی کەلاردەشت و کەجوور: ئەم گرووپە لە کوردەکان لە کەلاردەشت بەگشتی بە «خواجەوەند» بەناوبانگن.

هێنری فیلد: شوێنی نیشتەجێبوونی خواجەوەندەکان لە کەلاردەشت و گوندەکانی (پیمبور، عوسمان کەلا، کوتیر، تویدە، سنگ سرك، بنەفشە دێ، تەبەرسوو، ویجدان، تلوچال، کوردمەحەلە، تائیب کەلا، شاری چالووس و ئاوایی کەریم ئاباد، فەسیب دێ، ئیمام ڕوود)ە و پێی وایە لە ساڵی ۱۹۲۰ی زایینی گرووپەکانی سوڵتان قولیخان، کاکاوەند، لەك و دێلفان، لە کەلاردەشت نیشتەجێ کراون. مەکنزی لە ساڵی ۱۸۶۰دا نووسیویەتی کە نزیکەی ۱۰۰ ئاوایی لە هەوارەکانی کلارستاق هەبوون و زیاتر لە ۶۰۰ بنەماڵە لە خواجەوەندەکان لەوێ نیشتەجێ بوون.

کۆچکردنی ئەم کوردانە زیاتر بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکردنی ناڕازییەکانی ئەو ناوچانە بووە. لە شوێنێکی دیکە ڕابینیۆ دەنووسێ: خواجەوەندەکان (لەگەڵ مافی و کەلهوڕ) خەڵکی ناوچەکانی کوردستانن کە ئاغا محەمەدخان ئەوانی لە ناوچەی ئەردەلان (پارێزگای کوردستان)، گەرووس (بیجارْ) هێناوەتە مازەندەران بۆئەوەی لەگەڵ عەبدولمەلەکیەکان کە لە شەهریارەوە

بۆ مازەندەران ڕاگوێزرابوون، تارانیان لە هەرچەشنە پشتیوانی و ئالۆزییەك پێبارێزێ[۳]

بەپێی ڕاپۆرتی خوێندکار، ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی زنجیرەکانی سەفەوی و قاجار دا بۆ ناوچەکانی باکووری ئێران و یەك لەوان کەلاردەشتی مازەندەران ڕاگوێزراون، ئێستاش کولتوور و زمان و ئایینی خۆیان پاراستووە. کوردەکانی کەلاردەشت هەموویان لە داوێنی کێوەکانی کەلاردەشت نیشتەجێن... کوردەکانی کەلاردەشت هەموویان لە تایفەی خواجەوەندن. ئەو گوتەیەی کە کوردەکان لێیان نیشتەجێن بریتین لە گوێتەر کلتوور. ئیسپەند کەلا، کورد مەحەللە، پەی قەلعە، لاهوو، گورگ پەس، حەسەنکێف، ولبال، مەکا، ئەجابیت، رودبارەك، تویدەرە، پیشنبوور، پینبوور، بازارسەر. حەشیمەتی کوردەکانی ئەم ناوچانە نزیکەی ۳۰ بۆ ٤۰ هەزار کەس دەبێ.[٤]

کوردەکانی ناوچەکانی نەوشەهر و دەورووبەری: ژمارەیەکی دیکە لە کوردەکانن کە لە سەردەمی ئاغا محەمەدخانداڵە ناوچەکانی کرماشان و کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران کۆچیان پێکراوە. کوردەکانی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بە کوردەکانی خەزایی ناسراون کە زۆربەیان لە نەوشەهر و بەشێکیشیان لە ئاوایەکانی زانووس رستاق و دێهستانی کەجوور نیشتەجێن کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن و بەسەر شێوەزاری مازەندەرانیشدا زاڵن.[۵]

۲ـ کورد لە ناوچەکانی باکووری شارستانەکانی جوویبار و ساری

هێنری فیلد لە کتێبی «مردم شناسی ایران» ئاماژە بەوە دەکا کە لە سەردەمی ئاغامحەمەدخانی قاجاردا هۆزێکی پێکهاتوو لە کوردەکان و تورکەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تورکمەنەکانی ساوجبلاغ بۆ ناوچەی فەرەح ئاباد ڕاگوێزران. ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاوای چۆمی تەجەن هەڵکەوتووە. نەمرۆکە

چەند بەشێکی باکووری شارستانەکانی شاری و جوویبار لەخۆ دەگرێ.

کوردەکانی قائیم شار: شەڕی نێوان ئێران و ئێراق هەلومەرجێکی هێنایەئاراوە (نەبوونی ئاسایش، کێشەی ئابووری و...) کە ژمارەیەك لە خەڵك لە ناوچەکانی باشووری ووڵاتەوە بەرەو ناوچەی قائیم شار کۆچ بکەن. هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە کوردەکان هەر بەهۆی ئەم بارودۆخە و هەر لەو سەردەمەشدا بەرەو فەرەیدووەن کەنار و بابولسەر و گەڕەکەکانی جەعفەرئاباد و ڕەحمان ئاباد هەڵکەوتوو لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای مەحمودئاباد کۆچیان کردووە. کوردەکانی ئەم ناوچانە هەنووکەش کەڵك لە جلوبەرگی کوردی وەردەگرن و لەنێو خۆیاندا بە کوردی قسە دەکەن.[٦]

٣ـ کوردەکانی شارستانی بێهشەهر

ئەو کوردانە بەگشتی لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن کە دەکەوێتە ئوستانی مازەندەران، شارستانی بێهشەهر، بەخشی ناوەندی کە بە چوار قەلەی عەبدولمەلەکی بەناوبانگە و لەم بەشانە پێك دێت:

شارۆچکەی زاغەمەزر، نزیکەی ١٣٠٠ خێزان

گوندی زینەوان، نزیکەی ٣٥٠ خێزان

گوندی ئەمیرئاوا، نزیکەی ٧٠٠ خێزان

گوندی حسەین ئاوا، نزیکەی ٧٠٠ خێزان

بەگشتی حەشیمەتی ئەوان نزیکەی ١٥٠٠٠ کەسە.

ئەو ناوچەیە لەلای باکوورەوە دەکەوێتە لێوارەکانی دەریای مازەندەران.[٧]

هەروەك ئاماژەی پێکرا ، ئەم ناوچەیە بە چوار قەلەی عەبدولمەلەکی ناسراوە. لە چوار تایفەی فەوەند (فەهروەند)، زینوەند، شێخوەند و کالوەند پێك هاتووە کە لە شارستانی بێهشەهر و ئاوایەکانی (حسەین ئاوا، ئەمیرئاوا،

زینەوەن و زاغەمەزر) نیشتەجێن.

رابینۆ لە سەفەرنامەی مازەندەران و ئەستەرئاباد سەبارەت بە عەبدولمەلەکیەکان وەها نووسیوە: عەبدولمەلەکیەکان لە دەرگەز نیشتەجێ بوون و دواتر چوونە شیراز و دوای ئەویش بۆ شەهریار گوێزرانەوە. ئاغا محەمەدخان دوای ماوەیەك ئەوانی نارد «نوور» و ٤٠ ساڵ لەوێ مانەوە. لەلایەن میرزا ئاقاخانی نووری لە ساڵی ١٨٥٥ی زایینی (١٢٣٤ی هەتاوی) بۆ زاغەمەزر لە نزیك ساری کۆچێنران. زمانیان لە بنەڕەتدا هەورامییە کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە [١٨]

• باری کۆمەڵایەتی کوردەکانی ئەو ناوچەیە

خەڵکی چوارقەڵعەی عەبدولمەلەکی، لە بواری عەشیرەییەوە دەبنە چوار تایفە و هەر تایفەیەکیش دەبێتە چەند تیرە. بۆ نموونە زاغەمەرزییەکان دەبنە دوازدە تیرە، زینەوەندیەکان شەش تیرە، ئەمیرئاواییەکان دوازدە تیرە و حسەین ئاواییەکانیش دوازدە تیرە.

ئەوان لەنێو خۆیاندا، هەر تیرەیەك کەسێك وەك نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن کە پێی ئەڵێن پیر. ئەرکی پیر هەڵسووڕاندنی کاروباری خەڵکی و بەجۆرێك دەمڕاستی و کەیخوداگەرییە. خەڵکیش لە بەرانبەر پیردا خاوەن ئەرکن و پێویستە بە ڕاوێژ و هەڵوێستەکانی پابەند بن. ساڵانەش بەشێك لە داهاتیان بە پیر ئەبەخشن تا لە ڕێگای خزمەتگوزاریی گشتییەوە خەرجی بکات. دەسباری دووچاربووانی کوتەپڕی بدات و ئەرکەکانی پێ هەڵسووڕێنێت. بۆ نموونە شالیکارەکان، لە هەر هێکتارێك برنجدا ٤ـ٥ کیسە برنج بۆ ئەو کارانە بە پیر ئەبەخشن. خاوەن پیشەکانی دیکەش هەر بەو ئاستە دەسباری پیر ئەدەن.

خەڵکی چوارقەڵعەی عەبدولمەلەکی، لە تەنگانە و فەرحانەدا بە هانای

یەکترەوە ئەچن و پێوەندییەکی هێقمیان هەیە. لای ئەوان ژن خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتییە و نەریتی دووژنی و چەندژنی باوی نیە.

لای ئەوان نەریتی چوارشەمەسووری و نەورۆز و سێزدەبەدەر بە گەرمی باوی هەیە و «کەمەرشال» کە وەك قەڵاڕۆچنێ ـ کڵاوڕۆژنە ی لای خۆمانە، ئێستاش باوی هەیە.

زۆر بەداخن بۆ ئەوەی کە هەنووکە گەمەی فوتبالّ، گەمە نەریتییەکانی ئەوانی بە فەرامۆشی سپاردووە. ئەوان بە گەمە، :کا یان هەمان کایە ـ کێڵێ» ی کوردی نەڵێن.

لە ڕابردوودا بووکیان بە سواری ئەسپ گواستۆتەوە و زاواش تا چەند ساڵێك لەمەوبەر، لە کاتی گەیشتنی بووك بە دەروازەی ماڵەزاوا، سێو یان پرتەقاڵ یان هەناری بەسەردا کێشاوە. کەسێکیش وەك نوێنەری ماڵە بووك، پێشتر لە بووك خۆی بە ماڵە زاوا گەیاندووە و لە کەسانێکی خزمی زاوا داواکاری هەبووە. بۆ نموونە داوای گۆرانی وتن، ڕاکردن یان پووڵ...[۹]

کار و پیشەی خەڵکی ئەو ناوچەیە: بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتییەوە، کار و پیشەی خەڵك، کشتوکاڵ و باخداریە. لە پاڵ ئەوەشدا، بە پەروەردەکردنی ماسی و باڵندە و ئاژەڵداریشەوە خەریکن. کەسانێکیش بە کاروباری پیشەسازی، بەتایبەت پیشەسازی وەگۆڕیی (صنایع تبدیلی) بەروبومە کشتوکاڵییەکانەوە خەریکن.

بەروبومی کشتوکاڵی ئەو دەڤەرە، بە گشتی برنج، گەنم، جۆ، سویا، لوبیا، زەڕات (گەنمەشامی) و تەرەکاڵە. بەتایبەت هەنی (شووتیی) ئەوێ بەناوبانگە.

لەبواری باخداریشدا پرتەقاڵ بەتایبەت لە جۆری تامسۆن، هەشتاڵوو، نارنگیی بە جۆرەکانیەوە و ...

بۆ نموونە بە تەنیا شارۆچکەی زاغەمەزر، زیاتر لە ۲۰۰۰۰ بیست هەزار

هێکتار زەوی بۆ شالیزار و برنجکاری هەیە. یان پرتەقاڵی تامسۆنی ئەوێ بەناوبانگە...

لەبواری ئاژەڵداریشەوە، گاومێشی ئەوێ هەم لەبواری ئەژمار و هەم پەرداخییەوە بەناوبانگە و بەزۆری لەو شبهەجزیرە (نیمچەدوورگەی) «میان کالە» پەروەردە دەکرێت. وێڕای ئەوەش، مەڕداری و گاوداریش باوی هەیە. ئەوان لەبواری کولانەداری سەردەمیانەشدا (کێڵگەی پەلەوەر) چالاکن و مریشکی بەشێکی زۆری ئوستانی مازەندەران دابین دەکەن.[۱۰]

• فەرهەنگ و زمان

ئەو خەڵکە لە تیرەی عەبدولمەلەکیەکانن کە بەزۆری لە سەردەمی نادرشای ئەفشاردا پرژوبڵاو کراون و ئێستا ئەم چوار تایفەیە لەو شوێنەدا نیشتەجێن. بە هەورامی قسە ئەکەن و هێشتا زیاتر لە سەدا هەشتاوپەنجی وشەکانیان ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە و وەك خۆی ماوەتەوە.

ئەوان خۆیان بە هەورامی ئەزانن و شانازی بە پێشینەی کوردبوونی خۆیانەوە ئەکەن. لەناو خۆیاندا بە زمانی خۆیان قسە ئەکەن. بەتایبەت لەم سالانەی دواییدا هەستی نەتەوەییان زیاتر بووژاوەتەوە و لە زەماوەندەکاندا، جاروبار، جلوبەرگی کوردی دەپۆشن. بەتایبەت جلوبەرگی کوردی دەبەر منداڵەکانیان دەکەن و زۆرجاریش بووك و زاوا بۆ ماوەیەك بەو جلوبەرگەوە دەرئەکەون. لەم سالانەی دواییدا بۆ بەربڵاوترکردنی پێوەندیی لەگەڵ دەڤەری هەورامان و کوردەواری لە چالاکی زیاتردان. بۆ نموونە بۆ بەڕێوەبردنی مەراسیمی سێزدەبەدەر گرووپی گۆرانی و هەڵپەڕکێیان لە مەریوانەوە داوەت کردبوو کە بە هەوڵی کاك سەباح یەزدانی ئەو گرووپە لەوێ ئامادە و بەرنامەی هەبووە.

ئاستی ڕۆشنبیریی ئەوان بەرزە و ڕێژەی خوێندەوارانی ئاستیی باڵایان،

لەسەرەوەیە. بۆ نموونە تەنیا لە گوندی حسەین ئاوا زیاتر لە ۷۰۰ کەس لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا، خوێندنی باڵایان تەواو کردووە.

کەسانێکیش بە تۆمارکردنی کولتووری ناوچەکە و نووسینەوەی مێژووی خۆیانەوە خەریکن و تا ئێستا توانیویانە لەسەر ئەرکی خۆیان چەند کتێب لەو بوارانەدا بڵاو بکەنەوە. بۆ نموونە ئەتوانین ئاماژە بەم بەرهەمانە بکەین: ۱ـ تاریخ ایل عبدالملکی، تألیف رضا قنبری عبدالملکی، انتشارات شلفین ۱۳۸۸. ۲ـ امثال و اشاره و کنایه و تطبیق واژگان عبدالملکی با معادل فارسی، تألیف: حسن سلیمی عبدالملکی. انتشارات شلفین ۱۳۸۷ ۳ـ پیشینه عبدلملکی ها در مازندران و کردستان، حسن سلیمی عبدالملکی، انتشارات شلفین و ....[۱۱]

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەرچی کوردەکانی مازەندەران توانیویانە دابونەریتی خۆیان بپارێزن و هەنووکەش ئینتمایان بۆ وڵاتی باوو‌باپیرانیان هەیە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە تێکەڵاوبوون لەگەڵ کولتوور و دابونەریتی خەڵکی ئەوێ، توانیویەتی کاریگەریی لەسەر زمان و کولتوور و کەلەپووری ئەوان دابنێ و بە سەرنجدان بەو ماوە زەمەنییە دوور و درێژەی تێکەڵاوبوون و پێکەوەبوون دەبێ چاوەڕوانیی وەها شتێکمان هەبێ.

● تایفە کوردەکانی پارێزگای مازەندەران

لەم پارێزگایە سێ عەشیرەتی گەورە و بەربڵاوی کورد نیشتەجێن: مۆدانلوو و جەهانبەگلوو (باکووری ساری) و خواجەوەند (باشووری نەوشەهر). عەشیرەی خواجەوەند بە بڕوای ال.اس.فۆرتیسکۆ لەپێشدا لە گەرووس و کوردستان بوونە و نادرشا هێناونیە مازەندەران. لەوانەیە عەشیرەکانی مۆدانلوو و جەهانبەگلووش هەر نادرشا بۆ ئەم ناوچەیەی هێنابن (بە ڕای ڕابینۆ)[۱۲]

خوێنەرە خۆشەویستەکان، بەڕێز حەسەن سەلیمی عەبدولملەکی نووسەر

و یەکێك لە کوردەکانی سەر بە عەلی عەبدولمەلەکیی مازەندەرانە. ناوبراو لە وتارێکی پربایەخدا باسی لە مێژووی کۆچکردن و زمان و شێوەزار و کەسانی بەناوبانگ و بنەچەکە و ڕەچەڵەکی کوردەکانی عەبدولمەلەکی و زۆر بابەتی تر کردووە. لەبەر گرنگیی بابەتەکە بە پێویست زانرا بەشی زۆری وتارەکە وەگێڕینە سەر زمانی کوردی، ئەوەی خوارەوە بەشی زۆری وتارەکەی ناوبراوە:

عەلی عەبدولمەلەکی: لە هەورامانەوە بۆ مازەندەران

(کورتە مێژوویەکی کۆچکردنی عەبدولمەلەکی و عەبدولمەلەکیەکانی ئێران)

- مێژووی کۆچکردن

لە هەورامانەوە بۆ باشووری ئێران:

هەروەك پێشتر گوترا، ئاخێزگە و شوێنی سەرهەڵدانی باب و باپیرانی عەبدولمەلەکی پێش ئیسلام لە هەوراماناتی کوردستان بوو بەڵام دیار نیە کە بە چ هۆکارێك و لە چ سەردەمێکەوە دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، ئەوان لەو ناوچانەڕا بەرەو باشووری ئێران کۆچیان کردووە. لەم پێوەندییەدا مەکنزی یەکەمین سەرکونسوولی ئینگلیس لە ڕەشت لە سەفەرنامەکەی (۱۸۵۸ی زایینی) دەنووسێ: عەبدولمەلەکیەکان قەرار بوو لە جیهاد بەدژی ئینگلیزەکان کە سەدری ئەعزەمی نیشتمانپەروەر و دینداری پێشوو ڕایگەیاندبوو، شەڕ بکەن، بەڵام پێش ئەوەی بێنە مەیدانەوە، شەڕ کۆتایی پێهات و ناچار نەبوون بەرەو باشووری ئێران سەفەر بکەن. دەڵێ عەبدولمەلەکیەکان لە بنەڕەتدا لەو ناوچەیەوە هاتوونە ئێرە.»

ئێستاش عەبدولمەلەکیەکان لە باشووری ئێران، دەوروبەری گەچساران لە ناوایەك بەناوی سەراب ژیان بەسەر دەبەن کە بە مەلەك زادە و ئەسەدزادە

بەناوبانگن. لەسەر گۆڕی باب و باپیرانیشیان ناوبانگی عەبدولمەلەکی دەبینرێ و هەموویان خۆیان بە عەبدولمەلەکی یان ئومەلەکی دەزانن.

لە باشوورەوە بۆ پارێزگای هەمەدان:

دوای کۆچکردن بۆ باشوور، عەبدولمەلەکیەکان لە پارێزگای هەمەدان (لە شوێنێك لەنێوان مەلایر، تویسەرکان و نەهاوەند) هاوسنوور لەگەڵ پارێزگای لوڕستان نیشتەجێ بوون. لە ناوچەگەلێك کە ئەمڕۆ بەم ناوانە بەناوبانگن: ئاوایەکانی گرا، فریازان، زاغە (کە دانیشتووانەکەی ئێستا بۆ تەیموورئابادی تویسەرکان کۆچیان کردووە)، نوقدە، دوقەلعە، فرس فج، دارانی خواروو، حوسێن ئابادی قشڵاق، وردابە، نوئاوەرزەمان و محەمەدئابادی محەمەدزەمان.

لە هەمەدان (تویسەرکان)ەوە بۆ خوراسان (دەرگەز):

لە سەردەمی نادرشای ئەفشار، عەبدولمەلەکیەکان (ئەو عێلاتەی ئێستا لە مازەندەران نیشتەجێن) لەگەڵ تایفەکانی زەندییە بۆ دەرگەزی قووچان نێردران و عەبدولمەلەکیەکانی کوردستان بۆ قەڵای عەبدولمەلەکی قروە دوور خرانەوە. ئیرەج ئەفشار لەم پێوەندییەدا دەنووسێ: «خەڵکی عێلی عەبدولمەلەکی لە ڕابردوودا نیشتەجێی دەرگەز بوون بەڵام بە هۆکارگەلێك کۆچیان کرد بۆ فارس.»

لە خوراسانەوە بۆ هەمەدان و شیراز:

پاش ئەوە، عەبدولمەلەکیەکان و بنەماڵەی زەندییە لە دەرگەزی خوراسانەوە بەرەو شوێنی یەکەمینی خۆیان واتە لوڕستان و دەوروبەری تویسەرکان کۆچیان کرد. لەوانەیە لە کاتی گەڕانەوە لە دەرگەز بۆ پارێزگای هەمەدان، ژمارەیەکی کەم لە عەبدولمەلەکیەکان لە بەخشی ڕوودابی سەبزەوار نیشتەجێ بین کە ئێستا نزیکەی ۱۲ بنەماڵە (۵۶کەس)ی لەوێن. عێلی عەبدولمەلەکی لە کاتی دەسەڵاتداریێتی

کەریم خانی زەند لە لوڕستان و تویسەرکانەوە چوونە شیراز. میرزا تەقیخانی سپەهر لە کتێبی شەڕی نێونەتەوەیی یەکەم دەنووسێ: «خانەدانی عەبدولمەلەکی لە عێلی زەندییەن. شوێنی لەدایکبوونی باب-باپیرانیان مەلاییرە کە لەوێڕا چوونە شیراز و کاتێك لوتفعەلیخان کوژرا، بنەماڵەی عەبدولمەلەکی بە فەرمانی پاشای ئەو ڕۆژە، ئاقامحەمەدخان، هاتنە تاران.»

لە شیرازەوە بۆ تاران (شەهریار):

بەپێی وتەی ئیرەج ئەفشاری سیستانی عەبدولمەلەکیەکان دوای لەناوچوونی زنجیرەی زەندییە لە ساڵی ١١٦٩ی هەتاوی بە بڕیاری ئاغامحەمەدخانی قاجار سەرەتا بۆ شەهریاری تاران کۆچێنران و دوای ساڵێك بەرەو نوور و کەجوور کۆچیان کرد.

لە تارانەوە بۆ مازەندەران (بەخشی کەجوور):

عەبدولمەلەکیەکان لە سەردەمی ئاغامحەمەدخانی قاجار، دوای ساڵێك مانەوە لە شەهریاری تاران لە ساڵی ١١٦٩ی هەتاوی، بۆ مازەندەرانی ڕۆژئاوا (بەخشی کەجوور) کۆچێنران. ئەو ئاواییانەی لە مازەندەرانی ڕۆژئاوا عەبدولمەلەکیەکانی لێ نیشتەجێن بریتین لە: سەید مەحەللە، کەش کوە و خوڕڕەم ئاباد (تەنکابۆن)، ئاواییەکانی کەدیر، پوول، میرکولا و خاچەك (بەخشی کەجوور) و ئاواییەکانی سەلاحەددین کەلا (بەخشی نوور). پێویستە بگوترێ ئەم بنەماڵانەی عەبدولمەلەکی بەهۆی حەشیمەتی کەم و هاوسەرگیری لەگەڵ خەڵکی خۆجێیی ناوچەکە، زمانی زگماکیی و هەورامیی خۆیان لەبیر چۆتەوە و ئەمڕۆ بە زمانی تەبەری دەپەیڤن.

لە سەردەنی نیشتەجێبوونیان لە کەجوور بوو کە شەڕە ماڵوێرانکارەکانی ئێران و ڕووسیای تەزاری لە سەردەمی فەتحەلیشای قاجار دەستیان پێکرد. لەم

شەڕانەدا کە لە ساڵی ١٢١٨ی کۆچی مانگیدا هەڵگیرسان، عەبدولمەلەکیەکان بە سەرکردایەتی جەعفەرخانی عەبدولمەلەکی لە شەڕکەرانی بەناوبانگی عەبباس میرزا بوون کە تەنیا لە ڕۆژێکدا بۆ پێشگرتن لە هێرشی تۆپەکانی ژێنەراڵ دالۆفی ڕووسی، چوارسەد شەهیدیان پێشکەشی ئێران کرد.

عەبدولمەلەکیەکان لە شەڕەکانی ئێران و ئەفغانیش بەشداریی چالاکانەیان هەبوو و لەم شەڕانەدا یەکێك لە گەورەکانی عێل بە ناوی ڕەشیدخانی عەبدولمەلەکی، باوەگەورەی نەمر حاجی ڕەشیدی ئەکبەری عەبدولمەلەکی لە حوسەین ئاباد. لە ڕێی بەرگریی لە خاك لەگەڵ لاوانی دیکەی عەبدولمەلەکی شەهید بوو.

لە کەجووزەوە بۆ چوارقەلعەی عەبدولمەلەکی (شارستانی بێهشەهر):

بە وتەی ئیرەج ئەفشاری سیستانی، عێلی عەبدولمەلەکی لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی مانگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشبەرە تورکەمەنەکان بۆ چوارقەلعەی عەبدولمەلەکی ڕاگوێزران. هەربەپێی وتە و گێڕانەوەی خۆشیان لە سەردەمی هاتنیان بۆ مازەندەران، نزیکەی چوار هەزار بنەماڵە بوون، بەڵام بەهۆی ئاووهەوای ئەو ناوچەیە ژمارەیان بۆ شەشسەد بنەماڵە کەم بۆوە.

چوار تایفەی عەبدولمەلەکی لەو ئاواییانەدان: زاغەمەرز، زینوەند، ئەمیرئاوا و حوسەین ئاوا. زمانی خەڵکی چوارقەلعەی عەبدولمەلەکی هەمان زمانە جوانەکەی کوردیی هەورامییە و عەبدولمەلەکیەکانی چوارقەلعە دوای چەندین سەدە دووریی لە زێدی باپیرانیان هەروا پارێزەری زمان، کولتوور و نەریتەکانی پێشینیانی خۆیانن. دەتوانرێ نموونەی ئەو باوەڕانە لە پەند و شێعرەکانیاندا ببینرێ.

ـ کەسانی بەناوبانگ و خاوەن پلەی بەرز لەنێو عێلی عەبدولمەلەکی:

سەرۆکەکانی عێلی عەبدولمەلەکی لە سەردەمی زەندییەوە تا سەردەمی

پەهلەوی بە پێی ڕیزبەندیی میژوویی بەم شێوەیەن:

۱ـ عەبدوڵڕەزاق خانی عەبدولمەلەکی ۲ـ سادق خانی عەبدولمەلەکی ۳ـ ئەبدالّ خانی عەبدولمەلەکی (سەدەمی زەندییە)، ٤ـ جەعفەرخانی عەبدولمەلەکی (عیزامولمولکی بچووك) ٥ـ بەستام خانی عەبدولمەلەکی ٦ـ شوکروڵڵاخانی عەبدولمەلەکی ۷ـ جەعفەرخانی عەبدولمەلەکی ۸ـ سەرتیپ عەسکەرخانی عەبدولمەلەکی (عیزامولمولك) ۹ـ جەعفەرخانی عەبدولمەلەکی (عیزامولمولکی بچووك) ۱۰ـ سەرتیپ قاسم خانی عەبدولمەلەکی (هەژیرئەلدەولە) (سەردەمی قاجاریيە و سەرەتاکانی سەردەمی پەهلەوی).

ـ *زمان و شێوەزار:*

شێوەزاری عەبدولمەلەکی لقێك لە زاراوەی هەورامییە. دیارە ئەمڕۆ شێوەزارە غەیرە کوردی، تێکەڵاوی شێوەزاری عەبدولمەلەکی بوون کە دەبێ هۆکارەکەی لە دووڕیوونی عەبدولمەلەکیەکان لە زێدی بابوباپیرانیان و کۆچکردنە زۆرەملێیەکان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، باشوور و باکووری ئێران بۆ پارێزگاری لە سنووورەکانی خاکی وڵات بزانرێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، زمان و کولتووری بێگانە تا ئێستاش نەیتوانیوە بە شێوەی تەواو ئەم شێوەزارە شیرینەی هەورامی تێك بدا و گۆڕانی بەسەردا بێنێ.

ئەمڕۆکە عەبدولمەلەکیەکانی ئێران بەپێی زانیاریی و باوەڕێك کە بە کولتووری ڕەسەنی خۆیانیان هەیە، هەنووکەش شێوەزاری کوردیی عەبدولمەلەکیان پاراستووە و دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەزار ساڵ دوورکەوتنەوە لە زێدی باب وباپیرانیان بە زمانی زگماکیی خۆیان دەپەیڤن. بۆ نموونە ئاماژە بە ژمارەیەك لە وشە و فرمان (فعل)ی عەبدولمەلەکی دەکەین:

کناچو (کچ)، کوڕە (کوڕ)، زام (بریـن)، کیانام (ناردم)، تاشام (تاشم،

تراشیم) و ... پێرستێکی تەواو لەم وشە و فرمانانە لە کتێبی (پەند و ئاماژە و وشە کوردییەکانی عەبدولمەلەکی) لە ئامادەکردنی نووسەری ئەم دێڕانەدا هاتووە کە خوێنەران دەتوانن سەیری بکەن...

•••

ـ بنەچەکە و رەچەڵەکی کوردیی عەبدولمەلەکیەکان:

هێندێك لە توێژەران و مێژوونووسان، عەبدولمەلەکیەکان بە قشقایی، لوڕ، ئەفشار و مەمەسنی دەزانن. دوکتور رەزا عەبدولمەلەکی لە کتێبی «مێژووی عیلی عەبدولمەلەکی»دا، بە چەند بەڵگەیەکی مێژوویی، عەبدولمەلەکیەکان بە کورد دەزانێ... بێجگە لەمەش، نووسەر بەهۆی سەفەری زۆر بۆ ناوچە کوردنشینەکانی هەورامانات ئێراق و ئێران و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانیی لەو شوێنانە، قسەکردن لەگەڵ زمانزان و نووسەرانی بیاڤی کولتوور و ئەدەبیاتی هەورامی و هەروەها بەشداریی لە سیمیناری توێژینەوەیی لەبواری زمانی هەورامی، بەم دەرەنجامە گەیشتووە شێوەزاری عەبدولمەلەکی لقێك لە زاراوەی هەورامییە و زمانی هەورامی، دایکی شێوەزارەکانی هەورامی، زەنگەنەیی، باجەلانی، لەکی، کاکایی، زازاکی، کنولەیی و عەبدولمەلەکیە. ئێستا لێرەدا بە مەبەستی ناساندنی ئەم ناوچە، کەسایەتی و کۆنگرانە، ئاماژە بە چەند دانەیان دەکەین بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆشەویستیش بیانناسن و زانیارییان لەسەریان هەبێ.

ئا: ناوچەکان: سەردانی توێژینەوەیی بۆ کوردستانی ئێران ، بەخشی هەورامانات (ژاوەرۆ، تەخت، لەۆن)، هەجیج، هەورامان، کەمالە، دزڵی، سنە، مەریوان، سەقز، قرووە و قەڵای عەبدولمەلەکی. کوردستانی ئێراق: شارستانەکانی سلێمانیە، هەولێر، تەوێڵە لە بەشی هەورامان لەۆن. پارێزگای کرماشان: پاوە، کامیاران، پالنگان، جوانڕۆ و کەنگاوەر. پارێزگای هەمەدان: شارستانی تویسەرکان

و ئاوایەکانی گـرا، فریـازان، زاغـە و نوقـدە، دوقەلعـە، فـرس فـج، دارانی خـواروو، حوسێن ئابـادی قشـلاق، وردابـە، نوئاوەرزەمـان و محەمەدئابـادی محەمەدزەمان.

ب: کەسـایەتیەکان: چاوپێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێـز محەمـەد ڕەشـید ئەمینـی (لێکۆڵەر و شـاعیر)، دوکتۆر سۆران کوردسـتانی (تـوێژەر لە بواری مێژووی کورد)، ئەحمـەد نەزیـری (نووسـەر و تـوێـژەر)، موعتەسـەم شـافعی (چالاکـی فەرهەنگـی لـە پـاوە)، هەورامـان بەهرامـی (سەرنووسـەری گۆڤـار ئەهـورا)، هـادی سـپەنجی (شـاعیر و نووسـەری پاوەیـی)، ئەمیـر ئەمینـی (تـوێـژەر و نووسـەری پاوەیـی)، فاتیـح ڕەحیمـی (نووسـەر ڕیرمانـی زمانـی هەورامـی). ئەوانـە بـە زمانی ماجۆ قسـە دەکـەن لە بەشـی کوردسـتانی ئێراق: مامۆسـتا ئەیووب ڕۆسـتەم (نووسـەر، شـاعیر و بەرپرسـی ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی هەورامانـی لهـۆن)، کاك جەمیـل هەورامـی (لـە دامەزرێنەرانـی ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی هەورامانـی لهـۆن)، بەڕێز کاکەیـی (وەزیری پێشـووی ڕۆشـنبیری لـە هەرێمـی کوردسـتان و ڕاوێـژکاری بەڕێـز بارزانی).

ج: کۆنگـرەکان: بەشـداریی لـە کۆنگـرەی هەورامـان ناسـی (سـەروئاباد)، کرنگـرەی هەورامان ناسـی (زانکـۆی سـنە، ١٣٨٤)، کۆنگرە ناودارانـی هەورامانات (شارسـتانی پـاوە، ١٣٨٦)، فسـتیوالّی هەورامـان (تایبـەت بـە ماجـۆ) لـە سـلێمانیە (٢٠٠٩ی زایینی).

•••

ـ وتەکانـی مامۆسـتا مەردوخـی کوردسـتانی و کـورت فریشـلێری ئەڵمانـی لەبـارەی عەبدولمەلەیـك و زێـدی سـەرەکیان لـە هەورامـان:

لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانـم بـۆ ئاگاداربوونی زیاتـری خوێنەرە خۆشەویسـتەکان لەشـوێنی سـەرەکیی عەبدولمەلەکیـەکان، ئاماژەیـەك بـە کتێبـی بەنرخـی بـرای خۆشەویسـتم، کاك جەمشـیدی عەبدولمەلەکـی لەژێـر نـاوی «کورتەمێـژووی دێرینـی عەبدولمەلەکی» بکەیـن بۆ ئـەوەی بتوانین شـوێنی ژیانـی باب«بابیرانمان

بە خوێنەران بناسێنین کە لە زمان مامۆستا مەردووخی کوردستان و کورت فریشلێر نووسەری بە ڕەگەز ئەڵمانی باس کراوە.

کاك جەمشیدی عەبدولمەلەکی لە کتێبەکەیدا (کورتەمێژووی عەبدولمەلەکیەکان)دا، بە کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمی مامۆستا مەردوخی کوردستانی نووسەری مێژوو و جوگرافیای ناوچەکانی کوردستان، ئاوای باس کردووە: «دانیشتووانی قەڵاکانی ناوچەی قوڕوە، پێشتر لە هەورامانات و ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەو ناوچەیە خەریکی ژیانی ئاژەڵداری و تفەنگچیەتی بوون». (کورتەمێژووی دێرینی عەبدولمەلەکی. ل ١١٢). هەر لەم کتێبەدا باسی لەوە کردووە کە «ژیانی دێرینی ئومەلەکیەکان لە ناوچەکانی هەورامان و بەشێك لە ناوچەی هەورامانی باشووری ڕۆژئاوا، زاڵ بەسەر جوانڕۆ و لە کوێستانە سەختەکان لە سەردەمی ماددییەکان بە ئاژەڵداری و ژیانی سەربازیی تێپەڕ دەبوو. (س.پ. ل١٢١)

هەروەها کاك جەمشید عەبدولمەلەکی لە کتێبەکەیدا بە گێڕانەوە لە کتێبی «کەنێزی شازادەخاتوونی فێرعەون» لە نووسینی کورت فریشلێری ئەڵمانی باس لەوە دەکا:

پیاوێکی ڕۆمی (یۆنانی) کە لە شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکان لە ناوچەی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، لە نزیکیەکانی میانە، تێك دەشکێن، دوای شەڕ، لە گەڵ باقی سوپاکەی بەرەو ڕۆم دەگەڕێنەوە. ئەو کە سەرەتا لە بناری زاگرۆسەوە و لە ناوچەی هەورامانەوە بەرەو ئێراقی ئێستا و دواتر بەرەو سووریا وەڕێ کەوتووە، دەڵێ: لە بەرزاییەکان و بناری چیاکانی ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران تووشی تایفەیەکی پڕحەشیمەت بووین بەناوی ئومەلەك یان ئەیومەلەك. پیاوەکانیان شەڕکەر و دلێر بوون و مەڕومالاتیان زۆر بوو. زستان بوو و کەشێکی تابلێیی سارد. ڕێگەیان لێ گرتین و ژمارەیەکیان لێ کوشتین و ئێمەش بەناچاری

دەستمان بە پارانەوە کرد کە برسیمانە، سەرەتا کەمێکمان خواردن پێبدەن و دواتر چێتان دەوێ وابکەن. ژمارەیەك لە سەرکردەکانی تایفەکە کە دیار بوو سەرۆکیانن، لە شوێنێك کۆ بوونەوە. دوای راوێژکردن بۆ ئاگریان بۆ کردینەوە و خواردنی پێویستیان بۆ هێنایین و وەك دیل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین. لەبەر ئەوەی کاتی ڕۆژئاوابوون بوو، لە شوێنێکی تایبەت دایاننایین و ئاوریان بۆ کردینەوە و تا بەیانی پاسەوانیان هەبوو. دوای ڕۆژهەڵات بە ڕادەی پێویست خواردنیان دایە سوپاکەم و ئازادیان کردین. لەگەڵ ئەوەی ئومەلەکیەکان دەیانزانی نیمەی یۆنانی دوژمنی نێرانییەکانین. دوای نەوەی زمارەیەك لە سەربازەکانیان لێ کووشتین، من پارامەوە و تکام لێ کردن، ئەوانیش هەڵسوکەوتیان باش بوو. زانیم کە ئێرانییەکان، بەتایبەت ئەم تایفە کوردانە، میواندۆستن ئەگەر میوان دژمنیشیان بێ.»

بە پشت بەستن بە وتەکانی ئەم دوو زانایە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە زێدی باب‌ەباپیرانی عەبدولمەلەکی لە کوردستان، بەشی هەورامانات بووە و ئەم شوێنەش بەپێی ئاماژەکانی ناو وتارەکە، بەشی ژاوەرۆ (بە ئەگەری زۆر بێساران، پاڵنگان، جوانڕۆ و ناوچەی پاوە) شوێنی ژیانی باب و باپیرانی عەبدولمەلەکیەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەرماندە و سوپای یۆنانی بووە کە لە کۆتاییەکانی حکومەتی ئەسکەندەر و پێش حکومەتی سلوکیەکان و ئەشکانییەکان بووە. ئەنجامی ئەم بینین و قسەکردنانەی ئێستای عەبدولمەلەکیەکان سەلمێنەری ئەم ئیددیعایەیە کە شوێنی سەرەکیی عەبدولمەلەکیەکان، هەورامانات و شێوەزاریان هەورامییە.

بڵاوبوونەوەی عەبدولمەلەکیەکان لە ئێستادا:

ئێستاکە بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی عەبدولمەلەکیەکانی ئێران لە چوارقەلعەی عەبدولمەلەکی (بێهشەهری مازەندەران) و ناوچەکانی نێوان مەلایر، تویسەرکان و نەهاوەندا نیشتەجێن. دوای ئەوان دەبێ ئاماژە بە عەبدولمەلەکیەکانی قەڵای شارستانی قڕوە بکرێ. عەبدولمەلەکیەکانی کۆچکردوو بۆ دەورووبەری تاران و قومیش لەباری ژمارەی خێزان و حەشیمەت، لە پلەی دواتر دان کە لە شارەکانی مامازن، خاتوون ئاباد، نەزەرئاباد، شەهریار، هەشتگرد و شارستانی قوم نیشتەجێن. دەبێ بگوترێ ئەگەری هەبە لە ناوابیەکانی ناوباریك و شەکرئابادی نەلەشتەری لوڕستانیش ژمارەیەك لە حەشیمەتی عەبدولمەلەکی نیشتەجێ بن. لە ڕۆژئاوای مازەندەران، عەبدولمەلەکی و مەلەکیەکان کە هەمان بنەماڵەکانی عەبدولمەلەکین، نیشتەجێن و تۆڕێنەوەیان لەسەر کراوە. لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە عەبدولمەلەکیەکانی ڕووداوی سەبزەوار بکرێ کە نزیکەی دوازدە بنەماڵەن و زۆرێەیان بۆ شارەگەورەکانی خوراسان کۆچیان کردووە... (۱۳)

بەڕێز سیدعلی میرنیا بەم شێوەیە باس لە تایفە کوردەکانی پارێزگای مازەندەران دەکا:

تایفە کوردەکان لە ساری:

میلگونیف بەم شێوەیە ناوی تایفە کوردەکان لە ساری دێنێ: جەهانبەگلوو، مودانلوو و ...

پێنجسەد کەس لە ساری ژیان بەسەر دەبەن کە لە سەردەمی محەمەدشای قاجار کۆچێنراون. لە ئاوایەکانی دیمتوران، حەمیدئابادیش نیشتەجێن. جەهانبەگلوو و مەدانلوو لە ئەڕەدێ، دوو و نیو فەرسەخیی ساری نزیك لە چیا نیشتەجێن.

تایفە کوردەکان لە بلوکی کلارستاق:

لە بلوکی کلارستاق زیاتر خواجەوەندەکان دەژین کە بریتین لە: خواجەوەند،

عومرانلوو، قلیچی، عەبدولمەلەکی، جەهانبەگلوو و مودانلوو.

تایفە کوردەکانی جەهانبەگلوو و مودانلوو:

تایفە کوردەکانی جەهانبەگلوو و مودانلوو لە ئاواییەکانی شیرخواست و میانروز و فەرەح ئابادی مازەندەران نیشتەجێن. مودانلووەکان سەدسالّ پێش ئێستا، لە گرنگترین تایفە کوردەکانی مازەندەران بوون. جەهانبەگلوو لە ئاواییەکانی ئەندرود، چیك رود، مەشهەدی گەنجروز نیشتەجێن.

مودانلوو لە ئاواییەکانی مشك ئاوا، جویار، پەنبەچولە، کوردکەلا، لاریم نیشتەجێن و خەریکی وەرزێری و ئاژەلّداریین. زمانیان کوردییە و بە زادەیەکی کەمیش بە تورکی قسە دەکەن.

تایفە کوردەکانی عەبدولمەلەکی و خواجەوەند:

تایفە گەورەکانی کورد لە ناوچەی نور، عەبدولمەلەکی و خواجەوەندن. تایفەی عەبدولمەلەکی لەلایەن ئاغامحەمەدخانی قاجار لە شیراو و ناوچەی شەهریارەوە بۆ نور ڕادەگوێزرێن و دوای چل سالّ میرزا ئاقاخانی موری سەدری ئەعزەمی ناسرەددین شا لە دەورووبەری سالّی۱۲۷۵ی کۆچی هەتاوی دەیانباتە زاغەمەزر لە نزیك ساری. عەبدولمەلەکیەکان بە تورکی و کوردی قسە دەکەن.

تایفەی خواجەوەند لە کەجوور و نوور نیشتەجێن و تێکەڵاوە لە تیرەکانی خواجەوەند و شەرەفوەند لە کەجوور و خواجەوی و حواجەنوری لە نوور.

تیرەکانی کەلبادی:

تیرەکانی کەلبادی بریتین لە:

۱ـ ئەشکارگەر

۲ـ خواجەوی (خواجەوەند)

۳ـ مسگەر

لە سەردەمی ناسرەددین شای سەرۆکی تایفە کوردەکانی کەلبادی رەزاقولیخان بووە... ئەم تایفەیە خەریکی وەرزێری و ئاژەڵداری و کاری دیکەن و بە گشتی سەر بە مەزهەبی شیعەن و لە ئەمیرئاوای زاغمەرز دەژین.

عێلی خواجەوەند لە کلارستاق: کوردانی خواجەوەند لە بەخشی کەلاردەشت (کلارستاق)ی مازەندەران نیشتەجێن. ئەم کوردانە سەر بە عیلی گەورەی کەلبادین و زمانیان کوردی و فارسییە...

سەردەمی ڕاگواستنی خواجەوەند: خواجەوەندەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی لورستانن. ئاغامحەمەدخانی قاجار پەنجا بنەماڵەی ئەوانی لە ئەردەڵان و گەڕووسەوە بردە مازەندەران بۆ ئەوەی بە هاوکاریی کەسێك بە ناوی عەبدولحەکیم تاران لە پشێوی و ئاڵۆزیی بپارێزێ. ئێستا کوردانی خواجەوەند لە کەلاردەشت نیشتەجێن...

بەپێی گێڕانەوەیەکی تر خواجەوەندەکان لە سەردەمی نادرشا و کەریمخانی زەند بۆ ئەم ناوچانە ڕاگوێزراون. لەوانەیە ئەم تایفەیە لە دوو قۆناغدا ڕاگوێزرابن. تایفەی خواجەوەند لە کلارستاقی مازەندەران پێکهاتووە لە تیرەکانی یەزدانی، دلفان ئازەری، مەشعەشی، لەك، خواجەوەند. بەناوبانگترینیان خواجەوەندە...

تایفەی شەرەفوەند لە عێلی خواجەوەند لە کەجوور:

تایفەی شەرەفوەند لە عێلی خواجەوەندن کە شەشسەد بنەماڵەیان لە هەزارخاڵی ڕۆژئاوای کەجووری مازەندەران نیشتەجێن. (دیارە ئەوکاتی کە

ئەو کتێبەی نووسیوە)

تایفەی لەك لە عێلی خواجەوەند لە کەلاردەشت:

تایفەی لەك لە عێلی کوردی خواجەوەندە و زیاتر لە کەلاردەشت نیشتەجێن. ئەم تایفەیەش لەگەڵ خواجەوەندەکان بۆ مازەندەران ڕاگوێزراون. سەرۆکەکانی خواجەوەند زیاتر لەم تایفەیە بوون. ئەم تایفەیە خەریکی کاروباری وەرزێرین و زمانیان لەکیە و بە تورکیش قسە دەکەن.

تایفەکانی غەیاسوەند لە مازەندەران:

تایفە کوردەکانی غەیاسوەند، ۸۵۰ بنەماڵەیان لە سەردەمی سەفەویە بۆ بنارەکانی ئەلبورز، دەوروبەری جادەی قەزوین کۆچیان کردووە و لە دێهستانەکانی ئیقبالّ، ڕوودبار، قاقزان نیشتەجێن. ئاغامحەمەدخانی قاجار چوارسەد بنەماڵەی لەوان لە کرماشان و لورستانەوە گواستەوە بۆ مازەندەران. نزیکەی دووسەد بنەماڵەی غەیاسوەند و چەگەنی و ڕەشوەند لەنێوان لوشان و مەنجیل نیشتەجێن. تیرە بەناوبانگەکانی غەیاسوەند لە مازەندەران بریتین لە: دەرویشوەند، کەلماسی، سلخوری، محەمەدبیگی، غەیاسی. زمانیان کوردیی و تورکییە ...

تایفەی ئوسانلوو (ئیزانلوو):

تایفەی ئوسانلوو کە لە خوراسان ئەم تایفەیە بە ئیزانلوو ناسراون. بە فەرمانی ئاغامحەمەدخانی قاجار لە دەشتی خوار و وەرامین بۆ مازەندەران ڕاگوێزراون. ئێستا (کاتی نووسینی کتێبەکە/ ئا) سەد و پەنجا بنەماڵەیان لە ساری و دەوروبەری نیشتەجێن و خەریکی وەرزێری و کشتوکاڵن. زمانیان تورکیەە و بە فارسیش قسە دەکەن.[۱۴]

• سەرچاوەکان:

۱. ویکیپیدیای فارسی

۲. بررسی مهاجرت اجباری کردهای مازندران، ماهنامه اجتماعی فرهنگی ادبی مهاباد، سال یازدهم، شماره ۱۲۵، سال ۱۳۹۰.

۳. س.پ

٤. نزدیک به ٤٠ هزار کرد در کلاردشت مازندران ساکنند. http://www.khwend-kar.com/fa/?p=1925، 4 أوریل 2013.

۵. بررسی مهاجرت اجباری کردهای مازندران، س.پ.

٦. س.پ.

۷. مەحموودپوور، ڕەئوف، کوردەکانی مازەندەران لە گەشتێکی خێرا، وەگیراو لە: www.zerneyaso.blogfa.com/post-72.aspx.

۸. بررسی مهاجرت اجباری کردهای مازندران، س.پ.

۹. مەحموودپوور، ڕەئوف، س.پ.

۱۰. مەحموودپوور، ڕەئوف، س.پ.

۱۱. مەحموودپوور، ڕەئوف، س.پ.

۱۲. سەید شوکری، سەید سمایل، عەشایری کورد، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۷۹، ساڵی حەوتەم، ۱۳۸٦ی هەتاوی، ل ۲٦.

۱۳. عبدالملکی، حسن سلیمی، پیشینه‌ی عبدالمالکی ها: عبدالملکی ها، وەرگیراو لە: http://ileabdolmaleki.blogfa.com/post-۷۵.aspx، دوشنبه بیستم دی ۱۳۸۹.

۱٤. میرنیا، سیدعلی، ایلها و تایفه‌های عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ۱۳٦۸. ل ۳۵ ـ ٤۱.

• کوردەکانی پارێزگای گوڵستان

- چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای گوڵستان
- تایفە کوردەکانی پارێزگای گوڵستان

• چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای گوڵستان

گوڵستان ناوی نوێی ناوچەیەکی مێژووییە کە بە درێژایی مێژوو تا سەدەی حەوتەمی کۆچی بە ناوی ئەیالەتی گورگان و دوای ئەوەش تا سەرەتای سەدەی دەیەم بەناوی «ئەستەرئاباد» و لە نووسراوەکانی سەردەمە سەرەتاییەکانی ئیسلامی بە ناوی جۆرجان و لە ڕەشەمەی ۱۳۱٦ی هەتاویشەوە بە گورگان ناو نراوە. ئەم پارێزگایە هەتا ساڵی ۱۳۷٦ ی هەتاوی (۱۹۹۷ی زایینی) بەشێك لە پارێزگای مازەندەران بوو، بەڵام لەو ساڵەدا بوو بە پارێزگایەکی سەربەخۆ و شارستانی «گورگان» یش وەك ناوەندی پارێزگا دیاری کرا. زۆربەی شارەکانی ئێستای ئەم پارێزگایە پێشینەیەکی ئەوتۆیان نیە و لە گەورەبونەوەی گوندەکان پێك هاتوون بە واتایەکی تر بە گوندشار لەقەڵەم دەدرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، شارەکانی گورگان و گونبەدی کاووس پێشینەی مێژوویان هەیە و زۆربەی ناوایەکانی ئەم پارێزگایە لە یەکتر نزیکن ...

حەشیمەتی پارێزگای گوڵستان بەپێی سەرژمێریی ساڵی ۱۳۸۵ی هەتاوی (۲۰۰۶ی زایینی) زیاتر لە ۱,٦۱۷,۰۸۷ کەسە کە لەم پارێزەیە ۷۳۲٦۹۹ کەس شارنشین و ۸۹٤٥۳۹ کەس گوندنشینن. لەم پارێزگایەدا تەنیا دوو شاری گورگان و گونبەدی کاووس حەشیمەتیان لەسەروو سەد هەزار کەسەوەیە. ئەم پارێزگایە لە ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۸۷ی هەتاوی لە ١٤ شارستان بەناوەکانی ئازادشەهر، ئاق قەڵا، گورگان، گونبەدی کاووس، بەندەری تورکەمەن، گەمیشان، ڕامیان، کوردکوی، بەندەری گەز، عەلی ئابادی کەتول، گالیکەش، کەلالە-مراوەتەپە، مینودەشت و هەروەها ۲۵ شار و ۲۳ بەخش و ۵۳ دێهستان پێك هاتووە.[1]

• تایفە کوردەکانی پارێزگای گوڵستان

لە چەند ناوچەیەکی ئەم پارێزگایە هێندێك لە تایفە کوردەکان دەژین کە دەتوانین بڵێین بەهۆی چارەنووسێکی هاوشێوەی کوردەکانی مازەندەران گەیشتوونەتە ئەو ناوچانە. چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم پارێزگایە هەتا ساڵی ۱۳۷٦ ی هەتاوی (۱۹۹۷ی زایینی) بەشێك لە پارێزگای مازەندەران بوو، بەڵام لەو ساڵەدا بووبە پارێزگایەکی سەربەخۆ و شارستانی «گورگان»یش وەك ناوەندی پارێزگای دیاری کرا. لە خوارەوە بە کورتی باس لە هێندێك لەو تایفانە دەکەین:

تایفەکانی حەسەنوەند و کاکلوەند: تایفەی حەسەنوەند یەکێك لە عێلە گەورەکانی کوردە. ناوەندیی سەرەکیی ئەم تایفەیە لە ئەلەشتەرە. لە لورستان، تایفەی کاکلوەند لە عێلی حەسەنوەندە کە تیرەکانی حەسەنوەند و کاکلوەند لە ناوچەی ئەلەشتەر بڵاو بوونەتەوە. لەنێو سوارچاك و تفەنگچیەکانی ئەوان لە کۆندا کەسانێك هەبوون کە کار و کردەوەیان سەرسوڕهێنەر بوو. سەرکردە و سەردارانی تایفەی حەسەنوەند لە ڕابردوو، بە هۆی هەبوونی سوارچاکی

لێهاتوو و ئازا هەمیشە جێگەی سەرنجی دەسەڵاتداران بووون. بەگشتی ئەم تایفەیە لە پیاوانی ئازا و سوارکار و تیرهاوێژ پێك هاتبوو کە لە کاتی کۆچی عێلیشدا ڕۆڵی پارێزگاریان دەگێڕا. لە ئێستادا لە ئاوایەکانی ئیلوار و زەنگلانی کۆردکوی نیشتەجێن...

تایفە کوردەکانی کوردکوی: لە دەشتی کوردکوی سەر بە شارستانی گورگان هێندێك لە تایفە کوردەکان دەژین کە بریتین لە:

۱ـ تایفەی زەعفەرانلوو ـ چەند بنەماڵەیەکی کوردی زەعفەرانلوو لە حەسارچەی سەر بە گونبەد نیشتەجێن.

۲ـ تایفەی کاکلوەند بە تیرە جیاوازەکانییەوە.

۳ـ تایفەی جەهانبەگلوو، لە عەلی ئاوا. ئەم تایفانە لە سەردەمی محەمەدعەلی شای قاجار بۆ ئەم ناوچەی بردراون.

٤ـ تایفەکانی عومرانلوو، دوانلوو، سپانلوو، منوچرلوو، عەرەب خیشانلوو، حوسێنلوو لە سەردەمی سەفەویە و ئەفشارییەدا بۆ ئەم دەشتە ڕاگوێزراون یان خۆیان چوون. ئێستا گەرمێن و کوێستان ناکەن و ئێستا لە ئاوایەکانی سەرکەلاتە، خەراب شاری سەر بە کۆردکوی نیشتەجێن و خەریکی ئاژەڵداریی و وەزێرین. زمانی سەرەکیی ئەوان کوردییە و بە فارسی و تورکییش قسە دەکەن.

۵ـ کوردەکانی جەهانبەگلوو لە سەردەمی شاعەبباسی گەورە لە فەرەح ئابادی ساری نیشتەجێ بوون. دواتر لە گلوبی دانیشتن. سەرۆکی تایفە شەکەرخان بوو کە لە فندرسك و کەتول دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو. حوسێن خانی سوڵتان، یەکێك لە خزمەکانی شەکەرخان بە عەشیرەتی خۆیەوە گەیشتە دامغان و ژمارەیەکیش لە سەردەمی فەتحەلیشای قاجاردا لە کوردمەحەلەی کۆردکوی ئەمرۆ و کوردئاباد و کەتوول نیشتەجێ بوون. زمانیان کوردی و تورکیە و بە فارسیش دەپەیڤن.

٦ـ تایفەکانی کوردزەیدی، باباکوردی لە ئاوایی خارکەلاتە ژیان بەسەر دەبەن کە لە بەندەری گەز چوونە ئەو ناوچەیە.

۷ـ کوردی کتوولی لە عەلی ئایاد، خەریکی وەرزێرین.[۲]

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا تەنیا ئاماژە بە ناوی ئەو تایفانە کراوە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی پێشوو نیە. کوردەکانی گورگان: تایفەکانی حەسەنوەند، کاکاوەند. تایفە کوردەکانی کورد کوی: زەعفەرانلوو، کاکاوەند، جەهانبەگلوو، عومرانلو، دوانلوو، سەپانلوو، منوچێهرلوو، عەرەب خویشانلوو، حوسێنلوو. تایفەکانی کوردی زەیدی. باباکوردی. کتوولی و ... (وابزانم کاکاوەند و کاکلوەند هەر یەکن، نووسەرەکان بە شێوەی جیا نووسیویانن.ئا)[۳]

• سەرچاوەکان:

۱. (ویکیپیدیای فارسی)

۲. میرنیا، سیدعلی، ایلها و تایفەهای عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ۱۳٦۸. ل ٤۱ ـ ٤۲.

3. www.laeen.persianblog.ir/page/kormanj1

• کوردەکانی پارێزگای گیلان

- چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای گیلان
- تایفە کوردەکانی پارێزگای گیلان

• چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای گیلان

پارێزگای گیلان لە باکوورەوە لەگەڵ کاسپین (دەریای خەزەر) و وڵاتی ئازەربایجان، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای ئەردەبیل، لە باشوورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی زەنجان و قەزوین و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لەگەڵ پارێزگای مازەندەران هاوسنوورە. بەپێی دوایین دابەشکاریی نێوخۆیی ئێران ساڵی ۱۳۸۹ی هەتاوی، پارێزگای گیلان لە ١٦ شارستان، ٤٣ بەخش، ٥١ شار و ١٠٩ دێهستان پێك هاتووە. حەشیمەتی پارێزگا لە ساڵی ٨٩ی هەتاوی، ٢،٤٨٠،٨٧٤ کەس بوو و ٠،٩ ی پانتایی و ٣،٣ی حەشیمەتی ئێران لەخۆ دەگرێ. ناوەندەکەی شاری ڕەشت‌ـە و هێندێك لە گرنگترین شارەکانی بریتین لە بەندەری ئەنزەلی، لاهیجان، تالش، لەنگرود، ڕوودسەر، بەندەری ئاستارا، فومەن و ...

لە گیلان چەند گرووپێکی ئێتنی جیاواز ژیان بەسەر دەبەن کە گەورەترینیان گیلەکە و یەکێك لەوانیش عێلی کوردی عمارلوویە کە

ناوی بەخشی عمارلووی ڕوودباریش لەوان وەرگیراوە. بەپێی ڕاپرسییەک کە ساڵی ۸۹ی هەتاوی ئەنجام درا، لە تۆژینەوەیەکی مەیدانی و لە کۆمەڵگەی ئاماری لەنێو دانیشتووانی ۲۸۸ شار و نزیکەی ۱٤۰۰ گوندی سەرانسەری ئێران، ٪ی ئەو «قەوم»انەی نموونەیان لێ وەرگیرا، لە پارێزگای گیلان بەم شێوەیە بوو: ٤,۵ فارس، ۷,۹ تورك، ۰,۹ کورد، ۰,۲ عەرەب، ۸۵,۹ شیمالی (گیلەك، تالشی و مازنی و تورکەمەن) و ۰,۷ بێوەڵام. ئەم پارێزگایە یەکێك لە خۆشترین پارێزگاکانی ئێرانە و ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری ئێران و لە زۆر وڵاتی دنیاوە بە مەبەستی گەشتیاری سەردانی ئەو پارێزگایە دەکەن.[۱]

● تایفە کوردەکانی پارێزگای گیلان

شارستانی ڕوودبار و دەوروبەری (شارستانی تارم، ڕودباری ئەلەموت، شارستانی سیاهکەل و شارستانی تونکابۆن) بە ناوەندی کوردنشینی پارێزگای گیلان ئەژمار دەکرێن. تیرە و تایفە گەورەکانی کوردزمان بەتایبەت عمارلوو لە سەرانسەری ئەم ناوچانە بوونیان هەیە.

لە کۆنفدراسیۆنی عمارلوو ئەم تیرە و تایفانەی خوارەوە لە شارستانی ڕوودبار دەژین:

لە بەخشی عمارلوو شارستانی ڕوودبار: عمارلوو، قبە کرانلوو، ئوستاجلوو، بیجانلوو، بسشانلوو، شەمخانلوو.

لە بەخشی ناوەندی شارستانی ڕوودبار (ڕەحمەت ئاباد): برامکلە، حاتەمی، پیراسلوو، عمارلوو.

لە بەخشی ناوەندیی شارستانی ڕوودبار (گلوگاە): بێهتوویی، وەلی یاری، باجەلانی، چەمشگەزەك، کەلهوڕ و ڕەشوەند[۲]

لـەم پارێزگایـە دوو عەشـیرەتی گرینگـی کوردانـی لـێ بـووە: ڕیشـوەند (یـان ڕەشـوەند) و ئامارلـوو. بـە بـڕوای ڕابینـۆ عەشـیرەی ڕەشـوەند بەشـێك لـە عەشـیرەی بابانـن کـە سـولەیمانییەیان چـێ کـرد و شاعەباسـی هـەوەڵ ڕایگواسـتوونەتە گیـلان. ئەوانیـش لـە بەشـێکی زۆر لـە لەوەڕگەکانـی خۆیـان لەلایـەن عەشـیرەی ئامارلـوو، کـە لـە ڕۆژئـاوای ئێـران نادرشـا هێنابوونیـە گیـلان، دەرکـران. ئێسـتا عەشـیرەتی ڕیشـوەند بەشـی زۆریـان لـە پارێـزگای قەزویـن دەژیـن. [۳]

بەڕێـز سـیدعلی میرنیـا بـەم شـێوەیە بـاس لـە تایفـە کوردەکانـی پارێـزگای گیـلان دەکا:

تایفەکانـی عمارلـوو: مێلگونێـف لـە سـەفەرنامەی خۆیـدا تایفـە کوردەکانـی عمارلـوو لـە ناوچـەی عمارلـوو لـە سـەدەی هەژدەیەمـی زایینـی ۱۸۵۸ ـ ۱۸۶۰ بەرامبـەر بـە ۱۲۳۹ی هەتـاوی لـە ئاواییەکانـی عمارلـوو و بابامەنسـوور بـەم شـێوەیە بـاس دەکا: ۱ـ تایفـەی وەلیخـان ۲ـ تایفـەی بیشـانلوو ۳ـ شـاقەلانلوو ٤ـ مەحمودلـوو ٥ـ چغلانلـوو ٦ـ چاخملـوو ۷ـ تیتکانلـوو ۸ـ میرزاخانلـوو ۹ـ تایفـەی کازم خـان، نەوروزخـان، باقلیخـان ۱۰ـ قبـە کرانلـوو ۱۱ـ مەنجیلیەکیەکانـی بـادر (بەهادورلـو) ۱۲ـ شـمکانلوو (شـمخانلوو)

تایفەی ڕەشوەندلوو:

کوردانـی عمارلـوو لـە تایفـەی ڕەشـوەند یـا ڕەشـوەندلوون کـە تیرەیـەك لـە عێلـی «بەبـەن کـە لـە سـلێمانیەی ئێـراق نیشـتەجێن. هەشـتا خێزانـی ئـەو تایفەیـە لەلایـەن شـا عەبـاس بـۆ دێهاتـی ڕوودبـار کۆچێـنران. تیرەیـەك لـەو تایفەیـە لـە قووچـان و شـیروانی خوراسـان نیشـتەجێن.

تیرەی ڕەشوەند لە سیاهکەل:

تیرەیەك لە کوردان لە سیاهکەل نیشتەجێن کە سەر بە تایفەی ڕەشوەندن و بە تایفەی عەین شێخ یان سیاهکەلی بەناوبانگن و زۆربەیان خەریکی ئاژەڵدارین. زمانیان کوردییە و بە فارسیش قسە دەکەن.

تایفەکانی کورد لە شاندرمەن:

ئاوایی‌کانی بەخشی مەعاف، سەر بە شاندرمەن (بەخشێکە سەر بە شارستانی ماسالی گیلان) کوردنشینن. ئەو کوردانەی ڕۆژێك لە زەنجان یا خەلخاڵەوە گەیشتوونەتە ئەو شوێنە... زۆربەیان خەریکی ئاژەڵدارین. زمانیان کوردییە و بە فارسیش قسە دەکەن.

تایفە کوردەکان لە ماسولە:

١ـ تایفەی عالیوەند:

ئەم تایفەیە لە پاشماوەکانی حاجی حەسەن (حەسەنلوو)ن کە لە ماسوولە سەر بە شارستانی فومەن دەژینو خەریکی کاری وەرزێرین...

٢ـ تایفەی ئیلبەگی: ئەم تایفەیە لە سەردەمی قاجارەکانیش لە ماسولە بوون و حەمەڕەزاخان، فەتحەلی خان سەرۆکایەتی ئەو تایفەیان لە ئەستۆ بووە.

تایفە کوردەکانی دیلمان:

کوردانی دیلم لە ناوچەی کوێستانیی ڕۆژهەڵاتی سفیدرود، لە دەشتی دیلمان ژیان بەسەر دەبەن.. [٤]

• سەرچاوەکان:

۱. ویکیپیدیای فارسی

2. www.laeen.persianblog.ir/page/kormanj1

۳. سەید شوکری، سەید سمایل، عەشایری کورد، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۷۹، ساڵی حەوتەم، ۱۳۸٦ی هەتاوی، ل ۲٤.

٤. میرنیا، سیدعلی، ایلها و تایفەهای عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ۱۳٦۸. ل ۲۱ ـ ۲٤.

5. http://kurmanj.blogfa.com/post/34

• کوردەکانی پارێزگای ئەردەبیل

- چەند زانیارییەک لەسەر پارێزگای ئەردەبیل
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ ئەردەبیل
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە ئەردەبیل

• چەند زانیارییەک لەسەر پارێزگای ئەردەبیل

پارێزگای ئەردەبیل یەکێک لە پارێزگاکانی ئێرانە کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئەم وڵاتە هەڵکەوتووە. ئەم پارێزگایە لە باکوورەوە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای گیلان و کێوەکانی تالش و لەلای باشوورەوە لەگەڵ پارێزگای زەنجان هاوسنوور و دراوسێیە.

ئەم پارێزگایە بە ڕووبەری نزیک بە ١٧٩٥٣ کیلۆمیتری چوارگۆشە و حەشیمەتی نزیک بە ١,٢٤٩,٠٠٠ کەس (لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی) بەپێی دواییین دابەشکاریی وڵات، لە ١٠ شارستان، ٢٩ بەخش، ٢٦ شار و ٦٦ دێهستان پێک هاتووە.

ناوەندی پارێزگا، شاری ئەردەبیلە و شارستانەکانی تری ئەم پارێزگایە بریتین لە: بیلەسوار، پارس ئاباد، خەڵخاڵ، سەرعین، کەوسەر، گەرمی، مشکین شار، نەمین، نەیر.

زۆربەی دانیشتووانی پارێزگای ئەردەبیل لە ئازەربایجانییەکان پێک هاتووە

کە بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی قسە دەکەن. دیارە لە هێندێك لە ناوچەکانی شارستانی خەلخاڵ (لە باشووری پارێزگا) زمانەکانی تاتی و تالشی لەنێو خەڵك قسەیان پێدەکرێ. ئەردەبیل لەگەڵ ئەم ڕووبەر و پانتاییە کەمەی، فرەچەشنیی زمانیی تێدایە، لە پەنا زمانی تورکیی ئازەربایجانی، کە زۆرینەی دانیشتووانی پارێزگا قسەی پێدەکەن، زمانی تالشی لە شارستانی نەمین و بەخشی عەنبەران و زمانی تاتی لە شاری کلور و ئاواییەکانی بەخشی شاهرود و شارستانی خەلخاڵ قسەیان پێدەکرێ.

ئەم پارێزگایە یەکێك لەناوچە گەشتیارییەکانی ئێرانە. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم پارێزگایە ئاووهەوای فێنك و خۆشی بەمناوچەیە لە وەرزەکانی بەهار و هاوینە.

شارستانی خەلخاڵ

شارستانی خەلخاڵ لە باشووری پارێزگای ئەردەبیل هەڵکەوتووە و ناوەندەکەشی شاری خەلخاڵە. ئەم شارستانە لە باکوورەوە لەگەڵ شارستانی کەوسەر، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای گیلان، لە باشووڕەوە لەگەڵ پارێزگای زەنجان و لەلای ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ شارستانی میانە هاوسنوورە.

بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، شارستانی خەلخاڵ ١٠٤٤٥٤ کەسی حەشیمەت هەبووە. زمانی خەڵکی بەخشی ناوەندی و بەشی زۆری ئاواییەکانی ئەم شارستانە، تورکیی ئازەربایجانی و بەخشەکانی دیکەش بە زمانەکانی تاتی، گیلەکی و کوردی قسە دەکەن. لە هێندێك لە ئاواییو بەخشەکان زمانەکانی تالشی، تاتی و کوردی کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

لە شارستانی خەلخاڵ شێوەزاری جۆراوجۆر بوونیان هەیە کە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە:

- زمانی تورکیی ئازەری لە خودی شار و زۆربەی ئاواییەکانی خەلخاڵ.
- زمانی کوردی لە بەخشی مەرکەزی و لە دێهستانی لەنبەر و ئاواییەکانی

دەورویەری.

ـ تاتی کە یەکێك لە شێوەزارە تایبەت و باستانییەکانە، لە بەخشی شاهرود و خەلخاڵ.

ـ تالشی کە لە هێندێك لە ناوایی سنووریی کانی ناوچەی شاهروود باوە.[1]

• سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ خەلخاڵ

کوردەکانی خەلخاڵ لە ڕەگەزی ئاریایین کە دوابەدوای زنجیرەیەك بڕیاردانی سیاسی لە نزیکەی ۲۵۰ ساڵ لەوەبێش لە باکووری خوراسانەوە بۆ خەلخاڵ کۆچێنران. ئەمڕۆکە زۆرکەس لە خەڵکی کرمانجی خەلخاڵ لەخۆیان دەپرسن کە چۆن هاتوونەتە ئەم ناوچە کوێستانییانە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێین هەبوونی کوردان لە ناوچەی خەلخاڵ لە سەردەمی نادرشای ئەفشارەوە دەستی پێکردووە. ئەم خەڵکە دوابەدوای زنجیرەیەك بڕیاردانی سیاسی لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە بۆ باکووری خوراسان ڕاگوێزران بۆ ئەوەی لە بەرامبەر بێگانەکاندا خۆڕاگریی بکەن.

لەڕاستیدا ئەم خەڵکە لە سەردەمی نادرشادا لە قوچانەوە بۆ خەڵخاڵ کۆچێنران. ئەوان بە جێگیربوون لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کێوەکانی تالش، دیواریکی قەومیی نوێیان دروست کرد بۆ ئەوەی پێش بە گرژیی و تێکهەڵچوونی نێوان تالشەکان و هۆزەکانی شاهسەوەن بگرن. کەواتە پاڵنەری سەرەکی بۆ ڕاگوێزانی ئەم عێلە کوردانە لە قوچانەوە بۆ خەلخاڵ بەهۆی ئەو سیاسەتانەی نادرشاوە بووە.

دوای نەمانی حکومەتی ئەفشاریە، کوردەکانی لەو ناوچانە مانەوە و لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی ئەوتۆ لەلایەن حکومەتی ناوەندیی زەند و قاجارەکان پشتیوانیان لێ نەکرا، هەربۆیە بە گۆڕینی ڕێڕەوی سیاسی ژیانی ناشتیانەیان لەگەڵ تازەری و تورك و تالشەکان هەڵبژارد و لەم پێناوەشدا بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە کاریان کردووە.[2]

• شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە ئەردەبیل

لە شارستانی خەلخالّی سەر بە پارێزگای ئەردەبیل نزیکەی ٢٠ گوندی کرمانجی نشین هەیە کە لە باکورەوە بۆ باشوور بریتین لە: میل ئاغاردان، بلوکانلوو، مستەفالوو، پیرانلوو، ئوجقازی خواروو، مورستان، کولستانی سەروو، حاجی ئاوا، لەنبەر، نەواشنق، خوداقولی قشلاّق، چەلەنبەر، ئاقبلاق کورد، غەفوورئاوا، کالار، داودخانی، ئەلەنکەش، زاویە کورد.[٣]

• هەلّکەوتی جوگرافیایی ناوایی بلوکانلوو

ناوایی بلوکانلوو یەکێك لە ئاوایەکانی پارێزگای ئەردەبیل سەر بە دێهستانی سەنجبودی ڕۆژهەلّات لە بەخشی ناوەندیی شارستانی خەلخالّە. مەودای لەگەلّ خەلخالّ ٢٦ کیلۆمەتر و بەرزایی لە ئاستی دەریا ١٨٤٠ میترە.

ئەم ئاوایە لە باکوورەوە لەگەلّ ئاوایی میل ئاغاردان و ئارپاچای، لە باشوورەوە لەگەلّ ئوجقازی خواروو، لە باشووری ڕۆژهەلّاتەوە لەگەلّ ئاوایی مستەفالوو و لە ڕۆژئاواوە لەگەلّ ئاوایی پیرانلوو دراوسێ و هاوسنوورە.

حەشیمەت: بەپێی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی ئاوایی بلوکانلوو لە ٢٠٣ بنەماڵە پێك هاتووە کە حەشیمەتەکەی ٨٧٠ کەسە. لە کۆی ئەو حەشیمەتە ٤٣٦ کەسی پیاو و ٤٣٤ کەسی ژن بوون. ئەم ئاوایە لەباری پرایی حەشیمەتەوە لەنێو ئاوایە کرمانج نشینەکان، پلەی دووەمی دوای ئاوایی لەنبەر هەیە.

زمان و مەزهەب: قەومییەتی خەلّکی ناوچەی بلوکانلوو کورد زمانە و بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن بەلّام لە ئێستادا زمانی فارسی لەنێو خەلّکی ئەم ناوچەیە بڕەوی سەندووە، چونکە لەم سەلّانەی دواییدا خەلّکێکی زۆر بەڕەو شارەکانی باکووری ئێران بۆ وێنە تالش (هەشتپەڕ) و ڕەشت کۆچیان کردووە و هەروەها لەبەر ئەوەی کەسانێکیش بە پیشەی دەستگێڕییەوە خەریکن و لانیکەم بۆ ماوەی ٣ تا ٤ مانگ

لە سالّ لێرولەوێن، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووکردنە زمانی فارسی داناوە. لەبەر ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە لە چەند سالّی داهاتوودا زمانی کرمانجی بە تەواوی بەرەو لەنێوچوون بڕوا و لەبیربچێتەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بچێتەپێش. هەڵبەت ئەمە سەبارەت بە ئاوایيەکانی بلوکانلوو، مستەفالوو، لەنبەر، کولستان، مورستان و ئەقبلاغ دەبینرێ. بەڵام لە ئاوایيەکانی تری وەک پیرانلوو، چەلەنبەر و ... بەهۆی ئەوەی کۆچی دانیشتوانەکە بەرەو ناوەندی شارستانی خەلخالّ و ناوچە تورک زمانەکانە، لەنێو خەڵکی واندا کاریگەریی زمانی تورکی زیاترە.

هەربۆیە تەووری زمانی تورکی لەو ناوچەیە بەڕادەیەکە کە تەنیا گەورەپیاوان و بەتەمەنانی ناوچەکە شارەزای زمانی کوردین و لەکاتی پێویست و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەکاری دێنن. تەواوی کرمانجەکانی خەلخالّ بۆ وێنە ئاوایی بلوکانلوو، لەباری مەزهەبییەوە بەتەواوی سەر بە مەزهەبی شیعەن.[٤]

● سەرچاوەکان:

١ـ ویکیپیدیای فارسی

www.kurmanj.blogfa.com/category/68 -4 -3-2

شەشەم

کورد لە چەند ناوچەیەکی دیکەی ئێران

کوردەکانی سیستان و بەلووچستان

- چەند زانیاریيە لەسەر پارێزگای سیستان و بەلووچستان
- شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە سیستان و بەلووچستان
- تایفە کوردەکانی بەلووچستان

● چەند زانیارییەك لەسەر پارێزگای سیستان و بەلووچستان

پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵکەوتووە. ئەم پارێزگایە بە ڕووبەری نزیکەی ۱۸۷,۵۰۲ کیلۆمیتری چوارگۆشە بەربڵاوترین و پانترین پارێزگای ئێرانە و زیاتر لە ۱۱٪ی پانتایی وڵاتی لەخۆ گرتووە. ئەم پارێزگایە لە دوو ناوچە واتە سیستان و بلووچستان پێك هاتووە. سیستان شارستانی زابۆل و شارەکانی دەورووبەری و، بلووچستان شارەکانی دیکە لە زاهیدانەوە تا چابەهار لەخۆ دەگرێ. ئەم پارێزگایە ۱۱۰۰ کیلۆمیتر سنووری لەگەڵ وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستان و ۳۰۰ کیلۆمیتر سنووری ئاویی لەگەڵ دەریای عەممان هەیە، کەواتە لە باکوورەوە لەگەڵ خوراسانی باشوور، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستان، لە

باشوورەوە لەگەڵ دەریای عەممان و لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ پارێزگاکانی کرمان و هۆرمزگان هاوسنوورە.

لەباری دابەشکاریی نێوخۆییەوە بەپێی دواین گۆڕانکارییەکان ئەم پارێزگایە لە ١٨ شارستان، ٣٦ شار و ٤٣ بەخش پێك هاتووە. شارستانی زاهیدان بە حەشیمەتی ٥٦٧ هەزار کەسەوە، گەورەترین و پڕحەشیمەتترین شار و لە هەمان کاتدا ناوەندی پارێزگایە. شارستانەکانی تری پارێزگا بریتین لە: ئیرانشەهر، چابەهار، خاش، دلگان، زابۆل، زابۆلی، زاهیدان، زەهەك، سەراوان، سەرباز، سیب سوران، قەسرقەند، کەنارەك، هیرمەند، نیك شەهر، میرجاوە، نیمروز، هامون.

لەباری مێژوویییەوە:

پێش ئیسلام/نیشتمانی ئەفسانەیی سیستان و بەلووچستان لە دوو ناوچەی باکوور و باشوور پێك هاتووە. سیستانی ئەمڕۆیی کە بەشی باکووری پارێزگا لەخۆ دەگرێت، لە کتێبی ئاڤێستادا یازدەهەمین نیشتمانێکە کە ئاهورامەزدا خولقاندوویەتی. هەروەها شوێنی لەدایکبوونی ڕۆستەمی دەستان قارەمانی حەماسیی شانامەی فیردۆسییە. مێژوونووسان سیستان بۆ گرشاسب، یەکێك لە نەوەکانی کیومەرس دەگەڕێننەوە. ناوی سیستان لە ناوی قەومی ئاریایی «سکا» وەرگیراوە. «سکا» کان لە دەروبەری ساڵی ١٢٨ی پێش زایین، سیستانیان داگیر کرد و تێدای جێگیر بوون.

ناوەکەی دیکەی سیستان «نیمروز». هەروەها بینای زۆربەی شارەکانی سیستان بۆ پاڵەوانییە ئەفسانەییەکانی ئێران وەك زاڵ، سام و ڕۆستەم دەگەڕێننەوە. سەردەمانێك سیستان سەر بە دەوڵەتی ساسانی لەقەڵەم دەدرا کە بەدەستی ئەردەشیری پاپەکان داگیر کرا و لە ساڵی ٢٣ی کۆچی مانگی، موسوڵمانە عەرەبەکان داگیریان کرد. یەکەمین فەرمانڕەوای ناسراوی ئێرانی لەم ناوچەیە دوای ئیسلام، یەعقوبی لەیسی سەففاری بوو. هەروەها یەعقوب دوای شکستی عەرەبەکان، زمانی فارسی وەك زمانی فەرمیی وڵات ڕاگەیاند. دوای سەفاریان، سامانییەکان، غەزنەوییەکان و

سەلجوقییەکانیش هەریەك بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوایی ئەم ولاتەیان کردووە.

ناوچەی بەلووچستانی ئەمڕۆیی کە ناوچەی باشوویی پارێزگاکەیە، لە کۆنترین بەڵگە مێژوویییەکاندا بە ناوی «مکا» ناسراوە و لە نووسراوەکانی هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانیدا بە «گدروزیا» ناوی هاتووە. دوابەدوای ڕووخانی هەخامەنشییەکان لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی، ئەو لە کاتی گەڕانەوەی لە هیندوستانەوە، بە «گدروزیا»دا گەڕاوەتەوە. دوای ساسانییەکان لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکان لە سەردەمی خەلیفەی دووەم، زۆربەی خەڵکی ئەم ولاتە بوونە موسوڵمان.

دوای ئیسلام/ لە سەردەمی ساسانییەکان بەدواوە ئەم ناوچەیە هەمیشە بەشێك لە خاکی ئێران بووە تا ئەوەیکە بە دەستێوەردانی بریتانیا لەسەدەی نۆزدەیەمی زایینی بە کردەوە بە دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش کرا. لەوکاتەڕا بەلووچستان وەك ئەیالەت و ویلایەتەکانی تری ولاتی حکومەتی خانی هەبوو تا لە ساڵی ۱۳۰۷ی هەتاوی دوای شکستی «دوست محەمەدخانی بارکزایی» دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لەو ناوچەیەدا جێگیر بوو. (۱)

● شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە سیستان و بەلووچستان

کوردەکانی بەلووچستان لە «سنگان» سەر بە شارستانی خاش لە داوێنی باشووری تەفتان و بەخشی زابۆلی سەر بە شارستانی سەراوان و ژمارەیەکیشیان لە سیستان ژیان بەسەر دەبەن. (۲)

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە باس لە شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکانی لە سیستان و بەلووچستان دەکرێ:

«کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی بەلووچستانی ئێران کە لەوانەیە پاشماوەی ئەو عەشیرانە بن کە لەگەڵ لوتفعەلی خان لە شەڕی زۆر دژواری ساڵی ۱۷۹٤ی شاری

بەم بوون. هەتا دەیەی ۱۸۸۰ ئەوان لە خاش حوکمڕان بوون. فەرماندەکەیان ناسراو بە سەردار سەرحەد بوو. ئەمڕۆ ئەوان بە شێوەیەکی هەراو بەربڵاون. هێندێکیان لە داوێنی باکووری کێوی تەفتان دەژین و بەشێك لە دەوروبەری مەگەس (زابۆلی ئێستا) نیشتەجێن و هێندێکیشیان هەر لە سیستانن. ڕەزم ئارا دەڵێ: هەشت گوند لە ناوچەی بەم پۆشت (bampost) لە عەشیرەکانی زەند دەژین کە بە زمانی بەلووچی قسە دەکەن. ئەوانە ڕەنگە هەر ئەوکاتی وەك کوردانی خاش چووبنە بەلووچستان.[۳]

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ناوچەکانی سیستان وبەلووچستان چەند گرووپێك لە کوردەکان ژیان بەسەر دەبەن کە لە قوناغە جیاوازەکانی میژوویيدا بۆ ئەم ناوچەیە گواستراونەوە. لەوانە براهۆییەکان، زیکەکان، شەهرەکیەکان و لە سەردەمی نزیکتریشدا کوردەکانی نیشتەجێی تەفتان لە شارستانی خاش و کوردەکانی نیشتەجێی بزمانن کە دیارە ئێستا زمان و جلوبەرگ و دابونەریتی کوردییان پێوە نەماوە. براهۆییەکان، زیکەکان، شەهرەکیەکان کە ژمارەیەکیان لە سەرتاسەری هێڵی سنووریی ئێران و ئەفغانستان لە سیستان و بەلووچستان و خوراسان (سەرخس، تایباد و ..) بڵاو بوونەتەوە... کوردەکانی نیشتەجێی تەفتان لە شارستانی خاش گرووپێك لە کۆچبەرانی ڕۆژئاوای ئێران و لە وەچەی ئۆتلان برای حوسێنی کوردی شەبوستەری پاڵەوانی ناوداری ئێرانین.

چیرۆکی نیشتەجێبوونیان لە سەرحەدی بەلووچستان بەم شێوەیەیە: حوسێنی کورد کە لەدایکبووی شەبوستەر و فەرماندەی گشتیی سوپای نادرشای ئەفشار بوو، دوای داگیرکردنی هیندوستان و گەڕانەوە لەوێ هەست بە پەشیمانی دەکا لەو هەموو کوشتارەی کە کردبووی. بەپێچەوانەی حەزی نادر واز لە فەرماندەیی دێنێ و چیتر سەرکردایەتی لشکرەکەی ناکات. سەرەنجام نادر دوابڕوای دەکا و لەگەڵ براکەی (ئوتلان) بۆ بەلووچستان و ناوچەی سەرحەد دووری دەخاتەوە. حوسێن دەمرێ و ئوتلانی برای دەمێنێتەوە و وەچەکەشی هەر بە ناوی کورد دەمێنێتەوە و تێکەڵاویی

لەگەڵ بەلووچەکان دروست دەکەن تا ئەو جێگەیەی دوای چەندین وەچە زمانی زگماکیی کوردییان لەبیر دەچێتەوە و زمانێکی نوێ کە تایبەت بە کوردەکانی تەفتان و کوردییەکان و جەمالّزەهییەکانە، هەڵدەبژێرن و هەروەها جلوبەرگی کوردیش بە تەواوەتی لەناوچووە و لەبیر کراوە و جلوبەرگی بەلووچی و ژمارەیەکیش کولتوور و زمانی بەلووچی هەڵدەبژێرن.

لەو سەردارانەی کە لە ئوتلّان بەجێ ماون و لە وەچەی راستەوخۆی ئەو بوون، بەناوبانگترینیان میریەحیای کوردە کە شەجەرەنامەی وەچەکەی بەم شێوەیەیە:

سەردار میریەحیای کورد ـ سەردار عەبدولکەریم خانی کورد ـ سەردار بێهروزخانی کورد ـ سەردار حاجی ئەمیرخانی کورد ـ سەردار حاجی ئەڵلّاڕەسانی کورد ـ سەردار وەلی محەمەدی کورد (سەرداری ئێستا) [٤]

کوردەکانی نیشتەجێی ناوچەی بزمان سەر بە شارستانی ئێرانشەهر

گرووپێك لە کوردەکان کە لە نەوەکانی میرئەفزەلی کوردن، لە ئێستادا لە ناوچەی بزمان سەر بە شارستانی ئێرانشەهر دەژین. ئەم کوردانە کە لەو ناوچەیە زیاتر بە میر ناسراون لە وەچەی دوو برا بە ناوەکانی میرجەلال خان و میر شابازخانن کە هەردووکیان کوڕی میر کەریمن. (میرکەریم کوڕی میر ئەولیا کوڕی میرزاخان کوڕی میر غولام شا کوڕی میرئەفزەل کوڕی میرزاخان کوڕی میریەحیا) ئەم کوردانە دانیشتووی سەرحەدی «خاش»ن دوای ئەوەی باوباپیرانیان بەهۆی تێکهەڵچوون لەسەر دەسەڵاتداریی و کوژرانی یەکێکیان لەلایەن کوڕەمامەکەی دەچنە بزمان بۆ لای گەورەپیاوانی میری بزمان کە خزمایەتیان لەگەڵ هەبوون و لەوێ نیشتەجێ دەبن. میر جەلال بوو بە باوکی چوار کوڕ بە ناوەکانی: میربلووچ (کە دایکی لە تایفەی یارمحەمەد زەهی دانیشتووی سەرحەدە)، ڕەشیدخان (دایکی لە تایفەی بامرییە)، عەوێزخان (لەگەڵ ڕەشیدخان دایکیان یەکە)، عەلیخان (دایکی لە گەورەکانی میر و

لە لقی سۆهرابزەهی نیشتەجێی بزمانن).

ژمارەیەك لەو کوردانە لە ناوچەی بزمان نازناوی «کورد، کۆرد، کوردنیا، کوردنەسەب، کوردزادە و کوردبزمان و هەروەها میرسەجادی، سەجادی، میرزادە، حوسێنی میان هەیە...(۵)

تایفە کوردەکانی بەلوچستان

تایفەکانی سۆهراب زایی، مستەفا زایی، میرابلوچ زایی، شەکرم زایی، ئەڵڵاڕەسان زایی، جەمال زایی، کەمالخانی زایی، عەلەم خان زایی، دۆرزادە، غولام ڕەسان زایی، شەهدادزایی، سەیدخان زایی، عولەماخان زایی، میریەحیا زایی، مرادزایی، گوڵ مەحمود زایی، ناگزی زایی، شاهمراد زایی، گەنگدازایی، بولگاگ زایی، مەتیم زایی، عەجەب زایی، کەرەم زایی، ناروزایی.(٦)

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە باس لە تایفە کوردەکانی بەلووچستان کراوە:

سۆهراب زایی، میرابلوچ زایی، مستەفا زایی، گدازایی، شەکرم زایی، ئەڵڵاڕەسان زایی، جەمال زایی، کەمالخانی زایی، عەلەم خان زایی، دۆرزادە، غولام ڕەسان زایی، شەهدادزایی، سەیدخان زایی، سالارزایی، عەلیخان زایی، میر یەحیا زایی، مرادزایی، گوڵ مەحمود زایی، ناگزی زایی، شاهمراد زایی، گەنگدازایی، ڕوودباهی، شاهمراد زایی، گەنگدازایی، بولگاگ زایی، مەتیم زایی، عەجەب زایی، کەرەم زایی، ناروزایی.

حەشیمەتی ئەم تایفانە لە ساڵی ۱۳۱۱ی هەتاوی ۱۰۰ خێزان و لە ساڵی ۱۳۴۸ی هەتاوی (۱۹۶۹ی زایینی) ۸،۰۰۰ کەس و لە ساڵی ۱۳۶۱ی هەتاوی (۱۹۸۲ی زایینی) نزیکەی ۸۰۰ خێزان بووە. (۷)

بەهەرحاڵ، زانیاریی سەبارەت بە کوردەکانی سیستان و بەلووچستان زۆر کەمە

یان ئەوەکە ئەمن نەمتوانیوە زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو کوردانە کۆ بکەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم باش بوو ئەو چەند دێرە زانیارییە بخەمەڕوو بۆ ئەوەی ئەگەر کەمیش بێ یان هەڵە و پەڵەشی تێدابێ، کەسانی شارەزاتر و پشوودرێژتر ئاوڕیان لێ بدەنەوە و بەدواداچوونی زیاتریان بۆ بکەن.

• سەرچاوەکان:

۱. ویکیپیدیای فارسی

۲. میرنیا، سیدعلی، ایل ها و گایفەهای عشایری کرد ایران، چاپ اول، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ل ۱۳۲.

۳. سەید شوکری، سەید سمایل، عەشایری کورد، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۷۹، ساڵی حەوتەم، ۱۳۸٦ی هەتاوی، ل ۲٦.

٤. blogfa.com.www.sarhad۲

۵. سەرچاوەی پێشوو.

٦. www.laeen.persianblog.ir/page/kormanj۱

۷. میرنیا، سیدعلی، س.پ.

•

خوێنەرانی خۆشەویست، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند تیرە و تایفەیەکی دیکەی کورد دەکەین کە لە هێندێك لە شار و ناوچەکانی ئێران (دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات) بڵاو بوونەتەوە کە بەداخەوە نەمتوانیوە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆ بکەمەوە و تەنیا زۆر بە کورتی ئاماژە بە ناوی ژمارەیەکیان کراوە. بێگومان ناساندن و تۆژینەوە لەسەر ئەو کوردانە و هەموو ئەو کوردانەی کە ئەمن نەمتوانیوە ناویان بێنم یان زانیارییان لەسەر کۆ بکەمەوە، هەنگاوێکی پیرۆزە و هیوادارم لە داهاتوودا کەسانی بەتوانا و پشوودرێژ بەدواداچوونیان بۆ بکەن.

پارێزگای تاران

عەشیرەی پازووکی عەشیرەی سەرەکی کوردی ئەم پارێزگایەیە. بە بڕوای ئالّبێرت هاوتەم شنایدەر، وەختێ خۆی عەشیرەی پازووکی عەشیرەیەکی خاوەن دەسەڵات بوون کە لە دەوروبەری ئەرزەرۆم و لە

ناناتۆلیا دەژیان. بەڵام لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا پەرش وبڵاو دەبن و دەستەیەکی کەم لەوان لە دەوروبەری وەرامین و خار (خوار) نیشتەجێ دەبن. لە ناوچەی تاراندا هێندێك عێل و تایفەی بچووکی تر دەژین وەك: هەداوەند، بوربور، ئوریاد، زەرگەر، کوردبچە، نانکولی و قەراچورلو. هەروەها لە ساوە کوردی کەلهوڕی دەژین.[1]

هەروەها بە فەرمانی شا عەباسی گەورە، لە ساڵی ١٠١٠ی کۆچی مانگی، لە کوردە ڕاگوێزراوەکانی ئازەربایجان و مەهاباد بۆ دەشتی خوار و وەرامین. چل و پێنج هەزار بەماڵە بۆ ناوچەی ستووریی ناخال. نەبیوەرد و دەرگەز ڕاگوێزران کە دواتر چوونە قوچان، شیروان، ئیسفراین و .. لەو ناوچانە خەریکی ئاژەڵداریی و ژیانی خۆیان بوون. ژمارەیەك ئەو کوردانە لە کاتی کۆچ پێکرانیان بۆ خوراسان، لە دەوروبەری دەماوەند، خوار و وەرامین مانەوە کە بریتین لە:

١ـ تایفەی کوردبەچە، ١٥٠ بنەماڵە، لە ڕوودهەن، وەرامین.

٢ـ تایفەی جاوان یا جابان (لە عێلی شادلوو) لە جاوانی دەماوەند.

٣ـ تایفەی شادلوو، لە سرخەدە و سەربەندانی دەماوەند.

٤ـ تایفەکانی شادلوو، زەعفەرانلوو، لە دەوروبەرەکانی وەرامین و گەرمسار.

٥ـ تایفەی بوربور، لە قەندات و ئەقارین، وەرامین.

٦ـ تایفەی ئیزانلوو، لە خوار.

٧ـ تایفەی قراچورلوو، لە دەوروبەری خوار.

٨ـ تایفەی پازوکی لە وەرامین.[2]

پارێزگای خوزستان

سێ دەستە لە زەنگەنە و دەستەیەك لە جەلالی لە جانەکی گەرمەسێر هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەهواز نیشتەجێن. ئەوانە بە فەرمانی نادرشا هێنراونەتە وێ. هەروەها عەشیرەیەك بە نێوی ئالّبو کورد لە حەوت گوند لە دەم ڕووباری کاروون لە باشووری ئەهواز نیشتەجێنە.[۳]

پارێزگای ئیسفەهان

بە بڕوای بابامەردووخی کوردستانی لەم پارێزگایە عەشیرەیەکی کورد بە نێوی بازینجان دەژین.[٤]

کوردەکانی پارێزگای کرمان

تایفە کوردەکانی پارێزگای کرمان

تایفەکانی بامری لە کێوەکانی بارز، لەك لە پاریز، خواجوینی (خواجەوەند)، ئەفشاری قاسملوو (قاسم ئولادی).

شوێن پێی کوردەکانی کرمان هەتا کەهنووج و بەم ڕۆیشتووە. مەهنی یەکان لە سیرجان و ڕەفسەنجان لە داوێنی کێوەکامی بارز.[۵]

بە بڕوای پرسی سایکس هەتا ئەم دواییانە تاقمێکی بچووك لە تایفەی کورد لە ناوچەی ساڕۆدۆ یان شاردۆیا دەژیان و هەروەها بنەماڵەیەکیش لە عەشیرەی ئەفشاری کرمان بە نێوی میرکورد هەبوون.[٦]

• **سەرچاوەکان:**

١. سەید شوکری، سەید سمایل، عەشایری کورد، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۷۹، سالّی حەوتەم، ١٣٨٦ی هەتاوی، ل ۲۵.

٢. میرنیا، سیدعلی، ایلها و تایفه‌های عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ١٣٦٨. ل ٤٣ـ٤٥.

٣. سەید شوکری، سەید سمایل، س.پ.

٤. سەید شوکری، سەید سمایل، س.پ.

5. www.laeen.persianblog.ir/page/kormanj1

٦. سەید شوکری، سەید سمایل، س.پ. ل ٢٦.

٢. باسی دووەم
کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و کوردستانی پشت قەفقاسدا

- **دەروازەیەکی مێژوویی**

بەندی یەکەم: ڕەوشی کورد لە ئیمپراتۆریی ڕووسیادا

- **بەندی دووەم: ڕەوشی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا**

کورتەباسێك سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و قەفقاس

١ـ یەکێتیی سۆڤیەت

٢ـ قەفقاس

ڕەوشی کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا

١ـ لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتی سۆڤیەت

٢ـ ڕەوشی کوردەکان لە سەردەمی ستالیندا (سەرکوت و ڕاگواستن)

٣ـ کوردەکانی سۆڤێت و جەنگی نیشتمانیی مەزن (١٩٤١ـ١٩٤٥)

٤ـ ڕەوشی کوردەکان لە دوای مردنی ستالین

٥ـ ڕەوشی کوردەکان دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت

- **بەندی سێیەم: ڕەوشی کورد لە کۆمارەکان، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت**

- **یەکەم: کوردەکانی ئازەربایجان**

چەند زانیارییەك سەبارەت بە کۆماری ئازەربایجان

سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ ئازەربایجان

ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجان

شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئازەربایجان
ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئازەربایجان
سەرچاوەکان

- **دووەم: کوردەکانی ئەرمەنستان**

چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی ئەرمەنستان
سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ ئەرمەنستان
ژمارەی کوردەکانی ئەرمەنستان
شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئەرمەنستان
ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەرمەنستان
پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کوردەکان لە ئەرمەنستان
چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی ئەرمەنستان
یادێک لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان (ئێرەوان)
سەرچاوەکان

- **سێیەم: کوردەکانی گورجستان (جۆرجیا)**

چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی گورجستان
سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ گورجستان
ژمارەی کوردەکانی گورجستان
شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە گورجستان
چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی گورجستان
ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی گورجستان
سەرچاوەکان

● **چوارەم: کوردەکانی تورکمانستان**

چەند زانیاریيەك سەبارەت بە ولّاتی تورکمانستان

سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ تورکمانستان

شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە تورکمانستان

ژمارەی کوردی تورکمانستان

ژیانی ئابووریی کوردی تورکمانستان

مالّ، خواردەمەنی، جلوبەرگی کوردی تورکمانستان

پێوەندیی کۆمەلّایەتیی خێزانی کورد

رەوشنبیری و خوێندەواری، مۆسیقا و هەلّپەرکێ

ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی (١٨١٤ـ١٩٠٥)

ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) کوردی تورکمانستان

سەرچاوەکان

● **پێنجەم: کوردەکانی قرقیزستان**

چەند زانیاریيەك لەسەر ولّاتی قرقیزستان

سەردەم و هۆکاری کۆچ کردنی کوردان بۆ قرقیزستان

ژمارەی کوردەکانی قرقیزستان

شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە قرغیزستان

چالاکیی کوردەکانی قرقیزستان

سەرچاوەکان

● **شەشەم: کوردەکانی کازاخستان (قزاقستان)**

چەند زانیاریيەک سەبارەت بە ولّاتی کازاخستان

سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ کازاخستان

ژمارەی کوردەکانی کازاخستان

شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە کازاخستان

چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی کازاخستان
ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی کازاخستان
سەرچاوەکان
● حەوتەم: کورد لە ڕووسیا و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی پێشوو

بەندی چوارەم: چەند بابەتێکی پێوەندیدار...
یەکەم: کوردستانی سوور
دووەم: ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا
لە بەخوێندەواریيەوە بۆ خوێندەواری
پەیدابوونی ئەدەبی نووسراوی هونەری
بەرهەمی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخسارەوە
نووسەر و شاعیران
سێیەم: ژیان و بەسەرهاتی چەند زانا و ڕووناکبیرێکی کوردی سۆڤیەتی پێشوو
پرۆفیسۆر نادر نادرۆف
ئەمینی عەبدال
پرۆفیسۆر شاکرۆ خدۆ محۆ
پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
مامۆستا عەرەبی شەمۆ (عەرەب شامیلۆف)ەزیری نادری
مامۆستا وەزیرێ ئەشۆ
حاجی جندی
جاسمی جەلیل
پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیل
حەسەن حاجی سلێمان
قاچاغی مراد
پرۆفیسۆر جەلیلێ جەلیل

• دەروازەیەکی مێژوویی

ئەگەرچی بەجیا باسی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی هەریەك لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەکرێ و ئاوڕ لە سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ ئەو کۆمارانە و چەندین بابەتی گرنگی دیکەش دەدرێتەوە، بەڵام وەك سەرەتایەك بە کەڵك وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك، بە شێوەیەکی گشتی باسی سەردەم و هۆکاری نیشتەجێبوونی کورد لە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەکەم.

«لە سەرەتای سەدەی ۱۹، گورجستان، ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان و باکووری ئازەربایجان لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کران. هەموو ئەم سەرزەمینانە کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوون، ژمارەیەکی بەرچاو کوردیان تێدابوو. ئەمە یا ئەم کوردانە (جگە لە کوردەکانی ئازەربایجان) لە نەوەی کوردەکانی قەفقازیای سەدەکانی پێشووتر بوونە یان، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە ئاڵۆزانە کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی شەدادییەکان (جگە لە دەسەڵاتداری خورین و میدیانەکان لە سەردەمانی پێشووتردا) ڕووی داوە، ڕوون نییە. تەنها شتێك کە دەکرێت بە دڵنیاییەوە بگوترێت ئەوەیە کە دانیشتووانی ڕەسەنی کوردستان بە کۆمەڵێك هۆ (لە گوشاری ئابووری و کێشەی ناوخۆییەوە

بگره هه‌تا تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی ژیانی نیمچه ڕه‌وه‌ندنشینی) سنووری خۆیان بۆ سه‌رزه‌وییه‌کانی دراوسێ و له‌وانه قه‌فقاز دڕێژ ده‌کرد. [۱]

مینۆرسکی ده‌ڵێ: «ئه‌و کوردانه‌ی له ڕووسیادا ئه‌ژین مه‌سه‌له‌یه‌کی تایبه‌تی له سیاسه‌تی ناوخۆماندا پێك ئه‌هێنن. کورده‌کان بۆ یه‌که‌مجار له خاکی ڕووسیادا، دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی فارسیدا له سالی ۱۸۱۳ دا سه‌ریان هه‌ڵدا. کاتێك که ناوچه‌ی ئه‌لیزابت پوڵمان خسته سه‌ر خاکی خۆمان و دوای هێرشی تورکه‌کان له سالی ۱۸۲۸ دا کورده‌کانی ئه‌ریڤان له وڵاتی فارسه‌وه هاتنه‌لای ئێمه و له کۆتاییدا له سالی ۱۸۷۸ و له ئه‌نجامی کۆچ کردنیان له ناوچه‌کانی قارس و ئه‌رده‌هانه‌وه، ژماره‌ی کورده‌کانی ڕووسیا دوو ئه‌وه‌نده زۆرتر بوو...» [۲]

به‌ڵام وەك سه‌رچاوه‌کان ئاماژه‌ی پێده‌ده‌ن « هه‌ر له سه‌ره‌تای هاتنی له‌شکری ڕووسی و شه‌ڕی ۱۸۰٤ ـ ۱۸۰۵ ەوه کورد که‌وتۆته ناو سنووری یا ڕاستتر، ژێر ده‌ستی ڕووسیاوه و دانوستاندن له‌نێوانیاندا پەیدا بووه، نه‌ك وەك مینۆرسکی ده‌ڵێت: پەیدابوونی کورد له ئیمپراتۆرێتی ڕووسیادا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان له ۱۸۱۲ له‌گه‌ڵ ئێراندا، که ناوچه‌ی ئێلیزابێت پول خرایه‌سه‌ر ڕووسیا. دیاره مینۆرسکی ڕەچاوی ئه‌و کوردانه‌ی نه‌کردووه، که چه‌ندان سه‌ده پێشتر له گورجستان بوون. ڕەنگه ئه‌وەیان ڕاستتر بێت ئه‌گه‌ر بوترێت له دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان به‌شێکی کوردستان که‌وتۆته ژێرده‌ستی ڕووسیاوه». [۳]

که‌واته « ساڵی ۱۸۱۳ له پاش پەیمانی گوڵستان له‌نێوان ئێران و ڕووسیادا، هێندێك مه‌ڵبه‌ندی کوردستان که‌وتنه به‌ر خاکی ڕووسیا. کورده‌کان له ویلایه‌تی ئه‌لیزابیت پول ده‌ژیان و پاشان به‌پێی پەیمانی ۱۸۲۸ی تورکمانچای به‌شێك له کورده‌کانی ویلایه‌تی ئیره‌وان و له‌دواییدا کورده‌کانی قارس و

ئەردەهانیش کەوتنەبەر ڕووسیا.

لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبر، بەپێی پەیمانی نێوان ڕووسیای سۆڤیەتی و تورکیا لە ٢١ی مارس ١٩٢١، مەڵبەندی قارس و ناوچەکانی دراوسێ بە تورکیا و لە یەکێتی سۆڤیەتی زیاتر لە چەند هەزار کوردێك نەمانەوە کە زۆربەیان لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە مەڵبەندی تالین و ئالاگوز دەژیان و ژمارەیان لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی دەگەیشتە ٢٦,٠٠٠ کەس.(٤)

لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی» لە نوسینی بەڕێز «د.مارف خەزنەدار» هاتووە: «لە ساڵی ١٨٠٤ـ١٨٠٥) لە پاش سەرکەوتنی تسیتسیانۆف لە جەنگی ڕووس لەگەڵ عەجەم و مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان لە ساڵی ١٨١٣ ناوچەی ئەلیزابیت پۆل کەوتە ناو خاکی ڕووسەوە، بەمە بەشێك لە کورد بوو بە هاووڵاتی ڕووسیا و لە پاش هێرشی تورکمانەکان لە ساڵی ١٨٢٨ کوردی ناوچەی یەریڤانیش لە وڵاتی ئێرانەوە هاتنە ناو ڕووسیا، لە ساڵی ١٨٧٨ لە ناوچەکانی قارس و ئەردەهانیشەوە گەلێ لە خەڵکی کورد کۆچیان کردە خاکی ڕووسیا.

... لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧و چەسپاندنی دەسەڵاتی تازەی سۆڤیەت لە هەموو خاکی ڕووسیای قەیسەریی کۆن، بە تایبەتی لە ناوچەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست کوردی ڕووسیەی کۆن بە کۆمەڵ لە گەلێ جێی جیاواز دەبینران.(٥)

وەك لە زۆر جێگەدا ئاماژەی پێدراوە«... کورده ئێزیدییەکانیش بەهۆی موسڵمان نەبوونیانەوە، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە زەخت و زۆرێکی زۆریان لێکراوە و خێرا بەرەو قەفقاس کۆچیان کردووە. بەتایبەت لە ساڵی ١٨٨٥دا ژمارەی ئەو هۆزە کوردانەی لەدەست عوسمانییەکان ڕایان دەکرد و بەرەو قەفقاس دەڕۆیشتن، زۆر زیادی کردووە. سەرەتاکانی سەدەی بیستەم،

ئیمپراتۆریی ڕووسیا لە قەفقاس ٦٥ هۆزی کوردی لەخۆ گرتبوو.

هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩١٤ ـ ١٩١٨ لە تورکیا چەوساندنەوەی ئەرمەنیەکان دەستی پێکرد و ئەم زوڵم و زۆرە کوردە ئێزدیەکانیشی گرتەوە. لەو ساڵانەدا، ئەو کوردە ئێزدیانەی کە لە عەنتاب، قارس و وان ـ ەوە ڕایان کردبوو، لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان لە قەفقاس یەکیان گرتەوە.[٦]

لە کتێبی «گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت» بە وردی باس لە دوو زەمینەی مێژوویی گەیشتنی کورد بە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ڕووسیا دەکرێت:

دوو زەمینەی مێژوویی و سەرەکی هەن تا رادەیەک هۆی پەرتەوازەبوونی کوردی سۆڤیەتمان بۆ ڕوون کاتەوە، لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەهەم بەدواوە هەندێک خێڵی کورد دەیانویست بەرەبەرە سنووری لەوەڕگا کۆنەکانی دەشتی ئیڤان (دەشتی ئەرمەنستان و دەشتی یەریڤان) فراوانتر بکەن و پاشان کەوتنە ناو ئازربایجان و لە باکۆ نزیک بوونەوە. بەبەر بڵاوبوونەوەیان گوندی کوردی لێرەولەوێ پەیدا بوو. دیاربوو کاربەدەستانی تزاری ڕووس ئەو نیشتەجێبوونەی کوردانیان پێخۆشبوو، چونکە دەیانزانی چ جۆرە جەنگاوەرێکن و دەیانویست لە کاتی پێویستدا دژ بە دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی بەکاریان بێنن. پاشان بەهۆی جەنگەکانی (١٨٢٨ ـ ١٨٢٩، ١٨٥٣ ـ ١٨٥٦، ١٨٧٧ ـ ١٨٧٨)ی نێوان ڕووس و تورک و هەروەها شۆڕشە کوردییەکەی سەدەی نۆزدەهەمی ئەو هەرێمەوە جێ بە کوردان لەق بوو. کورد بە لێشاو پەنایان بۆ ڕووسیای تزاری برد و لەوێ دامەزران. بەزۆری یەزیدییەکان (کە کوردی خاوەن کێشێکی زەردەشتی تایبەتن) لەبەر جەور و ستەمی کاربەدەستی عوسمانی و سەرکردە کلاسیک و ئایینییەکانی کورد هەڵدەهاتن.

هەروەها سەرەتای سەدەی بیستەمیش کۆچی کورد هەر هەبوو. سەرەتای جەنگی جیهانگیری یەک، ژمارەی کوردەکانی پارێزگاری یەریڤان گەیشتە

٤٠,١٥٩ کەس، ٣١,٥٪ لەوان نیشتەجێ و ٦٨,٥٪یشی گەڕۆك بوون.

ئایین دەستی بالای لە دامەزرانی کوردی ئەم پارچە یان ئەویتردا هەیە. وەك یەزیدییەکان زۆر دەمێك بوو زەبر و ئەشکەنجەی موسڵمانانیان چەشتبوو، بەچاکیان زانی لە ئەرمینیا و گورجستانی کرستیان ئایندا نیشتەجێ بن، چونکە کەمتر گێرمەکێشی ئایینیان لەگەڵ دەکردن و کوردی موسوڵمانیش ڕوویان کردە ئازربایجانی موسوڵمان و بەدەگمەن دەچوونە گوندەکانی ئەرمەنی ئازەری نشین.

ئەنانەت لەژێر سێبەری سیستێمی سۆڤیەتیشدا ڕەوشی ئایینی جیاوازکاری کردۆتە سەر چۆنێتی و ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردی موسوڵمان یان یەزیدی. ئەگەرچی ژمارەی یەزیدییەکان کەمتر بوو، بەڵام هەر ئەوان پتر پەیوەستی پێناسەی کوردی خۆیان بوون و لە پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکاندا زۆر گیر بوون تا ئەو ڕادەیەی کۆششی کۆمەڵە گورجی و ئەرمەنییەکان نەیتوانیوە بیانتوێنێتەوە. بەڵام بار لەلای کوردانی موسوڵمان کە زۆرتر دووچاری توانەوە بوون پێچەوانەی نواند و هەرچەندە بە ژمارە پتر بوون لە زەمینە و باری کولتووری سۆڤیەتدا ئەوان لە پلەی دووهەمدان.

ساڵی ١٩١٥ بەدواوە کۆچی کورد کەم بۆوە و بارودۆخی جەنگی جیهانی و ساماکی ڕژێمەکەی ناشناکی ئەرمەنی کە تا ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دەسەڵاتی لەسەر یەریڤاندا گیربوو. هەروەها وەرچەرخانی باری جەنگەکانی ناوخۆ و پڕوپاگەندەی یاوەرانی سوڵتان و مستەفایە «کەمالیست»ەکانی دەیانگوت گوایە، بەلشەفیك خو و ڕەوشت و ئایین بەخێزان ناهێڵن، و زۆر باری تر... کاری ئەوتۆی کرد هەندێك لەو کوردە کۆچکردووانە بگەڕێنەوە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٢ لە خودی یەریڤاندا تەنها ٨٦٥٠ کورد مایەوە.[٧]

کەواتە دەتوانین بڵێین کورد لە چەندین قۆناغی جیاواز و بە چەندین

هۆکاری جۆراوجۆر له‌نێو خاکی سۆڤیه‌ت جێگیر بووه. به‌شێکیان دانیشتووی سه‌ره‌کی ئه‌م خاکانه بوون که له سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا دوای ئه‌وه‌ی قه‌فقاز له‌لایه‌ن ڕووسیاوه داگیر کرا، ئه‌وانیش بوونه هاوواڵاتی ڕووسیا. واته پاش دوو پەیمانی گوڵستان و تورکمانچای و دوای ئه‌وه‌ی که چه‌ند ناوچه‌یه‌ك له خاکی ئێران به‌پێی ئه‌و پەیمانانه درانه ڕووسیا، کوردی ئه‌و ناوچانه‌ش چوونه ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕووسیا. هه‌روه‌ها به‌شێکیشیان ئه‌و کوردانه‌ن که له ترسی زوڵم و زۆری ده‌سه‌ڵاتدارانی عوسمانی ناوچه‌کانی خۆیانیان جێهێشتووه و ڕوویان له شوێنه‌کانی ئێستایان کردووه.

له ده‌یه‌ی ١٩٨٠ی زایینی نیشانه‌کانی لێکهه‌ڵوه‌شانی یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت ده‌رکه‌وتن و سه‌ره‌نجام له ساڵی ١٩٩١ی زایینی ئه‌م وڵاته به فه‌رمی لێك هه‌ڵوه‌شا و به‌سه‌ر چه‌ند وڵاتی تردا دابه‌ش بوو. حه‌شیمه‌تی کورده‌کانی سۆڤیه‌تیش به‌سه‌ر ئه‌م وڵاتانه‌دا دابه‌ش بوون و له‌نێو کۆماره تازه دامه‌زراوه‌کاندا بڵاو بوونه‌وه. له دریژه‌دا به کورتی ئاوڕ له ژیان و گوزه‌رانی کورد له هێندێك له‌م وڵاتانه ده‌ده‌ینه‌وه.

بۆ ئه‌وه‌ی خوێنه‌ری خۆشه‌ویست بتوانێ باشتر له بابه‌ته‌که تێبگات و کورد گوته‌نی «هه‌ودا و مه‌ودای لێ تێکه‌ڵ نه‌بێ» باس له ژیان و گوزه‌رانی کورده‌کان له سێ قۆناغدا ده‌که‌ین: قۆناغی یه‌که‌م باسی ڕه‌وشی کورد له سه‌رده‌می ئیمپراتۆریی ڕووسیا و پێش پێکهاتنی یه‌کێتی سۆڤیه‌ته. قۆناغی دووه‌م باس له ڕه‌وشی کورد له یه‌کێتی سۆڤیه‌تی پێشوودا ده‌کات و له کۆتاییشدا باس له ژیان و گوزه‌رانی کورد له‌دوای ڕووخانی سۆڤیه‌ت و دروستبوونی وڵاته تازه دامه‌زراوه‌کان ده‌کرێ.

• بەندی یەکەم: کورد لە ئیمپراتۆریی ڕووسیا دا

دوای یەکخستنەوەی خاکی ڕووسیا و دەستبەسەرداگرتنی سیبریا و زۆر ناوچەی تر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕزگاربوون لە مەترسی تەتەر، تەزارەکانی ڕووسیا کەوتنە سەر کەڵکەڵەی دەستبەسەرداگرتنی دەروازی ئاوە گەرمەکان، چونکە ئەو ئاوانەی سەرەوە لەبەر سەرماوسۆڵی زستان و سەهۆڵبەندان کاتێکی کەمی ساڵ سوودیان لێ وەردەگیرا... لە سەردەمی پیوتەری یەکەم (١٦٨٢ - ١٧٢٥)ی زاینیدا ئەم کەڵکەڵەیە زۆرتر بەرجەستە بوو. شاپانی باسە کە پیوتەری مەزن پتر لە هەموو تەزارەکانی پێش و پاش خۆی ڕۆڵی لە یەکخستن و فراوانکردنی سنووری ئیمپراتۆرییەکەدا بینیوە و لە سەردەمی ئەویشدا بوو ڕووسیا لەبەردەم جیهانی دەرەوەدا کرایەوە و لە ١٧٢١ دا بوو بە ئیمپراتۆریی و خودی پیوتەریش بە یەکەم ئیمپراتۆری ڕووسیا.

پیوتەر دەیەویست بگاتە دەریای ڕەش و ناوچەی ئازۆف ئەم کارەش ئاسان نەبوو، چونکە ناوچەکە لەژێر دەستی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوو. تەنانەت لە دەوروبەری دەریای ـ ئازۆف ـ یشدا هێزێکی زۆری لە قەڵادا بوو... پیوتەری مەزن هەرچەندە چەند جارێك بەگژ لەشکری عوسمانیدا چوو و دوای چەند شەڕێك توانی ناوچەی ئازۆف بگرێتەوە. لە سەردەمی یەکاترینای دووەمدا ١٧٦٨ ـ ١٧٧٤ ڕووسەکان کەوتنە هەڕەشەکردن لە ڕۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. نەك هەر ئەمە بەڵکو ڕوسیا کەوتە هەڕەشەکردن و دەست خستنەناو کاروباری ناوخۆی خاکی عوسمانی.

... سەرەنجام تورکەکان ناچار بوون لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕوسیادا ڕێك بکەون. پەیمانی ـ کچك قینارجا ـ مۆر بکەن. ئەو پەیمانە ڕێگەی بە ڕووسیا دا بێتە ڕۆخەکانی دەریای ڕەش و مافی ئەوەی پێدا کە لە ناو ئاوی ـ تورکی!ـ دا

هاتوچۆ بکات و بە سەربەستی لە تەنگەی بسفۆر و دەردەنیل بپەڕێتەوە.

... ڕووسیا لەسەر بەدیهێنانی مەبەستەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو، بۆیە لە ساڵانی ١٧٨٢ ـ ١٧٩٢ی ز دا شەڕ دەستی پێکردەوە و ڕوسیا جارێکی تر سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کۆمەڵێك مەرجی تری بەسەر ئیمپراتۆری عوسمانیدا سەپاند و بە پێی پەیمانی (یاس) سنووری گەیاندە سەر ڕووباری (دنێستەر) و هەر لەو کاتەیشەوە بووە سنووری هەر دوو دەوڵەت. [٨]

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بۆ ڕۆژگاری کۆن بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە نەو ناوجانەی بە میدیا ناسراون، دوای لەناوچوونی ئیمپراتۆری مەزنی میدیا و گرتنی ناوچەکە لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە، کورد ناوبەناو فەرمانڕەوایی کردووە و بەپێی وتەی مامۆستا حوزنی موکریانیش بێت ئەو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت ئازەربایجانی سەروو ـ سۆڤێتی کۆن ـ و ئازەربایجانی خواروو ـ ئێران ـ بە ناوی فەرمانڕەوایەکی کوردەوە ناونراوە. فەرمانڕەواکە کە ناوی ئاترەپات بووە، خودی ئەسکەندەری مەکدۆنی داینناوە. دامـاو موکریانی دەڵێت واتە ئەو ناوچەیە کە لە فەرهەنگی ڕووسدا بە پشت قەفقاس ناسراوە، هەر لە دێرزەمانەوە کورد و باووباپیرانی، ئەرمەن و گورجی لێ ژیاوە. ئینجا لە ئەنجامی ـ فتوحات ـ ی ئیسلامی تورکی بۆ هاتووە و تا سەردەمێکیش کورد هەر فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوانی نیشتەجێگەی هۆزە تورکەکانی کردووە. هەربۆیە مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لەباسی سەردەمی ئیسلامیدا دەڵێت: بەپێی ـ صبح الاعشی ـ باسی بیست و چوار ناوچەی کوردی کراوە کە یەکێکیان وڵاتی ـ بسقاد ـ ە، کە لانەی تیرەکانی فریادیە بووە، هەندێك ناوچەی وڵاتی ئۆزبێك ـ ئازەربایجان ـ و هی تریشیان بەدەستەوە بووە.

زۆری تریش لە میژوونووسەکان باسی ئەوە دەکەن کە لە پێش هاتنی تورکڕەگەزەکان بە ماوەیەکی زۆر کوردی تێدا ژیاوە. خاتوو ئاریستۆفا سەبارەت

بە فەرمانڕەوایی کوردە شەدادییەکان دەڵێت: لە سەدەی یانزەدا ناوچەیەکی فراوان لە ئێلیزابێت پول ـ یا گیانجی (گەنجە/لئا) تا ئانی (تورکیای ئەمڕۆ) لەژێر فەرمانڕەوایی بنەماڵەی شەدادیدا بووە.»[٩]

لەلایەکی تریشەوە «سەلجوقییەکان کە زۆربەیان شوانکارە بوون و لە کۆتایی سەدەی دەیەمدا بوون بە موسڵمان، ئیسلامیان کردە بیانوو بۆ هاتن بەرەو ئێران و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ... لەنێوان (١٠٤٢ ـ ١٠٥١) ی زایینیدا توانیان بەشێکی زۆری کوردستان داگیر بکەن و لە (١٠٨٣ ـ ١٠٨٦) ی زایینیدا دەوڵەتی دوسەکی کوردیشیان لە کوردستانی ناوەڕاستدا ڕوخاند. دواییش پەرەیان بە داگیرکردن دا و زۆر ناوچەی تریان گرت و بە تایبەتیش دوای سەرکەوتنیان بەسەر بیزەنتە فەلەکاندا جیگەپێی خۆیان تۆندتر کرد و لە ڕۆژگاری سوڵتان عەلائەدین کەیقوبادی یەکەم (١٢١٩ ـ ١٣٢٦) ی زایینیدا گەیشتنە ئەوپەڕی بەهێزی. بەڵام لەگەڵ ئەو بەهێزییەشدا چەند هەوڵیان دا نەیانتوانی بگەنە گورجستان و داگیری بکەن و هەندێک ناوچەیشیان لە ئەنجامی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیووبی بەسەرياندا، لەدەست دا، هەرچەندە دوایی مەغۆلەکان بۆیان گرتنەوە.»[١٠]

خوێنەری خۆشەویست واز لەوە دێنین کە تورك و هاوڕەگەزەکانیان تەنانەت دوای دروستکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بە چ شێوەیەك پەرە بە فراوانخوازیی خۆیان دەدەن و دواتر لەلایەن هۆزە تورکمانەکانەوە قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو لە ناوچەکانی ئازەربایجان و سیواس و ... دەست بە فەرمانڕەوایی دەکەن و تا ئەوکاتەش لە «دامێنی چیاکانی قەفقاز بەرەوخوارووبۆ سەر ڕووباری ئاراس و لەوێشەوە بە ناو مەڵبەندەکانی ماکۆ و خۆی بەرەوخوار تا سەر دەریاچەی ورمێ و بەرەو خوارتر شوێنی ژیانی هۆزە کوردییەکان بووە.» لێرە بەدواوەیە کە سەفەویەکان لەسەر

ده‌ستی شائیسماعیلی سه‌فه‌وی له سالّی ١٥٠٢ی زایینیدا به یارمه‌تی قزلّباشه‌کان دێنه سه‌ر شانۆی ناوچه‌که و ده‌وڵه‌تی سه‌فه‌وی دروست ده‌که‌ن و بیر له فراوانکردنی سنووره‌کانی ده‌کاته‌وه و ته‌نانه‌ت به‌نیازه ته‌نگ به ئیمپراتۆریی عوسمانیش هه‌ڵچنێ.

«سوڵتان مورادی عوسمانی ماوه‌یه‌ك خۆی له‌به‌رده‌م شا ئیسماعیلی سه‌فه‌ویدا بۆ نه‌گیرا و ته‌نانه‌ت یارمه‌تی پاشاکانی میسر و شامیش دادیان نه‌دا. به‌ڵام له‌دواییدا هێزه‌کانی خۆی کۆ کرده‌وه و ئه‌وه بوو له ٢٣ی مەوزی ١٥١٤ی زایینی شەڕی شۆمی چاڵدیران لەنێوانیاندا رووید و عوسمانییه‌کان سه‌رکه‌وتن.

زۆربه‌ی سه‌رچاوه میژووییه‌کان یه‌کم دابه‌شکردنی کوردستان بۆ ئه‌و ڕۆژگاره و ئاکامی ئه‌م شه‌ڕه ده‌گێڕنه‌وه. هه‌رچه‌نده وا ده‌رده‌که‌وێت که به کرده‌وه دره‌نگتر بووبێت، ئه‌ویش دروست له ١٧ی ئایاری ١٦٣٩ی زایینیدا که له دوای چه‌ند شەڕ و به‌یه‌کدادان و ناوچه داگیرکردن، پەیمانی (زەهاو) له نێوان سوڵتان مورادی چواره‌م و شاعه‌باسی سه‌فه‌وی مۆر کرا. به‌پێی ئه‌م پەیمانه سنووری نێوان هه‌ردوو ده‌وڵه‌ت له کوردستاندا ده‌ستنیشان کرا و زۆربه‌ی ناوچه‌کانی کوردستان که‌وته ژێرده‌ستی ئیمپراتۆریی عوسمانییه‌وه و ده‌سه‌ڵاتی ئێران ته‌نیا به‌سه‌ر ناوچه‌کانی پشت زاگرۆسدا مایه‌وه. هه‌رچه‌نده زۆریش گوێیان به‌م پەیمانه نه‌دا و به‌رده‌وام پێشێلیان ده‌کرد، به‌ڵام تا دوو سه‌ده‌یەك هیچ گۆڕانکارییه‌کی ئه‌وتۆی به‌سه‌ردا نه‌هات و پارسه‌نگی هێزیان تێك نه‌چوو.»[11]

له سالّی ١٧٢٢ی زایینیدا، له‌کاتێکدا هۆزه ئه‌فغانییه‌کان به شێوه‌یه‌کی کاتی ده‌ستیان به‌سه‌ر ئێراندا گرت و سه‌فه‌ویه‌کانیان له ته‌ختی ده‌سه‌ڵات لابرد، عوسمانییه‌کان ده‌ترسان که ڕووسیاش سوود له نه‌مانی ئیمپراتۆری

سەفەوی وەربگرێت و ناوچەکانی سەرووی ئێران بگرێت کە دەمێك بوو مرخی لێ خۆشکردبوو. هەربۆیە عوسمانییەکان دەستوبردیان کرد و چوونە ناو گورجستانەوە و دواییش لە ساڵی ١٧٣٤ دا لەگەڵ ڕووسیادا لەسەر بەشکردنی سەرووی ئێران ڕێك کەوتن. بەڵام زۆری نەبرد نادرشا ـ کە بە «نادرقلی»ش ناسرابوو ـ کە لە هێزە ئەفشارییە تورکمانییەکان بوو، لە ساڵی ١٧٢٥ دا لە نزیك ڕووباری (مێهماندۆست) ئەفغانییەکانی شکاند و دواییش نەهاوەند، لە ساڵی ١٧٣٠یشدا هەمەدان، ئەردەڵان، کرماشان و ناوچەکانی سەروی بێران و بەوریری گرت. کانێك خۆیشی بەو هێزییەوە بینی، پەیمانی نێوان سەفەوی و عوسمانی لەژێر پێی نا. نادرشا لە ١٧٣٤ی. زیشدا هێرشی بۆ سەر ناوچەی قەفقاز برد و تبلیسی گرت...

... ئیمپراتۆریی ڕووسیاش هەر لە سەرەتای هێرشەکانیدا زۆر بایەخی بە سنووەرەکانی خواروووی ڕۆژئاوا و دەریای ڕەش داوە، بۆیە لەپێشدا هێرشی کردۆتە سەر ئەو جێگایانە و مەرجی خۆی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاندووە. ئینجا ڕووی کردۆتە ناوچەی قەفقاز و سنووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی عوسمانی. دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر لە (١٨٠٤ ـ ١٨٠٥)ی.ز دا لەشکرێکی گەورەی ڕووسی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ تسیتسیانۆف توانی گورجستان بگرێت.»[١٢]

هەروەك باس کرا لەشکری ڕووس گورجستانی گرت و دوای ئەوەش بیریان لە ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای خۆیان کردەوە و سەرەنجام «ڕووسەکان توانیان بە هەر شێوەیەك بێت بەشێك لە کوردەکانی قەفقاز ڕابکێشن بەتایبەتی دوای گرتنی قەرەباغ لە شەڕی ١٨٠٤ ـ ١٨٠٥ دا. هەرچەندە هەندێکیشیان دواتر لە شەڕەکانی ١٨٢٦ ـ ١٨٢٨ دژی ڕووسیا جەنگیون.

وەك دەردەکەوێت هەر لە سەرەتای هاتنی لەشکری ڕووسی و شەڕی

١٨٠٤ ـ ١٨٠٥ەوە کورد کەوتۆتە ناو سنووری، یا ڕاستتر، ژێر دەستی ڕووسیاوە و دانوستاندن لە نێوانیاندا پەیدا بووە، نەك وەکو مینۆرسکی دەڵێت: پەیدابوونی کورد لە ئیمپراتۆریی ڕووسیادا دەگەڕێتەوە بۆ دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان ـ ١٨١٢ لەگەڵ ئێراندا، کە ناوچەی ئێلیزابێت پول خرایە سەر ڕووسیا. دیارە مینۆرسکی ڕەچاوی ئەو کوردانەی نەکردوە کە چەندان سەدە پێشتر لە گورجستان بوون. ڕەنگە ئەوەیان ڕاستتر بێت، ئەگەر بوترێت لە دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان بەشێکی کوردستان کەوتۆتە ژێردەستی ڕووسیاوە.

کاتێکیش ڕووسیا ناوچەی یەریڤانی گرت، کوردەکانی ئەوێش خرانە سەر ئیمپراتۆریی ڕووسیا و بەمە ژمارەی کورد زۆرتر بووە. کوردی ناوچەی تری دراوسێش دەیانویست بدەنە پاڵ ڕووسیا...

... دواییش کە لە ساڵی ١٨٢٩ دا ڕێکەوتنی (ئەدریانە پۆل) مۆر کرا، ناوچەی بایەزیدیش چووە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا. ئیتر لەم کاتەوە کاربەدەستانی لەشکری ئیمپراتۆری ڕوسی کەوتنە بایەخدان بە لایەنی جەنگیی کورد، بۆ یەکەمجاریش هەر لە هەمان ساڵدا لە شەڕی دژی ئیمپراتۆری عوسمانیدا تیپێکی سەربازیی چوارسەد سواری کوردییان دروستکرد و دواتریش لە شەڕی کرێم ـ قرم ـ دا لە ساڵی ١٨٥٣ ـ ١٨٥٨ دا دوو تیپی کوردی دیکەیان دروستکرد. مینۆرسکی دەڵێت: لە ساڵی ١٨٧٧ ـ ١٨٧٨ یشدا تیپێکی هەزار و سێسەد کەسی میلیشیای کوردی دروست کراوە، زۆر کوردیش پلەی سەربازیی بەرز تا دەگاتە جەنەرالیان، هەبووە...»[١٣]

ئەوەی باس کرا، بە کورتی ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بوو لە ڕەوشی کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕووسیا و پێش پێکهاتنی یەکێتیی سۆڤیەت.

• بەندی دووەم: ڕەوشی کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا

پێش ئەوەی باسی ڕەوش و گوزەرانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و کۆمارەکانی پشت قەفقاس بکەین، پێویستە بە کورتی چەند زانیارییەك سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت و قەفقاس بخەینەڕوو.

کورتەباسێك سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و قەفقاس

* ١ـ یەکێتیی سۆڤیەت

یەکێتیی سۆڤیەت وڵاتێك بوو لە ڕووسیا و چەندین کۆماری یەکگرتوو پێك هاتبوو کە لە سەردەمی دامەزرانی لە ١٩٢٢ تا سەردەمی هەڵوەشانی لە ١٩٩١ بەشێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپا و باکووری ئاسیای لەخۆ دەگرت و بە بەربڵاوترین و پانترین وڵاتی جیهان ئەژمار دەکرا.

لە ئووتی ١٩١٤ ڕووسیا چووە ناو شەڕی یەکەمی جیهانی. سەرەتا تەنیا بەڵشەڤیکەکان و شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان دژی شەڕ بوون، بەڵام تێکشکانەکانی ڕووسیا پشتیوانانی دەسەڵاتدارێتیی سزاری گەیاندە لانیکەمی خۆی. لە ساڵی ١٩١٧ دوای دوو ڕاپەڕینی فێوریيە و ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، حیزبی بەڵشەڤیك بە ڕێبەرایەتیی ولادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆف ناسراو بە لێنین دەسەڵاتی لەم وڵاتەدا بەدەستەوە گرت. ڕووسیای بەڵشەویکی ڕووبەڕووی هێرشی لایەنگرانی ڕێژیمی پێشوو و هێزە دەرەکییەکان بە تایبەت بریتانیا بۆوە. ئەو سەردەمە بە قۆناغی شەڕی نێوخۆیی ڕووسیا بەناوبانگە و تێیدا سوپای نوێی سۆڤیەت لەژێر ناوی سوپای سوور کە بە هەوڵی لێۆن تڕۆتسکی و لەژێر سەرکردایەتی ئەودا پێك هاتبوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سوپای بەرەی سپی ببێتەوە کە لە ئەفسەران و ژێنەراڵەکانی سەردەمی سزار پێك هاتبوو. لە ١٩٢٢ و

دوای سەرکوتی دژبەران و نەیاران حیزبی بەڵشەڤیك کە نێوی خۆی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت گۆڕیبوو، دامەزرانی وڵاتی «یەکێتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی» ڕاگەیاند. ئەم وڵاتە لە یەکێتیی ڕووسیا و ناوچەکانی سەر بە ڕووسیای سزاری (قەیسەری) پێك هاتبوو.

لە ماوەی شەڕی نێوخۆیی و دوای ئەوە حیزبی کۆمۆنیست کە تەنیا حیزبی ڕێگەپێدراو لە سۆڤیەت بوو، سیاسەتێکی ئابووریی سەختگیرانەی پەیڕەو دەکرد کە بە کۆمۆنیزمی جەنگی بەناوبانگە. بە کۆتایی هاتنی شەڕی نێوخۆیی و جێگیربوونی دەسەڵاتداریێتیی حیزب بەسەر تەواوی وڵاتدا، سیاسەتێکی ئابووری نوێ بە ناوی بەرنامەی نوێی ئابووری گرایەبەر. ناکۆکیی نێوان ڕێبەرانی سۆڤیەت لەسەر شێوازی بەڕەوپێشبردنی سیاسەتە ئابوورییەکان پەرەی سەند. لە ساڵی ١٩٢٤ و دوای مردنی لێنین کێشمەکێش لەسەر جێنشینیی ناوبراو زیاتر تەشەنەی ستاند و سەرەنجام ژۆزف ستالین توانی دژبەرانی خۆی بە تایبەت ترۆتسکی سەرکوت بکات و جێگەی لێنین بگرێتەوە. ئەو لە چەند قۆناغدا دەستی بە وەلانان و پاکتاوکردنی دژبەرانی خۆی لەنێو حیزبدا کرد. لە بواری ئابووریشدا بە دروستکردنی کۆڵخۆزەکان (کێڵگەی هەرەوەزی) سیمای وەرزێریی ڕووسیای گۆڕی و سیاسەتی بەپیشەسازی کردنی سۆڤیەتی گرتەبەر و لە سەردەمی ئەودا سۆڤیەت بوو بە زلهێزێکی پیشەسازیی گەورە.

لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەرەبەری دەسپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی، یەکێتی سۆڤیەتی پەیمانی دەسدرێژی نەکردنی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی گرێدا، بەڵام لە ١٩٤١ بە هێرشی بەرباڵوی ئەڵمانیا، سۆڤیەتیش چووەناو شەڕەکەوە. لەم شەڕەدا کە بە شێوەی فەرمی بە جەنگی نیشتمانیی مەزن ناسراوە، دەوڵەت و حیزب و خەڵکی یەکێتیی سۆڤیەت بە خۆڕاگری لە بەرامبەر سوپای ئەڵمانیا و قوربانیدانی زۆر تواناییان ڕێڕەوی شەڕەکە بگۆڕن و بە تایبەت دوای نەبەردی

ستالینگراد هێزەکانی سۆڤیەت چوونەناو حاڵەتی هێرش کردنەوە. تێکشکانی ئەڵمانیا لە ١٩٤٥ کە بەشی زۆری قورسایی شەڕەکە لەسەر شانی سۆڤیەت بوو، ئەم وڵاتەی کردە یەکێك لە زلهێزەکانی جیهان.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و دەسپێکردنی قۆناغی شەڕی سارد، کێشمەکێش و ڕوویەڕووبوونەوەی دوو زلهێز واتە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا سیاسەتی تەواوی جیهانی بۆ ماوەی چوار دەیە خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. کە بە ڕوویەڕووبوونەوەی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداریش ناسراوە. سۆڤیەت لە ١٩٤٩ توانی بێتە خاوەن تواناى ناوکى و کۆتایی بە پاوانخوازیی ئەمریکا لەم بوارەدا بێنێ.

لە ساڵی ١٩٥٣ دوای مەرگی ستالین، جێگرەوەکانی بە شێوەی ڕێبەریی دەستەجەمعی کاریان دەکرد. بەڵام لە کۆتاییدا نیکیتا خرۆشچۆف توانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. لە ساڵی ١٩٥٦ خرۆشچۆف لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت کوشتارەکانی ستالینی دایەبەر ڕەخنە و هەوڵی ناشیرینکردنی سیمای ناوبراوی دا. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خرۆشچۆف زۆر لە توندوتیژییەکانی سەردەمی ستالین وەلانران. زۆر لە زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی ئازاد کران و داوای گەڕاندنەوەی حەیا و حورمەت بۆ زۆر لەو کەسانە کرا کە لە سەردەمی ستالیندا بە تاوانی سیخوڕی و دژایەتیکردن ئێعدام کرابوون. هەروەها لەم سەردەمەدا یاسای بازرگانیی ئازاد تا ڕادەیەك قبووڵ کرا کە ئاسەواری قەرەبوونەکراوی خستە سەر جەستەی سیستەمی سۆسیالیستی کە پشتیوانی ئابووری ڕێنوێنیکراو بوو و دواتر زنجیرە ڕووداو و پێشهاتگەلێکی بەدوای خۆیدا هێنا هەتا گەیشتە لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت.

لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ ڕێبەرانی حیزب، نیکیتا خرۆشچۆفیان بە پیلانی لێنید برژنێف ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرد و دوای ماوەیەك لە

رێبەرایەتیی دەستەجەمعی، برژنێف دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لە سەردەمی نەودا چاکسازیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کە لە سەردەمی خرۆشچۆف دەستی پێکردبوو، بەرەو کزبوون ڕۆیشت و باڵادەستیی حیزب و دەوڵەت بەسەر تەواوی بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەهێز بوو. لە سەردەمی برژنێف گەندەڵیی زۆر کرا بە شێوەیەك کە زاوا و کوڕەکانیشی دەستیان لەوەدا هەبوو. بە هاتنەسەرکاری یوری ئاندرۆپۆف کە وەك جێگری برژنێف یارمەتیی دەدا، دۆسیەی گەندەڵییەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەشێوەی زانستی تاوتوێی ڕەوشی گەندەڵییەکان بکا و پێش بەم کارە بگرێ. بەڵام بررینف پیشی بەم کارەی گرت و لە سەردەمی ئاندرۆپۆف و چێرنینکۆدا کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدرا و لە سەردەمی میخائیل گۆرباچۆف لە سۆڤیەتدا دەست بە چاکسازیی بنەڕەتی کرا.

سەرەنجام لە دەیەی ۱۹۸۰ی زایینی نیشانەکانی لێکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت دەرکەوتن و سەرەنجام لە ساڵی ۱۹۹۱ی زایینی ئەم وڵاتە بە فەرمی لێك هەڵوەشا و بەسەر چەند وڵاتی تردا دابەش بوو. وڵاتانی پێکهێنەری سۆڤیەتی پێشوو بە پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان، لە کۆمەڵگەی وڵاتانی هاوبەرژەوەند دا بوونە ئەندام. (۱٤)

● ۲ـ قەفقاس (قفقاز)

قەفقاس ناوچەیەکە لەنێوان دەریای خەزەر و دەریای ڕەشدا و بۆ دوو بەشی قەفقاسی باشووری (ئەودیوی قەفقاس) و قەفقاسی باکووری (باکووری قەفقاس) دابەش دەبێ. قەفقاسی باشوور یان ئەودیوی قەفقاس کۆمارەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان (جۆرجیا) و چەند بەشێکی بچووك لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەخۆ دەگرێ.

قەفقاسی باکووری ئێستا بەشێك لە ڕووسیایە و کۆمارە خۆبەڕێوەبەرەکانی

چیچان، داغستان، ئینگوشتیا، کاراچای ـ چەرکەسیا، کاباردینۆ ـ بالکاریا، هەرێمی کراسنۆدار، ئادیغیە، ئوستیای باکوور، ئالانیا و وڵاتی ئیستاورۆپۆل لەخۆ دەگرێ.

بەشە سەرەکییەکانی قەفقاسی باشوور (ئەودیوی ئەفقاز) و داغستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەفقازی باکوور هەتا سەردەمی قاجارەکان بەشێك لە خاکی ئێران بوو. بەڵام لە سەردەمی فەتحەلیشای قاجار لە ماوەی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا، لە ئێران جیا بۆوە و درا بە ڕووسیا.

دوای هەڵوەشانی سۆڤیەت، سێ وڵاتی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان بەسەر باشووری قەفقازدا حکومەت دەکەن و کۆماری خۆبەڕێوەبەری داغستانیش بەشێك لە ڕووسیایە.

لە قەفقازدا گەلێك گرووپی ئێتنیکی نیشتەجێن: ئازەری، گورجی، ئەرمەنی، ڕووسی، کورد، تالێش، ئابخاز، لەزگی، چەرکەس، مەغوول، ئوستی، تورك، یونانی، تات، تاتار، ئاوار، چیچانی، ئینگوش و ...

گرووپە ئێتنیکییەکانی نیشتەجێی قەفقاس سەر بە سێ گرووپی سەرەکی قەفقازی، هیندوئوروپایی و تورك نەژادن:

قەفقازی: گورجی، ئابخاز، لەزگی، چەرکەس، ئاوار، چیچانی، ئینگوش، قاباردی، تاباساری، لەك، ئودی، ساخوری، ئاغول، روتول، دارکی.

هیندوئوروپایی: ئەرمەنی، ڕووسی، کورد، تالێشن ئوستی، یۆنانی، تات

خەڵکی تورك: قوموق، نوغای، بالکار، قەرەچای، ئازەربایجانییەکان.

قەفقاز لەباری نەژادی و زمانیی یەکێك لە فرەچەشنترین ناوچەکانی جیهانە. زمانە قەفقازییەکان بە دوو گرووپ لە زمانەکان دەگوترێن کە لە ناوچەی قەفقازی نێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەردا لەڕێگەیانەوە پەیوەندی دادەمەزرێ. نزیکەی ٣٠ بۆ ٤٠ زمان لەم ناوچە جوگرافییەدا هەیە کە ئەم

فره‌زمانییه له ناوچه‌یه‌کی ئاوا بچووکدا شتێکی سه‌رنجڕاکێشه.

شاره‌کانی قه‌فقاز: هێندێك له شاره‌کانی قه‌فقاز بریتین له:

کۆماری ئازه‌ربایجان: باکۆ، گه‌نجه، له‌نکه‌ران، شماخی، شه‌کی، نه‌خجه‌وان.

ئه‌رمه‌نستان: ئیره‌وان (یه‌ریڤان)، ئاچمیادزین، گیومری، وانادزوری.

گورجستان: تفلیس (تبلیس)، باتومی، سوخومی، تسخینوالی، پوتی.

ڕووسیا: مه‌خاچ قه‌لعه، ده‌ربه‌ند، گروزنی، ئیستاورۆپۆل.

تورکیا: قارس، ئه‌رده‌هان، ڕیزه، ئارتوین.[۱۵]

ڕه‌وشی کورد له یه‌کێتی سۆڤیه‌تی پێشوودا

کاتێك باس له ڕه‌وش و گوزه‌رانی کورد له‌نێو کۆماره‌کانی یه‌کێتی سۆڤیه‌تی پێشوو ده‌که‌ین، وه‌ك پۆلێنبه‌ندییه‌کی سه‌ره‌تایی ده‌بێ له پێنج قۆناغدا ئاوڕ له ژیان و گوزه‌رانیان بدرێته‌وه. واته له سه‌ره‌تای دروستبوونی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت، له سه‌رده‌می ستالین، له سه‌رده‌می جه‌نگی نیشتمانی مه‌زن ۱۹٤۱ ـ ۱۹٤۵، له دوای مردنی ستالین و له‌دوای هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی سۆڤیه‌ت. له خواره‌وه به کورتی باسی ڕه‌وشی کورد له‌م پێنج قۆناغه ده‌کرێ:

۱ـ له سه‌ره‌تای دروستبوونی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت

به شێوه‌یه‌کی گشتی ده‌توانین بڵێین « کورده‌کانی یه‌کێتی سۆڤێت له ناوچه کشتوکاڵییه‌کانی ئه‌رمینیا و ئازه‌ربایجان و جۆرجیا و ژماره‌یه‌کی تر له کۆماره‌کانی یه‌کێتی سۆڤێت نیشته‌جێ ببوون.

کورده‌کانی ڕووسیا به‌تایبه‌تیش ئه‌وانه‌ی ئه‌ودیوی قه‌وقاز به شێوه‌یه‌کی گشتی پشتگیریان ده‌کرد له ده‌سه‌ڵاتی سۆڤێتی و به‌شداریشیان کرد له دامه‌زراندنیدا. به‌ڵام بارودۆخیان له ساڵانی دوای شۆڕش له‌وپه‌ڕی نه‌هامه‌تی و

ناڕەحەتیدا بوو. ئەمەش بەهۆی ئەو وێرانکاری و قاتوقڕی و برسێتیەی ڕوویدا لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ و هاتنەناوەوەی بەریتانیا بۆ باکۆ هەروەها هێرش و پەلاماری کەی هێزەکانی تورکیا بۆ سەر ئەرمینیا و ئازەربایجان لە ساڵی ۱۹۱۸. لەم بارودۆخەشدا حکوومەتی ئازەربایجان لە ساڵی ۱۹۲۱ چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر بە مەبەستی پێشکەشکردنی کۆمەکیە پێویستییەکان بۆ دانیشتوانی برسی، لەگەڵ ئەمانەشدا بارودۆخی ئابووریی کوردەکان لە ساڵی ۱۹۲۲ ـ ۱۹۲۵ بەسەختی و دژواری مایەوە. بە جۆرێك زیاتر لە ۵۰٪ی دانیشتوانی وڵات لەباری برسێتیدا بوون و هەراران لەو حەڵکەی کە مال وحاڵیان لەدەستدا بوو بە پێپەتی و برسێتی لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان و «کیرۆسین»یان پێنەبوو بۆیە ئاگریان بە دار و تۆپکڵەدار دەکردەوە. (کیرۆسین: شلەمەنیەکە ئامادەی سوتاندن و کڵپەسەندنی زۆرە. فەرهەنگی دەریا)

لەم بارودۆخەشدا حکومەتی ئازەربایجان بڕیاری دا بە دامەزراندنی قەزای کوردستان لە ناوچەکانی (کالبجار، لاچین، کوباتلین، زانگلیان) چونکە کوردەکان بە شێوەیەکی چڕ لەم ناوچانە نیشتەجێ بوون. پاشان ئەم قەزایە گۆڕا بوو بە هەرێمی نەتەوەیی کوردستان و خاوەن ئۆتۆنۆمی کە ناوەندەکەشی شاری لاچین بوو.

لە ساڵی ۱۹۲۵ لیژنەیەکی تایبەت پێکهات بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی قەزای کوردستان. ئەو ڕێگاچارانەی کە ئەم لیژنەیە پێشنیاری کرد و جێبەجێ کرا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گەشەکردنی ئابووری و ڕۆشنبیری قەزاکە. هەروەها دەست کرا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستانی سۆڤێتی)، لەگەڵ کردنەوەی پەیمانگەیەکی پەروەردەیی هونەری لە شاری «شوش» و پەخشی کەنالێکی ڕادیۆ بە زمانی کوردی و خوێندنی منداڵان بە زمانی دایك و چەندین کتێبی قوتابخانە وئەدەبی و سیاسی چاپ کرا. هەموو دامودەزگا کارگێڕییەکان

لـه قەزاکـه دەسـتبەکار بـوو و ...»[١٦]

بەڵـێ! «دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی، کـوردی ئـەو ناوچانـه و بـه تایبەتـی ئەوانـەی لـه ئەرمەنسـتان دەژیـان، توانیویانـه پێشـکەوتن و بەرهەمـی دەوڵەمەندی کولتـووری بخوڵقێنن. ئەوەش دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبر، کاتێك سیاسـەتێکی نوێی یارمەتیدانـی گـەلان بەڕێـوە چـوو. لێنیـن پشـتیوانی لـه ماف یەکسـانی گـەلان کرد و دژی چەوسـاندنەوەی کەمایەتیـه نەتەوەییەکانـی نیشـتەجێی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو. قانـوون و یاسـاکانیش لەبواری ئـەو بۆچوونـەدا بەڕێـوە دەچوون.

لـەو وڵاتـەدا بـازده کۆمـار دامـەزران کـه ژمارەیـەك کۆمـاری خودموختـار و هێندێکیـش ناوچەی خـاوەن مافـی دیاریکـراوی ئۆتۆنۆمی بـوون. نیزیکەی ١٠٠ نەتـەوە، کۆمەڵـەی نیشـتمانی و کەمایەتـی بـه شـێوەی دێموکـرات سـازمان دران و لەنـاو ئەوانەشـدا کوردیـش هەڵەکەیـان قۆسـتەوە و دەسـتیان بـه دامەزراندنـی قوتابخانـەی کـوردی، چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـه و دامەزراندنـی ئێزگـەی ڕادیۆیـی کـرد. ئـەو سـەردەمه گەلێـك تـوێژینـەوەی زانسـتی لەبابەت زمـان، میژوو و نەدەبیاتـی کـوردی ئەنجامـدران و فـره کتێبیـش چـاپ کران. حکوومەت پشـتی ئـەو تێکۆشـینانەی دەگـرت و یارمەتـی منـاڵانی فەقیری کـوردی دەدا کە پـەروەردە بـن و تواناییەکانیـان نیشـان بـدەن...[١٧]

٢ـ ڕەوشی کوردەکان لە سەردەمی ستالیندا (سەرکوت و ڕاگواستن)

وەك لـه سـەرچاوە جۆراوجۆرەکانـدا بـاس کـراوە لە سـەردەمی سـتالیندا ڕەوش و گوزەرانـی کـوردەکان بـەرەو خراپـی ڕۆیشـت. «مەخابـن ئـەو هەلومەرجـه دێموکراتیـه لەبـارەی کـه خێـرا دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـر دامەزرابوو، پـاش ماوەیەك بـه تـەواوی تێکچـوو... لـه سـەردەمی سـتالین، شـەپۆلی تیـرۆر تـەواوی وڵاتـی داگرتـەوە. چەوسـانەوەی بەدیـاری هێنـا و وڵاتی بـەرەو جێگۆڕکێـی بەکۆمەڵ برد.

ئەو ئاکارانە بەپێچەوانە و دژی بیروبۆچوونی سۆسیالیستی بوون و بە واتایەک کردەوەکان گەلێک جیاوازیان لەگەڵ ناوەرۆک و بابەتی ناو کتێبەکان هەبوو. [١٨]

دیارە هەروەک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردەکان لە هەموو کۆمارەکاندا وەکیەک نەبووە. بەڵام لە درێژەدا هەموو کوردەکانی ئەو کۆمارانە تووشی چەوسانەوە بوون. بۆ نموونە کوردەکان لە ئەرمەنستان بەئازادی تێکۆشانی خۆیان پەرە پێدەدا و لەنێوان کوردەکان و ئەرمەنەکاندا لێک تێگەیشتنی زۆر هەبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٨ رۆژنامەی کوردی (ڕێیا تازە)ش ڕاگیرا لە ئەرمینیا لەگەڵ داخستنی پەیمانگای هونەری کورد و دەستکرا بە ڕاگواستنی زۆرەملێی کورد بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان و زۆر لە ڕۆشنبیرە کوردەکانیش تووشی چەوسانەوە و دوورخستنەوە بوونەوە.

هەروەک باس کراوە،لە ساڵی ١٩٣٠ هەرێمی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمیان لەناو برد و لە سییەکاندا وازیان هێنا لە دەربڕینی وشەی «کورد» و بە شێوەیەکی فەرمی دەستکرا بە کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد...

ڕاگواستنی کوردەکان لەودیوی قەوقازەوە بۆ ناوچەکانی تری یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵی هەبوو کە بەزۆر تواندنەوەیان. لە ساڵی ١٩٣٧ دەستکرا بە ڕاگواستنی بەشێک لە کوردەکانی ئەودیوی قەوقاز (وەک ڕەگەزێکی نەخوازراو) بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان و هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤ کورد و تورک و هەمەشییەکان لە خاکی جۆرجیا دەرکران بەرەو هەمان ئەو کۆمارانە... کوردە ڕاگواستراوەکان لەژێر چاوەدێرییەکی تایبەتیدا بوون، مافی سەردان و دەرچوونیان نەبوو لە بازنەی ئەو ناوچانەی کە تیایدا نیشتەجێ ببوون، هەروەها بێبەش کرابوون لە مافە دەستوورییەکانیان. تەنانەت زۆرێکیان ناچار دەبوون دەستبەرداری ڕەگەزی نەتەوەیی خۆیان بن و بچنە سەر ڕەگەزی ئازەری یا کازاخی یاخود هەر ڕەگەزێکی تری گەلانی ناوچەکە، ئەمەش بۆ

خۆ دوورخستنه‌وه له چه‌وساندنه‌وه یاخود بۆ ئه‌وه‌ی مافی چوونه ده‌ره‌وه‌یان هه‌بێت بۆ خوێندن.

...له‌راستیدا ئه‌و شه‌پۆله تیرۆر و چه‌وساندنه‌وه‌ی ساڵانی سیه‌کان که له‌لایه‌ن یه‌کێتی سۆڤێته‌وه له‌دژی کورد کرا، بوو به به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م پێشکه‌وتنی نه‌ته‌وایه‌تی کورد. هه‌ر له‌و سه‌رده‌مه‌دا هه‌موو ناوه‌نده که‌لتووری و ڕۆشنبیریه نه‌ته‌وه‌یه‌کانی کورد له ئازه‌ربایجان داخران. ته‌نانه‌ت ناوی کورد وه‌ك ڕه‌گه‌ز و نه‌ته‌وه‌یه‌کیش نه‌ده‌برا. پێش ساڵی ۱۹۳۸ خوێندن له ئه‌رمینیا به زمانی کوردی بوو. له‌ڵام له ساڵی ۱۹۳۸ ڕۆژنامه‌ی کوردی (ڕێیا تازه)ش ڕاگیرا له ئه‌رمینیا له‌گه‌ڵ داخستنی په‌یمانگای هونه‌ری کورد و ده‌ستکرا به ڕاگواستنی زۆره‌ملێی کورد بۆ ئاسیای ناوه‌ڕاست و کازاخستان و ناوچه‌ی «الطای»، ژماره‌یه‌کیش له ڕۆشنبیرانی کورد ڕووبه‌ڕووی چه‌وساندنه‌وه بوونه‌وه وه‌ك (عه‌ره‌ب شامیلۆف، حاجی جندی، جددۆ گنجۆ، ئه‌حمه‌د میرزا و ...) [۱۹]

۳ـ کورده‌کانی سۆڤێت و جه‌نگی نیشتمانیی مه‌زن (۱۹٤۱ ـ ۱۹٤٥)

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی کورده‌کانی سۆڤیه‌ت تووشی ئازار و ئه‌زیه‌تێکی زۆر و ته‌نانه‌ت ڕاگواستن و دوورخرانه‌وه‌ش بوون و له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی ده‌سه‌ڵاتدارانی سۆڤیه‌ت به‌تایبه‌ت له‌سه‌رده‌می ستالیندا ژیانێکی تاڵیان تێپه‌ڕ کرد، به‌ڵام ئاماده بوون به‌رگریی لێ بکه‌ن و ته‌نانه‌ت له‌پێناویدا گیانیش له‌ده‌ست بده‌ن.

«خۆڵمۆگۆره‌ف (دکتۆرای له زانسته میژوویه‌کاندا هه‌یه) ده‌ڵێت: کورده‌کان هه‌روه‌کو چۆن باووباپیرانیان قاره‌مانانه جه‌نگاون و شه‌ڕیان دژی ڕۆم، عه‌ره‌ب و تورك کردووه، هه‌روا له جه‌نگی دژ به ئه‌ڵمانیا قاره‌مانانه ده‌جه‌نگین. هه‌ر بۆ نموونه له ڕۆژه‌کانی سه‌ره‌تای ئه‌و شه‌ڕه زۆر سه‌خته‌ی ده‌وروبه‌ری (سمۆلێنسك)دا، مه‌میدۆف و شاعیری به‌ناوبانگی کورد مورادۆف که‌خه‌ڵکی

ناوچەی ئەشقئابادی تورکمانیا بوون، لەناو هاوسەنگەرەکانیاندا بە قارەمانێتی ناویان دەرکردبوو.

سیامەندۆف لە دەوروبەری (تولا) لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ دا زۆر قارەمانانە دەجەنگی. لەناو بەرگریکەرانی لێنینگرادیشدا ئەفسەرە کوردەکانی وەکو نادرۆف، جەفارۆف، چەتۆیێف و چەندان سەربازی خەڵکی گوندی مینکێندی ناوچەی لاچین لە ئازەربایجان هەبوون...

خۆڵمۆگۆرەڤ لەسەر باسەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: کوردەکان تەنیا لە ناوچەی قەفقازدا نەدەجەنگین، بەڵکو لەوپەڕی باکووری سۆڤێت، لە دەریای سەهۆڵبەندی ئارکتیک و لە دەریای ڕەش و سپی و هەموو بەرەکانی جەنگدا بوون. جگە لەوەی لەناو پارتیزانەکانی بێلۆروسیا و ئۆکراینا و تەنانەت ناوچەی پاریسیش دەجەنگین. لە ناوچەی پاریسی پایتەختی فەڕەنسادا دەستەیەکی پارتیزانی بە ڕابەری مامۆشیان هەبوو، کە کورد بوو.

کوردەکان لە ڕزگارکردنی چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا و هەنگاریادا بەشداریان کردووە و هەندێکشیان تا ناو ئەڵمانیای نازی چوون. لەناو خاکی هەنگاریادا فەرماندەی دەستەی تۆپ، کە ناوی یارماتۆڤ بوو، کوردی ئەرمینیا بوو کە ناوی بەوە دەرکردبوو ڕاستەوڕاست بە یەك نیشانە چل سەرباز و ئەفسەری ئەڵمانی کوشتبوو.

کەپیتان فەرجێف دەستە تۆپهاوێژەکەی تا بەرلین گەیاندبوو تا لە نزیك دیواری - ڕایخ - دا برێندار بوو. سەرهەنگ سیابەندۆف بەرزترین خەڵاتی وەرگرت و بوو بە یەکێك لەوانەی نازناوی قارەمانی یەکێتی سۆڤێتیان وەرگرت.

هەروەها کورد لە دوای شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیاش، لە ئەیلولی ١٩٤٥ دا لە بەرەی جەنگ دژی ژاپۆندا بەشداریی کردووە کە ناودارترینیان مایۆر ئاجۆیێف بوو.

بێگومان لە ساڵانی جەنگی ئەڵمانیا و سۆڤێتدا هەزاران و بگرە سەدان

هـه‌زار سـۆڤێتی لـه هه‌مـوو جـۆره نه‌تـه‌وه‌کان هه‌بـوون کـه چ بـه خواسـتی خۆیـان و بـه بـڕواوه، یـا خـود بـه‌زۆر لـه کاتـی دیلێتیـدا چوونـه پـاڵ ئه‌ڵمانـه‌کان و چه‌ندان له‌شـکریان دژی سـۆڤێت دروسـتکرد و شانبه‌شـانی نازیـیـه‌کان ده‌جه‌نـگان. به‌ناوبانگترینیـان سـوپای جه‌نـه‌راڵ ڤلاسـۆڤـبوو. هه‌روه‌هـا له ڕۆژئـاوای ئۆکراینیا و لـه ناوچـه‌ی به‌ڵتیك چه‌ندان ده‌سـته‌ی ناسیۆنالیسـتی هه‌بوو، که هـاوکاری توندیان له‌گـه‌ڵ ئه‌ڵمانه‌کانـدا ده‌کـرد.

له‌نـاو نه‌ته‌وه‌کانـی قه‌فقازیشـدا هه‌بـوو کـه هـاوکاری له‌گـه‌ڵ ئه‌ڵمانه‌کانـدا ده‌کـرد. به‌تایبه‌تیش کاتیك ئه‌سیتیا- چیچێنیا، ئینگوشێتی و چه‌نـدان شـوێنی تـری قه‌فقازیـان داگیـر کـرد. به‌ڵام تا ئێسـتا هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك له‌سـه‌ر ئه‌وه به‌ده‌سـته‌وه نیـه کـه بیسـه‌لمێنێت ته‌نیـا کوردێك چیـه ناپاکـی کردبێت و له‌تـه‌ك ئه‌ڵمانیه‌کاندا جه‌نگـی بێت، بۆیـه وا جوانیـش پاداشـتی کوردیـان دایـه‌وه و لـه دوای جه‌نـگ سـتالین لـه تۆڵـه‌ی تاوانی خه‌ڵکانی سـه‌ر به نه‌تـه‌وه‌ی تر، جارێکی دی کوردیشـی ڕاگواسـت. (٢٠)

٤ ـ ڕه‌وشی کورده‌کان له دوای مردنی ستالین

دوای مردنـی سـتالین، له پرۆسـه‌یه‌کی تێپه‌ڕاندنی پاشـماوه‌کانی چه‌وسـاندنه‌وه و ئاسـته‌نگ و به‌ربه‌سـته‌کانی بـه‌ردەم ژیانـی که‌لتـووری و ڕۆشـنبیری کـورد و بوژاندنـه‌وه‌ی ژیانـی سیاسـی و کۆمه‌ڵایه‌تـی دانیشـتوانی کـورد لـه ناوه‌ڕاسـتی پەنجـاکان، هه‌روه‌هـا هه‌مـوو نـه‌و به‌ربه‌سـتانه هه‌ڵگیـران کـه ڕێگـر بوون له‌بـه‌ردەم هاتوچـۆی کـورده‌کان لـه کازاخسـتانه‌وه بـۆ ئاسـیای ناوه‌ڕاسـت کـه لـه سـه‌رده‌می سـتالیندا تووشـی چه‌وسـاندنه‌وه و مه‌ینه‌تـی ببـوون.

لـه سـاڵی ١٩٥٤ ڕادیـۆی یه‌ریڤـان ده‌سـتی کـرده‌وه بـه پەخشـی به‌رنامه‌کانـی به زمانـی کـوردی و ڕۆژنامـه‌ی (ڕێیا تازه) ده‌سـتیکرد به ده‌رچوون له مانگی شـوباتی

ساڵی ۱۹۵۵. هەروەها زۆرێك لە ڕۆژنامەکان لەسەر ڕووپەڕەکانیان شوێنیان تایبەت کردبوو بۆ کەلتوور و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردەکان. هەروەها بەشی کوردی دامەزرالە پەیمانگای هونەری ئەرمەنی، کە ئەرکی پێگەیاندنی کادیر بوو بۆ خوێندنی زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەکانی گوند و لادێ کوردەکان. هەروەها لقی ئەدیبەکانی کورد کە سەر بە یەکێتی ئەرمەن بوون هەستان بە تاوتوێکردنی چۆنیەتی گەشەپێدانی بابەت و پرسی ئەدەبی کوردی سۆڤێتی. لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان لێکۆڵینەوە لە بابەتی میتووی کورد و ڕۆشنبیری و کەلتووریان لە بەکێتی سوفیت بە شێوەیەکی بەرچاو بوژایەوە. هەروەها بە پێشنیار و دەستپێشخەری ڕۆژهەڵاتناس و زانای ناودار (یوسف ئابگاروفتیش ئۆربیلی) نوسینگەی (کوردۆلۆجیا) لە پەیمانگای (ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێتی ـ لینینگراد) لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا کرایەوە.

لە ساڵی ۱۹۵۵ کۆمەڵێك دامەزرالە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستەکانی ئەرمەنی، پاشان لە ساڵی ۱۹۷۱ ئەم بەشە گۆڕا بوو بە پەیمانگا و ئینجا بوو بە لقی کوردۆلۆجیا. هەروەها بەشێکی هاوشێوەش دروست بوو لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێتی لە مۆسکۆ. کە ئەمانە کاری گەورە و زۆریان ئەنجام دا بە تایبەتیش لە بابەتەکانی میتووی کورددا. هەروەها بابەتی کوردۆلۆجیا شوێن و پێگەی خۆی هەبوو لە ڕۆژنامەکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیەکانی ئەکادیمی لە جۆرجیا و ئازەربایجان...

لە شەستەکان و حەفتاکاندا لەدوای ئەرمینیا، جۆرجیا بوو بە ناوەندێکی گرنگی گەشەکردنی کەلتووری کورد لە یەکێتی سۆڤیەت... هەروەها تێبینی زۆربوونی خەڵکی ڕۆشنبیر دەکرا لە ئەندازیا و پزیشك و مامۆستا. خانەی چاپ و بڵاوکراوەکان کاری ئەدەبی کوردی زۆریان کرد. هەروەها چەندین لێکۆڵینەوە ئەنجامدرالە پرس و بابەتەکانی کەلتوور و میتووی کورد. لەگەڵ هەڵبژاردنی

نوێنه‌رانی دانیشتوانی کورد له ئه‌نجومه‌نه باڵاکانی سۆڤێتی له ئه‌رمینیا و جۆرجیا.

ئه‌و کۆنگره گشتییه‌ی که تایبه‌ت بوو به مێژووی کورد له یه‌کێتی سۆڤێت و بارودۆخی ئێستایان ڕووداوێکی گرنگ بوو له ژیانی کورده‌کانی سۆڤێتدا. ئه‌م کۆنگره‌یه‌ش له ساڵی ۱۹۹۰ به‌سترا به ئاگاداری و سه‌رپه‌رشتی ده‌سه‌ڵاتدارانی ناوه‌ند، به‌ڵام هه‌نگاوێکی دڕه‌نگ وه‌خت بوو له چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کانی کورد له‌ڕووی مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌یی له یه‌کێتی سۆڤێت.

له‌گه‌ڵ ئه‌و ڕێوشوێنه ناياساييانه‌ی که ده‌سه‌ڵاتدارانی حکومه‌ت گرتیانه‌به‌ر له به‌رامبه‌ر به‌شێك له که‌مینه‌کانی کورد (ڕاگواستن و کرده‌وه زۆره‌ملێیه‌کانی تر) به‌ڵام کورده‌کان له یه‌کێتی سۆڤیه‌ت خاوه‌نی مافه‌کانی هاوواڵاتیبوونی خۆیان بوون له وڵاتێکی زلهێزدا. بوونی پانایه‌کی فراوانی فرەنه‌ته‌وه‌ی و که‌لتووری و نه‌بوونی ڕه‌گه‌زپه‌رستی ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ی بۆ چین و تۆێژه ڕۆشنبیره‌که‌ی کورد ڕه‌خساند که پەره بدەن به که‌لتوور و ڕۆشنبیری کورد. هه‌روه‌ها ئه‌و کوردانه‌ی که له کۆماره‌کانی یه‌کێتی سۆڤیه‌تی جاران ده‌ژیان، له ناوه‌نده‌وه «مۆسکۆ» وه‌کوو نیمچه گه‌نتیه‌کیان هه‌بوو که پارێزگاری ده‌کرد له بارودۆخی مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌یان... [۲۱]

٥ ـ ڕەوشی کورده‌کان له دوای هه‌ڵوەشانه‌وەی سۆڤیه‌ت

بۆ باس له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته پێویسته ئاماژه بەوه بکەم که ڕەوشی کورده‌کان له‌دوای هه‌ڵوەشانه‌وەی سۆڤیه‌ت، له هه‌ر کام له وڵاتانی دوای ڕووخانی سۆڤیه‌ت جیاوازییان هه‌یه. بۆیه له بەشی تایبه‌ت به کورده‌کانی هه‌رێمێك له‌و وڵاتانه‌دا، به‌جیا باسی ڕەوش و گوزه‌رانیان کراوه.

• سەرچاوەکانی بەندی یەکەم و دووەم:

١. ڕەحمانی، وریا. کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە. چاپی یەکەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٩ ـ ٦٠.

٢. مینۆرسکی، کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمەسەعید حەمەکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٣. ل١٧٣.

٣. عەلی، ئارام، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لیرە، سلێمانی، ١٩٩٩. ل٤٤.

٤. قاسملوو، عبدالرحمن، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦. ل ٩٧.

٥. خەزنەدار، د.مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، بەرگی یەکەم.ل ٤٤ـ٤٥.

٦. کەریم، ڕەمەزان، واقیعی کورد لە ئەرمەنستان، وەرگیراو لە: pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=17873، ڕێکەوتی 27/8/2013)

٧. کۆمەڵێک نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٢.ل ٣٦٠ ـ ٣٦١.

٨. عەلی، ئارام، س.پ. ل ٢٧ ـ ٢٩.

٩. عەلی، ئارام، س.پ. ل ٣١ ـ ٣٢.

١٠. عەلی، ئارام، س.پ.٣٣.

١١. عەلی، ئارام، س.پ.٣٦ـ٣٨.

١٢. عەلی، ئارام، س.پ.ل ٤٠ـ٤٢.

١٣. عەلی، ئارام، س.پ.ل ٤٤ـ٤٥.

١٤. (ویکیپیدیای فارسی)

١٥. س.پ

١٦. لازاریف، م.س، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٠١ـ٤٠٢.

١٧. بورکای، کەمال، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی لە یۆنانیەوە: عەلی فەتحی، چاپی یەکە، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٦٠.

١٨. بورکای، کەمال، س.پ.ل ٢٦٠.

١٩. لازاریف، م.س، س.پ.ل ٤٠٢ـ٤٠٧.

٢٠. عەلی، ئارام، س.پ.ل ١٥٨ ـ ١٦٠.

٢١. عەلی، ئارام، س.پ. ٤٠٨ـ ٤١٠.

● بەندی سێیەم:

کورد لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و کوردستانی پشت قەفقاسدا

یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کە نزیکەی ٢٪ی حەشیمەتی کوردەکانی لەخۆ دەگرت، ئەو حەشیمەتە ئێستا لە چوارچێوەی چەندین کۆماری سەربەخۆی جیاوازدا ژیان بەسەر دەبەن و، بەشێکی گرنگی دیاسپۆرای کورد پێکدەهێنن. ئەمرۆکەی دیاسپۆرای کورد کە بە ناوی «کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو» دەناسرێن، ١ لەسەر ٦ی ئەو گوندانە پێکدەهێنن کە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە هەزار گوند، هەروەها لە شار و شارۆچکەکاندا بڵاو بوونەتەوە.[1]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینی نیشانەکانی لێکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت دەرکەوتن و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی ئەم وڵاتە بە فەرمی لێك هەڵوەشا و بەسەر چەند وڵاتی دیکەدا دابەش بوو. حەشیمەتی کوردەکانی سۆڤیەتیش بەسەر ئەم وڵاتانەدا دابەش بوون و لەنێو کۆمارە تازە دامەزراوەکاندا بڵاو بوونەوە. لە درێژەدا بە کورتی ئاوڕ لە ژیان و گوزەرانی کورد لە هێندێك لەم وڵاتانە دەدەینەوە.

• یه‌که‌م: کورده‌کانی ئازه‌ربایجان

- چەند زانیارییەك سەبارەت به کۆماری ئازەربایجان
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ ئازەربایجان
- ژمارەی کورده‌کانی ئازەربایجان
- شوێنه‌کانی نیشته‌جێبوونی کورده‌کان له ئازەربایجان
- ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کورده‌کانی ئازەربایجان
- سەرچاوه‌کان

• چەند زانیارییەك سەبارەت به کۆماری ئازەربایجان

کۆماری ئازەربایجان گەورەترین وڵاتی قەفقازە کە لە باشووروەوە لەگەڵ ئێران، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ ئەرمەنستان و تورکیا، لە باکووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ گورجستان و لە باکووروەوە لەگەڵ ڕووسیا هاوسنوور و دراوسێیە. هەروەها ئەم وڵاتە خاوەن سنووری ئاویی لەگەڵ وڵاتانی تورکمانستان و کازاخستان لە لێوارەکانی دەریای خەزەرە.

کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان کە لە ساڵی ۱۹۱۸ دامەزرا، لە ۱۹۲۰دا خرایە سەر ڕووسیا و لە ساڵی ۱۹۹۱ دا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنایەوە. ماوەیەك دواتر، لە سەردەمی شەڕی قەرەباغی کوێستانیدا، ئەرمەنستانی دراوسێی، قەرەباغی کوێستانی (ناگۆرنوقەرەباغ) و ناوچەکانی دەوروبەری و ناوچەکانی کرکی، یوخاری ئیسکیپارا، برخودارلی و سوفولوی داگیر کرد. کۆماری قەرەباغی کوێستانی کە لە قەرەباغ هەڵکەوتووە و ئێستاش هەر هەیە، هیچ وڵاتێك بە فەرمیی نەناسیوە ئەگەرچی بە شێوەی دوفاکتۆر لەدوای شەڕەوە وڵاتێکی سەربەخۆ بووە.

کۆماری خودموختاری نەخجەوان کە لە خاکی کۆماری ئازەربایجان جیا بۆتەوە و پارێزگای خودموختاری قەرەباغی کوێستانیی (ناگۆرنوقەرەباغ)یش یەکە فیدراڵەکانی کۆماری ئازەربایجانن. ناوچەی قەرەباغ و حەوت بەخشی دەوروبەری هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای کۆماری ئازەربایجان لە ماوەی شەڕی قەرەباغدا لەلایەن هێزەکانی ئەرمەنستانەوە داگیر کران.

ئەم وڵاتە کە تا ساڵی ١٩١٨ی زایینی هەرگیز ئازەربایجانی پێنەوتراوە، سەردەمێك ناوە کۆنەکەی «ئەڵبانیا» بوو. لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی کۆن بۆ وێنە پلیبیوس و ئیسترابۆنیش بە ناوی «ئەڵبانیا» ناوی هاتووە. بە بۆچوونی ژمارەیەك لە توێژەران، ئەڵبانیا لەسەرچاوە پارتی زمانەکان بە شێوەی «ئەردان» هاتووە. لە سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامیدا ئەم ناوەی بە ئەران و ئەلران نووسراوە. ئەم ناوە بەئەگەری زۆر پێوەندیی بە ناوی پارتیی «ئەدان»ەوە هەبێ. هەندێکجاریش بە دوو ناوی ئەران و شەروان باسی کراوە. دوای لشکرکێشییەکانی تەیموور و داستانی تورکمەنەکانی ئاق قوینلو و قەرەقوینلو بەرەبەرە ناوی ئەران لە کتێبەکان لابرا.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و ڕووس و دوای ئەوەی ئەم نیشتمانە خرایەسەر خاکی ڕووسیا، لە ساڵی ١٩١١ی زایینی حیزبی موساوات لەسەر خاکی ئێستای کۆماری ئازەربایجان دامەزرا. موساواتییەکان لە مارسی ١٩١٨ی زایینی ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان لە باکو وەڕێخست کە دوای ماوەیەك ناوچەکانی دیکەشی گرتەوە. ئەوان لە ٢٧ی مەی ١٩١٨ لە شاری تفلیس دەوڵەتێکیان پێك هێنا و بەناوی «کۆماری ئازەربایجان» سەربەخۆییان ڕاگەیاند. لە کۆتایی ١٩١٩ و سەرەتاکانی ١٩٢٠ دەوڵەتی موساواتییەکان تووشی قەیرانی سیاسیی و دارایی بوو. لە بەهاری ١٩١٩ لە ناوچەکانی موغان و لەنکەران دەوڵەتی شۆڕەوی دامەزرا. لە ٢٦ی ئاوریلی ١٩٢٠ دا کۆمیتەی ئینقلاب بە سەرۆکایەتی نەریمان

نه‌ریمانۆڤ پێك هات. له ۲۸ی ئاوریلی ۱۹۲۰ دەوڵه‌تی موساواتییه‌کان ڕووخا و کۆمیته‌ی شۆڕش دەسه‌ڵاتی له باکۆ به‌دەسته‌وه گرت و خۆی وەك دەوڵه‌تی «کۆماری شۆڕەویی سۆسیالیستیی ئازەربایجان» ناساند.

دوای ڕووخانی سۆڤێت له ساڵی ۱۹۹۱، کۆماری ئازەربایجان سەربه‌خۆیی خۆی ڕاگەیاند و «ئەیاز موته‌للیبۆف» ڕێبه‌ری حیزبی کۆمۆنیست وەك یه‌کەمین سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا و تا ئێستا ئەم کەسانەی خوارەوه وەك سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان کاریان کردووه:

۱ـ محەمەدیه‌مین ڕەسوڵزادە، دامەزرێنه‌ری حیزبی موساوات له ساڵانی پێش جێگیربوونی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت.

۲ـ ئەیاز موته‌للیبۆف ۱۹۹۱ ـ ۱۹۹۲

۳ـ ئەبولفەزڵ ئیلچی بیگ ۱۹۹۲ ـ ۱۹۹۳

٤ـ حەیدەر عەلییێف ۱۹۹۳ ـ ۱۹۹۸، ۱۹۹۸ ـ ۲۰۰۳

۵ـ ئیلهام عەلییێف ۲۰۰۳ ـ ۲۰۰۸، ۲۰۰۸ ـ ۲۰۱۳.

حەشیمەتی ئازەربایجان له ساڵی ۲۰۱۲دا نزیکەی ۹,۱۲۵ میلیۆن کەس بووه، زۆربه‌ی حەشیمەته‌کەی موسوڵمانی شیعەن. زمانی فەرمیی وڵات، تورکیی ئازەربایجانییه و له پەنا ئەویش، زمانه‌کانی ڕووسی، ئەرمەنی، لەزگی، کوردی، تالیشی و تاتی قسەیان پێده‌کرێ.[۲]

● سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کورد بۆ ئازەربایجان

ناوچه‌ی کوردستانی سووری پێشووی کۆماری ئازەربایجان (لاچین، که‌ڵبه‌جار، گویادلی (قوبادلی) و ناحیه‌کانی زەنگیلان) هەروەها ئەو کوردانه‌ی له کۆماری سەربه‌خۆی ئازەربایجان دەژین، به کورده‌کانی ئازەربایجان ناو دەبرێن.

شەڕی «قەرەباغ» که له ساڵی ۱۹۸۸ لەنێوان ئازەرییه‌کان و ئەرمەنییه‌کان

ڕوویدا، کوردەکانی دانیشتووی کوردستانی سووری بەتەواوی خستە دۆخی پەنابەرێتی نێوخۆییەوە. لە ئەنجامی داگیرکردنی کوردستانی سوور و ناوچەی سەربەخۆی کاراباغ (۱۹۹۲ ـ ۱۹۹۳) لەلایەن سوپای ئەرمەنییەکانەوە، ئەو کوردانەی لەوێ دەژیان، ناچار بوون پەنا بەرن بۆ هەرێمە جیاجیاکانی کۆماری ئازەربایجان. لاچین لە ۱۹۹۳/۵/۱۷، کەلبەجار لە ۱۹۹۳/٤/۱۲، گوبادلی لە ۱۹۹۳/۱۰/۲۹ـ۷/۳۱ داگیر کراون. کوردەکانی کوردستانی سووری پێشوو، ئێستا وەك پەنابەر لە هەموو پارێزگاکانی ئازەربایجان دەژین.

لەڕووی ژمارەوە کوردەکانی ئازەربایجان وا چەندین بەوەیە لەو وڵاتە دەژین. دەرفەتی ئەوەمان نییە بگەڕێینەوە بۆ کۆچەکانی بەر لە ساڵی ۱۵۸۷، بۆیەش وامان بەڕاست زانی کە ئەو کوردانەی ئێستا نیشتەجێی خاکی باکووری ئازەربایجانن، وەکو سەرەتایەکی مێژوویی و یەکەم نەوەی کوردەکانی ئازەربایجان بناسێنین کە لە سەدەی ١٦هەم بەو لاوە هاتوون. ئەم نەوەیە لەسەدا سەد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی تواندنەوە و لە هەموو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی دابڕاوە.

ئەو کوردانەی لەدوای ۱۵۸۷ەوە کۆچیان پێکراوە، ژمارەیان دەگاتە دەیان هەزار کورد، شوناسی عەشیرەیی خۆیان بزر کردووە و نامۆن لەگەڵ شوناسی نەتەوەییشیان.

ژمارەیەکی تریان ئەو کوردانەن کە لەدوای سەدەی ١٦هەمەوە، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەی ١٩هەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لە خاکی کوردستانەوە بۆ ئەو وڵاتە دوور خراونەتەوە.... [٣]

ژمارەی کوردەکانی ئازەربایجان: لە ئازەربایجان « ئەو پەنجا گوندەی شارۆچکەکانی گوڵباجار (کەڵباجار)، لاچین، کوباتلی، زەنگلەر (زەنگیلان) و نەخچەوان تا کۆتایی سییەکان بە گشتی کورد بوون، بەڵام ئێستا وەك

تێکەڵەیەکی ڕەگەزی دەریدەخەن و دەزگاکانی ئامار ژمارەی کورد یەکجار ناتەواو دەردەخەن. ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی کورد لەوێ ٤٢,٠٠٠ کەس بووە، بەڵام ساڵی ١٩٥٩ ژمارەکانی ئامار پووکاوەتەوە بۆ ٣٠٣ کەس، و ساڵی ١٩٧٠ بوون بە ٥٤٨٨ کەس. ئەوە لەخۆیدا دیاردەیەکی دژ بە ڕەوشە ئاساییەکەی پەرەسەندنی دێموگرافییە. گریمان کوردی موسوڵمان بەهۆی ژن وژنخوازی و خزمایەتی ناو نازەرییەکانی بۆ ئاینیدا توابنەوە، هێشتا مێشک هەرزەگۆیی ئەوتۆ و ژمارەی ئاماری لەم شێوەیەی پێ پەسند ناکرێت.

لەبەر نادروستی ژمارەکانی ئامار ناچارین بە بۆچوونی خۆ ژمارەی دانیشتووانی کوردزمان لە نازەربایجانی سۆڤیەتیدا دیاری بکەین، بەو پێیەی سەرچاوەکانی کوردی سۆڤیەت دەیگێڕنەوە. ژمارەیان لەنێوان ١٥٠,٠٠٠ و ٢٠٠,٠٠٠ کەس دایە. (٤)

کوردەکان یەکێک لە قەومەکانی نیشتەجێی نازەربایجانن کە لەژێر گوشاری تونديی تواندنەوە و ئاسیمیلەبوونداء ژمارەیان زۆر دابەزیوە، بە شێوەیەک ئەگەر کوردێک لەجێگەی ئەوەی خۆی وەک نازەربایجانییەک بناسێنێ، پێداگریی لەسەر شوناسی ئێتنیکی خۆی کردبوایە، توانای دۆزینەوەی کاری نەدەبوو.

پرۆفیسۆر کۆرنێل لەپێوەندیی لەگەڵ حەشیمەتی کوردەکانی نازەربایجان دەڵێ: «ئاماری کوردەکان زۆرە، هێندێک بە نزیکەی لەسەدا دەی حەشیمەتی ئەو وڵاتەیان لەقەڵەم داون». هێندێک لە سەرچاوە کوردییەکان ئاماژە بە هەبوونی ٢٠٠,٠٠٠ کەس کورد لە کۆماری نازەربایجان دەکەن، بەڵام لە ئاماری فەرمیدا گوتراوە تەنیا ١٢,٠٠٠ کورد لەم وڵاتەدا دەژین. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دوای ساڵی ١٩٣٠ بەرەبەرە سەرچاوە دەوڵەتییەکان بە ئانقەست زۆربەی کوردەکانیان لەباری قەومیەتەوە بە نازەربایجانی لەقەڵەم داوە. (٥)

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا بەم شێوەیە باسی ژمارەی کوردەکانی

ئازەربایجان کراوە:

«حەشیمەتی کوردەکانی ئازەربایجان بەپێی ئاماری ساڵی ۱۹۷۹، ۱۲ هەزار و ۲۲٦ کەس بووە، لە حاڵێکدا لە ساڵی ۱۹۲٦ زیاتر لە ۳۱۰۰ کەس بوون و لە ئێستادا ۳۷ هەزار و ۲۰۰ کەسن.»[٦]

تاهیر سلێمان سەرنوسەری ڕۆژنامەی «دیپلۆماتا کورد» لە ئازەربایجان لەبارەی ژمارەی کوردی ئازەربایجانەوە دەڵێت: «بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە خۆم کردوومە، نزیکەی ملیۆنێک و ۵۰۰ هەزار کورد لە ئازەربایجان هەن، بەڵام زۆربەیان ناسیمیلە بوون، واتە لەنێو کۆمەڵگەی ئازەریدا تواونەتەوە. دوکومێنت و بەڵگەنامە فەرمییەکان دەڵێن ۱۳ هەزار کورد لەو وڵاتەدا هەن.»[۷]

واتە بەهۆی نەبوونی ئاماریکی دروست و هەروەها هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ تواندنەوەیان لەنێو ئازەرییەکاندا، ناتوانین ڕێژەی دروستی ئەو کوردانە دیاری بکەین.

● شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئازەربایجان

لە ناوچەی زەنگیلان، کەڵباجار، قوباتلی، لاچین لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم.

۱ـ لە ناوچەی زەنگیلان.

۲ـ ناوچەی کەڵباجار لە گوند و شارۆچکەکانی ئاخجەکند، زەیلیك، ئورجلو، سویوخ بولاغ شورتانی سەروو و شورتانی خواروو.

۳ـ ناوچەی قوباتلی لە گوندەکانی زیلاتلی، کورت ماخروزلو، میرزاك و یردی مەلای سەروو (مولوی سەروو) و مەلای خواروو، سیلالی (جەلالی).

٤ـ ناوچەی لاچین لە گوند و شارۆچکەکانی ئاخ بولاخ، ئاخجەکند، بوزلو، زیرتی قەلاچە، کەمالی، قەرەکشیش، قەرەقشلاق، لاچین، مین کیند، میرك

چیراکلی، شه‌یلاملی.[۸]

له کتێبی «په‌یوه‌ندی نێوان کورد و ڕووسیا»دا جێگای ژیانی کورده‌کانی ئازه‌ربایجان به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه دیاری کراوه:

له ناوچه‌کانی زه‌نگێلان، کێلبه‌جار، قوباتلی، لاچین و ئیسماعیل، گه‌نجه. هه‌روه‌ها ناوچه‌ی ناگۆرنی قه‌ره‌باخی ئه‌رمه‌نینشین.[۹]

- **ڕه‌وشی ژیان و گوزه‌رانی کورده‌کانی ئازه‌ربایجان**

ئه‌گه‌ر به کوردی و به کورتی باس له ژیانی کورده‌کانی ئازه‌ربایجان بکه‌ین ده‌بێ بڵێین به‌داخه‌وه زۆربه‌ی ماوه‌ی ژیانیان له‌ناخۆشی و چه‌وساندنه‌وه‌دا به‌سه‌ر بردووه. بۆ ئه‌وه‌ی خوێنه‌ری خۆشه‌ویست به کورتی و به ڕوونی دیمه‌نێکی ژیان و گوزه‌رانی کورده‌کانی ئازه‌ربایجانی بێته پێش چاو، ئاوڕ له ڕه‌وشی ئه‌و کوردانه له سه‌رده‌می دوای پێکهاتنی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت ده‌ده‌ینه‌وه:

کوردی ئه‌م وڵاته له ناوچه‌کانی لاچین و که‌ڵبه‌جارِ ده‌ژین، به ئایین موسوڵمان و به مه‌زهه‌ب شیعه‌ن. له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی سۆڤیه‌ت مافی خوێنده‌واربیان هه‌بوو، قوتابخانه‌ی کوردی هه‌بوو، کتێبی کوردی قوتابخانه‌کان به‌زمانی کوردی و تیپی لاتینی چاپ ده‌کرا. به‌ڵام ئه‌مه زۆری نه‌خایاند و پێش جه‌نگی دووه‌می گێتی مافی نه‌ته‌وایه‌تی نه‌ما و کورد له‌ناو ئازربایجانییان توانه‌وه. هۆی سه‌ره‌کی بۆ ئه‌مه ئه‌وه‌یه که کورد و ئازربایجانی هه‌ر دوو لایان موسوڵمان و به مه‌زهه‌ب شیعه‌ن. دروشمی ده‌سه‌ڵات به‌ده‌ستانی ئازربایجان ئه‌وه‌بوو که «ئێمه موسوڵمانین!» دیاره به مانا ئه‌نتۆپۆلۆجیه‌که‌ی، نه‌ك به مانا ئاینییه‌که‌ی، ئیتر ئه‌مه بووه هۆی توانه‌وه‌ی کورد له‌ناو ئازربایجانییان.

دیاره ئه‌مه له‌سه‌ر کوردی تورکمانستانیش پیاده کرا و ئه‌وانیش «له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی ده‌سه‌ڵاتی سۆڤیه‌ت قوتابخانه‌ی کوردی و کتێبی کوردییان هه‌بوو

بە تیپی لاتینی، بەڵام پێش جەنگی دووەم ئەم مافەیان لێ سەندرایەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کوردی تورکمانستانی سۆڤیەت تا ئێستاش پارێزگاریی نەدگاری نەتەوایەتیی خۆیان کردووە، وەکو کوردی ئازربایجان مەترسی تووانەوەیان نییە. چونکە ئەمانە وەکو ووترا بەمەزهەب شیعەن و تورکمانەکان سوونەن. ئیتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی پارێزگاریی ناوەرۆکی نەتەوایەتی خۆیان بکەن.[۱۰]

« کاتێك لە ۷ی تشرینی دووەمی ۱۹۱۷دا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بوو، هەموو گەلان و نەتەوە بچووکەکانی ڕووسیای تەزاری بەرەو پیری چوون و بە هیوایەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بە لابردنی ڕژێمی تەزار ئاهێك بەبەریاندا بێتەوە و لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریان بێت و هەر هیچ نەبێت لایەنی کەمی مافە نەتەوەییەکانیان بەدەست بهێنن.

کوردەکانی قەفقازیش بە هەمان شێوە چاوەڕوانی دەرووبەك بوون کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆیان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە کۆمارەکانی قەفقاز یەکسەر نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە، بەڵکو دوای چەند ساڵێك، ئینجا ڕژێمی سۆڤێتی دروست بوو. ئازەربایجان لە بەهاری ۱۹۲۰ دا کەوتە دەست لایەنگرانی سۆڤێت. لە ئەرمینیاش لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بەڵشەفیکەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست. خۆ لە گورجستان تا سێ ساڵ دواتریش حوکم هەر بە دەستی مێنشەفیکەکانەوە بوو.

... چەوساندنەوەی کورد بەتایبەتی لە ئازەربایجاندا کاتێك پارتی موساوات لە ئەیلولی ۱۹۱۸دا دەسەڵاتی گرتەدەست، زۆرلە هی سەردەمی تەزار سەختتر بوو. د. کەمال مەزهەر دەڵێت: لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتیاندا موساواتییە ڕەگەزپەرستەکانی ئازەربایجان بێبەروا پەردەیان لە ڕووی ڕاستەقینەی شۆڤێتی خۆیان ڕامالی. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچە کوردەواریەکان لە ترسی ئەوان و داشناقەکانی ئەرمەنستان ناچار بوون بۆ ناو خاکی تورکیا و ئێران

هەڵبێن و دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەوان ئینجا توانیان بەرەبەرە بۆ مەڵبەندەکانی جارانیان بگەڕێنەوە.

هەروەها لەبارەی چەوساندنەوەی کوردەکانەوە، د. کەمال مەزهەر لە زمانی ـ بوکشپان ـ ەوە دەڵێت: ڕاوەدوونانی کورد و گاڵتەپێکردن بەزمان و دابونەریتیان پەرەی سەند، کورد بۆتە گاڵتەجاڕ و مایەی نوکتە لەسەردانان لەلایەن موساواتییەکانەوە کە توانیان جاروبار بەشێکی کەم خەڵکی هەرەدواکەوتوو ڕابکێشنە ئەم گێژاوەوە. هەر ئەو دەوروبەرە دانیشتووانی ژمارەیەک گوندی کورد سوێندیان خواردە دەسەڵاتی زمانی کوردی هەڵگرن... وەکو دانیشتوانی گوندی ـ کەمالین ـ ی ناوچەی لاچین.

... بێگومان ڕەفتاری شۆڤێنیانەی تورکە موساواتییەکان زۆرتر پاڵی بە کوردەوە دەنا بەدەم کارگێڕانی سۆڤێتیەوە بڕۆن و پشتگیری لە دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی بەلشەڤی بکەن، هەرچەندە جێگەی داخە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی وەکو ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و لە ئەرمەنستانی دراوسێدا ڕووی دابوو، لە ئازەربایجان ڕووی نەدا.[11]

پاش ماوەیەک مەڵبەندی کوردستانی سوور دامەزرا و دوای چەند ساڵ هەڵوەشێنرایەوە و تەنانەت کوردەکانی ناوچەکەش تووشی ڕاگواستن و دورخرانەوە بوون و ئازار و ناڕەحەتیی زۆریان بینی.

« لە دەیەی ۱۹۳۰ دا لەسەر ڕەگەزنامەی کوردەکان نووسرا «هاووڵاتی ئازەربایجان» و بەم شێوەیەش کوردبوون بەڕەسمی قەدەغە کرا. لەساڵانی ۷۰ی سەدەی ڕابردوودا تەنها ئۆرگانێك کە بەناوی کوردایەتییەوە مابوو، ژوورێك بوو سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی ئازەربایجان، بەڵام ئەویش هەڵگیرا و چیتر وشەی «کورد» لەو وڵاتە نەبیسترایەوە.

ئەمەی خوارەوە ڕەهەندە جیاجیاکانی بەزۆر ئاسیمیلەکردنی کوردەکانە لە

سەدەی بیستەمدا:

لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی ١٨٨٠ دا لە ناحیەکانی گوبادلیی ئێستا، لاچین، کەلبەجەر، زەنگیلان و جەبرایل دەوڵەت لیستێکی ناوی گوندەکانی ئامادە کردووە. لە لیستەکەدا ناوی ئەو گوندانەش هاتووە کە دانیشتووانەکەی بە زمانی کوردی قسە دەکەن: کۆر جەلالی، عەبدالار (ناوە کۆنەکەی شارۆچکەی لاچین)، زەرتی، کاری کەهاسی، مینکەند، کونابلی، کۆدەکلەر، مۆلو، شخۆڤا، گازی ـ کوردەلیلەر. پاش نەوەد ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٧٠ لەم گوندانە تەنانەت بەڵگەسیش بەبووە کە بە زمانی کوردی قسە بکات.

ساڵی ١٩٣١ لە گوندی زەریت (شارۆچکەی لاچین) کە دووەم نەوەی کوردەکانی ئازەربایجان دەگرێتەوە، لە ٢٨٠ کەس تەنها پێنج کەسی بەساڵاچوو، ئەویش بەزۆر چەند وشەیەکی کوردی لەبیر مابوو. دیسان هەر لە نەوەی دووەم، لە گوندی میریك (شارۆچکەی لاچین) کە حەشیمەتەکەی ٣٧٤ کەس بوو، ٣١ کەسیان، لە گوندی تاتلار (شارۆچکەی کەلبەجەر) کە ژمارەیان ٢٢٥ کەس بووە تەنها بەساڵاچووەکانیان توانیویانە بەزۆر بەخێچ و خواری کوردی قسە بکەن.

ئەوەش هەڵەیە کە دەوترێت کوردەکانی نەخجەوان زمانی خۆیان فەرامۆش نەکردووە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کوردەکانی گوندی کیلیتی سەر بە نەخجەوان، کە لە سەردەمی نادرشادا پەلکێشی ئێرە کراون، تەنها پیر و بەساڵاچووەکانیان هەندێك کوردییان دەزانی... [١٢]

شایانی باسە هەندێك لە کوردەکان بەشوناسی ئازەری توانیان بگەنە باڵاترین پۆستە پەسمییەکانی ئەو وڵاتە. ئیلهام حەیدەر، چوارەم سەرۆك کۆماری ئازەربایجانە. کوڕی حەیدەر عەلییێف ی سەرۆك کۆماری پێشووە. سەرۆکی حزبی ئازەربایجانی نوێیە. رامیز ئەنوەر ئۆغلو مەهدییێف،

سەرۆکی نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆماری ئازەربایجان، ڕاوێژکاری دەوڵەتی ئازەربایجان و مامۆستای ئەکادیمیای زانستە میللییەکانی ئازەربایجان. حاجی بالا ئەبوتالیبۆف، قایمقامی باکو. عەلیشانۆف عارف دوزەن ئوغڵو، ئابووریناسی ئازەربایجانی، ئەندامی ڕێکخراوی زانستە ئابوورییەکان، سەرۆکی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی ئازەربایجان. ڤاسف تالیبۆف ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی مەجلیسی بالای سەربەخۆی نەخجەوان. بەیلەر ئەیوبۆف لێپرسراوی پاسەوانە تایبەتییەکانی سەرۆک کۆمار.

حاڵی حازر لەناو کەسە چالاکەکانی نێمەدا ئەو ناوانە هەن: کامیل حەسەنۆف. سەرۆکی ناوەندی شارستانیەتی کوردیی (ڕۆناهی)، تاهیر سلێمان سەرنووسەری ڕۆژنامەی (دیپلۆمات)، هەروەها نووسەری کورد ئەحمەدی حەپۆ.

بەڵگە میژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە سەدەی ١٧هەمەوە لەسەر کوردەکانی ئازەربایجان پەیڕەو کراوە. پاشان لە سەدەکانی دواتردا کە ئاسەواری کوردەکانی شەددادی دیار نەماوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە لەدوای داگیرکردنی ئازەربایجان لەلایەن سەلجوقییەکانەوە، ئەو کوردانە ڕووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوە و پاکتاوکردن بوونەتەوە.

ئەو بەڵگانە وێڕای هەموو کەموکوڕییەکان دەیسەلمێنن کە ئەو کوردانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کوردستانی قەفقاس نیشتەجێ بوون، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەئاشکرا کار بۆ پاکتاوکردنیان کراوە. دەتوانین هۆکارەکانی پاکتاوی ڕەگەزی کە تا ئەو قۆناغە درێژەی هەبووە، بەچەند فاکتەرێک شی بکەینەوە:

١ـ لەو ناوچانەی کوردەکان تێیدا ژیاون، بەتایبەت لەسەر ئەو خاکانەی کە کوردستانی سوور بە جوگرافیای کوردستانەوە دەبەستێتەوە (خۆرئاوای کوردستانی سوور و هەندێک لە خاکەکانی باشووری خۆرئاوا تاکو ڕووباری

ئاراس)، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەرمەنی گوازرانەوە بۆ ئەو شوێنانە، هەروەها خەڵکی ئازەری هێنرا بۆ ئەو خاکانەوە، بەرەبەرە کوردەکان توانەوە و لە کوردبوونی خۆیان دابڕان.

٢ـ دابڕانی ئەو کوردانە تەنها لە خاکی کوردستانی گەورە نەبوو، بەڵکو لەناو خۆشیاندا لێك دابڕان، بەهۆی پێشهاتە سیاسییەکانەوە، خەڵکێکی زۆر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئاوارە بوون، هەندێك کەس لە دەست گوشارە سیاسییەکانی عەشیرەتەکەی ڕایکردبوو، ئەمەش وایکرد خەڵك زوو زوو جێگۆرکێ بکات و دابڕانەکان هێندەی تر قووڵ بوونەوە. کوردەکانی کوردستانی سوور، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەیەکجاری لە بەشەکانی تری نەتەوەکەیان دابڕان و تووشی جۆرێك لە گۆشەگیری بوونەوە. ئافەریانۆف، یەکێك لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی سوپای ڕووسیا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسیویەتی: کوردەکانی ئەیالەتی یەلیزاڤێتپۆل بە تەواوی لە کوردی ناوچەکانی تری ڕووسیا دابڕاون و گۆشەگیر کراون.

٣ـ جموجۆڵی بەردەوام، کۆچکردن لە کەشوهەوای سەختدا، هەڵچوون بە شاخە ئاسێکاندا، هەمووی وایکردووە پەیوەندییە عەشارییەکان لاواز بن، لەکاتێکدا پەیوەندیی عەشایەری ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی چۆنایەتی نەتەوەیی.

٤ـ خەڵکی کوردستانی سوور کە لەڕووی نەتەوەییەوە تووشی گۆشەگیری بوون، بەدرێژایی سەد ساڵ پەیوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان لەگەڵ ئازەرییەکان و تارادەیەکیش ئەرمەنییەکان هەبووە. پێداویستیە سەرەکییەکانی ئەو کوردانە کە زیاتر بە کاری ئاژەڵداریەوە سەرقاڵ بوون، لەڕێی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ خەڵکی ئازەرییەوە دابین کراوە... ئەمەش فێربوونی زمانی ئازەری بۆ ئەوان کردۆتە ناچارییەك.

٥ـ په‌یوه‌ندیی ئابووریی به‌رده‌وام و لاوازبوونی په‌یوه‌ندییه عه‌شاییه‌کان، وایکرد له‌سه‌ر زه‌مینه‌ی ئایینی هاوبه‌ش، خزمایه‌تی له‌نێوان کورده‌کان وئازه‌رییه‌کاندا زیاد بکات.

٦ـ هاودینی له‌و ولاته‌دا وایکردووه (کورده‌کانی ئازه‌ربایجان وه‌ك ئازه‌رییه‌کان شیعه‌ن) که نه‌ته‌وایه‌تی به پله‌ی دووه‌م بێت و له که‌شێکی وه‌هاشدا نزیکایه‌تی کورد و ئازه‌ری زۆر به‌هێز بووه.

هه‌موو ئه‌مانه له‌گه‌ڵ خۆشکردنی زه‌مینه‌ی پاکتاوی ڕه‌گه‌زی، به‌ره‌به‌ره جێبه‌جێکردنه‌که‌شی مسۆگه‌ر کردووه. سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌وانه‌ی که باس کرا، تاکو سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی بیسته‌م ئه‌و پاکتاوی ڕه‌گه‌زییه‌ی له‌سه‌ر کورده‌کان په‌یڕه‌و کراوه، بێگومان به زۆره‌ملێ کراوه و به ویستی کورده‌کان خۆیان نه‌بووه[١٣]

له کۆتایی ئه‌م بابه‌ته‌دا پێم باشه قسه‌یه‌کی ڕێزدار تاهیر سلێمان سه‌رنووسه‌ری ڕۆژنامه‌ی «دیبلۆماتا کورد» له ئازه‌ربایجان، به‌بیر بێنمه‌وه که ده‌ڵێت: «هیوادرام ئه‌وه‌ی به‌سه‌ر کوردی قه‌فقاسیا هاتووه، به‌سه‌ر گورگی چۆڵایی و شاخه‌کانیش نه‌یێت! تاوه‌کو ئێستا دوو گۆڕی باب و باپیرانمان له یه‌ك شوێن نییه».[١٤]

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/یەکەم

١. ڕەمەزان کەریم، وردەکاریی پەرش و بڵاوبوونەوەی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، (www.faceiraq.com/inews.php?id=1473208)

٢. ویکیپیدیای فارسی.

٣.کەریم، ڕەمەزان، کوردەکانی ئازەربایجان، 18/3/2013، www.knwe.org.

٤. کۆمەڵێک نووسەر. گەلێکی پەرمووردە و بێستمانی پەرت. وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٢، ل ل٣٥٨ و ل٣٥٩.

٥.ویکیپیدیای فارسی

٦. هفتەنامە سیروان، www.sirwanweekly.com/Default.

(aspx?page=Complete&cp=2147

7. www.rudaw.net/sorani/world/14092013

٨. هەورامی، د.ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ١٩.

٩. عەلی، ئارام، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لیرە، سلێمانی، ١٩٩٩. ل ١٦٥.

١٠. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. ٤٥ ـ ٤٦.

١١. عەلی، ئارام، س.پ. ل ١٣٧ ـ ١٣٩.

١٢. کەریم، ڕەمەزان، کوردەکانی ئازەربایجان، 27/3/2013، www.knwe.org.

١٣. کەریم، ڕەمەزان، س.پ. ٢٠١٣/٤/١٦.

١٤.سەرچاوەی ژمارە ٧.

- **دووەم: کوردەکانی ئەرمەنستان (ئەرمینیا)**
  - چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی ئەرمەنستان
  - سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ ئەرمەنستان
  - ژمارەی کوردەکانی ئەرمەنستان
  - شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئەرمەنستان
  - ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەرمەنستان
  - پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کوردەکان لە ئەرمەنستان
  - چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی ئەرمەنستان
  - یادێک لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان (ئێرەوان)
  - سەرچاوەکان

- **چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی ئەرمەنستان**

ئەرمەنستان (ئەرمینیا) لە قەفقازیای باشوور (ئەودیوی قەفقاز) لەنێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەر هەڵکەوتووە کە بە سنووری نێوان ئاسیا و ئەوروپا لەقەڵەم دەدرێت. ئەو وڵاتە لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ تورکیا، لە باکوورەوە لەگەڵ گورجستان (جۆرجیا)، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران و کۆماری خۆبەڕێوەبەری نەخجەوان (بەشێک لە

کۆماری ئازەربایجان) هاوسنوور و دراوسێیە.

پانتایی خاکی ئەرمەنستان ۲۹۸۰۰ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و حەشیمەتەکەی نزیکەی ۳,۲۰۰,۰۰۰ کەسە. پایتەختەکەی شاری یەریڤان (ایروان)ـە و لە یازدە پارێزگا بە ناوەکانی ئاراگاتسوتێن، ئارارات، ئارماویر، گوغارکونیك، کوتایك، لورین، شیراك، سیونیك، تاووش، وایوتس جور و یەریڤان (ئیرەوان) پێك هاتووە و گرنگترین شارەکانیشی بریتین لە: یەریڤان، گیومری، وانادزور، ئەچمیادزین، هەرازدان، ئابوویان، ئارتاشات، ئارماویر، گاوار، گوریس، ئاشتاراك، ئەستیاناوان، ئەسپیتاك، جارنتساوان، سوان، سیسیان، ئیجوان، ئارتیك و دیلیجان.

ئەرمەنستان بە درێژایی مێژووی خۆی شوێنی پێکدادانی وڵاتگران و شەڕگەی ئیمپراتۆرییە جۆراوجۆرەکان بووە. لە ۲۷۰۰ ساڵ لەمەوبەر تا ئێستا لەلایەن ئیمپراتۆرییەکانی ئێران، ئەسکەندەر، ڕۆم، بیزانس، خەلافەتی ئیسلامی عەرەبەکان، مەغوولەکان، تاتارەکان، عوسمانییەکان و ڕوسییەکان داگیر کراوە. لەو ماوەیەدا پاشایەتیە جۆراوجۆرەکانی ئەرمەنستان توانیویانە نزیکەی ۱۷۰۰ ساڵ دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بەدەستەوە بگرن.

ئەرمەنستان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەشێك لە ئێران بووە و کولتوورەکەی کاریگەرییەکی زۆری کولتووری ئێرانی بەسەرەوەیە. دوای ڕووخانی پاشایەتی ئەرمەنستان لە ساڵی ٤٢٨ی زایینی، ئەم ناوچەیە جارێکی دیکە بوو بە بەشێك لە ئێران... لە سەردەمی سەفەوییەدا ئەرمەنستان شوێنی شەڕ و کێشمەکێشەکانی دوو ئیمپراتۆرییەتی سەفەوییە و عوسمانی بوو و یەریڤان چەندین جار لەلایەن هێزەکانی عوسمانییەوە داگیرکرا. بەپێی ڕێککەوتنامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینی ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات کە یەریڤانیشی دەگرتەوە، چووە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییە و ئەرمەنستانی ڕۆژئاوا (ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەمڕۆ بە ناوەندێتی شارەکانی ئەرزڕۆم، سیواس و وان) لەژێر دەستی

عوسمانییەکاندا بوو. لە شەڕەکانی نێوان ئێرانی قاجاری و ڕووسیا تیزاری لەسەر قەفقاز ناوچەی سیونیك هەڵکەوتوو لە باشووری ئەرمەنستانی ئێستا کەوتە بەردەستی ڕووسیا و ...لە خولی دووەمی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیای تیزاری لە ساڵی ١٨٢٧ی زایینی کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی فەتحەلی شاری قاجاردا ڕووی دا، سوپای ئێران بە فەرماندەیی عەبباس میرزا لە بەرامبەر سوپای ڕووسیا بە فەرماندەیی پاسکۆویچ تووشی شکست بوو. دواتر بەپێی پەیماننامەی تورکمانچای، ئەرمەنستان بە فەرمی لە ئێران جیا بۆوە و بوو بە بەشێك لە ڕووسیا.

لە ساڵی ١٩٢٠ تا سەردەمی لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت، ئەرمەنستان لەژێر ناوی کۆماری سۆسیالیستیی ئەرمەنستانی سۆڤیەت، یەکێك لە ١٥ کۆمارەکەی پێکهێنەری یەکێتیی سۆڤیەت بوو. لە ساڵی ١٩٩١ دوای هەڵوەشانەوە سۆڤیەت بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ.

کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان: لە ڕابردوودا ناوەندی سەرەکی حەشیمەتی ئەرمەنیەکان ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا بەتایبەت ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان بوو. پاکتاوکردنی ئێتنیکیی ئەرمەنییەکان لە ساڵەکانی ١٩١٥ و ١٩١٦ لەلایەن حکومەتی تورکە لاوەکانی تورکیا بوو بە هۆی ئەوەی بە سەدان هەزار ئاوارەی ئەرمەنی خۆیان بگەیەننە ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات (ئەرمەنستانی ئێستا). بە هۆی ئەم نەژادکوژییەوە زیاتر لە ملیۆنێك و حەوتسەد هەزار ئەرمەنی گیانیان لەدەست دا و نزیکەی دوو ملیۆن کەسی تر بە ناچاری زێدی خۆیان جێهێشت.

زمانی ئەرمەنی یەکێك لە زمانە هێندوئوروپاییەکانە کە لە ناوچەی قەفقاز و بە تایبەت لە وڵاتی ئەرمەنستان باوە. ئەم زمانە بە خەتی تایبەت بە خۆی واتە ئەلفوبێی ئەرمەنی کە لەلایەن مەسروب ماشتوتێس داهێنراوە، دەنووسرێ...

ئەرمەنی دوو شێوەزاری گەورە و سەرەکی هەیە: یەکێکیان ئەرمەنی ڕۆژهەڵاتی و ئەویتر ئەرمەنی ڕۆژئاوایی. زمانی فەرمیی وڵاتی ئەرمەنستان بە شێوەزاری ئەرمەنیی ڕۆژهەڵاتییە. کۆی ئاخێوەرانی زمانی ئەرمەنی لە دنیادا ٩ ملیۆن کەسە. بێجگە لە زمانی ئەرمەنی، لەم وڵاتەدا لە بەشی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا زمانی «کوردی»ش باوە و بەکار دەهێنرێ. هەروەها زمانی ڕووسیش لەم وڵاتەدا لەلایەن خەڵکێکەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

خەڵکی ئەرمەنستان بە درێژایی مێژوو زەردەشتیی مەزداپەرست بوون کە جیاوازیی لەگەڵ لقی زەردەشتیی زەروانیی ساسانییەکان هەبوو. ئەرمەنییە زەردەشتییەکان زیاتر جەخت لەسەر پەرستنی خۆر و ڕووناکی دەکەنەوە بەڵام دوای ئەوە، ئایینی مەسیحییەت لەم ناوچەیەدا بڕەوی سەند. لە ساڵی ٣٠١، ئەرمەنستان یەکەمین وڵات بوو کە مەسیحییەتی وەك دینی فەرمیی وڵات هەڵبژارد. (دوازدە ساڵ پێش ڕۆما).[1]

- **سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ ئەرمەنستان**

بەڵگەی مێژوویی تێروتەسەل لەبەردەستدان سەبارەت بەوەی کە چەندین هۆزی کوردی جیاواز لەنێوان سەدەی ١٠ بۆ ١٢ دا لەسەر خاکی ئەرمەنستانی ئێستا ژیاون. پێش زایین و دواتریش، لە سنووری دەوڵەتی ئەلبانیدا کە بەشێك لە خاکی ئەرمەنستانیشی دەگرتەوە، کوردەکان هەر لەسەر ئەو خاکە بوون و دەوڵەتی میخرانیش کە دەوڵەتێکی کوردی بووە (سەدەی ٦ بۆ ٧) ناوچەکانی نەخجەوان و زەنگەزوری لەخۆ گرتووە. کاتێك هەموو ئەمانە دێنینە بەرچاوی خۆمان، دەزانین کە مێژووی کورد لەسەر ئەو خاکانە درێژ دەبێتەوە، پاشان لە ناحیەکانی ڤەدی و ئارارات ئەرمەنستانەوە تێدەپەڕێت و دەگاتە قەزای زەنگەزوری ئەمڕۆ، ئەوە کوردستانی سوورە و دەیسەلمێنێت کە کورد لەسەر

خاکی ئه‌رمه‌نستانی ئێستا، مێژینه‌یه‌کی کۆنیان هه‌یه.[۲]

هه‌روه‌ها له ماوه‌ی زه‌مه‌نیی جۆراوجۆردا کورده‌کان له شوێن و ناوچه‌کانی دیکه و یه‌ك له‌وان له ناوچه کودنشینه‌کانی تورکیاوه، به هۆکارگه‌لی جۆراوجۆر ڕوویان له ئه‌رمه‌نستان کردووه.

● **ژماره‌ی کورده‌کانی ئه‌رمه‌نستان**

به‌هۆی پێشکه‌وتنه سیاسی و سه‌ربازییه‌کانی ناوچه‌که، کورده‌کان له‌ێوان ئه‌رمه‌نستان و کوردستان و ناوچه‌ی ولاتیشدا کۆچی به‌کۆمه‌ڵیان زۆر کردووه له ئه‌نجامی ئه‌و کۆچانه‌دا، ساڵی ۱۸۳۰ له ئه‌رمه‌نستان ۱۵ هه‌زار و ۲۱۵ که‌س (۹,٤ی ژماره‌ی گشت دانیشتووان) کورد هه‌بوون. له ۱۸۵۰ دا ئه‌و ژماره‌یه دابه‌زیوه بۆ ۸ هه‌زار و ۸۹ که‌س (۳,٤ی ژماره‌ی گشت دانیشتووان). به‌م ئاماره‌وه بۆمان ده‌رده‌که‌وێت که ۷ هه‌زار و ۱۲٦ کورد له‌جێی خۆیان نه‌ماون و که‌م بوونه‌ته‌وه. دوابه‌دوای شه‌ڕی قرم (۱۸۵۳ ـ ۱۸۵٦) و شه‌ڕی ڕووس و تورك (۱۸۷۷ ـ ۱۸۸۸)، کورده‌کان له‌و جوگرافیایه ژماره‌یان به‌رز بۆته‌وه.

له سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م، له ویلایه‌تی ئه‌رمه‌نستان ژماره‌ی کورده‌کان ده‌گه‌یشته ۱۰ هه‌زار و ۷۳۷ که‌س، له کۆتاییه‌کانی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا، ئه‌و ژماره‌یه گه‌یشتبووه ۳٦ هه‌زار و ۱۸۸ که‌س. به‌گوێره‌ی ئه‌نجامی سه‌رژمێرییه‌کانی سنووری ئیمپراتۆریی ڕووسیا له ساڵی ۱۹۰۳، له کۆی ۳۷ هه‌زار و ٦۸ کوردی ئه‌یاله‌تی یه‌ریڤان، ۱۵ هه‌زار و ۱۵۲ که‌سیان له سوورمه‌لی، ٦ هه‌زار و ٤٦۱ که‌سیان له ئه‌چمیه‌دزین، ۳ هه‌زار و ۹٦۲ که‌سیان له ئه‌لیکساندراپۆل، ۱۱ هه‌زار و ٤۹۳ که‌سیان له قه‌زاکانی یه‌ریڤان، نه‌خجه‌وان و شه‌ڕور ـ ده‌ره‌له‌ز نیشته‌جێ بوون.[۳]

به‌ڵام به گوێره‌ی سه‌رچاوه‌یه‌کی دیکه «ژماره‌ی کوردی ئاواره به گوێره‌ی

ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ لە ئەرمینیا کردوویەتە نزیکەی ٣٧,٤٨٦ کەس. یەك لە سێی ئەو ژمارەیە لە یەریڤان دەژین و ئەوانی دی دابەش بوون بەسەر ٢٢ گوندی دوو شارۆچکەی «ئالاکۆیز» و «تالین». و چەند گوندێکی ئاوێتەی کوردی ـ ئازەری و کەمتر کوردی ـ ئەرمەنی.[٤]

بەهۆی هاتووچۆ و ڕاگواستنی زۆر و کۆچکردن لە کاتە جۆراوجۆرەکاندا بێگومان ئاماری دانیشتووانی کوردی نێو هەریەك لەم وڵاتانە جۆراوجۆرە و سەرچاوەکانیش ئاماری جیاواز بەدەستەوە دەدەن.

● شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ئەرمەنستان

کوردەکان لە سەدەی ١٩هەمدا، لەو قەزایانەی ئەرمەنستان نیشتەجێ بوون کە سەر بە ئەیالەتی یەریڤانی کۆنن: شەروور ـ دەرەلەز، ئەلیسکاندراپۆل، نەخجەوان، نۆقۆبایەزید، یەریڤان، ئەچمیەدزین و سوورمەلی.[٥]

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کورد لە ئەرمەنستان لەم ناوچانەی خوارەوە ژیان بەسەر دەبەن:

ناوچەکانی ئالاران، ئارتاشات، ئارتی، ڤیدین، باسارگیچار، دیلیجان، کوتائیس، تالین، ئەچمیادزین، شائومیان، ناوچەی ئاپاران، ئەکتیمبریان و شاری ئیرەڤان (یەریڤان).

● کوردی پشت قەفقاس لە سەدەی ١٠ـەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم:

١ـ کوردی ناوچەی ئاپاردان لە گوند و شارۆچکەکانی ئالاگیز، گونداخساز (قونداخساز)، جارجاریس، کوریولاخ، پامبی کوردی، کوروبوگاز، جاموشلوی بچوك، میراك سەنگار (سەنگیار)، چوبان ماز کەخیل و هۆزەکانی، محەمەدی

ڕۆژکی، سپیکی بیلا (بیئیلا).

۲ـ کوردی ناوچەی باسار گیچا له گوندەکانی گەیسو (غەیسو)، کەیاباشی، کوربولاخ کەیر (کیرد) که هۆز و خێڵەکانی باشکی، کەرالّی و شاڤیلکی لێ دەژین.

۳ـ کوردی ناوچەی دلیجان، له گوندەکانی گولەڤینو، سیمینوڤکا زۆربەیان له هۆزی جەلالین.

٤ـ کوردی ناوچەی نوکتەمبیرن له گوندەکانی ئایگیشات، ئایکەڤان، مەرگەشات سۆڤێتەکان کە هۆز و خێڵەکانی ڕوموشی و شەرکی تێدا دەژین.

٥ـ ناوچەی تالین له گوند و شارۆچکەکانی ئاکسکو، بایسیز، گلتو (گیلتو)، دیان زافیستان، کەلاش بەگ، کەلاخ تالا، کشل ئامار، کانارلاگ، کانارخاچ، کامیرگوخ، سادون چی، سایرانس، سیچانلو (ئافتونا)، سوریك تەلیك (تەلەك) که هۆز و خێڵەکانی زوکوری، ئورتولوو، ڕەشی، ڕۆژکی، سیپکی، حەسەنی لەوێن.

٦ـ ناوچەی شائومپان (تا ۱۹٦٦ ناوی زەنگی باسار و پێش ئەوەیش ناوی ناوچەی ئارتاشات بووە) ئەچیرلووی سەر و خوار و هۆز و خێڵەکانی بروکی.

۷ـ ناوچەی ئەچمیادزین له گوندەکانی ئایارلو، کوروکیند (کیوروکیند) کە هۆز و خێڵەکانی شەرکی، دیڤنا تێیاندا دەژین. (٦) هەروەها لە هێندێك لە گەڕەکەکانی یەریڤان وەك جەردیش، ئاوان، چواریاغ و مەلاتیە بەزۆری کوردەکان نیشتەجێن.[۷]

لە کتێبی «پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا»دا جێگای ژیانی کوردەکانی ئەرمەنستان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کراوە:

لە ناوچەکانی ئەباران، ئەشتەرناك، ئەرتەشات، ئەرتی، ڤێدین، باسارگێچار، دیلیژان، کۆتایك، ئۆکتێمبێریان، تالین، ئێچمیادزێ، لەگەڵ یەریڤان و هەندێك شاری تری ئەرمەنی. هەروەها لە ناوچەی نەخچەوان، کە کۆمارێکی خاوەن ئۆتۆنۆمییە و لەناو سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئەرمینیا دایە.[۸]

● **ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەرمەنستان**

کوردەکانی ئەرمینیا هەرچەندە ناوچەیەکی نۆتۆنۆمی تایبەتیان نەبوو، بەڵام حکومەتی ئەرمینیا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بایەخی بە کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تر داوە. لە ساڵی ۱۹۲۱ دا کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا بەشی کەمایەتی نەتەوەیی دروستکرد کە ڕۆڵێکی باشی لە ڕێکخستنی ژیانی کورد و چاککردنی پەیوەندی نێوان کورد و ئاسوری و ئەرمەن و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تردا بینی. لە ساڵانی ۱۹۲۶ - ۱۹۲۷ دا کورد، کە ۱٪ی دانیشتووانی ئەرمینیای پێکدەهێنا، ۵٪ی زەوییان بەسەر دابەشکرا و لە دواییشدا گەیشتە ۲۰٪. جگە لەوەی لە باجدانیش ڕزگار کران.(۹)

کوردەکانی ئەرمەنستان بە گشتی گوندنشینن و خەریکی کاری ئاژەڵداری و وەرزێرییەن. بەشێکیشیان بەتایبەت خوێندەوارەکانیان لە شاری یەریڤان یان شارەکانی گومریە، سیڤان، ئارتاشاك، ئاشتراك، خەریکی کارە ئیدارییەکانن یان لە بازاڕەکاندا خەریکی پیشەی جۆراوجۆرن.(۱۰)

● **پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کوردەکان لە ئەرمەنستان**

لەم بارەیەوە دەبێ بڵێین کە کوردەکان هەم پێوەندییەکی باشیان لەنێوخۆیاندا پێکەوە هەیە و هەمیش لەگەڵ ئەرمەنەکان.

ئا - پێوەندییەکانی نێوان کوردەکان:

هەروەك باس کراوە لە ئەرمەنستان کوردەکان بە یەزیدی و موسوڵمانەوە پێکەوە دەژین. لە ڕابردوودا پێوەندییەکانیان پێکەوە زۆر باش نەبوو، بەڵام ئێستا کۆتایی بەم بابەتە هاتووە و لە شادیی و شیوەندا پێکەوەن و ...

ب - پێوەندییەکانی نێوان کوردەکان و ئەرمەنییەکان:

کـوردەکان و ئەرمەنییـەکان پێوەندیـی زۆر باشـیان پێکـەوە هەیـە و لـە بنەڕەتـدا پێوەندییەکانـی نێـوان کـورد و ئەرمـەن خـاوەن زۆر خاڵـی هاوبەشـە. هـەردوو نەتەوەکە خاوەن بەسـەرهات و ئازاری مێژوویی هاوشـێوەن. لەباری مێژووییشـەوە دەتوانـرێ لێکچوونـی زۆر لـە شـوێنە مێژووییەکانیانـدا ببیـنرێ. قـەڵای یەریڤانـی کـۆن کـە پێشـینەیەکی ۲۷۰۰ سـاڵی هەیـە، دەتوانـرێ لەگـەڵ قـەڵا مێژووییەکانـی کوردسـتان بـۆ نموونـە لـە دیاربەکـر، وان یـان هەولێـر بـەراورد بکـرێ. هەروەهـا هـەردوو نەتەوەکـە لـە ڕەسـەنترین نەتەوەکانـی ناوچەکـەن و خـاوەن دابونەریتـی تایبـەت بـە خۆیانن.

عومەر سەردار نووسەری ناسراوی کوردی ئەرمەنستان، کە خاوەن چەندین بەرهەمە و ئێستا سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ئەرمەنستانە، لە وەسفی دۆستایەتیی نێوان نەتەوەکان دەڵێ: «نەتەوەیەك کە خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەند بێت، هەرگیز لە پێکەوەژیان لەگەڵ خەڵکی دیکە ناترسێت، بەڵام ئەو نەتەوانەی مێژوویەکی ڕوونیان نیە و ڕۆشنبیرەکانیان تەواوی هەوڵیان بۆ مێژوو سازکردن بێت، بەردەوام لە دڵەڕاوکێ دان و خەریکی بیانوو دۆزینەوە و دروستکردنی قەیران بە دژی نەتەوەکانی دیکەن. ناویراو گوتی: هەم کوردەکان و هەم ئەرمەنەکان لەو نەتەوانە نین کە لە پێکەوەژیان لەگەڵ یەکتریان نەتەوەکانی دیکە بترسن. وەك ئەوەیکە هێندێك لە نەتەوەکان ئەنجامی دەدەن.»

ڕۆستەم جاسـم مامۆسـتای زانکـۆی یەریڤـان و یاساناسـی کـورد کـە خـۆی بۆ هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی شەشـەمی ئاپریلـی ئـەو وڵاتـە کاندیـد کردبـوو و حیزبەکەیـان ۳٦ کورسـی بەدەسـت هێنابـوو، بـەم شـێوەیە باسـی لـە کۆمەڵگـەی ئەرمەنسـتان دەکـرد: « ئەرمەنسـتان کۆمەڵگەیەکـی ڕۆشـنبیرە. هەربۆیـە ئەرمەنییـەکان و کـوردەکان پێکـەوە دەسـازێن و لـەم دوو سـاڵی دواییـدا سـەرۆك کۆمـاری ئەرمەنسـتان بەشـداریی لـە ڕێوڕەسـمی نـەورۆزی کوردەکانـدا کـردووە.

لێرەدا ناکرێت باسی ڕوانگەی پێکهاتەی سۆسیالیستی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو وڵاتە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو نەکرێت. ڕووسەکان ڕۆڵێکی ئەرێنیان لە پێکەوەگونجانی نەتەوەکان پێکەوە بە میرات جێهێشتووە. هەردوو نەتەوەکە، ڕووس نەك وەك نەتەوەیەك بەڵکوو وەك کولتوورێکی دەوڵەمەند سەیر دەکەن چونکە لە ڕووسیای سۆسیالیستیدا ڕێز لە مافی نەتەوەکان دەگیرا. ڕووسەکان هیچکات نەتەوە و زمانەکانی دیکەیان بە مەترسی بۆ سەر نەتەوەکەی خۆیان نەدەزانی، بەڵکوو دەرفەتی پەرەپێدانی کولتوری بەتەوەیی خۆیانیان بیدەدان و لە سایەی بەم ڕوانیەدا کولتووری بچوکەکان گەشەیان دەکرد.»

دوو گۆرانییێژی ئەرمەنی کە هیچ کامیان لەژیاندا نەماون، وەك هێمای یەکێتیی و برایەتی نێوان کورد و ئەرمەن دەناسرێن. «کارابت خواچو» و «ئارام تیگران» کە تەواوی تەمەنی خۆیان لەڕێی ئاوازی کوردیدا بەسەر برد. دەنگی ئەم هونەرمەندانە لای ملیۆنان کورد دەنگێکی ئاشنایە. ئەم دوو هونەرمەندانە ژیان خۆیان و خزمەکانیان بە قەرزداری کوردەکان دەزانی لەبەرئەوەی لەدەست تورکە عوسمانییەکان ڕزگاریان کردبوون...

شەڕەکانی ساڵی ١٩٩٤ی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان بوونە هۆی کۆژران و کوشتاری بەکۆمەڵی کورەکانی ناگۆرنوقەرەباغ. هێزە ئازەرییەکان، کوردەکانیان کردە سپەری بەڵا و هێڵی پێشەوەی شەڕ و هێزەکانی ئەرمەنییش کوردەکانیان کۆمەڵکوژ کرد. چونکە شوێنی تێکهەڵچوونەکەیان بە گشتی ناوچە کوردنشینەکان بوون. چارەنووسی ڕووداوەکانی لاچین و کەلباجار لە ناگۆرنوقەرەباغ کە سەردەمێك بە کوردستانی سوور ناسرابوو، شەڕی چاڵدێرانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی بەبیر دەهێنایەوە. کوردەکانی ئەرمەنستانی بەم بابەتە زۆر هەستیار بوون و لاوانی کورد خۆیان لە چوونە

سه‌ربازی (عه‌سکه‌ری) ده‌بوارد و له‌و سالّانه‌دا به هه‌زاران لاوی کورد له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌کانیان به‌ره‌و ڕووسیا کۆچیان کرد و ئه‌مه‌ش زیانی به حه‌شیمه‌تی کورده‌کان له ئه‌رمه‌نستان گه‌یاند.[۱۱]

● **چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کورده‌کانی ئه‌رمه‌نستان**

له کۆتایی بیسته‌کان و سه‌ره‌تای سییه‌کان ئه‌رمینیا بوو به ناوه‌ندێك بۆ گه‌شه‌کردنی که‌لتوور و ڕۆشنبیریی کورد له یه‌کێتی سۆڤێتیدا. ئه‌وه بوو چێنێك له ڕۆشنبیرانی کورد دروست بوو له ماوه‌ی ۱۵ ساڵدا که ڕۆڵێکی به‌رچاویان هه‌بوو له په‌ره‌پێدانی که‌لتوور و ڕۆشنبیری نه‌ته‌وه‌ی کورد، هه‌روه‌ها ژماره‌یه‌کی زۆریان له کێبی قوتابخانه و ئه‌ده‌بی و سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی به زمانی کوردی له‌چاپ دا له ساڵی ۱۹۲۱ تا ساڵی ۱۹۲۹، که ئه‌لفه‌بێی ئه‌رمینیان به‌کار ده‌هێنا له نووسینه‌وه ئه‌ده‌بی کوردی که ئه‌م ئه‌لفه‌بێیه‌ش دانرا بوو له‌لایه‌ن (ئاکوب کازرایان) پسپۆڕ له ئه‌ده‌ب و زمانی کوردیدا و به جۆرێك دابنابوو بگونجێت له‌گه‌ڵ داواکاری و پێویستییه‌کانی زمانی کوردی، له ساڵی ۱۹۲۹ بۆ چاپکردنی به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بیه‌کانی کورد ئه‌لفوبێی لاتینیان به‌کار ده‌هێنا ئه‌مه‌ش به بڕیارێکی حکومه‌تی ئه‌رمینی، ئه‌م ئه‌لفوبێیه‌ش له‌لایه‌ن نووسه‌ری کورد و که‌سایه‌تی کۆمه‌ڵایه‌تی (عه‌ره‌ب شامیلۆف) و (ئیساك موروغلووف)ی ئاشووریه‌وه دانرا. له کانوونی دووه‌م و شوباتی ساڵی ۱۹۲۲ کورده‌کان به‌شداریان کرد له ده‌سته‌ی باڵای ته‌شریعیی ده‌وڵه‌ت له کۆنگره‌ی یه‌که‌می ئه‌رمینیای سۆڤێتی، له‌و کۆنگره‌یه‌شدا ده‌ستووری کۆماره‌که په‌سه‌ند کرا، که له‌و ده‌ستووره‌دا هاتووه (هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌م وڵاته‌دا ده‌ژین خاوه‌نی مافه‌کانیانن به یه‌کسانی و به‌بێ جیاوازیی نه‌ته‌وه‌یی و ئایینی) له چوارچێوه‌ی ئه‌رمینیای سۆڤێتیدا. هه‌روه‌ها کار و چالاکیه‌کی زۆر و به‌رفراوان ئه‌نجام درا له‌و کۆماره به مه‌به‌ستی زیادبوونی

کاری سیاسی و باشترکردنی کەلتوور و ڕۆشنبیری کەمە نەتەوایەتییەکان و شێوازی ژیانیان.

لە ساڵی ۱۹۲۱ کتێبی خوێندنی قوتابخانە بە زمانی کوردی دانرا، لەگەڵ پێگەیاندنی مامۆستایان و کردنەوەی قوتابخانە لە گوند و لادێ کوردەکان کە هەر لەو ساڵەدا (۵) قوتابخانە کرایەوە، لە ساڵی ۱۹۲۵ ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتە ۱۰ قوتابخانە و لە ساڵی ۱۹۳۰ گەیشتە ۲۷ قوتابخانە. لەو کاتەدا دەستیان کرد بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو دانیشتووانی کوردە بەتەمەنەکان.

لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲٤ دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی ناوەندیی حزبی شیوعی لە ئەرمینیا دەستی کرد بە تاوتوێکردنی پرسی کارکردن لەنێو کوردەکاندا. هەروەها پێشنیاری کرد بۆ لیژنەکانی قەزای (لینین ئاکان) و (زمیادزین) کە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتدا کوردەکان بەشدار بکەن لە کارەکاندا و بەردەوام بوون لە کار و پرۆژەکانیان وەکو دروستکردنی قوتابخانە و کاری زۆرتری رێکخراوە حکومی و هەرەوەزیەکان لەنێو دانیشتووانی کورددا. هەموو ئەم پلان و پرۆژانە رۆڵیان هەبوو لە هۆشیاری نەتەوایەتی لەلای کورد و گەشەکردنی و بەشداربیان لە ژیانی سیاسی وڵاتدا.

لە ساڵی ۱۹۳۱ پەیمانگای هونەری پەروەردەی کوردی کرایەوە لە یەریڤان و چەندین خول ئەنجام درا بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی کورد لە یەریڤان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەی کوردەکان. ئەو کۆنگرە گشتیەی (کوردناسەکان ـ کوردۆلۆجیا) کە لە ساڵی ۱۹۳٤ بەسترا لە ئەرمینیا ڕووداوێکی گرنگ بوو لە کەلتوور و ڕۆشنبیری تازەپێگەیشتووی کورد، ئەم کۆنگرەیە دەرگای کردەوە لەسەر توانا نوێیەکان بۆ توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوە. هەروەها کۆنگرە گفتوگۆی کرد لەسەر بابەتی باشترکردنی توانای زمانی کوردی ئەدەبی و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی لە پەیوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ زمان

و ئه‌ده‌بی ئه‌و کوردانه‌ی که له ده‌ره‌وه‌ی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت نیشته‌جێن.

له بیسته‌کان و سییه‌کان ژماره‌ی به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی و شاعیره کورده‌کان زۆرتر بوو ئه‌گه‌ر ژماره‌ی کتێبه ئه‌ده‌بی و سیاسی و فێرکارییه‌کان به زمانی کوردی گه‌یشتبێته ۳۲ ناونیشان له ساڵی ۱۹۲۲، ئه‌وا له ساڵی ۱۹۳۷ ژماره‌ی گه‌یشته ۷۰ ناونیشان. هه‌روه‌ها به‌رهه‌می ئه‌دیبه کورده‌کان به شێوه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ له‌چاپ ده‌درا له مۆسکۆ، زۆرتر بوو، هه‌روه‌ها وه‌رده‌گێڕدرا بۆ سه‌ر زمانی ئۆکرانی و جۆرجی و ...هتد.

له هه‌مان کاتدا هونه‌ر و مۆزیکی کوردی گه‌شه‌ی کرد له ئه‌رمینیا. له ساڵی ۱۹۳۸ تیپی شانۆی کوردی گه‌ڕۆك دامه‌زرا له ناوچه‌ی (ئالاگز)، له ماوه‌ی چه‌ند ساڵێکیشدا چه‌ندین فیلمی به‌ڵگه‌نامه‌یی و هونه‌ری ده‌رکرا له سه‌ر ژیانی کورد وه‌کو (زاری ـ ۱۹۲۶) و (کورده یه‌زیدیه‌کان ـ ۱۹۳۳) ...

هه‌روه‌ها ڕادیۆکه پەخشی به‌رنامه‌کانی خۆی ده‌کرد به شێوه‌ی خولی له کۆماره‌که و ئه‌دیبه‌کانی کورد کاریان ده‌کرد وه‌ك به‌شێك سه‌ر به یه‌کێتی ئه‌دیبه‌کانی ئه‌رمه‌ن. له ساڵی ۱۹۳۰ ڕۆژنامه‌ی (ڕێڤا تازه) له یه‌ریڤان ده‌رده‌کرا، که تیشکی ده‌خسته سه‌ر زۆربه‌ی لایه‌نه جیاوازه‌کانی کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد له ئه‌رمینیا و چه‌ندین نووسراو و وتاری بڵاو ده‌کرده‌وه له‌سه‌ر خه‌بات و تێکۆشانی ئازادیخوازی نه‌ته‌وه‌ی کورد له ده‌ره‌وه. له ساڵی ۱۹۳۲ یه‌که‌م کۆنگره‌ی (کوردۆلۆجین ـ کوردناسان) له یه‌کێتی سۆڤێت له یه‌ریڤان به‌سترا که چه‌ند ڕێنماییه‌کی گرنگی ده‌رکرد بۆ په‌ره‌پێدانی که‌لتوور و ڕۆشنبیری کورد.[۱۲]

ده‌بێ لێره‌دا ئاماژه به‌وه بکه‌ین ئه‌و شه‌پۆله تیرۆر و چه‌وساندنه‌وه‌ی ساڵانی سییه‌کان که له‌لایه‌ن یه‌کێتی سۆڤێته‌وه دژی کورد کرا، کاریگه‌ریی زۆریشی له‌سه‌ر پێشکه‌وتنی که‌لتوور و ڕۆشنبیریی کورد له ئه‌رمینیاش هه‌بوو که

پێشتریش باسی کرا. بەڵام لە چلەکان بەدواوە و بە تایبەت دوای مردنی ستالین بارودۆخ گۆڕا و ڕۆژنامە و ڕادیۆ دەست بەکار بوونەوە و لە زۆر بواری دیکەشدا گۆڕانکاریی بەلایەنی ئەرێنیدا هاتە کایەوە.

جێی خۆیەتی لە کۆتایی ئەم باسەدا ئاماژە بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردی لە ئەرمەنستان بکەین.

لە کتێبی «پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا» ناوی سێ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی ئەرمەنستان بەم شێوەیە هاتووە:

۱ـ کۆمەڵەی ڕۆ (ڕۆژ)

۲ـ کۆمەڵەی تایبەت بە یەزیدییەکان

۳ـ ئەنجومەنی ڕشنبیرانی کورد

ئەنجومەنی ڕۆشنبیرانی کورد لە ساڵی ۱۹۹۲ دا لە ئەرمینیا دامەزرا. نوێنەرانی کوردی یەریڤان، ئێچمیادزێ، ئەراگاتس، تالین (نەک تاللینی پایتەختی ئیستۆنیا)، ئەنتەراك و ئەرماڤیزلە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ڕێیاتازە لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندندا بڕیاریان دا خەبات لە پێناوی پەرەپێدان بە کولتووری نەتەوەیی، پاراستنی ژیاریی نەتەوەیی و زمان، هەروەها خەبات لەبۆ بەهێزکردن و پاراستنی پەیوەندی برایانەی نێوان کورد و ئەرمەن و نەهێشتنی ناکۆکی ناوخۆی کوردواتە لە نێوان کوردی موسوڵمان و یەزیدیدا بکات... [۱۳]

● **یادێك لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان (ئێرەوان):**

لە سەردەمی شەڕی سارد لەنێوان دوو زلهێزی جیهان واتە ئەمریکا و سۆڤیەت، لە یەکێك لە کۆمارە بچووکەکانی سۆڤیەت بە ناوی ئەرمەنستان و لە پایتەختەکەی واتە یەریڤان (ئێرەوان)، لە سەرەتاکانی ساڵی ۱۹۵۵ی زایینی بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. لەو سەردەمەدا

ڕادیۆی ئه‌رمه‌نستان بێجگه له زمانی ئه‌رمه‌نی به‌رنامه‌ی به هیچ زمانێکی دیکه نه‌بوو تا ئه‌وه‌ی به‌رنامه‌کان به زمانه‌کانی کوردی و عه‌ره‌بیش بڵاو بوونه‌وه. به‌شی کوردی له سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتداریێتیی خرۆشچۆف به هه‌وڵ و ماندووبوونی که‌سانێکی وه‌ك حاجی جوندی، جاسم جه‌لیل، خه‌لیل مرادۆف و ئه‌مینێ عه‌ودا‌ڵ دامه‌زرا. جاسم جه‌لیل یه‌که‌مین به‌رپرسی به‌شی کوردیی ڕادیۆی ئێره‌وان بوو، دوای ئه‌و خه‌لیل مرادۆف بۆ ماوه‌ی ٢٤ ساڵ، له ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٨١ سه‌رپه‌رشتی به‌شی کوردی بوو. به‌شی زۆری ئاواز و گۆرانییه کوردییه‌کان له سه‌رده‌می به‌ڕێوه‌به‌تیی ئاوێراودا به‌رهه‌م هێنران و تۆمار کران. هاوسه‌ره‌که‌ی ئه‌زنیفه ڕه‌شید دوای چه‌ند ساڵ بێژه‌ری، له ساڵی ١٩٨٢ به‌هۆی چوونه‌سه‌ری ته‌مه‌ن و پیری، ده‌ستی له کاری بێژه‌ری هه‌ڵگرت.

له سه‌رده‌مێکدا که خه‌لیل مرادۆف سه‌رۆکی به‌شی کوردیی ڕادیۆ بوو، هونه‌رمه‌ندانی وه‌ك کارابێت خاجۆ، ئارام تیگران، سه‌یدا شه‌مدین، خانا زازێ، شیروانه بیرو، فاتمه عیسا، ئاسلیکا قادر و ... به ده‌نگی دڵبزوێنی خۆیان زیاتر سه‌رنجی گوێگرانیان بۆ ڵای ڕادیۆکه ڕاده‌کێشا.

ئه‌مه یه‌که‌مین ڕسته‌یه‌که بۆ یه‌که‌م جار له ساڵی ١٩٥٥ له‌ڵایه‌ن یه‌که‌مین بێژه‌رانی ڕادیۆ، حاجی جوندی و زینوا ئیوا به گوێی گوێگره‌کان گه‌یشت.

ڕادیۆ له ساڵی ١٩٦١دا کێبرکێیه‌کی بۆ بێژه‌ران وه‌ڕێخست که ٢٥ لاوی کورد تێیدا به‌شدار بوون. ئه‌زنیفه ڕه‌شید و سێڤاسا عه‌بدۆ وه‌ك بێژه‌رانی ژن و که‌ره‌م سه‌یاد و سیدار ئه‌مین وه‌ك بێژه‌رانی پیاو، هه‌ڵبژێردران. سیدار ئه‌مین ئه‌گه‌رچی خاوه‌ن ده‌نگێکی باش بوو، به‌ڵام ته‌نیا ساڵێك له ڕادیۆدا کاری بێژه‌ری کرد چونکه شاره‌زایی له زمانی کوردیدا که‌م بوو.

به‌ڕێوه‌به‌رانی ڕادیۆ ده‌نگی ئێره‌وان له ماوه‌ی ساڵانی بڵاوبوونه‌وه‌یدا، جاسم جه‌لیل، خه‌لیل مرادۆف، ئه‌حمه‌د گوگه، تیتال که‌ره‌م بوون و له ئێستاشدا که‌ره‌م

سەیاد سەرپەرشتیی ڕادیۆکەیە.

جەمیلە جەلیل کچی جاسم جەلیل کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ڕادیۆکەدا بەپرسی بەشی کولتووری و هونەری بووە، ساڵی ٢٠١١ لە چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێك لە ماڵپەڕە کوردییەکان، لەمەڕ بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی یەریڤان دەڵێ: «بەرنامە سەرەکییەکانی ڕادیۆ هەواڵەکان و شرۆڤەی بابەتە گرنگە سیاسییەکان و هەروەها سیاسەتی دەوڵەتی شۆڕەوی (سۆڤیەت) بوو. هەواڵەکان بە زمانی ڕووسی لە مۆسکۆوە دەهاتن و لە ڕادیۆ لەلایەن کارمەندەکانی بۆسەر زاراوەی کوردیی کرمانجی وەردەگێڕدران و بڵاو دەکرانەوە. لە ئەرمەنستان ناژانسێکی هەواڵدەری هەبوو، هەواڵمان لەویش وەردەگرتن و ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ئەرمەنستان دەهاتنە پێشەوە، لە ڕادیۆ باسیان دەکرا و بڵاو دەبوونەوە. ڕۆشنبیرەکانی ئێمە بابەتیان لەسەر گوندەکان و ژیانی کوردەکان، لەبارەی کرێکاران و کەسانی سەرکەوتوو کە توانیبوویان پلەکانی سەرکەوتن ببڕن، دەنووسی و ئێمە دوای هەڵسەنگاندن بڵاومان دەکردنەوە. بەڵام کاری زۆر گرنگی ڕادیۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانی کوردی بوو کە لایەنگری لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاتر بوو. ئێمە دەچووینە ئەو گوندانەی کوردەکانی لێ نیشتەجێ بوون و دەنگی ئەو کەسانەمان تۆمار دەکرد کە ئاواز و گۆرانی کوردییان دەزانی و بە دەنگی خۆی دەیانگوت، دواتر لە ڕادیۆ بڵاومان دەکردەوە.»

دوای هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ و سەرهەڵدانی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان و بێکاری، خەریك بوو ڕادیۆ دادەخرا. کارمەندەکانی توانای کۆکردنەوەی مووچەیان نەبوو، زۆربەیان ڕادیۆیان بەجێهێشت. دەوڵەتی ئەرمەنستانیش ئیتر توانای دابینکردنی دارایی بەرنامەکانی نەبوو. لە ئاکامدا ماوەی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکان بە زمانی کوردی لە کاتژمێر و نیوێك، بۆ کاتژمێرێك لە ساڵی ١٩٩٥ و دواتر بۆ ٤٥ خولەك لە ساڵی ١٩٩٦ و دواتر بۆ نیو

کاتژمێر تا ئەمڕۆ کەم کرایەوە. لە ئێستادا ژمارەی کارمەندانی ڕادیۆ، تەنیا شەش کەسە. کەرەم سەیاد لەم بارەوە دەڵێ: ڕادیۆی کوردی هەتا دەیەی نەوەدی زایینی کاتژمێر و نیوێك بەرنامەی هەبوو بەڵام بەهۆی کێشەی ئابووری ئێستاکە ئێمە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بە کوردی بەرنامە بڵاو دەکەینەوە. ئەو هەروەها دەڵێ: نە تەنیا بەشی کوردی بەڵکو پەخشی ڕادیۆ بە زمانەکانی دیکە و تەنانەت زمانی ئەرمەنییش، لە ماوەی بەرنامەکانیان کەم کراوەتەوە.

ڕادیۆی نەتەوەیی ئەرمەنستان هەنووکە بە ١٢ زمان و یەك لەوان زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە. بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان ئێستاکە بە سەرپەرشتیی کەرەم سەیاد و کچەکەی بە ناوی لەیلا کەرەم و کوڕەکەی بە ناوی تیتال کەرەم و هەروەها سیما سەمەند و هێندێك کاتیش جەمیلە جەلیل کچی جاسم جەلیل، هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بڵاو دەبێتەوە.

کەرەم سەیاد کە بۆ ماوەی ٤١ ساڵ لە ئێزگەی ڕادیۆدا کاری کردووە، بەم شێوەیە باسی ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆ دەکات: لەنێو کوردەکانی ئەرمەنستان هەمو کەسێك خاوەنی ڕادیۆ نەبوو، لە گوندی ئێمەدا تەنیا ڕادیۆیەك هەبوو کە بە بڵێندگۆیەکی تارادەیەك گەورە لە ناوەندی ئاوایی پێوەند درابوو و خەڵك لە کاتی دەسپێکردنی هەواڵەکان و بەرنامەکانی دیکە، لە دەوری کۆ دەبوونەوە و بە زەوق و خۆشییەکی زۆرەوە گوێیان لێ دەگرت.

لە ساڵی ١٩٥٥ تا ساڵی ١٩٦١ ڕادیۆ هەر هەفتە سێ جار و هەر جارەش بۆ ماوەی ١٥ خولەك بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. تا سەرەنجام لە یەکی ئاوریلی ١٩٦١ بە بڕیاری کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیست و بە پێشنیاری مەلا مستەفا بارزانی کە پێشتر سەردانی بەشی کوردیی ڕادیۆ ئێرەوانی کردبوو و بەڵێنی بە بەرپرسانی ڕادیۆ دابوو کە لەلای سەرکردەکانی سۆڤیەت باسی زیادکردنی ماوەی بڵاوبوونەوەی ڕادیۆ دەکات، و لە ئاکامدا ماوەی بڵاوبوونەوەی ڕادیۆ بوو

بە کاتژمێر و نیوێک. هەروەها شەپۆلەکانی ڕادیۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زۆربەی کۆمارەکانی سۆڤیەتی دەگرتەوە، ڕادیۆ لە ماوەی چەند ساڵدا لەنێو کوردە کرمانجی زمانەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لایەنگرانێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و بیسەرانیش بە ناردنی نامە و دواتریش بە پێوەندیی تەلەفۆنی، پێوەندییان بە ڕادیۆوە دەگرت. بەشی کوردی کولتووری و هونەری ڕادیۆ کە وتوێژی لەگەڵ گۆرانیبێژان دەکرد و گۆرانییەکانی بڵاو دەکردنەوە، توانیبووی لایەنگری زۆر بۆلای خۆی ڕابکێشێ.[١٤]

• سه‌رچاوه‌کانی به‌ندی سێیه‌م/ دووه‌م

۱. ارمنستان/http://fa.wikipedia.org/wiki/.

۲. که‌ریم، ڕه‌مه‌زان، واقیعی کورد له ئه‌رمه‌نستان، وه‌رگیراو له: pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=17873، ڕێکه‌وتی 27/8/2013.

۳. که‌ریم، ڕه‌مه‌زان، س.پ.

٤. کۆمه‌ڵێك نووسه‌ر، گه‌ڵێکی په‌ژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە. م. گومەبی. سوید. ۲۰۰۲. ل۳۵۸.

۵. که‌ریم، ڕه‌مه‌زان، س.پ.

٦. هه‌ورامی، د.ئه‌فراسیاو، کوردستانی پشت قه‌فقاس، چاپی یه‌که‌م، له بڵاوکراوه‌کانی بنکه‌ی ژین، سلێمانی ۲۰۰۵، ل ۱۸ ـ ۱۹.

۷. صوفی زاده، هادی، سفری به میان کردهای ارمنستان، وەرگیراو لە: www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=45459، ڕێکەوتی 10/5/2012.

۸. عه‌لی، ئارام، په‌یوه‌ندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی لیره، سلێمانی، ۱۹۹۹. ل ١٦٥.

۹. عه‌لی، ئارام، س.پ. ل ۱۵۱ و ١٥٤.

۱۰. صوفی زاده، هادی، س.پ.

۱۱. صوفی زاده، هادی، س.پ.

۱۲. لازاریف، م.س، میژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۰۸، ل٤٠٤ـ٤٠٦.

۱۳. عه‌لی، ئارام، س.پ. ل ١٦٨.

١٤. یادی از رادیو کردی ایروان، ترجمه از انگلیسی و کردی کرمانجی: محمد أتشزای، (http://kurdpress.ir/Fa/NSite/FullStory/Print/?Id=42294،6/1/1392

- **سێیەم: کوردەکانی گورجستان (جۆرجیا)**
  - چەند زانیارییەك سەبارەت بە وڵاتی گورجستان
  - سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ گورجستان
  - ژمارەی کوردەکانی گورجستان
  - شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە گورجستان
  - چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی گورجستان
  - ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی گورجستان
  - سەرچاوەکان

- **چەند زانیارییەك سەبارەت بە وڵاتی گورجستان (جۆرجیا)**

ئەم وڵاتە بە ڕووبەری ٦٩٧٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە و حەشیمەتی نزیك بە ٥ ملیۆن کەس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش و لە ناوچەی قەفقازی باشوور هەڵکەوتووە. لەگەڵ وڵاتانی تورکیا، ئەرمەنستان، ڕووسیا و ئازەربایجان دراوسێیە و دوای کۆماری ئازەربایجان لەباری ڕووبەر و حەشیمەتەوە دووەمین کۆماری قەفقازیای باشووره.

ئەم وڵاتە سیستەمی کۆماری هەیە و ئایینی زۆربەی خەڵکەکەی مەسیحی

ئەرتەدۆکس و زمانیان گورجییە. کۆماری خودموختاری ئاجاریا بە ڕووبەری ٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە بەشی باشووری لێواری دەریای ڕەش لەنێو ئەم وڵاتە دایە. پارێزگای خودموختاری ئوستیای باشووریش بە پانتایی ٣,٩ هەزار کیلۆمەتر لە داوێنەکانی باشووری قەفقازیای گەورەش هەر لەناو پێکهاتەی کۆماری گورجستان دایە.

وڵاتی گورجستان بۆ ٨ پارێزگا، ناوچەیەکی خودموختار لە ئوستیای باشوور بە ناوەندێتی تسخینوای و دوو کۆماری خودموختار بە ناوەکانی ئاجاریا بە ناوەندێتی باتومی و ئابخازیا بە ناوەندێتی سوخومی دابەش کراوە. بایتەحتەکەی شاری تفلیس و شارە گرنگەکانی بریتین لە کوتائیسی، روستاوی، گوری، پوتی، سوخومی، متسخنا، چیاتورا، تقیبولی، زوگدیدی، تسقالتوبو، تقوارچلی، گاگرا و تەلاوی.

لەباری سیستەمی پەروەردەییەوە یاسای بنەڕەتی گورجستان خوێندنی لە قوتابخانەکان هەتا پۆلی نۆ بەشێوەی بێبەرامبەر دیاری کردووە. هەروەها لە زانکۆ حکومییەکان، خوێندکاران لە ئیمکاناتی خوێندن بەهرەمەندن. لە گورجستان قوتابخانە بە زمانەکانی ڕووسی، ئەرمەنی، ئازەربایجانی و ئاسی و ئابخازی هەیە.

زمانی گورجی زمانی فەرمی و باوی خەڵکی گورجستانە کە زۆرترین قسەکەری لەنێو زمانە قەفقازییەکاندا هەیە. هەروەها یەکێک لە کۆنترین سیستەمەکانی نووسین خەتی گورجییە کە پێشینەیەکی دروودرێژی هەیە. ئەلفەبێی گورجی نەتیجەی پەرەسەندنی نەو ئەلف وبێی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە گورجستان باو بووە. ئەلفەبێی گورجی ٣٣ پیتە کە لە ٥ پیتی دەنگدار و ٢٨ پیتی بێدەنگ پێک هاتووە و لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێ.

بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی، زۆربەی خەڵکی گورجستان (نزیکەی ٧٠٪) مەسیحیین و سەر بە کلیسای ئەرتۆدۆکسی گورجستانن.

دوای ئۆرتۆدۆکسەکانی گورجی، ئیسلام لە گورجستان وەک گەورەترین کەمایەتی ئایینی لەقەڵەم دەدرێت. حەشیمەتی موسوڵمانەکانی ئەو وڵاتە، لە ئازەربایجانییەکانی گورجستان و قەومەکانی دیکەی دانیشتووی ئەم وڵاتە و یەک لەوان ئاجاریا پێک هاتووە. هەروەها ڕووسەکانی دانیشتووی گورجستان و ئەرمەنییەکانی ئاپوستولیک و ژێرمەنەکانی پرۆتستان لە کەمایەتییەکانی تری ئەم وڵاتەن. گورجییەکان گەورەترین قەومی گورجستانن و لە تەواوی وڵاتدا بڵاو بوونەوە و دەسەڵاتی ناوەندییان لەدەست دایە. ئازەربایجانییەکانی گورجستانیش وەک گەورەترین کەمایەتیی قەومی گورجستان لەقەڵەم دەدرێن

لەباری سیاسییەوە: دوای سەربەخۆیی گورجستان لە ساڵی ۱۹۹۱، ئیدوارد شەوارد نادزێ وەزیری دەرەوەی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت، وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. گورجستان هەر لەو کاتەوە لەسەر کۆمارەکانی خودموختاری ئوستییای باشوور و ئابخازیا ناکۆکیی لەگەڵ ڕووسیا هەبوو. چونکە ڕووسیا ڕێگەی نەدەدا گورجستان دەسەڵاتی خۆی لەم دوو ناوچەیە پیادە بکات. بەڵام بەهۆی لاوازیی گورجستان و هەروەها نزیکایەتی دەوڵەتی ئەوکات ـبە تایبەت خودی شواردنادزێ ـلە ڕووسیا، ئەم وڵاتە ڕازی بوو کە دەست لە کاروبارەکانی کۆمارە خودموختارەکانی ئوستیای باشوور و ئابخازیا وەرنەدات و دژایەتی لەگەڵ ئامادەبوونی هێزەکانی ڕووسیا لەو دوو ناوچەیە نەکات.

بەڵام دوای شۆڕشی گوڵزەر لە ساڵی ۲۰۰۳ لە گورجستان کە بە پشتیوانیی ئەمریکا هاتە کایەوە و بوو بە هۆی وەلانانی دەوڵەتی نزیک لە ڕووسیا و هاتنەسەرکاری دەوڵەتی نزیک لە ڕۆژئاوا، میخاییل ساکاشویلی، بارودۆخی سیاسیی ئەم وڵاتە تووشی گۆڕان بۆوە. دەوڵەتی نوێ سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە ڕووسیا و نزیک بوونەوە لە ڕۆژئاوا (بە تایبەت ئەمریکا)ی گرتەبەر. هەروەها

خوازیاری ئەندامبوون لە یەکێتیی ئوروپا و ناتۆ بوو.

لە گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٨ سوپای گورجستان بۆ گەڕاندنەوەی ئوستیای باشوور بۆ سەر خاکی گورجستان، هێرشی کردە سەر ئەو ناوچەیە، کە لەگەڵ دژکردەوەی توندی ڕووسیا ڕووبەڕوو بۆوە و ناچار بە پاشەکشە کرا. ئێستا ڕووسیا تەنیا وڵاتێکە سەربەخۆیی دوو ناوچەی ئابخازیا و ئوستیای باشووری بە فەرمی ناسیوە و بە هۆی هەبوونی هێزەکانی لەم دوو ناوچانە، بە کردەوە کۆنترۆڵی ئەوانی لەبەردەستدایە....

لەباری ئابووریشەوە وڵاتی گورجستان بەهۆی بەهرەمەندبوون لە ئیمتیازەکانی وەك هەڵکەوتی جوگرافی و ئاووهەوای گونجاو، هەبوونی کشتوکاڵێکی پێشکەوتوو، کانگا و بەهرەوەگرتن لە پیشەسازی و سەنعەتی توریستی بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەهاتە ئەژمار و خەڵکەکەی لە ژیانێکی ئیستانداردی باڵا بەهرەمەند بوون. بەڵام دوای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی و ڕوودانی شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩١ ـ ١٩٩٤ی زایینی ئابووریی گورجستان وەك وڵاتێکی تازە بە سەربەخۆیی گەیشتوو، تووشی قەیرانی جیددیی بۆوە.

هەتا پێش ساڵی ١٩٩١ی زایینی، گورجستان بەشێکی زۆر لە بەروبومەکانی خواردن و کشتوکاڵی هەنارده دەکرد و یەکێك لە هەنارەدەکارە سەرەکییەکانی سەوزە، میوە، چا، مەشرووباتی کحوڵی و دانەوێڵەکان بۆ گشت کۆمارەکانی تری سۆڤیەت بوو. دوای سەربەخۆیی، بازاڕە سوونەتییەکانی ئەم وڵاتە لەدەست چوون و ئاستی گشتی بەرهەمهێنانیش بە هۆی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان دابەزی... [1]

- **سەردەم و هۆکاری کۆچ کردنی کوردەکان بۆ گورجستان**

زۆر بەڵگە هەن سەبارەت بەوەی کە کوردەکانی ئێستای جۆرجیا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەژێر گوشاری دەوڵەتی عوسمانی ڕایان کردووە، بەشێکی زۆریان لە خاکی ئەرمەنستانەوە تێپەڕیون.[٢]

کوردەکانی گورجستان بەشێك لە تایفە کوردەکانن کە لە سەردەمی عوسمانیدا شۆڕشیان دژی تورکەکان کردووە و دوای ئەوەی سەرکوت کراون، بەرەو وڵاتی گورجستان ڕایان کردووە.[٣]

بەپێی بەڵگە میژوویەکان کوردە یەزیدییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتێتی سزاری گورجی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٢ی زایینی لە یەکێك لە هۆزە کوردەکان، میزۆپۆتامیان جێهێشت و لە ئەرمەنستان نیشتەجێ بوون و دواتر بەرەو گورجستان کۆچیان کرد. لە دەیەی ١٧٦٠ ی زایینی کوردەکان لە بەرامبەر هێرشی عوسمانییەکان داوای یارمەتیان لە سزاری گورجستان (ئیراکلی دەیەم) کرد. سەرەتاکانی ١٧٧٠ سزاری گورجی لە نامەیەکدا بەڵێنی یارمەتیی هەمەلایەنەی بە ڕێبەری کوردەکان (چوبان ئاغا) دا و بۆ نەبەرد بە دژی دوژمنی هاوبەش (عوسمانی) بانگهێشتی کرد.

... لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٩ بەدواوە ژمارەی کۆچبەرانی کورد لە گورجستان زیادی کرد و لە سەرەتای سەدەی بیستەم ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی وان و قارس و ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی تورکیا بۆ دوورکەوتنەوە لە گوشاری دەسەڵاتدارانی عوسمانی و هەروەها حەزنەکردن بە هاتنەسەر ئایینی ئیسلام، ڕوویان لە جۆرجیا کرد.[٤]

- **ژمارەی کوردەکانی گورجستان**

بەپێی ئاماری ساڵی ١٨٩٧ی ئیمپراتۆریای ڕووسیا لە ویلایەتی تفلیس

(تبلیس) ۲۵۳۸ کورد ژیاون. زۆر به‌ڵگه هه‌ن سه‌بارەت به‌وەی که کورده‌کانی ئێستای جۆرجیا، له کۆتایی سه‌ده‌ی نۆزده‌هەم و سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا له‌ژێر گوشاری ده‌وڵه‌تی عوسمانی ڕایان کردووه، به‌شێکی زۆریان له خاکی ئه‌رمه‌نستانه‌وه تێپه‌ڕیون. ژماره‌یان له‌سه‌رووی ٤٠ هه‌زاره‌وه‌یه.(٥)

به‌پێی هه‌ندێك له سه‌رچاوه نافه‌رمییه‌کان نزیکه‌ی ٤٠ هه‌زار کورد له گورجستان ده‌ژین که زۆربه‌یان خاوەن ئایینی ئێزیدین و له ئێراق، تورکیه، ئه‌رمه‌نستان و ئازەربایجانه‌وه به‌ره‌و گورجستان ڕۆیشتوون.(٦)

حه‌شیمه‌تی کورده موسوڵمان و یه‌زیدییه‌کانی گورجستان به‌پێی سه‌رژمێری ساڵی ١٩٢٦ی ئه‌م وڵاته، ٢٥٠٢ که‌س بووه، به‌ڵام دواتر ژماره‌یان زیادی کردووه و ئێستاکه ژماره‌یان نزیکه‌ی ٤٠ هه‌زار که‌س ده‌بێ که زۆربه‌یان یه‌زیدین.(٧)

ئاماری سه‌رژمێری ساڵی ١٩٧٠ ده‌ریخستووه که ٢٠,٦٩٠ کورد له گورجستان هه‌ن و زۆربه‌یان له شاری ته‌فلیسدا له گه‌ڕه‌کی کوردان ده‌ژین. به‌شی زۆر له کوردی گورجستان و ئه‌رمینیا یه‌زیدین.(٨)

به‌پێی ئه‌و زانیارییانه‌ی کورده‌کانی ئه‌م وڵاته خۆیان باسی ده‌که‌ن، ژماره‌ی کوردی ئێزدی له جۆرجیا پێشتر ١٠٠ هه‌زار که‌س بووه، به‌ڵام به‌هۆی خراپیی بارودۆخی ئابووری وڵاته‌که‌وه زۆربه‌یان به‌ره‌و ئه‌وروپا و ڕووسیا کۆچیان کردووه. ئێستا نزیکه‌ی چل هه‌زار کوردی ئێزدی له جۆرجیا ماونه‌ته‌وه، که زۆربه‌یان له پایته‌ختدا ده‌ژین.(٩)

• شوێنه‌کانی نیشته‌جێبوونی کورده‌کان له گورجستان

له گورجستان زۆربه‌ی کورده‌کان له تفلیس ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن. به‌پێی هه‌ندێك له سه‌رچاوه نافه‌رمییه‌کان نزیکه‌ی ٤٠ هه‌زار کورد له گورجستان ده‌ژین که زۆربه‌یان خاوەن ئایینی ئێزیدین و له ئێراق، تورکیه، ئه‌رمه‌نستان

و ئازەربایجانەوە بەرەو گورجستان ڕۆیشتوون و زۆربەیان لە شاری تفلیس پایتەختی گورجستاندا ژیان بەسەر دەبەن. ژمارەیەکیشیان لە بەخشی ئوستیای باشوور سەر بە گورجستان و هەروەها بە ڕادەیەکی کەمتر لە دوو کۆماری ئابخازی و ئاجاریی گورجستاندا بڵاو بوونەتەوە.[۱۰]

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین « زۆربەیان ئێستا لە شاری تفلیس (پایتەختی جۆرجیا) جێگیرن و پێش گواستنەوەیان لە ١٩٤٤دا کوردەکانی جۆرجیا لە ناوچەکانی باشووری جۆرجیادا کە هاوسنووری تورکیان، واتە ناوچەکانی ئاخالتیسخ (میسخیتی)، ئاجەواخیتی، ئادیگی، ئەسپیندزە، ئاخا کەلاک، بورچالین و لە گوندەکانی خۆیان منیادزە، ڕوستاوی، تسکالیتبالا، ناکەلاکفی، تسوند و ... هتد. بەپێی سەرچاوەکان، کوردە موسڵمانە سوننییەکان (جگە لە ئێزیدییەکان) لە ٢٢ گوندی میسخیتیدا دەژین.[۱۱]

• چالاکی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی گورجستان

لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین « شوێنپەنجەی کوردە ئێزیدییەکانی جۆرجیا بەسەر پێشخستنی کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردییەوە دیارە. ژمارەی ناوارەکانیان کوردەکانی ئەرمەنستانی تێپەڕاندووە. سەلیم خان مۆسۆیێف وا ١٣ ساڵ زیاترە کە پەرلەمانتارە لە پەرلەمانی ڕووسیا. پرۆفیسۆری گەورەی کورد ئیڤانی عومەر فاریزۆڤ کە خاوەنی فەرهەنگی ڕووسی - کوردیی «ڕۆناهی دیتی»یە لە ساڵی ١٩٥٧، ساڵانێکی زۆر لەوێ ماوەتەوە، پاشان بە دەیان ساڵ بەرپرسی بەشی پەیوەندییە ئابوورییەکان بووە لە ئینستوتی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقای زانکۆی دەوڵەتیی مۆسکۆ.

زانای ناودار «پ. زەرا عەلی یوسۆپۆڤا» ئەوا چەند ساڵێکە سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵەی کوردناسی و سانت پتربورگ دەکات لە ئەکادیمیای زانیاری

ڕووسیا کە لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا خەبات دەکەن، هەر لە بواری زانیاریدا هەر دوو زانای گەنج ساموێل کۆچۆیی و د. نۆداریێ ماسەکی کە کوردن، بە شانازییەوە کارەکانیان بەرەوپێش دەبەن.

«نازی شیرایا» کە پێشکەشکارە لە سێرکی مۆسکۆ، هەر لەوێ لەدایك بووە. کاتێك گرووپی سێرکی مۆسکۆ سەردانی وڵاتانیان دەکرد، لەسەر پۆستەری سێرکەکە تەنها وێنەی ئەو پێشکەشکارە کوردە دەبینرا کە هەمیشە بە جلوبەرگی کوردییەوە دەردەکەوتە پێش تەماشاچییەکانی، پاشان چەند (ئارتیست) هونەرمەندێکی تر لەدوای نەوەوە پەیدا بوون. کە ناوبانگیان دەرکرد. سەرتیف مورادۆف عەزیزی بەشار عەسکەریان کە ئەمڕۆ هونەرمەندێکی گەلەری ڕووسیایە.

زینا ئەدۆ تالۆئەڤا دەنگبێژی کۆمەڵەی هونەری «ڕێڕۆ» بوو، کە کۆمەڵەیەکی بەناوبانگیش بوو. ئاوازدانەری کورد، ئەوەی ئاوازی «ئێستا دایێ کەرەمێ گەردەن زەری» داناوە، کارەکانی خۆی هەر لەو کۆمارەدا دەست پێکردووە. «دوبیرا تاریەل» و «ڕێزۆ بروئەڤ» لە مۆسکۆ ناوەندی کەلتووری کوردییان دامەزراند و سالانێکی زۆر کارەکانیان بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد. بەهۆی ڕۆژنامەکەیانەوە کە ناوی «گوڵبۆس کوردا» واتە (دەنگی کوردان) بوو، هەروەها بە زمانی ڕووسی مانگی جارێك لە مۆسکۆ دەردەچوو، میللەتی ئێمەیان بە خەڵکی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا دەناساند.[۱۲]

کوردەکانی گورجستان لەنێوان ساڵانی ۱۹۶۰ ـ ۱۹۸۰ چەند جیزب و ڕێکخراوی کوردییان دامەزراند و ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییان دەرکرد، بەڵام دوای سەربەخۆیی گورجستان (ساڵی ۱۹۹۱) هەر چەشنە چالاکییەکی کوردەکان قەدەغە کرا و تەنانەت بەشی کوردیی ڕادیۆی گورجستان داخرا. ئەم بارودۆخە بە هۆی دەمارگرژیی زۆری ئیدوارد شواردنادزێ، سەرۆك کۆماری

گورجستان هاتە ئاراوە. ناوبراو لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بوو و دوای سەربەخۆبوونی گورجستان بوو بە سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە نوێیە.[۱۳]

لە شەستەکان و حەفتاکانـدا لەدوای ئەرمینیا، جۆرجیا بوو بە ناوەندێکی گرنگی گەشەکردنی کەلتووری کورد لە یەکێتی سۆڤیەت... هەروەها تێبینی زۆربوونی خەڵکی ڕۆشنبیر دەکرا لە ئەندازیار و پزیشك و مامۆستا. خانەی چاپ و بڵاوکراوەکان کاری ئەدەبی کوردی زۆریان کرد. هەرەها چەندین لێکۆڵینەوە ئەنجامدرا لە بـرس و بابەتەکانی کەلتوور و میژووی کورد. لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی دانیشتوانی کورد لە ئەنجومەنە باڵاکانی سۆڤێتی لە ئەرمینیا و جۆرجیا[۱۴]

بێجگە لە «یەکێتی ئافرەتانی کوردی گورجستان»، لە شوباتی ساڵی ۱۹۹۰ دا لە تبلیسی پایتەختی گورجستاندا کۆمەڵەی کوردی ڕوناهی دروست بوو. ئەم کۆمەڵەیە پاراستن و بایەخدان بە فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کوردەکانی گورجستان و بەشەکانی تری بە ئەرکی خۆی دەزانی.

« لە بارودۆخی ئێستادا ئیزنی دەستێوەردان و چالاکیی لە کاروبارە سیاسییەکاندا بـە کوردەکانی گورجستان نادرێـت و تەنیـا چەنـد ڕێکخراوێکی کولتووری و ڕۆشنبیریان هەیـە. کوردەکانی گورجستان هەتـا ساڵی ۱۹۹۱ ڕەوشێکی ئاساییان هەبـوو (ساڵی ۱۹۹۱، لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و سەربەخۆیی گورجستان) و کەمینەیەکی چالاك بـوون کـە هێندێك ئازادیـی و مافی نووسین و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی هەبـوو. تەنانەت ساڵی ۱۸۵۷ کتێبی پیـرۆزی ئینجیـل و هەروەهـا تـەورات بۆ یەکەمجار لـە زمانی یۆنانییـەوە بـۆ زمانی کوردیـی کرمانجی وەرگێڕدرا...بـەڵام دوای هەڵوەشانی سۆڤیەت و سـەربەخۆبوونی گورجستان، کـوردەکان بـەرەو دۆخـی نالەبـاری

پێشوو گەڕانەوە، چونکە گورجستان دوای سەربەخۆبوونی مافی کەمایەتییە قەومییەکانی بە فەرمی نەناسی و بەم پێیە مافە کولتوورییەکانی کوردان پێشێل کران ودوور خرانەوە و ئاوارەیی کوردەکانی ئەم وڵاتە دەستی پێکرد و زۆربەیان بەرەو ئوروپا ڕۆیشتن. ئێستا کوردەکان خوازیاری ئەوەن هاوشێوەی ئەرمەنی و ئاشوورییەکان وەک کەمایەتییەکی ئێتنی بە فەرمی بناسرێن.»[۱۵]

لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە قسەکانی کوردێکی دانیشتووی ئەو وڵاتە لەم پێوەندییەدا دەکەین:

ئاکۆ نەبازید تەمەن ٤٣ ساڵ یەکێکە لە کوردانی جۆرجیا و جارێکیش هاتۆتە هەرێمی کوردستان و سەردانی پەرستگای لالشی کردووە. نەبازید خۆزگە بە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت دەخوازیت و دەڵێت:« ئەوکاتە کوردان لەم وڵاتە ئازادیی زیاتریان هەبووە و لە سیاسەتدا بەشدار بوون، بەڵام پاش سەربەخۆیی جۆرجیا، دژایەتییەکی زۆری کورد کرا و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە کوردییەکان داخران. ئێستاش کورد لەم وڵاتەدا تەنها بەکارەوە سەرقاڵە و جگە لە چەند کۆمەڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیریی بچوک بچوک، هیچ شتێکی دیکەمان نیە».[۱۶]

● **ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی گورجستان**

بەگشتی کوردانی ئەم وڵاتە هەژارن و پیاوانیان لە بازاڕە میلیەکاندا بە کاری قورس و دەستگێڕییەوە سەرقاڵن. ئاکۆ ئەبازید تەمەن ٤٣ ساڵ یەکێکە لە کوردانی جۆرجیا و جارێکیش هاتۆتە هەرێمی کوردستان و سەردانی پەرستگای لالشی کردووە. ئەبازید بۆ سڤیل گوتی: لە دەیەی ڕابردوودا کوردانی جۆرجیا بە لێشاو ڕوویان کردۆتە ئەوروپا بۆ کارکردن، بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی لە وڵاتەکەشدان، لە چینی هەژارن. جۆرجیا بۆخۆی وڵاتێکی دەوڵەمەندی ئابووری نیە و بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لە چینی هەژارن کە لەنێویشیاندا کوردەکان.[۱۷]

کوردەکان لە گورجستان خەریکی دەستگیرپین و ژمارەیەکی دیاریکراو لەو کوردانە بە پێکهێنانی چینێکی پیشەوەر، بوونە خاوەنی کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەو وڵاتەدا، بەڵام زۆربەیان بە دەستفرۆشی و کاری قورس لە بازارەکانی تفلیس سەرگەرمن و ڕەوشی ژیانیان زۆر ناڕەحەتە. تەنانەت ژن و منداڵەکانیش لە بازارەکانی حەوتووانە خەریکی کاری دەستفرۆشین. زۆربەی ئەم ژنانە لە ڕەوشی هەنووکەیی خۆیان ڕازی نین و بە ئاواتی گەڕانەوە بۆ کوردستانن. ئەوان بەدوای ئاگاداربوون و پێوەندیکردن بە کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی گورجستانەوەن.

زۆربەی ئەم بنەماڵانە کە لە بازارەکانی گورجستاندا پیشەی دەستفرۆشی و کرێکارییان هەیە، منداڵەکانیان بۆ کار و خوێندن ڕەوانەی ئوروپا دەکەن. گوهار عەلیخان، تەمەن ٤٨ ساڵ، لە بازاڕی شاری تفلیسدا لەگەڵ هاوسەرەکەی خەریکی کەوش (پێڵاو) فرۆشتن و سێ منداڵیان هەیە. دوو کەسیان لە فەڕانسە و یەکێکیان لە بەریتانیایە و بۆ کار و خوێندن چوونە ئوروپا، چونکە لە گورجستان بە هۆی بێکاری و هەژاری نەیاندەتوانی درێژە بە خوێندن بدەن. هەرچەند گوهار عەلیخان لە گورجستان لەدایك بووە بەڵام هەست دەکا لە کوردستان چاوی بە ژیان هەڵێناوە و بۆ گورجستان کۆچی کردووە. ئەو زمان و داب ونەریتی باووباپیرانی خۆی پاراستووە. گوهار عەلیخان دەڵێ: ئێمە کوردەکان جیاوازیمان لەگەڵ گورجییەکان هەیە. ئاواتە خوازم بۆ زێدی خۆم بگەڕێمەوە.

نەمرۆکە زۆربەی کوردەکانی دانیشتووی گورجستان بە ئاواتی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیانن و بە هیوای ژیانێکی شیاو درێژە بە ژیان دەدەن، بەڵام ژمارەیەکیان لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بێهیوا بوون و خۆیان لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی ئەو وڵاتە گونجاندووە و تەنانەت منداڵەکانیشیان شارەزاییەکیان لەسەر زمانی کوردی نیە.

کریستیانا جەنگیز کە لە یەکێك لە بازارەکانی تفلیس خەریکی قاوە فرۆشتنە، خۆی لەگەڵ ڕەوشی ئارایی گورجستان گونجاندووە و خوازیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان و نیشتمانی خۆیان نیە ئەو دەڵێ: «نامەوێ بگەڕێمەوە کوردستان چونکە دەترسم و نازانم چۆن پێشوازیم لێ دەکرێ.» بەڵام ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە منالەکانی ئەگەر حەزیان لێ بوو، دەتوانن بۆ نیشتمانی باب و باپیرانیان بگەڕێنەوە. گوزەل باپیر، تەمەن ٦١ ساڵ، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێ زۆرم پێخۆشە بگەڕێمەوە کوردستان و زۆربەی کاتەکان بە کوردی گۆرانی بۆ بیشتمانەکەم دەچڕم. بەو دەڵێ شانازی بە کوردبوونی خۆم دەکەم و بە تاسەی گەڕانەوە بۆ کوردستان دەژیم و تەنانەت لەم تەمەنی بێتاقەتی و پیرییەشدا هیوادارم بۆ زێدی خۆیم بگەڕێمەوە.

ئەمە ڕەوشی ژیانی کوردانی گورجستانە کە چەندین ساڵ پێش ئێستا بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆریی حکومەتی عوسمانی، زێدی خۆیان جێهێشتووە و گەیشتوونەتە گورجستان. بەڵام بە هۆی ڕووداو و پێشهاتەکانی سەدەکانی دوایی و شکڵگرتنی وڵاتی سەربەخۆی گورجستان و گەشەی ئەفکاری ناسیۆنالیستی لەنێو سەرکردەکانی ئەم وڵاتە، زۆر لە کوردەکان لە بیری گەڕانەوە بۆ نیشتمان و زێدی سەرەکیی خۆیان دان.[۱۸]

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/سێیەم

١. گرجستان/http://fa.wikipedia.org/wiki.

٢. ڕەمەزان کەریم، وردەکاریی پەرش و بڵاویی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، (١٤٧٣٢٠٨=www.faceiraq.com/inews.php?id)

٣. کردهای گرجستان، ویکیپیدیای فارسی،کردهای گرجستان .fa.wikipedia /org/wiki .

٤. س.پ

٥. ڕەمەزان کەریم، س.پ.

٦. سەرچاوەی ژمارە ٣.

٧. سەرچاوەی ژمارە ٣.

٨. کۆمەڵێك نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٢، ل٣٥٨.

٩. کامەران، ڕاوێژ، کورد لە قەفقاس، www.civilnews.org/dddetail_arti-cals.php?id=12921&z=10&1=1 ،26/4/2014.

١٠. سەرچاوەی ژمارە٣.

١١. هەورامی، د.ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، لە

بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ۲۰۰۵، ل ۲۰ ـ ۲۱.
۱۲. کەریم، ڕەمەزان، کوردەکانی جۆرجیا، کوردستانی نوێ 19/2/2013، www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=17636Cor=2&Besh=w=Witar
۱۳. گذری بر احوال کردهای گرجستان، مترجم: آمنه خاکی، منبع: روداو انگلیسی: (www.kurdpress.com/fa/Nsite/Fullstory/New
۱٤. لازاریف، م.س، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۰۸، ل ٤۰۹.
۱۵. سەرچاوەی ژمارە۳.
۱٦. کامەران، ڕاوێژ، س.پ.
۱۷. کامەران، ڕاوێژ، س.پ.
۱۸. سەرچاوەی ژمارە ۱۳.

• چوارەم: کوردەکانی تورکمانستان

- چەند زانیارییەك سەبارەت بە وڵاتی تورکمانستان
- مێژووی لێکۆڵینەوە لە کوردی تورکمانستان
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ تورکمانستان
- شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە تورکمانستان
- ژمارەی کوردی تورکمانستان
- ژیانی ئابووریی کوردی تورکمانستان
- ماڵ، خواردەمەنی و جلوبەرگی کوردی تورکمانستان
- پێوەندیی کۆمەڵایەتیی خێزانی کورد
- زمان، ڕۆشنبیری و خوێندەواری، مۆسیقا و هەڵپەڕکێ
- ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) کوردی تورکمانستان
- ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی (١٨١٤ـ١٩٠٥)
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەك سەبارەت بە وڵاتی تورکمانستان

خاکی تورکمانستان لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەم وەك بەشێك لە تورکستانی گەورە کەوتە دەست دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا. لەو کاتەدا بە ناوی

خانەوە میرنشینی بچووك لەناوەوە بوون، ناوی زۆربەیان لە هۆز و تیرە و عەشرەتە تورکە مەغۆلەکان وەرگرتبوو. لەباتی میرنشینی ناوی «خانیەت»یان وەرگرتبوو، هەندێ جاریش خانیەتەکان بە ناوی شارەکانەوە بوون، وەکو خانیەتی خێوە، یا خانیەتی بوخارا و هی دیکە.

تورکمانستان گەرمترین و وشکترین بیابانە لە ئاسیای ناوەڕاستدا. زیاتر لە سەدا نەوەدی خاکی تورکمانستان سارایە. چوار لە پێنجی ئاقاری تورکمانستان دەکەوێتە ناو یەکێ لە گەورەترین بیابانی هەموو گێتی و ئاسیا و ناوی جوگرافی «قەرەقوم»ە. بە زمانی تورکی بە مانای «لمی رەش» هاتووە. ڕووباری کەمە، بەشێك لە زێی نەموودەریا، مورغاب، تەجین بە خاکی تورکمانستاندا تێدەپەڕن.

لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم تا جەنگی یەکەمی گێتی میرنشینی تورکمانستان بە ناوی خانیەتەوە وەکو کۆلۆنیالێك قەیسەری ئیمپراتۆری ڕووس بەڕێوەی دەبرد.

لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر (۱۹۱۷) لە تەموزی ساڵی ۱۹۱۸ دژی بۆلشەڤیکەکان (ڕووسی سپی) تورکمانستانیان داگیر کرد، لەدوای شەڕوشۆڕێکی کوشندە سوپای سوور توانی بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێ و لە ساڵی ۱۹۲۰ تورکمانستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتەکانی ئەو سەردەمە.

لەو ماوەیەدا بێ‌ئارامی باڵی بەسەر هەموو خاکی ڕووسیای کۆن داگرت بوو، شەروشۆڕ و بەرهەڵستی بوو لە نێوان بۆلشەڤیك و دوژمنەکانیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم کۆمۆنیستەکان توانیان خاکی ڕووسیای کۆن کۆنترۆڵ بکەن و خەریکی چەسپ کردن و دامەزراندنی کۆمەڵی سۆسیالیست بن. بەم جۆرە لە ۲۷ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲٤ کۆماری تورکمانستانی سۆڤیەتی سۆسیالیست دروست

بوو. خاکی کۆمارەکە کەوتۆتە نێوان زەریای قەزوین و ڕووباری ئەموودەریا، ئۆزبەکستان لەلای ڕۆژهەڵات و ئێران و ئەفغانستان کەوتوونەتە لای باشووری.

قەوارەی وڵات ٤٨٨ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە، دانیشتوانی لە تورکمان و ڕووس و ئۆزبەك و کورد پێك هاتوون. پایتەختی وڵات شاری عەشقابادە، شاری ماری (مەڕۆی کۆن) لە شارە گەورەکانی کۆمارەکەیە.

لە کشتوکاڵدا لۆکە و هەرزنی هەیە، لە کانی مەعدەن کبریت و مەگنیسیۆمی زۆرە، پیترۆڵ و خەلووزیشی لێ دۆزراوەتەوە، پیشەسازی قوماشی لۆکە و مافوور و شەراب و کەرەستەی بیناسازی هەیە.

پێش شۆرشی نوکتۆبەر لەناو تورکماناندا لە سەدی یەکێك کەمتر خوێندەوار بوو، لە ساڵی ۱۹۵۰ دا زانستگای تورکمانستان کرایەوە و لە ساڵی ۱۹۵۱ ئەکادیمییەی زانستی دامەزرا. لە ساڵی ۱۹۹۲ لە یەکێتیی سۆڤیەت جیابوونەوە و بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ.[۱]

- **سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ تورکمانستان**

مێژووی کوردەکانی تورکمەنستان لەگەڵ کوردی خوراساندا هاوبەشە، بەشێك لەوان بەهۆی دانانی سنووری نوێی ڕووسیا و ئێرانەوە خرانە ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریی ڕووسیاوە و بەشێکی تریان بەهۆی سیاسی و ئەنجامی شکستی ڕاپەڕینەکانی کوردی خۆراسانەوە لە ترسی دەسەڵاتدارانی ئێران، بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی ۱۹ و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە پەرەوازەی ناو خاکی ڕووسیا یا یەکێتی سۆڤیەت بوون.[۲]

ماموستا کەمال مەزهەر سەبارەت بە کوردەکانی تورکمێنیا دەڵێت: چارەنووسی ئەمان یەکێکە لە داستانە پڕ لە کارەساتەکانی مێژووی گەلی کورد. دەوروبەری کۆتایی سەدەی شازدە شاعەباسی یەکەم، کە بەدەسەڵاتترین

پاشای سه‌فه‌وی بوو، ژماره‌یه‌کی زۆر له کوردی کوردستانی ئێرانی بۆ ناوچه‌ی خۆراسان گواسته‌وه، به نیازی به‌رهه‌ڵستی هێرشی یه‌ك له‌سه‌ر یه‌کی هۆزه ئۆزبه‌کیه چاونه‌ترسه‌کان بۆ سه‌ر سنووری باکووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئێران. شاعه‌باس به‌و کاره‌ی ده‌یویست دوو نیشان بپێکێت، له‌لایه‌که‌وه به‌شێك له هۆزه کورده به‌هێزه‌کان خه‌ریك بکات و له کوردستانیان دور بخاته‌وه، له‌لایه‌کی تریشه‌وه به ئه‌وان به‌ربه‌ستی ده‌ستدرێژیی ئۆزبه‌که‌کان بکات که له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه ته‌واو ته‌نگیان به ده‌وڵه‌ته به‌رفراوانه‌که‌ی هه‌ڵچنیبوو.

به‌شی زوری نه‌وه کوردانه‌ی شاعه‌باس ڕایگواسته خوراسان له هۆزی زه‌فه‌رانلوو و شه‌ده‌ڵوو بوون. د. که‌مال دریژه به بابه‌ته‌که ده‌دات تا ده‌گاته باسی زوڵموزۆر و چه‌وساندنه‌وه‌ی سه‌فه‌وی و قاجاریيه‌کان بۆ سه‌ر کورد ئینجا باسی ڕاپه‌ڕینی کورده‌کانی خۆراسان ده‌کات و ده‌ڵێت: هه‌ر ئه‌و باری قورسی ژیانه به‌شێك له کوردی خۆراسانی ناچار کرد ده‌وروبه‌ری کۆتایی سه‌ده‌ی پانزده په‌نا به‌رخاکی تورکمانستان به‌رن که له کۆتایی سه‌ده‌ی نۆزده که‌وتبوه ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕووسیاوه. [۳]

به‌ڵێ! «میژووی کوردی تورکمانستانی ئاسیای ناوه‌ڕاست پێوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی به میژووی کوردی خۆراسانه‌وه هه‌یه، چونکه به بنه‌چه کوردی ئه‌وێن و له‌وێوه بۆ تورکمانستان کۆچیان کردووه. کوردی خۆراسانیش میژووی خۆیان هه‌یه ده‌گه‌ڕێته‌وه ئه‌و سه‌رده‌مه میژوونووسانه‌ی به‌شێك له عه‌شره‌ته‌کانی کورد له کوردستانه‌وه (ناوچه‌کانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران) ئاواره‌ی خوراسان کراون، له‌به‌ر ئه‌وه میژووی به‌سه‌رهاتی کوردی تورکمانستان و کوردی خۆراسان یه‌کێکه و بیبلیۆگرافیا و سه‌رچاوه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌یان هاوبه‌شه و له یه‌کتری جیا ناکرێنه‌وه. [٤]

لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ خۆراسان

لەدوای جەنگی چالدێران ١٥١٤ و دابەش بوونی خاکی کورد بەسەر دوو دەوڵەتەکەی سەفەوی و عوسمانی هەڵێکی لەبار پەیدابوو بۆ چەوساندنەوەی کورد و دەست داگرتن بەسەر سامانی نەتەوەیی ئەو میللەتە.

لە ساڵی ١٦٠٨ کوردی دانیشتوانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ناوچە و عەشرەتەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و براوۆست و شنۆ و ورمێ کەوتنە جموجۆڵ دژ بەدەستدرێژی دەوڵەتی سەفەوی، لە هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی کوردەواری بەرهەڵستی چەوساندنەوەی دەسەڵات دەکرا، لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی سەفەوی بە زۆر بەشێك لە کوردی ئەو ناوچانەی ئاوارەی خۆراسان کرد، لە لایێك بۆ ئەوەی ڕزگاری لە هەڵسان و شۆڕشەکانیان بێ، لەلایێکی دیکەوە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هێرش و دەستدرێژیی تورکمان و ئۆزبەکەکان بپارێزێ...

لە ماوەی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی بۆ جاری دووەم لەنێوان ئێران و عوسمانی لە ساڵی ١٦١٨ شا عەباس پازدە هەزار بنەماڵەی کوردی ئاوارەی خۆراسان کرد لەمانە عەشرەتەکانی جافەرانلوو و شادیلوو لە ناوچەکانی قۆچان و شێروان و بجنورد نیشتەجێ بوون، لە پاشانا لە بەشەکانی دیکەی خۆراسان دەرەگەز، قەلات و تەراخان و جێی دیکە بڵاو بوونەوە.

کوردی خۆراسان لە سەرەتای نیشتەجێبوونیان پێنج ناوچەی بەڕێوەبردنیان دروست کرد لەو خاکەی کەوتۆتە نێوان ئەسترئاباد و چناران و لە دواییدا ئەمە بووە بنکەی دروستبوونی کوردستانی خۆراسان.

لە خۆراسانەوە بۆ تورکمانستان

بە هۆی پێوەندی کشتوکاڵی و هاتوچۆی مەڕومااڵت لەنێوان ئێران و تورکمانستاندا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە ئەنجامی مانەوەی هەندێ لەو

کوردانە لە خاکی تورکمانستاندا گوند و ئاوایی کوردی پەیدا بوو، ئەمە بووە بنکەیێك بۆ ئەوەی کوردی دیکەی خۆراسان هان بدرێن بۆ کۆچ کردنیان لەپێناوی ژیانێکی باشتر.

وەك لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ لەدوا سالّانی سەدەی نۆزدەم، بەشێکی زۆر لە کوردی باکووری خۆراسان رووبان کردە ناوچەکانی ئەودیو زەریای قەزوین لە ئەنجامی پەیدابوونی کوللە و داهاتنی گرانی و قات و قڕی. تا ئێستاش گەلێ لە پیرەمێردانی بەسالّاچووی کورد بەسەرهات و حیکایەتی سالّانی کوللە دەگێڕنەوە و زیانی باڵەباری بەو ڕۆژگارە دەحەنە ڕوو. ئەناو خەڵکی دا بە «سالّانی کوللە» ناوی دەرکردووە.

بەشێکی تری خێزانی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە لەبەر هەژاری و گەرانبە شوێن نان تاك تاك و بەکۆمەڵ لەگەڵ مالّ و منداڵیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی ئەودیو زەریای قەزوین و گوندی تایبەتی یان بۆ خۆیان دامەزراندووە.(۵)

● **شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە تورکمانستان**

کوردەکانی تورکمانستان لەم شار و ناوچانەدا نیشتەجێن: عەشق ئاباد، گۆك تەپە، کائاخکەن، باغر، فیروزە، چولی، گەرماب، منتیکالار. هەروەها لە قەزای تورکمەن، کالینین، بایرام عەلی سەر بە پارێزگای ماری، ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی لێیە.(۶)

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە ناماژە بە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە تورکمانستان کراوە: عەشق ئاباد، ماری و گۆئیك تەپە، کائاخکین (لە گوندەکانی باقیر «باگیر» و فیروزە، چولین، گەرماب، ...) هەروەها لە ناوچەکانی تورکمەن ـ کالین، بارمە عەلی (لە کوردەکانی خانشینی دەرەگەز، قەلات،

ڕودکان، کوچان و بجنوردن).

کوردی ناوچەکانی ماری، بارامەعەلی لە ناوچەکانی پری کوپتیداغ لە ساڵانی ۳۰ی سەدەی بیستەمەوە هاتوون. هەروەها لە تاشانوز، چوارجوو، حەسارقەڵا، کورین و میخەنلی دەژین.(۷)

لە کتێبی «کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە» لەم بارەوە هاتووە: «ناوچە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوونی کوردان لە تورکمەنستان «گوپت داخ» و «فیریوزا»یە و هەندێک گرووپی گوندنشینی بچووکتر لە «جیوك تەپە»، «خاخا» و «کاراکالا» و هەندێک کۆمەڵگەی شارنشین لە باگیر، بایرام عەلی و عیشق ئاباد»ی پایتەخت دەژین.(۸)

هەروەها لە کتێبی «پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا»دا جێگای ژیانی کوردەکانی تورکمانستان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کراوە:

بە زۆری لە ناوچەکانی باشووری سەرسنووری ئێران و لە ناوچەی ئەشقاباد، گیوك تێپین، کەناخکین، تورکێن - کالین، بەیرەم عەلی ناوچەی ماریی. هەروەها لە ئەشقابادی پایتەختی تورکمێنیادا.(۹)

دیارە لەم سەرچاوانە و لە زۆر سەرچاوەی دیکەش شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کورد هەر ئەمانەن کە ئاماژەیان پێکرا. هەرچەند لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانکاری لە شێوەی نووسینی ناوی شوێن و ناوچەکاندا دەکرێ. بۆ نموونە جیوك تەپە، گوئیك تەپە و گۆك تەپە هەریەکن بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر نووسراون.

- **ژمارەی کوردی تورکمانستان**

لەبابەت ژمارەی کوردەوە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ۱۹۱۷ هیچ سەرچاوەیێك لەبەردەستدا نییە. کوردی ئەوێ خۆیان دەڵێن ژمارەیان لە نێوان حەوت هەزار و

هه‌شت هه‌زار که‌س بووه، هۆی ئه‌و نه‌زانینه ئه‌وه‌بوو له ناوچه‌ی جیاجیا ده‌ژیان، پێوه‌ندی له‌نێوان ئه‌م ناوچانه‌دا کز بوو. جگه له‌وه‌ی هه‌ندێ جار له‌به‌ر هه‌ر هۆیێك بووبێ کوردی ئه‌وێ خۆی به فارس یان ئازربێجانی ناونووس کردووه.

له سه‌رژمێری ساڵی ۱۹۲٦ له تورکمانستانی سۆڤیه‌تی کۆن ژماره‌ی کورد (۲۸۰۳) که‌س بووه، که‌چی له سه‌رژمێری ساڵی ۱۹۵۹دا ژماره‌یان (۲۲٦۳) که‌س بوو، هۆی که‌مبوونه‌وه‌ی ژماره‌یان ئه‌وه بوو له ساڵی ۱۹۳۵ دا به‌شێکیان گه‌ڕانه‌وه خۆراسان و هی تریش له سه‌رژمێری دا خۆیان به کورد نه‌نووسی بوو. بێگومان به گشتی سیاسه‌تی ده‌وڵه‌ت به تایبه‌تی سیاسه‌تی ستالینی کوردی ترساندبوو، نه‌ك ته‌نیا کوردی تورکمانستان به‌ڵکوو کوردی هه‌موو کۆماره‌کانی قه‌فقاسیش هی وه‌کوو ئازه‌ربێجان و ئه‌رمه‌نستان و گورجستان، له‌مانه ئێزیدی نه‌بێ به هۆی ئایینه‌وه نه‌ته‌وایه‌تی خۆیانیان پاراست که‌چی کوردی ئازربێجان له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌کوو ئه‌وان موسڵمانی شیعه بوو نه‌یانتوانی پارێزگاری ئه‌دگاری نه‌ته‌وه‌یی یان بکه‌ن. هه‌رچه‌نده ئه‌م دیارده‌یه زۆر زۆر کاریگه‌ر نه‌بوو له تورکمانستان چونکه تورکمان ئیسلامی سوننین که‌چی کوردی ئه‌وێ ئیسلامی شیعه‌ن به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ترس وای لێ ده‌کردن ئه‌گه‌ر خۆیان به تورکمانیش نه‌نووسن به فارس خۆیان حسێب بکه‌ن. ئه‌م سیاسه‌ته وای کردووه تا ئێستاش ژماره‌ی کورد له وڵاته‌دا به ته‌واوی نه‌زانرێ چه‌نده.[۱۰]

به‌پێی هه‌ندێك له‌و خه‌ملاندنانه‌ی که کراوه، زیاتر له ۱۰۰ هه‌زار کورد له بیسته‌کاندا له تورکمانستان ده‌ژیان، به‌ڵام سه‌رژمێرییه‌کانی دواتر له قۆناغێکی پشکنین و لێکۆڵینه‌وه ده‌رکه‌وت ژماره‌یه‌کی زۆر له‌وانه‌ی سه‌ر به نه‌ته‌وه‌ی کوردن، که‌می کردووه له هه‌موو ئه‌و ناوچانه‌ی که تیایدا نیشته‌جێ ببوون.[۱۱]

● **ژیانی ئابووریی کوردی تورکمانستان**

پێوەندی عەشیرەتی لەناو کوردی تورکمانستان گەلێ بەهێز و پتەو بوو. لە کۆندا خەڵکی بە ناوی عەشیرەتەکانیانەوە خۆیان بە خەڵکی دەناساند، عەشرەتە گەورەکانی وەکوو جافەرانلوو و شادیللوو کرابوون بە چەند بەشێکەوە، ئەندامانی عەشرەتە گەورەکان و لقەکانیان نەریتی عەشیرەتیان دەپاراست. نەوەی تازە بەو جۆرە ئاگاداری پێوەندی عەشرەتی نیە، ناوی کۆمەڵە کوردەکانی ئێستا زۆربەیان بە گوند یا ناوچە یا شارەکانی باکووری ئێرانەوە دەناسرێن. وەکوو سیسپیرانلوو. مالیانلوو. روشوانلوو. جیڤانلوو. شیروانلوو. قەلاتلوو، قوشگونالوو و هی دیکە.

کشتوکاڵ بنچینەی ئابووری کوردی تورکمانستانە، لە ئاوایيەکانی ناو شاخ و دامەنی چیاکانی کۆپێت داغ و دووشاك، لە گوندەکانی باگیر و فیرۆزە و گەرماب و حەسار قەڵا و کورین میخینال خەریکی کشتوکاڵ چاندنی زەوین. بە زۆری کوردی تورکمانستان خەریکی چاندنی دانەوێڵە و سەوزەن، باغەوانی میوەجاتیان پێخۆشە. ئاو لە جۆگە و کارێزی ناو شاخ وەردەگرن.

لەپێش شۆڕشی ئوکتۆبەر زۆربەی کورد زەویان نەبوو، وەك کرێکاری کشتوکاڵ بۆ دەرەبەگەکان کاریان دەکرد. هەندێکیان زەویان لە بەگەکان بەکرێ دەگرت، کرێیەکان دیاری نەکراوبوون، خاوەن زەوی بە ئارەزووی خۆی کرێی لێ وەردەگرتن، ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی جووتیار هەمیشە قەرزاری بەگ بێ، ئیتر هەندێ جار جووتیاری قەرزار قەرزی بۆ نەدەدرایەوە ناچار دەبوو لە قەرز ڕا بکا بۆ شار، بە تایبەتی شارانی عەشقاباد و ماری (مەڕۆی کۆن)، ناچار دەبوو لە پێناوی پاروویی نان پیشەی کۆڵەڵگری هەڵبژێرێ.

لەگەڵ بایەخدان بە کشتوکاڵ لە پێش شۆڕشەوە تا چاکسازی ساڵانی ۱۹۲۵ ـ۱۹۲٦ی پاش شۆڕش هەندێ لە کوردی تورکمانستان خەریکی بەخێوکردنی

مەڕ و ماڵات و پیشەی شوانکارەیی بوون. لەدوای شۆڕش کوردیش وەکوو هەموو خەڵکی دیکەی وڵاتی سۆڤیەتەکانی کۆن کۆڵخۆزیان دروست کرد پاش ئەوە ڕانە مەڕی خۆیان فرۆشتە کۆڵخۆزەکان. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کورد مەڕی تایبەتی بە خۆی هەیە لەڕووی نەژادەوە بە «مەڕی کوردی» ناسراوە.

لە ئاژەڵ، کورد ڕەشەوڵاغ و وشتر و گوێ درێژیان هەیە. بەرهەمی مەڕ زۆرە، ژیانی دارایی خێزانیان بەرز دەکاتەوە. خوری و پێستە و شیر و بەرهەمی دیکە بەشی خۆیان دەکا. ئەوەی زیادە لە بازاڕ دەفرۆشرێ.

زۆربەی کەلوپەل و ڕایەخی ناوماڵ خۆیان دروستی دەکەن، ئەوەی لە خوری دروست دەکرێ بابەتی زۆرە: مافوور، جاجم، کەلوپەلی نوستن، جۆرك (خورج)، جەواڵ، پشتێند، گۆرەوی و شتی دیکە.

کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەروماڵات لەبابەت ژیانی ئابووری کوردی تورکمانستانەوە، بە پێی ناوچە جوگرافیەکان و پیشەی خەڵکەکەی دەگۆڕا. بۆ بەڵگە لە ئاوەدانی قەلا ژیانی لە سێ وێنەدا دەبینرێ: یەکەمیان لە گوندەکانی گیندوقار، عەلی بەگ، سولوکلی، حەسار قەڵا، کووریێن، گوزلیك، ئەمانە لەناو شاخ دا بوون، لەوێ شوانکارە و خاوەن مەڕوماڵات دەژیان. دووەمیان لە گوندەکانی یانباش، ئاق مەیدان، کاریزاك، مەخینلی، لە نزیك بناری شاخ بوون، لێرە خاوەن مەڕوماڵات و ڕەنجبەری کشتوکاڵ پێکەوە دەژیان، سێیەمیان لە گوندەکانی باگیر، گوێچکە، باباراب، ئاراپ قەلا. لێرە کورد لەگەڵ تورکمان پێکەوە دەژین و تەنیا خەریکی کشتوکاڵن.[١٣]

• ماڵ، خواردەمەنی و جلوبەرگی کوردی تورکمانستان

بەگشتی خانووی خێزانی کورد لەپێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بریتی بوو لە تاقە

ژوورێکی لە قوڕ دروستکراو و زیاتر لە کۆخی دەکرد و شایانی ئەوە نەبوو مرۆڤی تێدا بژی، بە دەگمەن لە کۆمەڵی کوردەواری ئەوێدا خانوویێك دەبینرا لە خشت (کەرپووچ) دروست کرابێ.

بۆ دروستکردنی خانوو دار و دەوەن و قوڕ بەکار دەهێنرا. خانووەکان پەنجەرەیان نەبوو، ئەرزی ناوماڵ پانایەکی خۆڕسکی ئاسایی بوو، دەسکاری نەکرابوو، لەناو ژووری ماڵ دەلاقەیان دروست دەکرد بۆ پاراستنی کەلوپەل و جلوبەرگ.

لەدوای شۆڕش گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەر خێزانی کورددا هات. لە شار و لە گوند، بەڵام ئەوەی شار زیاتر بوو. لە دێهاتەکاندا هەموو خێزانێك پارچە ئەرزێکی هەیە، بەشی ئەوە دەکات خانووی لێ دروست بکا و بەشێکی بکاتە باغچە و بێستان و سەوزە و داری بەرداری لێ بڕوێنێ.

بە زۆری خێزانی کورد بە تەنیا دەژی، هەندێ جار دوو خێزان پێکەوە دەژین، بە گشتی ئەم دوو خێزانە خزمی یەکتری دەبن، یا دۆست و برادەرێکی زۆر نزیك دەبین لە یەکتری.

لە هەموو ماڵێکدا کەلوپەلی مۆدێرن دەبینرێ، وەکوو قەنەفە و کانتۆر و ڕادیۆ و قاپ قاچاغی فەغفووری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلی نەتەوایەتی تایبەتی یان پاراستووە، وەکوو: تەشتی هەویر، سەتڵ، لەنگەری، ساج، جەرە، دیزە، گۆزە، کەندوو، هەرزاڵە و گەلێکی دیکە.(١٣)

خواردەمەنی: خواردەمەنی کوردی ئەو وڵاتە جۆراوجۆرە، بە زۆری نەتەوەییە و تایبەت بە خۆیانە. هەندێکی خواردەمەنییەکانیان لە تورکمانان وەرگرتووە، لەم دواییە خواردەمەنی ڕووس و ئۆکرانی و ئازربێجانی و هی دیکەشیان وەرگرتووە، بەڵام بەتەواوی سیستێمی خواردەمەنی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە.

گۆشت گرنگترین مادەی خواردەمەنییە، بە تایبەتی گۆشتی بەرخ و مەڕ، گۆشتی مانگا کەم بەکار دێنن، لەلایان مەقبوول نییە، کەچی گۆشتی مریشک و باڵندەی دیکە بە زۆری بەکار دێنن، بەڵام گۆشتی ئەسپ و ماین ناخۆن. ئێمە لەبەر ئەوە باسی ئەو جۆرە گۆشتەمان کرد چونکە نەتەوەکانی تورکە تەتارەکانی ئاسیای ناوەڕاست هەموویان موسوڵمانی سوننین و گۆشتی ئەسپ و ماین لەلایان حەڵاڵە، بەڵام کوردی ئێمە ئەو جۆرە گۆشتە ناخۆن.

کوردی تورکمانستان زۆربەی چێشتی گەرم لە گۆشت دروست دەکەن. دیارترین خواردەمەنییان کە لە گۆشت دروست دەکرێ. شلەکەی (شۆرووا) ی پێدەڵێن، واتە شۆربا (سووپ)، ئەویتر (پەڵوو)ی پێدەڵێن، واتە پڵاو. بەزۆری حەزیان لە خواردەمەنی شلەیە، لەمانە لۆلکە و پیرخەنیلە و شلەساوەر و سندارە و هی دیکە، ئەمانە لە ئارد و دانەوێڵە و قەرەخەرمان و ڕۆن دروست دەکەن. هێڵکە بە گەلێ شێوە خواردەمەنی لێ دروست دەکرێ، لەوانە بە پیاز و ڕۆن و هەرەشتە شلەی لێ دروست دەکرێ، ئەم خواردەمەنییە «کاروان ئاشی» پێدەڵێن.

وەکوو هەموو کۆمەڵێکی کوردەواری و کۆمەڵێکی شوانکارەیی کوردی ئەو وڵاتە لە شیر گەلێ بەرهەمی تازە دروست دەکەن وەکو ماست و پەنیر و کەرە و سەرتوو و لۆر و فرۆ و دۆ و هی دیکە.

نان لای کورد شتێکی پیرۆزە بە چاوێکی بەرز تەماشای دەکرێ. دوو ڕێگە بەکار دێنن بۆ دروست کردنی، یەکێکیان بە تەنوور و ئەوی دیکەیان بە ساج. نان لەلایان دوو بابەتی هەیە هەویری فەتیر و هەویری ترشاو.

سەوزە بابەتی زۆرە بە کاڵی دەخورێ لە چێشتی گەرمیشدا بەکار دەهێنرێ. بیبەر بە هەردوو بابەتیەوە (شیرین و تیژ) دەوری باڵای هەیە لەسەر خوانی کوردی تورکمانستان. سەوزە بە گشتی لای ئەوان تەنیا بۆ خواردن نییە بەڵکوو

دەرمانی هەمە رەنگی لێ دروست دەکەن.

مالّی کورد میوە زۆر بەکار دێنن، نەك تەنیا وەکو خۆی بەڵکوو خواردەمەنی گەرمیشی لێ دروست دەکەن. هەروەها میوەی وشك کراو، یا خۆیان وشکی دەکەنەوە یا لە بازاڕ دەیکڕن، ئەمە بۆ چێشتی گەرم بە کاری دێنن و خۆشاویشی لێ دروست دەکەن.

لە سەردەمی کۆنی سۆفیەتەکان گۆڕان بەسەر خواردەمەنی ئەو وڵاتەدا هاتبوو، وەکوو پەیدابوونی کاتلێت و بۆرش (سووپی ڕووسی) زەڵاتەی جۆراوجۆر [۱۴]

جل وبەرگ: کوری تورکمانستان تا ئێستا جلوبەرگی نەتەوەییان پاراستووە، ئەدگاری ڕەسەن و جوانە تایبەتی یە بە خۆیان. بەرگی ژن و پیاو و منداڵ بە پێی ڕۆژانە و سەردەمی جەژن دەگۆڕێ، بابەتی زۆرە و ڕەنگاوڕەنگە بە تایبەتی جلی ژنان جوانی ڕەنگەکانی سەرنج ڕاکێشەرە. جلی سەرەکی پیاو کراس و دەرپێ یە، «کراسێ میران» و «دەرپێ مێران»ی پێدەڵێن، هەروەها کورتەکی هەیە، ئەمەیان بابەتی زۆرە و بە زستانە و هاوینە دەگۆڕێ. جلوبەرگی ژنان بریتییە لە کراس و دەرپێ (شەلوار)ی پێدەڵێن، لەگەڵ چاکەت و سەرپێچ.

ژنی کورد هۆگری خشڵی خۆرازاندنەوەیە، ئەم خشڵانە بە زۆری لە زیو دروست دەکرێن وەکوو: ئەموستیلە، بازن، گوارە، ملوانکە، هەیاسە و گەلێکی دیکە.

پێڵاوی ژن و پیاو بابەتی زۆرە، لە قایش و چەرمی نەرم دروست دەکرێن. کوردی ئەو وڵاتە وەکوو هەموو کوردێکی تر بایەخ بە پێڵاو دەدا، ڕەنگە ئەمە زیاتر پێوەندیی بەوەوە هەبێ وڵاتیان و جێگەی ژیانیان بە زۆری ناوچە شاخاوییەکانە. پێڵاو پێیان دەپارێزێ لە ئازاری زەوی ڕەق و بەردی تیژ.

گۆڕانی سروشتی و دەسەڵاتی سۆفیەتی کۆن بێگومان کاریان لە جلوبەرگی کورد کردووە بەوەی لە شێوەی گوندییەوە دەرباز بن بۆ شێوەی شارستانی.

لەبەر ئەوە زیاتر لە شار و هەندێ جاریش لە گوندا کچی عازەبی کورد لاسایی جلوبەرگی کچە ڕووس و تورکمان و ئازربێجانی دەکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جلوبەرگی قەومی خۆیان پاراستووە، لەهەر جێگەیەك ببینرێن دەناسرێن کە کوردن.[١٥]

• پێوەندیی کۆمەڵایەتیی خێزانی کورد

پێوەندیی بنەماڵەیی و خزمایەتی لەناو کۆمەڵی کوردی تورکمانستاندا بە شێوەیەکی گشتی باریەرانوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گرنگی بە بنەماڵە و خێزانی بچووك دەدرا، واتە دایك و باوك و کوڕ و کچیان، پێوەندی تیرە و هۆز و عەشرەت کز بوو و باوی ئەوەندە نەمابوو. باوك سەرۆکی خێزان بوو، ئینجا دایك و لە پاشانا کوڕ.

لەناو کوردی ئەو وڵاتە وەکو هەموو موسڵمانێك کوڕ ئامۆزا و خاڵۆزا و پووزای خۆی دەخوازێ، ئەم نەریتە لەلایەن کوردەوە پێڕەو دەکرا لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت هەوڵی دەدا ئەم جۆرە خوازیێنی یە نەمێنێ، چونکە وەکو دەزانین لە ئایینی مەسیحی و لەناو ڕووسدا قەدەغەیە، لەناو موسوڵمانەکانیش کەم بوو لەگەڵ ئەوەی ئەوان موسوڵمانن ئەمە کارێکی ڕەوایە لەلایان بەڵام هەموو موسوڵمانان بە تورکمانەکانەوە بۆ ئارەزووی دەسەڵات ئەم جۆرە خوازیێنی یە کەمتر بووبوو، کەچی لەناو کورددا باوی مابوو.

بە زۆری لەناو کوردانداکچ لە تەمەنی ١٤ یا ١٥ ساڵی بە شوو دەدرێ، کوڕ لە ١٨ تا ٢٠ ساڵی ژنی بۆ دەهێنرێ. لە کۆنا زۆری وا هەبوون لە ژنێك زیاتریان دەهێنا، بە تایبەتی ئەوانەی دەوڵەمەند بوون. هەر لەو سەردەمە کۆنانەدا خوازیێنی و ژنهێنان لەناو چینی هەژاران دا لەنێوان خۆیان دا بوو، دەوڵەمەندەکانیش پێڕەوی ئەم نەریتەیان دەکرد. لە سەردەمی دەسەڵاتی

سۆفیەتەکان ئەم نەریتە لەناو چووبوو، چونکی چینی هەژار و دەولەمەند لەو کۆمەڵەدا نەمابوو.

ئاهەنگی ژنهێنان لای کوردی تورکمانستان زۆر لە ئاهەنگی کوردی دیکەی وڵاتی سۆفیەت و کوردی ناوەوەی کوردستان دەکا، بە تایبەتی خەڵکی دەشت و دێهات و ئاواییە کشتوکاڵییەکان.

لە ڕۆژگاری کۆندا ئایینی ئیسلام و ئایینزای شیعە کاری گەورەی کردبووە سەر کۆمەڵی کوردی تورکمانستان. بە تەواوی هەموو فەرزەکانی ئایین دەگەینرانە بەجام. مەلا ڕێبەری ئایین بوو. ئاخوند و سەییدیش لەوەی پێغەمبەر لەناوەوە بوون، ئەمانە لەگەڵ مەلاکان دەوری ڕێبەرییان هەبوو. ڕێگەی ڕاستی ئیسلامەتییان بە خەڵکی پێشان دەدا، دەوری پزیشکییان هەبوو، تیماری نەخۆشیان دەکرد بە تایبەتی دوعا و نوێژ و نوشتە خەڵکیان دڵنیا دەکرد کە لە نەخۆشی چاك دەبنەوە و برینیان ساڕێژ دەبێ. مەلا و ئاخوند و سەیید کوڕ و کچیان لە یەکتری مارە دەکرد، مارەکردنی ڕەسمی لە دادگا بەلای کوردەوە نەدەبووە کارێکی شەرعی تەواو ئەگەر مەلا دەستی تێدا نەبوایە.

مەلاکان دەبوو هەموو مەرجەکانی شەرع بخەنە پراکتیکەوە لە کاتی مردن و ئامادەکردنی بۆ ناشتن. عاشوورا جێی تایبەتی هەیە لەناو دەروونی کوردی ئەو وڵاتە، لە دە ڕۆژەکەدا هەموو دەستوورەکانی کە بە دریژایی مێژوو دروست بوو دەخەنە پراکتیکەوە. خوێندنەوەی قورئان و گێڕانەوەی بەسەرهاتی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی نەبوو تالیب و شەهیدبوونی لە دەشتی کەربەلا، ئینجا لاواندنەوە و لەخۆدان. لە پێشانا بە دەست لە سنگ و ئینجا بە زنجیر لە شان و مل و پشت، لەدواییدا بە قامە لە تەوقی سەر، ئەم کردەوانەی عاشوورا لەوێ «شەخسی فەخسی» پێدەڵێن. ئەمە لە ڕستەی «شا حوسێن وا حوسێن»ەوە هاتووە لە کاتی لەخۆدان دا بە دەنگ و ئاوازەوە لە دەمیان دێتە دەرەوە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتەکان هەندێ لە نەریتی کە بە دواکەوتوو دەژمێردران لە ناوچوون، لەگەڵ ئەوەش دا لەناو هەندێ کۆمەڵێ کوردەواری ماونەتەوە، وەکو داگیرساندنی مۆم یا چرا و ڕووناکی لەسەر گۆڕی مردووان، باوەڕکردن بەگۆڕی پیاوچاکان، بە تایبەتی لە کۆمەڵی دەشت و لادێ و خەڵکی گوند. بەشێك لەو کوردانە باوەڕیان بە گیانی پاك و گیانی پیس هەیە، هەروەها باوەڕیان بە نەمردنی گیان هەیە، وەکوو یارسانەکان (ئەهلی هەق) هەندێکیان وا دەزانن گیان گەڕۆکە و لە گشت دایە (دۆنادۆن)، لە لەشێك دەردەچێ بۆ لەشێکی دیکە. بەمە و گەلێ نەریتی کوردی تورکمانستان وەك موسوڵمانانی نەتەوەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی گێتی یە.

نەوەی کۆن و بەسالاچووەکان لەگەڵ سالنامەی مەسیحی (گریگۆری) سالنامەی هیجریش بەکار دێنن، هەردوو جۆرە سالنامەکە ئەوەی مانگی ئەوەی ڕۆژی. ئەم سالنامەیە پێوەندی بە کۆچی پێغەمبەرەوە هەیە لە مەککەوە بۆ مەدینە.

جگە لە جەژنە ئایینییەکانی ڕەمەزان و قوربان جەژنی نەورۆز لەلایان پیرۆزە و ڕێزی دەگرن و ئاهەنگی تایبەتی بۆ دەگێڕن.

لەبارەی ناوی کوڕ و کچی کوردی تورکمانستان ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە ناوی پیاو لەو کۆمەڵەدا ئەو ناوە عەرەبی یە موسوڵمانیانەن کە بە زۆری شیعە بەکاری دێنن، وەکو: عەباس، ئەلی (عەلی)، قوربان، حەسەن، حوسێن، ڕەزا، شامیرزا، مووسارەزا، کازم، قاسم، محەمەد(مەمەد) بەڵام ناوی ژنانیان کوردیان تێدا هەیە، وەکو: سۆناگوڵل، غونچەگوڵ، گوهەر، بیبی، ئەرزی گول، نارگول، و هی دیکە. [١٦]

- **زمان، ڕۆشنبیری و خوێندەواری، مۆسیقا و هەڵپەڕکێ**

زمان: ئێتنۆگرافەکان دەڵێن: کوردەکانی تورکمێنیا کۆنترین کۆمەڵە کوردن کە کۆچیان بۆ ئاسیای پێشین کردووە. ئەم کوردانە زمانیان کەمێك لەهی کوردەکانی پشت قەفقاز جودایە و بڕێکی زۆر وشەی خوازراوی فارسی و تورکێنی تێدایە.

لێرەدا دەمەوێت باسی ئەو بەسەرهاتە بکەم کە کوردی ناوچەیەکی تر لە کاتی سەردانیدا بۆ تورکمێنیا بەسەری هاتووە:

کوردیکی کازاخستان کە ناوی فوربانعەلی مەمێدەفبوو، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لەیەکدابڕان دەبێتە هۆی تواندنەوەی کورد... ئینجا نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: لە گوندی باگیری تورکمێنیا چوونەتە ماڵی کوردێك، کە ناوی شاهنزار بەهلولۆڤ بووە. ئەو ماڵە کوردە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کردوون، بەڵام کاتێك وێستوویانە بئاخفن، هیچ لەیەك تێنەگەیشتوون و کوردیەکەیان بۆ ئەمان زمانێکی نەزانراو بووە. هەربۆیە ناچار بوون پەنا ببەنەبەر زمانی ڕووسی[١٧]

کوردی تورکمانستان بەشێکی گرنگن لە نەتەوەی کورد ئەوەی لە کوردستان و کوردەواری دەرەوەی نیشتمانی کورد دەژین، بە ئایین موسوڵمانن و لەسەر ئایینزای شیعین، زمانی قسەکردن و نووسینیان دیالێکتی کرمانجیی سەرووە. زمانیان لە ڕووی داڕشتنی فەرهەنگییەوە لەگەڵ شێوەزاری کوردی ئەرمەنستان و گورجستان تا پلەیێك کوردی ئازربێجانیش یەکتری ناگرنەوە. ئەمە لەوەوە هاتووە کوردی تورکمانستان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی تورکمانی و فارسی و ڕووسی، ئەمە لەلایێکی دیکەوە بە سوود گەراوەتەوە بۆ زمانی کوردی بەوەی دەوڵەمەنتر بووە.

لەپێش دەسەڵاتی سۆڤیەتەکانی کۆن دا خوێندەواری لەناو کورددا نەبوو، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر نەخوێندەواری بە دەگمەن دەبینرێ، لێرەدا نابێ

ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە دەڵێین خوێندەواری لەناو کورداندا هەیە، مەبەست ئەوە نیە خوێندەوارییەکەی بە زمانی کوردییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە زمانی خوێندن و ڕۆشنبیریان تەنیا بە زمانی تورکمانی یا ڕووسی دەخوێنن و دەنووسن، زمانی کوردی تەنیا قسەی پێدەکرێ.

لەپێشانا ۱۹۳۰-۱۹۳۲ دا لە کۆمەڵی کوردی ئەو وڵاتەدا قوتابخانەی هەبوو و گەلێ کتێبی قوتابخانەش بە زمانی کوردی و پیتی لاتینی چاپ کراوە. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و لە ئەنجامی سیاسەتە تیرۆریستی و ناهەمواوەکەی ستالینی خوێندن لە قوتابخانە کوردییەکاندا بووە بە تورکمانی. ئەو کتێبە کوردییانەی لەو ساڵانەدا لە شاری عەشقاباد چاپ کرابوون بۆ یادگاری مێژوو هەندێکیان ماونەتەوە.

لە ماوەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سۆڤیەتی کۆن ژیانی کوردی ئەو وڵاتە گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا هاتبوو، بە تەواوی بە پێچەوانەی ژیانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. زۆربەی خەڵکی لە کۆلخۆز و سۆفخۆز و فابریقەکان کاریان دەکرد، بۆ بەڵگە کچە کوردی مەعسوومە حوسێن (تەمەن ۲۲ ساڵ) چێلەك دۆش بوو لە گوندی باگیر لە کۆلخۆزی کۆمۆنیزم کاری دەکرد. کچە کوردێکی دیکە ماسێ سەبزۆ (تەمەن ١٦ سال) هەر لەو کۆلخۆزەدا کاری دەکرد. کوڕێك بە ناوی ئەڵڵاوێردی سوبحان وێردی (تەمەن ۱۹ ساڵ) وەستای میکانیکی ئوتومۆبێل و تراکتۆرەکانی کۆلخۆز بوو. حەسەن شەفلی (تەمەن ۳۰ ساڵ) سەرکاری بەشێك لە کۆلخۆزوانەکان بوون.

لە شارەکانی تورکمانستان بە تایبەتی عەشقاباد پزیشك و ئەندازیار و مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەنجی و ئامادەیی و مووچەخۆری میری لەناو کوردان دا دەبینرێن، لەمانە حەسەنی کولی بەتارە (پزیشکی ئاژەڵ) لە ئاوایی باگیر. لە مامۆستایانی قوتابخانە حەیدەرجان(تەمەن ٢٤

سالّ). جگە لەمانە بابالی ئاننا مەمەد کارگێڕی فابریقەی کیمیایە، خوشکی ئەو کابرایە مەلیکە ئاننا مەمەد سکرتێری ڕێکخراوی کۆمسۆمۆلّی ناوچەیی یە لە عەشقاباد. (۱۸)

مۆسیقا و هەلّپەڕکێ: مۆسیقا و ئامێرەکانی لەناو کوردی تورکمانستان هێشتا لێیان نەکۆلّراوەتەوە. بەڕاستی ئامێری مۆسیقا و ئاوازی نەتەوەیی ڕەسەنیان هەیە. ئامێری مۆسیقا بریتیە لە: قووشمە (دووزەلە)، بلیر (بلوێر)، بەرەبان (دەف)، دووتار. جگە لە دووتار ئامێرەکانی دیکە هەموویان کوردین و لەناو تورکماناندا

ناسراون مۆسیقای کوردی زیاتر ڕەنگدانەوەی مێژووی پڕ لە کارەسات و ئاسۆر و پەژارەیە. ئاواز لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە دەمێنێتەوە.

شایی و هەلّپەڕکێ لەگەلّ کورد دەژی، لەهەر کوێیەك بێ لێی جیا نابێتەوە، لە نیشتمان یا هەرجێیەکی کوردەواری لە دەرەوەی نیشتمان. شایی و هەلّپەڕکێ بنچینەییەکانی ئەم کوردانە ئەمانەن: دووقەرسە (دووپێیی)، سێقەرسە (سێپێیی)، ئالەگوز، قۆچان و خەراوە، ئەوەی دواییان تازە داهاتووە، ئەوانی دیکە کۆنن. زۆربەی ئەم شاییانە بە ڕشبەلّەکیش دەکرێن. (۱۹)

- **ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) کوردی تورکمانستان**

بەرهەمی ئەدەبی بە دوو شێوازی نووسین دروست دەبێ، شێعر و پەخشان. ئێمە کە دەچینە ناو گێتیی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) ئەو بەشە کوردەی دوور لە کوردستان، خۆمان لەناو گەنجینەیەکی بە نرخ دەدۆزینەو، چونکە ژیانی ئەو کۆمەلّە کوردەی لە نیشتمانی دوور کەوتۆتەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕەسەنی نەتەوەیی خۆیەتی و لە ژیانی مەلّبەندی تازەیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەولّەمەنتر بووە.

شێعر و بابەتەکانی

شێعری میللی (فۆلکلۆری) نموونەیەکی هونەری، کولتووری و ئایینی و نەتەوەیی کوردی پاراستووە، تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی لێی نەکۆڵراوەتەوە، لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا لەو وڵاتەدا هەندێ تێکست کۆ کرایەوە، بەڵام لە دواییدا لەبەر هۆی سیاسی کە مافی خوێندن بە زمانی کوردی لەناو کوردی تورکمانستان کۆتایی پێهێنرا، چاپکردنی ئەو تێکستانەش نەگەیشتە ئەنجام.

بەرهەمی شێعری ئەدەبی میللی لەڕووی کێشەوە خۆمالّی (سیلابی)یە. بە ڕوری کێشە سووکەکان بەکار دەهێنرێن. لەڕووی قافیەشەوە ڕەنگاوڕەنگە. ئەگەرچی بەزۆریش شێعری جووت قافیە (مەسنەوی) دەبینرێ، هەرچی گۆرانییەکانیشە کە لە سێ نیوەدێر شێعر پێك هاتوون، بە زۆری یەك قافیەیان دەبێ (aaa.ب ب ب) و لەسەر حەوت کەرت دەهۆنرێتەوە.

ئەم جۆرە گۆرانییانە بەشێکی زۆر لە بەرهەمی شێعری میللی کوردی تورکمانستان داگیر دەکەن، ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەم جۆرە گۆرانییە لە ئەدەبی میللی کوردستانی تورکیا ئەوەندە زۆر نییە وەکو ئەو ئەدەبەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین کە بەشێکە لە ئەدەبی کوردستانی تورکیا. بەڵای ئێمەوە هۆی پەرەسەندنی ئەم جۆرە گۆرانییانە لەناو کوردی خۆراسان و لە پاشانا کوردی ئەوێ لەگەڵ خۆیاندا بردبێتیان بۆ تورکمانستان، ئەوەیە ئەمانە ئەم هونەرە گۆرانییەیان لە کوردی دەوروبەری کرماشان و سنە و سلێمانی وەرگرتبێ.

هونەرەکانی شێعری میللی لەڕووی ناوەڕۆکەوە گەلێ بابەتی هەیە، ئەم بابەتانە هەموویان بە قسە دەوترێن و بە گۆرانی دەبێژرێن، لەمانە شێعری شایی و هەڵپەڕکێ و ژن هێنان و هەموو جۆرە زەماوەندێك، شێعری مێرانی (قارەمانی، حەماسی) و دڵداری و لای لایەی لانك، شێعری ئیشکردن و شوانکاران، شێعری شین و لاواندنەوە (کلامێ شینان)، شێعری تریاك کێش و سەرخۆشان،

گۆرانی ژنەبی یان و هی دیکە. ئەم دوو بابەتەی دواییان بۆ ڕەخنە و گاڵتە و گەپ بەکار دەهێنرێن.[٢٠]

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵێك نموونە لە شێعرە جۆراوجۆرەکان دەتوانن سەیری لاپەڕەکانی ٧٨ هەتا ١٧٠ی کتێبی (کوردی تورکمانستان «میژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب»،دانانی: دوکتۆر مارف خەزنەدار، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ـ هەولێر ٢٠٠٣ ـ چاپی یەکەم ـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر) بکەن.

بەڵام لەبابەت پەخشان و بابەتەکانی

بەرهەمی پەخشانی لە ئەدەبی میللیدا بە قەوارە لە بەرهەمی شێعری کەمتر نییە. جگە لەوە هەندێ حیکایەتی پەخشانی بە تایبەتی ئەگەر دیالۆجی تێدا بێ بە شێعر ناواخن دەکرێ، لەمانە بۆ بەڵگە حیکایەتی میللی «مەلا میوەلی» بە پەخشان دەگێڕدرێتەوە و دیالۆجی حیکایەتەکە بە شێعرە. زۆر جار حیکایەتخوان ڕووداوەکان بە پەخشان و قسەی ئاسایی دەگێڕێتەوە، کە دەگاتە شێعرەکان بە گۆرانی دەیانچرێ. ئەم دیاردەیە بە زۆری لە حیکایەتە درێژەکاندا بەرچاو دەکەوێ، زیاتریش بۆ ئەوەیە حیکایەتخوان یا دەنگبێژ بەشێك لە بەرهەمەکە کە دەبێ بە شێعر، چرینی شێعرەکە بە ئاوازی گۆرانی ماندووی دەکا، لە کاتێکدا لە شێعرەوە دەبێتە پەخشان، گێڕانەوەی ئاسایی دەبێتە مایەی حەسانەوە بۆی.

بە گشتی لە ئەدەبی میللی دا بابەتی حیکایەت و «گەپی وەمەنی» واتە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان لەناو کوردی تورکمانستان دەکەونە بەرچاو.

دەبێ ئەوە بڵێین حیکایەتەکان لە بابەت ناوەرۆکەوە ڕەنگاوڕەنگن، هەندێ لایەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکەنەوە، لە بزووتنەوەی دەروونی و ئاوات

و ئامانجی ئادەمزاد دەدوێن، ئاوڕ لە دڵداری و هەندێ لایەنی ڕابواردنی مرۆڤ دەدەنەوە، چێژ دەخەنە ناو دڵی منداڵان و ڕووداوی ئەفسانەیی دەکەن بە بەرهەمێك بۆ گەورانیش زاخاوی مێشك دەبن.

خوێنەرانی خۆشەویست دەتوانن چەند پەخشانێکی جوانی کوردانی تورکمانستان لە لاپەڕەکانی ۱۷۰ تا ۲۰۰ی کتێبی «کوردی تورکمانستان» دا بخوێننەوە.

هەروەها قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی زۆر جوانیشیان هەن کە ئەوان خۆیان گەیی وەمەنی - واتە (قسەی بە مەعنا)ی پێدەڵێن. ئەدەبی میللی کوردی تورکمانستان لەم بابەتە گەلێك دەوڵەمەندە. لێرەدا هەندێ نموونە لەم پەندانە دەخەینەڕوو، ئەم بەڵگانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە لەبنجدا ئەم پەندانە یەکێکن و لە گەشت و گەڕان دان لەناو هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی و لە زۆر شوێندا لەگەڵ پەندی نەتەوە هاوسێکان و هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەوی یەکتری دەگرنەوە.

۱ـ ئادەمی ك میر پێ گرت، ژە ڕەددی وەرسێ ژ ئەترسی.

واتە (مرۆڤی مار پێوەدراو، لە خشەی گوریسیش دەترسی). لە فارسیشدا دەڵێن (مارگزیده از ریسمان سیاه و سفید می ترسد).

۲ـ شووژنێ وەرخۆ نەوینی، ئەمما دەرزی یێ وە ئەر خەڤالی خۆ دەوینی.

۳ـ هەر بلندییێك پەستی یێ خۆ ژ هەیە.

٤ـ هووچکێ سوورۆ پەلاوی بخۆ.

٥ـ وە دەستی هەولی خۆ ئیر مەگیر.

٦ـ پی لە سەری ماری ڕاکە تەمەن وە تە گز.

۷ـ قەدری زێر زەرگەر زان.

۸ـ سا هەڤالی خۆ چاڵێ مەکوول، وەخۆ دەکەوی. (۲۱)

● **ژیان و بەسەرهاتی جافەرقولی (١٨١٤ ـ ١٩٠٥)**

جافەر قولی شاعیری ناسراوی کوردی خۆراسان و تورکمانستان ئەوەندەی لای خەڵکی بەناوبانگ و خۆشەویستە، ئەوەندە لە ژیان و بەرهەمی شێعری نەکۆڵراوەتەوە. ئەو زانیارییەی لە ناوەوەیە لە بابەت ئەم شاعیرەوە بەشێکی لە ئەفسانە دەکا، لەگەڵ ئەوەش دا مێژووی ئەدەبی کوردی ڕەنگین دەکا، چونکە ئەفسانەی ئەگەر بێبنیادی ڕاستیش بێ، هۆش و بیر دەجوڵێنێ و خەیاڵ و چێژ دەبزوێنی و هەندێ جار بەرەو دۆزینەوەی ڕاستی دەبێتەوە و هەندێ جاریش دەبێتە ڕەمزی سۆفیزم.

جافەر قولی (جەعفەر) بە جافەر قولی زەنگلی، جافەرقولی بێچارە، جافەر قولی عەندەلیب، جافەر قولی موختار ناسراوە. هەندێ لەم ناوانە خۆی بۆ خۆی دانابوون، لەناو خەڵکی بەم ناوانە ناسراوە.

ئێمە لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەین زانیاری لەبابەت ژیانی شاعیرەوە بخەینەڕوو بەپێی سەرچاوەی کوردانی خۆراسان و تورکمانستان.

١ـ ئەوەی لە سەرچاوەی کوردی خۆراسان هاتووە دەڵێ، جافەر قولی لە ئێلی کوردی زەنگەلانلوو بوو، لە دەوروبەری ساڵی ١٨١٤ لە گوندی شکافکۆی لە بنەماڵەیەکی ڕەنجبەری دێهاتی لەدایك بووە. ئەم گوندە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی قوچان. خوێندنی بە ڕێکوپێکی نەبووە.

لە تافی لاویەتیدا توشی حاڵەتی پرتەوی (ئیشراق) بووە و گرفتاری جوانی کچێك بووە، ناوی ملواری بووە، لەم لایەنەوە خۆی دەڵێ: «مەلە نینم، خود بەندەم، وە سی جزمێ قورئانێ». (واتە مەلا نیم، شاعیرن، بە شی جزمی قورئان).

کوردی خۆراسان پێیان خۆشە لە بابەت جافەرقولییەوە بڵێن: ئەگەر مەولانا عەشقی شەمسی تەبریزی بێ، جافەر قولی عەشقی ملواری یە. ئەم شاعیرە بە

دڵدار و هونەروەر و جیهانگەرد و موسیقار و دانای دەڤمێرن، کە ناوی دەبەن « مەلیکولشوعەرای کرمانج »ی پێدەڵێن.

لە سەرچاوەی کوردی خۆراسان دەگێڕنەوە شوکوروڵڵا ناوێك سەد و سی ساڵ ژیاوە (١٨٠٢-١٩٣٢)، بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە لە کاتی خۆی دا چاوی بە جافەر قولی کەوتووە لە ناوچەیەکی نێوان چەگنە و سوڵتان مەیدان لە ویلایەتی قۆچان، ئەو دەمە بە تەمەن پیر بووە، بەڵام لەسەرخۆ بووە، دووتاری بە ملەوە بووە و بە گۆرانی شێعری خۆی چڕیوە. دەڵێن ماوەیەکی زۆر لە سارا و بیابانان لەگەڵ ئاژەڵ و درندە و باڵندان دا ژیاوە. شار بە شار و کووچە بە کووچە بە دووتارەوە شێعری خوێندۆتەوە. گەلێ گێڕانەوەی تریش لەناوەوەن لەبابەت گەشت و گەڕان و ئاوارەیی جافەر قولیەوە، لەوانە گۆیا ماوەیەك لە وڵاتی خوارەزمدا ژیاوە لەو خاکانەی ئێستا بە کۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای ناوەڕاست ناویان دەبەن.

لە بابەت مردنی شاعیرەوە دیسانەوە هەندێ ئەفسانە کەوتۆتە ناوەوە، وەکوو ئەوەی دەڵێن نەمردووە، ئاوی ژیانی خواردۆتەوە وەکو خدر پێغەمبەر زیندووە و جێی تایبەتی نییە، هەمیشە لە سەفەر و هاتوچۆ دایە. دوور لە ئەفسانە هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن لەدوا ڕۆژانی ژیانی لە خوارەزم ژیابێ و لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم (١٩٠٥) کۆچی دوایی کردبێ.

٢-سەرچاوەی کوردی تورکمانستان لە بابەت جافەر قولییەوە، ئەو زانیارییانەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ عەباس مەمەد نەزارۆفـلە شاری ماری (مەڕۆی کۆن)ی نزیك شاری عەشقاباد کۆی کردبوونەتەوە.

سەرچاوەی ئەو زانیارییانە، ناوی نەزار ئەحمەد بوو، لە ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی لاین لە ناوچەی دەرەگەز لە ئێران لەدایك بوە. لە ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ خێزانی شێروانی ئەلفەغی (لەدایك بووی ١٩٠٩) لەبەر هەژاری و سەختی

ژیان ڕووی کردۆتە تورکمانستان.

ئەوەی نەزار ئەحمەد بۆ عەباس مەمەد نەزارۆڤی گێڕاوەتەوە بیرەوەری تەمەنی دوازدە ساڵەی بووە. ئەویش لە کابرایەکی بیستووە ناوی ئەڵڵا پەنا بووە، ئەو کاتە پیر بووە و تەمەنی دەوروبەری هەشتا ساڵ بووە، ئەم کابرایە ئاخوند بووە، لە مەدرەسەی ئایینی وانەی زانستییەکانی ئایینی وتۆتەوە.

لە گێڕانەوەکانی نەزار ئەحمەد ئەوە دەردەکەوێ ئەڵڵا پەنا هاوڕێیەکی نزیکی جافەر قولی بووە، زیاتر هۆی ئەو نزیکییەی وەك برایەتی وا بوو ئەوە بوو هەردووکیان خوێندەوار بوون. لەو زانیارییانەدا ئەوە دەردەکەوێ جافەر قولی دەنگی خۆش بووە، هەمیشە بەدەم ئامێری تارەوە گۆرانی وتووە، بە زۆری شێعری خۆی خوێندۆتەوە. ئەو گۆرانییانەی بەسەر کچێك وتووە، ناوی ملواری بووە، ئەمە کچی کاروالا گولی بووە، خەڵکی گوندی زەنگلان لە ناوچەی دەرەگەزی ئێران.

دەڵێن ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەڵڵا پەنا لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی پارە کۆ دەکەنەوە و دەچن بۆ لای باوکی ملواری بۆ ئەوەی کچەکەی بۆ جافەر قولی بخوازن، بەڵام شاعیر بەم کردەوەیە ڕازی نابێ. ئەڵڵا پەنا لێی دەپرسێ، ئەدی چیت دەوێ؟ دەڵێ: کە لە تەمەنی مێردمندالّی دا بووم، هەموو ساڵێك بە مەڕومااڵتەوە ڕوومان دەکردە کوێستان. ساڵێك لە ساڵان کە لە چیا نیشتەجێ بووین، ڕۆژێکیان لە قەراغ کانی و ئاوێك خەوم لێ کەوت. لە خەوما ملواریم دی، دەستبەجێ ئاگری عەشق لەناو دڵ و دەروونم دا گڕی سەند و لە هۆش خۆم چووم. لە پڕ خەبەرم بووە و لەخەو هەڵسام و هەستم کرد زمانم لاڵ بووە و قسەم بۆ ناکرێ. کات ئێوارە بوو، یەکسەر باپیرەم (باوکی دایکم) بردمی بۆ زیارەتی ئیمام، بێگومان مەبەسی ئیمام ڕەزای مەشهەدە لە خۆراسان، مانگێك لەوێ مامەوە لەپاش ئەوە زمانم کرایەوە.

لەدوای ئەوەی گرفتاری عەشقی ملواری دەبێ دووتار هەڵدەگرێ و شێعر و گۆرانی وەك لێشاو لەناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵێن. بە دێهات و ئاواییان دا دەسوورایەوە، بە شوێن ئەو ملواریە دەگەڕا کە لە خەو چاوی پێی کەوت بوو.

لە گوندی زەنگلان چاوی بە ملواری کچی کاروالا گولی دەکەوێ، بەڵام ئەوە نەبوو کە لە خەوندا بینی بووی، هەرچەندە ئەمە شێوەی لەوی دەکرد بەڵام ئەو نەبوو، لەبەر ئەوە بڕیاری دا ژن نەهێنێ تا ملواریی خەونەکە نەدۆزێتەوە.

ئەڵڵا پەنا ڕووداوێکی دیکەش لە ژیانی جافەر قوڵی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

جارێکیان جافەر قولی داوەتێکی بچووك بۆ هاوڕێ نزیکەکانی دەکا. لەو کۆڕە پڕ لە چێژ و زەمزەمەیەدا لە کاتی گۆڕانی چڕین زمانی لاڵ دەبێ و لە هۆش خۆی دەچێ.

ئەڵڵا پەنا و هاوڕێکانی وشترێك ئامادە دەکەن، جافە قوڵی سواری وشتر دەکەن و بزنێك دەخەنە ناو خۆرجێکەوە و لەسەر پشتی وشتری دادەنێن و بەرەو ئارامگای «ئیمام باقە ڕەمەزین» کە نزیك گوندەکەی خۆیان بوو دەکەونە ڕێ، ڕێگە شاخاوی بوو، جافەر قولی شێعری بۆ هاتبوو، بەڵام زمانی نەبوو و نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە، تا کاتێکی لە دوورەوە ئارامگەی ئیمام باقەڕەمەزین دەرکەوت، لە پڕ زمانی کرایەوە و ئەم شێعرەی خوێندەوە:

بیست جایلە نازەنینۆو
تەڕەنە باقە ڕەمەزینۆو
هەم سوونگیرن، هەم لاچینۆو

سیسا بووزە ڕوو وا دەرنە
سنگی تە پالووزە تەرنە
دەشتی وان و ئەز لە سەرنە

هاوڕێیانی جافەرقولی لە گوڵزاری ئارامگەی ئیمام باقە رەمەزین کۆڕیان بەست و بزنەکەیان سەر بڕی و سەیرانێکی خۆشیان کرد و گەڕانەوە مالّی خۆیان. دوا هەواڵی شاعیر کە ئەڵڵا پەنا بە نەزار نەحمەدی وت بوو، ئەوە بوو لە پاش چەند ڕۆژێك جافەر قولی ون بوو، ئیتر کەس بە جێگە و ڕێگەی نەدەزانی.

ماوەی نیو سەدەیەك بەسەر ئەم زانیارییانە تێپەڕی بوو، ئەم جارەیان نەزار ئەحمەد لە حاجی سمایلی بیستبوو، وتبووی: لەو کاتەی چووبووم بۆ حەج لە مەککە چاوم بە پیرێکی نەخۆشی پەککەوتوو کەوت، سەر و ریشی و سمێڵی زۆر سپی بوون. بنیایەخ لەو گۆڕە کەوتبوو. لێی نزیك بوومەوە. دەست بەجێ ناسیمەوە ئەمە جافەر قولیە. لێم پرسی ئەوە چی دەکەی لێرە با پێکەوە بچینەوە ولّات. جافەر قولی وتی: تا نەگەمە مەبەسی خۆم و ملواری نەدۆزمەوە، ڕوو لە ولّات ناکەمەوە! وتم: ئاخر پیر بووی و بە تەواوی داکەوتووی! وتی: ئەگەر ملواری بدۆزمەوە تازە و گەنج دەبمەوە.

هەروەها نەزار ئەحمەد گێڕابوویەوە لە چەند پیرێکی دیکە بیستوویەتی جافەر قولی لە تافی لاویدا لە گوندی خۆیان ژنی هێناوە، بەڵام نزیکی ژنەکە نەکەوتووە.

هەر چۆنی بێ جافەر قولی کەسێکی مێژوویی، خەیاڵی خەڵکی کورد ڕاستییەکانی بەسەرهاتی شاعیریان هەندێ جار بە ئەفسانە لێکداوەتەوە، بەمە سامانی نەتەوایەتییان دەوڵەمەندتر کردووە.

شێعری جافەر قولی

بەلای خەڵکی کوردی تورکمانستان جافەر قولی شاعیرێکی بێهاوتا و دەنگخۆشێکی بەناوبانگ بووە، هیچ شایی و زەماوەندێك بەبێ ئەو نەکراوە، لەدوای هەموو زەماوەندێك گەلێ دیاریی بەنرخی پێشکێش دەکرا، بەڵام بۆ

خۆی هه‌ڵێنه‌ده‌گرتن، به‌ڵکو به‌سه‌ر هه‌ژار و بێنه‌وایان بڵاوی ده‌کردنه‌وه.

له ماوه‌ی زیاتر له سه‌ده‌یه‌ك به‌رهه‌می شێعری جافه‌رقولی له سنگ و مێشکی خه‌ڵکی کورد پارێزراون، چونکه له‌ناو عه‌شره‌ته کورده‌کانی خۆراسان و تورکمانستان خوێنده‌واری باو نه‌بووه، له‌به‌ر ئه‌وه تۆمار کردنی به‌رهه‌می ئه‌م شاعیره دوا که‌وتووه.

به گشتی شێعری جافه‌ر قولی ده‌کرێ به دوو به‌شه‌وه:

۱ـ شێعری قوتابخانه‌ی ئیسلامه‌وی (لێکدانی ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی و فارسی و تورکی عوسمانی و کوردی). نه‌مه‌یان بریتییه له قه‌سیده و غه‌زه‌ل و ته‌رجیع به‌ند و ته‌رکیب به‌ند و هی دیکه.

۲ـ شێعری خۆمالّی میللی که له شێعری سه‌رزاری فۆلکلۆرییه‌وه نزیکه.

له به‌رهه‌می شێعری جافه‌رقولی له هه‌ندێ جێگه ئه‌م دوو جۆره شێعره به ڕوونی له یه‌ك جیا ده‌کرێنه‌وه و هه‌ر یه‌که‌یان شه‌قڵی تایبه‌تی خۆی پێوه‌یه، به‌ڵام زۆر جار هه‌ردوو بابه‌ته‌که تێکه‌ڵ به یه‌کتری ده‌بن و هونه‌رێکی به‌رز ده‌که‌وێته‌وه ناوه‌وه و شایه‌دی ئه‌وه ده‌بێ جافه‌ر قولی وه‌کو شاعیرێکی به‌رز بخاته‌ڕوو.

له نیوه‌ی یه‌که‌می سه‌ده‌ی بیسته‌مدا هه‌ندێ له شێعری جافه‌ر قولی تۆمار کراون، به‌م جۆره ۳۲ ده‌سنووس له‌به‌ر ده‌ست بووه، ئه‌مانه هیچ یه‌کێکیان ڕۆژی نووسینه‌وه‌یان له‌سه‌ر نه‌نووسراوه، له دواییدا ئه‌مانه بوون به سه‌رچاوه‌ی بنچینه‌یی بۆ چاپکردنی دیوانی جافه‌ر قولی.

لێره‌دا هه‌وڵ ده‌ده‌ین ناوی گرنگترین و جوانترین به‌رهه‌می هه‌موو بابه‌ته‌کانی جافه‌ر قولی بخه‌ینه‌ڕوو، مه‌به‌س له هه‌موو بابه‌ته‌کان شێعری ته‌قلیدی و میللی و فۆلکلۆر ئامێز و شێعره تێکه‌ڵ کراوه‌کانه. هه‌ندێکیان ناویان هه‌یه و بڕێکیان ناویان نییه، ئێمه بۆ ناساندن ناویان بۆ داده‌نێین.

۱ـ له مه‌یخانه، ته‌رکیب به‌نده، له حه‌وت خشت پێك هاتووه.

٢ـ ئیزدواجی عەلی بە فاتیمە.

٣ـ میعراجنامە، لە ١٧ پێنجین پێك هاتووە، نیوەدێری پێنجەم ئەمەیە:

مەرحەمەت کر خوداوەند پێغەمبەر چوو میعراجێ

٤ـ دیداری ملواری لە باغ، لە ١٧ پێنجین پێك هاتووە.

٥ـ داستانی فیتنەی سالار لە خۆراسان، بە زمانی تورکییە لە ساڵی ١٢٦٤ه/ ١٨٤٧م نووسراوتەوە.

٦ـ داستانی سلێمان و بەلقیس، بریتییە لە ٣٤ پێنجین.

٧ـ شێعرێکی بۆ قات و قڕی ساڵی ١٢٨٨ه/ ١٨٧١م وتوە. لە شێوەی موناجات دایە، لە ١٨ پێنجین پێك هاتووە.

٨ـ ٣٢ حەرف بە شێعر لێکدراوەتەوە.

٩ـ ملواری دڵی من برد.

١٠ـ کەچکێ نە قزل حەساڕێ.

١١ـ گولجهان ژە من جودا بوو.

١٢ـ جان و دل بێ تابن ئیرۆ.

١٣ـ داستانێ مرتەزا عەلی و بەندێ بەربەر.

١٤ـ پوور و پشێمانی دەروون، لە ١٦ پێنجین پێك هاتووە.

١٥ـ لە دیوانی جافەر قولی دا ٥٨ چوارین بەدی دەکرێ.

١٦ـ ملواری ڕندە، ئەمە قەسیدەیەکی درێژە.

جافەر قولی جگە لە زمانی کوردی دایکی خۆی، عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە، دوور نییە زمانی هەندێ لە تورك نەژادانی ئاسیای ناوەڕاستیشی زانی بێ، لەوانە بە تایبەتی زمانی ئۆزبەکی و زمانی دانیشتووانی تورکمانستان.

لە دیوانی شاعیردا بڕێك شێعری تورکی بەرچاو دەکەوێ، مەبەس لێرەدا تورکی عەسمانییە، هەروەها ئاگاداری زمانی ئازەری و تورکمانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست بووە. بێگومان زمانی ئەمانە بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ زمانی تورکمانی تورکمانستانی ئاسیای ناوەڕاست.

شێعری جافەر قولی لەناو کوردی تورکمانستاندا

تێکستی شێعری جافەرقولی ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە، تایبەتییە بە کوردی تورکمانستان. دیارە ئەوان لە خۆراسانەوە هێناویانە و بە ئەزبەر نەوە بە نەوە پاراستوویانە. ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین ئەم شێعرانە بۆ یەکەمین جار بڵاو دەکرێنەوە. نەگەر هەندێکیان بڵاویش کرابوونەتەوە. ڕەنگە جیاوازی لەنێوان ئەمانەی ئێمە و بڵاوکراوەکاندا هەبێ. لێرەدا هەموو شێعرەکان بەسەر یەکەوە دەبن بە سەرچاوە بۆ بەراوردکردن و ساغ کردنەوە و تێگەیشتنی تێکستە جۆراوجۆرەکان.

لەم کتێبەدا ئەو شێعرانەی جافەر قولی کە بە ناوی «گۆرانییەکانی جافەر قولی» بڵاویان دەکەینەوە لەناو کوردی تورکمانستان و هەموو کوردی کۆمارەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست بە شێوەیەکی فراوان دەخوێندرێنەوە و بە گۆرانی دەووترێن، بە تایبەتی لە شایی و هەڵپەڕکێ و زەماوەندی ژن هێنان.

ئەم شێعرانە لە هیچ دەستووسێك نەنووسراونەتەوە، بەڵکو بەدەم لە کەسانی بەساڵاچوو و مەلا و ئاخوند وەرگیراون. ئەوانەی ئەم شێعرانەیان گێڕاوەتەوە زۆرن، بەڵام ئێمە هەندێکیان دەست نیشان دەکەین.

۱ـ شامیرزا مووسا ڕەزا (لە ساڵی ۱۹۰۳ لەدایك بووە).

۲ـ مووسایێف ڕەزا (لە ساڵی ۱۸۹۰ لەدایك بووە) برای شامیرزایە.

۳ـ شەرەف خانۆقـەرەخان (لە ساڵی ۱۸۹۲ لە دایك بووە).

٤ـ مەلا نەڵڵا قولی مەمەد (لە ساڵی ۱۸۹۸ لە دایك بووە).

ئەمانە هەمووبان لە شاری عەشقاباد دادەنیشن.

۵ـ نەزار ئەحمەد (لە ساڵی ۱۹۰۷ لەدایك بووە)، لە شاری ماری دادەنیشێ.

٦ـ سەفەر ئیبراهیم (لە ساڵی ۱۹۰٤ لە دایك بووە) لە گوندی باگیر لە نزیك شاری عەشقاباد لە کۆلخۆز دادەنیشێ. ....[۲۲]

خوێنەری خۆشەویست، بۆ خوێندنەوەی شێعر و گۆرانییەکانی جافەر قولی دەتوانن سەیری ئەم دوو بەرهەمە بکەن:

۱ـ کوردی تورکمانستان، لە دانانی دوکتۆر مارف خەزنەدار.

۲ـ دیوانی جافەر قولی، کلیم الله توحدی.

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/ چوارەم

۱. خەزنەدار، د.مارف، کوردی تورکمانستان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ۲۰۰۳. ل۱۳ و ١٤.

۲. هەورامی، د. ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۰۵. ل ۲۰.

۳. عەلی، ئارام، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لیرە، سلێمانی، ۱۹۹۹. ل ١٦٦.

٤. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل١٥.

٥. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٣ ـ ٢٥.

٦. کەریم، ڕەمەزان، وردەکاریی پەڕش و بڵاوبی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو (www.faceiraq.com/inews.php?id=1473208)

٧. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ١٩.

٨. ڕەحمانی، وریا، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر ٢٠٠٩. ل ٦٢.

٩. عەلی، ئارام، س.پ. ل ١٦٥.

١٠. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٥.

١١. لازاریف، م.س، میژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٠٣.

١٢. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٦ ـ ٢٨.

١٣. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٨ ـ ٢٩.

١٤. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٩ ـ ٣١.

١٥. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٣١.

١٦. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٣٢ ـ ٣٥.

١٧. عەلی، ئارام، س.پ. ل ١٦٥.

١٨. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٣٦ ـ ٣٧.

١٩. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٣٨.

٢٠. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٧٨.

٢١. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٢٠٠ تا ٢٠٥.

٢٢. خەزنەدار، د.مارف، س.پ. ل ٣٩ ـ ٤٧.

• پێنجەم: کوردەکانی قرقیزستان

- چەند زانیارییەك لەسەر وڵاتی قرقیزستان
- سەردەم و هۆکاری کۆچ کردنی کوردان بۆ قرقیزستان
- ژمارەی کوردەکانی قرقیزستان
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە قرقیزستان
- چالاکیی کوردەکانی قرقیزستان
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەك لەسەر وڵاتی قرقیزستان

کۆماری قرقیزستان بە ڕووبەری ۱۹۸۵۰۰ کیلۆمیتری چوارگۆشە، لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ناوەڕاست هەڵکەوتووە. ئەم وڵاتە لە باکووروەوە لەگەڵ کازاخستان، لە باشووروەوە لەگەڵ تاجیکستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ چین و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ کۆماری ئۆزبەکستان هاوسنوورە.

حەشیمەتەکەی ٥,١٤٦,٠٠٠ کەسە. ٦٤,٩٪ قرقیز، ١٢,٥٪ ڕووس و ١٣,٨٪یش ئۆزبەکن و زۆر کەمایەتیی دیکەشی لێ دەژین. خاوەنی ٧ پارێزگایە و پایتەختەکەی شاری «بیشکەك»ـە. زمانی فەرمیی خەڵکی ڕووسی و قرقیزی و ئایینەکەیان ئیسلامە. لەسەدا ٧٥ی خەڵکی موسوڵمان و لەسەدا ٢٠ی مەسیحی و ٥٪ی شوێنکەوتووی

ئایینەکانی دیکەن.

پێشتر قرقیزستان بەشێك لە تورکستانی ڕووسیا بوو. دواتر لە سالی ١٩٢٦ی زایینی، بو بە یەکێك لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت. دوای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت لە سالّی ١٩٩١، بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ.[١]

- **سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ قرقیزستان**

مێژووی کوردی قرغیزستان پڕ لە ئێش و ئازارە. جاری یەکەم لە سالّی ١٩٣٧ لە نەخجەوان و ئەرمەنستانەوە و جاری دووەمیش لە سالّی ١٩٤٤ لە گورجستانەوە بە دەیان هەزار کورد لە تریّن و کامیۆنی ئازەڵان سوار کران و لەژێر کۆنترۆڵ و کەشی پۆلیسیی ئەرتەشی سۆڤیەتدا بەرەو ئاسیای ناوەڕاست ڕاگوێزران لە ڕەوتی ئەو ڕاگواستنەشدا بە سەدان کەس گیانیان لەدەست دا.[٢]

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر سالّی ١٩١٧ گۆڕانکاری بەسەر زۆر شتدا هات و ئەو گۆڕانکارییانەش دوو ئەنجامی لێ وەدەست هات: یەکەمیان: ئەو کوردانەی کە هەمیشە لەکۆچی بەردەوامدا بوون، شوێن و جێگای خۆیان بۆ دیاری کرا. دووەم لە سالّی ١٩٢٣ هەتا سالّی ١٩٢٩ لە سەردەمی لینیندا خوێندنگەی تایبەت بە زمانی کوردی کرایەوە و هەروەها ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە.

لە ناوەڕاستی سالّانی سییەکاندا ئیدی کۆتایی بە پیادەکردنی سیاسەتی کلتوورە هەمەجۆرەکان هات و لەو کاتەوە سیاسەتی مەرکەزییەت پیادە کرا و هەموو بڕیارەکان لە ئاستی سەرەوە دادەبەزینە خوارەوە، دووبارە کێشەی نێوان هاووڵاتیە ڕووسەکان و کەمینەکان سەری هەڵداوە، ئەم دیاردەیە دژی کەمینەی کوردەکانیش بوو، بەهەزاران کورد سەرلەنوێ لە کازاخستان و قرغیزستان و سیبیریا نیشتەجێ کران و بەرەو ئەو ناوچانە ڕاگوێزراون.[٣]

پڕۆفیسۆر دوکتۆر کنیاز ئیبراهیم، ڕۆژهەڵاتناس و ئەندامی ئاکادێمی و سەرۆکی

کوردەکانی کازاخستان کە لە زانکۆی ئابای ئەڵماتا سەرۆکی ناوەندی زمانەکانی دنیایە دوای شەڕی قەرەباغ، ئەرمەنستانی جێهێشتووە و لە سەرەتای ساڵی ۱۳۶۹ دەگاتە ئەڵماتای کازاخستان و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. لە یەریقانی ئەرمەنستان بۆ ماوەی چەند ساڵ لە زانکۆی خاچاتوری ئابوویان وەك بەرپرسی بەشی زمانناسیی و ئەدەبیاتی ئازەری کاری کردووە. ئێستاکەش ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کازاخستان و ئەندامی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کازاخستانە. لەلایەکی دیکەوە ئەو لە کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاستدا، نوێنەری ناوەندی پەناکورد بووە و بەرپرسی گۆڤاری ئەدەبیی «نوبار»ـە کە بە زمانەکانی کوردی و ڕووسی بڵاو دەبێتەوە.

ئەو زۆر خەڵاتی نەتەوەیی وەرگرتووە. بەسەر شەش زمانی زیندووی نێونەتەوەییدا زاڵە و نزیکەی بیست بەرهەمی بەنرخی کوردی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. ناوبراو لەم پێوەندییەدا دەڵێ:

لە ساڵی ۱۹۲۶ی زایینی بنەماڵەی دایکم و دووهەزار بنەماڵەی دیکە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سنوور دەچنە نێو سنووورەکانی نەخجەوان لە سۆڤیەتی پێشوودا. ئەو سەدەم زۆر لە عەشیرە کوردەکان بەهۆی ڕاپەڕینی ئاگری و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بەرەو سنووورەکان ڕایان دەکرد و لە ترسی زوڵم و زۆریی ئیمپراتۆریی عوسمانی ماڵ و وڵاتی خۆیان جێدەهێشت.

خەڵکی کورد بە وەزعێکی زۆر کارەساتبار تەبعید کراون. هێندێکیان چوونەتە ئێران. ئێمە سەر بەو عەشیرەتانە بووین کە ساڵی ۱۹۲۶ هاتووینە ناو خاکی سۆڤیەتی پێشوو. زۆر لە عەشیرەتە کوردەکان بۆ نموونە بروکی، جەلالی و سیپەکیەکان دەربەدەر بوون. بەڵام زۆرێبەیان بروکی بوون کە تا ساڵی ۱۹۳۷ لەوێ مانەوە.

... ساڵی ۱۹۳۷ بەیانووی ئەوەکە کوردەکان لەسەر سنووورەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و تورکیا کاری سیخوڕی و هەواڵگریی ئەنجام دەدەن، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان و ئەرمەنستانیش دەیانەوێست کوردەکان لەوێ دوور بخەنەوە. ئامانجیان

دوورخستنەوە و یەك نەتەوەکردنی ئەو ناوچانە بوو. لەو سالّەدا کوردەکانیان سواری شەمەندەفەری تایبەت بە هەلّگرتنی ئاژەلّ و مەروماڵات کرد و لەژێر کۆنترۆلّی سوپادا تەبعیدیان کرد. هیچکەس نەیدەزانی بۆ کوێیان دەبەن. دوو مانگی تەواو لەرێگەدا بوون، بە شێوەیەکە هێندێك لە دایکەکان منداڵەکانیان جێدەهێشت و دەڕۆیشتن!! سەرەنجام خۆیان لە سنووری کازاخستان و قیرقیزستان دەبینەوە. لە شوێنێك کە بەڕاستی سەرما و بیابانێکی مەترسیداری هەبوو. نە کوردەکان زمانی ئەوانیان دەزانی و نە خەلّکی ئەو ناوچە سەخت و کوێستانییانە.

بنەماڵەی نێمەشیان ـ باوك، دایك، حوشك، برا، بابەگەورە و دایەگەورە و خزمەکان ـ یان لە ویلایەتی غەزەل قیای قرقیزستان دابەزاند لە نزیك ئوشی، ئوشی لە نزیك سنووری ئۆزبەکستانە. کوردەکانی ئەرمەنستانیان بۆ قرقیزستان و کوردەکانی ئازەربایجان و نەخجەوانیشیان بۆ کازاخستان دەهێنا. بنەماڵەی ئێمە تا ساڵی ۱۹۴۱ بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو شوێنە مانەوە.»[٤]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە: لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە تایبەتیش لە ساڵی ۱۹٤٤بۆ جارێکی تر لەلایەن سۆڤێتەوە دەست کرایەوە بە سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێی کورد لە جۆرجیا و ئەرمینیا بۆ بیابانەکانی کازاخستان و ئۆزبەکستان و قرغیزستان و تورکمانستان. ئەمجارەشیان بە بیانووی ئەوەی کورد لە نەژادی ئارییین و هەمان ڕەگەزی ئەڵمانین لەکاتێکدا گەنجانی کورد ڕەوانەی جەنگ کرابوون بۆ دژایەتی کردنی نازییەکان و تورکیاش لەبەرەی نازییەکاندا بوو، بەڵام ئیتر نازانرێت بۆچی ستالین بەو شێوە لە کورد تووڕە بوو و تا بەو جۆرە لە چلەی زستاندا و بە شواری شەمەندەفەر ڕایانبگوێزێت کە بەشێکیش لە منداڵەکانیان لە ڕێگادا گیانیان لەدەست داوە.

د. محەمەد عەلی سوێرکی کە نووسەر و توێژەرێکی کوردی ئۆردنە لە ژمارە ۳۱٤۷ی ڕۆژنامەی «الاتحاد» لە نووسینێکدا بە ناونیشانی «کوردانی قرغیزستان»

ده‌ڵێت: ئه‌و کوردانه‌ی له قرغیزستان ده‌ژین له‌دوای جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی و به‌تایبه‌تیش له‌پاش داخستنی سنووری نێوان تورکیا و یه‌کێتی سۆڤیه‌ت ڕووبان له ڕووسیا قه‌یسه‌ری کردووه که پێشتر له ناوچه‌کانی سه‌ر به کوردستانی سوور ژیاون.

یه‌که‌مین کۆچی کوردان بۆ قرغیزستان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ساڵی ١٩٣٧ و دووه‌م کۆچی به‌زۆریشیان بۆ ئه‌و وڵاته ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ساڵی ١٩٤٤ واته به‌ر له کۆتایی هاتنی جه‌نگی دووه‌می جیهانی و هۆکاری ئه‌و ڕاگواستنه‌شیان کۆمه‌ڵێك هۆکاری هه‌یه که باوه‌ڕپێهێنه‌رنین له‌وانه‌ش:

ده‌سه‌ڵاتداڕانی سۆڤێتی به ڕابه‌ڕابه‌تی ستالین بیێی وابووه که کورد له‌به‌ر نزیکیان به سنووره‌کانی تورکیا ده‌بنه مایه‌ی مه‌ترسی بۆ سه‌ر ئاسایشی سۆڤێت، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی ستالین کوردی به سیخوڕی کردن بۆ ئه‌ڵمان تۆمه‌تبار کردووه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی کوردیش سه‌ر به نه‌ژادی ئاڕین و له‌گه‌ڵ ئه‌ڵمانیا هاونه‌ژادن.[٥]

- **ژماره‌ی کورده‌کانی قرقیزستان**

ژماره‌ی حه‌شیمه‌تی کورده‌کانی ئه‌م وڵاته به‌پێی ئاماری ساڵی ١٩٨٩، ١٤ هه‌زار و ٢٦٢ که‌س بووه به‌ڵام له هێندێك سه‌رچاوه‌دا هاتووه که ٤٦ هه‌زار و ١٥٠ که‌سیش نووسراوه که جیاوازییه‌کی زۆری له‌گه‌ڵ ئاماری ١٩٨٩ هه‌یه.(٦)

له سه‌رچاوه‌یه‌کی دیکه‌دا هاتووه «نزیکه‌ی» ٧,٩٧٤ کورد له قه‌رقیزستان ده‌ژی. به تایبه‌تی ئه‌وان له شاڕۆچکه‌ی ئوچه کۆبوونه‌ته‌وه. زۆرم لا سه‌یر بوو که بینیم له گشت ئه‌و بیابانه به‌رفراوانه‌دا ئه‌وان ئه‌و شوێنه شاخاوییه‌یان هه‌ڵبژاردووه بۆ له‌وه‌ڕی ئاژه‌ڵه‌کانیان که «به ده‌گمه‌ن هه‌ڵده‌که‌وێت».[٧]

ساڵی ١٩٨٩ له سه‌رده‌می سۆڤیه‌تدا سه‌رژمێریی کراوه و به‌پێی ئه‌م سه‌رژمێرییه ژماره‌ی کوردان له قرقیزستاندا ١٤٣٠٠ که‌سه، به‌ڵام وه‌ك وه‌ك کورده‌کان خۆیان باس ده‌که‌ن، ژماره‌یان زۆر له‌وه زیاتره.

شێخ ڕەمەزان سەیید (ڕەمەزان سەیدۆف محەمەدۆفیچ) سەرۆکی کۆمەڵەی کورد لە قرغیزستان لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێستا لە ساڵی ۲۰۱۳ دەوڵەت بە ڕەسمی دەڵێ ۱۳۵۰۰ کورد لەم وڵاتە هەن، بەڵام بە حیسابی ئێمە نزیکەی ۳۰،۰۰۰ کەسین. چونکە کورد لە قرقیزستاندا ئاسیمیلە کراوە و لەناو پاسپۆرتی خۆیدا، بە کورد نەنووسراوە، بەڵام ئەگەر لێی دەپرسی تۆ کێی؟ دەڵێ من کوردم.[۸]

- **شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە قرقیزستان**

شوێنی نیشتەجێی کوردان لە قرقیزستان لە ناوچەی ئوش، ئالاس، جەلا ئاباد و فرونزە.[۹]

دوای ساڵی ۹۱ و هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت کوردی هەرێمی جەلال ئاباد و ئوش، لە ناچاریان بەرەو بیشکەکی پایتەخت و دەوروبەری کۆچ دەکەن.

سیاسەتی گۆرباچۆف بوو بەهۆی ئەوەی لە ئۆزبەکستانێ شەڕ لەنێوان ئۆزبەك و تورکان دروست بێ و ئەمەش کاریگەریی لەسەر وڵاتی قرقیزستانیش دانا و تێکهەڵچوون لەنێوان قرقیز و ئۆزبەکاندا هاتە کایەوە. هەربۆیە زۆر نەتەوە لە ترسان قرقیزستانیان جێهێشت و لەناو ئەو نەتەوانەدا کوردیش هەبوو.

دوای ئەوە ئازەری چوونە ئازەربایجان، ئەرمەنی چوونە ئەرمەنستان، ڕووس چوونە ڕووسیا و ... تەنیا کورد مانەوە. بەشێکیان چوونە ڕووسیا و بەشێکیشیان بەرەو ئەڵماتای کازاخستان کۆچیان کرد و ژمارەیەکیشیان لە گوند و هەرێمەکانیانەوە ڕوویان لە بیشکەکی پایتەخت کرد.

کوردەکانی قرقیزستان بە گشتی لە بیشکەکی پایتەخت و دەوروبەری دەژین. گوندی چادگولێ یەك لەو گوندانەیە بەشێك لە دانیشتوانی کوردن. لەو گوندەدا کورد لەگەڵ ئولگوور (ئویغور)، قرقیز، ڕووس و نەتەوەکانی تر لە ئاشتی و ئارامیدا دەژین و لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی یەکتر بەشدار دەبن. ئەو وێنەیەی خوارەوە،

وێنەی ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی بنەماڵەیەکی کورده که خەڵکی زۆر له نەتەوەکانی دیکەش تێیدا بەشدارن.[۱۰]

- **چالاکیی کوردەکانی قرقیزستان**

کوردەکانی قرقیزستان له زۆر کاروباری هونەری و کولتووریدا چالاکن و له هێندێك لەو چالاکیانەدا خەڵکی سەر به نەتەوەکانی دیکەش بەشداریی دەکەن. له پەیداکردنی بژیوی ژیانیشدا وەك هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە به کاری جۆراوجۆرەوە خەریکن و له زۆر شوێن و ناوەندی دیکەشدا کار دەکەن

«یەکێتی کوردانی قرقیزستان ساڵی ۱۹۹۲ به ناوی «نیشتمان» کرایەوە. ساڵی ۲۰۰۱ یەکێتی کوردان ناوی خۆی بۆ «میدیا» گۆڕی و لەژێر باڵی ئاسامبیلیای گەلی قرقیزستاندا کاروباری هونەری و کلتووری و ئەدەبی ئەنجام دەدەن.

به وتەی شێخ ڕەمەزان لەو ئاسامبیلیایەدا کوردان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە و وەك هەموو میللەتانی تری قرقیزستان جێگە و شوێنی خۆیان هەیە.

سەرۆکی ئاسامبیلیای قرقیزستانیش دەڵێ: «ئاسامبیلیا ناوەندی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکانی قرقیزستانە. له قرقیزستان زیاتر له ۱۲۰ میللەت دەژی. ئاسامبیلیا کار بۆ ئەوە دەکات کێشەیان لەنێودا ڕوو نەدات. ئەو دەزگا فەرمییە ساڵی ۱۹۹٤ کرایەوە. لەبن باڵی ئەو ئاسامبیلیایەدا ۲۸ نەتەوە خاوەن کۆمەڵە و دەزگان. بێجگە له کوردان دوو میللەتی تریش هەن که بێدەوڵەتن و له ئاسامبیلیاشدا دەوریان هەیە.. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە هەر نەتەوەیەك خاوەن مافی خۆی بێ و چاند و هونەری خۆی بەڕەوپێش بەرێ و به زمانی خۆی قسە بکات. بۆ ئێمە شانازییە لەتەنیشت ئێمەوە کورد هەن.»

یەکێتی لاوانی کوردی قرقیزستان لەبن باڵی کۆمەڵەی کورداندا کاروباری هونەری ئەنجام دەدەن، هەر لەگەڵ ئەوانیشدا خوێندەوار و لاوی سەر به نەتەوەکانی دیکەش

هەوڵی چالاکی دەدەن و زۆر لە لاوانی قرقیزیش بەشداریی کار و چالاکییەکانیان دەکەن.

بە سەرپەرستیی کۆمەڵەی میدیا لە ڕادیۆی فەرمیی دەوڵەتدا حەفتەی جارێکی بیست خولەك بەرنامە بڵاو دەکرێنەوە و تێیدا موزیك و گۆرانی کوردی بڵاو دەکرێتەوە، خەڵك بانگ دەکرد بۆ ئەوەی قسە لەسەر کوردی قرقیزستان بکەن، باسی زمانی زگماکی دەکرێ.

لەنێو کۆمەڵگەی کوردی قرقیزستاندا دوای ساڵی ۱۹۶۰، گەلێك کەسی ناودار هەڵکەوتوون لەناو واندا گەلێك حاکم، دوکتۆر و ئەندازیار و هەن و لە هێزەکانی پۆلیسدا خەڵکیان زۆرە، لەوێ ئەرتەشی پۆلیسی کوردان هەیە.

عەزیز داودی ئاغابەگ و برایمی پاشای نادر دوو کەس لە پۆلیسە پایەبەرزەکانن کە بۆ ماوەی ساڵانێکی دووردرێژ لە وەزارەتی کاروباری نێوخۆیی قرقیزستاندا کاریان کردووە. هەردووکیشیان ئەندامی چالاکی جڤاکی کوردانن کە خاوەن گەلێك خەڵات و میدالیای بەنرخن و لەگەڵ ئەوەی خزمەتی قرقیزستان دەکەن، لە هەمان کاتدا شانازیی بە کوردبوونی خۆشیان دەکەن.

ڕەسوڵ محەمەدێ سیلێتێن یەکێك لەو دوکتۆرانەیە کە زۆر شاگردی ڕووس، قرقیز و ئولگور لەبەدەستیدا کار دەکەن. ئەو ساڵی ۱۹۷۰ لە مەسیسێ ئەرمەنستان لەدایك بووە و پێش هەڵوەشانی شۆڤیەت بنەماڵەکەیان کۆچیان بۆ قرقیزستان کردووە. ئەو لە نەخۆشخانەیەکی گەورەی بیشکەك کار دەکا و لەناو کورداندا بەناوی «دوکتۆرێ مە» ناسراوە. ئەو هەم کاری نەشتەرگەری دەکا و هەم لە ئینستیتۆی دوکتۆری کار دەکا و دەرسی نەشتەرگەری دەڵێتەوە.

لە یەکێك لە گەورەترین بازارەکانی بیشکەکی پایتەختدا، کە خەڵکی زۆر نەتەوە و گەلی جیاواز کاری تێدا دەکەن و زۆربەی کارکەر و فرۆشیارەکانی ژنن، ئەوا زۆر ژنی کورد هەن و بەیانیان دەچنە سەرکار و ئێوارەش بە دڵێکی خۆش دەگەڕێنەوە.

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/ پێنجەم

۱. ویکیپیدیای فارسی.

۲. تەلەویزیۆنی ڕووداو.

۳. همایەر، م.شترۆ و هێکمان، ل. یالچین، کورد لە سووریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە. چاپی یەکەم. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ۲۰۱۱. ل ۳۳.

٤. سالح کەوربری، أشنایی با بزرگان کردی کرمانجی (5)، http://dibistan.blogfa.com/post/52، Mon 2 Jul 2012.

۵. کورد و کەمینەکانی تری سۆفیەت لە سەردەمی ستالین دا، PUKmedia، وەرگیراو لە: http://www.faceiraq.com/inews.php?id=1380838 ، 5/2/2013.

٦. هفتەنامە سیروان، www.sirwanweekly.com/Default.aspx?page=Complete&cp=2147.

۷. کۆمەڵێك نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە:م. گۆمەیی، سوێد، ۲۰۰۲، ل ۳٦۰.

۸. تەلەویزیۆنی ڕووداو.

۹. هەورامی، د.ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ۲۰۰۵، ل ۱۹.

۱۰. تەلەویزیۆنی ڕووداو.

۱۱. تەلەویزیۆنی ڕووداو.

• شەشەم: کوردەکانی کازاخستان (قزاقستان)

- چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی کازاخستان
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکان بۆ کازاخستان
- ژمارەی کوردەکانی کازاخستان
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە کازاخستان
- چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کوردەکانی کازاخستان
- ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی کازاخستان
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەك سەبارەت بە وڵاتی کازاخستان

کازاخستان (قەزاقستان) وڵاتێکە لە ئاسیای ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە. لە باکووڕەوە لەگەڵ ڕووسیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چین، لە باشووڕەوە لەگەڵ ئۆزبەکستان و لە باشووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ تورکمانستان هاوسنوورە. پانتایی ئەم وڵاتە ٢,٧١٧,٣٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە و حەشیمەتەکەی ١٦ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەسە. پایتەختی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەڵماتی لە باشوور بۆ ئاستانە لە باکوور گوێزرایەوە. گرووپگەلێك لە نەتەوەخوازان لە ڕووسیا و لە

نێوخۆی کازاخستان داوای سەرلەنوێ خستنەوەسەری باکووری کازاخستان بۆ سەر خاکی ڕووسیایان دەکرد و ئەمە یەکێک لە پاڵنەرەکانی سەرۆك کۆماری کازاخستان بۆ گواستنەوەی پایتەخت بۆ شارێك لە ناوەندی وڵات و نزیك لە ڕووسیا بوو و ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کازاخەکان بچنە ئەم شارە و ئەم ئیددیعایەش بۆخۆی دامرکێتەوە.

هەروەك گوترا پایتەختی کازاخستان ئاستانەیە و شارە سەرەکییەکانیشی بریتین لە ئەڵماتا (ئاڵماتی)، قەراغەندی، چیمکەنت، ئاترایۆ، ئیسکەمەن، ئاکتاو پاولودار پتروپاولسك و ئوست کامنگورسك

دانیشتووانی سەرەکیی ناوچەی ئەمرۆیی کازاخستان لە هۆزە بە ڕەچەڵەك ئێرانییەکانی ئیسکیت بوون. خەڵکی بە ڕەگەز تورك لە سەدەی پێنجەم بەملاوە دەستیان بە کۆچکردن بۆ ئەو ناوچەیە کرد. لە سەدەی سێزدەیەم، ئەم ناوچەیە لەلایەن چەنگیزخانی مەغۆلەوە داگیر کرا. دوای مەرگی ئەو، ئەم ئیمپراتۆرییە لەنێو کوڕەکانیدا دابەش کرا و کازاخستانی ئەمڕۆ وەبەر چاگادای، کوڕی چەنگیزخان کەوت. بەڵام بەشی ڕۆژئاوا و زۆربەی بەشەکانی باکوور چووە ژێر دەستی گنقیز، نەوەی چەنگیزخان. بەهۆی دەسەڵاتداریێتیی دریژخایەنی مەغۆلەکان بەسەر ئەم ناوچانەدا، کاریگەریی توخمە کولتوورییەکانی مەغۆلی لە ناوچەکەدا دەرکەوتووە.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پێکهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کازاخستان لەژێر ناوی کۆماری سۆسیالیستیی کازاخستانی سۆڤیەت بوو بە یەکێك لە کۆمارەکانی ئەو وڵاتە. دوای ڕووخانی سۆڤیەتیش، کازاخستان لە ڕێکەوتی ١٦ی دیسامبەری ١٩٩١ دواین کۆماری سۆڤیەت بوو کە سەربەخۆیی ڕاگەیاند.

کازاخستان وڵاتێکە کە چەندین ئێتنیك و قەومی جیاوازی تێدا دەژین. کازاخەکان نزیکەی ٦٣٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدێنن. ٢٣,٧٪ی خەڵکی

ئه‌و ولاّته‌ ڕووس و هه‌روه‌ها چه‌ند قه‌ومێکی وه‌ك ئۆزبه‌ك، ئۆکراینی، ئه‌ویغور و ... تێدا نیشته‌جێن. ئایینی ۷۰٪ی خه‌ڵك ئیسلام و خه‌ڵکه‌که‌ی دیکه‌ش مه‌سیحیین. تایبه‌تمه‌ندیی چه‌ندقه‌وم بوون کاریگه‌ریی له‌سه‌ر هونه‌ر و کولتووری ولاّت داناوه. زمانی کازاخی، زمانی خه‌ڵکی کازاخ و زمانی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌م ولاّته‌یه‌ و بێجگه‌ له‌ویش چه‌ندین زمانی دیکه‌ له‌و ولاّته‌ که‌ڵکیان لێ وه‌رده‌گیرێ. (۱)

• سه‌رده‌م و هۆکاری کۆچکردنی کورده‌کان بۆ کازاخستان

له‌ ناوه‌ڕاستی ساڵانی سییه‌کاندا ئیدی کۆتایی به‌ پیاده‌کردنی سیاسه‌تی کلتووره‌ هه‌مه‌جۆره‌کان هات و له‌و کاته‌وه‌ سیاسه‌تی مه‌رکه‌زییه‌ت پیاده‌ کرا و هه‌موو بڕیاره‌کان له‌ ئاستی سه‌ره‌وه‌ داده‌به‌زینه‌ خواره‌وه‌، دووباره‌ کێشه‌ی نێوان هاوولاّتیه‌ ڕووسه‌کان و که‌مینه‌کان سه‌ری هه‌ڵداوه‌، ئه‌م دیارده‌یه‌ دژی که‌مینه‌ی کورده‌کانیش بوو، به‌هه‌زاران کورد سه‌رله‌نوێ له‌ کازاخستان و قرغیزستان و سیبیریا نیشته‌جێ کران و به‌ره‌و ئه‌و ناوچانه‌ ڕاگوێزراون. (۲)

... ساڵی ۱۹۳۷ به‌یانووی ئه‌وه‌ که‌ کورده‌کان له‌سه‌ر سنووره‌کانی ئازه‌ربایجان، ئه‌رمه‌نستان و تورکیا کاری سیخوڕی و هه‌واڵگریی ئه‌نجام ده‌ده‌ن، ده‌سه‌ڵاتدارانی ئازه‌ربایجان و ئه‌رمه‌نستانیش ده‌یانه‌ویست کورده‌کان له‌وێ دوور بخه‌نه‌وه‌. ئامانجیان دوورخستنه‌وه‌ و یه‌ك نه‌ته‌وه‌کردنی ئه‌و ناوچانه‌ بوو. له‌و ساڵه‌دا کورده‌کانیان سواری شه‌مه‌نده‌فه‌ری تایبه‌ت به‌ هه‌ڵگرتنی ئاژه‌ڵ و مه‌روماڵات کرد و له‌ژێر کۆنترۆڵی سوپادا ته‌بعیدیان کرد. هیچکه‌س نه‌یده‌زانی بۆ کوێیان ده‌به‌ن. دوو مانگی ته‌واو له‌ڕێگه‌دا بوون، به‌ شێوه‌یه‌که‌ هێندێك له‌ دایکه‌کان منداڵه‌کانیان جێده‌هێشت و ده‌ڕۆیشتن!! سه‌ره‌نجام خۆیان له‌ سنووری کازاخستان و قیرقیزستان ده‌بینه‌وه‌. له‌ شوێنێك که‌ به‌ڕاستی سه‌رما و

بیابانێکی مەترسیداری هەبوو. نە کوردەکان زمانی ئەوانیان دەزانی و نە خەڵکی ئەو ناوچە سەخت و کوێستانییانەش زمانی کوردەکانیان دەزانی.[۳]

ڕێزدار پرۆفیسۆر نادر نادرۆف بەم شێوەیە باسی سەردەم و هۆکاری ئاوارەبوونی بۆناو خاکی سۆڤیەت و سەرەنجام ڕاگواستنیان بۆ کازاخستان دەکات: «باوکم لە تافی لاوێتیدا بەهۆی زوڵم و ستەمی تورکەکان لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە هاونیشتیمانییەکانی لە چۆمی ئاراس دەپەڕنەوە و دەگەنە نەخجەوان کە ئێستا بەشێکە لە کۆماری ئازەربایجان. دیارە ئەوکات بەشێك لە سۆڤیەت بوو. لەوێ گوندێك ناوەدان دەکەنەوە و ناوی دەنێن «قیقاچ». لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هەر کەسێك لەبەر زوڵمی تورکەکان ڕا دەکات، دەچێتە ئەوێ. بەم شێوەیە کۆمەڵێك لە کوردەکان لەوێ ئاوایی‌ەك بۆ خۆیان دروست دەکەن و نیشتەجێ دەبن. ئەمە قسەی ساڵەکانی ۱۹۲۵ ـ ۱۹۲٦ یە.

واتە دوای شکست شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، زۆر لە عەشیرەت و تایفە کوردەکان بەهۆ تێکشکانی شۆڕشی شێخ سەعید و ئەم شەڕە نابەرامبەرە دەربەدەر بوون. ئەمن لە سەرما و سەختێتیی ساڵی ۱۹۳۲ لەدایك بووم. لە ساڵی ۱۹۳٦ باوکم کۆچی دوایی کرد. گۆڕەکەی لە گوندی قیقاچە. دوای مردنی باوکم تەمەنم ۵ ساڵ بوو، لەگەڵ دایکم و ۹ کەسی دیکە لە ئەندامانی بنەماڵەکەم لە ساڵی ۱۹۳۷ دوور خراینەوە و لە گوندی «قیقاچ»ەوە بۆ کازاخستان گوێزراینەوە.

ڕاگواستن بە سێ قۆناغ ئەنجام درا بە واتایەکی تر لەوی سێ گرووپ لە کوردەکان بوونیان هەیە: بەشێکیان لە ساڵی ۱۹۳۷ لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان بۆ ئێرە (کازاخستان) ڕاگوێزراون، کەئێمە بووین. گرووپێکیان لە ساڵی ۱۹٤٤ هێنراونە ئێرە کە لە کوردەکانی گورجستانن و دراوسێکەمان عەزیز زیا بەدرخان لەو گرووپەیە. بەشێکی دیکەیان لە ساڵی ۱۹۹۰ دوای شەڕی قەرەباغ لەنێوان

ئازەربایجان و ئەرمەنستان هاتوونەتە ئێرە. کنیاز ئیبراهیم لە کوردەکانی قەرەباغە و لەگەڵ ئەم تاقمە بۆ ئێرە هاتووە.

ڕۆژانی ڕاگواستن زۆر ناخۆش و خەفەتهێنەر بوون. بە وتەی کوردەکان لەو ڕۆژانەدا دایك منداڵی خۆی جێدەهێشت و دەڕۆیی! پەندێکی پێشینیانی کوردی هەیە کە دەڵێ: «ئێمە دوو جار لە نیشتمان دەرکراوین». نزیکەی دوو مانگ بە سەرلێشێواوی لە ڕێگەدا ماینەوە. زۆر لە خزم و ناسیاوانمان لەنێو واگۆنی شەمەندەفەرەکاندا لە بەر زەختی سەرما و برسییەتی مردن. دۆخێکی مەترسیدار بوو کە باسکردنی ئاسان نیە.

لەبیرمە لەلایەن سۆڤیەتی پێشوو هاتن و ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلە کۆنەکانی تایبەت بە ڕاگواستنی مەڕومااڵت سوار کرد و بەرەو وێستگەکانی شەمەندەفەریان بردین. ئەم بەسەرهاتە لە کۆتایی پاییزی ساڵی ۱۹۳۷ ڕووی دا. هەر چوار بنەماڵەیان خستەناو واگۆنێکی شەمەندەفەر و هەر بنەماڵەیەکیش لە گۆشەیەکی واگۆنەکە. دوای دوو مانگ ئێمەیان هێنایە ئێرە. واتە شاری تاراس کە پێشتر «میرزویان»یان پێدەگوت و ئێمەیان لێرە دابەزاند و سواری عارەبانەی ئازەڵانیانیان کردین. سەرماوەز بوو. بەفر تا ئەژنۆ باریبوو. سەرما و سۆڵەیەك کە دایك منداڵی خۆی بەجێدەهێشت. ئێمەیان لە ۱۵۰ کیلۆمەتری تاراس لە بیابانێکی بەڕەهوتدا بەرەڵا کرد و گوتیان دەبێ ئێوە لێرە ژیان بەسەر بەرن. بنەماڵە کوردەکان ڕەشماڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و لەوێ هەڵیاندان و هەتا بەهار لەو ڕەشماڵانەدا ماینەوە. گوتیان خانووتان بۆ دروست دەکەین. کەبەهار هات، عەرزیان پێداین و دەستیان بە دروستکردنی خانووی بە قوڕ و خشتە کرد.

باش لەبیرمە ساڵی ۱۹۳۸ پۆلیس و ك.گ.ب هاتن و دەیانپرسی کە سەرپەرشتیی خێزانەکە کێیە؟ براگەورەکەم، عەبدوڵڵا، کە تازە ژیانی هاوبەشی پێکهێنابوو و لەویش گەورەتر، خوشکم، کە ئەویش شووی کردبوو و لە

خێوەتەکەی تەنیشت ئێمە دەژیان و دوو کوڕی هەبوون. عەولای برام هەڵستا و گوتی ئەمن سەرپەرشتی مااڵم. پێیان گوت کە بەدوامانداوەرە! زاواکەشمان چوو. لەو شەوەدا سەرپەرستی هەموو ماڵەکانیان لەگەڵ خۆیان برد. تەنیا ئەو پیاوانە نەبێ کە ئەو شەوە چووبوونە ئاش (ئاسیاو) یان چووبوونە ئاودێری زەوییەکان. ئەوان پزگاریان بوو. ئەو کەسانەیان بردە چیمکەنت. دوو پۆژ لەوێ مانەوە و ئیتر ئاگامان لێیان نەما. ئیتر ئێمە هیچ هەواڵێکمان نەزانین و تا ئەو کاتەی کە گەورەش بووم و دواتر بوومە پڕۆفیسۆریش، زۆرجار وەشوێنیان کەوتم هەمیشە دەمگوت: براکەم لەکوێیە؟ خوشکەزاکەم هەمیسە پرسیاری سەبارەت بە باوکی دەکرد. لە شەوێکدا ٤٠ پیاوی کوردیان لەگەڵ خۆیان برد. براکەم، زاواکەم، ئەوانی دیکەش کوڕەمام و کەسوکارمان بوون!! (٤)

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٤٤بۆ جارێکی تر لەلایەن سۆڤێتەوە دەستکراوە بە سیاسەتی پاگواستنی زۆرەملێی کورد لە جۆرجیا وئەرمینیا بۆ بیابانەکانی کازاخستان و ئۆرزبەکستان و قرغیزستان و تورکمانستان. ئەمجارەشیان بە بیانووی ئەوەی کورد لە نەژادی ئاریین و هەمان ڕەگەزی ئەڵمانین لەکاتێکدا گەنجانی کورد ڕەوانەی جەنگ کرابوون بۆ دژایەتی کردنی نازیەکان و تورکیاش لەبەرەی نازیەکاندا بوو، بەاڵم ئیتر نازانرێت بۆچی ستالین بەو شێوە لە کورد تووڕە بوو و تا بەو جۆرە لە چلەی زستاندا و بە سواری شەمەندەفەر ڕایانبگوێزێت کە بەشێکیش لە منداڵەکانیان لە ڕێگادا گیانیان لەدەست داوە. (٥)

● ژمارەی کوردەکانی کازاخستان

لە کتێبی «کوردستانی پشت قەفقاس» ئاماژە بەوە کراوە لەم وڵاتە بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٨٩ ڕێژەی کورد ٢٥٤٢٥ کەس بووە.

ساڵی ۲۰۰۹ که سه‌رژمێریی حکوومه‌تی کرا، حه‌شیمه‌تی کورده‌کان به‌پێی پاسپۆرتی ئه‌وانه‌ی شوناسی کوردییان هه‌یه، ۳۷ هه‌زار که‌س ڕاگه‌یه‌نراوه. به‌ڵام به‌پێی ئاماری نافه‌رمی زیاتر له ۸۰ هه‌زار کورد له کازاخستان ده‌ژین، ئه‌و جیاوازییه‌ش بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه که زۆر له کورده‌کان که له ئازه‌ربایجان، ئه‌رمه‌نستان و گورجستانه‌وه بۆ ئێره ڕاگوێزراون یان کۆچیان کردووه، وه‌ك ئازه‌ری یان گورجی یان ئه‌رمه‌نی تۆمار کراون. ئه‌مه یه‌کێك له هۆکاره‌کانه. هۆکاری دیکه ئه‌وه‌یه زۆر له کورده‌کان که له پازده ساڵی دواییدا له ئازه‌ربایجان و ئه‌رمه‌نستانه‌وه هاتوونه ئێره، هێشتا ئیقامه‌ی کازاخییان وه‌رنه‌گرتووه و تا ئێستاش به هاوواڵاتی ئه‌ژمار ناکرێن.[۶]

● **شوێنی نیشته‌جێبوونی کورده‌کان له کازاخستان**

کوردی کازاخستان له هه‌ندێك کۆمه‌ڵگه‌ی نزیك به شاری چیمکنت و شاروچکه‌ی جه‌مبوول و که‌ناری ئه‌ڵمه‌ئاتا ده‌ژین و به گوێره‌ی ئاماری ساڵی ۱۹۷۰ ژماره‌یان کردوویه‌تا ۱۲,۳۱۳.[۷]

هه‌م له کتێبی «کوردستانی پشت قه‌فقاس»ی دوکتۆر ئه‌فراسیاو هه‌ورامی و هه‌م له کتێبی «په‌یوه‌ندی نێوان کورد و ڕووسیا»ی ئارام عه‌لی و له زۆر سه‌رچاوه‌ی دیکه‌ش باس له‌وه کراوه که کورده‌کانی کازاخستان به زۆری له ناوچه‌ی ئه‌ڵماتا(ئاڵماتا) ده‌ژین.

● **چالاکیی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کورده‌کانی کازاخستان**

کورده‌کان له کازاخستان توانیویانه خۆیان بگه‌یه‌ننه زۆر شوێنی گرنگ و له گه‌ڵێك بواری ڕۆشنبیریی و سیاسییدا چالاکی بنوێنن. بێگومان ئه‌مه‌ش به‌شی زۆر بۆ خۆماندووکردن و هه‌وڵی کورده‌کانی ئه‌و وڵاته ده‌گه‌ڕێته‌وه.

«لە پارلەمانە ناوچەییەکان پەرلەمانتاری کورد هەبووە، بەڵام کوردەکان نەیانتوانیوە بچنە پەرلەمانی ناوەندی. بارودۆخی کوردەکان خراپ نیە. لە هەموو شوێنێك کورد هەن. خەریکی خوێندن و زانیارییەن، لە کاروباری دەوڵەتیدا هەن، لە تەشکیلاتی پۆلیس و لە بەشی بازرگانیدا کار دەکەن و زۆریش سەرکەوتوون.

کوردەکان لە هەموو شوێنێك بۆ وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن. زۆربەیان نیشتمانپەروەرن. زمانی خۆیان پاراستووە. لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. کاتێك باسی کورد و کوردستان دەکرێ، ئاخ و هەناسە بۆ نیشتمان هەڵدەکێشن و ...» [۸]

بۆ ئەوەی بە باشی لە هەوڵ و زەحمەتی کوردەکان و گەیشتنیان بە ئاستە باڵاکان تێبگەین پێویستە لە دریژەی ئەم بەشەدا ژیان و بەسەرهاتی پرۆفسۆر نادر نادرۆف بخوێنینەوە بۆ ئەوەی لە دەرەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە مەزنە تێبگەین.

- **ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کوردەکانی کازاخستان**

بارودۆخی کوردەکان خراپ نیە. لە هەموو شوێنێك کورد هەن. خەریکی خوێندن و زانیارییەن، لە کاروباری دەوڵەتیدا هەن، لە تەشکیلاتی پۆلیس و لە بەشی بازرگانیدا کار دەکەن و زۆریش سەرکەوتوون.

کوردەکان لە هەموو شوێنێك بۆ وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن. زۆربەیان نیشتمانپەروەرن. زمانی خۆیان پاراستووە. لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. کاتێك باسی کورد و کوردستان دەکرێ، ئاخ و هەناسە بۆ نیشتمان هەڵدەکێشن و ...» [۹]

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/شەشەم

١. سەرچاوە: ویکیپیدیای فارسی

٢. هەمایەر، م.شترۆ و هێکمان، ل. یالچین، کورد لە سووریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١. ل ٣٣)

٣. سالح کەوربڕی، ێشنایی با بزرگان کردی کرمانجی (۵)، .http://dibistan blogfa.com/post/52، Mon 2 Jul 2012.

٤. www.vokradio.com/content/view/1624/1

۵. کورد و کەمینەکانی تری سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین دا، PUKmedia، وەرگیراو لە: http://www.faceiraq.com/inews.php?id=1380838 ، 5/2/2013.

٦. سەرچاوە: www.vokradio.com/content/view/1624/1

٧. کۆمەڵێك نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٢، ل ٣٦٠.

٨. سەرچاوە: www.vokradio.com/content/view/1624/1

سەرچاوە: www.vokradio.com/content/view/1624/1

• حەوتەم: کورد لە ڕووسیا و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی پێشوو

(ئۆزبەکستان، تاجیکستان و ....)

وەك لە سەرچاوەکاندا ئاماژە کراوە و لە زۆربیشیاندا بە کورتە باسێك ئاوڕیشیان لێ دراوەتەوە، کوردەکان لە کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتدا هەن، بەڵام بەداخەوە زانیاریەکی ئەوتۆم لەسەر دەست نەکەوتن کە باسی کوردی هەریەك لەو وڵاتانەش بە جیا بکەم. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە پێم حەیف بوو ئەگەر تەنانەت بە چەند وشەیەکیش بێ، ئاماژەیان پێنەکەم. پێم وابێ هۆکاری سەرەکیش لە باس نەکردنیان، کەمیی ژمارەی دانیشتووان لە هەرکام لەو وڵاتانە بووبێ.

• **کوردەکانی ڕووسیا:** کوردەکانی ڕووسیا ئاماژەیە بۆ ئەو قەومە بە ڕەگەز کوردانەی کە هاووڵاتی فیدراسیۆنی ڕووسیان یان لە ڕووسیا لە دایك و باوکێکی کورد بەدنیا هاتوون. کوردەکان پێشینەی زیاتر لە دوو سەدە ژیانیان لە ڕووسیا هەیە. زۆربەی کوردەکان لە قەفقاز نیشتەجێ بوون کە دوای ئەوەی قەفقاز خرایەسەر ئیمپراتۆرپای ڕووسیا، بەرەو ڕووسیا کۆچیان کرد. لە شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆریای ڕووسیا و ئێران ئیزنی نیشتەجێبوون بە کوردەکان لەنێو ڕووسیا درا

و چه‌ند کۆمه‌ڵێکیان له‌نێو خاکی ڕووسیا گیرسانه‌وه. به‌دوای ئه‌ویشدا له ماوه‌ی شه‌ڕه‌کانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و ڕووسیاش ژماره‌یه‌ك له کورده‌کان به‌ره‌و ڕووسیا کۆچیان کرد.[۱]

هه‌روه‌ها به‌شێکی به‌رچاوی کورده‌کانی نه‌خجه‌وانیش که ژماره‌یان ده‌گاته ۲۰ هه‌زار که‌س، دوای ده‌یه‌ی ۱۹۹۰، به هۆکاری سیاسی ـ ئابووری کۆچیان کردووه بۆ ڕووسیا و ئاسیای ناوه‌ڕاست.[۲]

شه‌ڕه‌کانی ساڵی ۱۹۹٤ی نێوان ئه‌رمه‌نستان و ئازه‌ربایجان بوونه هۆی کۆشتاری به‌کۆمه‌ڵی کوره‌کان ناگۆرنوقه‌ره‌باغ. هێزه ئازه‌ربیه‌کان، کورده‌کانیان گرده سپه‌ری به‌ڵا و هێڵی پێشه‌وه‌ی شه‌ڕ و هێزه‌کانی ئه‌رمه‌نیش کورده‌کانیان کۆمه‌ڵکوژ کرد. چونکه شوێنی تێکهه‌ڵچوونه‌که‌یان به گشتی ناوچه کوردنشینه‌کان بوون. چاره‌نووسی ڕووداوه‌کانی لاچین و که‌لباجار له ناگۆرنوقه‌ره‌باغ که سه‌رده‌مێك به کۆماری کوردستان سوور ناسرابوو، شه‌ڕی چاڵدێرانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و سه‌فه‌وی به‌بیر ده‌هێنایه‌وه. کورده‌کانی ئه‌رمه‌نستانی به‌م بابه‌ته زۆر هه‌ستیار بوون و لاوانی کورد خۆیان له چوونه سه‌ربازی (عه‌سکه‌ری) ده‌بوارد و له‌و ساڵانه‌دا به هه‌زاران لاوی کورد له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌کانیان به‌ره‌و ڕووسیا کۆچیان کرد و ئه‌مه‌ش زیانی به حه‌شیمه‌تی کورده‌کان له ئه‌رمه‌نستان گه‌یاند.[۳]

زۆربه‌ی کورده‌کان له ناوچه‌کانی خاباروفسك، کراسنودار، کورسك و ناو شاری مۆسکۆ ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن.[٤]

به سه‌رنجدان به دواین سه‌رژمێریی قه‌ومیی له فیدراسیۆنی ڕووسیا له ساڵی ۲۰۱۰ی زایینی حه‌شیمه‌تی گشتیی گرووپه به‌ڕه‌گه‌ز کورده‌کان ٦۳،۸۱۸ که‌سه[۵]

جێگه‌ی ئاماژه پێدانه که «سێنته‌ری کولتوری کوردی ساڵی ۱۹۸۹ له مۆسکۆ دامه‌زراوه و ڕۆژنامه‌ی «گۆڵه‌س کوردا ـ ده‌نگی کورد»ی به زمانی ڕووسی

دەردەکرد کە لەڕاستیدا خزمەتێکی باسی پرسی کوردی دەکات و ڕۆڵی لە بەستنی دوو سێ کۆنفڕانسی تیۆری لەسەر پرسی کوردی بینیوە.

هەروەها «بەرەی یەکبوون» ڕێکخراوێکە لە ۱۹۹۰/۷/۲٤دا لە مۆسکۆ دروست بووە. وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆییە کەیدا هاتووە لەسەر ئاستی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کار دەکات و لەلایەن نوێنەرانی بەشەکانی سۆڤێت دروست بووە و پێك هاتووە.[٦]

کوردەکانی ئۆزبەکستان: حەشیمەتی کوردەکانی ئەم وڵاتە بە ٣٦٠٠ کەس لە سەردەمی ئێستا دانراوە، بەڵام بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٨٩ ژمارەیان ١٨٣٩ کەس بووە. کوردانی ئەم وڵاتە بە زمانی کوردیی کرمانجی قسە دەکەن و بەشی زۆریان شوێنکەوتووی ئایینی ئیسلامن و نزیکەی ٢٠٪یان مەسیحین.[٧] شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان لە ئۆزبەکستان هەرێمی تاشکەنت، سەمەرقەند، فیرگانە، بوخارا، کاشکادەرین (لە حەوت هەرێم و ٤٣ ناوچە جێگیر کراون.[٨]

● **کوردەکانی تاجیکستان**: لە تاجیکستان ٣٤٦ کوردی کرمانج ژیان بەسەر دەبەن کە بەپێی ئاماری ساَی ١٩٨٩ زیاتر لە ٥٦ کەس بوون.[٩]

● **کورد لە ئۆکراین**: لە بەخشی کریما ٩٠٠ کورد دەژین بەڵام ئامارێکی گشتیی ئەو کوردانە لەبەردەستدا نیە. سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کورد لە وڵاتانی بێلاروس، ئیستونی، لاتیڤیا و لیتوانی و مۆڵداوی هەیە بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆیان بەدەست نەداوە.[١٠]

• سەرچاوەکانی بەندی سێیەم/ حەوتەم

١ کردهای روسیه/wiki/www.fa.wikipedia.org .

٢. کەریم، ڕەمەزان، کوردەکانی ئازەربایجان، www.knwe.org ، ٢٠١٣/٣/١٨.

٣. صوفی زادە، هادی، سفری بە میان کردهای ارمنستان، وەرگیراو لە: www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=٤٥٤٥٩، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/١٠)

٤. کردهای روسیه/wiki/www.fa.wikipedia.org .

٥. س.پ

٦. (عەلی، ئارام، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لیرە، سلێمانی، ١٩٩٩. ل ١٧٠ ـ ١٧١)

٧. هفتەنامە سیروان، www.sirwanweekly.com/Default.aspx?page=Complete&cp=٢١٤٧))

٨. هەورامی، د.ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٢١.

٩. هفتەنامە سیروان، س.پ.

١٠. هفتەنامە سیروان، س.پ.

• بەندی چوارەم: چەند بابەتێکی پێوەندیدار...

حوینەری خۆشەویست، لە بەندی چوارەمدا کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و پێوەندیدار بە کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو دەخرێتەروو کە بە پێویست زانراوە باسیان بکرێ.

• یەکەم: کوردستانی سوور

گرنگترین و سەرەکیترین دەسکەوتێك کە بزووتنەوەی کوردی قەفقاز لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا بەدەستی هێنا، دامەزراندنی مەڵبەندی نۆتۆنۆمی بوو. گەلی کوردیش وەکو هەموو نەتەوە و گەلەکانی تری ژێردەستی ئیمپراتۆریی ڕووسی هەوڵی دا سوود لەو پرینسیپە وەربگرێت کە لە بەیاننامەی مافی نەتەوەکانی ڕووسیا لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ دا جارێدرا. ئەویش سەبارەت بە دابینکردنی «پەرەسەندنی سەربەخۆیی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و گرووپە ئێتنیکیەکانی دانیشتووی خاکی ڕووسیا» بوو.

بێگومان ئەو پرینسیپەش لە ساڵی ١٩٢٠ەوە و دوای حەوتەمین کۆنگرەی سەرانسەریی سۆڤێتیەکانی ڕووسیا، بە کردەوە کەوتە کارەوە. بەپێی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خواستەکانی ئەو گروپە نەتەوەییانەی کە دەیانویست خۆیان لە شێوەی هەرێم و پارێزگا و ناوچە و ... ڕێك بخەن.

بەپێی ئەم بڕیارانەش کۆمیتەی ناوەندی بەجێگەیاندنی ئازەربایجان (ك.ن.ب.ئا) بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە دوو مەڵبەندی بەڕێوەبەریی دروست بکەن. یەکێکیان ناگۆرنی قەرەباغ و ئەوی تریان ئەو مەڵبەندە بوو کە لەدواییدا بە کوردستانی سوور ناسرابوو.

حکومەتی ئازەربایجان (ك.ن.ب.ئا) و ئەو کۆمیسێۆنانەی خەریکی دانانی سنووری ئەم دوو ناوچەیە بوون، زۆر گفتوگۆیان لەسەر کارەکەیان دەکرد و هیچ جارێکیان گومانیان سەبارەت بە دروستکردنی مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی قەرەباخ نەدەبوو. بەڵام مشتومڕێکی زۆریان لەسەر ناوچەی کوردستانی سوور بە تایبەتی ناوچەی قوباتلین (یاخود قوباتلی، یا قوبادلی) دەکرد و (ك.ن.ب.ئا) چەند ڕایەکی لەمەڕ ئەو پرۆسە هەبوو. بۆ نموونە لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ۱۹۲۲دا سێ بڕیاری جیای داوە. بەپێی یەکەمیان ناوچەی قوباتلین دەبوو هەڵبوەشایەتەوە. بەڵام بەپێی دوو بڕیارەکەی تر بە چارەسەرنەکراوی بەجێیان هێشتبوو.

لە کانونی دووەمی ۱۹۲۳ دا جارێکی تر کەوتوونەتەوە گفتوگۆکردن لەسەر ناوچەی قوباتلین، تا لە ئاکامدا لە ۷ی حوزەیرانی ۱۹۲۳ دا بڕیار درا (کوردستانی ئۆتۆنۆمی دروست بکرێت کە سێنتەر و سنووڕەکانی بەپێی سنووردانانی ناگۆرنی قەرەباخی ئۆتۆنۆمی بێت).

هەڵبەتە ئەم بایەخ و گرنگیدانە بە قەرەباخ زۆرتر لەوەوە هاتبوو کە لە ناو سنووری بەڕێوەبەرایەتیی ئەرمینیاشدا ناوچەیەکی گەورەی ئازەرنشین - بێگومان کوردنشینیش - واتە نەخچەوان هەبوو کە بە هەمان شێوەی قەرەباخ خاوەنی ئۆتۆنۆمییە. ئەمە و هەروەها بوونی کۆماری ئەرمینیا وەك پشتیوانێك بۆ ئەرمەنەکانی قەرەباخ وای لە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان و تەنانەت یەکێتی سۆڤیەت کردبوو بە چاوێکی ترەوە لە قەرەباخی ئەرمەننشین بڕوانن و پرسی

کوردی قەفقازیش وەکو پەراوێز تەماشا بکەن.

من (مەبەست نووسەری کتێبی «پەیوەندی نێوان کورد و روسیا»یە) وای بۆ دەچم کە یەکێك لە مەبەستەکانی دروستکردنی یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتی وەکو کوردستانی سۆڤێتی ڕاستەوخۆ لە نێوان کۆماری ئەرمینیا و قەرەباخدا، لەیەکدابڕینی جوگرافی و دروستکردنی بەربەستێك لەنێوان ئەرمەنەکانی هەردوو دیودا بووە، چونکە لە بنەڕەتدا بەپێی دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئیمپراتۆریی ڕووسی قەرەباخ بەشێك لە ئەرمنیا بووە و نازەریەکان، کە هەموو ـەم هەوڵیان بۆ داوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سۆڤێت و بە یارمەتی ستالین بەدەستیان هێناوە و خستوویانەتە ناو سنووری خۆیانەوە.

... ئەوە بوو مەڵبەندی کوردستان دروستکرا، کە وەکو د. کەمال مەزهەر پێی دەڵێت «کوردستانسکی ئویەزد» (ناوچەی کارگێڕیی کوردستان) دوای مانگێك واتە لە ئابی ۱۹۲۳ دا، گوسێ (یا حوسێ) حاجییێف کرا بە سەرۆك و شارۆچکەی لاچین مەرکەزی یان پایتەختی. هەر ئەو دەوروبەرەش ئەلیاسۆف کرا بە بەڕێوەبەری کاروباری پەروەردە و فێرکردنی ناوچەی کارگێڕیی کوردستانی سەر بە کۆماری ئازەربایجانی شورەوی، لەوساوە زاراوەی کوردستانی ئازەربایجان دروستبوو. (بەپێی فەرهەنگی ڕوسی ـ عەرەبی، ف.م.بوریتسوف، بەرگی ۲ کە لە ۱۹۲۸ دا دەرچووە، بەرامبەر «ئۆیەزد»: مەڵبەند یا قەزا نووسراوە. ئاماژەش بۆ ئەوە کراوە کە ئەوە بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی بووە تا ساڵی ۱۹۲۹ لە ڕووسیادا بەکار دەهات، هەر لەبەر ئەوە من مەڵبەندم لە ناوچە پێ باشتر و ڕاستترە. ئارام عەلی)

ئەکادیمیك نادرۆف دەڵێت: ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا لە شەش ناوچەی ئازەربایجان کە کوردی تیا دەژیان مەڵبەندی کوردی دابمەزرێت، کە سێنتەرەکەی ـ پیریجان ـ بوو، لە دوایشدا کرا بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کورد و

سێیەتەری ـ لاچین و دواتر شوشە ـ بوو.

بەپێی دوکتۆر کەمال مەزهەر بێت کوردستانی سوور لە «پێنج دایەرە، یا مەڵبەندی سەرەکی پێکهاتبوو کە ئەوسا ناویان : کەڵبەجار، کوردحاجی، مورادخانلی، قەرەقشلاغ و قوتوورلی بوو» واتە یەکێك لەوەی نادرۆڤ کەمتری ژماردووە.

بەپێی کتێبەکەی بوکشپان بێت وەکو ڕۆژنامەی «گۆڵەس کوردا» زۆر بە کورتی لەسەری نووسیوە: کێلبەجار، قوباتلی، لاچین و بەشێك لە ناوچەی جبرایل بووە.

بەڵام خاتوو تاتیانا ئاریستۆفا کە شارەزایەکی باشی لە مێژووی کوردی قەفقاز و زانیاریەکی دروستتری لەسەر مەڵبەندی کوردستان هەیە، تەنیا ناوی چوار ناوچەی هێناوە کە تەنیا یەکێکیان وەك ئەوەی د. کەمال مەزهەرە و بەم شێوەیەن: کێلبەجار، لاچین، قوباتلی، زەنگێلان.

هەرچۆنێك بێت دیارە کێلبەجار و لاچین بە دوو ناوچەی کوردیی تەواو دانرابوون، کە وەکو د.کەمال مەزهەر دەڵێت: بەڵگەنامەی ڕەسمی تر هەیە کە لە بیستەکان ۹۹,۲٪ی دانیشتوانی لاچین و ۹۹,۵٪ دانیشتوانی کەڵبەجاری بە کورد لەقەڵەم داوە. لە ناوچەکانی تریشدا ڕێژەی کورد کەمتر بووە و بە هەموو مەڵبەندەکە ۷۲٪ی کورد بووە کە سەرجەم بۆتە ۳۷۱۸۲ کەس. هەرچەندە ئەمەش جێگەی گومانە چونکە بەپێی سەرژمێریی ۱۹۲۶ بووە و ئاشکراشە تا ئێستا هیچ سەرژمێرییەکی ڕەسمی، ژمارەی ڕاستەقینەی کوردی نەداوە.[1]

• سنووری مەڵبەندی کوردستانی سۆڤێتی

لە سەرەوە مەڵبەندی گەنجە، لە ڕۆژهەڵاتەوە ناگۆرنی قەرەباخ، لە ڕۆژئاوا مەڵبەندی نور ـ بایەزیدی ئەرمینیا، لە خوارەوە مەڵبەندی جبراییل.

● **هەندێك لە گوند و شارۆچكەكانی مەڵبەندی كوردستانی سۆڤێتی**

ناوچەی لاچین: زێرتی، میكێند، بۆزلو، كەماڵلی، كەلاچە، چێراخلی، ئەگجاكێند، قەرە كەشیش، ئاق ـ بولاخ، شێیلاتلی، كەراس ـ بینە، چای ـ بینە.

ناوچەی كێلبەجار: شورتان، زەیلیك، ئوروفزلو، سۆیرخ ـ بولاخ، ئەتجاكێید و خەلانلی.

● **هەندێك لە تیرە و هۆزەكانی مەڵبەندی كوردستانی سۆڤێتی**

لاچین. فەتۆ، ئەڵڤێردی، شاسوارلی (شاهسوفەرلی)، ئەرەتولو، مەمێدلی، شێرفلی، كرفلی (قرەڤلی)، شێرەفلی (شەرەفلی)، لەزگی (لێزگی)، میری، كیونێری (كیونەری)، سەفی، كولی، ئاغالی، ئۆغلی، سمایلیار، كەرەلارا (قەرەلەر)، ئەبیلیار (ئەبیلار)، ئەسەدلیار (ئەسەدلار)، خوزێلیار، ئیساخانلەر (ئیساهەنلار)، مەمێدلیقەر، شەفیقلەر و چیچیكلەر.

كێلبەجار: ناگیلی (نەگلی)، گیوتدی (گیودی)، حوسێین كولیلیار، كیولیلیار، كولیكلیو (قولیوقلیو)، نێزیكلی (نێزیڤلی)، عەلی ڕزالی، میریكلی، كێچرلی (كچەرلی)، قەرەخانلیار، حوسێنلەر، مەیللەر (مایلار)، میشادیللەر (میشادلەر)، ئێنیازلەر، شوكورلەر.

... ژیانی كوردەكانی كوردستانی سوور لە زۆر لاوە كەوتە بووژاندنەوە. ڕۆژنامە، چاپەمەنی كوردی و كتێبی خوێندن بە كوردی بڵاو دەكرایەوە. ڕادیۆ و دەزگای تری ڕاگەیاندنی كوردی و قوتابخانە بە زمانی زگماكی خەڵكەكە كرایەوە. هەرچەندە شایانی باسە لەگەڵ ئەوەشدا كە لە مەڵبەندی كوردستاندا دامودەزگای ئۆتۆنۆمی و نیمچە سەربەخۆییك و خودموختاری هەبوو، بەڵام كوردەكانی ئەرمینیا لە هەلومەرجێكی باشتردا دەژیان و لەوێ دەسكەوتی

باشتریان بەدەست هێنابوو.

کوردەکانی ئەرمینیا هەرچەندە ناوچەیەکی تۆتۆنۆمی تایبەتیان نەبوو، بەڵام حکومەتی ئەرمینیا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بایەخی بە کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تر داوە.

ساڵی ۱۹۲۹ مەڵبەندی کوردستان هەڵوەشێنرایەوە. مەڵبەندی کوردستان خاوەن تۆتۆنۆمی و تایبەتمەندییەکی خۆی بوو، بەڵام سنوورەکەی زۆرتر بەڕێوەبەرایەتی بوو وەك لەوەی ئێتنیکی بێت.

شاباني باسه نهو جۆره مەڵبەنده وانه نۆیزد. له سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی سۆڤێتیدا لابرا و یەکەیەکی تری بەڕێوەبەرایەتی لە جێگەی دروست کرا. مەڵبەندی کوردستانیش بوو بە هەرێمی کوردستان، کە لەم ناوچانە پێك هاتبوو: کێڵبەجار، لاچین، قوبادلی، قوتورلی، زەنگێلان و بەشێك لە جبراییل.

خاتوو ئاریستۆفا دەڵێت: لە پێش دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، نیاز وابوو هەرێمی نەراکس دروست بکرێت و جبراییل بکرێت بە سێنتەری و لەم ناوچانە پێك بێت: کەریاگی، قوتورلی و ناوچە کوردنشینەکانی کێڵبەجار، لاچین، قووباتلی و زەنگێلان.

بەڵام بەپێی ئەو پرۆژەیە دەبوو ناوچەی کێڵبەجار و قوتورلی لەبەر دووریان لە ـ جبراییل ـ ەوە جیا بکرێنەوە. دەتوانرا ناوچەی ـ لاچین ـ یش بخرێتە سەر سێنتەری هەرێمەکە. بەڵام ئەو کاتە دەبوو رێگای جبراییل ـ کە چل و پێنج کیلۆمیتر درێژایی بوو، بەبیابانی پۆلی ـ گیریان ـ دا برۆیشتایە. لەبەرئەوە چاکتر وابوو، کە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت.

بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند و پاش ماوەیەك هەرێمی کوردستانیش هەڵوەشێنرایەوە، هەروەکو کەچۆی دەڵێت: هەرێمی (هەروەها مەڵبەندی ـ ئا) کوردستان هەرچەندە بە بڕیارێك لە سەرەوە دروستبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا

ئاوات و ئامانجی هەموو کوردەکانی ئەو ناوچەیە بوو، هەر بۆیە بە کارێکی یاسایی دادەنرێت. بەڵام هەڵوەشانەوەی بەبێ پرسکردن پێیان نایاسایی بوو.

بێگومان ئەم هەرێمەش هەر بەناو بوو، جگە لەوەی هەنگاوێکیش بوو بەرەو دواوە، هەروەکو دیمانشتێین کە لە پرسی نەتەوەییدا پسپۆڕ بوو، وتویەتی: هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام بە تەواوەتی بە تورك کراوە. هەرچەندە لە لایەنی سیاسیەوە بەرژەوەندیمان لەوە دایە کە کوردەکان پەرەسەندێکی سەربەخۆیان هەبێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لایەنگریان لەودیوی سنوورمانەوە هەیە.

دیمانشتێین کە بەر هێرشی بوکشیان کەوتبوو، یەنجەی بۆ نەوە ڕاکێشابوو. کە لە ئازەربایجاندا بەگشتی پەیوەندییەکی زۆر خراپ لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا هەبووە. بە تورککردنی تاڵیشەکان لە ساڵی ۱۹۳۰ دا یەکێك لە ڕووە خراپەکان و شۆڤێنیزمی تورکە ئازەرییەکان بوو.

سەبارەت بە هۆیەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور، یەکێك لە بەشداریکەرانی کۆنفڕانسی دووەمی کوردەکانی سۆڤێت، لەو بڕوایە دایە کە ئەو ناوچە و هەرێمە نەتەوەییانە هەڵوەشێنراونەتەوە نەك لەبەر ئەوەی هیچ سوود و بەرژەوەندیی بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان نەمابوو، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو دەرئەنجامەی سەبارەت بە تەواوبوونی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و نەهێشتنی دواکەوتوویی نەتەوەیی کە سەرانی ئەوکاتەی سۆڤێت پێی گەیشتوون. گوایە گەلی سۆڤێتی ببوە گەلێکی هاوسەنگ و سفت و هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی لەنارادا نەمابوو و بەرەو دروستبوونی نەتەوەی سۆسیالیستی دەڕۆن. هەربۆیە تێرمینی «گەلی سۆڤێت» بەسەر دانیشتووانی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییدا سەپێندرابوو، کە پتر لە سەد و بیست نەتەوە و دەیان و سەدان زمانی نەتەوەیی جیاواز پێکهاتبوو.

بۆ باشتر بەرجەستەکردنی ئەو هەستە نەخۆشەی ستالین، دەبوو ئەو ناوچە

نه‌ته‌وه‌یی به‌رێوه‌به‌رییانه‌ش له‌ناو ببرێن و هه‌ر پارچه‌یه‌ی بخرێته سه‌ر ناوچه و هه‌رێمێکی تر، ئه‌ویش بێگومان به نیازی توانه‌وه‌یان و ئینگلیزئاسایی که‌رتکردنیان و له‌دواییدا زاڵبوون به‌سه‌ریاندا.

... دوای هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی کوردستانی سوور، حکومه‌تی ئازه‌ربایجان کۆمیته‌یه‌کی بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی ژیان و بارودۆخی ناوچه کوردنشینه‌کانی ئازه‌ربایجان به سه‌رۆکایه‌تی بوکشپان دروستکرد. کۆمیته‌که دوای شه‌ش مانگ کار راپۆرتێکی له‌سه‌ر کورده‌کانی ئازه‌ربایجان نووسی، که دواتر بوکشپان له شێوه‌ی کتێبدا چاپی کرد. د. که‌مال مه‌زهه‌ر ده‌ڵێت: بوکشپان که هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ناوچه‌ی کارگێڕیی کوردستانی ئازه‌ربایجانی پێ ڕه‌وا بوو، به ئاشکرا هه‌وڵی داوه ژماره‌ی کورده‌کانی ئه‌و ناوچه‌یه که‌م بکاته‌وه. به‌پێی قسه‌ی ئه‌و که که‌م ڕێگه‌ی تێده‌چێت، دوای دامه‌زراندنی کوردستانی سوور، ژماره‌یه‌کی زۆر له ئازه‌رییه‌کانی ئه‌م ناوچه‌یه خۆیان به کورد نانووس کردووه.

واته کۆمیته‌که کورد وته‌نی هێشتا سڵاوی داوه‌ته‌وه و کوردی قه‌رزار کردووه. به‌ڵام کۆمیته‌که دانی به‌وه داناوه که زۆر هه‌ڵه و که‌موکورتی هه‌بووه و به‌تایبه‌تی له بواری خوێنده‌واری و بڵاوکردنه‌وه‌ی ڕۆشنبیرییه‌وه هیچ کارێکی وا نه‌کراوه. بۆیه د. که‌مال مه‌زهه‌ر ده‌ڵێت. بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و هه‌ڵه‌یه‌ی که بوکشپان به تاوان له‌قه‌ڵه‌می داوه، کاربه‌ده‌ستانی ئازه‌ربایجانی شوره‌وی له حوزه‌یرانی سالّی ۱۹۳۱دا ژماره‌یه‌ك بڕیاریان ده‌رکرد، وه‌ك کردنه‌وه‌ی چه‌ند قوتابخانه‌یه‌کی سه‌ره‌تایی کوردی که بڕیار بوو تا سالّی ۱۹۳۳ ـ ۱۹۳٤ هه‌موو ناوچه کورده‌وارییه‌کان بگرێته‌وه. ئه‌لفوبێی کوردی به پیتی لاتینی دانرا، سێ کتێبی خوێندنی کوردی له چاپ درا و هه‌روه‌ها بڕیار درا به‌شی کوردیی سه‌ربه‌خۆ له فێرگه‌ی پیه‌روه‌رده‌ی شانومیان بکرێته‌وه و زمانی کوردی بکرێته زمانی لێکۆڵینه‌وه و لێدوانی کۆبوونه‌وه‌کانی پارت و کۆمسۆمۆڵ.

بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە هەر بڕیاری ڕووت و وشەی سەر کاغەز بوون. بەپێچەوانەوە لەبری چاککردنی باری ژیانی کوردەکان، حکومەتی سۆڤێتی کەوتە ڕاگواستن و پەرشوبڵاوپێکردنی کورد بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان. جگە لەوە، گرتن و زیندانیکردن و بۆ سیبریا ڕەوانەکردن بوو بە چارەنووسی زۆر لە خوێندەوار و زانا و ناودارانی کورد وەك عەرەبی شەمۆ، حاج جوندی و ...

بێگومان کارەکە تەنیا بە ڕاگواستن تەواو نەبوو، بەڵکو تواندنەوەشی بەدوادا هات، چونکە بە گرووپی بچوك بچوك و تەنانەت لە خێزان دابڕانیش، بڵاوەیان پێکرا. وردە وردە ڕۆژنامە کوردییەکان، کتێب و بەرهەمی تری ئەدەبی نەهێڵران. ئینجا قوتابخانە و ئیزگەی ڕادیۆ داخران. لە قوتابخانەکانیشدا چیتر بە زمانی کوردی وانە نەدەوترایەوە. هەموو ئەم کارانە بوونە هۆی ئەوەی ئاستی کولتووریی کوردەکان نزم بێتەوە و زمانەکەشیان بەرەو مردن بڕوات. کار گەیشتە ئەوەی وەکو «کەچۆی» دەڵێت: لە نەخشەی دیموگرافی ئازەربایجان، تورکمانیا، کازاخستان، قیرگیزیا، ئوزبێکستان و تاجیکستان بە تەواوی ناوی «کورد» سڕایەوە، بەڵام نە ستالین و نە برێژنێف نەیانتوانی بۆ هەتاهەتایە ناوی کورد بسڕنەوە، ئەمەش بۆ چاکەی گەلانی ئەرمینیا و گورجستان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەوانیش کاری نایاساییان بەرامبەر کورد کردووە. بۆ نموونە لە ئەرمینیاش تێکنیکۆمی کوردیی پشت قەفقازی پەروەردە و لقی کوردناسیی زانکۆ داخران و تەنیا شانۆیەکی دەوڵەتی کوردیش کە هەبوو هەڵوەشێنرایەوە و سێ جار ئەلفوبێی کوردی گۆڕدرا.[۲]

دووەم: ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا

لە سەدەی بیستەمدا لەناو کۆمەڵی کوردی وڵاتی ڕووسیادا تەنیا لەناو کوردی ئەرمەنستان لە قەفقاس ئەدەبی نووسراوی هونەری بە زمانی کوردی پەیدا بوو. خەڵکەکە بە گشتی هەژار و نەخوێندەوار و ناوارەی وڵاتانی عوسمانی و ئێران بوون. لەناو کوردی ئەوێ قسەیێك هەیە دەڵێ: «لە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ تاکە یەك کەس خوێندن و نووسینی بووە نەویش عەرەبی سەموایە». ئەم قسەیە لەوانەیە بەڕاستی هەندێ وردە نەبێ، بەڵام لە ڕاستییەوە زۆر نزیکە. بۆ بەڵگە ڤ. مینۆرسکی ئەوە دەگێڕێتەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم کوردی ئێران و عوسمانی لە هاتوچۆدا بوون، هیچ هۆیەك نەبوو ڕێگەیان لێ بگرێ لە بڕینی سنوور و نیشتەجێبوون لە قەفقاس. لە یەریڤان دوو قوتابخانەی کوردی هەبووە، هەروەها قونسۆلی ڕووس لە شاری خۆی لە ئێران قوتابخانەیەکی بۆ کورد کردبووەوە، ڕەنگە ئەم قوتابخانانە بەو ناوەوە کورد بوونیان چونکە بۆ قوتابیانی کورد کرابوونەوە، ئەگینا باوەڕ ناکرێ بە کوردی وانەیان تێدا وترابێتەوە. دەڵێن لەو سەردەمەدا پێش جەنگی یەکەمی گێتی لە شارانی خارکۆڤ و کیێف لە هەریەکەیانا قوتابیێکی کورد هەبوو.

کوردی ئەو وڵاتە هەرچەندە خوێندن و نووسین و بەرهەمی ئەدەبی نووسراویان نەبوو، بەڵام لە ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) زۆر دەوڵەمەند بوون و خاوەن گەنجینەیەکی بێهاوتا بوون، لەبەر ئەوە هەرکە خوێندەواری لەناویاندا بڵاو بووەوە، بایەخێکی زۆریان بە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی تێکستی ئەو بەرهەمە میللیانە دەدا بە شێعر و پەخشانەوە. لەدواییدا دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی کۆکراوەکان. تا ئێستا پسپۆرانی ئەوێ لە مەیدانی فۆلکلۆردا لە ڕیزی پێشەوەن لە هەموو کوردستاندا.

● **لە نەخوێندەواریيەوە بۆ خوێندەواری**

لە ساڵی ۱۹۲۹ عەرەبی شەمۆ و مامۆستای قوتابخانەی ئەرمەنی ئی.مارۆگوولۆڤ یەکەمین ئەلفوبێی کوردی بە تیپی لاتینییان بڵاو کردەوە بۆ نووسینی کوردی. کتێبەکە بەناوی «خۆ خۆ هینبوونا خاندنا نڤیسارا کرمانجی» بوو. لە یەریقان ۲۵۰۰ دانەی لێ چاپ کرابوو. لە پاشانا هەزاران دانەیان بە لیست بڵاو کردەوە. دەوڵەت بڕیاری لەسەردا و بە ڕەسمی وەك ئەلفوبێیەکی زانستی کەوتە کارەوە. ئەم ئەلفوبێیە تا ساڵی ۱۹۳۷ بەردەوام بوو. سەدان کتێبی کوردی پێ چاپ کرا. لە ساڵی ۱۹۳۸ بەنیا بەڵ کتێبی کوردی لەیەریقان بڵاو کرایەوە، ئەویش دیارە پاشماوەی کتێبەکانی ساڵی پێشوو بوو. بەم جۆرە بەپێی سیاسەتی فاشی و تیرۆریانەی ستالین زمانی کوردی و ئەدەب و خوێندەواری و ڕۆشنبیری کورد قەدەغە کرا تا دوای جەنگی دووەکی گێتی. ئەم کارە کوردی هەموو ناوچەکانی ڕووسیای گرتەوە لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا. لەدوای جەنگی دووەم لە ساڵی ۱۹٤٦ تەنیا دانیان بە مافی کوردی ئەرمەنستان هێنا. لەو کاتەی پێویست بوو ئەلفوبێ لاتینیە کۆنەکە زیندوو بکەنەوە، وازیان لەو هێنا و ئەلفوبێیەکی دیکەیان دانا لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی کیریلی یا (سیریلی) کە زمانی ڕووسیشی پێ دەنووسرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم ئەلفوبێیە لە لاتینی باشترە چونکە تاکی کورد لە ئەرمەنستان سێ زمان فێر دەبێ، زمانی خۆی و ئەرمەنی و ڕووسی. زمانی ئەرمەنی ئەلفوبێی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر ئەلفوبێی زمانی کوردی بە تیپی لاتینی بێ ئەو کاتە پێویستە سێ جۆرە ئەلفوبێ بزانێ، بەڵام ئەگەر ئەلفوبێی ڕووسی بەکار بێنێ مانای ئەوەیە قوتابیی کورد دوو جۆرە ئەلفوبێ فێر دەبێ لەباتی سێ جۆر. ئەم ڕایە تا ڕادەیەك بەجێیە، بەڵام بێ گومان ئەو ئەلفوبێیە تەنیا بۆ کوردی ئەرمەنستان کەڵکی دەبێ، بە میلیۆن کوردی دەرەوەی کوردستانی گەورە سوودی لێ وەرناگرن.

لە ساڵی ١٩٤٦ ئەو مافانەی لە کوردی ئەرمەنستان زەوت کرابوو درایەوە پێی. ڕۆژنامەی «ڕیاتازە» دەستی کردەوە بە دەرچوون، لەساڵی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ دوو سێ کتێب و لە ساڵانی دوای ئەو چەند کتێبێکی دیکەی بەنرخ بڵاو کرانەوە لە بابەت زمانی کوردی و ئەلفوبێی تازە لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی کیریلی، هەروەها چەند کتێبێکی زۆر بەنرخ لە بابەت ئەدەبی میللی (فۆلکلۆری) کوردی بڵاو کرانەوە. ئیتر لەمە بەدواوە بایەخێکی زۆر بە چاپەمەنی کوردی دەدرا. هەموو ساڵ کتێبێکی زۆر قوتابخانەکان بەچاپ دەگەیەنران، لە ئەوانیش ڕیاتر بایەخ بە بەرهەمی بەدەبی دەدرا شێعر و وتار و چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی دیکە. ژمارەی چاپکردنی کتێب لە هەڵبەزین و دابەزیندا بوو هەندێ ساڵ دوو سێ کتێب، هەندێ ساڵی دیکە زیاتر لە دە کتێب بڵاو دەکرانەوە. بۆ بەڵگە لە ساڵی ١٩٦٠ سێزدە کتێبی کوردی جۆراوجۆر لە شاری یەریڤان بڵاو کراوەتەوە.

- **پەیدابوونی ئەدەبی نووسراوی هونەری**

پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧ میللەتی کوردی ئەرمەنستان نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەدەبێکی بەرزی هەبوو جێی نرخ پێدان و شانازی بوو لەلایەن گەلێ لە کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس و ئەوروپاییانی دیکە، ئەگەر قسەی باشیان بکردایە دەیانووت میللەتێکە بە شاعیر خوڵقاوە. لە پاش پەیدابوونی خوێندەواری لەناو ئەم کوردانەدا، لە ژێر کاریگەریی ئەو ئەدەبە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە ئەدەبێکی نوێ پەیدا بوو، واتە کلاسیکی بە مانا ئەدەبی نووسراوی بەرز (مومتاز). ئەو بەرهەمە لە پلەی ئەدەبی هونەری نووسراوی هەموو نەتەوەکانی ڕووسیای سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بوو، واتە نەتەوە ئەوروپایی و ئاسیاییەکان. لێرەدا نەوەکو تەنیا کورد بەڵکو هەموو نەتەوەکانی ئەو وڵاتە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبی کلاسیکیی پێشکەوتووی ڕووس.

ئینجا لە بابەت کوردەوە زیاد لەسەر کاریگەریی ئەدەبی ڕووسی، ئەدەبی ئەرمەنیش تا ڕادەیەک کاریگەریی بەسەر ئەدەبی کوردی ئەو وڵاتەوە هەبوو.

بەگشتی ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا لەسەر قانوون و تیۆرییەکی دەوڵەت بەڕێوە دەچوو، دەڵێ «بەرهەمی ئەدەبی و هونەری پێویستە بە ڕوخسار ئەتەوەیی و بەناوەرۆک سۆسیالیستی بێ». واتە زمانی بەرهەمەکە قەومییە، بەڵام ناوەرۆکی پێویستە لە پێناوی دروستکردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی بێ و لە دوای ئەودا کۆمۆنیزم هەموو ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی بەڕێوە ببا. هەرچەندە ئەم تیۆرییە هەڵە بوو. چونکە بە فەرمانی دەسەڵات و دانانی تیۆری داهێنانی ئەدەبی لە ڕووی جوانکارییەوە دورست نابێ. ئەدەبی کوردی و ئەدەبی هەموو ئەتەوەکانی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەزۆر کەوتبووە ژێر باری ئەم ئارەزووە قورسەوە. بەڕاستی هەرچەند پێڕەوی ئەم تیۆرییە کرابێ و بەرهەمی ئەدەبی بێتام کەوتبێتە ناوەوە، نموونەیەکی زۆری بەرهەمێکی جوان و ڕەنگینی ئەدەبی کوردی نووسراو بۆ یەکەمین جار لەناو کوردانی قەفقاسی ڕوسیا پەیدا بوو، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری کوردایەتی و دڵداری ناو دڵ و دەروونی ئادەمزادی کورد بوو.

بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێک وتار و شێعر و چیرۆک لە کتێبێکدا لە ساڵی ۱۹۳۲ لە یەریڤان بڵاو کرایەوە بەناوی «عەفراندنا ئەولن» ـ تۆپکرنا نڤیسارا سێکسیا کرمانجا ڕەخ ئەسۆسیاسیا نڤیسکارا فلستانێ» ـ لەلایەن «نەشرا حوکمەتا شەورا فلستانێ» بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەرهەمە لقی کوردی لە یەکێتی نووسەرانی ئەرمەنستان کۆی کردۆتەوە و بڵاوی کردۆتەوە. ئەمینی عەبدال پێشەکی بۆ نووسیوە.

ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار نموونەی شێعری تازە لەدایکبووی کوردی ئەو ناوچەیەی بڵاو کردۆتەوە. چەند نموونەیێکی پەخشانیش لە کورتە وتار و کورتە چیرۆک تیایدا بەرچاو دەکەون. کتێبەکە بڕێک لە پارچە لیریکی کورت

و وتـاری ئەدەبـی ئـەم شـاعیر و نووسـەرانەی گرتۆتەخـۆ: حاجـی جنـدی، ئـازات نوشـتوونی، ئەمینـی عەبـدال، عەتـاری شـەرۆ، فەتـی، سـاڵح، بایلـۆزی چەچـان.

شـێعر و نوسـینی کوردی ناو کتێبەکـە بە زمانێکی میللیی ڕەوتـن نووسراونەتەوە، لە ئەدەبی میللی سـەرزارەوە زۆر نزیکن. شـاعیران کێشـی سـیلابی خۆمالّی میللیی لاوك و گۆرانـی نـاو خەڵکی کوردیـان بەکار هێناوە. لە هەمـوو ڕووبێکەوە نزیکترە لـە ئەدەبـی میللی، چونکـە یەکەمیـن تاقیکردنەوەیـە بـۆ دروسـتبوونی ئەدەبێکـی ڕۆشـنبیرانەی سـەردەم. ئـەوەی تـازە و گرنـگ بێ ناوەرۆکی ئەو نووسـین و شـێعرە نوێیەیـە هەمـوو بەپێـی بڕیارێکـی دەسـەڵاتی دەوڵـەت لـە دەوروبـەری بیـروڕای دروسـتکردنی کۆمەڵێکـی سۆسیالیسـتی بەپێـی تیۆریی مارکسـیزم بەڕێـوە دەچێ. ناوەرۆکـی لـە ئایین و سـۆفیزم و دڵـداری و هەسـتی دەروونـی نـاوەوەی ئادەمـزاد دوورە. هەرچۆنـێ بـێ لـە ڕووی ڕوخسـار و ناوەرۆکـەوە دیاردەیێکـی نوێیـە لـە ئەدەبـی کوردیـدا، وەك ئـەو بزووتنـەوە ئەدەبییـە گرنگـەی لـەو ماوەیـەدا کەوتـە ناوەوە لە کوردسـتانی باشـوور. لـە شـاری سـلێمانی واتە بزووتنەوەی «شێعری نوێ» لەگـەڵ جیـاوازی لـە نێـوان ئـەم دوو ڕێنیسانسـە، هەردووکیـان ئەدەبـی کوردییـان دەوڵەمەندتـر کـرد.

لـەم ماوەیـەدا هەنـدێ نموونـە لەیەکەمیـن عەفراندنـی کـوردی قەفقـاس دەخرێتـە ڕوو:

عەتاری شەرۆ لە لیریکی «ئەم ژ دخونن»دا دەڵێ:

خوەندنا مە رۆنایە، فرەیە
عولمێ وێ زەف زێدەیە
چێکرنا سۆسیالیزمی ل بەر مەیە
دەورانا مە، دەورانەکا زێدەیە

خوەندنا مە خوەشە ئو ئەشقە
ئەم هەڤرا دخوونن تفاقە
خوەندنا مە ب زمانێ دێیە
ئەم زوو بقەدینن گۆتنا شێوریێە

زمانێ مەیس لال ڤەبوو
خەڤاتچی تەف شا بوون
ملێ مەیی گریدایی نازا بوو
دەورانا کەڤن ئوندا بوو

شاعیر لەم لیریکەدا باس لە کەڵکی خوێندن دەکا، بۆ هاوزمانانی خۆی ئەوانەی تا ئەو سەردەمە خوێندەواریان تێدا نەبووە. لە شێعرەکەدا بەپێی پێویست هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی نوێ بەکار دێنێ وەکو سۆسیالیزم و شێوریێ یا شۆرەوی بۆ زاراوەی سۆڤیەت. شاعیر بەراوورد لە نێوان ژیانی کۆن و تازەی کورد دەکا، چۆن لە پێشانا زمانیان لاڵ بوو و خوێندەوار نەبوون و ئێستا بەهۆی خوێندن زمانیان کراوەتەوە. لە پێشانا دیل بوون، ملیان لە کۆت و زنجیردا بوو، ئێستا لە ئازادی و ژیانی سەربەستی دان.

سالّح شاعیرێکی دیکەی قۆناغی یەکەمی پەیدابوونی ئەدەبی کوردییە لە قەفقاسی ڕووسیا، لە شێعرێکیدا بەناوی «یەکێ گوڵانێ»دا دەڵێ:

عیدا یەکێ گوڵانێ
سەر ملێ پرۆلێتارا بەیرەقێ سۆرن
دکشن ژ کووچێ بەرلینی، لوندۆنێ
بەیرەقی سۆر هەر ئالیا دفرن

ژ وان نامینن پرۆلیتاریێ دن
گشکی سازی دەزگەنە
سیلح و چەك دەستێ وان دانە
جێرگە ب جێرگە دکشن
گافێ دریژ دافێژن
بهەڤرا کلامێ ئینگلابێ دڤێژن
دەف زورنە بەر وان د هەژن
پێشدا جمعەتا خەڤاتچیا
قەت تالاشێ نەکیشنن ژ فاشیستا
بسەرکاریا تفاقا کۆمۆنیستا
ببرن کۆکا کاپیتالیستا
دیوانا زولومدارا هلشینن
قەید جیدارا بقەتینن
هەڤالا ژ کەلا، زندانا دەرخینن
بەیراقا سۆر هەر دەرا دا جکینن

شاعیری کورد سالّح بەم لیریکە پێشوازی لە جەژنی یەکی ئەیاری کرێکارانی گێتی دەکا. ئەمە جەژنێکی پیرۆز بوو لە ڕووسیای سۆڤیەت. بەهۆی پێویستی ناوەرۆکی لیریکەکە شاعیر هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی سیاسی و ئابووری بەکار دێنێ بەپێی بیروباوەڕی مارکسیزم. ئالّای سوور ڕەمزی دەوڵەتی ڕووسیای سۆڤیەت و هەموو کرێکارانی گێتی بوو. شاعیر تەنیا بەمە نەوەستاوە هەندێ زاراوەی دیکەی بەکار هێناوە وەکو پرۆلیتاریا، فارشیست،کۆمۆنیست، کەپیتالیست، هەروەها ئینقلاب بە مانای شۆڕش.

ئەم وشانە بۆ یەکەمین جار هاتوونەتە ناو بەرهەمی ئەدەبی کورد (شێعر و پەخشان) لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی سیستێمی تازە لە فەرمانڕەوایی سەردەمی سۆڤیەتەکان لە ڕووسیای دوایی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۱۷.

بە گشتی گۆڕانێکی قووڵ بەسەر ئەدەبی کوردی ئەو وڵاتەدا هات، بەتایبەتی پاش جەنگی دووەمی گێتی کە بۆ جاری دووەم کورد هەندێ مافی خوێندن بە زمانی خۆی وەدەست هێنا.

* بەرهەمی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخسارەوە

کەرەستەی نووسینی ئەدەبی کوردی لەو وڵاتەدا لەسەر بنج و بناوانی ئەدەبی میللیی سەرزاری کورد بوو. زمانی قسەکردنی کوردی بەکار دەهێنرا. شاعیران بەرهەمیان لەسەر کێشی سیلابی میللی و قافیەی ڕەنگاوڕەنگی لاوك و گۆرانی دەهۆنییەوە، بەڵام شێوە و بابەتەکانی لاساییکردنەوەی ئەدەبی ئەوروپایی بوو، بەتایبەتی ئەدەبی ڕووسی. لەبەر ئەوە ئەدەبی کوردی وڵاتی قەفقاسی ڕووسیا لەم ڕووەوە وەك ئەدەبێکی ئەوروپی پەیدا بوو. شاعیر یا نووسەر بەرهەمی بە پەخشان و شێعر دەنووسییەوە، وەکو دەستووری ئەوروپاییان، ئەوانەی کوردیش زۆربەیان لەم بابەتە بوون، ئەگەرچی بە گشتی هەردوو نووسەری گەورە و بەناوبانگیان عەرەبی شەمۆ و عەلی عەبدولڕەحمان بەرهەمی ئەدەبیان پەخشان بووە.

بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئەو وڵاتە لە قاڵبی ئەم بابەتانەی لای خوارەوە بەرچاو دەکەوێ:

۱ـ وتار: بابەتێکی گرنگە لە ئەدەبدا، لایەنی هەموو زانستییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. ئەوەی لە ئەدەبی داهێنراوەوە نزیکە ئەو وتارانەن لە وەسف و دڵداری و کۆمەڵایەتی و تا پلەیێکیش لە سیاسەت و ئابووری دەدوێن، ڕەخنە

و پێکەنین و ناوەرۆکی قەشمەری ئامێزیان تێدایە. بەزۆری ئەو نووسەرانە بەکاری دێنن ئەوانەی ڕۆژنامەنووسن لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا کار دەکەن. وتار لەناو کوردانی ئەو وڵاتەدا بەهۆی ڕۆژنامەی «ڕیاتەزەوە زۆر پێش کەوت، لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە بەبێ پسانەوە هەفتەی دوو جار بڵاو دەکرایەوە تا ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت (۱۹۹۱).

۲ـ چیرۆك: سەرچاوەی بنچینەیی نووسەرانی کورد لەم لایەنەوە گێتیی چیرۆکی ڕووسی دەوڵەمەند بوو، ئەوان ئاگاداری ئەدەبی کوردی دەرەوە نەبوون. هەروەها ئەدەبی هاوسێکانی کوردی دەرەوەش. چونکە بەشێکی زۆر کەمیان نەبێ زمانانی عەرەبی و تورکی و فارسییان نەدەزانی. لەگەڵ سەرچاوەی ڕووسی ئاگاداری ئەدەبی ئەرمەنی و گورجی بوون، ئەمانەش زیاتر دەشکێنەوە سەر ئەدەبی ڕووسی و ئەوروپایی. لەبەر ئەوە مەشقی نووسەرانی کورد بۆ نووسینەوەی چیرۆك بە لاساییکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا بوو. گەلێ جاریش وەکو ئەوان بەبێ ئەوەی هەست بکەن وتار و چیرۆك تێکەڵ بەیەکتری دەبوون. بەڵام بەلای ئەوانەوە وەکو دەستوور هەموو نووسینێك ماکی جوانکاری تێدا بێ دەچێتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوە هەتا ئەگەر لەلایەن ڕەخنەگر و مێژوونووسانی ئەدەبەوە ناویشی بۆ نەدۆزێتەوە.

۳ـ ڕۆمان: ئەگەر مێژووی ئەم بابەتە بەرزە لە ئەدەبی کوردیدا بنووسرێتەوە، پێویستە سەرەتای پەیدابوونی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە ناو کوردی قەفقاسی ڕووسیا دەست پێبکا و بەناوی یەکەمین ڕۆمانووسی کورد عەرەبی شەمۆ بەسترێتەوە. لە پاش ماوەیێکی زۆر بۆ دووەمین جار بابەتی ڕۆمان لە کوردستانی عێراق لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا. بێگومان ڕۆمانی «پێشمەرگەی ڕەحیمی قازی ئەویش لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕووسی و لاساییکردنەوەی عەرەبی شەمۆ بوو. چونکە ڕەحیم لە دوای

نیشەجێبوونی لە باکۆ لە ساڵی ١٩٤٦ەوە تا کۆچی دوایی لە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیری ئەوروپا ڕۆمانەکەی نووسیەوە. هونەری ڕۆمان پایەیێکی بەرزی هەبوو، لە ئەدەبی کوردی ئەوێدا پێش کەوت، ڕۆماننووسی گەورە هەڵکەوتن. عەرەبی شەمۆ و عەلی عەبدولڕەحمان لە دامەزرێنەران بوون، نەوەی پاش ئەوان بەرهەمی بەپێزیان لەم لایەنەوە داهێناوە. نەوەی سێیەمی ئەو وڵاتە کەمتەرخەمی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی تەگەرەی زۆر ڕێگەی پێشکەوتنیانی گرتبوو، بەرهەمی باش و جوانیان بڵاو کردۆتەوە.

٤ـ لیریك: لە ڕووی ڕوخسارەوە و بە ژمارەی دێر ئەم جۆرە شیعرە ئەورووپاییە لە پارچە و غەزەلی شێعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا. کوردی ئەو وڵاتە ڕاستەوخۆ لە شێعری ڕووسییان وەرگرتووە و زۆریش لە لاو ك و گۆرانیی ئەدەبی میللیی خۆیان دەکا. وەکو چۆن لیریك لە ئەدەبی هەموو گێتی هونەرێکی سەرەکییە و هەموو لایەنەکانی ژیانی ئادەمزادی نەوەی دووەم و سێیەمی ئەم ڕێنیسانسە ئەدەبییە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەم جۆرە شێعرەیان بۆ هەموو هەست و نەستێکی کەسێتی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کوردایەتی بەکار هێناوە. دەرچوونی ڕۆژنامەی «ڕیاتەزە» بە ڕێکوپێکی بۆ ماوەیێکی زۆر هۆیێکی گرنگ بوو نووسەر و شاعیرانی هان دەدا ئەم بابەتە شێعرە بهۆننەوە بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی پێ ڕەنگین بکەن.

٥ـ پۆیێم (قەسیدەی درێژ، بەیتی ئەدەبی میللیی سەرزار): ئەم بابەتە شێعرە لە کۆنەوە لە ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژئاوا بووە، لە ڕۆژهەڵاتدا قەسیدە (چامە)ی پێدەڵێن، لە ئەدەبی میللیی سەرزاری کوردی «بەیت»ی پێدەڵێن. شاعیرانی ئەدەبی کوردی نوێی ئەو وڵاتە وەك لاساییێك لە ئەدەبی ڕووسی و تا ڕادەیێکیش لە ئەدەبی ئەرمەنی و گورجیان وەرگرتووە، ئیتر هەستیان پێی کردبێ یا نەکردبێ، زۆر باش لەگەڵ ڕێبازی ئەدەبی کوردیدا گونجاوە،

چونکه «بەیت»بابەتێکی زۆر گرنگه له ئەدەبی میللیی سەرزاری کورد، لەبەر ئەوه ئەگەر بەزۆریش سەپێندرابێته سەر شاعیران ئەوان لە خۆیانەوه ئەو جۆرە شێعرە پێویستەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی نوێوه، چونکه شتێکی نامۆ نییه له لای ئەوانەوه.

● **نووسەر و شاعیران**

له سەرەتای دروستبوونی ئەدەبی نووسراوی کوردی شاعیری خوێندەوار نەبوو. ئەوانەی دەستیان بە شێعر نووسین کرد، شاعیر نەبوون. هەستی شێعرایەتییان هەبوو، یا شاعیری میللی بوون و گوێی مۆسیقییان بەهێز بوو. قوتابی و خوێندەواری هەموو لایەنەکانی زانستییه پراکتیکی و کۆمەڵایەتییەکان مەشقی نووسینی شێعریان دەکرد. له نەوەی دووەم و سێیەمدا نووسەر و شاعیری بەڕاستی پەیدا بوون و دەوری گرنگییان هەبوو له پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا. مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی گەلێکیان دەور دەکاتەوه. هەندێ لەمانه دەچنه ناو نەوەی یەکەمەوه، واتە ئەوانەی تەمەنیان درێژ بووز لەم ماوەیەدا پێویستە یادی هەندێکیان بکرێتەوه. ئەمانه نووسەر و شاعیر بوون، بەرهەمی پەخشانی و شێعرییان هەیە.

ئەحمەد مرازی (۱۹۰۲ ـ ۱۹۶۱)، جەدۆی گەنجۆ (۱۹۰۶ ـ ۱۹۴۵)، نادۆی خدۆ (۱۹۰۷)، میرۆیی ئەسەد (۱۹۱۹)، ئوسڤی بەکۆ (۱۹۰۹ ـ ۱۹۶۹)، سەمەند سیابەندۆف، له بەرهەمهێنانی ئەدەبی داهێنراو و جێ پەنجەیان دیارە. ئەمانه له نەوەی یەکەمی بزووتنەوەکه بوون، له خوێندەواریدا گەیشتنه نەوەی بین به شاعیر و نووسەر و دەوریان له پێشخستنی ئەدەبدا هەبێ.

له نەوەی دووەم و سێیەم، هەندێکیان تا ئێستا له ژیان دان پێویستە ئاماژە بۆ ئەم شاعیر و نووسەرانه بکرێ:

سەعیدی ئیبۆ (۱۹۲٤)، سمۆی شەمۆ (۱۹۲۸)، کارلێنی چەچانی (۱۹۲۹)، فەریکی ئوسب (۱۹۳٤)، عەمەریکی سەردار (۱۹۳۵)، جەردۆی ئەسەد، باخچۆی ئیسکۆ، ئۆردیخانی جەلیل، وەزیری ئەشۆ و هی دیکە.[۳]

هەر لەم پێوەندییەدا و لە سەرچاوەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکرێ کە ئەدەبیاتی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: ئەو کاتەی لەناو هەموو گوندێکی کوردنشیندا خوێندنگەی کوردی کرابۆوە، لەڕێی ناوەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە هەموو بەتەمەنەکان فێری خوێندنی کوردی بیوون، ڕۆژنامەی کوردی چاپ دەبوون و ئەو کۆمارانەی کوردی لێ دەژیا، پشتگیریی بەرەوپێشچوونی زمان، کولتوور و ئەدەبی کوردییان دەکرد. ئەو قۆناغە کە لە ساڵی ۱۹۳۰یەوە دەست پێدەکات و تاکو ساڵی ۱۹۳۸ی خایاند. لەو قۆناغەدا وێڕای کەموکوڕییەکانی ناوەڕۆك و زمان، بناغەی ئەدەبیاتی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت دانرا، ئاسەوارە ئەدەبییەکان جێگیر بوون، لە بواری زمانەوانییەوە هەنگاوی هێژا و بەنرخ هاویشترا.

قۆناغی دووەم: لە ساڵی ۱۹۳۸ەوە تاکو مردنی ستالین، ڕاستتر وایە بڵێین هەتا ساڵی ۱۹۵۵ی خایاند. ئەو کاتەی چرای ژیانی کولتووری و ئەدەبی کوردەکان کوژابۆوە. لەو دۆخە دژوارەشدا هەل بۆ نقیسکارە کوردەکان ڕەخسا چەند بەرهەمێکی خۆیان چاپ بکەن.

لە ساڵی ۱۹۵۵ بەدواوە: ئەدەبیاتی کوردی دەکەوێتە ناو قۆناغی ژیانەوە کە ئەمەش ناوی نوێ و شێوازی نووسینی نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێت، ئەو کاتەی ئەدەبیاتی کوردی خۆی لە دروشمی سیاسی و کاریگەریی ئەدەبیاتی دراوسێکانی ڕزگار دەکات، بەڵام مخابن دوای ساڵی ۱۹۳۸، لە ئازەربایجان و تورکمانستان هیچ بەرهەمێك بە زمانی کوردی چاپ نەبوو.[٤]

سێیەم: ژیان و بەسەرهاتی چەند ژانا و نەدیبێکی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو

کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو چ لە بواری زانست و چ لە بواری ئەدەبیاتدا گەلێك مرۆڤی زانا و بلیمەتیان لەنێودا هەڵکەوتووە کە توانیویانە بە هەوڵ و تێکۆشانی زۆر و، خۆڕاگرتن لە بەرامبەر دژواریەکانی ڕۆژگاردا خزمەت بە نەتەوەکەیان و بگرە بە خەڵکی دیکەش بکەن. کەسانێکی وەك نادر نادروف، کنیاز نیبراهیم، عەرەب ئەمۆ، جەلیلی جەلیل، جاسم جەلیل، قەناتی کوردی، حاجی جوندی و چەرکز خودۆ و دەیان کەسی تر ئەمڕۆ نەتەنیا لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لە دنیاشدا کەسانێکی ناسراون و بەرهەمەکانیشیان لە زۆر وڵاتان و بە زۆر زمانان وەرگێڕدراون و کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە ژنانی کوردی نێو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش لەم کاروانە بەجێ نەماون و لەناو ئەوانیشدا کەسانێکی زۆر ژێهاتی و خاوەن بەهرە سەریان هەڵداوە.

«خاتوو نوری یۆلاتۆفا ژنە بێژەر و یەکەم ڕۆژنامەوانی کوردە کە لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان کاری کردووە. لە دەوروبەری ساڵەکانی ۱۹۰۰ لەدایک بووە و لە کۆتایی ساڵەکانی ۱۹۷۰ کۆچی دوایی کردووە. هەروەها خاتوو ئەزنیڤە ڕەشید، خاتوو سێڤاسا عەبدۆ، خاتوو گولیزار جاسم،لوسیان حوسێن و زۆری تر لە بەشی کوردیی ڕادیۆ دەنگی یەریڤان وەک بێژەر و نووسەر کاریان کردووە. سیما سەمەندیش ژنە نووسەر و ڕۆمانnووسێکی ئەو سەردەمەی کوردە. زادینا شاکر هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە. سوسیکا سمێ خانمە دەنگبێژێکی کوردە کە لە ساڵانی ۱۹۵۰ و ۱۹۶۰ و ۱۹۷۰دا دەگەڵ تیپە هونەرییەکەی گۆرانیان

دەگوت. دەنگبێژە ژنەکانی دیکە بریتین لە: ئەسلیکا قادر، کوبارا خدۆ، جەمیلە چاوش و خانا زازێ.

هەروەها خاتوو دکتۆرە نووراجەوەری و خاتوو جەمیلە جەلیل گۆرانی و موزیکی کوردییان کۆ کردۆتەوە و لە چەند کتێبدا بڵاویان کردۆتەوە. بەناوبانگترین دکتۆرە ژنەکانی ئەو سەردەمەی کورد دکتۆرە فەریدە حەجی و دکتۆرە دۆنارا مەحمودۆفان بوون. هەروەها لەو سەردەمەدا زۆر لە ژنانی کورد زوو بوونەتە مامۆستا کە بەناوبانگترینیان فەریدە حەجی و لوسیان ئەشۆن.[۵]

خاتوو زەرا یووسف زمانناس لە زانستگای لینینگراد. فەرهەنگێکی بە هاوکاری قەناتی کوردۆ نووسیوە و هەروەها تویژینەوەیەکی ناویراو هەیە کە باس لە زاراوەی سلێمانییە دەکات.[۶]

●

لێرەدا بە کورتی باسی ژیان و بەسەرهاتی چەند زانا و ئەدیبێکی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەکەین کە لە میانەی باسی ژیانی ئەوانیشدا ئاماژە بە زۆر بابەتی دیکەش دەکرێ.

● پرۆفیسۆر نادر نادرۆف

نادر کەرەم یان پرۆفسۆر نادر نادرۆف یەکێك لە بەناوبانگترین پسپۆڕانی نەوت و شیمی لە سەرانسەری دنیایە. نادرۆف سەرۆکی فەخری یەکێتیی کوردەکانی ڕووسیا و ئەندامی ئاسامبلیای نەتەوەیی کازاخە. ناویراو لە ساڵی ۱۹۹۳ وە ئەندامی هەمیشەیی ئاکادیمیای زانیاریی نەتەوەیی کازاخستانە و خاوەنی ئەم خەڵاتانەی خوارەوەیە:

پێشاهەنگی فێرکاریی نەتەوەکانی کۆمارە فیدراڵە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتی پێشوو (١٩٦٧)، خەڵاتی کۆماری کازاخستان لەسەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو لەژێر ناوی زانیاریی و تەکنۆلۆژیا (١٩٨٠)، وەرگری خەڵات لە بواری زانیاریی و تەکنۆلۆژی خانەنشینکراوانی کازاخستان لە سۆڤیەتی پێشوو (١٩٨٢)، خەڵاتی داهێنان لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو (١٩٨٥)، وەرگرتنی خەڵاتی کۆمپانیای نەوتی سۆڤیەتی پێشوو (١٩٩١)، خەڵاتی ئەندازیارانی موحتەشەمی سەدەی بیستەم (٢٠٠٠)، خەڵاتی ئەندازیاری فەخری کازاخستان لە ساڵی ٢٠٠١.

ئاغای نادرۆف هەروەها لە ساڵی ١٩٨١ میدالیای ئاڵای سووری لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، ساڵی ١٩٩٩ شایستەی میدالیای «کورمێت»ی کازاخستان، لە ساڵی ٢٠٠٦ میدالیای «دۆستیك» و لە ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی فەرانسە خەڵاتی میدالیای ئاڵتوونیی یەکێتیی پشتیوانی لە پیشەسازی نێونەتەوەیی لە بواری بەرەوپێشبردنی پیشەسازی، میدالیای ئاڵتوونی «ئێس پی ئای» وەرگرت و ڕێز لە ماندووبوونەکانی گیرا. هەمان دامەزراوەن، ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ پێدانی میدالیای ناپلێۆن نازناوی «مارشاڵی زانیاری» بە ناوبراو دا و بێجگە لەوانەش ئاغانادرۆف دەیان خەلاتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی وەرگرتووە.

ئاغای نادرۆف تا ئێستا ٩٥٠ بەرهەمی زانستی وەك وتار، ٢٥٠ زانیاریی داهێنەرانەی «پاتێنت» و ٣٥ بەرگ کتێبی نووسیوە. دوو بەرگ لە کتێبەکانی تایبەتە بە ژیان خۆی و کوردەکانی کازاخستان. کتێبی «ئێمە کوردەکانی کازاخستان» چاپی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەڵماتا، ٥٣٠ لاپەڕەیە و بە زمانی ڕووسییە. کتێبی «جیاوازیی زەمان» چاپی ئەڵماتا ٧٠٠ لاپەڕەیە و بە زمانی ڕووسییە. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە سەرنووسەری گۆڤاری نەوت و گازە.

خوێنەری خۆشەویست، ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێنیەوە، دەقی چاوپێکەوتنی بەڕێز سالّح کەوربڕی لە سالّی ۲۰۱۲ لەگەڵ نادر نادرۆف، یەکێک لە زانا ناوداراکانی کورد و بە واتایەك مارشالّی زانست و زانیاریی و باوکی نەوت و گازە. ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن هادی سۆفی زادە کراوەتە فارسی و منیش وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەگەرچی چاوپێکەوتنەکە هێندێك دوورودرێژە بەڵام لەبەر گرنگیی کەسایەتیی نادرۆف و ئەو بابەتانەی لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیان کراوە، بێجگە لە چەند بەشێکی کەم، بە پێویستمان زانی دەقی چاوپێکەوتنەکە بە تەواویی وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی. چونکە لە ناوئاخنی چاوپێکەوتنەکەدا کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە ژیان و بەسەرهاتی کورد لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. ئەم وتارە پێشتر لە چەند ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی دیکەدا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

پرسیار: نادر کەرەم (نادرۆف) کێیە؟ لە کام عەشیرەتە؟ باب و باپیری کێن؟

وەڵام: ئەمن نادر کەرەم یان بە دەستەواژەیەکی دیکە نادر نادرۆف لە سالّی ۱۹۳۲ی زایینی لە ئاوایی «قیقاج»ی نەخجەوان چاوم بە ژیان هەڵێناوە.

باپیرم نادر ئەحمەدە. پێیان دەگوت: «حاجی نادر». ناوی ئەویان لەسەر من ناوە. باب و باپیرانمان خەڵکی «وان»ی کوردستانی تورکیان. هەموویان لەوێ هاتوونە دنیا و هەر لەوێش کۆچی دواییان کردووە. لە سالّی ۱۹۲۰ هەتا ۱۹۲۵ دەوڵەتی تورکیە کوردەکانی زۆر ئازار دەدا و لە بەندیخانەی دەکردن کە یەکێك لەوان باپیری من بووە. سالّی ۱۹۱۸ یان ۱۹۲۰ بە وردی نازانم، باپیرم بە پێیان (پیادە) چۆتە حەج و گەڕاوەتەوە. چوون بۆ حەج لەو سەردەمەدا وەك ئێستا ئاسان نەبووە. یان دەبووایە زۆر دەوڵەمەند بووایەی یان دەبووایە بڕوا و ئیمانێکی پتەوت هەبایە یان ئەوەی مرۆڤێکی جوامێر بوایەی. بەم شێوەیەی

بۆ ئێمه‌یان گێڕاوه‌ته‌وه، باپیرم به مێگه‌له مه‌ڕێکه‌وه چووه بۆ حه‌ج و له‌وێ هه‌موویانی قوربانیی کردووه و بۆته حاجی و گه‌ڕاوه‌ته‌وه (پێده‌که‌نێ و دڕێژه‌ی ده‌دا) له‌و سه‌رده‌مدا ٦ مانگی پێده‌چوو هه‌تا ده‌گه‌یشتنه حه‌ج و ده‌گه‌ڕانه‌وه. به‌ڵام ئێستا به سێ کاتژمێر ده‌چن و دوای چه‌ند ڕۆژ ده‌گه‌ڕێنه‌وه و ده‌ڵێن بووینه حاجی (ڕووی له حه‌سه‌نی حاجی سلێمانه که له‌لامان دانیشتووه) باپیری ئه‌م برا خۆشه‌ویسته‌ش له‌گه‌ڵ باپیری من به ٦ مانگ چوونه حه‌ج و گه‌ڕاونه‌وه. دوای گه‌ڕانه‌وه‌ی، له «وان»دا ڕێز و حورمه‌تێکی زۆریان بۆ باپیرم داناوه.

باوکیشم که‌ره‌م حاجی نادره که‌ره‌م ناعاشی پێده‌ڵێن ئێمه له تایفه‌ی «بیشکا» سه‌ر به عه‌شیره‌تی «بروکی»ین. (یه‌کێك له گه‌وره‌ترین عه‌شیره‌ته کورده‌کانی تورکیا). دایکیشم له عه‌شیره‌تی «شاولیکی»یه. باوکم له تافی لاوێتیدا به‌هۆی زوڵم و سته‌می تورکه‌کان له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێکی زۆر له هاونیشتیمانییه‌کانی له چۆمی ئاراس ده‌په‌ڕنه‌وه و ده‌گه‌نه نه‌خجه‌وان که ئێستا به‌شێکه له کۆماری ئازه‌ربایجان. دیاره ئه‌وکات به‌شێك له سۆڤیه‌ت بوو. له‌وێ گوندێك ئاوه‌دان ده‌که‌نه‌وه و ناوی ده‌نێن «قیقاچ». له ماوه‌ی ئه‌و دوو ساڵه‌دا هه‌ر که‌سێك له‌به‌ر زوڵمی تورکه‌کان ڕا ده‌کات، ده‌چێته ئه‌وێ. به‌م شێوه‌یه کۆمه‌ڵێك له کورده‌کان له‌وێ ئاوایی‌ه‌ك بۆ خۆیان دروست ده‌که‌ن و نیشته‌جێ ده‌بن. ئه‌مه قسه‌ی ساڵه‌کانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٦ ـه.

پرسیار: واته دوای شکستی شۆڕشی شێخ سه‌عیدی پیران؟

وه‌ڵام: ڕاسته، دوای شکست شۆڕشی شێخ سه‌عیدی پیران. زۆر له عه‌شیره‌ت و تایفه کورده‌کان به‌هۆ تێکشکانی شۆڕشی شێخ سه‌عید و ئه‌م شه‌ڕه نابه‌رامبه‌ره ده‌ربه‌ده‌ر بوون. ئه‌من له سه‌رما و سه‌خڵه‌تیی ساڵی ١٩٣٢ له‌دایك بووم. له ساڵی ١٩٣٦ باوکم کۆچی دوایی کرد. گۆڕه‌که‌ی له گوندی قیقاچه. دوای مردنی باوکم ته‌مه‌نم ٥ ساڵ بوو، له‌گه‌ڵ دایکم و ٩ که‌سی دیکه له ئه‌ندامانی

بنەماڵەکەم لە ساڵی ١٩٣٧ دوور خرانەوە و لە گوندی «قیقاج»ەوە بۆ کازاخستان گوێزرانەوە.

پرسیار: ڕاگواستنی ساڵی هەزار و نۆسەد و سی و حەوتت لەبیر ماوە؟ دەکرێ کەمێك لەسەر ئەو سەردەمە ناخۆش و کارەساتبارە بدوێی؟

وەڵام: ڕاگواستن بە سێ قۆناغ ئەنجام دراوە بە واتایەکی تر لەوێ سێ گرووپ لە کوردەکان بوونیان هەیە: بەشێکیان لە ساڵی ١٩٣٧ لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان بۆ ئێرە (کازاخستان) ڕاگوێزراون، کە ئێمە بووین. گرووپێکیان لە ساڵی ١٩٤٤ هێنراونە نیرە کە لە کوردەکانی گورجستان و دراوسێکەمان هەزیر زیا بەدرخان لەو گرووپەیە. بەشێکی دیکەیان لە ساڵی ١٩٩٠ دوای شەڕی قەرەباغ لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان هاتوونەتە ئێرە. کنیاز ئیبراهیم لە کوردەکانی قەرەباغە و لەگەڵ ئەم تاقمە بۆ ئێرە هاتووە.

ڕۆژانی ڕاگواستن زۆر ناخۆش و خەفەتهێنەر بوون. بە وتەی کوردەکان لەو ڕۆژانەدا دایك منالّی خۆی جێدەهێشت و دەڕۆیی! پەندێکی پێشینیانی کوردی هەیە کە دەڵێ: «ئێمە دوو جار لە نیشتمان دەرکراوین». نزیکەی دوو مانگ بە سەرلێشێواوی لە ڕێگەدا ماینەوە. زۆر لە خزم و ناسیاوانمان لەنێو واگۆنی شەمەندەفەرەکاندا لە بەر زەختی سەرما و برسییەتی مردن. دۆخێکی مەترسیدار بوو کە باسکردنی ئاسان نیە.

پرسیار: دەکرێ پێمان بڵێی هۆکاری ئەم ڕاگواستنە چ بوو و ئایا پێیان دەگووتن هۆکاری ئەم دوورخستنەوەیە چ بوو؟

وەڵام: نەخێر. هیچیان بە ئێمە نەگووت. تەنیا گوتیان کەلوپەلەکانتان کۆ بکەنەوە. مەر و ماڵاتەکانتان بفرۆشن و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەبێ ئامادە بن و دەتانبەینە شوێنێکی دیکە.

پرسیار: دەتانزانی بۆ کوێ دەگوێزرێنەوە؟

وەڵام: ئێمە هەرگیز نەماندەزانی بۆ کوێ و بۆچی تەبعید دەکرێین. لەبیرمە کە لەلایەن سۆڤیەتی پێشوو هاتن و ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلە کۆنەکانی تایبەت بە ڕاگواستنی مەڕومااڵت سوار کرد و بەرەو وێستگەکانی شەمەندەفەریان بردین. ئەم بەسەرهاتە لە کۆتایی پاییزی ساڵی ۱۹۳۷ ڕووی دا. هەر چوار بنەماڵەیان خستەناو واگۆنێکی شەمەندەفەر و هەر بنەماڵەیەکیش لە گۆشەیەکی واگۆنەکە. دوای دوو مانگ ئێمەیان هێنایە ئێرە. واتە شاری تاراس کە پێشتر «میرزویان»یان پێدەگوت و ئێمەیان لێرە دابەزاند و سواری عارەبانەی ئاژەاڵنیانیان کردین. سەرماوەز بوو. بەفر تا ئەژنۆ باریبوو. سەرما و سۆلەیەک کە دایک منداڵی خۆی بەجێدەهێشت. ئێمەیان لە ۱۵۰ کیلۆمەتری تاراس لە بیابانێکی بەڕەهوتدا بەرەڵڵا کرد و گوتیان دەبێ ئێوە لێرە ژیان بەسەر بەرن. بنەماڵەی کوردەکان ڕەشماڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و لەوێ هەڵیاندان و هەتا بەهار لەو ڕەشماڵانەدا ماینەوە. گوتیان خانووتان بۆ دروست دەکەین. کەبەهار هات، عەرزیان پێدابن و دەستیان بە دروستکردنی خانووی بە قوڕ و خشتە کرد.

باش لەبیرمە ساڵی ۱۹۳۸ پۆلیس و ك.گ.ب هاتن و دەیانپرسی کە سەرپەرشتیی خێزانەکە کێیە؟ براگەورەکەم، عەبدوڵڵا، کە تازە ژیانی هاوبەشی پێکهێنابوو و لەوێش گەورەتر، خوشکم، کە ئەویش شووی کردبوو و لە خێوەتەکەی تەنیشت ئێمە دەژیان و دوو کوڕی هەبوون. عەولای برام هەڵستا و گوتی ئەمن سەرپەرشتی ماڵم. پێیان گوت کە بەدوامانداوەرە! زاواکەشمان چوو. لەو شەوەدا سەرپەرستی هەموو ماڵەکانیان لەگەڵ خۆیان برد. تەنیا ئەو پیاوانە نەبێ کە ئەو شەوە چووبوونە ئاش (ئاسیاو) یان چووبوونە ئاودێری زەوییەکان. ئەوان ڕزگاریان بوو. ئەو کەسانەیان بردە چیمکەنت. دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە و ئیتر ئاگامان لێیان نەما. ئیتر ئێمە هیچ هەواڵێکمان نەزانین و تا ئەو کاتەی کە گەورەش بووم و دواتر بوومە پڕۆفیسۆریش، زۆرجار وەشوێنیان

کەوتم. هەمیشە دەمگوت: براکەم لەکوێیە؟ خوشکەزاکەم هەمیشە پرسیاری سەبارەت بە باوکی دەکرد. لە شەوێکدا ٤٠ پیاوی کوردیان لەگەڵ خۆیان برد. براکەم، زاواکەم، ئەوانی دیکەش کوڕەمام و کەسوکارمان بوون!!

یەکێك لە براکانم بەناوی ئەنوەر کەرەم نادر کە مامۆستایەکی پێگەیشتوو و ناسراوە، شێعری دەهۆنیەوە. یەکێك لە شێعرەکانی بەناوی ٤٠ پیاو بوو. ئەو ٩ ـ ١٠ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد.

سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٣ دوای سەربەخۆیی کازاخستان لە سۆڤیەتی پێشوو، سەرۆك کۆماری کازاخستان نورسوڵتان نەزەربایوف رایگەیاند بەو کوردانەی لە ساڵانی ١٩٣٧، ١٩٤٤ و ١٩٥٠ ڕاگوێزراون، لێبوردنیان بۆ دەربچێ. دوای ئەم عافووکردنە ئەمن دووبارە داوام کرد کە چ بەڵایەك بەسەر براکەمدا هاتووە؟ ك.گ.ب یان بانگهێشت کرد و بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە قوربانیانیان هێنا کە لە بینای ك.گ.ب لە شاری تاراس بوون، تا ئەوکات هیچ کەس دەستی پێیان ڕانەگەیشتبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە دەرفەتی تاوتوێکردنی دۆسیەی قوربانییەکان ڕەخسا.

بەپێی ئەو بەڵگە ناشکراکراوانە دوو پرسیاریان لە براکەم کردبوو، یەکەم: ئایا تۆ سیخوڕی تورکیای؟ ئایا تۆ دژی دروستکردنی کۆڵخۆز و سۆفخۆزی؟ واتە دروستکردنی شار و گوند. لە سیستەمی کۆمۆنیستیدا ئەم دوو بابەتە زۆر گرنگ بوون. براکەیشم ئەم دوو تۆمەتانەی ڕەت کردبۆوە. ئەو نووسین و خوێندنەوەی نەدەزانی و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ك.گ.ب بە دڵی خۆی بەڵگەی دروست کردبوو. ئەو ٢٥ ـ ٢٦ ساڵی تەمەن بوو. دوای دوو ڕۆژ دانپێدانانێکی تەزویریان دروست کردبوو کە گوایا ئەوان تۆمەتەکانیان قبوڵ کردووە و گوتوویانە ئێمە سیخوڕیی بۆ تورکیا دەکەین و دژی دروستکردنی کۆڵخۆز و سۆفخۆزین. ئەمن ئەو بەڵگە ساختانەم بینین. دوای ئەم بەڵگە دروستکردنە

درۆینه ئه‌و ٤٠ پیاوه‌یان بردووه و گوولله‌بارانیان کردوون و کوشتوویانن. له ساڵی ۱۹۳۸ دوای بردنی ئه‌و ٤٠ که‌سه و پاش سێ ڕۆژ ئه‌شکه‌نجه و ئازار و به‌زۆر دانپێدانان و دروستکردنی به‌ڵگه‌ی به‌درۆ و ساخته، هه‌مووی‌ان بردوون و کوشتوویانن و له ده‌وروبه‌ری چیمکه‌نت شاردوویانن‌ه‌وه که له‌وێ بێجگه له کورده‌کان، خه‌ڵکی سه‌ر به نه‌ته‌وه‌کانی تریشیان له خاکدا شاردبۆوه، ئێستا ئه‌م شوێنه بۆته زیاره‌تگه.

پرسیار: له‌ژێر ئه‌و به‌ڵگانه ناوی چ که‌سێك هه‌بوو؟

وه‌ڵام: دیاره ناوی حکوومه‌ت هه‌بوو. بێجگه له حکوومه‌ت ده‌بوایه ناوی کێ هه‌بێ؟

پرسیار: مه‌به‌ستم ناوی که‌سێکی تایبه‌ته که بۆته هۆی کوژرانی ئه‌و ٤٠ که‌سه.

وه‌ڵام: ناوی فه‌رمانداره‌که‌م له‌بیر نیه. ته‌نانه‌ت کۆپیی ئه‌و به‌ڵگانه‌شیان پێنه‌دایین. ته‌نیا نیشانیان دایین و ئێمه هاتینه‌وه!

پرسیار: ئایا ده‌وڵه‌ت له‌م باره‌یه‌وه داوای لێبوردنی له ئێوه کرد؟

وه‌ڵام: به‌ڵێ، داوای لێبوردنیان لێ کردین و ئێمه‌شیان به‌خشی (به تاوانی کامه تاوانی نه‌کردوو)... به‌ڵام له‌ڕاستیدا ئه‌من بیرم ده‌کرده‌وه که ده‌وڵه‌ت زۆر له‌وه پێشتر ئێمه‌ی به‌خشیوه به‌ڵام وا نه‌بوو. به‌ڵکو له ساڵی ۱۹۹۳ه‌وه له ئێمه خۆش بوون.

پرسیار: ئێمه بیستوومانه که ده‌وڵه‌ت له قۆناغی خوێندندا زه‌خت و فشارێکی زۆری خستۆته سه‌ر ئێوه، ئایا ئه‌مه ڕاسته؟

وه‌ڵام: به‌ڵێ ڕاسته. گوێ بگره با بۆت باس بکه‌م. ساڵی ۱۹۵٦ ئه‌من مافی ئه‌وه‌م نه‌بوو که له ئاوایی خۆمان بچمه‌ده‌ر و بچمه گوندێکی دیکه. ڕاسته ئێمه له گرتووخانه‌دا نه‌بووین، له‌ڕاستیدا زیندانیی بووین. پێشتر به گونده‌که‌ی ئێمه‌یان ده‌گووت «بودیوه‌ند» دواتر «ئارستاند» و ئێستا نێوی «قاشقابولاغ»ه. ئه‌من له

ساڵی ۱۹۴۸ خوێندنی سەرەتایی زمانی کازاخیم تەواو کرد و دەمەویست بچمە زانکۆ، بەڵام رێگەی چوونەدەر لە ئاواییم نەبوو. ئەوکات هێشتا ستالین لەسەر حوکم بوو. نامەیەکم بۆ ستالین نووسی و پرسیم تاوانی ئێمە چیە؟ ئێمەتان ڕاگواستووە بێ ئەوەی هۆکارەکەمان پێبڵێن. ئێستا بۆ رێگە نادەن بخوێنین؟

پرسیار: وەڵامیان دانەوە؟

وەڵام: بەڵێ وەڵامیان دایەوە. گوتیان مافی خوێندنتان هەیە بەڵام لە پایتەختەکان نا! زانکۆکانیش تەنیا لە پایتەختەکان هەبوون. وەك ئێستا نەبوو کە لە هەر شارێك زانکۆیەك هەیە. لە شاری قزڵ ئوردو تەنیستیتۆیەکی یەروەردەی ماموستایان هەبوو. بێجگە لەو، بڕاردەیەکی دیکەم لەبەردەم نەبوو. لە قزڵ ئوردو کە ئەوکات پایتەختی کازاخستان بوو، دەستم بە خوێندن کرد. دواتر شارێکی ڕووس نشین بە ناوی ئیرینبورگ بوو بە پایتەخت کە لە کولتوور و شوێنی کازاخەکان زۆر دوور بوو. قزڵ ئوردوش لە نزیکیەکانی سیبریا بوو. لە ساڵی ۱۹۲۹بەدواوە ئەڵمانانا وەك پایتەخت دیاری کرا. لە قزڵ ئوردوش زانکۆ کرایەوە.

پرسیار: بۆ دەرس خوێندن لە قزڵ ئوردو وەرگیران؟

وەڵام: بەڵێ وەرگیرام. بەڵام چ وەرگیرانێك؟ بەو ئاسانییە نەبوو. ساڵێك وەدوایە کەوتم و لە ساڵی ۱۹۴۹ هەواڵیان نارد کە وەرگیراوم و دەتوانم لە تاقیکردنەوەدا بەشدار بم. ئێستا ئیزنی چوونەدەرم نەهاتبۆوە، بەڵگەکانی خۆیم دایەدەست پۆلیسی ئاوایی. دەبوواید ئەوان فەرمانی چوونەدەرم دەربکەن بۆ ئەوەی بچمە قزڵ ئوردو. نامەکە گەیشتە ناحیە و لەوێوە بۆ ئەڵمانانا و لەوێشەوە بۆ موسکۆ نێردرا. سەرەنجام مۆسکۆ ئیزنی دا و هەتا کاتی گەیشتنی هەواڵەکەی لە کۆتایی ساڵی ۱۹۴۹ نزیك بووینەوە و کاتی تاقیکردنەوەکان گەیشت. نەمدەزانی چ بکەم؟ براکانم واتە ئەنوەر، سەعدی و قادر گوتیان بڕۆ بۆ شار، خەبەرێك بزانە و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەنیستیتۆ باسی بکە، لانیکەم

شار دەبینی. منیش جانتاکەم دەست دایە و وەڕێ کەوتم و حەوتوویەك دوای تاقیکردنەوەکان گەیشتمە ئەوێ.

ڕاستەوخۆ چوومەلای سکرتێری ئەنیستیتۆ و سەیری بەڵگەکانمی کرد. گوتم بۆ بەشداریی لە تاقیکردنەوەکاندا هاتووم. سەری هەڵێنا و پێم پێکەنی و گوتی بەڕاستی عەقڵت لە سەری دایە؟ کاتی تاقیکردنەوە بەسەر چووە، تۆ بۆچی هاتوویە ئێرە؟ ئەمن شەرمم دەکرد باسی ژیانی خۆمی بۆ بکەم. لێی بێهیوا بووم و چوومە لای یەکێکی دیکە. ئەویش پێم پێکەنی. چوومە لای بەڕێوەبەری ئەنیستیتۆ. گوتیان لێرە نیە و جێگرەکەی لێرەیە. جێگرەکەی پیاوێکی کۆریایی بوو. بۆم باسی باردۆخی خۆم کرد. گوتی ئەمن لە وەزعی تۆ دەگەم. بارودۆخی ئێمەش وەك هی ئێوە بووە، ئێمەش لە ساڵی ۱۹۳۷ بە زۆر ڕاگوێزراوین. ئەمن ڕێگەت پێدەدەم. ئەو مرۆڤە جوامێرە زۆری هاوکاری کردم کە وەها یارمەتیدانێك لە سەردەمی ستالیندا ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو کردی.

پرسیار: ناوی ئەوتان لەبیر ماوە؟

وەڵام: هەڵبەت کە لەبیری ناکەم. ناوبانگەکەی «لی»بوو. هەرگیز لەیادی ناکەم. ئیزنی پێدام بەڵام گوتی ناونیشانی مامۆستاکانت پێدەدەم و دەبێ یەك بە یەك بیاندۆزینەوە و پێیان بڵێی مودیر کاری پێتانە. ئەگەر هاتن ئەمن حاڵ و وەزعی تۆیان بۆ باس دەکەم. نە ئوتومبێل هەبوو، نە پاسێك، بە پێیان گەڕەك بە گەڕەك مامۆستاکانم دەدۆزینەوە و ئاگادارم دەکردنەوە کە بێنە قوتابخانە. هەموویان هاتن و ئیمتحانیان لێ وەرگرتمەوە و دەرچووم. چوار ساڵ لە قزڵ ئوردو مامەوە بێئەوەیکە ئیزنی چوونەدەر لە شارم هەبێ. دوای تەواوکردنی خوێندن ناردیانمە شاری «چولاکتوی». «چولاگتوی» شارێکی بچووك لە نزیك «قاشقابڵاغ» بوو کە ئێستا ناوەکەی بۆ «کاراتاو» گۆڕدراوە. ساڵی ۱۹۵۳ لەوێ لە ڕشتەی شیمی (بەشی کیمیا) بومەمامۆستا. لەوێش مافی ئەوەم نەبوو لە

شار وەدەرکەوم. بۆ ماوەی سێ ساڵ لەو شارە مامۆستا بووم و لەو ماوەیەدا قەرزەکانی حکوومەتم دانەوە.

لە ساڵی ١٩٥٦ سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەت ئاغای خرۆشچۆف بوو. ئەو بڕیاری دا هەموو مامۆستاکان لە یاسای ڕێگرتن لە هاتوچۆ ئازاد بن. ناوبراو سەبارەت بەمە ڕەخنەی لە ستالین گرت و گوتی دروست نیە لەکاتێکدا مامۆستاکان منداڵانی ئەم وڵاتە پەروەردە دەکەن، ئیزنی سەفەرکردن لە گوندێك بۆ گوندێکی دیکەیان نەبێت. بەم شێوەیە ڕەوشی خراپی مامۆستایان کۆتایی پێهات. پێشتر لە پاسپۆرتەکەشدا هاتبوو کە خاوەنی نەمە مافی چوونەدەر لە ناوچەی خۆی نیە. دوای ئەو یاسایە، پاسپۆرتی نوێم وەرگرت و سەرم لە مۆسکۆ هێنایەدەر.

دیارە دەبێ بڵێم سەرەتا چوومە ئەڵمانیاتا و داوای کارم کرد. بەڵام گوتیان تەنیا کازاخەکان دادەمەزرێنین، چوومە بیشکەك لە قرغیزستان، لەوێش گوتیان قرقیزی بۆوان پێویستە. گوتم نە کازاخم و نە قرقیز، دەبێ چ بکەم. بە کورتی بەرەو موسکۆ چووم.

ساڵی ١٩٥٦ لە موسکۆ بۆ دریژەدانی خوێندن لە ئاستی باڵای زانکۆدا ناونوسیم کرد. خۆم بە بەختەوەر دەزانی کە وەك کوردێك بۆ وەرگرتنی دوکتۆرا بەشداریی دەکەم. دەمگوت تۆ بڵێی کوردێکی دیکە دوکتۆرای لە مۆسکۆ وەرگرتبێ؟ دەبێ بڵێم یەکەم کورد لە خوێندنی باڵای مۆسکۆدا، نەمن بووم.

دواتر لە مۆسکۆ بەدوای هاوڕێی کورددا دەگەڕام. کتێبخانەی لینین لەوێ بوو کە سەرم لێهەڵدێنا. لە ڕووسیا هەرکەس بیهەوێ زانیاریی لە ڕێگەی کتێبەوە بەدەست بێنێ، لە کتێبخانەکان دەتوانێ ئەو کتێبانە وەربگری. بەڵام سەبارەت بە کوردەکان زیاتر لە ١٥ کتێب بە زمانی کوردی نەبوو.

پرسیار: ئایا ناونیشانی کتێبەکانت لەبیر ماوە؟

وەڵام: کێبەکان هەموویان لەلایەن نووسەرانی کوردی سۆڤیەتی پێشوو نووسرابوون. نووسەرانێکی وەك حاجی جوندی، قەنات کوردۆ، جاسم جەلیل. قسەم لەگەڵ یەکێك لە کارمەندانی کتێبخانەکە کرد و باسی ئەو کوردانەم لێ پرسی کە هاتوچۆی کتێبخانەیان دەکرد. گوتی: هێندێك جار کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان دێنە ئێرە. گوتم دەمەوێ زانیاریم سەبارەت بەو کەسانە هەبێ کە لە مۆسکۆ دەژین. گوتی لە مۆسکۆ تەنیا کوردێك دەناسم کە هێندێکجار دێتە ئێرە. ناوی کەسەکەم لێ پرسی. گوتی ناوی کولوس شەرۆ بە. ئەو نەیدەزانی کوردی کام ناوچەی کوردستانە بەڵام دەیزانی لە مۆسکۆ دەژی. داوام لێکرد لە کاتی هاتنی بۆ کتێبخانە ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسەم بۆ بنووسێ و بمداتێ. دوای ۱۵ ڕۆژان سەرلەنوێ چوومە کتێبخانە و ژمارە تەلەفۆنی کولۆسی یادداشت کردبوو و پێی دام. تەلەفۆنەم بۆ کرد و بە زمانی ڕووسیی قسەم لەگەڵ کرد.

گوتی: تۆ کوردی؟ گوتم: بەڵێ کوردم و لە کازاخستانەوە هاتووم. لێرە دەرس دەخوێنم. گوتی: دەتوانی بە کوردی قسە بکەی؟ گوتم: بێگومان دەتوانم بە کوردی قسە بکەم. گوتی: پێم خۆشە بە کوردی یەکتر بدوێنین بۆ ئەوەی بۆ یەکەم جار دەنگی کوردی لە هاند(گوشی)ی تەلەفۆنی ڕووسیادا دەنگی بێ.

هاوڕێیەتیەکەمان دەستی پێکرد. ئەو لە کوردەکانی گورجستان بوو. محامی (وەکیل)ی دادگا بوو. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ماوەیەکیش لە وەزارەتی دەرەوە کاری کردبوو. چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوو. ڕۆژێك پێی گوتم کوردێك دەناسم کە لە کوردەکانی ئێراقە و ناوی مستەفا بارزانییە. ئەمە ساڵی ۱۹۵۷ بوو.

بە کۆلۆسم گوت پێم خۆشە ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم. کولۆس پێی باش بوو. لەو سەردەمدا ئەمن ناو و گەورەیی مستەفا بارزانیم بەرگوێ کەوتبوو. ڕۆژێك لە شوێنێك دانیشتبووین و لەگەڵ کۆلۆس پێکەوە خەریکی مەشروب

خواردنەوە بووین. زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدرا و بەڕێز مستەفا بارزانی بوو. لە کاتی قسەکردنی کولۆسدا بۆم دەرکەوت کە کەسایەتییەکی گەورەیە. چونکە کولۆس زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە قسەی لەگەڵ دەکرد. دواتر قسەی لەگەڵ منیش کرد و لە حاڵ و وەزعی منی پرسی. منیش وەڵامم دایەوە. دوای تەواوبوونی پێوەندییەکە تەلەفۆنییەکە کولۆس گوتی: ئەگەر حەز دەکەی با بچینە لای. گوتم کولۆس ئێمە ئارەقمان خواردۆتەوە، شەرمە، قەرارمان بۆ ڕۆژێکی دیکە دانا. ژمارە تەلەفۆنەکەی ئەوم لە کۆلۆس وەرگرت و چەند ڕۆژ دواتر تەلەفۆنم بۆ کرد و جوومە سەردانی. لە ئاپارتمانێك دەژیا. زۆری پرسیار لێکردم منیش وڵامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە. لە کوێوە هاتووم، کوردی کام ناوچەم، ئێستا چ کارەم، بە کورتی باسی ژیانی خۆمم بۆ کرد. ئەویش باسی خۆی بۆ کردم. گوتی: ئێمە بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد خەبات دەکەین، کوردی ئێراقم، لە ساڵی ١٩٤٦ بوومە پەنابەر لێرە. سەرەتا لە تاشکەندی ئۆزبەکستان بووین، ئێستا ژمارەیەکمان بۆ مۆسکۆ ڕاگوێزراون و لێرە خەریکی خوێندنن. بە کورتی قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد و دواتریش ئیزنی ڕۆیشتنم لێ وەرگرت...

•••

پرسیار: ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە دوکتۆراکەتان قسەمان بۆ بکە؟

وەڵام: بەڵێ، ئەمن ساڵی ١٩٥٩ خوێندنم لە مۆسکۆ تەواو کرد. دەوڵەت منی بۆ «خاباروسکا» نارد. یەکێك لە شارەکانی ڕووسیا لە نزیك سنووری ژاپۆن، لە نزیك «ولادیوستوك»ەوە. لەوێ لە بواری شیمی خەریکی چالاکی بووم. لە مۆسکۆوە بۆ ئەوێ حەوت شەو و ڕۆژ بە قەتار دەبوو ڕۆیشتبای. بە ناچاری سێ ساڵ لەوێ بووم. هەر لەو شارەش توانیم پلەی پرۆفسۆری بەدەست بێنم. ئەوکات لە ڕووسیا پلەی دوکتۆرا بەس نەبوو و پرۆفیسۆری باشتر بوو. بەم پلەیە لە خوێندن لە هەر شوێنێك بمویستایە، دەمتوانی کار پەیدا بکەم یان

پێشنیاری کارم پێبده‌ن. له کاری شیمیدا پسپۆڕی زۆر نه‌بوون. گوتیان ده‌بێ تۆ کادری شیمی په‌روه‌رده بکه‌ی. ئه‌من ئه‌ندامی حیزبی کۆمۆنیستیش بووم. به‌ڵام هیچکات حیزب گرنگیه‌کی ئه‌وتۆی پێنه‌دام. حیزبیش وه‌ك زیندان بوو (به‌پێکه‌نینه‌وه)، زیندانی حیزب. ئه‌گه‌ر هه‌ر کارێك که ده‌یانه‌ویست ئه‌نجامت نه‌دابا، به واتای له‌ده‌ستدانی پیشه‌که‌ت بوو، چونکه ئه‌گه‌ر به‌پێی حه‌زی وان نه‌جوولّابایه‌وه، سه‌ره‌تا له حیزب ده‌رده‌کرای و دواتر پیشه‌که‌ت لێ ده‌ستێننه‌وه. دوای سێ ساڵ له‌لایه‌ن به‌رپرسی حیزبی کۆمۆنیست پەیامم بۆ هات بگه‌ڕێمه‌وه چیمکه‌نت.. که به خۆشییه‌وه زۆربه‌ی خزمه‌کانم له چیمکه‌نتن.

دوای حه‌وت ساڵ ئاغای کونایف که به‌رپرسی حکومه‌تی کازاخستان بوو، بانگهێشتی کردم. له «ئاترایۆ» ناوه‌ندێکی زانستی هه‌بوو. برای کونایف سه‌رۆکی ناوه‌ندی ئه‌کادیمی زانیاری بوو. منیان وه‌ك سه‌رۆکی ئه‌و ناوه‌نده دیاری کرد. ساڵی یه‌که‌م قبوولّم نه‌کرد. ئه‌من به هۆکارێك پێم خۆش بوو قبوولّی نه‌که‌م به‌ڵام بڕیاره‌که له‌لایه‌ن حیزبه‌وه ده‌رکرابوو و چاره نه‌بوو. ده‌بووایه ئه‌و ناوه‌نده یان داخرابایه یان له‌ژێر به‌رێوه‌به‌رایه‌تی به‌رێوه‌به‌رێکی نوێ به‌رێوه بچێ. ئه‌و به‌رێوه‌به‌ره‌ش من بووم. له ماوه‌ی دوو ساڵدا ئه‌نیستیتۆکه‌م له‌باری چۆنایه‌تییه‌وه گه‌یانده پله‌یه‌کی باڵا. له‌به‌ر ئه‌م کاره دیپلۆمی ئیفتخاری و ئاڵای شه‌کانه‌وه‌یان پێدام. منیش ناوبانگێکی باشم بۆ ئه‌و ناوه‌نده په‌یدا کرد. دواتر له ساڵی ۱۹۷۷ کونایف بانگی کردم و منی وه‌ك سکرتێری یه‌که‌می ئاکادیمیای زانیاریی دانا. هاوکات به‌رپرسی ئه‌نیستیتۆی «ئاترایۆ»ش بووم. له‌و سه‌رده‌مدا من سیمایه‌کی ئاکادیمیك بووم. هه‌رچی پله‌ی باڵای ده‌وڵه‌تی هه‌بوو، هه‌موویانم وه‌ده‌ست هێنابوو...

(ساڵی ۱۹۸٦ لاوانی کازاخستان شۆڕشیان کرد و له ئاکامدا کونایف له‌سه‌رکار لادرا و نه‌زه‌ربایۆف ده‌سه‌ڵاتی به‌ده‌سته‌وه‌گرت و دوابه‌دوای ئه‌وه‌ش زۆر له‌و که‌سانه‌ی کاتی خۆی لایه‌نگری کونایف بوون له‌سه‌ر کار ده‌رکران. سه‌ره‌تا

بەنیاز بوون کە نادرۆفیش دوور بخەنەوە بەڵام بەهۆی لێوەشایی خۆیەوە نە تەنیا دەرناکرێ و دوور ناخرێتەوە بەڵکو لە ماوەی ۱۵ ساڵدا سێ جار میدالیای شانازی لەدەستی نەزەربایۆف وەردەگرێت...)

پرسیار: بیستوومانە «نورسوڵتان نەزەربایۆف» بە باوکی خۆی بانگتان دەکات؟

وەڵام: دەڵێ «باوکی من»، «برای گەورەم»، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بۆ ڕێوەڕەسمی هەشتا ساڵەم پەیامی ناردبوو. لە زۆر نووسیندا هەم کونایف و هەم نەزەربایۆف باسی منیان کردووە. ڕێزی زۆریان بۆ کوردەکان هەیە. «کونایف» دۆستی بنەماڵەیی ئێمە بوو. دەیتوانی کاتژمێر ۱۲ ی نیوەشەو بیە ماڵەوە. کەسایەتیەکی وەك «کونایف» سێ میدالیای ئاخرین پلەی باڵای سۆڤیەتی هەبوو. لە تەواوی سۆڤیەتی پێشوودا تەنیا کونایف و بێرزۆنێف گرنگترین میدالیاکانی سۆڤیەتیان وەرگرتبوو. کەسی سێیەم نیە.

پرسیار: ئەگەر دەکرێ باسی چالاکیەکانی ئێستای خۆتان بکەن؟

وەڵام: ئەمن کار لەسەر نەوت و گاز دەکەم. کازاخەکان پێم دەڵێن: باوکی زانستی نەوت. هەروەها بە لومونوسۆف ی کازاخەکانم دەشوبهێنن. لومونوسۆف زانایەکی گەورەی ڕووسەکانە. لە هەموو دنیا ناسراوە. زانکۆی بە ناو کراوە. یەکێك لە بیرمەندانی گەورەی شیمی (کیمیا)یە. هەروەها زانای بواری فیزیا و ئەدەبیات و زمانیشە.

پرسیار: کوردستان وڵاتی نەوت و گازە. بیروڕای جەنابت سەبارەت بە وزەی کوردستان چۆنە؟ ئایا هەرگیز بیرتان لەوە کردۆتەوە لە کوردستان کار بکەن؟

وەڵام: چۆن نامهەوێ. با بارودۆخەکە کەمێك ڕوون بێتەوە. پێم خۆشە لەوێ لەسەر نەوت، وزەی خۆر و وزەی با کار و خزمەت بکەم...

...ساڵی ۲۰۰۶ چوومە کوردستانی باشوور. سەردانی وەزارەتی نەوتم کرد، وەزیر لەوێ نەبوو، لەگەڵ جێگرەکەی دانیشتم، ڕێککەوتنن واژۆ کرد و

بە خۆشحاڵییەوە گوتیان ئێوە گەورەی ئێمەن و چ بڵێن ئەنجامی دەدەین. لە زانکۆکانی سەلاحەددین و دهۆکیش کۆبوونەوەمان هەبوو. بەڵام تا ئێستا باسی ئەو ڕێککەوتنانەیان نەکردۆتەوە. بارودۆخی ئەوێ شەڕ و سیاسەتە.

ساڵی ۲۰۰۸ جارێکی تر چوومەوە کوردستان. بۆ بەشداریی لە فستیوالّی «جگەرخوێن». کاك مەسعوود بارزانیم دیت. زۆرمان قسە کرد. کەسێکم بە ناوی عەبدولسەلام بینی کە شارەزای بواری نەوت بوو. گوتی دەمانەوێ لە سلێمانیە دامەزراوەی نەوتی دامەزرێنین، یارمەتیمان دەدەی؟ گوتم ئەگەر لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەنعەتی نەوت وەرێ بخەن. ئەمن یارمەتیان دەدەم. خزمەت بە نەتەنەوەکەم ئاواتی منە.

پرسیار: ٢٤ کاتژمێری نادرۆف چۆن بەسەر دەچێ؟

وەڵام: ئەمن کار زۆر دەکەم. لەمێژ ساڵە ژیانی من بەم شێوەیەیە. ئەمن لە تەمەنی ۳۵ ساڵیدا بوومە پرۆفیسۆر. ئەوکات زۆر کەس پێی سەیر بوو. زۆربەی خەڵك لە تەمەنی ۵۰ و ٦۰ ساڵیدا بە پلەی پرۆفسۆری دەگەن. ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵیش لە خوێندن وەدوا کەوتم ئەگینا لەوانەبوو لە تەمەنی ۲۷ ـ ۲۸ ساڵیدا ببمە پرۆفسۆر. لەم بارەوە با قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە. هەرکات وەبیرم دێتەوە پێکەنینم دێت. ژنبراکەم پێی دەگوتم: بە تۆ دەڵێن پرۆفسۆر، بەڵام من باوەڕ ناکەم تۆ پرۆفسۆر بی. ئەمن پرۆفسۆرەکانم لە تەلەویزیۆندا دیوە مووی سەریان سپی بووە و زگیان زلە، بەڵام تۆ چۆن بوویە پرۆفسۆر، نازانم؟! هەمیشە پێکەنینم بەم قسەیە دێ. پرۆفسۆربوون ئاکامی جیددی بوونی من لە کار دایە. دیارە بە تێپەڕینی زەمەن سڵامەتی خۆمم لەدەست داوە. ئێستا بەو دەرەنجامە گەیشتووم سڵامەتی لە کار گرینگترە. ئەگەر تەندروستیی مرۆڤ باش نەبێ، ناتوانێ کار بکا.

ئەمن هەموو ڕۆژێك کاتژمێر حەوت لە خەو هەڵدەستم. هەتا هەشت و

نیو خەریکی حەمام کردن و نان خواردن دەبم و دەچمە شوێنی کار. تا ئێوارە لەم نووسینگەیەدا کار دەکەم. دەخوێنمەوە، چاوپێکەوتن دەکەم، دەنووسم، ئێوارانیش خەریکی پیاسەکردن و هاتوچۆ دەبم بۆ ئەوەی بتوانم لەسەرپێ بمێنمەوە. هەموو شەوێکیش سەعات ۱۲ دەخەوم.

دەزانی جیاوازیی نێوان مرۆڤی زانا و مرۆڤی ئاسایی چیە؟ مرۆڤی زانا کەسێکە لە کاتی خەویشدا میشکی چالاکە، لەڕێگەشدا هەروایە. کاتێك لە «خاباروسکی» بووم، هێندێك جار دەچووینە سینەما، ئەوکات تەلەویزیۆن کەم بوون. لە فیلمەکەدا شتی پێکەنیناوی هەبوو کە هەموویان پێدەکەنین. حەلیمەی هاوسەرم لە تەنیشتمەوە بوو، ناڕەحەت دەبوو، دەیگوت هەموان پێدەکەنن بەڵام تۆ بۆ پێناکەنی؟ نەك ئەوەی من پێنەکەنم، بەڵام لەو کاتەدا بیرم لەلای کارەکەم بوو. کاری شیمی ئاوایە. شەو و ڕۆژ فکرەی نوێم بە میشکدا دێ و دەبێ ڕایانگرم. ئەمە بابەتێکی خراپ نیە. ئەمن میزووشم خوێندۆتەوە، ئەوانەی میشکیان زۆر چالاکە، تەمەنی زیاتر دەکەن.

پرسیار: مامە نادر لەسەر ئیزنی ئێوە باسی چۆنیەتی یەکتر ناسینی تۆ و حەلیمەخانم بکەین. چۆن یەکترتان ناسی؟ ئایا پێوەندیی خۆشەویستیتان لەنێودا بوو یان بەپێی نەریتی بنەماڵەیی هاوسەرگیریتان کرد.؟ هەروەها بۆم باسی منالّەکانیشتان بکەن؟

وەڵام: دایکم و خزمەکانم هەمیشە پێیان دەگوتم هەرکات ویستت ژن بێنی دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کورد بکەی. منیش دەمگوت پێم خۆشە لەگەڵ کیژێکی کورد هاوسەرگیری بکەم بەڵام دەبێ کەمێك خوێندەواریی هەبێ. کچە کوردی وا کە ئەوکات خوێندنی باڵای خوێندبێ، زۆر کەم بوون. کاتێك لە «خاباروسکی» مامۆستا بووم، جارێك چوومە بیشکەك. خاڵم کە ناوی مەلا هەمزە بوو، مرۆڤێکی خۆش تەبع و خوێندەوار بوو... ئەوکات دایکم زۆر

لەسەرحاڵ بوو. پێی گوتم لە بیشکەك سەردانی خاڵت بکە. ئەمنیش بەڵێنم پێدا و چووم. خاڵم گوتی بۆ تا ئێستا هاوسەرگیریت نەکردووە؟ ئەودەم تەمەنم ۲۹ ساڵ بوو. گوتم دایکم پێی خۆشە لەگەڵ کچێکی کورد هاوسەرگیری بکەم و کچی خوێندەواریش دەست ناکەوێ، چ بکەم؟ بۆ نموونە ئایا لە گوندی ئێوە کچێکی خوێندەوار پەیدا دەبێ؟ گوتی: ئا، کچێکی کورد لە گوندی ئێمە هەیە لە زانکۆی جەلال ئاباد خەریکی وەرگرتنی دوکتۆرایە، ئەگەر پێت خۆشە با بچینە ماڵیان. کچەکەیان نیشان دام و یەکترمان بەدڵ بوو و لە ماوەی ساڵێکدا هاوسەرگیرمان کرد. دایکی لە عەشیرەتی بروکی و باوکی لە عەشیرەتی جەلالییە. ئەوانیش لە کوردە دوورخراوەکانی ئەرمەنستانن کە بۆ قرغیزستان ڕاگوێزراون.

ساڵی ڕابردوو جەژنی ۵۰ ساڵەی هاوسەرگیریمان بوو. ۳ کوڕ، ۳ بووك و ۷ نەوەم هەیە. هەمویان خوێندنی باڵایان تەواو کردووە. کوڕە گەورەکەم «باری» دوکتۆری پزیشکە. هاوسەرەکەشی «نارینا» جێگری سەرۆکی بانکە. یەکەمین کچە کوردە لە بواری بانکداری لە ئاستی باڵادا خوێندوویەتی. ئەوان سێ منداڵیان هەیە. کوڕەکەیان دەرچوونی زانکۆی لومونوسۆفە. ئەو سێیەمین کەسی کازاخستانە کە دەوڵەت ناردوویەتی بۆ لەندەن. دەبێ تا چوار ساڵان لەوێ کار بکات و بگەڕێتەوە. کچەکەیان واتە نەوەی دووهەمم ساڵی ڕابردوو زانکۆی ئەمریکی لە دوبەی تەواو کردووە. ئەمساڵ هاوسەرگیری کردووە و مێردەکەی لە کوردەکانی ئەرمەنستانە. ئێستا لە شاری نیکۆلایفی ئۆکراینا دەژین. نەوەکەی تەرم تەمەنی ۷ ساڵە.

کوڕی دووەمم ناوی «عارف»ـە. کوڕێك و دوو کچی هەیە. منداڵەکانی خەریکی خوێندنن. سێیەمین کوڕیشم لەگەڵ ئێمە دەژی. ناوی «دیمیتری»یە بە دما بانگی دەکەین. کوڕی دما ناوی «عەبدالڵ»ـە. ئەمن پێی دەڵێم «عەبدالڵ

خان». کاری من لە مانّێ زیاتر یاریکردن لەگەڵ عەبدانّە. زۆرم خۆش دەوێ. هاوڕێمە. لە کۆڕی دووەم دوو نەوەم هەیە کە ناویان دیلان و ژیانا یە. بنەماڵەکەمان زۆر تێکەڵاوین. زۆربەی کاتەکان پێکەوین، خوا لێیان ڕازی بێ.

هەروەك ئاماژەم پێکرد حەلیمەخانم دەرچووی زانکۆیە و خوێندنی باڵای لە بواری دوکتۆرای زانیاریدا تەواو کردووە. شێعری جوان دەنووسێ. مامۆستای زمانی کوردییە. کاتێك زوڵم لە کوردان دەکرێ، شێعری غەمگین دەهۆنێتەوە. جاری وابووە بە شێعرەکانی گریاوم و فرمێسك لە چاوانم باریوە. لەبارەی نازایەتی و نیشتمانپەروەری کوردەکان دەنووسێ. پیسا حانەنشین کراوە و لەگەڵ نەوەکانی خەریکە. ژنێکی زانایە و لە هەر دەرفەتێکدا خەریکی نووسینە. کاری چاکم کرد هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەو کردووە. هێندێك لە کوردەکان لێم دەپرسن چۆن ناسیت و بۆ یەکتر بوون؟ دەڵێم ئەمن بینیم و خواش ڕێکی خست. خوا دەستی منی گرت و دەستی حەلیمەی لە دەستی من نا. دیار ئەویش بە هەبوونی مێردێکی وەك من بەختەوەرە...

پرسیار: قوربان، حەشیمەتی کوردەکانی کازاخستان لە ڕابردوودا چەند و لە ئێستادا چەندە؟

وەڵام: ساڵی ۲۰۰۹ کە سەرژمێریی حکوومەتی کرا، حەشیمەتی کوردەکان بەپێی پاسپۆرتی ئەوانەی شوناسی کوردییان هەیە، ۳۷ هەزار کەس ڕاگەیەنراوە. بەڵام بەپێی ئاماری نافەرمی زیاتر لە ۸۰ هەزار کورد لە کازاخستان دەژین.

پرسیار: بۆ جیاوازیی لەو ئاستەدا؟

وەڵام: زۆر لە کوردەکان کە لە ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستانەوە بۆ ئێرە ڕاگوێزراون یان کۆچیان کردووە، وەك ئازەری یان گورجی یان ئەرمەنی تۆمار کراون. ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانە. هۆکاری دیکە ئەوەیە زۆر لە کوردەکان کە لە پازدە ساڵی دواییدا لە ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە هاتوونە ئێرە، هێشتا ئیقامەی

کازاخییان وەرنەگرتووە و تا ئیستاش بە هاوولاتی نەژمار ناکرێن. یەکێك لەوان «باری بالا»ی شاعیرە. کاری ئیقامەکەی ئەمرۆ و سبەی پێدەکرێ.

پرسیار: کوردەکان لە کازاخستان چ رۆڵێکیان هەیە، بۆ نموونە هیچکات کوردەکان چوونەتە پەرلەمان؟

وەڵام: لە پارلەمانە ناوچەییەکان پەرلەمانتاری کورد هەبووە، بەڵام بۆ پەرلەمانی ناوەندی، کوردەکان نەیانتوانیوە بچن.

پرسیار: کێشە بەرچاوەکانی کوردەکانی کازاخستان چین؟

وەڵام: بارودۆخی کوردەکان خراپ نیە. لە هەموو شوێنێك کورد هەن. هەریکی خوێندن و زانیارییەن، لە کاروباری دەوڵەتیدا هەن، لە تەشکیلاتی **پۆلیس و لە بەشی** بازرگانیدا کار دەکەن و زۆریش سەرکەوتوون.

پرسیار: ڕوانینی کوردەکانی کازاخستان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان چۆنە؟ تا چەند زانیارییان لەسەر نیشتمانی باب و باپیرانیان هەیە؟

وەڵام: کوردەکان لە هەموو شوێنێك بۆ وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن. زۆربەیان نیشتمانپەروەرن. زمانی خۆیان پاراستووە. لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. کاتێك باسی کورد و کوردستان دەکرێ، ئاخ و هەناسە بۆ نیشتمان هەڵدەکێشن. و لە دووریی وەتەن پشتیان چەماوەتەوە. دیارە کەسانێکیش هەن کە نیشتمانپەروەر نین بەڵام ژمارەیان کەمە. ژمارەیەك خراپکاریش هەن. بەڵام پێم وایە مرۆڤی خراپ لەنێو هەموو نەتەوەکاندا هەن...

پرسیار: نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست و بە تایبەت کازاخستان تا چ ڕادەیەك ئاگاداری خەباتی نەتەوەی کوردن؟

وەڵام: دەبێ بڵێم یەکەم جار بە لوتفی مەلا مستەفا بارزانی، ئەوان ناسیارییان لەسەر کورد پەیدا کرد. لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ماوەماوە لە ڕۆژنامەدا لەبارەی کوردیان دەنووسی. زۆر کورد دەناسم کە ناوی سەرکردەکانی کورد وەك

بارزانی، تالّەبانی، ئۆجەلانیان لە کوردەکانیان ناوە.

پرسیار: لە کاتی کۆچی دوایی باوکت جەنابت چوار سالّان بووی. هیچکات بیرت لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژێك سەردانی گۆڕەکەی بکەی؟

وەڵام: هەڵبەت، چەندین جار بیرم لەوە کردۆتەوە. نە تەنیا زیارەتی گۆڕی باوکم، بەڵکو دیتنی کوردستان، شاری وان، شوێنێك کە باب-باپیرانمان لەوێ مردوون. ئەمە ئاواتی دڵی منە. ئاواتی لەم جۆرە زۆرن. ئەگەر قیسمەت بێ ئاواتەکانم دێنمەدی. بەڵام ئاواتی گەورەم ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستانە. لە سالّی ۱۹۹۲یان ۱۹۹۳ وتارێکم نووسی. پێش ئەوەی خاڵە «نادۆ»م کۆچی دوایی بکات. لێم پرسی تۆ چۆن بیر لە کوردستان دەکەیەوە؟ ئەودەم خەباتی کوردەکان گەیشتبۆ لووتکە. لە وەڵامدا گوتی: تەنیا خەمی من لە ژیاندا ئەوەیە کوردستانی ئازادم نەدیت. بەڵام ڕۆژێك دێت وەچەی دوای ئێمە ئەوە بە چاوی خۆیان دەبینن.

پرسیار: پەیام و ئامۆژگاری ئێوە بۆ وەچەی داهاتووی کوردەکان چیە؟ چ بکرێ و چ نەکرێ؟

وەڵام: بە دڵێکی گەورە، بە نیازپاکی و عیززەت، بە هەستی نیشتمانپەروەرانە، بە خۆ ئامادەکردن، دەبێ ناوی کورد و کوردستان لە دنیادا بڵاو بکەنەوە. دەبێ هەر لاوێکی کورد بە شانازییەوە بڵێ ئەمن کوردم! ئەمن زیندووم. ئەوەی بۆ نەسڵی داهاتوو پێویست بێ ئەنجامی دەدەم. لاوان و وەچەی دوارۆژ بنیاتنەرانی داهاتووی نەتەوەی ئێمەن.

پرسیار: مامۆستای بەڕێز، بە دەستەواژەیەکی تر، ئاغای نادر نادرۆف، بە چاوپێکەوتنتان سەربەرز و خۆشحاڵین. هیوادارن هەر بمێنن، بە هیوای ئەوەی لە جەژنی ۹۰ سالّیی و ۱۰۰ سالّیتاندا بەشدار بین.

وەڵام: منیش زۆر خۆشحاڵم. بە بینینتان شادم، سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم[۷]

• پرۆفیسۆر کنیاز ئیبراهیم

«ئه‌من کنیاز ئیبراهیم نه‌بی میرزا که به ناوی کنیاز ئیبراهیم میرزایۆف ەیش ناسراوم، له یه‌کی گوڵانی (اردیبهشت)ی ساڵی ۱۹۴۷ی هه‌تاوی له زه‌نگیاساری ئه‌رمه‌نستان چاوم به ژیان هه‌ڵێناوه. ئه‌م شوێنه له نزیك چۆمی ئه‌ره‌سه و له‌سه‌ر سنووری وڵاتی تورکیا هه‌ڵکه‌وتووه. ناوی گونده‌که‌مان ڕیحانلوو ەیه و بنه‌ماڵه‌که‌مان له‌بنه‌ڕه‌تدا خه‌ڵکی ناوچه‌ی سه‌رحه‌د (ناوچه‌گه‌ڵێکی وەك وان، موس، باگری، ماکۆ و ناوچه‌کانی ده‌وروبه‌ری ئه‌م بنه‌مه سه‌ر به عه‌شیره‌یی گه‌وره‌ی جه‌لالیین. باب و باپیرانمان له کوردستانی ئێرانه‌وه گه‌یشتوونه‌ته لای بایه‌زید و له‌وێشه‌وه چوونه ئیده‌ر و له‌وێ نیشته‌جێ بوون.»

پرۆفیسۆر دوکتۆر کنیاز ئیبراهیم، ڕۆژهه‌ڵاتناس و ئه‌ندامی ئاکادێمی و سه‌رۆکی کورده‌کانی کازاخستان که له زانکۆی ئابای ئه‌ڵماتا سه‌رۆکی ناوه‌ندی زمانه‌کانی دنیایه دوای شه‌ڕی قه‌ره‌باغ، ئه‌رمه‌نستانی جێهێشتووه و له سه‌ره‌تای ساڵی ۱۳۶۹ ده‌گاته ئه‌ڵماتای کازاخستان و له‌وێ نیشته‌جێ ده‌بێ. له یه‌ریفانی ئه‌رمه‌نستان بۆ ماوه‌ی چه‌ند ساڵ له زانکۆی خاچاتوری ئابوویان وەك به‌رپرسی به‌شی زمانناسیی و ئه‌ده‌بیاتی ئازه‌ری کاری کردووه. ئێستاکه‌ش ئه‌ندامی یه‌کێتیی نووسه‌رانی کازاخستان و ئه‌ندامی یه‌کێتیی ڕۆژنامه‌نووسانی کازاخستانه. له‌لایه‌کی دیکه‌وه ئه‌و له کازاخستان و ئاسیای ناوه‌ڕاستدا، نوێنه‌ری ناوه‌ندی په‌ناکورد بووه و به‌رپرسی گۆڤاری ئه‌ده‌بیی «نۆبار» له ئه‌ڵماتایه که به زمانه‌کانی کوردی و ڕووسی بڵاو ده‌بێته‌وه.

ئه‌و زۆر خه‌ڵاتی نه‌ته‌وەیی وەرگرتووه. به‌سه‌ر شه‌ش زمانی زیندووی جیهانیدا زاڵه و نزیکه‌ی بیست به‌رهه‌می به‌نرخی کوردی پێشکه‌ش به کتێبخانه‌ی کوردی کردووه.

لاوە ٦٥ ساڵەکەی ئێمە سەربوردەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە. لە ٦٥ساڵ ژیانی خۆیدا زۆر ڕوودوا و بەسەرهاتی بینیوە و زۆر کارەساتیشیان بۆ باس کردووە. لە سەرەتادا باسی ڕەنج و کوێرەوەییەکانی دایکی دەکات:

«دایکم کچی محەمەد نادر یوسف (محمی نادوی عوسو) لە عەشیرەتی بروکی میلان بووە و لە وان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی بنەماڵەی دایکم و دووهەزار بنەماڵەی دیکە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سنوور دەچنە نێو سنوورەکانی نەخجەوان لە سۆڤیەتی پێشوودا. ئەو سەدەم زۆر لە عەشیرە کوردەکان بەهۆی ڕاپەڕیی ئاگری و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بەرەو سنوورەکان ڕایان دەکرد و لە ترسی زوڵم و زۆریی ئیمپراتۆریی عوسمانی ماڵ و وڵاتی خۆیان جێدەهێشت.

خەڵکی کورد بە وەزعێکی زۆر کارەساتبار تەبعید کراون. هێندێکیان چوونەتە ئێران. ئێمە سەر بەو عەشیرەتانە بووین کە ساڵی ١٩٢٦ هاتووینە ناو خاکی سۆڤیەتی پێشوو. زۆر لە عەشیرەتە کوردەکان بۆ نموونە بروکی، جەلالی و سیپەکییەکان دەربەدەر بوون. بەڵام زۆربەیان بروکی بوون کە تا ساڵی ١٩٣٧ لەوێ مانەوە.

... ساڵی ١٩٣٧ بە بیانووی ئەوەی کوردەکان لەسەر سنوورەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و تورکیا کاری سیخوڕی و هەواڵگریی ئەنجام دەدەن، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان و ئەرمەنستانیش دەیانەوێست کوردەکان لەوێ دوور بخەنەوە. ئامانجیان دوورخستنەوە و یەک نەتەوەکردنی ئەو ناوچانە بوو. لەو ساڵەدا کوردەکانیان سواری شەمەندەفەری تایبەت بە هەڵگرتنی ئاژەڵ و مەروماڵات کردن و لەژێر کۆنترۆڵی سوپادا ڕایانگواستن. هیچکەس نەیدەزانی بۆ کوێیان دەبەن. دوو مانگی تەواو لەڕێگەدا بوون، بە شێوەیەکە هێندێک لە دایکەکان منداڵەکانیان جێدەهێشت و دەڕۆیشتن!! سەرەنجام خۆیان لە

سنووری کازاخستان و قیرقیزستان ده‌بینن‌ه‌وه. له شوێنێك که به‌پاستی سه‌رما و بیابانێکی مه‌ترسیداری هه‌بوو. نه کورده‌کان زمانی ئه‌وانیان ده‌زانی و نه خه‌ڵکی ئه‌و ناوچه سه‌خت و کوێستانییانه‌ش زمانی ئه‌وانیان ده‌زانی.

بنه‌ماڵه‌ی ئێمه‌شیان ـ باوك، دایك، خوشك، برا، بابه‌گه‌وره و دایه‌گه‌وره و خزمه‌کان ـ یان له ویلایه‌تی غه‌زه‌ل قیای قرقیزستان دابه‌زاند. له نزیك ئوشی، ئوشی له نزیك سنووری ئۆزبه‌کستانه. کورده‌کانی ئه‌رمه‌نستانیان بۆ قرقیزستان و کورده‌کانی ئازه‌ربایجان و نه‌خجه‌وانیشیان بۆ کازاخستان ده‌هێنا. بنه‌ماڵه‌ی ئێمه تا ساڵی ۱۹۴۱ بۆ ماوه‌ی سێ ساڵ له‌و شوێنه مانه‌وه.

سێ ساڵ دوای ده‌سپێکردنی شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی جوامێرێکی ڕۆشنبیر، شاعیرو نووسه‌ر به‌ناوی جه‌بار نادری به‌فریایان ده‌که‌وێت و ده‌یانگه‌ڕێنێته‌وه ئێره‌وان (یه‌ریڤان). کنیاز ئیبراهیم به‌م شێوه‌یه باسی ئه‌و ڕۆژه میژووییانه‌ی کورد ده‌کات:

« له‌نێو ڕاگوێزراوه‌کاندا بنه‌ماڵه‌ی وه‌زیر نادریش هه‌بوون. ئه‌وانیشیان ته‌بعید کردبوو. وه‌زیر نادری هات و بنه‌ماڵه‌ی خۆی برد. ده‌وڵه‌ت سه‌باره‌ت به بنه‌ماڵه‌ی ئێمه ده‌یگووت ئه‌وانه گومانیان له‌سه‌ره و ده‌توانن جاسووسیمان له‌سه‌ر بکه‌ن. به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وه‌زیر له دامودەزگای ده‌وڵه‌تیدا کاری ده‌کرد و له‌نێو ده‌زگای زانیاریی ك.گ.ب ده‌ستی ده‌ڕۆییشت و قسه‌ی وه‌رده‌گیرا، گوتی ئه‌م زه‌مانه‌تیان ده‌که‌م و لێیان به‌رپرسیارم.

ئه‌و بنه‌ماڵه‌ی ئێمه‌شی له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌ی خۆیان له ساڵی ۱۹۴۱ گه‌ڕانده‌وه ئێره‌وان. له‌وێ خانوو و ملکی بۆ ۱۰ بنه‌ماڵه‌ی دابین کرد. ساڵی ۱۹۴۲ بنه‌ماڵه‌ی ئێمه ده‌چنه گوندی ریحانلوو هه‌ڵکه‌وتوو له زه‌نگیباسار. له‌و ساڵه‌دا براکه‌م به‌ناوی ته‌یموور له‌دایك ده‌بێ که ئێستا ته‌مه‌نی ۷۰ ساڵه. برایه‌ك و خوشکێکم به‌ناوه‌کانی یه‌عقوب و گوڵناز له ته‌مه‌نی ۲ ـ ۳ ساڵی له قرقیزستان ده‌مرن. دایك و باوکم به‌ده‌ستی به‌تاڵه‌وه له

قیرقیزستانەوە دەگەڕێنەوە ئەرمەنستان. دایك و باوکم زۆرجاران دەیانگوت بە منالّەوە چووینە قرقیزستان بەڵام بەبێ منداڵ گەڕاینەوە! دواتر باوك و دایکم بوونە خاوەنی ۹ منداڵ. ۷ برا و ۲ خوشك... ئێمە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۹۰ لە ئێرەوانی ئەرمەنستانەوە هاتینە ئەڵمانیای کازاخستان...»

کنیاز ئیبراهیم ساڵی ۱۹۵۵ دەست بە خوێندنی سەرەتایی دەکات و هەتا ساڵی ۱۹۶۳ لە گوند دەخوێنێ. لە ساڵی ۱۹۶۳ لەگەڵ منداڵانی ماڵی خاڵی لە ئێرەوان دەچێتە ئامادەیی. ناوی خوێندنگەکە ئاخوندۆف بووە کە بە ناوی نازەریبەکان بووە. لە ساڵی۱۹۶۵ ـ ۱۹۶۶ خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و دەچێتە پەیمانگای زمان و مێژووی زانکۆی باکۆ. لەوێ دکتۆرا وەردەگرێ و لە ساڵی ۱۹۷۸ تێزی دوکتۆراکەی لەسەر پێوەندیی ئەدەبیاتی کوردەکان و نازەریبەکان دەنووسێ.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە هەواڵەکاندا ئاماژە بەوە کراوە ساڵی پار پرۆفیسۆر کنیاز ئیبراهیم وەك جێگری سەرۆك کۆماری کازاخستان هەڵبژێردراوە.

خوێنەری بەڕێز، ئەوەی سەرەوە چەند بەشێك لە ژیان و بەسەرهاتی ئەم ژنا ناودارەی کوردە کە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سالّح کەوربری باسی لێوە کراوە و سەرەتا لەژێر سەردێڕی «لە ئێرەوانی ئەرمەنستانەوە تا ئەڵماتای کازاخستان» لە ژمارە ۱٤۰ی ڕۆژنامەی ڕووداو چاپ کراوە کە لە ئوروپا و لە شاری کۆڵن بڵاو دەبێتەوە و دواتر کراوە بە فارسی و لە ماڵپەڕی خوارەوە دانراوە و منیش لەوم وەگرتووە. [۸]

• ئەمینی عەبدال

ئەمین کوڕی عەبدال باسۆرە لە ساڵی ۱۹۰٦ لە گوندی ئەمانچایر لە ناوچەی قارسی کوردستانی عوسمانی لە دایك بووە. باوکی قەت بیری لەوە

نەکردۆتەوە ئەمینی بەلەنگاز لەدایکبووی گوندێکی هەژار و نەخوێندەوار و دواکەوتوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێ بە زانا و شاعیر. تەمەنی سێزدە ساڵ بووە لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی دایك و باوکی زێدی باپیرانیان بەجێ هێشتووە و خۆیان لە دڕندەیی تورکە کەمالییەکان ڕزگار کردووە. ئەمین لە ساڵی ۱۹۲۰ وەکو گەلێ لە منداڵە ئاوارەکانی کوردستانی عوسمانی لە مردن ڕزگاری دەبێ بەوەی لە هەتیوخانەی ئەمەریکییەکان لە شاری ئەلێکساندرۆپول (لینینەکان)ی ئەرمەنستان بەخێو دەکرێ.

لە ساڵی ۱۹۲۳ ئەمین ڕوو دەکاتە شاری تفلیس و لەلای مامی دەژی. خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و خانەی پەروەردە تەواو دەکا و دەگەڕێتەوە ئەرمەنستان و ماوەیێك دەبێتە مامۆستا لە هەندێ لە گوندەکانی کورد لە ناوچەی ئەپاران. لە ساڵی ۱۹۳۱ دەبێ بە قوتابی زانستگای یەریڤان و لە ساڵی ۱۹۳٦ تەواوی دەکا. لەو کاتەدا دەبێتە یەکێ لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «ڕیاتازە». خەریکی نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللی (فۆلکلۆر) دەبێ.

بەبێ ئەوەی واز لەو جموجۆڵییە ڕۆشنبیرییەی بێنی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر خوێندنی باڵا. ماوەیێك خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە دەبێ لە ئەدەبی کوردیدا تا لە ساڵی ۱۹٤٤ دوکتۆرای لە ئەدەب وەرگرتووە. بەیێك بووە بە مامۆستا لە زانستگای یەریڤان، لە پاشانا کراوە بە کارگەری زانستی لە ئەکادیمیەی ئەرمەنستان و خەریکی کوردناسی بووە بەتایبەتی لە ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی کۆڵیوەتەوە.

ئەمین ڕۆشنبیرێکی بەتوانا بوو کۆششی لە بەرچاوە لە هەموو گۆڕەپانەکانی کولتووری کوردی قەفقاسی ڕووسیا. دڵسۆزی کارە زانستی و ئەدەبییەکانی بووە تا کۆچی دوایی لە ۲۲ی ئەیلوولی ساڵی ۱۹٦٤ و ناوی بەزیندوویی ماوەتەوە لە

میژووی رۆشنبیری کوردیدا.

لە قۆناغی یەکەمی مافی خوێندەواری کوردی لەو وڵاتەدا (۱۹۳۰ـ۱۹۳۷) ئەمین دەوری باڵای هەبوو لە پێشخستنی خوێندەواری لە کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی دانانی کتێبی قوتابخانە بەپێی بەرنامەی خوێندنی هەموو زانستییەکان بەزمانی کوردی. لەو کتێبانە کە ژمارەیان دەگاتە دەیان کتێب هەندێکیان خۆی داینـاون و هی دیکە بە هاوکاری لەگەڵ دانەرانی دیکە. جگە لەمە چەند کاری گرنگی دیکەی گەیاندۆتە ئەنجام لەوانە دانانی فەرهەنگی ئەرمەنی ـ کوردی (۱۹۳۳) و کتێبی «فۆلکلۆرا کورمانجا» (۱۹۳٦) لەگەڵ کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی کورد ئەم کتێبەیان داناوە، تا ئیستا بە گەورەترین و چاکترین کتێبی کوردی دەژمێردری لە بابەت پاراستنی تێکستی ئەدەبی میللیی سەرزار. هەروەها بەشداری کردووە لە گۆڕینی «دەستووری یەکێتی سۆڤیەت (۱۹۳۸) بۆ زمانی کوردی.

لە قۆناغی دووەمی میژووی خوێندەواری کوردی لەو وڵاتەدا (لە ۱۹٤۵ەوە تا کۆچی دوایی ئەمین) لەسەر دانانی کتێبی قوتابخانە کوردییەکان بەردەوام بوو. جگە لە کتێبی بەرنامەی خوێندن چالاکی لە دانانی کتێبی یاریدەدەر بەرچاو بوو. کتێبی «ڕاست نووسین» سەرچاوەیێکی بنچینەیی بوو بۆ یەکخستنی ڕاست نووسین بەپێی ئەو ئەلفوبێیەی لەسەر بنجی ئەلفوبێی کیریلی دانرا بوو بۆ نووسینی زمانی کوردی. ئەو کتێبە لە سالی ۱۹۵۲ چاپ کراوە، لە سالّی ۱۹۵۸ دووبارە چاپ کراوەتەوە.

مەیدانی جموجۆڵی زانستی ئەمین فراوان بوو. لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەشداری کردووە، وانە و موحازرەی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و خوێندنی زانستگا وتۆتەوە. کارگەری زانستی بووە لە ئاکادیمیەی ئەرمەنستان و هەندێ باسی لە بابەت ئەدەب و فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیای کورد

بڵاوکردۆتەوە. لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی «ڕیاتازە» لەسەر گەلێ مەسەلەی ڕۆژانەی ژیانی کورد و دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی سۆڤیەتەکانی نووسیوە. بەم جۆرە ئەمین یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵی کوردی نووسیوە لە قوتابیان و مامۆستایان و خوێندەوارانی بەرز و هەموو خەڵکی دیکەی کورد بە گشتی.

ئەمین لە سەرچاوەکانی ژیانی پێشووی فێری شێعردانان بووە، لە قوتابخانە فێری شتی دیکە بووە لەوانەیە یارمەتی دابێ بۆ چەسپاندنی بیری شێعرەکە. لە ڕووی ڕوخسارەوە نووسەر لە مەرجەکانی شێعری میللی سەرزاری کوردی نەچۆتە دەرەوە، کێش و قافیەی خۆماڵی بەکار هێناوە، زمانی شێعری گۆڕیوە، لە زمانی کۆمەڵی کشتوکاڵی و دانەوێڵەیی دەری هێناوە بۆ زمانی شارستانی. زمانی پاکە وەکو هەموو شێعری کوردی ئەو وڵاتە، لەبەر نزیکی لە زمانی ڕووسی و ئەرمەنی هەندێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی تازە بابەتی ئەو دوو زمانە کەوتوونەتە ناو زمانی شێعرییانەوە. ئەگەر لەو شێعرانەدا وشەی عەرەبی و تورکی بەرچاو بکەون هەر ئەو وشە کۆنانەن کە بە درێژایی مێژوو چوونە ناو زمانەکەیانەوە، هەرچی وشەی فارسیشە بە نەبوو حسێب دەکرێ.

بەگشتی شێعری ئەمین بریتییە لە لیریك، هەندێ لەو بابەتە شێعرەی لە ڕووی ژمارەی دێڕەکانیانەوە زۆر کورتن، لە بروسکەیێك دەکەن ناوەڕۆکیان لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان و و تەی دانایانەوە وەرگیرابێ. هەروەها لە پۆیێم (قەسیدەی درێژ) بەرهەمی هەیە، بیری هەندێکیانی لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگرتووە، هی هەندێکی دیکەیانی لە داهێنانی خۆیەتی. هەندێ لە پۆیێمە بەرچاوەکانی ئەمانەن: مەمێ و زینێ، زەلیخا و فەتولا، ئەحمێ خۆلێ، سێ برا، گولیزەر و هی دیکە.

شێعری لە سەرەتادا لەو کتێبانەدا بڵاوکراوەتەوە کە ناوە ناوە شاعیر و

نووسەران بەناوی بەرهەمی نووسەرانەوە بڵاویان دەکردەوە، لەدواییدا لە ساڵی ۱۹۳۵ بەشێکی شێعری ئەمین بەناوی بەهار لە یەریقان بڵاوکرایەوە.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە شێعری ئەمین فراوانە هەموو لایێکی گەشبینی گرتۆتەوە، ئەگەر ڕەشبینی لای هەبێ بەرامبەر بە دوژمنە، دوژمنیش نەیاری دەسەڵاتی سۆڤیەتە. ئەوەی نەیاری سۆڤیەتیش بێ کوردی خۆش ناوێ. ئەمەیە بیروباوەڕی کوردی ئەو وڵاتە. هەرچۆنێ بێ بەرهەمی شێعریان بەگشتی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی و لە ڕووی هونەرییەوە چۆتە ناو گەنجینەی قسەی جوانەوە.

ناوەرۆکی شێعری ئەمین جەریکی ئەم مەبەستانەن کە لەو خاڵانەی لای خوارەوە ڕوون دەکرێنەوە:

۱ـ کوردایەتی: شاعیر بەپێی هەموو شتێکی پێوەندی بە کوردەوە هەیە، کوردایەتی دەکا. باس لە جوگرافیای کوردستان دەکا، لە سامانی نەتەوەی کورد دەدوێ، بە شان و باهووی گەورەکانی هەڵدەڵێ. وەسفی بەهار و بلبل و شاخ دەکا، شۆڕەژنی کورد و کچی نازەنین و سلۆی ڕەنجبەر و حەسۆی شوان لە دەشت و زۆزانانی شاخی ئەلەگەز سەرچاوەی ئیلهامی ئەمینی عەبدالن.

۲ـ نیشتمانی سۆڤیەت: ئەمین و زۆربەی خوێندەوارانی کورد، کوردی بەڕاستی بوون، دەسەڵاتی ئەوێ لە دڕندەیی تورکە کەمالییەکان ڕزگاری کردبوون، لەبەر ئەوە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە خۆیان گونجاندبوو لەگەڵ ئەو بیروڕایەی پیاو دەتوانێ دوو نیشتمانی هەبێ. هەرچۆنێ بێ ئەمە ڕاست بێ یا هەڵە، ئەنجامی بە چاکە کەوتەوە. ئەم ڕاستییەش لە هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەردەکەوێ کە شاعیر و نووسەرانی ئەو وڵاتە دایان هێناون.

ئەمین شێعری بۆ ناوچە و شار و ناوەدانییەکانی وڵاتی سۆڤیەتی کۆن نووسیوە، وەکو ڕووسیا و ئەرمەنستان و گورجستان و لینینگراد و مۆسکۆ و یەریقان و لینینەکان. هەروەها بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و جەژنی کرێکاران و لینین

و کۆڵخۆز و شتی دیکەی نوسیوە.

لە ڕووی جوانکارییەوە بەرهەمی شێعری ئەمین لەو پلە هونەرییە دەوەستێ کە شاعیرە بەتواناکانی کوردی قەفقاسی ڕووسیا گەیشتوونەتێ.

نموونەی شێعری:

ئەز هاتمە ژ ئەلەگەزێ
ژ چیایێ بەدەو چار سەری
تەرا ئانیە کلامێ تەزە
سەلاما ئالاڤی دلباری

•••

ئەزێ شامە دلێ من بار
کە لە تژی، تەرا بووم یار
نها دچم، دوور دکەڤم
گەلۆ کەنگێ تە ڤەگەرم

ئەمینی عەبدال زانا و نووسەر شاعیری کوردی قەفقاسی ڕووسیا یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرە کەمانەی ئەو وڵاتە توانییان لە هەر دوو مەیدانی زانستی و ئەدەب خزمەتی ئەو بەشە کوردە بکەن کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەوڵی دا سەرلەنوێ دەست بە خوێندن و نووسین و مەدەنییەت بکاتەوە. لە پێشخستنی خوێندەواری لە قوتابخانە کوردییەکاندا کۆششی ئەمین لە بەرچاو بوو، لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانستگا و ئەکادیمیە لە بارەی کوردناسییەوە بەنرخ بوو. لە نووسینی ئەدەبیدا وتار و چیرۆك و لیریك و پۆیێم (قەسیدەی درێژ) دەوری باڵای هەبوو. ئەمە بوو بەهۆی دەوڵەمەنکردنی ئەدەبی کوردی لە قەفقاسی ڕووسیادا.[۹]

• **پرۆفیسۆر شاکرۆ خدۆ محۆ**

پرۆفیسۆر شاکرۆ لە ساڵی ۱۹۳۰ لە ناوچەی ئەلەگەز لە ئەرمەنستان لە خێزانێکی کوردی ئێزیدی لە عەشیرەتی سپکی لەدایك بووە. لە ناوەڕاستی سەدەی ۱۹ لە قارسەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەرمەنستان لەبەر هێرش و پەلاماری عوسمانییەکان بۆ ئەم ناوچانەی کوردستانی تورکیا.

ساڵی ۱۹۴۸ چۆتە زانکۆ و لە ساڵی ۱۹۵۲ لە زانکۆی یەریڤان لە بەشی میزوو دەرچووە و پاشان بووەتە مامۆستای میژوو. لە ساڵانی (۱۹۵۵ ـ ۱۹۶۰) وەك جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێیا تازە کار دەکات کە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی کوردییە و لە ساڵانی سییەکانەوە لە یەریڤان دەردەچێت تاکو ئێستا. لە هەمان کاتدا دەستی بە خوێندنی دکتۆرا کرد. پاشان لە بەشی کوردیی لە ئەنیستیوتی ڕۆژهەڵاتناسی لە یەریڤان دەستی بە کار کردووە. ساڵی ۱۹۶۳ بوو بە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا و تێزەکەی بە ناوی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە عێراق پاش جەنگی جیهانی دووەم). لە ساڵی ۱۹۷۸یش لە شاری مۆسکۆ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت و تێزەکەشی بە ناوی (کێشەی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراقدا) بوو.

پرۆفیسۆر شاکرۆ خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرا بوو کە هەردووکی لەسەر شۆڕشی گەلی کورد بووە لە کوردستانی عێراق.

لە ساڵانی (۱۹۸۱ ـ ۱۹۹۴) لێپرسراوی بەشی کوردی بوو لە ئینستیوتی ڕۆژهەڵاتناسی لە یەریڤان. لە ساڵی ۱۹۸۵ دا بوو بە پرۆفیسۆر و لە ساڵی ۱۹۹۶ دا پلەی ئەکادیمی زانستی ئەرمەنی پێ بەخشرا کە بەرزترین پلەی زانستییە لە ئەرمەنستان.

لە ساڵی ۱۹۹۴ دا پرۆفیسۆر شاکرۆ لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری وەك پرۆفیسۆر

لازاریف، پرۆفیسۆر حه‌سره‌تیان، دکتۆر به‌شیر سه‌بری، دکتۆره ژیگالینه، دکتۆره زاریٚ یۆسوپۆڤنه، دکتۆره ڤاسیلیڤنه، دکتۆره موسه‌یلان و دکتۆره سمیرنۆڤه ناوه‌ندی لێکۆڵینه‌وه‌ی کوردییان له مۆسکۆ دامه‌زراند و ئه‌ویان به لێپرسراوی ناوه‌نده‌که ده‌ستنیشان کرد که زیاتر لێکۆڵینه‌وه‌کانیان ده‌رباره‌ی کێشه‌ی کورد بوو له کوردستانی ئێراق. هه‌روه‌ها به‌شێك له لێکۆڵینه‌وه‌کان ده‌رباره‌ی ڕێزمانی کوردی و له‌هجه‌کان بوون. ئه‌م ناوه‌نده تا ئێستا چه‌ندین کتێب و نامیلکه‌ی به زمانی ڕووسی و کوردی ده‌رکردووه له‌وانه: میٚژووی کوردستان، شه‌ره‌فخانی بلیسی، میٚژووی دیالێکتی کوردی، کێشه‌ی کورد له کوردستانی باشوور، که‌شکۆڵی کوردی و ...

پرۆفیسۆر شاکرۆ زیاتر له ۲۰ کتێب و نامیلکه‌ی جۆراوجۆری به‌چاپ گه‌یاندووه و له واشنتۆن، پاریس، ستۆکهۆڵم، به‌رلین، برۆکسێل، کوردستانی ئێراق و مۆسکۆ به‌شداریی له ده‌یان کۆنفرانس و کۆڕ کردووه و هه‌میشه هه‌وڵی بۆ یه‌کگرتنه‌وه‌ی ده‌نگی کورد داوه.

ناوبراو خه‌ڵاتی زێڕینی پیره‌میٚردی ساڵی ۲۰۰٤ی له‌ڕێوڕه‌سمێکدا له شاری سلێمانی پێشکه‌ش کرا.

سه‌ره‌نجام ڕۆژی پێنجشه‌ممه ڕێکه‌وتی یه‌کی مانگی دووی ۲۰۰۷ پرۆفیسۆری گه‌وره‌ی کورد شاکرۆ خدۆ محۆ له یه‌کێك له نه‌خۆشخانه‌کانی شاری مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد. [۱۰]

• پرۆفیسۆر قه‌ناتی کوردۆ

کوردناس و زانای مه‌زنی کوردی یه‌کێتی سۆڤیه‌تی جاران پرۆفیسۆر قه‌ناتی کوردۆ له ڕۆژی ۱۹۰۹/۹/۲۱ له گوندی «سوسز»ی ناوچه‌ی «قانزمان»ی هه‌ڕێمی قارس له کوردستانی تورکیا ی سه‌ر به ده‌وڵه‌تی عوسمانی له‌دایك بووه. ناوی

تەواوی «قەنات کوڕی کوردۆ کوڕی کەلەش کوڕی خدر» و لەسەر ئایینی ئێزیدی بووە.

لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ۱۹۱۸ دا کە تورکەکان بەسەر ئەرمەنداز ڵ بوون، بنەماڵەی قەنات و خەڵکی ئاوایی کان خۆیان لە چنگی تورکەکان ڕزگار کرد و بەرەو ناوچەی «ئاپاران»ی ئەرمەنستانی ژێردەستی ڕووسیا کەوتنەڕێ و لەو ناوە لە گوندی «کۆربلاخ» نیشتەجێ بوون کە خەڵکی گوندەکە هەموویان کورد بوون. هەر لەو ساڵەدا تورکەکان ناوچەی ئاپارانیان داگیر کرد بە تایبەتی گوندەکانی کورد. بۆیە ماڵی قەنات ماوەیەك دەربەدەر بوون و لەدوایندا گەڕانەوە ئاپاران و باوکی بە حەماڵی گوزەرانی دەکرد و لە ساڵی ۱۹۲۰ دا ڕوویان کردە گورجستان و لە شاری «تفلیس» نیشتەجێ بوون و ملیان دایە ڕەنجبەری و باوکی لە ۱۹۲۱ دا کۆچی دوایی کرد و پەروەردەکردنی ئەو کوڕۆ ۱۲ ساڵییە کەوتە ئەستۆی دایکی و هەر لەو ساڵەدا لە قوتابخانەی «هاگۆپ گازاریانی»ی ئەرمەنی ناسراو بە «لازۆ» دەستی بە خوێندن کرد و ئەو زانایە بە پتی لاتینی ئەرمەنی فێری کوردی و ، ژنەکەشی فێری زمانی ئەرمەنی کرد.

قەناتی کوردۆ لە ساڵی ۱۹۲۸ دا خوێندنی سەرەتایی لەو قوتابخانە تایبەتییە تەواو کرد و لە کۆلێژی کارگەران لە شاری لینینگراد وەرگیرا و لە ساڵی ۱۹۳۱ دا ئەو کۆلێژەی تەواو کرد، کە بەرامبەر قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بووە و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا قەنات و دوو هاوڕێی کوردی لە کۆلیژی زمانەوانی زانکۆی لینینگراد وەرگیران و لە ساڵی ۱۹۳٦ دا خوێندنی تەواو کرد و بڕوانامەی دیبلۆمی وەرگرت و هەر ئەو ساڵە لە بەشی دکتۆرا وەرگیرا و لە ساڵی ۱۹٤۱ دا خوێندنی باڵای تەواو کرد و بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت و لە پەیمانگای ئەستۆگرافیای ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت دامەزراوە، دوای ماوەیەکی کەم نێردرایە «فابریقەی شەفەقی سوو» تا مانگیشوباتی ۱۹٤۲.

دکتۆر قەناتی کوردۆ لە ساڵی ۱۹٤۵ بووە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا و لەپاش جەنگ بوو بە مامۆستای زانستی کوردی و وانەی بە خوێندکارانی بەشی ئێرانی دەگوتەوە.

لە ساڵی ۱۹٤۷ەوە تاکو ۱۹٦۰ سکرتێری لیژنەی ناوچەی پارتی کۆمۆنیستی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناس بووە و لە شاری لینینگراد تاکو ساڵی ۱۹۵۸ قەناتی کوردۆ و ئیسحاق تسوکەرمان و مارگریت ڕۆدینکۆ خەریکی کوردناسیی بوون لە بەشی ئێرانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و لە ساڵی ۱۹۵۸دا بەشی کوردی بە یارمەتی یوسف ئۆربیلی سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی جیا کرایەوە و بووە بە بەشێکی سەربەخۆ.

لە سەرەتادا ئۆربیلی خۆی بووە سەرۆکی، بەڵام لەدواییدا دکتۆر قەناتی کوردۆ بە سەرۆکی بەشەکە هەڵبژێردرا. ئەوەی شایانی گوتنە دکتۆر قەنات لە ساڵی ۱۹٦۸ دا بڕوانامەی دکتۆرای «ناووك» واتە دکتۆرای زانستەکانی وەرگرت و پلەی زانستی بووەتە پڕۆفیسۆر.

تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی لە ۱۹۸۵/۱۰/۳۱، وەك سەرۆکی بەشی کوردی و زانایەکی مەزنی کورد و کوردناسێکی دڵسۆز و لێهاتووی نەتەوەکەی خزمەتی زمان و وێژە و مێژووی کوردی کرد.

پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ گەلێك بەرهەمی بەنرخی نووسیوە و بڵاو کردۆتەوە لەوانە:

۱. تەحویری مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازیی فارس ـ ساڵی ۱۹۵٤.

۲. خەباتۆر ئابۆڤیان وەکو کوردناس و ئەسنۆگراف ـ ساڵی ۱۹۵۵.

۳. بیروباوەڕی ناڕاست لەبارەی زمانی کوردییەوە ـ ساڵی ۱۹۵۵.

٤. کورد لە پەرتووکی «نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» ـ ساڵی ۱۹۵۷.

۵. فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی «شێوەی کرمانجی باشوور» ـ ساڵی ۱۹۸۳.
٦. پەرتووکی ڕێزمانی کوردی ـ ڕەوان ـ ساڵی ۱۹۵٦.
۷. ئەحمەدی خانی و بەرهەمی مێژوویی.
۸. دروستبوونی وشە لە زمانی کوردیدا (مۆرفۆلۆجی و فۆنەتیک).
۹. کوردی سۆفیەت لە وێژەی کوردی دەرەوەدا.
۱۰. بیروباوەڕی قارەمانیەتی لە بەرهەمی وێژەی ئەحمەدی خانی دا.
۱۱. قەڵای گەل ـ چیرۆک.
۱۲. مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بەشی یەکەم چاپی سوید.
۱۳. مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی دووەم چاپی سوید.[11]

● مامۆستا عەرەبی شەمۆ
(عەرەب شامیلۆف)

عەرەب کوڕی شەمۆ (شەمسەدین) کوڕی شامیل بەپێی دەستووری بنەماڵەی ئێزیدیان خۆی و باب و باپیرانی لە چینی شێخانن. لە نێوەندی کۆمەڵی کوردی بە ناوی «عەرەبی شەمۆ» و لە ناو ڕووساندا بە «عەرەب شەمۆ یێڤیچ شامیلۆف» ناسراوە. لە ساڵی ۱۸۹۵ لە گوندی سووسز لە ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە دایک بووە. ژیانی سەردەمی منداڵی وەکو هەموو کوردێک قورس و نالەبار بووە، زیاد لەسەر ئەمە وەک ئێزدییێک بەربەرەکانی کراوە و بەبێ دین لە قەڵەم دراوە. بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەی شێخان بووە ئایینی ئێزیدی تا ڕادەیێک ڕێگەی داوە فێری خوێندن و نووسین بێ، ئەگینا تەنیا دەسەڵاتی عوسمانی لە ڕووی خوێندەواریەوە هۆی دواکەوتنیان نەبووە، بەڵکو قەدەغەکردنی خوێندن و نووسین لە لایەن ئایینەکەی خۆیانەوە

کاریگەرتر بووە.

لە دەوروبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ عەرەب لە گوندی ساری قامیش بووە لە ناوچەی قارس، لەو کاتەدا ئەو پارچە خاکەی عوسمانی لەلایەن ڕووسیای قەیسەرییەوە داگیر کرابوو. لەو ڕۆژانەدا دەسەڵاتی قەیسەری عەرەبی زیندانی کردبوو بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بۆلشەڤیکی و لە شاری ستاڤرۆپۆل لە باکووری قەفقاس دەخرێتە بەندیخانەوە. ماوەی ساڵێك لەو بەندیخانەیە دەمێنێتەوە. بەهۆی دانانی پیلانێکی نهێنییەوە لە بەندیخانە زیندەکا و ڕووە دەکاتە موسکۆ. هەر لەو کاتەدا لە ساڵی ۱۹۱۸ لە پارتی کۆمۆنیست دەبێ بە ئەندام. عەرەب یەکەمین کورد بووە لە ڕووی خوێندەواری و خەباتی پراکتیکییەوە لەو پارتییەدا بووە بەئەندام. لە ساڵانی ۱۹۲۰ ـ ۱۹۲٤ دەبێ بە قوتابی و لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە مۆسکۆ دەخوێنێ. ئەم خوێندنە جۆرە وەرسوڕانێك بووە لە ژیانی خوێندەواری عەرەب، شارەزایی لە زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیای کورد و کوردستان پەیدا کردووە. جگە لەوە کادیرێکی پرۆپاگەندەی باشی لێ هەڵکەوتووە لە کاروباری سیاسەت و پارتییایەتی. لەبەر ئەوە لە ساڵی ۱۹۲٤ دەبێتەرن بۆ شاری یەریڤان و دەکرێتە بەرپرسیار و نوێنەری پارتی کۆمۆنیست لە ناوچە کوردییەکانی ئەرمەنستان و گورجستان بەتایبەتی ناوچەی ئەلەگەز.

بۆ ماوەی هەشت نۆ ساڵ عەرەب نوێنەری کورد دەبێ لە هەموو کاروبارێکی پارتییایەتی و پێوەندیی کورد بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. وەکو خۆی دەیووت ماڵی تایبەتی خۆی نەبووە، هەر ڕۆژە لە ئاوەدانییەك کاری کردووە و هەر شەوە لە ماڵێك خەوتووە. لە ساڵی ۱۹۳۲ ڕووی کردۆتە شاری سانت پیترسبۆرگ (ئەوسا لینینگراد) و بووە بە قوتابی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە بەشی مێژوو کۆششی کردووە. ماوەی شەش ساڵ لەو دەسگا

زانستیە بەرزە خوێندوویەتی. لەو سەردەمەدا زانای ڕۆژهەڵاتناس یووسف ئۆربێلی بەنەژاد ئەرمەن دۆستی کورد بووە، یارمەتی عەرەب و هەموو قوتابیە کوردەکانی دیکەی داوە لەو دەسگایەدا. هەروەها زانای بەناوبانگی زمانەوانی نیکۆلای مارِ لەو ڕۆژگارەدا کەوتبووە چەندوچوونی زمانەوانییەوە لەگەڵ ستالین. وابوو هەندێ لە قوتابیان و لایەنگرانی تیۆریی مارِ گیران و ئاوارە کران بۆ ناوچەی دوورەکانی ڕووسیای پان و بەرین. پرووشکی ئەم کارە ناپەسەندە بەر عەرەبیش کەوت نەك تەنیا لەبەرئەوەی لایەنگری تیۆریی مارِ بوو، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەی کورد بوو. تاوانەکەی ئەوە بوو گوایا پیوەندی لەگەڵ کوردی دەرەوە هەیە، بەڵگەی ئەمە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی «شڤانی کورد»ە لە سووریا و هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی فرەنسی. ئەوەی ئاشکرایە ئەم چیرۆکە لە ساڵی ۱۹۳۰ لە یەریڤان بەزمانی کوردی چاپ کرابوو، ئیتر لە دەرەوەی ڕووسیا هەرچی لەگەڵ ئەم بەرهەمە بکرێ خاوەنەکەی بۆ دەبێ بەرپرسیار بێ!

لە ساڵی ۱۹۳۷ عەرەب نامەی خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، لەسەر بەرگریکردن بوو کە بەر ئەو هێرشە ناڕەوایە کەوت و نێررایە سیبیریا. بێدەنگ و بێسەنگ ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق لە ناو دۆزەخی ئەم ئاوارەییە مایەوە. لە ساڵی١٩٤٦ کچە ڕووسێکی هێنا و بوو بە خاوەن ماڵ. لەو ژنە سێ کچی هەبوو. لە ساڵی١٩٥٧ لە دوای لێبوردنەکەی پارتی کۆمۆنیست لەوانەی لەوە پێش بەناهەق تاوانبار کرابوون عەرەب لەگەڵ ماڵ و منداڵی گەڕایەوە یەریڤان، ئەو کاتە تەمەنی لە شەست ساڵی تێپەڕی کردبوو. ئیتر بەناوی کادیری پارتی کۆمۆنیست تەقاوێت کرا. لەو کاتەوە ژیانێکی هێمن و لەسەرخۆی بردەسەر، تا کۆتایی ژیانی خەریکی داهێنانی ئەدەبی بوو، بەتایبەتی نووسینی ڕۆمان. عەرەبی شەمۆ لە ساڵی ۱۹۷۸ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کرد.

عەرەبی ڕۆشنبیر

قۆناغی یه‌که‌می خوێنده‌واری عه‌ره‌ب له ناوه‌ڕاستی بیسته‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه ده‌ست پێده‌کا تا ساڵی ۱۹۳۷. له‌م ماوه‌یه‌دا جگه له جموجوڵی سیاسی و کاری پارتییایه‌تی، عه‌ره‌ب ده‌وری گرنگی هه‌بوو له دروستکردنی خوێنده‌وارییێکی تازه له‌ناو کوردی قه‌فقاسی ڕووسیا. ئه‌و یه‌که‌مین که‌س بوو له ڕۆژنامه‌ی «زاریا قۆستۆکا» (شه‌فه‌قی ڕۆژهه‌ڵات)ی ڕووسی له شاری تفلیس ئه‌لفوبێی کوردی له‌سه‌ر بنجی لاتینی له ۲۱ی ته‌موزی ۱۹۲۸ی بڵاو کرده‌وه. له پاشانا له‌گه‌ڵ کوردناس ماراگوولۆڤ به‌ناوی هه‌ردووکیانه‌وه ئه‌و ئه‌لفوبێیه به‌ڕه‌سمی له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته‌وه دانی پێدانراوه له ساڵانی ۱۹۲٤ ـ ۱۹۲۸ له‌و ڕۆژنامه ڕووسییه‌ی شاری تفلیس وتار و لێکۆڵینه‌وه‌ی له بابه‌ت کورده‌وه زۆره. دیاره له‌م وتارانه‌دا له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌زمانی ڕووسی بوون ڕه‌چاوی ئه‌وه‌ی کردووه ئه‌و جۆره زانیارییانه بخاته‌ڕوو که‌ڵکی ئه‌وه‌ی هه‌بێ کورد به ڕووسی زمان بناسێنێ. جگه له‌وه مه‌به‌سی بنچینه‌یی عه‌ره‌ب به‌رپاکردنی شۆڕشی خوێنده‌واری و ڕۆشنبیری بوو له نێوه‌ندی کوردی قه‌فقاس. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته به زمانانی کوردی و ڕووسی و ئه‌رمه‌نی وتاری زۆره له بابه‌ت کورده‌وه، گه‌ڵێ لایه‌نی ڕۆشنبیریی کورد ده‌گرێته‌وه. به‌تایبه‌تی بایه‌خی زۆری به‌چه‌سپاندنی ئه‌لفوبێی لاتینی داوه. له زمانه‌وانیدا هه‌وڵی داوه به‌راوورد له نێوان دیالێکته بچووکه‌کانی سه‌ر به دیالێکتی کرمانجیی باکوور بکا. له بابه‌ت پێوه‌ندیی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و سیستێمی کۆنی ده‌ره‌به‌گییه‌وه نووسینی هه‌یه، له ژیانی ئابووری تازه‌شدا ئاوڕی زۆری له سیستێمی کۆڵخۆز (کێڵگه‌ی هه‌ره‌وه‌زی) داوه‌ته‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌موو جموجۆڵییه و به‌رهه‌م زۆرییه‌ی عه‌ره‌ب له بابه‌ت هه‌موو لایه‌نه‌کانی ژیانی خوێنده‌واری نه‌ته‌وه‌ی کورده‌وه هێناویه‌تییه ناوه‌وه پیشه‌ی سه‌ره‌کی به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی بووه و له ڕۆماندا داهێنه‌ری یه‌که‌مه.

نووسه‌ری ڕۆمان

عەرەب لە قۆناغی یەکەمی ژیانیدا، کە لە ساڵی ۱۹۳۷ کۆتایی پێ دێ، لەگەڵ هەموو کۆششە ڕۆشنبیرییەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بووە. یەکێکە لەو دوو کەسە، ئەو و عەلی عەبدولڕەحمان مەشقی شێعر نووسینیان نەکردووە. ئەگەر بەپێی نەریتی ئەوروپاییان بووایە دەبوو ئەوانیش وەکو نووسەرەکانی دیکەی کورد و هەموو نەتەوەکانی ڕووسیا لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕووسی شێعر و پەخشان بەکار بێنن لە بەرهەمی داهێنراودا، کەچی بەرهەمی ئەم دووانە بەهۆی پەخشانەوە دروست بووە.

لە قۆناغی یەکەمیدا مەشقی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان لەلای عەرەب بەیدا بوو. لە ڕووی ڕووخسارەوە لاساییکردنەوەی ئەدەبی ڕووسی بووە. چونکە لەوە پێش هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیێك لە ئەدەبی کوردیدا نەبووە لەمەڕ چیرۆك و ڕۆمان نووسین. بەم جۆرە عەرەب بیری لەوە کردۆتەوە ئەوەی لە ئەدەبی ڕووسیدا ڕۆمانی پێدەڵێن و بەو زمانە نووسراوەتەوە، ئایا شتێکی واش بە زمانی کوردی نانووسرێتەوە!؟ بێگومان شتی وا بەزمانی کوردیش دەنووسرێتەوە. لێرەدا عەرەب لە ناوەرۆك و ڕووداو و خەڵکی نزیك خۆی دەگەڕێ و چیرۆك و ڕۆمانیان لێ دروست دەکا. لەو ساڵانەدا ۱۹۳۰ ـ ۱۹۳٦ مەشقی نووسینی ڕۆمانی کوردی لای عەرەب دەست پێدەکا. ڕاستە دەڵێن بەرهەمی هونەری و ئەدەبی بە کاملّی لە دایك دەبێ، بەڵام ئەم جۆرە بەرهەمە لە ئەدەبی کوردیدا نەبووە، ئەوەی لەوەوە نزیك بووبێ حیکایەتی بەرگوێی ئاگردانی میللیی نەنووسراوە، ئەمە زۆر یارمەتی عەرەبی داوە بتوانێ بەرهەمێك دابهێنێ وا لەو ڕۆمانە ڕووسییانە بکا کە نووسەر ئاگادارییانە. لەبەر ئەوەیە بەرهەمە نووسراوەکەی لەو حیکایەتە نەنووسراوانەوە نزیکە. جگە لەوە ئەو گیروگرفتانەی عەرەب دەیەوێ بیانخاتە ناو ڕۆمانەکانیەوە لەو گیروگرفتانەوە نزیکن کە حیکایەتی بەرگوێی ئاگردان دەیانخاتە ڕوو.

ڕۆمانەکانی عەرەب «شڤانی کورد»، «ڕەبەن»، «کوردی ئەلەگەز»، نموونەی یەکەمی هونەری ڕۆمانی کوردین کە لە ساڵانی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٦ لەلایەن عەرەبەوە نووسراونەتەوە. ناوەکانیان ڕەنگدانەوەی دوو دیاردەی پێچەوانەی یەکترین کۆمەڵی کوردەواری ئەو وڵاتەن، واتە ژیانی کۆچەری و شوانکارەیی لە لایێک، لەلایێکی دیکەوە ژیانی نیشتەجێیی و کشتوکاڵی. ئەم دیاردەیە تا ئێستاش ماوە. شارۆچکەی ئەلەگەز لە بناری شاخی ئەلەگەزە، خەڵکی ئەوێ و گوند و ناوەدانییەکانی دەوروبەری تا ئێستاش لە هاویندا دەچنە سەر شاخ و لەوێ هەموو بنەماڵەیێك هەواری تایبەتی خۆی هەیە و زۆزانی پێ دەڵێن. لە پایزدا دەگەڕێنەوە ناو گوندەکانی خۆیان.

لەو ڕۆمانەدا عەرەب لە ژیانی ئەو خەڵکە دەدوێ لە سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. زۆربەی ئەوانە لە ژێر دەسەڵاتی تورکی عوسمانی و تورکیە کەمالییە تازەکان یان قەلاچۆ دەکران یا ئاوار دەبوون. بێگومان ئەمە دەبێتە سەرچاوە بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەو دوو ژیانەدا، نەوە کۆنەکە تێی دەگا و نەوە تازەکەش نەفرەت لە کۆنەکە دەکا و دەستخۆشی لەوانە دەکا کە تازەکەیان ڕەخساندووە.

قۆناغی دووەمی ژیانی نووسەر بیست ساڵ ئاوارەیی لە خاکی سیبیریا، ئەدەبی لە بیر نەبردبووەوە. دەیتوانی بنووسێ، بەڵام چۆن و کێ بۆی بڵاو دەکاتەوە، ئەوەی سەیر بێ دەیووت هیچ ڕق و کینێك لە دەروونم دروست نەبووبوو بەرامبەر بە دەسەڵات. باوەڕی تەواوم بە فەلسەفەی دەسەڵاتەکە هەبوو، ئەو خراپەیەی بە من و بە خەڵکی دیکە کرا، کردەوەی ناهەمواری پیاو خراپان بوو، ئەمە دەستووری بیروڕای عەرەب بوو. هەندێ لە نزیکەکانی لەگەڵی نەبوون، چونکە سەرداری وڵات کە ستالین بوو لە دوایخۆی بەولاوە بە قسەی هیچ کەسێکی نەدەکرد، ئەمەو دەبوو خۆی ڕێگەی ئەو پیاو خراپانەی

نەدابایە کردەوەی وایان لێ ڕووبدا.

قۆناغی دوایی ژیانی ئەدەبیی عەرەب لە ساڵی ۱۹۵۷ەوە دەست پێدەکا تا کۆتایی ژیانی. لەم ماوەیەدا جەوهەری ڕاستی نووسەر دەردەکەوێ وەك نووسەرێکی بەتوانا لە هونەری ڕۆمانی کوردیدا، بەرهەمەکانی ڕووی ئەوەیان دەبێ بکرێن بە زمانی ڕووسی و زمانی هەندێ لە میللەتانی قەفقاسی ڕووسیا و ئەو بێگانانە پێشوازییێکی باشی بەرهەمی عەرەب بکەن و وەك داهێنانێکی ئەدەبیی بەرز بکەوێتە بەرچاویان.

ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی ئەم سەردەمەی لە دەوری دوو مەبەستی سەرەکی دەسووڕانەوە. یەکەمیان بڵاوکردنەوەی بیری فەلسەفی سۆسیالیزم وەك ئیدیۆلۆجییەتێك مرۆڤایەتی لە چەوساندنەوە ڕزگار دەکا. دووەمیان یەکێتیی خاکی کوردستان و میللەتی کورد و هەوڵدان بۆ یەکگرتنی ئەو خاکە پارچە کراوە بۆ ئەوەی کوردیش بە سەربەرزی وەکو میللەتانی دیکە بژی. عەرەب دەیویست ئەم ئاڕەزووەی بەڕێگەی ئاشتی بەدی بێنێ.

لە ساڵانی ۱۹۵۷ ـ ۱۹۵۹ ڕۆمانی «بەربانگ» و «ژینا بەختەوەری» بڵاو کردەوە. لە ناوی ئەم کردەوە ئەدەبییانەوە هەندێ لە ناوەرۆکیان ئاشکرا دەبێ «بەربانگ» ڕەمزی شەفەقێکی تازەیە، لە دایکبوونی کۆمەڵێکی نوێ. ئەو ڕۆژە تازەیە تەنیا بەسەر کوردی ئەوێ هەڵنەهاتووە، بەڵکو لە ئاسۆی خاکی هەموو نەتەوەکانی ڕووسیا سەری دەرهێناوە. ئینجا «ژینا بەختەوەر». ژیانی بەختیاری لە کۆمەڵێکی سەربەستدا، هەموو کەسێکی گرتۆتەوە، چونکە ئەگەر دەوڵەمەندیش لەم کۆمەڵە نەبێ هەژاریشی تێدا نییە. عەرەب لەو کاتەی لە بنجدا ئەو ڕۆمانانەی بۆ ئەوەیە باری قورسی ژیان بۆ هەموو ئادەمزادێك سووك بکا، ئەو لە کۆمەڵی کوردەواری دەدوێ، بە زمانی کوردی قسەیان بۆ دەکا. واتە ناسیۆنالیزم و ئەنتەرناسیۆنالیزم تێکەڵ بەیەکتری دەکا.

لە ساڵی ۱۹٦۱ ڕۆمانێك بەناوی «کوردی ئەرمەنستان» دەنووسێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە سیناریۆ بووە بۆ فیلمێکی سینەمایی لە بابەت ژیانی کوردی ئەرمەنستانەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی شاخی ئەلەگەز و ئاوەدانییەکانی بناری شاخ و دەشتی ئەلەگەز. هەموو لایەنی ژیانی ئەو کوردانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خوێندەواری و ئەدەبی و هونەری دەگرێتەوە.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا عەرەب لەسەر شێوازی تایبەتی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوە هەیە لە ڕووخسار و ناوەرۆکەوە هەست بە گۆڕانی بەردەوجوون بۆ پێشەوە دەکرێ. تاقیکردنەوەی زۆری لە زمانی کوردی. ڕستە و تەعبیر و لێکسیکۆن و وشە و زاراوە بەرەو پێشەوە دەبا. هەندێ لەو کەرەستانە لە زمانانی ڕووسیو ئەرمەنی وەردەگرێ، چونکە ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی ئەوە دەخوازێ. ئەو لە بنەڕەتدا هەرچەندە پارێزگاری ژیانی کوردی کردووە لە کۆمەڵی کۆچەری و کشتوکاڵیدا، بەڵام مەبەسی بنچینەیی ئەوەیە مەدەنییەتی پێشەسازی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بخوڵقێنێ بۆ ئەم مەسەلەیە پێویستی بە زاراوە و لێکسیکۆنی زمانێکی بەرز هەیە. لەم لایەنەوە تاقیکردنەوەی عەرەب لە پێشخستنی زمانی کوردی زۆرە بۆ ئەوەی زمانەکە پڕ بەپێستی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بێ.

لە ساڵی ۱۹٦٦ عەرەب ڕۆمانی «دمدم»ی بڵاو کردەوە. ئەمە نموونەی ئەو هەنگاوە بوو ناوەرۆکی ناسیۆنالی بیێتە مەبەسی سەرەکی لە نووسینی ڕۆماندا و ئەنتەرناسیۆنالی بە پلەی دووەم بیێتە هەوێنی ئەو بیروڕایانەی نووسەر دەریان دەبڕێ. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە عەرەب بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەی لە ڕووداوێکی میژوویی وەرگرتووە. هەر ئەوەندە پارێزگاری ڕووداوە میژوویەکانی کردووە ئەوەندەی کەڵکیان هەیە بۆ ئەو ڕووداوە نوێیەی نووسەر لە پێناوی داهێنانی ئەدەبییدا دروستی دەکا. بەم جۆرە ڕۆمانەکە کارێکی داهێنانی ئەدەبییە، هیچ

پێوەندییەکی بە زانستی مێژووەوە نییە. نووسەر ڕاپەڕین و بەرگریکردنی خانی لەپزێڕین لە قەڵای دمدم دەکا بە ڕەمز بۆ بەرگریکردن لە هەموو کوردستان. قارەمانان لە دانیشتووانی هەموو هەرێمەکانی کوردستانن. ڕووداو و خۆ ئامادەکردن لە هەموو شار و ئاوەدانییەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە قەڵا بەرچاو دەکەون. نووسەر بایەخی زۆر بە هاوسێیانی کورد دەدا، بەلایەوە پێوەندی پێیانەوە پێویستە دۆستانە و ئاشتیانە بێ. بایەخدانی بەئەرمەن زیاتر لەوەوە هاتووە خۆیان لە نزیك ئەوانەوە دەژین، ئەگینا پێوەندی و هاوسێیەتی کورد لەگەڵ تورك و فارس و عەرەب لە ئەرمەن زۆر زیاترە. ئەگەر لە ڕۆمانەکەدا هەندێ دیاردە هەبێ لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە ناڕاست بێ، کارێکی زۆر ئاساییە، چونکە ڕۆمانی مێژوویی بەگشتی وەك داهێنانێکی ئەدەبی تەماشا دەکرێ نەك تێۆرییەکی زانستی مێژوو.

لە سەرەتای حەفتاکان عەرەب خەریکی نووسینەوەی ڕۆمانی «هالاو» بوو لە بابەت خەباتی کورد لە کوردستانی گەورەدا لە پێناوی مافی نەتەوەییەوە. هەر لەو کاتەدا پرۆژەی نووسینەوەی ڕۆمانێکی دیکەی دانابوو بە ناوی «گوندی ئێمە»ەوە.

عەرەبی شەمۆ لە ڕیزی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانە دەوەستێ کە دەوری باڵایان هەبوو لە خەملاندنی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردی لە وڵاتی قەفقاسی ڕووسیا لە سەدەی بیستەمدا. یەکەمین نووسەری کوردە لەو وڵاتە و لە هەموو کوردستاندا کە ڕۆمانی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، تەنیا بایەخی بەم هونەرە گرنگە داوە و لە هەموو نووسەرانی دیکە زیاتر بەرهەمی لەم بابەتەی خستۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

عەرەب تەنیا نووسەر نەبوو، کارگەرێکی زانستی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەلفوبێی بۆ کورد دانا، زمانی کوردی بڕار دەکرد. ئامۆژگاری لاوانی

دەکرد، فێری سۆزی مرۆڤایەتی و گیانی کوردایەتی دەکردن. هانی خوێندنی دەدان، ڕێگەی بۆ خۆش دەکردن بچن لە وڵاتی دوور بخوێنن. لە ئێسگەی شەمەندەفەر بەڕێی دەکردن بۆ ئەو وڵاتانە. دەسەڵاتی داپڵۆسینی ستالینی بیست ساڵ بە دەستبەسەری ناوارەی سیبیریای کرد. لە پاشانا وتیان ئێمە هەڵە بووین، هەرچۆنێ بێ ئەوان مردن، بەڵام عەرەبی شەمۆ مایەوە.(۱۲)

● *وەزیری نادری*

وەزیر کوڕی جەبار کوڕی نادر لە ۱۰ی مایسی ۱۹۱۱ لە گوندی بۆرالان لە ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە دایك بووە. بەپێی دەستووری کوردەواری بە وەزیر نادری لەناو خەڵکیدا ناسراوە. باوك و دایکی لە خێزانێکی کوردی کۆچەر بوون. تەمەنی سێ ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. بەمە گوزەرانی دارایی ماڵیان تێك دەچێ. نووزای دایکی ژنێکی بەکار بووە لە ماڵە دەوڵەمەندان کاری کردووە بۆ ئەوەی منداڵی پێبگەیەنێ. ساڵح و یووسفی برای شوانکارە بوون، بەڵام شەرۆ بچووك بوو. دایکی وەزیر لە حوجرەی مزگەوت لەبەر خوێندنی دادەنێ، ماوەیێك دەخوێنێ فێری تورکی و فارسی دەبێ. لە خوێندنەدا زیرەك بووە، لە فێرکردن یارمەتی هاوڕێکانی داوە لە شاگردانی حوجرە. وەزیر لە لای مامۆستا خۆشەویست بووە، لێیەوە نزیك بووە. کێبی ئەدەبی و دیوانی شێعری خستۆتە بەردەستی. لە سەردەمی قوتابیەتیەوە هەوەسی خوێندنەوەی شێعر و لە دواییدا مەشقی نووسینی بووە.

لە ساڵی ۱۹۲۵ لە دوای کارەساتەکەی لە سێدارەدرانی شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی، قەڵاچۆکردنی کورد لەلایەن کەمالیەکانەو بەردەوام بوو.

لەو ڕۆژگارە شوومەدا لە ساڵی ١٩٢٦ هەزار و حەوسەد ماڵی عەشرەتەکانی بروکی و شاولیك و بەشك و بانۆکی کورد و هی دیکە لە دەست دڕندەیی تورکە کەمالیەکان ئاوارە بوون و خاکیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە قەفقاسی ڕووسیا و پەنایان بردە بەر دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان. ماڵی وەزیر یەکێك بوو لەو ئاوارانە.

لە ساڵی ١٩٢٨ وەزیر بووە بە قوتابیی قۆناغی ناوەندی لە گوندی سێردەرەك لە ناوچەی نەخچەوان. ئەم ناوچەیە کۆماری ئەفتۆنۆمی بوو سەر بە ئازربێجان و دانیشتوانی بەروری سارەری و بەرمەن و کەمێکیش کورد بوون. ساڵێك لەو قوتابخانەیەی خوێندووە و ئەوجا بووە بە مامۆستای قوتابخانەی گوندی شاولێك لەو ناوچەیەدا. لەپاشانا لە ساڵی ١٩٣٣ کارگێڕی ئەو قوتابخانەیەی پێسپێرراوە. لەم کارەیدا زۆر نەماوەتەوە لە پاییزی ئەو ساڵەدا ماڵی گواستۆتەوە یەریڤان و بووە بە مامۆستای تێکنیکۆم و وانەی زمانی کوردی وتۆتەوە. هەر لەو کاتەشدا بۆتەوە بە قوتابی. لە ساڵی ١٩٣٥دا لە ئامۆژگای پەروەردەی ئەرمەنی و ئامۆژگای پەروەردەی ڕووسی بۆتەوە بە قوتابی و لە ساڵی ١٩٣٩ دا هەردووکیانی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٤٠ لە زانستگای یەریڤان وتنەوەی زمانی فارسی پێ سپێررا. لەو کاتەی مامۆستا بوو لە زانستگا لە بەشی خوێندنی باڵا خۆی ناونووس کرد و بوو بە قوتابی دوکتۆرا.

نامەی خوێندنی باڵای ئامادە کرد، لەسەر بەرگری کردن بوو لە نامەکەی بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا و لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ بەدەستی نەیارانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی و دوژمنانی کوردەوە کۆژرا و کورد فرزەندێکی دیکەی گۆڕەپانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەست چوو.

وەزیر جگە لە زمانی دایکی زمانانی تورکی (ئازەری) و فارسی و ڕووسی

و ئەرمەنی و گورجی زانیوە. بەشی زۆری ژیانی بە مامۆستای خوێندنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەنجی و ئامادەیی و زانستگا بردۆتە سەر. لە کاروباری کۆمەڵایەتی و پڕۆشنبیری چالاك بووە. لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك وتار و نووسینی هەمەڕەنگی لە ڕۆژنامەی «ریاتازە»ی کوردی لە یەریڤان بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە. وەزیر دەوری گرنگی بووە لە ناساندنی کورد لە هەموو ڕووبێکەوە بە خوێنەری ئازربێجانی و ئەرمەن بۆ ئەم مەبەسە گەلێ وتاری بەزمانی ئەرمەنی لە ڕۆژنامەی «ئەرمەنستانی سۆڤیەت» و بە زمانی ئازربێجانی لە ڕۆژنامە و کۆواڕەکانی ئازربێجان بلاوکردۆتەوە.

گرنگترین کتێبێکی پەروەردەیی ئەوەیە کە وەزیر بۆ قوتابیانی داناوە و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی ئەرمەنستانەوە بڕیاری لەسەر دراوە وەك کتێبێکی سەرچاوە بۆ قوتابخانە کوردییەکان. ئەم کتێبە بەم ناوەوە بڵاو کراوەتەوە «زمانێ کورمانجی ـ زمانnامە، ڕاستنڤیسار ـ ئاخافتنا خەبەردانێ ژ ئالیێ مینیستیریا ڕۆنایێ ئەرمەنستانێ هاتیە قەبوول کرنێ» لە یەریڤان لە ساڵی ۱۹۴۷ لە چاپ دراوە.

وەزیر یادی پیرۆز و پڕ لە سۆزی لەناو دڵ و دەروونی نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی قەفقاسی ڕووسیا لە شاعیر و نووسەر و خوێندەواران بەجێ هێشتووە. بەداخەوە بیری دەکەنەوە ونەفرەت لەو پیاوکوژانە دەکەن کە بوونە نەمانی فرزەندێك کورد هێشتا پێویستی پێی بوو.

وەزیر ئەگەر خوێندەوار نەبوایە دیسانەوە دەبوو بە شاعیرێکی میللی نەخوێندەوار، بەڵام کە بوو بە خوێندەوار شێعری میللیی سەرزاری وەرگێڕایە سەر ئەو جۆرە شێعرەی لە دواییدا شێعری کلاسیکی پێ دەڵێن.

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم وەزیر دوو بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوی گرنگی بڵاو کردەوە:

۱ـ کۆمەڵە شێعرێك بەناوی «نووبار»ەوە، ئەم بەرهەمە تاقیکردنەوەیێکی

بەکەڵك بوو بۆ دروستبوونی ئەدەبێکی نووسراوی بەرز لە ناو کوردی ئەو وڵاتە کە لەمەوپێش ئەدەبی نووسراویان نەبوو، بەڵکو خاوەن ئەدەبێکی میللیی سەرزاری جوان بوون.

۲ـ بەرهەمێکی دیکەی گرنگی وەزیر لە ساڵی ۱۹۳۵ بەم ناوونیشانە بڵاو کراوەتەوە «ڕەفا ژنێ، پیەسە بۆنا تاترۆنێ کورمانجا ژ چار پەردە». ئەم بەرهەمە دراماێکی شانۆگەرییە بەناوی ڕەدووکەوتن یا بەدووکەوتنی ژن لە چوار پەردە پێکهاتووە. شاعیر هەوڵ دەدا ناشیرینی و ناهەمواری ئەم ڕەوشتە خێڵەکی و دواکەوتووە لە بەرجاوی خەڵکی کورد ڕەس بکا. بەوی داستی بێ کوردی ئەو وڵاتە لەو ڕۆژگارەی ژیانی تازەیان دەست پێکردبوو گەورەترین ناگزوریان نەخوێندەواری و بەدووکەوتنی ژن بوو، ئیتر نەك تەنیا وەزیر بەڵکو بەگشتی بزووتنەوە ئەدەبییە تازەکەیان بایەخی زۆری بەم دوو جۆرە گیروگرفتە دەدا و ڕەنگیان لە ئەدەبی کوردی و شانۆ دابووەوە بە شیعر و پەخشانەوە.

چالاکی ئەدەبی وەزیر لە جەنگی دووەمی گێتیی سەدەی بیستەم لە لووتکەدا بوو، شێعری زۆری دژی بیری نازیزم و فاشیزمی هەڵگیرسێنەرانی جەنگ نووسیوە، ستایشی بەرەی سوێندخۆرانی کردووە بەتایبەتی دەسەڵات و سوپای سۆڤیەتی ئەو سەردەمە. نموونەی ئەم ئەدەبە بەرزەی چیرۆکی شێعری «وەتەن و هزکرن» (نیشتمان و دڵداری) یان «نادۆ و گولیزەر»، چیرۆکێکی شێعری درێژە. خۆیان «پۆیێم»ی پێ دەڵێن، لە دە بەش پێکهاتووە. بەرهەمێکە گەلێ هەڵوێستی ناسك لە ژیانی تاکی ناو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەوروووژێنێ.

وەکو لە ناوی بەرهەمەکە دەردەکەوێ قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە دوو کەسی کورد نادۆ و گولیزەرن. ئیتر شاعیر ڕێگە بە خەیاڵی شێعری خۆی دەدا بەئازادی لە گێتیی داهێنانی ئەدەبی بسووڕێتەوە. دیارە پێش هەموو شتێك نادۆ و گولیزەر دڵدار و دڵبەرن. ئینجا دەبن بە ڕەمزی نیشتمانپەروەری و جەنگاوەری،

مێژوو شانازییانە، ئاشتی و دێموکراتی نیازیانە، لە سایەی کۆمەڵی یەکسانیدا دەتوانن دەست لە ملی یەکتر بکەن و بەئازادی بژین.

وەزیر لەم کارە ئەدەبییەدا بایەخی زۆری بەو ڕووداوانە داوە کە لە مێژووی کورددا بوون بە ڕەمزی شانازی. شەرەف خانی بدلیسی و ئەحمەدی خانی و خانی لەبزێرین و مەلای جزیری یاد دەکاتەوە. بەڵای ئەوەوە کورد تەنیا دێرینەکە نییە. ڕۆژی ئەمڕۆ کوردی هەموو کوردستانەکان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا وڵاتەکەی خۆیان، هەموویان هەڵساونەتە سەرپێ، لەگەڵ بەرەی دێموکراتی و لە دژی جەنگخوازی فاشستەکان.

شاعیر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بە قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان و بیروڕای دانایانە ڕازاندۆتەوە. ڕەچاوی ئەوەی کردووە زۆرترین خەڵکی کوردزمان لە خوێندەوار و نەخوێندەوار لە قسەکانی بگەن و مێشك و خەیاڵیان بجووڵێنێ.

وەزیر پێشەکی چیرۆکەکەی بەم دێڕە شێعرانە دەست پێ دەکا:

خولی دێیە بۆنا هەر بەنی ئینسان
هەر تشت ژێیە ئو مرن هەر زەمان
وەلات باقە نە تەنێ فرۆتن نە کرین
ئازایی ناقە کولتوور بۆی تاریفا مێزین
دەرب یا دایانە هوون بکن باوەڕی
ناڤ بۆی گشکانە خۆف کو نەکە سەرکاری
ئەو شێرێ شێر مێرخاسێ پۆ ناڤدار
تاریفێدا حوبرا زێڕین تێ نڤیسار
عوسمان ژ وێ دا نزلە بۆی سەیرانگێ
ب خوونێ خەملاندییە جێی جەنگێ
بنێرە ستوخار ل عەگیتێ منی ب عەمەل

نادۆیێ کوباری بێ خۆفی بێ عەجەل

•••

با دەعوەتە هێسرێ عەورا ژی باران
هەر شایێ شینەك هەیە هەر ئوسان
تم پێشێ ئینسانە حوب و حەز کرن
شین و شایی ژ هەڤنایێن کرن

بەم وێنە شێعرییە جوان و پڕ مانایانە شاعیر ڕێگە خۆش دەکا بۆ باسکردن لە سۆزی دڵداری لای ئەو کور و کیژە کوردەی ناویان نادۆ و گولیرەرە و بوون بە ڕەمزی دڵداری و نیشتمان.

وەزیری نادری یەکێك بوو لە ڕۆشنبیرە بەرچاوەکانی کوردی وڵاتی قەفقاسی ڕووسیا. ئاسۆی بیری فراوان بوو، توانای داهێنانی بەهێز بوو، سەری لە سیاسەت و جموجۆڵی نیشتمانپەروەری دەردەچوو، ژیانی کورت بوو بەڵام تاقیکردنەوەی زۆربوو، دایك و باوکی تا پاش لە دایکبوونی ئەویش گوزەرانیان باش بوو. لەدواییدا کەوتنە بەرەی هەژارانەوە. شوێنەواری ژیانی دواکەوتوویی دەسەڵاتی تورکی عوسمانی لە مێشکیدا ماوە. زوڵم و زۆری پیاوکوژە تورکە کەمالییەکانی لە بیر نەچووە. دڵسۆزی ئەو دەسەڵاتەی قەفقاسی ڕووسیا کە لە تیرۆری تورك کەسوکاری ڕزگار کردن، لە پێش چاوە. ئەم هەموو هۆیانە قوتابخانەی بنچینەیی وەزیری نادری بوون. تاقیکردنەوەی ئەم ژیانە تاڵ و تفتە، لەگەڵ خوێندنی بەردەوام و زانینی کۆمەڵێك زمانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی مامۆستا و نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرێکی کوردی بەدیمەنی لە وەزیری نادری دروست کرد.[۱۳]

● *مامۆستا وەزیری ئەشنۆ*

(نووسەر، ڕۆژنامەوان و مێژوونا‌سی کورد)

مامۆستا وەزیری ئەشق، نووسەر و رۆژنامەوان و مێژووناسێکی کوردە. سالّی ۱۹۳٤ لە تبلیس لەدایک بووە. سالّی ۱۹۵۳ قۆناخی دواناوەندی لە تبلیس تەواو کردووە و لە هەمان سالّدا لە زانکۆی یەریڤان وەرگیراوە و دەستی بە خوێندنی مێژوو کردووە. لە سالّی ۱۹۵۸دا کراوەتە بەرێوەبەری قوتابخانە. لە سالّی ۱۹۶۱ بۆ خوێندنی دکتۆرا لە بواری مێژووی کورددا چووەتە لێنینگراد. هاوشانی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و حەجیێ جندی و جەلیلێ جەلیل و زۆر کەسی دیکە، رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لەناو کوردانی سۆڤیەتدا. لە سالّی ۱۹۵۵ بۆ ۱۹۹٤ بریک بە ٤۰ سالّ لە رادیۆی کوردیی یەریڤان کاری کردووە. هاوکات بەشداریی و هاوکاریی لە رۆژنامە کوردییەکانی ئەوسای سۆڤیەتدا هەبووە. لە سالّی ۱۹۶۳ەوە لە چاپەمەنییەکانی ئەرمینیاش کاری کردووە.

مامۆستا وەزیری ئەشق تا ئێستا خاوەنی پێنج کتێبە و یەکەم کتێبی لە سالّی ۱۹۷۶ بەناوی «مزگێنی» بڵاو کراوەتەوە و سەدان وتاری بە زمانەکانی کوردی و ئەرمەنی و ڕووسی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو و ئەوروپا و گۆڤارە ئەدەبییەکانی نووسەرانی ئەرمەنی و ڕووسدا بڵاو کردۆتەوە و کۆمەڵێک کتێبی تری چاپنەکراوی بەرێگاوەن.

رادیۆی کوردیی یەریڤان بۆ یەکەمجار لە سالّی ۱۹۵۵ دامەزرا و ئەو سالّە ناوبراو هێشتا خوێندکاری زانکۆی یەریڤان بووە و لە هەمان سالّدا پەیوەندیی بە رادیۆوە کردووە. لەبەر ئەوەی کوردییەکی باشی زانیوە، لەسەر داوای سەرۆکی بەشی کوردی بابەتەکانی رادیۆی لە زمانی ئەرمەنییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەوانیش لە رادیۆوە دەیانخوێندنەوە و پێشکەشیان دەکرد. هەنگاو بەهەنگاو وتار و شرۆڤەی بۆ رادیۆ نووسیوە. هەروەها ئەوساکە شانۆگەریی رادیۆیی پێشکەش دەکرا و دوو لەو شانۆگەرییانە لەلایەن بەرێزیانەوە نووسراون و بێجگە لەوەش هەم وەک ئەکتەر و هەندێک جاریش وەک یاریدەدەری

دەرهێنەر بەشداریی لە شانۆگەریەکاندا کردووە. لە ساڵی ۱۹۵۵ تا ساڵی ۱۹۹٤ بە گشتیی نزیک بە ٤۰ ساڵ لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان کاری کردووە. لە ساڵی ۱۹۸۳ تا ۱۹۹٤ ئەندامێکی فەرمیی و یاسایی ڕادیۆ بووە. لە ماوەی ٤۰ ساڵدا بە سەدان وتاری لە ڕادیۆ بڵاو کراوەتەوە.

هاوکاتی کارکردن لە ڕادیۆ، لە ساڵی ۱۹٦۳ەوە لە چاپەمەنییەکانی ئەرمینیا کاری کردووە، جگە لەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامە ئەرمەنی و ڕووسییەکاندا بڵاو کراوەتەوە. یەکەم نۆڤێلی ئەدەبی بە زمانی کوردی لە ساڵی ۱۹۵۸ لە ڕۆژنامەی «ڕیاتازە»دا بە ناونیشانی «ئاڵای سوور» بڵاو کردۆتەوە. هەروەها زۆر چیرۆک و وتار و بەرهەمی تری لە ڕیا تازە و گۆڤارە ئەدەبییەکانی نووسەرانی ئەرمەنی و ڕووسدا بڵاو کردۆتەوە. دوای کتێبی «مزگێنی»، لە ساڵی ۱۹۸۳ کتێبێکی بە نێوی «دەنگ بێژ کال ببوو» بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ۱۹۸٦یش ڕۆمانێکی بەڵگەداری لەسەر گوندەکەیان نووسیوە. بێجگە لەوە مامۆستا لە ماوەی ژیانیدا چەندین کتێب و نووسراوی بەنرخ و بەپێزی پێشکەش خوێنەرانی کردووە و خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەکەی کردووە.

پەیامی مامۆستا وەزیری ئەشۆ بۆ ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆی کورد لە زمانی خۆیەوە:

لەو دیمانەیەی کە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا وەزیری ئەشۆ کراوە، ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسەر و کوردناس و ڕۆژنامەوانی کورد:

«بەر لە هەموو شتێک بە کوردی بنووسن و بەر لە هەموو شتێک پێویستە بە زمانی خۆمان ئەدەبیاتەکەمان دەوڵەمەند بکەین. ئەگەر بە زمانی دوژمنەکانمان بنووسن ئەوە بە دەستی خۆمان نەتەوەکەی خۆمان دەتوێنینەوە، ئەوەش واتای ناوکردنە ناشی دوژمنانە. دەبێت هەموو کوردێک کوردی بزانێت کاتێک کە تورکەکان دەڵێن زمانی کوردی بوونی نییە، دەبێ لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی

تـورک تێبکۆشـین و بیسـەلمێنین که زمانـی خۆمان هەیـە و زمانەکەمـان زمانێکی دەوڵەمەنـدە و بـەو زمانـە دەتوانیـن کاری زانیاریـی و ئەدەبیـات و هەمـوو کارێـک ئەنجـام بدەیـن. ئـەوەش گەورەتریـن پەخنـەی منە لـەو نووسـەرە کوردانـەی کە بە کوردی نانووسـن!

وەک چۆن هەموو نووسـەرە کوردەکانی ئەرمینیا بە کوردی دەسـتیان بە خەبات کـردووە و بـە کوردییـش نووسـیویانە، داوایشـم لـە سـەرجەم نووسـەرە کوردەکانی باشـوور و باکـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئەوەیـە بـەر لـە هەمـوو شـتێک بـە زمانـی کوردی بنووسـن. ئەگـەر کوردییەکەیـان بەهێز نیـە، با کوردییەکەیـان بەهێز بکـەن وبەرەوپێشـی ببـەن. وەک چـۆن ئەحمـەدی خانـی دەڵێـت: «خـۆم خۆمـم پێ گەیانـدووە». ئەحمـەدی خانی گەورەترین دەسـتکەوتی لە بەکوردی نووسـینی «مەمووزیـن»دا دەبینێـت و زۆر دڵـی بـەوە خـۆش بـووە کـە مـەم و زینی بـە کوردی نووسـیوە. دەبێـت هەمووماـن بـە کـوردی بنووسـین و بە کـوردی بیر بکەینـەوە و بە کـوردی بـڵاوی بکەینـەوە. دەبێـت زمانـی هـەزاران سـاڵەمان لەدەسـت نەدەیـن و بەهێـزی بکەیـن و بیکەیـن بـە زمانێکی سـتاندارد.[۱۴]

(ژیـان و بەسـەرهاتی مامۆسـتا، لـە دیمانەیەکـی دوور و درێـژی بەڕێـز ڕێنـاس نـەورۆزی لەگەڵ ناوبـراو هەڵێنجراوە کە لەژێر سـەردێڕی «وەزیرێ ئەشـۆ مێژووی کوردەکانـی سـۆڤیەتی جاران دەگێڕێتەوە» لە ماڵپەڕی دیمانـە بڵاو بۆتەوە و بێجگە لەمـە زۆر بابەتی گرنگی دیکەشـی تێداباس کراوە)

• حاجی جندی

(حەجیێ جندی)

حاجـی کـوڕی جنـدی جـەواری لـە ڕۆژی ۱۸ی مارتـی ۱۹۰۸ لـە گونـدی یەمانچایـر لـە ناوچـەی قـارس لـە کوردسـتانی عوسـمانی لە دایـک بـووە. باوکی لە

بنەماڵەیێکی هەژاری گوندی بووە. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی گێتیدا ماڵی باوکی و کەسوکاری لە دەست دڕندەیی تورکی عوسمانی ڕایان کردووە بۆ ئەرمەنستان. لە ماوەی جەنگدا عوسمانییەکان هێرشی جانەوەرانەیان بۆ سەر کوردی ئێزیدی بەهێز بوو. حاجی بە ڕێکوپێکی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، تا ساڵی ١٩٢٦ کۆتایی بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هێناوە. لەو ساڵەدا بووە بە قوتابی زانستگای یەریڤان. لە ساڵی ١٩٣٠ باوەڕنامەی کۆلێجی زمان و ئەدەبی وەرگرتووە.

لەم ماوەیەدا بووژانەوە و پەرەسەندنی جوڵانەوەی ئەتاو کوردی لە وڵاتەدا دەستی پێکردووە. حاجی دەوری گرنگی بووە وەك مامۆستایێك لە مەیدانی وانە وتنەوە و دانانی کتێب بۆ قوتابخانە کوردییەکان. بەهەموو جۆرێك حاجی لە نێوەندی خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری دور نەکەوتۆتەوە. هەموو پلەکانی خوێندنی بڕیوە. لە ساڵی ١٩٥٥ بە کارگەری زانستی هەڵدەبژێررێ لە ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان لە بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی دەکەوێتە کار. هەر لەو کاتەدا دەست دەکا بە ئامادەکردنی نامەی دوکتۆرا. لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێ بە دوکتۆری پسپۆڕ لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. لە دوای ئەوەدا پێوەندی پەیدا دەکاتەوە لە زانستگای یەریڤان و سیمیناری بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی بەڕێوە دەبا. لە ساڵی ١٩٦٦ پلەی پرۆفیسۆری پێ دەبەخشرێ و لە زانستگا و ئەکادیمیە جێگەی دیاری دەبێ.

بەهۆی جموجۆڵی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە چەند نیشان و میدالییەیەکی بەرزی وەرگرتووە و لە هەندێ کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە ناوەوەی ڕووسیای سۆڤیەت و دەرەوە بەشداری کردووە. کۆمەڵێك وتار و باسی زانستی و ئەدەبی بڵاو کردۆتەوە. پێوەندی بە زانستگا و ئەکادیمیەوە ماوە تا دوایی ژیان لە ڕۆژی ١ی مایسی ساڵی ١٩٩٠ لە یەریڤان کۆچی دوایی کردووە.

حاجی لەگەڵ ئەمینی عەبدالّ و عەرەبی شەمۆ گەورەترین دەوریان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری هەبووە لەناو کوردی قەفقاسی ڕووسیا. لە قۆناغی یەکەمی مافی خوێندەواری کورد لەو وڵاتەدا (۱۹۳۰ ـ ۱۹۳۷) حاجی زۆرترین کتێبی قوتابخانەی داناوە. بەشداری هەبووە لەگەڵ مامۆستایانی دیکە و کتێبی بۆ قوتابخانە کوردییەکان نووسیوەتەوە. جگە لەوە بەهاوکاری لەگەڵ دانەرانی دیکە فەرهەنگی ئەرمەنی ـ کوردی (۱۹۳۳) بڵاو کردۆتەوە. بایەخی زۆری بە ئەلفوبێی تازەی لاتینی داوە بۆ قوتابیان. هەروەها کتێبی تایبەتی داناوە بۆ حەڵکی بەبەمەن گەورەی بەحوێندەوار.

لە قۆناغی دووەمی مافی خوێندەواری کورد لە ۱۹٤٦ەوە تا کۆتایی ژیانی حاجی کۆششی زۆری کردووە بۆ چەسپاندن و بڵاو کردنەوەی ئەلفوبێی کوردی لەسەر بنجی ئەلفوبێی کیریلی کە دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان بۆ نووسینی کوردی دانابوو. زادەی بیری زانستی حاجی لە زانستگا و ئەکادیمیە لە یەریڤان کۆمەڵێك باسی زانستی بوو لە بارەی هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەکان لە گۆڕەپانی کوردناسیدا بەتایبەتی لە فۆلکلۆر. حاجی یەکێ بوو لە گەورەکان لە ڕووی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللیی سەرزار (فۆلکلۆر) بە شێعر و پەخشانەوە.

حاجی وەکو نووسەر و شاعیرێك ئاگاداری بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بووە لەو کۆمەڵەدا، وەکو براگەورە یا پێش سپێك یاریدەری شاعیر و نووسەرانی داوە، چاودێری کارەکانیانی کردووە، دەوری باڵای بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیان. ئەو کتێبە تایبەتیانەی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانیان گرتۆتە خۆ، حاجی بەرهەمی خۆی تیایاندا بڵاو کردۆتەوە و سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هەموو شاعیر و نووسەرانی دیکەی کردووە. زۆربەی ئەم کتێبە بەنرخانە لە ساڵانی ۱۹۳۵ ـ ۱۹۵۹ بڵاو کراونەتەوە. سەرچاوەیەکی

گرنگن بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەو وڵاتەدا.

بەرهەمی داهێنراوی حاجی دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١ـ پەخشان: بەشی زۆری بەرهەمی بەپەخشان نووسیوە. بۆ ئەمەهونەرەئاساییەکانی ئەدەبی هەڵبژاردووە، وەکو وتار و چیرۆك و رۆمان. بەشێکی ناوەرۆکی ئەمانە لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگیراون، بەشێکی دیکەی لە داهێنانی خۆیەتی. ئەوەی سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر ئەدەبی میللی، حاجی وەکو خۆی وەری نەگرتووە بەڵکو بەزمانی بەرزی ئەدەبی سەردەم دایڕشتۆتەوە. هەروەها لە هەندێ قارەمانی حیکایەتی میللیی سەرزار ڕووداوی بۆی دروست کردووە ئەگەڵ هەڵسوکەوتی سەردەمدا بگونجێ. بەم جۆرە خوێندەوار لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانەی حاجی دەتوانێ بەپێی ناوەرۆکیان ئەوانەی ڕەسەن لەئەوانەی وەرگیراو جیا بکاتەوە بۆ بەڵگە لە چیرۆکەکانی حاجی ئەم ناوانە بەرچاو دەکەون: فیریك، دمدم، عەمۆیێ کرمانج و هی دیکە.

گەورەترین ڕۆمانی حاجی بەناوی «هەواری» (بەهاوار گەیشتن) بەیادی پەنجا ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩٦٧ لە یەریڤان بڵاو کراوەتەوە. نووسەر لەو ڕۆمانەدا لە گرنگی ئەم شۆڕشە دەدوێ نەك تەنیا بۆ نەتەوەکانی وڵاتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەناو ئەمانەشدا بەلای نووسەرەوە بۆ کورد گەلێ گرنگ بووە. ئەمە هەر لە ناوی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ «بەهاوار گەیشتن» واتە ئەو شۆڕشە بەفریای هاواری کورد گەیشت و ئەو بەشە کوردەی ئەوێ لە چەوساندنەوە ڕزگاری بوو.

٢ـ شێعر: بەرهەمی شێعری کەمە. بەڕوخسار لە بابەتی لیریکە، کێش و قافیەی سیلابی خۆماڵی بەکار هێناوە، زمانی ئاسان و سەردەمانەیە، لە شێعری پەروەردەییەوە نزیکە. لە دەوروبەری ناوەرۆك و مەبەسی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و نیشتمانی ڕووسیای سۆڤیەتەکان دەسووڕێتەوە. لە بەشی کوردایەتییەکەدا سروشتی خاکی

کوردستان سەرچاوەیێکی گرنگە بۆ شاعیر. بەگشتی حاجی لە وەسفدا بەتوانایە. بۆیە وەسفی کەژەکانی ساڵ وەکو زستان و بەهار و هاوین جێگەی تایبەتییان هەیە لە شێعریدا. باسی زۆزان و ژیانی کوردەواری لە گوند و کاری شوانی و ڕەنجبەری و کێڵگە و کشتوکاڵ دەکا. لە بەشی نیشتمانپەروەرییەکەی نیشتمانی سۆسیالیزم لە ڕەمزەکانی دەسەڵاتی ئەو کاتەی دەدوێ. بەشان و باهووی کۆمۆنیزم و کۆڵخۆز و مۆسکۆ و لینین و ئەرمەنستان و گەلێ ڕەمزی دیکەی دەسەڵاتی سۆسیالیزم هەڵدەڵێ.

نموونەیەکی شێعری:

هەی هاڤینێ. جان هاڤینێ
ئەم تێر گەریان ناڤ گولگینێ
مە هەڤرا لیست ل زۆزانێ
ئەم خەبتین ناڤ کۆلخۆزێ

•••

گوورز پەی گورزا مە لۆد کرن
جەە ئو گەنم بەرەڤکرن
باغ و بۆستان مە خایکرن
میرگ و زەڤی ئاڤەش کرن

•••

حاجی جندی لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی کوردی قەفقاسی ڕووسیا بوو، لە زانستگا گەیشتە پلەی پرۆفیسۆری، بوو بە ئەندامی ئەکادیمیەی ئەرمەنستان، مامۆستایێکی سەرکەوتووی قوتابخانە و زانستگا بوو. خاوەنی گەلێ لیکۆڵینەوەی زانستیە لە بابەت کوردناسییەوە. کتێبی قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەی هەیە. یەکێکە لە زانا دیارەکانی ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلکلۆر). بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوی هەیە لە پەخشان و شێعر. پەخشانی زۆرە لە بابەتی

وتار و چیرۆك و رۆمان. بەڵام شێعری کەمە، زۆربەی شێعرەکانی دەچنە خانەی وەسفی سروشت و دیمەنی کۆمەڵی کشتوکاڵی و پیشەسازییەوە.[١٥]

• جاسمی جەلیل

جاسم کوڕی جەلیل کوڕی ئۆسێ لە گوندی قزل قولی ناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ لە دایك بووە. ئەو گوندە و ناوەدانییەکانی دیکەی دەوروبەری هەموویان کوردی ئێزدی بوون لە عەشیرەتەکانی ئوتی و جیلی. سەربە عەشرەتی سپیکی. باوکی جاسم کە جەلیل بوو لەدوایدا بوو بە لەقەب بۆ منداڵانی جاسم و نەوەی ئەوەوە. باوکی جاسم رەنجبەر بوو، هەندێ مەڕ و ماڵاتیان هەبوو. ئەگەر سیاسەتی تیرۆری تورك بەرامبەر کورد نەبوایە ئەو خەڵکە لەو ناوچانەدا دەیانتوانی ئاشتییانە و بەئارامی بژین.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی گێتی لە ساڵی ١٩١٨ و بەزینی سوپای عوسمانی لە جەنگدا سەربازی قەومی شۆڤێنی تورك هێرشیان بردە سەر ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی شوێنەواری کوردی تێدا نەهێڵێ. هەموو خەڵکی ناوچەکە کەوتنەخۆ لە پێناوی ڕزگارکردنی گیانیان، سەربازی تورك بەدوایانەوە بوو. لەدوای کوشتارێکی زۆر لەو خەڵکە ئەوانەی لەژیاندا مابوون، گەیشتنە ئاوەدانیێك ناوی بۆزبر بوو لە قەراغ ڕووباری ئاواڕەش لە نزیك ئەلەگەز.

لە پاشانا خەڵکەکە لە گوندەکانی ناوچەی ئەشتەرەك نیشتەجێ بوون. لەم کارەساتەدا جاسم لە کەسوکاری دابڕا. ئەوەی کوڕزا و ئەوەی لە ڕووبارا خنکا، ئێستا و ئەوساش کەسێکی لەوانە نەدۆزییەوە. لەو جێیەدا جاسم وێڵ و سەرگەردان و بێ دااڵدە بوو، لە شوێنێك بۆ شوێنێك لە پاروویی نان دەگەڕا. لە ساڵی١٩١٩ ڕووی کردە شاری ئەلێکساندرا پۆل لەوێ هەتیوخانەیەکی ئەمەریکی لێ بوو. ئەمە دەسکەوتێکی گرنگ بوو لە ژیانی جاسم. هەر لەو

ساڵەدا دەستی کرد بە خوێندن لە قوتابخانەی هەتیوخانەکەدا. لە ساڵی ١٩٢٣ هەتیوخانەکە گواسترایەوە شاری ستیپانەڤان. لەدوای دوو ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٢٥ جاسم پێنج ساڵی سەرەتایی خوێندبوو. لەو ساڵەدا دەسەڵاتی تازەی سۆڤیەتەکان هەتیوخانەکەی لە ئەمەریکاییەکان سەندەوە. لەو ماوەیەدا جاسم ناچار بوو کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بوو بە شاگردی میکانیکی کارەبا. لە ساڵی ١٩٢٦ ڕووی کردە شاری یەریڤان و دەستی بە کارکردن کرد لە پیشەسازی کارەبا. بەهۆی ئەم کارەیەوە وەکو کرێکارێك توانی خۆی لە پارتی کۆمۆنیست نزیك بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ ناردیانە باکۆ بۆ خوێندن لە قوتابخانەی سەرپایی پڕوپاگەندەی پارتی کۆمۆنیست تا ساڵی ١٩٣٠ لەوێ مایەوە. بۆ چەند مانگێکیش چووە شاری تفلیس و خوێندنی ئەو قوتابخانەیەی لەوێ تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٣١ گەڕایەوە یەریڤان و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەی پەروەردەی کوردی پێ سپێردرا، زۆر لەو کارەیدا نەمایەوە. لە ساڵی ١٩٣٢ خەریکی لایەنی تەکنیکی دەرهێنانی چاپەمەنی بوو.

لەو سەردەمەدا دەسەڵات بایەخی بە چاپکردنی کتێبی قوتابخانە و بە گشتی کتێبی کوردی دەدا. جاسم لەگەڵ دەستنووسی کتێب دەژیا. لەڕاست نووسین و هەڵەچنی شارەزا بوو، ئیتر لەگەڵ ئەو دەسنووسە دەبوو تا وەك کتێب دەگەیشتە خوێنەر.

لەساڵی ١٩٣٨ ـ ١٩٤١ بوو بە قوتابی ئامۆژگای مامۆستایان لەیەریڤان. لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی دووەمی گێتی، ئەوان جەنگی گەورەی نیشتمانی پێ دەڵێن، وازی لە خوێندن هێنا. لە ساڵی ١٩٤٢ بوو بە مووچەخۆر لە دادگا، لەو کارەیدا تا ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٥٤ کە بەشی کوردی لە ڕادیۆی ئەرمەنستان کرایەوە، بەشی مۆسیقا و گۆرانی و فۆلکلۆر بە جاسم سپێررا. لەبەر ئەوەی شارەزای مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بوو و بلوێژەنی چاك بوو لەگەڵ تیپی مۆسیقا بلوێری دەژەنی. تا دوایی شەستەکانی سەدەی بیستەم پێوەندی بەم

دەسگا ڕاگەیاندنەوەیەوە مابوو.

جاسم لە ژیانیدا تەمەنی نەوەد ساڵی بردەسەر، بۆیە ماوەی خانەنشینییەکەی درێژ بوو. لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کرد.

جاسم ئەگەر خوێندەواریش نەبوایە دەبوو بە شاعیرێکی میللی سەرزار، وەکو هەموو ئەو بەرهەمە میللییەی سەرزار یەکێکی نەخوێندەوار دایهێناوە. لەپاشانا ناوی خاوەنەکەی ون بووە. جاسم لە منداڵییەوە لە گوند هەستی شاعیری بووە. توانیویەتی شێعر بنووسێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندەواری نەبووە یەکەمیں شێعری کەوتۆتە نەو سەردەمەی فێری خوێندن و نووسیں بووە ، لەساڵی ١٩٣٢ شێعرەکەی لە ڕۆژنامەی «ڕیاتازە» بڵاو کردۆتەوە. جاسم وەك شاعیرانی دیکەی کوردی قەفقاسی ڕووسیا لیریك و پۆیێمی ڕووسی وەك ژانرێکی شێعری کاریان لە بەرهەمی کردووە.

جاسم شێعری زۆرە، لە کۆمەڵە کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە «ڕۆژی من» (١٩٦٠)، «کەلامێ چیا» (١٩٧٠)، ئۆدا کوردا (١٩٧٥)، کۆفیا دیا من (١٩٨٤).

شێعری جاسم لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردەواریە لە سەدەی بیستەمدا لە قەفقاسی ڕووسیا، بەتایبەتی ئەرمەنستان. لە ژیانی تازەی کۆمەڵی سوسیالیستی دەدوێ. نەتەوەی ڕووس و ئەرمەن بە ڕزگارکەری کورد دەزانی. ڕەمزەکانی ئەم دوو نەتەوەیە لە پیاوە ناوداراکان، بە گەورەترین کەسانی سەر ڕووی زەمین لەقەڵەم دەدا، وەسفی شار و هەرێمەکانی ڕووسیا و ئەرمەنستان و گورجستان دەکا. سۆز و خۆشەویستی بێپایانە بەرامبەر فیکری سۆسیالیزم.

لەبارەی کوردەوە جاسم خوێنەری کورد بە کورد دەناسێنێ، مەبەس ئەوەیە هەموو شتێکی کە لە بابەت کوردستانە بچووکەکەی خۆیان «ئەلەگەز»ی

وتـووه. زانیاریـیه‌کـه بیـر و هۆشـی کـوردی ئـه‌و وڵاتـه ڕوون ده‌کاتـه‌وه. به‌تایبه‌تـی ئـه‌و شـێعرانه‌ی ده‌چنـه خانـه‌ی شـێعری په‌روه‌رده‌یـیـه‌وه (دیداکتیکـی)، لـه‌م جۆره شـێعره‌ی یه‌کجـار زۆره. به‌قسـه‌ی خۆیـان «قیـزی ئـه‌وێ» واتـه کچی کورد له‌سـه‌ر زاری شـاعیر ناکـه‌وێ. شـاخ و کانـی و ئاو و به‌هار و شـوان و خـورت و کۆڵخۆز و زۆزان و زۆری دیکـه شـێعریان داگیـر کـردووه. کورد و کوردسـتان وێنـه‌ی زۆره له شـێعری جاسـمدا، ڕه‌نگـه هه‌نـدێ لـه ئه‌رمه‌نسـتان و ڕووسـیا که‌مـتر بـێ.

نموونه‌ی شێعری:

کیژۆڵه‌یـه‌ک نه‌و کوڕه‌ی خوشی ده‌وی ده‌ڵێ.

ئه‌ز ده‌ستریّم شه‌ڤـو ڕۆیێ سه‌ڤاته

برۆ، بژانگ من کلدانه سه‌ڤاته

خورتێ نازك! خورتێ تووره زوو وه‌ره

من په‌ڤ دۆتیه، شیر که‌لاندییه سه‌ڤاته

تۆ ئو نڤیشك من هلدایه سه‌ڤاته

دو شه‌ڤه من خه‌و ل چه‌عڤا هه‌رماندییه

خورتێ نازك! خورتێ تووره سه‌ڤاته

کیژۆڵه‌یه‌کـی نازه‌نینـی سـاکار لـه یه‌کـێ لـه گونده‌کانی بنـاری شـاخی ئه‌له‌گه‌ز ئـه‌وه‌ی له‌نـاو دڵـیـدا هه‌یـه، ده‌ری ده‌بـڕێ. ئـه‌م جـۆره ناوه‌ڕۆکـه لـه ئه‌ده‌بـی کـورد ده‌ره‌وه‌ی قه‌فقـاس به‌رچـاو ناکـه‌وێ...

... جاسـمی جه‌لیل خوێنده‌وار و شـاعیرێکی به‌کاری کوردی وڵاتی قه‌فقاسـی ڕووسـیایه. شـاعیرێکی خۆڕسـکه، به‌شـێ له شـێعری ئه‌گه‌ر نـاوی به‌سـه‌ره‌وه نه‌بێ کـه‌س نازانـێ ئه‌و خاوه‌نیه‌تی. شـێعری له هه‌مـوو ڕووبێکه‌وه نمونـه‌ی تێکه‌ڵاوی شـێعری میللیـی سـه‌رزار و شـێعری لیریکـی و پۆیێمی سـه‌رده‌می نێسـتای هه‌موو

نەتەوەکانە. ژیانی لە بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنی خەرج کردووە. لە چاپخانەکاندا وەك کارگەری تەکنیکی کاری کردووە. لە هەموو ئەو کۆمەڵە تێکستە فۆلکلۆرییە گرنگانەی لەو وڵاتەدا بڵاو کراونەتەوە بەشداریکردووە. لە کۆکردنەوەی تێکستەکان و دەرهێنانی کتێبەکان لە ڕووی هونەرییەوە کۆششی ئەو لەبەرچاوە. بەشێك لە سامانی نەتەوەیی ئەو بابەتە شێعرەیە بە شێوازێکی نوێ دایڕشتۆتەوە. بەگشتی جێ پەنجەی جاسم لە پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردی لە قەفقاسی ڕووسیا لە بەرچاوە.[١٦]

• پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیل

پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیل، نووسەر، تۆێژەر و زانای ناوداری کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی و زمانناسییەو ئێستا سەرۆکی کورسی ڕۆژهەڵاتناسیی زانکۆی سێن پێترزبورگە. ناوبراو زیاتر لە ٦٠ کتێب و دەیان وتاری چاپ و بڵاو بۆتەوە.

ئەو زانا کوردە لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری یەریڤان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. دایك و باوکی لە کرمانجەکانی تورکیا بوون کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٥ بەرەو ئەرمەنستان کۆچیان کردووە. خوێندنی سەرەتایی لە یەریڤان تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٢ چۆتە زانکۆ و بەهۆی هۆگریی زۆری بە ئەدەبیات، خوێندنی لە ڕشتەی ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا درێژە پێداوە.

هەستکردن بە کوردبوونی خۆی و باووباپیرانی و هەبوونی پشتیوانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی زارەکی، ئەو پرسیارە لای ناوبراو دروست دەکا کە بۆچی ناتوانێ لە بەشی کوردیدا درێژە بە خوێندن بدات. ئەوەبوو کە دوای تەواوبوون لە خوێندن لە ساڵی ١٩٥٧ دەسبەجێ دەچێتە زانکۆی سێن پێترزبورگ و لەوێ خوێندنی تا پلەی دۆکتۆرای زمان و ئەدەبیاتی کوردی درێژە پێدەدا.

لە کورسیی ڕۆژهەڵاتناسی سێن پێترزبۆرگ زاناگەلێکی ناودار هەبوون کە

به‌ڕاستی خزمه‌تیان به مێژوو و ئه‌ده‌بیاتی کوردی کردووه. پرۆفیسۆر قه‌ناتی کوردۆ، پرۆفیسۆر ڕۆدینکۆ و ... له‌و تۆێژه‌ره ماندوونه‌ناسانه بوون که له بواری کورده‌کانی خوڕاسان تۆێژینه‌وه‌ی زۆریان کردووه.

به‌ڕێز ئۆردیخان، بیجگه له ئه‌ده‌بیات و مێژووی کورده‌کان که تا ئێستا زیاتر له شه‌ست کتێبی له‌م بواره‌دا چاپ کردووه، له‌بواری مۆسیقای کوردیش تۆێژینه‌وه‌ی زۆری کردووه. له ته‌مه‌نی سی و دوو ساڵیدا، واته له ساڵی ١٩٦٤ کتێبی شێعره‌کانی (شێعره‌کانی کورده‌کانی ناوچه‌ی خۆیان) چاپ ده‌کات. [١٧]

• حه‌سه‌ن حاجی سلێمان

حه‌سه‌ن حاجی سلێمان له ٢٦ی نوامبه‌ری ساڵی ١٩٥١ی زایینی له گوندی تایتان (واناشن) له ناوچه‌ی ئارارات له کۆماری ئه‌رمه‌نستان چاوی به ژیان هه‌ڵێناوه. ئه‌و سێیه‌مین منداڵی بنه‌ماڵه‌ی کورد ـ چاپانه. سه‌رده‌می منداڵیی له‌نێو سروشتی دڵگیر و ناوچه‌ی کوێستانیدا به‌سه‌ر بردووه. باوکی، گۆرانبێژێکی خۆشه‌ویست و به‌ناوبانگی ئه‌و ناوچه‌یه بوو، به‌ڵام زۆر زوو کۆچی دوایی کرد و پێنج منداڵی سه‌روپێچکه‌ی به‌جێهێشتن. ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی نه‌بوو عه‌شقی قوڵی به نه‌ته‌وه و کولتووری ڕه‌سه‌نی فێری منداڵه‌کانی بکات.

له‌و کاته به‌دواوه، دایکیان فاتیمه، به ته‌نیایی منداڵه هه‌تیوه‌کانی گه‌وره کردن. حه‌سه‌ن ٤ ساڵه بوو. چیرۆك، ئه‌فسانه و په‌ندی پێشینیانی زۆر جوان له دایکی فێر بوو. به‌م شێوه‌یه ئه‌و له‌گه‌ڵ فۆلکلۆری کوردی ئاشنا بوو. بێشك ئه‌م ئاشناییه کاریگه‌رییه‌کی زۆری له شکڵگرتنی ڕوحییه‌ی هه‌ستیار، حه‌زکردن به زمانی زگماکی و داهێنانه ئه‌ده‌بییه‌کانی حه‌سه‌ن هه‌بوو.

له ساڵی ١٩٧٥ خوێندنی له په‌یمانگای زمانناسیی دامه‌زراوه‌ی ده‌وڵه‌تیی بارهێنانی مامۆستایان له ئابوونیای یه‌ریڤان ته‌واو کرد. بۆ ماوه‌ی چه‌ندین ساڵ

لە قوتابخانەکانی ئامادەیی خەریکی وتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و ئازەری بوو.

لە ساڵی ١٩٩٢ حەسەن حاجی سلێمان بوو بە هەواڵنێری ناوچەیی بڵاوکراوە کوردییەکانی گۆڤاری «نۆبەر» و ڕۆژنامەی «کوردستان» کە لەنێو کوردەکانی وڵاتانی هاوبەرژەوەند و قەزاقستاندا بڵاو دەبۆوە. شاعیر وتار، نامیلکە، شێعر و کورتەچیرۆکەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتانی هاوبەرژەوەند: ئەرمەنستان، ئازەربایجان، ڕووسیا، کازاخستان و هەروەها لە دەرەوە: ئەڵمانیا و تورکیا بڵاو دەکردەوە. لەو شێعرەکانی شاعیرە دیار و ناودارەکانی کازاخ وەک: کونانبایف. جامبول جابایف، سیفولین، ئەلیاس ژاسنوگوروف و موکاگ عەلی مەکاتاییفی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕا.

حەسەن حاجی سلێمان لە ساڵی ١٩٩٤ بوو بە ئەندامی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کازاخستان (قەزاقستان) و لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە ئەندامی یانەی نێونەتەوەیی قەڵەم. لە ١٤ی مەی ٢٠١٢ لە دانیشتنی پلێنۆمی ئەنجومەنی نووسەرانی کازاخستان، بابەتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە پێکهاتەی ئەنجومەن تاوتوێ کرا. ٩ بەربژێر لە ١٠٠ داواکارەکە وەرگیران کە یەکێك لەوان حەسەن حاجی سلێمان بوو. بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار، شاعیرێکی کورد لە میتڕووی حەفتا ساڵەی کوردەکانی کازاخستان بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی نووسەران.

لە ساڵی ١٩٩٥، یەکەمین کۆمەڵەشێعری ناوبراو بە ناوی «دڵی من» بڵاو کرایەوە و ساڵی دواتر دووەمین کۆمەڵەشێعری «تینووی وەتەن» بڵاو بۆوە. لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ کتێبی واتە «ژیانی بەنرخ»، ٢٠١١ چوارەمین کتێبی «ناڵەی دڵ» بڵاو کرانەوە. لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە حەسەن حاجی سلێمان سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» (لە ئێستا «ژیانی کورد»)ـە. لەو کاتەوە، خوێنەران نەك تەنیا وەك شاعیر، بەڵکو وەك ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا دەیناسن.

ناوبراو کورتەچیرۆکەکانی «بەدبەختیی گوندنشینێك»، «لە دۆڵی زیلان»، شانۆنامەکانی «شێخ سەعید»، «شێخ مەحمودی بەرزنجی» و هەڵبەستەکانی «دایکی من» و «ژیان لە خەبات دایە»ی نووسیوە.

حەسەن حاجی سلێمان لەنێو کوردەکانی سنووره دوور و نزیکەکان ناوێکی ناسراوە. ناوبراو پێگەیەکی بەنرخ و بەرزی لەنێو شاعیران و نووسەرانی مۆدێرنی کورددا هەیە. ئەو دریژەدەری نەریتەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردەکانە.[١٨]

حەسەن حاجی سلێمان، شاعیر و نووسەری کورد لە کازاخستان، لە مالّی خۆیدا کۆمەڵێك

وێنە و کەلوپەلی کۆنی کوردانی کۆ کردۆتەوە کە وەك مۆزەخانەیەکی بچووك دەچێت

(لە تەلەویزیۆنی ڕووداو وەرگیراوە)

• قاچاغی مراد

قاچاغ کوڕی مراد کوڕی شەباب لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری قارس لە کوردستانی عوسمانی لە دایك بوو. تەمەنی چوار ساڵان بووە کە سوپای عوسمانی بەزیوی جەنگی یەکەمی گێتی لە ساڵی ١٩١٨ هێرشە دڕندانەکەی بردە سەر کوردی ناوچەی قارس. مالّی باوکی ڕوویان کردە ئەرمەنستان و لە ناوچەی ئەلەگەز جێگیر بوون. قاچاغی منداڵ بەختی یار بوو. لەو ناوچەیە زۆر نەمانەوە و باریان کرد بۆ شاری تفلیس پایتەختی گورجستان. دە ساڵ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە قوتابخانەی ڕووسی ژمارە ٤٧ لە تفلیس تەواو کرد. ئینجا بۆ ئەوەی قۆناغەکانی زانستگایی تەواو بکا ڕووی کردە یەریڤان. لە پێشانا سێ ساڵ بوو بە قوتابی لە ئامۆژگای زمان و ئەدەبی ڕووسی لە یەریڤان، ئەوجا ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی لەو شارەدا گەیاندە

ئەنجام. لە دوای ئەمە دوو ساڵ مامۆستای قوتابخانەی سەربازیی بووە لە شاری لینینەکان لە ئەرمەنستان.

لە ساڵی ١٩٣٩ قاچاغ لە ڕێکخراوی لاوانی لینینی بوو. لەو ساڵەدا بوو بە پارتیزان و دەستیکرد بە مەشقی جەنگی پارتیزانی. لە ساڵی ١٩٤١ کە ئەڵمانیا هێرشی بردە سەر ڕووسیا لە توانایدا بوو لە هێڵەکانی ئەو جەنگەدا دەوری باڵای ببێ. لە بەشێکی زۆری خاکی چیکۆسلۆڤاگیا لە ڕێزی سوپادا بوو، لە داگیرکردنی شاری بەرلین یەکێک بوو لەو سەربازانەی بەیداغی سڤاستیکای ئەڵمانیای نازیان سەرشۆڕ کرد. لە دوای جەنگ قاچاغ تا ساڵی ١٩٥٨ لە سوپای سووری ڕووسیا مایەوە. لەو ساڵەدا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە بەشی کوردی ڕادیۆی یەریڤان کاری کرد. لە ساڵی ١٩٥٩ گوێزرایەوە بۆ ڕۆژنامەی «ڕیاتازە» و بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران. ناوە ناوە دەبوو بە سەرنووسەر، چونکە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە یەک لەدوای یەک هەریەکەیان بۆ ماوەیێک دەبوون بە سەرنووسەر بەم جۆرە قاچاغ لەو ڕۆژنامەیەدا کاری کرد تا سەردەمی خانەنشینی و کۆتایی ژیانی.

قاچاغ لە جەنگدا دووجار بریندار بووە، شەش میدالیای وەرگرتووە بەرزترینیان میدالیای «ئەستێرەی سوور». بەهۆی ئەوەوە زۆرترین ماوەی ژیانی خەریکی کاروباری ڕۆژنامەگەری بووە، پێوەندی بەچاپ و چاپەمەنی بەهێز بووە. لە ئامادەکردنی کتێبی هاوڕێیانی بۆ چاپ یارمەتیی زۆری داون بە پێشەکی نووسین و پێداچوونەوە و بڕارکردن. کۆششی قاچاغ لە هەندێ نووسینی سەمەندی سیابەندۆف و میکایلی ڕەشید و حاجیی جندی و کارلینی چەچانی و هی دیکە دیارە. زانینی کوردی و ڕووسی و ئەرمەنی و گورجی و ئازەری بە خوێندن و نووسین یارمەتی داوە لە هەموو کاروبارێکی خوێندەواری سەرکەوتوو بێ.

لەدوای ژیانێکی پڕ لە خزمەتی ڕۆشنبیری و داهێنانی ئەدەبی قاچاغ سامانێکی ڕەنگین و بەکەڵکی بۆ نەتەوەی بەجێ هێشت کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کرد.

قاچاغ لە منداڵییەوە هۆگری ئەدەبی میللیی سەرزاری دەوڵەمەندی کوردی بووە. خوێندەواری تازە و بینینی شاری گەورە و زانینی زمانی زۆر زەمینەی بۆ خۆش کردووە دوری گرنگی بێ لە پێشخستنی ئەدەبی کوردی تازە لەدایکبووی وڵاتی قەفقاسی ڕووسیا. شێعری هەمووی لەسەر کێشی سیلابی خۆمالّی کێشە درێژەکانە. کێشە بڕگە زۆرەکان کەرت دەکا. لە قافیەدا شارەزایە. بەگشتی شێعری لە ڕووی قافیەوە لەسەر دەستووری «شێعری نوێ» دەڕوا، واتە قافیەی زۆری ڕەنگاوڕەنگ. قاچاغ هەوڵی داوە بۆ ڕەوانی ڕیتم و ئاهەنگ شێعری لەسەر بنجی یەکێتی قافیە داناوە. ئەمە لە لای ئەو لە بێگانە وەرنەگیراوە، بەڵکو داهێنانی خۆیەتی.

یەکێ لە ئەدگارە گرنگەکانی شێعری قاچاغ ئەوەیە هەوڵی داوە زمانی شێعر دەوڵەمەند بکا بەوەی گەلێ وشەی فەرهەنگی و زاراوەی پێوەندی بەکۆمەڵی پیشەسازییەوە هەیە هێناویەتییە ناو شێعرییەوە. بەمە هەندێ لەو شێعرە نووسراوە مومتازەی لە شێعری میللیی سەرزار دوور خستۆتەوە و ئەم جۆرە شێعرەی بۆنی مەدەنییەتی لێ دێ. ئەمەو جگە لەوەی زاراوەیێکی تازەی زۆری بەکار هێناوە کە پێوەندییان بەژیانی سۆسیالیزمی ئەو سەردەمە بووە کە کوردی قەفقاس تێیدا دەژیا.

شێعری قاچاغ بەگشتی لە بابەتی لیریك و پۆیێمە. لیریکەکانی لە ڕووی ژمارەی دێڕەوە کورت و درێژیان تێدایە. هەرچی پۆیێمەکانیش درێژن. بەناوەڕۆك هەندێکیان لە ئەدەبی میللیی سەرزار وەرگیراون. بەڵام شاعیر هونەری نواندووە و بەرهەمێکی تازەی دروست کردووە. بەشێکی دیکەی ئەو

پۆیێمانە لە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و بەزۆری لە ژیانی کوردەواری وەرگیراون. لە پۆیێمە جوان و ڕەنگینەکانی ناوی ئەمانە دەکەونە بەرچاو: چیرۆکەکانی میرزا مەحموود (١٩٣٦)، لەیلێ (١٩٤٨)، قادرێ نێچیرڤان (١٩٦٠)، کلاما ئیگریداغێ (ئاگری داغ) (١٩٦٢)، گەلیی عەلی بەگێ (١٩٦٥).

لەبارەی ئەو چیرۆکە شێعرییەی بەناوی «گەلی عەلیی بەگ»ەوە یە قاچاغ دەیووت: لە ساڵی ١٩٦١ەوە کە شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی عێراق دەستی پێکرد لە پێشانا وەکو کوردێك، ئینجا وەکو ڕۆژنامەنووسێك، ڕۆژانە عەوداڵی ئەوە بووم هەواڵ و ئاگا و زووداوی شۆڕشەکە ببیستم. لەدواییدا ئەو هەواڵانە بوون بە ئیلهام و ئەم شێعرە لە دایك بوو.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە شێعری قاچاغ هەموو لایەنێکی ژیانی کوردی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە. بەگشتی هەمووی لە هەناسەیەکی گەشبینییەوە هەڵقوڵاوە و لە ڕەشبینییەوە دوورە. پارێزگای نەریت و خوو و ڕەوشتی کوردەواری کردووە. گیرۆدەی جوانی کچی کوردە. سۆزی بەرامبەر بە ئیدیۆلۆجیەتی سۆسیالیزم قوواڵە، ڕزگای کوردی لەو بینیوە. قاچاغ یەکێك بوو لە خوێندەوارە دیارەکانی کورد بەمانا ئینتیلیجێنتە ئەوروپاییەکەی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەواریەکەی ون نەکردبوو.

قاچاغ بۆ کۆچی دوایی نووسەر و شاعیر وەزیری نادری دەڵێ:

بن شووشێدا دانیە شکلێ وی بەر من
خودانەکە سار داکەتیە ل سەر من
ئەو دکەنە ئەز مروزم سەبا وی
من دپرسە ئەز نادمێ جابا وی
بەرێدا ئەم برا بوون دل حەلال
نۆلی شرکێ نافێ ژ کانیا زەلال

ئه‌ز سوند دخۆم ڤرا ل سه‌ر شکلێ ته
ژ حۆری یا چه‌تر که‌نێ هه‌رو عه‌قلێ ته
ب ئه‌ڤینتی وه‌ته‌ن حزکن شڤێتا ته
مبه سه‌رکن ئه‌م هه‌ر جارا نێتا ته

کوشتنی شاعیر و نووسه‌ر وه‌زیری نادری له سالّی ١٩٤٦ له‌لایه‌ن دوژمنی ده‌سه‌لاّتی سۆڤیه‌ته‌کان و نه‌یارانی کورده‌وه ڕووداوێکی گرنگ بوو له‌ناو کوردی قه‌فقاسی ڕووسیا. کاری گه‌وره‌ی کردبووه سه‌ر دلّ و ده‌روونی خه‌لّکی. قاچاغ هاوڕێی دلّسوزی وه‌زیر بوو. له‌م لیریکه غه‌میه‌دا نه‌ڤینی برایه‌تی له ناخی ده‌روونیه‌وه هه‌لّده‌قوڵێ و بۆ وه‌زیری ده‌گێڕێته‌وه. خۆی له ژێر گلّدایه، ناچار بووه له‌گه‌لّ وێنه‌ی گفتوگۆ بکا و بۆی بلاوێنێته‌وه.

... قاچاغی مراد شاعیرێکی ڕه‌ند و ڕۆشنبیرێکی به‌رچاو و ڕۆژنامه‌نووسێکی به‌کار بوو. ماوه‌یێکی زۆری ژیانی خوێنده‌واری له ڕۆژنامه‌ی «ڕیاتازه» بردۆته سه‌ر. له شێعردا یه‌کێکه له‌و شاعیرانه‌ی به‌شداری کردووه له دروستکردنی شێعر له ناو کۆمه‌لّی کورده‌واری قه‌فقاسی ڕووسیا. له پێشانا مه‌شقی شێعری میللی هه‌بوو، شێعری له فۆلکلۆر جیا نه‌ده‌کرایه‌وه. به‌لاّم له دواییدا شێعری کوردی گه‌یانده ئه‌و پله‌یه‌ی له دواڕۆژدا ده‌بن به کلاسیکی، به مانای شێعری به‌رزی چینی خوێنده‌وار. قاچاغ له شێعریدا هه‌موو کێشه خۆمالّییه‌کانی به‌کار هێناوه، له قافیه ده‌ولّه‌مه‌نده، له ڕه‌وانبێژیدا شێوازی تایبه‌تی خۆی هه‌یه، سوودی له شێعری به‌رزی هه‌موو ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی زمانیانی ده‌زانی وه‌رگرتووه.[١٩]

• پرۆفیسۆر جه‌لیلی جه‌لیل

دوکتۆر جه‌لیلی جه‌لیل نووسه‌ر و توێژه‌ر و فۆلکلۆرناسی ناسراوی کورد و له‌دایکبووی ولاّتی ئه‌رمه‌نستانه و له سالّی ١٩٥٧ خوێندنی بالاّی له بواری

کوردۆلۆژی لە زانکۆی سێن پیتێرزبۆرگی ڕووسیا دەست پێکرد و تا ئێستا کۆمەڵێك بەرهەمی بە زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی، ئەرمەنی و کوردی پێشکەش کردووە و لەم ڕێگایەدا هاوکاریی بیرمەندانی وەك پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و خراپات خاجۆ لە پشت بووە و هەر بە هاوکاریی یەکتر لە ساڵی ١٩٦٠ ڕادیۆی کوردیی ئیرەوانیان بەڕێوە بردووە. جەلیلی جەلیل زۆر بەرهەمی بەنرخی بە تایبەت لە بواری فۆلکلۆردا بە تەنیا یان لەگەڵ کەسانی دیکە بڵاو کردوونەتەوە. (٢٠)

بیگومان زانایان و بووسەرانی کوردی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو زۆر لەوە زیاترن و ئەوانەی باسیشیان کرا، هەڵدەگرێ زۆر زیاتریان لەسەر بنووسرێ و وردتر باسیان بکرێ. کەسانێکی وەك خاتوو جەمیلە جەمیل، خاتوو زەرا یوسف، چەرکز خودۆ بەکائیف، زمانناس ماکسیمێ خەمۆ، خالید چەتۆئیف، فاریزۆف، ئەحمەد مرازی، جەدۆی گەنجۆ، نادۆی خدۆ، میرۆیی ئەسەد، سەمەند سیابەندۆف، کارلانێ چەچان، عەمەریکی سەردار و زۆر کەسی دیکە هەر کامیان خزمەتی گەورە و گرانیان بە نەتەوەی خۆمان و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەش کردووە و بگرە زۆریان لەسەر ئاستی وڵاتانیشدا ناسراو و ناوبەدەرەوەن، بەڵام لێرەدا تەنیا باس لە ژیان و گوزەرانی ئەو چەند کەسایەتییەی سەرەوە کرا، ئەوەش بە مانای کەمتر ناسراوبوونی کەسانی دیکە یان بێبایەخ بوونی کار و خزمەتەکانیان نیە، بەڵکو تەنیا بۆ خۆپاراستن لە دریژبوونەوەی بابەتەکە، وەك نموونە باسی ژیانی ئەو چەند کەسایەتییە کراوە.

• سه‌رچاوه‌کانی به‌ندی چواره‌م

١. عه‌لی، ئارام، یه‌یوه‌ندی نێوان کورد و ڕوسیا، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی ئیره، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٤٤ ـ ١٤٨.

٢. عه‌لی، ئارام، س.پ، ل ١٤٨ ـ ١٥٦.

٣. خه‌زنه‌دار، دوکتۆر مارف، مێژووی ئه‌ده‌بی کوردی، چاپی دووه‌م، ده‌زگای چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی ئاراس، هه‌ولێر، ٢٠١٠، به‌رگی شه‌شه‌م، ل ٤٧ ـ ٥٨.

٤. ئه‌ده‌بیاتی کوردی له ئه‌رمه‌نستان، ئاماده‌کردنی: تۆسنی ڕه‌شید، ماڵپه‌ڕی ده‌نگه‌کان، www.dengekan.info/dengekan/liteature/١٧٦٧٥.html، ١٢ی ئه‌یلولی ٢٠١٠ .

٥. وه‌زیری ئه‌شۆ مێژووی کورده‌کانی سۆڤیه‌تی جاران ده‌گێڕێته‌وه، سازدانی دیمانه: ڕێناس نه‌وڕۆزی، ٢٠٠٦/٢/١٦، وه‌رگیراو له ماڵپه‌ڕی دیمانه.)

٦. بورکای، که‌مال، کورد و کوردستان، وه‌رگێڕانی له یۆنانیه‌وه: عه‌لی فه‌تحی، چاپی یه‌که‌م، ده‌زگای وه‌رگێڕان، هه‌ولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٦٦.

٧. سه‌رچاوه: www.vokradio.com/content/view/١٦٢٤/١

٨. سالّح که‌وربڕی، آشنایی با بزرگان کردی کرمانجی (٥)، http://dibistan.blogfa.com/post/٥٢، Mon ٢ Jul ٢٠١٢.

٩. خه‌زنه‌دار، دوکتۆر مارف، مێژووی ئه‌ده‌بی کوردی، چاپی دووه‌م، ده‌زگای

چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. بەرگی حەوتەم، ل ٣٥ـ٤٣.

١٠. شاکرۆ_خدۆ_محۆ = www.kurdipedia.org /lng =١&q& .http://welat
html.١٢٢٠٠٧-pukmedia/٠٢/٢٠٠٧/blogspot.com

١١. www.kurdlaw.net و ١٢٨/http://evinebook.blogfa.com/post

١٢. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. ٣٦٣ـ ٣٧٠.

١٣. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. ٢٠١ـ٢٠٦)

١٤. وەزیری ئەشۆ میژووی کوردەکانی سۆڤیەتی جاران دەگێڕێتەوە، سازدانی دیمانە: ڕێناس نەورۆزی، ٢٠٠٦/٢/١٦، وەرگێڕاو لە ماڵپەڕی دیمانە. .http://www dimane.com

١٥. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. بەرگی حەوتەم، ل ٩١ـ٩٨.

١٦. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. ١٠١ـ١٠٧)

١٧. (٢٠١٠/١/٢٥، https://kurmanjkurdish.wordpress.com

١٨. آشنایی با بزرگان کردی کرمانجی، .http://kurdist.ru/index ٢٠١٢ Jun ٢٣ Sat ،٦=php?option=com_content&task=blogsection&id

١٩. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠. ٢٥٧ـ٢٦٥.

٢٠. Title#٢٤٩١١=http://kurdpress.ir/NSite/FullStory/News/?Id

بەشی دووەم ٢

کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

٣. باسی سێیەم

کوردەکانی ئۆردن

- چەند زانیارییەک لەبارەی وڵاتی ئۆردن
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ ئۆردن
- شوێنی ژیانی پێشوویان (پێش گەیشتنیان بە ئۆردن)
- شوێن و ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان لە ئۆردن
- کورد لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئۆردندا
- ڕۆڵی کورد لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا
- ناودارانی کورد لە ئۆردن
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەک لەبارەی وڵاتی ئۆردن

ناوی فەرمی: ئۆردنی هاشمی (بە عەرەبی: المملكة الاردنية الهاشمية) و ناوی نێونەتەوەیی «ئۆردن»ـە و پایتەختەکەی شاری «عەممان»ـە. وڵاتێکی پاشایەتییە لە لێواری ڕۆژهەڵاتی چۆمی ئۆردن هەڵکەوتووە. حەشیمەتی ئەم وڵاتە ٦,٥ ملیۆن کەسە و ٩٨٪ی خەڵکەکەی عەرەبن.

جۆری حکوومەتەکەی پاشایەتیی مەشرووتەیە و پاشای ئێستای مەلیک عەبدوڵڵای دووەمە. یەکەی دراوەکەی دیناری ئۆردنیە.

خەڵکی نەبەتی لە هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زایین لەم ناوچەیە ژیاون. وڵاتی ئۆردن لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی دامەزرا و لە ساڵی ١٩٢٢ وەک وڵاتێکی ژێر پارێزگاریی بەریتانیا بە فەرمی ناسرا و لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی سەربەخۆیی بەدەست هێنا.

لەباری جوگرافییەوە: ئۆردن وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە باکوورەوە لەگەڵ سووریا، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ عێراق، لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیا و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ ئیسرائیل و لێواری ڕۆژهەڵاتی چۆمی ئۆردن دراوستێیە.

ڕووبەری وڵاتی ئۆردن بە شێوەیەکی گشتی بە سەحرای وشک و بووڕە داپۆشراوە. بەڵام لە بەشەکانی ڕۆژئاوای هێندێک بەرزایی هەن. لە هێڵی سنووری ڕۆژئاوای ئۆردن، چۆمی ئۆردن هەیە کە ئەم وڵاتە لە ئیسرائیل جیا دەکاتەوە. بەرزترین شوێنی ئۆردن، لوتکەی «جبل رم» (١٧٣٤ مەتر) و نزمترین شوێنیشی دەریای مردوو (بحر المیت)ـە. نیشتمانی ئێستاکەی ئۆردن بە بەشێک لە لانکەی شارستانییەتی مرۆیی ناسراوە.

دابەشکاریی نێوخۆیی: ئۆردن لەباری ئیداریی و بەڕێوەبەرایەتییەوە بەسەر ١٢ پارێزگادا دابەش کراوە. هەرێەک لەو پارێزگایانە لەژێر ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی پارێزگارن کە لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێن.... پارێزگاکانی ئۆردن بەسەر ٥٢ ناحیەدا دابەش دەبن.

باس لە یاسای بنەڕەتی و سیستەمی یاسایی و یاسادانانی ئەو وڵاتە و پاشای ئۆردن و ڕووداوە سیاسییەکانی و هەروەها شوێنە گشتیارییەکانی و کاریگەریی گرژیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر ئۆردن ناکەین و و

لە چەند دێرێکدا باس لە حەشیمەت و پێکهاتەی حەشیمەتیی ئەو وڵاتە دەکەین:

حەشیمەتی ئەم وڵاتە نزیکەی ٦,٥ ملیۆن کەسە. زۆربەی حەشیمەتی ئۆردن لە وەچەی عەرەبە سارانشینەکانن یان پێوەندیی ئیتنی نەژادییان هەیە کە ٤٠٪ی حەشیمەتی ئۆردن پێک دێنن. لەگەڵ ئەمەشدا ٥٥٪ی حەشیمەتی ئۆردن بە ڕەچەڵەک و بنەچە فەلەستینین کە دوای شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی و شەڕی عەرەبەکان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی لە فەلەستین هەڵاتن و وەک پەنابەر چوونە ئۆردن و بوونە هاووڵاتی ئەو وڵاتە. ٥٪ی دیکەی حەشیمەتی ئۆردن لە کەمایەتییە نژادییە جۆراوجۆرەکان پێک هاتووە کە بریتین لە سووریەکان، چیچانییەکان، قرقیزستانییەکان، ئاشوورییەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان... ژمارەی ئەو لوبنانییانەی کە لە سەردەمی تێکهەڵچوونی نێوان ئیسرائیل و لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکجاری نیشتەجێی ئۆردن بوون، تۆمار نەکراوە، بەڵام وا بەراورد کراوە کە ژمارەیان زۆر کەمە.

... ئەو شێوەیەی تۆمار کراوە نزیکەی ٣ ملیۆن کەس وەک پەنابەری فەلەستینی و ئاوارە لە ئۆردن نیشتەجێن کە زۆربەیان بوونە هاووڵاتی ئەو وڵاتە. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ژمارەیەکی زۆر لە عەراقییەکان کە لە ترسی شەڕ هەڵاتوون، لە ئۆردن گیرساونەتەوە کە تا ئێستاکە سەرزمێری نەکراون.

جێگەی ئاماژە پێدانە زمانی فەرمیی ئەم وڵاتە عەرەبییە، بەڵام ئینگلیزییش تا ڕادەیەک لە کاروبارە بازرگانی و حکوومییەکان و هەروەها لەنێو خەڵکی خوێندەوار کەڵکی لێ وەردەگیرێ. فێرکردنی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە قوتابخانە حکوومیی و تایبەتەکان ئیجبارییە. زمانی فەرەنسیش لە هەندێک لە قوتابخانە دەوڵەتییەکان دەخوێندرێ، بەڵام فێرکردنی بە ناچاری نیە.

● **سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ ئۆردن**

سەرەتای پەیدابوونی کورد لە ئۆردن دەگەڕێتەوە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیووبییەکان لە سەدەی دوازدە، نزیکەی نۆسەد ساڵ پێش. ژێدەرە میژوویییەکان بوونی کورد لە ئۆردن دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەیووبییەکان و مەملوکییەکان و عوسمانییەکان. ئێستا لە ئۆردن نزیکەی سی هەزار کورد هەیە. ئەو ژمارەیە ئەو کوردانەش دەگرێتەوە کە لە پاش چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەهەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم گەیشتوونەتە ئۆردن و هەروەها ئەو کوردانەش دەگرێتەوە کە ناسراون بە کوردەکانی فەلەستین کە لەپاش نەگبەتی ساڵی ١٩٤٨ و نسکۆی ١٩٦٧ەوە کۆچیان کردووە بۆ ئۆردن.

کوردان لە ئۆردن لەدوای خەڵکی خۆیان کۆنترین خەڵکی ناوچەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاو و مەزنیان هەبووە لە میژووی ئۆردن، ئەوە لە خوارەوەش هۆیەکانی گەیشتنیان بە ئۆردن دیاری دەکەین:

١ـ بەدەنگەوەچوونی پاڵەوانی موسڵمان سەلاحەدینی ئەیووبی بۆ جیهادکردن و بەرگری لە هێرشی سەلیبییەکان لەسەر ئەو ناوچەیە، چونکە یەك ئایینی و خزمایەتی و یەك نەژادی هەبوو لەگەڵ ئەیووبییەکان، کوردەکان بەدەنگ بانگەوازەکە هاتن، تیپی سوپای کوردیان دروست کرد لە سوپای سەلاحەدین، لەوانە تیپی سوپای هەکاری کوردی، سەلاحەدینی ئەیووبی ئەو تیپەی لە (سەلت) نیشتەجێ کرد بۆ چاودێری لە غۆر ئۆردن، کە گەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا و هەندێ لە نەوەکانیان لە سەردەمی مەملووکییەکان چوونە قودس.

٢ـ چوونە ناو سوپای مەملووکی و عوسمانی، بە تایبەت لە سەدەی نۆزدە کە عوسمانییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست لە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن، لە زۆربەی

کارەکانیان سوودیان لە رەگەزی کوردان وەرگرت بە تایبەتی لە دەزگای بەڕێوەبردن و دارایی و هێزی سوپایی و ... هەندێکیان لەو شوێنە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هاوسەریان (خێزانداری)یان پێك هێنا و لەدوای نەمانی دەسەڵاتداری تورکەکان مانەوەی خۆیان بە پەسەندتر زانی لە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

٣ـ هاتنیان بۆ ئۆردن و بە تایبەتی گەڕەکی کوردان لە دیمەشقەوە بە مەبەستی کاری بازرگانی بوو لەگەڵ فەلاح و بەدووەکانی ئەو ناوچەیە. دکتۆر (هێند نەبوو شەعر) دەڵێ: کوردەکان لە دیمەشق چالاکیان نیشاندا لە بازرگانیی مەڕومالات لە ئەنازۆل بۆ بازاڕەکانی ئەربد و کردیانە ناوەندێکی زیندوو و چالاك بۆخۆیان، لە ئاکامی سەرکەوتنی بازرگانی و پەرەسەندنی، نیشتەجێی شارەکانی ئۆردن بوون و پەرەیان بە بازرگانی دا.

٤ـ هاتنی خاوەن کار و بەرژەوەندییەکان لە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق بۆ زیادکردنی ئیش وکار بوو لەدوای بنیادنانی میرنشینی ئۆردن و کردنەوەی دەرفەتی کاری نوێ و پێویست، وەك سالۆنی سەرتاشخانە و دوروماڵ وگوڵدۆزی و وێنەکاری و خۆشنووسی.

٥ـ پەنابردن بۆ ئۆردن بە مەبەستی ئاسایش و بەرگری بوو، هەڵاتن و بەدواکەوتنیان لە ئاکامی ئەو هەموو ناکۆکی و شەڕانە بوو کە عەشیرەتەکانی کورد هەیانبووە یان لە ئاکامی تێکچوونی شۆڕشەکانی کوردی بووە لە کوردستانی تورکیا وەك شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی و بەشداری کوردەکانی سوریا لە شۆڕشی دژ بە داگیرکەرانی فەرەنسی کە ناچاری کردن پەنا بۆ ئۆردن ببەن بە مەبەستی ئاسایش و دووریوونەوەی لە دەستی داگیرکەرانی فەرەنسی.

● **شوێنی ژیانی پێشوویان (پێش گەیشتنیان بە ئۆردن)**

سەبارەت بە شوێنی ژیانی پێشوویان دەبێ بڵێین ئەوان لە لقە جیاجیاکانی عەشیرەتە بەناوبانگ و ناسراوەکانی کوردن کە لە هێندێك شوێنی کوردستانەوە ڕوویان لە ئۆردن کردووە بۆ نموونە لە (رکن الدین)ی دیمەشق لە گەڕەکی کوردان، لە ناوچەی جزیرەی کوردستانی سوریا، لە کوردستانی تورکیا و بەشێکیشیان لە کوردستانی باشوور. تەنانەت ئەو نازناوەی ئێستاکەش لە ئۆردن بە دوای ناوەکانیانەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بنەماڵە و عەشیرەت و ناوچەیەی کە لە بنەڕەتدا بۆی دەگەڕێنەوە بۆ نموونە: دیاربەکرلی (دیاربەکر)، سوێرکی (سوێرك)، ئۆرفەلی (ئۆرفە)، ماردینی (ماردین)، وانلی (دەریاچەی وان و دەوروبەری)، قەیمەری (قەیمەر باکووری عێراق)، زێباری (زێبار) و ... و بەشێکیشیان دەگەڕێنەوە سەر بنەمای عەشایری بەناوبانگی خۆیان وەك ئەیووبی و بەرازی و دێرکی و زازا و ...

لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە شوێنی ژیانی پێشووی هێندێك لە خانەوادە و عەشیرەتە کوردەکانی نیشتەجێی ئۆردن دەکەین:

ــ خانەوادەی عەلی حوسێن کورانی: لە بنچینەدا دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی (دوکان) لە گوندی (لەغرەمی/ لەگرمی) کە دەکەوێتە نێوان دیاربەکر و ئەرغەنی (ئەرگەنی) لە کوردستانی تورکیا .

ــ خانەوادەی ئیبراهیم حەسەن ئیزۆلی: لە کاتی خۆیدا باپیریان نیشتەجێی گەڕەکی کوردان بووە لە دیمەشق.

ــ عەشیرەتی ئال موراد کوردی: لە بنچینەدا دەگەڕێنەوە سەر کوردەکانی جەزیرە و باپیرە گەورەیان ئەفسەر بوو لە سوپای عوسمانی.

ــ خانەوادەی برووسك کوردی: لەدوای کۆڕانەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی، بۆ موجاهید ئەمین

بروسك كوردی هاتە ئۆردن و نیشتەجێی عەمان بوو. ناوبراو سەر بە عەشیرەتی زەرکانی بووە لە ئەرزەرۆمی سەر بە کوردستانی تورکیا .

ــ خانەوادەی وانلی: لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا باپیریان عیسا دەرۆیش کوردی لە شاری وان لە رۆژهەلاتی کوردستانی تورکیا گەیشتە گەرەکی کوردان لە دیمەشق، لە چاریەکی یەکەمی سەدەی بیستەم کۆرەکانی چوونە عەمان و لێی نیشتەجێ بوون.

ــ خانەوادەی فەیاز کوردی ئیزۆلی: باپیرە گەورەیان فەیاز ئیزۆلی لە گەرەکی کوردان لە دیمەشق هاتووتە سەلت لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە هێزی پاسەوانی ئۆردنی خزمەتی کردووە.

ــ خانەوادەی بەکر زازا: لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینی خەلیل بەکر زازا لە گەرەکی کوردان لە دیمەشقەوە هاتە ئۆردن و گەیشتە سوپای ئۆردنی بە پلەی ئەفسەر... رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (بدوان) لە دیاربەکر سەر بە کوردستانی تورکیا .

ــ خانەوادەی جومعە ئەیووبی: باپیریان جومعەی ئەیووبی لە دیاربەکر دێتە دیمەشق، لەدوایی دەگاتە سوپای عوسمانی و کۆرێکی دەبێت بە ناوی (محەمەد) کە لە قوتابخانەی عەنبەر خەریکی خوێندن دەبێت، هەروەها بە پلەی یاریدەدەری قایمقامی توفێلە و کەرك دەست بەکار دەبێ لە سەردەمی عوسمانیەکان، لە توفێلە نیشتەجێ دەبێت و ئیش لە شارەوانی دەکات. هەروەها ئیش لە فەرمانگەی نافعە دەکات لە عەمان و ئەربد، ئەو کۆرانەی هەبووە: سەعد، مەدحەت، سەعدەدین، محەمەد، سەلاحەدین، شەمسەدین) کۆرەکانی و خانەوادەی نیشتەجێی پایتەختی ئۆردن بوون، وەزیر و دیپلۆماتی بەناوبانگی زۆر لە بنەماڵەکەیان هەڵکەوت.

ــ خانەوادەی کورد عەلی: ئەو بنەماڵەیە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی

بیستەم لە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق پا گەیشتنە ئۆردن.

ــ عەشیرەتی بەرازی: باپیریان عەلی کوردی لە ڕەچەڵەکی (کێتکان) ــە کە لقێکە لە عەشیرەتی بەرازی سەر بە ئۆرفە... هەروەها خانەوادەی دەرۆێش مستەفا کوردیش لە بنەڕەتدا باپیریان لەدایکبووی شاری ئۆرفەیە.

ــ خانەوادەی حەسەن عیسا نەقشبەندی: بنەچەیان لە شارۆچکەی (شوز)ی سەر بە سەعرەی پارێزگای دیاربەکرە سەر بە عەشیرەتی (بۆتان)ن.

ــ ئال شێخانی: باپیریان شێخ عەلی نەحمەد شێخانی لە عێراقەوە چوو بۆ گەڕەکی کوردان لە دیمەشق و دوایی بە مەبەستی بازرگانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گەیشتە ئۆردن...

ــ خانەوادەی ئاشتی: خالیدی ئاشتی لە شاری وان لە کوردستانی تورکیا گەیشتە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق و دواتر چوونە ئۆردن.

ــ خانەوادەی ڕەسوڵ خدر کوردی: باپیریان ڕوسوڵ خدر کوردی لە ماردین گەیشتە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق و لە دوایی کۆڕەکانی بەرەو ئۆردن چوون...

...

کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین زۆربەی کوردەکانی ئۆردن لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر کوردەکانی ناوچەی جزیرە و گەڕەکی کوردانی شاری دیمەشق و شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی تورکیا وەك دیاربەکر، ئەرزەڕۆم، ئۆرفە، وان و ... هەروەها بەشێکیشیان لە بنەڕەتدا لە کوردەکانی کوردستانی ئێراق بوون.

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ناو و شوێنی ژیانی پێشوو و ئێستای بنەماڵە و عەشیرەتە کوردەکانی نیشتەجێی ئۆردن دەتوانن لاپەڕەکانی ١٣٢ هەتا ١٧١ی کتێبی (کوردە ئۆردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی

ئۆردنی نوێدا) بخوێننەوە کە زانیاریی زۆر وردی سەبارەت بەم بابەتە تێدایە.

● **شوێن و ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان لە ئۆردن**

لەم بەشەدا وێرای ئاماژەدان بە ناوی خانەوادە و عەشیرەتەکانی کوردی لە ئۆردن شوێنی نیشتەجێبوونیشیان دیاری دەکرێ:

١ــ عەممانی پایتەخت و دەوروبەری: ئاغا، ئۆمەری، ئال پەشی، ئیزۆلی، ئاغاکان، ئال مورادی کوردی، ئێبس، ئەیووبی، ئەبوو پەسوول، بارافی، برازۆ، بەرازی، بایریدی، بەدرخان، بابان، بەگداش، بروسك، جەلغۆ، زادە، جومعە ئەیووبی، حەمۆ، خدر، دەقووری، پەشوانی، دێرکی، دەرویش کوردی، زەرکانی، زێباری، زەرگەلی، سەیدۆ کوردی (کورانی)، سەعدوون، شلاش کوردی، شەمدین، شێخۆ، شکۆ، قەرەشۆلی، قەیمەری، قاووق، کوردییە، کوردی، کوردعەلی، عەلیکۆ، زازا، کیکی، کورد، ماردینی، دیاربەکرلی، مەدفەعی، مامۆ، مەلا، میللی، بەیرووتی، نەقشبەندی، وانلی، زهنی، بایزید، ئەبوو ئاغا، شێخانی، پەشید، ئیمام.

ـ موقابلین: خانەوادەکانی یاسین کوردی، خدر کوردی، سلێمان کوردی.

ـ ناعوور: ئەبوو پەسوول کوردی.

ـ بیادر وادی سەیر: کوردی، قەیمەری.

ـ رجیب: خانەوادەی عەبدوڵڵا یاسین کوردی.

٢ـ پارێزگای زەرقا:

ـ شاری زەرقا: ئەیووبی، ئاشتی، بەرازی، دەقووری، ئاغا، مەتینی، بارافی، بەیرووتی، ئال ئەیووب کوردی، کورد، کوردی، ئاغاکان، بەگداش، قەیمەری، کوردعەلی، سەعدوون، ئال پەشی، دەرویش، ئاغا، کیکی، زازا،

کوردییە، سوێرکی، شوبەك، توفێلە.

ـ شارۆچکەی ڕەسێفە: کوردی، کوردەکانی لە توفێلە، شوبەك.

٣ـ پارێزگای کەرك:

ـ شاری کەرك: کوردی، ئاغاکان، ئەیووبی.

ـ غۆر سافی: کوردی.

٤ـ پارێزگای مەعان:

ـ شاری مەعان: کوردی (بەرازی)، زەرگەلی.

ـ شوبەك: کوردی.

٥ـ پارێزگای توفێلە:

ـ بەسیرا (بصیرا): کوردی.

٦ـ پارێزگای عەقەبە:

ـ شاری عەقەبە: کورد، کوردی، زازا، بەرازی، نێرۆخ، ئەبوو زەهرە، ئەبوو غەلیوون.

٧ـ پارێزگای جرش:

ـ شاری جرش: نەقشبەندی، شلاش کوردی، مەلحەم کوردی، شێخۆ.

ـ شارۆچکەی ڕێموون: شێخانی، کوردی.

٨ـ پارێزگای عەجلوون:

ـ شارۆچکەی عەین جنا: ڕەشوانی (کوردی).

ـ عنجرە: ئەیووبی.

٩ـ پارێزگای مەفرەق:

ـ مەفرەق و ڕۆیشدو و ڕەوزە بەسمە و (بغرە الجب): کوردی، بەرازی، زازا.

١٠ـ پارێزگای بەلقا:

ـ شاری سەلت: کوردی، ئۆرفەلی، بەرازی، دەقووری، زازا، کوردییە.

ـ شوفەی باشوور: کوردی.

١١ـ پارێزگای ئەربد:

ـ شاری ئەربد: ئاغا، بارافی، ئەبوو ڕەسوول، شێخۆ، سەعدوون، خدر، عەلیکۆ، دێرکی، کوردی، زازا، شێخانی، مەتینی، ئال موراد، کوردی، ئۆمەری، بەگداش، ئیزۆلی، سوێرکی، میکانیکی، ئەیووبی، میللی، ماردینی.

ـ گوندی سال: ئالووسی (کوردی).

ـ حکما: کوردی.

ـ شارۆچکەی سەمەر: سەعدوون، مەتینی، زازا، کوردی.

ـ شارۆچکەی سەحم کەفارات: بەدرخان.

ـ شارۆچکەی حەرسا: کوردی.

ـ دێر ئەبی سەعید: زازا، دەرۆێش، ئاغا، سوێرکی.

ـ جەنین سەفا: کوردی.

ـ ناوی هەندێ لە گوند و شارەکانی دیکە کە کوردی تێدایە:

ـ تبنە: سوێرکی.

ـ شوفەی باکووری: زازا، شحێمات (باشتووە)، کوردە چێلەوانەکان.

ـ ئیسکان وادی یابس: کوردی.

ـ مشارع: زازا.

ـ وەقاس: بەگداش.

ـ باقوورە: زازا.

ـ کەریمە: زازا.

ـ تیبیەی باکوور: ئەبوو شەریف.

ـ سەریح (الصریح): ئیزۆلی.
ـ جەحفیە: ئەبوو رەسوول کوردی.
ـ رەمسا: سەعدوون.
ـ عەمراوە: یاسین کوردی.
ـ حوارە: کوردی.

● **کورد لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی نۆردندا**

چ یەکەم: سەردەمی ئەیووبی ١١٧٢ ـ ١٢٦٠ی زایینی

کوردە هەکاریەکان یەکەمین نیشتەجێی شاری سەلت لە نۆردن دەژمێردرێن لە سەردەمی ئەیووبیەوە تیپێکی سوپایی بوون لە سوپای سەلاحەدینی ئەیووبی. ئەو تیپە لە شەڕەکانی سەلیبیدا ڕۆڵی تایبەت و مەزنیان بینیوە لە کاروباری شەڕ و بەڕێوەبردن و زانست (فێرکردن). مانەوە و نیشتەجێبوونی ئەو تیپە سوپاییە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەو شوێنە (سەلت) بۆ سەلاحەدینی ئەیووبی ناوەندێکی شەڕ بووە بۆ ئەوەی چاودێری لە جوجۆڵی هێزی سەلیبیەکان بکەن لە غۆر نۆردن و لەوێ ماونەتەوە.

لەدوای نیشتەجێبوونی کوردە هەکاریەکان لە شاری سەلت، گەڕەکێکی تایبەت بە خۆیان لەو شارە دروست کرد بە ناوی «گەڕەکی کوردان» کە تا ئێستاش هەر بەو ناوە ماوەتەوە. گەڕەکی کوردان دەکەوێتە سەروی باشووری ڕۆژئاوای قەڵای سەلت، کە دکتۆر محەمەد خرێسان بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە تا سەری دۆڵی کوردان لە ڕۆژئاوا و، لە بڵندایەکانی سەرەوەی قەڵات لە باکوور تا دەکاتە گەڕەکی دەبابسە لە باشوور، دراوسێ و نزیک بە گەڕەکی (جەدعە) و ئەو گەڕەکە مزگەوتی گەورە و قەسری

حکوومەت لەخۆ دەگرێ و ئەو عەشیرەتانەی لێی نیشتەجێ بوونە بریتین لە: جەزازی، غنێمات، خلیفات، حیاسات، عەرەبییات، نسوور، خرێسات، رەحاحلە، هەزایمە، ریالات، دەبابسە، عەناسووە، حەیارات، رەمامنە.

... گەڕەکی کوردان لە شاری سەلت دەڵێن لە ساڵی ١٥٩٦ی زایینی لە سەردەمی عوسمانییەکان ژمارەی خێزانەکان گەیشتۆتە ١٢ خێزانی موسڵمان و ١٢ خێزانی مەسیحی و سەرجەم دانیشتووانی گەڕەکەکەش نزیکەی ١٦٦ کەس بووە.

هێرشی سەلیبییەکان بۆ ڕۆژهەلات توانی لە ساڵی ١٠٩٩ی زایینی فەلەستین داگیر بکات و حکوومەتێکی لاتینی لە قودس پێك بهێنێ. لەدوایی تەماحیان بەرەو ڕۆژهەڵات چوو و توانیان باشووری ئۆردن داگیر بکەن. گرتنی (کەرك) لە ساڵی ١١١٢ی زایینی و (شوبەك) لە ساڵی ١١١٥ی زایینی و (ئیلە)ی عەقەبە لە ساڵی ١١١٦ی زایینی. بەم شێوەیە بوونە خەتەرێك بۆ شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامی لە حیجاز و ڕێگای هاتووچۆ و گەیاندنیان لەنێوان دیمەشق و قاهیرە بڕی. ناوچەی باشووری ئۆردن بووە گۆڕەپانی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ سوپای نورەدین زەنگی و لەدوای ئەویش سوپای سەلاحەدینی ئەیووبی.

ئینجا سەلاحەدینی ئەیووبی گەمارۆی (ئیلە)ی دا لە ساڵی ٥٥٦ی کۆچی و هەروەها هەر دوو قەڵاتی کەرك و شوبەك لە ساڵی ٥٦٧ی کۆچی... پاشان سوپای سەلاحەدین خۆیان گەیاندە قەسیر (شونەی باکوور) و لە زێی ئۆردن پەڕینەوە بەرەو قودس و بیسان و قەڵاتی (کوکب الهوا) یان گەمارۆ دا کە زیانێکی یەکجار زۆر بە سەلیبییەکان گەیشت.

... بەم شێوەیە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن کەوتەبەر دەسەڵاتی ئەیووبییەکان، مەلیك عادڵ بایەخێکی زۆری دا بە گەڕانەوەی ناوبانگی عەرەبی ئیسلامی

و لەناوبردنی جێ پێی سەلیبییەکان لەسەر زەویەکەیان، مزگەوتێکی زۆری لێ دروست کرد و ئیمامی مزگەوتی بۆ (کەرک) دانا. مەلیك ناسر داوود ئەیووبی میرنشینی «کەرك» ی دامەزراند لە مانگی شەعبانی سای ٦٢٦ی کۆچی/ ١٢٢٩ی زایینی، ئەم میرنشینە ماوەی ٨٠ ساڵ بەردەوام بوو.

... لەدوای ئەوەی ئەیووبییەکان دەسەڵاتداریی میسر و شامیان گرتەدەست و ناوچەکەیان لەژێر دەستی سەلیبییەکان ئازاد کرد، سەلاحەدینی ئەیووبی پەرەی بە زانست و کردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە دا لە گشت وڵاتەکە و زانا و ئەدیبەکانی خەڵات کرد و هەرلەوان جێگر و نوێنەری بۆ خۆی دانا وەك قازی فازل و عیماد ئەسفەهانی و لەدوای ئەویش پاشایانی ئەیووبی پەیڕەویی ڕێبازەکەیان کرد. لە سەردەمی ئەوان زانست بە شێوەیەك پێش کەوت کە جێگای سەرسوڕمان و شانازی بوو.

ئۆردن شانسی هێنا لە پێشکەوتن و چالاکیی زانستی لەو سەردەمدا، مەلیك ناسر بڕیاری دا کە زانست لە گشت گوند و شارەکانی ئۆردن بڵاو بکاتەوە و کەرك بووە قیبلەی زانایان و فەقێیان و ئەدیبان. مەلیك ناسر ڕێزی لە زانایان دەگرت و لەگەڵیان دادەنیشت و پرسی پێدەکردن و خەڵاتی ماڵی پسپۆڕەکانی دەکرد.

ئەوکاتە کەرك بزووتنەوەیەکی مەزنی زانست و هۆشی زیرەکانەی بەخۆوە دیت کە بێنموونە بوو، مەلیك ناسر خەزێنەیەکی بۆ کتێب دروست کرد وکەرك بووە بەرزترین و ناودارترین ناوەندی زانست لە وڵاتی شام... هەروەها ئەیووبییەکان بناغەی قوتابخانەی زۆریان لە کەرك، عەجلوون، سەلت و حسبان دانا کە بووە هۆی پێشکەوتنی زانست لە ئۆردن و گەیشتە پلەیەکی بەرز لە پێشکەوتن و بووە هۆی دەرچوونی ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕ و زانا و ئەدیب و زانایانی ئایینی و پزیشکی لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات.

... کێبەکانی کە لەو ماوەیەدا نووسرابوون، باسێکی زۆریان لەسەر ئەو زانیانە کردووە کە بە ڕەچەڵەک کوردن و ئۆردنین لە حەسبان و باعوون و عەجلوون و کەرك و شوبەك و بەلقا و عەمەمان. بۆ نموونە بنەماڵەی باعوونی لەناو مزگەوتی ئەمەوی گومبەزێکیان هەبوو بە ناوی خۆیان (گومبەزی باعوونی) ناودار کرا، کە لەژێر سێبەرەکەی زانایان و فەقێیانی ئەو بنەماڵەیە وانە دەڵێنەوە و قوتابییەکان فێری هەموو جۆرە زانستێك دەکەن. هەر بەو شێوەیە ئەیووبییەکان بوونە هاندەرێك بۆ پێشخستنی زانست و زانیاری لە ئۆردن. مەلیکەکانیش پێیانی نەوانیان گرتەبەر و

- **ئاسەواری ئەیووبییەکان لە ئۆردن**

ئەیووبییەکان ئاسەوارێکی زۆریان لە خانووبەرە و زانستی بیناکردن بۆ ئۆردن بەجێهێشت کە باس لە داستانی خەباتیان دەکات بەرامبەر داگیرکەرانی سەلیبی، هەر بەو مەبەستەش دژ و قەڵاتی زۆریان دروست کرد و بناغەی مزگەوتی زۆریان لەو وڵاتە دانا بە مەبەستی بڵاوبوون و پێشخستنی ئایینێکی ڕاستەقینە لەناو خەڵکدا کە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە قەڵاتی عەجلوون، قەڵاتی سەلت، نۆژەنکردنەوەی قەڵای شوبەك، مزگەوتی گەورە لە عەجلوون، مزگەوتی ریمون.

قەڵاتی عەجلوون: لە گەشتێکی سەلاحەدینی ئەیووبی دژ بە سەلیبییەکان لە ناوچەکەدا، فەرمانی دایە سەرکردەی (عەزەدین ئوسامە) کە قەڵاتی عەجلوون (الربض) دروست بکات لەسەر لوتکە چیای عۆف، لە ساڵی ٥٨٠ی کۆچی/ ١١٨٤ی زایینی. قەڵات ڕەبەز (الربض) دەکەوێتە سێ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری عەجلوون.

قەڵاتی سەلت: قەڵاتی سەلت هەر وەکوو قەڵاتی عەجلوون قەڵاتێکی

دەستکردنی ئەیووبییەکانە/ مەلیك عیسا کوڕی عادڵ ئەیووبی بە چاودێری میری عەجلوون (ئەیبەك کوڕی عەبدوڵڵا عەلائی) لە ساڵی ٦١٦ی کۆچی/ ١٢٢٠ی زایینی دروستی کرد.

مزگەوتی گەورە لە عەجلوون: ئەوکاتەی کە عەجلوون کەوتە ژێر دەسەڵاتی مەلیك ساڵح کوڕی نەجمەدین ئەیووب کوڕی مەلیك کامل ئەیووبی، لە ساڵی ٦٤٥ی کۆچی/ ١٢٤٧ی زایینی فەرمانی دروست کردنی ئەو مزگەوتەی دا.

مزگەوتی ڕیمون: ئەو مزگەوتە دەکەوێتە ناوەندی شاری ڕیمون لە ناوچەی چیای عەجلوون، دە کیلۆمەتر لە شاری جەرش دوورە، دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەیووبییەکان، هەروەکوو لەسەر تابلۆکەی دیاری کراوە لە مزگەوتەکە لە سەردەمی مەملووکییە (زاهیر بیبڕەش) هەندێ شتی دەستکردی بۆ زیاد کراوە.

نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی شوبەك: قەڵاتی شوبەك دژێکی کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەنبات)ەکان و لە سەردەمی ئەیووبی دا، مەلیك موعەزەم عیسا ئەیووبی بایەخی بەو شوێنە داوە و نۆژەنی کردەوە و دژەکەشی زیاد کرد. هەروەها مەلیك کامل محەمەد ئەیووبی بایەخی پێدا و کردیە عەمبار و پەناگەیەك لە کاتی پێویستدا، نۆژەنی کردەوە و بیناکەشی زێدە کرد. هەروەها مەلیك ساڵح نەجمەدین ئەیووب خاوەنی میسر لە بیناکەی زێدە کرد...

دووەم: سەردەمی مەملووکی ١٢٦٠ ـ ١٥١٦ی زایینی

بەڵگەنامەکانی میژوویی ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکانی هەکاری بەردەوام هەبوونە لە گەڕەکی کوردان لە شاری سەلت. قازی و زانای زۆریان

لێ هەلکەوت وەك شێخ عەبدوڵڵا هەکاری سەلتی و کوڕە زاناکەی محەمەد، کە خەریکی دەرس گوتنەوە بوو لە قوتابخانەی حەسبان و قوتابخانەی سەیفیە لە سەلت کە میر سەیفەدین حیسامی لە ساڵی ٧٢٤ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١٣٢٣ی زایینی دایمەزراند، محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای هەکاری سەلتی بووە بەناوبانگترین قازی و زانای شافعی لە سەردەمی خۆیدا، قازیاتی (سەلت و دیمەشق و قودس و هەمس) گرتەدەست و لە ساڵی ٧٨٦ی کۆچی/ ١٣٨٤ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

هەروەها زانای بابیسی کورد شەهابەددین کوڕی سلێمان کوڕی داوودی کورانی، لەدوای گواستنەوەی لە دیمەشق هاتە سەلت و لەوێ نیشتەجێ بوو، هەر لەوێ خەریکی دەرس گوتنەوە بوو تا کۆچی دوایی کرد....

سێیەم: سەردەمی عوسمانی ١٥١٦ ـ ١٩١٨ی زایینی

سەرچاوە عوسمانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە بڵاوکراوەکانیان بە بوونی کۆمەڵە کوردێك لە گوند و شوێنە کشتوکاڵییەکانی سەلت، وەك کەشتزاری (سەماح)ی سەر بە غۆر و لەگەڵیان کۆمەڵە عەرەبێکی کەریمیش هەیە.

هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گەڕەکێکی کوردان هەبووە لە سەلت ساڵی ١٥٣٨ی زایینی و جارێکی دیکە لە سالی ١٥٩٦ی زایینی، کە ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ بوونی کوردە هەکارییەکان و کوردی دیکە لە شاری سەلت لە سەردەمی عوسمانیدا کە نزیکەی ١٣ بنەماڵە بوون.

ناوی شێخ توعمە کوڕی عەلی کوردی دیار دەکەوێ کە یەکێك بووە لە ڕێبەرە کوردەکانی پارێزگای عەجلوون لە ساڵی ١٥٣٨ی زایینی، لەو کۆمەڵە کوردە بوونە کە نیشتەجێی پارێزگای عەجلوون و مژیلی کاروباری کشتوکاڵی بوونە.

گەشتوەری سویسری (بیر کلهارت) لە گەشتەکەی بۆ شاری سەلت لە سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینی (١٨١٣) باس لەوە دەکات کە دانیشتوانی موسڵمانی ناوچەی شاری سەلت بریتین لە سێ عەشیرەتی (کوردەکان، قتێشات، عەواملە).

هەروەها دکتۆر (جۆرج تەریف) باس لەوە دەکات کە زۆربەی دانیشتوانی شاری سەلت لە موسڵمانەکان پێکهاتووە، کە لەوانە کوردەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

شاری سەلت لە سی گەرەك بیك هاتوو. گەرەکی کوردان. گەرەکی عەواملە. گەرەکی قتێشات. لەچاریەکی سەدەی ١٩ی زایینی دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئۆردندا گرت لەوانە ناوچەی بەلقا بوو کە یەکەمین قائمقامیەتی لە شاری سەلت ساڵی ١٨٨٠ی زایینی کردەوە و زۆربەی فەرمانبەرانی ئاسایش و پاسەوانانی لە کوردەکان بوون، لەوانە (عەلی کوران)ی بوو باپیری خانەوادەی عەلی سەیدۆ کوردی لە عەممانی ئێستا...

... لە سەدەی نۆزدەدا عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ئۆردندا گرت، ئینجا بنکەی سوپایی و هێزی پۆلیس و سوپایان دامەزراند بۆ ئاسایشی ڕژیم و وەرگرتنی باج و ... خەڵك بۆ ناو سوپا لە کاتی پێویستدا، زۆربەی فەرمانبەرەکانیان لە ڕەگەزی کورد بوون. سوڵتان عەبدولحەمید هانی کوردەکانی دا بۆ ناو سوپای عوسمانی، تەنانەت بۆ پاسەوانی خۆشی (سوارانی حەمیدیە)ی لێ دامەزراندن و سووی لێ وەرگرتن دژ بەو کەسانەی کە لەژێر فەرمانی دەردەچوون.

... دەوڵەتی عوسمانی ئەو کاتەی کە زیاتر خۆی بەسەر ئۆردندا سەپاند، ڕەشید پاشا بە یارمەتی ڕێبەری کوردەکان لە سالحیەی دیمەشق (محەمەد سەعید) لە ساڵی ١٨٦٨ی زایینی سەلتی خستە ژێر فەرمانڕەوایی

عوسمانییەکان، لەدوایی دوو نەفەر لە کوردان بەڕێوەبردنەکەیان گرتە ئەستۆ (قائمقامییەتی سەلت) کە فارس ئاغا قادور لە ساڵانی ١٨٦٨ ـ ١٨٧٤ی زایینی و لەدوای ئەو یونس ئاغا قادور لە ساڵی ١٨٧٤ی زایینی، کە لە کوردەکانی دیمەشق بوون.

دکتۆر (جۆرج تەریف)ی تۆیژەر دەڵێ: لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٦٨ ـ ١٩٢١ی زایینی خانەوادەی بەرچاو هاتنە سەلت وەك خانەوادەی کوردی و ئۆرفەلی.... گەلێك ناوی کوردی لە شاری سەلت دەرکەوت کە لە تۆمارگەی شارەوانی سەلت لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی تۆمار کرابوو...

لەنێوان ساڵانی ١٨٥٠ ـ ١٩٢٨ی زایینی شارۆچکەی ئەربد و گوندەکانی دەوروبەری بازرگانانی زۆری دیمەشقی شامی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ... لەنێوان ئەوانەی گەیشتنە ئەربد و گوندەکانی خەڵکێکی زۆر لە چاریەکی دوایی سەدەی نۆزدە کورد بوون لە بازرگان و سوپایی و فەرمانبەر، ئەوانە لە گەڕەکی کوردانی ساڵحییەی دیمەشق و لە پارێزگای ئۆرفە و دیاربەکر هاتبوون، ناویان لە تۆمارگای شەرعیی محاکمی ئەربد هەبووە و دیارە و نووسراوە. ئەوانە لە پارێزگای عەجلوون و شارۆچکەی ئەربد و دەوروبەری نیشتەجێ بوون...

گەشتوەری ئەڵمانی (شۆماخێر) دەڵێ: لە ساڵی ١٨٨٧ی زایینی ناوەندی قەزا لە ئەربد (٤٠) پاسەوانی چەکدار و هەندێ ئەفسەری تێدا بوو کە بەشداریان لە کۆکردنەوەی باج و خەراج دەکرد و زۆربەیان لە کوردەکان بوون. دەتوانین بڵێین کوردەکان لە زۆر شوێن و دامودەزگای حکومی ئەو شارەدا فەرمانبەر و کاربەدەست بوون.

•••

خوێنەرانی خۆشەویست زانیاریی زیاتر سەبارەت بە وەزعی کوردەکانی

ئۆردن لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دەتوانن لە بەشی سێیەمی کێبی (کوردە ئۆردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا) بەدەست بێنن.

● **ڕۆڵی کوردەکان لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا**

یەکەم: ژیانی سیاسی

کوردەکانی ئۆردن بەشداریان لە ژیانی سیاسیی ئۆردن کردووە لە خولی پێش دامەزراندنی میرنشینی ئۆردن لە سەردەمی فەیسەڵی سووری هەروەها لە ژیانی سیاسیی باشایەتیی ئۆردن لە کاتی دامەزراندنی تا ئیمڕۆ. ژۆر لەوان ناوەندە وزاری و دیبلۆماسی و سوپایی و ئیداریەکانیان گرتە ئەستۆ و بەشداریان لەو ژیانە سیاسییەدا کرد.

خاوەنی هێز و توانا بوون لە ئیشوکارەکانیان، ڕێژەی باوەڕی سەرکردایەتی هاشمی و لێپرسراوان بە کوردەکان زۆر بوو و جێی متمانەی هەموویان بوون، ئامادەیی و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی سیاسی و ڕێژەیان تێپەڕی کرد لەوانەی دیکە کە ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لە کوردەکان و دەگەیشتنە چەند بەرامبەر. ئەوەش خۆبەخۆ بەڵگەیە بۆ ئەوەی یەکسانی هەیە لە هەموو مافەکان و کوردەکانیش جیاوازییان نەبووە لەگەڵ هاوواڵاتییە ئۆردنییەکانی دیکە.

ئێستاکەش لەخوارەوە ڕۆڵی سیاسیی کوردەکان بەپێی بەڵگەنامە و سەرچاوەکان دیاری دەکەین:

ـ لە سەردەمی فەیسەڵی سووری (١٩١٨ـ ١٩٢٠)ی زایینی:

مەلیك فەیسەڵی یەکەم حکوومەتی عەرەبی لە ساڵی ١٩١٨ی زایینی لە دیمەشق دامەزراند، ڕۆژهەڵاتی ئۆردن بەشێك بوو لە پێکهاتەی سیاسی ئەو حکوومەتە، بۆ ئەو حکوومەتە گرفتێکی زۆری سیاسی هاتە پێش کە

بەدەستی فەرەنسییەکان کۆتایی بەو حکوومەتە ساوایە هات لەدوای شەڕی «میسلون»ی بەناوبانگ لە ١٩٢٠/٧/٢٤ی زایینی.

ڕێبەر و شێخەکان و خەڵکی ئۆردن لە هەموو ڕوێکەوە پشتگیری ئەو حکوومەتەیان کرد، هەڵوێستێکی نیشتمان پەروەریان هەبوو... بە پیاوماقوولّ و ناوداڕەکانی ئۆردن سەیدۆ کوردی بوو کە لەو کاتەدا سەری هەڵدا و هەڵوێستی نیشتمانپەروەری دیاری هەبوو کە لە خوارەوە دیاریی دەکەین:

ئەو کاتەی پڕوپاگەندە دەکرا کە سوریا دابەش دەکرێ نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، گەلی سوری و ئۆردنی وەك بروسکە لێدراوێك بەو پڕوپاگەندەیە (هەواڵە) سەرسام و نارەحەت بوون، هەستان بە خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و پێکهێنانی دەستە و لیژنەی تایبەت و تۆمارکردنی ناوی هاووڵاتیان بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی و بەرگریی لە خاك و نیشتمانی خۆیان.

سەیدۆ کوردی و محەمەد تاهیر جقە و سەعید خێر هەڵسان بە پێکهێنانی لیژنەی نیشتمانی لە عەممان و بۆ ئەو مەبەستەش لە بەرواری ١٩١٩/١٢/١٥ی زایینی بروسکەیەکی تایبەتیان ئاراستەی ئەمیر فەیسەڵ لە دیمەشق کرد...

... هەروەها لە سەردەمی فەیسەڵ هەندێ لە کوردەکان کاری ئیداریان لە ئەستۆدا بوو لە ئۆردن، ئیسماعیل ئەفەندی کوردی وەك کاتبێك (نووسەرێك) لە دادگای کەرك لە بەرواری ١٩١٩/١/٢٥ی زایینی کاری دەکرد و محەمەد عەلی کوردی نووسەری یەکانەی دادگای سەرەتایی کەرك بوو و سەعید ئەفەندی کوردی پلەی لێپرسراوێتی نووسەرانی دادگای سەلتی وەرگرت.

ـ لە سەردەمی میرنشینی و پاشایەتی ئۆردن (١٩٢١ ـ ٢٠٠١)ی زایینی:

هەندێ لە کەسایەتیە کوردەکان ڕۆڵێکی سیاسیی تایبەتی و دیاریان

گێڕا لە سەردەمی میرنشینی ئۆردن، بەشداریان کرد لە پارتە سیاسییەکان و ئامادەبوون لە کۆنگرە نیشتمانییەکان و خەباتکردن دژ بە بەیانەکانی بەریتانیا، پشتگیریان لە دۆزی فەلەستینی کرد وەک کۆکردنەوەی هاوکاری و بەشداریی لە خۆپێشاندان و ناڕەزایی.

بەناوبانگترین ئەو کەسایەتییانەش: سەیدۆ کوردی، عەلی کوردی، یەحیا کوردی، فایز کوردی، سەلیم ئاغا سەعدوون، سەعد جومعە، مەدحەت جومعە، ئەحمەد کوردی بوون.

سەیدۆ کوردی کە لە بیاوە دیارەکانی عەممان بوو، ڕۆڵێکی سیاسیی مەزنی گێڕا لە سەردەمی میرنشینی ئۆردن، وەک بەشداری کردنی لە پارتە سیاسییەکان و کۆنگرە نیشتمانییەکان و دژایەتی کردنی بەیانەکانی بەریتانیا و پشتگیری لە سیاسەتەکانی عەبدوڵڵا کوڕی حەسەن....

کاتێ کۆنگرەی نیشتمانی یەکەم بە سەرۆکایەتی حوسێن تەراونە لە چایخانەی حەمدان لە عەممان بەسترا، کە ماوەی چوار ڕۆژی خایاند لە ١٩٢٦/٧/٢٥، کۆمەڵە سەرۆک عەشیرەت و شێخێکی زۆری ئۆردنی تیایدا بەشدار بوون، لەوانە دوو کەسایەتی دیاری کورد کە بە نوێنەرایەتی خەڵکی عەممان ئامادە بوون (سەیدۆ کوردی و عەلی کوردی).

پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بدەم ئەویش ئەوەیە کە لە کێبەکەی بەڕێز محەمەدعەلی سویرکی، باس لە گەلێک کار و چالاکیی سیاسیی کوردەکانی ئۆردن لەو سەردەمەدا کراوە و ئێمە بۆ خۆپاراستن لە دریژبوونەوەی باسەکە تەنیا ئاماژە بە کار و چالاکییەکانی هێندێک لەو کەسایەتییانە و یەک لەوان سەیدۆ کوردی دەکەین. خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کار و چالاکیی و هەروەها کەسایەتییەکانی ئەو قۆناغە لە مێژووی ئۆردن، دەتوانن کێبەکەی بەڕێز سویرکی بخوێننەوە.

بەڵێ! ئەو کاتەی گەنجەکانی ئۆردن لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی لیژنەیەکیان بە ناوی (مشروع القرش الخیری) دامەزراند بە سەرکردایەتی حەمدی منکۆ، ئەندامەکانی ئو لیژنەیە سەردانی گشت ناوچەکانی ئۆردنیان کرد و پیتاکیان کۆ کردەوە لە هاوواڵتیان. سەلیم ئاغا سەعدوون ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و هاوکاری لە پارێزگای ئەربد، مەبەست لە کۆکردنەوەی ئەو پیتاکەش هاوکاری گەلی فەلەستینی بوو.

... لە سەردەمی میرنشینی، بەرهەڵستکاری نیشتمانی لە کەسایەتیە دیارەکان دامەزرا. کە لەنێویاندا کوردەکانی ئۆردن هەبوون وەك سەعد جومعە، مەدحەت جومعە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٣٤ـ ١٩٤٨ی زایینی. هەر لەو سەردەمەدا ئەحمەد کوردی و سەیدۆ کوردی وەك نیشتمانپەروەرێك دەستنیشان کران.

کوردەکانی ئۆردن پلەوپایەکی زۆر و بەرزیان لە وەزارەتەکان و ئیدارە و دیبلۆماسییەت و سوپا بەدەست هێنا لە حکوومەتی ئۆردن. ئەوەش گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هێز و توانا و هەستکردن بە لێپرسراوێتی و خێر و ڕاستیان لە کارە تایبەتییەکان و ڕەوشتیان. ڕەشید مەدفەعی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی و بووە بە وەزیری ناوخۆ و بەرگری لە ساڵی ١٩٣٧ی زایینی. مامۆستا سەعد جومعە بووە وەزیری دەرباری پاشایەتی هاشمی لە ساڵی ١٩٦٥ و دوو جاریش سەرۆك وەزیرانی ئۆردن بووە. دکتۆر یوسف زهنی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٤ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کار بووە. ئەندازیار سەلاح جومعە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٦ـ١٩٧٩ وەزیری کشتوکاڵ و تەموین بووە. دکتۆر ئەشرەف وەزیری تەندروستی (١٩٩٧ـ١٩٩٨). مامۆستا سەعدەدین جومعە وەزیری کاروباری سەرۆك وەزیران لە ساڵی (١٩٩٧ـ١٩٩٨). عەمید حەسەن زازا

جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی.

بەڵام لە ئێش وکاری دیبلۆماسیدا، مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی خزمەتێکی بەرچاوی کرد بە سەفارەتەکانی ئۆردنی لە (جەددە، ئەنقەرە، دیمەشق، یەمەن) تا خانەنشین بوو بە پلەی وەزیر. مامۆستا سەعد جومعە سەفیری ئۆردن بوو لە (ئێران، سوریا، ئەمریکا، مەغریب، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەریتانیا، تونس، ئەسپانیا) لەنێوان ساڵەکانی (١٩٥٨-١٩٧١)ی زایینی، لیوا عەبدولئیلا کوردی سەفیری ئۆردن بوو لە مالیزیا و ئیسرائیل. مامۆستا مازن مەدحەت جومعە سەفیر بوو لە مالیزیا.

بەڵام لەبارەی بەڕێوەبردنەوە: ڕەشید مەدفەعی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٨-١٩٣٠ی زایینی پارێزگاری پارێزگای بەلقا بووە... سەعد جومعە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٤-١٩٥٨ پارێزگاری پایتەخت بوو و خەلیل بەکر زازا لە ساڵی ١٩٣٠ بەڕێوەبەری ناحیەی شوبەك بووە و محەمەد عەلی کوردی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٥-١٩٢٧ بەڕێوەبەری ناحیەی کەرك بوو و لەساڵی ١٩٣٣ قایمقامی عەجلوون بوو و لە ساڵی ١٩٤٨ پارێزگاری پارێزگای بەلقا بوو.

لە بواری ئەنجوومەنی شارەوانییەکان: لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٧ی زایینی عەواد کوردی ئەندامی لقی ئەنجوومەنی شارەوانی سەلت بوو. حوسێن سەیدۆ کوردی ئەمینی پایتەخت بوو لە ساڵەکانی ١٩٦١- ١٩٦٢. محەمەد عەلی کوردی یاریدەدەری ئەمینی پایتەخت بوو و حوسێن جابر کوردی و ڕەغد محەمەد عەلی کوردی ئەندامی ئەنجوومەنی ئەمانەتی پایتەخت بوون.

لە بواری شارەوانییەکانەوە لە ساڵی ١٩٩٥ قاسم عەلی کوردی ئەندامەتی شارەوانی ریمون/ جرش بۆ دوو خول بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٩ حاتەم عەید کوردی ئەندامی شارەوانی دێر ئەبی سەعید بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ فەندی موسا کوردی ئەندامی شارەوانی جنین الصفا/ اربد بوو و

ئەندازیار مەروان ئەحمەد عوسمان کوردی ئەندامی شارەوانی زەرقا بوو ...

بەڵام لە ئەنجوومەنی نوێنەران، مامۆستا سەعد جومعە لە ساڵی ۱۹۶۷-۱۹۶۹ و لە ساڵی ۱۹۷۱-۱۹۷۷ ئەندامەتی بەدەست هێنا. لە ساڵی ۱۹۹۳-۱۹۹۷ی زایینی دکتۆر ئەشرەف کوردی ئەندامی ئەنجوومەن بوو و مامۆستا سەعدەدین جومعە لە ساڵی ۱۹۹۷ی زایینی تا ئێستا هەر ئەندامە. (واتە تا کاتی نووسینی کتێبەکە).

دووەم: بەشداریی ئەدیبە کوردەکان لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی

ئەدیب و نووسەرە کوردەکان بەشداریان لە بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئۆردنی کردووە وەك بڵاوکردنەوە و دانان و نووسین و هونەر و زانست و ڕاگەیاندن، بەشداریی کوردەکان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بوو لەچاو ڕێژەی کوردەکان و لە کۆی دانیشتووانی ئۆردن، ئەوە لە خوارەوەش ئەم جۆرە بەشداربوونەتان دەخەینە بەرچاو.

لە سەرووی هەموو ئەدیب و ئەندیشمەندەکانی کوردی ئۆردنی خوالێخۆشبوو سەعد جومعە ئەیوبی بووە کە سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئۆردنیش بووە، جگە لە ناوبانگی لەڕووی سیاسەتەوە، ناوبراو ئەندیشمەند و ئەدیب و شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگیش بووە، زاڵ بوو لەسەر زمانی عەرەبی، زۆر حەزی لە ئەدەبیات دەکرد و شێعرێکی جوانی هەیە، هەروەها لە بواری نووسین و وتار و ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەدا...

... مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی بەشداریەکی چاکی هەبووە لە بزووتنەوەی ئەدەبی ئۆردنی، ئەو یەکەمین ئۆردنی بووە کە دەربارەی گەشتی ئەدەبی ئۆردنی نووسیوە لە کتێبەکەی بەناوی (من عمان الی العمادیه) یان (جوله فی کوردستان الجنوبیه) کە لە ساڵی ۱۹۳۹ دەرچوو. کە تیایدا دەربارەی گەشتەکەی بۆ

کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی ئەدیبانە وەسفێکی جوان باش دەکات... ئەو کاەە کە چووە ناو ئیشوکاری دیبلۆماسیش کتێبێکی دانا بە ناوی (التعلیمات القنصلیە الاردنیە) کە بووە بە سەرچاوە و رێبازێکی زۆر گرنگ بۆ فەرمانبەرانی کونسولی ئۆردنی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. لەڕووی دانانەوە فەرهەنگێکی زمانەوانی دانا بە ناوی (القاموس الکوردی الحدیث) کە نزیکەی ٢٥هەزار وشەی کوردی و بەرامبەرەکەی بە عەرەبی گرتەخۆ، کە یەکێك لە فەرهەنگە چاکەکانی کوردی بوو. لەباری پەروەردەییەوە، مامۆستا و بەڕێوەبەرێکی زۆر چاك بوو لە قوتابخانە بەناوبانگەکانی ناوەندی ئوردن لە سەردەمی میرنشینی ئۆردن لە شارەکانی سەلت و ئەربد و کەرك... یەکەمین ئۆردنی بوو کە بڕوانامەی زانکۆی وەرگرت لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینی و...

مامۆستا عەبدولڕەحمان کوردی دوو کتێبی چاکی خستە بەردەستی جەماوەر بە ناوەکامی (وادی الاردن، امتیازاتە و مشورعاتە) و (الحب بعد الموت کاملا) و ... هەروەها شێخ محەمەد سەعید کوردی کتێبێکی زۆری دانا و بڵاو کردەوە کە زۆربەی لەڕووی سۆفیگەری بووە و لەناو ئۆردن بڵاو کراوەتەوە.. دکتۆر راجح کوردی چەند پەرتووکی سەر بە ئایینی ئیسلامی دانا... و هەروەها سەفیر و دیبلۆمات مەدحەت جومعە کتێبێکی لەسەر سیاسەتی عەرەبی بڵاو کردەوە بە ناوی (تسقط الدبلوماسیە). خوشکە حەنان عەبدولڕەحمان کوردی دوو کتێبی وەرگێڕا کە پەیوەندی بە شوێنەواری ئۆردن هەیە.. توێژەر و مێژوونووس محەمەد عەلی سوێرکی کوردی نووسەری کتێبی (کورده ئۆردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا) چەند کتێبێکی ڕێکخست کە پەیوەندیی بە مێژووی ئۆردن و شۆڕشی گەورەی عەرەبی هەیە لەوانە (الاردن فی اشعار العرب، نوابغ الاردن فی العصر الاسلامی، شرق الاردن و العهد الفیصلی و ...) و ...

ــ عەبدولڕەحمان کوردی یەکەمین شوێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ئۆردن دامەزراند. مێژوونووس سلێمان مووسا دەڵێ: لە ئۆردن شوێنی بڵاوکردنەوە و چاپکردن نەبوو، تا گەنجێکی ڕۆشنبیر خۆی بەخت کرد بۆ ئەو ئەرکە و لێی سەرکەوتوو بوو ئەویش مامۆستا عەبدوولڕەحمان کوردی یە. هۆکارەکەشی تەماحی ڕۆشنبیریی ئەو گەنجە بوو کە هانی دا بۆ ئەوەی یەکەم خانوو بۆ چاپکردن دابمەزرێنێ لە ئۆردن (عەممان) و لەسەر شانی خۆی هەڵسا بە چاپکردنی پەرتووکی چاك وباش و دابەشکردنی لە خزمەت ڕوشنبیری لە ئۆردن و گەیاندی بە خوێنەر بە ئاسانترین و چاکترین شێوە. ناوی ئەو شوێنە بۆ چاپکردن کە عەبدولڕەحمان کوردی دایمەزراند «الشركة الـطباعة الحديثة» بووکە ١٣ کتێبی بەناوبانگ و چاکی ئەدیب و نووسەرانی ئۆردنی لێ چاپکرا... ئەو ئەزموونە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو (١٩٥٤ ـ ١٩٥٧).

سەبارەت بە زانستی پزیشکی و تۆێژینەوە دوکتۆر یوسف زهنی دوو کتێبی بڵاو کردەوە بە ناوەکانی (الفلورايد و مياه الشرب فی الاردن) و (المسح الصحی السنی فی الوطن العربی). دکتۆر ئەشرەف کوردی تۆێژینەوەی پزیشکی بەرچاوی بڵاو کردەوە کە بڕواپێکراوی نێودەوڵەتی بووە، تۆێژینەوەی زۆری هەیە دەربارەی نەخۆشی (التصلب اللوبحی المتعدد) بە هاوبەشی و بەشداری ئەنجوومەنی پزیشکیی بەریتانی بۆ تۆێژینەوە، هەروەها تۆێژینەوەی لەبارەی مردنی مێشك (موت الدماغ) کردووە و ...

دکتۆرە پوران عەبدولڕەحمان کوردی تۆێژینەوە و دیراسەتێکی زۆری ئامادەکرد کە زیاتر لە ١٤ بووە لە گۆڤارەکانی زانستی ئەمریکی و بەریتانی بڵاو کرایەوە کە زۆربەیان پەیوەندی بە زانستی ژێن (ژێنێتیك) و ویراسە و خوێن و شێرپەنجە (سەرەتان) هەیە و خەڵاتی ئەنجوومەنی بەریتانی

بۆ توێژینەوە لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی وەرگرت، ئەندامی کارگێڕە لە زۆر لە کۆمەڵە زانستییەکان لە ئەمریکا کە تایبەتە بە شێرپەنجە و ویراسەی بەشەری.

● **لە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن:**

مامۆستا سەعد جومعە و عەبدولڕەحمان کوردی بە ڕێبەر و پێشەوای ڕۆژنامەوانی لە ئۆردن دەژمێردرێن، سەعد جومعە ڕۆژنامەی (الحق)ی لە عەممان لە ساڵی ١٩٧٤ دەرکرد و بە دەیان وتاری نووسی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و عەرەبی بڵاو کرایەوە. عەبدولڕەحمان کوردی گۆڤاری (الاردن الجدید)ی لە عەممان لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی دەرکرد کە گۆڤارێکی حەفتانەی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوو لە ئۆردن، ١٦ ژمارەی لێ دەرچوو. ئەو گۆڤارە داوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و سەرکەوتنی دۆزی ئافرەتی دەکرد و ...

● **لە بواری فێرکردنی ئەکادیمی و پەروەردەیی:**

لەنێو کوردەکانی ئۆردن کۆمەڵێك کەسایەتی هەڵکەوت کە خزمەتیان بە بزووتنەوەی پەروەردەیی ئایینی کرد لە ئۆردن، لەوان شێخ عەبدولحەمید ئەفەندی کوردی مورشیدی ئایینی بۆ عەرەبەکانی (بەلقا) لە سەردەمی عوسمانیدا لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٥-١٨٩٠ی زایینی. هەروەها شێخ و داعی گەورەی سۆفیگەری محەمەد سەعید کوردی کە وەك ڕێنما و ئیمامێکی ئایینی لە مزگەوتەکانی ئەربد و گوندەکانی کاری دەکرد، موورید و قوتابییەکی زۆری هەبوو ..

مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی وەك مامۆستایەك و بەڕێوەبەرێکی

لێوەشاوە لە قوتابخانە بووە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن و بێجگە لەوێش زۆر مامۆستا و بەڕێوەبەری دیکە خزمەتیان لەم بوارەدا کردووە.

● **لە بواری ڕاگەیاندن (رادیۆ و تەلەفزیۆن):**

لە بواری ڕاگەیاندنی ئۆردنی ڕووخسار و دەنگی کوردیی بەناوبانگ دەرکەوت کە بەشداریان کرد لە گەیاندنی نامەی ئۆردنی بۆ جەماوەری بینەر و گوێگران، سەبارەت بە ڕادیۆ و بێژەریی، عەبدولقادر کوردی یەکێك بوو لەو بێژەرانەی ئۆردنی کە شاعیری عەرەبی محەمەد ناجی عمایرە باسی دەکات و دەڵێ: «لەبیر نەکەین و بەبیر خۆمان بێنینەوە.. دەنگی عەبدولقادر کوردی و ئەوانی دیکە لە یەکەمین ئیزگەدا دەنگی ئۆردنی گەیاندە گوێچکەکان و ئامادەی کرد بۆ خەڵکەکە». هەروەها بێژەری بەناوبانگ مامۆستا خەلدوون کورد کە لە بەرنامەی ڕاستەوخۆ و بەرنامەکانی دیکە بە دەنگی زۆلالیان دەرکەوت. هەروەها کەسایەتیی تەلەفزیۆنی بەناوبانگ هەنە لەسەر تەلەویزیۆن، بەرامبەر بە جەماوەری ئۆردنی وەك ئیمان زازا، رانیا کوردی، دامـا کوردی، حەسەن کوردی کە ئێستا لە خەلیج ئیش دەکات.

باس لە ڕۆڵی کوردەکان لە دامەزراندنی کتێبخانە و بەکرێ گرتنی پەرتووك ناکەین و لە چەند دێرێکدا باسی ڕۆڵیان لە بواری سینەما و دەرکردنی فیلم دەکەین:

● **لە بواری سینەما و دەرکردنی فیلم:**

ڕۆڵێکی تایبەت و مەزن لەلایەن هەردوو برا ئیسماعیل و ئیبراهیم کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هونەر لە چلەکانی سەدەی بیستەم تا ئیستا درا. ئیبراهیم کوردی کۆمپانیایەکی بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی بە ناوی

(شرکه الانیا الجدیده الانتاج الافلام السینمائیه) لە میسر دامەزراند، چوار فیلمی چاکیان دەرهێنا، ئەو کۆمپانیایە لەدوای ئەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبری میسر، ساڵی ١٩٥٤ی زایینی دەوڵەتی بوونی ئەو کۆمپانیایەی ڕاگەیاند، لە کار وەستا.

ئیسماعیل کوردی کۆمپانیای (دولار فیلم)ی لە میشێل دیفی خاوەنی سینەمای حەمرا لە بەیروت کڕی، چەند فیلمی سینەمایی دەرهێنا... هەروەها بەناوبانگترین سینەمای دروست کرد لە ئۆردن لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم وەك سینەمای (دنیا، البترا، زهران) لە عەممان و سینەمای زهران لە ئەربد، تا ئێستاکەش سینەمای زەهران ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبینێ لە عەممان و ئەربد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە بواری نمایش و دەرهێنانی شانۆ ... چەند کەسێکی ڕۆڵی باشیان گێڕاوە کە بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، لە باسکردنیان خۆ دەبوێرین.

- **بەشداریی نووسەر و ئەدیبە کوردەکانی ئۆردن لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی:**

مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی ڕۆڵێکی مەزن و تایبەتی بینی لە ڕۆشنبیری و مێژوو و زمانی کوردی. لە ساڵی ١٩٣١ی زایینی سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و کتێبێکی چاکی خوێندەوە دەربارەی ژیانی کوردەکان لەوێندەرێ. ئەوی لەوێ بینی تۆکاری کرد لە پەرتووکێك بە ناوی (من عمان الی العمادیه أو جوله فی کوردستان الجنوبیه)، کە لە ساڵی ١٩٣٩ لە قاهیرە دەرچوو. لە دوایی ئەو کتێبە بووە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەناوبانگ بۆ خوێندنی مێژووییەکان دەربارەی کوردان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی

و ڕۆشنبیرییەوە کە تا سێ یەکی لە سەدەی بیستەم خایاند.

نووسەری سوری منزر مووسڵی دەڵێ ناوەڕۆکی کتێبی (من عمان الی العمادیە) مێژوویەکی تەواو و پڕ بوو بۆ کورد و کوردستان، ئەو کتێبە نموونە لە خولی سییەکان و چلەکان لە سەدەی ڕابردوو (بیستەم) چونکە ئاسەوارێکی مێژوویی کەمیابە کە بە زمانی عەرەبی دەربارەی کوردەکان نووسراوە.

هەروەها مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی کتێبێکی دەربارەی کوردەکانی ئێران بە ناونیشانی (اللر و اللرستان) لە گۆڤاری (المجمع العلمی لکوردی العراقی) لە سالی ١٩٧٤ی زایینی بڵاو کردەوە. هەروەها زۆر کتێبی باشی لەبارەی دۆزی کوردان وەرگێڕا وەك (کتاب الاکراد دانانی حەسەن ئەرفەع، رحلە بین الشجعان لە دانا شمیس، جمهوریە مهاباد الکوردیە لە ولیام ئیگلتۆن، الاکراد لە تۆماس یووا، مشکلە الاقلیم الشرق فی تورکیا لە محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان). بەڵام زەحمەت و هەوڵ و کۆششەکانی بێسوود بوو لەبەر ئەوەی لە چاپ نەدرا و لە گۆشەی مەکتەبەکەی مابووەوە و خەڵکانی دیکە لە بەیروت وەریانگێڕان و بڵاویان کردنەوە.

هەروەها فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی دانا کە پێکهاتبوو لە ٢٥ هەزار وشەی کوردی و بەرامبەرەکەی لە فۆنۆتیکی عەرەبی کە نزیکەی (٤٠) ساڵی تەواوی پێچوو لە کۆکردنەوەی پێویستییەکانی، لەلایەن کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی خێرخوازی لە ساڵی ١٩٨٥ لەچاپ درا کە لە ٦٧٠ لاپەڕە پێك هاتبوو.

هەروەها چاکردنەوەی پێتێکی کوردی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی پسپۆڕی کورد دکتۆر جەلادەت بەدرخان گۆڤاری (هاوار)ی لە دیمەشق دەرکرد، نامەیەکی بۆ نارد و فێری دەکا کە پیتی (Q) بکاتە (K) لەلاتینی کوردی، بە خۆشحاڵییەوە جەلادەت بەدرخان تێبینیەکەی پەسند کرد و

گۆرانکارییەکەی ئەنجام درا، ئینجا لەو رۆژەوە ئەو پیتە بووە جێگری پیتەکەی دیکە لە لاتینی کوردی.

هەروەها توێژەر محەمەد عەلی سوێرکی کۆمەڵە وتارێکی بڵاو کردەوە لەسەر مێژوو و شارستانییەتی کوردان لە رۆژنامەی (اللوا الاردنیە) لە ساڵی ١٩٩٧ەوە هەوڵی ناساندنی کوردانی ئۆردنی داوە. لەم بارەیەوە زۆر وتاری بەنرخی بڵاو کردۆتەوە.

... هەروەها مامۆستا (عەدنان عەلی خدر کوردی) باسێکی دوور و درێژی دەربارەی کوردان لە رۆژنامەی (الرای الاردنیە) ساڵی ١٩٩٩ لەژێر ناونیشانی (بحث عن الاکراد) بڵاو کردەوە و وتار و باسی زۆری کە پەیوەندیی بە کوردان هەبووە، بڵاو کردەوە. ئەمانە و زۆر هەوڵی دیکەش لە کەسانی دیکە...

سێیەم: رۆڵی کوردان لە سوپا و ئاسایشی گشتیی ئۆردن

لەدوای گەیشتنی میر عەبدوڵڵا کوڕی حەسەن بۆ عەممان لە بەرواری ١٩٢٠/١١/١١ی زایینی خەڵك و جەماوەری زۆری ئۆردن و سوری سەردانیان کرد بە مەبەستی پشتگیری بەرامبەر داگیرکەرانی فەرەنسی کە کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی مەلیك فەیسەڵ لە سوریا هێنا، لەنێوان شانەکە دوو ئەفسەری کورد (خەلیل بەکر زازا و نورەدین بەرزنجی) دیار بوو و لە ڕاپۆرتی سەرکردەی سوپای ئۆردنی «فردریك بەگ» لە ساڵی ١٩٢٨ هاتووە کە ژمارەی سەرکردە کوردەکان لەناو سوپای ئۆردن ١٤ سەرکردەیە و ...

ئەوکاتەی میر عەبدوڵڵا گەیشتە عەممان، بڕیاری دا بە بنیادنانی میرنشینی ئۆردن و دامەزراندنی سوپای نوێی ئۆردنی کە کۆمەڵێك ئەفسەری کوردی خاوەن ئەندیشە و شارەزا تێدا بەشدار بوو کە کاکڵەی سوپای عەرەبییان پێك هێنابوو. لە خوارەوەش باس لە هەندێکیان دەکەین:

ـ ئەفسەر خەلیل بەکر زازا، بنچینەی لە کوردەکانی گەڕەکی سالحییەی دیمەشقە، هاتە ناو سوپای ئۆردنی لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگای پۆلیس و پاسەوانی ئۆردن، لە ساڵی ١٩٣٨ شەهید بوو.

ـ ئەفسەر ڕەشید مەدفەعی، لە ڕەچەڵەکی کوردەکانی بەغدایە، بەشداریی لە شەڕەکانی شۆڕشی عەرەبیی مەزن و دەوڵەتی عەرەبی سووری کردووە، لە ساڵی ١٩٢٣ بووە بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی ئۆردن.

ـ ئەفسەر نەزمی خەلیل بەدرخان، کوردێکە سەر بە شارۆچکەی شاکرەك لە سووریا، لە ساڵی ١٩٢١ گەیشتە ناو سوپای ئۆردن، بە پلەی (بەرپرس) لە ساڵی ١٩٣٠ خانەنشین بوو.

ـ عەقید نورەدین میللی، ڕێبەری ئیشوکارەکانی (الضفة الغربیة) بوو لە نێوانی ساڵەکانی ١٩٥٧ـ١٩٥٨ و ڕێبەر و بەرپرسی چەکی ئەندازیاری کارەبایی و میکانیکی پاشایەتی لە ساڵەکانی ١٩٥٧ـ١٩٥٨ بوو.

ـ ئەفسەر مستەفا میللی، یەکێك بوو لە ئەفسەرە سەرەتاییەکانی سوپای ئۆردن و ئاسایشی گشتی و بەرپرسی بەرگریی میللی.

ـ نەقیب محییەددین میللی، لە ئەفسەرەکانی لیوای مەلیك تەلال بوو لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی.

ـ موقەدەم ڕوکن مەحموود کوردی، پێشەوای کتیبەی جەنگی (مدرسة المرشحین) لە ساڵی ١٩٦٣ ی زایینی.

ـ ئەفسەر ئەمین دەقوری، ئەفسەری سەرکردایەتی تەموین و گواستنەوەی پاشایەتی.

ـ فەریق ساڵح کوردی، بەرپرس و پێشەوای چەکی هەوایی پاشایەتیی ئۆردن لە ساڵەکانی ١٩٦٢ـ١٩٧١ی زایینی.

... پێویست بە ئاماژەکردنە کە لێرەدا تەنیا باس لە ناو و پلەی هێندێك لەو

کوردانە کرا، ئەگینا لە کێبەکەی بەڕێز سوێرکی وەك زۆربەی بابەتەکانی تر، زیاتر باسی کراوە و کەسانی زیاتر ناویان هاتووە.

چوارەم: لە بواری ئابووری

زۆر لە کوردانی ئۆردنی بەشداربیان لە مەیدانی ئابووری ئۆردنی کرد لە گشت بوارەکانی پێشکەوتنی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی. لە کاتی میرنشینی دا، سەیدۆ کوردی یەکێك بوو لەو ناوداڕە مەزنانەی بازرگانی و کشتوکاڵی مڵکدارەکانی ئۆردنی کە سەری هەڵدا لە شاری عەممان.

هەروەها عەلی کوردی وەك بازرگانێك و بەڵێندەرێکی بەناوبانگ سەری هەڵدا، کە میوانخانەی مەلیك غازی و شەقاکی (السعادە) لە عەممان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەڵەپیاوە لە سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم، لەو کاتەدا ناوبراو کەسایەتی دیار و هۆی بەیەك گەیشتنی شێخەکان و گەورە پیاوانی ڕۆژهەڵاتی ئۆردن بوو.

حوسنی سەیدۆ کوردی ڕۆڵێکی تایبەت و کاریگەری هەبوو لە بواری بازرگانی و کۆمپانیا لە مەیدانی بانکی دا، بەشداریی کرد لە پێشبردنی بانکی ئۆردنی، کە بە کۆششی ناوبراو بۆ یەکەمین دەزگای مەسرەفی لە وڵاتدا، ماوەیەك ئەندامی ژووری بازرگانی عەممان و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندیی ئۆردنی بوو.

هەروەها سافی ئەحمەد کوردی ئیشوکاری کردووە لە بواری بەڵێندەرایەتی گشتی و بەرپرسی کارخانەی بزمار بووە و کارخانەی دروستکردنی پلاستیکی ئەغواری دامەزراند و بەشداریی و ئامادەبوونی زۆر هەبوو لە کۆنگرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی لە ئاستی نیشتمانی عەرەبی.

دکتۆر ئەشرەف کوردی ئەندامەتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی

ئۆردنی لە ئەستۆ بووە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٧٧ و ڕۆڵێکی ئایینی هەبوو لە بنیادنانی کۆمپانیاکانی ناوخۆیی.

لە بواری کشتوکاڵی ئاماژە بە ڕۆڵی عەشیرەتی سەعدوون کوردی دەکەین کە نیشتەجێنە لە شارۆچکەی سەمەر/ پارێزگای بەنی کەنانە، لە چاندنی داری زەیتوون و هاندانی جەماوەرەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی لە ناوچەکەدا.

هەروەها کۆششی زیادیان کردووە لە گەیاندنی دەزگای تازەی سەردەم بۆ کوشینی زەیتوون لە پارێزگای ئەربد و کارخانەیەکی تایبەتیان دروست کرد بۆ کوشینی زەیتوون و کەرەستەکەی کوشینی....

پێنجەم: لە بواری چالاکیی کۆمەڵایەتی و خۆیەخت کردن

ڕۆڵی تایبەت و کاریگەری چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی خێرخوازیی سەلاحەدینی ئەیووبی لە عەممان دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی، کە کۆمەڵێکی خێرخوازی فەرمی کە لەلایەن یەکێتیی گشتیی کۆمەڵە خێرخوازەکانی ئۆردن مۆڵەتی پێدراوە...

ئەو کۆمەڵەیە هەڵساوە بە خزمەتکردنی کەسایەتی کوردی لە ئۆردن لە بواری کۆمەڵایەتی بەپێی توانا مادییەکانی و بەپێی چالاکییە کارگێڕییەکانی یەک لەدوای یەک، خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵە تایبەت بوو بە هاوکاریی هەژاران و نەداران و یارمەتی گەنجەکانی وەرزشکار و هاوکاریی ماددیی قوتابییە هەژارەکان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان لە زانکۆ و دانانی شوێنی فێرکردنی دروستکردن و کردنەوەی شوێنی تایبەت بۆ بەخێوکردنی منداڵان و لێقەوماوان و...

هەروەها لە چالاکیە مەزن و پێشکەوتووەکانی بە مەبەستی پەیوەندی

و پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب و کوردەکان خۆبەخۆ و کۆمەڵگەی ئۆردنیش بە گشتی، هەروەها بووە هۆی پێشکەوتنی هەستی نەتەوایەتیی کوردی و ڕۆشنبیریی لەنێوان کوردەکان بە دروستکردنی تیپی سەلاحەدینی فۆلکلۆری و پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێ و سەما و گۆرانیی کوردی لە ئاهەنگە ڕەسمیی و نیشتمانییەکانی ئۆردنی و جەژنی نەورۆز و ...

هەروەها چەندین خولی تایبەت بۆ زمانی کوردی کردۆتەوە و گۆڤارێکی بەناونیشانی (بیناهی/ الضیاء) دەرکردووە و فەرهەنگی کوردیی نوێی ماموستا عەلی سەیدۆ کوردی بە چاپ گەیاندووە لە ساڵی ۱۹۸۵. هەروەها ساڵنامەیەکی کوردی کە ئاسەواری کوردی و شارستانیەتی تێدا دیارە، بڵاو کردۆتەوە، هەروەها بەشداریان لە جەژن و شادیی و ڕێوڕەسمە نیشتمانییەکاندا کردووە.

هەروەها لەلایەن کوردەکانی ناودار و میواندار و خانەخوێ دیوەخان و میوانخانەی زۆر دروست کراوە وەك دیوەخانی (ال کوردی) لە گەڕەکی شابسوغ لە عەممان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم... هەروەها دیوەخانی دیکە لە ئەربد و عەممان و دێر ئەبی سەعید و سەمەر و زەرقا دروست کراوە بۆ میوانان و کاری تایبەتی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەوە چاك بزانین دامەزراندنی ئەو میوانخانە و دیوەخانانە چالاکییەکی مەزنە بۆ نزیك بوونەوە و یەکگرتنی کوردەکانی ئۆردن خۆبەخۆ و جەماوەری ئۆردنی بە تێکڕا.

بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیی کوردەکان لەگەڵ جەماوەر و کۆمەڵگای ئۆردنی لە گشت تایفە و عەشیرەتەکانی، پەیوەندییەکی پتەوی برایانە و دۆستانە و خۆشەویستیە و هاوسەنگە لەنێوانیان، ئەوان خاوەنی یەك ئایین و ڕێوڕەسمیان نزیکە لە یەکتر، میژوویەکی هاوبەشیان هەیە و لەڕووی جوگرافییەوە دراوسێی یەکترن و بیروبۆچوونی وەك یەکیان هەیە....

هەروەها لەنێوان کوردەکان و جەماوەری ئۆردنی ژن هێنان ئاسایی و بێ گرفت بووە، جێگای ئاماژەیە کە نێوان کوردەکان و بنەماڵەی هاشمی پەیوەندی هاوسەری هەیە، وەك دەبینین شەریف رکان کچی سورەیا کوڕی ئەمین عالی بەدرخانی هێناوە کە لە سەردەمی عوسمانییەکان خاوەن جێ و شوێن و پلەوپایەی بەرز بووە. هەروەها شەریف ناسر کوڕی جەمیل کچی شەریف رکانی لە ژنە کوردەکەی هێناوە و مامۆستا وەلید ئیسماعیل کوردی هاوسەرێتی لەگەڵ خاوەن شکۆی پاشایەتی ئەمیرە(بەسمە کچی ئەلال) گرێ داوە و مامۆستا زەید سەعدەدین جومعە کوردی گرێبەستی هاوسەرییەتی لەگەڵ خاوەن شکۆی پاشایەتی هاشمی ئەمیرە (عائیشە کچی حوسێن) بەستووە.

هەروەها زۆر لە کەسایەتیە سیاسییەکانی ئۆردن دەبینین کە لە دایك کوردن وەك خوالێخۆشبوو وەسفی تەل و براکەی سەعید تەل، خوالێخۆشبوو حەمەد فەرحان و براکەی مامۆستا محەمەد مەهدی فەرحان و مامۆستا تاهیر حیکمەت.

بەڵام لەڕووی زمانی کوردییەوە، ئەو کوردانەی کە لە یەکەم جار هاتن بۆ ئۆردن لە کۆتایی چارەکە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بە زمانی کوردی ئاخفتنیان دەکرد، بەڵام نەوەکانیان لەدوای ئەوان لە بیریان کرد، ئێستاکە لەو سەردەمەدا دەبینی هەندێ لە ڕۆشنبیران قسەی پێدەکەن یان نەوانەی کە لە گەڕەکی کوردانی دیمەشق یان لە جەزیرە دێن، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی بە ناونیشانی (القاموس الکوردی الحدیث) داناوە.

لەڕووی جلوبەرگی کوردییەوە، دەبینین هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد خاوەنی جلوبەرگی کوردیی خۆیانن، هەروەها تیپی سەلاحەدینی ئەیووبی

جل‌وبەرگی کوردی لەبەر دەکەن لە کاتی جەژن و ڕێوڕەسمە نیشتمانی و میللیەکانی ئۆردن و کوردی.

ئێستاکە ناوی کوردی بڵاو بوونەوە و ناوی کوردی لەناو کوردەکان لە پەرەسەندن دایە، بەڵام سەبارەت بە ئایین زۆربەی کوردی ئۆردن شافعین و سەر بە ئایینزای سوننی و لەوێ هەندێك سۆفی هەن و لەناو کوردەکان هەندێ خانەوادەی مەسیحیش بەرچاو دەکەون.

شەشەم: ڕۆڵی کوردان لە بزووتنەوە و چالاکیی وەرزشی لە ئۆردن

کوردەکانی ئۆردن بەشداریان کردووە لە بزووتنەوەی وەرزشی لە سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە و وەك یاریزان و کارگێڕ و مامۆستا و ئەکادیمی هەندێکیان لەسەر ئاستی وڵات خەڵاتیان وەرگرتووە و لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی نوێنەرایەتیی یارییەکانیان کردووە.

لەو بارەیەوە دەمانەوێ ناوی سێ بنەماڵەی کورد یاد بکەینەوە کە جێی دەستیان دیارە لە بزووتنەوەی وەرزشی ئۆردنی کە ئەوانەن: عەلی و حوسنی کوردی، سەیدۆ کوردی لە بواری تۆپی پێ و باسکیل و، کوڕەکانی خوالێخۆشبوو دەرویش مستەفا کوردی لە بواری تۆپی سەر مێز و، بنەماڵەی زیای کوردی لە بواری تۆپی سەرمێز و ...

بۆ نموونە هەر دوو برا عەلی و حوسنی کوڕی سەیدۆ کوردی یاری تۆپی پێیان هێنا بۆ ئۆردن لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی یان کوڕەکانی خوالێخۆشبوو دەرویش مستەفا کوردی بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ یاری تۆپی سەرمێزیان لە ئەستۆ گرت و مەشقیان بە خەڵك و جەماوەری ئۆردنی دەکرد...

• ناوداراني كورد له ئۆردن

يەكەم: ناوداراني كورد له سەردەمی ئەيووبی، مەملووكی و عوسمانيدا

١ـ مەليك ناسر داوود كوڕی عيسا كوڕی محەمەد كوڕی ئەيووب كوڕی موعەزەم عيسا. لەدايكبووی ديمەشقە سالّی ٦٠٣ی كۆچی بەرامبەر ١٢٠٦ی زايينی، لە مالّی باوكی دەستی كرد بە ئيشوكاری هەمەجۆری زانستی و هەر لەوێ پێگەيشت، ژيانی وەك زانايان بوو و ڕێزی لی دەگرتن، چووە بەغدا بۆ بەدەستهێنانی زانست و لەوێ زۆر لە زانايان گوێگری بوون.

مەليك كامل محەمەد مڵكی ديمەشقی لێ ستاندووە و لە شوێنی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئۆردن بۆ قەرەبوو كردۆتەوە. ميرنشينی (كەرك)ی ئەيووبی بنياد كرد لە سالّی ٦٢٦ی كۆچی/ ١٢٢٩ی زايينی، ئينجا بزووتنەوەی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن دەستی پێكرد لەو كاتەی كە مەليك ناسر لێ نيشتەجێ بوو، هەر بۆيەش كەرك بووە قيبلەی زانايان و ئەديبان، كە زۆر لەو زانايانە دەوريان دا لەوانە ئەديب فەخرولقوزات ئەبوو فەتح نەسروڵڵا ئەلغەفاری كە بەناوبانگە بە ئيبن بساقە، ڕێزمانوانی ئەديب ئيبراهيم كوڕی عەلی كوڕی ئيسحاقی ئەمەوی قرشی، ئيبن ئەللەتی، شەمسەدين عەبدولحەميد خسرۆشاهی و سەيفەدين عەلی ئەلئەمەدی، ئەبولحەسەن بن محەمەد ئەلتووسی... مەليك ناسر خۆی ئەديب و شاعيرێكی چاك بوو...

... مەليك ناسر لە ديمەشق كۆچی دوايی كردووە...

٢ـ شادی كوڕی ناسر داوود كوڕی موعەزەم عيسا. ناودار بووە بە مەليك زاهير. لە سالّی ٦٢٥ی كۆچی لە ديمەشق لەدايك بووە. لەدوای لەگەڵ باوكی چووە بۆ كەرك (كە بووە ميری كەرك)، ئينجا ميرنشينی كەركی ئەيووبی دامەزراند. باوكی غۆر ئۆردنی پێشكەش كرد. لەدوای وەفاتی

باوکی و دەست بەسەرداگرتنی کەرك لەلایەن سالّح نەجمەددین ئەیووب، شادی لە غۆر ئۆردن مایەوە و هەر لەوێ نیشتەجێ بوو هەتا کۆچی دوایی کرد لە سالّی ٦٨١ی کۆچی/ ١٢٨٢ی زایینی، تەرمەکەی گواستراپەوە بۆ قودس و هەر لەوێ بە خاك سپێردرا.

٣ـ محەمەدکوڕی مەلیك ئەشرەف موزەفەرەدین موسا کوڕی مەلیك ناسر یوسف کوڕی مەلیك مەسعوود سەلاحەدین ئەقش کوڕی کامل محەمەد ئەیووبی.

٤ـ نەجمەدین یوسف کوڕی داوود کوڕی موعەزەم عیسای ئەیووبی. سالّی ٦٢٨ی کۆچی/ ١٢٣٠ی زایینی لە کەرك لەدایك بووە. لە ناودارانی ئایین و فەزیلەت و پلەوپایەی بەرز بووە. خەریکی وانە گوتنەوە بوو لە کەرك و شوێنی دیکە، یارمەتی هەژار و دەستکورت و نەدارانی دەدا، لە سالّی ٦٩٨ی کۆچی/ ١٢٩٨ی زایینی لە قودس کۆچی دوایی کرد.

٥ـ غازی کوڕی داوود کوڕی عیسا کوڕی ئەبووبەکر کوڕی ئەیووب کوڕی شادی کوڕی ناسر داوود کوڕی موعەزەم عیسای ئەیووبی. لە قەلاّتی کەرك لەدایك بووە، خاوەنی فەزڵ و پێگە و زاست بووە و لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە.

٦ـ عوسمان کوڕی عومەر کوڕی محەمەد کوڕی ئەیووب کوڕی مەلیك موغیس.

٧ـ عەبدولقادر کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی موعەزەم عیسا کوڕی عادل کوڕی مەلیك موغیس عوومەر.

٨ـ مەلیك موغەیەسی ئەیووبی.

٩ـ مەلیك ئەمجەد ئەیووبی .

١٠ـ شهابەدین داوود کورانی.

١١ـ محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا هەکاری.

١٢ـ ئەبووبەکر محیەدین سەلتی کوردی. ئەبووبەکر محیەدین کوڕی تەقیەدین سەلتی کوردی ئەیووبییە، بۆیە ناوزەد کراوە بە سەلت بە گومانی ئەوەی لە کوردەکانی هەکاریە کە نیشتەجێی سەلت بوو لە سەردەمی ئەیووبییەکان، بەرهەمی هەیە و ئەوە ناوی هەندێکیان: (ایضاح المرامی بشرح هدایة المرامی) و (صبابه المعانی) و دوو دیوانی شێعری هەیە (تخامیس السلطي و دیوان السلطی) لە ساڵی ١١٠٤ی کۆچی/ ١٦٨٥ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

١٣ـ شێخ محەمەد کوڕی قازی سەلت و کوڕەکانی

دووەم: ناوداراني کورد لە چەرخی نوێدا

لە بواری سیاسیی و دیبلۆماسییەوە:

١ـ مامۆستا سەعد جومعە: سەعد محەمەد جومعە ئەیووبی. لەدایکبووی ساڵی ١٩١٥ی زایینیە لە توفێلە لە باشووری ئۆردن، لەساڵی ١٩٤٥ی زایینی لە زانکۆی دیمەشق بڕوانامەی لە کۆلێژی ماف وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینی وەک نووسەرێك لە وەزارەتی کار ئەرکی پێسپێردرا.نووسەر بووە لە بەشی کەرەستە لە وەزارەتی دارایی لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی. ساڵی ١٩٤٨ بەڕێوەبەری گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە بووە و لە ساڵی ١٩٤٩ـ١٩٥٠ بەرپرسی هۆبەی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوە بووە. لە ماوەی ١٩٥٠ـ١٩٥٤ سکرتێر بووە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و تا ساڵی ١٩٥٧ جێگری وەزیری ناوخۆ بووە. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٤ ـ ١٩٥٨ی زایینی پارێزگاری پایتەخت بووە و ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩ جێگری وەزیری دەرەوە. باڵوێز لە ئێران و سوریا و ئەمریکا لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩. وەزیری دەرباری پاشایەتی هاشمی ساڵی ١٩٦٥. دوو جار بووە سەرۆك وەزیرانی ئۆردن لە

ساڵی ١٩٦٧ی زایینی. لەدوای باڵوێز بووە لە بەریتانیا. پاشان چەندین جار بە ئەندامی پەرلەمان دەستنیشان کراوە تا کۆچی دوایی کرد لە بەرواری ١٩٧٩/٨/١٩ی زایینی.

سەعد جومعە یەکێك بوو لەو کەڵە پیاوانەی بێنموونە لە ئۆردن لە بواری کانی سیاسەت و ئەدەب و هزر و ڕۆژنامەوانی و ئاخافتن. بیرکردنەوە و هزری ئەو کەڵەپیاوە جێگای سەرسوڕمانی خەڵکی ئۆردن و دەرەوەی ئۆردن بوو. زۆر نەترس و دڵسۆز بوو وەك تاکێکی ئەو وڵاتە لە خزمەت [illegible] و جەماوەرەکەیدا بوو بە تایبەتی بەرامبەر بە بەختی پاشایەتی دەسەڵاتدار لە ئۆردن.

زۆر لە وتارە سیاسی و ئەدەبییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆیی و عەرەبییەکان بڵاو کراونەتەوە. هەروەها چەند کتێبێکی داناوە وەك (الله او الدمار، ابنا الافاعی، الموامرە و معرکە المصیر، مجتمع القیم مخطوط). هەروەها تا کۆچی دوایی بە بەرپرسی فەخریی کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەدینی ئەیووبی کە تایبەت بوو بە کوردەکانی ئۆردن، مایەوە.

٢ـ دکتۆر ئەشرەف کوردی: ناوبراو ئەشرەف عەلی سەیدۆ کوردییە و ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە عەمان لەدایك بووە و بڕوانامەی لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

بەشێك لە کار و چالاکییەکانی ناوبراو: بەدەستهێنانی بڕوانامەی زەمالەی بەریتانی ساڵپ ١٩٧٠ ـ ١٩٧٣ی زایینی/ بەدەستهێنانی بەرزترین بڕوانامەی شەرەفی پزیشکی لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەریتانیا/ دامەزراندنی یەکەمین یەکێتیی لە نەخۆشییەکانی مێشك و ئەعساب لە ناوەندی خزمەتە پزیشکییەکانی پاشایەتی ئۆردن لەگەڵ دۆستەکانی/ مامۆستایەتی کردووە لە کۆلێژی

پزیشکی لە زانکۆی ئۆردن/ مامۆستای میوان بووە لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی.

ئەمینداری گشتیی یەکێتیی پزیشکانی زانستی عەسەبی عەرەب بووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ ـ ١٩٩٣/ یەکەمین لێپرسراوی پزیشکانی زانستی عەسەبی ئۆردن بووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٣ـ١٩٨٥/ لە ساڵی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ ڕاوێژکاری دەزگای چارەسەری پزیشکی بووە.

لە زۆربەی کۆمەڵە پزیشکیی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆیی و جیهانییەکان ئەندام بووە. سەرۆوسەری دوو گۆڤاری پزیسکی زانستی بوو/ بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە شکۆدار مەلیك حوسێن کوڕی تەلال لە ساڵی ١٩٧٧ی زایینی وەرگرت/ بڕوانامەی شەرەفی لە کۆلێژی پاشایەتی بەریتانی بۆ پزیشکان (FTCP) وەرگرت. یەکەمین پزیشکی ئۆردنی بووە کە ئەو جۆرە بڕوانامەی بەدەست هێناوە و بوویتە خاوەن خەڵاتێکی زۆری جیهانی لە ڕووی پزیشکییەوە. ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٧ی زایینی/ بووە بە وەزیری تەندروستی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٧ ـ ١٩٩٨.

دکتۆر ئەشرەف کوردی پزیشکێکی بەناوبانگ بوو لە ئۆردن و جیهاندا، پزیشکی تایبەتی سەرۆکی فەلەستینی یاسر عەرەفات بووە، خێزانێکی بەختەوەریان پێکهێنا لەگەڵ دکتۆرە هودا عەبدولحەمید سەلمان و بوونە خاوەنی چوار کوڕ: خالید، لوئەی، عوومەر، تەلال.

٣ـ ئەندازیار سەلاح محەمەد جومعە: لە شاری توفێلە لە ئۆردن ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لەدایك بووە، بۆ خوالێخۆشبووان سەعد جومعە و سەعەدین جومعە بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی کشتوکاڵیی لە زانکۆی

قاهیرە لە ساڵی ١٩٥٣ وەرگرتووە، ماجیستەری لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. پلەوپایەی بەرزی هەبووە لە کار و ئەرکەکانی، وەزیری تەموین بووە لە ساڵی ١٩٧٦ی زایینی، وەزیری کشتوکاڵ بووە لە ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٩. لەدوای ئەوە بووە بە بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراکی نێوەدەوڵەتی بۆ کاروباری خاوەری نزیک، وەک شارەزایەک لە کاروباری کشتوکاڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٩٨ لە بنیادی وام (قەرز)ی کشتوکاڵی ئۆردنی ئەندام بووە.

٤ـ مامۆستا سەعدەدین جومعە: لە شاری توفیلە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی لەدایک بووە، خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەی سەلتی ناوەندی لە ساڵی ١٩٤٤ تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی دیبلۆمی بەڕێوەبردنی لە ئەمریکا وەرگرتووە. فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی وەزیران، وەک سکرتێر و یاریدەدەری سکرتێری گشتی. سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بووە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٧ ـ ١٩٩٧ی زایینی. هەروەها دوو جار وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران بووە و دواتر بۆتە نوێنەر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئۆردن.

٥ـ دکتۆر یوسف مستەفا زهنی: ساڵی ١٩٢٣ی زایینی لە عەممان لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە لە زانکۆی دیمەشق، بەشی پسپۆریی لە ئەمریکا و بەریتانیا تەواو کردووە. لە شوێنی جۆراوجۆر کاری کردووە، پلەی شارەزایی هەبووە لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نەقیبی پزیشکانی ئۆردنی بووە، هەروەها ئەمیندارێ گشتیی مانگی سووری ئۆردنی بووە.

لە ساڵی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ی زایینی بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و کار دەستنیشان کراوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیای دروستکردنی شووشە و جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ئۆردن بووە.

دکتۆر یوسف لە ئۆردن یەکێك لە پێشەوایانی مەیدانی پزیشکی بووە و چەند بەرهەمی چاپکراوی هەیە وەك: (الفلورايد و مياه الشرب). لە سالی ١٩٨٦ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

٦ـ رەشید عەبدوولکەریم مەدفەعی: لە سالّی ١٨٨٢ی زایینی لە بەغدا لەدایك بووە. بە پلەی ئەفسەری خزمەتی لە سوپای عوسمانی کردووە. بەشداریی لە شەڕی (کوت، عیمارە) کردووە دژ بە داگیرکەرانی ئینگلیز تا بەو کاتەی بە دیل دەگیرێت لە سالّی ١٩١٥ی زایینی. لە شۆڕشی عەرەبیدا لە یەکێك لە بەشە سوپاییەکان فەرماندە بووە و لە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن بەشداریی لە شەڕەکاندا کردووە... ڕێبەریی تیپی پیادەی یەکەمی دەکرد کە پێك هاتبوو لە دوو لیوا (یەکەم و چوارەم) لە سالّی ١٩١٨ی زایینی.

لە سەردەمی فەیسەڵی سوری بە فەرماندەی تیپی دووەم لە عەممان دەستنیشان کرا، لە دوایی بە فەرماندەی سوپایی لە ناوچەی عەممان ـ مەعان دەستنیشان کرا. لەدوای بنیادنانی میرنشینی ئۆردن لە بەڕێوەبردنی ناوخۆ بەشداریی کرد و لە سالّی ١٩٢١ بە فەرمانڕەوای کارگێڕی پارێزگای بەلقا و، لە سالّی ١٩٢٣ بە پارێزگاری کەرك و لە سالّی ١٩٢٥ بە پارێزگاری عەجلوون دەستنیشان کرا.

لە سالّی ١٩٢٣وەك بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی دیاری کراوە و لە نێوان سالّەکانی ١٩٢٨ ـ ١٩٣٠ وەك پارێزگاری پارێزگای بەلقا و لە سالّی ١٩٣٨ وەك پارێزگاری پایتەخت دەستنیشان کراوە. لە سالّی١٩٣٩ ـ ١٩٤٠ بووە بە وەزیری ناوخۆ و بەرگری و لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/٢/٢٢ی زایینی لە شاری سەلت کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی وەك کەسێکی ناودار و خاوەن ئیرادە ناسرابوو. هەموو خەڵك ڕێزی تایبەتیان بۆ هەبووە، بە زمانی کوردی قسەی

دەکرد و ڕێزی تایبەتیشی بۆ جەماوەر هەبووە.

٧ـ مامۆستا مەدحەت محەمەد جومعە: لە ساڵی ١٩١٨ی زایینی لە شاری سەڵت لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی لیسانسی ئەدەبیاتی لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٤٨ دیبلۆمی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٤ لە قوتابخانەی سەلتی ناوەندی مامۆستای وانە بووە... سکرتێری یەکەم بووە لە باڵیۆزخانەی ئوردنی لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩. ڕاوێژکار بووە لە باڵیۆزخانەی ئوردن لە قاهیرە و بەیروت. هەروەها وەزیری مفەوەزیش بووە لە پاکستان لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی.

لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی بە بەرپرسی تەشریفاتی پاشایەتیی ئوردن دەستنیشان کراوە، جێگری ئێزگە و بڵاوکراوەکان بووە لە وەزارەتی دەرەوە، هەروەها نوێنەریش بووە بۆ کاروباری کۆشکی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینی.

دەستنیشان کرا بە باڵوێزی ئوردن لە وڵاتەکانی: ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥٨، مەغریب لە ساڵی ١٩٥٩، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ١٩٦٧، میسر و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٩، تونس لە ساڵی ١٩٦٩ ـ ١٩٧١ و ئەسپانیا لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی.

لە ساڵی ١٩٣٦ لە تەمەنی لاوی گەیشتە شۆڕشی فەلەستین و فەرماندەیی زۆربەی خۆپێشاندانەکانی لە عەممان کرد کە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بوو. گشت ژیانی ئەو کەڵە پیاوە پڕ بووە لە خۆبەختکردن لەپێناو شار و نیشتمان و دۆزی میللەتەکەی. کێبڕێکی هەیە بە ناوی (تسقط الدبلوماسیة) کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە چاپ دراوە، لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ هەندێ وتاری بڵاو بۆتەوە. لە بەرواری ١٩٩٠/٤/٢٠ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

● **لە بواری ڕۆژنامەوانی و نووسین و دانان:**

١ـ مامۆستای مێژوونووس و زمانوان عەلی سەیدۆ کوردی: لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی لە شاری عەممان لەدایك بووە. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی سیاسی و ئابووری لە زانکۆی ئەمریکی/ بەیروت لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینی و یەکەمین قوتابی ئۆردنی بووە لە زانکۆ. نزیکەی بیست ساڵ لە مەیدانی فێرکردن کاری کردووە و لە قوتابخانەکانی عەممان و سەلت و کەرك و ئەربد مامۆستا و بەڕێوەبەر بووە. لە ساڵی ١٩٣٤ی زایینی بووەتە سکرتێری ئەنجوومەنی یاسایی ئۆردنی و لە ساڵی ١٩٤٩ قایمقامی جەبەل عەجلوون بووە و دوایی ڕووی کردۆتە ئیش و کاری دیبلۆماسی، خزمەتی زۆری هەبووە لە باڵیۆزخانەی ئۆردنی لە: سعوودیە، سوریا، تورکیا، یەمەن. تا ئەو کاتەی خانەنشین بوو بە پلەی وەزیر لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی.

مامۆستا عەلی سەیدۆ بڵێسەیەکی ڕووناك بووە لە ئاسمانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، وەرگێڕانی زۆری هەیە لە وتار و کتێب لە مێژوو و زمانی کوردی. کتێبێکی دانا بە ناونیشانی (من عماد الی العمادیە) یان (جولە فی کوردستان الجنوبیە) و لە ساڵی ١٩٣٩ لە قاهیرە لە چاپ درا کە بۆ ماوەیەکی زۆر بووە سەرچاوەیەك لەسەر کوردەکان بە زمانی عەرەبی. هەروەها بووە یەکەمین پەرتووك لە ئەدەبیاتی گەشت لە ئەدەبی ئۆردنی... فەرهەنگێکی زمانەوانی دانا بە ناوی (القاموس الکوردی الحدیث) لە ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە چاپ درا.

مامۆستا عەلی سەیدۆ کوردی کتێبێکی دەربارەی کوردەکانی ئێران بە ناونیشانی (اللر و اللرستان) لە گۆڤاری (المجمع العلمی لکوردی العراقی) لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی بڵاو کردەوە، هەروەها زۆر کتێبی باشی لەبارەی دۆزی کوردان وەرگێڕا وەك (کتاب الاکراد دانانی حەسەن ئەرفەع، رحلە

بین الشجعان لە دانا شمیس، جمهوریە مهاباد الکوردیە لە ولیام ئیگلتۆن، الاکراد لە تۆماس یووا، مشکلە الاقلیم الشرق فی تورکیا لە محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان). هەروەها ئەوانەشی هەیە: ملحق القاموس الکوردی العربی، رحلە فی ربوع الیمن فی اخریات الامام احمد.

بەرپرسی فەخری کۆمەڵەی خێرخوازیی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە... خزمەتی زۆری بە مێژوو و زمانی گەلەکەی کردووە و کات و قەڵەمەکەی لە خزمەت میللەتەکەی دانا، هەروەها دڵسۆزانە خزمەتی نیشتمانەکەی ئۆردنی کردووە ئەو کۆرانەی هەیە: مامۆستا مارن و دکتۆر ئەشرەف کوردی پزیشکی بەناوبانگی کورد. ئەو کچانەشی هەیە: شیرین، ئەسرین، ئەرمین، هەیام.

٢ـ ڕۆژنامەوان و نووسەر عەبدولڕەحمان کوردی: لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی لە شاری عەممان لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٤٩ لە زانکۆی مەلیك فوئادی یەکەم لە قاهیرە بەکالۆریۆسی ئابووریی وەرگرتووە. بۆ ماوەیەکی کەم لە کەرتی حکوومی کاری کردووە، ئیشوکاری لە کەرتی تایبەت لە بواری بڵاوکردنەوە و بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەست پێکرد، گۆڤاری (الاردن الجدید)ی لە ساڵی ١٩٥٠ بەچاپ گەیاند. یەکەمین چاپخانەی لە ئۆردن دامەزراند لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٤ ـ ١٩٥٧ی زایینی. لە دوایی لە کەرتی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەست بەکار بوو. مامۆستا عەبدولڕەحمان کوردی نووسەر و ڕۆژنامەوانە، زۆر لە وتارەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و عەرەبی بڵاو کراوەتەوە. دوو کتێبی چاپ کرا بە ناوەکانی (وادی الاردن و امتیازاتە و مشروعاتە) کە لە قاهیرە لە چاپ دراوە لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی و کتێبی (الحب بعد الموت کاملا) کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە چاپ دراوە. هەروەها چەند کتێبێکی دەستنووسیشی هەیە.

٣ـ نووسەر و توێژەر محەمەد عەلی سوێرکی کوردی: لە گوندی (تبنە) قەزای کورە، سەر بە پارێزگای ئەربد لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی لەدایك بووە. خانەوادەکەی لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینییەوە لە شارۆچکەی ئەبی سەعید نیشتەجێ بوون و ناوبراو لە منداڵی و گەنجێتیدا هەر لەوێ ژیاوە.

خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەی دێر ئەبی سەعید لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینی تەواو کردووە، خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆمی کێبڕکێداریی و بەکالۆریۆسی زمانی عەرەبی و ماجستەری شێوەکارییە و، لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی وەك مامۆستایەك لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن خەریکی کارە. ئەندامە لە یەکێتیی نووسەرانی ئوردن، بڕوانامەی ڕێزلێنانی حکوومەتی وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی. زۆر وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆیی و عەرەبییەکان بڵاو کردۆتەوە. ئەو کێبانەشی داناوە:

١ـ الاردن فی اشعار العرب، عەممان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٨٨ی زایینی.

٢ـ نوابغ الاردن فی العهد الاسلامی، عەممان، دار عەممار، ١٩٩٠ی زایینی.

٣ـ شرقی الاردن و العهد الفیصلی، عەممان، دار عەممار، ١٩٩٣ی زایینی.

٤ـ مصادر و مراجع عن الثورة العربیە الکبری، عەممان، لیژنەی میژووی ئوردن، ١٩٩٦ی زایینی.

٥ـ تاریخ السلط و البلقا، عەممان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨ی زایینی.

٦ـ عمان تاریخ و حضارة و آثار، عەممان، دار عەممار، ٢٠٠٠ی زایینی.

٧ـ تاریخ الاکراد، بڵاو کراوەوە لە ڕۆژنامەی (اللوا) لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی.

٨ـ مذکرات اسماعیل عرضە، لێکۆڵینەوە، عەممان، ناوەندی ئوردن بۆ دیراساتی تازە (نوێ)، ئامادەی چاپە، ٢٠٠٤ی زایینی.

٩ـ مصادر و مراجع عن الاردن، عەممان، لیژنەی میژووی ئوردن،

٢٠٠٣ی زایینی .

١٠ـ الأكراد الاردنيون و دورهم فی بنا الاردن الحديث، عەمان، ٢٠٠٤ی زایینی./ ئەو کتێبەی کە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم باسەی ئێمەیە و لە ژێر ناونیشانی «کورده ئۆردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا» لەلایەن بەڕێز حەمید گەردی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

٤ـ توێژەر حەنان عەبدولڕەحمان کوردی: لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی زایینی لە عەمان. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی شوێنەواری هەیە لە زانکۆی ئۆردن، هەروەها ماجستەری شوێنەواریشی لە ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی کەنەدا وەرگرتووە.

لە وەزارەتی گەشتوگوزار و شوێنەواری ئۆردن وەك فەرمانبەرێك کاری کردووە. هەندێ کتێبی کە لەسەر شوێنەواری وڵاتی ئۆردن نووسرابوون، وەرگێڕاوە کە ئەوانەی خوارەوە بوون:

ـ القلاع الاثرية فی الاردن، لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینی.

ـ جرش دليل المدينه الاثرية ، بەترا ١٩٨٨ی زایینی.

٥ـ دکتۆرە پوران کوردی حەیدەر: لەدایکبووی عەمان ساڵی ٩٥٥ی زایینی/ ماجستەر و بەکالۆریۆسی لە گیانەوەرناسی وەرگرتووە، دکتۆرای چارەسەرە سەرەکییەکانیشی لە زانکۆی ئەمریکا لە بەیروت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٦ـ ١٩٨١ی زایینی وەرگرتووە.

وەك دۆستێکی توێژینەوە لە قوتابخانەی پزیشکی پاشایەتی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٨٧ کاری کردووە، هەروەها وەك فەرمانبەرێك لە هەمان قوتابخانە لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی/ توێژینەوە لە کیمیا لە ناوەندی ژێنێتیك لە کالیفۆرنیا لە ساڵی ١٩٩٠ ـ ١٩٩٣./ یاریدەدەری توێژینەوەر لە ناوەندی پێشوو لە ١٩٩٣

ـ ١٩٩٤/ یاریدەدەری پسپۆڕی پڕۆژەکان لە ناوەندی بۆکسد بۆ شیرپەنجە لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینی تا ئێستا بەردەوامە.

زیاتر لە ١٤ تۆێژینەوەی هەیە کە لە گۆڤارەکانی زانستی بەریتانی و ئەمریکی لەسەر شێرپەنجە و خوێن و ژێنێتیك و ... بڵاو کراونەتەوە.

خەڵاتی ئەنجوومەنی بەریتانی بۆ تۆێژینەوەی لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی وەرگرتووە و تا ئێستاکەش ئەندامی کارگێڕە لە زۆر لە دەزگا و کۆمەڵە زانستییەکانی ئەمریکی.

٦ـ نەجیمە حیکمەت: بەڕێز نەجیمە جەمیل میللی خێزانی نەفسەری سوپایی مستەفا حیکمەتە کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی سوپای ئوردنی، ساڵی ١٩٢١ی زایینی لە دیمەشق لەدایك بووە، باوکی ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بووە لە دیمەشق، لەدوایی هاتە ئوردن لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم، ناوبراو لە کاکڵەی ئەفسەرەکانی سوپای ئوردنی بووە.

ئەو بەڕێزە چوویتە گشت شوێنەکانی ئەو نیشتمانە و یاداشتەکانی خۆی لە کتێبێك تۆمار کردووە کە پڕ بووە لەو ڕووداوانەی کە پەیوەندی بە مێژووی ئوردنەوە بووە بە ناونیشانی (رحلتی مع الزمن، خمسە و ستون عاما من حیاە امراە اردنیە)، عەممان، ١٩٨٦ی زایینی. ..

٧ـ دکتۆر عیسمەت کوردی: هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە پەروەردەی وەرزشی لەزانکۆی قاهیرە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی. هەروەها بڕوانامەی ماجستەر و بەکالۆریۆس لە خودی زانکۆی ناوبراو. مامۆستا بووە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی ئوردن. یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بووە. بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابیانی وەرزشی و

ئێستاکەش مامۆستایە لە زانکۆی ئۆردن.

ئەندام و لێپرسراوەتی زۆر لە کۆمەڵە و یەکێتییەکانی وەرزشی کردووە، ئەندامە لە یەکێتیی عەرەبی بۆ تۆپی سەرمێز کە ناوەندەکەی لە قاهیرەیە. ئەمینداری گشتی لیژنەی ئۆلۆمپی ئۆردنی بووە لە ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠١ی زایینی. بەرپرسی ئەنجوومەنی کارگێڕیی یەکێتی تۆپی سەر مێزی ئۆردنی و شاندنی ئۆردنی لە خولی حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی.

دکتۆر عیسمەت یاریزانێکی پیشەگەرە، پاڵەوانەتی ئۆردنی بۆ تۆپی سەرمێز لە شەستەکان و حەفتاکان لە سەدەی بیستەمدا بەدەست هێناوە. یاریزانێکی پیشەگەر بووە لە تۆپی پێ لەسەر ئاستی پاشایەتیی ئۆردن، وەک یاریزانێک و فێرکەر و کارگێڕێک لە بواری تۆپی سەرمێز و پێ کاری کردووە.

٨. دکتۆر زیاد کوردی: لەدایکبووی شاری عەممان، بڕوانامەی لە بواری میکانیکی ژیان لە زانکۆی لیدز لە بەریتانیا ساڵی ١٩٨٧ی زایینی وەرگرتووە. مامۆستا بووە لە زانکۆی یەرموک، یاریدەدەری توێژینەوە و وانەگوتنەوە لە بەشی فیزیا/ کۆلێژی زانست لە ١٩٧٩ - ١٩٨٣ی زایینی. یاریدەدەری مامۆستا بووە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە ١٩٨٧ - ١٩٩٠ی زایینی. بەرپرسی بەشی پەروەردەی وەرزشی بووە لە ساڵی ١٩٩١ - ١٩٩٢ی زایینی. جێگری ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بووە لە ساڵی ١٩٩٣ - ١٩٩٤ی زایینی. بەڕێوەبەری ناوەندی ڕاوێژکاری و خزمەتکردنی کۆمەڵگا بووە لە ١٩٩٤ - ١٩٩٦ی زایینی. ڕاگری کاروباری قوتابیان و جێگری بەرپرسی زانکۆی فیلادلفیا بووە لە ١٩٩٦ - ١٩٩٨ی زایینی. ئێستاکەش ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی کۆلێژی (یەرموک)ـە.

دکتۆر زیاد یاریزانێکی پیشەگەرە لە تۆپی سەرمێز و پەڵەوانەتی

پاشایەتی وەرگرتووە لەو یاریە، بەشداریی کردووە لە هەڵبژاردەی نیشتمانی بۆ پاڵەوانەتی جیهانی لە چین ساڵی ١٩٧٣ی زایینی و لە کۆیا لە ١٩٧٩ی زایینی. فێرکەر بووە لە یانەی جەزیرە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی و فێرکەر بووە لە زانکۆی یەرموك لە ١٩٨٨ ـ ١٩٩٢ی زایینی. ئەندامی کارگێڕ بووە لە زۆر لە زانکۆکانی ناوخۆیی ناوخۆیی یەکێتی وەرزشی و عەرەبی بە تایبەت لە تۆپی سەرمێز، بەشداری کردووە لە دانانی کتێبی (المهارات الاساسیه لکره السله) ساڵی ١٩٨٩ی زایینی...

٩ـ عەمیدی خانەنشین فەوزی زیاء: لەدایکبووی نەربدە ساڵی ١٩٢١ی زایینی. نیشتەجێی عەممانە لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینییەوە. خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە سەلت تەواو کردووە، لە بەشی زانیاری ئیشی کردووە و لەدوایی گەیشتۆتە هێزی سوپایی لە ساڵی ١٩٤٠ز. پێ بە پێ پلەی وەردەگرت بۆ سەرەوە هەتا ئەو کاتەی بە پلەی عەمید خانەنشین بوو لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی. لەدوایی لە کەرتی مەدەنی (شارستانی) ئیشی کرد، بەڵام سەرەتا وەرزشییەکەی لە گۆڕەپانی قوتابخانەکانی عەممان و سەلت بووە لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی. لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی بەشداریی کردووە لەگەڵ تیپی وانەی سەلتی وەرزشی بۆ تۆپی پێ، لەدوایی گەیشتە یانەی فەیسەڵی و یاری کرد لەگەڵ تیپی تۆپی پێ تا سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ی زایینی. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یانەی جەزیرە و لە تیپی تۆپی پێ چەند ساڵ یاری کردووە تا ئەو کاتەی گەیشتە ئیشوکاری بەڕێوەبردن (کارگێڕی). لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی سەرپەرشتی شاندی ئۆردنی بۆ بەشداری لە پاڵەوانەتی عەرەبیی دووەم بۆ تۆپی سەرمێز کرد لە ئەسکەندەریە. لە دامەزراندنی یەکێتیی عەرەبی بۆ تۆپی سەرمێز بەشداریی کردووە و لە ئەنجوومەنی

یەکەمین ئیدارەکەیدا ئەندام بووە.

چەند جاران لێپرسراوەتی یەکێتی نۆردنی بۆ تۆپی سەرمێزی لە ئەستۆ گرتووە، کە دواجار لە ساڵی ١٩٧٧ ـ ١٩٨٠ی زایینی بووە. بەر لەوەش یەکێك بووە لەو ئەستێرانەی نۆردنی لە تۆپی سەرمێز و یاری کردووە لە یانەی جەزیرە و لە چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەك بەشداری کردووە لە پاڵەوانەتی نۆردن بۆ تۆپی پێ وەك یاریزانێکی پیشەگەر.

١٠ دکتۆر ڕاجع عەبدوولحەمید کوردی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی ئەزهەر ساڵی ١٩٧٩ی زایینی. مامۆستا بووە لە کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی ئۆردن، سەرۆکی کۆلێژی (الدعوه و اصول الدین) بووە لە عەممان، مامۆستا بووە لە وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب. ئیمامی جومعە و ڕێنیشاندەر و ئەندیشمەندی ئیسلامی بەناوبانگ بووە. هێندێك لە بەرهەمەکانی:

١) علاقه صفات الله تعالی بذاته، عەممان ساڵی ١٩٨٠ی زایینی.

٢) الاتجاه السفلی بین الاصاله و المعاصره، عەممان، ١٩٨٩ی زایینی.

٣) شعاع من السیره النبویه فی العهد الملکی، ١٩٨٥ی زایینی.

٤) نظریه المعرفه بین القران و السنه، بۆ دکتۆرا لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی.

٥) اکتساح السحر و الشعوذ و الکهانه و التنجیم و الضرب و الرمل، عەممان، دار الفرقان، ١٩٩٠ی زایینی.

● **لە بواری ئابووری و کارگێڕی و کارکردن:**

١ـ حوسنی سەیدۆ کوردی: لە عەممان ساڵی ١٩٠٦ی زایینی لەدایك بووە. هەڵگری بڕوانامەی ناوەندییە لە قوتابخانەی سەهیۆن لە قودس. لە بواری کشتوکاڵی دەستی بە کار کردووە. لە دوایی لە بواری بازرگانی و

بەڵێندەری کۆمپانیاکان و خزمەتگوزاریی گشتی و بانکەکان. ئەندام بووە لە ژووری بازرگانیی عەممان لە ١٩٤٨ ـ ١٩٥٨ی زایینی. ئەندام بووە لە ئەمانەتی پایتەخت، دوایی بووە ئەمیندار لە ساڵی ١٩٦٠ ـ ١٩٦٢ی زایینی. ئەندام لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندیی ئۆردن و سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ئۆردن و بەڕێوەبەری هەمان بانك لە ساڵی ١٩٨١ ـ ١٩٨٧ی زایینی.

لەو بیست ساڵەی دوایی خۆی تەرخان کرد بۆ دامەزراندن و پشتگیری لە بانکی ئۆردن کە بە کۆشش و هەوڵ و تەقەلای نەو بووە گرنگترین بانکی ناوخۆی لە ئۆردن.

خوالێخۆشبوو حوسنی سەیدۆ لە پیاوانی پلە یەك بووە لە کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و دارایی‌کانی بانك، چەند خەڵاتی ئۆردن و جیهانی وەرگرتووە. لە بەرواری ١٩٨٧/١/٢٤ی زایینی لە عەممان کۆچی دوایی کردووە.

٢ـ سافی ئەحمەد کوردی: لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی لە دیمەشق لەدایك بووە، ناسنامەی ئۆردنی هەیە، بڕوانامەی ئەندازیاریی بیناسازی وەرگرتووە، لە بواری بەڵێندەرایەتی گشتی و قۆنتەرات ئیشی کردووە، زۆرجاران بەشدار بووە لە کۆنگرەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە ناستی نیشتمانی عەرەب.

٣ـ خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی کورانی: لە سەرەتای ژیانەوە وەك نووسەرێك لە دادگای کەرك لە سەردەمی فەیسەل لە ڕۆژهەڵاتی ئۆردن لە ساڵی ١٩١٧ ـ ١٩٣٠ی زایینی ئیشی کردووە و لە سەردەمی میرنشینی ئۆردنی لە بواری بەڕێوەبردن کاری کردووە. بەڕێوەبەری ناحیەی (کورە) بووە لە ساڵی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٧ی زایینی. قایمقامی شارۆچکەی عەجلوون بووە لە ساڵی

١٩٣٣ی زایینی و پارێزگاری بەلقا بووە لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی و بەڕێوەبەری گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە بووە و یاریدەدەری ئەمینداری پایتەختیش بووە و لە ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە عەممان کۆچی دوایی کردووە.

٤ـ خوالێخۆشبوو محەمەد لوتفی بایزیدی: لە ساڵی ١٨٨٥ی زایینی لە دیمەشق لەدایك بووە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی جامچی بووە لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن، لەدوای پێکهێنانی حکوومەتی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بووە بە پشکێنەری جامچییەکان لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینی لەژێر چاودێری دارایی.

لەدوایی بووە ژمێریاری خەزێنە لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە حکوومەتی ڕۆژهەڵاتی ئوردن تا بووە ژمێریار لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە ساڵی ١٩٥١ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

● **لە بواری هێزی چەکداری و ئاسایشی گشتی:**

١ـ شەهید موقەدەم روکنی فرۆکەوان بەدرەدین ئەحمەد بەکر زازا: لە سەلت ساڵی ١٩٤٠.ز. لەدایك بووە... لە بەرواری ١٩٥٩/١/١٥ی زایینی بە پلەی قوتابی پاڵێوراو لە فەرماندەی پۆلیسی سوپای پاشایەتی گەیشتە ئەو هێزە و لە ١٩٥٩/٩/٢٤ شەهید گەیشتە هێزی چەکداری ئاسمانی پاشایەتی ئوردن وەك فرۆکەوانێکی شەڕکەر.

لە ماوەی ساڵانی خزمەتیدا لە هێزی چەکداری ئاسمانی پاشایەتیی ئوردن ئەو ئەرکانەی دیت:

فرۆکەوانی شەڕکەر، فەرماندەی (ڕەف) بە وەکالەت، فرۆکەوانی گەیاندن، هاوڕێی پاشایەتی ئوردن لە بەرواری ١٩٧٠/١١/٢٥ی زایینی، فەرماندەی

(ڕەف)ی پاشایەتی ئۆردن جگە لەوەی کە هاوڕێی پاشا بوو، شەهید لە ڕاپۆرتەکانی سالّانەی دیاری دەکات کە ئامادەیە و دەتوانێ هەر فەرمانێك ئەنجام بدات... وەك ئەفسەرێکی نمونە، خەڵاتی زۆری بەدەست هێنا. خاوەنی ژنێك و سێ منداڵ بووە و لە ڕووداوێکی فڕۆکە لەگەڵ شکۆدار مەلیکە عولیا، لە بەرواری ۱۹۷۷/۲/۹ی زایینی شەهید بوو... بە بۆنەی یادی ئەو نەمرە ناوی یەکێك لە شەقامەکانی عەممان بە ناوی ئەو شەهیدە نراوە.

۲ـ سەرکردە حەلیل بەکر رازا. لەدایکبووی گەڕەکی سالّحییەی دیمەشقە. دەرچووی قوتابخانەی ڕەشیدیەی سوپاییە لە سوریا لە سالّی ۱۹۱۸ی زایینی. لە سەردەمی فەیسەڵ وەك ئەفسەرێك خزمەتی خزمەتی بە سوپای سووری کردووە. ئەفسەری هەواڵگری دەربار بووە و هەروەها لە حەمس و حەما فەرماندەی (سریە الخیالە) بووە. لەدوای کۆتایی هاتن بە فەرمانڕەوایی فەیسەڵ سالّی ۱۹۳۰ گەیشتە عەممان و خزمەتی خۆی پێشکەش بە ئەمیر عەبدوڵڵا کوڕی حوسێن کرد. لەدوای ئەوەی کە ئەمیر عەبدوڵڵا دەستی کرد بە دامەزراندنی میرنشینی، یەکێك بووە لەو کەسانەی لەگەڵ دامەزراندنی سوپای ئۆردنی هاتە ناو ڕیزەکانی سوپا لە سالّی ۱۹۲۳ی زایینی. لە دامەزراندنی سوپایی و پاسەوانی بەشداری کرد و فەرماندەی سەرکردەیی پاسەوانی بووە لە سالّی ۱۹۲۲ لە کەرك، لە سالّی ۱۹۲۳ لە جرش و توفیلە، لە سالّی ۱۹۳۸ لە سەلت، لە سالّی ۱۹۳۸ لە مەلکا. بەڕێوەبەری ناحیەی شوبەك لە سالّی ۱۹۳۰ و فەرماندەی ناوچەی عەجلوون.

لە ڕووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد لە بەرواری ۱۹۳۸/۱۲/۸، لە دوای ئەوەی کە بە کارگێڕی لێوەشاوە و توانا و دڵسۆز لە ئیشوکار و خزمەت بە نیشتمان ناسرا. ڕێزی ئەمیر عەبدوڵڵا کوڕی حوسێنی بەدەست هێنا و بە

یەکەمین دامەزرێنەرانی دەزگای ئاسایشی گشتیی ئۆردن دەژمێردرێت.

٣ـ شەهیدی فڕۆکەوان عامر ئەحمەد بەکر زازا: لە ١٩٣٧/٢/٢٢ی زایینی لە (دێرعەلا) لەدایك بووە، خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٥٧ قوتابخانەی سەلتی ناوەندی تەواو کردووە، گەیشتە هێزی ئاسمانی ئۆردن وەك پاڵێوراوێکی فڕۆکەوانی، خوێندنی لە بەریتانیا تەواو کرد، بۆ ئەوەی لە دوایی بە پلەی مولازمی دووەم بگەڕێتەوە، لە ڕووداوێکی فڕۆکەیەکی مەشق لە ١٩٦٤/٧/٢٨ی زایینی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژانەی شەهید بوو

٤ـ فەریق ساڵح کوردی: لە ساڵی ١٩٣٤ی زایینی لە مەئادبا لەدایك بووە. بڕوانامەی ناوەندیی گشتی لە ساڵی ١٩٥٠ بەدەست هێنا، گەیشتە سوپای ئۆردنی لە ساڵی ١٩٥٠. پێبەپێ چووە سەرەوە لە سوپای ئۆردن تا بووە فەرماندەی چەکی ئاسمانی پاشایەتی ئۆردن لە ١٩٦٣ـ١٩٧١. هەروەها یاریدەدەری فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری ئۆردن بووە تا ئەو کاتەی خانەنشین کرا لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی.

٥ـ زەعیم کامل عەبدوولقادر ماردینی: لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی لە کەرك لەدایك بووە. ئەو کاتەی کە باوکی لەوێ خەریکی خزمەتکردن بوو لە سوپای عوسمانی، گەیشتە سوپای ئۆردن لە ساڵی ١٩٢٣ی.ز. لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی بەشەکان و پێکهاتەی سوپا کاری کردووە وەك سریەی فورسان لە بەلقا، سریەی پیادە، سریەی ئاسایش، فەرماندەی (سریة الانظباط) بووە و هەروەها فەرماندەی پۆلیس. زنجیرە پلەی جۆراوجۆری وەرگرت، دواجاریش لە کاتی خانەنشین بوونی لە ساڵی ١٩٦٦ی زایینی بە پلەی زەعیم (عەمید) بووە... لە بەرواری ١٩٧٠/٩/٩ی زایینی کۆچی دوایی

کرد و لە ئەربد شاردرایەوە، کەسی لەدوا بەجێ نەما.

٦ـ لیوا سلێمان پاشا کوردی: لەدایکبووی ١٩٣٦ی زایینی لە سەلت، خزمەتی لە دەزگای ئاسایشی گشتی بووە لە ساڵی ١٩٥٩ی زایینی. هەروەها لە هەوالگریی گشتی کاری کردووە و دواجار بەڕێوەبەری هەواڵگریی پایتەخت بووە. بە پلەی لیوای گشتی لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی خانەنشین بووە. بۆ ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری گشتی دەزگای (رعایە الشباب) بووە لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی.

٧ـ خوالێخۆشبوو عەمید حەسەن زازا: گەیشتە دەزگای ئاسایشی گشتیی ئۆردن لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی بە پلەی ئەفسەر تا گەیشتە پلەی عەمید. یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی کارگێڕی کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی نێوان دوو خول لە ئەستۆ گرتووە. ناسراوە بە خزمەتکردنی بە ڕۆڵەکانی کورد.

نیشانەی یادی شەڕی ساڵی ١٩٣٩ ـ ١٩٤٢ی زایینی وەرگرت، هەروەها مەدالیای بەرگریی بەریتانی و مەدالیای شەرەف لە پلەی ئەفسەری کاری مرۆڤایەتی کە لە فەرەنسا دەرچوو و مەدالیای خزمەتە دوور و درێژەکەی ساڵی ١٩٦٨ی زایینی و مەدالیای سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی و دواجار یەکێتیی وەرزشی جیهانی بڕوانامەی ڕێزلێنانی بۆ ئەو کار و کۆششەی لە چالاکی وەرزشی یەکێتیی عەرەبی بۆ پۆلیس پێدا.

● **لە بواری کۆمەڵایەتیدا:**

١ـ سەیدۆ عەلی کوردی: ئەبوو عەلی لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی لە سەلت

لەدایك بووە ئەو کاتەی کە باوکی پاسەوان بووە لە هێزی ئاسایش لە سەردەمی عوسمانیدا.

سەرەتای ژیانی کارکردنی لە بازرگانی دەستی پێکرد و بووە یەکێك لە گەورە بازرگانان و ملّکدار و فەلاحانی عەممان، ئەوەش لە سایەی ئەو هەموو زەحمەت و کۆشش و هەولّدانەی بووە.

لە پیاوە نیشتمانپەروەر و ناسراوەکانی عەممان بوو، بەشداری کرد لە ئامادەکردنی کۆنگرەی سوری گشتی لەسەر داوای مەلیك فەیسەلّی یەکەم لە سالّی ١٩٢٠ی ز وەك جاوەدێریك و ... لە سەردەمی حکوومەتەکانی ناوخۆیی سالّی ١٩٢٠ بە ئەندامی ئەنجوومەنی شورای حکوومەتی سەلتی ناوخۆیی (بە نوێنەری شاری عەممان) دەستنیشان کرا.

لە سەردەمی میرنشینی ئۆردن، ئامادە بوو لە کۆنگرەی نیشتمانیی یەکەم کە لە سالّی ١٩٢٨ لە عەممان بەسترا. لە زۆربەی کۆنگرەکانی دیکەی نیشتمانی کە پاشان بەستران، ئەندام بوو لە حزبی گەلی ئۆردن لە سالّی ١٩٣٧ ـ ١٩٣٠ و ئەندامی لیژنەی دامەزرێنەری (حزب التضامن الاردنی) بووە لە سالّی ١٩٣٣ی زایینی.

لە سالّی ١٩٦٢ی زایینی کۆچی دوایی کردووە لە تەمەنی ٨٢ سالّیدا. پیاوێکی چاك و دلّسۆز و بەناوبانگ بوو، گیانی لێبوردەیی هەبووە، رێزی لە دۆستایەتی دەگرت و لە پێناوی خۆی بەخت دەکرد و لەو گەورە پیاوە بەناوبانگانەی عەممان (لەتوان نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) دەژمێردرا.

٢ـ خوالێخۆشبوو ئیسماعیل کوردی: ئیسماعیل نەجمەدین کوردی دەگەرێتەوە سەر عەشیرەتی (ئۆمەری) لە گەرەکی کوردان لە دیمەشق، لە خزمە بەناوبانگەکانی لەوێ کوڕی مامی شێخ ئەحمەد کەفتارو موفتی کۆماری

سوریایە ئێستا.

ئیسماعیل و براکەی ئیبراهیم لە سەرەتای سەدەی بیستەم هاتنە ئۆردن، بۆ ماوەیەکی کەم نیشتەجێی شارۆچکەی سەمەر بوون، لە نیوەی سییەکان هاتنە عەممان و لە کاخی پاشایەتی لەلای خوالێخۆشبوو مەلیك عەبدوڵڵا کوڕی حەسەن کاریان کرد، لەدوای ئەوە ئیسماعیل کوردی هەڵسا بە سەرمایەدانان و دامەزراندنی پرۆژەی بازرگانی، وەك دامەزراندنی چاپخانە بۆ چاپی کتێب و بەرەو کۆمپانیای دۆلار فیلم چوو لە بەیروت و چەند فیلمی بۆ دەرهێنان، لە سەرەتای پەنجاکاندا و تا ئێستا هەلساوە بە دروست کردنی چەند هۆڵی سینەما لە عەممان و ئەربد، وەك سینەما و ستۆدیۆ زەهران لە عەممان و ئەربد و سینەما (البترا).

بە خۆش ئەخلاقیی و دەست بڵاوی (هاوکاری) هەژاران ناسرا بوو و خۆشەویستی تاکەکانی میللەتەکەی بوو، لە کوردەکانی ئۆردن ئەوەی بیناسیبووایە ، خۆشی دەویست. سێ کوڕی هەبوو: مامۆستا وەلید کوردی، مامۆستا محەمەد عەلی کوردی، خوالێخۆشبوو ئەندازیار ئیبراهیم کوردی.

٣ـ حاجی عەلی کوردی: لەدایکبووی ئۆرفەیە لە کوردستانی تورکیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەی زایینی. سەر بە لقی (کێتکان)ە لە عەشیرەتی بەرازی لەو ناوچەیەدا.

لە ساڵی ١٨٨٧ی زایینی لە عەممان نیشتەجێ بووە و لە بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی کاری کردووە تا بووە بە یەکێك لە گەورە بازرگانە دیارەکانی عەممان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو هۆتێلی مەلیك غازی دروست کرد لە شەقامی (السعادە) لە عەممان، یەکێك بووە لە ئامادەبووانی کۆنگرەی

نیشتمانی یەکەم کە لە ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە عەممان بەسترا، ئەندامی لیژنەی دامەزراندنی (حزب اللجنة التنفيذية للموءتمر الوطني ١٩٢٩) بووە. لە بەرواری ١٩٦٠/٥/١ زایینی لە شاری عەممان کۆچی دوایی کردووە.

٤ـ ئەمین بروسك کوردی: لە ساڵی ١٨٩٦ی زایینی لە خانەوادەیەکی دینداری سەر بە عەشیرەتی (زەرکان)ی کوردی لە شاری (ئەرزەرۆم)ی کوردستانی تورکیا لەدایك بووە. خوێندنی سوپایی خۆی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، بە ئەفسەر لە سوپای تورکی دامەزرا. ئەفسەری پەیوەندار بوو لەنێوان قەسری پاشایەتی و ڕێبەرانی کورد و پاسەوانی تایبەتی لەوان دامەزراند بۆ سوڵتانی عوسمانی. بەشداریی شەڕەکانی حکومەتی کرد لە جەنگی جیهانیی یەکەم و پاڵەوانەتی نواند، هەر بۆیەش ناودار کرا بە (بروسك)، بەڕێوەبەری نووسینگەی هەواڵگری ڕۆژهەڵاتی خواروو بوو لە تاران.

لەدوای هەڵاتنی تورکیا لە جەنگی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، کوردەکان لەگەڵ مستەفا کەمال بەشداریی شەڕی ئازادییان کرد دژ بە داگیرکەران بۆ کەناری تورکیا و لەسەر دەستی ئەوان تورکیا ئازاد کرا. بەڵام دوایی مستەفا کەمال پەشیمان بووەوە لە بەخشینی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)، ئینجا کوردان دەستیان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێك بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی لە ناوچەی دیاربەکر کرد.

ئەمین بروسك گەیشتە ئەو شۆڕشە، لەدوای کۆتایی هاتن بەو شۆڕشە سەرکردەکان بڵاو بوونەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ، ئەمین بروسك زۆر لە وڵاتان گەڕا، دوا شوێنی ئۆردن بوو لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی، لەوێ نیشتەجێ بوو، پەیوەندیی گەرمی لەگەڵ کوردەکانی ئۆردن پەیدا کرد و لە بەرواری ١٩٧٤/٢/٢٨ی زایینی کۆچی دوایی کرد.

٥ـ خوالێخۆشبوو محەمەد حوسێن زازا: لەدایکبووی ساڵی ١٨٨٨ی زایینی لە شارۆچکەی جەبین سەر بە کوردستانی تورکیا. بە پلەی ئەفسەر لە کۆلێژی جەنگ لەبەیرووت ساڵی ١٩٠٨ی زایینی دەرچوو. گەیشتە سوپای عوسمانی و بەشداریی کرد لە شەڕەکانی دەوڵەت لە جەنگی یەکەمی جیهانی. بەرپرسی پاسەوانانی تایبەت بە جەمال پاشای بچووك بوو لە تۆردن. لەدوای هەڵاتنی تورکیا لەشەڕ چووە بیسان و لەوێ نیشتەجێ بوو. ئەندام بوو لە (لجنة انقاذ فلسطين)، ئەندامی شارەوانی بیسان بوو، لەدوای کارەساتی فەلەستین لە ١٩٤٨ لەگەل بنەماڵەکەی کۆچی کرد بۆ ئەربد و لەوێ نیشتەجێ بوو تا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی و لە شارۆچکەی مەعاز (معاذ) نزیك شوفەی باکوور بەخاك سپێردرا.

٦ـ محەمەد تاهێربەگ بەدرخان: زۆر لە شوێنە ئیدارییەکان لە سەردەمی عوسمانی دەگەڕێننەوە سەر ئەو کەڵەپیاوە، بوویتە قایمقامی هەر یەکە لە (قونەیتەرە، درعا، ئەربد، سەلت) لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ ـ ١٨٨٩ی زایینی. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کارگێڕیی قەزای سەلتی کردووە لە ساڵەکانی ١٨٨٠ ـ ١٨٨٢ی زایینی.

بەڕێز ساڵح مستەفا ئەلتەل لە یاداشتەکانی باسی کردووە و دەڵێ: تاهیر بەگ بەدرخان قایمقامی قەزای عەجلوون لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی/ ١٨٨٢ی زایینی لە ئەستۆدا بووە، ژمارەیەك لە کارە ناوەدان کردنەوەییەکانی کردووە لە قەزای عەجلوون لەوانە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی ڕۆژئاوا لە ئەربد، دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی و کتێبخانەیە کە پێك هاتووە لە چوار ژوور کە شوێنی نزیکەی سەد و پەنجا قوتابی دەبێت... لەدوایی تاهێر بەدرخان دەستی کرد بە نۆژەنکردنەوە و چاك کردنەوەی حەوزی ئەربد و داوای هاوکاری

کرد لە خەڵکی ئەربد کە خۆڵەکەی ناوی هەڵگرن و بە بەرد دروستی کرد.
لەدوای مردنی، بنەماڵەکەی لە گوندی (سحم الکفارات) لەپارێزگای ئەربدی ئێستایی نیشتەجێ بوون کە زەویی زۆریان لەوێ هەبوو...

٧ـ خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید سەعدوون ئاغا: لە ساڵی ١٨٨٠ لەدایك بووە. لە سەردەمی عوسمانی لە گوندی سەمەر ناحیە بنی کەنانە نیشتەجێ بوو. لە کەرتی بازرگانی و کشتوکاڵ کاری کرد، گرنگیی زۆری بە چاندنی داری زەیتوون دا لەو ناوچەیە. گەورەی عەشیرەتی سەعدوون بوو. شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی هەبوو، لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی کۆچی دوایی کرد و لە سەمەر بەخاك سپێردرا.

٨ـ خوالێخۆشبوو محەمەد زوهێر عەلی کوردی: لە ئەربد ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لەدایك بووە، باوکی سەر بە کوردەکانی بارافیە لە دیمەشق، لە هێزی سنووری و سوپای ئۆردن بۆ ماوەی سی ساڵ خزمەتی کردووە تا خانەنشینی لە ساڵی ١٩٨٨ی ز. موختاری کوردەکانی شاری زەرقا بووە لە ساڵی ١٩٨٨ تا کاتی وەفاتی لە بەرواری ٢٠٠٠/٣/٣١ی زایینی، ژیانی لە خزمەتکردنی میللەتەکەی سەرف کرد. هەوڵی چاکردنەوەی ئەو کەسانەی دا کە لایان داوە، هەوڵی داوە بۆ نزیکبوونەوە و خۆشەویستیی نێوان کوردەکان و کۆمەڵگەی ئۆردن لەلایەکی دیکە.

٩ـ خوالێخۆشبوو فەیاز ئەحمەد کوردی: وەرزشوانێکی کۆنی تۆپی پێیە، لە دەزگای ئاساییشی گشتی خزمەتی کردووە، سەرۆکی لیژنەی کارگێڕیی کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە. لە ساڵی ١٩٩٨ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

١٠- پارێزەر عەبدوولمونعیم عەلی کوردی: لە شاری جرش ساڵی ١٩٤٣ی زایینی لەدایك بووە، خاوەنی دیپلۆمی زانستی نیشتەجێبوونە لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی و هەروەها لیسانسی هەیە لە زانکۆی دیمەشق لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی.

لە فەرمانگەی ئاماری گشتی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە ساڵی ١٩٦٤ - ١٩٧٠ کاری کردووە. ڕاوێژکاری ئابووری بووە لە سەفارەتی ئۆردن لە بەغدا، لە کاری حکوومی خانەنشین بووە لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی، ئێستا کاری پارێزەری بەنجام دەدات لە عەممان. سەرۆکایەتی کۆمەڵەی سەلاحەدینی نەیووبی بۆ ماوەی سێ خولی یەك لەدوای یەك لە ساڵەکانی ١٩٩٢ - ١٩٩٨ی زایینی لە ئەستۆ بووە. کۆششێکی زۆری هەبووە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەو کاتەی کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی سەلاحەدینی (بۆ کاری خێرخوازی) لەدەستدا بووە، بە یەکێك لە گەورە ڕۆشنبیرانی کورد لە ئۆردن دەژمێردرێ.

١١- پارێزەر عەبدوولقادر ماردینی: لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە کەرك لەدایك بووە، لەگەڵ براکانی نیشتەجێی ئەربد بوونە و خوێندنی ناوەندی لە سوریا تەواو کردووە، لە پەیمانگای قەزایی دیمەشق لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی دەرچووە، مۆڵەتی پارێزەریی لە ساڵ ١٩٣٦ وەرگرتووە، ئیشوکاری پارێزەری کردووە تا نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە ئەربد و لە پارێزەرە پێشکەوتووەکانی ئۆردن بووە.

١٢- موختار محەمەد فەهمی عیسا کوردی: لەدایکبووی شارۆچکەی سەمەر/ ئەربدە لە ساڵی ١٩١٩ی زایینی. هەندێ لە ژیانی لە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق بووە تا ساڵی ١٩٤٠ی زایینی. لەدوایی هاتە عەممان و گەیشتە دەزگای ئاسایشی گشتی لە ١٩٤٣ تا ساڵی ١٩٤٤ی زایینی. لەدوایی ساڵۆنێکی سەرتاشخانەی کردەوە و بەناوبانگترین سەرتاشخانەی بوو لە عەممان لەڕووی پاك و خاوێنی

و رێکوپێکی. له ساڵی ١٩٥٩ی زایینی پیشەی سەرتاشی بەجێهێشت و شوێنێکی جلوبەرگ فرۆشی کردەوە تا ساڵی ١٩٧٥ی زایینی. لەدوایی یەکێك له کورەکانی شوێنەکەی گرتە دەست، له ساڵی ١٩٧٠ به موختاری کوردان له عەممان دەستنیشان کرا ... یەکێك بووە له دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیووبی له عەممان، ناوبراو کەسایەتییەکی عەشایریی بەناوبانگە.

● **له بواری بانگەواز و ئایینی ئیسلامی:**

١ـ شێخ محەمەد سەعید کوردی: شێخ محەمەد سەعید کوڕی عەحاج کوڕی عەلی ئیزۆلیی کوردییە. ساڵی ١٨٩٨ی زایینی له عەجلوون لەدایك بووە، باوکی سەر به عەشیرەتی ئیزۆلییە له دەوروبەری ماردین له کوردستانی تورکیا.

ژیانی منداڵی لەگەڵ باوکی بووە له دیمەشق، لەدوای وەفاتی باوکی لەگەڵ دایکی کۆچی کرد بۆ شارۆچکەی (صخرە) له عەجلوون، لای خاڵەکانی خۆی و دایکی ژیا. لەدوایی چووە دیمەشق و خەریکی خوێندن بوو لای شێخەکانیان و تەریقەی سۆفیگەری شازلی لێ وەرگرتن به تایبەتی له شێخ هاشمی شاغووری، گەڕاوە نۆردن و بووە ئیمام و خەتیب له بارحە و (صریح) و شەجەرە و عەبین و ئەیدون و صەخرە و ئەربد. گۆشە و مزگەوتی بنیاد کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینزای شازلی و، موربد و قوتابی هەبووە. له بەرواری ٧/٧/ ١٩٧٢ی زایینی کۆچی دوایی کرد و له شارۆچکەی سەریح (صریح) ڕۆژهەڵاتی ئەربد به خاك سپێردرا...

شێخ محەمەد سەعید مورشد و داعیەکی مەزن بوو، تا ئێستاکەش خەڵکی ئەربد باس له ڕێبازە دروستەکەی دەکەن ڕێزیان بۆی هەیە. دامەزرێنەری ڕێبازی تەریقەی سۆفیگەری (شازلی)یە له نۆردن، پشتیوانیی ئایینزاکەی کرد به چاپکردن و دانانی هەندێ کتێب، لەوانە:

١ـ التعرف بحقائق التصوف، ١٩٦١ی.ز.

٢ـ الگریقه الشاژلیه.

٣ـ الجنید (الدر الفرید)، دیمەشق، ١٩٤٨ی زایینی.

٤ـ فوائد الاذکار و محبه العزیز الجبار، ئەربد، دار العوده، ١٩٦٤ی زایینی.

٥ـ مولد الروح النبویه خیر الخلائق الکلیه.

٦ـ القصائد الروحیه فی الاسرار الـذاتیه.

٧ـ عصمه الانبیا التی خفیت عن الاغنیا، ئەربد، دارالعوده، ١٩٧١ی زایینی.

٨ـ رساله فی التوحید لمن اراد الدخول الی المقام الفرید.

٩ـ کتاب الاذکار.

١٠ـ دوحه الامداد فی ذکر بعض کرامات اولیا الاکراد.

١١ـ نشر الاعطار المحمدیه فی الدیار الاسلامیه، عەممان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ١٩٧١ی زایینی.

١٢ـ فی لبس المراه المسلمه.

هەروەها ئەو کتێبانەی کۆڵیەوە و چاپی کردن:

١ـ البحر المدید فی تفسیر القران المجید (دوو بەرگ)، شێخ ئیبن عەجیبه حەسەنی، چاپخانەی ئیسماعیل کوردی، ١٩٦٦ ـ ١٩٦٨ی زایینی.

٢ـ رد معانی الایات المتشابهات الی معانی الایات الحکیمه، شێخ محیەدین کوڕی عەرەبی، عەممان، چاپخانەی (النهظه) ١٩٧١ی زایینی.

٣ـ شرح حزب البحر، شێخ ئەحمەد زەروق.

٤ـ الشجره النعمانیه الساحقه للطائفه الیهودیه، محیەدین کوڕی عەرەبی.

● **لە بواری هونەر و شانۆگەریدا:**

١ـ شانۆگەر و ئەکتەر ئیبراهیم خەلیل کوردی: ئیبراهیم خەلیل کوردی هەڵساوە بە دانان و دەرهێنانی زۆری شانۆگەری لە شانۆکانی تۆردن لە نێوان

ساڵەکانی ١٩٦٣ ـ ١٩٨٢ی زایینی و، بزووتنەوەی شانۆی دەوڵەمەند کرد لە ئەربد بە تایبەتی و لە ئۆردن بە گشتی. شانۆکانی پێشکەش کرا لە شانۆخانەی عەممان و زانکۆی یەرموك و (راس فرقه عرار المسرحیه) لە ئەربد و بەشداری کردووە لە هەندێ زنجیرەی ناوخۆی شانۆ و ئەو شانۆیانەی داناوە و دەرهێناوە:

١ـ ایام ابونواس، ١٩٦٦ی زایینی.
٢ـ طبیب من الاریاف.
٣ـ مصانع الرجال، ١٩٦٣ی.ز.
٤ـ بلدنا والصیف، ١٩٦٥ی.ز.
٥ـ ام سعید بثلاث عجال، ١٩٧٩ی.ز.
٦ـ عریس من الخلیج، ١٩٧٨ی.ز.
٧ـ متی ینتهی الرواح، ١٩٧٧ی.ز.
٨ـ بنت بلدنا بدها عریس، ١٩٨٠ی.ز.
٩ـ عوده الهابیل الثلاثه.
١٠ـ معلمون فی الاریاف، ١٩٧٧ی.ز.
١١ـ من القاتل، ١٩٧٨ی.ز.
١٢ـ اسکتش الزبالین.
١٣ـ المشعوذ، ١٩٨٢ی.ز.

٢ـ هونەرمەند ڕانیا کوردی: ڕانیا کوردی هونەرمەندێکی خاوەن پیشە و شارەزایە لە بواری گۆرانی و ئامێری موسیقا و ئەکتەری، بەشداری لە دوو کورتە فیلمی (الزجاجه و الحظ السابع) کردووە و لە کەناڵی دووەمی تەلەفزیۆنی ئۆردنی بەرنامەی (دردشات) و بەرنامەی (رانیا شو) و بەرنامەی گوشتوگوزاری تایبەت بە کەناڵی ئەبووزەبی بەناونیشانی (صیف ٢٠٠٠) لە ٦٠ بەش پێکهاتبوو و

ڤیدیۆ کلیپ بە ناونیشانی (لیله من العمر) و بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر منداڵان کە بە تایبەتی وێنە کراوە بۆ ڕێکخراوی یونیسێف و زۆر لە کردەوەکانی شانۆ بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

گۆرانیبێژە و توانای هەیە بە زمانی ئینگلیزی گۆرانی بڵێ، ئاواز و نووسینی وشەکانی گۆرانی دادەنێت، بەشداریی کردووە لە ئاهەنگی گۆرانی و موسیقی مەزن بە مەبەستی ئاشتی لە (موسسه اطفال عالمنا) لە ئەمریکا. چەند کاسێتێکی دەرکردووە و لە بەریتانیا هونەری گۆرانی و موسیقا و سەما و ئەکتەریی خوێندووە و

٣ـ گۆرانیبێژی لاو سەمیر کوردی: لە پەیمانگای مۆسیقا لە قاهیرە خوێندوویەتی، شەش ساڵ لە کوێت خەریکی گۆرانی گوتن بووە و گۆرانی زۆری لە ئۆردن تۆمار کردووە لەوانە: (هجرونی، یا محلاکی یا بنیه، حبیتك و بحبك دوم، سمره ام الغره).

• سەرچاوەکان:

١ سویرکی کوردی. محەمەدعەلی. کورده نوردنیەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئوردنی نوێدا، وەرگێڕانی: حەمید گەردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٧.

٢. ناوخۆش، سەلام، مافی میژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٤.

(جێگەی ئاماژە پێکردنە کە بابەتەکەی بەڕێز سەلام ناوخۆشیش هەر لەلایەن ڕێزدار محمد علی الصویری الکوردی نووسراوە و لە ژمارە ١٤ی گۆڤاری ڤەژین بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن بەڕێز سەلام ناوخۆش بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لە ژمارە ٢٩٨١ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/١ی ڕۆژنامەی برایەتی بڵاو بۆتەوە و دواتر لە لاپەڕەکانی ١٩-٢٧ی کتێبی «مافی میژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان»دا بۆ جارێکی دیکە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.).

٣. ماڵپەڕی ویکیپیدیای فارسی بۆ زانیاری سەبارەت بە وڵاتی ئوردن.

(پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە سەرجەم بابەتەکانی ئەم بەشە بێجگە لە چەند دێڕە زانیاریی سەبارەت بە وڵاتی ئوردن، لە کتێبەکەی ڕێزدار محەمەدعەلی سویرکی کوردی وەرگیراون).

بەشی دووەم ٢

کێشەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای پاکستان

٤. باسی چوارەم

کوردەکانی پاکستان

- چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی پاکستان
- کوردی پاکستان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا
- ڕاوێژ چوونی هەندێ لە کوردەکانی پاکستان
- کوردەکانی کووەیتە و دەوروپشتی
- ژمارەی کوردەکان
- کوردە ناوارەکانی پاکستان
- پەیوەندیی نێوان کورد و بەلووچ لە پاکستاندا
- زمانی ئاخافتن و خوێندن و ،ڕادەی ڕۆشنبیریی و خوێندەواری
- داب ونەریتی کوردەکانی پاکستان
- ئایین و مەزهەب
- سەرچاوەکان

• چەند زانیارییەک سەبارەت بە وڵاتی پاکستان

پاکستان وڵاتێکە لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵکەوتووە و پایتەختەکەی ئیسلام ئاباداە. ئەم وڵاتە لە باشوور، سنووری ئاویی هەزار کیلۆمیتری لەگەڵ دەریای عەمەمان هەیە و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران، لە باکوورەوە لەگەڵ ئەفغانستان، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ هیندوستان و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری گەلی چین هاوسنووڕە. ناوچەی کشمیر شوێنی ئیددیعای هەر دوو وڵاتی پاکستان و هیندوستانە ئەم دوو وڵاتە هەر کامیان چەند بەشێکی ئەم ناوچەیەیان لەژێر دەست دایە و ئەم ناوچانە بەهۆی هێڵی کۆنترۆڵەوە لێک جیا کراونەتەوە.

ئایینی فەرمیی پاکستان، ئیسلامە و لەباری ژمارەی موسوڵمانانەوە لەئێو وڵاتانی ئیسلامیدا، بە دووەمین وڵات لەقەڵەم دەدرێت. ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٤٧ وەك دەوڵەت و وڵاتێکی نوێ سەربەخۆیی خۆی لە هیند ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٧١ شەڕی نێوخۆیی بوو بەهۆی جیابوونەوەی پاکستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادێش) لەم وڵاتە. لە سەردەمی سەربەخۆییەوە، پاکستان قۆناغگەلی گەشەی سەربازیی و ئابووری و هەروەها ناسەقامگیریی هاوکات لەگەڵ جیابوونەوەی بەنگلادێشی بەسەردا تێپەڕیوە و ئەزموونی کردووە. پاکستان لەباری هێزە چەکدارەکانەوە لە جیهاندا پلەی حەوتەمی هەیە و تەنیا وڵاتی ئیسلامیە کە خاوەن چەکی ناوکییە.

پاکستان بەپێی خەملاندنی ساڵی ٢٠١٢ بە زیاتر لە ١٨٠ ملیۆن کەس حەشیمەت، یەکێك لە وڵاتە پڕحەشیمەتەکانی دنیایە. ئەم وڵاتە هەم لەباری زمانیی و هەم لەباری جوگرافیایی وڵاتێکی فرەچەشنە. ئۆردوو و ئینگلیزی زمانە فەرمییەکانی ئەم وڵاتە و، ئیسلام ئاباد پایتەخت و کەراچی گەورەترین شاری

پاکستانە. هەروەها لەباری ئایینیشەوە ئەم وڵاتە پێك هاتووە لە: ٩٦٪ موسوڵمان (٧٧٪ سوونە و ١٩٪ شیعە)، ١,٨٥٪ هیندو، ١,٦٪ مەسیحی، ٠,٠٤٪ سیك.

ناوی پاکستان (پاك + ستان) بە زمانەکانی ئۆردوو و فارسی واتە نیشتمانی پاکی. ئەم ناوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لەلایەن چودهاری ڕەحمەت عەلی کە لە بڵاوکۆکی «امروز»یان «هرگز»دا بڵاوی کردەوە، بەکار هاتووە... بە شێوەیەکی ڕەسمی وڵاتی ئێستای پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ «کۆماری ئیسلامیی پاکستان» گۆڕا...

دابەشکاریی نیوخۆیی. پاکستان لە پێنج ناوچەیەکی خودموختاری قەبیلەیی، ناوچەی فیدراڵی پایتەخت (ئیسلام ئاباد) و دوو ناوچەی سەر بە جامو و کشمیر پێك هاتووە. لە شارە سەرەکییەکانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە: کراچی، لاهور، فەیسەڵ ئاباد، راولپەندی، مولتان، حەیدەر ئاباد، پیشابور، کووەیتە، سەرگودها، سیالکوت، جەهەنگ، مەردان، گجرات، لارکانە و ...[1]

• کوردی پاکستان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا

سەرەتا پێم خۆشە ئاماژە بە نووسینی هێندێك لە سەرچاوەکان بکەم کە لە چەند دێڕێکدا باسیان لە کوردەکانی پاکستان و زۆرجاریش باسی کوردەکانی ئەفغانستان و پاکستان و تەنانەت هیندوستانیشیان پێکەوە کردووە. لەبەر ئەوەی زانیاریی لەسەر کوردی هێندێك لە وڵاتان زۆر کەمە، هەربۆیە زۆربەی نووسەرەکانیش لە چەند دێڕێکدا ئاماژەیان پێداوە و تەنیا وەك یادکردنەوەیەك کە بزانرێ لەم وڵاتانەشدا کورد هەیە، باسیان لێ کردوون. ئامادەکاری ئەم بەرهەمەش تەنیا کتێبێك کە وەك سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی ئەم بەشە لە بەرهەمەکەی دەستی کەوتووە، کتێبی «کوردەکانی پاکستان» لە نووسینی بەڕێز «بەختیار غەفوور هەڵەبجەیی»ـە کە زۆربەی زۆری بابەتەکانی

ئەم بەشە لەو کتێبە وەرگیراون. بەڵام پێم باش بوو لە سەرەتادا کەڵک لە بابەتی هێندێک لەو نووسەرانە وەربگرم کە لە چەند دێڕێک لە بەرهەمەکانیاندا باسیان لەم کوردانە کردووە، چ ئەوانەی بە تایبەتی لەسەر کوردی پاکستانیان نووسیوە و چ ئەوانەی کە بە گشتی باسیان لە کوردەکانی پاکستان و ئەفغانستان و هیندوستان بەسەرێکەوە کردووە.

لە لاپەرە ٢٢٠ی کتێبی «تراژیدیای کورد»دا بەم شێوەیە باس لە کوردەکانی ئەفغانستان و پاکستان کراوە:

«سەرەتای مێژووی کورد لە ئەفغانستان و پاکستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٥٠٠ کە کوردەکان لەلایەن شا عەباسی سەفەویەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دوور خرانەوە بۆ ئەوەی سنووری ئێران لە بەرامبەر هێرشی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت ئۆزبەکەکان بپارێزن. گەلێ لەم کوردە دوورخراوانە سەرەنجام ڕێیان کەوتە ئەفغانستان و پاکستان و بە تایبەت لە شاری هیرات (لە ئەفغانستان) و ناوچەی بەلووچستان و پیشاوەر و مولتان (لە پاکستان) نیشتەجێ بوون.

نفووسی کوردەکانی ئەفغانستان و پاکستان دیار نییە، چونکە ئێستا ئەم کوردانە بە تەواوی لەناو گەلانی دەوروبەری خۆیاندا تاویاونەتەوە و زمانی باوباپیرانی خۆیان لەبیر کردووە، بەڵام بۆخۆیان دەزانن کە بە ڕەچەڵەک کوردن. گەلێ لە کوردەکانی ئەفغانستان و پاکستان توانیویانە پۆستی باڵا لە ناوچەی خۆیان بەدەست بهێنن وەک «عەلی مەردان خان» کە لە ساڵی ١٦٤١ کراوە بە حاکمی «کابول»ی پایتەختی ئەفغانستان و پاشان «قەندهار» بەڵام پاشان بەهۆی ئەوەی لەلایەن «شاتەهماسب»ی سەفەویەوە لەسەر پۆستەکەی لابراوە، دژی دەسەڵاتی سەفەویەکان ڕاپەڕیوە و ساڵی ١٦٤٣ ناوچەی قەندهار تا سنووری موغولستانی گرتووە، بەڵام سەرنەکەوتووە و پەنای بۆ دیهلی (دیلهی) بردووە.

شاهی جیهان ٤ لاخی (ناوچە)ی بەخشیوە بە خۆی و براکەی و کراوە بە حاکمی شاری لاهور و کیشمیر (لە پاکستانی ئەمڕۆدا)...[۲]

هەروەها لە لاپەڕە ٨٦ی لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا بە شێوەی خوارەوە باسی کوردەکانی بەلووچستان (پاکستان)، هیندستان و ئەفغانستان کراوە:

کوردی بەلووچستان (۳۰۰,۰۰۰) کەسێك ئەبێ، لە هیندستانیش لە ناوچەی «سند» لە عەشرەتی براخۆی ـ کە دوور نییە لە براخۆیەکانی بەلووچستان بن و چووبێتە ئەوێ ـ (٤٨,١٠٨) کەس هەیە. «مورگنستیرن»ی ڕۆژهەڵاتی ناسیش وەکوو «دائرە المعارف اسلامی» قسە لە کوردی ئەفغانەوە ئەکات، بەڵام هیچیان ژمارە نادەن بە دەستەوە.[۳]

لە لاپەڕە ۳۱ی کتێبی «خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان»یش بەم شێوەیە باس لە کوردی بەلووچستان (پاکستان)، هیندستان و ئەفغانستان کراوە:

لە بلوجستاندا، عەشائیری (براخوی) هەمووی، یان بەشێکی زۆری بە کورد دانراوە. ئەم عەشیرەتە زۆرە بەشی گەورەی لە بلوجستاندایە، مەرکەزەکەی شاری (ئیغ)ە. حدودی شیمالی (کەتتا)یە و بەسەر (کلات)دا تا (لاس ـ بەلا) ئەچێ و بەم تەرحە درێژایی مەنتیقەکەی نزیك ۲۵۰ میلە. ئەساسەن دوو بەش و پێنج فیرقەیە: بەشێکی (سراوان ـ براخوی سەروو) و ئەوی تری (جەهلاوان ـ براخوی خواروو)ە. فیرقەکانی (کامبەرانی، میروانی، گۆرکەناوی، شومالانی، قەلەندەرانی)یە.

ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام، جلد ۱. ل ٦۳۰، بەعزێ ئیزاحاتی دەرحەق بەم عەشیرەتە ئەدا و ئەڵێ براخوی وەکو (بلەج)، ریوایەت ئەکرێ، کە لە تەرەف حەلەبەوە هاتوە. واقیعەن ڕەنگە لە غەربەوە هاتبنە ئەم وڵاتە و ڕەنگە ئەمانە ئەسڵی (کۆچ) بن، کە لە پێش هاتنی بلوجەکانا لە (کرمان)ەوە هاتوون بۆ

(ماکران) و لەگەڵیانا تێکەڵ بووبن. تەعبیری (کۆچ) بە مەعنای گەڕۆکە، و ئیدریسی ئیدیعا ئەکا کە ئەمانەش نەوعە کوردێکن. واقیعەن ئەبینرێ کە ناوی مەشهووری هەموو (براخوی) لە (لاس ـ بەلا)دا کوردگەلی یە و بە گوێرەی ئەکە مومکینە ئینسان بڵێ کە ئەسڵی ئەم عەشائیرە، کوردی غەربی ئێرانن و لەوێوە بۆ بلوجستان هاتوون. میقداری براخوی بلوجستان نزیك ٣٠٠٠٠ کەسە.

لە هیندستان لە وڵاتی (سەند) لە عەشیرەتی براخوی ٤٨١٠٨ کەسێ هەیە (ئینسقلۆپەدیای ئیسلام). موستەشریق (تێد سیۆ)، لە بەینی قەومی بلوج و کوردیشدا بەعزێ موناسەبەت و رەوابیتی کەشف کردوە (ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام، جلد٢).

بە گوێرەی شەرەفنامە لە ئەفغانستانەوە بەعزێ عەشائیری زەنگەنە بۆ بلوجستان هاتوە. بە گوێرەی ئەمە، ئەبێ لە ئەفغانستانیشدا کورد بێ. زاتەن (مۆرغەنستیرن)یش ئەڵێ موحتەمەلە لە تەرەفی غەربی (هەرات)دا بەعزێ ئەهالی کوردزمان بێ.

هەر لە لاپەرە ٢٧١ی ئەم کتێبەدا جارێکی تر بەم شێوەیە باس لە کوردەکانی ئەو ناوچانە کراوە:

عەشیرەتی براخوی، هەرە بەقوەتی عەشایری کوردی ئێرەن. مەرکەزی کەسافەتیان (نێشتەجێبوونیان) لەدەوری (کلات)ە. لە (کەتا)وە تا (لاس بەلا) نزیك ٢٢٠ میل، مەنتیقەی ئەم عەشیرەتەیە. لە (بلوج) کەمترن، بەڵام بە حوکم و نفوزترن. حاکمیەتی مەرکەزی بلوجستان، کە (کلات)ە، بەدەست رەئیسی ئەم عەشیرەتەوەیە کە لە فیرقەی (کامیەرانی)یە. دوو بەشی گەورەیە: سراوان (براخوی سەروو) و جاهلەوان (براخوی خواروو). دەرحەق بە مەنسوبیەتی ئەم عەشیرەتە بە قەومی کورد، بەعزێ شوبهە نوێنراوە، بەڵام لام وایە ئەم شوبهانە زەعیفە چونکە ناوەکەیان دەلیلێکی بەقوەتە.

بێجگە لەمەش عەشیرەتێکی کوردی گەورە و خالصیشیان لەناودایە کە بە «کوردگەلی» مەشهوورە و ئەساسی (براخوی) تەشکیل ئەکەن. ڕەنگە لە غەربی ئێرانەوە بۆ ئێرە هاتبن. زاتەن عەشیرەتی (براخوی)یش ئەبێ لەوێوە هیجرەتی کردبێ.

میقداری نفوسی ئەم عەشیرەتە براخۆیە، ۳۰۰,۰۰۰ کەسێکە (ئینسیقلۆپەدیای ئیسلام). لە هندستانیشا، بەعزێ لەم عەشایرە هەیە و لە وڵاتی (سند)دا ساکنن، نفوسیان ٤٨,١٨٠ کەسێکە.

ئەم عەشیرەتە براخۆیە، هەموو سوبی مەرهەبن و زمانەکەیان بەعزێ کەلیمەی بلوجی و ئێرانی تێکەوتووە و لەهجەکەیان نزیك لەهجەی هندی مەرکەزی_دراوید». بە تەبیەت ئەم حاڵە نەتیجەی ئیختیلاّت و دراوسێیەتیەن صەرف و نەحویش تەقریبەن عەینی صەرف و نەحوی بلوجیە.

بێجگە لە عەشیرەتی (براخوی) لەناو عەشایری بلوجدا دوو عەشیرەتی تری کوردیش هەیە کە بە (مامەسەنی ـ مام حەسەنی) مەشهوورن و ئەمانەش دیسانەوە ئەبێ لە غەربی ئێرانەوە هاتبن (ئینسیقلۆپەدیای ئیسلام).

بە گوێرەی شەرەفنامە، لە ئەفغانستاندا، بەعزێ عەشایری (زەنگەنە) هەیە کە ڕەنگە لە بلوجستانەوە هاتبن. موستەشریق (مۆرغەن ستەرن)یش ئەڵێ ڕەنگە بەعزێ عەشایری کورد لە ئەفغانیدا بێ. بەڵام بۆی تەحقیق نەکراوە[٤]

شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی لە «میژووی کورد و کوردستان»دا باس لەم هۆزە کوردانەی پاکستان دەکات:

١ـ براخۆیی: پانتایی خاکی براخۆییەکان ٢٢٠ میل دەبێت، ژمارەیان زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسە و لە ناوچەی کەلات دا بوون، ئەمانە فەرمانڕەوای دەوڵەتی بەلوچستانیان کردووە و بڕێك لە بنەماڵەیان لە هندستان جێگیر و سونی مەزهەبن.

٢ـ زەنگەنە: لە هند و ئەفغانستانیش هەن جگە لەوانەی لە بەلوچستانن، ئەمانە هۆزێکی بەدەستەڵات و بڵاون. شوێنی سەرەکیان کوردستانی ئێران و عێراقە.

٣ـ کامێرانی: بەشێکن لە هۆزی براخۆیی (کامبەرانی) لە زۆر شوێندا جگە لەوەی بە هۆزێکی کورد ناو براون، بە تیپێك لە هۆزی براخۆییش باس کراون.

٤ـ کوردگەلی: ئەم هۆزە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو بلوچستان و هندستان کۆچیان کردووە، براخۆییەکان لەم هۆزەن و...

٥ـ بەشێکن لە هۆزی لوڕی گەورە. لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام باسی دوو تیرە کراوە لە بلوچستان نیشتەجێن

پانتایی خاکی براخۆییەکان ٢٢٠ ـ ٢٥٠ میل دەبێ لە ناوچەی کەلات بوون. تا سەردەمی قاجار زۆر بەهێز بوون. لەنێوان ساڵانی ١١١٢ ـ ١٢٨٨ی کۆچیدا حکومەتێکیان لە سیستان و بلوچستان هەبووە. هەندێ جار پایتەختیان (ئیغ) بووە بەڵام زۆربەی کاتەکان (کەلات) بووە.[٥]

لە کتێبی «کوردستان و کورد»ی دوکتۆر قاسملووشدا لە یەك دوو شوێن باسی کوردەکانی پاکستان و ئەفغانستان کراوە و ئاماژە بەوە کراوە دووسەد هەزار کەس لە کوردەکان لە ئەفغانستان و پاکستان دەژین. لە لاپەڕە ٢٤دا باس لەوە کراوە کە «٢٠٠٠٠٠ لە ئەفغانستان لە مەڵبەندی گوریان و ناوچەی هیرات و نیزیك سنووری ئێران و ئەفغانستان و هەروەها بەلووچستان لە ناوچەی سەرحەد» دەژین.[٦]

خوێنەرانی خۆشەویست ئەوەی لە خوارەوە سەبارەت بە کوردی پاکستان دەیخوێننەوە، سەرچەمی لە (کتێبی «کوردەکانی پاکستان» لە نووسینی بەڕێز «بەختیار غەفوور هەڵەبجەیی») وەگیراوە.

• ڕاوبۆچوونی هەندێ لە خەڵکانی کوردی پاکستان

ئێستا ئەم کوردانە هەندێکیان خۆیان بە نەتەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی دەزانن، هەندێ کەسی تر دەڵێن لە سەردەمی شا عەباسی سەفەوی لە وڵاتی کوردەواری لوڕ و کەلهوڕ ڕاگوێزراون بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران. بەڵام ئەم بیروڕایە لای هەندێ نووسەر بەدوور دەزانرێت.

دەڵێن ئەگەر ئەو کوردانە لە سەردەمی سەفەویدا ڕۆیشتن بۆ بەلوچستان دەبوایە وا بە ئاسانی زمانی کوردیان لەبیر نەچووایەتەوە. هەروەکو چۆن ئێستا کوردەکانی خۆراسانی زمانی خۆیان بەتەواوی پاراستووە

یان هەندێك لەو کوردانە دەڵێن: پێش ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئێمە لە کوردە بەدەستەڵاتەکانی عێراق و سوریا بووین و لە ئەنجامی لەشکرکێشیەکی زۆر تا ئێرە هاتووین بە خاکی ئێرانەوە بۆ فراوانکردنی دەستەڵات هاوکات لەم لەشکرکێشییەدا دەستەڵاتی عێراق و سوریامان گوایا تێك شکێنراوە و ئێمەی کوردیش لە بەلوچستان گیرساینەوە و بەپێی ڕۆژ تیکەڵ بە برا بلوچەکان بووین.

بەڵام لیاقەت سەردار دینارخانی کورد، کە لە شاری کوەیتەی پایتەختی بلوچستان دادەنیشیت و هۆزی براخۆییە، دەڵێت لەبارەی کۆچکردنی کورد بۆ پاکستان هیچ سەرچاوەیەکی ڕوونی مێژووییم بەڕوونی لەبەردەستدانیە، گەرچی پیرەکانی خۆمان دەڵێن ٦٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا کورد هاتووەتە ئێرە، بەڵام من نازانم کەی؟ بۆچی؟ هاتبوینە ئێرە. ئەم پرسیارە لە مێژوونووسێکی تایبەت بپرسین: بێگومان وەڵامی ڕاست و دروست لای مێژوونووسانە.

هەندێك کەسی دیکەیان دەڵێن: ئێمە لە شاری کەرکوکی عێراقەوە پێش ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر کۆچیان پێکردوون بۆ بەلوچستان. یان زۆرجار خۆیان بە ئێرانی دەدەنە قەڵەم و دەڵێن ملایەرین.

• کوردەکانی کوەیتە و دەوروپشتی

پاکستان وڵاتێکی فراوان و فرەنەتەوەیە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە پێك هاتووە لە ٥ ویلایەت، هەر ویلایەتەی پایتەختی خۆی هەیە. یەکێك لەو ویلایەتانە (بەلوچستان) کە ناوەندەکەی ئێستا شاری کوەیتەیە. بەر لە چەند سەدە پایتەختی بەلوچستان لە توران بووە کە شارەکەی ئێستا بە کەلات بەناوبانگە. شاری کوەیتە ژمارەی دانیشتووانی زیاد لە ٢,٥ ملیۆن کەس دەبێت. بە زمانی بەلووچی دەدوێن. ئەم نەتەوەیە لەڕووی زمان و داب‌ونەریت و کەلەپوور و باری کۆمەڵایەتییەوە لە نەتەوەکانی دیکە جیاوازن. بەڵام لەو ڕووانەوە لەگەڵ چەند خێڵێکی ئەو ناوچەیە لەیەکدەچن، ئەم خێڵانەش بە «کورد» ناوبانگیان هەیە.

جگە لە شاری کوەیتەی بەلوچستان، لە شوێنانی دیکەی پاکستان کورد هەیە وەك لاهور، ئیسلام ئاباد، پیشاوەر، سند، ئازاد کشمیر. بەڵام ئەو زانیارییەی لەبارەی کوردەکانی کوەیتە هەیە، لەڕووی سەرچاوە و بەڵگەی باوەڕپێکراوەوە ڕوونترن تاوەکو کوردەکانی شار و شوێنەکانی دیکەی ئەم وڵاتە.

کوردەکان بە ژمارە زۆرن و چەندین گوند لە بەلوچستاندا کوردن و دەرامەت و ژیانیان بەگشتی بەندە بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری، زۆریشیان دەوڵەمەند بوون و ڕوویان کردۆتە شارەکان و لەوێ خەریکی کاری وەك بازرگانی، دوکانداری، دەستفرۆشین یان فەرمانبەر و کارگوزاری دەوڵەتن لەو گوندانەدا. هەروەها خەڵکی بەدەسەڵات و خاوەن زەوی هەیە کە دەوری سەرۆك هۆز دەبینن و ڕەنجبەر و وەرزێرێکی زۆر لێیان کۆ بوونەتەوەو کاریان بۆ دەکەن کە کوردن و زیاتر لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتوون.

ئەم خێڵ و هۆزە کوردانە تەنها ئەوەندە دەزانن کوردن، ئیتر وشەی کورد وەك نازناو و ناوبانگی لێهاتووە. خەڵکی گوندەکانیش کە بە ناژەڵداریی و

کشتوکاڵەوە خەریکن، دەڵێن: ئێمە سەر بە فلان کوردین، بۆ نموونە: میر عەبدولڕەحمان کورد، یان ئەسکەندەرخان، یان حاجی ئیسماعیل خان (ئەم ناوبراوانە چەند کوردێکی دیار و ناسراون)

لەتەك ئەو دانیشتووانەدا، هەن زمانی بلوچیان هەیە و ڕەنجبەری کوردێکی خاوەن زەوی و زارن و زۆرینیشیان (بەلوچەکان) خۆیان بە کورد دەزانن، کورد لە بلوچستانی پاکستاندا جگە لە شاری کوەیتە لە دەوروبەری کوەیتە و لەسەر ڕێگای «سریاب» و ناوچەی «دادەر» کە دەکەوێتە ١٤٠ کیلۆمیتری شاری کوەیتە. نیشتە جێن و لە شارەکانی «کەلپوور» و «مەچ» و دەوروبەری ئەم شارە دەیان گوندی کوردی تێدایە و زۆر ڕەوشت و خووی کوردانەیان لەنێودا هەیە، وەکو میوانداری، دڵنەرمی، وەفاداری و حەز لە چەك هەڵگرتن.

• ژمارەی کوردەکان

وەك زۆر شوێنی دیکە، لەوێش کورد سەرژمێریی تەواو نەکراوە، ئەگەرچی ناسنامەشیان کوردییە، تەنانەت لە زۆر شوێن و دوکان و گەڕەك و دەزگا بازرگانییەکانیش ناوی فلان کوردی پێوەیە.

تا ئێستا دەربارەی ژمارەی کوردەکان هیچ دەزگایەکی ئامار لەلایەن دەوڵەتەوە سەرژمێریی ڕەسمی بەدەستەوە نەداوە. لیاقەت سەدارخان دەڵێت: ئێمڕۆ ٣٥ هەزار کورد زیاتر لە کوەیتە و گوندەکانی دەوروپشتیدا هەیە، ئەمە ئاماری ئەو کوردانەیە کە لە کوەیتە دەژین دەنا لە شوێنانی دیکەی وەك سەند، لاهوور، ئیسلام ئاباد، ئازاد کشمیر کورد زۆرن.

هەندێك سەرچاوە ژمارەی کوردەکان بە زیاتر لە نیو ملیۆن کەسیان دادەنێن و سەرچاوەیەکیش بە چل هەزار کەس مەزەندەیان دەکات.

ئەسکەندەرخان کوردێکی پاکستانییە، دەڵێت: لە پاکستاندا زیاتر لە ٧٠,٠٠٠

کورد هەیە، هەرچەندە ئامار باوەڕپێکراو نیە. ڕایەکی دیکە وای دەگەیەنێت کە لەو ژمارەیە زۆر زیاترە.

• کوردە ناوداراکانی پاکستان

یەکەم: لیاقەت سەردارخانی کورد

لیاقەت کوڕی سەردار دینار خانی کوردە. سەردارخان یەکێکە لە سەرۆک هۆزەکانی براخوێیی و لە شاری کوەیتەی بەلوچستان دادەنیشێت. خاوەنی دەسەلات و پایەیەکی زۆر بەنفووسە. تا کاتی ئەم نووسینە هەر لە ژیاندانە (واتە ئەوکاتەی گۆڤاری پیشەنگ، ژمارە ٢١ ساڵی نۆیەم ١٩٩١، چاوپێکەوتن لەگەڵ لیاقەتخان سازکردوە) لیاقەت کە ئێستا جێگری باوکێتی، ئەویش بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی توانیویەتی لەنێوان دڵی جەماوەری ناوچەکەدا بە کوڕ و کچ و پەنابەرەوە جێی خۆی بکاتەوە. ئاوارەکانی هەڵەبجە لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستانی ئێراق و پاش گەڕانەوەیان لە ژیانی پەنابەرێتی ئێران و پاکستان، لەبارەی لیاقەتەوە دەگێڕنەوە کە ئێجگار خەمی ژیانی پەنابەرە کوردەکانی خواردووە و هەستی دڵسۆزی و نان بدەیی و پاکیی کوردانەی شتێکی سروشتیی بووە لە دەروونی لیاقەت و هەندێ لە گوردەکانی ئەوێ...

میر عەبدولڕەحمانی کورد

میر عەبدولڕەحمانی کورد سکرتێری یەکێك لە حیزبە چەپەکانی پاکستانە. حیزبەکەی ناوی (پارتی گەلی نیشتمان - پارتی ناشنالّ عەوام)ی پاکستانە. میر عەبدولڕەحمانی کورد گەرچی مولولەیەکی باریکی خوێن لە لەشیدا کوردانەیە، کەچی هەستی کوردانەی کڵپەی سەندووە لە ناخیدا بڵێسە دەدات. ئەوەتا لە ساتی یادکردنەوی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەوپەڕی تواناوە بەشداریی

ئەو یادە دڵتەزێنە دەکات لەگەڵ برا پەنابەرە کوردەکانی کوەیتە و ...

میر عەبدولڕەحمان لە مانگی خەرمانانی ۱۹۹۲ سەردانی شاری لەندەنی کرد، لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد - لەندەن، وبڕای ڕێزلێگرتن و بەخێرهاتنی ئەم برا کوردە پاکستانییە، مەڵبەند بە هەڵی زانی کۆڕێکی فراوانیشی بۆ ببەستێت تا چاوی بە کۆمەڵگەی کورد بکەوێت لە لەندەن و ئەو خەڵکەش گوێ لە دەنگ و باسی کوردی پاکستان بگرن و لە نزیکیشەوە ئاگاداری بن. کۆبوونەوەکە ڕۆژی ۱۹۹۲/٦/۲۷ لە هۆڵی کوردستان لە لەندەن بەسترا. پاش گەرانەوەی بۆ پاکستان برا کوردە پاکستانییەکانی ئاگادار کردۆتەوە و باسی هەڵوێستی کوردانەی مەڵبەندەکەی بۆ کردوون و بە کاسێتێکی ڤیدیۆی تۆمارکراوی لەندەن باسەکەی نیشان داون.

میر عەبدولڕەحمان خۆی و حیزبەکەی هەمیشە لە بەرەی گەلدا بوون و هەر حزبەکەی ئەم و حیزبەکەی میر غوڵام ڕەسوڵ و میر عەبدولعەزیز بوو توانیان سەرتاسەری بەلوچستان لە ساڵی ۱۹۲۰ لەدەست ئینگلیز دەربهێنن و ڕزگاری بکەن. لە سەردەمی زولفەقار عەلی بۆتۆ کاتێك دژ بە کورد و بەلوچەکان شەڕی نایەوە میر عەبدولڕەحمان و میر ئەحمەد عەلی کورد و میر عەبدولعەزیز دژی وەستان و بەرەنگاری بوونەوە و شۆڕشێکی سەرتاسەری بەرپا بوو لە حەفتاکاندا زیاتر بەلوچستانی گرتەوە و ٤۰ هەزار کەسی تێدا کوژرا.

ئەم بەڕێزە جگەلە چالاکیی سیاسی، لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەستێکی باڵای هەبووە و بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستەش بەم دوو وتارەی کە لە گۆڤاری کلاوڕۆژنەدا بۆ کوردەکانی نووسیوە بەناونیشانی (کوردەکان کێن؟) ڕوونی دەکاتەوە کە لە دووریشەوە چەند دڵسۆز بە خاك و گەلەکەیەتی.

ناوبراو لەم وتارەدا پشتیوانیی خۆی لە کوردەکان دەردەبڕێ و سەرزنشتی موسوڵمانانیش دەکات کە زۆرجار لە ئاست ئەو کارەساتانەی بەسەر برا کوردە

موسوڵمانەکانیان پێت، بێدەنگ و بێهەڵوێستن.

خوێنەرانی خۆشەویست دەتوانن دەقی نامەکە لە لاپەڕەکانی ٥٤ ـ ٥٧ ی کتێبی کوردەکانی پاکستان لە نووسینی بەڕێز بەختیار غەفوور هەڵەبجەیی بخوێننەوە.

میر عەبدولعەزیز کورد و میر غوڵام ڕەسووڵی کورد

میر عەبدولعەزیز و خزمانی دەسەڵاتدارێکی ناسراو بوون لە بەلوچستاندا. ڕاپەڕینێکی گەورەی دژی ئینگلیزەکان بەرپا کرد و بۆ ماوەیەک هەموو بەلوچستانی ڕزگار کرد.

بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن سەرکردەیەکی کوردەوە بە ناوی میر عەبدولعەزیزی کورد، کورد چووە ناو سیاسەت لە بەلوچستان، کاتێک میر عەبدولعەزیز و برا و کوردەکانی باسی سیاسەتیان دەکرد و پێیان دادەگرت لەسەر ڕزگاریی چەوساوانی دنیا، کەس نەبوو بتوانێ وەک ئەو بەرەنگاری داگیرکەران ببێتەوە. میر دەسەڵاتێکی ناسراو بوو لە بەلوچستاندا و ڕاپەڕینێکی گەورەی بەرپا کرد. بۆ ماوەیەک هەموو بەلوچستانی ڕزگار کرد بەر لەوەی پاکستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، میر عەبدولعەزیز هەندێ جار سەرکردەی هیندی جەوهیر لالی نەهرۆ و چەندەها کەسانی پایەبەزی دیکەی دیبوو.

لەسەردەمی دەسەڵاتی بەریتانیا کاتێک میر عەبدولعەزیز و میر غوڵام ڕەسووڵی برای قوتابی بوون، حاکمی ئینگلیزی ئەو کاتە سەردانی قوتابخانە دەکات و نەوازشی خوێندکاران دەکات و دەڵێت: ئەم دوو خوێندکارە کوردە کە خوێندن تەواو دەکەن ئاگرێک لەبەلوچستان بەر دەدەن دژ بە ئینگلیز ڕادەپەڕن. هەرواش بوو، پاش شۆڕشی ١٩٢٠ کوڕەزا و خزمانی میر عەبدولعەزیز توانیان لە ساڵانی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٨ شۆڕشێک بەرپا بکەن دژ بە دەسەڵاتی ناوەند و بۆ ماوەیەک هەموو بەلوچستان ڕزگاری بوو.

٤٠ هەزار کوژراوی تێدابوو. ئەم کوشتارەشزیاتر لەنێوان کورده بەلوچیەکان بە سەرکردایەتی میر مەحمود عەزیز، کوڕی میر عەبدولعەزیز و میر عەلی ئەحمەد و میر عەبدولڕەحمان کورد بوو و بە دژی رژێمی زولفەقار عەلی بۆتۆ.

ئەسکەندەرخانی کورد

ئەسکەندەرخان، ساڵی ١٩٥٧ی زایینی لە شاری کوەیتەی پاکستان لەدایك بووە. هەر لەو شارەدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، پلەی کۆتایی پێهێنانی (پەیمانگای لێکۆڵینەوەی سیاسی) بەدەست هێناوە

ساڵی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٨ی زایینی ئەندامێکی چالاکی ڕاپەڕینەکانی بەلوچستان بووە کە ئامانجی ئەو ڕاپەڕینە سەربەخۆیی بووە و چل هەزار شەهیدی لەو پێناوە داوە. دو جار لەسەر سیاسەت زیندانی کراوە. یەکەم لە ساڵی ١٩٧٦ لە زیندانی کەراچی و دووەم ساڵی ١٩٧٨ لە زیندانی کوەیتە و ئازاری زۆری چەشتووە.

زیاتولحەق سەرۆکی پێشووی پاکستان ئەسکەندەرخانی بە دوژمنێکی ترسناك زانیوە بۆ سەر ڕژێمەکەی. دوای ئەوەی لە دەستەڵات لادرا و دەست بەسەر کۆشکەکەیدا گیرا و بەڵگەنامەیەکی نهێنی بە ئیمزای خۆی لە دژی ئەو سەرکردە کوردە دۆزراوەتەوە، پاشان ئەو بەڵگەنامەیە لە (اخبار العالم)ی پاکستانیدا ژمارە ٣٢، ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کراوەتەوە.

ئەسکەندەرخان، ژنی هێناوە و دوو کوڕ و دوو کچی هەیە و ئێستا (واتە کاتی نووسینی ژیاننامەکەی) بنکەیەکی بازرگانیی بارکردن و گواستنەوەی هەیە.

ئەسکەندەرخان دەڵێت:

منداڵ بووم، باوکم پێی وتم: کوڕم ئەوە بزانە کە تۆ کوردیت و بەلووچ نیت و لە هیچ گەلێکی تر نیت و، نیشتمانی تۆش پاکستان نییە، بەڵکو کوردستانە.

باوکم نەخوێندەوار بوو بەڵام لە سەرەتای لاویمدا ئەو ڕاستیانەی فێر کردم و بە کورد و کوردستانی ناشنا کردم.

لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی هەواڵی شۆڕشم بیست لە کوردستانی خواروو، بۆم ڕوون بۆوە کە لەوێ هەندێ شت و هەندێ ڕاستی هەن من نەمزانیوە. دوای ئەوە ئیتر شوێن هەواڵی کوردستان کەوتم و هیوام ئەوەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەناو ڕۆڵەکانی گەلەکەمدا خۆم ببینمەوە. لە ساڵی ١٩٨٩ ساڵی دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، لە پاکستان هەندێ لە برا کوردەکانمان ناسی و زیاتر بە زمان و کەلەپوور و بەرپسی کۆمەڵایەتی کورد ناشنا بووم و بە باشی بوم دەرکەوت ئێمە گەلێکی سەربەخۆ و جیاوازین لە گەلانی تر، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە پاکستاندا بە درێژایی مێژوو لەناو کۆمەڵگای پاکستاندا تواوینەوە، زمان و هەموو نەریت و کەلەپوورێکی خۆمان بیر چۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر کوردین و دڵمان لای گەلی کوردمانە.

جگە لە لیاقەت خان و میر عەبدولڕەحمان خان و میر عەبدولعەزیز و میرمحەمەدخانی کۆڕی و میر ئەحمەد خان و ئەو ناوانەی کە باسمان لێوە کرد، چەندەها کەسایەتی ناوداری دیکەی وەك حاجی ئیسماعیل خان کە زاوای سەردار دینار خانە و (عبدالصمد) خانی کورد کە خزمێکی نزیکی سەردارخانن، ئەمانە و هەروەها لە سەردەمی حوکمداڕێتی ئەیوب خاندا وەزیری پەروەردە کورد بووە، دوکتۆر عەبدولحەکیم کوردیش لە سەردەمی زوڵفەقار عەلی بۆتۆدا وەزیری تەندروستی بووە، تا ئێستاش یەکێکە لە پیاوە ناسراوە دیارەکانی ئەو سکرتێری یەکێك لە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی (ئۆپۆزیسیۆن)ی پاکستانە. جەماوەرێکی زۆر کورد و بەلووچەکانی لەگەڵدایە و حیزبەکەش بە ناوی (pso). جگە لەم پارتەی دوکتۆر عەبدولحەکیم و حیزبە کوردەکانی تر،

خەڵکانێکی زۆریش لە کورد لە دەوری حیزبە سیاسییە کانی دیکە کۆ بوونەوە و کار دەکەن، بەتایبەت حیزبەکەی بەنازیر بۆتۆ بە ناوی (ppp)ی پارتی گەلی پاکستان.

● **پەیوەندیی نێوان کورد و بەلووچ لە پاکستاندا**

پەیوەندیی نێوان کوردی بەلوچستان لەگەڵ گەلانی پاکستان زۆر باشە و تا ڕادەیەکی وەها لە بازاڕ و شارەکاندا هیچ جیاوازییەکی دیار و زەق لەنێوان کورد و بەلووچدا بەدی ناکرێت. هەست بەوە ناکرێت کە ئەمە دوو گەلی جیاوازن و لە مەڵبەندێکدا کۆ بوونەتەوە. هۆیەکەی گونجاندنە لە هەموو ڕوویەکی مەزهەبی و چینایەتی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر یەکتر.

لیاقەت خان دەربارەی کوردی ئەوێ و گەلانی تری پاکستان دەڵێت: پەیوەندیمان لەگەڵ گەلانی پاکستان باشە، بەتایبەتی لەگەڵ گەلی بەلووچدا چوونکە هەردوو لامان هاودەردین و تاکو ئێستا لەسەر نەخشەی زەویدا وڵاتێك نییە بەناوی بەلووچستان یاخودا کوردستان.

ئەسکەندەرخانیش لەم پێوەندییەدا دەڵێ: جۆری پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ گەلی بەلووچدا زۆر باشە و هاوکاریمان لە نێواندا هەیە، لەگەڵ زۆر لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا ین و هەڵوێستی هاوبەشمان هەیە.

هەروەها ئەسکەندەرخان کوردی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراو و بەتایبەت لایەنە سیاسییەکان دەڵێت: «پێمان خۆشە کە هاوکاریی گەلی کورد بکەین لە هەر گۆشەیەکی کوردستاندا بن، دەشیان ناسین بەتایبەت حیزبە کوردستانییەکان، ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕایان، بەتایبەتی هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزبانە دەکەین کە بە دڵسۆزییەوە بەرگری لە مافی نەتەوایەتی

گەلی کورد دەکەن.»

هەروەها هەڵسوکەوتی کوردەکانی پاکستان لەگەڵ کوردە پەنابەرەکان (ئەو پەنابەرە کوردانەی لە ساڵانی ۱۹۸۸ و ۱۹۸۹ لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتبوونە پاکستان) زۆر باش و بەهێز بوو و لە هەموو بۆنە خۆش و ناخۆشەکان بەشداریان لەگەڵ دەکردن. لە یادی هەڵەبجەدا هەموو ئاوارە کوردەکان یادی ئەو رۆژەیان دەکردەوە و بانگهێشتی کوردە پاکستانیەکان دەکرا... لەبەر زۆر هۆکاریش پەنابەرەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا کوردەکانی ئەوێ بکەن بە دۆست و هاوڕێی خۆیان. چەند ئاسراوێك لەوان بۆ خۆیان پەیدا بکەن بۆ سوودوەرگرتن و ڕێنمایی کاتی تەنگانە..

.. سەرەڕای ئەوەش ناساندنیان بە بارەگای (un) لە کوەیتە و خەڵکانی دیکەی بەدەسەڵاتی وڵات.. تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کوردە پەنابەرەکان و ئەوان پێکەوە ڕاو و گەشتوگوزار بکەن و بچنە سەیران، بۆ کات بردنەسەر بە خۆشگوزەرانی...

● **زمانی ناخافتن و خوێندن و، ڕادەی ڕۆشنبیریی و خوێندەواری**

بڕۆهی یان براوی زمانێکی تایبەتی کوردانی بەلووچە کە تەنها خۆیان قسەی پێدەکەن. ئەم زمانە زۆر جیاوازە لە زاراوەکانی کوردی ج کرمانجی ژوورو یان خوارووو و یان گۆران و لوڕی . گەر کوردێکی عێراقی بیەوێت لەگەڵ کوردێکی بەلوچستانی قسە بکەن بۆ ئەوەی لێك نزیك ببنەوە وا باشە بە فارسی قسە بکەن تا لێك تێبگەن. کوردێکی بەلووچی بە ئاسانی لە سۆرانی یان بادینانی یان هەورامی تێناگات یان بەپێچەوانەوە...

لیاقەت دەڵێت: ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین پێی دەڵێن بڕۆهی یان براوی، کە بەتەنها ئێمەی کورد قسەی پێدەکەین، بەڵام بەداخەوە خوێندن و نووسین بەم زمانە نییە.

زمانی (ئۆردوویی) زمانی ڕەسمی خوێندن و نووسینە، ئەوەش وایکردووە وردەوردە ئەم زمانە بەرەو پەراوێز بڕوات و بایەخی ئەوتۆی نەمێنێت. زمانی ڕەسمیی هەموو پاکستان بە کوردیشەوە، بە ئۆردوویی دەخوێنن، ئەمە زمانی ڕەسمی دەوڵەتە تەنیا بەو زمانەش لە یەکتر دەگەن، چونکە پاکستان خاکێکی فراوانی هەیە و ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و چەندەها نەتەوەی گەورە و بچووکی تێدا دەژین. هەر ویلایەتەی زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بەلوچستانیش کە پایتەختەکەی شاری کوەیتەیە، یەکێکە لە ویلایەتە گەورەکان، ئەم میللەتەش لەڕێی زمانی خوێندنیانەوە کە ئۆردویی یە دەتوانن لە زمانی هەرێمەکانی وەک لاهوور، سەند، پیشاوەر و ئازادکشمیر تێبگەن.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی ئەم کوردانە ئێستا زمانی کوردی (براهۆیی) خۆیان لەبیر چۆتەوە و بە زمانی بەلووچی و ئۆردویی داخێون، بەڵام لە ناسنامە و بەڵگەنامە ڕەسمییەکان و پاسپۆرتەکانیاندا وشەی «کورد» وەکو شۆرەت و ناوبانگ بەکار دێنن. هەروەها لەسەر دامودەزگا بازرگانیی و زانستییەکانیش وشەی کورد بە شانازییەوە بەکار دێنن...

دەتوانین ڕادەی ڕۆشنبیریی و خوێندەواری لەناو کوردەکانی بەلووچستاندا بکەین بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ڕێژەی زۆری دانیشتوانن کە لە هەموو بارێکی ژیانەوە دواکەوتوون. ئەنجام و هۆکەشنی نەبوونیی و کەم دەستییە. ئەمە ئەو جۆرە کەسانەن کە لە گوندەکاندا دەژین و خەریکی بەرهەم هێنانن لەسەر زەوی و زاری دەوڵەمەند و سەوڵ هۆزەکان، کە ڕێژەیەکی کەمیان خوێندەوارن. تا بە زگێك تێرن بە دە برسین. نزیکەی ۵٪یان خوێندەوارن. جگە لە گوندەکان، شاری کوەیتەش لەم هەژار و نەخوێندەوارانەی لێیە.

بەشی دووەم: ڕێژەی کەمی دانیشتووە کوردەکانن و زۆربەیان لە شارەکاندا دەژین و هەموو جۆرە پێداویستی و کەرەستەیەکی ژیان بە پوختەیی و ئامادەکراوی لەبەردەستیاندا ئامادە کراوە بەبۆنەی ئەو ڕێژە زۆرە بێدەرەتانەی کە بەیانی تا ئێوارە ڕەنج دەدەن بۆ ئەم دەوڵەمەندانە، دەتوانین بڵێین ١٠٠٪ خوێندەوارن.

دەربارەی ڕێژەی خوێندەواری لەناو کوردەکانی پاکستاندا لیاقەت خان دەڵێت:

«بۆ ئەم ڕێژەی خوێندەوارییە ناتوانم ژمارەیەکی دروست بڵێم، بەڵام پێم وایە ڕێژەی خوێندەواری بەگشتی لە شاران لە ٢٥٪ نیپەڕ ناکات. کە بەداخەوە نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەیە لەناوماندا».

ئەسکەندەرخان دەڵێت: لەبەر ئەوەی زۆربەی کوردەکان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و بازرگانییەوە خەریکن، نەیانپەرژاوەتە سەر خوێندن، لەگەڵ ئەوەشدا قوتابخانەمان کەمە، بەڵام ڕێژەی خوێندەواری کورد لە بەلووچ فرەترە.

● **دابونەریتی کوردەکانی پاکستان**

کوردی خەڵکی ئەو وڵاتە زۆر باش و بەدەسەڵاتن. نموونە خێڵی سەردار دینارخان کوردی دەچنەوەسەر براخۆییەکانی ئەوێ، خاوەنی پلەوپایەکی باشن لەناو دەوڵەتدا و باری کۆمەڵایەتییان زۆر گونجاو و باشە، جگە لەوەی دەسەڵاتدارن زۆر بەدەرماڵ و بەئەمەگ و، بەبەزەیی و دڵنەرمن. حەز لە چەکداریش دەکەن و بەزۆری بە سەیران و ڕاودا چەك بەکار دێنن، پێویستە ئەوەش بزانین کە کوردە دەوڵەمەندەکان لە کوێتەدا هێندەی لێپرسراوانی لای خۆمان لە شوێنی خۆیاندا بەدەسەڵاتن. زۆریان لە ئاغا و شێخەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی لای خۆمان دەچن، لە ڕاوێژ و وتوێژدا لێزانن، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو دەسەڵاتەوە ئاژاوەگێڕ و شەڕەنگێز نین.

چونکە هەر لادانێك لە یاسا و نەریتیش دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئاسانبوونی لەدەستدانی سەرۆك خێڵی و دەسەڵاتیان، هەر ئەمانە زۆرجار یارمەتی و دالّدەی ئاوارە و پەناهەندە دەدەن چ لەڕووی مادییەوە و چ لەڕووی جێبەجێکردنی کاروباری دەوڵەت، هیچ ئەندامێکی ئەم هۆزە کوردانە بەبێ مۆڵەتی یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی خۆیان ناتوانن هیچ جۆرە ڕەفتارێکی نەگونجاو و نەشیاو لەگەڵ دابونەریت بنوێنن یان لادانێك لە یاسا لە ئەستۆی سەرۆك هۆ بۆ پاساودان یان ڕاستکردنەوە، هەر بۆیە ئەوانەی لە لادێکاندا دەژین لەبەر ئەوەی زیانیان بەندە بە زەوی و ناژەڵیانەوە، خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو ئەم مولّکانەش سەرۆك هۆزەکانن، هەر لەبەر ئەمانە وادەخوازێت جوتیارەکان پابەند بن بەم نەریتانەوە. ئەمە لەڕووی عەشایریەوە، بەڵام لەبەر سیاسییەوە، هەر کەسە ئازادە لە دیاریکردنی حزبی خۆی بە تاك یان کۆمەڵ. ئەمانەش زیاتر لە شارەکاندا بەتایبەت شاری کووەیتە.

دابونەریتی کوردەکان و بەلووچەکان وەها تێکەڵ بووە بەهیچ شێوەیەك لەیەکتر جیا ناکرێتەوە و زۆریش نزیکە لە دابونەریتی کۆنی کوردەواری خۆمان لەڕووی میوانداری و ڕێزگرتن لە لێقەوماوان و دالّدەدان و نان بدەیی و بەدەرمالّی، یان پیاوەتی کردن و حەزکردن لە تفەنگ و زۆر شتی دیکە کە وایان لێ تێدەگەین کە عەشائیری کۆنی خۆمانن و هیچ جیاوازیەك بەدی ناکەین.

یەکێك لە دابونەریتە تەرك نەکراوەکان کە بەلووچیش هەمان خوی پێوە گرتووە و پاراستوویەتی (خەنەبەندان)ـە لە ژن هێنان و شایی و کچ بەشوودان، ئەمە دەستوورێك بوو لە کوردەواری کۆندا، هەندێ شیرینی و قاپێکی بچووك خەنەی گیراوە دەدرا بە بەشدارانی ئەو زەماوەندە و شیرینیەکە دەخۆن و بە خەنەکەش خەنەبەندان دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی لە شاییدا لەلای ئەوان ئێستاش هەر باویەتی چ لای کورد و چ لای بەلووچ... یان لە شاییدا تەقەیەکی

زۆر دەکەن بە ئاسماندا.

نەریتێك کە زۆر بە پاشکاوی و زەقی هەستی پێدەکەیت، ئەوەیە هەتا زۆر تێکەڵیان بیت یا کەم، هەر تاك بۆ تاك دەتوانیت بیاناسیت بە کورتی، خانووەکانیان وا هەڵکەوتووە ژووری میوان دەرگای تایبەتی هەیە لەسەر کۆڵان، دەرگایەکی تری هەیە لەسەر حەوشەی ماڵەوە، ئەم دەرگای سەر حەوشەیە تەنها خاوەن ماڵ هاتووچۆی لێوە دەکات بۆ ناو ژووری میوان و حەوشە و خزمەتکردن. بۆ هێنانی پێویستی میوانە چ خواردن یا جێگەوبان.. گەر کەسێك بیەوێت بچێتە میوانداریی کوردێکی بەلوچی تەنها ئەو ژووڕە دەبینێت ئیتر پَویست ناکات میوان ئەندامی تری ئەو خێزانە ببینێت، بەتایبەت ژن یا کچیان! هەر بۆیە لەم ژووڕەدا شوێنی دەست شۆر و دەست بەئاو گەیاندن هەیە.

● **ئایین و مەزهەب**

تێکڕای کوردەکانی بەلووچستان ئیسلامن لەسەر مەزهەبی حەنەفین، هەستی ئایینی و بڕوای تەواویان نێجگار بەهێزە بە ئایین و مەزهەبی خۆیان و هەروەها بەلووچەکانیش بەهەمان شێوە هەندێك لەو دابونەریتانە تێکەڵ بە ژیانیان بووە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی مەزهەبەکە.

مێژووی بەئیسلامبوونی ئەم هەرێمە لە ساڵی ۷۱۱ی زایینی دەست پێدەکات لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی قاسم پاش شەڕ و بەرەنگارییەکی زۆر کۆنترین کۆمەڵگەی بەشەریی ئەم هەرێمی بەلوچستانە کە براخوێیە، ئیسلامیان پەسەند کرد، لەگەڵ برا بەلووچەکانیاندا، بەڵام لەڕووی ئیداریەوە پەیوەست بوون بە ویلایەتی سەندەوە، هەتا سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمەوی و عەباسی، بەڵام لە سەدەی یازدەهەم بەدواوە نیمچە سەربەخۆییەك و پاشان بوونە بەشێك لە ئیمپراتۆریی مەغۆل و هەر لەسەر دینی خۆیان کە ئیسلامە، بەردەوام بوون هەتا ئێستا... [۷]

سەرچاوەکان:

١. ویکیپیدیای فارسی
٢. شالیان، ژێرار، تراژیدیای کورد، وەرگێرانی: وریا رەحمانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، هەولێر، ل ٢٢٠.
٣. سەجادی، علاالدین، میژووی ئەدەبی کوردی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، ١٣٩١، سنە، ل ٨٦.
٤. زەکی، محەمەد ئەمین، خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، سلێمانی، ل٣١ و ٢٧١ ـ ٢٧١.
٥. هەڵەبجەیی، بەختیار غفوور، کوردەکانی پاکستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠٠٤، هەڵەبجەی شەهید، ل٤.
٦. قاسملوو، عبدالرحمن، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زاده، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦. ل ٢٤.
٧. هەڵەبجەیی، بەختیار غفوور، کوردەکانی پاکستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، ٢٠٠٤، هەڵەبجەی شەهید.

بەشی دووەم ۲

کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

٥. باسی پێنجەم

کوردەکانی ئیسرائیل

- چەند زانیارییەك لەسەر وڵاتی ئیسرائیل
- هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان
- سەردەم و هۆکارەکانی کۆچکردن و گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل
- شوێنی ژیانی پێشویان (پێش کۆچکردنیان)
- ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردە جووەکان لە کوردستان
- شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان لە ئیسرائیل
- ژمارەی کورد لە ئیسرائیل
- ژیانی کوردە جووەکان لە ئیسرائیل
- زمان و دابەنەریتی کوردەکانی ئیسرائیل
- گەشتێك بۆ گوندە کوردنشینەکانی ئیسرائیل
- سەرچاوەکان

● **چەند زانیارییەک لەسەر وڵاتی ئیسرائیل**

ئیسرائیل وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە لەگەڵ لوبنان، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ سووریە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئۆردن و لە باشووری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ میسر سنووری وشکانیی هەیە. لەگەڵ ئەوەی ڕووبەرەکەی ٢٢,١٤٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. بەڵام خاوەنی تایبەتمەندیگەلی جوگرافیایی فرەچەشنە.

پایتەختەکەی شاری تورشەلیمە و تل ئەفیف پێتەختی پیشووی ئەم وڵاتە هەروا ناوەندیی دارایی ئیسرائیل و شوێنی جێگیربوونی باڵوێزخانە بیانییەکانە. لە شەش پارێزگا (باکوور، حەیفا، ناوەند، تل ئەویو، ئورشەلیم و باشوور) پێک هاتووە. تەنیا وڵاتێکە لە دنیادا کە دەتوانین بڵێین هەموو یان بەشی هەرەزۆری جووەکەن. بەپێی بەراوردی ساڵی ٢٠١٣ی ڕێکخراوی ناوەندیی ئاماری ئیسرائیل، ئەم وڵاتە نزیکەی هەشت ملیۆن و پەنجاویەک هەزار کەسی حەشیمەت هەبووە کە ٦,٠٤٥,٩٠٠ کەس جووەکە و ١,٦٦٣,٤٠٠ کەسیان عەرەبی ئیسرائیلین. زۆربەی عەرەبە ئیسلامییەکان موسوڵمان و گرووپێکیش مەسیحی و دەروزین. مارۆنییەکان، سامرییەکان، ئەرمەنی و چەرکەسییەکان لە کەمایەتییە قەومییەکانی دیکەی نیشتەجێی ئەم وڵاتەن. عیبری و عەرەبی دوو زمانی فەرمی و سەرەکیی ئەم وڵاتەن و چەند زمانێکی تری وەک ئینگلیزی و ڕووسی و ...کەڵکیان پێدەکرێ.

وڵاتی کۆنی ئیسرائیل ناوچەیەکی حەیاتیی لە پاشایەتیی ئیسرائیل و پاشایەتیی یەهوودا بووە. بە شکڵگرتنی بزووتنەوەی سیاسیی سەهیۆنیزم (زایۆنیزم) لە ساڵی ١٨٩٧ی زایینی و ڕاگەیاندراوی بالفۆر لە ساڵی ١٩١٧ی زایینی، کۆمەڵی نەتەوەکان لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای

ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، سەرپەرشتیی فەلەستینی بە بریتانیا بەخشی بەو ئامانجە کە بەم کارە، بەربواری دڵخوازی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتی بۆ دامەزرانی ماڵی نەتەوەیی جوولەکەکان بە ئەستۆوە بگرێ و هەروەها بۆ پاراستنی مافە مەدەنی و ئایینییەکانی هەموو دانیشتووانی وڵاتی فەلەستین، بە لەبەرچاونەگرتنی نەژاد و ئایین، تێبکۆشێ.

لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٧ی زایینی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پلانی دابەشکردنی فەلەستینی بۆ دوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین و بەڕێوەبردنی شاری نورشەلیمی بە شێوەی نێونەتەوەیی پەسند کرد. ئەم پرۆژەیە هاوڕایی کاربەدەستانی سەهیۆنیستی لەگەڵدا بوو بەڵام دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچە، زوو ڕەتیان کردەوە. لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٤٧ هەتا ١٤ی مای ١٩٤٨ شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناوی لەنێوان چەکدارانی فەلەستینی و یەهوودی ڕووی دا. سەرەنجام لە ١٤ی مای ١٩٤٨ هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەپەرشتیی بریتانیا بەسەر فەلەستیندا، دەوڵەتی ئیسرائیل بە دەرکردنی بەیاننامەیەک سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، تەواوی دراوسێ عەرەبەکان هاوکات هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل کە شکستیان خوارد. لەدوای ئەمەوە، کۆمەڵێک تێکهەڵچوونی سەربازیی لەنێوان هێزەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب هاتنە کایەوە کە شەڕی ١٩٤٨، شەڕی ١٩٥٦، شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ و شەڕی «یوم کیپور» لە ١٩٧٣ لە گرنگترینی ئەو شەڕانە بوون.

ئیسرائیل ئەندامی فەرمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە ئێستادا پێوەندیی دیپلۆماتیکی لەگەل زیاتر لە ١٥٧ وڵاتی دنیا هەیە. ئەم وڵاتە شوێنە پیرۆزەکانی سێ ئایینی ئیبراهیمی واتە یەهوودییەت، مەسیحییەت و ئیسلام و هەروەها شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی بەهائی تێدا هەڵکەوتووە.

ئیسرائیل ولاتێکی گەشەسەندووبە و جۆری حکوومەتەکەی، کۆماریی پەرلەمانییە. ئەم ولاتە خاوەنی سیستەمی پەرلەمانی و مافی دەنگدانی گشتییە. لەم ولاتەدا، سەرۆك کۆمار پۆستێکی تەشریفاتییە و سەرۆك وەزیران وەك سەرۆکی دەولەت و کینسێت (پەرلەمانی ئیسرائیل) وەك لقی یاسادانەر کار دەکا. لە ئیسرائیلدا هەر حیزبێك کە مەوجوودییەتی دەولەتی یەهوود بە فەرمی بناسێ مافی چالاکیی سیاسی هەیە و هەر حیزبێك زیاتر لە نێوەی کینسێت بەدەستەوە بگرێ، کابینە پێك دێنێ و لە غەیری ئەمەدا بە هاوپەیمانیی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە کابینە پێك دەهێنری و سەرۆك وەزیر بە دەنگی زۆرینەوخوی خەڵك هەڵدەبژێردرێ. لە حیزبە سەرەکییەکانی ئیسرائیل دەتوانین ئاماژە بە حیزبی کرێکار، حیزبی لیکود، حیزبی میفداڵ، حیزبی ئاگودات ئیسرائیل، حیزبی شاس و حیزبی مێرتز و حیزبی کادیما بکەین. هەروەها ۳ حیزبی عەرەبییش چالاکیی دەکەن کە بەپێی رێژەی لایەنگرانیان، چەند نوێنەرێك بۆ کینسێت (پەرلەمان) دەنێرن. ..[1]

بێگومان چەند دێرێ زانیاری لەسەر ولاتێك زۆر کەمە بەڵام لێرەدا مەبەست تەنیا ئەوەیە خوێنەری خۆشەویست زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر ئەو ولاتە هەبێ کە بەشێك هاونیشتمانیانی لەوێ نیشتەجێن، ئەگینا لەسەر هەریەك لەو ولاتانەی کوردییان تێدا هەیە، دەکرێ بە دەیان کتێب و وتار بنووسرێ کە بەخۆشییەوە لەم سەردەمەی ئێمەشدا زانیاریی زۆر و هەمەلایەن لەسەر هەریەك لەم ولاتانە بەشێوەی جۆراوجۆر هەیە.

● هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان

سەبارەت بە کاتنی هاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە و نووسەران و مێژوونووسان هەر یەکێکیان بە چەشنێك باسیان کردووە

و مێژووی جۆراوجۆریشیان دیاری کردووە. هەوڵ دەدەین لەنێو گشت ئەم ڕا و بۆچوونە جیاوازانە ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەین کە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك نزیکن:

«بۆ ڕوونکردنەوەی کاتی هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان دابەشی دەکەین بۆ سێ سەردەم، بۆ ئەوەی شەپۆلەکانی هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان و عێراق جیا بکەینەوە: -

١-بەدیل هێنانی جوولەکە بۆ ئاشوور (٧٢١-٦٢٦ پ.ز)

٢-بەدیل هێنانی جوولەکە بۆ بابل (٥٩٧-٥٨٦ پ ز)

أ-قۆناغی یەکەم ب-قۆناغی دووەم

٣-دەست بەسەرکردنی جوولەکە لەلایەن ڕۆمانیەکان.

... زۆربەی مێژوونووسان دەڵێن ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (٨) و سەرەتای سەدەی (٧)ی پ.ز و، ئەم سەدەیەش هاوتایە لەگەڵ مێژووی بەدیل گرتنی جوولەکە و هێنانیان بۆ کوردستان.

بەڵام هێندێك سەرچاوەی تر باس دەکەن کە مێژووی هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٨)ی پ.ز . ئەم ماوەیەش ئاشوورییەکان فەمانڕەوایەتییان کردووە.

ئەوەی یارمەتی پاشاکانی ئاشووریدا بۆ دەست بەسەراگرتنیان، ئەو ناکۆکی و لێك جیابوونەوەیە بوو لە دەوڵەتی ئیسرائیل ڕوویدا... لەم کاتەدا شەلمانەسری ئاشووری (٨٥٩-٨٢٢ پ.ز) هەستایە هێرش کردنە سەر ئیسرائیل و توانی ٢٥ هەزار جوولەکەیان لێ بەدیل بگرێ و بیانهێنێ بۆ کوردستان.

دوای ئەویش سەرجۆنی دووەم (٧٢٢-٧٠٥) هێرشێکی کردە سەریان و ژمارەیەکی تری هێنا بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان. لەدوای ئەم هێرشەس

پاشا سەنحاریب (۷۰۵ ـ ۶۸۱ پ.ز) سەرکردایەتی هێرشێکی گەورە دەکات بۆ سەر مەملەکەتی (ئیسرائیل و یهوزا) توانی لەم هێرشەدا کۆتایی بە پاشانشینی ئیسرائیل بێنێ و ژمارەیەکی زۆریان لە هەردوو مەملەکەتی ئیسرائیل و یهوزا بەدیل بهێنن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ...

... سەبارەت بە شەپۆلی دووەمی هاتنی جوولەکە لەلایەن کلدانییەکان بوو لەدوای ڕووخانی ئاشوورییەکان بەدەست ئیمپراتۆرییەتی کلدانی لە ساڵی (۶۱۲ ـ ۶۱۰). لە ماوەیەکی کورتدا پاشا ئەبوخەدنەسر ساڵی (۶۰۵ ـ ۵۶۲) کە بەناوبانگترین پاشای کلدانی بوو دەسەلات وەردەگرێت. ئەبوخەدنەسر لە ماوەی دەسەڵاتیدا سەرکردایەتی دوو هێرش دەکات یەکەمیان لە ساڵی ۵۹۷پ.ز کە بە قۆناغی یەکەم دادەنرێت توانی هەموو جوولەکەکانی ئورشەلیم بە پیاوەگەورەکان و کەسایەتییە تاوانبارەکان و خاوەن پیشە و شارەزاکانی هێنا بۆ بابل. تەنانەت (یهویاکلین)ی پاشایانی بەدیل هێنا بۆ بابل و هەموو ئەو خەڵکەی مابوونەوە سەرانەیان لێ وەردەگرتن بەڵام پاش ماوەیەک هەڵدەگەڕێنەوە ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی (ئەبو خڕ نسر/ئەبوخەدنەسر) بۆیە لە ساڵی (۵۸۶ پ.ز) سەرکردایەتی هێزێك دەکات بۆ سەر مەملەکەتی یهوزا و توانی بە تەواوی دەست بەسەر ئەم پاشانشینەدا بگرێت. کۆتایی بە دەسەڵاتیان بهێنێت وشاری ئورشەلیم بڕووخێنێت و دەست بکات بە کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی شارەکە و زۆربەی دانیشتووانی هێنا بۆ بابل کە نزیکەی (۵۰) هەزار کەس دەبوون.

... سێیەم شەپۆلی کۆچکردنی جوولەکەکان بەدەست ڕۆمەکان، کاتێك لە ساڵی ۵۳۹ی پ.ز ئیمپراتۆریەتی بابل بەدەستی پاشای فارس (کورشی یەکەم) کۆتایی هات. لە ساڵی داهاتوو کورش هەستا بە هێنانی ژنێکی جوولەکە ئیتر کورش ڕێگای دا بەوان واتە جوولەکەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان یان لە

عێراقدا بمێننەوە، بە سەربەستی و سەربەخۆیی وەکو حوکمی زاتی.

دیارە ئەم یارمەتیدانەی کورش بۆ جوولەکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یارمەتی و هاوکارییەی کە جوولەکەکان دایان لەگەڵ کورش بۆ گرتنی بابل. لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی خێزانی کورش کە جوولەکە بوو.

لەو کاتەی کە ژمارەیەکی زۆر گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، لەم کاتەدا ڕۆمەکان بەسەرکردایەتی (تیتۆ) هەستان بە داگیرکردنی فەلەستین، لەم کاتەشدا ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان هەڵهاتن بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەخمینەکان چونکە ناوچەیەکی بێترس بوو ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە میرنشینی حدیاب، کە پایتەختەکەی شاری هەولێر بوو، هەستا بە پەنادانی جوولەکەکان کە هەڵهاتبوون لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکان چونکە ئەم میرنشینە پاشاکەی جوولەکە بوو. ئەمەش شەپۆلی سێیەمی هاتنی جوولەکە بوو بۆ کوردستان.[٢]

جووەکان لە تاراوگەدا زێتر خەریکی پاراستن و قایم کردنی کۆمەڵەکەی خۆیان بوون نەك بڵاوکردنەوەی ئایین و دۆگماکانیان لەناو میللەتانی نەوێدا ئەوەش ڕەنگە لەبەر دوو هۆ، یەکەم: ئایینەکەیان نەتەوەیی «ئێتنیکی» بوو و مرۆی جوو دەبوایە لە دایك و باوکەوە جوو بێت. دووەم: جووەکان لەم بارەدا نەبوون نە لەلایانی ژمارە و هێزیانەوە و ڕەنگە لەڕووی دۆگما و لۆژیکی ئایینیانەوە، کە ململانێ و زۆرانبازیی لەگەڵ کۆمەڵە ئایینیەکانی تردا بکەن ـ زەردەشتی، مەسیحی و دواتر موسوڵمانەکان ـ جا بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئەمان پاراستنی «پاکی و خاوێنی»ی ئایین و ڕەگەزەکەیان بوو. مەزەبناسی عەرەبی سەدەی یازدە (الشهرستانی) بەم بۆنەیەوە نووسیویەتی: «پڕوپاگەندەی بەنوئیسرائیل لە سووریا و مەغریب بەهێز و لە وڵاتی فارسدا لاواز بوو.»

جووەکان وەکو کەمینەیەکی ئایینی، بە شێوەی گرووپی بچووك بچووك لەم ناوچانەدا و لە هەمان کاتدا لە کوردستانیش نیشتەجێ بوونەوون و لەگەڵ

ژێردەستی و گۆشەگیری و باری سەختیشیاندا گوزەرانیان دەکرد. دوای هاتنی ئایینی ئیسلامیش جووەکان نەك هەرلە شوێنەکانی خۆیاندا مانەوە، بەڵکوو لە دەوری عەبباسیدا جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیشیان پێدرا.

هەموو ئەوەی دەربارەی ڕەوشی جووەکان لە ئاسیای بچووك و ئێران و نێوان دوو زێ دا گوترا، ئەمانەی کوردستانیش دەگرێتەوە بە ــ حسێب کوردستان هەمیشە لە قەوارەی ئەم وڵاتانەدا بووە ـ کەواتە لە ناوچە و شارەکانی ئەوێشدا گرووپی ئایینی ـ ئێتنیکیی جووەکان هەبوون و لە هەندێ شوێنیدا ئێستاش هەر ماون. کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٨ دامەزرا نزیکەی هەموو جووەکانی کوردستان، بەشێکی کەمیان نەبێ، بۆ ئەوێ کۆچیان کرد یان ڕاونران»...[٣]

جووەکان بە گشتی بە زمانی کوردی باش دەدوان. لەناو خۆشیاندا بۆ نوێژ و دوعا و بەڕێوەبردنی سەریمۆنیای ئایینی زمانی «ئارامی»یان بەکار دەبرد... لەگەڵ گۆشەگیری و دوورەپەرێزیشیاندا بای ئەوەندە تێکەڵ بە کوردەواری بووبوون کە بکەونە ژێر کارتێکردنی هەندێ لایەنی کولتووری گیانی و مەتریاڵیی کوردانەوە، ناوی کورد پێیانەوە نووساوە و خۆیان بە کورد دەزانن ـ ئێستاش لە ئیسرائیل کە لە جووێکی کوردستانی دەپرسن دەڵێ «من کوردم» و ناوی «ئەنا کوردی» بۆیان وەکو بڵێی بووە بە ئێتنۆنیم، هەروەها لە جلوبەرگ و خواردن و هونەر و ژیانی ڕۆژانەیاندا شەقڵ و سیما و مۆرکی کوردانەیان پێوە دیارە.[٤]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە باسی هۆکار و سەردەمی هاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان کراوە:

«میژوی بڵاوبونەوەی ئایینی جولەکە لە کوردوستان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا کاتێك ئاشوریەکان لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا کۆمەڵێگ دیلی جەنگی جولەکەیان لە ناوچەکانی کوردوستانی خواروی ئێستا نیشتەجێ کرد. میللەتی کورد دیارە ئەم کاتەش وەکو ئێستا دل فراوان بوە هەرێوێە ئەم

دیلە جولەکانە توانیان لە ماوەیەکی کورتدا تێکەلی کۆمەلگای کوردی ببن جگە لەوەش کەوا کوردەکان خۆیان کێشەیان هەبوو لەگەل ئاشوورییەکان. دیلە جولەکەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە وە بەپێی ڕێنمایی ڕێبەرە ئایینییەکانیان دەستیان بە هەوڵدان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی جولەکە لە کوردوستان بەڵام سەرکەوتنەکانیان زۆر سنورداربون تاکو سەدەی یەکی پێش زایین کەوا توانیان شا ئازادی شانشینی ئادیابان (حدیاب)ی کوردی کە پایتەختەکەی هەولێر بوو، بۆ ئایینی جولەکە وەرگێڕن. جا لەم سەردەمانەدا خەڵك دەچونە سەر ئایینی سەرکردەکانیان بویە بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی شانشینی ئادیابان ئایینی جولەکەیان وەرگرت. پەیوەندییەکانی شانشینی ئادیابان بە شانشینی جولەکەکان لە قودس پەیوەندییەکی بە هێز بووە شا ئازاد کوڕ و براکەی خۆی یەزدان و مۆنۆباز ی نارده قودس بۆ خوێندن. ئەم پەیوەندییانە پەرەیان سەند تاکو لایەنی سەربازی و ئابوورییشیان گرتەوە بە تایبەتی کە لە سالانی ٦٨-٦٧ پێش زایین ڕۆمەکان گەمارۆی قودسیاندا شا مۆنوباز کەوا دەسەڵاتی لە براکەیەوە بۆ مابوەوە لە شکرێك و یارمەتی نارد بۆ قودس بۆ ڕزگارکردنی جولەکەکان. لە ڕاستیشدا ئەمە تەنها یارمەتییەك بو کەوا جولەکەکان لە دەرەوە بۆیان هات...

شانشینی ئادیابان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئایینی جولەکە مایەوە تاکو سەدەی ٤-٥ زایین ئەو کاتە بە شێك لە کوردە جولەکەکان ئایینی مەسیحیەتیان وەرگرت. کوردوستان بەم شێوەیە مایەوە واتە، جولەکە، مەسیحی، یەزیدی تاکو هاتنی ئایینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا بۆ کوردوستان. لە گەل هاتنی ئیسلام زۆرینەی کوردە مەسیحیەکان بونە ئیسلام بەڵام ژمارەیەکی کەمیان لە سەر ئایینی مەسیحی مانەوە. ئەم کوردە مەسیحیانە ئێستا ژمارەیەکی کەمیان لە کوردوستان ماوە بە تایبەتی لە گوندی هەرمۆتە وە ئەمانە جیان لە

ئاشـوری و کلدانـی یـەکان کـەوا دوو میللەتـی سـەربەخۆن وە مەسیحیشـن.

جولەکە کوردەکان لە گەل هاتنی ئیسلام بونە سێ بەش: بەشی یەکەمیان بە تەواوەتی ئایینی ئیسلامی وەرگرت وە ئەمانە زۆرینەن، بەشی دووەمی هەروەکو کورد لە سەر ئایینی جولەکە مایەوە وە ئەمانە ئێستاش تاکە تاك لە کوردوستان ماون وە نزیکەی ۲۰۰۰۰۰ یان ئێستا لە ئیسرائیل دەژین وە تا ئێستاش هەروەکو کوردی ئاری سەیر دەکرێن وە جیاوازیان بەرامبەر دەکرێت. ئەو جولەکانەی ئیسرائیل دەزانن کەوا بە رەچەلەك کوردن، ئایینی جولەکەیان وەرگرتوە و بۆیە جیا لە جولەکە بە ئەسل سامییەکان لە گەرەکی تایبەت بە خۆیان دەژین و کولتور و دەستوری کوردی لە خەنەوەو بگرە تا دەهۆڵ و زورنا لە ناویان بەربڵاوە، بەشی سێیەمیان رێگایەکی تری گرتە بەر ئەمیش بە سەرزارەکی بون بە ئیسلام تاکو خۆیان لە دەست چەوساندنەوە رزگار بکەن بەڵام لە ناخەوە واتە بە نهێنی لە سەر ئایینی جولەکە مانەوە. ئەمانە ژمارەیان زۆر کەمە و پەیوەندییەکانی خۆیان لە ناوخۆیاندا بەوپەری نهێنی دەپارێزن. لە ساڵانی ۹۰ کان بەشێکیان ئایینی خۆیان دیسان ئاشکرا کردەوە وە کۆچیان کردەوە بۆ ئیسرائیل. دەبێ ئاماژە بۆ ئەمە بکرێ کەوا ئەم گروپەش کوردن و شانازی بە رەچەڵەکی کوردی خۆیان دەکەن بەڵام بە ئایین جولەکەن هەروەکو چۆن کوردی ئیسلام و یەزیدی و مەسیحی هەیە ئاواش کوردی جولەکە هەیە کەوا بە ڕوخسار لە هیچ کوردێکی تر جیا ناکرێنەوە بە پێچەوانەی جولەکە بە ئەسل سامییەکان.

...ئەم گروپە هەتا ئەگەر بە ئاشکراش لە سەر ئایینی جولەکە بمابایەوە لە کوردوستان توشی گیروگرفتێکی وا نەدەبون چونکە جولەکەکان لە هەمو مێژوی بونیان لە کوردوستان توشی ڕاوەدونان و چەوساندنەوە نەبونەتەوە وەکو ئەورپا و شوێنی تر هەر بۆیەشە ژیانی ڕەوشەنبیری جولەکە لە کوردوستان توانیبووی بەم جۆرە پەرە بستێنێ لە کوردستان. بۆ نمونە ئەم کوردانەی کەوا لە سەر ئایینی جولەکە مانەوە پاش هاتنی ئیسلامیش توانیان زۆر بە ئازادانە ئایینەکەی خۆیان

پەروەردە بکەن وە زانای زۆر بە ناوبانگیان لە کوردوستان لێ هەڵکەوت لەمانە زانایەکی ئافرەت کەوا لە مێژوی هەمو جولەکەی سەفاردیم واتە جولەکەکانی ڕۆژهەلات تەنها ئافرەت بوە کەوا بتوانێ ببێتە ڕابی ئەمیش ئایشەناش بارزانی بوە کچی گەورەڕابی جولەکە کوردەکان ساموێل بارزانی. ئەم ئافرەتە زانایە نەك هەر زانایەکی ئایینی بوە بەڵکو کتابێکیشی نوسیوە لە سەر پەندی کوردی وە دەها قوتابخانەو هەڵقەی فێربونی کردۆتەوە لە کوردوستان. پرۆفیسۆری بە ڕەچەلك کورد یۆنا سابیر لە زانکۆی عیبری لە قودس دەڵێت کەوا ئەم بنەماڵەیە تەنها لە بەر ئەم هۆیە بە بارزانی ناو دەبرێن چونکە لە ناوچەی بارزان ژیاون بەڵام هیچ پەیوندییەکی تیرەییان لە گەڵ عەشیرەتێکی تری لە ژێر ئەم ناوە لە کوردوستان نیە. نەوەکانی ئایشەناش بارزانی تا ساڵی پەنجاکان هەمویان کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل بەڵام لەوێش کوردایەتی خۆیان هەر پاراست و کەسایەتی بە ناوبانگیان لە ئیسرائیل لێ دەرچوە لەوانە گەورە ئەفسەرانی پێشوی ئیسرائیلی مۆشێ بارزانی کەوا لە تەنیشت گۆڕی میناحیم بێگن سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئیسرائیل لە سەر گردی زەیتون لە قودس نێژراوە. بە پێی گۆڤاری ئیسرائیل ئینڤێستمێنت نیوس یەکێك لە خێزانە سەرمایەدارە گەورەکانی ئیسرائیلی سەر بەم بنەماڵەن و لە ساڵی ١٩٩٣ وە گروپی ;Shamrock Group Real Estate عەقاریان داناوە وە گۆڤارەکە بە خێزانی بارزانی ناویان دەبات (Volume IV, NO٤ ،٢٠٠٠ ،Israel Investment News). ئەم کورتە مێژوییە دەتوانێ بیسەلمێنێ کەوا جولەکەکانی کوردوستان و جولەکەکانی ئیسرائیلیش بە ڕەگەز کوردی ئارین تەنها ئایینی جولەکەیان وەرگرتوە. زانکۆی عیبری لە قودس تاقیکرنەوەیەکی زانستی کردوە لە سەر جینی وراسی جولەکەکانی سیفاردیم وە میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دەرئەنجامەکان بە دیاریان خستوە کەوا جولەکەکانی سیفاردیم بە جینی وراسی لە گەڵ کوردەکانی

کوردوستانی عێراق هیچ جیاوازیەکیان نییە و جینەکانیان لە کوردەکان نزیکترن لەوەی لە جولەکەکانی ئەشکەناز واتە جولەکەکانی ئەوروپا. کەواتە ئەگەر وابێ دەبێ ئەسڵی جولەکەکانی سیفاردیم کورد بن نەك ئەسلی کورد جولەکە بن چونکە مێژو دیاری دەخا کەوا جولەکەکان بە دیلی هێنراون بۆ لای ئێمە و زۆر لە کوردەکان ئایینی جولەکەیان وەرگرتوە لە بەر ئەوەی ئێمە میللەتێکی ئارین و جولەکەکان میللەتێکی سامین و دەبێ جینیان زیاتر لە عەرەبەکان و ئەسیوپیەکان نزیك بێت نەك لە کورد.(٥)

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە باس لە هاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان دەکرێ:

لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەمی پاشای ئاشووریەکان، لەنێوان ساڵانی (٨٥٩ ـ ٨٢٤ پ.ز) هێرشی کردە سەر پاشانشینی (یهودا) دەوڵەتەکەی تێکشکاند و میرێکی سەربەخۆی دانا و زۆربەی خەڵکەکەی گواستەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، کوردستانیش یەکێك لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکاندا بوو، ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت بوو. بەجێهێشتنی ئاسان نەبوو. لەدوای ئەو (بلاشر) سێیەمی ئاشوریەکان لە ساڵی (٧٤٥ پ.ز) هێرشی کردە سەر پاشانشینی ئیسرائیل و داگیری کرد و زۆربەی خەڵکەکەی گواستەوە بۆ کوردستان.

دوای ئەوانیش کۆمەڵێك پاشای ئاشووری هاتن، لەوانیش (سەرجۆن) ی دووەم و (سەنحاریب) بوون، ئەوانیش هەمان سیاسەتی بڵاوەپێکردنی جولەکەکانیان گرتەبەر بۆ ئەوەی ئەو شوێنە کە بە موقەدەساتی خۆیانیان دەزانی، چۆڵ بێت لە دوژمنی سەرسەختی خۆیان کە جوولەکەکان بوون.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب (٦٣٦ ـ ٦٤٤ز) هیچ دەسەڵاتێکیان نەما. ئیسلامە عەرەبەکانیش دەستیان کرد بە دەرکردنی جوولەکە لە ئیسرائیل

و زۆریشیان بە دیل گرتن و ڕەوانەی سوریا و وڵاتی میزۆپۆتامیا (کوردستان)یان کردن. بەمەش بەشی سێیەمی ڕاگواستنی جوولەکەکان بۆ کوردستان کۆتایی پێهات. خەونی گەڕانەوەی جوولەکانیان زڕاند و بوون بە میللەتێکی ئاوارە و چەندین سەدە بەم شێوەیە مانەوە.[٦]

هەروەها لە کتێبی «جوولەکەکانی کوردستان» یشدا بەم شێوەیە باس لە سەردەمی هاتنی جوولەکەکان بۆ عێراق و کوردستان کراوە:

«ئەو جوولەکانەی کەوتبوونە وڵاتی عێراق و کوردستانەوە، بەزۆری پاشماوەی ئەو جوولەکە دەسبەسەرانە بوون کە لە قۆناغی یەکەمدا ئاشوورییەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا لە فەلەستینەوە هێنابوونیانە چیاکانی کوردستان و شەپۆلی دووەمیان ئەوانە بوون کە بە دوو کاتی جیاواز لەلایەن شای کلدانی (بابل)ی (نبوخز نەسر)ی دووەمەوە لە ساڵەکانی ۵۹۷ پ.ز و ۵۸٦ی پ.ز بە دەسبەسەری هێنابوونیە باشووری عێراقەوە. بەڵام شەپۆلی سێیەمیان بەزۆری لەو بڕە جوولەکە بوون کە لە دوورگەی عەرەبی و لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا هاتبوونە عێراقەوە و لە ناوچەی فوراتی ناوەند نیشتەجێ بوون».[٧]

لەگەڵ ئەوەی هێندێك لە مێژوونووسان لەسەر ئەو ڕایەن کە جوولەکە هەر لە مێژەوە لەگەڵ دانیشتوان و نەتەوە و ئاینەکانی تری ڕۆژهەڵاتا تێکەڵاویی تەواویان هەبووە و بەڵگەشیان ئەوەیە کە: ئەگەر جوولەکەانی باشوری عێراق و وڵاتی عێراق هەموویان لە نەوەی ئەو جوولەکانەن کە (نبوخز نەسر) بە دەسبەسەری هێناونیە ئەم هەرێمە، ئەی ئەو جوولەکانەی تری وڵاتانی ڕۆژهەڵات و دەوروبەری، مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونیان کوێ بووە و لە کوێوە هاتوون؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر ئەحمەد نەسیم سوسە (۱۹۰۰ - ۱۹۸۲) وای بۆ دەچێ کە: «کۆنترین بوونی جوولەکە لە باکووری عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری کە نزیکەی ۳۰۰ ساڵ

دریژەی هەبووە لەنێوان ساڵانی ۹۱۱ و ٦٣٦ی پ.ز، ئەمەش کارلێکی خۆی هەبووە بۆ سەر گۆڕانی ڕۆژهەڵات لەو دەمانەدا و لەم ماوەیەشدا ۱۵ شا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەس. ئەم ئیمپراتۆرییەش لە سەردەمی هەندێ لە شاکانیدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی پلەی گەورەیی و بەرفراوانی کە ناوچەکانی (هیلالی خەسیب) و میسری گرتۆتەوە و ڕۆڵێکی گرنگیشیان هەبووە لەو سەرکەوتنەی کە بۆ سەر شانشینی ئیسرائیل بەدەستیان هێنا. هەر لە داڕمانی شانشینی یەهوداشەوە دانیشتووە جوولەکەکەشیان دەسبەسەر کردووە و بەرەو شوێنە شاخاوییەکانی وڵاتانی ئاشوور (ناوچەی کوردستان لە عیراق و ئیران و تورکیا) و ئەو شوێنانەش کە ئاشوریەکان جوولەکە دەسبەسەرەکانیان بۆ گوێزاوەتەوە ناوچەی کوردستانی بەرفراوانە.»

«هەروەها ژمارەیەکیش لە میژوونووسان و تۆژەران لە زمانی ئەم جوولەکانە خۆیانەوە دەگێڕنەوە کە گوایە ئەمانە لە نەوەی ئەو جوولەکانەن کە کاتی خۆی ئاشوورییەکان هێناویانن بۆ ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان. تەنانەت (بنیامین تەتیلی) کە بۆ خۆی یەکێك بووە لەو جوولەکانەی کە لە سەدەی دوازدەیەمی زایینیدا هاتۆتە ناوچەکە و لەو گەشتەیدا کە سەردانی شاری ئامێدی کردووە و لەو دەمانەدا نزیکەی (۲۵) هەزار جوولەکەی تیا بووە و لە ۱۰۰ ناوچەدا دابەش بوون لە چیای خەفتیان یان حەبتون (هەفتون) لە چیاکانی کوردستان».[۸]

• سەردەم و هۆکارەکانی کۆچکردن و گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل

سەبارەت بە کاتی گەڕانەوە و نیشتەجێبوونی کورد لە ئیسرائیل بەشێکی بەرچاو لە سەرچاوەکان سەردەمی دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل واتە دوای ساڵی ۱۹۴۸ بە سەردەمی گەڕانەوە و کۆچکردنی بەشێکی زۆر لە کوردە

جووەکان بۆ ئەو ولاتە دەزانن:

«لە سالانی دواییدا و دوابەدوای گرژی و ئالۆزییەکانی کوردستانی عێراق و چەند دەیە پێش ئەوەش، خەڵکێکی زۆر لە کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد. ئەوانە ئەو کوردانە بوون کە ئایینی یەهودییان قبوڵ کردووە و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە بەرەو ئیسرائیل چوون». [٩]

ئەگەر تێبینی بکەین لە ماوەی سەدەی (١٩ ـ ٢٠) کۆچکردنی جوولەکە بە شێوەیەکی زۆر کەم بوو بەڵام لێرە بەدواوە بە هۆی بەستنی کۆنگرەی جیهانی زایۆنیزم لە شاری (باڵ) لە سویسرا لە ٣١ی ئابی ١٨٩٧ بە سەرۆکایەتی روحی زایۆنی (تیۆدۆر هرتزل) لە پێناو کۆکردنەوەی جووەکانی جیهان و دروستکردنی نیشتمانێك بۆ ئیسرائیل.

ئیتر لێرەوە بزووتنەوەی زایۆنی لەو ولاتانەی جیهان دەستیان کرد بە پروپاگەندەکردن بۆ بزووتنەوەی زایۆنیزم، هەر بۆ ئەم مەبەستەش هرتزل (١٨٦٠ ـ ١٩٠٤) داوای لە سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمید (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) کرد کە دەرگا بکاتەوە لەبەردەم جووەکانی عێراق و کوردستان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، بەڵام سوڵتان عەبدولحەمید ڕازی نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی زایۆنی بەردەوام بوون لە پروپاگەندە کردن، لە ناوچەکانی عێراق و کوردستان بۆ هاندانی جووەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، بەڵام لەنێوان ساڵی (١٩١٤ ـ ١٩١٩) دەتوانین بڵێین پروپاگەندەی زایۆنی لە سنووردێکی تەسکدا بوو، چونکە دەبینین لەم ماوەیەدا تەنیا (٧٩٨٨) خێزانی جوولەکە، کە زۆربەیان خەڵکی کوردستان بوو، گەڕانەوە ئیسرائیل.

بەڵام بزووتنەوەی زایۆنی لەدوای ساڵی ١٩٢١ەوە دەوردێکی باشی بینی لە هاندانی جووەکان. ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی لقێك لە ئاژانسی زایۆنی

لەلایەن کەسایەتییەك بە ناوی (هارون ساسۆن معلم) کە کاری دەکرد بەپێی ئەو پیلانانەی کە سەرۆك سەرکردەی جیهانی دایناببوو. ئەم کەسایەتیە توانی زۆربەی جووەکانی عێراق و کوردستان بەدوای خۆیدا رابکێشێ.

لێرەدا گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردنی جووەکان لەم چەند خاڵەدا ڕوونی دەکەینەوە:

١ـ ڕۆڵی بزووتنەوەی زایۆنی، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی چەند لقێکی نهێنی لە عێراق و ناوچەکانی کوردستان. پڕوپاگەندەیان لەنێوان جووەکەکانی عێراق و کوردستاندا دەکرد کە جووەکەکان هەقی خۆیانە کۆچ بکەن بۆ ئیسرائیل، چونکە عێراق زوڵم و ستەم و توندوتیژی تێدایە و هەر لەدوای ساڵی ١٩٤١ پڕوپاگەندەی بزووتنەوەی زایۆنی بە شێوازی نهێنی زۆر بەهێز بوو...

٢ـ هۆکاری ئابووری. نیۆرك تایمز تەئکید لەوە دەکاتەوە و دەڵێت هۆکاری ئابووری دەورێکی زۆری هەبوو لە کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان بۆ ئیسرائیل لە ئەنجامی هەژاری و کەم دەرامەتی و بێکاری.

٣ـ گەڕانەوەی هەندێ لە جووەکان تەنها هۆکاری سۆزی دینی و نەتەوەیی پاڵی پێوەنان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل.

٤ـ بەکارهێنانی هۆکاری ترس و تۆقاندن، وەك کاری تەقینەوە کە لەلایەن بزووتنەوەی زایۆنی ئەنجام دەدرا بۆ نموونە لە ٨ی ٤ی ١٩٥٠ نارنجۆکێکی دەستی لەسەر شارع ئەبوونەواس لە نزیك گازینۆی بیچاو تەقییەوە و بووە هۆی بریندارببوونی جووەکەیەکی زۆر. هەروەها تەقینەوەیەکی تر لە ١٤ی ١ی ١٩٥١ لە نزیك کەنیسەی مەسعود شەمعون تەقیەوە کە بنکەی سەفیری جولەکە بوو....

٥ـ .. پاش دەرچوونی یاسای عێراقی بووە هۆی ئەوەی جووەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان (ئیسرائیل).

٦ـ هەروەها ئەو ڕاوەدوونان و دەربەدەریەی جووەکان چێشتیان لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ بەولاوە، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو چونکە ئەوە بووە هۆی نەمانی متمانە و بڕوا، لەلای جووەکان بە خەڵکی عێراق و حکومەت.

سەبارەت بە چۆنیەتی کۆچکردنی جوولەکەکان، بە دوو شەپۆلی گەورە بوو یەکەمیان لە ناوەڕاستی سیەکاندا بوو، دووەمیان لە ساڵانی ١٩٥٠ ـ ١٩٥١ دا بوو. کاتێك حکومەتی عێراقی بەڕەسمی ڕێگەیدا بە جووەکان بۆ وڵاتی خۆیان کۆچ بکەن. هەروەها بڕیاری دەرکرد ئەو جوولەکانەی عێراق بەجێ دەهێڵن بۆیان نیە هیچ شتێك لە ماڵ و سامان لەگەڵ خۆیان بەرن.[١٠]

... لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٢٦دا، گەلێ لە جووەکانی کوردستان بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد وێڕای مەترسیەکی زۆر لەسەر ڕێگایان بە هۆی ڕووخانی فەرمانڕەوایی تورك و تەواوی سیستمی ئانارکی (فەوزەوی) کە لە ناوچەکەدا زاڵ بوو، هەندێ لە جووەکان وەك ئەوانەی گوندی کۆنی بارەش، تەواوی دانیشتوان بەکۆمەڵ کۆچیان کرد. لەبەر هەستی بەهێزیان بۆ قودس، زۆربەیان لە گەڕەکەی نوێیەکانی شاردا نیشتەجێ بوون بە تایبەتی لە گەڕەکی ئەلۆری لە نزیك حەیفا، دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، جووەکانی کوردستان بە عەمەلی کۆچیان کرد (لەماوەی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥١) و لە قودس و چەندان ناوچەی لادێیی نیشتەجێ بوون لە سەرانسەری وڵاتدا. دوای کۆچیان بۆ ئیسرائیل هێندێ لە جووەکانی کوردستان وەك جاران بەردەوام بوون لە کارەکانی وەك جووتیاری و لە ناوچە شاخاوییەکان و دەورووبەری قودس و شوێنەکانی تردا گوندیان دروست کرد...[١١]

... حکومەتی عێراق ئاگاداری دەرکرد کە حکومەتی ئیسرائیل دامەزراوە و هەموو جوولەکانی بەغدا تا دوورترین گوند لە کوردستانی عێراق

ڕێگەپێدراون بۆ کۆچکردن بۆ ئیسرائیل.. خەڵك دەوڵەمەند و فەقیر هەموو شتێکیان بەجێهێشت لە چرکەیەکدا بیریان لە ئارەزووە بەهێزەکە بۆ عاردی پیرۆز کردەوە کە بۆ دوو هەزار ساڵ بوو دوعایان بۆ دەکرد داوایان دەکرد کە دەرگای ئۆرشەلیمیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەو جوانەی دەبن بە غەوارە وا خەریکەی بێتەدی. لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق هەموو شتێکی کە هەیان بوو دەستی بەسەردا گرت و خۆمالّی کرد... کۆچ لە یەکەم جار لە گوندە دوورەکان دەستی پێکرد، هەموو هاتنە شارە گەورەکان کە بە خۆشی و شادی کۆ کرانەوە لە خانووی کۆمەڵگەکە هەندێك مابوون بۆ یەك ساڵ هەر لە چاوەڕوانی دا بوون. هەندێك بۆ ماوەی شەش مانگ بە گوێرەی تۆماریان کۆمەڵ بە کۆمەڵ گوێزرانەوە بە گوێرەی ژمارە و تەمەن بۆ شاری بەغدای پایتەخت و لەوێوە بۆ فرۆکەخانە بۆ ئیسرائیل.[۱۲]

لێرەدا یەکێکی وەکو ساسۆن کە لە کوردستان بووە گەرایەوە بۆ فەلەستین باس دەکات: کاتێك لە ساڵی ۱۹۵۰ لەلایەن ئینگلیزەوە پێمان ڕاگەیەنرا کە خۆمان ئامادە کەین بۆ گەڕانەوە، ئەوە بوو کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ گەراجی شارەکان بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی بچین بۆ بەغداد، لە شار و گوندەکانەوە کوردەکان هاتبوون بۆ خواحافیزی لێمان و تەواو خەڵکی کوردستان بە پەرۆش بوون بۆمان. پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێل بین لەلایەن پۆلیسی تایبەتەوە، چ پارە و پول و زێڕمان پێبوو لێیان سەندین، دەیان وت مالّی دەوڵەتە، نابێ بیبەن. لەپاش ئەوەی گەیشتینە فرۆکەخانەی بەغداد، پێش سواربوونمان دووبارە پۆلیس دەیپشکنین هەرچیەکمان پێبوو، لێیان سەندین...[۱۳]

بەپێی قسەی ئەو پیرەپیاوانەش کە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی ئیسرائیلن، دەردەکەوێ زۆربەیان لە ساڵی ۱۹۴۸ و دوای ئەوە گەڕاونەتەوە ئیسرائیل. لە ڕاپۆرتێکی مالّپەڕی ئاوێنەنیوزدا هێندێك لەو پیرەپیاوانە باسی سەردەمی

چوونیان بۆ ئیسرائیل دەکەن بۆ نموونە: «خاڵە ئەنوەر» تەمەن ۸۰ ساڵ، یەکێکە لەو کوردانەی کە ٦٥ ساڵ لەمەوبەر لە گوندێکی شارۆچکەی قوشتەپەوە ڕووی کردۆتە ئیسرائیل یان ئیسحاق پیرەمێردێکی ۹۰ ساڵەی دانیشتووی گوندی «مۆشاف میتاف»ـە، ئەو کاتی خۆی ماڵیان لە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بووە و تەمەنی ۲۵ ساڵ بووە کە لەگەڵ دایك و بابی بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە. لە وتەکانی ئەم دوو کەسە دەردەکەوێ کە ئەوانیش ساڵی ۱۹٤۸ بەرەو ئیسرائیل گەڕاونەتەوە.[١٤]

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا بەم شێوەیە ئاماژە بە سەردەمی گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل کراوە: «کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵی ۱۹٤۸ دامەزرا نزیکەی هەموو جووەکانی کوردستان، بەشێکی کەمیان نەبێ، بۆ ئەوێ کۆچیان کرد یان ڕاونران»... [١٥]

لە کتێبی «جوولەکەکانی کوردستان»دا بەم شێوەیە باسی سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی جوولەکەکان، بە جوولەکانی کوردستانیشەوە بۆ ئیسرائیل کراوە:

«... ئینتمای نەتەوەیی و هاوسۆزیان بۆ نیشتەجێبوون لە وڵاتێکی سەربەخۆدا وای لێ کردوون بگەڕێنەوە بۆ شوێن و زێد و بۆ وڵاتێك کە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە بە تایبەتی بەریتانیا و ڕێکخراوە سیاسی و ڕووناکبیریەکانی جوولەکە خۆیانەوە ڕەنگیان بۆ ئەڕشت و هەموو ئاسانکاریەکی پێویستیان لەوبارەوە بۆ دەستەبەر ئەکرد. بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کە یەکەم کتێب بەناوی (دەوڵەتی جوولەکە)وە لە جیهاندا بڵاو کرایەوە و لەلایەن دکتۆرێکی دانیشتووی ڤیەننای پایتەختی نەمساوە کە ناوی تیۆدۆر هێرتزل بوو، هەروەها لەو ساڵانەشدا یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی جوولەکەکان لە (بازل) لە ساڵی ۱۸۹۷ دا بەسترا و هرتزل خۆی سەرۆکایەتی کارەکانی کرد. ئەمەش زیاتر هەلی بۆ دیاردەی کۆچکردنی جوولەکە بەرەو وڵاتی فەلەستین

ڕەخساند و هانی بەردەوامی دەدان. .. لێرە بەدواوە ڕێگا خۆش بوو بۆ ئەوەی دەیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی جوولەکە لە سەرتاسەری دونیادا دروست ببێ و بە مەبەستی ئاسان کردن و پاڵپشتی کردنی کۆچ کردنی جوولەکەکانی جیهان بەرەو وڵاتی فەلەستین و ئەو وڵاتەی کە ئەمرۆ لە نێوەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە (ئیسرائیل) ناسراوە.

وێڕای ئەوانە لایەنێکی تر لەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پاڵپشتی کردنی جوولەکانی جیهاندا بۆ نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی فەلەستین ئەو هەوڵە بەردەوامەی (حایم وایزمەن)ی بە ڕەگەز جوولەکەی ڕووسی بوو، لای کەسایەتیە ناسراوەکانی وڵاتانی جیهان بە تایبەتی بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بنیادنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ جوولەکە لە وڵاتی فەلەستیندا کە لە ئەنجامدا بەڵێنی ئارسەر جیمس بلفۆری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لێ کەوتەوە سەبارەت بە پێکهێنانی وڵاتی ناوبراو و بە بەردەوامی دەسگرۆیی کردنی بە شێوازێکی وا کە ژمارەی کۆچکردووان لە نێوانی ساڵانی ۱۹۱۹ ـ ۱۹۲۳ گەیشتبوە ۹ نۆ هەزار کۆچکەر لە ماوەی یەك ساڵدا...»

... بەڵام سەبارەت بە گەڕانەوەی جوولەکانی عێراق و کوردستان دەتوانین بڵێین: «تەنها ئەوانەیان نەبێ کە لە سەردەمی کۆرشی دووەمی فارسیدا و لە ساڵی ۵۳۹ پ.ز کە بابل و ناوچەکانی باشووری عێراقی داگیرکرد و کۆرشیش ساڵێك دوای گرتنی بابل ڕێگای بە جوولەکەکان دا تا بگەڕێنەوە ئیسرائیل، بەو پێیە نزیکەی ٤٠ هەزار جوولەکە جوولەکە گەڕاونەتەوە شاری ئۆرشەلیم. ئیدی لەم کاتەبەدواوە مەسەلەی کۆچکردنی جوولەکە بەرەو فەلەستین لە وڵاتگەلێکی وەك عێراق و کوردستانەوە بە شێوازێکی دیاریکراو (محدد) بووە. واتە تا ئەو کاتەی کە بۆ جاری یەکەم بانگەشەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی

١٩٤٨ دا بـلاو کراوەتـەوە و زۆربـەی ولاتـە گەورەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دانیـان بـەو دەسـەلات و قەڵەمـڕەوەی جوولەکـەدا ناوە لە ولاتـی (ئیسرائیل) دا. جـا بۆیـە دەکـرێ لێـرە بەدواوە بـە دیارترین مـاوە و قۆناغێك دەستنیشـان بکرێ سـەبارەت بـە چـڕی شـەپۆلی دیـاردەی کۆچکردنـی جوولەکەکانـی زۆربـەی ولاتانـی جیهـان بـە (عێـراق و کوردستان)یشـەوە بـەرەو ولاتی ئیسرائیـل.[١٦]

● **شوێنی ژیانی پێشوویان**

کوردەکانـی ئیسرائیـل ئـەو کـوردە جولەکانـەن کـە لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتانەوە بـە تایبـەتـی لـە باشـوور (شـارەکانی سـلێمانیە، زاخـۆ، هەولێـر و ...) و ڕۆژهەلاتـی کوردسـتانەوە (سـەقز، بانـە، بـۆکان، کامیـاران، کرماشـان و...) بـەرەو ئیسرائیـل کۆچیـان کـردووە.

ڕۆژنامەنـووس دینـۆ دانیـال لـە هەڤپەیڤێنێکـدا لەگـەڵ بەشـی کـوردی دەنگی ئەمریـکا دەڵێـت: «کوردەکانـی ئیسرائیـل بـە زۆری دوو جـۆرن، ئەوانـەی لـە کوردسـتانی ئێرانـەوە هاتوون کـە کوردەکانی ڕۆژهەلاتن و ئەوانەی لە کوردسـتانی عێراقـەوە هاتـوون کـە کوردەکانـی باشـوورن.[١٧]

لـە ڕاپۆرتێکـی ماڵپـەڕی ئاوێنەنیـوزدا هێندێـك لـەو پیرەپیاوانـە باسـی شـوێنی ژیانـی پێـش کۆچکردنیـان بـۆ ئیسرائیـل دەکەن بـۆ نمونـە: «خاڵە ئەنـوەر» تەمەن ٨٠ سـاڵ، یەکێکـە لـەو کوردانەی کە ٦٥ سـاڵ لەمەوبەر لە گوندێکی شـارۆچکەی قوشـتەپەوە ڕووی کردۆتـە ئیسرائیـل یـان ئیسـحاق پیرەمێردێکـی ٩٠ سـاڵی دانیشـتووی گونـدی «مۆشـاف میتاف»ـە، ئـەو کاتـی خـۆی ماڵیـان لـە گەڕەکـی سـابونکەرانی سـلێمانی بـووە و تەمەنـی ٢٥ سـاڵ بـووە کـە لەگـەڵ دایـك و بابـی بـەرەو ئیسرائیـل کۆچیـان کـردووە.[١٨]

لـە ڕاپۆرتێکـی ماڵپـەڕی (بـی بـی سـی) دا دەردەکـەوێ کـە بەشـێکی زۆر لـە

کورده جولەکەکانی ئیسرائیل خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. بۆ نموونە: ئەلیاهو غەریب پوور باس لەوە دەکا کە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر شوێنی لەدایکبوونی واتە شاری «سەقز»ی جێهێشتووە. یان کەسێك بە ناوی موشە توکلی خۆی بە «سنەیی» (خەڵکی شاری سنە) دەناسێنێ. یان خاتوو یوخی نیسان، دانیشتووی (کفار یونا) دەڵێ: دایك و باوکی خەڵکی سەقز و بانەن.[١٩]

هەداسا یشوورون کچە گۆرانی بێژێکە بە ڕەچەڵەك لە کوردە جولەکەکانی شاری ورمێیە لە ساڵی ١٩٦١ لە ئیسرائیل لەدایك بووە. ناوبراو دەڵێت: «ئێمە لە ئیسرائیل سێ هەزار کەسین کە لە شارە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتووین وەك سەقز، مەهاباد، بۆکان و ورمێ. هەموومان بە پەرۆشین بۆ هەواڵی کوردستان، کاتێك پێشکەوتنێك دەبینین لە کوردستان، دڵخۆش دەبین.»[٢٠]

ئۆ. فیلچێڤسکی ساڵی ١٩٥٨ ئاماژە بە جووەکانی کوردستانی ئێران دەکا و بەم جۆرە باسیان دەکا: «جووەکان ١٠ ـ ١٣ هەزار کەس دەبن، لە هەندێ گوندی بانە و بۆکان دا دەژین بە زمانی کوردی دەدوێن» هەروەها تاقە ئیشارەتێك بۆ جووەکانی کوردستانی عێراق ناوی گەرەکەکانیانە لە شارەکان ـ گەرەکی جوولەکان ـ کە ئێستاش جارجارە بەکاردێ، یان بە بۆنەی ئەو کەسانەی بە بنەماڵە جوو بوون و ئێستاش موسڵمان پێیان دەڵێن: «بن جوو»[٢١]

جوولەکەکانی کوردستان زۆر باش گونجابوون لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی لە زۆربەی شار و لادێکانی کوردستان بڵاو ببوونەوە. هەندێکیان لەگەڵ کورده موسوڵمانەکان لە یەك گەرەك دەژیانن هەندێکیان لە گەرەکی تایبەت بە جوولەکەکان دەژیان وەك «گەرەکی تەعجیل لە هەولێر، گەرەکی جولەکان لە سلێمانی، مەحلا جوهیا لە زاخۆ، مەحلت جوا لە ئامێدی، مەحەلەی موسایەکان لە لە سنە، گەرەکی جولەکە لە شنۆ، مەحلت جویا لە دیاربەکر». لە شارەکانی دیکەی وەك (ورمێ، کرمانشا، بۆکان، ماردین، ئورفە، نسیبین، کۆیە، ڕواندز و

هەڵەبجە) لە هەندێك گەڕەکدا جولەکە و دیان (مەسیحی) و موسوڵمان و دینەکانی تریش بەیەکەوە دەژیان بەبێ ئەوەی کێشە و گرفتیان هەبێ.

ژمارە جوولەکانی کوردستان لە گۆڕاندا بووە بەپێی ڕۆژگار گۆڕاوە لە هەندێك کاتدا ڕووی لە زیادی کردووە لە کاتێکی تردا کەمی کردووە. بەپێی سەرچاوەکانی بریتانی پاش ئەوەی هاتنە عێراق و باشووری کوردستان، تەنها لە باشووری کوردستان بەم شێوەیە بوو: لە ساڵی ۱۹۲۰ لە شاری هەولێر ژمارەیان ٤،۸۰۰ و لە سلێمانی ۱۰۰۰ و لە کەرکوك ۱٤۰۰ و لە موسڵ ۷٦۳۹ کەس بووە. لە ساڵی ۱۹٤۷ ژمارەکان لە هەولێر بووەتە ۳۱۰۹ و لە سلێمانی ۲۲۷۱ و لە کەرکوك ۲۰٤۸ و لە موسڵ ۱۰،۳٤۵. لە ساڵی ۱۹۵٤ ئەو ژمارەیە ڕووی لە نەمان کردووە، لە هەولێر هیچ نەماوە، لە سلێمانی ٦ کەس و لە کەرکوك ۵ کەس و لە موسڵ ۱۳ کەس.[۲۲]

بێگومان باسکردن و ناوهێنانی هەموو ئەو گوند و شارۆچکانەی کوردستان کە شوێنی ژیانی پێشووی کوردە جوولەکەکان بوون، کارێکی زەحمەتە و کات و توانایی زۆریشی دەوێ، بەڵام وەك نموونە زۆر بە کورتی تەنیا باس لە هێندێك لە ناوەندە سەرەکییەکانی جوولەکە لە گوند و شارەکانی کوردستانی ئێراق (کوردستانی عێراق) دەکەین کە کوردەکان جوولەکەکان پێش کۆچکردنیان بەرەو ئیسرائیل تێیاندا ژیاون:

- *جووەکانی ئاکرێ:* سەبارەت بە جووەکانی ئاکرێ مامۆستا خالد ئاکرێی و حاجی نوح ئاکرەیی دەڵێن لە شاری ئاکرێ نزیکەی ۱۰۰ بۆ ۱۲۰ ماڵی جوولەکە هەبوون. گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە بە ناوی جۆسلی واتە شاری جوولەکە. هەندێکی تریان لە گەڕەکی حەزینگا دەژیانن هەروەها کەنیسە و گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبوو تاکو ئێستا هەرماون. ئەو جولەکانە بە کاری جۆراوجۆرەوە خەریك بوون وەك: بازرگانی، زێڕینگەری،

کاری دەستی و .. بە گشتی جووەکانی ئاکریّ زۆر دەولّەمەند بوون و پارەیان زۆر بوو.

ـ **جووەکانی دیانا:** سەبارەت بە جووەکانی دیانا هەروەك حاجی حسێن پاشا مسگفی دیانەیی لەدایك بوونی سالّی ١٩٢٤ لە دیمانەیەکدا وتوویەتی: جووەکان لە دێهاتەکانی بادینان، دیانە، مجییە و ڕەواندوز دا هەبوون. خۆم لە گوندی بادلیان لەگەلّیان ژیاوم و ژمارەیان نزیکەی ١٠ مالّ بوو، لەگەلّ موسولّمانەکان تێکەلّابوون لە هەلّسوکەوتیان. هەروەها مالّەکانیان بە تەنیشت یەکتریەوە بوون. لە بیوان حویاندا بە زمانی عیبری قسەیان دەکرد. بەلاّم هەموویان بە کوردی لە هەلّسوکەوتی ڕۆژانەیان قسەیان دەکرد.

سەبارەت بە جووەکانی (ڕۆست) هەروەك هێندێك لە ڕیش سپیەکانی ئەو شوێنە ئاماژەی پێدەکەن، نزیکەی ١١٠ ـ ١٤٠ هاوولاّتی جوولەکە واتە نزیکەی ١٧ ـ ٢٠ مالّ لەو شوێنە ژیاون. ئەوانیش دابونەریتەکانی خۆیانیان بەڕێوەبردووە و خاوەن گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان بوون و بە هۆی ئەوەی کاری ڕانکوچۆخە دروستکردن و جاجم و ڕەنگ کردنی جلوبەرگیان کردووە، و زۆریش شارەزا بوونن زۆر دەولّەمەند بوون.

ـ **جووەکانی هەولێر:** جووەکانی شاری هەولێر لەناو جەرگەی شاری هەولێر نیشتەجێ بوون، ژمارەیان زۆر بوو. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان گەڕەکێکی بچووك هەبوو لە خواروی هەولێر جوولەکەی لێ بوو کە نزیکەی هەزار کەس دەبوون و سالّی ١٩٥٠ ـ ١٩٥١ هەولێریان بەجێهێشت. لەلایەکی تریەوە بەپێی سەرژمێریی حکومەتی بەریتانیا لە سالّی ١٩٢٠ نزیکەی ٤٨٠٠ جوولەکە لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون. لە سەرژمێرییەکی دیکە کە حکومەتی عێراقی دەریکرد سالّی ١٩٤٥ نزیکەی ٣١٠٩ جوولەکە لە شاری هەولێر هەبوون. لە گەڕەکی تەعجیل ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان دەژیان

دەتوانین بڵێین دانیشتوانی ئەم گەڕەکە زۆربەیان جوولەکە بوون. .. سەبارەت بە کار و پیشەی جووەکانی هەولێر: بە گشتی خەریکی کاری بازرگانی و دووکانداری و سبوخچێتی و زەرەنگەری بوون. هەروەها زۆربەیان دەوڵەمەند بوون بۆیە هەندێکیان لە دەوری بازاڕ کۆ دەبوونەوە...

ـ *جووەکانی کۆیە:* هەروەها لە شارێکی وەکو کۆیە وەك تاهیر حەوێزی لە (مێژووی کۆیە)دا نووسیویەتی: نزیکەی (٦٠ ـ ٧٠) ماڵ جوو هەبوون. لەپێشدا بەزۆری لە کۆنە قەڵای گەڕەکی (هەداوان) بوون و کەنیشتەکەیان لەوێ هەبوو. پاشان ماڵیان گواستەوە بۆ گەڕەکی بەفریقەندی لە دەوروپشتی مزگەوتی حەتك. بەوێیان دەووت: گەڕەکی جوولەکە... جووەکان لەم شارەدا گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبوو و مردوویان لێ ئەناشت لەسەر گردێك پێی دەوترا (گردی جووان).

ـ *جووەکانی جووەکانی سلێمانی:* سەبارەت بە جووەکانی سلێمانی، هەر لە زووەوە ژمارەیەکی زۆر جوولەکە لە گوندەکانی دەوروپشتی سلێمانیدا ژیاون. (مامۆستا جەمال بابان) لەبارەی ئەم جووانەوە دەڵێت کە گوایە پێشتر لە دەوروبەری قەڵاچوالان بوون و دوایی هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی.

ڕیچ، مێجەرسۆن، لیك لاما و مستەر هارت و چەندانی تر لە نووسینەکانیاندا باسیان لە جووەکانی شاری سلێمانی کردووەو هەر یەکێکیشان بە جۆرێك باسی ژمارەی جوولەکانی ئەم شارەیان کردووە.

سەبارەت بە کار و پیشەیان لە سلێمانیدا پیشەی هەرە گرینگیان زەرەنگەری، بەزازی، عەتاری، بازرگانی، دوکانداری بووە و لەچاو ژمارەی کەمیانەوە بەشێکی زۆری بازاڕیان بەدەستەوە بووە... لە ڕووی دابونەریتیانەوە زۆر باس بوون لەگەڵ یەکتریدا و لەناوخۆیاندا ژن و ژنخوازییان کردووە و ڕێزێکی زۆریشیان لە ژن گرتووە... سەبارەت بە ڕۆژی شەممە و جەژنەکانی (کەپرەشینە، مەقیرە، هامان)

لایان زۆر پیرۆز بووە. جگە لەوەی گەڕەکێکی تایبەتیان هەبووە، گۆرستانی تایبەتیشیان هەبووە کە موسوڵمانەکانی پێیان وتووە گۆڕستانی جووەکان. لە کەساتیەتیە ناوداراکانیشیان دەتوانین ئاماژە بکەین بە: خواجە سعید ئیسحاق، عیداللە بنورش، حەمەی داود، شەمعون شاولی، میخائیل یانەیەی، حاخام خواجەمیرە ئەفەندی، خواجە سالح بنورش، خواجە یعقوب حەسەنە جوو، خواجە ئیسحاق پێنجوێنی، ڕفایل کە بەناوبانگترین زێڕەنگەر بووە.[۲۳]

هەروەها بێجگە لەو شارانەی باسیان کرا، جووەکان لە زۆر شاری تری وەک چەمچەماڵ، پینجوێن، هەڵەبجە، کفری، کەلار، سەقڵاوە و زاباباں بەسەر دەبرد کە بۆ ئەوەی باسەکە لەوە زیاتر درێژ نەبێتەوە، لە باسکردنیان بە تێروتەسەلی خۆ دەبوێرین.

• ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردە جووەکان لە کوردستان

لەم بەشەدا لە سەرەتا بە کورتی باس لە ڕەوشی ئابووری کوردە جووەکان لە کوردستان دەکەین هەرچەند لە میانەی باسکردنی شوێنی ژیانی پێشوویان لە هێندێک شوێندا باس لە کار و پیشەیان (بازرگانی، زێڕینگەری، کاری دەستی کاری، ڕانکوچۆخە دروستکردن و جاجم و ڕەنگ کردنی جلوبەرگ، دووکانداری و سبوخچێتی) کراوە. دواتر باس لە هەندێک لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوان دەکەین چونکە وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن ئێستاش هێندێک لە کوردە جووەکان دوای چەندین ساڵ لە گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل پارێزگاریی لە هێندێک لە دابونەریتەکانیان دەکەن. بۆیە پێویستە شارەزای هێندێک لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی ئەوان پێش کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل بکەین:

«گەلێ لە جووەکانی کوردستان جووتیار، شوان، بەلەمەوان و داڕبڕ بوونە. هیچ یەکێ لەم کارانە ئاشنا نەبوونە بە جووەکان لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا... لە ناوەندە گەورەترەکاندا، جووەکان بازرگانییان دەکرد بە دانەوێڵە، لۆکە، سووف، مەڕومااڵت، بنێشت و بنێشتەتاڵ و مێوژ و تووتن. گەلێکیان باخچە و ڕەزیان هەبووە. ئەوانی تر ئەم پیشانەیان هەبووە: چنین، خومچی، پێڵاودروستکەر، و هەندێکیش ئاسنگەر و زێڕنگەر بوونە. لە سەدەی بیستدا، لەبەر هۆکاری تەناهی (ئەمنی) و باشتربوونی گواستنەوە بە هۆی بەکارهێنانی ئوتومبیل، گەلێ جوو (هەورەها کورد و ئاشوورییەکانیش) پێداپێدا گوند و زەحمەتیی کێڵانیان بەجێهێشت و چوونە شارەکان بۆ ژیانێکی ساناتر و بوون بە دووکاندار، بازرگان و قەساب. شارۆکەکان، کۆڕ و مەراسیمی ئایینیان زۆر تێدا ئەنجام دەدرا، شیاوتر بوون بۆ ژیانی جووان و باریکی تەناهیی باشتریان بۆیان دابین دەکرد لە دژی هێرشی تیرە کۆچەرییەکان و تاقمەکان. هەروەها بەدووریش بوون لە کارەسانی سروشتی و ناوچە سەختەکان.

گرووپێك لەناو چینە هەژارەکە لە شارە گەورەکان، وەك زاخۆ، ڕێبوار بوون کەوا دوو یان سێ سێ گەشتیان دەکرد. یان ئەوەتا بە کەر و ماین دەگەڕان و شتیان دەفرۆشت وەك شەکر، چا، دەرزی، دەمبووز، قوێچە و دەرزی و داو. ئەم کارە زۆر مەترسیدار بوو چونکە زۆرجار ڕێگر دەهاتنە سەر ڕێیان، زۆریشیان لێ کوژران لەلایەن تاقمی کوردەکانەوە...

پیشەیەکی تر کە دانسقە و جێ سەرنج بووە بە تایبەتی لەناو جووەکانی زاخۆ، بەلەمەوان یان داربڕینەوە بووە. زاخۆ ڕووباری خابووری پێدا دەڕوات و ناوچەیەکی گرینگی بار بوو لەبەر ئەوەی ڕێگەی سەرەکیی گواستنەوەی کاڵا بوو لە کوردستانی ناوەڕاستەوە بۆ سەر ڕووباری دیجلە. بەلەمەکان چوار گۆشە یان لاکێشەیی بوون، لە دار دروست کرابوون هەروا یان بە هۆی پێستەی

مەڕەوە پێك دەبەسترانەوە.

کارە گشتیەکانی تری جووان دەزی و داو بووە (کە ئافرەتان زۆر ئەو کارەیان دەکرد) دروستکردنی جل لە سووف و چنینی فەرشی بچووك و خومچیاتی. چنین هەم لە گوند و هەم لە شارەکانیشدا باو بوو. زۆر جووتیار کاری چنینیان دەکرد بە تایبەتی لە زستاناندا، ئەو دەمەی کشتوکاڵ دەوەستا. لە شارۆکەکاندا، تەنانەت هەندێ لە ڕابیەکانیش لە ماڵەوە کاری چنینیان دەکرد بۆ ئەوەی داهاتێکی زیاتریان دەست بکەوێت. بەڕای بێنجامینی دووەم، فەرش لە سووف دروستکراوەکان کە لەلایەن جووانی کوردستان دروست دەکران بەوەندە باش و جوان بوون دەنێردرانە دەرەوە.

بە گشتی، پیشەی جووەکانی کوردستان تایبەت بوون بە ناوچە لادێیەکان و شارۆکە بچووکەکان. بۆیە کەمتر بازرگان و پارەداریان تێدا بوو. بە گشتی پارە کەم بوو لە کوردستاندا، هەروەها کەرەستەی ژیانی خۆشیش کەم بوو. بازرگانی لە ڕێی ئاڵوگۆڕکردنی شتەوە دەکرا. بۆ نموونە، پێلاو بە مریشك دەگۆڕدرایەوە، فەرشێك بەرامبەر کەمێك دانەوێڵە بوو، یان دانەوێڵە بە هێلکە، شیر، هەنگوین، میوە، تووتن، ئامیری تر بە گەنم و تاد. لە هەندێ حاڵەتی تردا بازرگانیی نیوەی بە پارە هیشکە بوو و نیوەشی بە شت.[٢٤]

جووەکانی کوردستان بە هۆی پیشەی کشتوکاڵییەوە لە ڕەوەندە جووەکانی تری ناوچەکانی تر جیا دەکرانەوە. گەلێکیان زەوییان هەبوو دەیانکێڵا، بەم شێوەیە جیاواز بوون لەوانی تر. هەندێ خێزانی جوو هەبوو خاوەنی تەواوی لادێیەك بوو، خەڵك لەسەر زەویی ئەوان ڕەشماڵی هەڵدەدا و دەژیا...

گەلێ لە جووەکان خەریك بوون بە مامەڵەی دار و کەڵەکیان لێ دروست دەکرد، بە تایبەتی لە شارۆکەی زاخۆ کە دەکەوێتە سەر یەکێك لە زێپەکانی ڕووباری دیجلە... نەوەی ئەوانەی مامەڵەی داریان دەکرد بەردەوام لەگەڵ

باوکیاندا بوون، بۆیە ئەوانیش فێری ئەو بازرگانییە دەبوون...

گەلی لە جوولەکەی گەڕۆك بە گوندەکاندا دەگەڕان و هەر گەشتێکیان هەفتەیەکی دەبرد و هەندێ جار لە کاتی لافاودا چەندان مانگیان پێدەچوو، وێڕای مەترسیی کارەساتە سرووشتییەکان، چەندان مەترسی تریان هەبوو لەسەر ڕێگەدا... کالاکانیان لەناو گونیە لەسەر پشتی کەرێدا دادەنا و لە شارۆکە گەورەکاندا دەیانفرۆشتنەوە. کالاکان ئەمانە بوون: کووتاڵ، جگەرە، تووتن، سابوون، ئاوێنە، بۆیە خەنە، کلدان ئەنگوستیلە، بازن و گوارە، تەزبیحی ڕەنگاوڕەنگ، شتی چنراو، قوماش و چا و شەکر...

پێلاو دروستکردن کارێکی باو بوو لەناو جووەکاندا، بە تەنیا لە زاخۆ، ٢٠ پێلاو دروستکەری جوولەکە هەبوو پێش ئەوەی کۆچ بکەن بۆ ئیسرائیل... پێلاو دروستکەرەکان زیاتر لەبازاڕەکان کاریان دەکرد، بەڵام هەندێ پێلاو دروستکەری تر هەبوون بە گوندەکاندا دەگەڕان... جۆرە باوەکانی پێلاو ئەمانە بوون: یەمەنی، فلات، پێلاوی پێستەی بێقەیتان، پێلاوی بن بڵندی ئافرەتان (قاپقاپە)، پێلاوی پلاستیکی لە تایەی سەیارە دروست دەکرا....

کاری دارتاشی لەناو جووەکانی زاخۆدا بەربڵاو بوو کە نزیکەی ١٤ دووکانی دارتاشی لێ بوو. لەبەر دەست ڕەنگینیان، هەندێ جار لەباتی موسڵمانەکان بە جووەکانیان دەگوت شا دروست بکەن بۆ مزگەوتەکان... ئەو کەلوپەلانەی بۆ ناو ماڵ دروست دەکران سادە و دانسقە بوون: سندووق بۆ هەڵگرتنی کالا، تەختە، لانك، کەلوپەلی تر، قیمەکێش، چەندان شتی جۆربەجۆری تر بۆ مەبەستی بیناکردن بەکار دەهێنرا. کەرستە خاوەکان بارەدارەکان بوون و لەلایەن پیاوانی بەلەمەوە دەهێنران... [٢٥]

بەڵام سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریان ئەگەر بە وردی و بە تەواوەتی باسی بکەین، بێگومان خۆی کێشێکی تایبەتی دەوێ، هەر بۆیە لێرەدا

تەنیا باس لە چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی جووەکانی کوردستان دەکەین:

«پێشوازیکردن لە میوانان سیفەتێکی تایبەتی جووەکانی کوردستان بوو. کاتێکی باشیان تەرخان دەکرد لەگەڵ چەندان جۆرە خواردن تا پێشوازی لە میوانی ناوەخت بکەن. مێزەکانیان هەرگیز بەتاڵ نەبوو و هەردەم پڕابووەوە. میوان خزمەت دەکرا لەڕێگەی دانانی چەندەها جۆر میوە، چا و نان و کێك... مااڵتی جوو و موسوڵمان سەردانی یەکتریان دەکرد. زۆر سوودیان لەم ئاشنایەتی و میوانداری و پێوەندییەوە دەبینی.

لە بۆنەکاندا وەك بۆنەی ئایینی، بووك و سوورکردنەوە، ئافرەتان کاری ڕۆژانەیان بەجێ دەهێشت و لە مااڵی خاوەن بۆنەکە کۆ دەبوونەوە و یارمەتیان دەدا لە ئامادەکردنی شتەکاندا. خواردنێکی زۆر ئامادە دەکرا، هەروەها قاپوقاچاخی تایبەتی بەکار دەهێنران کە زۆرجار شتی زۆر بەهادار بوون.

«دەۆڵ و زورنا باوترین ئامێری موزیك بوون. دۆڵەکەی بەملیەوە دەکرا و دوو پارچە داریش لە هەردووالی پێستییەکەی دەدرا. زۆر کەس هەوڵیاندا فێری زورنا بن، بەاڵم کەمێکیان سەرکەوتن لەبەر ئەوەی وێڕای گوێچکەیەکی باش چەشنەی موزیکی هەناسەی درێژ و سیی باشی دەویست. چونکە سیفەتی موزیکەکە ئەمەی دەویست. جووەکانی کوردستان شاییان دەکرد، هەندێ جار پیاو و ئافرەت بەجیا، هەندێ جاریش ڕەشبەڵەك بوو، هەر شاییەك ناوێکی تایبەتی هەبوو و جوولەی تایبەت بە خۆی هەبوو، شایی بە دۆڵ و زورنا دەگێڕدرا و خۆش دەکرا.»

نەریتێکی تری کوردە جووەکان یاریکردن بوو. یاریی منداڵان زیاتر لە دەرەوە دەکرا بەاڵم «یاریی گەورەکان عادەتەن لە ژوورەوەدا ئەنجام دەدران. بۆ نموونە، سینی سینیانێ. یارییەکی تر پێی دەگوترا چوارقاپە: کە پێنج شەش پیاو یارییان دەکرد، کە هەوڵیان دەدا بازێك بدەن بەهۆی گوشینی یەك لە

کۆتاییەکان. دۆڕاو دەبوایە هێلکە، گوێز و خورما بدات. هەڵی یاریکردن لە هەموو ماڵێك و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا هەبوو. ئەمانە یاریی دوو کەسیش بوون، وەك دۆمینە، تاوڵە، کە هەم لە ماڵ و یان چایەخانەدا دەکران. زۆرجار بەرد و دار بەکار دەهات بۆ ژماردنی ئەنجامی یارییەکان.» [٢٦]

بێگومان ئاگاداربوون لە ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردە جووەکان لەماوەی سااڵنێکی دوور و درێژی مانەوەیان لە کوردستان پێویستی بە نووسینی دەیان وتار و کتێبی جۆراوجۆر هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستی باسەکەی ئێمە زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوشی هەمەاڵیەنەی نەو کوردە جوولەکانەیە کە هەنووکە لە ئیسرائیل دەژین، بۆیە زۆر بە کورتی باسی ژیان و گوزەرانی ئەوانمان پێش چوونەوە بۆ ئیسرائیل کردووە. خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئاگادار بوون لە ڕەوش و گوزەرانی کوردە جووەکان لە کاتی ژیان و مانەوەیان لە کوردستان دەتوانن کتێبی «جووەکانی کوردستان» لە ئامادەکردنی «ئۆرا شۆرتس بێیری» و وەرگێڕانی گۆران سەباح بخوێننەوە کە لەاڵیەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئاراس بڵاو کراوەتەوە. ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی گەلێك گرنگە لەم بوارەدا، چونکە ئامادەکار بە شێوەیەکی مەیدانی و لە میانەی چەندین ساڵ خۆ ماندووکردن و گەڕان بەدوای سەرچاوە ماددی و نامادديیەکاندا ئەم بەرهەمەی ئامادە کردووە کە بێجگە لە نووسین، دەیان وێنەی جۆراوجۆر و دەگمەنی تێدا دانراوە کە بەڕاستی دەستخستنیان هێندە کارێکی سووك و ئاسان نیە و کورد گوتەنی: کاری هەموو کەس نیە.

● شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان لە ئیسرائیل

گوندەکانی «مۆشاف میتاف، پەرەزۆن، ئەفیتاڵ مۆشاف» کە دەکەونە باکووری ئیسرائیلەوە، هەموو دانیشتوانەکانیان بە بنەچە کوردن و لە سەرەتای دروستبوونیانەوە ئەو کوردانەیان تێدا نیشتەجێ بوون کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە. پیاوان و ژنانی بەتەمەنیان تا ئێستاش بە کوردی دەپەیڤن و هەر گوندەیان نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ خێزانی تێدا دەژی. زۆر گوندی دیکەش هەن کە کوردیان تێدا دەژی بەڵام هەموو دانیشتوانەکانیان کورد نین. کورد لە ئیسرائیل بە گشتی نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبن، بەڵام لە ناوچەکانی ئیسرائیلدا پەرت و بڵاو بوون، هەرچەندە زۆربەیان لە ئورشەلیم و باکووری ئیسرائیلدا نیشتەجێن.[٢٧]

کوردەکان لە ئیسرائیل بە گشتی لە باکووری ئەو وڵاتە نیشتەجێن. شاری ئورشەلیم یان (بیت القدس) و بەندەری ئەشدود (لە باشوور) لەو شوێنە گرینگانەن کە کوردەکانی لێ نیشتەجێ بوون.[٢٨]

بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکەدا وێڕای ئاماژەدان بە ژمارەی کوردەکان، بەم شێوەیە باش لە ناوەندە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوونی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل دەکرێ: «لە ساڵی ١٩٣٠دا ژمارەی کوردە جووەکان لە قودسدا گەیشتۆتە (٤٣٦٩) کەس. لەناو ٨٠٨٥٠ کەسی جوولەکەی دانیشتووی قودسدا، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٩ (٤٠ـ ٥٠) هەزار کورد لە قودسدا دەژیان. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٢ (٣٠،٠٠٠) کەس لە پایتەختدا دەژیان. لە شاری (الرأی) کە لە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن جووە کۆچکردووەکانی کوردستانەوە دامەزراوە، ژمارەیان لەم شارەدا لە ساڵی ١٩٨١ گەیشتۆتە (٥٦١). لەشاری (کفاریروحام) ئەمەش ناوەندێکی تری نیشتەجێبوونی جووەکانی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٥١ ئەم شارە دامەزراوە، ژمارەی کوردە جووەکانی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٦١

ـ۱۹٦۵) گەیشتۆتە (۱۳۰۰ ـ ٤٥۰۰) کەس و. لە شاری (مفقام)دا ژمارەیەکی زۆر لە جووە کوردەکانی لێ دەژین. هەروەها لە شاری (نحس هاریم) دا ژمارەیەکی تری جووی کوردستانی لێ دەژین کە لە ساڵی ۱۹۵۱ بۆیان دامەزراوە.

هەروەها لە شاری (نعوز زیون کاستەل)ی نزیك قودس یەکێکی دیکەیە لەو کۆمۆنانەی بە زۆری کوردی تێدا دەژی. بێجگە لەم شوێنانە ژمارەیەکی زۆری کوردە جووەکان بۆ مەبەستی کشت و کاڵی لە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری (حەیفا) لە دۆڵی ئوردن و لە ناوچەی (نەقەب) لە خواروی وڵات نیشتەجێ بوونە. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کوردە جووەکان لە ناوچەی (کۆنیم، کاتۆمونیم) کە ناوەندێکی سەرەکی تریانە، لێ نیشتەجێ بوون.[۲۹]

لە کێبی «جوولەکانی کوردستان»یشدا بەم شێوەیە باس لە ناوەندە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوونی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل کراوە:

سەبارەت بەو شوێن و جێنشینگانەی کە ئەمڕۆ لە وڵاتی ئیسرائیلدا کوردە جوولەکانی تیا گیرساونەتەوە بەزۆری دەتوانین شێواز و ساڵی نیشتەجێبوونیان بەپێی ئەم ناوەندە سەرەکیانە دەستنیشان بکەین:

۱ـ الرئ: ئەم ناوەتدە لە ساڵی (۱۹۳۵)ـەوە جوولەکە کۆچکردووەکانی وڵاتی کوردستان دایان مەزراندووە و ئەگەوێتە ناوچەی (یزراعیل)ەوە لەسەر چیای (شیخ بریك) ژمارەی ئەو کۆ چکردووانەش کە تایدا نیشتەجێ بوون لە ساڵی ۱۹٦۵دا سەرژمێریان خۆی داوە لە نزیکەی (٥٦۱) کەس.

۲ـ کفاریروحام: ئەم جێنشینگەیە ناوەکەی بە واتای (تل رحمە) دێ و لە ساڵی ۱۹۵۱ ـەوە کراوەتەوە. لە ساڵی ۱۹٦۱دا سەرژمێری دانیشتووانەکەی خۆی داوە لە (۱۳۰۰) کەس، لە ساڵی ۱۹٦۵ەوە ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ ٤٥۰۰ کەس و جوولەکە نیشتەجێ بووەکانیشی لەوانەن کە بەزۆری لە وڵاتی ڕۆمانیا و کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە، کە دەگەوێتە ناوچەی (بئرالسیع)ەوە لە باشووری

شارەکەدا، شوێنەکەشی بە بەرزایی ١٨٤٠ پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

٣ـ ناوەندی مزتاحم: ئەمەش هەر لە ساڵی ١٩٥١ەوە بۆ ئەو جوولەکانە کراوەتەوە کە لە وڵاتی کوردستانەوە کۆچیان بۆ کردووە و، ئەم شوێنە سەرەکیەش، دەکەوێتە ناوچەی (بئر السبع)ەوە، لە (نەقەب)ی خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتی (ڕەفەح) کە دەکەوێتە نزیکی غەزەوە.

٤ـ ناوەندی نسهاریم: لە ساڵی ١٩٥٠ەوە دامەزراوە زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەو جوولەکە کۆچ کردووانەن کە لە وڵاتی کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە. نزیك بە شاروچکەی (دیر الهوا)یە لە ناوچەی (قدس)ی پایتەختدا.

٥ـ نعوز زیون کاستەل: ناوەندێکی نزیکە لە شاری (قدس)ەوە و، ئەمەش یەکێکە لەو کۆمۆنانەی کە بە زۆری کوردە جوولەکەکانی تێدا دەژین.

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێکی تر لە کوردە جوولەکانی کوردستان بە پەرش و بڵاوی لە زۆر ناوچە و هەرێمی تری وڵاتی ئیسرائیل دا نیشتەجێ بوون. لەوانە هەر دوو کۆمۆنی کاتامونیم و کاستیل. لەگەڵ چەندێکی دیکە لەو کۆمۆنانەی ئەو ناوچەیە گیانی کوردایەتی بەهێز و ئاشکرایە. هەر لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکانیان لە کوردە جوولەکەکانن.. [٣٠]

کەواتە بە سەرنجدان بە هەموو ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بە شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردە جووەکان لە ئیسرائیلدا کردووە، دەتوانین بڵێین ئەوان بە زۆری لە شاری قودس (ئورشەلیم)، شاری (الرأی)، شاری (کفاریروحام)، شاری (نعوز زیون کاستەل)ی نزیك قودس، ناوەندی نسهاریم (نحسهاریم)، ناوەندی مزتاحم، گوندەکانی «مۆشاف میتاف، پەرەزۆن، ئەفیتاڵ مۆشاف» کە دەکەونە باکووری ئیسرائیلەوە و ناوچە شاخاوییەکانی دەورووبەری (حەیفا) و ناوچەی (نەقەب) لە خواروووی وڵات و لە ناوچەی (کۆنیم، کاتۆمونیم) و لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێکی تر لە کوردە جوولەکانی کوردستان بە پەرش و بڵاوی لە

زۆر گونـد و ناوچـه و هەرێمـی تـری وڵاتـی ئیسرائیـل دا نیشـتەجێ بـوون.

● **ژمارەی کورد لە ئیسرائیل**

هەرچەنـدە زۆربـەی سـەرچاوەکان ئاماژە بـەوە دەکەن لە ئێستادا نزیکەی ۱۵۰ هـەزار کـەس لـە کـوردەکان لـە ئیسرائیلدا دەژێن بـە ژیـان دەدەن و دەڵێـن ئەمرۆکە حەشـیمەتی کـوردە جولەکەکان لـە ئیسرائیل زیاتر لـە ۱۵۰ هەزار کـەس دەبن.[۳۱]

ژمـارەی ئـەو جوولەکانـەی لـە کوردسـتانەوە گەیشـتنە ئیسرائیـل بـە (۱۵۰,۰۰۰ تـا ۲۰۰,۰۰۰) لەقەڵـەم دەدرێ کـە (۱۰۰,۰۰۰) لـە نورشـەلیم نیشـتەجێ بـوون.[۳۲]

بـەڵام چەنـد سـەرچاوە و ڕاپۆرتێکیـش هـەن کـە بـاس لـە ژمـارەی زیاتـر لـەوە دەکـەن و تەنانـەت تـا نزیکـەی نیو ملیۆن کـەس مەزەندەیـان دەکەن. بـۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکـی ماڵپـەڕی ئاوێنەنیـوز کـە لەلایـەن بەڕێـز دینـۆ دانیـال لەژێر سـەردێڕی «گەشـتێك بـۆ گونـدە کوردنشـینەکانی ئیسرائیـل» ئامادە کـراوە، باس لـەوە دەکرێ کـە کـورد لـە ئیسرائیـل نزیکـەی نیـو ملیـۆن کـەس دەبـن بـەڵام لـە ناوچەکانـی ئیسرائیلـدا پـەرت و بڵاون.

هەروەهـا ڕۆژنامەنـووس دینـۆ دانیـال لـە هەڤپەیڤێنێکـدا لەگەڵ بەشـی کوردی دەنگـی ئەمریـکا دەڵێـت: «هەرچەنـد ئامارێکـی فەرمـی وردی لەبەردەسـتدا نییە، بـەڵام ژمـارەی کوردەکانـی ئیسرائیـل نزیکـەی ۲۵۰ هـەزار کەسـە کـە زۆربەیان لە باکووری ئیسرائیل دەژیـن.»[۳۳]

ژمـارەی ئـەو کـوردە جولەکانـەی لە ئێرانـەوە بـەرەو ئیسرائیل کۆچیان کـردووە، لەنێـوان ۲۰ هـەزار بـۆ ۵۰ هـەزار کـەس مەزەندە دەکرێـن.[۳۴]

بـەڵام لە سـەرچاوەیەکی دیکـەدا وێـڕای ئاماژەدان بـە هێندێك لـە ناوەندەکانی نیشـتەجێبوونی کوردە جووەکان، بەم شـێوەیە باس لە ژمارەی کـوردە جوولەکەکان لـە ئیسرائیـل دەکـرێ: «لـە سـاڵی ۱۹۳۰دا ژمـارەی کـوردە جـووەکان لـە قودسـدا

گەیشتۆتە (٤٣٦٩) کەس. لەناو ٨٠،٨٥٠ کەسی جوولەکەی دانیشتووی قودسدا، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٩ (٤٠ـ ٥٠) هەزار کورد لە قودسدا دەژیان. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٢ (٣٠،٠٠٠) کەس لە پایتەختدا دەژیان. لە شاری (الرأی) کە لە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن جووە کۆچکردووەکانی کوردستانەوە دامەزراوە، ژمارەیان لەم شارەدا لە ساڵی ١٩٨١ گەیشتۆتە (٥٦١). لەشاری (کفاریروحام) ئەمەش ناوەندێکی تری نیشتەجێبوونی جووەکانی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٥١ ئەم شارە دامەزراوە، ژمارەی کوردە جووەکانی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٦١ ـ١٩٦٥) گەیشتۆتە (١٣٠٠ ـ ٤٥٠٠) کەس و. لە شاری (مفقام)دا ژمارەیەکی زۆر لە جووە کوردەکانی لێ دەژین. هەروەها لە شاری (نحس هاریم) دا ژمارەیەکی تری جووی کوردستانی لێ دەژین کە لە ساڵی ١٩٥١ بۆیان دامەزراوە.[٣٥]

بەڵام هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە ئێستادا نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس لە کوردەکان لە ئیسرائیلدا دژێژە بە ژیان دەدەن و دەڵێن ئەمرۆکە حەشیمەتی کوردە جولەکەکان لە ئیسرائیل ١٥٠ هەزار کەس (شتێك زیاتر یان کەمتر) دەبن.

● **ژیانی کوردە جووەکان لە ئیسرائیل**

سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی کوردە جووەکان لە ئیسرائیل دەبێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش زۆربەی دابونەریتەکانی کوردستانیان لەبیر ماوە و ساڵانە یادیان دەکەنەوە، بەڵام بەشی زۆریان لە ژیان و گوزەرانێکی لەباردا ناژین. لەبارەی ژیانی دوای گەرانەوە و سەرەتای گەیشتنەوەیان بە خاکی ئیسرائیل ئاماژە بە وتەکانی چەند کەسێك دەکەین کە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم ژیانە بوون و تەنانەت خۆیان لەو کەسانە بوون کە بەشداری ئەم ژیانە بوون:

... ساسۆن کە کوردێکی جوولەکە بووە و گەڕاوەتە ئیسرائیل، بە شێوەیە

باس لە ژیانی دوای گەڕانەوەی بۆ ئیسرائیل دەکات: «دوای ئەوەی گەیشتینە خاکی ئیسرائیل، بەرەو ئۆردوگایان بردین، گوزەرانمان زۆر خراپ بوو، تەنانەت ئاوی خواردنەوەمان دەست نەدەکەوت و هیچ پارە و پولێکمان پێنەبوو بۆ ئەوەی خۆمانی پێبژێنین، بەڵام جوولەکەکانی وڵاتانی تر گوزەرانیان زۆر باش بوو و زۆر ڕێزیان لێ دەگیرا، دیار بوو ئەمە پلانێك بوو بۆ ئێمە بۆ ئەوەی وەکو کۆیلە بەکارمان بێنن چ کارێك سەخت و گرانە ئەوەمان پێبکەن.

دانی ڕۆنشتاین کە ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی قودسە. دەڵێت: لە پەنجاکاندا نەو خانوانەی لەناویاندا دەژیاین، هاوینان لەژێر گڕەی گەرمادا سوور دەبوونەوە و هەڵ دەقرچاین و لە زستاندا لە سەرمادا هەڵدەلەرزین. ئیتر لە ئەنجامی سەرمای زستان و ناخۆشی ژیان و برسێتی و نەبوونی داودەرمان و پزیشك، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و پیرەکانمان مردوون.

تەنانەت ساسۆن دەڵێت لە پێناوی نانی ڕۆژانەماندا چ کارێك گران بووایە دەمان کرد. هێشتا بەشی نانەسکەی نەدەکردین، ئێمە دەمانکرد و جوولەکە ئەوروپیەکان دەیان خوارد. هەرچەندە هەردوولامان جوولەکە بووین، بەڵام جیاوازی ئەرز و ئاسمانمان لەنێواندا دەکرا.[۳۶]

ژنە جوولەکەیەك لە بیروەرییەکانیدا دەڵێت: «ئەو ژیانە سەختەی سەرۆکی خێزانەکان دووچاری بوون بۆ بەخێوکردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵەکان، چیرۆکەکەی پەیوەندیدارە بە سەدان خێزان کە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل و کۆمەڵگەی هەرەوەزیان دروست کرد .. تەنیا بە بەکارهێنانی وزە و خۆویست توانیمان ڕەگ و ڕیشەی عارد دەربێنین و دەست بکەین بە کێڵان، هەرچەندە عارد و شاخ بەرداوی بوو و شارەزایی و ئەزموونمان نەبوو. هەروەها زانیاری تەواو و ئامێری گونجاویشمان لەدەستدا نەبوو.[۳۷]

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوش و گوزەرانی

جوولەکەکان دوای گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل کێشەی (ژیانی ژنە جوولەکەیەک لە کۆیە و ئیسرائیل، یافا و موردەخایێن میناشێ، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، ۲۰۱۰، کۆیە) بخوێننەوە کە لە میانەی گێڕانەوەی بیرەرییەکانی ژنە جوولەکەیەک بە دوور و درێژی باس لە بارودۆخی کوردە جوولەکەکان دوای گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل دەکات.

«... زۆربەی جووەکان لە کوردستان بە کاری (شوانکاری، جوتیاری، کشتوکاڵ، باخەوانی، بەخێوکردنی مەڕو ماڵات. هەندێ پیشەی دەستی و بازرگانی خەریک بوون. بۆیە کاتێک گەیشتنە ئیسرائیل، زیانی لادێیان هەڵبژارد و ڕوویان کردە کشتوکاڵ، بۆیە لە ئیسرائیل لە ۱۰٪ ئەو کەسانەی خەریکی کشتوکاڵ و پیشەی دەستین، خەڵکی کوردستانن.

بەڵام لەڕاستیدا هەروەکو کوردە جووەکان خۆیان لە ئیسرائیل باسی ژیانی خۆیان دەکەن، لە هەموو بارێکی ژیان بێبەشن لەچاو جووەکانی وڵاتانی ئەورووپا، بەجۆرێک کام کارەی گرانە و ماندووبوونی زۆری دەوێت کوردە جووەکان دەیکەن. لەپێناو بەدەستهێنانی خۆراکی ڕۆژانەیان وەکو کاری کرێکاری و جادە دروستکردن و ئاژەڵداری و ڕووەندنی دار و درەخت و چەندەها کاری تر. هەروەها کوردەکان بە هۆی کارکردنەوە هیچ کاتێک توانای ئەوەیان نەبووە بخوێنن و ...

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی هەڵبژاردن و پەرلەماندا تۆزێک ڕێزیان دەگرن و خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کوردەکان دەنگیان بدەنێ، هەر بۆ ئەم مەبەستە، ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن و دەهۆڵ و زورنایان بۆ لێدەدەن. هەروەکو (گوڵدامایر) سەرۆک شارەزای ئیسرائیل بۆ ئاهەنگی دامەزراندنی (کۆمەڵەی کورد)ی جووەکان لە ساڵی ۱۹۷۳ سەردانی کردن و بەشداری لە ئاهەنگەکەدا کرد یا خود بۆ هەر بۆنەیەکی تر بێ، ئەمەش پێش دوو مانگ لە هەڵبژاردن و

پەرلەمان، بەڵام دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن پشتگوێیان دەخەن.[۳۸]

● **زمان و داب‌ونەریتی کوردەکانی ئیسرائیل**

لەبارەی زمانی قسەکردنی کوردەکانی نیشەجێی ئیسرائیل دەتوانین بڵێین تا ئێستاش بەشێکی زۆریان بە تایبەت لە بەتەمەنەکانیان بە زمانی کوردی دەدوێن، بەڵام کەسانێکی زۆریش هەن کە ئەو زمانەیان لەبیر چۆتەوە و لە جیاتی ئەوە، زمانی عیبری و ئینگلیزی بەکار دێنن.

... ئەم کوردانە هەرچەندە بە ئایین جولەکەن، بەڵام بە دابونەریت و زمان کوردن، تاکو ئێستاش ئەوانەیان کە بەتەمەنن هەر بە زمانی کوردی قسە دەکەن، زۆرجاریش دەیانبینی کە بیانەوێت نهێنییەکی خۆیان بۆ کەسی دەوروبەریان نەدرکێنن، لەبەینی یەکدا بە کوردی دەدوێن.

وێڕای ئەوەش لە زۆربەی ئاهەنگ و شایی‌کاندا دەهۆڵ و زورنا بەکار دەهێنن و گۆرانی کوردی دەچڕن، ئێستاش کوردە بەتەمەنەکانی ئیسرائیل بە گۆرانیبێژە کۆچکردووەکانی وەك محەمەد عارف و گوڵبەهار و حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان سەرسامن کە کاتێ ئەوان لە کوردستان بوون، ئەمانە باو و ناسراو بوون.

هۆیەکی تری ئاشنابوون بە هونەر و مۆسیقای کوردی، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە کە زۆربەی زۆری کوردەکانی ئیسرائیل لە ماڵەوە سەیری ئەو کەناڵانە دەکەن کە زیاتر گۆرانی کوردی بەخش دەکەن. هەرچەندە کوردە جولەکەکان زیاتر لە شەست ساڵە لە کوردستان دابڕاون، بەڵام نەگۆڕاون و تاکو ئێستاش هەر بە کورد خۆیان ناو دەبەن.[۳۹]

... پێویستە ئاماژە بەوە بکەین تاکوو ئێستا کوردە جووەکان لە ئیسرائیل دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانیان لەبیر نەکردووە، بەڵکو هەموو ساڵێك

یادی ئەو رۆژانە دەکەنەوە کە لە کوردستان بوون... تەنانەت ئەو جوانەی کە لە کوردستان زمانی ئارامیی نوێیان بەکار دەهێنا ئێستاش لە ئیسرائیل لە کۆڵان و بۆنەکانی ئەم کۆمۆنانە ئەو زمانە دەبیستریت، هەر دەڵێی هێشتا لە کوردستانن. ئەگەر کەسێکی کورد ڕیی بکەوێتە ئەوێ، سەری سوڕ دەمێنێ کاتێ پیرەپیاوی جووە کوردی بەرچاو دەکەوێ، بە بەرگی کورد و جامانە بەسەرەوە، دێنە دەرەوە. هەروەها بەجۆرێك دەستیان بە بۆنە کوردییە فۆلکلۆرییە کوردەکانەوە گرتووە، لە کاتی ئەم بۆنانەدا منداڵان و گەنجە کوردەکان زۆر بە گەرمی بەرەو بیری ئەم بۆنەبەوە دەچن. حەل وبەرگی کوردی لەبەردەکەن و گۆرانی کوردی دەڵێن. یەکێك لە داب و نەریتەکانی تری کورد کە لەیادیان نەچووە، ئەوەیە ئێستا لەوی هاوسێ و هاودەمی یەکن، لە خۆشی و ناخۆشی و یارمەتی یەکتری دەدەن.

... یەکێکی دیکە لە دابونەریتەکانیان ئەوەیە کە ئێستاش لەناو ماڵ و خێزاندا ئاواز و مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی لێدەدرێ و گۆرانی کوردی گوێ لێدەگرن. هەروەها یەکێك لە دابونەریتەکانی کوردە موسوڵمانەکانی خۆمان کە بیریان نەچووە، لە ڕۆژانی (شەممە) کە ڕۆژی پشوودانە زۆربەیان بۆ ئەو ڕۆژە خواردنی فولکلۆری کورد لێ دەنێن، وەکو (دۆڵمە، ساوەر، کفتە، برنج و شلە و ...) کە وەکو خواردنێکی فۆلکلۆری لەنێوانیاندا ماوەتەوە.

هەروەها سەبارەت بە جەژنی (کەپرە شینە) کە لە کوردستاندا هەموو ساڵێك لە سەرەتای پاییزدا دەکرا، ئێستاش لە ئیسرائیل لە جەژنی کەپرەشینە دوو ڕۆژی تایبەت بە کوردەکان، کە لەپارکێکی گەورەدا ئاهەنگ دەگێڕن، سەرەتای ئاهەنگەکە بە گفتوگۆی پیاوە سیاسییەکان کە باس لە مێژووی کورد و کوردستان دەکەن، ئەوجا ئاهەنگەکە دەست پێدەکات و دەست دەکەن بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی.[۴۰]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جەژنی کەپرەشینە، جەژنێکی تایبەتی کوردە جووەکان بوو کە لە کۆتایی پایزدا بەڕێوەیان دەبرد. کۆمەڵە جوویەك کەپرێکیان دروست دەکرد، قوماشی رەنگاورەنگیان پێهەڵداوەسی و جۆرەها میوەیان پێوە دەکرد. لەو ڕۆژەدا ئاگریان نەدەکردەوە و خواردنیان دروست نەدەکرد و دەستیان لە هەموو ئیش و کارێك هەڵدەگرت و...

بەڵێ!» ئێستەش یەکێك دەتوانێ پاشماوەی ڕێگەی ژیانی کوردستان ببینێت. بۆ نموونە جگە لە کەلوپەل و ئامێری مۆدێرن لە ناندینەکاندا وەك بەفرگر و سۆبەی کارەبایی، ئێستە پرێمز ماوە لە هەندێ ماڵدا کە شیوی نەریتیانەی پێ لێ دەنێن بە هەمان ئەو ڕێگەیەی لە کوردستان بەکاریان دێنا. شان بە شانی هەندێ ناوچەی لادێیی، ئێستەش یەکێك بگەڕێ پیاو و ئافرەتی پیر بە جلوبەرگی کۆنەوە دەبینێت کە جلەکان لە ئیسرائیل دووروان. ماڵ هەیە لە ئیسرائیل زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانان دەکەن تەنانەت ئەگەر میوانەکە کتوپڕیش بێت. میوانەکە خواردنی پێ نەخورێت قاپەکەی هەر بۆ پڕ دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی میوانەکە تێر دەخوات.[٤١]

ئۆرا شۆرتش بێری، بەڕێوەبەری ئێتنۆگرافیای جووان و نووسەری کتێبی «جووەکانی کوردستان» لە سەردانێکی مەیدانیی بۆ لای کوردە جووەکانی ئیسرائیل بەم شێوەیە باسی هەندێ لە داب‌ونەریتیەکانیان دەکات: «جووەکانی کوردستان بە شێوازی خۆیان هەوڵیان دا ڕێچکەی نەریتییانەی ژیانیان بپارێزن و هەروەك خۆیان بژین لە ئیسرائیل، لە کاتی سەردان یەکەمم بۆ ماڵەکانیان، چەندان دیاردەم بینی کە جار دوای جار دووبارە دەبوونەوە. بۆ نموونە، دروستکردنی خانووی بچووك لە گوندەکان سەرەڕای پێوەرەکانی حکوومەت بۆ دروستکردنی خانوو بۆیان، ژووورەکان هەمان ئەو ژوورانەن کە کاتی خۆی لە کوردستاندا تێیاندا خڕ دەبوونەوە. لە گەڵێ حەوشەی ماڵەکاندا گەڵای مەیلە

و پەمبەم دەبینی کە پێی دەڵێن: ڕێحان. ڕێحان گوڵێکی بۆنخۆش و ناسکە. کورد بەکاری دێنن و لەنێو دۆڵاب، یان بە جلەکانەوەی دەکەن یانیش پیاوان دەیخەنە ژێر چاکەتەکانیان بۆ بۆنخۆشی. ئەم گوڵە لای ئەوان دەسەڵاتێکی نەریتیی پڕبەهای هەیە. پێیان وایە ئەم گوڵە دەیانپارێزێت لە خراپە و ڕوحی شەڕانگێزی، هەروەها وەکوو چاوەزاریش بەکاری دێنن. زۆر چالاکیی تر لەم ڕووەوە ڕوو دەدەن وەك بژارکردنی برنج و وشککردنەوەی تۆو و بیەری تیژ، نانکردن و تەشیکردن و ... [۴۲]

هەداسا یشوروون کچە گۆرانی بێژێکە بە ڕەچەڵەك لە کوردە حولەکەکانی شاری ورمێیە لە ساڵی ۱۹۶۱ لە ئیسرائیل لەدایك بووە، بەڵام هەست و سۆزی ئەم خێزانە پابەندە بە ڕابردووەوە، بۆیە ئێستاش لە ئاهەنگ و بۆنەکانی ئیسرائیل بە جلی کوردییەوە دەچێتە شانۆ و گۆرانی بە هەر دوو زمانی ئارامی و کوردی دەچڕێ.

هەداسا دەڵێت: «ئەگەرچی من کوردی نازانم، بەڵام بەردەوام دەبم لەسەر وتنەوەی گۆرانی کوردی و من تەواوی کەلتووری کوردم بەدڵە، هەر لە ئاواز و گۆرانی و هەڵپەڕکێ تا دەگاتە جلوبەرگ».

هەداسا دەڵێت: «ئێمە لە ئیسرائیل سی هەزار کەسین کە لە شارە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتووین وەك سەقز، مەهاباد، بۆکان و ورمێ. هەموومان بە پەرۆشین بۆ هەواڵی کوردستان، کاتێك پێشکەوتنێك دەبینین لە کوردستان، دڵخۆش دەبین.» [۴۳]

سەحەرانە یان سەیرانە یەکێك لەو دوو جەژنە گەورانەیە کە هەموو ساڵێك کوردە جولەکە بە ڕەگەز ئێرانییەکان لە دەوری یەك کۆ دەکاتەوە. ئەم ڕێوڕەسمە بۆ کەسانێك کە چەندین ساڵە لە زێدی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی چاویان بە دۆست و ناسیاوانیان بکەوێ و بە کەباب خواردن و شای و

هەڵپەرکێی کوردی جەژنەکەیان براز ێنەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە سەحەرانە وەک نەریتێکی ساڵانەی کوردە جووەکان « لە کۆتایی وەرزی بەفربارینـدا ساز دەکرا. ئاماژەیەک بوو بۆ سەرەتای بەهار. لە گۆڕەپانێکدا عادەتەن لە قەراخ رووبار لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە لە گوندیان شارۆکەدا ڕەشماڵ هەڵدەدران بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ تێیاندا دەمانەوە.

ئاهەنگی ماڕەبڕین عادەتەن لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ساز دەکرا. هەرچەند مالە و نەرکێکی تایبەتی پێدەسپێردرا، بۆ نموونە داوەتکردنی گۆرانێژ و موزیکژەن، خواردن ئامادەکردن، جلوبەرگ و ڕەشماڵ هەڵدان. بەشدارانی بۆنەکە بە پێ یان بە ئێستر دەگەیشتنە جێ و بەدەم گۆرانی گوتن و سەماوە ڕەشماڵیان هەڵدەدا. شەوان ئاگرێکی گەورەیان دەکردەوە. خێزانەکان سەردانی یەکتریان دەکرد تا تامی خواردن و دەستاوی یەکتر بکەن و پیاوەکانیش دەچوونە کن یەک و ئارەق و شەڕابیان نۆش دەکرد. بەیانییان بە دەنگی دۆڵ و زورنا بەخەبەر دەهاتن و دەستیان دەکرد بە چالاکییەکانیان: چێشت لێنان، یاریکردن، شت کڕین لە شارۆکەی نزیک یان لەو موسوڵمانە شت فرۆشە گەڕۆکانەی بەتایبەت دەهاتنە ئەوێ بۆ شت فرۆشتن. ناوچەکە لەلایەن هێزی پۆلیسەوە دەپارێزرا. لە کۆتایی هەفتەکەدا بەشداران ڕەشماڵەکانیان خڕ دەکردەوە و بەرەو ماڵ دەکەوتنە ڕێ. بۆنەی لەم شێوەیە لە شاڤۆت و سەکوت ڕوویان دەدا کە دوو وەرزی حەجاجی کۆنی پەرستگەی قودس بوون.[٤٤]

ئەوان ئەم جەژنەیان لە ساڵی ۲۰۱۲ لە یەکێک لە پارکەکانی شاری (کفار یونا) هەڵکەوتوو لە باکووری (تل ئەویو) بەڕێوە برد کە لێرەدا چەند وێنەیەکی ئەو ڕێوڕەسمە دادەنێین کە لە ماڵپەڕی (بی بی سی) فارسی وەرگیراون.[٤٥]

خوێنەری خۆشەویست بۆ ئەوەی جوانتر لە دیمەنی ئەو جەژنە و هێندێک

لە دابونەریتەکانی کوردە جولەکەکانی ئیسرائیل و چەند بابەتێکی دیکەش ئاگادار بی، بە باشم زانی کورتەیەك لە ڕاپۆرتی مالپەڕی (رادیو فردا) لەژێر سەردێڕی (از کردهای اسرائیل چه میدانید) لێرە دابنێم کە باس لە ڕێوڕەسم و دابونەریتی کوردەکان بە تایبەت لەو جەژنەدا دەکا:

بەڵێ! لە دەشت و داوێنی سروشتێکی جوان و ڕازاوە و لە سەرەتای بەهارێکی دڵبزوێندا، ئاهەنگی مۆسیقای شاد و خۆشی کوردی دڵی مرۆڤ وەجۆش دێنێ و کور و کیژی لاو و تازەلاو و تەنانەت منداڵەکانیش سەرچۆپی دەکێشن و بە دڵێکی خۆش و گەرموگوڕییەکی زۆرەوە لە هەڵپەڕکێیەکی جوانی کوردیدا پێ بە زەوی دادەن. خۆشی لە چاوەکانیاندا و بز و پێکەنین لەسەر لێوەکانیان بەدی دەکەیت.

لە هەر گۆشە و کەنارێکەوە بۆنی کەباب و گۆشتی برژاوی سەر ئاگر هەست پێدەکرێ و بۆنی ئەو خواردەمەنییە قەدیمییانەی کە لەسەر مێزەکان دانراون و هەروەها «کەلانە» و «شلکێنە» سەرنجی هەر کەسێك ڕادەکێشن و ئاو لە دەم و زاران دێنن.

گەر بە باشی گوێ ڕادێری، دەنگی مۆسیقای کوردی دەبیستی، تێکەڵاوێك لە ئاهەنگی خۆش و شادی مۆسیقا لە هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گەر بە جوانی سەیر بکەی، دەبینی خواردەمەنییەکان هەموویان کوردیی و ئێرانین.

گەر بە وردی گوێ لە قسە و باسوخواسی خەڵکی ئامادەبوو لەم سەیرانە خۆش و چێژبەخشتە بگری، دەبیستی کە هەندێك لە بەتەمەنەکان بە زمان «نارامی» قسە دەکەن هەرچەند وشەگەلی عیبریشی زۆر تێکەڵاو دەکەن.

کەم نین لەنێو بەتەمەنەکانی ئەم کۆڕە بەشکۆیەدا کە جل‌وبەرگی جوانی کوردانە(ژنانە و پیاوانە)یان لەبەر کردووە و خاتوونەکانیان دەسماڵی تەسك و ناسکی ڕازاوە بە گوڵ و موروویان بەسەر زوڵفەکانیان داداوە و پیاوەکانیان

دەسرەیان لەسەر ناوە. بە چاولێکردنیان بۆت دەردەکەوێ زۆر لەو جلوبەرگانە نوێ نین، بەڵام ئەو کەسانە وەک پارچەیەک لە ئالتون و کلی چاوان، بە جوانی پاراستوویانن، ئاخر ئەوانە یادگاری نیشتمانی باووباپیرانیانن.

بەڵام چەندە جوانە کە دەبینی تەنیا بەتەمەنەکان نین کە ئەم جلوبەرگە رەنگاورەنگانەیان پۆشیوەن، لاوانیش دەبینی کە ئەم جلوبەرگەیان لەبەر کردووە و بە جوانی هەنگاو دەنێن و هەڵدەپەڕن و هێندەی تریش داوێنی ئەو سروشتە رازاوەیان جوانتر کردووە.

ئەگەر نەتزانیایە ئێرە ئیسرائیلە. دەتوانی چاوەکانت پێکەوەنێی و بە ئاسانی هەست بکەی کە لەناو دڵ و داوێنی کێوەکانی سروشتی جوانی ئاویەری شاری سنەی کوردستانی ئێرانی.

ئێرە ئیسرائیلە، هەزاران ئیسرائیلی کە بەبێ هیچ ڕاڕایی و گومانێك دەسبەجێ خۆیان بە «کورد» دەناسێنن، وەك هەر سااڵێکی دیکە ئەمساڵیش لە ڕۆژێك لە میانەی جەژنی فەتیر کە جەژنی بەهار و ئازادیی جوولەکەکان و بیرهێنەرەوەی ڕاپەڕینی قەومی یەهوود لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی فیرعەونی میسرە، لە پارکی شارۆچکەی «کفار یونا» (گوندی کۆتر) لە دەوروبەری شاری جوانی ناتانیا لە لێواری دەریای مەدیترانە کۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی هاونشینیی ساڵانەی خۆیان بەڕێوە بەرن.

ئەم ئامادەبوونەی لاو و تازەلاوانی لەدایکبوو لە ئیسرائیل لەنێو کۆڕی پڕ لە خۆشەویستی دایك و باوك و باپیر و دایەگەورەکانیان سەرنجڕاکێشە، بەڵام لە هەر شوێنێکی دیکە و لە هەر سەردەمێکی تر لە وەچەی لاوی ئەم خەڵکە بپرسی کە ڕیشە و ڕەچەڵەکتان کامەیە، دەسبەجێ دەبیستی: «ئەنخنو کوردیم» (بە زمانی عیبری: ئێمە کوردین).

ئەگەر بپرسی کوردی کوێ؟ وەڵامەکان کەمێك جیاوازییان دەبێ وەك

ئەوەکە ئەگەر باوکی باوەگەورەم خەڵکی سەقز بووە منیش سەقزییم. (بەڵێ کەوایە ئەمن سەقزییەکی ئیسرائیلیم). ئەوەی تر دەڵێ: نەنک (دایەگەورە) و باپیر (بابەگەورە)ی بە منااڵی لە گەڕەکی جوولەکەکانی شاری سنە لە شەقامی سیروس ژیاون و دواتر چوونەتە تاران و لە فڵان ساڵی دەیەی پەنجا یان شەستی سەدەی بیستەم گەیشتوونە ئیسرائیل. یەکێکی دیکە دەڵێ: کوردی کامیارانە. بەڵێ تەنانەت لە شارۆچکەی کامیارانی نزیك سنە ژمارەیەك کوردی جوولەکە ژیاون کە هەندێکیان مامۆستا و دەرمان ساز و دوکتۆر بوون و کار و پیشەی وەك خەڵکی دیکەی ناو کۆمەڵگەیان هەبووە.

دواتر زۆر لەو کوردە جوولەکانە لە پارێزگای کوردستان، لە پارێزگای کرماشان یان ناوچەکانی تری باکووری ڕۆژئاوای ئێران کە زۆریان بە زمانی نارامی قسەیان دەکرد، بە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کوردە جوولەکەکان لەم ناوچانە، زیاتر بەرەو تاران چوون و هەندێکیشیان لە یەکەمین ساڵەکانی دوای سەربەخۆیی ئیسرائیل چوونە ئەم وڵاتە تازە دامەزراوە. بەڵام ژمارەیەك لە کوردەکانی ئێران و ناوچەکەش هەن کە تەنانەت پێش سەربەخۆیی ئیسرائیل چوونەتە ئەم وڵاتە.

ئەو کوردانەی کە لە چەند دەیە پێشتر گەیشتوونە ئیسرائیل، لە هەندێك لە گوندەکانی باکووری ئیسرائیل یان ئەشدود لە باشوور ژیان بەسەر دەبەن. ڕێستۆرانێکی کوردی کە دایەپیرەیەکی کورد لە نزیك سنووری ئیسرائیل لەگەڵ لوبنان داینابوو، بۆ ماوەیەکی زۆر گەڕیدە و گەشتیاری بۆ لای خۆی ڕادەکێشان.

لە گۆشە و کەناری تر زۆرجار ڕێستۆران و هوتێلی وا بەرچاو دەکەون کە تابلۆی «میسعادا کوردیت» (بە عیبری: ڕێستۆرانتی کوردی) لەسەر نووسراوە.

بەڵام لە سەرووبەندی گۆڕانکارییەکانی ئێران کە بە «شۆڕش» ناو نرا و ماوەیەك دوای ئەوە، زۆر لە کوردە جوولەکەکانی ئێران کە وڵاتەکەیان جێهێشت، وەك زۆربەی جوولەکە ئێرانییەکان بەرەو ئەمریکا چوون، بە شێوەیەك ئێستاکە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان هەیە و وەك دەڵێن ئەنجوومەنی کوردە جوولەکە ئێرانییەکان لە کالیفۆرنیا پێنج هەزار ئەندامی چالاکی هەیە کە بە تایبەت بۆ پاراستنی زمانی «ئارامی» هەوڵ دەدەن.

لە ئیسرائیلیش ژمارەیەك لە چالاکانی کوردی جولەکە بۆ پاراستنی ئەم زمانە تێدەکۆشن. شێعر و گۆرانی پێدەڵێن و دەخوێننەوە و بە تازەییش ڕادیۆیەکی لۆکاڵی بە پێداویستیی سادە بە زمانی «ئارامی» لە ئیسرائیل وەکار کەوتووە کە دەیەوێ بە شێوەی بەرنامەی تەلەویزیۆنیش وەکار بکەوێ بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ئەو وەچەیەی کە قسە بەم زمانە ناکەن و تەنیا لێی حاڵی دەبن، بتوانن زیاتر شارەزای ئەم زمانە کەونارا و چەند هەزار ساڵەیەی باوباپیرانیان بن.

زۆر لە کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل تەنیا کاتێك بابەگەورە و دایەگەورەیان بەم زمانە قسە دەکەن، تا ڕادەیەك تێدەگەن، ئەم زمانە تا ڕادەیەك وەك زمانی مەحرەمانەی نێوان بابەگەورە و دایەگەورەکان بۆ ئەو کاتانە بووە کە نەیانویستووە ئەو بابەتانەی باسیان دەکەن، کوڕ و کچ و نەوەکانیان لێی ئاگادار بن.

بەڵام هەر ئەم ئاستە لە زانیاری لەم زمانە بەسە بۆ ئەوەی بە ئاهەنگی ئەو گۆرانیانەی کە گۆرانبێژە کوردەکانی ئەم تایفە بەم زمانە دەیانڵێن، وەجۆش کەون و هەڵپەڕن و بە بیستنی دەنگی حەزینی ئەم گۆرانیانە، غەمی دڵتەنگی لە چاوانی گەورەکانی خۆیاندا ببینن...

بەڵام ئەمانە تەنیا کوردەکانی دانیشتووی ئیسرائیل نین، ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکان بنج و ڕەچەڵەکی عێراقیی خۆیان بە شانازی دەزانن و تەنانەت بۆ چوون بە نیشتمانی باب و باپیرانیان بە مەبەستی گەڕان و سەیران هەوڵ دەدەن. لە

یەکەمین ساڵەکانی ڕووخانی حکومەتی سەددام حوسێن لە عێراق، ژمارەیەک لەو کوردانە لەڕێگەی تورکیاوە گەیشتنە عێراق و هێندێک لەو سەفەرانەش لە ڕاگەیەنەکانی ئیسرائیلیدا ڕەنگی دایەوە...

زۆر لە کەسانی لەدایکبووی ئیسرائیل کاتێک دەپرسی بنج و بناوانیان بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئەوان دەسبەجێ دەڵێن ئێمە کوردی زاخۆین. وەک بڵێی هەر کەسێک لە دنیادا دەبێ بزانی زاخۆ کوێیە. ئەوان بە دڵێکی سادە و دڵخۆشیی زۆر، زاخۆ و ناوجەکانی دیکەی کوردستانی ئێراق کە ڕۆژگارێک شوێنی ژیان زۆر کەسی جوولەکە بووە، بە شوێنی سروشتی ناخێزگە و لەدایکبوونی خۆیان و باوباپیرانیان دەزانن.... [٤٦]

● **گەشتێک بۆ گوندە کوردنشینەکانی ئیسرائیل**

ئا: دینۆ دانیال

گوندەکانی «مۆشاف میتاف، پەرەزۆن، ئەفیتاڵ مۆشاف» کە دەکەونە باکووری ئیسرائیلەوە، بە گوندە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێن، کە تا ئێستاش بە کوردی قسەیان تێدا دەکرێ و خەڵکیش بەشێکی کاتیان بەدیار سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردەکانەوە بەسەر دەبەن. (مۆشاف : کۆمەڵگەی هەرەوەزی)

«خاڵە ئەنوەر» تەمەن ٨٠ ساڵ، یەکێکە لەو کوردانەی کە ٦٥ ساڵ لەمەوبەر لە گوندێکی شارۆچکەی قوشتەپەوە ڕووی کردۆتە ئیسرائیل، ئەو دوای ئەوەی باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٥٥دا گوندی ئەفیتاڵ مۆشاف ئاوەدان دەکەنەوە و تا ئێستاش لەوێدان، ئەو کە هێشتا زمانی کوردی لەبیر ماوە، ئامازە بەوە دەکات کە ئەوەندە بە حەسرەتی بینینی ئەو شوێنەوە بوە کە زێدی باو و باپیران و شوێنی لەدایکبوونی بوە و ڕۆژانی منداڵی و مێردمنداڵی خۆی تێدا

بەسەر بردووە، چوار ساڵ لەمەوبەر سەردانی کوردستانی کردووە و چوەتە بۆ گوندی قوڵتەپەی نزیك قوشتەپە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت جگە لە «وێرانیی» و «داروپەردوی ڕوخاو» هیچی دیکەی تێدا نەبینیوە. ئەو وتی: «زۆر بەداخ بووم کە بیستم کاتی خۆی سەدام گوندەکەی کاول کردووە و خەڵکەکەشی ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کردووە».

کوردەکانی ئیسرائیل، ئەو جولەکانەن کە لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هاتون بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئەم کوردانە هەرچەندە بە نایین چولەکەن، بەڵام بە دابونەریت و زمان کوردن، تاکو ئێستاش ئەوانەیان کە بەتەمەنن هەر بە زمانی کوردی قسە دەکەن، زۆرجاریش دەیانبینی کە بیانەوێت نهێنییەکی خۆیان بۆ کەسی دەوروبەریان نەدرکێنن، لەبەینی یەکدا بە کوردی دەدوێن.

وێڕای ئەوەش لە زۆربەی ناهەنگ و شاییەکاندا دەهۆڵ و زورنا بەکار دەهێنن و گۆرانی کوردی دەچڕن، ئێستاش کوردە بەتەمەنەکانی ئیسرائیل بە گۆڕانییێژە کۆچکردووەکانی وەك محەمەد عارف و گوڵبەهار و حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان سەرسامن کە کاتێ ئەوان لە کوردستان بوون، ئەمانە باو و ناسراو بوون. لەم ساڵانەی دواییشدا هونەرمەندانی وەکو ناسر ڕەزازی و هاوسەرە کۆچکردووەکەی «مەرزییە» ناسران، چونکە لە سەرەتای ساڵی ۲۰۰۰ دا هاتنە ئیسرائیل و کۆنسێرتیان بۆ ساز کرا.

هۆیەکی تری ناشنابوون بە هونەر و مۆسیقای کوردی، کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانە کە زۆربەی زۆری کوردەکانی ئیسرائیل لە ماڵەوە سەیری ئەو کەناڵانە دەکەن کە زیاتر گۆرانی کوردی بەخش دەکەن. هەرچەندە کوردە جولەکەکان زیاتر لە شەست ساڵە لە کوردستان دابڕاون، بەڵام نەگۆڕاون و تاکو ئێستاش هەر بە کورد خۆیان ناو دەبەن.

ئیسحاق پیرەمێردێکی ۹۰ ساڵی دانیشتووی گوندی «مۆشاف میتاف»ـە، ئەو کاتی خۆی ماڵیان لە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بووە و تەمەنی ۲۵ ساڵ بووە کە لەگەڵ دایك و بابی بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە، بەپێی گێڕانەوەی خۆی کاتی لە هەڕەتی لاوێتیدا لە گەڕەکانی سلێمانی شتی وردەواڵەی فرشتووە و کۆڵان بە کۆڵان گەڕاوە و وەك خۆی دەڵێت:« یادگاری زۆرە لەگەڵ خەڵکی سلێمانی، کە نموونەی جوامێریی و ژیاندۆستی بوون.» ئێستاش ئەو خەریکی ئەو ئیشەی خۆیەتی کە چۆن لە کوردستان کردوویەتی، لە ئیسرائیلیش نزیکەی ۵۰ ساڵ دەبێت ئەو ئیشە دەکات و دوکانی وردەواڵە فرۆشتنی هەیە، بەڵام هێز و گوڕی جارانی نەماوە و منداڵەکانی یارمەتی دەدەن، رۆژانە ماوەی ۳ تا ٤ کاتژمێر دوکان دەکاتەوە و ئەگەر ڕۆژێك سەرما بێت، هەر نایکاتەوە و بۆخۆی لە ماڵەوە دەبێت.

گوندەکانی «مۆشاف میتاف، پەرەزۆن، ئەفیتاڵ مۆشاف» کە دەکەونە باکووری ئیسرائیلەوە، هەموو دانیشتوانەکانیان بە بنەچە کوردن و لە سەرەتای دروستبوونیانەوە ئەو کوردانەی تێدا نیشتەجێ بووە کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە. پیاوان و ژنانی بەتەمەنیان تا ئێستاش بە کوردی دەپەیڤن و هەر گوندەیان نزیکەی ٤۰ تا ۵۰ خێزانی تێدا دەژی. زۆر گوندی دیکەش هەن کە کوردیان تێدا دەژی بەڵام هەموو دانیشتوانەکانیان کورد نین، کورد لە ئیسرائیل بە گشتی نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبن، بەڵام لە ناوچەکانی ئیسرائیلدا پەرت و بڵاو بوون، هەرچەندە زۆربەیان لە ئورشەلیم و باکووری ئیسرائیلدا نیشتەجێن.

بە تایبەتی لەو لادێیانەدا وەك شارەدێ وان، هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکیان تێدایە، وەکو قوتابخانە و باخچەی ساوایان و پارك و بنکەی تەندروستی و گۆڕەپانی فوتبۆڵ بە شێوەی مۆدێرن، شەقام و شوستە و هێڵی تەلەفوون

و هەموو مالێك هێڵی گواستنەوەی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت و سوپەرمارکێت و بنکەی پۆلیس و بەشی بانك و گەلێك دامودەزگای تر، زۆربەی زۆری دانیشتوانەکانیان بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵەوە خەریکن، بەڵام بە شێوە نوێ کە نەوەك کوردستان کە ئاژەڵداری و مەڕ و ماڵات بەخێو دەکەن، بەڵکوو هەر جوتیارە و شوێنی تایبەتی دروست کردووە بۆ ئاژەڵەکانی، هەروەها کشتوکاڵ کردن لەم گوندانەی ئیسرائیلدا بە شێوەی دڵۆپاندنە کە هەموو جوتیارێك بۆ سەر زەوییەکەی خۆی ئاوی بە بۆڕی بۆچووە و پیوەری و دانراوە کە بڕانی چەند ئاو سەرف دەکات. بەڵام نەو ئاوەی کە بۆ کشتوکاڵ بەکار دێ ئاوی قورسە لەدوای پاڵاوتنی بۆ کشتوکاڵ بەکاری دەهێنن و بۆ خواردنەوە دەست نادات.

کوردانی ئیسرائیل بە گشتی هەموویان بە پەرۆشەوە حەز دەکەن سەردانی وڵاتی باب و باپیرانیان بکەن، هەموویان کورد و کوردستانیان خۆش دەوێ و ... «نیشان موردەخای» پیاونێکی تەمەن ۷۵ ساڵە و لە ناوچەی کەڵەك و بەردەڕەش لەدایك بووە، تاکو ئێستاش بە بەردەوامی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێ و ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لێدەخوڕێ، ئەویش لەم ساڵانەدا سەردانی کوردستانی کردووە، ناوبراو وتی: «من زۆر حەزم لەوەیە لە کوردستان بژیم تاکوو دەمرم، بەڵام بە مەرجێك کە مەترسی نەبێت لەسەر ژیانم، من ئامادەم لە کوردستان بژیم تاکو دەمرم هەر لەسەر خاکی باب و باپیرانم بمنێژن، چونکە من وا هەست دەکەم کوردستان بەهەشتی سەرزەمینە.»[٤٧]

• سەرچاوەکان:

۱. http://fa.wikipedia.org

۲. قوڕەیشی، د.فەزلوللا، ئێران ـ ئیسرائیل، دوو جەمسەرە گەرمەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی: عەلی حاجی زەڵمی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، ۲۰۱۳، هەڵەبجەی شەهید، ل ۲٤۳ ـ ۲٤٦.

۳. میران، د.ڕەشاد، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی، ۲۰۰۰. ل ۲۹ـ۳۰.

٤. س.پ.ل ۳۱

5. http://www.kurdistannet.org/arshif/net/8-2004/faili.htm نووسینێکی د.کمال سید قادر.

٦. html.۷۳۱۸_blog-post/۱۱/۲۰۱۱/http://alisidiq.blogspot.com

۷. باوەڕ، ئەحمەد، جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ۲۰۰۰، کوردستان، ل۱۰۳ و ۱۰٤.

۸. س.پ. ل ۱۱ـ۱٤.

۹. محمدی (کلهر)، أیت، سیری در تاریخ کرد و کردهای قم، چاپ اول، انتشارات پرسمان، سال ۱۳۸۲، ص ۳۰.

۱۰. سەرچاوەی ژمارە ۲، ل ۲۸۳ ـ ۲۸۵.

١١. بیّری، ئۆرا شۆرتس، جووەکانی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٥.

١٢. ژیانی ژنە جوولەکەیەك لە کۆیە و ئیسرائیل، یافا و موردەخابێن میناشێ، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، ٢٠١٠، کۆیە. ل ٧٩ ـ ٨٠.

١٣. سەرچاوەی ژمارە ٢، ل ٢٨٥ ـ ٢٨٦.

١٤. http://awene.com/dossier/٢٠١٣/٠٣/٢٥/٢٠٣٥٦

١٥ سەرچاوەی ژمارە ٣ لاپەرە ٣٠

١٦. سەرچاوەی ژمارە ٧، ل ٩٨و١٠٤.

17. http://www.dengiamerika.com/content/dino-dani-l-20mar11-118333094/967574.html

١٨. سەرچاوەی ژمارە ١٣.

19. http://www.bbc.co.uk/persian/world/2012/04/120411_l10_u01_israe-li_kurds.shtml

٢٠. سەرچاوەی ژمارە ٦.

٢١. سەرچاوەی ژمارە ٢ لاپەرە ٣٠

٢٢. سەرچاوەی ژمارە ٦.

٢٣. سەرچاوەی ژمارە ٢ ، ل٢٦٩ ـ ٢٨٢.

٢٤. سەرچاوەی ژمارە ١٠، ل ٣٠ ـ ٣١.

٢٥. سەرچاوەی ژمارە ١٠، ل ٥٨ ـ ٦١.

٢٦. سەرچاوەی ژمارە ١٠، ل ٦٣ ـ ٦٤.

٢٧. سەرچاوەی ژمارە١٣.

٢٨. سەرچاوەی ژمارە ١٨.

۲۹. سەرچاوەی ژمارە ۲ ،ل ۲۸۸.

۳۰. سەرچاوەی ژمارە ۷،ل ۱۱۵ و ۱۱٦.

31. http://en.wikipedia.org/wiki/Israeli%E2%80%93Kurdish_relations

۳۲. سەرچاوەی ژمارە٦.

۳۳. سەرچاوەی ژمارە ١٦.

۳٤. سەرچاوەی ژمارە ۱۸.

۳۵. سەرچاوەی ژمارە ۲،ل ۲۸۸.

۳٦. سەرچاوەی ژمارە ۲ ،ل ۲۸٦

۳۷. سەرچاوەی ژمارە۱۱،ل ۹.

۳۸. سەرچاوەی ژمارە ۲ ،ل ۲۸۹ ـ ۲۹۰.

۳۹. سەرچاوەی ژمارە ۱۳.

٤۰. سەرچاوەی ژمارە ۲ ،ل ۲۹۰ ـ ۲۹۱.

٤۱. سەرچاوەی ژمارە ۱۰،ل ۱۸.

٤۲. سەرچاوەی ژمارە ۱۰،ل ۲۱.

٤۳. سەرچاوەی ژمارە ٦.

٤٤. سەرچاوەی ژمارە ۱۰ ل ۵۸.

٤۵. سەرچاوەی ژمارە ۱۸.

46. http://www.radiofarda.com/content/f3_kurds_in_israel/24547128.html

٤۷. سەرچاوەی ژمارە ۱۳.

بەشی دووەم ۲

کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

٥. باسی شەشەم

کوردەکانی لوبنان

- چەند زانیارییەك لەسەر وڵاتی لوبنان
- سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ لوبنان
- شوێن و ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان
- ژمارەی کوردەکان لە لوبنان
- بنەماڵە و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە لوبنان
- ئایینی کوردەکانی لوبنان
- ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردەکانی لوبنان
- ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی لوبنان
- ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردەکان
- چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و ئاستی خوێندن لای کوردەکانی لوبنان
- هۆکارەکانی کۆچکردنی کوردەکان لە لوبنانەوە
- سەرچاوەکان

● چەند زانیارییەك لەسەر وڵاتی لوبنان

لوبنان وڵاتێکی بچووك و کوێستانیی لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیترانەیە کە پایتەختەکەی شاری «بەیروت»ـە. لوبنان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی سووریا، لە باشوورەوە لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ دەریای مەدیترانە هاوسنوورە.

هەتا پێش شەڕی نێوخۆیی ۱۹۷۵ ـ ۱۹۹۰ لوبنان وڵاتێکی دەوڵەمەند لە ڕوی چەکەوە و پایتەختی بانکداریی جیهانی عەرەب دەهاتە بەژمار و ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارەکانی دنیای بۆ لای خۆی ڕادەکێشا تا ئەو ئاستەی کە بەیروتیان وەك پاریسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسی و، هەروەها بە هۆی توانای دارایی زۆری لوبنان وەك سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناوبانگی کردبوو. دەسبەجێ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی ڕەوشە ئابوورییەکەی باشتر بکرێتەوە و ژێرخانی داتەپیوی سەرلەنوێ وەگەڕ بکەوێتەوە کە دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی لەم ساڵانەی دواییدا ئاشکرا بووە. هەتا پێش ساڵی ۲۰۰۶، سەقامگیریی و بونیادنانەوەی لوبنان کۆتایی پێهات و ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارەکان ڕوویان لە شوێنە گەشتیارییەکانی لوبنان کرد. بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕی ئیسرائیل ـ لوبنان لە ۱۲ی ژوئیەی ۲۰۰۶ ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی سەربازی و مەدەنی تووشی خەسار بوون و زیانی زۆریش بە ژێرخانی وڵات کەوت و حەشیمەتێکی زۆریش ماڵوێران بوون. لە سێپتەمبەری ۲۰۰۶ـەوە دەوڵەتی لوبنان بەرنامەی پێڕاگەیشتن بە شوێنە کاول بووەکانی بەیرووت و ناوایەکانی هەڵکەوتوو لە باشووری لوبنانی دەست پێکردۆتەوە.

لەبەر ئەوەی خەڵکی لوبنان لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا ڕوویان لە شارنشینی کردووە، زۆربەی حەشیمەتی ئەم وڵاتە لە شارەکان بە تایبەت لە بەیروتی

پایتەخت و دەوروبەریدا نیشەجێن و زیاتر لە نیوەی لوبنانیەکان لە بەیروووت ژیان بەسەر دەبەن.

لوبنان لە شەش پارێزگا (المحافظه) پێك هاتووە کە بریتین لە: ١-پارێزگای بەیروووت ٢-پارێزگای «جبل لبنان» ٣-پارێزگای باکووریی لوبنان ٤-پارێزگای بەقاع ٥-پارێزگای نەبتیە ٦-پارێزگای باشووری لوبنان. کە هەریەك لەم پارێزگایانەش چەند شارێکیان لەخۆگرتووە.

خەڵکی لوبنان لە گرووپی نەژادی و قەومی جۆراوجۆر پێك هاتووە کە دەتوانین ناماژە بکەین بە. عەرەب، ناشووری، سریان، نەرمەنی، کورد و جوولەکەکان. زمانی فەرمی لوبنان «عەرەبی»یە، بەڵام هەریەك لە کەمایەتیە نەژادییەکان بە زمانی خۆیان قسە دەکەن. زمانی فەرەنسیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

لەباری ئاینیشەوە لە لوبناندا چەند ئایین و مەزهەبێکی وەك ئیسلام بە شیعە و سوننەوە، مەسیحیەت بە مارونی و کاسۆلیك و ئۆرتۆدۆکسەوە، دەروزی و ... هەن. دامەزراوەی نیونەتەوەیی تۆڕینەوەیی ئەمریکا لە تۆڕینەوەیەکدا نیشانی داوە لوبنان لەسەرەوەی ئەو وڵاتانەیە کە سنوردارێتیی و بەرتەسك کردنەوەیەك لە بواری ئایینی لەسەر ئازادیی هاووڵاتیانی پیادە ناکات.

لەباری کولتوور و هونەرەوە کە ئەمڕۆکە لە بەرهەمە موسیقیەکانیدا خۆی دەردەخا کاریگەریی لەسەر نەتەوە عەرەبەکانی دیکەش داناوە. گۆرانیبێژە ناودارەکانی دنیای عەرەب زیاتر لوبنانین: ئەلیسا، نەوال ئەلزوغبی، هەیفا وەهبی، نانسی عەجرەم، وائیل کفوری، راغیب عەلامە.

لوبنان بۆ ماوەی هەزاران ساڵ شوێنی تێپەڕینی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان بووە. کەوایە جێی سەرسوڕمان نیە ئەم وڵاتە بچووکە خاوەنی فەرهەنگێکی زۆر دەوڵەمەند و زیندوو بێ. هەبوونی قەوم و ئایینی جۆراوجۆر یارمەتی

زۆری داب و نەریتەکانی وەك موسیقی، چێشت لێنان و جەژنەکانی لوبنانی داوە. بە تایبەت لە بەیروت کە رێورەسم و شەوئاهەنگ و کۆنسێرتی زۆر خۆش بەڕێوە دەچن. کۆمەڵگەی لوبنان مۆدێرن، خوێندەوار و لەوانەیە شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگە ئەوروپیەکانی مەدیترانە بێ. زۆربەی لوبنانیەکان دوو زمان دەزانن و بە عەرەبی و لوبنانی قسە دەکەن. بەم هۆیەوە لوبنان ئەندامی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وڵاتانی فەرەنسی زمانە. بەم حاڵەشەوە زمانی ئینگلیزی بەتایبەت لەنێو خوێندکارانی لوبنانی پەرەی سەندووە. ئەم وڵاتە نە تەنیا شوێنی بەربەککەوتنی مەسیحیەت و ئیسلام بەڵکوو دەروازەی پێکەوەبەستنی دنیای عەرەب و ئەورووپایە.

لوبنان هەروەها خانەخوێی زانکۆ بەناوبانگەکانی وەك زانکۆی لوبنان، زانکۆی ئەمریکیی بەیروت، زانکۆی سێنت جۆزف و زانکۆی ئەمریکایی لوبنانە. فستیوالی نێونەتەوەیی جۆراوجۆر لە لوبنان بەڕێوە دەچن کە هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان و خەڵکی زۆر لە لوبنان و وڵاتانی دیکە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لە گرنگترینی ئەو فستیوالانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە فستیوالە هاوینییەکان لە بەعلبەك، بیت الدین، بیبلوس.

لەباری میژوویییەوە دەتوانین بڵێین یەکەمین دانیشتووانی ناسراوی لوبنان، کەنعانییەکان، خەڵکێك لە نەژادی سامی بوون کە بە ئەگەری زۆر بازرگانیان لەگەڵ یۆنانیەکان کردووە و، یۆنانییەکانیان بە «فینیقی» ناو بردوون. فینیقیەکان قەومێکی دەریانەوەرد و بازرگان بوون و هەرێمەکەیان دەوڵەت شارە سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵاتی مەدیترانە و کۆچبەرنشینەکانی لێوارەکانی مەدیترانە بوون. کوروشی گەورە فینیقیەی گرت و بۆ ماوەی دوو سەدە هەخامەنشیەکان فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بوون. دوای ئەمە ئەسکەندەری مەکدۆنی، شاری «صور» (پێتەختی فینیقیە)ی گرت.

دەوڵەت و ئیمپراتۆریی جۆراوجۆر فەرمانڕەواییان بەسەر لوبنانـدا کردووە، بۆ وێنە شاکانی هەخامەنشی، ساسانی، یۆنانیەکان، ئیمپراتۆریەکانی ڕۆما و بیزانس، خەلیفەکانی موسوڵمانان، سەلیبیەکان و خەلیفەکانی عوسمانی.

(شەڕی نێوخۆیی: لە مانگی ئاوریلی ۱۹۷۵ی زایینی چەند چەکدارێک لە ڕۆژهەڵاتی بەیروت تەقەیان لە کلیسایەك کرد بۆ ئەوەی پیر جەمیل دامەزرێنەری حیزبی فالانژی لوبنان تیرۆر بکەن. دیارە ئەو ڕزگاری بوو بەڵام ئەم کارە بوو بە هۆی کۆمەڵێك لە دژکردەوە کە لە کۆتاییدا شەڕێکی ۱۵ ساڵەی نێوخۆیی لە لوبنان لێکەوتەوە.)[۱]

● سەردەم و هۆکاری کۆچکردنی کوردان بۆ لوبنان

مێژووی کورد لە لوبنان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ۱۲ ی زایینی واتا کاتێ ئەیووبییەکان گەیشتنە ئەوێ. چەند سەدە دواتر چەند بنەماڵە یان عەشیرەتی کوردی دیکە لەلایەن هێزە جۆراوجۆرەکان (بۆ نموونە عوسمانییەکان) نێردران بۆ لوبنان تا سەقامگیری ناوچەکە بپارێزن. کوردەکانی دیکە بە هۆی هەژاری و توندوتیژی لە کوردستان بۆ لوبنان کۆچیان کرد. ئەم گرووپە کوردانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە گەلێ لە ناوچەکانی لوبنان نیشتەجێ بوون و دەسەڵاتداریان کرد، بۆ نموونە میرەکانی سەیفە لە تریپولی، بنەماڵەی میربی لە ئاکار، جونبەلاتەکان و عیمادەکانی چیای لوبنان و بنەماڵەی حەمیە لە بەعەلبەك. ئەم بنەماڵە کوردانە کە ساڵەهای ساڵ لە زێدی خۆیان دوور بوون، بە تەواوی خۆیان لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لوبنانـدا ڕێك خستبوو و هەتا کۆتایی سەدەی ۱۹، بە تەواوی بیوون بە عەرەب.

کۆمەڵگەی هەنووکەی کورد لە لوبنان بەرهەمی چەند شەپۆلی کۆچبەرییە. یەکەم شەپۆلی گرینگ دوو دەیە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ڕوویدا، واتا کاتێك

کە هەزاران کورد لە دەستی توندوتیژیی و هەژاری کە لەو ساڵانەدا باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، هەڵاتن. زۆربەی ئەم کوردانە خەڵکی گوندەکانی ماردین و تورعابدین بوون. دووەم شەپۆلی گرینگی کۆچ لە سەردەمی نێوان شەڕی دووەمی جیهان و ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ ڕوویدا. بەشێکی مەزنی ئەم کۆچبەرە نوێیانە لە تورکیاوە چوون. بەشێکی زۆری ئەم کۆچبەرانە لە سوریاوە گەیشتنە ئەوێ و لە دەستی سەرکوتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسیی سوریا کە لە ساڵی ١٩٥٨ لەوێ دەستی پێکرد، هەڵاتبوون. باشتربوونی ڕێژەیی ڕەوشی ژیانی کوردەکان لە لوبنان و نزیک بوونی بەم وڵاتە بە کوردستان، دەورێکی گرینگی بینی لە هاندانی ئەم کۆچبەرە نوێیانە بۆ هەڵبژاردنی لوبنان وەک نیشتمانی نوێی خۆیان وەک شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی.[٢]

بەڵێ «لە کۆمەڵگەی لوبنانیشدا تووێژێک خێزانی کورد هەن کە توانیویانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی میژووی لوبناندا ببینن، ئەم خێزانانە لە سەردەمی جیاواز و بۆ مەبەست و ئامانجی جیاواز کۆچیان کردووە بۆ لوبنان، هەندێکیان لە سەردەمی داگیرکاری خاچپەرستەکاندا بۆ پاراستنی کەلێنەکان چووبوون نموونەی ئەیوبییەکان، هەندێکی تریان لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا هاتوون کاتێک کە چەند خێزانێکی کورد لە ناوچەی تەرابلۆس جێنشین بوون بە تایبەت لە (عەکار و چنیە) بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی مەمالیک لەسەر وڵاتی شام. کۆمەڵێکی تریان لە سەدەی حەفدەیەمدا پاش شۆڕشەکەی عەلی پاشا جانبولات لە ناوچەی (حەلەب ـ سیواس) ساڵی ١٦٠٦ لە دەستی (صدر الاعظم) مورات پاشا و والی شام سلێمان پاشا رایان کردووە.»[٣]

لە بەرایی سەدەی بیستەمدا چەند شەپۆلێکی ڕەوی نوێی کورد بۆ ناوچەکانی لوبنان ڕوویدا، بەڵام هۆکارەکانی بە تەواوی جیاوازن لە هۆکاری ڕەوە سەرەتاییەکانی کورد. هۆکار و قۆناغەکانی ڕەوی نوێی کوردەکان بۆ لوبنان

ئەمانەن:

ـــ لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، یەکەمین کۆمەڵی کورد کە ژمارەیان چەند سەد کەسێك دەبوو، بە هۆی ناهەمواری و نەهامەتی ژیان لە زێدی خۆیان لەلایەك، ترسان لە داپڵۆسینی تورکەکان کە لە جوڵانەوەی سیاسیی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا زندەقیان چوبوو لەلایەکی دیکە، ڕوویان کردە لوبنان. زۆربەیان لە کوردستان و لە (ماردین و تورعابدین)ـەوە چوون و کۆچکردنەکانیان بۆ چەند قۆناغێکی دواتر بەردەوام بوو.

ـ پاش شۆڕشی شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥ کە دژ بە کۆچپێکردنی بەکۆمەڵی کوردەکانی دیاربەکر هەڵگیرسا و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و وەحشیانە، لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتۆرکدا، سەرکوت کرا.

ـــ لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، بەپێی گێڕانەوەی یەکێك لە هاوواڵتیان (حاجی ئەحمەد ئەلعومەری کە کوردێکی ناوچەی (برج البراجنه)ـەیە، (٨٠٪)ی کوردە کۆچبەرەکانی لوبنان، نێوان ساڵانی ١٩٢٤ و ١٩٤٠ بە هۆی ئەم فاکتەرانەی لای خوارەوە ڕوویان کردۆتە لوبنان:

١ـ بارودۆخی گرانی و نارەحەتی ژیان کە کوردەکان پێیدا تێپەڕبوون لە تورکیا و هەواڵی خۆشی و سەرفرازی ژیان لە لوبنان کە لەلایەن خزمەکانیانەوە پێیان دەگات.

٢ـ ئیعدامکردنی سەدان کورد لە ئێران پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد لەلایەن دەسەڵاتی شاوە، ئەم مەسەلەیە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر وڕەی کوردی تەرکیا هەبوو لەلایەك و دەترسان لە دووبارەبوونەوەی هەمان کوشتن و بڕین لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە لەلایەکی تر.

ـــ دواترین شەپۆلی ڕەوی کورەکان ساڵی ١٩٨٠ بوو پاش کودەتا سەربازییەکەی جەنەڕاڵ (کەنعان ئەفرین) لە تورکیا، ئەفرین زۆر بە

توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵ کورددا دەکرد، ئەم سیاسەتەی ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ شەپۆلێکی دیکەی ڕەوی کوردەکان، بەڵام تەنها چەند سەد کەسێکیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەیشتنە لوبنان.

بێجگە نیە ئەگەر باسێك لە ڕێڕەوی کۆچبەرە کوردەکان بۆ لوبنان بکرێ، لەبەر ئەوەی زۆرترین ڕێژەی ڕەوی کوردەکان بۆ لوبنان لە تورکیاوە سەرچاوەی گرتووە، دەبێ بە وردی ئەو ڕێگایە بگرین کە پێیدا ڕەویان کردووە، بەم شێوەیە: لە ویلایەتەکانی دیکەی تورکیاوە ڕوویان کردوەتە ماردین، پاشان دەچوونە شاری (نسەیبین) لەوێشەوە سنووری سووریایان دەبڕی تا دەگەیشتنە شاری قامیشلی دواتر بۆ حەسەکە پاشان (دیر الزور) ئەمجار شاری حەلەب، لەوێشەوە ڕوویان دەکردە (حەمس و حەما) و لەوێوە سنووری لوبنانیان دەبڕی تا دەگەیشتنە شاری تەرابلوس، کە بەشێك لە کۆچبەرەکانی شاری (منیزل) و دەوروبەری لەوێندەر سەقامگیر بوون. لە تەرابلوسەوە بۆ بەیروت گەشتەکە کۆتایی دێت.

جێی بەبیرهێنانەوەیە لەو ناوچانەی کە کاروانی کۆچبەرە کوردەکانی پێدا تێدەپەڕی، لە هەر ناوچەیەك و چەند کەسێکیان نێشتەجێ دەبوون، نموونەی ئەوانەی کە لە شاری قامیشلی و گەڕەکی کوردەکان لە دیمەشق و هەروەها چیای (السیدە) و دەوروبەری حەلەب، نێشتەجێ بوون.[٤]

هەندێك کەسیش لەسەر ئەو ڕایەن کە «لەوانەیە کوردەکان یەکەم جار لە کاتی لشکرکێشییەکانی هەخامەنشییەکان گەیشتبنە لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیترانە، بەڵام ئەوەیکە بە دڵنیاییەوە لەمەڕ هەبونی کوردەکان لە خاکی لوبنان تۆمار کراوە، بۆ سەدەی دوازدەیەمی زایینی (شەشەمی کۆچی) دەگەڕێتەوە کاتێك سەلاحەددینی ئەیوبی، حکومەتی فاتمیانی لە میسر و شام ڕووخاند و دەوڵەتی ئەیوبیانی پێك هێنا و هێندێك لە بنەماڵە کوردەکانی وەك

حاکم بۆ ناوچە جیاجیاکانی ئەوێ نارد.

مەملوکییەکانیش کە دوای ئەیوبییەکان بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بوون، بۆ پاراستنی سنووورەکانیان کەڵکیان لە هۆزە کوردەکان وەرگرت و بەم شێوەیە ژمارەیەك لە کوردەکان لە باکووری لوبنان نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیش هێندێك لەو دەسەڵاتدارانەی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە جیاوازەکان دادەمەزرێندران، کورد بوون. هەروەها دۆڵ و کوێستانە سەخت و هەڵمووتەکانی لوبنان حەشارگە و پەناگەی ئەو کوردانە بوون کە شۆڕشیان بە دژی عوسمانییەکان و حاکمە خۆجێییەکان دەکرد و ڕایان دەکرد. بەناوبانگترینیان بنەماڵەی جونبوڵات بوون کە چوارسەد ساڵ پێش ئێستا هەڵاتن بۆ دەڕەی شوف و چوونەسەر مەزهەبی دەروزی و نەوەکانیان ئێستا بە بنەماڵەی ناوداری جونبوڵات ناسراون. زۆر لە نەوە و میراتگرەکانی ئەو بنەماڵە کوردانەی کە ئەو سەردەم کۆچیان کردووە بۆ لوبنان، هەنووکەش ئاگاداری ڕەچەڵەکی کوردیی خۆیانن بەڵام شوێنەوارێك لە زمان و کولتووریی کوردی لەنێویاندا بەدی ناکرێت ...» [۵]

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا بەم شێوەیە باس لە بوونی کورد لە لوبنان دەکرێت:

«هەر لە کۆنەوە کوردان لە چیای لوبنان هەبوونە، بەڵام لە سەردەمی ئەیووبی و مەملووکی و عوسمانییەکان زیاتر بوون، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چەند بنەماڵەیەکی دەرەبەگ و سیاسی لە ناویان سەری هەڵدا و بۆ ماوەیەکی زۆر فەمانڕەوایی چیای لوبنانیان کرد، کە مێژووی لوبنان بەوان پەیوەندە و هەر بەوانەوەش بەستراوە.

ئەیووبییەکان لە ساڵی ۱۱۳۹ی زایینی بەرەو لوبنان چوون (لە کاتی شەڕی سەلیبییەکان) بۆهاوکاری و بەرگری لە ئیسلام و موسوڵمانان، تا ئێستاکەش

نەوەکانیان هەر ماونەتەوە و لەگوندی (راس نحاش) لە قەزای (بترون) لە باکووری لوبنان.

کوردەکان لە دوای شەڕی سەلیبییەکان گەیشتنە لوبنان و دەسەڵاتداری و فەرمانڕەواییان لە هەرێمی (شوف) گرتە دەست، لە نێوان سەدەی شازدە و حەڤدەدا کە لە دوایی هەموو لوبنان کەوتە ژێر دەسەڵاتیان و دروزییەکانیش پێشوازیان لێکردن و چوونە سەر ئایینزای ئەوان کە بە بنەچە دەگەڕێنەوە سەر (معەن ئەیووبی کوردی)...»[٦]

بیویسە بگوتری سەرجاوەی سەرەکی کۆچی کوردەکان بو لوبنان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەر دوو ویلایەتی ماردین و تووربعابدین لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە بووە. گرنگترین ئەو ناوچانەی سەر بە قەزاکانی ویلایەتی ماردینن و سەرچاوەی سەرەکی کۆچی کوردەکانن، ئەمانەن: راشدية، راجذية، محلمية، معسرتي، مخاشنية، منيزل، مەرجە، متينا، كنداريب، جب الكراو.

● شوێن و ناوچەکانی جێی نیشتەجێبوونیان(دابەشبوونی جوگرافیی کوردەکانی لوبنان)

زۆربەی ئەو کوردانەی کە گەیشتوونەتە لوبنان، لە ناوچە کەمداهاتەکانی بێروت وەك عەینەلمەراسیە، ئەلبەستا، بورجەل بەراجنە، بورجی حەمود و گەڕەکە خوارەکانی شار وەك فورن ئەلشوباك، ڕەملە زەریف و زەقەلبلاد نیشتەجێن. ئەوانی دیکە، بە تایبەت ئەوانەی کە لە سوریاوە چوون لە شوێنە هەژارەکان وەك ئەلقەڕەنتینە ئەلمەسلەخ نیشتەجێن. جگە لە بێروت، زۆربەی کوردەکان لە سیدۆن، تریپولی و بوقاع لە نزیکی سنووری سوریا دادەنیشن. ڕەوشی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە پلەی یەکەمدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوە

عەشیرەتییەکانیانە کە هەرکام بە گوێرەی رەگ و بنەچەی خۆیان پێکهاتوون.

هەروەك هاوخوێنەکانیان لە شوێنەکانی دیکە، گەلێ لە کوردەکانی لوبنان شێوازە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێبوونی زۆرەملییان تەجرووبە کردووە. بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷٦، زۆربەی ئەو کوردانە کە لە کۆمەڵکوژی مەسیحیە مارۆنییەکان لە ئەلقەرنتینە ئەلمەسلەخ ڕزگاریان ببوو، بۆ ڕۆژئاوای بێروت، خەلدە، ئەلجناح و شوێنەکانی تری «کەرتی بەدبەختی» کە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوواڵاتیە کەمداهاتەکان بوو، گوێزرانەوە. (کەرتی بەدبەختی: هەژارترین گەڕەکەکانی دەوروبەری بێروت. پایتەختی لوبنانە. بە تایبەت لای ڕۆژهەڵات و باشووری بێروت)

هەتا ساڵی ۱۹۷۸ سەرجەم کوردەکانی دانیشتووی بەشە کەمداهاتەکانی بێروت وەك فورن ئەلشوباك و بورج حەمود لەلایەن مارۆنییەکانەوە ناچار کران بڕۆن بۆ «کەرتی بەدبەختی» و ئەو شوێنانەی کە پێشتر زۆرتر کوردنشین بوون[۷]

وەك لە باسی ئەو ناوچانەی کۆچبەرە کوردەکان ڕەویان لێوە کردووە (ویلایەتی ماردین)، باس کرا، لە چەند خانووبەرەکی نزیك لە یەکتر کۆبوونەوە. بە پاریزگاری و پاراستنی هەموو ئەو دابو نەریتە خێڵەکیانە کە لە دەوری نزیك بوونەوە لە یەکتر و دراوسێیەتی دەخولێنەوە. وەك لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دا دەرکەوتووە (مەبەست کێبی کورد، گەلی مەینەتییەکان)ـە، کۆچبەرەکانی ناوچەی (راشدییە و گوندەکانی دەوروبەری) لە زقاق البلاط دابەش بوون کە خانووبەرەکی کۆنی تێدایە جێگەی ۱۵ ماڵی تێدا دەبێتەوە بە خانەی ئەبو ئیبراهیم ناوزەد دەکرێت، و کۆچە سەرەتاییەکانی کوردەکانی لەخۆ گرتووە و وەکو ناوکێکە (ناوەندێکە) کە کوردەکانی ناوچە (زقاق البلاط) و ناوچەی (ریاض الصلح) هەروەها ناوچەکانی (کرنتینا و مسلخ)، لە دەوری کۆبوونەتەوە. .. پاش ئەو کوشتارەی خێزانە نیشتەجێبوەکانی (کرنتینا و مسلخ) بە تایبەتی

خێزانی (الزین) لە ساڵی ١٩٧٦ تووشی بوون، شەپۆلێکی ڕەوی فراوان لەو ناوچانەوە دەستی پێکرد و چەند خێزانێکیان لە ناوچەی (الجناح) لە شالیهاتی سان سیمون و سان میشال سەقامگیر بوون، تاوەکوو ساڵی ١٩٩٦ کاتێ کە پرۆژەی (الیسار) بۆ ئاوەدانکردنەوەی باشووری خۆرئاوای بەیروت دەستی پێکرد و بەرامبەر بە چۆلکردنی خانووەکانی ئەو ناوچانە، قەرەبوویان بەو خەڵکە دەدا.

هەندێکی تریان لە ناوچەی (وادی ابوجمیل) سەقامگیر بوون، لە ساڵی ١٩٩٦ پروسەی ڕووحاندن لەو ناوچانەیە دەستی پێکرد، بو پراکتیزەکردنی پرۆژەی (سولیدیر) (ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی کۆچبەرەکان)، بەم شێوەیە (سندووقی نیشتمانی کۆچبەرەکان) خاوەن خانووەکان و کرێچیەکان لە کۆمپانیای (سولیدیر)ەوە قەرەبوویان وەرگرت.

بەڵام کۆچبەرەکانی ناوچەی (معسرتی) و گوندەکانی دەوروبەری لە ناوچەی (برج البراجنە) لە گەڕەکی (السباعی) سەقامگیر بوون و بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دەرکەوتووە کە زۆربەیان لە بنەماڵەی (العمری)ن، بەڵام سەبارەت بە ژمارەیان، بەپێی گۆڤاری (الوهج، ژمارە ٢، کانوونی دووەم ١٩٩٥، ل ٣٣، بەیروت) زیاتر لە (١٠٠) خێزان لە (برج البراجنە)، یەکێك لە ناوچەکانی دەروازەی باشووری شاری بەیروت جێگیر بوون، هەروەها هەندێکی تر لە (معسرەتییەکان) لە ناوچەی (الباشووره) لە بەیروت سەقامگیر بوون.

بەڵام سەبارەت بە خەڵکی (منیزل) لە شاری تەرابلوس و لە گەڕەکانی (تربیعە، الزاهریە، صهر المغر و القبە) سەقامگیر بوون.

هەروەها خەڵکی (المخاشنە) لە گەڕەکانی (الدرکە) و ناوچەی (ریاض الصلح و حزن الشباك) سەقامگیر بوون، بەڵام لە کاتی شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٥، بەشێکیان ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت و لە گوندەکانی (الخیارە، الفرزل،

کفر زبدی) ناوچەی بیقاع جێگیر بوون.

لە کۆتاییدا، کوردەکانی ناوچەی (مرجە) کە لە ناوچەکانی (البسطا، عین المریسە، وادی ابوجمیل) نیشتەجێ بوون، پاشان لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باس کرا ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت.[۸]

ژمارەی کوردەکان لە لوبنان

ئەمڕۆ ۲۰ گرووپی جۆراوجۆری ئایینی و ئێتنیکی لە لوبنان دەژین. ئەم گرووپانە بریتین لە موسڵمانە سوننەکان. شیعە دوازدە ئیمامییەکان. دەروزییەکان. ئیسماعیلییەکان، عەلەوییەکان، مارۆنە مەسیحییەکان، کاتولیکە یۆنانییەکان، کاتولیکە رۆمیەکان، ئۆرتۆدۆکسە یۆنانییەکان، پرۆتستانەکان، یەهودییەکان، ناشوورییەکان (یان نەستوورییەکان)، کاتولیکە کەلدانییەکان، کۆپتەکان، ئەرمەنییە ئۆرتۆدۆکس یان گریگۆرییەکان، ئەرمەنییە کاتۆلیکەکان، کوردەکان، سیرکاسییەکان، بەهاییەکان و تورکمەنەکان.

لەنێو ئەم گرووپانەدا، کورد دووەمین گرووپی مەزنی غەیرە عەرەبن کە تەنها ژمارەی ئەرمەنییەکان لەوان زۆرترە. بەهەرحاڵ هیچ ئامارێکی ڕەسمی یان هەڵسەنگاندنێکی ڕێژەیی لەمەڕ حەشیمەتی کورد بوونی نییە. هۆکاری ئەم مەسەلەیە دوو شتە: یەکەم لەبەر ئەوەی کە لە ساڵی ۱۹۳۲ بەملاوە هیچ سەرژمێرییەکی ڕەسمی لە لوبنان ئەنجام نەدراوە و دووەم لەبەر ئەوەی کوردەکان ناسنامەی ئێتنیکی خۆیان لە گرووپەکانی دیکەی لوبنان دەشارنەوە.

حەشیمەتی کوردەکان پێش ساڵی ۱۹۵۸، لە نێوان ٦٠ هەزار هەتا ۹۰ هەزار کەس بووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هەزاران بنەماڵەی کورد لە میانەی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتی لوبنان هەڵاتن، بیروڕا ئەوەیە کە ئەمڕۆ حەشیمەتیان لەنێوان ۷۵ هەتا ۱۰۰ هەزار کەس دەبێت.[۹]

دەربارەی ژمارەی کوردەکانی لوبنان ڕای جیاواز و ژمارەی جیاواز دەردەبڕدرێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك گرنگترینیان نەبوونی ئاماریّکی ڕەسمی گشتگیرە (سەبارەت بەوانەی ڕەگەزنامەیان پێدراوە و ئەوانەی پێیان نەدراوە) هەروەها ئاماژەنەکردن بە ئینتیمای نەتەوەیی لە کارتی ناسنامەکەدا (سەبارەت بەوانەی ڕەگەزنامەیان پێدراوە)، ئەمە جگە لە نەبوونی چاودێرییەکی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی، بۆ کاروباری ئەم کۆمەڵە بەشەرییە (واتە کورد)، وەك ئەوەی ئاژانسی (الانروا) بۆ دالّدەدانی پەنابەرە فەلەستینیەکان.

بۆیە دەبێت پشت بە چەند مەزندەکردنێك و چەند داتایەکی ناماریی (کە ورد نییە) ببەستین، بۆ دیاریکردنی ژمارەی کوردەکانی لوبنان، بۆ نموونە (جەمیل مەحۆ) دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان (پارتی)، ژمارەی کوردەکان بە نزیکەی (۷۰) هەزار کەس مەزەندە دەکات (ڕۆژنامەی السفیر، ۱۹۷/۱۲/۲۸). بەڵام محەمەد جەمیل محۆ کە لە پارتەکەی باوکی جیابۆوە، لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی (تێڕوانینێکی نوێ بۆ دۆزی کورد) کە لە ساڵی ۱۹۷۷ بڵاوی کردۆتەوە، پێی وایە ژمارەی کوردەکانی لوبنان نێوان (۷۵ـ۱۰۰) هەزار کەس دەبێت.

هەروەها گۆڤاری (المارونی) ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی کوردەکانی لوبنان (۹۰) هەزار کەسن، بەڵام ڕۆژنامەی الاتوار بە نزیکەی ۳۵ هەزار کەس مەزەندەیان دەکات.

لەڕاستیدا هەموو ئەم ژمارانەی باس کران، ئاماژەیە بە ژمارەی کوردەکان پێش ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی کۆچکردن(لە بەشێکی تایبەتدا باس دەکرێت) کە تیایدا زیاتر لە (۵۰٪)ی کوردەکان لوبنانیان بەجێهێشت...

لە پاشکۆی ڕۆژنامەی (النهار، ژمارەی ڕۆژی ۱۹۹۳/۱۰/۲) بڵاو بۆتەوە کە: «ژمارەی کوردەکانی لوبنان پێش شەڕ خۆی لە (۲۰۰) هەزار کەس دەدا،

بەڵام ئێستا پاش کۆچکردنی زۆربەیان بۆ ئەڵمانیا و سوید و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، تەنها (۱۵) هەزار کەسیان ماونەتەوە.[۱۰]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە: ژمارەی کوردەکانی لوبنان نزیکەی (۱۵۰ ـ ۲۰۰) هەزار خێزانە و زیاتر لە ۷۰٪ ناسنامەی کاتییان هەیە، کە سااڵنە نوێی دەکەنەوە، هەروەها زۆریشیان چوونە وڵاتەکانی ئەمریکا و ئوروپا لە کاتی شەڕی ناوخۆی لوبنان.[۱۱]

هەروەك ئاماژەی پێدرا، دەربارەی ژمارەی کوردەکان لە لوبنان ڕای جیاواز و ژمارەی جیاواز هەیە. ئەوەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە نەتوانراوە ئاماژەیکی ڕەسمیی گشتگیر سەبارەت بەم کوردانە بخرێتەڕوو. بەڵام ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێ و دەبێ وەك ڕاستییەکی مێژوویی سەیری بکرێ ئەوەیە کە، ژمارەیەکی زۆری کورد لە لوبنان هەن کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و لەگەڵ هەموو کەندوکۆسپ و کۆچکردنەکان، ئێستاش هەروا لەو وڵاتە ماونەتەوە و کورداییەتیی و کوردبوونی خۆشیان لەبیر نەچۆتەوە.

● بنەماڵە و کەسایەتییە ناوداڕەکانی کورد لە لوبنان

هەروەك لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەی پێکرا، لە لوبناندا چەند بنەماڵە و کەسایەتیەك هەن کە بە ڕەگەز کوردن و خزمەتێکی زۆریشیان بەم وڵاتە کردووە. لێرەدا تەنیا بە کورتی باس لە گرنگترینی ئەو بنەماڵە و کەسایەتییانە دەکەین ئەگینا بێجگە لەم چەند بنەماڵەیە، زۆر بنەماڵەی تری وەك بنەماڵەی شەها، بنەماڵەی خدرئاغا، بنەماڵەی عبود، بنەماڵەی فەزڵ و مەعنییەکان و .... هەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین گرنگترین بنەماڵە کوردەکانی لوبنان بریتین لە:

۱ـ ئەیووبییەکان (الایوبیون)

لە تکریتەوە کۆچیان کرد بۆ موسڵ، لەوێشەوە لە ساڵ ۱۱۳۹گەیشتنە

لوبنان بە تایبەت شاری بەعەلبەك، پاشان زنکی ئەیوبی کوڕی شازی باوکی سەلاحەددینی ئەیوبی بە والی شاری بەعەلبەك دامەزرا.

ئەوەی کوردێتی بنەماڵەی ئەیووبییەکان دەسەلمێنی ئەو نووسینەی (کەمال الصلیبی)یە کە دەڵێ: (پادشای سەرکەوتوو سەلاحەدین یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شازی، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر، ئەیوبی کوڕی شازی و شێرکۆی برای لە کوردەکانی تکریت بوون لە عێراق) (کمال الصلیبی، منطق تأریخ لبنان، موسسە نوفل، گ ۲، بەیروت ۱۹۹۲، ل ۱۰۷) ئەوەی کە دووپاتی ئەو ڕایە دەکاتەوە، ئەو وتەیەی میزوونووس «طنوس الشدیاق» لە کتێبی (اخبار الاعیان فی جبل لبنان، منشورات الجامعه اللبنانیه، بیروت ۱۹۷۰، ج ۱، ل ۱۹۰)یە کە لە کاتی باسکردنی بنەماڵە لوبنانیەکاندا دووپاتی کردۆتەوە کە ئەیوبییەکان چەند میرێکی کوردن لە ناوچەی (الکورە) نیشتەجێبوون. هەروەها (کمال الصلیبی) کە ئاماژە بە بوونی ئەیووبییەکان لە ناوچەی باکووری لوبنان دەکات پێی وایە:« لە سەردەمی ئەیووبییەکاندا، یەکێك لە میرەکانیان قەڵایەکی هەبوو کە (مسیلحه) کە دەکەوێتە یەکێك لە دۆڵەکانی باکووری لوبنان و لەسەرووی شارۆچکەی (بەترۆن)ەوەیە.. تا ئێستاش شورا جوانەکانی ماوەتەوە...)(کمال الصلیبی، بیت بمنازل کثیره، الکیان اللبنانی بین التصور و الواقع، ـ: ۲، موسسە نوفل، بیروت ۱۹۹۱، ل۱۸۲) ئەمە لە کاتی باسکردنی ڕەوشی سیاسی لوبنان لە سەردەمی فاتمییەکاندا، بەشی باشووری چیاکانی لوبنان کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی فاتمییەکان، بەڵام عەرەبە موراد سییەکانی دەسەڵاتدارانی حەلەب فەرمانڕەوایی باکووریان دەکرد، لەو سەردەمەدا چەند سەربازێکی کورد نیشتەجێ کران لەو ناوچانە، لەوانە ئەیووبییەکان، کە نەوەکانیان تا ئێستا لە گوندێکی سەر بە قەزای بەترۆن لە باکووری لوبنان کە پێی دەوترێ (رأس نحاش) ماونەتەوە، هەرچەندە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان کز بووە، بەڵام هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە نازناو و مەکانەتی میرنشینەکەیان بکەن.

۲ـ بنەماڵەی سەیفا

ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان لە ژیانی سیاسیی لوبنان و لەسەر شانۆی ڕووداوەکاندا بینیوە، بە تایبەت لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و لە ململانێیان لەگەڵ بەرپرساندا، ڕای (ئیبراهیم بەگ ئەلئەسوەد) باشترین پشتگیرییە بۆ کوردێتی خێڵی سەیفا کە دەڵێ: «چەند میرێکی کوردن نێوان ساڵانی ۱۵۲۸ و ۱۵۷۹ی زایینی، توانیان حوکمڕانی میرنشینەکەیان بکەن، کاتێ کە میریوسف سەیفا گەیشتە پلەی وەزیر و ساڵی ۱۵۷۹ بە والی تەرابلۆس دامەزرا.» هەروەها دکتۆر (فیلیپ حتی) لە کتێبی (تأریخ لبنان منذ اقدم العصور التأریخیه الی عصرنا الحاصر) بەم شێوەیە تەم مەسەلەیەی ڕوون کردۆتەوە «پاش نەوەی عەساف، رکابەرەکانیان (نەوەی سەیفا) لە عەکار دەسەڵاتیان گرتە دەست، کە بە ڕەگەز و ڕەچەڵەك کوردن و تەرابلۆسیان بە بارەگای سەرەکی خۆیان دانا». بەڵام چەند ڕایەکی جیاوازیش هەیە کە خێڵی سەیفا بە تورکمان دەزانن، ئەوەتا دکتۆر عەبدولڕەحیم ئەبو حوسێن دەڵێ:«پاش ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژە وا دەزانرێ کە خێڵی سەیفا کوردن، ئێستا دەرکەوتووە کە سەیفییەکان تورکمانن...»

۳ـ مەراعیبەکان (المرابعه)

بە ڕەچەڵەك کوردن و لە خێزانە دێرینەکانی لوبنانن، ئەوەی کە پشتگیری کوردێتی ئەم بنەماڵەیە دەکات، ڕای ئەحمەد محەمەد ئەحمەدە لە نووسراوەی (اکراد لبنان و تنفیمهم الاجتماعی و السیاسی، مکتبه فقیه،گ:۱ بیروت ۱۹۹۵): «..چەند میرێکن دەگەڕێنەوە سەر باپیرەگەورەیان (مرعب) کە یەکێکە لە ئاغا (بەگ)ـە کوردەکانی ناوچەی هەکاری..». هەروەها ئەوەی لە ڕۆژنامەی (ئەلحەیات)دا هاتووە (بنەماڵە کوردەکانی لوبنان چەند مەزهەبێکی ئیسلامی

جیاوازیان هەیە.. لەوانە خێڵی (مرعب) سوننە مەزهەبن..(ڕۆژنامەی (الحیاە، ٢٨ی ئابی ١٩٩٣). ئەم نووسینە خۆی لە خۆیدا ئاماژە کردنێکە بە ئینتیمای مەراعیبەکان بۆ ڕەگەزی کورد.

شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم خێڵە تاوەکوو سەردەمانێکی نزیک مووڵکداری قەزای عەکار بوون و پشتگیرییەکی جەماوەرییان لەو قەزایە هەیەو یەکێك لە نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە بە ناوی (طلال المرعبی) ساڵی ١٩٧٢ جێگری کورسی سوونەکان بووە لە پەرلەمان لەقەزای عەکار، تاوەکوو ساڵی ١٩٩٢ دووبارە بۆ هەمان پۆست هەڵبژێردرایەوە. دیسانەوە ساڵی ١٩٩٦ هەمان منمانەی بۆ هەمان پۆست بەدەستهێنا.

٤ـ جەنبوڵاتیەکان (الجنبلاطیون)

چەند بەڵگەنامەیەك لەبەر دەستایە کە کوردێتی ئەم خێڵە دەسەلمێنێ بە تایبەت گەر بگەڕێینەوە سەر ڕەگ و ریشەی وشەکە، (جان) واتە جەستە(گیان) و (بولاژ) واتە (پۆڵا)، کەواتە ئەم ناوە مانای (گیان پۆڵایین) یان (جەستەی پۆڵایین) دەگەیەنێت، ئەو ڕاویژووانەی کە باس لە ڕەچەڵەکی خێڵی جەنبوڵات دەکەن ئەمانەن: دکتۆر (کمال الصلیبی) لە کتێبی (بیت بمنازل کثیرە، الکیان اللبنانی بین التصور و الواقع، ـ ٢، موسسە نوفل، بیروت ١٩٩١، ل١٩٦) دەڵێت:« .. خێزانێك لە خێزانە کوردەکانی باکووری شام کە خێزانی (جانبوڵاتە) لە ساڵی ١٥٩١ دەسەڵاتداریتی ئەیالەتی حەلەبی گرتەدەست..» هەر لەم بارەیەوە دکتۆر (فیلیپ حتی) ڕای وایە «.. عەلی جانبولات کە سەرکردەیەکی کوردە ویلایەتی حەلەبی بۆ خۆی دابڕیبوو، بۆ ئەم مەبەستەش هاوپەیمانێتیان لەگەڵ میر فەخرەدین هەبوو..» هەروەها دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز عومەر لە لاپەڕە ١٦٦ی کتێبی (تأریخ المشرق العربی ١٥١٦ ـ ١٩٢٢، دار النهضة

العربیه، بیروت ۱۹۸٤) هەمان ڕای هەیە:«میر فەخرەدین لەگەڵ میری کوردی عەلی پاشای جانبولاتدا هاوپەیمانێتی هەبوو..» سەرەڕای هەموو ئەمانەش (ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی) بەم شێوەیە باسی بنەماڵەی جەنبولاتی کردووە:«.. خێزانێکن لە میرەکان بە ئینتیما کوردن و بە مەزهەب (دەروزین)، لە لوبناندا جێگیر بوون و تا ئەم ڕۆژانەش (حزبی جەنبولاتی چالاك)یان پێکهێنابوو..».

٥ـ ئامێدییەکان (العمادیون)

دەگەڕێنەوە سەر باپیرە گەورەیان (عیماد)، لە شاری ئامێدی نزیك شاری موسل لە عێراق، ئەوەی پشتگیری ئینتیمایان بۆ کورد دەکات ڕای دکتۆر (سلیم الهشی) یە:«..بە خزمایەتی دەگەنە عیمادی دەوڵەتی (دەیلەمی) کوردی کە حوکمڕانی ناوچەی ئامێدییان دەکرد..ئەم خێڵە ڕۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی لوبنان بە گشتی و (دروز) بە تایبەتی بینیوە، ئەویش بە سەرکردایەتی کردنی حزبی یەزبەکی، ئەمە بەپێی گێڕانەوەی دکتۆر عومەر عەبدولعەزیز عومەر «...قەیسییەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشبوون بەسەر دوو حیزبی سەرەکی .. جەنبولاتی و یەزبەکی (یەزبەکیەکان بە نەسەب دەگەڕێنەوە سەر سەرکردەیەك لە خێڵی (عیماد ـ ئامێد) کە ناوی شێخ عەبدولسەلامی ئامێدیە... شوێنکەوتووەکانی بە یەزبەکی بانگ دەکران، چونکە باپیرەگەورەیان (شێخ ئامێد) یەزبەکی بوو...»

لە کۆتاییدا پێویستە باس لەوە بکەین کە نەوەی حەمییە (حمیە) بنەماڵەیەکی کوردی شیعە مەزهەبن لە شارۆچکەی (بەتاریا)ی ناوچەی بیقاع حاڵی حازر نیشتەجێن، ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ باپیرە گەورەیان (حمۆی کوردی) لە عێراقەوە ڕوویان کردۆتە لوبنان. [۱۲]

● ئایینی کوردەکانی لوبنان

ڕێژەی (٩٩,٦٪)ی کوردەکانی لوبنان موسوڵمانی سوننەن و لەسەر مەزهەبی ئیمامی (شافیعی)ن، ئەم ئینتیمایە عەرەب و کوردەکانی ماردین دەگرێتەوە، بەڵام ئەم ڕێژە زاڵەی موسوڵمانان، ڕێگر نەبوو لە بوونی ڕێژەی (٠,٤٪)ی خێزانەکان کە پابەندی ئایینی یەزیدین...

لەلایەکی ترەوە مزگەوتێکی تایبەت بە کوردەکان لە ناوچەی ـ برج البراجنه ـ (دەروازەی باشووری شاری بەیروت) هەیە، کە خوالێخۆشبوو حاجی (عمر العمری) ساڵی ١٩٦٣ دروستی کردووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کوردەکانی لوبنان ئەرکە ئایینییەکانی وەکوو ڕۆژو و نوێژ و حەج بەجێدێنن.[١٣]

● ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کوردەکانی لوبنان

ڕەوشی کۆمەڵایەتیی: لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ بە کورتی باس لە چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەکان لە لوبنان و هەندێ لە کێشەکانیان بکرێ:

ـ هاوسەرگیری و ژیانی هاوبەش

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنخوازەکان و شووکردەوەکان (هاوسەرێتی) بەسەر ئەوانەی لە قۆناغی سەڵتی دان، مەسەلەیەکی باو و بڵاوە لە کۆمەڵگە هەژارەکاندا بە گشتی، کوردەکانی لوبنانیش لەم ڕێسایە بەدەر نین. هەر لەگەڵ گەیشتنی گەنج بە تەمەنی بالقبوون، لە کۆمەڵگەی کوردیدا بیرۆکەی هاوسەرێتی لا دروست دەکرێت، ئەمە بە فاکتەری سەرەکی دابەزینی ڕێژەی سەڵتی مێینەی کورد بەرامبەر بەڕێژەی سەڵتی مێینەی لوبنان بە گشتی دادەنرێت، ئەگەرچی لە سێ قۆناغی یەکەمی تەمەندا بەم شێوەیە نەبوو،

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

یەکەم: ئەو داب و نەریتە خێڵەکیانەی کە لە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، کە هانی زاوزوێ و منداڵبوون دەدات، بۆ ئەوەی ژمارەی ئەندامانی لە خێڵەکانی دیکە زیاتر بێت، لەلایەکی ترەوە بە عەیبە سەیرکردنی ئەو گەنجانەی (نێر و مێ) کە تەمەنی تەقلیدی هاوسەرێتیان بڕیوە، وەك چۆن ئەم حاڵەتە لە سەرجەم کۆمەڵگە کلاسیکیەکاندا باوە.

دووەم: بە هۆی گرنگی نەدان بە خوێندنی منداڵان (بە تایبەت مێینە) لاوان وا لێ دەکات بیر لە هاوسەرێتی بکەنەوە بێئەوەی حیساب بۆ ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ئایندەیان بکەن، لەلایەکی ترەوە ئامانج لە بیرۆکەی هاندانی هاوسەرێتی پێشوەخت باشکردنی باری ئابووریە، چونکە هەندێکیان باوەڕیان وایە زۆری منداڵبوون زۆریی هێزی کاری لێ دەکەوێتەوە، کە دەبێتە هۆی زیاترکردنی بەرهەم چ لەلایەنی کشتوکاڵیەوە بێ (کە چالاکی ئابووری سەرەکی کوردەکان بوو پێش ڕەوکردنیان بۆ لوبنان) یان بازرگانی یان پیشە و ئیش و کارەکانی تر.

سێیەم: گرنگی نەدان بە بەردەوامی خوێندن لە باو و باپیرانەوە بۆ نەوەکانیان ماوەتەوە، لەم حاڵەتەدا قورسایی و ناهەمواری زۆر ناکەوێتە سەر زۆری منداڵبوون، چونکە منداڵەکان گرانی دانی قیستی خوێندنگە یان کتێب و پەڕاوگە، ناخەنە سەر کەس و کاریان.

چوارەم: هەرکە مێینە دەگاتە تەمەنی باڵقبوون، بیرۆکەی «ناموس پارێزی» دێتە ئاراوە، بۆیە پەلە ئەکەن لە بەشوودانیان، ئەم حاڵەتە لە زۆربەی کۆمەڵگا کۆنەکاندا باو بووە و تا ئێستاش لە هەندێك لەو کۆمەڵگایانە بەربڵاوە، ئەمە سەرەڕای ئەو عەقڵیەتە کۆنە (کە ئێستا تا ڕادەیەك نەماوە) کە پاڵی بە پیاوانەوە دەنا کچە تازە پێگەیشتووەکان بە باشتر بزانن بۆ هاوسەرێتی، ئەمە وەکوو ڕێسایەك خۆبەخۆیی ماوەتەوە.

پێنجەم: بەو پێیەی کە کوردەکان کەمینەیەکی نەتەوەیین (ئەگەرچی بە شێوەیەکی رێژەیی تێکەڵ بوون بە کۆمەڵی لوبنانی) بۆتە پاڵپێوەنەرێك بۆ هاندانیان لەسەر ژن خواستن بۆ فراوانکردنی نفووزی بەشەرییان لەنێوان ئەو زۆرینەیەی تێیدا دەژین، ئەم ڕایە پیاوە بەتەمەنەکان لەسەری کۆك بوون.

شەشەم: لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێکی موحافیزکار و دیندارن، تاکە چارەسەری بۆ پرکردنەوەی ئارەزووە فسیۆلۆجیەکان، هاوسەرێتیە. بۆیە ڕادەی سەڵتی نێرینە و مێیینە دادەبەزێ.

بەڵام بەپێی تۆێژینەوەیەکی مەیدانی کە لەنێو کوردەکانی لوبنان کراوە، دەرکەوتووە کە دیاردەی هاوسەرێتیی پێشوەخت لەلای هەردوو ڕەگەزی نێرینە و مێیینە لە پاشگەزبوونەوە دایە. دیارە ئەمەش چەند هۆکارێکی لە پشتە کە لە گرنگترینی ئەو هۆکارانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

ــ دابەزینی ڕێژەی نەخوێندەواری(نێر و مێ) بووە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرێتی. لەلایەکی تریەوە گەشەکردنی ئارەزوو و ئامادەیی باوکان بۆ بەردەوامی دان بە خوێندنی منداڵەکانیان (بەتایبەت مێیینە) بە ڕێژەیەکی زۆر باش یارمەتیدەر بوو بۆ بەگەڕ خستنی چالاکیی فیکری مێیینە تازە پێگەیشتووەکان لە خوێندنگە، لە بری ئەوەی پێشوەخت بە شوو بدرێن.

ــ دابەزینی ئاستی بژێوی لە لوبنان بە گشتی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوبەش بوو لە دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرێتی نێوان زۆربەی تۆێژەکانی کۆمەڵی لوبنانی، بۆیە ئەم ڕەوشە لەسەر گەنجە کوردەکان (نێر و مێ) پراکتیزە دەبێ، کە پێیان وابوو هاوسەرێتی لە سایەی ئەم بارودۆخە نالەبارەی ژیان کارێکی گرانە، بۆیە وای لێ کردن وەستانێکی کاتی ئاساییی بکەن پێش ئەوەی دەست بە پرۆژەی لەو جۆرە بکەن، لەئەنجامدا تەمەنی هاوسەرێتی

لای هەردوو ڕەگەزەکە دوا دەکەوێ.

ــ هەروەها ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و خەتەرناکەی لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا کەوتەوە باری ناسەقامگیری، کە لوبنانیەکان بە گشتی تێیدا دەژیان، لاوانی دوودڵ و ڕاپا کرد و خستیانیە داوی ئایندەیەکی نادیارەوە، بە تایبەت ئەو کوردانەی کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا (بە تایبەت شەری ساڵانی ۱۹۷۵ و ۱۹۷٦) دووچاری زنجیرەیەك کوشتار و کۆچ پێکردن بوون لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان لە لوبنان وەکوو: برج محمود، الکرنتینا، المسلخ، تل الزعتر... و ئەوانیتر. بێگومان ئەم حاڵەتە هاندەر نیە بۆپرۆسەی هاوسەرێتی و گەشەکردن لە سایەی ترس و ڕاڕایی بەردەوام، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرێتی.

ــ جێگیربوونیان لە شارەکان، بە تایبەت شاری بەیروت، شێوازێکی نوێ و دیدێکی جیاوازی بۆ ژیان پێبەخشین، لەوانە بیرۆکەی دواخستنی تەمەنی هاوسەرێتی لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە لەلایەك و لەبەر هۆشیاریان بۆ خەتەرناکی هاوسەرێتی پێشوەخت و ڕەنگدانەوە نێگەتیڤیەکانی لەسەر ژیانی هاوسەرەکان لەلایەکی ترەوە، کە بۆ نەوەی ئایندەش دەمێنێتەوە و زۆربەیان درکیان بەو کێشانە کردووە کە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی هاوسەرەکان لەیەکتری پێش هاوسەرێتیان دەکەوێتەوە کە زۆرجار لە حاڵەتی هاوسەرێتی پێشوەختدا ڕوو دەدات، چونکە هاوسەرەکان لەتەمەنێکدان یارمەتیدەر نیە بۆ تێگەیشتنیان لە ژیان و کێشەکانی.

باس لە تێکڕای تەڵاق و هۆکارەکانی و هەروەها دیاردەی فرەژنی لەنێو کوردەکانی نیشتەجێی لوبنان ناکەین و داوا لە خوێنەران دەکەین بۆ ئاگادار بوون لەم بابەتانە لاپەڕەکانی ۱۱۷ هەتا ۱۲۷ی کتێبی (کورد، گەلی مەینەتیەکان) بخوێننەوە. بەڵام لێرەدا بە کەڵك وەرگرتن لە هەمان سەرچاوە، باس لە بابەتێکی گرنگ دەکەین کە ئەویش کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەکان لەو وڵاتە دایە.

أ. پزیشککاری و چاکبوونەوە (چارەسەر وەرگرتن)

ئەو کوردانەی ئیش و کاری سەربەست دەکەن یان لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، بەدەست کێشەی چاك بوونەوەوە دەنالێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێبەشبوونیان لە ڕەگەزنامەی لوبنانی و کاریگەریی لەسەر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، کە گرنگترینیان لایەنی تەندروستیە. هەرچەندە کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنانی توانی لە ساڵی ۱۹۶۷ بنکەیەکی تەندروستی دابمەزرێنێت (کە ساڵی ۱۹۶۸ خرایە سەر بوژانەوەی کۆمەڵایەتی)، هەروەها ساڵی ۱۹۷۱ یادداشتنامەیەکیان بە وەزیری تەندروستی گشتی دەرکرد. تێیدا مۆڵەت دەدا بە کوردە بێڕەگەزنامەکان، چارەسەر لە سەرجەم دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستی وەربگرن بەرامبەر بە پشتگیریەکی ــ ناساندنێکی ــ کۆمەڵە بۆیان، لەلایەکی تریەوە نەخۆشخانەکانی سەر بە کۆمەڵە جیاجیاکانی کوردەکان لە توانایاندا نەبووە بە تەواوی پێداویستییەکانی نەخۆشەکان دابین بکەن لەم بارەیەوە پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی کۆمەڵەی ــ الارز ـ بکەین، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان کە نەگەرچی هەموو جۆرە پسپۆرییەکیان ناگرێتەوە، بەڵام بەرامبەر وەرگرتنەکەی شتێکی زەمزیە و تەنها بۆ دابینکردنی کرێی ماندووبوونی ئەو پزیشکانەیە کە لەوێ کار دەکەن (دیارە ئەم بابەتە ساڵی ۱۹۹۹ نووسراوە و سروشتیە تا ئێستا هێندێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ).

ب. نیشتەجێبوون

دیارترین کێشە کە ڕووبەڕووی کوردەکان بۆتەوە تا ئێستا بەردەوامە، کێشەی نیشتەجێبوونە. بە تایبەت پاش ئەوەی وەزارەتی کاروباری کۆچبەرەکان دەستی کرد بە دانی قەرەبوو بەرامبەر بە چۆڵکردنی خانووبەرە داگیرکراوەکان. ئەم

قەرەبووکردنەوەیە بەشی دابینکردنی خانووبەرەی دیکەی نەدەکرد تەنانەت لە دەرەوەی پایتەختیشدا، بۆیە زۆربەی ئەو خێزانانەی کە خانووبەرەکانیان چۆڵ کرد پاشان خانوویان بە کرێ گرتووە، کێشەکە دوا خرا تاوەکوو بڕە پارەکە خەرج کرا.

لەلایەکی تریشەوە کێشەی نیشتەجێبوون تەنها تایبەت نییە بەو خێزانانەی کە دەرکراون و ئەو خانوانەی کە داگیریان کردووە و چۆڵ کراوە. بەڵکوو خاوەندارە کۆنەکانی خانوبەرە لە بەیروت پاش پرۆسەی هاوسەرێتی نەوەکانیان دووچاری نەم کێشەیە دەبەوە. و لە دەرەوەی پایتەختیش بەدوای خانووبەرەدا دەگەڕێن (لەبەر کەمی تێچوونەکەی بە بەراورد لەگەڵ پایتەختدا) هەروەها رێگا چارەیەکی تر هەیە لەپێش هەموویانەوە، ئەوەیە کە کۆچبەرەکان بۆ دەرەوەی وڵات خانووبەرەکانیان بە شێوەیەکی کاتی دەدەنە ئەو خێزانانە تاوەکوو خانووبەرەیەکی هەمیشەیی دابین بکەن...

ج. بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی لوبنانی

لە سەردەمی ڕەوکردنیانەوە بۆ لوبنان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، کوردەکان کێشەی ڕەگەزنامەیان هەیە، کە بە شێوەیەکی نەگەتیڤانە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریان ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام سەبارەت بە هۆکارەکانی بێبەشبوونیان لە ڕەگەزنامە، کۆچبەرە سەرەتاییەکان بن یان نەوەکانیان کە لە لوبنان لەدایك بوون، دەتوانرێ لە پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی تایەفەگەریدا کە شێوازی بەڵێننامەی ۱۹۴۳ بڕیاری لێدا کورت بکرێتەوە، وەکو چەند کەمینەیەکی دیکە لەوانە عەرەبەکانی وادی خالد ئەگەرچی نزیکەی ۷۰۰ ساڵە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەیە، خەڵکی ـ القری السبعه ـ کە لە سێی شوباتی ۱۹۲۲ پاش ڕێکەوتنی (

بولیید ـ نیو کامپ) نێوان مەندووبی بەریتانی و فەرەنسا لە دەوڵەتی لوبنانی گەورە جیا کرایەوە و لە ٣٠ی ئابی ١٩٢٤ خرایە سەر خاکی فەڵەستین، هەروەها عەلەوییەکانی شاری تەرابلووس و قەزای عەکار. هەروەها بەپێی توێژینەوەکی مەیدانی دەرکەوتووە تاوەکو ساڵی ١٩٤٤ تەنها ٢٩,٧٪ی کوردەکانی لوبنان رەگەزنامەی لوبنانیان وەرگرتبوو.

ئەم رێژەیە رەگەزنامەی لوبنانیان بەپێی ئەم مەرسوومانە بەدەست هێناوە:

ـ مەرسومی ژمارە ٨٨٢٧ کە لە رێکەوتی (١٩٣٢/١/١٥) لە سەردەمی سەرۆک (شارل دباس) دا دەرچووە و نزیکەی ٣٥ خێزانی کوردی لوبنان رەگەزنامەی لوبنانی بەپێی ئەم مەرسوومە وەرگرتووە.

ـ ساڵی ١٩٤٨ و لە سەردەمی سەرۆک (بشاره الخوری) دا نزیکەی ٨٥ خێزانی کورد رەگەزنامەی لوبنانیان بەدەستهێنا، بە پشتگیری بەهێزی سەرۆک (سامی الصلح) لە ناوەوەی ئەنجوومەنی پەرلەمان و لە دەرەوەی بەپێی چەند حوکمێکی قەزائی کە پشت بە ماددەی یەکەمی بڕیاری ٢٨٢٥ی رێککەوتنامەی لۆزان دەبەستێت کە لە دەقێکدا هاتووە: هەموو ئەو کەسانەی پاش مێژووی ٣٠ ئابی ١٩٢٤ لەسەر خاکی لوبنان بوون و پێشتر سەر بە تورکیا بوون، بە هێزی یاسا بە لوبنانی لەقەڵەم دەدرێن.

ـ بەڵام سەبارەت بە رێژەی زۆری رەگەزنامە پێدراوە کوردەکان لە ساڵی ١٩٥٦ بوو کاتێک کە نزیکەی ٢٠٠ خێزانی کورد رەگەزنامەی لوبنانیان پێبەخشرا بەپێی مەرسومێکی کۆماری لە سەردەمی سەرۆک (کامیل شمعون) و سەرۆکی حکومەت ـ عبدالله الیافی ـ دا دەرچووە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٤ مەرسومێک بە ژمارە ٥٢٧٤ لە مێژووی ٢٠ی حوزەیران دەرچوو، بەپێی ئەم مەرسوومە نزیکەی (١٠) هەزار کوردی لوبنانی رەگەزنامەی لوبنانیان پێبەخشرا.

بەڵام ئەو کوردانەی تا ئێستا ڕەگەزنامەیان پێنەبەخشراوە، ڕێژەکەیان ٦,٦٪ی کۆی گشتی کوردەکانی لوبنان تێناپەڕێ، بەم شێوەیە دابەش دەبن: زۆربەیان ڕەگەزنامەی (لەژێر لێکۆڵینەوە دایە) هەڵدەگرن وباقیەکەیان - تۆمارکردنەکەیان - یان فەوتاوە یان لەناوچووە، یان ڕەگەزنامەی تورکی یان سووری هەڵدەگرن.

سەبارەت بە ڕەگەزنامەی (لەژێر لێکۆڵینەوە دایە - قید الدرس -) بۆ ئەوە بڵاو کرایەوە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی کوردەکان مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی لوبنانیان بفەوتێ. لە ڕێکەوتی ١٩٦١/١١/٤، پاش گفتوگۆ کردن و ڕاوبۆچوون کۆڕینەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت خوالێخۆشبوو (ڕەشید کرامی)، وەزیری ناوخۆ کارتێکی ئیقامەی بەردەوامی لە ئاسایشی گشتیەوە بەخشی بە کوردەکان کە بە کارتی دیاری نەکراو - غیر معینە - ناوزەد دەکرێ، هەڵگرانی ئەم کارتە دەتوانن ڕەگەزنامەی لوبنانی بۆ منداڵەکانیان وەربگرن بەپێی ماددەیەك لە یاسای ڕەگەزنامەی لوبنانی کە لە دەقەکەیدا هاتووە: «هەموو ئەو کەسانەی لەسەر خاکی لوبنان لەدایك و باوکێکی ڕەگەزنامەی دیاری نەکراو لەدایك دەبن، بە لوبنانی لەقەڵەم دەدرێن». پاش ئەوەی کە زۆر لە کوردەکان سوودیان لەم بڕیارە وەرگرت و بەپێی ئەحکامە قەزائیەکان، ڕەگەزنامەیان بۆ منداڵەکانیان بەدەست هێنا، بەبێ ئاگای خۆیان ئەو کارتانەیان لێسەندرایەوە و کارتی - لەژێر لێکۆڵینەوەدایە - یان پێدرا.

جێی باسە ڕێژەی ٩٠,١٪ی کوردەکان لە لوبنان لەدایك بوون، تاوەکوو بەسااڵچووانیش ئەوانەی تەمەنیان نێوان (٦٠ - ٦٩) ساڵە، ڕێژەی ئەوانەیان کە لە دەرەوەی لوبنان لەدایك بوون لە نیوە تێناپەڕێ، هەموو ئەم ساڵانە و تاوەکوو ١٩٩٤ بەبێ ڕەگەزنامە مانەوە، بۆیە هەندێ لە کوردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پەنایان بردۆتە بەر گۆڕینی مەزهەبەکەیان و بەم کارە توانیویانە ڕەگەزنامەی لوبنانی بەدەست بێنن، بۆ نموونە کەسێك دەبینیت بە ناوێکەوە کە

بەڵگەی ئینتیمایەتی بۆ ئایینێك، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین مەزهەبەکەی لەسەر ناسنامەکەی بە تەواوی جیاوازە، ئەمە بەڕاستی لە یەکی شوباتی ١٩٥٦ ڕوویدا کاتێك کە ١٧ لاوی کورد لەگەڵ خێزانەکانیاندا ڕەگەزنامەی لوبنانیان پێبەخشرا، پاش ئەوەی لەسەر ئایینی ئیسلام مەزهەبی سوننە خۆیان گۆڕی بۆ تایەفەی مارۆنی (ڕۆژنامەی النهار ـ بەیروت ـ ژمارە، ئازاری ١٩٥٦).

● **تێکەڵبوونی کوردەکان بە کۆمەڵگەی لوبنانی**

نا-ئینتیمای لوبنانی

کاتی باسکردن لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کوردەکان دەبێ هەڵوێستەیەك لەسەر بیرۆکەی وەرگرتن ـ تەقەبول ـ و تێکەڵبوون بە کۆمەڵی لوبنانی بە هەموو چین و توێژەکانەوە بکرێ، لەم بارەیەوە بیروڕای جیاواز لەنێو کوردەکانی نیشتەجێی لوبناندا هەیە. بەشێك لەو کوردانە پێیان باشە لە لوبنان سەقامگیر و نیشتەجێ بن و گەڕانەوە بۆ کوردستان بە باشتر نازانن. لە بەرامبەریشدا بەشێکیان بە تایبەت ئەوانەی ڕەگەزنامەی لوبنانی هەڵناگرن، پێیان باشە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

لە سەروبەندی باسکردن لە ئینتیمای نیشتمانی کوردەکانی لوبنان دەبێ جەخت لەسەر مەحاڵیی سڕینەوەی ئینتیمایان بۆ نەتەوەی کورد لەلایەك و بۆ ئیسلام لەلایەکی دیکە بکرێ. ڕێژەیەکی زۆر لە کوردەکان لە کاتی خۆناساندنیاندا هەروا خۆیان بە کورد دەزانن، واتە بەشێکیان خۆیان بە کوردی لوبنانی و بەشێکیشیان خۆیان تەنها بە کورد دەزانن. لە بەرامبەریشدا ڕێژەیەکی کەم خۆیان بە (لوبنانیی بە ڕەچەڵەك کورد) دەناسێنن. لەڕاستیدا ئەمە بەڵگە و نیشانەی پابەندبوونی کوردەکانە بە ڕەچەڵەکی خۆیانەوە، بێشەوەی ئەم حاڵەتە دژوار بێت لەگەڵ ئینتیمایان بۆ لوبنان.

ب ـ تێکەڵاویی نیشتەجێبوون

سەبارەت بە نیشتەجێبوون، ڕێژەیەکی زۆر لە کوردەکان پێیان باشە لە ناوچەیەکی تێکەڵ لە کوردەکان و لوبنانیەکان نیشتەجێ بن. لە بەرامبەریشدا بەشێکیان پێیان خۆشە لە ناوچەیەکی تایبەت بە کوردەکان نیشتەجێ بن.

... کوردەکان وای دەبینن ڕێژەی ئەو لوبنانیانەی وەکو لوبنانی سەیری کوردەکان دەکەن، زۆر زۆر کەمە. بەڵام ڕێژەی ئەوانەی وەکوو غەریب (نامۆ) تەماشای کوردەکان دەکەن، زۆر زۆر زیاترە...

ج ـ هاوسەرێتی لەگەڵ تایفەکانی تر

لە سەروبەندی باسکردن لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵی لوبنانی. دەبێ بیرۆکەی هاوسەرێتی لەگەڵ تایفەکانی تر بخرێتەڕوو، بۆ دەرخستنی ڕادەی تەقەبوولی کوردەکان بۆ بیرۆکەی توانەوە لە کۆمەڵی لوبنانیدا بە هەموو تایفە و مەزهەبەکانیەوە. لەم بارەوە دەرکەوتووە کە کوردەکان کۆمەڵێکی کراوەن بەرامبەر بە زۆربەی تایفەکان بە تایبەت موسوڵمانەکان، بەپێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەوە کەوا باو بوو کوردەکان کۆمەڵێکی داخراون بە تایبەت لە حاڵەتەکانی هاوسەرێتیدا. بەپێی توێژینەوەیەك دەرکەوتووە کە ٦٢٪ی کوردەکان بیرۆکەی هاوسەرێتی لە تایفەی سوننی قبوووڵ دەکەن، بەرامبەر بە ٢٤٪ کە ڕەتی دەکەنەوە و ٣٨٪ی کوردەکان هاوسەرێتی لە تایفەی شیعە قایل دەبن و ٤٠٪ ڕەتی دەکەنەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کەوا ڕێژەی ١٠٪ی کوردەکان بە هاوسەرێتی لە مەسیحی (بە نێر و مێ)وە قایل دەبن...

د ـ داب ونەریتەکان

سەبارەت بە تێکەڵبوون لە گۆشەنیگای دابونەریتەکانەوە، جیاوازیەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا کەم بوونەتەوە بە تایبەت لەنێوان نەوەی گەنجەگاندا، بۆ نموونە لەبارەی جل وبەرگ، پیاوان تۆزێك جیاواز بوون (بەلای کۆنیدا)،

بەڵام جیاوازی ڕوون و ئاشکرا لە جلوبەرگی ژناندا بەدەر دەکەوێ، کە زیاتر ئارەزوویان لە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگە، کە ڕەنگە زەقەکانی تێدا زۆرە. هەروەها ژنی کورد جۆرێك مێزەر دەبەستێت بەسەریەوە، کە ڕەنگەکەی سپیە و کوتاڵەکەی نەرمە. هەروەها ئەو کچە کوردانەی کە حیجاب ناپۆشن، لەڕووی جل وبەرگەوە، لەگەڵ باقی کچەکانی لوبناندا هیچ جیاوازییەکیان نییە، تا ڕادەیەك ناتوانرێ جیا بکرێنەوە. بەڵام ئەوانەی پابەندن بە ئایینەوە، سەرپۆشێك دەپۆشن هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو سەرپۆشەی کچێکی لوبنانی پابەند بە ئایینەوە دەیپۆشێ. هەروەها ڕێژەی ئەو کوردانەی پابەندی دابونەریتی کوردی و عەرەبین (پێکەوە) زیاترە لە ڕێژەی ئەوانەی دابونەریتە کوردییەکان پیاد دەکەن، کە ئەمەش بەڵگەی پلەیەکی باشی پێشکەوتنە لە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیدا.[١٤]

● **ڕەوشی ئابووری کوردەکانی لوبنان:**

ئەم بەشە باس لە تێکڕای چالاکیە ئابوورییەکان و دابەشبوونی هێزی کار بەسەر بەشەکانی چالاکیەکاندا، هەروەها ئامادەباشی هێزی کاری کوردی بۆ پیشە وەرگرتن دەکات و تێشك دەخاتە سەر ئیشکردنی مێینە، هەروەها توێژینەوە لە کێشەی بێکاری و بارودۆخی دروستبوونی و کارکردن لە دەرەوەی ئەمەنی کارکردن، دەکات.

ـ تێکڕای چالاکیی ئابووری

سەبارەت بە چالاکی ئابووری، ڕووکردنێکی تێبینیکراو بۆ ئیشکردن لە بواری فەرمانبەرێتی و پیشە دەستیەکاندا هەیە.

ـ دابەشبوونی هێزی کاری کوردی بەسەر بەشەکانی چالاکیدا

هێزی کاری کوردی بەسەر سێ بەشە سەرەکیەکەی چالاکیدا بەم شێوەیە دابەش دەبێت: کەرتی بازرگانی و خزمەتگوزاری، کەرتی پیشەسازی و پیشەوەریەکان و کەرتی کشتوکاڵی و ڕاوکردن. بەشێکی زۆری پیاوانی کارکەر بازرگانی سەوزەن (بەکۆ) کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کڕین و فرۆشتنی (هەنارەد و هاوردە)ی سەوزە و میوەدا، هەروەها کاریگەریان لەسەر پرۆسەکانی داوا و خستنەڕوو لە بازاڕەکانی سەوزە و میوەدا ناشاردرێتەوە. مەسەلەی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە ئەم پیاوانە لە بازرگانی گەڕۆکەوە دەستیان پێکردووە تا گەیشتوونەتە ئەم حاڵەتەی نێستا پێی گەیشتوون لە هێزی ئابووری. هەروەها چەند پیاوی کارساز ـ رجال اعمال ـ ێك هەن کە کۆمپانیای بازرگانیان هەیە...

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە هەردوو پیشەی دەلاکی (سەرتاشی) و بەرگدرووێی تایبەتە بە لاوەکانەوە. بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٨٥,٦٪ی بەرگدرووەکان تەمەنیان لە ٢٤ ساڵ تێناپەڕێ و ڕێژەی ١٠٠٪ی سەرتاشەکان تەمەنیان لە ٢٩ ساڵ کەمترە. ئەم دیاردەیە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم دوو پیشەیە نوێن بە نیسبەت کوردەکانەوە بە بەراورد لەگەڵ پیشەی سەوزەفرۆشی (لەسەر عەرەبانە) کە ڕێژەکەی لە دەستە تەمەن بچووکەکاندا دادەبەزێ بۆ ١٣,٣٪ لە دەستەی تەمەنی (١٥ ـ ١٩ ساڵ) و لە گرووپی تەمەنی (٥٥ ـ ٥٩) ساڵی دەگاتە زۆرترین ڕێژە کە (١٨,٦٪)ـە...

بەڵام سەبارەت بە پیشەی دارتاشی کە زیاتر لە دەروازەکانی شاری بەیرووتدا، کە ڕێژەیەکی بەرچاو کوردی تێدا نیشتەجێیە، بڵاو دەبێتەوە، بە تایبەت لە ـ الجناح و گەڕەکی السباعی لە برج البراجنە ـ ئەوانەی لەم پیشەیەدا کار دەکەن نزیکەی ٢٥,٤٪ی کۆی گشتی هێزی کاری نێرینە لە ناوچەی برج البراجنە پێکدێنن....

ـ گۆشکراوەیی پیشەیی هێزی کاری کوردی

زیاتر لە سێ لەسەر چواری هێزی کاری کوردی لە لوبنان لەڕووی زانستی و تەکنیکیەوە گۆشکراو نین بۆ کارکردن. بەپێی تۆڕێنەوەیەکی مەیدانی دەرکەوتووە کەوا کوردەکان لەو بوارە پسپۆڕیانە کار دەکەن کە کەمترین ئاستی زانستی گەرەکە «ژمێریار، بەسەر فرۆشگەکانەوە، کاتب (نووسەر)، ئەمینداری کۆگا». دەرچووانی زانکۆش لە بانکەکان و سەنتەرە ئیداریەکان و چەند کۆمپانیایەك کار دەکەن...

ـ چالاکیی ئابووری مێینە

سەبارەت بە مێینە، ڕەوش و چالاکیەکانیان تا ڕادەیەك لێکدەچێ لەگەڵ نێرینەدا، بەڵام ژمارەی مێینە کارکەرەکان کەمترە لە هی نێرینە. بەڵام سەبارەت بە چالاکیی ئابووریی مێینە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری و زانستییەوە. بەپێی تۆڕێنەوەیەکی مەیدانی دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆری مێینە لە ئیش و کاری لاوەکی (کرێکاری) دا کار دەکەن، وەك ئاشکرایە ئەم پیشە دەستیە هیچ زانیاری و شارەزاییەکی تەکنیکی یان زانستی گەرەك نیە، بەڵکوو زۆربەی ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن لە نەخوێندەوارانن یان لەوانەن کە قۆناغی سەرەتاییان نەبڕیوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێژەی کرێکاران لەگەڵ پێشکەوتنی ئاستی زانستیدا کەم دەکات.

سەبارەت بە فەرمانبەران کە ڕێژەیەکی کەم لە کۆی گشتی هێزی کاری مێینە پێك دێنن، ڕێژەیان بە گەورەبوونی تەمەن دادەبەزێ، واتە ئەم دیاردەیە پێچەوانەی دیاردەی ئەو مێیانەیە کە هەڵدەسن بە ئیش و کاری لاوەکی.

لەلایەکی دیکەشەوە (وەك ئەم حاڵەتە لای نێرینەش وابوو)، چەند پیشەیەك هەیە نوێیە سەبارەت بە مێینە، بۆ نموونە: بەرگدرووێی و فەرمانبەرێتی بە

هەموو جۆرەکانیەوە. ..

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە بابەتی ڕەوشی ئابووریدا پێویست بوو زۆر بابەتی وەك تێکڕای داهاتی تاکەکەس، هۆکارەکانی دابەزینی تێکڕای ئەم داهاتە، ناوەندی داهاتی تاکەکەس، ناوەندی داهاتی خێزان، ئەوانەی لە دەرەوەی تەمەنی کارکردن کار دەکەن، کارکردنی منداڵان و چەند بابەتی تری پێوەندیدار بە ڕەوشی ئابووری بکرێ بەڵام بۆ خۆپاراستن لە درێژبوونەوەی باسەکە واز لەم بابەتانە دێنین و خوێنەرانی خۆشەویست دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر کتێبی (کورد کەلی مەینەتییەکان) کە لە بەشی سەرچاوەکاندا بە نەواوی ئاماژەی پێدەکرێ، بخوێننەوە.

● ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی لوبنان

سەبارەت بە چالاکیە سیاسیەکان، هەروەکو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان ئەویش پێش شەستەکانی سەدەی پێشوو بەدەر نەکەوتووە و تەنها ئەوە نەبێ کە دۆزی کورد لەڕێگەی چەند ئامرازێکی ڕاگەیاندنەوە دەخرایەڕوو، بۆ نموونە دەرکردنی گۆڤاری (هاوار) لەسەر دەستی میر جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ۱۹۲۳، کە بە زمانی کوردی زاری کرمانجی و بە بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینی بڵاو دەکرایەوە. ئامانجی ئەم گۆڤارە زیندووکردنەوەی زمان و کەلتووری کوردی بوو، هەروەها میر کامەران بەدرخان لە ساڵی ۱۹۴۳ گۆڤارێکی بە ناوی «ڕۆژا نۆ - ڕۆژی نوێ» وە دەردەکرد و نزیکەی ۷۳ ژمارەی لێ دەرچوو و لە ساڵی ۱۹٤٦ لە دەرکردن وەستا، هەروەها ئەو گۆڤارەش بە زمانی کوردی و زاری کرمانجی و بە ڕێنووسی لاتینی بڵاو دەکرایەوە، وەکو (هاوار) هەوڵی بزواندنی هەستی نەتەوەیی کوردی دەدا، لە ڕێگەی جەختکردن لەسەر کلتوور و میژوو و ئەدەب.

لەلایەکی تـرەوە، چالاکـی سیاسـیی کـوردەکان لـە هاوبەشـیکردنی نەهامەتـی لوبنانیەکانـدا بـەدی دەکـرێ، ڕۆڵی خۆیان هەبـوو، ئەگـەر بە شـێوەیەکی لاوەکیش لـە شـەڕی سـەربەخۆیی و لـە بەرەنگاربوونەوەی سـەربازە سـینگالی یـەکان، کاتێ کـە یەکێـك لـە پیـاوە کـوردەکان بـە نـاوی (عبدالکریم عتریس)ـەوە سـەرکەوت بەسـەر بینـای پەرلەمـان و ئـاڵای فەرەنسـای داگرت و ئـاڵای لوبنانی بـەرز کردەوە، وەك دەوتـرێ ئـەو یەکـەم کـەس بوو ئـاڵای فەرەنسـای داگرت.

لـە ئەنجامـدا پـاش ئـەوەی بەشـێکی زۆری کـوردەکان ڕەگەزنامـەی لوبنانییـان بەدەسـت هێنـا، لـە هەڵبژاردنەکانـدا بەشـداریان کرد. بەسـی سـەرۆکی کۆچکردوو (سـامی الصلـح)یـان گـرت وەکـو وەفایـەك بـۆ پشـتگیریکردنی ڕاسـتەوخۆی کـوردەکان لـە سـاڵی ١٩٤٨ بـۆ بەدەسـتهێنانی ژمارەیـەك ڕەگەزنامـەی لوبنانـی بـۆ خێزانـە کـوردەکان، بـەڵام پـاش ڕووداوەکانی سـاڵی ١٩٥٨ و بـە هـۆی جیـاوازی هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی نێوان کوردەکان و سـەرۆك (سـامی الصلـح)، کە ئەوکات ئۆپۆزیسـیۆنی سـەرۆك کمیـل شـمعون نەبـوو، پشـتیان تێکـرد و زۆربەیان بـوون بە لایەنگـری سـەرۆك (صائـب سـلام) و بەڕێـز عدنـان الحکیم (سـەرۆکی پێشـووی حیزبـی النجـاده)، لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکانـی خولـی ١٩٦٤، ١٩٦٨ و ١٩٧٢.

لەلایەکـی تـرەوە، بەشـداریکردنی کـوردەکان تەنهـا ئـەوە نەبـوو وەکـو دەنگدەرێـك دەنگەکانیـان بـدەن، بەڵکـوو لەنێوانیانـدا پاڵێـوراوی خۆیـان هەبـوو و لـە چەندیـن خولـدا بەشـداریان کـرد، ئەگـەرچـی سـەرکەوتنیان بەدەسـت نەهێنـا. لـە سـاڵی ١٩٦٨ بەڕێـز جمیـل محۆ (سـەرۆکی پارتـی دێموکراتی کـورد لە لوبنـان) لـە بازنـەی دووەمـی بەیـروت بـۆ کورسـی سـوننییەکان لـە خولـی یەکەمی هەڵبژاردنەکانـدا خـۆی کاندیـد کـرد، سـاڵی ١٩٩٢ بەڕێـز (وهـاج الشیخ موسـی) بـۆ کورسـی سـونیەکان لـە بازنـەی بەیـروت، دووبـارە لـە خولـی سـاڵی ١٩٩٦دا خـۆی کاندیـد کـردەوە، بـەڵام بەخـت یـاوەری نەبـوو، هەروەهـا لـە هەمـان خولدا

و بۆ کورسی سونیەکان لە بەیروت شێخ احمد العمری خۆی کاندید کرد، بەڵام ئەمیش بەخت یاوەری نەبوو. شایانی وتنە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەرەکەکاندا سەرکەوتنێکیان بەدەست هێنا، ئەویش بە هەڵبژاردنی (غازی الشریف) بە ئەنجوومەنی گەرەکی (زقاق البلاط) لە ساڵی ١٩٦٢.

بەڵام سەبارەت بە چالاکیی سیاسیی کوردەکان لە لوبنان، لەڕێگەی دامودەزگای ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیان، لەسەرەتای شەستەکاندا و لەگەڵ دامەزراندنی (ڕێکخراوی لاوانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کورد لە لوبنان) دەستی پێکردووە. لەو کاتەدا بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ کوردەکان لە ژیانی سیاسی لوبناندا دەستی پێکرد، بەدەرکردنی بڵاوکراوەی دەوری و بەیاننامە بۆ ڕوونکردنەوەی وەزعی جالیەی کوردی هەروەها پابەندبوون بە هەڵوێستە سیاسییەکانەوە، لەم ڕێکخراوانەی تایبەت بە لاوانە ئیش و کاری سیاسی بەوی سەند و گەشەی کرد و گەیشتە قۆناغی کاملبوون، لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان (پارتی) لە ساڵی ١٩٧٠ دا، کاتێ کە خوالێخۆشبوو کەمال جەنبوولات وەزیری ناوخۆ بوو، لە سەرەتادا (جمیل محۆ) سەرۆکایەتی پارتی دەکرد و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی «دەنگی کورد» ەوە دەردەکرد، بەڵام دیارترین هەڵوێست و ئاڕاستەکانی حیزب لەسەر ئاستی لوبنان، کارکردن بوو بۆ باشکردنی ئاستی لۆبی کوردی و پشتگیریکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانی، لەسەر ئاستی کوردستان و عەرەب، لایەنگری ئەو ئۆتۆمیەیان دەکرد کە ئەوکات حکومەتی عێراق بە کوردستانی عێراقی دابوو، هەروەها پشتگیری گەلی فەلەستینیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، حیزب هاوسۆز بوو لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان دژ بە هێزەکانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیەت.

لە ساڵی ١٩٧٧، کوڕی سکرتێری گشتیی حیزب (محمد جمیل محۆ) کە

پلەکەی جێگری سکرتێری گشتی بوو، لە حیزب جیا بووەوە و بە هۆی ئەوەی پشتگیری شۆڕشی کوردی، بە سەرۆکایەتی (جەلال تالەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد و دژایەتی دەسەڵاتدارانی عێراقی دەکرد و ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە ئەم دەسەڵاتدارێتیە بە کوردی عێراقی بەخشیبوو، ڕەتی دەکردەوە. حیزبەکەی (محمد جمیل محۆ) بە ناوی ـ حیزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان ـ (قیادە مونەقەتە)ەوە بوو، ئەم سەرکردایەتیە کاتیە بەردەوام بوو لە چالاکیەکانی تاوەکو کوشتنی سکرتێری گشتی، خوالێخۆشبوو محمد جمیل محۆ، لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوچەی ـ وادی أبو جمیل ـ کاتێ کە هەوڵی گەمارۆدانی ئیشکالێکی ئەمنی دەدا.

هەروەها نێوان ئەو حیزبە کوردیانەی لوبنان کە ناوبانگیان هەیە (حیزبی ڕزگاری کوردی لوبنانی) کە ساڵی ١٩٧٥ لەسەر دەستی فیصل فخرو (کە سەرۆکایەتی حیزبەکەی دەکرد)، عزالدین فتاح، حسن ملا، سلعت فخر دامەزرا، لەگەڵ دامەزراندنیشدا بڵاوکراوەیەك بە ناوی (خەبات)ەوە دەردەکرد.

حیزبی ڕزگاری بێلایەن بوو، بەڵای هیچ کام لە هێزەکانی ململانێی گۆڕەپانی لوبناندا نەدەشکایەوە، تاکە حیزبە تاوەکو ئێستا بەردەوامی بە چالاکیەکانی دەدات. لە ئامانجەکانی ئەم حیزبە، هەوڵدان و ئیشکردن بۆ باشکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردەکانی لوبنان و داخوازی ڕەگەزنامەی لوبنانی، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان، «ڕزگاری» پشتگیری حوکمی زاتی کوردەکانی عێراقی کرد، کە بووە هۆی دابەشبوونی حیزب (وەك ئەوەی پارتی و بە هەمان هۆکارەوە) بالّی ـ عبدالکریم ابراهیم ـ دەرکەوت کە حوکمی زاتی ڕەت کردەوە، چونکە لەگەڵ ڕێککەوتنی حکومەتی عێراق لەلایەك و نوێنەرانی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەکی تردەوە، یەك ناگرێتەوە وپێچەوانەی یەکترە. لەگەڵ داگیرکاریی ئیسرائیل ساڵی ١٩٨٢، ڕۆڵی باڵەکەی عبدالکریم ابراهیم کۆتایی پێهات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە چالاکیی سیاسیی کوردەکان تایبەت نەبوو تەنها بە حیزبە کوردییەکانی لوبنانەوە، بەڵکوو لە زۆر حیزبی نیشتمانی و ئیسلامیدا، درێژەیان بە چالاکیەکانیان دەدا، بۆ نموونە (پارتی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیستی) و (الجماعە الاسلامیە). بەڵام پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی لوبنان ڕەوشی سیاسی کوردەکان گۆڕا و وای لێ هات نزیکەی ٩٤٪ی کوردەکان باوەڕیان وایە کە بزووتنەوە سیاسییەکانی لوبنان، کوردیان پشتگوێ خستووە و هیواخوازن چینێکی سیاسی نوێ بێتە ئاراوە و هەوڵ بدات بۆ دەرکردنیان لە بەهامەتی و بێبەشبوونیان لە زۆر لایەنەوە.

بابەتێکی دیکە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە «بە زیادبوونی ژمارەی ئەو کوردانەی کە مافی هاوواڵاتیبوونیان بەدەستهێنا، کاندیداکانی هەڵبژاردن دەستیان کرد بە پێوەندیگرتن لەگەڵ کوردەکان بۆ ئەوەی کە دەنگیان پێبدەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کار و کردەوانە، هیچ یارمەتییەکی بە کۆمەڵگەی کورد نەدا. هۆیەکەی ئەوە بوو کە کورد یەکگرتوو نەبوون و پشتیوانیان لە پتر لە یەك کەسایەتی یان بلۆکی سیاسی دەکرد. لە ئاکامدا کورد هێزی چڕبووی خۆی ـ کە دەیتوانی بە شێوازێکی کارامە بۆ گوشار خستنە سەر زەعیمەحەلییەکان بۆ سەندنی بەرژەوەندی لەوان، بەکار ببردرێت ـ لەدەستدا.

ئەمڕۆ ڕەوشەکە لە بەراورد لەگەڵ سەردەمی نێوان ناوەڕاستی دەیەی ١٩٤٠ و ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ زۆر نەگۆڕاوە. هەڵبژاردنە پەرلمانییەکانی ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٦ نیشانی دا کە کوردەکان لە چاو جارانی پێشوو، باشتر بە ڕێکخستن کراون، بەڵام هێشتا لەنێوان خۆیاندا دابەشبوونە و بێ هیچ بەرامبەرێك یان بەرامبەرێکی کەم لە هێزی دەنگدانیان کەڵگ وەردەگیرێت، تەنانەت هەوڵە جۆراوجۆرەکانیان بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلماندا هەرەسی هێناوە. بۆ نموونە تەنها کاندیدای کورد کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ دا بەشداری

کرد، تەنها ٥ هەزار دەنگی بەدەستهێنا، لە حاڵێکدا کە بۆ ئەندامبوون لە پارلمان ١٠ هەزار دەنگ پێویست بوو. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦، ئاکامەکە باشتر نەبوو و دەنگی کوردەکان پتر لە جاران بڵاو بوو.

هێزی هەڵبژاردنی کوردەکان بەردەوام لە حاڵی گەشەسەندن دایە، بەڵام بەهەرحاڵ بە هۆی نەبوونی سەرچاوە و رێبەرایەتی، ئەم هێزە لەلایەن کەسانی دیکەوە کەڵکی لێوەردەگیردرێت. (١٦)

ـ کورد لە میانەی شەڕی ناوخۆ (١٩٧٥ـ١٩٩١) و پاش ئەوە

بە گشتی کوردەکان هیچ بیانوویەکیان بۆ بەشداری لە شەڕی ناوخۆدا نەبوو، بەڵام لەدوای پاکتاوکردنی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی بێروت و بە تایبەت لە ناوچەی ئەلقەرەنتینا ـ ئەلمەسلەخ لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦ بە دەستی هێزەکانی فالانژی مەسیحی مارۆنی، بارودۆخەکە گۆڕا. دانیشتووانی ناوچەی ئەلمەسلەخ کە زۆرتر کورد و فەلەستینی بوون، ئەگەر نێرینە بیان دەکەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە و ئەگەر مێینە بیان، دەکەوتنە بەر دەستدرێژی و دەردەکران و شوێنی نیشتەجێبوونیان خاپوور دەکرا. تەنها ژمارەیەکی کەم توانیان خۆیان ڕزگار بکەن. جانسۆن بە وەسفکردنی کۆمەڵکوژییەکانی ئەلقەرەنتینا ئەلمەسلەخ دەنووسێت: «ڕاپۆرت، فیلم و وێنەکانی ئەم کۆمەڵکوژییە ترسناك بوون. خانووەکان هەرچەند کە بایەخی کەمیان هەبوو، تاڵانکرابوون. تەرمی پیاوان و ژنان لە ناو شەقامەکاندا کەوتبوە سەریەك و یەکێك لە دانیشتووانی گەڕەکە پیسەکانی شار کچەکانی خۆی دایە بەر دەستڕێژی گوللە تا نەبن بە قوربانی دەستدرێژی. لە کۆتاییدا خانووەکانی گەڕەکی ئەلقەرەنتینا بەبولدۆزەر ڕووخان و مردووەکان بە کۆمەڵ کرانە ژێر خاکەوە».

لەدوای ئەم کۆمەڵکوژییە و کردەوە بێبەزەییانەکانی دیکە کە پێش و پاش

کۆمەڵکوژی ئەنجامدرا، هەندێك لە کوردەکان بڕیاریان دا لە دژی بەرەی لوبنانی ژێر ڕکێفی مەسیحییەکان (الجبهه اللبنانیه) چەك هەڵبگرن. کوردەکان یان وەك ئەندامی حیزبە سیاسییەکانی خۆیان چەکیان هەڵگرت یان چوونە ڕیزی حیزبی شیوعیی لوبنان، بزووتنەوەی سوننەی ناسرییە سەربەخۆکان (المرابتون) و پاشان حیزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی دەروزییەکان (الحزب التقدمیه الاشتراکی). هەروەها گەلێ لە کوردەکان چوونە نێو ڕیزی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بە تایبەت «بەرەی ئازادی خەڵکی فەلەستین» و «بەرەی دیموکراتیك بۆ ئازادی فەلەستین». کوردەکان نامانجی هاوبەشیان لەگەڵ ئەم حیزبە پێشکەوتنخواز و فەلەستینیانە هەبوو، بە تایبەت لەبەر ئەوە کەوا بیریان دەکردەوە کە سەرکەوتنی ئەم هێزانە، ئەوان لە نەهامەتییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە مارۆنییەکان بە سەریاندا سەپاندبوویان، ڕزگار دەکا.

لە ساڵەکانی سەرەتایی شەڕدا، ئەو کوردانەی کە لە شەڕدا بەشداریان کرد زۆتر لەگەڵ میلیشیا مەسیحییەکان لە ڕۆژهەڵاتی بێروت شەڕیان دەکرد، کەوابوو لە دوای داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل لە ساڵی ۱۹۸۲، ئەو کوردانە کە لە خلدە و ناوچەکانی دەوروبەری ڕۆژئاوای بێروت دەژیان، هەم بە دەستی ئیسرائیلییەکان و هەم بە دەستی هاوپەیمانە مەسیحییە لوبنانییەکانیان دەرکران و دەستگیر کران. زۆربەی ئەو کوردانەی کە توانیبوویان پێش لە گەیشتنی ئیسرائیلییەکان هەڵبێن، چوون بۆ بێروت و ناوچەی بیقاع. پاشان لە دوای ئەوە کە ئیسرائیل پەیمانی خۆی خستە ژێر پێ و لە ئەیلوولی ۱۹۸۲ هاتە نێو ڕۆژئاوای بێروت و دەوڵەتێکی فاڵانژی لایەنگری ئیسرائیل و ئامریکا بە سەرۆکایەتی «امین جومەیل»ی دامەزراند، هێزە دەوڵەتییە مەسیحییەکان دەستیان کرد بە قەڵاچۆ کردنی خەڵکە سەربارەکانی لوبنان کە زۆرتر کورد و فەلەستینی بوون. ئەمانە کۆکرانەوە و ئەوانەی کە بەڵگەیان نەبوو گیران یان

دەرکران. لە ئاکامدا دەیان هەزار کورد و کەسانی دیکە ناچار بوون بۆ ئەوروپا کۆچ بکەن. نزیکەی یەك ساڵ دواتر هێزە میلیشیاکانی دەروزی، شیعە و سوننە کە لە لایەن سوریاوە پشتیوانیان لێدەکرا، هێزەکانی ئیسرائیلیان لە ناوچە زۆرتر موسڵمان نشینەکان کردە دەرەوە.

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۸۳، بزووتنەوەی «ئەمەل» واتا هێزی سەرەکی میلیشیا شیعەکان دەستی کرد بە پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەو مەبەستە کە بە نوێنەرایەتیی سوریا لە باشوور و ڕۆژئاوای بێروت بێ بە باڵادەست. هەرچەند کە مەبەستی سەرەکیی نەمەل سەرکوتکردنی حەشیمەکانی کەمپەکانی فەلەستینییەکان لە زنجیرەیەك گەمارۆدانی ترسناکدا بوو، بەڵام بە شوێن میلیشیا سوننەکانیشدا بوو و بە خێرایی لەناوی بردن. دەروزی و کوردەکان کە لە زاڵبوونی شیعەکان بەسەر ڕۆژئاوای بێروت (کە لەژێر دەسەڵاتی سوننەکاندا بوو) بێزار بوون، چوونە ڕیزی ئەو هێزانە کە لەگەڵ پێشڕەوی «ئەمەل» بەرەو ناوچە گرینگەکانی ڕۆژئاوای بێروت بەرەنگایان دەکرد. ئەم بەرەنگاربوونەوەی ئەوان بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتوو بوو. میلیشیا کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا زۆر بەهێزتر بوون و لە هەر شەڕێکدا کە بەشداریان دەکرد، شیعەکانیان گەمارۆ دەدا.

شەڕ هەتا ساڵی ۱۹۸۷ درێژەی هەبوو واتا هەتا کاتێك کە دەوڵەتی سوریا و گرووپە شەڕکەرەکانی دیکە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە سەرجەم میلیشیاکان لە بێروت پاشەکشە بکەن و ئەرکی دەستەبەرکردنی نەزم و ئاسایش ڕادەستی هێزەکانی سوریا بکەنەوە. بە داوای کاربەدەستانی سوریا، حیزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی دەروزی (psp) بۆ بنکەکانی خۆی لە چیاکانی شوف پاشەکشەیان کرد. بەهەرحاڵ هێزە شیعەکان لە بێروت مانەوە، ئەوان هێشتا پێویستییان بەوە بوو کە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری

کەمپەکانی فەلەستینیەکان ڕابگرن. ئەم کردەوەیە کوردەکانی لەگەڵ چاودێری سوریا و تۆڵەسەندنەوەی شیعەکان بەرەوڕوو کردەوە. سەدان کورد بە تایبەت ئەوانەی کە ئەندامی (psp) و ڕێکخراوە فەلەستینیەکان و ڕێکخراوە کوردە دژە سوریاییەکان بوون بە دەستی هێزەکانی سوریا و شیعەکان کوژران یان زیندانی کران. هەزاران کەسی دیکە هەڵاتن بۆ ئەوروپا یان چوون بۆ ناوچەی بیقاع و چیاکانی دەروزی.

ئاکام و لێکەوتەکانی بەشداریکردنی کوردەکان لە شەڕدا نەتەنیا بووە هۆی ئەوە کە ئەوان ژیانی خۆیان لەدەست بدەن و ناوارە بین، بەڵکو کوردەکانی پتر لە جاران لەگەڵ هەڵاواردن لە لوبنان ڕووبەڕوو کردەوە. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە سوننەکان لە نیوەی دەیەی ۱۹۷۰ لەگەڵ مەسیحییەکاندا شەڕیان دەکرد، کوردەکان بە شێوازی خۆویستانە یارمەتی میلیشیا سوننەکانی «مرابتون»یان دا، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی یارمەتییەکانی ئەروپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کورد پشتگوێ خران. یارمەتییەکان تەنها لەنێوان مارۆنییەکان، دەروزییەکان، شیعەکان و سوننەکاندا دابەشکرا. ئەرمەنییەکان بە حوکمی ئەوە کە مەسیحی بوون، بەشی خۆیان لە مارۆنییەکان وەرگرت و کوردیش بە حوکمی ئەوە کە سوننە بوون، دەبوایە بەشی خۆیان لە هاوئاینە سوونەکانیان وەربگرتبایە، بەڵام بە بیرۆبۆچوونی «مرابتون»، کورد تەنها کورد بوون و هیچی دیکە.

بە کورتی، کورد لەو خەڵکانەن کە زۆرترین بەدبەختی و نەهامەتییان لە میانەی شەڕی ناوخۆدا بەسەرا هات. کورد لە کۆمەڵگەی لوبنان پەرتەوازە کرابوون و بە دەستی ئازار و ئەزیەت و نادادپەروەریی سیستماتیك کە حاشای لە مافی مرۆڤی ئەوان وەك هاوواڵاتی دەکرد، گیرۆدە بوون. کورد بە هیوای ئەوە کە ڕەوشیان دەگۆڕدرێت، بە هەڵە بەشداریان لە شەڕی ناوخۆدا کرد وئەم هۆکارە ئەوانی پتر لە جاران بڵاو و هیلاك کرد. تەنانەت ئەمڕۆ کورد لە لوبنان

هێشتا هەتا ڕادەیەك هەست بەوە دەکەن کە هیچ دۆستێکیان نییە. کورد دۆستی کەمیان لە لوبنان دۆزیوەتەوە کە بیەوێ لایەنی کورد بگرێ یان پشتیوانی لەبەرژەوەندییەکانیان بکات.

بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکەی ساڵی ١٩٩٥، کورد لە دەستی هەموو گرووپە سەرەکییەکانی لوبنان نەهامەتیان بینیوە. مارۆنییە مەسیحییەکان، حاشا لە هاوواڵاتیبوونی کورد دەکەن لەبەر ئەوە کە ئەگەر کورد ببن بە هاوواڵاتی، هاوسەنگی نێوان گرووپەکان بە قازانجی موسڵمانەکان تێکدەدرێت. سوونەکان کە لەژێر کاریگەریی ناپدۆلۆژییە ڕکابەرە عەرەبییە جۆراوجۆرەکاندان (بۆ نمونە ناپدۆلۆژیای ناسریزم و بەعسیزم) حەزیان لە کورد نییە، کەوابوو زۆر هەوڵ نادەن بۆ ئەوەی کە کورد ببن بە هاوواڵاتی. بە بیرۆبۆچوونی شیعەکان، کورد تەنها خەباتکاری سوونەکانن و هاوپەیمانی دەروزییەکانن و هیچی دیکە. بۆ دەروزییەکان، کورد شەڕکەرانێکی باشن. دەروزییەکان و سوونەکان دەیانەوێت کورد شەڕیان بۆ بکەن، بەڵام کاتێك کە کاریان بە کورد نەما، پشتگوێیان دەخەن و بێجێیان دەکەن. هەتا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە ڕێبەرە خۆجێییەکانەوە هەیە، کوردەکان (جگە لە چەند ناوێزایەك) متمانەیان بە سەرجەم بژاردە سیاسییەکانی لوبنان نییە و بێکەڵك سەیریان دەکەن و بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە هەڵپەرەستن. (ناوێزا سەرەکییەکانی ئەم بابەتە بریتین لە سامی الصلح، سەرۆك وەزیری سوننەی دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠، کەماڵ جونبەلات سەرۆکی دەروزییەکان و ڕێبەری هێزە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە سەردەمی شەڕی ناخو کە ساڵی ١٩٧٧ بە دەستی سوریا کوژرا، سالم الهوس سەرۆك وەزیری سوننە لە دەیەی ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٩٠ و رەفیق الحریری سەرۆك وەزیری سوننە لە دەیەی ١٩٩٠ بوو).[١٧]

● ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی کوردەکان

پێش کۆتایی دەیەی ۱۹۵۰، کوردەکانی لوبنان لەڕاستیدا لە هیچ چالاکییەکی بەرچاوی سیاسی یان کۆمەڵایەتیدا بەشداریان نەدەکرد و تەنها لەدوای ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۵۸ و پاش ئەوە بوو کە کورد کەوتنە بیری ئەوە کە لەم چالاکییانەدا بەشداری بکەن. یەکەم هۆکاری ئەم مەسەلەیە ئەوە بوو کە لە دوای شەڕی ناوخۆی لوبنان لە ساڵی ۱۹۵۸، وڵاتی لوبنان کۆچی بەرفراوانی گوندنشینان بۆ شارەکانی بەخۆیەوە بینی، بە شێوەیەك کە تەنها لە دەیەی ۱۹۶۰، زیکەی یەك لە ٥ی حەشیمەتی گوندنشینی لوبنان بۆ شارەکان (زۆرتر بێروت و دەوروبەری بێروت) کۆچیان کرد. ئەم کۆچبەرانە لە بێروت ژیانی کوردەکانیان ئاستەمتر کرد لەبەر ئەوە کە بە شوێن هەمان کارانەدا بوون کە کورد بە شوێنیاندا بوون و لە هەمان ناوچانەدا نیشتەجێبوون کە کورد تێیاندا دەژیان. بەهەرحاڵ، بەپێچەوانەی ڕکابەرە نوێیەکانیان، کوردەکان هیچ مافێکی هاوواڵاتییانیان نەبوو. لە ئەنجامدا کورد تووشی زەرەر و زیانی ئابووری توند بوون، کەوابوو دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان لەمەڕ مەسەلەی هاوواڵاتیبوون بەرز کردەوە.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ناڕەزایەتی ئەم مەسەلەیە ئەوە بوو، کە لە ساڵی ۱۹۵۸، یەکێتییەك لەنێوان سوریا و میسر پێکهات کە کاریگەریی نەرێنی گرینگی زۆری لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردەکان لە سوریا کرد. ئەنجامی کۆتایی ئەم یەکێتییە لە لوبنان هەستی پێکرا. ئەم یەکێتییە یەکەم کردەوەی سەرکوتکەرانەی خۆی لە دژی کوردەکان لەسوریا ئەنجام دا. هەزاران کوردی سوریا کە زۆربەیان خوێندکارە سیاسییەکان، کرێکار و ئاوارە و پەنابەرەکان بوون، هەڵاتن بۆ لوبنان. ئەم کەسانە سەرەڕای ئەوە کە بە شێوازی کاتی لە لوبنان دەژیان، توانیان کوردەکانی لوبنان لەمەڕ گرینگیی چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی هۆشیار بکەنەوە. ئەوان تەنانەت یارمەتییان بە پێکهێنانی

ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردەکان، بە تایبەت لە کۆتایی دەیەی ۱۹٦۰ و سەرەتای دەیەی ۱۹۷۰ دا و بەشداریان لە چالاکییەکان کرد.

دواییـن و لەوانەیـە گرینگتریـن هـۆکاری دەستکردنی کـوردەکان بـە چالاکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، ڕووخانـی حکوومەتـی پاشـایەتیی عێراق لە سـاڵی ۱۹۵۸ بـوو کـە سـەرەنجام بـوو بـە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی ۱۹٦۱-۱۹۷۵. مەلامسـتەفا بارزانـی پێویسـتی بـە چوارچێوەیەکـی جەمـاوەری بـۆ شـەڕ بـوو، هەربۆیـە توانـی چوارچێوەیـەك لـە شـاری بێـروت دروسـت بـکات کـە هـەزاران کـوردی تێـدا دەژیـان. لـە ئەنجامـدا، گەلـی لە کوردەکانـی لوبنان بە هۆی نەم شـەڕە، هۆشـیاریی نەتەوەییـان پێشـکەوت و هەسـتیان بـە ڕەوشـی خەراپـی خۆیـان کـرد و بیریـان لـە میتۆدگەلێـك کـرد تـا ئـەم ڕەوشـە بگـۆڕن. یەکێـك لـەم میتۆدانـە دامەزراندنـی ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان بـوو.

لـە درێـژەدا کورتەیـەك لـە وردەکارییەکانـی شـێوازی پێکهاتـن و پێشـکەوتنی هـەر ڕێکخراوێـك دەخەینـە بەربـاس:

● **ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان**

ـ الجمعيـة الخيريـة الكورديـة اللبنانيـة (ئەنجوومەنـی خێرخوازیـی کـوردی لوبنان)

ئەمـە یەکـەم ڕێکخـراوی یاسـایی کوردی بـوو کە لە لوبنـان لـە ۱۹ی ئەیلوولی ۱۹٦۳ دامـەزرا واتـا لەکاتێکـدا کـە کەمال جونبـەلات وەزیری ناوخۆ بـوو. یەکێك لـە ئامانجە سـەرەکییەکانی ئـەم ڕێکخراوەیـە پتەوترکردنـی پەیوەندە دۆسـتانەکانی نێـوان جوانـە کوردەکانـی لوبنـان، پەرەپێدانـی خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتـی و گشـتییەکان و پەرەپێدانـی خوێنـدەواری و زانسـت لەنێو کوردەکان بـوو. چالاکیی سـەرەکی ئـەم ڕێکخراوەیـە، دامەزراندنـی بنکەیەکـی تەندروسـتی لـە تشرینـی

یەکەمی ۱۹٦۷ و دابەشکردنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکان بوو.

ئەم رێکخراوەیە هێشتا تەنها رێکخراوی یاسایی و فەرمیە کە زۆربەی ئەندامەکانی کوردە کرمانجەکانن و ئەم ڕاستییە دەربڕی دابەشبوونی رێکخراوە کوردییەکان بە گوێرەی هێڵە زمانی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم رێکخراوەیە هەرچەند کە زۆر چالاك نییە و چالاکییەکانی زۆرتر لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاستەوخۆ بە ئەندامەکانییەتی، بەڵام هێشتا بە شوێن گۆڕینی رەوشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و یاسایی کوردەکانی لوبنانە. بۆ نموونە هەروەك هەموو رێکخراوەکانی دیکە، وەك نیگەرانی یەکەمی خۆی بە شوێن کێشەی هاوڵاتیبوونداا دەچێت.

ـ جمعية الارز الرياضية الثقافية (ئەلئەرز ـ کۆمەڵە وەرزشییە کولتوورییەکان)

ئەم رێکخراوەیە لە ۱۸ی ئاداری ۱۹۷۹ لەژێر ناوی «جمعية الارز الرياضية» بە مەبەستی پەرەپێدانی چالاکییە وەرزشییەکانی کوردەکان دامەزرا و ۳ ساڵ دواتر داوێنەی چالاکییەکانی بۆ چالاکی کولتووری پەرە پێدا، هەر بۆیە ناوی تەواوی بوو بە «جمعية الارز الرياضية الثقافية». دامەزرێنەری ئەم رێکخراوەیە پەی بەوە برد کە پێویستی سەرەتایی گرووپێکی نەخوێندەوار و بە رێکخستن نەکراوی وەك کورد، ناوەندێکی کولتووری وەك کۆمەڵەی «ئەلئەرز».

ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە، تەنها کوردە ماردینی زمانەکان بوون و یەکێك لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی فەیسەڵ فەخرۆ بوو کە «حیزبی ڕزگاری» دامەزراند. یەکێك لە چالاکییە بەرچاوەکانی ئەم رێکخراوەیە دامەزراندنی یانەیەکی تۆپی پێ بوو کە لە پلە دووی لوبناندا یاری دەکات.

ـ اتحاد الطلبة الأكراد في لوبنان (یەکێتی خوێندکارانی کورد لە لوبنان)

ئەم رێکخستنە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لەلایەن گرووپێك لە خوێندکاران دامەزرا، کە لە کەشوهەوای قۆناخی وەزارەتی ناوخۆی کەمال جونبولات کەڵکیان وەرگرت. ئامانجی ئەم یەکێتییە، پەرەپێدانی ڕەوشی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی کورد لە لوبنان و دابین کردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی بۆ ئەو کوردانە کە نەیاندەتوانی بچنە زانکۆکانی لوبنان و پتەوکردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی لوبنان و یەکێتییە خوێندکارییەکانی دیکە بوو. بەهەرحاڵ چالاکییەکانی یەکێتیی زۆر لاواز بوو.لەبەر ئەوە کە ژمارەی خویندکارانی کورد لە لوبنان کەم بوو. لەمە زیاتر، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەسەر شێوازی ڕێبەرایەتی، لەنێو ئەندامانی ڕێبەرایەتیدا هاتە ئاراوە، چالاکییەکانی زۆر کەم کردەوە. کەوابوو نەیتوانی بگات بە ئامانجەکانی و بە دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی لوبنان، هەڵوەشایەوە.

ـ الجمعية الكردية الثقافية الأجتماعية (کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کولتوری کورد)

ئەم ڕێکخراوەیە لە ٣ی گوڵانی ١٩٧٥ بە دەستی ڕێکخراوی «منضمات البارتی الکوردیه الیساریه فی لبنان»، بە مەبەستی پەرەپێدانی خوێندەواری و کاروکردەوە لەگەڵ ڕێکخراوە کولتوورییە کوردییەکانی دیکە و پتەوکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردەکان لە لوبنان، دامەزرا. بەهەرحاڵ، چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە کە بەرنامەی خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی بۆڵتۆنێك بەناوی «ڕێبەر» و هەروەها کۆمەڵێك نامیلکە لەبارەی ئەدەبیاتی کوردی لەخۆدەگرت. پاش چەند مانگ لە داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل لە حوزەیرانی ١٩٨٢ کۆتایی پێهات. ئەم ڕێکخراوەیە بە هۆی پەیوەندییە

نزیکەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە جۆراوجۆرە فەلەستینییەکان بەناوبانگ بوو، هەر بەم هۆیەوە گەلێك لە بەڕێوەبەرانی پێش لە گەیشتنی هێزە ئیسرائیلیەکان، لوبنانیان بەجێهێشت. ئەم ڕێکخراوەیە، کۆمەڵێکی مەزن کێبڕکێی نایابی دەربارەی کوردەکان بە زمانە جۆراوجۆرەکان بوو، کە لەنێوان خەڵکدا دابەشکرا یان فرۆشرا بە خەڵك. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان ئەندامەکانی ڕێکخستن، کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێکخراوەیە لە کانوونی دووەمی ۱۹۸۳دا هێنا.

ـ مجلس الأعيان الكرد اللبنانية الأعلى (ئەنجوومەنی باڵای کوردە ئەعیانەکانی لوبنان)

ئەم ڕێکخراوەیە لە ۱۷ی کانوونی یەکەمی ۱۹۹٤ دامەزرا و ئامانجی سەرەکیی بایەخدان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی، کولتووری، پەروەردەیی و گەشەسەندنەکان بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی کوردەکان لە لوبنان و یەکگرتنی هەموو گرووپ، بنەماڵە، حیزبە سیاسییەکان، کلوپ و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکانی لوبنان بوو. (دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە، وەهاج ئەلشێخ موسا بوو کە سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی کورد بوو کە خۆی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی ساڵی ۱۹۹۲ کاندیدا کرد، بەڵام سەرنەکەوت)، بەهەرحاڵ، شێوازی تاکەکەسی پێکهاتە و ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوەیە، نەیهێشت کە خەڵك پشتیوانی لێ بکەن و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی لوبنان هاوکاریی بکەن. لەڕاستیدا ناوی ئەم ڕێکخراوەیە، ڕەنگدانەوەی جۆری ئەندامەکانی بوو، واتا دەوڵەمەندەکان کە خەڵکی بەساڵاچوویان کە پارەیان هەیە، بەڵام خوێندەواری یان میکانیزمی پێویستیان بۆ باشترکردنی ڕەوشی گشتیی کۆمەڵگەی کورد نییە.

بە کورتی دەکرێ وەك دەرەنجام بگوترێت کە ڕێکخراوە غەیرە سیاسییەکانی کورد نەیانتوانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی کوردەکان بگۆڕن و بە هۆی

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ۱۹۷۵ ڕەوشیان خراپتر بوو و لەوە لاوازتر بوون کە بتوانن تەنانەت ڕەوشی ئەندامەکانی خۆیان بگۆڕن، چ بگات بە ڕەوشی کوردەکان بە گشتی. بۆ نموونە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە کاتی دامەزراندنیاندا ڕایاندەگەیاند، نەیانتوانی تەنها قوتابخانەیەک یان نەخۆشخانەیەک دروست بکەن یان پلانێکی کۆمەڵایەتی بە ئامانج دابڕێژن. لەمە زیاتر، ڕێکخراوەکان نەیانتوانی کادری ڕێبەرایەتی نوێ ــ کە تێڕوانینێکی دیکەی بە نیسبەت کێشەکان هەبێ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هان بدات ــ پەروەردە بکەن. ڕێکخراوەکان زۆر لاواز بوون و نەیانتوانی گوشار بخەنەسەر دەسەڵاتدارانی لوبنان و نەیانتوانی کوردەکان بەرەولای کۆمەڵگەی لوبنان ڕابکێشن. ئەم ئاکامانە، گەلێ لە کوردەکانی شێلگیر کرد تا یەکێتییە بنەماڵەییەکان دابمەزرێنن (کە لە میانەی دەیەی ۱۹۷۰ بە شێوازی گرووپە بنەماڵەییەکان دامەزران) و خزمەتی خۆیان بکەن. پێکهاتەی ئەم یەکێتییانە کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ناڕەزایەتی ئەوان یان ناسازگاری لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئامانج و چالاکیی ئەم یەکێتییانە جیاوازی لەگەڵ ئامانج و چالاکییەکانی ڕێکخراوە غەیرە سیاسییەکان نەبوو و لەوان باشتر نەبوون. بەداخەوە ئاکام و ئەنجامی ئەم ڕێکخراوانە، بڵاوبوونی زۆرتری کۆمەڵگەی کورد بوو.

● **حزبە سیاسییەکان**

ــ الحزب الدیقراطی الکوردی فی لبنان ــ البارتی (حزبی دیموکراتی کوردی لوبنان ــ بە «ئەلپارتی» ناسراوە)

ئەمە یەکەم حیزبی یاسایی کوردیی بوو، کە لە ساڵی ۱۹۷۰ لە لوبنان بە دەستی جەمیل محۆ کە بۆیاخچی ماڵان بوو، دامەزرا. حیزب چالاکیی خۆی بە شێوازی نهێنی لە تەممووزی ۱۹۷۰ لەژێر ناوی المنضمات الشباب الکوردیه

فی لبنان (ڕێکخراوی جوانانی دیموکراتی کورد لە لوبنان) دەستی پێکرد. ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن دەستەیەك لە لاوانی کوردی سوریا و لوبنان بە یارمەتی و هاندانی حزبی دێموکراتی کورد لە سوریا (PDKS) پێك هات. (دروشمەکانی گرووپ بریتی بوون لە «هاوواڵاتیبوون یەکێك لە مافەکانی یەکێك لە مافەکانی کوردانە» و «یەکبگرن، پاشان داوای مافی خۆتان بکەن»).

لە سەرەتادا، چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بریتی بوون لە پێوەندیگرتن لەگەڵ کوردەکانی خۆوڵاتی، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە لەمەڕ ڕەوشی کۆمەڵایەتی، کولتوورێ و سیاسیی کۆمەڵگەی کورد و میتودەکانی باشترکردنی ئەم ڕەوشە بە پێداگرتنی تایبەت لەسەر پرسی هاوواڵاتیبوون. هەتا ساڵی ۱۹۷۱ و بە مۆچیاری PDKS، ئەم ڕێکخراوەیە یارمەتی بە نوێنەرانی مەلامستەفا بارزانی دا کە ناردرابوون بۆ لوبنان تا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق پروپاگەندە بکەن.

چالاکیە سیاسیەکانی گرووپ هەتا ساڵی ۱۹۷۰ نهێنی بوو، واتا هەتا کاتێك کە محۆ لە کۆنگرە هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) کە لە ئابی ۱۹۷۰ لە عێراق بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد. لەم کۆنگرەیەدا بارزانی لەمەڕ گرینگیی بەڕێکخستن کردنی چالاکیە سیاسیەکانی کوردەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا کە هەم خزمەتی کوردەکانی لوبنان و هەم خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکات، ئاگاداری دا بە محۆ. بارزانی دەیزانی کە محۆ لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفت لەلایەن سەلاح بەدرەدین (ڕێبەری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردی سوریا کە لەلایەن بارزانییەوە تەریك خرابۆوە، بەڵام لایەنگری زۆری لە لوبنان هەبوو) ڕووبەڕووبە. هەربۆیە نامەیەکی دا بە محۆ و لەم نامەیەدا بۆ کوردەکانی لوبنانی نووسی کە محۆی بۆ ڕێبەرایەتی کوردەکانی لوبنان هەڵبژاردووە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە کوردەکانی لوبنان وەك قارەمانی

ئامانجی کورد سەیری بارزانییان دەکرد، کەوابوو هەرچی کە بارزانی بیگوتبایە، بە گیان و دڵ قەبووڵ دەکرا.

هەڵبژاردنی محۆ وەك نوێنەری بارزانی، خۆشەویستیی ئەوی لە لوبنان زیاد کرد. ئەم ڕاستییە سەلاح بەدرەدین ـ ی تووڕە کرد و محۆی تاوانبار کرد کە دەستێوەردانی نامەکەی بارزانی کردووە. بەهەرحاڵ، محۆ پاش ئەوە کە لە عێراق گەڕایەوە، توانی گەلێ لە کوردەکان لە پشتی حیزبەکەی تەیار بکات و داوای لە دەوڵەتی لوبنان کرد کە وەك حیزبێکی یاسایی قەبووڵی بکات. لە ٢٤ی تەیلوولی ١٩٧٠. حیزب بوو بە یاسایی و «حیزبی دیموکراتی کورد لە لوبنان» کە بە «ئەلپارتی» ناسراوە، لەدایك بوو. بەهەرحاڵ، بەدرەدین تەسلیمی ئەم کەندوکۆسپە نەبوو و پاش ماوەیەکی کەم دەستیکرد بە خەبات دژی محۆ و بەوە تاوانباری کرد کە بە هۆی ماددی، بەرەوڵای دەوڵەتی عێراق ڕاکێشراوە. هەربۆیە خۆشەویستی محۆ بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر کەمی کرد، لەبەر ئەوە کە نەیتوانی پێچەوانەی بانگەشەکانی بەدرەدین بسەلمێنێت. محۆ پاشان بە خزم پەرەستیش تاوانبار کرا. سەرەنجام بارزانی بانگی محۆی کرد و بۆ ماوەی سێ ساڵ ـ لە ساڵی ١٩٧١ هەتا ١٩٧٤ ـ لە کوردستانی عێراق ڕایگرت.

پاش گەڕانەوەی بۆ لوبنان، محۆ بەردەوام لە ڕۆژنامەکەی خۆی بە ناوی «صوت الاکراد» (دەنگی کورد) کەڵکی وەرگرت تا نەیارێتیی خۆی لەگەڵ بارزانی و پشتیوانیکردن لە بەرنامەی خودموختاریی دەوڵەتی بەغداد بۆ کوردەکان ڕابگەیەنێت. ئەم کارە بووە هۆی لەتبوونی ناوخۆیی زۆرتری کۆمەڵگەی کورد لە لوبنان و لەتبوونی «ئەلپارتی» و لاوازبوونی پێگەی محۆ وەك ڕێبەری کۆمەڵگە. «ئەلپارتی» لە ناستی مەحەلیدا هەتا ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبناندا کاری دەکرد، بەڵام لەم ساڵەدا بە بیانووی ئەوە کە ئیدی لە لایەن پارتی شیوعی لوبنان (LCP) پێشوازی

لێ ناکرێ، لە بزووتنەوە کێشایەوە. (LCP) لەسەر ئەوە پێداگری دەکرد کە منضمات البارتی الکوردیە الیساریە فی لبنان (ڕێکخستنەکانی حیزبی چەپی کورد لە لوبنان) شوێنی «ئەلپارتی بگرێتەوە.

محۆ دەستگیر کرا و هەتا ساڵی ۱۹۷۷ لەلایەن کاربەدەستانی سوریاوە زیندانی کرا. چالاکیەکانی «ئەلپارتی» پاش مەرگی محۆ لە ساڵی ۱۹۸۲ کۆتایی پێهات و لە ساڵی ۱۹۹۱ لەسەر داواکاریی کاربەدەستانی سووریا، ڕەوشی یاسایی خۆی لەدەست دا.

ـ القیادة المرکزیة للپارتی (ڕێبەرایەتیی ناوەندیی ئەلپارتی)

پاش ئاشکرابوونی لایەنگریکردنی محۆ لە دەوڵەتی عێراق، چەند ئەندامی ئەلپارتی لە ساڵی ۱۹۷۱ ریزەکانی حیزبیان بەجێهێشت بە مەبەستی پێکهێنانی «حیزبی دێموکراتی کوردی لوبنان ـ ڕێبەرایەتی ناوەندی»، تەڤلی ئەو دۆستانە بوون کە داواکاریی ئەندامێتییان پێشتر لەلایەن «محۆ» وە ڕەتکرابۆوە. تایبەتمەندیی ئەم گرووپە ئەوە بوو کە بە تەواوی هاوکاری بارزانی دەکرد و وەفاداری بارزانی بوو. هەر ئەم ڕاستییەش بووە هۆی ئەوە کە خۆشەویستی حیزب لەناو دڵی گەلێ لە کوردەکانی لوبنان و سوریا زۆرتر بێ. ئەم حیزبە، بۆڵتۆنێکی بە ناوی «ئەلپارتی» بڵاو دەکردەوە و گەلێ جار داوای مۆڵەتی لە دەوڵەتی لوبنان کرد، بەڵام بێ ئاکام بوو. چالاکیە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆبزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق و بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ئەم بزووتنەوەیە لە لوبنان و دەوروبەری لوبنان. پاش هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی کورد لە ئاداری ۱۹۷۵، چالاکییەکانی حیزب هێدی هێدی کەمی کردەوە و بە کوشتنی سکرتێری گشتیی حیزب، قازی فەرەح لە تەممووزی ۱۹۷۸، کۆتایی پێهات و هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی چالاکییەکانی لە دەیەی ۱۹۸۰ بە تەواوی هەرەسیان هێنا.

ـ رزگاری (حیزبی کوردی لوبنان)

فەیسەڵ فەخرۆ لە سێ هۆکار کەڵکی وەرگرت تا لە ٣ی نیسانی ١٩٧٥ ئەم حیزبە دابمەزرێنێت: ١ـ سەرنەکەوتنی «ئەلپارتی» لە ڕاکێشانی کوردە غەیرە کرمانجەکان ٢ـ پشتیوانیکردنی محۆ لە بەرنامەی ڕێژیمی عێراق بۆ خودموختاری کوردەکان. ٣ـ پێکهاتەی ڕێبەرایەتی «ئەلپارتی» کە بیووە ڕێکخراوی بنەماڵەی محۆ نە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کورد بە گشتی.

ڕزگاری ماوەیەکی کورت پاش دامەزران، لەڕێگای بۆڵتەنی خۆی بە ناوی «خەبات» پشتیوانی خۆی لە دەوڵەتی لوبنان و بێلایەنی بە نیسبەت گرووپەکانی بەشدار لە شەڕی ناوخۆدا ڕاگەیاند. هەروەها لە بەرەی «جبهه الاحزاب و القوی القومیه و الوطنیة فی لبنان»بەشداری کرد کە نە لایەنگریی لە سیاسەتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنانیی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان دەکرد و نە لایەنگریی بەرەی لوبنانی ژێر دەسەڵاتی مەسیحییەکان.

لە کردەوەیەکی سەرسوڕهێنەردا لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦، محۆ و فەخرۆ ناکۆکی و هێرشە زمانییەکانیان خستەلاوە و پێکهاتنی «الجبهة الوطنیة الکوردیة الاریدا» (بەرەی نەتەوەیی مەزنی کورد)یان ڕاگەیاند کە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە یەکخستنی چالاکیی سیاسیی کورد لە لوبنان، گارانتی کردنی یەکێتیی کۆمەڵگەی کورد لە لوبنان، باشترکردنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان، داکۆکی لە مافی هاووڵاتیبوون و دامەزران لە ئیدارە دەوڵەتییەکاندا. حیزب هەروەها پشتیوانیی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنان دەکرد لە هەمانکاتدا پێشوازی لە دەستێوەردانی هێزە ڕێگرە عەرەبییەکان بە ڕێبەرایەتی سوریا وەك باشترین چارەسەری بۆ کۆتایی پێهاتنی شەڕ دەکرد. بەهەرحاڵ پاش کەمتر لە ساڵێك لە دوای زیندانی کرانی محۆ لەلایەن کاربەدەستانی سوریاوە، چالاکییەکانی حیزب بەرەبەرە ڕاوەستا. ڕزگاری لە

ساڵی ۱۹۷۷ەوە زۆر لە گۆڕەپانی لوبنانـدا لاواز بـووە، بـەڵام هەتـا ئەمـڕۆ دریژە بە ژیـان دەدات.

ـ ڕزگاریی دووەم (حیزبی کوردی لوبنان)

لەدوای پێکهاتنی بەرەی نەتەوەیی مەزنی کورد لەنێوان «ئەلپارتی» و «ڕزگاری»، تاقمێك لە ڕزگاری جیا بوونەوە و سکرتێری گشتیی حیزب، فەخرۆیان بە ئاشتی کردنـەوە لەگـەڵ محۆ و گەڕانەوە بـۆ عەشیرەگەرایی کـوردی، تۆمەتبار کرد. ئـەم ناقمـە نوێیـە کـە لەلایـەن عەبـدی ئیبراهیمـەوە ڕێبەرایەتـی دەکـرا، لـە باڵادەسـتیی محۆ بەسـەر بـەرەدا نـارازی بـوو و فەخـرۆی بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد کـە بە شـوێن نموونـەی محۆدا دەچـێ و ناهێڵێ گرووپـە کوردییـە جۆراوجۆرەکان بەشـداریی تێـدا بکەن. لەمە زیاتـر، فەخرۆ بە پشـتیوانیکردن لە بەرنامـەی دەوڵەتی عێـراق بـۆ خودموختاریی کوردسـتانی تۆمەتبـار کرا.

لـە سـەرەتای سـاڵی ۱۹۷۷ ئیبراهیـم ڕایگەیانـد کـە پەرەنسـیپە بنەڕەتیـەکانی حیـزب دەپارێـزێ و دامەزرانـی «بـەرەی نەتەوەیـی مەزنـی کـورد»ی شـەرمەزار کـرد. لـە ئەنجامـدا، ئیبراهیـم پێکهاتنـی حیزبێکـی نوێی بە نـاوی حیزبـی کوردی لوبنـان (یـان ڕزگاریـی دووەم) ڕاگەیاندکـە شـوێنی حیزبـی ڕزگاریـی لـە «جبهـە الاحـزاب و القـوی القومیـە و الوطـنیة فـی لبنـان»دا گرتـەوە.

«ڕزگاریی دووەم» هەتا کاتی داگیرکرانی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل لە حوزەیرانی ۱۹۸۲ دریژەی بە چالاکی دا، بەڵام لەو کاتە بەدواوە، واتا لەدوای ئەوە کە سکرتێری گشتیی حیزب، لوبنانی بەجێهێشت و ڕوێشت بۆ سوریا، ژیانی حیزب کۆتایی پێهات و هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی حیزب کە سێ ساڵ دواتر ئەنجام درا تووشی هەرەسهێنان بوو. لەڕاستیدا، ماوەیەکی کورت پاش ئەوە کە ئیبراهیم لوبنانی بەجێهێشت، جەمیل حەسەن، یەکێك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە تشرینی

دووەمی هەمان ساڵ لە حیزب جیا بووەوە و «حیزبی ڕزگاریی سۆسیالیستی لوبنان»ی دامەزراند. جەمیل حەسەن پاش ئەوە کە بوو بە هاوپەیمانی محۆ و دوابەدوای یەکگرتنەوەی حیزبی سۆسیالیست و «ڕزگاری» لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ لە گرووپی نوێ جیا بووەوە. حیزبی سۆسیالیست تووشی لەتبوونی زۆرتر بوو و لە ساڵی ١٩٨٥ ژیانی کۆتایی پێهات.

ـ منضمات البارتية الكوردية اليسارية في لبنان (ڕێکخراوی حزبی چەپی کورد لە لوبنان)

ئەم حیزبە مارکسیست لینینیستە (ڕێکخراوی حیزب) یەکێ لە گرووپەجیابووەکانی الحزب الديقراتيه الكورديه اليساری (LKPD) بوو. (LKPD) لە ٥ی ئابی ١٩٦٥ بە دەستی سەلاح بەدرەدین پاش ئەوە کە لە حیزبی دیموکراتی کوردی سوریا (PDKS) جیابووەوە، دامەزرا. سەرەتای چالاکییەکانی «ڕێکخراوی حیزب» دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ واتا کاتێ کە ژمارەیەك لە کۆچبەرانی کوردی سوریا بوون بە ئەندامی حزب و لەگەڵ «منضمات الشباب الكورديه» هاوکارییان دەکرد. ئەم هاوکارییە هەتا ساڵی ١٩٦٩ درێژەی هەبوو. لەم ساڵەدا، پێوەندییەکانی نێوان سەلاح بەدرەدین و بارزانی خراپ بوو، لەبەر ئەوە کە بارزانی بە ڕاشکاویی پشتیوانی لە (PDKS) دەکرد. لە ئەنجامدا، بەدرەدین بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ لوبنان. لەوێش تووشی گیروگرفتی زۆربوو، لەبەر ئەوە کە زۆربەی کوردەکانی لوبنان وەفادار بە بارزانی بوون.

«ڕێکخراوی حیزب» چالاکییەکانی خۆی بە ڕەسمی لە ساڵی ١٩٧٠ دەست پێکرد و لە میانەی نیوەی یەکەمی دەیەی ١٩٧٠ زۆرتر کاری بۆ ئەوە دەکرد کە کوردەکانی لوبنان بکا بە ئەندامی حیزب، لەبەر ئەوە کە زۆربەی ئەندامەکانی کوردی سوریا بوون. ئەم کارە لە چەند ڕێگاوە ئەنجام درا، بۆ

نموونە بە ڕاشکاوی ڕەخنەی لە جەمیل محۆ بە هۆی لایەنگری کردن لە عێراقییەکان و سووریاییەکان و دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنان (کە بووە هۆی ئەوە کە ژمارەیەك لە ئەندامەکانی ئەلپارتی بچنە ڕیزی ڕێکخراوی حیزب) دەگێرت. محۆ بە تووندی، شیوعییەکانی (کە «ڕێکخراوی حیزب» پێوەندیی باشی لەگەڵیاندا هەبوو) بەوە تۆمەتبار کرد کە ناکۆکی دەخاتە نێو بزووتنەوە، لە ئەنجامدا «ئەلپارتی» لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنان کێشایەوە و «ڕێکخراوی حیزب» شوێنی گرتەوە. لە کردەوەدا «ڕێکخراوی حیزب» کە پاشان ناوی خۆی گۆڕی بۆ «الاتحاد الشعبیه الکرد فی لبنان» (یەکێتی گەلی کورد لە لوبنان)، لەکاتێکدا کە سکرتێری گشتیی حیزب، بەدرەدین پاش داگیرکاریی ئیسرائیل، هەڵات بۆ قوبرس، ژیانی کۆتایی پێهات. بەر لەوەش «ڕێکخراوی حیزب» تووشی کۆمەڵێك ناکۆکیی ناوخۆیی بووە کە سەرەنجام پێکهاتنی گرووپێکی لادەر بە ناوی «منضمات البارتی الکوردیه الیساری فی لبنان - الحرکه التصحیحیه» (ڕێکخراوی حیزبی چەپی کوردی لوبنان - بزووتنەوەی ساخکەرەوە)ی لێکەوتەوە. ئەم ڕێکخراوەش بە داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل ژیانی کۆتایی پێهات.

ـ منظمات التقدمیة الأکراد في لبنان (ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازی کوردی لوبنان)

ئەم حیزبە یەکێکە لە گرووپە لادەرەکانی ڕێکخراوی حیزب بوو، کە لەلایەن ئەحمەد جمهوور و مستەفا سۆفییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا. لادەرەکان، بەدرەدین - یان بە هۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕێژیمی عێراق لە ساڵی ۱۹۷۵، بە خیانەت تۆمەتبار کرد. پاشان لە حوزەیرانی ۱۹۷٦ جمهوور و سۆفی بەیاننامەیەکیان لەژێر ناوی «القیاده الشرعیه المنظمه» (ڕێبەرایەتی یاسایی ڕێکخراوی حیزب) بڵاو کردەوە و لە نیوەی ساڵی ۱۹۷۸ دا ناوی حیزبەکەیان کرد بە «ڕێکخراوی

پێشکەوتنخوازی کورد لە لوبنان». چالاکیەکانی حیزب بریتی بوون لە دامەزراندنی (یەکێتی ڕۆشنبیران بۆ پێشکەوتن)، بەڕێوەبردنی فستیوالّ و سمینار و بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەیەک. لەگەل ئەوەشدا تەمەنی ئەم ڕێکخراوەیە زۆر کورت بوو و بە داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل لە حوزەیرانی ١٩٨٢، هەڵوەشایەوە.

ـــالحزب الديموقراطية الكوردية في لبنان ـ البارتي/القيادة الموقتة (حزبی دیموکراتی کوردی لوبنان ـــ نەڵپارتی/ڕێبەرایەتیی کاتی)

پاش پێکهاتنی «بەرەی نەتەوەیی مەزنی کورد» لە ساڵی ١٩٧٦ لەنێوان نەڵپارتی و ڕزگاری، موحەممەد محۆی کوڕی جەمیل محۆ، لە حیزبەکەی باوکی جیا بووەوە و حزبێکی لە گوڵانی ١٩٧٧ دامەزراند. موحەممەد لەڕێگای بڵاوکەرەوە بە ناوی «صوت الشباب الكورديه» (دەنگی جوانانی کورد» بە ڕاشکاوی دەستی کرد بە ململانێ لەگەڵ باوکی و بە هۆی پشتیوانی لە سیاسەتی ڕژێمی عێراق لە دژی بارزانی و چوونە دەرەوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنان، ڕەخنە لە باوکی گرت. بەهەرحاڵ هەم موحەممەد و هەم باوکی یەک بیروبۆچوونیان دەربارەی کوردە غەیرە کرمانج زمانەکان هەبوو و ئەم ڕاستییە کاریگەریی نەرێنی کردە سەر «نەڵپارتی ـ ڕێبەرایەتیی کاتی». موحەممەد لە پێکدادانێکدا لەگەڵ بزووتنەوەی شیعەی «ئەمەل» لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٢ کوژرا و ژیانی حیزبەکەیشی کۆتای پێهات.

ڕێکخراوە کوردییەکانی لوبنان (چ سیاسی و چ غەیرە سیاسی) نەیانتوانی بگەن بە ئامانجە خوازراوەکانیان، چونکە کوردەکان بەشداریی کەمیان لە چالاکییەکاندا دەکرد. چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوانە هیچ پێوەندییەکی بە

پێداویستیە سەرەکیەکانی کوردەکان واتا کار و خواردن و دەوا و دەرمانەوە نەبوو. یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە، کەمتەرخەمی و گرینگی نەدانی کوردەکان بە چالاکیی سیاسی باش و بەڕێکخستنکراو بوو. لەمە گرینگتر، ڕێکخراوەکان بە تایبەت پارتە سیاسییەکان لە هۆشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردەکانی لوبنان هەڵنەقوواڵ بوون و بە هۆکارە دەرەکییەکان هان دەدران و بە ناکاو وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ناڕەزایەتی لە حزبەکان دامەزران.

لەمە زیاتر، ڕێبەران یان مەزنەکانی کوردەکان لە لوبنان نەتەنیا بەسەر دامودەزگای دەسەڵاتداریی ڕێکخراوەکان زاڵ نەبوون، بەڵکوسەرچاوەی ڕێکخراوەکانیان بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەکار دەهێنا و گەلێ لە کوردەکانیان لە ئەندامبوون لەم ڕێکخراوانە بێبەش دەکرد.

لەپاڵ ئەمانەشدا، ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکان خوێندەواری وشارەزایی سیاسییان نەبوو کە پێویستیی سەرەتایی هەموو ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەیە. حیزبەکان بە دەستی ناکۆکی ناوخۆییەوە هیلاك ببوون و بە تۆندی تاقم تاقم ببوون. لەمە زیاتر، لەکاتێکدا کە زۆربەی ڕێکخراوەکان تەنانەت نەیاندەتوانی لەڕووی ماددییەوە خۆیان بەخێو بکەن، بەڵێنیی دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەیان بە خەڵك دەدا. ئەم کردەوانە، پتر لە جاران ڕێکخراوەکانیان لە چاوی خەڵکی کورددا بێزار کرد.

دوو هۆکاری گرینگی دیکەی هەرەسهێنانی ڕێکخراوە کوردییەکان و سەرنەکەوتن لە باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردەکان ئەوە بوو کە: ۱ـ گەلێ جاران کێشە نەتەوەییەکان (واتا ڕووداوەکانی کوردستان) بەسەر کێشە مەحەلییەکاندا زاڵ بوون و دەستێوەردانی چالاکییە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکانیان دەکرد. ئەم ڕاستیە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە لەنێوان ڕێکخراوەکاندا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە ڕێکخراوەکان لە هەوڵدان بۆ باشترکردنی ڕەوشی

گشتیی کۆمەڵگەی کورد لە لوبنان، غافڵ بن. ٢ـ زۆربەی کوردەکان لە هاووڵاتیبوونی لوبنان بێبەش بوون و ئەمە بووە هۆی ئەوە کە گەلێ لە خەڵك لە بەشداریکردنی چالاك لە رێکخراوەکاندا بێهێوا بن.

لێرە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە بۆ دامەزراندنی هەموو رێکخراوەیەك لە لوبنان پێویستە ٢ لە ٣ی بەرێوەبەرانی رێکخراوەکە هاووڵاتی لوبنان بن، بەڵام لەبەر ئەوە کە تەنها ژمارەیەکی کەم لەکوردەکان هاووڵاتی لوبنان بوون، رێکخراوەکان پشتیان بە هەر کەسێك کە هاووڵاتی لوبنان بایە دەبەست، بێئەوەی ڕادەی لێهاتووی نەو کەسە بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکانی ڕەچاو بکەن.

بە کورتی کارنامەی پارتە سیاسییە کوردییەکان هیوابەخش نەبوون. ئەوان ئەوەندە لاواز بوون کە نەیاندەتوانی پشتیوانیی کۆمەڵێك خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لەڕاستیدا نە تەنها لە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك بێبەش بوو، بەڵکو پەرەیان بە چوارچێوەیەکی بەرێکخستنکراو و جێگیریش نەدا تا پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك بەرەولای خۆیان ڕابکێشن و سەلمێندرا کە چییەتی ئەدەبیاتی سیاسی و هێزی خەباتیان بەلاڕێدا بردووە. تەنانەت گەلێ لە پارتەکان هەوڵیان دا تا ڕوانگە تەسکەکانی خۆیان لەگەڵ لەخۆبایبەکانیاندا ڕێك بخەن تا پێگەی ئەندامیەتی خۆیان قایم بکەن.

لەمە زیاتر، حیزبەکان لەوە لاوازتر بوون کە بتوانن پێکەوە هەڵکردنێکی ڕاستەقینە لەخۆیان نیشان بدەن، بە تایبەت لەبەر ئەوە کە زۆربەیان لەلایەن دامەزرێنەرەکانیانەوە رێبەرایەتی دەکران و کاتێك کە ئەم رێبەرانە نەدەمان (بە هۆی مردن یان هەڵاتن) حیزب هەڵدەوەشایەوە. زۆربەی پارتەکان بە شێوازی نایاسایی کاریان دەکرد و ماوەیەکی کورت پاش دامەزرانی دەوڵەتی لایەنگری ئیسرائیل لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢، هەڵوەشانەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە هەمووی ئەم حیزبە سیاسییە کوردییانە ماوەتەوە، حیزبی

«ڕزگاری»یە کە ئەویش هەنووکە پشتیوانییەکی زۆر کەمی لەلایەن خەڵکەوە لێ دەکرێ. لەناو ڕێکخراوە غەیرە سیاسییەکانیشدا «ڕێکخراوی خێرخوازیی کوردی لوبنان» و «ڕێکخراوی کولتووری و وەرزشیی ئەلئەرز» دڕێژە بە کاری خۆیان دەدەن.[۱۸]

● چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و ناستی خوێندن لای کوردەکانی لوبنان

أ. چالاکیە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، چالاکی کۆمەڵایەتیی کوردەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە دانپێدانێکی دەوڵەتی لوبنان لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستی پێکردوە بە تایبەت لە ساڵی ۱۹۶۳، کاتێ کە یەکەم کۆمەڵەی کوردی لە لوبنان بە ناوی (کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان)ـەوە دامەزرا و لە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە، پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی (برادەری) نێوان لاوە کوردەکان و بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان و بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریی نێوان کوردەکان هەروەها پارێزگاریکردن لە ڕۆشنبیری و کلتوری کوردی بە یادکردنەوەی جەژنە نیشتمانیە کوردییەکان نموونەی چەژنی نەورۆز.

لە ساڵی ۱۹۶۹، بەڕێز فەیسەڵ فەخرو، فایز محەمەد کوردی و محەمەد خزر عەلوش (کۆمەڵەی ـالارز ـی وەرزشی)یان دامەزراند، کە ساڵی ۱۹۷۲ ناوەکەی ڕێك کرایەوە و گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی ـالارز ـی وەرزشی و ڕۆشنبیری)، بارەگاکەی لە شوقەیەکی تایبەتە لە ناوچەی ـزقاق البلاط ـ. ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە پتەوکردنی چالاکیە ڕۆشنبیریەکان و یاریکردنی نوێی بالە و تۆپی پێ و یاریییەکانی هیز. کۆمەڵەی ـالارز ـ ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ڕۆشنبیریدا بینی، بۆ نموونە کارکردنیان و هەوڵدانیان بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی

زمانەکان و وتنەوەی موحازەرات و کۆڕ و سمیناری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و، دەرکردنی گۆڤاری (ڕاستی) لەلایەن بنکەی ڕۆشنبیریەوە، هەروەها لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن، شانبەشانی دەرکردنی گۆڤاری (ڕاستی) دڵسۆزانی کۆمەڵەکە ئیزگەیەکیان دامەزراند کە لەسەر شەپۆلی کورتی (F.M) بەناوی کۆمەڵەکەوە (کۆمەڵەی الارز) پەخش دەکات، لە ساڵی ۱۹۹۵ ـەوە تاوەکو ساڵی ۱۹۹٦ بە هەوڵ و ماندووبوونی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکە بەردەوام بوو و بەردەوامە.

بەڵام لەسەر ئاستی هونەری، کۆمەڵەی الارز تیپێکی فۆلکلۆری بە ناوی (تیپی الارزی کوردەکانی لوبنانی بۆ نواندن و هونەرە میللییەکان) دامەزراند. گرنگترین کارەکانی ئەم تیپە یادکردنەوەی ئێوارانی (جەژنی نەورۆز)، بە ئیش و کاری شانۆیی و سەما میللییەکان (مەبەست شایی و هەڵپەڕکێیە) هەروەها ژەنینی مۆسیقا و گۆرانی نیشتمانی و میللی.

سەبارەت بە چالاکیە وەرزشییەکان، کۆمەڵەی ـ الارز ـ چەندین چالاکیی ئەنجام داوە، دیارترینیان بردنەوەی تیپی ـ الارز ـ بوو لە پاڵەوانێتی تۆپی پێی پلە سێ لە بەیروووت، بۆیە یەکێتیی تۆپی پێی لوبنانی بڕیاری دا تیپەکە بەرز بکاتەوە بۆ ڕیزی تیپە پلە دووەکان. شانبەشانی تۆپی پی، کۆمەڵەی الارز چەندین پاڵەوانێتی دیکەی بردۆتەوە لە بوارەکانی (یاریەکانی هیز، بەرزکردنەوەی قورسایی و زۆرانبازی) کە تیایدا یەکێك لە ئەندامانی یانەکە (محمود اسماعیلات) دەرکەوت و چەندین پاڵەوانێتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بردەوە.

جگە لەم دوو کۆمەڵەیە چەند کۆمەڵەیەکی تر و ڕابیتەی خێزانی دیکە دامەزران لەوانە: کۆمەڵەی (یەکێتی خوێندکارانی کورد لە لوبنان) کە سەرەڕای کەمی توانا مادییەکانی، چەند ئەندامێکی توانیان گۆڤارێکی فیکری کۆمەڵایەتی خوێندکاریی کە گۆڤاری (بەربانگ)ـە، دەربکەن.(احمد محمد

احمد، اکراد لبنان، ل ۱۱٦) بەڵام ئەم کۆمەڵەیە حاڵی حازر چالاکیەکی ئەوتۆی نیە کە شایانی باس بێ.

هەروەها ساڵی ۱۹۷۵ (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کوردی لوبنانی) دامەزرا، کە وەکو کۆمەڵەکانی تر، ئامانجی بەرەوپێشچوون و باشکردنی باری گوزەرانی ـ لۆبی کوردی ـ یە لە لوبنان لە هەموو بوارەکاندا. دیارترین کاریگەریە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەرکردنی گۆڤارێکی دەوری بە ناوی «ڕێبەر» ەوە بوو، هەروەها دەرکردنی چەند کتێبێك لەوانە «فێربوونی زمانی کوردی بەبێ مامۆستا» و داستانی کوردی «بائع السلال ـ بازنەفرۆش» بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە هەندێك بە سیاسی ڕوونی دەکەنەوە، لە ساڵی ۱۹۸۳ کۆمەڵەکە داخرا و هەڵوەشێنرایەوە.

ب. ئاستی خوێندن (فێربوون) لای کوردەکانی لوبنان

لە سەرەتادا کوردەکانی لوبنان زۆر گرنگیان بە خوێندن و فێربوون نەدەدا و لایەنی پەروەردەیی منداڵەکانیان پشتگوێ خستبوو، کە بووە بە یەکێك لە پێویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، سەرەتای هاتنیان، خوێندنیان تەنها لە لەبەرکردنی چەند سووڕەتێکی قورئانی پیرۆزدا بەرتەسك کردبۆوە. بەڵام لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم، لەپاڵ فێربوونی خوێندنی ئایینی هەستیان بە پێویستی وەرگرتنی زانست و زانیاری کرد و منداڵەکانیان دەنارد خوێندنگەی شێخ (علی بری) لە ناوچەی (البسطا التحتا) لە بەیروت. هەروەها ڕۆشنبیری کورد (کامەران بەدرخان) کەئەوکات قونسێلی فەڕەنسا بوو لە لوبنان و سوریا، ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە کردنەوەی خوێندنگەی (اللایك) بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە بەیروت (بە یارمەتی فەڕەنسییەکان).

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای خوێندن لەچاو سەردەمەکانی پێشوو زۆر

باشتره، بەڵام پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیریان ناچێتە ریزی تایفەکانی دیکەی لوبنانەوە، لەبەر ئەوەی ڕەوشی خوێندن لە لوبنان بە گشتی و بەیروت بە تایبەتی کەوتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆوە، کە لە ساڵی ۱۹۷۵ تاوەکو ۱۹۹۰ بەردەوام بوو، ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر کوردەکانی لوبنان هەبوو.(ل٦٢، کورد گەلی مەینەتییەکان)

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ دوو فاکتەر وەك هۆکارەکانی نزمبوونی ئاستی خوێندن لەنێو کوردەکان لە لوبنان سەیر بکرێن:

بەکەمیان، شەڕی ناوخۆیی و دەرهاویشتەکانی: کاریگەری ئەو شەڕەی ناوخۆیەی کە ئاماژەی پێدرا، بوو بە هۆی ئەوەی ئەوانەشی کە نەچوونە ریزی میلیشیاکانی شەڕەوە، بەڵانی کەمەوە کەشی شەڕەکە کاریگەریی هەبووە لەسەریان.

هەروەها ڕەوکردن وەکوو دیاردەیەك لە دەرهاویشتەکانی شەڕ، ڕۆڵێکی بنچینەیی هەبووە لە دابەزینی ئاستی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری.

دووەم: هەروەها فاکتەری دیکە نەبوونی ڕەگەزنامەیە، وەك ئاشکرایە ئەوەی ڕەگەزنامەی لوبنانی نەبێت گرانە لەسەری ئەگەر مەحاڵ نەبێت منداڵەکەی لە خوێندنگەی ڕەسمیدا تۆمار بکات. بۆیە ئەوانەی فۆرمی (لەژێر لێکۆڵینەوەدایە) (قید الدرس) هەلدەگرن یان هیتر، (مەبەست لەو کەسانەیە کە ڕەگەزنامەی لوبنانیان پێنەبەخشراوە) دەبێت منداڵەکانیان لە خوێندنگەی تایبەتیدا بخەنە بەرخوێندن و دەبێت قورسی و گرانی تێچوونی قیستی خوێندنگەکان هەڵگرن، لێرەدا کێشەی دابڕان لە بەدواداچوون و بەردەوام بوونی خوێندن دەست پێدەکات، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەوانەی لە خوێندن دانەبڕێن.

پاش باسکردن دەربارەی شەڕی ناوخۆ و دەرهاویشتەکانی و کێشەی (ڕەگەزنامە) و ڕەنگدانەوەیان وەکوو دوو فاکتەری بنچینەیی بۆ دابەزینی ئاستی خوێندن، دەبێ هەندێك پرسیار بخرێتە ئەستۆی کوردەکان خۆیان کە بوەتە هۆی گەیشتنیان بەم حاڵەتە. لەم بارەیەوە بە ئاشکرا کاریگەری عەقڵیەتی کۆنی کوردەکان دەردەکەوێ کە زۆر هەوڵی تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی پلەی زانستی نادەن بۆ تایبەت بۆ مێینە.

لەلایەکی تر‌ەوە، پێویستە باس لەو گۆڕانکارییە ڕێژەییەی ئەم سەردەمە بکەین کە پاش تێکەڵبوونی خێزانە کوردەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنی بە بیر و داب و نەریتەکانیەوە، کرانەوە و ڕووکردنیان لە بەدەستهێنانی پلەی زانستی و ڕۆشنبیری، زیادی کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆری کوردەکان تا ئێستا پابەندن بە چەند داب و نەریتێکەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئاراستەکردنی گەنجەکانە لە تەمەنێکی لاویدا بۆ ئیشکردن نەك هەر تەنها بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەکانیان بدەن لە بەرەنگاربوونەوەی نەهامەتییەکانی ژیان، بەڵکوو بۆ ئەوەی خێزانێکی نوێ دابمەزرێنن بە ژنهێنانێکی پێشوەخت، هەروەها سەبارەت بە کچان کە هەر گەیشتنە تەمەنی باڵقبوون، ئاراستە دەکرێت بۆ بیرۆکەی شووکردن کە دەبێتە هۆی دابڕانیان لە خوێندن. کەواتە پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەم بیرۆکە و داب‌ونەریتانە و ڕادەی کاریگەریان لەسەر ئاستی خوێندن بکرێ.[۱۹]

● هۆکارەکانی کۆچکردنی کوردەکان لە لوبنانەوە

هەروەك پێشتریش کەم و زۆر ئاماژەی پێدرا، لە قۆناغگەلی جیاوازدا ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کوردەکان لە لوبنانەوە بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچیان کردووە. ئەم کۆچکردنەش کۆمەڵە هۆکارێکی لە پشتەوە بووە زۆر لە

سەرچاوەکان سێ هۆکاری داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٢، ئەزیەت و ئازاری کوردەکان لەلایەن هێزە دەوڵەتییەکانی ژێر رکێفی مەسیحییەکان لە ساڵەکانی ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣ و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کوردەکان لەگەڵ شیعەکانی لوبنان بە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچی کوردان لە لوبنانەوە دەزانن بەڵام لە کتێبی « کورد، گەلی مەینەتییەکان »دا بە شێوەیەکی وردتر باس لە سێ هۆکاری سەرەکی کراوە کەوای لە کوردەکانی لوبنان کردووە کۆچ بکەن، بە شێوەیەکی نزیکەیی هاوشێوە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کەوای لە لوبنانیەکان (بە گشتی) کردووە. لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا نیشتمانەکەیان بەجێبهێڵن. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

یەکەم ـ هۆکارە ئەمنییەکان:

بە یەکێك لە هۆکارە جەوهەرییەکان دادەنرێت، کەوای لە لوبنانیەکان کردووە لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە نیشتمانەکەیان بەجێ بهێڵن، تاوەکوو ساڵی ١٩٨٤ شەپۆلی ساڵانەی کۆچبەرە لوبنانییەکان نزیکەی ٤٠ هەزار کۆچبەر بووە (ساڵانە) واتە نزیکەی ٤٠٠ هەزار کۆچبە. بەڵام سەبارەت بە کۆچکردنی کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە دەستی پێکرد بۆ ئەڵمانیا، پاش ئەوەی کە ئاسانکاری بۆ کردن وەك پاداشتێك بۆ ئەو خزمەتەی، کە لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا کوردەکان پێشکەشی بە سەربازە ئەڵمانییەکانیان کردبوو، ئەویش بە کردنەوەی ڕێگا و بانەکان بۆیان بۆ ئەوەی بگەنە نێو ئەنادۆڵ.

لە میانەی توێژینەوەیەك کە لەم پێوەندییەدا کراوە، دەرکەوتووە کۆچی کوردەکان لە لوبنانەوە بۆ دەرەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا زیادی کردووە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە هۆکارەکانی زیاتر ئەمنین بە تایبەت ماوەی پێش ساڵی ١٩٨٤، کاتێ کە پاش داگیرکارییەکەی ئیسرائیل دانیشتوانی

کورد تووشی کردەوەکانی دەستگیرکردن و کوشتن و بڕین بوون، حاڵی ئەو بەشە زۆرەی خەڵکی لوبنان کە هاوسۆزی دۆزی فەلەستین بوون، هەروەها ئەو حاڵەتەی کە دروست بوو و بووە هۆی هەڵگیرسانی شەری ـ الجبل ـ و شەڕی ـ الفاجیە و بیروت ـ میلیشیاکان گەڕانەوە بەشی خۆرئاوای پایتەخت، لەو کاتەوە (۱۹۸٤) تاوەکو (۱۹۸۷) کوردەکان باجی داگیرکاری میلیشیاکان لەسەر پایتەخت دەدەنەوە. جارێك دەبنە قوربانی پێکدادانەکان و جارێکیش دەبنە قوربانی هێرشە لەناکاوەکان، بۆیە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کۆچکردن چارەسەری نەو نەهامەییەیە. ناوەکو ساڵی ۱۹۸۷ هێزەکانی سوپا گەڕایەوە پایتەخت و ڕێژەی کۆچبەرە کوردەکان کەمی کرد. لەگەڵ چوونەوە نێو ساڵی ۱۹۸۹ دووبارە شەڕی ناخۆ لە ١٤ی ئازار هەڵگیرسایەوە، لە میانەیدا (١٤ی ئازار ـ ١٥ی ئاب ۱۹۸۹) نزیکەی ۱۰۰ هەزار کەس لوبنانیان بەجێهێشت. ناوچە و گەڕەکە کوردەکان بە ڕێژەیەکی گەورە چۆڵ بوون لە دانیشتوانەکەی، لە کۆی گشتی نەوانەی لەو ماوەیەدا کۆچیان کرد.

دووەم ـ هۆکارە ئابوورییەکان:

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا و بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٤ و سەرەتای ساڵی ۱۹۸۵، ئابووری لوبنان، بە شێوەیەکی کوت و پڕ دووچاری حاڵەتێکی تێکچوون و پەرتەوازەیی بوو، بە ڕادەیەك کە هاوشێوەی نەبوو لە ساڵانی پێشووی شەڕدا، دیارترین و گرنگترین دەرکەوتەکانی ئەم تێکچوون و پەرتەوازەییە لە دابەزینی بەها دراوی نیشتمانی بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان خۆی دەبینێتەوە، هەروەها بەرزبوونەوەی سەرنجڕاکێشی نرخی شمەکە خۆراکی و بەکاربەر و خزمەتگوزارییەکان وەکوو (کرێ خانوو و ئەوانی تر...). لێرەدا دەبێ هۆکارە ئابوورییەکان بە هۆکارە ئەمنییەکان بەستیرێنەوە، چونکە چەندین

دامودەزگای بازرگانی و کۆمپانیاکان دەرگایان داخست و ڕوویان کردە دەرەوە، بۆ ئەوەی دووبارە لە دەرەوەی پایتەخت دەست بە چالاکییەکانیان بکەن، لە ئەنجامدا دیاردەی بێکاری بڵاو بۆوە کە چەندین کوردی لوبنانی لەکار خست.

سێیەم- بەدەست نەهێنانی ڕەگەزنامەی لوبنانی

وەك لە بەشەکانی پێشوودا ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئەو نەهامەتیەی کە دووچاری کوردەکان بووە لە ئەنجامیدا، خرایەڕوو، کە دەتوانرێ لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە. بیبەش بوونیان لە چارەسەرکردنی بیبەرامبەر و خزمەتگوزاری سندوقی نیشتمانی بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشە گشتیەکان و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە وەکو بیمەی تەندروستی و پیر و پەککەوتەیی...، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بێبەش بوونی منداڵەکانیان لە خوێندنی بەخۆڕایی کە زۆربوونی ڕێژەی نەخوێندەواری لێکەوتەوە. کەواتە هەموو ئەم گیروگرفتانە دەچنە خانەی کۆچکردنەوە و پاڵیان بە کوردەکانەوە ناوە کە بە ژمارەیەکی زۆر (زۆربەیان لە بێرەگەزنامەکانن) وڵات بەجێ بهێڵن و ڕووبکەنە تورکیا یان ئەوروپای ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەڵمانیا.

● دابەشبوونی جوگرافی کوردەکان لە دەرەوەی وڵات

بە شێوەیەکی سەرەکی، کوردەکانی لوبنان لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بڵاو بوونەوە. هۆی هەڵبژاردنی ئەڵمانیا، سوید و دانیمارك لەلایەن کوردەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاسانکاریانەی کە ئەم وڵاتانە پێشکەشی بە پەنابەرانی سیاسیان دەکرد بەتایبەت لوبنانی و فەلەستینیەکان، کۆچبەرە کوردەکانی ئەم وڵاتانە، زۆربەیان بە شێوەیەکی کاتی کۆچیان کردوە، بۆیە نەیانتوانیوە ڕەگەزنامە وەربگرن و نیشتەجێ بن لە وڵاتانی دەرەوە، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە بیانیەکی ماڕە کردووە. ئەمانە دەتوانن

کۆچکردنەکەیان بە بەردەوام دابنێن لەبەر دوو هۆ: یان بە هۆی بەدەسهێنانی ڕەگەزنامەوە یان بە هۆی بەدەسهێنانی منداڵەکانیان ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە، لە ئەنجامدا پاش ماوەیەك دەتوانن داوای مافی ڕەگەزنامە وەرگرتن بکەن...

بەڵام سەبارەت بە دابەشبوونی کوردەکان بەسەر شارە ئەوروپاییەکاندا بەم شێوەیەیە: لە ئەڵمانیا، ئایسن (۲۵٪ی کۆچبەرەکان)، بەرلین (۲۵٪ی کۆچبەرەکان)، بریمن، شتۆتگارت، ساربروکن، هامبۆرگ.

لە سوید بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەر دوو شاری (مالمۆ) و (ئۆپسالا) نیشتەجێن. ئەمە جگە لە گۆتبۆرگ و ستۆکهۆڵمی پایتەخت.

● ڕۆڵی کۆچبەرە کوردەکان لە بوژاندنەوە و یارمەتیدانی کەس و کاریان

پێویستە بە ئاماژەکردنە کە کۆچبەرە کوردەکان لە وڵاتانی ئەوروپاوە بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیی کەس و کاریان لە لوبنان دەکەن، لێرەدا باس لە دوو شێوە لەو یارمەتیدانانە دەکەین:

ـ یارمەتیە دارایەکان: بریتیە لەو پارانەی کە لە بانکەکانی دەرەوە حەوالەی بانکەکانی لوبنان دەکرێ، لە هەندێ حاڵەتدا بە دراوی نەختینەیی لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لوبنان، دەنێردرێتەوە بۆ ماڵەوە. دیارە ئەو یارمەتییەش بەپێی باری دارایی ئەو کەسانەی نیشتەجێی دەرەوەن جیاوازی هەیە...

ـ یارمەتیە شمەکیەکان: بریتیە لەو کەرەستە و شمەکانەی کە کۆچبەر بۆ برا یان یەکێك لە کەس و کاری دەینێرێتەوە، بۆ نموونەی بیفرۆشن و سوود لە پارەکەی وەربگرن، ئەو شمەکانەش زۆرجار ئۆتۆمبێلی بەکارهێنراو یان جل و بەرگی بەکار هێنراون. بەڵام وا باوە کە ئۆتۆمبێلی بەکارهێنراو بنێردرێتەوە بە تایبەت لە ئەڵمانیاوە. چەندین کۆچبەری کورد هەن کە هاوبەشی دەکەن لە جوڵاندنی ڕەوڕەوەی ئابووری لە بازاڕەکانی لوبنان، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی

پیشانگای ئۆتۆمبیلە بەکارهێنراوەکان و ئیش و کاریان مسۆگەر دەکەن لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە بازارێکی نوێ بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانیان مسۆگەر دەکەن، بێگومان ئەمە سوودی بۆ بەکاربەری لوبنانیش دەبێت...

● **چالاکیی ئابووری کوردەکان لە وڵاتانی دەرەوە**

چالاکی ئابووریی کوردەکان دابەش دەبێت بەسەر دوو گرووپدا، گرووپێکی کارگەر و گرووپێکی کارنەکەر.

ئا ـ گرووپی کارگەران

دابەش دەبێت بەسەر ئەم بەشانەی چالاکیدا:

ـ کەرتی بازرگانی و خزمەتگوزاری کە گەورە بازرگانەکان و بەڵێندەرەکان، هەروەها بازرگانە مامناوەندە و بچووکەکان، وەك خاوەن دووکانەکان و بازرگانی ئۆتۆمبێلەکان دەگرێتەوە. خزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشانە دەگرێتەوە (ئەمینداری، چاودێریی بازاڕکردن، ژمێریار، وانەوتنەوە، پزیشکی، خزمەتگوزاری ئوتێلکاری وەکو چێشتخانەکان و خزمەتگوزاری شارەوانی)

ـ کەرتی پیشەسازی و پیشەوەرییەکان کە تەکنیکاران و پسپۆڕان لە بواڕەکانی میکانیك و کارەبایی دەگرێتەوە، هەروەها خاوەن فڕنەکان و دروستکردنی شیرینی دەگرێتەوە (ئەم جۆرە ئیش و کارە نێوان کۆچبەرانی سوید بە زۆری بڵاو دەبێتەوە) ئەم کەرتە کرێکارانی پیشەسازیە قورسەکان و ئاسن و ئەلەمنیۆم، ئەمە جگە لە کرێکارانی بیناسازی دەگرێتەوە.

ـ کەرتی کشتوکاڵی کە جوتیاران و کشتیاران دەگرێتەوە...

ب ـ گرووپی کارنەکەران

هەموو کۆچبەرێك کە بارودۆخی گونجاوی کارکردنی بۆ نەڕەخسێ، وەزعی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت:

ئەگەر ئاماژە چوونە ژووروەوەکەی (فیزەکەی) بۆ ئەو ولاتەی کە بۆی چووە، وەکو پەنابەری سیاسی وەرگیرابێت، مانگانە مووچە لە حکومەت وەردەگرێت، لێرەدا پێویستە ئەو زانیارییانەی کە یەکێك لە بەرپرسانی لۆبی کوردی لوبنانی لە ئەڵمانیا، دەربارەی وشەی (azyle ئەزیل) کە مانای پەنابەری سیاسییە بە زمانی ئەڵمانی، بەهای ئەو مووچەیەی وەریدەگرن دەگاتە نێوان ٤١٥ مارکی ئەڵمانی، ئەگەر کەسەکە سەڵت بوو، و ٤٦٠ مارکی ئەڵمانی بۆ یەك کەس لە تەمەنی (١٨ ـ ٨٠) ساڵ ئەگەر خاوەن خێزان بوو، بەڵام هاوسەرەکەی (لە هەمان گرووپی تەمەنی باسکراو) ٤٠٠ مارکی ئەڵمانی وەردەگرێت، منداڵەکانیشیان لە تەمەنی (١٤ـ١٨) ساڵ ٣٥٠ مارك وەردەگرن و لە تەمەنی (٨ـ١٤) ساڵ ٢٦٠ مارك و لە تەمەنی ٨ ساڵ کەمتر نزیکەی ١٦٥ مارك وەردەگرن. بەڵام سەبارەت بەو منداڵەی لەنێو خاکی ئەڵمانیادا لەدایك دەبێت کەس و کارەکەی ٦٠٠ مارك وەردەگرن تا ماوەی دوو ساڵ، ئەمە سەرەڕای دیارییەك کە بە نزیکەی ١٠ هەزار مارك مەزەندە دەکرێت و حکومەتی ئەڵمانی پێشکەش بە کۆرپەکەی دەکات.

ئەگەر ئاماژەی چوونەژووروەکەی، بۆ ئەو ولاتەی کۆچی بۆ کردووە، وەکو (کۆچبەر) بێت، دەوڵەتی ئەڵمانی وەك هاوولاتیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڕێوەبەرایەتی کار کە سەر بە وەزارەتی کارە، نیوەی ئەو مووچەیەی دەداتێ کە لە کاتی کارکردنیدا وەریدەگرت. ئەمە بە مەرجێك کە شەش مانگ و یەك ڕۆژ بەسەر ئیشکردنەکەیدا بڕوات و بەردەوام بێت لەبەخشینی ئەم بڕە پارەیە تا وەك پیشەیەکی تری بۆ دەدۆزرێتەوە.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، یارمەتیەك پێشکەش بە پەنابەران و هاوڵاتیان دەکات کە بڕە پارەیەکە دەگاتە نێوان (١٥٠ ـ ٢١٠) مارکی ئەڵمانی هەموو شەش مانگ جارێك بۆ کرینی جلوبەرگ...[٢٠]

• سەرچاوەکانی ئەم بەشە:

١. ماڵپەڕی ویکیپیدیای فارسی .fa.wikipedia.org

٢. ڕەحمانی، وریا، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٣ ـ ٥٥.

٣. ابوشقرا، صلاح عصام، کورد گەلی مەینەتییەکان (ڕەوشی دیمۆگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردەکانی لوبنان)، وەرگێڕانی جاسم محەمەد محەمەد عەلی، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ل٤٣ و ٤٤.

٤. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٥٣ـ٥٥.

٥. ماڵپەڕی بی بی سی فارسی (www.bbc.co.uk/persian/:// lebanon_kurd.shtml_١٤٤_١١٠٤٠٢/٠٤/٢٠١١/world

٦. الصویرکی، محمد علی، کوردە ئۆردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئۆردنی نوێدا، وەرگێڕانی حەمید گەردی، ل ٦٥.

٧. ڕەحمانی، وریا، س.پ.ل ٥٧ ـ ٥٩.

٨. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٥٦ و ٥٧.

٩. ڕەحمانی، وریا، س.پ.ل ٥٧.

١٠. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٥٩ ـ ٦١.

١١. الصویرکی، محمد علی، س.پ.ل ٦٧.

۱۲. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٤٤ و ٤٨.
۱۳. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٦١ ـ ٦٢.
١٤. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ١٠٧ ـ ١٤٤.
١٥. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل١٤٤ هەتا ١٥٢.
١٦. شالیان، ژیرار، تراژیدیای کورد، وەرگێڕانی: وریا ڕەحمانی، دەزگای تۆێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٦٣ ـ ١٦٤.
١٧. شالیان، ژیرار، س.پ.ل ١٦٤ ـ ١٦٧.
١٨. شالیان، ژیرار، س.پ.ل ١٦٨ ـ ١٨٠.
١٩. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ٦٣ـ٦٩.
٢٠. ابوشقرا، صلاح عصام، س.پ.ل ١٥٤ ـ ١٦٨.

بەشی سێیەم ٣

ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان

● یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە

دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک وتار و زانیاریی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان و کۆتایی هاتنی کاری ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بە کۆمەڵێک دەرەنجام گەیشتم کە هێندێکیان بریتین لە:

١ـ سەرەڕای کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفت توانیومە زانیارییەکی هەرچەند کەمیش بێ، بخەمە بەرچاوی خوێنەران و هاوزمانانم کە دەتوانن کەڵکیان لێ وەرگرن و لە هەمان کاتدا بیانکەنە هەوێنی کاری زیاتر و بەرهەمی بەپێزتر.

٢ـ بەخۆشییەوە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری هاونەتەوەییەکانمان لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا تا ئێستاش توانیویانە پارێزگاریی لە کولتوور و شوناسی خۆیان بکەن و بە کوردی قسە بکەن و هەستی نەتەوایەتیشیان هەر بمێنێ ئەگەرچی دەبێ دان بەوەش دابنێین کە ژمارەیەک لە کوردەکان لە هێندێک لە شار و ناوچەکاندا، بە هۆی تێپەڕینی ڕۆژگار و دووریی زۆر، لە کوردایەتی تەنیا ناوەکەیان بۆ ماوەتەوە و تەنیا ئەوەندە دەزانن کە کوردن و تەواو.

۳ـ سەبارەت بە کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران لە ئێران، ڕەوشەکە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە. بۆنموونە کوردەکانی خوراسان لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە چوار سەدەیە لە زێدی باووباپیرانیان دوور کەوتوونەتەوە و لەو ماوەیەشدا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە تووشی گەلێك کەند و کۆسپی جۆراوجۆر بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرانبەر سیستەمی دەسەڵاتداریی ناوەندی دەربڕیوە و داکۆکیان لە مافەکانیان کردۆتەوە و سەرەڕای هەموو گووشارەکان. کوردەکانی خوراسان دەستبەرداری شوناس و کولتوور و زمانی خۆیان نەبوون. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی پێشکەوتن لەبواری ڕاگەیاندندا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگییەکان، توانیویانە پەرە بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان بدەن. یان ژمارەیەك لە کوردەکانی باکووری ئێران بەتایبەت کوردەکانی کەلاردەشت و چوارقەلعەی عەبدولمەلەکی لە پارێزگای مازەندەران تا ئێستاش کولتوور و زمان و ئایینی خۆیان پاراستوە و هەستی نەتەوەییان هەروا بەهێزە.

بەڵام لەبەرامبەریشدا دەبینین کوردەکان لە هێندێك لە ناوچەکانی پارێزگای فارس و پارێزگای سیستان و بەلووچستان تا ڕادەیەکی زۆر زمان و دابونەریتی کوردییان لەبیر چۆتەوە و تەنیا ئەوەندە دەزانن کە بە ڕەگەز کوردن.

٤ـ لەبارەی کورد لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەبێ بڵێین بارودۆخی کورد لە هەرکام لەو وڵاتانەدا، لەوەی دیکەیان جیاوازە. دیارە ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتانە و هەڵوێستیان سەبارەت بە کەمینەی نەتەوەیی کورد لە وڵاتەکەیاندا. بۆ نموونە کوردەکانی ئەرمەنستان هەر لە سەرەتاوە بواری زیاتریان

بـۆ ڕەخسـا و لەلایـەن دەسـەڵاتەوە کەمـتر ڕێگریـان لـێ کـرا، هـەر بۆیـە توانیویانـە بەتایبـەت لەبـواری ڕۆشـنبیریی و کولتووریـیەوە هەنـگاوی گـەورە بنێـن و زۆر دەسـکەوتی مـەزن وەدەسـت بێنـن و زۆر مرۆڤـی گەورەشـیان لەنێـودا هەڵکەوتـوون. بـەڵام لـە ئازەربایجانـی دراوسـێی، ئـەم بـوارە بـۆ کـورد نەڕەخسـاوە و تەنانـەت کـورد بەنێـو پرۆسـەی ئاسیمیلەبوونیشـدا تێپەڕیـوە و...

٥ـ سـەبارەت بـە کوردەکانـی ئـۆردن، هـەروەك خۆیشـیان دەڵێـن: کوردەکانـی نـۆردن بـە دڵـی خۆیـان چوونەتـە نـۆردن. مانەوەیـان لـە نـۆردن بـۆ خۆیـان هەڵبـژاردووە. بـە نیشـتمانی خۆیـان دانـا و بـە هـزر و بینینـی ئـەوان ئـەو نیشـتمانەیە کـە یەکسـانی و ئاسـایش و ئـازادی بۆیـان تێـدا ڕەخسـاندووە. ئـەوان بوونـە بەشـێك لـە پێکهاتـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری ئـەو وڵاتـە و لـە هەمـوو ئـەو بوارانەشـدا مرۆڤـی زۆر گەورەیـان لـێ هەڵکەوتـووە و شانبەشـانی بـرا ئۆردنییەکانیـان خزمەتیـان بـەو وڵاتـە کـردووە، بـەڵام مانـای ئـەوە نیـە کـە کـوردەکان، لەبـەر ئـەوەی ئۆردنیـان بـە نیشـتمانی هەمیشـەیی بـۆ خـۆ هەڵبـژاردووە ئیـتر وازیـان لـە نەتـەوە و کوردایەتـی خۆیـان هێنـاوە، بەڵکـوو ئـەوان بەپێـی یاسـا و مۆڵەتەکانـی ئـۆردن ئاسـایش و هێمنـی وڵات لەبەرچـاو دەگـرن و لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرگیـز حاشـا لـە کوردبوونـی خۆیـان ناکـەن. واتـە وەك ئـەوەی خۆیـان دەڵێـن: «ئێمـە کوردیـن و ئۆردنیـن».

٦ـ لەبـارەی کوردەکانـی پاکسـتانیش لەگـەڵ ئـەوەی بـە ژمـارە زۆرن و چەندیـن گونـد لـە بەلووچسـتاندا کـوردن، بـەڵام تەنهـا ئەوەنـدە دەزانـن کـوردن و ئیـتر وشـەی کـورد وەك نازنـاو و ناوبانگـی لـێ هاتـووە. وەك ئەسـکەندەرخان، کەسـایەتیی کـوردی پاکسـتان، دەڵـێ: «منـداڵ بـووم، باوکـم پێـی وتـم: کـوڕم ئـەوە بزانـە کـە تـۆ کوردیـت و بەلـووچ نیـت و لـە

هیچ گەلێکی تر نیت و، نیشتمانی تۆش پاکستان نییە، بەڵکو کوردستانە.»
و دەزانین «ئیمە گەلێکی سەربەخۆ و جیاوازین لە گەلانی تر، بەڵام بەداخەوە لە پاکستاندا بە درێژایی مێژوو لەناو کۆمەڵگای پاکستاندا تواوینەوە، زمان و هەموو نەریت و کەلەپوورێکی خۆمان بیر چۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیمە هەر کوردین و دڵمان لای گەلی کوردمانە.»

۷ـ سەبارەت بە کوردەکانی ئیسرائیل، لەم تۆژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو جوولەکانەی لە وڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوونە، لە بەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەو جوولەکانەی کە لە کۆتایی سەدەی هەشت و سەرەتای سەدەی حەوت لەلایەن پاشاکانی ئاشووری بە دەستبەسەری هێنران بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستان. پاشان ئەبوخەدنەسری کلدانی لە ساڵانی ۵۹۷ ـ ۵۸۶ی پ.ز لە دوو کاتی جیاوازدا ژمارەیەکی زۆریانی لێ بەدیل هێنا بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی.

بەهاتنی دەسەڵاتی ئەخمینیەکان لەلایەن پاشا (کورش) سەربەستی و ئازادی بە جووەکان بەخشی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، ئیتر لەم کاتەوە جووەکان دەستیان کرد بە بڵاوبوونەوە بە ناو گوند و شارۆچکەکانی کوردستاندا، تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا. پاشان بۆ بەدەست هێنانی خۆراکی ڕۆژانەی خۆیان چاویان لە کوردەکان کرد لە ئیش و کاری وەکو (شوانکاری، بەخێوکردنی مەر و مااڵت، کشتوکاڵ، هەندێ پیشەی دەستی سەرەتایی).

لە بواری ئابووریدا ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان خەریکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوون لەنێوان ناوچەکانی عێراق و ئێران، تەنانەت لەدوای کرانەوەی ڕێگەی هاتووچۆ، لەنێوان عێراق و وڵاتانی ئەوروپا و نزیك بوونەوەی عێراق لە بازاڕی جیهانی، لەم کاتەوە جوولەکە بە شێوەیەکی

تەدریجی توانیان دەست بەسەر ئەو بازاڕەدا بگرن، ئەمەش بەهۆی زۆری شارەزایان لە بواری بازرگانی و لێزانیان لە چۆنیەتی کڕین و فرۆشتن.

لەڕووی زمانەوە جووەکان بە زمانی ئارامی نوێ قسەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی ڕۆژانەیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردەکان بە کوردییەکی زۆرباش دەدوان. لەڕووی پەیوەندییەوە کوردەکان ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرتن، هەرچەندە ئەوان خۆیان بە نامۆ و غەریب دەزانی و تا ڕادەیەك بە گۆشەگیری دەژیان و پەیڕەوی هەموو دابونەریتەکانی خۆیان دەکرد.

سەبارەت بە بارودۆخی جووەکان لە ئیسرائیل هەروەك (ساسۆن) کە کوردێکی جولەکە بوو لە کوردستان باس دەکات کە بارودۆخیان باش نیە و لەوپەڕی باری سەختی ژیاندا گوزەران دەکەن و زۆربەیان بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و دووکاندارییەوە خەریکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داب‌ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیان بیر نەچۆتەوە و هەموو ساڵێك بە خۆشی و شادییەوە یادیان دەکەنەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: کوردەکانی دەرەوی ناوچە کە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبن:

ــ بەشێکیان لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە چەندین سەدەیە لە زێدی باووباپیرانیان دوور کەوتونەتەوە و لەو ماوەیەشدا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە تووشی گەلێك کەند و کۆسپی جۆراوجۆر بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داکۆکیان لە مافەکانیان کردۆتەوە و سەرەڕای هەموو گووشارەکان، دەستبەرداری شوناس و کولتوور و زمانی خۆیان نەبوون و تا ئێستاش پاراستوویانە و هەستی نەتەوەییان هەروا بەهێزە،

کـه بەخۆشـییەوە ئـەم بەشـە لـە کـوردەکان زۆرینـەن.

ــ بەشـێکی دیکەیـان لەگـەڵ ئـەوەی دەزانـن گەلێکـی سـەربەخۆ و جیـاوازن ، بـەڵام بەداخـەوە بـە درێژایـی مێـژوو لەنـاو کۆمەڵـگا باڵادەسـتەکاندا تواونەتـەوە و زمـان و هەمـوو نەریـت و کەلەپوورێکـی خۆیـان بیـر چۆتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاش دەزانـن هـەر کـوردن و هەرگیـز حاشـا لـە کوردبوونـی خۆیـان ناکـەن و هەسـت بـە خۆشـی و ناخۆشـییەکانی هاونەتەوەییەکانیـان دەکـەن.

ــ بەشـێکی دیکـە لـە کوردەکانـی دەرەوەی ناوچـە کـە، بـە تەواویـی لەگـەڵ شـوناس و کولتـووری خۆیـان نامـۆ بـوون و بـە تێپەڕینـی ڕۆژگار و کۆمەڵـە هۆکارێکـی جۆراوجـۆر لـە کوردبـوون دوور کەوتوونـەوە و خۆیشـیان قـەت بیریـان لـە ڕەچەڵـەك و زێـدی سـەرەکیی خۆیـان نەکردۆتـەوە و لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانـی دنیـادا بـڵاو بوونەتـەوە.

● دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

پێشـنیارەکان: پێشـنیارم بـۆ نووسـەران و توێـژەران ئەوەیـە زیاتـر گرنگیـی بـە ژیـان و بەسـەرهاتی کوردەکانـی دەرەوەی ناوچـە کـە بـدەن، بـە تایبەتـی ئـەو شـوێنانەی کـە مـن لەبیـرم کـردوون یـان کەمـم لەسـەر نووسـیون، ئـەوان زیاتریـان لەسـەر بنووسـن و ئەگـەر بکـرێ بـە سـەردانی مەیدانیـی بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـە کوردیـان لـێ دەژی، زیاتـر ئـاوڕ لـە ژیانیـان بدەنـەوە و وردەکاریـی زیاتـر لەمـەڕ ژیـان و گوزەرانیـان بخەنـە بەرچـاو. بێگومـان لـەم نێوەشـدا ئـەو کەسـانەی کـە شـارەزای زمانـە بیانییەکانـن دەتوانـن زیاتـر لـەم مەیدانـەدا هەنـگاو بنێـن و خزمەتـی گەورەتـر پێشـکەش بـە نەتەوەکەیـان بکـەن.

پێویستە چالاکە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکانی هەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان یان چالاکانی سەر بە کوردەکانی دەرەوەی چوار پارچەکە، گرنگیی بە ناساندنی کوردەکانی دەوروبەری خۆیان بدەن و ئەگەر کەسێك یان کۆمەڵێکیش بۆی نەکرێ زانیاریی لەسەر کوردەکانی هەموو ناوچەکان کۆ بکاتەوە، ئەوا بە هەمووان دەتوانرێ دنیایەك زانیاریی لەسەر کورد بە گشتی کۆ بکرێتەوە و خۆ ئەگەر هەموو زانیارییەکان لەسەر ماڵپەڕێك یان ... دابنرێ، « ئەوا هەر قیمەتی تەواو نابێ ».

ڕاسپاردەکان: داوا لە بەرپرسان و دامودەزگا حکوومییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم بە شێوەیەکی جیددیی ئاوڕ لە ژیانی کوردانی ناوچە کە و دەرەوەی چوار پارچەکە بدەنەوە و هەم سەردانیان بکەن بۆ ئەوەی ئەوان هەست بە شادیی و پشتیوانیی بکەن و هەم بانگهێشتی هەرێمی کوردستانیان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پێوەندیی تۆندوتۆڵ لەگەڵ هاونەتەوەییەکانیان لەم بەشە لە کوردستان ببەستن.

پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر سەردانی ناوچە جیاجیاکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردان بکەن و بەسەریان بکەنەوە و زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی و ... ئەم کوردانە پێشانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بدەن. بێگومان ئەوان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە توانایی و دەرفەتی باشتریان لە تاکەکەسەکان لەبەردەست دایە و دەتوانن کاری گرنگتر و گەورەتر بکەن.

● **ئاگاداری:**

خوێنەرانی خۆشەویست! بە پشتیوانیی خوای گەورە بەنیازم لە داهاتوودا بەرگی دووەمی «کوردەکانی دەرەوەی ناوچەی کوردنشینەکان»تان پێشکەش کەم کە تێیدا باس لە کوردەکانی میسر، سوودان، فەلەستین، چەند شار و ناوچەیەکی دیکەی ئێران (دەرەوەی کوردستانی ئێران) و ... دەکرێ و هەروەها هەر تێبینی و پێوەزیادکردنێکیش لەسەر کوردەکانی باسکراو لە بەرگی یەکەمدا هەبێ، لە دووتوێی بەرگی دووەمدا دەخرێنەڕوو.

• لیستی سەرچاوەکان

کتێبەکان:

١. ئەحمەد، بژار عوسمان، بارودۆخی سیاسی کوردستانی سوریا لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ـ١٩٧٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٢.

٢. ئەنوەر، د.کەیوان ئازاد، چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی حەوتەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣. ئیبراهیمی، عەبدوڵڵا، لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

٤. ابوشقرا، صلاح عصام، کورد گەلی مەینەتییەکان (ڕەوشی دیموگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردەکانی لوبنان)، وەرگێڕانی جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان.

٥. باوەڕ، ئەحمەد، جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠٠.

٦. بدلیسی، میرشەرەفخان، شەرەفنامە، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧. برونەسن، مارتین فان، ئاغا، شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کوردۆ،

چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۱۹۹۹. (بەرگی یەکەم)
۸. بورکای، کەمال، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی لە یۆنانیەوە: عەلی فەتحی، چاپی یەکە، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ۲۰۰۸.
۹. بیێری، ئۆرا شۆرتس، جووەکانی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۱۳.
۱۰. توحدی، کلیم‌الله، حرکت تاریخی کرد به خراسان، جلد اول، چاپ دوم.
۱۱. حەمەڕەش، سۆران، کورد کێیە؟ چاپی یەکەم، لەندەن، ۲۰۱۳.
۱۲ خەزنەدار، د. مارف. کوردی تورکمانستان (میژوو. نەتنوگرافیا. نەدەب) چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر، ۲۰۰۳.
۱۳. خەزنەدار، د.مارف، کوردی تورکمانستان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ۲۰۰۳.
١٤. خەزنەدار، دوکتۆر مارف، میژووی ئەدەبی کوردی، (بەرگی یەکەم، شەشەم، حەوتەم)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۱۰.
۱۵. خورشید، فوئاد حەمە، کورد (کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە)، وەرگێڕانی: سالح سەعید دەلۆیی، چاپی یەکەم، ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، ۲۰۰۰.
۱۶. ژیانی ژنە جوولەکەیەك لە کۆیە و ئیسرائیل، یافا و موردەخایێن میناشێ، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ۲۰۱۰.
۱۷. ڕۆژبەیانی، مەلاجەمیل، جوار دەوڵەتی کورد (جوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو دونبولی، شاهێنی، شوانکارە، مینەتشاهی)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۰.
۱۸. ڕۆژبەیانی، مەلاجەمیل، ولاتەکەت باشتر بناسە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۰۵.
۱۹. ڕەحمانی، وریا، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانیەوە، چاپی یەکەم،

چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۰۹.
۲۰. رندل، جاناتان، با ایـن رسـوایی چـه بخشایشـی، نـشر پانیـذ، چـاپ دوم، تهـران، ۱۳۸۰.
۲۱. زەکی، محەمەد ئەمین، خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ۲۰۰۰، سلێمانی.
۲۲. زەند، کەریم، کورتە جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی ۲۰۰۰.
۲۳. سالّح، عومەر هەمزە، ڕاگواستن، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۰۹.
۲٤. سەجادی، علاالدین، مێژووی نەدەبی کوردی ، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە، ۱۳۹۱.
۲۵. سەداقەت کیش، د.جەمشید، کوردەکانی فارس و کرمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کامەران حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۱۰.
۲٦. سەردەشتی، د.یاسین، کوردستانی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی ۲۰۱۱.
۲۷. سمایل، عوسمان عەبدولڕەحمان، کورد لە سوریا ۱۹۲۰ـ۱۹٤٦، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۰۹.
۲۸. سوێرکی کوردی، محەمەدعەلی، کوردە ئوردنییەکان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی ئوردنی نوێدا، وەرگێڕانی: حەمید گەردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ۲۰۰۷.
۲۹. شالیان، ژیرار، تراژیدیای کورد، وەرگێڕانی: وریا ڕەحمانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۱۰.
۳۰. عەلی، ئارام، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لیرە،

سلێمانی، ١٩٩٩.

٣١. غەفوور، عەبدوڵڵا، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٢. فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئاڵیسۆن، کولتور و ناسنامەی کورد، وەرگێڕانی وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٣. قاسملوو، عبدالرحمن، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی: عبدالله حسن زاده، چاپی دووەم، کتێبفروشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٤. قەرەداغی، عەبدوڵڵا (مەلاعەلی)، کورد لە سەرچاوە میژووییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣٥. قوڕەیشی، د.فەزلوڵڵا، ئێران ـ ئیسرائیل، دوو جەمسەرە گەرمەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی: عەلی حاجی زەڵمی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید،٢٠١٣ .

٣٦. کۆمەڵێك نووسەر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، سوێد، ٢٠٠٠.

٣٧. لازاریف، م.س، میژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٨. مۆنتگومری، هێریەت، کوردی سوریا بوونێکی نکوڵی لێکراو، وەرگێڕانی: مینە و پێشەوا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩.

٣٩. مەدەنی، حوسێن، کوردستان و ئیستراتێژیی دەوڵەتان(بەرگی یەکەم)، چاپی یەکەم، ١٣٧٩ی هەتاوی

٤٠. محەمەد، د.نیشتمان بەشیر، کورد و سەلجوقیەکان، وەرگێڕانی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤١. محمدی (کلهر)، أیت، سیری در تاریخ کرد و کردهای قم، چاپ اوّل، انتشارات پرسمان، سال ١٣٨٢.

٤٢. میران، د.ڕەشاد، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی، ٢٠٠٠.

٤٣. میرنیا، سیدعلی، ایلها و تایفههای عشایری کرد ایران، موسسه انتشاراتی و أموزشی نسل دانش، تهران، ١٣٦٨.

٤٤. مینۆرسکی. کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمەسەعید حەمەکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٣.

٤٥. ناوخۆش، سەلام، مافی مێژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستان، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٤.

٤٦. نیکیتین، واسیلی، کورد و کوردوستان، وەرگێڕانی: خالیدی حیسامی (هێدی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٧.

٤٧. هەڵەبجەیی، بەختیار غفوور، کوردەکانی پاکستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، هەڵەبجەی شەهید، ٢٠٠٤.

٤٨. هەورامی، د.ئەفراسیاو، کوردستانی پشت قەفقاس، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥.

٤٩. هەمایەر، م.شترۆ و هێکمان، ل. یالچین، کورد لە سووریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١.

٥٠. یەڵدز، کەریم، کورد لە سوریا گەلێکی لەبیرکراو، وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزادە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

گۆڤار و تی وی:

١ـ هفته‌نامه سیروان

٢ـ گۆڤاری هەژێن

٣ـ گۆڤاری مەهاباد

٤ـ تەلەویزیۆنی ڕووداو

سەرچاوەنەلیکترۆنییەکان:

www. fa.wikipedia.org
www.akhbar-rooz.com
www.alisidiq.blogspot.com
www.awene.com
www.bbc.co.uk
www.civilnews.org
www.darbandijhour.blogfa.com
www.dengekan.info
www.dengiamerika.com
www.dimane.com
www.en.wikipedia.org
www.faceiraq.com
www.govarihejen.blogfa.com
www.hamshahrionline.ir
blogfa.com.www.hiva٥٠
www.ileabdolmaleki.blogfa.com
www.jamalnajari.wordpress.com

www.khanzadiz.blogfa.com

www.khwendkar.com

www.knwe.org

www.kohnesavaran.blogfa.com

www.kurdipedia.org

www.kurdistannet.org

www.kurdpress.com

www.kurdpress.ir

www.kurdshiraz.blogfa.com

www.kurmanj.blogfa.com

www.laeen.persianblog.ir

www.meisamroudaki.ir

www.pukmedia.com

www.radiofarda.com

www.rudaw.net

blogfa.com.www.sarhad٢

www.sirwanweekly.com

www.sirwanweekly.com

www.vokradio.com

www.zerneyaso.blogfa.com

wwwwelat.blogspot.com

www. evinebook.blogfa.com

www.kurdlaw.net

www.kurmanjkurdish.wordpress.com

کوردەکانی دەرەوەی کوردستان

کوردستان، وڵاتی کوردان، هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ڕەوەی لەباری سروشتییەوە نیشتمانێکی یەکپارچەیە و بەشی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد پێکهاتووە، بە لآم لە دوو قۆناغی گرنگی مێژووییدا لە ژێر کارتێکەریی فاکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەسەر چەند وڵاتدا، دابەش کراوە و هەر بەشەی خراوەتەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە. لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا و، لە ناکامی شەڕ و دەستێوەردانی دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و پاش شەڕی چالدێران دوو بەش کرا و لەژێر ناوی کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران هەر بەشەی وەبەر یەکێك لەم دوو ئیمپراتۆرییە کەوت و، دوای چوارسەد ساڵ و دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەسەر چەند وڵاتی تازەدامەزراودا دابەش کران و نەوبەشەی کوردستانیش بەسەر سێ وڵاتی تازەدامەزراوی تورکیا و سووریا و ئێرافدا دابەش کرایەوە. بەم جۆرە لە چەند قۆناغی مێژووییدا کوردستان کرایە چەند پارچە و هەر بەشەی خرایە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکەوە.

بەڵام کوردەکان وەك خەڵك و نەتەوە تەنیا لەنێو ئەم چەند بەشەدا ناژین و لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا ژیان بەسەردەبەن و لەژێر ناوی «کوردەکانی دەرەوەی کوردستان» گەرەکمانە لەم بەرهەمەدا ئاوڕ لە ژیان و بەسەرهاتیان بدەینەوە. لەم پەرتووکەدا باس لە ژیان و گوزەرانی ژمارەیەکی زۆر لە هاونەتەوەییەکانمان لە شوێن و ناوچەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان کراوە و لەمیانەیدا سەردەم و هۆکاری کۆچکردن و ڕاگواستنیان و، ڕەوشی ژیانی ئێستایان و بە دەیان بابەتی پێوەندیداری دیکە باڵاو کراوەتەوە.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی هونەری:
شیلان هونەرمەند

9 786226 525084